IDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیاری پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان رەئوف
ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر
بابان ئەنوەر

# لە ئیسلامی قورئانەوە بۆ ئیسلامی فەرمودە

جۆرج تەرابیشی

وەرگێڕانی: سۆران سێوکانی

2017

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

له بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە( 160)

ناوی کتێب: لە ئیسلامی قورئانەوە بۆ ئیسلامی فەرمودە

بابەت: ئیسلامگەرا

نووسەر: جۆرج تەرابیشی

وەرگێرانی: سۆران سێوکانی

تایپ و هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال - زریان رەحیم

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد

ساڵی چاپ: 2017

تیراژ: 1000 دانە

چاپخانە: حەمدی

نرخ: 8000 دینار

لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea
07701955044 - 0533220180
سلێمانی - گردی سەرچنار - نزیک کۆمەڵگەی بەهاران

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن( 1116)ی ساڵی 2017ی پێدراوە

# لە ئیسلامی قورئانەوە
# بۆ ئیسلامی فەرمودە

جۆرج تەرابیشی

وەرگێڕانی: سۆران سێوکانی

2017

# پێڕست


پێشەکیی وەرگێڕ.......7

**بەشی یەکەم: خودا و پێغەمبەر: شەرعدانەر و شەرع بۆدانراو.......15**

پەراوێزەکانی بەشی یەکەم.......84

**بەشی دووەم: لە پێغەمبەرێکی بێ پەیامەوە بۆ پێغەمبەرێکی نێونەتەوەیی.......95**

پەراوێزەکانی بەشی دووەم.......110

**بەشی سێیەم: مالیکی کوڕی ئەنەس: پەراوێزێك لەئازادی.......113**

مالیک وەك پێشڕەوی قوتابخانەی عەقڵ.......125

ئازادبوونی ڕێژەیی لە زنجیرەکانی سەنەد.......138

ئیجتیهادی مالیک: بازنە کراوەکان بە دەوری دەقی سەنترالْدا.......146

پەراوێزەکانی بەشی سێیەم.......164

**بەشی چوارەم: شافیعی: سەپاندنی سوننەت.......173**

سوننەت وەك بەڵگەیەکی خودایی.......173

بەڵگاندنی فەرمودەی تاکەکەس.......190

میکانیزمی ناسیخ و مەنسوخ.......200

أ- سڕینەوەی قورئان بە سوننەت.......201

ب- سڕینەوەی سوننەت بە سوننەت.......218

پەراوێزخستنی عەقڵ.......230

میانڕەویی شافیعی؟.......243

پەراوێزەکانی بەشی چوارەم.......253

**بەشی پێنجەم: ئەبو حەنیفە: لە عەقڵەوە بۆ فەرمودە.......263**

پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم.......276

**بەشی شەشەم: ئیبن حەزم؛ بتگەرایی دەق........................................................279**
عەقڵناپەسەندیی دەق.......................................................................287
پەکخستنی کارایی عەقڵ.....................................................................294
دژایەتیکردنی ئیجتیهاد......................................................................311
بۆچی ئیبن حەزم هۆکار رەتدەکاتەوە؟........................................................317
نکۆڵیکردن لە هۆکارگەرێتیی مانادار........................................................336
بتاندنی دەق...............................................................................338
پەراوێزەکانی بەشی شەشەم.................................................................360

**بەشی حەوتەم: عەقڵی گونجێنەر..............................................................369**
گونجاندنی تەئویلیی: ئیبن قوتەیبە............................................................369
گونجاندن چییە؟............................................................................372
گونجاندنی (دەرهێنانی) فەرمودە چۆن دەکرێت؟ ..............................................376
گونجاندنی هەڵە و کەموکورتی لە فەرمودەدا..................................................381
گونجاندنی فەرمودە بۆ عەقڵاندنی عەقڵناپەسەندێک...........................................385
گونجاندن و فۆبیای دژبەریی...................................................................388
دەرچەی وەهمگەرایی: ئیبن سەلامەی تەحاوی.................................................390
دەرچەی سڕینەوە: ئیبن شاهین.................................................................408
دەرچەی پەسەندایەتی: ئیبن موسای حازمی.....................................................418
دەرچەی هاوتایی............................................................................432
پەراوێزەکانی بەشی حەوتەم..................................................................445

**بەشی هەشتەم: سەرکەوتنی ئەهلی فەرمودە.....................................................453**
(1) هەڵگەرانەوەی موتەوەکیلیی.................................................................453
(2) ئیبن حەنبەل: پێشەوای سوننەت...........................................................464
(3) پیڕاگەیشتنی حاکمی نەیسابووری............................................................494
(4) خەتیبی بەغدادی: تیۆریزەکردن بۆ قەبەکردنی فەرمودە.....................................506
(5) نەناسراوەکانی غەزالی.....................................................................527
(6) هەڵبەستراوەکانی جەوزەقانی...............................................................530
(7) هەڵبەستراوەکانی ئیبن جەوزی.............................................................543
(8) لە سەرکەوتنی ئایدیۆلۆژیای فەرمودەوە بۆ شکستی عەقڵ.................................556
پەراوێزەکانی بەشی هەشتەم.................................................................570

# پێشەکیی وەرگێڕ

لەوانەیە سەیر بێت کەسێکی کریستیان بەو وردیی و فراوانییە لەسەر ئیسلام بنووسێت، ئەمە ئەو راستیەیە سەرەتاییەیە کە لە خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا دەردەکەوێت.

ئێمە وا فێربووین کە هەمیشە دەبێت موسوڵمان لەسەر مەسەلە ئیسلامیەکان بنووسێت، هەموو موسوڵمانێکیش نا! بەڵکو دەبێت ئەو کەسە لە ناوەندە سونەتییەکانی ئیسلامیدا ناسراوبێت، جا چ زانایەکی سوننەتی سەلەفی بێت، یان کەسێک بێت لەناو ئیسلامی سیاسیدا پەروەردەکرابێت، یان هەر زانایەکی تر بێت.

بەڵام لەڕاستیدا گرفتی هەرە سەرەکی ئەو بەرهەمانەی کە ئەو کەسایەتیانە نووسیویانە، لە زۆر حاڵەتدا یان پاکانەکردن و بیانووهێنانەوەیە بۆ هەموو شتێک کە ناوی ئیسلامی پێوەبێت بە چاك و خراپەوە، یان شاردنەوەی راستییەکانە، یاخود هێرشکردنێکی ئایدیۆلۆژیانەیە بۆ سەر هەر رایەکی پێچەوانەی رای باو.

واتە بەرهەمێکی ئەکادیمیی بێلایەن نابینین لە واقیعی خۆماندا، تەنانەت ئەو لێکۆڵینەوانەش کە پێیان دەوترێت ئەکادیمی لەم دەردە ئایدۆلۆژییانە بەدەرنین.

ئەوە خوێندنەوەی رەخنەئامێز بۆ کولتووری ئیسلامی، بەتایبەت زۆنی سوور (المنطقة الحمراء)، هیچ کەس پڕکێشی ناکات بە شێوەیەک لە شێوەکان توخنی بکەوێت. مەگەر کەسانێکی دیسانەوە دژە ئایین نەبێت کە بە شێوەیەکی ئایدیۆلۆژیی عوسابی توندڕەوانە هەموو شتێك سفر دەکەنەوە، ئەوەش دیسان زەبرێکی تری کوشندەیە کە لە هەموو ماناکانی مەعریفە دەدرێت.

ناوچەی سوور زیاتر مەبەستم دەقە پیرۆزەکانە -واتە قورئان و سوننەت و کاری ئەسحاب. لەڕاستیدا قورئان وەک دەقێك کە لەسەرەتاوە وەک دیکۆمینتاری هاتووە -ئەگەر دیوە میتافیزیکییەکەشی لەبەرچاونەگرین- و هەتاکو ئێستاش رەخنەیەکی جیدی و مەعریفی نیە لەسەر ئەوەی کە تێکستی قورئان بە دروستی پێمان گەیشتوە و

هەموو گرووپەکانی ئیسلامیش لەسەر ئەوە هاوڕان کە دەقی قورئانی بە دروستی و بێ کەموکورتی پێمان گەیشتوە. بەڵام ئایا فەرموده وەهایە؟ بێگومان نەخێر! چونکە فەرموده چ وەک گوتراو، چ وەک دیکۆمێنت، کارکردێکی مێژووییە و پاش چەندین سەدە لە کۆچی دوایی بێژەرەکەی (واتە پێغەمبەری ئیسلام) کۆکراوەتەوە و پاش چەندین سەدەی تریش دە قات و چەند قات گەورەبووە و زیادەی خراوەتە سەر، ئینجا پرۆسەی بژارکردن و ڕێکخستنیشی دیسانەوە بە چەندین قۆناغی تری ئاڵۆزدا تێپەڕیوە.

ئەوەی لە مێژووی ئیسلامیدا ململانێی لەسەر بووە بریتیبووە لەوەی ئایا قورئان مێژووییە یان ئەزەلیە، واتە ئایا قورئان سیفەتی خودایە یان ڕەنگدانەوەی سیفەتی خودایە، بەمەش یەکێك لە جەنگە کەلامیەکانی ناو ئیسلام لە نێوان موعتەزیلە و ئەهلی سوننەدا بەرپابووە. بەڵام ئەم جۆرە جەنگە لەسەر فەرموده نەبووە. ئاشکرایە فەرموده لە سەردەمێک و مێژوویەکی دیاریکراودا و لە پارچەیەکی جوگرافیدا و لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا و لەلایەن تاکەکەسێکەوە کە ناوی (محەمەد)ـە، وەک کەسێکی فیزیکی ناسراوە و هیچ بانگەشەیەکی غەیبانی نەکردوە بۆ خۆی -ئەمە ئەگەر ئەوەی دواتر ڕوویداوە و فەرمودەگێڕەوەکان باسیان کردوە بەڕاستی لە زاری محەمەد خۆیەوە ووترابێت. کەواتە فەرموده هیچ بانگەشەیەکی میتافیزیکی هەڵناگرێت، واتە نە سیفەتی خودایە و نە کەلامی ئەوە، بەڵکو قسەی مرۆڤێکە لەمێژوودا و لە شوێندا، ئەو مرۆڤە خۆیشی دەمرێت نەك قسەکانی نەمربن. ئەو قسانەش مرۆڤ دەیکات بەگشتی لەژێر جەبری مێژوو و جەبری زمانەوانی و جەبری داب و نەریتەکانی کۆمەڵگەدا دەیڵێت و ناتوانێت لەسەروو ئەو کولتوورەوە قسەبکات کە خۆی تێیدا دەژی.

کەواتە قسەکردن لەسەر تێکستی فەرموده، وەک قسەکردن نیە لەسەر تێکستی قورئان، بەڵکو شتێکی جیاوازە. بەڵام ئەوەی لەمێژوودا ڕوویداوە پێچەوانەی ئەم ڕاستیەیە، زانایانی ئیسلام هاتوون فەرمودەیان وەک قورئان کردۆتە دەقێکی بان زەمینی و نامێژوویی، وەک ئەوەی فەرمودەش لە ئەزەلدا گوترابێت و هەبووبێت و قسەی خودا بێت و محەمەد تەنیا گوێزەرەوەی ئەو قسانە بووبێت، بەمەش زانایان محەمەدیان لە مرۆڤبوون دەرکردوە و وەک کریستیان دیوێکی تیۆلۆژییان (لاهوتي) داوە بە محەمەد، ئەمەش لەگەڵ سەرەتاکانی ئیسلام خۆیدا پێچەوانە دەبێتەوە.

ئەی بۆچی فەرمودەش کە وتراوێکە لە مێژوودا، وەک دەقی قورئانی کراوتە دەقێکی بان مێژوویی، بە چ پرۆسەیەکی مێژووی ئەم پرۆسەیە ئەنجامدراوە؟ لەراستیدا وەک دەردەدەکەوێت تەنانەت پێغەمبەری ئیسلام خۆیشی چاوەڕوانی ئەوەی نەکردوە کە رۆژێک لە رۆژان قسەکانی خۆی -کە بەشێکن لە ژیانی رۆژانە و وردەکاریەکانی ژیانی- بەرگی ئەبەدیەتیان بەبەردا بکرێت وەک قورئان، چونکە بەهیچ پێوەرێک ناکرێت هەموو جوڵە و قسە و ئاخاوتنی مرۆڤێک –کە بە مانای مرۆڤبوون مرۆڤە- بکرێتە بەڵگەنامەیەکی ئەبەدی و رەها بۆ مێژووی داهاتووی مرۆڤ، کە هەزاران ساڵ و هەزاران نەتەوە و سایکۆلۆژیا و کولتوور و جوگرافیا و شتی تر پێیدا گوزەردەکات.

پرۆسەی بە ئەبەدیکردنی فەرمودە و هاوتاکردنی بە قورئان چ لەڕووی سەرچاوە و چ لەڕووی دەسەڵات و پیرۆزییەوە، پرۆسەیەکی مێژوویی درێژخایەنە، پێدەچێت بەهۆی کەم ئەزموونی عەرەب لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا و نەبوونی رەهەندێکی مەعریفی و فەلسەفی بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ژیان، وای لێکردبێتن پەنا بۆ شتێکی وەها بەرن. یاخود بۆ پیرۆزکردنی بنەما و رێساکانی دەسەڵات و کۆمەڵگە و تاك، ناچاربووبن هەموو شتێك بدەنە پاڵ سەرچاوەیەکی پیرۆز تاکو بتوانن لەو رێگەیەوە هێزی پابەندکاریی بدەنێ، چونکە عەرەب نەتەوەیەکن بەئاسانی ملکەچ ناکەن بۆ یاسا و رێساکان، مەگەر هێزێکی میتافیزیکانە یان مادی لە پشت ئەو فەرمانانەوە بێت.

ئەو پرۆسەیە -بەڕای نووسەری ئەم بابەتە- هەر لەسەرەتاوە لەسەر دەستی (مالیک) و هەندێک لە زانایانی سەرەتا دەستپێدەکات، بەڵام لەسەر دەستی (شافیعی)دا تیۆریزە دەکرێت و لەسەر دەستی (ئیبن حەنبەل)دا تەواو یەکسان دەکرێت بە قورئان و پاشانیش لە قورئان بەرزتر دەکرێتەوە. ئەم پرۆسەیە بەرهەمی دوو رۆژ نییە، بەڵکو بەرهەمی سەدان ساڵە لە کاری بەردەوامی زانایانی فەرمودە. لەگەڵ پاشکەوتنی ئەقڵدا فەرمودە و بتاندنی فەرمودە بەرزتر دەبێتەوە تا دەگاتە ئاستێک کە ئیتر قورئان وەک دەقێك تەنیا وەک پیرۆزی دەمێنێتەوە ئەقڵیش تەنیا دەبێتە ئامرازێک بۆ راڤەکردن.

ئەمەش پێمان دەڵێت بتاندنی فەرمودە (تصنيم الحديث) کارکردێکی مێژووییە و لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەندا گەشەیکردوە و ئامراز و میکانیزمی بۆ داهێنراوە، بۆیە فەرمودە لە پرۆسەیەکی مێژوویی زیاتر نیە.

لەڕاستیدا ئەو میکانیزمانەش کە فەرمودەی پێ کراوەتە دەقێکی پیرۆز و خراوەتە ئاستی دەقی یەکەم "قورئان"، دیسانەوە هەر میکانیزمێکە لە مێژوودا داتاشراوە، بە شێوەیەکیش داتاشراوە کە وەڵامگۆی ویست و ئارەزوو و ئایدیۆلۆژیای فەرمودەگێڕەوەکان و گروپە ئایدیۆلۆژییەکان بووبێت، لەبەرئەوە کارکردنی نوێ لەسەر ئەو میکانیزمانە دیسانەوە کارکردێکی مێژووییە و دەکرێت لەئێستادا و پاش ئەوەی کە میتۆد و قوتابخانەکانی دەقناسیی ئەرکۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆژی زۆر پێشکەوتوون، جارێکی تر ئەو کولتووره زەبەلاحە ورد بکرێتەوە و پارچەکانی هەڵوەشێنرێتەوە و خوێندنەوەیەکی زانستی وردی بۆ بکرێت تاکوو بزانین ئەو فەرهەنگەی پێی دەگوترێت (زانستی فەرمودە) تا چەند دەکرێت پشتی پێببەسترێت و تاچەند دەکرێت ناوبنرێت گوتراوی محەمەد وەک پەیامبەرێك، نەك ئەوانەی بەناوی محەمەدەوە قسەیانکردوە.

ئەوەی جێگەی تێڕامانە پاسەوانەکانی فەرمودەناسی تا ئەم سەردەمەش لە دواکەوتوترین کەسانی دونیان، چ لەڕووی مەعریفیەوە چ لەڕووی ناسینی میکانیزم و ئامرازە نوێکانی کارکردن لەسەر جیهانی دەق و خوێندنەوەی دەق و سەلماندنی دروستیی دەق. ئەسڵەن ئەوان باوەڕیان بە هیچ میتۆدێک نییە، بێجگە لەو میتۆدە مێژووییەی کە ئەویش دیسان بەرهەمهێنرای مێژووە بە دەستی مرۆڤ، بەڵام لای فەرمودەگەراکان میکانیزمەکانیش بوونەتە بەشێك لە ئایین و پیرۆزکراون، نەك تەنیا دەقەکانی فەرمودە، هەر دەستکاریکردنێکی میکانیزمی فەرمودەناسیش بەلای ئەوانەوە لادانە لە ئایین و دژایەتیکردنی خودا و پێغەمبەرە. واتە رەهەندێکی میتافیزکی قووڵیان داوە بە میکانیزمی ناسینەوەی فەرمودە، هەرچەند ئەو میکانیزمە بەرهەمهێنراوی مێژووی عەقڵی مرۆڤە و زانایانی فەرمودە لە ئەنجامی ئەزموون و هەڵەوە بە گوێرەی مەعریفەی سەردەمی خۆیان هێندەیان لێ زانیوە.

ئەمەش وایکردوە کە بە هەموو شێوەیەک فەرمودە ببێتە دەقێکی مۆمیاکراوی ئەبەدی، کە چیتر ئامێرەکانی مرۆڤ نەتوانێت کاری تێدا بکات بەشێوەیەک کە لەگەڵ مرۆڤدا بگونجێت و فەرمودە وەک دەقێکی مرۆیی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

بەڵام ئایا ئەوەی پێمانگەیشتوە فەرمودەیە؟ واتە گوتراوی کەسی یەکەمی دامەزرێنەری ئایینە؟ یان بەناوی ئەوەوە گوتراوە؟ یان هەندێکی هی ئەوە و هەندێکی بۆ زیادکراوە؟ یان ئەوەی ئەو گوتویەتی ئایا ئەو مەبەستەیە کە لە دوای چەندین سەدە زانایان ماناکەیان لێکداوەتەوە؟ ئایا بۆچی و لە چ کاتێک و بە چ مەبەستێك ئەو گوتەیە -ئەگەر گوتەی پێغەمبەر خۆی بێت- وتراوە، چ جەبرێکی کولتووری وایکردووە کەسێکی وەک پێغەمبەر قسەیەکی وابکات. ئەو قسانە بۆ چ ئاستێکی ئەقڵی و سایکۆلۆژی و کولتووری کراوە، بۆ نموونە کاتێك پێغەبەر باسی دیاردەیەکی گەردوونی یان میتافیزکی دەکات، دەبێت لە چ ئاستێکدا بیکات هەتاکو عەرەبێکی دەوارنشینی خێڵەکی لە سەردەمی خۆیدا تێیبگات، کە ئەو عەرەبە مرۆڤی سەرەتایی تێنەپەڕاندووە و هیچ پاشخانێکی زانستی و فیکری و فەلسەفەی نەزانیوە، ئەی پێغەمبەر خۆیشی وەک مرۆڤ؟ ئایا لەوە زیاتری زانیوە کە گوتویەتی؟ ئەی خۆیشی هەر کوڕی ئەو ژینگە و کولتوورە نییە و هەر لەوێدا نەژیاوە؟ ئایا ئەگەر ئاستی کولتووری و عەقڵیی لەوان بەرزتربوایە دەیتوانی لەگەڵیان هەڵبکات و تێیانبگەیەنێت و تێیبگەن؟

جارێ هەر میکانیزمەکانی گێڕانەوە (ریوایەت) و مێژووەکانی گێڕانەوە و ئەو دورییە زەمەنییەی لەنێوان گوتراو و ریوایەتکراودا هەیە، کە بۆ دوو سەدە زیاتر سەردەکێشێت، گومانێکی گەورە دروستدەکات لەسەر چۆنێتی پێگەیشتن و پاراستنی ئەو گوتراوانە تا ئەو ساتە وەختەی دەچنە سەر کاغەز و لە گوتارەوەوە دەبنە دەق، چونکە وەک زانراوە فەرمودە بۆ ماوەی چەندین پشت هەر زارەکی بووە و لە میکانیزمی "وتی... وتی" زیاتری بەخۆوە نەدیوە، پاش ئەو چەندین پشتە ئینجا بە جۆرەها شێوەی جیاواز -لە زۆر جاردا ناکۆک- تۆمارکراوە.

ئەی ئەوانەی بوونەتە پاڵەوانی گێڕانەوە و پاشان تۆمارکردنی فەرمودە کێن؟ ئەمیش بۆ خۆی حیکایەتێکی ترە، لەراستیدا ئێمە نازانین ئەوانە کێن کە فەرمودەیان گێڕاوەتەوە و بۆچی گێراویانەتەوە؟ چۆن وەریانگرتوە و چۆن ئەدایانکردوە؟ ئایا پاڵنەرە تائیفی و مەزهەبی و خورافی و نەتەوەیی و خێڵەکی و سایکۆلۆژی و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان تا چ ئاستێک کاریگەرییان هەبووە لەسەر دروستکردن و هەڵبەستن؟ یان تەنانەت لەسەر شاردنەوە و سەرنگومکردن؟ ئەگەر

وەهامان دانا ئەوانە بوونەتە پاڵەوانی سەنەد و زنجیرەی گەیاندنی فەرموودە لە چەندین پشتدا، ئەی باشە ئەو فەرمودانە کامانەن کە لە ئەسڵدا هیچ بنەمایەکیان نیە یان خاوەنی سەنەد نین یان سەنەدیان لاواز یان هەڵبەستراو بووە، بەڵام هەندێک لە خاوەن پیشە و لێزانەکانی فەرموودە هاتوون و سەنەدی راستیان بەبەرداکردووە؟ بەمەش گەورەترین ساختەکاری لە مێژوودا کراوە. بێگومان ئەوانەی من لێرەدا وەک گریمانە باسی دەکەم هەموو روویانداوە و زانایان لە کتێبەکانی فەرمودەناسی (علم الحديث) و پیاوناسی (علم الرجال)ی فەرموودە و سەنەدناسیدا باسیان کردووە، هەر بۆ نموونە، زانای متمانەپێکراوی گەوەری وەک (سوفیانی سەوری) خۆی دانی بەوەدا ناوە کە سەنەدی فەرمودەی گۆڕیوە بە سەنەدی باشتر. ئەی ئەو فەرمودەخوێنانەی هاتون و لەژێر لێوەوە بەشێوەیەک فەرمودەیان گێڕاوەتەوە کە گوایە خۆیان بیستوویانە، کەچی پاشان دەردەکەوێت کە ئەو کەسانە یەکترییان نەدیوە، بەڵکو درۆیەکی شاراوەیان کردووە بۆئەوەی فەرمودەکەیان لێوەربگیرێت، ئەوەش لە زانستی فەرمودەدا بە (تدليس) ناودەبرێت.

ئەمەش خاڵێکی تری گرنگی بەپاڵەوانکردن و پیرۆزکردنی حەدیسگێڕوەکانە، ئەوەی سەیرە لە کولتووری ئیسلامیدا پێمان دەوترێت کە تەنیا محەمەد مەعسومە، بەڵام لەڕاستیدا ئەم قسەیە تەنیا هی ناو کتێبەکانە، راستییەکەی ئەوەیە "ئەوە محەمەد نییە مەعسومە، بەڵکو ئەوانەن کە بەناوی ئەوەوە ریوایەتیان کردووە، لەڕاستیدا ئەوە (شافیعی) و (ئیبن حەنبەل) و (بوخاری) و (موسلیم)ن کە کارتی مەعسومییەتیان دراوەتێ نەك محەمەد، بۆنموونە دەڵێن هەر کەسێك ئیمانی بە فەرمودەیەکی بوخاری نەبێت فاسیقە، یان تەنانەت مورتەدیشە! ئاخر لێرەدا ئەو کەسەی باوەڕی بە فەرمودەی بوخاری نیە لەبەرئەوە نیە باوەڕی بە مەعسومیەتی محەمەد نیە، بەڵکو لەبەرئەوەیە باوەڕی بە میکانیزمەکانی کارکردنی (بوخاری) خۆی نیە!

ئایا محەمەدێك هەیە ئێمە بیناسین؟ لەڕاستیدا ئەو محەمەدە وەک کەسێکی فیزیکی وەک بەرجەستە وەک قسە و هەڵسوکەوت لەگەڵ دواهەسەکانی ژیانی خۆیدا دونیای بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ لای پەروەردگاری خۆی، ئەوەی ئێستا هەیە کۆمەڵێك گوتراون، ئەو کەسێتیە محەمەدییە لە رێگەی ئەو گوتراوانەوە نەخشێنراوە، ئێمە نازانین محەمەد وەک ئینسان وەک پێغەمبەریش چۆن و چی بووە، لەوانەیە تەواو پێچەوانەی ئەو وێنایە بێت کە ئێستا لە زەینی ئێمەدا هەیە لەوانەشە تەواو وەهابێت کە ئێمە وێنای دەکەین.

ئێمە محەمەدمان وەک مرۆڤ و وەک پەیامبەر لەڕێگەی وشەوە ناسیوە، وشەکانیش نازانرێت هی کێیە و بۆ چ مەبەستێک وتراوە، لەبەرئەوە سەیردەکەین ئەو محەمەدەی لە ئەهلی سوونەتە جیاوازە لەو محەمەدەی لای شیعە هەیە، ئەو محەمەدەی سۆفی دەیناسن جیاوازە لەو محەمەدەی سەلەفییەک باسی دەکات. ئیتر چۆن دەتوانین بڵێین یەک پێغەمبەر و یەک شێوازمان هەیە، باشە کام محەمەدەیان مەعسومە؟ ئەو محەمەدەی شیعە کە دەڵێن خێزانە خۆشەویستەکەی زینایکردووە کەچی تەڵاقی نەداوە؟ یان ئەوەی کە هەر لە ژیانی خۆیدا هەموو هاوەڵە نزیکەکانی خیانەتیان لێکردووە و پاش مەرگی خۆیشی لێی هەڵگەڕاونەتەوە؟ یان ئەو محەمەدەی کە بەگوێرەی گێڕانەوەی سوننە هەمیشە شمشێرەکەی خوێنی لێدەچۆڕێت و تینووی خوێنە. لەبەرئەوە ئەگەر بێین وێنای محەمەدی ناو گێڕانەوەکان بکێشین لەڕاستیدا وێنایەکی جوانمان ناداتێ.

بەڵکو تەنانەت لە ناو کۆسیستمی (منظومة) گوتراوەکانی ئەهلی سوننەت خۆیدا وێنەیەکی پڕ لە دژیەکیمان پێدەدرێت، لەلایەک محەمەدێکی میهرەبان دەبینین لە لایەکی ترەوە محەمەدێکی توڕە و خوێناوی، لە لایەکەوە محەمەدێکی حەکیم دەبینین، لە لایەکی ترەوە شێوەیەکی تر دەبینین، لەلایەکەوە کەسێکی شەهوانی و ئارەزووپەرست دەبینین، لە لایەکی ترەوە عابیدێکی دونیا نەویست، کەسێکی هەستناسك لەگەڵ مێینەدا دەبینین.

ئەم هەموو دژیەکی و پارادۆکسە لەنێو فەرمودەدا، پێماندەڵێت کە فەرمودە کارکردێکی مێژوویی دور و درێژە و بەرهەمی داهێنراوی چەندین کارەکتەری جیاواز و خاوەن بەرژەوەندی و دونیابینی جیاوازە، ئەمە بێجگە لەوانەی کە گێڕاویانەتەوە و بە گوتراوێکی محەمەد هەژماریان کردووە.

تەفکیککردنی ئەو کولتوورە زەبەلاحەی پێی دەوترێت (فەرمودەکانی پێغەمبەر) و لێکدانەوە و تاوتوێکردن و لێکدانەوە و فاکتەرەکانی تەقدیسکردنی فەرمودە، پێدەچێت لە گرنگترین و سەختترین کارێك بێت لەمڕۆی دونیای ئیسلامدا، لەڕاستیشدا هەرچی تیرۆر و توندڕەوی و ئاژاوە و تەسکبینی و دواکەوتن و هەموو ئەو نەگبەتیانەی لە دونیای ئیسلامدا رەنگیداوەتەوە، هەمووی لە چوارچێوەی ئەو کولتوورەدا جێی دەبێتەوە کە ناونراوە (حەدیس)، هەر کردەوەیەک

تیرۆریستانی ئیسلامی ئەنجامیدەدەن، هەر خورافەتێك شێخەكانی دواكەوتن بڵاویدەكەنەوە، هەر گاڵتەجاڕییەك بەناوی ئایینەوە دەیبیستین و لەمڕۆدا دەبێتە مایەی شەرمەزاری بۆ دونیای ئیسلام دیسان لە دەریای حەدیسدا ماسیەكە یان نەهەنگێكە و مەلەدەكات.

نووسەری "من إسلام القرآن الى إسلام الحديث"، هەوڵیداوە لە میانەی ئەم تۆژینەوەیەدا بە وردی ئەم پرسیارانە وەڵام بداتەوە، هەموو ئە بابەتانە تەفكیك بكات كە هەموو كەسێک ناوێرێت خۆی لێبدات.

لەوەش گرنگتر هەوڵیداوە ئەو خورافەتە شیبكاتەوە كە بە دەوری داڕێژەرانی دامەزراوەی حەدیسدا دروستكراوە تا بتوانین راستییەكان وەک خۆی ببینین دوور لە زیادەڕۆییەكانی خەیاڵی كەسانی ئایدیۆلۆژی.

ئەم بەكوردیكردنە هەوڵێكی چڕ و پڕی ویستووە، چونكە وەک ئاشكرایە زمانی كوردی بەتایبەتی سەبارەت بە زاراوەی زانستی، بەتایبەتی زانستی فەرمودە زۆر هەژارە، هەر كەسێک مومارەسەی وەرگێرانی نەكردبێت لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا نازانێت چ قەیرانێكی قووڵ بەرۆكی وەرگێڕ دەگرێت. لەبەرئەوە وەرگێڕانەكە هێند ئاسان نەبووە، بۆیە هیوادارم رەنجەكەمان لە كتێبخانەی كوردیدا جێگەی خۆی بگرێت.

ماوەتەوە بڵێین كاری بەكوردیكردن لەلایەن وەرگێڕەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت كە وەرگێر تەواو هاوڕایە لەگەڵ هەموو ئەو بابەتانەی لەو بەرهەمەدا نووسراون، بەڵكو دەشێت هەندێک جار وەرگێڕ رای تەواو جیاوازی هەبێت لەو بابەتەدا، بەڵام لەبەر ئەمانەتی زانستی ناتوانێت ئەو بڕگەیە لابەرێت یان بیگۆڕێت.

من لەم وەرگێڕانەدا هەمان حاڵەتم هەیە لە چەندین شوێندا هەست بە سادەیی نووسەر دەكەم لە لێكدانەوەكانیدا، بەڵام لەبەر ئەمانەتی زانستی هەر وەک خۆی دامناوەتەوە، تەنانەت لەبەر درێژدادڕی ئاماژەشم پێنەكردوە، بەڵكو خوێنەر خۆی بتوانێت هەڵسەنگاندن بكات. یان كەسانێكی تر بتوانن هەڵسەنگاندنی بۆبكەن یاخود گەر پێویستبوو خۆم لە كاتێكی تردا بتوانم هەڵسەنگاندنێكی بابەتیانە بە شێوەیەكی سەربەخۆ بۆ بابەتەكە بكەم.

# بەشی یەکەم

## خودا و پێغەمبەر:
## شەرعدانەر و شەرع بۆدانراو

قورئان پێش ئەوەی دەق بێت گوتارە، هەموو گوتارێکیش قسەکەر و قسەبۆکراو (المخاطِب والمخاطَب) دەگرێتە خۆی، مادام لە گوتاری قورئانیدا تەنیا خودا خۆی پێگەی **قسەبێژی** (اسم الفاعل) گرتوە، ئەوا پێگەی **قسەبۆکراو** (اسم المفعول) هەمیشە بۆ پێغەمبەر دەبێت. تەنانەت کاتێک ئەو گوتارە بۆ خەڵک دەبێت بەگشتی، نەك تەنیا بۆ پێغەمبەر، ئەوا دیسان هەر لەرێگەی خوداوە و بە زمانحاڵی ئەو دەگوترێت. لێرەدا هەمیشە خودا **شتێک دەڵێت** (قائل)، پێغەمبەریش **فەرمانی پێکراوە کە شتێک بڵێت**. وشەی (بڵێ- قُل) کە لە خوداوە ئاراستەی پێغەمبەر دەکرێت، 311 جار لە قورئاندا هاتووە. لە 11 ئایەتیشدا خودا (کە قسەکەرە) جەخت لەوە دەکاتەوە پێغەمبەر (کە فەرمانی پێکراوە قسەبکات و شتێک بڵێت)، تەنیا ئەرکی گەیاندنی لەسەرە. تەنانەت برِگەی (ما علی الرسول الا البلاغ) لە سێ ئایەتدا بە دەق هاتووە. ئەم ئەرکی تەنیا گەیاندنەش، کە سپێردراوە بە پێغەمبەر، هەر لە سەرەتاوە دەچێتە خانەی جێرەوتێکی تەقلیدیی پەیامبەرێتییەوە، هەر لە (نوح)ـەوە تاوەکو (هود) و (لوط) و (شوعەیب) و هەموو ئەو **پەیامبەرانەی** (الرسل)

که بە جۆرێک لە جۆرەکان قورئان جیایاندەکاتەوە لە **نێردراوان** (الانبیاء)، بەو هێندەی کە ئەرکەکەیان تەنیا گەیاندنە. (فهل عەلى الرسل الا البلاغ المبین) (النحل: 35) «ئایا پێغەمبەران لە گەیاندنی روون زیاتریان لەسەرە؟».

لەوانەیە ئەو جیاکارییە بەسەر پەیامبەری ئیسلامیشدا پیادەبکرێت. تا ئەو جێگەیەی کە گوتاری قورئانی جیاکاریی لەنێوان **نێردراو و پەیامبەردا** (النبي والرسول) دەکات، تا ئەو جێگەیەی پشکی نێردراو بریتیەبێت لە پەرجوو (المعجزة)، بەڵام پشکی پەیامبەر بریتیەبێت لە پەیام، روون و ئاشکرا دەبینین کە لە دە ئایەتدا محەمەد بە (پەیامبەری خودا- رسول الله) ناو دەبات، بەڵام لەیەك ئایەتیشدا بە (نێردراوی خودا- نبي الله) ناوینابات[1].

ئەم جیاکاریەش دەلالەتێکی گرنگە بۆ دیاریکردنی پەیوەندیی یاسادانان لەنێوان خودا و پێغەمبەردا. خودا **شەرعدانەرە** و پێغەمبەریش **شەرع بۆدانراوە** (الشارع والمشرع له). ئەو سنووردارکردنەی پێغەمبەریش، لە روانگەی یاسادانانەوە، لە پێگەی کارتێکراوەوە (مفعول) نەك کارا (فاعل)، دەتوانرێت لە چەندین ئایەتدا بخوێنرێتەوە. لەوانەیە بتوانین هەر لەئێستاوە پێشبکەوین و ئەنجامی ئەو خوێندنەوانە دەستنیشان بکەین بەپێی ئایەتی ژمارە 128 لە سورەتی (آل عمران): (لیس لك من الامر شيءٌ)[2].

لەراستیدا دیالەکتیکی قسەکەر و قسەبۆکراو (المخاطِب والمخاطَب) لە گوتاری قورئانیدا دیالەکتیکێکی تاك لایەنەیە، فەرماندەر لەوێدا ئازادی رەهای هەیە، فەرمانپێکراویش بەندەیی رەهای هەیە، بێ ئەوەی بواری هیچ مانۆڕێکی هەبێت. پەیامبەر بەمانای وشە **بەندەی خودایە (عبد الله)**. ئەو خاوەنی هیچ شتێک نییە و گەورەکەشی خاوەنی هەموو شتێکە. هەر جارێکیش دواکەوتنێک یان دڵەراوکێیەك یان ترسێکی هەبێت لە بەجێهێنانی ئەرکەکەیدا (کە پەیامێکی روون و ئاشکرایە- البلاغ المبین)، هەر جارێکیش وادەزانێت کە مافی ئەوەی هەیە لەخۆیەوە رەفتار (تصرف) بکات، لەو کاتەدا گوتاری قورئانی دەگۆڕێت بۆ گوتاری سەرزەنشتکردن و گلەیی لێکردن، بەڵکو دەگۆڕێت بۆ گوتاری هەرەشەلێکردن، یاخود وەک (طبري) لە تەفسیری سورەتی (الکهف) (ئایەتی 23)دا دەڵێت: گوتارەکە دەگۆڕێت بۆ گوتاری (تەمبێکردنی پەیامبەر). لەگەڵ ئەوەشدا پەیامبەر لەم دەستهەڵگرتنەی لە ئازادیی خۆی و

ئەو تەسلیمبوونەی بە بەندایەتی رەها، براوەیە نەك دۆراو، چونكە راستاندنی (مصداقیة) پەیامبەرێتیەكەی بەندە بەو بەندایەتییەوە، جا لەبەرئەوەی ئەو (ماینطق عن الهوی)یە، كەواتە پێگەی پێغەمبەرایەتی بۆ خۆی مسۆگەر كردوە. هەروەها گرەوی ئەوەشی بردۆتەوە كە ئەو وەک نێردراو (نبي) بەڵگەی موعجیزەئاسای بۆ نەهاتوە، بەڵكو تەنیا قورئانی بۆ هاتوە كە (ووتەی خودایە- كلام الله) یاخود وەك قورئان خۆی دەڵێت (وەحی خودایە)[3].

ئێستا با لەگەڵ خوێنەردا دەستبكەین بە قۆناغەكانی خوێندنەوەی ئەو ئایەتانەی جەخت لەوە دەكەنەوە كە پەیامبەر **لەرووی یاسادانانەوە دەستەوەستانە،** وەک ئیرادەش دیسان بێئیرادەیە، نەهیكراوە لەوەی خۆی دەسپێشخەری بكات، بەڵكو داوایلێكراوە كە وەک نێردراوێک تەواو ملكەچ بێت بۆ ئیرادەی خودایی كە خاوەنی پەیامەكەیە. لێرەدا ئێمە پەیگیری ئایەتەكان دەكەین بەپێی بابەت رێكیان دەخەین نەك بەپێی كاتی دابەزینیان. یان بەپێی تۆماركردنیان لە (مصحف عثمان)دا، بۆ خوێندنەوەی ئایەتەكانیش بەو دیدەی دیاریمانكردووە پشت دەبەستین بە سەرچاوە سەرەكیەكان كە لە كەلەپووری ئیسلامیدا پێگەی قووڵیان هەیە، بەتایبەت (تەفسیری طبري)، (سیرەی ئیبن هیشام)، (طبقات ابن سعد) و (اسباب النزول)ی (واحیدی).

**أ- ئەو ئایەتانەی ئەركی پەیامبەر كورت دەكەنەوە لەسەر گەیاندنی پەیام و سەرزەنشتی دەكات بە بڕینی وەحی و دووقاتكردنی عەزابەكەی لە دنیا و ئاخیرەتدا، ئەگەر شتێكی ناو قورئانی شاردەوە یان شتێكی بۆ زیادكرد یان شتێكی لێ گۆڕی یاخود بەناوی خوداوە قسەی تری كرد:**

- (يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ وَإِنْ لَمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ وَاللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ) (المائدة: 67).

ئەی پەیامبەر ئەو پەیامە بگەیەنە كە لەلایەن خوداوە بۆت دابەزیوە، ئەگەر وەها نەكەیت ئەوە پەیامی خودات نەگەیاندوە، خوداش لە خەڵک دەتپارێزێت.

- (أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ قُلْ إِنِ افْتَرَيْتُهُ فَلَا تَمْلِكُونَ لِي مِنَ اللَّهِ شَيْئًا هُوَ أَعْلَمُ بِمَا تُفِيضُونَ فِيهِ كَفَىٰ بِهِ شَهِيدًا بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ وَهُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ) (الأحقاف: 8).

یان دەڵێن خۆی ئەو پەیامەی هەڵبەستوە، بڵێ ئەگەر خۆم هەڵم بەستبێت ئەوە ئێوە ناتوانن لای خودا هیچم بۆ بکەن، خودا هەر خۆی دەزانێت ئەوەی ئێوە باسیدەکەن چییە؟ هەر خودا بەسە کە شاهید بێت لەنێوان من و ئێوەدا، هەر ئەویش بەخشندە و میهرەبانە.

- (وَلَئِنْ شِئْنَا لَنَذْهَبَنَّ بِالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ ثُمَّ لَا تَجِدُ لَكَ بِهِ عَلَيْنَا وَكِيلًا) (الاسراء: 86).

گەر بمانەوێت هەر سروشێک بۆمان ناردوویت لێتی دەسەنینەوە، پاشانیش ناتوانیت هیچ کەسێک بکەیتە پشتگیری خۆت.

- (وَلَوْ تَقَوَّلَ عَلَيْنَا بَعْضَ الْأَقَاوِيلِ لَأَخَذْنَا مِنْهُ بِالْيَمِينِ ثُمَّ لَقَطَعْنَا مِنْهُ الْوَتِينَ) (الحاقة: 44- 46).

خۆ ئەگەر هەندێک قسە بەدەم ئێمەوە هەڵبەستێت ئەوە بەهێز دەیگرین پاشان گیانی لێدەستێنین.

- (وَإِن كَادُوا لَيَفْتِنُونَكَ عَنِ الَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ لِتَفْتَرِيَ عَلَيْنَا غَيْرَهُ وَإِذًا لَّاتَّخَذُوكَ خَلِيلًا. وَلَوْلَا أَن ثَبَّتْنَاكَ لَقَدْ كِدتَّ تَرْكَنُ إِلَيْهِمْ شَيْئًا قَلِيلًا. إِذًا لَّأَذَقْنَاكَ ضِعْفَ الْحَيَاةِ وَضِعْفَ الْمَمَاتِ ثُمَّ لَا تَجِدُ لَكَ عَلَيْنَا نَصِيرًا) (الإسراء: 73- 75).

ئەوان خەریکبوون هەڵتگێڕنەوە لەو پەیامەی بۆمان ناردویت، تاکو شتێکی تر بەدەم ئێمەوە هەڵبەستیت، ئینجا دەیانکردیت بە هاودەمی خۆیان، خۆ ئەگەر سەقامگیرمان نەکردبایتایە ئەوە خەریکبوو کەمێک بدەیتە پاڵ ئەوان، ئەوکاتە ئێمەش دوو هێندی کەسانی تر ئەشکەنجەی ژیان و مەرگمان دەدایت و هیچ پشتگیرێکیشت لەدژی ئێمە نەدەبوو.

لە (لێکدانەوەی)ی[4] ئایەتی یەکەمدا (المائدة: 67)، کە داوا لە پێغەمبەر دەکات (کاری گەیاندن) بکات بێ قەید و شەرت و بێ ترس لە ئایندە، لێرەدا (طبري) دەڵێت: (ئەمە فەرمانێکە لە خوداوە بۆ پێغەمبەرەکەی باسدەکات، کە بە جوولەکە و گاورەکان رابگەیەنێت و لە دڵی خۆیدا هیچ لێیان نەترسێت کە تووشی شتێکی خراپی بکەن، هەروەها لە زۆری ژمارەیان نەترسێت لەکاتێکدا خۆی کەمی لەگەڵدایە).

(تەبەری) لە (موجاهید)ـەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت (کاتێک ئەو ئایەتە دابەزی، پێغەمبەر وتی: ئاخر من یەک کەسم چۆن وابکەم کە خەڵک لە دەورم کۆبێتەوە،

خودا ئەو ئایەتەی تری دابەزاند: گەر وانەکەیت ئەوە پەیامکەت نەگەیاندوە)، پاشان فەرموودەیەک لە عائیشەوە دێنێت «هەرکەسێك پێی وتیت پەیامبەر شتێکی شاردۆتەوە ئەوە درۆ دەکات». لە گێرانەوەیەکی تردا دەڵێت (ئەوە گەورەترین بوختانی بەدەم خوداوە کردوە)[5].

لە لێکدانەوەی ئایەتی دووەمدا (الأحقاف: 46) قسەهەڵبەستن لە پێغەمبەر دووردەخاتەوە کە کافرەکان دەیانگوت قورئانی لەلایەن خوداوە نەهێناوە؛ (طبري) دەڵێت: (خودا دەڵیت: ئەی محەمەد پێیان بڵێ ئەگەر من ئەو قسانەم هەڵبەستبێت بەدەم خوداوە ئەوە خۆ ئێوە ناتوانن لای خودا نێوەندگیریم بۆ بکەن ئەگەر سزای دام لەسەر قسە هەڵبەستنەکانم، ناشتوانن خراپەیەکم لەسەر لابەرن ئەگەر خودا تووشیکردم[6].

هەرچەندە (طبري) زۆر راناوەستێت لەسەر هەڕەشەکانی خودا بۆ پێغەمبەرەکەی بەوەی کە سروش (وحي)ی لێدەبڕێت و بەندەکانی دڵی دەپسێنێت لە هەردوو ئایەتی سێیەم (الإسراء: 86) و چوارەم (المعراج: 8)، بەڵام لەسەر سێ ئایەتەکەی سورەتی (الإسراء) زۆر رادەوەستێت کە هەرەشە لە پەیامبەر دەکات بەوەی ئەگەر لەگەڵ کافراندا ریابازی بکات لەوەی کە دەیانەوێت هەڵیبگێڕنەوە لە سروشی خودا، تاکو شتێک بڵێت کە لە گەڵ بیروباوەڕی ئەواندا بگونجێت، سزاکەی دەکاتە دووهێند لە ژیان و مردنیشدا. لەو بارەیەوە دەڵێت: (ئەهلی تەئویل) لە وشەی «فتنه»دا رای جیاوازیان هەیە، کە خەریک بوو کافران پەیامبەری پێ لەخشتە بەرن، هەندێکیان دەڵێن: ئەمە مانای باسکردنی خوداکانیانە، چونکە موشریکەکان داوای ئەوەیان لێکردبوو بە باشە باسی خواکانیان بکات، پەیامبەریش خەریکبوو بەگوێیان بکات، دەوترێت: پێغەمبەر لای بەردەڕەشەکە بوو بۆ ئەوەی دەستی لێبدا، بەڵام قورەیشەکان رێگرییان لێکرد، وتیان: رێگەت نادەین دەستی لێبدەیت تاکو بە باشە باسی خواکانمان نەکەیت. ئەویش لە دڵی خۆیدا وتی: جا چی رێم لێدەگرێت ناوی خوداکانیان بێنم، و پاشان رێگەم دەدەن دەست لە بەردەڕەشەکە بدەم، خودا خۆی دەزانێت من ناچاربووم. بەڵام خودا بەوە رازی نەبوو، بۆیە فەرمووی (وان کادوا لیفتنونك)... (طبري) لێرەدا ریوایەتێکی تر لە موجاهیدەوە دێنێت -ئەو ریوایەتە لای (واحیدی)ش دووبارەکراوەتەوە لە «**اسباب النزول**»دا- کاتێک دەڵێت: (قورەیش شەو لەگەڵ پێغەمبەردا

کۆبوونەوە، تاوەکو بەیانی قسەیان لەگەڵ دەکرد و مەدحیان دەکرد دەیانکرد بە گەورەی خۆیان و لە خۆیان نزیک دەکردەوە، ئەویش خەریکبوو لە هەندێک شتدا نەرمییان لەگەڵ بنوێنێت، بەڵام خودا پاراستی، ئەوەش مانای ئایەتەکەیە (لقد كدت تركن اليهم شيئا قليلا) خەریکبوو کەمێک لابدەیت بەلایاندا. لە گێرانەوەیەکی تردا لە (ابن عباس) دەگێڕێتەوە –(واحيدی)ش بەکاریدەهێنێت- دەڵێت: سەقیفەکان بە پێغەمبەریان وتبوو: ئەی پێغەمبەری خودا ساڵێک چاوەڕێمان بکە تا کاتێك خوداکانمان خەڵاتەکانیان بۆدێت، هەرکاتێك ئەو شتانەمان وەرگرت کە دەکرێتە خەڵاتی خوداکانمان، وەریاندەگرین و پاشان خوداکانمان دەشکێنین، پێغەمبەر خەریکبوو ئەو ماوەیەیان بداتێ و دوایان بخات، بەڵام خودا فەرمووی (ولولا أن ثبتناك لقد كدت تركن اليهم) [7].

(واحيدی) ریوایەتێکی تر دەگێڕێتەوە لە (ئیبن عەباس)ـەوە کە دەڵێت ئایەتی (وإن كادوا ليفتنونك) کە لەبارەی **سەقیفەکانەوە** دابەزیوە کە هاتن بۆلای پێغەمبەر و داوایان کرد: ساڵێک رێگەمان بدە «**لات**» بپەرستین، وڵاتەکەی ئێمەش وەك مەککە حەرام بکە، واتە دار و بەرد و باڵندەی حەرام بکە لەوەی دەسکاری بکرێن... ئەگەر لەوەش نارازیبوویت و ترسایت عەرەب بڵێن: شتێکت داوە بە سەقیفەکان کە نەتداوە بە ئێمە، ئەوە پێیان بڵێ: خودا فەرمانی ئەوەی پێکردووم، ئیدی پێغەمبەر خەریکبوو بەڵێنیان پێبدات بەڵام ئەو ئایەتە دابەزی) [8].

## ب- ئەو ئایەتانەی پەیامبەر ئاگادار دەکەنەوە لەوەی پێش قورئان بکەوێت یان پەلەی بێت بۆ سروش یان تەنانەت ئاواتەخوازیش بێت:

- (وَلَا تَعْجَلْ بِالْقُرْآنِ مِنْ قَبْلِ أَنْ يُقْضَى إِلَيْكَ وَحْيُهُ وَقُلْ رَبِّ زِدْنِي عِلْمًا) (طه: 114).
- (وَلَا تَقُولَنَّ لِشَيْءٍ إِنِّي فَاعِلٌ ذَلِكَ غَدًا، إِلَّا أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ) (الكهف: 23، 24).
- (وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رَسُولٍ وَلَا نَبِيٍّ إِلَّا إِذَا تَمَنَّى أَلْقَى الشَّيْطَانُ فِي أُمْنِيَّتِهِ) (الحج:52).

لە لێکدانەوەی ئایەتی یەکەمدا (طه: 114)، (طبري) دەڵێت «ئەی محەمەد پەلە مەکە بە قورئان و بچیت بۆ هاوەڵانی بخوێنیت یان بۆیان بخوێنیتەوە پێش ئەوەی واتاکانی بزانیت. لێرەدا گلەیی لێکراوە کە دەستی کردوە بەنوسینەوەی ئایەتەکان، بەو

کەسانەی دەنوسیەوە کە قورئانیان بۆ دەنوسییەوە. پێش ئەوەی ماناکانی بزانێت... (قەتادە) دەڵێت: واتە پەلەمەکە لە قورئان پێش ئەوەی ماناکەی بزانیت)[9].

ئاشکرایە ئەم لێکدانەوەیە جۆرێک لە زۆرلەخۆکردنی تێدایە. یەکەم: لەبەرئەوەی نووسەرانی ژیانی پێغەمبەر و زانستی قورئان هاوڕان لەسەرئەوەی کە پێغەمبەر لەگەڵ بەهۆشهاتنەوەیدا ئەو ئایەتانەی دەگوتەوە کە بۆی هاتوون بێ ئەوەی چاوەڕوانی ماناکانی بکات، دووەم: لەبەرئەوەی سروش بە پێچەوانەی لێکدانەوەکەی (قەتادە)وە بەمانای روونکردنەوە (بیان) نایەت، لەراستیدا لێکدانەوەیەکی تر هەیە بۆ هۆکاری دابەزینی ئایەتەکە کە ئەوەیان لۆژیکیترە. (عەبدوڵڵا کوڕی وەهەب) (125- 197ک) لە تەفسیرەکەی (جامع القرآن) -کە کۆنترین راڤەیە پێمانگەیشتبێت- لە (جورەیری کوڕی حازم) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (لە حەسەنی بەسریم بیست، وتی: ژنێك هاتە لای پێغەمبەر پێی وت: مێردەکەم شەقازلەی لێداوم، ئەویش وتی: هەقی خۆتی لێبکەوە، ئیدی ئەو ئایەتە دابەزی (وَلَا تَعْجَلْ بِالْقُرْآنِ مِنْ قَبْلِ أَنْ يُقْضَى إِلَيْكَ وَحْيُهُ وَقُلْ رَبِّ زِدْنِي عِلْمًا) ئیدی پێغەمبەر بێدەنگ بوو تاکو ئەو ئایەتە هاتە خوار (الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ) [10].

ئەو ژنەی کە (حەسەنی بەسری) ناوی نەهێناوە، لە قورئاندا دوو ئایەتی لەسەر هاتووە [11]، ئەو ژنە ناسراوە (حەبیبەی کچی زەیدی کوڕی ئەبو هورەیرە)یە و خێزانی (سەعد کوڕی ڕەبع)ـە، کە لەو دوانزە کەسە بوون بەیعەتیان بە پێغەمبەر داوە، (واحیدی) و (نەیسابوری) لە (موقاتیل کوڕی سولەیمان)ـەوە دەگێڕێتەوە کە خێزانەکەی سەعد لێی یاخی بوو، سەعدیش شەقازلەی لێدابوو، ژنەکە لەگەڵ باوکیدا هاتبوو بۆ لای پێغەمبەر، باوکی وتی: کچەکەی خۆم داوەتێ کەچی ئەویش لێیداوە، پێغەمبەر وتی: دەبێت هەقی خۆی بسەنێتەوە، ئیدی لەگەڵ باوکیدا رۆیشتن تاکو هەقی خۆی بسەنێتەوە لە سەعد، بەڵام پێغەمبەر وتی بگەڕێنەوە. ئەوە (جوبرەئیل) بوو هات بۆلام، ئیدی خودا ئەو ئایەتەی دابەزاند (الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ)، پێغەمبەر وتی: ئێمە شتێکمان ویست بەڵام خودا شتێکی تری ویست، ئەوەی خودا ویستی باشترە، لەبەرئەوەی وازی لە هەقکردنەوەکەی هێنا... لە ریوایەتێکی تردا دەڵێت: (ئێمە شتێکمان ویست، بەڵام خودا نەیویست)[12].

ئەگەر پەیوەندیی نێوان ئەو دووئایەتە راست بێت ئەوە دەبێت لەوە تێبگەین کە ئەو حکومەی پێغەمبەر دەریکرد، لە یەکەم جاردا هەر حوکمی خودا بووە نەك پێغەمبەر، ئەگەر نا ئەوە هیچ مانایەك بۆ ئەم ئایەتە نامێنێتەوە: (وَلَا تَعْجَلْ بِالْقُرْآنِ مِنْ قَبْلِ أَنْ يُقْضَى إِلَيْكَ وَحْيُهُ)، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەو ئایەتە هەر مەدلولی خۆی دەمێنێت لەو رووەوە کە ئێمە مەبەستمانە، بەو مانایەی کە رێگە لە پەیامبەر دەگرێت کە حوکم دەربکات پێش ئەوەی خودا مۆڵەتی پێبدات [13].

هەر وەك چۆن رەتکراوەتەوە کە پەیامبەر پێش سروش بکەوێت، بەهەمان شێوەش دەبینین رێگەی لێدەگیرێت کە پەلەبکات لە دابەزینی قورئان بۆی. ئەوەش لە ناوەڕۆکی ئەو ئایەتەوە دەخوێنرێتەوە، کە بریتییە لە ئایەتی 23ی سورەتی (**الكهف**)دا، یان بابڵێین لە هۆکاری دابەزینیدا (اسباب النزول) باسکراوە، هەمان ئەو ئایەتەش (تەبەری) لە بەشی (**تەمبێکردنی پێغەمبەر**) لەلایەن خوداوە باسی دەکات، وەك (**ئیبن هیشام**) دەڵێت: ئەو چیرۆکە باس لەو رووداوە دەکات کە قورەیش هاتنە لای پێغەمبەر و تاقییان کردەوە، ئەوان سێ پرسیاریان لێکرد تاکو بزانن ئایا ئەو پێغەمبەری خودایە یان درۆدەکات. قورەیش ئەم کارەیان بە تەگبیری زانایانی جولەکە ئەنجامدا، ئەگەر وەڵامیدانەوە [واتە پێغەمبەر خۆی]، ئەوا پەیامبەرە، ئەگەر نەیزانی ئەوە مانای وایە قسە بەدەم خوداوە هەڵدەبەستێت. «ئەوان هاتن بۆ لای پێغەمبەر پێیان وت: ئەی محەمەد، هەواڵمان پێبدە لەبارەی چەند گەنجێک کە لە سەردەمی رابوردوودا رۆیشتبوون و بەسەرهاتێکی سەیریان هەیە [واتە اهل الكهف]، پیاوێکیش کە بەدەوری زەویدا گەراوە و خۆرهەڵات و خۆراوای کردوە [واتە ذي القرنين]، هەروەها باسی «رۆح»مان بۆبکە، رۆح چیە؟ پێغەمبەر پێی گوتن: سبەینێ وەڵامی پرسیارەکانتان دەدەمەوە. ئەوان رۆیشتن، پێغەمبەر چاوەڕوانی سروش بوو -وەك دەڵێن- خودا بۆ ماوەی پانزە رۆژ نەیدواند و جوبرەئیل نەهات بۆ لای هەتاوەکو سروشی بۆ بهێنێت، ئیدی خەڵکی مەککە مقۆمقۆیان تێکەوت و گوتیان: محەمەد بەڵێنی پێداین کە دوای یەک رۆژ وەڵامان بداتەوە کەچی ئەوە پانزە رۆژ تێپەری و هیچ وەڵامێکی نەداینەوە، تا وایلێهات پێغەمبەر تەواو دڵگران بوو بەوەی کە سروشی بۆ نایەت، قسەکانی قورەیش زۆر گران بوو لەسەر دڵی، پاشان جوبرەئیل

هات و سورەتی (الكهف)ی هێنا، لەوێدا گلەیی لە پێغەمبەر دەكات لەسەرئەوەی خەم بۆ كافران دەخوات، ئینجا بەسەرهاتی گەنجەكانی ئەشكەوت و پیاوە گەڕیدەكە و روحی بۆ باسكرد»[14].

ئایەتی «تەمبێكردنی پێغەمبەر» لەم كۆنتێكستەدا هاتۆتە خوارەوە، پاش ئەوەی پانزە شەو سروش نەهات: (وَلَا تَقُولَنَّ لِشَيْءٍ إِنِّي فَاعِلٌ ذَٰلِكَ غَدًا)، (تەبەری) لە لێكدانەوەی ئەم ئایەتەدا دەڵێت «ئەمە تەمبێكردنی خودایە بۆ پێغەبەرەكەی، كە هەرگیز بۆ شتێكی ئایندە و داهاتوو بە شێوەیەكی حەتمی بڕیارنەدات، فێریكرد لەكاتی بەڵێنداندا چیبڵێت. هەروەها هەواڵی پێدا سەبارەت بەو شتانەی هێشتا سروشی بۆ نەهاتووە لای خوداوە، وتی ئەی محەمەد (وَلَا تَقُولَنَّ – مەڵێ)... (لِشَيْءٍ إِنِّي فَاعِلٌ ذَٰلِكَ غَدًا - من سبەینێ وادەكەم)، وەك ئەوەی بە قورەیشت وت كاتێك لە بارەی ئەهلی ئەشكەوتەكەوە پرسیاریان لێكردیت، مەڵێ: بەیانی وەڵامتان دەدەمەوە»[15].

هەر لەو بارەیەوە (ئیبن هیشام) لەسەر زاری مامۆستاكەیەوە (ئیبن ئیسحاق) شتێكیتر زیاد دەكات: (دەوترێت كە پێغەمبەر كاتێك جوبرەئیل هاتووە بۆلای پێی وتووە «ئەی جوبرەئیل هێندە دواكەوتیت تاكو تووشی بەدگومانی بووم. جوبرەئیل دەڵێت (وَمَا نَتَنَزَّلُ إِلَّا بِأَمْرِ رَبِّكَ» (مريم:64)، واتە: بە فەرمانی خودا نەبێت دانابەزین). جا ئەوەی (ئیبن هیشام) بەكورتی باسیدەكات (تەبەری) درێژی دەكاتەوە، كاتێک چەند گێڕانەوەیەك بۆ ئەو ئایەتە دێنێتەوە، دەڵێت: (دەوترێت ئەو ئایەتە لەبەرئەوە دابەزیوە كە پێغەمبەر گلەیی لە دواكەوتنی **سروش** كردووە، دەڵێت (ئیبن عباس) گێڕاویەتیەوە كە (محەمەد) بە جوبرەئیل دەڵێت: چی رێگریت لێدەكات كە زیاتر سەردانمان بكەیت؟ لێرەدا ئەو ئایەتە دادەبەزیت... (قەتادە) دەڵێت: جوبرەئیل لە هێنانی سروشدا ماوەیەك دواكەوت، پێغەمبەر پێی وت: نەهاتیت تا غەریبیم كردیت، جوبرەئیل دەڵێت: ئێمە بەس بەفەرمانی خودا دادەبەزین، (موجاهید) دەگێڕێتەوە: جوبرەئیل ماوەی دوانزە شەو نەهات بۆ لای محەمەد، تا خەڵک وتیان: خودا دەستبەرداری محەمەد بووە، كاتێك جوبرەئیل هات وتی: ئەی جوبرەئیل هێند دواكەوتیت تاكو كافرەكان گومانی خراپیان پێبردم، ئیتر ئەو ئایەتە دابەزی... (ضحاك) دەڵێت: جوبرەئیل دواكەوت لە پێغەمبەر تاكو كافرەكان قسەی

خراپیان لەبارەوە کرد، ئەوەش بەلای پێغەمبەرەوە قورس بوو، کاتێک جوبرەئیل هات، وتی: دواکەوتنەکەمان بەلاتەوە قورس بوو، کافرانیش قسەیان کردوە، بەڵام من بەندە و نێراوی خودام، هەر فەرمانێکم پێبکات بەجێی دێنم، بە فەرمانی ئەو نەبێت دانەبەزین)، (تەبەری) لە هەموو ئەم ریوایەتانەوە دەگاتە ئەوەی کە لێکدانەوەی وتەکانی جوبرەئیل ئەمەیە: «ئەی محەمەد لە دواکەوتنمان گلەیی مەکە، چونکە ئێمە تەنیا بە فەرمانی خودا دێین بۆ زەوی... ئەو شتانە بەدەست خودایە [کاری دنیا و دوایی]، ئەو خاوەنی هەموو شتێکە و لە موڵکی خۆیدا چۆنی بوێت وا رەفتاردەکات، کەسیتر ئەو مافەی نییە، ئێمە ناتوانین هیچ شتێك لە بارەی موڵکی ئەوەوە بڵێین مەگەر خۆی فەرمانمان پێبکات) [16].

بێگومان ئەم گلەییکردنە لە پێغەمبەر لەبەرئەوەی پەلەدەکات لە هاتنی سروش یان گلەیی دەکات لە دواکەوتنی، لەسەر چەندین هەڵوێستی ترە کە لە دواییدا باسیدەکەین، ئەمانە هەموو راستگۆیی لە پێغەمبەرایەتیدا دەردەخەن، (**معروف رصافي**) لە لێکۆڵینەوەکەیدا کە کارێکی داهێنەرانەیە زۆر بەجوانی لەبارەی **کەسایەتی محەمەدەوە** (الشخصية المحەمەدية) تێبینی دەکات کە دابەزینی سروش سەبارەت بە سەرزەنشتکردنی پێغەمبەر و بەپێچەوانەی حەزەکانی ئەوەوە (وادەکات باوەڕی خەڵک بەوە بەهێزبێت کە قورئان سروشی خودایە و قسەی محەمەد خۆی نیە) [17]. بەڵام ئەوەی لەبارەی پەلەکردن یان دواکەوتنی سروشەوە راستە، مەرج نییە لەبارەی ئاواتەخوازی یان زیادبوونی سروشەوە راستبێت. لە حاڵەتی یەکەمدا دەردەکەوێت کە دەرچەکە خودابیە تەنانەت ئەگەر گلەیی و سەرزەنشتکردنیش بێت، بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا دەرچەی ئاواتەکان شەیتانین، هەر ئەمەشە چیرۆکی بەناوبانگی ئایەتە شەیتانیەکان.

**(تەبەری)** چەندین لاپەرەی نووسیوە و چەندین گێرانەوەی هێناوە سەبارەت بە هۆکاری دابەزینی ئایەتی (52) لە سورەتی (الحج): (مَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رَسُولٍ وَلَا نَبِيٍّ إِلَّا إِذَا تَمَنَّىٰ أَلْقَى الشَّيْطَانُ فِي أُمْنِيَّتِهِ فَيَنْسَخُ اللَّهُ مَا يُلْقِي الشَّيْطَانُ ثُمَّ يُحْكِمُ اللَّهُ آيَاتِهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ). بەڵام (واحیدی) بەباشی کورتیکردۆتەوە، ئێمەش لێرەدا باسیدەکەین: ئەهلی راڤە (تفسیر) دەڵێن: کاتێک پێغەمبەر بینی قەومەکەی پشتی تێدەکەن بەلایەوە قورسبوو، لەبەرئەوە ئاواتەخوازبوو کە لای خوداوە شتێکی وای بۆ بێت کە نێوان خۆی و قەومەکەی نزیک

بخاتەوە. ئەوەش لەبەرئەوە بوو کە زۆر سوور بوو لەسەر باوەڕهێنانیان. لەبەرئەوە ڕۆژێک لە یانەیەکی قورەیش کە خەڵکێکی زۆری لێبوو دانیشت، لەو ڕۆژەدا حەزیدەکرد لەلای خوداوە شتێکی وای بۆ نەیەت کە نێوان خۆی و قەومەکەی دووربخاتەوە، ئەو ئاواتەخوازی ئەوەبوو، بەڵام لەو کاتەدا سورەتی (النجم) دابەزی و پێغەمبەر بەسەر قەومەکەیدا خوێندیەوە تاکو گەیشتە (أَفَرَأَيْتُمُ اللَّاتَ وَالْعُزَّى وَمَنَاةَ الثَّالِثَةَ الْأُخْرَى) (النجم: 19، 20)، لێرەدا شەیتان شتێکی خستە سەر زاری پێغەمبەر کە حەزی پێدەکرد[18] «تلك الغرانيق العەلى، وان شفاعتها لترتجى»، کاتێک قورەیش ئەمەیان بیست زۆر دڵخۆشبوون، ئیدی پێغەمبەر بەردەوام بوو لە تەواوی سورەتەکە تا گەیشتە کۆتایی، کە باسی کڕنووشبردن دەکات، ئەو کرنووشی برد و موسوڵمانەکانیش کڕنوشیان برد، هەموو کافرەکانیش لەگەڵیدا کڕنووشیان برد. ئیدی قورەیش بە دڵخۆشییەوە بڵاوەیان لێکرد، وتیان محەمەد خوداکانی ئێمەی بە باشترین شێوە ناوبردوە، وتیان ئێمە دەزانین خودا مرۆڤ دەژێنێت و دەمرێنێت، هەروەها مرۆڤ خەلق دەکات و ڕۆزی دەدات، بەڵام خوداکانی ئێمە شەفاعەتمان بۆ دەکەن لای خودا، لە ئێوارەدا جوبرەئیل هات بۆلای پێغەمبەر و وتی: ئەوە چیت کردوە؟ شتێکت بۆ خەڵك خوێندۆتەوە کە من لای خوداوە بۆم نەهێناویت، شتێکت وتوە کە من نەمووتوە؟[19]، بەمە پێغەمبەر زۆر خەمبار بوو، تەواو ترسا، ئیدی خودا ئەو ئایەتەی دابەزاند، لەبەرئەوە قورەیش وتیان: محەمەد پەشیمانە لەوەی بەباشە باسی خوداکانی ئێمەی کردوە، لەبەرئەوە زیاتر خراپبوون) [20].

بێگومان چیرۆکی ئایەتە شەیتانییەکان لە دەرەوەی ئەم بابەتەی ئێمە چەندین ئیشکالیەتی ترسناك لە خۆدەگرێت لەرووی تیۆلۆژیای سروشەوە (لاهوت الوحي)، بەڵام ئەو ئیشکالانە باس نەکراون، بەگوێرەی میکانیزمی داکۆکیکردن لە سروش و هەڵدانی بۆ ناو کایەی بیرلێنەکراوە (اللامفكر فيه) [21]، بەڵکو هەندێک لە زانایان (وەک ابن خزيمة ئەو گێرانەوانە تەواو بەدرۆ دەخەنەوە و دەڵێن ئەو چیرۆکە دانراوی هەڵگەراوەکانە (الزنادقة)، هەروەها پێشەوا (البيهقي) دەڵێت «ئەو چیرۆکە لەرووی گواستنەوەوە ڕاست نیە»، چونکە ئەگەر ئەوە ڕاستبێت کە شەیتان شتێکی بەگوێی پێغەمبەردا داوە ئەوە ئیدی (ڕاستیی شەرع دەکەوێتە مەترسییەوە) [22].

**ج- ئەو ئایەتانەی کە پێغەمبەر حوکمەکەیان رادەگرێت لەچاوەڕوانی هاتنی سروشدا:**

- (يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَهِلَّةِ قُلْ هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ وَالْحَجِّ) (البقرة: 189).

لەبارەی مانگی یەک شەوە لێت دەپرسن: بڵی ئەوە بۆ کات راگرتنی خەڵک و کاتی حەجە.

- (يَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنْفِقُونَ قُلْ مَا أَنْفَقْتُمْ مِنْ خَيْرٍ فَلِلْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ وَمَا تَفْعَلُوا مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللَّهَ بِهِ عَلِيمٌ) (البقرة: 215).

لەبارەی ئەوە لێت دەپرسن کەچی ببەخشن، بڵێ هەرچیەکتان بەخشی با بۆ دایک و باوکتان وخزمە نزیکەکان و هەتیوان و هەژاران و کەم دەستان و رێبوارانی لێقەوماو بێت).

- (يَسْأَلُونَكَ عَنِ الشَّهْرِ الْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ) (البقرة: 217).

لەبارەی جەنگ لەمانگە حەرامکراوەکاندا لێت دەپرسن.

(-يَسْـأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ قُلْ فِيهِمَآ إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَافِعُ للنّاس وَإِثْمُهُمَآ أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا) (البقرة: 219).

لێت دەپرسن لەبارەی مەیو قومارەوە بڵێ:خراپەی زۆر وچاکەشیان هەیە بەڵام خراپەیان لە چاکەیان زیاترە.

-(ويسئَلُونَكَ ماذا يُنْفِقُونَ قُلِ الْعَفْوَ) (البقرة: 219).

لێت دەپرسن چی ببەخشن بڵێ هەرچی لێتان زیادە.

-(يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْيَتَامَى قُلْ إِصْلَاحٌ لَهُمْ خَيْرٌ) (البقرة: 220).

لەبارەی هەتیوانەوە لێت دەپرسن بڵێ چاکەیان لەگەڵ بکەن.

-(وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ وَلَا تَقْرَبُوهُن) (البقرة: 222).

-لەبارەی سوڕی مانگانەی ژنەوە لێت دەپرسن، بڵێ ئەوە ئازارێکە و لەو کاتەدا لێیان نزیک مەکەونەوە تا پاك دەبنەوە.

-(سْأَلُونَكَ مَاذَا أُحِلَّ لَهُمْۖقُلْ أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ) (المائدة: 4).

-لێتدەپرسن: چییان بۆ حەڵاڵکراوە؟ بڵێ: شتە باشەکانتان بۆ حەڵاڵکراوە.

-(يَسْأَلُونَكَ عَنِ السَّاعَةِ أَيَّانَ مُرْسَاهَا قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِنْدَ رَبِّي) (الاعراف: 178).

لەبارەی کۆتایی دونیاوە لێت دەپرسن، بڵێ زانیاری لەوبارەوە لای خودایە.

-(يَسْأَلُونَكَ كَأَنَّكَ حَفِيٌّ عَنْهَا قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِنْدَ الله) (الاعراف: 178).

-وا لێت دەپرسن کە تۆ لێی شارەزا بیت بڵێ زانیاری ئەو بابەتە تەنیا لای خودایە.

-(يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَنفَالِ قُلِ الْأَنفَالُ لِلَّهِ وَالرَّسُولِ) (الانفال: 1).

لەبارەی ئەنفالەوە لێت دەپرسن. بڵێ ئەنفال بۆ خودا و پێغەمبەرە.

-(وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ ۖ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُم مِّنَ الْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا) (الاسراء: 85).

-لەبارەی ڕوحەوە لێت دەپرسن، بڵێ روح لە فەرمانەکانی خودایە، ئێوەش تەنیا زانیاریەکی کەمتان پێدراوە.

-(وَيَسْأَلُونَكَ عَن ذِي الْقَرْنَيْنِ قُلْ سَأَتْلُو عَلَيْكُم مِّنْهُ ذِكْرًا) (الکهف: 83).

لەبارەی زولقەرنەین لێت دەپرسن بڵێ هەندێکیتان بۆ باس دەکەم.

-(وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْجِبَالِ فَقُلْ يَنسِفُهَا رَبِّي نَسْفًا) (طه: 105).

لەبارەی شاخەکانەوە لێت دەپرسن، بڵێ خودا هەڵیان دەتەکێنێت.

ئەم فۆڕمە لە پرسیار (لێتدەپرسن... بڵێ) کە لە سورەتی (البقرة)دا حەوت جار دووبارە دەبێتەوە، لە هەموو قورئانیشدا چواردە جار دەوترێتەوە، بەڵکو شانزە جاریش دووبارە دەبێتە گەر (يستفتونك) هەژمار بکەین، کە دووجار لە سورەتی (النساء)دا هاتووە، ئەم فۆڕمە هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە بۆ ئەوەی کە پەیامبەر شتێک ناڵێت، بەڵکو فەرمانی پێکراوە کە شتێک بڵێت، یاخود فەرمانی پێکراوە تەنها ئەوە بڵێت کە پێی دەووترێت، نابێت وەڵامی پرسیاریش بداتەوە، بەڵکو خودا لەجیاتی ئەو وەڵام دەداتەوە، لەنێوان پرسیار و وەڵامیشدا ماوەیەکی زەمەنی هەیە کە بریتییە لە ماوەی نێوان پرسیارەکە و هاتنی سروش لە ئاسمانەوە. لەوانەیە ئەو ماوەیە پانزە ڕۆژ بخایەنێت وەک لە وەڵامی سێ پرسیارەکەی سورەتی (الکهف)دا بینیمان. لێرەدا تێبینی دەکەین کە پێغەمبەر ڕێگری لێدەکرا کە وەڵامبداتەوە نەك تەنیا لەبارەی پرسەکانی ئەودونیا و دوارۆژەوە، وەک ڕۆح و ئاخیر زەمان، بەڵکو لە پرسە دونیاییەکانیشدا وەک: سووڕی مانگانەی ژن و غەنیمەت و ماڵبەخشین، زمانحاڵی پێغەمبەریش وەک قورئان باسیدەکات تەنیا ئەوەبوو کە بڵێت (من تەنیا شوێن سروشی خودا دەکەوم) یان وەک (تەبەری) لەسەر زاری پێغەمبەرەوە دەڵێت

(هیچ زانستێکم نییە تەنیا ئەوە نەبێت کە خودا فێرم دەکات)[23]، یاخود وەک ئەوەی (ئیبن حەیان) دەڵێت (من تەنیا شوێنکەوتەی ئەوەم کە لە خوداوە پێم دەگات، هیچ شتێك لەلای خۆمەوە داناڕێژم وەک شەرع، هیچ شتێکیش نازانم لەپشتی ئەو دیوارەوە چی هەیە تەنیا ئەوە نەبێت کە خودا فێرم دەکات[24].

جگە لەم ئایەتانەی بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا دەستی پێغەمبەر دەبەستن لە بواری یاسادانانی تەنانەت کاروبارە هەرە سادەکاندا، و لە رێگەی دەسەڵاتی سروشەوە بە شێوەیەکی رەها کۆت و بەندی دەکەن و بواری هیچ دەستپێشخەرییەکی بۆ ناهێڵنەوە جگە لە گوتنی شتێک کە هاوشێوەی ئەوە بێت کە سروشی بۆ هاتووە، بەبێ ئەوەی لێی لابدات «قید شبر»[25]، چەندین ئایەتی دیکە هەن کە لە هۆکاری دابەزینەکەیانەوە دیارە پێغەمبەر بڕیارێکی هەڵپەساردووە یاخود خۆی بەدوورگرتووە لە گرتنەبەری هەڵویستێک و جێبەجێکردنی شتێکی راگرتووە لە چاوەڕوانیی دابەزینی سروشدا، هەتاوەکو «هێڵی رەش و سپیی بۆ لێک جودابکرێتەوە»[26].

یەکێك لەو ئایەتانە، بریتییە لە ئەم ئایەتە لە سورەتی (النساء): (لِلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالْأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ)، واتە پیاوان پشکێکیان هەیە لەوەی دایک و باوک و خزمان بەجێیدێڵن. راڤەکاران دەڵێن (ئەوسی کوڕی سابتی ئەنساری) مرد، ژنێکی لە پاش بەجێما ناوی (ام کحة) بوو، سێ کچیشی لەپاش بەجێما، دوو ئامۆزای ئەوس هاتن و هەموو ماڵەکەی (**ئەوس**)یان برد و هیچیان بەشی ژنەکە و کچەکانی نەدا، چونکە عەرەب لە سەردەمی جاهیلیدا میراتییان بەشی ژن نەدەدا، هەروەها منداڵی نێریش هیچی بەر نەدەکەوت، بەڵکو تەنیا پیاوە گەورەکان میراتەکەیان دەبرد، ئەوان دەیانگوت میرات تەنیا بەر ئەوانە دەکەوێت کە دەتوانن بە سواریی شەڕبکەن و تاڵانی بگرن، (أم کحة) هات بۆ لای پێغەمبەر و گوتی: ئەی پەیامبەری خودا ئەوسی کوڕی سابت مردووە و من و سێ کچی بەجێهێشتووەو هیچیشم نییە بۆ بژێویی ئەوان. باوکیان ماڵێکی باشی بەجێهێشتبوو، بەڵام دوو ئامۆزاکەی هاتن و هەموو ماڵەکەیان برد، کچەکانیش هەر لای خۆمن، ئەوان خواردن و خواردنەوەشمان نادەنێ و سەیریشمان ناکەن، پێغەمبەر بانگیکردن، ئەوان وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا کچەکانی ئەو ناتوانن سواریی بکەن،

ناتوانن شوانی بکەن، ناتوانن دژی دوژمن بجەنگن، پێغەمبەر فەرمووی: بڕۆن تابزانین خودا چیمان پێدەڵێت لەبارەیانەوە، ئیدی خودا ئەو ئایەتەی دابەزاند) [27].

هەمان چیرۆک لای (واقیدی)ش هەیە لە کتێبی «مغازي»دا: پاش شەهیدبوونی (سەعدی کوڕی ربیع) لە جەنگی (ئوحود)، خێزانەکەی سەعد هات بۆلای پێغەمبەر و پێیگوت: ئەی پەیامبەری خودا، سەعد لە جەنگی ئوحود شەهیدکراوە، کەچی براکەی هات و هەموو ماڵەکەی برد، دوو کچیشی بۆ بەجێهێشتووم کە هیچ دارایيەکیان نییە، خۆشت دەزانیت ژن بەپارە دەخوازرێت، پێغەمبەر فەرمووی: لەو بارەیەوە هیچم بۆ دانەبەزیوە، کە گەرامەوە وەرە بۆ لام، کاتێک پێغەمبەر گەرایەوە ماڵ لەبەر دەرگا دانیشت و ئێمەش لەگەڵی دانیشتین، لەو کاتەدا پێغەمبەر سروشی بۆ هات[28]، پاش ئەوەی تەواوبوو بینیمان عەرەق لە ناوچەوانی دەتکا، وتی: ژنەکەی سەعدم بۆ بانگبکەن... پاشان پیاوێکی نارد بەشوێن (بلحارث بن الخزرجدا - واتە براکەی سەعد) ئەو بەخێرایی هات، پێغەمبەر فەرمووی: لە سێ بەش، دوو بەش لە ماڵی براکەت بدە بە برازاکانت. هەشتیەکیش بدە بەخیزانەکەی سەعد، ئەوەی مایەوە بۆ خۆت) [29].

لە هەمان سیاقدا دەتوانرێت حوکمی **وەجاخکوێر** (الكلالة) ببینرێت کە قسەی زۆری لەسەر کراوە لەلایەن زانایانەوە[30]. (موسلیم) گێراویەتییەوە کە پێغەمبەر سەردانی (جابر)ی کرد لەکاتی نەخۆشییەکەیدا، ئەو پرسی (ئەی پێغەمبەری خودا چۆن ماڵەکەم دابەشبکەم)، پێغەمبەر هیچ وەڵامی نەدایەوە تاکو ئایەتی میرات دابەزی: (يَسْتَفْتُونَكَ قُلِ اللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِي الْكَلَالَةِ) (النساء: 176) [31]. بەرامبەر ئەو ناروونییەی لەسەر ئەو ئایەتە دروستبووە کە دەڵێن دوا ئایەتی دابەزێنراوی قورئانە، پێغەمبەر خۆی ئامادەنەبوو هیچ شتێك بڵێت، کاتێک لەبارەی وەجاخکوێرییەوە پرسیاری لێکرا راوەستا و گوتی (ئەمەم بۆ هاتووە لەوە زیاتر ناڵێم تاکو زیاترم لەلایەن خوداوە پێنەووترێت) [32].

لەو ئایەتانەی دیکە کە پێغەمبەر بڕیاردان و حکومدانی بەسەریاندا هەڵپەساردووە و چاوەڕوانی هاتنی سروش بووە، بریتییە لە ئایەتی (229) لە سورەتی (البقرة): (الطلاق مرتان). دەگوترێت پیاوی واهەبوو چەندین جار ژنەکەی تەڵاق دەدا، زیاتر لە سەد جار تەڵاقی دەدا و پێشئەوەی ماوەکەی تەواو بێت دەیگێرایەوە. تاکو پیاوێک بە ژنەکەی

گوت: بەخودا بەشێوەیەک تەڵاقت نادەم بتوانیت قوتاربیت لێم، ناشتکەم بە ژنی تەواوی خۆم، ئەویش گوتی چۆن وادەبێت؟ پیاوەکە گوتی: تەڵاقت دەدەم، هەرکە نزیکی ماوە (عدة) بوویتەوە دەتگێڕمەوە پاشان تەڵاقت دەدەمەوە، پاشان دەتگێڕمەوە، ئەو ژنە هات بۆ لای عائیشە و سکاڵای حاڵی خۆی لەلا کرد، عائیشەش بۆ پێغەمبەری گێرایەوە، ئەویش بێدەنگ بوو هیچی نەووت، تاکو قورئان دابەزی: (الطلاق مرتان) (33).

هەرەوها لە مەسەلەی چۆنیەتیی ئەنجامدانی شەوجێیدا (الجماع) کە ئایا لە پێشەوە بێت یان لەدواوە، پێغەمبەر حوکمەکەی هەڵپەسارد و بەبێ حکومدان هێشتییەوە، وەک هەموو تەفسیرەکان و سەنەدی فەرمودەکان باسیدەکەن، تاکو ئایەتی (223) لە سورەتی (البقرة) دابەزی. لەم بارەیەوە (تەبەری) دەڵێت (عومەری کوڕی خەتاب هات بۆ لای پێغەمبەر و وتی: ئەی پێغەمبەری خودا من تیاچووم، ئەویش فەمووی: بەچی تیاچوویت؟ وتی: ئەمشەو بەپێچەوانەوە سەرکەوتووم. پێغەمبەر هیچ وەڵامی نەدایەوە، تا خودا سروشی بۆ نارد: (نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ) (34).

هەروەها لەبارەی ئایەتی (إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ) (هود: 114)، ڕاڤەکاران دەڵێن (ئەم ئایەتە لەبارەی (ابو اليسر) هاتەخوار، ئەو خورما فرۆش بوو، ژنێک هات بۆلای ئەو حەزی لێکردبوو، بە ژنەکەی وتبوو لە ماڵەوە خورمای جوانترمان لایە، ئیدی بردبووی بۆ ماڵەوە، لەوێ بەخۆیەوە نابوو، ماچیکردبوو، هەمووشتێکی لەگەڵ کردبوو، بەڵام سەرجێی تەواوی لەگەڵ نەکردبوو، پاشان پەشیمان بوو لە کارەکەی، هات بۆلای پێغەمبەر و بەسەرهاتەکەی بۆ گێرایەوە، ئەویش فەرمووی: چاوەڕێی فەرمانی خودا دەکەم. پاش ئەوەی نوێژی عەسری کرد، ئەو ئایەتە دابەزی: ئەو کابرای بانگکرد و پێی وت، نوێژی عەسرت لەگەڵ ئێمە کرد، کابرا وتی: بەڵێ. پێغەمبەر وتی: بەڵێ، بڕۆ ئەوە تاوانەکەتی سڕییەوە. پێیانگوت: ئەوە هەر بۆ ئەو کابرایە بوو، پێغەمبەر فەرمووی: نەخێر بۆ هەموو کەسێکە) (35).

ئایەتی (95) لە سورەتی (النساء) کە دەڵێت: (لا يستوي القاعدون من المؤمنين غير اولي الضرر والمجاهدون باموالهم وانفسهم)، نموونەیەکمان دەداتێ لەبارەی چاوەڕوانکردنی سروشەوە لەلایەن پێغەمبەرەوە تاکو بتوانێت حوکمەکەی دەربکات. (ئیبن سەعد) لە

(**الطبقات**)دا له (زەیدی کوڕی سابت)ـەوە دەگێڕێتەوە: (من لەتەنیشت پێغەمبەر بووم کاتێک سوکنایيەکی بۆ هات، رانی ئەو کەوتە سەر رانی من، لەژیانمدا شتی وا قورسم نەدیبوو، پاشان کە سروش تەواوبوو وتی بنووسە زەید. منیش لەسەر لەپی دەستم نووسیم «لايستوي القعدون من المؤمنين»، فەرمووی بنووسە »غير أولي الضرر») [36].

لە گێرانەوەیەکی دیکەدا کە هەر (زەید) گێراویێتیەوە، کاتێک لە بەردەستی پێغەمبەردا خەریکی نووسینەوەی ئەو ئایەتە بوو: -و (ابن مكتوم)یش لەوێبوو- (لايسوي القاعدون من المؤمنين والمجاهدون)، ئیبن مەکتوم وتی: ئەی پێغەمبەر، خودا ئایەتی لەبارەی فەزڵ و چاکە و گەورەیی جیهادەوە دابەزاندوە، منیش کوێرم، ئایا رووخسەتێك هەیە بۆ من، پێغەمبەر فەرمووی نازانم، زەید دەڵێت: خامەکەم وشک نەبووبۆوە، کە دیسان پێغەمبەر لەهۆش خۆی چوو، رانی کەوتە سەر رانم، رانی من خەریکبوو لە قورسیی سروشەکە دەتەقی، پاش ئەوەی هاتە هۆش خۆی فەرمووی بنووسە (غير اولي الضرر) [37].

ئایەتی (لا اكراه في الدين) (البقرة: 256)، نموونەیەکی ترە لە بێدەنگبوونی پێغەمبەر تاکو سروشی بۆ دێت، (تەبەری) لە (**ابن عباس**)ـەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ئەو ئایەتە (لەسەر پیاوێک دابەزی لە ئەنسار ناوی (**حصين**) بوو، ئەو دوو کوڕی هەبوو مەسیحی بوون، خۆیشی موسوڵمان بوو، بە پێغەمبەری وت: ئایا زۆریان لێنەکەم تاکو موسوڵمان بن چونکە ئەوان سوورن لەسەر گاورێتی خۆیان؟ ئیدی خودا ئەو ئایەتەی نارد). گێرانەوەی تر لەم بارەیەوە کە (تەبەری) دەیهێنێت لەسەر زمانی (ئیبن جوبیر) دەڵێت (ئەو ئایەتە لەسەر ئەنسار دابەزی، کە ژنەکانیان لە سەردەمی جاهیلیدا نەزریان دەکرد ئەگەر منداڵێکی ببێت دەیکات بە جوولەکە تاکو تەمەن درێژ بێت، کاتێکیش ئیسلام هات هەندێک لەو منداڵانە هەر لای جوولەکەکان مابوون، کاتێکیش (بەنی نەزیر) کە جوولەکە بوون، لە مەدینە دوورخرانەوە، باوکانی ئەو منداڵانە وتیان: ئەی پێغەمبەر خودا! کوڕ و براکانمان لەوێن، پێغەمبەر بێدەنگ بوو تا ئەو ئایەتە دابەزی (لا اكراه في الدين قد تبين الرشد من الغي)، ئیدی پێغەمبەر وتی: کەسوکارەکانتان سەرپشکن ئەگەر ئێوەیان هەڵبژارد ئەوە لە ئێوەن، خۆ ئەگەر ئەوانیان هەڵبژارد ئەوە لەوانن. دەڵێت: ئەوانیش هەر لەگەڵ جوولەکەدا مانەوە و لەگەڵ ئەوانیش دوورخرانەوە) [38].

ئایەتی (217) لە سورەتی (البقرة): (یسألونك عن الشهر الحرام قتال فیه، قل قتال فیه کبیر)، واتە (لەبارەی جەنگ لە مانگی حەرامدا لێت دەپرسن، بڵێ جەنگکردن لەو مانگەدا تاوانێکی گەورەیە)، ئەو ئایەتە نموونەیەکی گرنگە لە راگرتنی حوکم یان راپەراندنی حوکمێک لە چاوەڕوانی سروشدا، سەرەرای ئەوەی ئایەتەکە وەڵامی پرسیاری چەند کەسێکی دابۆوە کە چاوەڕوانی وەڵامیان دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا رێگەیداوە بەوەی تاڵانییەکانی جەنگکردن لە مانگی حەرامدا رەوایە، هەرچەند هەندێک تاوانیش دەگرێتە خۆی، ئیبن هیشام دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەر مەفرەزەیەکی نارد، کە پێکهاتبوون لە نۆ کەس کە (عەبدوڵڵا کوڕی جەحش) سەرۆکیان بوو، بۆ ئەوەی چاودێریی جووڵەی قورەیش بکەن، هەرچەندە پێغەمبەر رێنماییکردبوون کە تەنیا چاودێربن و نەجەنگن، لەکاتێکدا ئەوان لە شەوی یەکەمی مانگی حەرامدا بوون -واتە رەجەب- کەچی مەفرەزەکە پەلاماری کاروانێکی قوڕەیشیان دا کە پێکهاتبوون لە چوار کەس، سەرکردەکەیان کوشت و دوانیان لێ بەدیلگرتن و کاروانەکەیان تاڵانکرد و (کاتێك هاتنەوە بۆ مەدینە، پێغەمبەر پێی وتن: من فەرمانی جەنگم پێنەدابوون لە مانگی حەرامدا، ئیدی پێغەمبەر کاروانەکە و هەردوو دیلەکەی گلدایەوە و هیچی لێهەڵنەگرت، کاتێك ئەوان ئەمەیان بیست زۆر ترسان وایانزانی تیاچوون، موسوڵمانەکانیش سەرزەنشتییان کردن، قورەیش وتیان: محەمەد مانگی حەرامی حەڵاڵکردوە، خوێنیان تێدا رشتوە، تاڵانییان تێدا کردووە، دیلیان تێدا گرتووە، کاتێک ئەو قسانە زۆربوون ئەو ئایەتە دابەزی: (يَسْأَلُونَكَ عَنِ الشَّهْرِ الْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ وَصَدٌّ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ وَكُفْرٌ بِهِ وَالْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِ مِنْهُ أَكْبَرُ عِنْدَ اللَّهِ وَالْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ الْقَتْلِ) (البقرة: 217). کاتێ ئەو ئایەتە دابەزی موسوڵمانان هەستیان کرد رزگاریان بووە، ئیدی پێغەمبەریش هەردوو دیلەکە و کاروانەکەی وەرگرت) [39].

بەڵام دیاترین هەڵپەساردنی حوکمێك کە پێغەمبەر کردبێتی لە چاوەڕوانی سروشدا، حوکمی بێتاوان دەرچوونی عائیشەیە، کە لە کتێبەکانی ژیاننامە و راڤەکاندا (السیرة والتفسیر) بە (گوتەی هەڵبەستراو) ناسراوە. لەژێر ناوی (هەواڵی هەڵبەستراو لە غەزای بەنی موستەلەق)دا، لە (سیرەی ئیبن هیشام)دا هاتووە، کە لە ئیبن ئیسحاقەوە گواستویەتییەوە، بە شێوەیەکی درێژ و ورد دەگێڕێتەوە لەو بارەوە کە دوانزە ئایەتیشی

لەسەر دابەزیوە لە سورەتی (النور)دا. پوختەی هەواڵەکە ئەوەیە پێغەمبەر نەریتی وابوو کە دەچوو بۆ غەزایەك یەکێك لە ژنەکانی لەگەڵ خۆیدا دەبرد، بە تیروپشک هەڵیدەبژارد، هەرکەسێکیان پشکەکەی دەرچووبایە ئەوی دەبرد. لە غەزای «بەنی موستەڵەق»دا کە لە ساڵی شەشەمی کۆچیدا بوو، تیروپشکی لەنێوان ژنەکانیدا کرد و عائیشە دەرچوو، کاتێک غەزاکە تەواوبوو گەڕانەوە بەرەو مەدینە، لە نزیک شارەوە لایدا، ئەو شەوە لەوێ رۆژیان کردەوە، کاتێکیش لە بەرەبەیاندا ویستیان کۆچ و بار هەڵبگرن و بگەڕێنەوە، لەو کاتەدا عائیشە چووبوو بۆ چۆڵەوانی بۆ ئەوەی کاری پێویستی خۆی بکات، کاتێک گەرایەوە بۆلای کاروانەکە بینی ملوانکەکەی کەوتوە بۆیە گەرایەوە بۆ چۆلەوانییەکە تاکو ملوانکەکەی بدۆزێتەوە، پاش ئەوەی دۆزییەوە گەرایەوە، بەڵام لەو کاتەدا سوپا باریکردبوو، خەڵکەکەش کەژاوەکەی عائیشەیان بارکردبوو وایانزانیبوو عائیشەی تێدایە و رۆیشتبوون. کاتێک عائیشە گەرایەوە بۆ لای سوپا بینی رۆیشتوون، بۆیە بە عەباکەی خۆی پێچایەوە و لێی راکشا، لەدڵی خۆیدا دەیووت: کاتێ دەزانن دیارنەماوم دەگەڕێنەوە بۆ شوێنەکە و دەمدۆزنەوە، وارێکەوت لەو کاتەدا (سەفوان کوڕی مەعتەل)یش لە سەربازگەکە دواکەوتبوو، کاتێک عائیشەی بینی ناسییەوە، چونکە پێش فەرزکردنی حیجاب بەسەر ژناندا بینیبووی و دەیناسی، ئەو عائیشەی لەسەر ئەسپەکەی خۆی سەرخست و بەپەلە بەدوای سوپادا رۆیشت. کاتێک گەیشتنە سوپا و خەڵک بینیانن ئیدی زمانی هەندێکیان بەرەڵابوو (ئەهلی بوختان هەڵبەستن ئەوەیان وت کە وتیان)، بێئەوەی عائیشە بزانێت چیبووە، کاتێک ئەو قسانە بە پێغەمبەر گەیشتەوە ئیدی خۆشەویستییەکەی بۆ عائیشە سارد و سڕی تێکەوت، تەنانەت لەکاتێکدا نەخۆش کەوت سەردانی نەکرد، کاتێک عائیشە ئەم سارد و سڕییەی پێغەمبەری بینی داوایکرد بچێتەوە بۆ ماڵی باوکی، تاکو – (أم رومان)- چارەسەری نەخۆشییەکەی بکات.

ئەو پاش 20 رۆژ باشبوو، نەخۆشی بەریدا، لەم سەروبەندەدا قسەوقاڵی خەڵک لە مەدینەدا زۆربوو، بەتایبەت (حەمنەی کچی جەحش) کە خوشکی (زەینەبی کچی جەحش) ی خێزانی پێغەمبەر بوو، زینەب و عائیشە لە رکابەریدا بوون لە خۆنزیکخستنەوەیان لە پێغەمبەر، حەمنە قسەی زۆری بڵاوکردەوە، لەوانەی قسەیان دەکرد شاعیرە بەناوبانگەکەی

پێغەمبەر خۆیبوو، واتە (حەسان کوڕی سابت)، بەڵام شتەکە بەوەوە نەوەستا، بەڵکو سەریکێشا بۆ ئاژاوە، تەنانەت ئەوس و خەزرەج کەوتنە تۆمەتبارکردنی یەکتر، تارادەیەك خەریکبوو جەنگ لەنێوانیاندا بەرپابێت، ئیتر لەبەردەمی ئەم دۆخە خراپەدا پێغەمبەر ناچاربوو راوێژ بە هەندێک لە هاوەڵە نزیکەکانی بکات، لەوانە (عومەر کوڕی خەتاب) و (ئوسامە کوڕی زەید) و (عەلی کوڕی ابوطالب)، عەلی ئاماژەی بەوە کرد کە پێغەمبەر عائیشە تەڵاق بدات، ئەو وتی (ئەی پێغەمبەر، ژن زۆرە، تۆش ئەتوانیت وەچە بخەیتەوە)[40]. ئیدی عائیشە لێرەوە خۆی چیرۆکەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە، دەڵێت (پاشان پێغەمبەر هات بۆ لام، لەو کاتەدا دایک و باوکم لام بوون، ژنێکی ئەنساریشم لابوو، من دەگریام و ژنەکەش لەگەڵمدا دەگریا، پێغەمبەر دانیشت و سوپاس و ستایشی خودای کرد، پاشان وتی (عائیشە، تۆش ئەوەت بیستووە کە خەڵک دەیڵێن، ئیدی لە خوا بترسە، ئەگەر شتێکت کردووە لەوەی خەڵک دەیڵێت، ئەوا تۆبە بکە، چونکە خودا تۆبە لە بەندەکانی وەردەگرێت) [41]، عائیشە دەڵێت بەخودا هەر کە وای پێووتم ئیدی فرمێسکم نەما، چاوەڕوانی دایک و بابم بوون وەڵامی بدەنەوە، بەڵام ئەوان بێدەنگ بوون، دەڵێت: بەخودا من خۆم لەوە بە بچووکتر و بێنرختر دەزانی کە خودا قورئانم لەسەر دابەزێنێت، بەڵام بەهیوا بووم کە پێغەمبەر خەونێک ببینێت و خودا ئەو قسەڵۆکانە بەدرۆبخاتەوە، یان هەواڵێك بدات بە پێغەمبەرەکەی، کە دایک و بابم بێدەنگ بوون، وتم ئێوە وەڵام نادەنەوە؟ وتیان ئێمە نازانین وەڵامی چۆنی بدەینەوە. (عائیشە) دەڵێت: باوەڕناکەم هیچ خێزانێک کۆستی وایان بەرکەوتبێت لەو رۆژانەدا، دەڵێت: بەخودا سوێند دەخۆم، پێغەمبەر لە شوێنی خۆی هەڵنەستابوو کە لەهۆش خۆی چوو، بە عەباکەی خۆی دایانپۆشی، شتێکیان خستە ژێر سەری، بەڵام من نەترسام و نەلەرزیم، چونکە دەمزانی پاکم و خودا ستەمم لێناکات، بەڵام دایک و باوکم خەریکبوو گیانیان دەربچێت لەترسی ئەوەی قسەی خەڵك راست دەربچێت. دەڵێت: پاشان پێغەمبەر ئاسایی بۆوە، ئەو لە تەوێڵیەوە عەرەقی وەك مرواری دەڕشت، ئەو عەرەقەکەی دەسڕییەوە و دەیگوت (مژدە... مژدە... عائیشە خودا پاکیزەیی تۆی دابەزاند)، پاشان دەرچووە دەرەوە و ئایەتەکانی بەسەر خەڵکدا خوێندەوە، پاشان فەرمانیکرد (مسطح کوڕی اثاثة) و (حسان کوڕی ثابت) و (حەمنە کچی جحش) - کە عائیشەیان بە کاری خراپ تاوانبار دەکرد- داری حەدیان لێدرا)[42].

بەڵام تەنانەت پاش یەکلاییکردنەوەی (بوختانەکەش [هەواڵە هەڵبەستراوەکە) بە دەخاڵەتی خودا خۆی، کەچی ئەم چیرۆکە هەر تەواو نەبوو. پێغەمبەر بەگوێرەی ئایەتی (بوختان هەڵبەستن بۆ پاکیزەکان) داری حەدی لەو سیانە دا، ئایەتەکە دەفەرموێت: (والذين يرمون المحصنات ثم لم ياتوا باربعة شهداء فاجلدوهم ثمانين جلدة) (النور: 4)، ئەوانەی پاکیزە داوێنپاکەکان تاوانبار دەکەن و چوار شاهید ناهێنن ئەوە هەشتا جەڵدەیان لێبدەن، بەڵام کاتێک ئەو جارە داری حەدیان بەکارهێنا ئیدی حوکمەکەی هەڵپەسێردرا لە چاوەڕوانی دابەزینی ئایەتێکی تردا، چونکە ئەو ئایەتە یەکسەر تورەیی کۆمەڵگەی نێرسالاریی مەدینەی وروژاند[43]، باشە چۆن شاهیدی چوار کەس داوا دەکرێت بۆ زینای ژنێکی شووکردو، لەکاتێکدا زینا هەر بە نهێنی دەکرێت و کەس نایبینێت، ئەی پیاو چی بکات ئەگەر ژنەکەی بینی لەو حاڵەدا؟ ئایا دەبێت بچێت چوار شاهید بێنێت لەجیاتی ئەوەی بیانکوژێت وەک ئەوەی لە کۆمەڵگەی نێرسالاریدا باوە؟ لە مەسەلەی شەرەفدا؟ ئەمە کەسێکی وەک (سەعد کوڕی عوبادە) گەورەی خەزرەج نیگەران دەکات. ئەو پیاوێکی بەغیرەت بوو، دەوترێت ئەو هەمیشە کچی هێناوە هەرگیز بێوەژنی مارە نەکردوە، هەر ژنێکیشی تەڵاق دابێت کەس نەیوێراوە بچێت بەلایدا و مارەی بکاتەوە، (تەبەری) لە (عەکرەمە)وە، لە (ئیبن عەباس)ـەوە دەگێڕێتەوە (کاتێک ئایەتی حەدی «قذف» دابەزی سەعد وتی: ئەی پێغەمبەر ئەو ئایەتە ئاوا دابەزیوە؟ بەخودا خۆ من دەزانم ئەوە لە خوداوەیە و راستە، بەڵام ئەگەر من ژنەکەم لەسەر جێگا بینی لەگەڵ پیاوێکدا، نابێت هەڵیانبسێنم یان بیانجووڵێنم تا دەچم چوار شاهید دێنم؟ جا خۆ تا من چوارکەس دێنم ئەوان کاری خۆیان کردوە. ئەوەندەی نەبرد هیلال کوڕی ئومەییە لە باخەکەی خۆیەوە گەرابۆوە[44]، ژنەکەی بینبوو لەگەڵ پیاوێکدا، ئەو بەچاوی خۆی هەموو شتێکی بینیبوو، بەگوێی خۆی هەموو شتێکی بیستبوو، بەڵام هیچی نەکردبوو تا بەیانی هات بۆ لای پێغەمبەر، لەو کاتەدا پێغەمبەر لەناو هاوەڵەکانیدا دانیشتبوو، وتی: ئەی پێغەمبەری خودا شەو گەراومەتەوە ماڵەوە، پیاوێکم لەگەڵ ژنەکەمدا بینیوە هەموو شتێکم بەچاوی خۆم بینی، هەموو شتێکم بەگوێی خۆم بیست، پێغەمبەر ئەو قسەیەی زۆر پێناخۆشبوو، تەنانەت بێزاری لەسەر رووی دەرکەوت. (هیلال) وتی: ئەی پێغەمبەری

خودا من ناڕەحەتی بە رووی تۆوە دەبینم، بەڵام خوا دەزانێت کە من راستگۆم و راستیم وتوە، هیوادارم خودا دەرچەیەکم بۆ بدۆزێتەوە. دەڵێت: ئەنسار کۆبوونەوە و وتیان لەگەڵ هیلال تووشی چ بەڵایەک بووین، ئێستا دەبێت حەدی لێبدرێت و ئیدی شاهیدیی ناخوات، پێغەمەر ویستی داری حەدی لێبدات، ئەو لەگەڵ هاوەڵەکانیدا دانیشتبوو، خەریکبوو فەرمان بکات بە لێدانی، لەوکاتەدا سروش دابەزی. ئەم ئایەتە دابەزی: (والذين يرمون أزواجهم ولم يكن لهم شهداء الا أنفسهم فشهادة احدهم اربع شهادات بالله انه لمن الصادقين) (النور: 6)، واتە: ئەوانەی ژنەکانایان تاوانبار دەکەن بە داوێنپیسی، دەبێت چوار جار سوێند بخۆن بەخودا کە ئەوان راست دەکەن. ئیدی پێغەمبەر وتی: مژدە بێت هیلال خودا دەرچەیەکی بۆ کردیتەوە) [45].

## د- ئەو ئایەتانەی سەرزەنشتی پێغەمبەر دەکەن لەسەر هەندێک هەڵوێست یان دەسپێشخەرییەک کە کردویەتی، بێئەوەی پشتبەستوو بێت بە سروش:

ناودارترین ئایەت لەو بارەوە کە سەرزەنشتی پێغەمبەر دەکات و کەس رای جیاوازی لەوبارەوە نییە، ئایەتەکانی سەرەتای سورەتی (عبس): (عَبَسَ وَتَوَلَّى، أَنْ جَاءَهُ الْأَعْمَى، وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُ يَزَّكَّى، أَوْ يَذَّكَّرُ فَتَنْفَعَهُ الذِّكْرَى. أَمَّا مَنِ اسْتَغْنَى؛ فَأَنْتَ لَهُ تَصَدَّى، وَمَا عَلَيْكَ أَلَّا يَزَّكَّى، وَأَمَّا مَنْ جَاءَكَ يَسْعَى، وَهُوَ يَخْشَى؛ فَأَنْتَ عَنْهُ تَلَهَّى) (عبس: 1–10). (ئیبن سەعد) لە (عوروە کوڕی زوبەیر)ـەوە دەگێڕێتەوە کە گوتویەتی: (پێغەمبەر لەگەڵ پیاوانی قورەیشدا دانیشتبوو، لەوانە (عوتبە کوڕی روبەیعە) و چەند پیاو ماقوڵێکی تری قورەیش، لەوکاتەدا (ئیبن مەکتوم) هات، پێغەمبەر سەرقاڵبوو لەگەڵ سەرانی قورەیش، (ئیبن مەکتوم) هەندێک پرسیاری لێکرد، بەڵام پێغەمبەر رووی لێوەرگێرا، لەو کاتەدا خودا ئەو ئایەتانەی دابەزاند (عَبَسَ وَتَوَلَّى، أَنْ جَاءَهُ الْأَعْمَى وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُ يَزَّكَّى، أَوْ يَذَّكَّرُ فَتَنْفَعَهُ الذِّكْرَى أَمَّا مَنِ اسْتَغْنَى فَأَنْتَ لَهُ تَصَدَّى)[46].

(تەبەری)ش کۆمەڵێک گێرانەوەی هێناوە کە هەمووی هەر هەمان شتە (پێغەمبەر لەگەڵ چەند کەسێک لە سەرانی قوڕەیش جەنجاڵبوو، ئاواتە خوازبوو ئیمان بێنن، لەوکاتەدا پیاوێکی ئەنساری هات، پیاوەکە کوێر بوو، ئەو پرسیاری لە پێغەمبەر کرد،

بەڵام پێغەمبەر پێیناخۆشبوو، لەبەرئەوە پشتی لە کوێرەکە کرد و روویکردە کابرای قورەیشی، بۆیە خودا سەرزەنشتیکرد)[47].

هەروەها (واحیدی) دەڵێت: (ئیبن مەکتوم هات بۆلای پێغەمبەر، لەوکاتەدا پێغەمبەر لەگەڵ (عوتبە) و (ئەبوجەهل) و (عەباس)ی مامی خۆی و (ابی کوری خلف) و (امیة کوڕی خەلەف) قسەی دەکرد بانگی دەکردن بۆ ئیمان هێنان، ئیبن مەکتوم هات و وتی: ئەی پێغەمبەری خودا شتێکم لە فەرمانی خودا فێربکە، ئەو هەر بانگی پێغەمبەری دەکرد، چونکە نابینابوو نەیدەزانی سەرقاڵە، تا وایلێهات پێغەمبەر ناڕەحەتبوو بەوەی (ئیبن مەکتوم) قسەکانی پێدەبڕی، ئەو لە دڵی خۆیدا دەیووت: ئێستا ئەو سەرەگەورانەی قورەیش دەڵێن شوێنکەوتوانی محەمەد ئەو کوێر و هەژار و کۆیلانەن، بۆیە پێغەمبەر رووی خۆی گرژکرد و رووی لێوەرگێرا، روویکردوە سەرانی قورەیش و قسەی بۆ دەکردن، لەوکاتەدا خودا ئەو ئایەتانەی نارد)[48].

لە هەمان کۆنتێکستدا دیسان خودا سەرزەنشتی پێغەمبەر دەکات، چونکە بڕیارێکی داوە بێ گەڕانەوە بۆ سروش، (لیس علیك هداهم ولكن الله يهدي من يشاء، وما تنفقوا من خير فلأنفسكم و ما تنفقون الا ابتغاء وجه الله) (البقرة: 272). ئەهلی راڤە و تەفسیر هەموو رایان وایە کە ئەو ئایەتە لەسەر ئەوە دابەزیوە کە پێغەمبەر رێگری کردوە لەوەی خێر بدرێت بە بێباوەڕان ئەگەر ئیمان نەهێنن، لەم بارەیەوە (تەبەری) دەڵێت: (ئەی محەمەد رێنمایی بێباوەران کاری تۆ نییە، تاکو خێریان لێ قەدەغە بکەیت، خێریان نەدەیتێ بۆ ئەوەی ناچاریان بکەیت موسوڵمان بن، بەڵکو خودا خۆی هیدایەتی خەڵک دەدات، لەبەرئەوە رێگری مەکە لە خێرپێکردنیان). (تەبەری) ئەم لێکدانەوەیەی خۆی بە ریوایەتێکی (شعبة) پشتئەستوور دەکات: (پێغەمبەر خێری نەدەکرد بە بێباوەران لەبەرئەوە ئەم ئایەتە دابەزی، پاش ئەوە خێری پێدەکردن)[49].

دیسان لە کۆنتێکستی سەرزەنشتکردنی پێغەمبەر لەسەر ئەوەی بێ پرسی خودا رێگەی بە هەندێک کەس داوە: (عفا الله عنك لم أذنت لهم حتى تعلم الذين صدقوا وتعلم الكاذبين) (التوبة: 43): خودا لێتخۆشبێت بۆچی رێگەت پێدان، تاکو راستگۆکان و درۆزنەکان لەیەکتر جیابکەیتەوە. (تەبەری) دەڵێت: ئەوە گلەییە لە خوداوە بۆ پێغەمبەر

کە پۆزشی دواکەوتوەکانی لە غەزای تەبووکدا وەرگرتوە). چیرۆکەکەش ئەوەیە (کۆمەڵێک لە مونافیقەکان، سی ونۆ کەس بوون، هاتن بۆ لای پێغەمبەر ئیزنیان لێ وەرگرت تا دوا بکەون لە غەزای تەبووک لە ساڵی نۆیەمی کۆچی، ئەو رێگەی پێدان لەکاتێکدا دەیزانی ئەوان درۆدەکەن لەو بیانوانەی کە دەیهێننەوە، ئەو ئایەتە لەو بارەوە گلەیی دەکات کە رێگەی دواکەوتنی پێداون، سەبارەت بەوە (تەبەری) دەگێڕێتەوە کە (پێغەمبەر دوو شتی کردووە بێ ئەوەی فەرمانی پێکرابێت: یەکەمیان دیلەکانی بەدر، دووەمیان رێگەدان بە مونافیقەکان، لەبەرئەوە ئەو ئایەتە دابەزیوە)[50].

لە هەندێک شوێنی تردا گلەیی لە پێغەمبەر دەکرێت لەبەرئەوەی خەریکبووە شتێك بکات، بەڵام نەیکردوە، بۆ نموونە لە هۆکاری دابەزینی ئایەتی (126) لە سورەتی (النحل): (وإن عاقبتم فعاقبوا بمثل ما عوقتبتم به)، واتە: ئەگەر سزای کەسێکتاندا هەر بەو جۆرە سزای بدەن کە خۆتان پێی سزادراون... (واحیدی) دەڵێت: کاتێک پێغەمبەر (حەمزەی) مامی خۆی بە کوژراوی بینی لە جەنگی ئوحود، زۆر بەلایەوە قورسبوو، وتی: سوێند بەخودا دەبێت لەبری تۆ حەفتایان لێ بکوژمەوە، ئیدی ئەو ئایەتە دابەزی). هەروەها (ئیبن عباس) لە گێرانەوەیەکدا دەڵێت: (کاتێک بێباوەڕەکان پاشەکشەیان کرد لە جەنگی ئوحوددا، پێغەمبەر چوو بەلای کوژراوەکانەوە، دیمەنێکی بینی زۆر ئازاریدا، بینی حەمزە کوژراوە و ورگیان هەڵدڕیوە و لوت و گوێیان بڕیوە، وتی: دەبێت حەفتایان لێ بکوژمەوە لەجیاتی حەمزە... بەڵام خودا ئەو ئایەتەی دابەزاند... وان عاقبتم...)[51].

لەهەمان کۆنتێکستدا، واتە رێگریکردن لەوەی پێغەمبەر کارێک بکات کە پێی نەوتراوە و سروشی لەسەر دانەبەزیوە، ئەو ئایەتە بەناوبانگەیە کە دەڵێت: (ولا تطرد الذین یدعون ربهم بالغداة والعشي)، درێژەی چیرۆکەکەش ئەوەیە وەک (طبري) دەیگێڕێتەوە، (کە دووان لە سەرانی قورەیش (اقرع کوری حابس) و (عیینة کوڕی حصن) هاتن[52] بۆ لای پێغەمبەر بینییان لەگەڵ (بیلال) و (سوهەیب) و (عەممار) و (خەباب) دانیشتوە، کە هەموویان کەسانی هەژار و بێکەس بوون، کاتێك ئەوانیان لە دەوری پێغەمبەر بینی، بە سووک سەیریانکردن، وتیان: ئێمە دەمانەوێت دانیشتنێکی تایبەتمان هەبێت تاکو عەرەب پێگەمان بزانن، چونکە وەفدەکانی عەرەب دێن و ئێمە شەرم دەکەین لەگەڵ ئەوانەدا

ببانبینن و بڵێین لەگەڵ کۆیلەدا دانیشتوون، هەر کاتێك ئێمە هاتین ئەوان هەڵسێنە، هەرکاتێک ئێمە تەواو بووین ئینجا لەگەڵیان دانیشە، ئەویش وتی: باشە! ئەوان وتیان: لەو بارەوە شتێکمان بۆ بنووسە! دەڵێت: پێغەمبەر داوایکرد کاغەز و قەڵەمی بۆ بێنن، (عەلی)ی بانگکرد بۆ ئەوەی نامەکەیان بۆ بنووسێت، بەڵام هەر لەو کاتەدا جوبرەئیل دابەزی و ئەو ئایەتەی هێنا: (ولا تطرد الذين يدعون ربهم بالغداة والعشي يريدون وجهه ماعليک من حسابهم من شئ وما من حسابك عليهم من شئ فتطردهم فتكون من الظالمين) (الانعام: 52)، واتە: ئەوانە دەرمەکە کە بەیانی و ئێوارە لە خودا دەپاڕێنەوە و تەنیا ڕەزامەندی ئەویان دەوێت، تۆ لەوان بەرپرس نیت ئەوانیش لە تۆ بەرپرس نین، تۆ دەریان بکەیت و دوایی بە ستەمکار دەربچیت)، دەڵێت پێغەمبەر نامەکەی لەدەست کەوتە خوار)[53].

لەبارەی ئەوەی پێغەمبەر لە بڕیارەکانیدا هەڵەیکردوە بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ سروشی ئاسمان، ئایەتی (67) لە سورەتی (الانفال): (ما كان لنبي أن يكون له اسرى حتى يثخن في الارض تريدون عرض الدنيا والله يريد الاخرة)، واتە: هیچ پێغەمبەرێک بۆی نییە دیل گلبداتەوە تاکو کوشتار لە کافران زۆر بکات، ئێوە دونیاتان دەوێت بەڵام خودا دوارۆژی دەوێت. لە جەنگی بەدردا کۆمەڵێک دیلی قورەیش کەوتنە دەست موسوڵمانان، لەنێویاندا هەندێک خزمی پێغەمبەر هەبوون، وەک (عقیل کوری ابو طالب)، (عباس کوری عبد المطلب)، (ابو العاص کوری ربیع)ی مێردی (زەینەب)ی کچی پێغەمبەر، (کاتێک دیلەکانیان هێنا پێغەمبەر وتی: چی لەمانە بکەین؟ ئەبوبەکر وتی: ئەی پێغەمبەری خودا کەسوکاری خۆتن، ژیانیان بپارێزە و نەرمبە لەگەڵیان، بەڵکو خودا لێیان خۆشبێت. عومەر وتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەوان بە درۆیان خستیتەوە لە وڵاتی خۆت دەریانکردیت، بیانهێنە و لەگەردنیان بدە)، بەڵام پێغەمبەر ڕایەکەی ئەبوبەکری بەدڵبوو، قسەکەی عومەری پێخۆش نەبوو، بۆیە سەرانەی لێوەرگرتن (مێردی کچەکەشی بێبەرامبەر ئازادکرد) ئیتر ئەو ئایەتە دابەزی کە سەرزەنشتی پێغەمبەر دەکات لەبەرئەوەی (خۆشی دونیایان بەسەر دوارۆژدا هەڵبژاردوە و سەرانەیان لە دیلەکان وەرگرتوە بێئەوەی فەرمانیان پێکرابێت)[54].

ئەم خزمایەتیەی پێغەمبەر کردی لە مەسەلەی دیلەکانی بەدردا، کە بە هۆیەوە تووشی سەرزەنشت بۆوە، جارێکی تریش دووبارە دەبێتەوە -لەگەڵیشیدا سەرزەنشتی خوداش دووبارە دەبێتەوە- لەسەر مەسەلەی دزییەکەی (ابن ابیریق)، پێغەمبەر خواستی وابوو کە (ابن ابیریق) بە بێتاوان دەربکات، چونکە ئەو لە ئەنسار بوو، بەڵام بەرامبەرەکەی جوولەکە بوو، (واحیدی) چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە کە (پیاوێکی ئەنساری ناوی (طعمة کوڕی ابیرق) بوو. زرێپۆشێکی لە دراوسێیەکی خۆیان دزیبوو کە ناوی (قەتادەی کوڕی نوعمان) بوو، زرێپۆشەکە لە کەنوویەکدا دانرابوو پڕبوو لە ئارد، ئاردەکە بە هێواشی بە ڕێگەکەدا بڵاوبۆوە تا ئەو خانووەی پاشماوەی ئاردەکەی تێدابوو، پاشان لای پیاوێکی جوولەکە شاردبوویەوە کە ناوی (زەیدی کوڕی سەمیر) بوو، ئەوان بۆ زرێپۆشەکە دەگەران لە ماڵی (طعمة)، بەڵام (طعمة) سوێندی خواردبوو کە زرێپۆشەکەی نەدیوە و نازانێت لەکوێیە، بەڵام خاوەن زرێپۆشەکە سوێندیان خوراد کە خۆیان بینیویانە هاتۆتە ماڵەکەیان و زرێپۆشەکەی دزیوە، بە ڕێگەی ئاردەکەشدا تا ماڵەکەی (طعمة) هاتووین و لەناو ماڵەکەشدا پاشماوەی ئاردەکەمان بینیوە، پاش ئەوەی سوێندی خوارد وازیان لێهێنا و دیسان شوێن ئاردەکە کەوتن تا گەیشتنە ماڵی کابرای جوولەکە و لەماڵی ئەودا گرتیان، کابرای جوولەکە سوێندی خوارد کە (طعمة) پێیداوە، چەند کەسێکیش لە جوولەکەکان شایەتییان بۆ دابوو کە (طعمة) هێناویەتی، بەڵام خزمەکانی (طعمة) وتیان بابچین بۆ لای پێغەمبەر لای ئەو قسەبکەین، ئەوان داوایان لە پێغەمبەر کرد کە داکۆکی لە خزمەکەیان بکات، وتیان: ئەگەر داکۆکی لێنەکەیت خزمەکەمان تیادەچێت و ئێمەش ئابرووومان دەچێت و کابرای جولەکەش قووتار دەبێت، پێغەمبەر خەریکبوو بەقسەیان بکات و سزای جولەکەکە بدات، بەڵام ئەو ئایەتە دابەزی: (إِنَّا أَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ فَاعْبُدِ اللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ الدِّينَ)، ئەمە قسەی کۆی تەفسیرەکانە[55]، (تەبەری) لە راڤەی ئایەتەکەدا (ولاتكن للخائنين خصيما) دەڵێت: (مەبەرە داکۆکیکار لە کەسێک کە ناپاکیی کردوە لەگەڵ کەسێکی داڵدەدراودا -جولەکەکە- و بەرگریی لێبکەیت و پشتگیری بکەیت، ئەی محەمەد داوای لێخۆشبوون لە خودا بکە لەپای ئەوەی گوناهێکت کردوە کە پشتیوانیت لە کەسێکی ناپاك کردوە، دەوترێت پێغەمبەر پشتی کابرای ناپاکی نەگرتوە بەڵکو خەریکبوو داکۆکی لێبکات، لەبەرئەوە خودا فەرمانی پێکرد کە داوای

لێخۆشبوون بکات)[56]. هەرچەند ئەم ئایەتە خۆی بۆخۆی شتێکی ناوازەیە لەوەی کە خودا گلەیی لە پێغەمبەر دەکات لەبەرئەوەی ویستویەتی داکۆکی لە موسوڵمانێکی درۆزن بکات دژ بە راستگۆیەکی جوولەکە، بەڵام لە بەرامبەردا ئەو ئایەتانەش زۆرن کە خودا گلەیی لە پێغەمبەر دەکات لەبەرئەوەی دڵنەوایی مونافیقەکان دەکات و دەیەوێت رازییان بکات بەوەی هەندێك سازشیان بۆ بکات لە شتێکدا کەخودا رێگەی پێنەداوە: (یاأیها النبي اتق الله و لاتطع الكافرين والمنافقين) (الاحزاب: 1)، واتە: ئەی پێغەمبەر لە خوا بترسە و بەگوێی کافران و مونافیقان مەکە. هەروەها (وإن تطع أكثر من في الارض يضلوك عن سبيل الله) واتە: ئەگەر بەگوێی زۆرینەی خەڵکی زەوی بکەیت لە رێگەی خودا دوورت دەخەنەوە. (الانعام: 116): (فلاتطع الكافرين. ودوا لو تدهن فيدهنون) (القلم: 8- 9) [57].

ئێمە بینیمان چۆن سەرزەنشتی دەگاتە لوتکە، تا دەگاتە هەڕەشەکردن بەوەی سزای دەکات بە دوو هێندەی خەڵکانی ئاسایی لە دونیا و دواییدا. وەك لە سورەتی (الاسراء 73- 75)دا هاتووە: (وَإِنْ كادُوا لَيَفْتِنُونَكَ عَنِ الَّذِي أَوْحَيْنا إِلَيْكَ لِتَفْتَرِيَ عَلَيْنا غَيْرَهُ وَإِذًا لاتَّخَذُوكَ خَلِيلًا (73) وَلَوْلا أَنْ ثَبَّتْناكَ لَقَدْ كِدْتَ تَرْكَنُ إِلَيْهِمْ شَيْئًا قَلِيلًا (74) إِذًا لَأَذَقْناكَ ضِعْفَ الْحَياةِ وَضِعْفَ الْمَماتِ ثُمَّ لا تَجِدُ لَكَ عَلَيْنا نَصِيرًا (75)، واتە: ئەگەر بیناتوانیایە ئەوە هەڵیاندەگێرایتەوە دژ بەو پەیامەی بۆمان ناردویت ئینجا وەك هاودەمی خۆیان قبوڵیان دەکردیت، خۆ ئەگەر ئێمە سەقامگیرمان نەکردبایتایە ئەوا تۆ هەندێک بەلای ئەواندا مەیلت دەبوو، ئەو کاتە دوو هێندەی خەڵکی تر سزای دونیا و قیامەتمان دەدایت.

هەر لەو سیاقەدا ئایەتی (128) (ال عمران) هاتووە (ليس لك من الامر شئ أو يتوب عليهم أو يعذبهم)، لەو بارەوە دەڵێت: (ئەی محەمەد تۆ کارت بە بەندەکانی منەوە نەبێت، بەڵکو هەموو شتێکیان بەدەست خۆمە، خۆم بەگوێرەی حوکمی خۆم داوەرییان دەکەم)، دەوترێت ئەو ئایەتە لە رۆژی (ئوحود)دا هاتەخوار، (کاتێک سەری پێغەبەریان شکاند و ددانەکانی پێکران، لەو کاتەدا خەریکبوو پێغەمبەر نزایان لێبکات، وتی: گەلێک پێغەمبەرەکەیان کە بانگیان دەکات بۆ لای خودا ئاوا لێبکەن، چۆن سەرفراز دەبن)، ئیدی خودا ئەو ئایەتەی نارده خوار (ليس لك من الامر شئ)[58]. (واحیدی) دەڵێت (پێغەمبەر نەفرەتیکرد لە چەند کەسێك لەبەرئەوە خودا ئەو ئایەتەی ناردە خوار)[59].

هەروەها (رازی) لە کتێبی (مفاتیح الغیب)دا دوو گێڕانەوەی جیاواز دێنێت؛ یەکێکیان لە (ئیبن عەباس)ـەوە، دەڵێت ئەو ئایەتە دابەزیوە: (کاتێك پێغەمبەر خەریکبوو نەفرەت لەو موسوڵمانانە بکات کە لە جەنگی «ئوحود»دا جێگەکانیان چۆڵکردبوو لە فەرمانی دەرچووبوون، هەروەها ئەوانەش هەڵاتبوون لە جەنگدا، بەڵام خودا ڕێگەی پێنەدا) پاشان گێرانەوەیەکی تر دێنێت تەواو پێچەوانەی ئەوەی پێشوو، دەڵێت (پێغەمبەر ویستی داوای لێخۆشبوون بکات بۆ ئەوانەی لە جەنگی ئوحود هەڵاتن و لە فەرمانی ئەو یاخیبوون. ئیدی ئەو ئایەتە دابەزی)[60]، بەڵام (بوخاری) ریوایەتێکی تری هێناوە کە گوایە پیاوێکی قورەیشی هاتە لای پێغەمبەر پێی گوت: تۆ نەهی دەکەیت لە جنێودان، پاشان ڕووی وەرگێرا و پاشەوەی خۆی بۆ دەرخست، پێغەمبەریش نەفرەتی لێکرد، ئیدی ئەو ئایەتە دابەزی)[61].

بەڵام (الطبرسي) (ساڵی مردن: 548ک) شتێکی تر دەگێڕێتەوە، دەڵێت: لە کارەساتی بیری (بئر) مەعونەدا کە بریتیبوون لە حەفتا کەس لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر و هەموویان قورئانخوێن بوون و ئەمیرەکەیان (منذر کوڕی عمرو) بوو پێغەمبەر لە مانگی (صفر) دا ناردنی بۆ بیری مەعونە تاکو خەڵک فێری قورئان بکەن، بەڵام (عامری کوڕی طفیل) هەموویانی کوشت، پێغەمبەر بەم ڕووداوە زۆر خەمبار بوو یەک مانگ قنوتی لە نوێژی بەیانیدا دەخوێند، ئیدی خودا ئەو ئایەتەی ناردەخوار (لیس لك من الامر شيء)[62]، بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئایا نزای کردبێت بۆ هاوەڵەکان یان نەفرەتی کردبێت لە بێباوەران، ئایەتەکە هەر یەک مانا دەگەیەنێت ئەویش ئەوەیە کە پێغەمبەر نابێت لەلایەن خۆیەوە حوکم بدات بەسەر بەندەکانی خودا -لەدنیا بێت یان لە قیامەت-، بەڵام ئەگەر بە فەرمانی خودا حوکمیدا ئەوە ئیدی فەرمانی خودایە نەك پێغەمبەر، دەبینین کە پێغەمبەر ڕێگری لێکراوە شوێنی ئارەزووەکانی خۆی بکەوێت هەر وەک چۆن ڕێگری لێکراوە کە شوێن ئارەزوەکانی خەڵک بکەوێت. (ولئن اتبعت اهوائهم بعدما جاءك من العلم مالیک من الله من ولي ولا واق) (الرعد: 37)، واتە: (ئەگەر شوێن ئارەزوەکانی ئەوان بکەویت پاش ئەوەی زانستت بۆ هات ئیدی لەلایەن خوداوە هیچ پشتگیری و پارێزراوییەکت نابێت).

هەر لەسەر ئەو بنەمایەش دەبێت لەو سێ ئایەتە تێبگەین کە باسی ئەوە دەكات پێغەمبەر داوای لێخۆشبوون دەكات، بۆ مونافیقان و بێباوەڕان وەك لە سورەتی (التوبة) دا هاتووە:

- (استغفر لهم أو لاتستغفر لهم، إن تستغفر لهم سبعين مرة فلن يغفر الله لهم، ذلك بأنهم كفروا بالله ورسوله والله لايهدي القوم الفاسقين) (التوبة: 80).

داوای لێخۆشبووونیان بۆ بكەی یان نا، ئەگەر حەفتا جار داوای لێخۆشبوونیان بۆ بكەیت خودا هەر لێیان خۆشنابێت، چونكە ئەوان كوفریان كردوە بە خودا و پێغەمبەرەكەی، خودا هیدایەتی فاسیقان نادات).

- (ولاتصل على احد منهم مات ابدا ولاتقم على قبره. انهم كفروا بالله ورسوله وماتوا وهم فاسقون) (التوبة: 84).

نوێژی مردوو لەسەریان مەكەو لەسەرگۆڕی مردوەكانیشیان رامەوەستە، ئەوانە كوفریان بەخوداو پێغەمبەرەكەی كردوە وبە فاسقی مردوون.

- (ماكان للنبي والذين آمنوا أن يستغفروا للمشركين ولو كانوا اولي قربى من بعد ماتبين لهم أنهم أصحاب الجحيم) (التوبة: 113).

پێغەمبەرو ئیمانداران بۆیان نییە داوای لێخۆشبوون بۆ بێباوەران بكەن پاش ئەوەی بۆیان دەركەوت كەئەوانە لە ئەهلی دۆزەخن.

ئەم سێ ئایەتە هەرسێكیان وەک سەرزەنشت بۆ پێغەمبەر دابەزیون پاش ئەوەی بە دڵی خۆی حەزیدەكرد نزا بۆ مونافیق و بێباوەڕەكان بكات تاكو خودا لێیان خۆشبێت، چونكە ئەوان ناسیاو یان خزم بوون. بەگوێرەی (ئیبن هشام) بێت -كە لە ئیبن ئیسحاقەوە ریوایەتی دەكات- ئایەتی یەكەم لەبەرئەوە دابەزیوە كە پێغەمبەر نوێژیكردوە لە سەر (عەبدوڵلا كوڕی سەلول)، كە بەپێی كتێبەكانی ژیاننامە (سیرة) سەرۆكی مونافیقەكانی مەدینە بووە، (ئیبن عەباس دەگێڕێتەوە: لە (عومەری كوڕی خەتاب)م بیست كاتێک (عەبدوڵلا كوڕی سەلول) مرد پێغەمبەریان بانگكرد بۆ ئەوەی نوێژی لەسەر بكات، ئەویش هەستا بچێت نوێژی لەسەر بكات، كاتێک راوەستا من چوومە بەردەمی وتم: نوێژ لەسەر كەسێک دەكەیت كە لە فڵانە رۆژدا وای وت و لە فڵانە رۆژی تردا وای

وت؟ ئیتر هەموو ڕۆژەکانم بۆ ژمارد، بەڵام پێغەمبەر بە زەردەخەنەیەك وەڵامی دامەوە، کە درێژەم پێدا ئەو گوتی: (عومەر) لێم دوور بکەوە، من سەرپشککراوم و پشکی خۆم هەڵبژاردوە. پێم وتراوە گەر (حەفتاجار) داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکەیت خودا هەر لێیان خۆشنابێت. ئەگەر بزانم بە حەفتا جار زیاتر خودا لێی خۆشدەبێت ئەوە منیش نزاکانم زیاتر دەکەم، وتی: پاشان پێغەمبەر نوێژی لەسەر کردو لەگەڵ تەرمەکەیدا بەرەو گۆڕستان ڕۆیشت، لەوێش ناشتی. عومەر دەڵێت: خۆم سەیرم لە ڕکێشییەکەی خۆم دەهات بەرامبەر پێغەمبەر، بەڵام باوەڕبکە هێندی نەبرد ئەو دوو ئایەتە دابەزین (ولاتصل عەلی احد منهم مات...)، ئیدی پێغەمبەر دوای ئەو ئایەتانە نوێژی لەسەر مونافیقەکان نەدەکرد)[63].

بەڵام هەندێك گێرانەوەی تر بە دووری نا زانن کە ئەو ئایەتانە لەسەر دایکی پێغەمبەر خۆی دابەزیبێت، (طبري) دەڵێت (کاتێک پێغەمبەر هات بۆ مەککە لەسەر گۆڕی دایکی ڕاوەستا تاکو خۆر گەرمبوو، هیوای دەخواست خودا ڕێگەی بدات بۆ ئەوەی نزا بۆ دایکی بکات، بەڵام ئەو ئایەتە دابەزی (ما کان للنبي والذين امنوا ان يستغفروا للمشركين...)[64]. گێرانەوەیەکی تریش ئەم گێرانەوەیە بەهێزتر دەکات. (عەبدوڵڵا کوڕی وهب) دەیگێڕێتەوە کە مەبەست لە خەڵکی دۆزەخ دایك و باوکی پێغەمبەرە، چونکە بە بێباوەڕی مردوون. لە گێرانەوەی (محەمەد کوڕی كعب القرظي)دا هاتووە کە پێغەمبەر وتویەتی: خۆزگە دەمزانی دایک و باوکم چییان لێ بەسەرهاتوە لەو دونیا، ئیتر خودا ئەو ئایەتەی دابەزاند (انا ارسلناك بالحق بشيرا ونذيرا ولا تسأل عن أصحاب الجحيم) (البقرة: 119)، وتی: (پاش ئەوە ئیدی پێغەمبەر باسی نەکردنەوە)[65].

گێرانەوەی سێیەمیش دەڵێت (ئایەتی داوای لێخۆشبوون لەسەر (ابو طالب)ی مامی پێغەمبەر دابەزیوە، کە پێغەمبەر زۆری خۆشدەویست، (بوخاری) دەگێڕێتەوە: کاتێک (ابو طالب) گەیشتە سەرەمەرگ پێغەمبەر هات بۆ لای، لەو کاتەدا (ابوجهل) لای دانیشتبوو، پێغەمبەر وتی: مامە بڵێ **لااله الا الله** بۆ ئەوەی لای خودا نزات بۆ بکەم، بەڵام (ابوجهل) پێی وت: (ابوطالب) ئایا تۆ واز لە ئایینی باو و باپیرانت دێنیت؟ ئیتر (ابوجهل) و (أمية) بەردەوام قسەیان بۆ (ابوطالب) دەکرد تا لەسەرەمەرگدا وتی:

من لەسەر ئایینی (عبدالمطلب)م، بەڵام پێغەمبەر وتی: من هەر داوای لێخۆشبوونت بۆ دەکەم گەر ڕێم لێنەگیرێت، تا ئەو ئایەتە دابەزی: (ما كان للنبي والذين امنوا أن يستغفروا للمشركين) [66].

(واحیدی) گێرانەوەیەکی تر دێنێت لەوە درێژترە، (کاتێک (ابوطالب) گەیشتە سەرەمەرگ قورەیش پێیان وت بنێرە بەشوێن برازاکەتدا بەڵکو لەو بەهەشتەی باسیدەکات شتێکت بۆ بنێرێت و شیفات بدات، کەسێک چوو بەشێون پێغەمبەردا، گەرا تا دۆزییەوە، بینی لەگەڵ (ئەبوبەکر) دانیشتوە وتی: (ابوطالب) دەڵێت من پیر و پەککەوتەم بەڵکو لەو بەهەشتەی باسیدەکەیت شتێکم بۆ بنێریت لە خواردن و خواردنەوە بۆ ئەوەی شیفام بۆبێت، بەڵام (ئەبوبەکر) وتی: بەهەشت لە کافران حەرامکراوە، بەڵام کە قورەیش داواکانیان دووبارەکردەوە پێغەمبەر دڵی نەرمبوو هات بۆلای (ابوطالب). بینی پڕە لە خەڵک، وتی: لێمگەڕێن لەگەڵ مامما، وتیان: نەخێر لێناگەڕێین، تۆ لە ئێمە لەپێشتر نیت، ئەگەر تۆ خزمایەتیت هەیە ئەوە ئێمەش هەمانە، پێغەمبەر وتی: مامە خودا پاداشتت بداتەوە لەبری من، یارمەتیم بدە بۆخۆت بەڵکو بتوانم شەفاعەتت بۆبکەم لە قیامەتدا. وتی: ئەو وشەیە چیە؟ وتی: بڵێ «لااله الا الله وحده لاشريك له». (ابوطالب) وتی: ئەزانم تۆ دڵسۆزی منیت، بەخوا گەر قەومەکەت نەیانووتبایە لە مردن دەترسێت ئەوە دڵم خۆشدەکردیت، پێغەمبەر وتی: من هەر داوای لێخۆشبوونت بۆ دەکەم تا خوا وەڵامم دەداتەوە. پاش مەرگی (ابوطالب) پێغەمبەر هەر نزای بۆ دەکرد، ئینجا موسوڵمانان وتیان: ئەی چی ڕێگرە لەوەی ئێمەش نزای باش بۆ باو و باپیرانمان بکەین؟ ئەوەتا ئیبراهیم نزای بۆ باوکی کردوە[67]، ئەوەش محەمەد نزا بۆ مامی دەکات، ئیتر دەستیانکرد بە نزاکردن بۆ باو و باپیرە بێباوەڕەکانیان تاکو خودا ئەو ئایەتەی دەبەزاند (ماكان للنبي والذين امنوا...)[68]، جا ئەوەی ئەم لێکدانەوەیە پشتئەستوور دەکات، ئایەتێکی ترە لە سورەتی (القصص: 56)، (انك لاتهدي من أحببت و لكن الله يهدي من يشاء)، وەک دەڵێن ڕاڤەکاران هاوران لەسەر ئەوەی کە ئەو ئایەتە لەسەر (ابو طالب) دابەزیوە، (طبري)ش پانزە گێرانەوەی هێناوە هەمووی جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕێگری لە پێغەمبەر دەکات نزا بۆ مامی بکات)[69].

به بۆنەی ئەو ئایەتەی دواییەوە، تێبینی ئەوە دەکەین کە زۆربەی ئایەتە قورئانییەکان هەمان ئاراستەیان وەرگرتوە واتە **ناکارایی پەیامبەریی** قووڵتر دەکاتەوە لە پرسی هیدایەت و گومراییدا، یان رزگاربوون و کەوتنەئاگر. ئەو ئایەتانە ئەم مافە تەنیا لە **ئەرکێکی خوداوەندیی**دا کورتدەکەنەوە، هەتاوەکو **ئەرکی پێغەمبەرایەتیس** تەنها لە گەیاندنی فەرمانەکانی خودادا کورتبکەنەوە. ئەم پاسیڤبوونەی ئەرکی پێغەمبەرایەتی لەو چەند ئایەتەی دواییدا زیاتر روونتر دەبێتەوە، نەك تەنیا لە مانای ئایەتەکەدا بەڵکو لە بونیادی زمانەوانیشیدا لەنێوان: کرداری داخوازیی بڵێ (قل)، شوێنبکەوە (اتبع)، («لا» الناهیة)، یاخود «ما» و «لیس»ی نەفیکەر:

- (قل لا أقول لكم عندي خزائن الله ولا اقل لكم اني ملك) (الانعام: 50).

بڵێ من گەنجینەکانی خودام لانییە و فریشتەش نیم.

- (قل لا املك لنفسي نفعا ولاضرا الا ماشاء الله) (الاعراف: 188).

بڵی من هیچ زیان و سودێکم بۆ خۆم بەدەست نییە.

- (قل ماكنت بدعا من الرسل وما أدري مايفعل بي ولا بكم ان اتبع الا مايوحى الي وما انا الا نذير مبين) (الاحقاف: 9).

بڵێ لەناو پێغەمبەراندا من شتێکی ناوازە نیم، ناشزانم چیم بەسەر دێت نە خۆم نەئێوە بەڵکو، من تەنیا شوێن سروشی خودا دەکەوم، من تەنیا ئاگادارکەرەوەیەکم).

- (قل ان الله يضل من يشاء ويهدي اليه من أناب) (الرعد: 27).

بڵێ خودا هەر کەسێکی بوێت گومرای دەکات، هەرکەسێکیش بیەوێت هیدایەتی دەدات.

- (قل ان انما أنا بشر مثلكم يوحى الي) (فصلت: 6).

- (اتبع مااوحي اليک من ربك لااله الا هو واعرض عن المشركين) (الانعام: 106).

واتبع مايوحى اليك من ربك لااله الا هو وأعرض عن المشركين (يونس: 109).

شوێن ئەوە بکەوە کە خودا بۆی ڕەوانەکردویت.

-(وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَٰئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولًا) (الاسراء: 36).

شتێك وەرمەگرە کە زانیاریت لەبارەوە نیە چونژە دەڵی بیستن بینین هەموویان لێی بەرپرس دەبن.

-(لَيْسَ عَلَيْكَ هُدَاهُمْ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ) (البقرة: 272).

ڕێنمایی ئەوان لەسەر تۆ نیە بەڵکوو ئەوە خودایە هیدایەتی هەر کەسێك دەدات کە بیەوێت.

-(ليس لك من الأمر شئ أو يتوب عليهم أو يعذبهم) (ال عمران: 182).

تۆهیچ شتێکت بەدەست نیە خودا یان لێیان خۆش دەبێت یان ئەشکەنجەیان دەدات.

-(وما أنت بهادي العمى عن ضلالتهم. إن تسمع إلا من يؤمن بآياتنا فهم مسلمون) (النمل: 81)[70].

تۆ ناتوانیت ڕینماییە کوێرەکان بکەیت کاتێک گومڕان.

لەراستیدا هەر کەسێک لە بونیادی گوتاری قورئانی بکۆڵێتەوە لەهەموو ئایەتەکاندا دەبینێت کە پێغەمبەر لەوێدا تەنیا **قسەبۆکراوێکە** (مخاطَب)، ئەو ئایەتانە -کە ژمارەیان سەدان دانەیە- لە لایەنی زمانەوانیەوە بونیادێکی فەرماندان و نەهیکردنیان هەیە، پێغەمبەریش بەردەوام یان فەرمانپێکراوە یان نەهیلێکراوە. بۆ نموونە:

- (فاعرض عنهم وعظهم وقل لهم في انفسهم قولا بليغا) (النساء: 63).

وازیان لێبێنە و ئامۆژگارییان بکە، قسەیەکیان بۆ بکە کە کاریان تێبکات.

- (فاصدع بما تؤمر واعرض عن المشركين) (الحجر: 94).

هەڵسە بەو ئەرکەی فەرمانت پێکراوە و پشت لە بێباوەڕان بکە.

- (خذ العفو وامر بالعرف وأعرض عن الجاهلين) ( (الاعراف: 99).

- (وَاصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَاهْجُرْهُمْ هَجْرًا جَمِيلًا) (المزمل: 10).

ئارامبگرە لەسەر قسەکانیان و بەجوانی جێیان بهێڵە.

- (فاعف عنهم واستغفر لهم وشاورهم في الامر) (ال عمران: 159).

لێیان خۆشبە، داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکەو راوێژیان پێبکە.

بەڵکو هەندێک لە سورەتە قورئانییەکان، بۆ نموونە سورەتێکی وەك (المدثر) هەر لە بنەرەتەوە بەشێوەی کرداری داخوازی دارێژراوە (ياأيها المدثر، قم فأنذر، و ربك فكبر، و ثيابك فطهر، والرجز فاهجر ولاتمنن تستكثر، ولربك فاصبر) (المدثر: 1- 7).

لەکاتێکدا گوتاری قورئانی سوورە لەسەر ئەوەی هەردەم یادی پێغەمبەر بخاتەوە

کە ئەو تەنیا فەرمانپێکراوێکە، (فاستقم کما أمرت ولاتتبع أهوائهم) (الشورى: 15). لە هەمان کاتدا پێغەمبەر خۆیشی هەمیشە ئاماژە بەوە دەکات کەو ئەو نەک هەر تەنیا فەرمانپێکراوێکە، بەڵکو فەرمانیشی پێکراوە کەبڵێت من تەنیا فەرمانپێکراوم.

- (قل اني امرت أن أکون أول من أسلم) (الانعام: 14).

بڵێ من فەرمانم پێکراوە کە یەکەم کەس بم تەسلیم دەبم -یان موسوڵمان دەبم.

- (قل انما أمرت ان اعبد الله ولا اشرك به) (الرعد: 36).

بڵێ فەرمانم پێکراوە کە خودا بپەرستم و هاوەڵی بۆ دانەنێم.

- (وقل امنت بما انزل الله من الکتاب وأمرت لأعدل بینکم) (الشورى: 15).

بڵێ باوەڕم بەوە هەیە کە دابەزیوە لە پەیام و فەرمانیشم پێکراوە کە دادپەروەربم لە نێوانتاندا.

ئەو ئایەتانەش کە بەشێوەی نەهیکردن داڕێژراوە دەیەها ئایەتن، بۆ نموونە:

- (فلا تمار فیهم الا مراء ظاهرا ولاتستفت منم احدا، ولاتقولن لشئ اني فاعل ذالك غدا) (الکهف: 22- 23).

- (ولاتحزن علیهم ولاتك في ضیق مما یمکرون) (النمل: 70) [71].

- (فلاتطع المکذبین.. ولاتطع کل حلاف مهین) (القلم: 8 و10).

- (ولاتصل عەلی احد منهم مات ابدا و لا تقم عەلی قبره) (التوبة: 84) [72].

لە هەندێك ئایەتی تردا هەردوو شێوازی فەرمانپێکردن و نەهیلێکردن تێکەڵدەبێت بەشێوەیەک کە تەئکید دەکاتەوە لەسەر ئەوەی پێغەمبەر تەنیا فەرمانپێکراوە، لە کارکرندا بێت یان وازهێنان بێت لە کردەوەیەک، وەک:

- (فاقم وجهك للدین حنیفا ولاتکونن من المشرکین) (یونس: 105).

- (واصبر نفسك مع الذین یدعون ربهم بالغداة والعشي ولاتعد عیناك عنهم ترید زینة الحیاة الدنیا ولاتطع من اغفلنا قلبه عن ذکرنا) (الکهف: 28).

(فاصبر کما صبر اولوا العزم من الرسل و لا تستعجل لهم) (الاحقاف: 35).

هەر لەو تێڕوانینەوە دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین یەکەم ئایەتی قورئان کە دابەزیوە بە فەرمانی داخوازی دەستپێدەکات: (اقرأ) هەروەها دوا ئایەتیش هەر بە فەرمانی داخوازی کۆتایی پێدێنێت: (قل) [73].

**هـ - ئەو ئایەتانەی دەچنە ناو ژیانی تایبەتی پێغەمبەرەوە و حەڵاڵ و حەرامی بۆ دیاریدەکەن، تەنانەت لە پەیوەندییە خێزانیەکانی و ئارەزووە دەروونی و سێکسیەکانیشدا:**

لەم بەشەدا بەڵگەی سەرەکیمان لە بەدواداچوونی مەدلولی ئەو ئایەتانە و بارودۆخی دابەزینی ئایەتەکان، (ئیبن سەعد) دەبێت -لەگەڵ (طبري)- چونکە (ئیبن سەعد) بەشێکی گەورەی لە بەشی هەشتەمی کتێبی (طبقات) تەرخانکردوە بۆ بابەتی (ژنەکانی پێغەمبەر).

یەکەم ئایەتیش ئایەتی ژمارە (37)ـە لە سورەتی (الاحزاب)، کە یەکێکە لە سورەتە درێژەکانی قورئان، ئەو ئایەتە رێگەیدا بە پێغەمبەر کە (زەینەبی کچی جەحش) مارەبکات کە خێزانی کوڕە هەڵگیراوەکەی پێغەمبەر بوو (زەیدی کوڕی حارثة):

(وإذ تقول للذي انعم الله عەليه وانعمت عەليه أمسك عليك زوجك واتق الله وتخفي في نفسك ماالله مبديه وتخشى الناس والله أحق أن تخشاه، فلما قضى زيد منها وطرا زوجناكها لكي لايكون عەلى المؤمنين حرج في ازواج ادعيائهم اذا قضوا منهن وطرا و كان امر الله مفعولا)، واتە: (کاتێک دەتووت بەو کەسەی خودا نیعمەتی پێدابوو تۆش نیعمەتت پێدابوو، ژنەکەت لەدەست مەدەو لەخوا بترسە، بەڵام تۆ ئەوی ناو دڵت دەشاردەوەو لە خەڵک دەترسایت، بەڵام خودا شایەنترە کە لێی بترسیت، کاتێکیش زەید، دەستبەرداری ژنەکەی بوو، ئێمە لەتۆمان مارەکرد، بۆ ئەوەی باوەڕداران ئیحراج نەبن لەوەی ژنی کوڕە هەڵگیراوەکانیان مارەبکەنەوە هەرکاتێك ئەوان دەستیان لێ‌هەڵگرتن).

لەراستیدا بەتەواوی لەم ئایەتە تێناگەین گەر ئایەتەکی پێشووتری نەخوێنینەوە: (وماكان لمؤمن و لا مؤمنة اذا قضى الله ورسوله أمرا أن يكون لهم الخيرة من أمرهم) (الاحزاب: 36). وەك (طبري) دەڵێت ئەم ئایەتە بە بۆنەی زەینەبەوە دابەزیوە کاتێك پێغەمبەر خوازبێنی کرد بۆ (زەیدی کوڕی حارث)ـە، کە کوڕی هەڵگیراوەی پێغەمبەر بوو، بەڵام زەینەب رازینەبوو: (زەینەب کچێکی جوان بوو پورزای پێغەمبەر بوو لە باوکەوە، لە کۆچەرەکانی سەرەتابوو، کاتێك هات بۆ مەدینە، پێغەمبەر خوازبێنی کرد، زەینەب وایزانی بۆ پێغەمبەر خۆیەتی بۆیە رازیبوو، بەڵام کاتێک زانیی داوایدەکات بۆ (زەیدی کوڕی حارثة) رەتیکردەوە شووی پێبکات، چونکە زەید کۆیلەی خەدیجە بوو لە رابردودا، لەبەرئەوە خودا

ئەو ئایەتەی دابەزاند (و ماکان لمؤمن ولا مؤمنة...)، ئیدی پاش ئەوە بەناچاری رازیبوو بە زەید، (طبري) دەڵێت: ڕۆژێک پێغەمبەر چوو بۆ ماڵی زەید بەشوێنیدا دەگەرا لە ماڵی زەید، لەوکاتەدا بایەك پەردەی ماڵەکەی بەرزکردەوە و زەینەب لە ژوورەکەی خۆی بە سەری رووت دەرکەوت، لێرەدا جوانیەکەی کاری لە پێغەمبەر کرد) [74].

(ئیبن سەعد) لەم بەسەرهاتەوە زیاتر درێژەی پێدەدات (پێغەمبەر هات بۆ ماڵی زەید، بەڵام لەماڵ نەبوو، لەبەرئەوە زەینەب بەدەمیەوە هات، بەڵام بەرگێکی تەنکی لەبەردابوو، پێغەمبەر رووی لێوەرگێرا، زینەب وتی: قوربان زەید لەماڵ نییە دەفەموو وەرە ژوورەوە، بەڵام پێغەمبەر نەچووە ژوورەوە، بەڵکو گەرایەوە زەینەب فریانەکەوت خۆی بگۆڕێت، کاتێک بیستی پێغەمبەر لە بەردەرگایە بۆیە بەپەلە هات بەدەمیەوە، بەڵام ئەوە دڵی پێغەمبەری راکێشا، لەبەرئەوە پشتی تێکرد و بەدەم قسەوە گەرایەوە، تەنیا ئەوەی تێگەیشتن کە دەیگوت: «سبحان الله، گەورەیی بۆ ئەو زاتەی دڵان دەگۆڕێت»، کاتێك زەید گەرایەوە ماڵەوە زەینەب بەسەرهاتەکەی بۆ گێرایەوە، زەید وتی: بۆ پێت نەوت بێتە ماڵەوە، زەینەب وتی: پێمگوت بەڵام نەهات، زەید وتی: ئەی هیچی نەووت؟ زەینەب وتی: زۆر تێنەگەیشتم بەڵام بەرگوێم کەوت دەیوت: سبحان مقلب القلوب! زەید هات بۆ لای پێغەمبەر وتی: ئەی پێغەمبەری خودا بیستوومە هاتوویتە ماڵەکەم، ئەی بۆ نەچوویتە ژوورەوە؟ دایک و باوکم بەقوربانت بێت. لەوە دەچێت زەینەب چووبێتە دڵتەوە، گەر دەفەرموویت لێی جیا دەبمەوە. بەڵام پێغەمبەر فەرمووی: ژنەکەت بگرە خۆت. بەڵام ئیتر زەید دوای ئەو رۆژە نەیدەتوانی نزیک زەینەب بکەوێت، دەهات بۆ لای پێغەمبەر و حاڵی خۆی بۆ دەگێرایەوە بەڵام پێغەمبەر هەر دەیووت ژنەکەت بگرە خۆت، بەڵام زەید لێی جیابۆوە و کاتێک ماوەی (عدة) تەواو بوو، وتی: لەکاتێکدا ئێمە لای پێغەمبەر دانیشتبووین و ئەو لەگەڵ عائیشە قسەی دەکرد، لەو کاتەدا پێغەمبەر هەندێك لەهۆش خۆی چوو، پاش ئەوەی هاتەوە هۆش خۆی زەردەخەنەی کرد، دەیگوت: کێ دەچێت بۆ لای زەینەب و مژدەی دەداتێ کە خودا لێی مارە کردووم؟ ئیدی پێغەمبەر ئەو ئایەتەی خوێندەوە (واذ تقول للذي انعم الله عەلیە وانعمت عەلیە...). ئینجا پێغەمبەر زەواجی لەگەڵداکرد و ئەو نانپێدانەی بۆ زەینەبی

کرد بۆ هیچ خێزانێکی تری نەکردووە، پاش ئەوە زەینەب بەشانازییەوە دەیگوت: ئێوە کەسوکارتان داونی بەشوو، بەڵام من خودا داومی بەشوو!) [75].

وا دیارە چیرۆکەکە لێرەدا کۆتایی نەهاتوە، چونکە واحیدی دەگێڕێتەوە: (کاتێك پێغەمبەر زەینەبی مارەکرد، جوولەکە و مونافیقەکان وتیان: محەمەد ژنی کوڕەکەی خۆی هێناوە، لەکاتێکدا ناهێڵێت خەڵکیتر شتی وا بکەن، ئینجا خودا ئەو ئایەتەی ناردە خوار (وماجعل ادعیائکم ابناءکم) کوڕە هەڵگیراوەکانتان کوڕی ئێوە نین [76].

ئەگەر ئایەتی (37) لە سورەتی (الاحزاب) ڕێگەی بە پێغەمبەر دا کە هاوسەرگیری لەگەڵ زەینەب بکات، ئەوە ئایەتی (50) لە هەمان سورەت ڕێی لێدەگرێت هاوسەرگیریی تر بکات لەگەڵ (أم هانئ کچی ابو طالب)، کە وەك کتێبەکانی سیرە باسیدەکەن خۆشەویستیی یەکەمی پێغەمبەر بووە. دەووترێت لە جاهیلیەتدا داوای (أم هانئ) دەکات لە مامی، بەڵام (ابوطالب) دەیدات بە (هبیرة کوڕی ابو وهب). «بەڵام کاتێک (أم هانئ) موسوڵمان بوو لە (هبیرة) جیابۆوە، چونکە ئەو موسوڵمان نەبوو، لێرەدا پێغەمبەر داوای دەکات بۆ خۆی، بەڵام (أم هانئ) دەڵێت: (سوێند بەخودا من لە جاهیلیەتدا خۆشم دەویستیت ئیتر چۆن لە ئیسلامدا خۆشم ناوێیت، بەڵام من ژنێکی خاوەن منداڵی زۆرم». لە ریوایەتێکی تردا هاتوە «ئەی پێغەمبەری خودا تۆ لە چاو و گوێی خۆم لام خۆشەویستتریت، مافی مێردیش گرانە، ئەترسم گەر شووم پێکردیت و ڕوومکردە تۆ مافی منداڵەکانم بفەوتێنم، ئەگەر ڕوومکردە منداڵەکانیشم مافی تۆ بفەوتێنم». کاتێکیش منداڵەکانی گەورەبوون ئینجا (أم هانئ) خۆی پێشکەشی پێغەمبەر کرد، بەڵام ئەو وتی: ئیتر ناتوانم چونکە خودا ئایەتی دابەزاندوە: (یاأیها النبي انا احللنا لك ازواجك التي آتیت أجورهن وما ملکت یمینك)... تا دەگاتە: (اللاتي هاجرن معك)، بەڵام (أم هانئ) لە «مهاجرەکان» نەبوو» [77].

هەر لە سیاقی ئەو ئایەتەدا ڕوویەکی تر لە دەخالەتی سروش دەبینین لە ژیانی پێغەمبەردا: (وامرأة مؤمنة ان وهبت نفسها للنبي ان اراد النبي أن یستنکحها خالصة لك من دون المؤمنین)، واتە: ژنێکی باوەڕدار کاتێک خۆی پێشکەشی پێغەمبەر دەکات، ئەگەر پێغەمبەر ویستی مارەی بکات، بەپوختی بۆ تۆ بێت لەبری باوەڕداران. لێرەدا (ئیبن سەعد)

لە (**طبقات)**دا و (بوخاری) و (موسلیم) لە (**سەحیحەکانیان)**دا دەڵێن ئەم بەشە لەم ئایەتە باسی (أم شريك الدوسي) دەکات، ئەو لەو ژنانە بوو کە لەگەڵ پێغەمبەردا کۆچیان کردبوو، هەروەها جوانیش بوو، بەڵام تەمەنی هەبوو، کاتێك هات بۆ مەدینە خۆی پێشکەشی پێغەمبەر کرد، ئەو بە پێغەمبەری وت: (من خۆمت پێشکەشدەکەم، پێغەمبەریش پەسەندی کرد، بەڵام عائیشە وتی: ژنێك خۆی پێشکەش بکات هیچ خێرێکی تێدانییە، (ام شريك) وتی: من ئەو ژنەم، بەڵام خودا ناوی نابوو: باوەڕدار - (وامرأة مؤمنة)- کاتێك ئەو ئایەتە دابەزی عائیشە بە پێغەمبەری وت: خودا وەڵامی ئارەزوەکانت دەداتەوە) [78].

بەڵام بەهێزترین ئایەت لەم بارەوە کە دەیسەلمێنێت پێغەمبەر ئازاد نییە، بەڵکو لەژێر فەرمانی سروشدایە -یان بە سروش خۆی دادەپۆشێت وەک عائیشە پێی دەڵێت- لە ژیانی تایبەتی و گشتیدا، ئایەتی یەکەم سورەتی (التحريم) دەبێت: (يا أيها النبي لم تحرم ما أحل الله لك تبتغي مرضاة ازواجك)، ئەو ئایەتە باسی ئەوە ناکات کە پێغەمبەر حەرامێکی بۆ خۆی حەڵاڵ کردبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو حەڵاڵێکی لەسەر خۆی حەرامکردوە، خۆی لە ئارەزوویەکی خۆی مەحرومکردوە لەکاتێکدا خودا ڕێگەی پێداوە.

چیرۆکەکەش وەك (ئیبن سعد) لە (طبقات)دا دەیگێڕێتەوە: (حفصة کچی عومەری کوڕی خطاب) کە سێیەم خێزانی پێغەمبەرە هیچ جوانییەکی نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا توڕە بوو، ڕۆژێك لە ماڵەکەی خۆی دەردەچێت، پێغەمبەر لەو کاتەدا دەنێرێت بەشوێن کەنیزەکەیدا، ئەویش دێت و لە ماڵی (حفصة) پێکەوە دەبن، کاتێك (حفصة) دەگەڕێتەوە پێغەمبەر و کەنیزەکەکە لە ماڵەکەی خۆیدا پێکەوە دەبینێت، (حفصة) دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خودا لەماڵی خۆم و لە سەر جێگەی من و لەڕۆژی خۆمدا لە گەڵ کەنیزەکێک دەخەویت؟ پێغەمبەر دەڵێت: مەیکە بەهەرا بەڵێنی خودات دەدەمێ جارێکی تر نزیکی ناکەومەوە، بەڵام باسی مەکە، بەڵام (حفصة) چوو بۆ لای (عائیشە) و بەسەرهاتەکەی بۆ گێرایەوە. بۆیە خودا ئەو ئایەتەی دابەزاند: (يا أيها لنبي لم تحرم ما أحل الله لك).

هەر (ئیبن سەعد) لە جێگەیەکی دیکەدا لەسەر زاری (عروة کوڕی زبیر)ـەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (حفصة) چوو بۆ لای باوکی قسەی بۆ دەکرد، لەو کاتەدا پێغەمبەر ناردی بەشوێن (ماریای قیبتی)دا لە ماڵەکەی (حفصة)دا سەرجێی لەگەڵکرد، کاتێک

(حفصة) گەڕایەوە بۆ ماڵ هەردووكیانی پێكەوە بینی، ئیدی تووشی غیرەیەكی زۆر بوو، پێغەمبەر كەنیزەكەكەی دەركرد ئینجا (حفصة) هاتە ژوورەوە وتی: بینیم كێت لابوو، بەخودا ئازارتدام. پێغەمبەر وتی: بەخودا منیش دڵت رازیدەكەم، ئێستا نهێنیەكت پێدەڵێم بەڵام بیشارەوە، وتی: ئەو نهێنییە چیە؟ وتی: تۆ ئەكەم بە شاهید ئیدی كەنیزەكەكەم لە من حەرام بێت، لەوكاتەدا (حفصة) و (عائیشە) لەگەڵ خێزانەكانی تری پێغەمبەردا پشتی یەكیانگرتبوو دژ بە پێغەمبەر، (حفصة) چوو بۆ لای عائیشە و بەسەرهاتەكەی بۆ گێڕایەوە، وتی: مژدە بێت خودا كەنیزەكەكەی لە پێغەمبەر حەرامكردووە، ئیدی كاتێک نهێنیەكەی پێغەمبەری دركاند ئەو ئایەتە دابەزی «یاأیها النبي لم تحرم ماأحل الله لك...»)[79].

(طبري) بەهەمان شێوە گێرانەوەیەكی تر دێنێت هەندێك جیاوازە لەم گێرانەوەیە، لەوێدا دەڵێت: (پێغەمبەر كەنیزەكێكی هەبوو رۆژێك چووە لای و سەرجێیی لەگەڵكرد، وارێكەوت ئەو رۆژە سەرەی عائیشە بوو، (حفصة) ئەمەی بینی، بەڵام پێغەمبەر پێی وت: ئەم نهێنییە مەدركێنە لای عائیشە، بەڵام (حەفصە) دركاندی، بۆیە (عائیشە) تووڕە بوو، ئیدی زۆری لە پێغەمبەر كرد تا ئەویش سوێندی خوارد كە ئیتر نزیک ئەو كەنیزەكە نەكەوێتەوە جارێكی تر، ئیدی خودا ئەو ئایەتەی دابەزاند و فەرمانی پێكرد كە لەجیاتی سوێندەكەی كەفارەت بدات و بچێتە لای كەنیزەكەكەی) [80].

راستیی چیرۆكەكە هەر چۆنێک بێت، پاڵەوانەكان هەر كەسێك بن، گرنگ ئەوەیە دەقە قورئانییەكە خۆی راستی رووداوەكەی تۆماركردوە، بە بەڵگەی ئایەتەكانی سەرەتای سورەتی (التحریم): (یاأیها النبي لم تحرم ما احل الله لك تبتغي مرضاة ازواجك والله غفور رحیم، قد فرض الله لكم تحلة ایمانكم والله مولاكم وهو العەلیم الحكیم، واذ اسر النبي الی بعض ازواجه حدیثا فلما نبأت به وأظهره الله عەلیه عرف بعضه وأعرض عن بعض، فلما نبأها به قالت من أنبأك هذا، قال نبأني العەلیم الخبیر، ان تتوبا الی الله فقد صغت قلوبكما، وان تظاهرا عەلیه فان الله هو مولاه وجوبرەئیل وصالح المؤمنین والملائكة بعد ذلك ظهیر) [81]. واتە: ئەی پێغەمبەر بۆچی شتێک لەسەر خۆت حەرام دەكەیت كە خوا حەڵاڵیكردوە بۆت، بۆئەوە ژنەكانت رازیبكەیت، خودا بەخشندە و لێخۆشبووە، خودا كەفارەتی سوێندەكانتانی بۆ دیاریكردوون، هەر خوداش سەرپەرشتیارتانە، هەر ئەویش

داناو زانایە، کاتێک پێغەمبەر هەندێک قسەی بە نهێنی بە هاوسەرەکەی وت، بەڵام کاتێک ئەو هاوسەرەی نهێنیەکەی درکاند، خودا پێغەمبەرەکەی لێ ئاگادارکردوە، ئەو هەندێکی ناسیەوە و هەندێکی تر نکۆڵی لێکرد، کاتێکیش پێغەمبەر بە هاوسەرەکەی وتەوە، ئەو وتی: کێ ئەوە قسەیەی بۆ گێرایتەوە، پێغەمبەر وتی: خودا هەواڵی پێدام، ئەگەر تەوبە دەکەن ئەوا دڵتان ژەنگی گرتوە، خۆئەگەر هەر لە دژی پێغەمبەر گەلەکۆمە دەکەن ئەوە خودا جوبرەئیل و پیاوچاکان و فریشتەکان پشتگیری لە پێغەمبەر دەکەن.

هەر لە تێڕوانینی مشتومڕی ناوەندیی قورئانەوە کە هەموو توێژینەوەکەمانی لەسەر دەڕوات، واتە مشتومڕی **کارایی خودایی و بەرکاریی پەیامبەریی** (الفاعلیة الالهیة والمفعولیة الرسولیة)، تێبینی دەکەین کە پێغەمبەر بۆ یەکەمجار و دواجار وادەردەکەوێت کە ئاگای لە رازی دڵەکانە و غەیب دەزانێت، لەکاتێکدا ئێمە بەهۆی دەیان ئایەتی ترەوە لەوە تێگەیشتووین کە غەیبزانی کاری خوداییە، چونکە تەنیا خودا غەیب دەزانێت و ئاگای لەناخی دڵەکانە[82]. ئایا ئایەتی سێیەمی ئەو سورەتە مانای وایە کە پێغەمبەر قۆرخکرنی غەیبزانیی لەلای خودا شکاندوە؟ بێگومان نەخێر، چونکە پێغەمبەر خۆی غەیبەکەی نەزانیوە و نهێنیەکەی کەشف نەکردوە، بەڵکو خودا ئاگاداری کردۆتەوە لە بەزمی خێزانەکانی[83].

تێبینی دەکەین ئەوەی زانایان لەسەری وەستاون چیرۆکەکە خۆی نییە، تەنانەت دروست و نادروستی مێژویی چیرۆکەکەش نییە، تەنانەت دەلالەتی تیۆلۆژییش نییە، بەڵکو ئەوان راوەستاون لەسەر مەدلوولی یاسایی ئایەتەکە، وەک شەعبی تێبینی دەکات کاتێک کۆمێنت دەنووسێت لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەر سوێندی خواردووە کە کەنیزەکەی لەخۆی حەرام بکات، (ئەمە شتێك نیە: چونکە ئەوەی خودا حەرامی نەکردبێت کەس ناتوانێت حەرامی بکات)[84]، لێرەوە دەبینین (حەرام لێرەدا حەڵاڵە) وەك چۆن (الشعبي) لە مەسروقەوە دەیگێڕێتەوە. بەڵکو (زەیدی کوڕی ئەسلەم) لەوە دوورتر دەڕوات کە دەڵێت کاتێ پێغەمبەر بە کەیزەکەی دەڵێت: تۆ لە من حەرام بیت، ئەوە بەتاڵە)[85]. (مالیکی کوڕی ئەنەس)یش هەمان شت دەڵێت، ئەو تێبینی دەکات کە پێغەمبەر کاتێک (ماریە) لەخۆی حەرام دەکات و دەڵێت (ماریە لەمن حەرام بێت بەخودا لێی نزیك ناکەومەوە) خودا رێگەی پێدا خۆی لە سوێندەکەی دەرباز بکات کە دەفەرموێت (قد

فرض لكم تحلة ايمانكم)، (مالیک کوڕی ئەنەس) دەڵێت: (حەرام لە کەنیزەکدا حەڵاڵە، ئەگەر پیاوێک بە کەنیزەکەکەی وت: تۆ لەم حەرامیت، ئەوە هیچ نییە، بەڵام گەر وتی: سوێند بەخودا لێت نزیك ناکەومەوە، ئەوە دەبێت کەفارەت بدات) دەوترێت: پێغەمبەر کەنیزەکێکی ئازاد کردوە لە کەفارەتی سوێندەکەیدا) [86].

چیرۆکەکە لێرەدا کۆتایی نایەت، بەڵکو ڕووداوەکە باکگراوندی تری هەیە کە بریتییە لە هەڵگەڕانەوەیەکی ڕاستەقینەی خێزانەکانی پێغەمبەر، ئەوان خۆیان لە پێغەمبەر دابڕیبوو، یاخود پێغەمبەر خۆی لەوان دابڕیبوو لەسەر جێییدا، بۆ ماوەی بیست و نۆ ڕۆژ، وادیارە عائیشە سەرکردەی ئەو هەڵگەڕانەوەیە بووە، چونکە (طبري) باسی ئەوە دەکات کە عمری کوڕی خطاب پاش ئەوەی گلەیی لە (حفصة)ی کچی دەکات دێت بۆ لای عائیشە و پێی دەڵێت (ئەوە تەفرەی داویت کە جوانیت و مێردەکەت خۆشی دەوێیت؟ واز دێنیت یان قورئانت لەسەر دابەزێت؟ (أم سلمة) دەڵێت: ئەی عومەر هیچ نەماوە ئەوە نەبێت خۆت لەنێوان پێغەمبەر و خێزانەکانی هەڵقورتێنیت) [87]. ئیدی لە شەوی سێیەمدا قورئان دابەزی: (یاأیها النبي قل لأزواجك ان کنتن تردن الحیاة الدنیا وزینتها فتعالین امتعکن واسرحکن سراحا جمیلا، وان کنتن تردن الله ورسوله والدار الاخرة فان الله اعد للمحسنات منکن اجرا عظیما) (الاحزاب: 28- 29). بەپێی هەندێك گێڕانەوە کە (طبري) دەیهێنێت ئایەتەکانی سەرپشککردن بەهۆی غیرەکردنی عائیشەوە دابەزیوە، بەپێی گێڕانەوەی (قەتادە): (ئەوان هەموویان غیرەیان لە پێغەمبەر دەکرد بۆیە بۆ ماوەی یەك مانگ هەموویانی تەرککرد). (کاتێکیش ئایەتی سەرپشککردن «تخییر» دابەزی، سەرپشکیکردن لەنێوان ئەوەی بمێننەوە لەگەڵ پێغەمبەردا گەر ئەوان خودا و پێغەمبەریان دەوێت، یان تەڵاقیان بدات و بەجوانی ئیزنیان بدات، بەڵام ئەوان خودا پێغەمبەریان هەڵبژارد تەنیا ژنێکی بیاباننشین نەبێت، ئەو ڕۆیشت)[88].

جا بۆ ئەوەی وەک ئەوەی لە ڕابردوودا ڕوویدا لە ئایندەدا گەلەکۆمەکێ لە پێغەمبەر نەکەن -واتە ژنەکانی پێغەمبەر-، لەبەرئەوە دوای ئایەتی سەرپشککردنەکە ئایەتێکی تر دابەزی (ترجي من تشاء منهن وتئووي الیك من تشاء، و من ابتغیت ممن عزلت فلاجناح علیک، ذلك ادنی أن تقر اعینهن ولایحزنن ویرضین بما اتیتهن کلهن) (الاحزاب: 51)، واتە

(کێ دووردەخەیتەوە یان کێیان نزیک دەخەیتەوە، ئەوەی کە ئارەزووت لێیە یان ئەوەی کە ناچیت بەلایدا، گوناحت ناگات، ئەوە باشترە بۆ ئەوە هەموویان چاویان پڕبێت و خەمبار نەبن و رازیبن بەوەی دەیاندەیتێ). لێرەدا (طبري) بۆ تەفسیری ئایەتەکە چەند گێرانەوەیەک دێنێت، کە بەگشتی وەک یەک وان، لەوانە گێرانەوەکەی (قەتادە)یە کە دەڵێت (خودا ئازادیکردوە لەوەی کێیان واز لێدێنێت و دەچێت بەلای کامیاندا بێ دابەشکردنی شەوەکان، چونکە تا ئەو کاتە پێغەمبەر شەوەکانی دابەشدەکرد بەسەر خێزانەکانیدا). گێرانەوەکەی (ضحاک) شتێکی تر زیاد دەکات: (چۆنی بوێت وادەکات لە دابەشکردنی شەوەکاندا لەنێوان ژنەکانیدا). گێرانەوەی (حەسەنی بەسری) دیاریدەکات کە (پێغەمبەر شەوەکانی بەش بکات یان نەکات، هەندێکتان خەرجی زیاتری بداتێ یان نەداتێ، یەکسانی بەرپاکرد یان نا، ئەوە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئارەزووی پێغەمبەر خۆی، ئێوە هیچتان بەدەست نییە لەمەدا)، (طبري) دەگاتە ئەوەی کە (ئەوەی کە بۆم داناویت ئەی محەمەد، بەوەی رێگەم پێداویت کە هەر کامێکیان دووردەخەیتەوە لە ژنەکانت یاخود کامیان نزیک دەخەیتەوە، هەروەها قورسی ئەوەم لەسەر هەڵگرتوویت کە بتەوێت بچیتە لای کامیان یاخود کامیان کەنارگیر بکەیت، ئەوە باشترە بۆ خێزانەکانت تاکو دڵنیاتربن و خەمبار نەبن و رازیبن بەوەی پێیان دەدەیت، لەوەی لە دابەشکردنی میرات و خەرجیدا هەندێکیان زیاتریان بەربکەوێت، یان هەندێکیان زیاتر بایەخ پێبدەیت لە هەندێکی تریان گەر بزانن ئەوە بەرەزامەندی خودایە و من رێم پێداویت نەك لەلایەن خۆتەوە بێت) [89].

لە بەرامبەر ئەو ئیمتیازەی کە خودا دەیدا بە پێغەمبەر بەوەی بتوانێت جیاوازی بکات لەنێوان ژنەکانیدا، کامیانی بوێت بچێتە لای و کامیانی نەوێت نەچێتە لای، واتە بە مەیلی خۆی بکات[90]، لە بەرامبەر ئەوەدا مەرجێکی تری بەسەردا دەسەپێنێت لە بەرژەوەندی خێزانەکانی، ئەویش ئەوەیە کە ئیدی ناتوانێت ژنی تر بهێنێت»، بێجگە لە کەنیزەکەکانی «ناشتوانێت ژن بگۆڕێت، ئەوەش بەگوێرەی ئایەتی (52) لە سورەتی (احزاب): (لا يحل لك النساء من بعد ولا أن تبدل بهن من ازواج ولو أعجبك حسنهن الا ما ملكت يمينك)، واتە ئیتر هیچ ژنێکی تر بۆت حەڵاڵ نییە و بۆشت نییە بیانگۆڕیت هەرچەند جوانییەکەشیان سەرنجت رابکێشێت، مەگەر کەنیزەکەکانت نەبێت.

لەوەی کە روویدا دەتوانین مانایەك هەڵێنجین، ئەو یاخیبوونەی (عائیشە) سەرکردایەتی دەکرد بەدرێژایی مانگێك تەنیا کاتێک تەواوبوو کە سروش دەستیوەردایە پرسەکەوە، لە راستیدا هەستی عومەر راست بوو کاتێك عائیشەی ئاگادار کردەوە لەوەی کە ئەگەر واز نەهێنێت ئەوە خودا دێتە ناو مەسەلەکەوە، کاتێکیش سروش هات ئیدی عائیشە و هەموو ژنەکانی تر هیچیان بۆ نەمایەوە جگە لە تەسلیمبوون[91]، لەم بارەیەوە چەندین گێرانەوە هەیە: (کاتێک ئایەتی سەرپشککردن دابەزی، پێغەمبەر عائیشەی بانگکرد پێی وت، من شتێکت پێدەڵێم بەڵام وەڵامم مەدەرەوە تاکو بە دایك و باوکت و (أم رومان) نەڵێیت، عائیشە وتی: ئەی پێغەمبەر ئەو شتە چییە؟ وتی: خودا دەفەرموێت (یا أیها النبي قل لازواجك ان کنتن تردن الحیاة الدنیا و زینتها فتعالین امتعکن واسرحکن سراحا جمیلا)، عائیشە وتی: من خودا و پێغەمبەرم دەوێت، لەوەدا پرس بە دایك و باوکم ناکەم. پێغەمبەر پێکەنی و پاشان بەژووری خێزانەکانیدا گەرا و وتی: عائیشە وادەڵێت. ئەوانیش هەموو وتیان ئێمەش هەر ئەوە دەڵێین کە عائیشە گوتویەتی... بەو شێوەیە هەموویان خودا و پێغەمبەریان هەڵبژارد)[92].

لەبەر رۆشنایی هەموو ئەمانەی باسمانکردن ئایەتی (118) سورەتی (الکهف) باشتر روونده‌بێتەوە: (قل انما انا بشر مثلکم یوحی الي)، کەواتە پێغەمبەر هەر مرۆڤێکی ئاساییە و ئەوەی جیایدەکاتەوە لە خەڵک تەنیا ئەو پەیوەندییەیە کە پێی دەگوترێت سروش (وحي)، وەك چۆن پێش ئەوەی سروشی بۆبێت مرۆڤ بوو، بەهەمان شێوە پاش ئەوەش کە سروشی بۆ هات هەر وەک مرۆڤ دەمێنێتەوە. جا لەبەرئەوەی ئەو مرۆڤە و چونکە سروشی بۆ نەهاتووە لەبارەی گەلەکۆمەکێی خێزانەکانیەوە، **کەواتە ئەو دابڕانە یەك مانگ درێژە دەکێشێت، بەڵام هەر کە سروشی بۆ دێت ئیدی مەسەلەکە بە چاوتروکانێك چارەسەر دەکرێت، مادەم لە لایەنی مرۆییەوە بوو؛ کەواتە بژاردەکان لەبەردەم خۆی و خێزانەکانیشیدا کراوە بوو، وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی، بەڵام لەگەڵ دابەزینی سروشدا ئیدی پرسەکە یەکلایی دەکرێتەوە دەرگای سەرپشکبوون دادەخرێت، کەواتە فەرمان هەر بۆ سروشە لێرەدا، فەرمان بەسەرداکراویش بۆ پێغەمبەرە هەر وەك هەموو باوەڕدارانی تر.**

عائیشە دەیتوانی پێش هاتنی سروش پرس بە دایک و باوکی بکات، بەڵام پاش ئەوەی سروش هات ئیدی تەنیا سروش خاوەنی فەرمانە. لە ماوەی بیست و نۆ رۆژدا پێغەمبەر وەك مرۆڤ دەجوولایەوە لەگەڵ خێزانەکانی، ئەوانیش وەك مرۆڤ سەیری ئەویان دەکرد، خۆیان لێدابراندبوو، ئەویش خۆی لەوان دابراندبوو، بێ ئەوەی بەزۆر بیانهێنێتە ژێربار، بەڵام بە دابەزینی سروش ئیتر مەسەلەکە کۆتایی پێهات و، هیچ لایەك بژاردەیەکی بۆ نەمایەوە.

ئەم جیاکردنەوەیە لە کەسایەتی پێغەمبەردا، لەنێوان ئەوەی کە تەنیا مرۆڤە و ئەوەی کە مرۆڤێکە سروشی بۆ دێت، یان ئەو مرۆڤەی فەرمانی بەدەست خۆیەتی و ئەو مرۆڤەی فەرمانی بەدەست پەروەردگاریەتی، ئەو مرۆڤەی بەناوی خۆیەوە دەدوێت لەگەڵ ئەو مرۆڤەی بەناوی خوداوە دەدوێت، یان وەك کتێبەکانی ژیاننامە (سیرة) دەڵێن: ئەو مرۆڤەی لەلایەن خۆیەوە قسە دەکات و ئەو مرۆڤەی لەلایەن خوداوە قسەدەکات، ئەم جیاکردنەوەیە، کە بنەمای بنەماکانە لە تیۆلۆژیای سروشدایە لە ئیسلامدا، دەتوانرێت لەناو ئەو بەسەرهاتەی نێوان پێغەمبەر و خێزانەکانی بخوێنرێتەوە، نەک تەنیا لەو رووداوەشدا، بەڵکو لە زۆر رووداوی تردا کە لەکتێبی ژیاننامەدا هاتوە.

بۆ نموونە رووداوی دواکەوتوەکانی غەزای «تەبوك» کە (ئیبن هیشام) لە (ئیبن ئیسحاق)ـەوە دەگێڕێتەوە لەسەر زاری (کعب کوڕی مالیک)، ئەم چیرۆکە درێژترین بەسەرهاتە لەو بەسەرهاتانەی کتێبەکانی ژیاننامە گێرابێتیانەوە، کە دەتوانین ناوی بنێین هونەری چیرۆکی ئیسلامی.

بە گوێرەی ئەم فەرمودەیە (کەعبی کوڕی مالیک) و دووانی تر لە ئەنسار؛ (مورارة کوری رەبیع) و (هیلال کوڕی امیة)، لە غەزای تەبوک دواکەوتن. ئەو غەزایەی پێغەمبەر خۆی سەرکردایەتی دەکرد، لە مانگی رەجەبی ساڵی نۆیەمی کۆچیدا. هەریەکەشیان وایدەزانی ئەم کارەی دەشارێتەوە گەر سروشی لەسەر دانەبەزێت، بەڵام نهێنیەکەیان ئاشکرابوو، پێغەمبەریش فەرمووی: کەس لەگەڵ ئەو سیانەدا قسە نەکات[93]. ئیدی خەڵك خۆیان لێ لادەدان و تەواو مامەڵەیان لەگەڵیاندا گۆڕا. وەك مالیک دەگێڕێتەوە (تەنانەت لەناو خۆشمدا نامۆبووم، تەنانەت زەویش ئەو زەوییە نەبوو کە دەمناسی)، بەو

شێوەیە پەنجا شەو مانەوە، هەرچەند هەوڵیاندا داوای لێبوردن لە پێغەمبەر بکەن، بەڵام (خواو پێغەمبەر داواکەیان قبوڵنەکردن)، بەڵام پاش ئەوەی چل شەو لە پەنجا شەوەکە تێپەڕببوو، نوێنەرێکی پێغەمبەر دێت بۆ لای کەعب و دەڵێت: (پێغەمبەر فەرمانت پێدەکات کە لە ژنەکەشت دووربکەویتەوە. دەڵێت: وتم تەڵاقی بدەم یان چی؟ وتی: نا بەس لێی دووربکەوە و نزیکی مەکەوە). کەعب بە ژنەکەی وت: «بڕۆ بۆ ماڵی باوکت، لەوێ بمێنەرەوە تاکو خودا لەم کارەدا فەرمانێک دەکات). بەهەمان شێوە پێغەمبەر هەردوو هاودەردەکەی تری کەعبی قەدەغەکرد لەوەی بچن بەلای ژنەکانیاندا. بەڵام لە سپێدەی پەنجاهەمین رۆژدا، نوێنەرێکی پەیامبەر هات و مژدەی قبووڵکردنی تەوبەکەی پێدان، ئیتر کەعب یەکسەر چوو بۆ مزگەوت (بینی پێغەمبەر لەناو هاوەڵاندا دانیشتوە؛ کەعب دەڵێت کە سەلامم کرد پێغەمبەر بە روویەکی پڕ خۆشییەوە پێی گوتم: مژدەبێت بە باشترین رۆژی ژیانت لەوەتی لەدایکبوویت، دەڵێت: وتم ئەی پێغەمبەری خودا لەلای خۆتەوەیە یان لای خوداوە؟ وتی: بەڵکو لای خوداوە). ئیدی ئایەتەکانی خوێندەوە: (لقد تاب الله عەلى النبي والمهاجرين والانصار الذين اتبعوه في ساعة العسرة من بعد ماكاد يزيغ قلوب فريق منهم ثم تاب عليهم، انه بهم رؤف رحيم. وعەلى الثلاثة الذين خلفوا حتى اذا ضاقت عليهم الارض بما رحبت وضاقت عەليه انفسهم وظنوا الا ملجأ من الله الا اليه، ثم تاب عليهم ليتوبوا ان الله هو التواب الرحيم) (التوبة: 117- 118)[(94)].

هەر لە سیاقی دواکەوتووەکانی غەزای تەبوکدا، ئەوانەی کە کتێبەکانی ژیاننامە ژمارەیان -بێجگە لەو سێ کەسە- بە سەروو هەشتا کەس دەخەمڵێنن، ئایەتی (101) لە سورەتی (التوبة) ئاماژە بۆ کۆمەڵێکیان دەکات کە دان بە تاوانەکانیاندا دەنێن و خوداش لێیان خۆشبووە، لەوانە (ابو لوبابە کوڕی عبد المنذر العمري) کە ناپاکییەکی کرد لە چیرۆکی (بني قريظة)دا.

کتێبەکانی ژیاننامە و راڤە (تفسیر) لە (ئیبن عباس)ـەوە دەگێڕنەوە کە حەوت کەس لەو دواکەوتوانە پەشیمانبوون لەوەی کردوویانە و لە دڵی خۆیاندا وتوویانە (ئێمە خۆمان پەنادەدەین و بەدڵنیاییەوە لەگەڵ ژنەکانماندا دەخەوین، و پێغەمبەر و موسوڵمانانیش چوون بۆ جەنگ، بەخودا دەبێت خۆمان ببەستینەوە بەو پایانەوە، تاکو پێغەمبەر خۆی

دەمانکاتەوە و لێمان خۆش دەبێت). کاتێك پێغەمبەر لە غەزا گەڕایەوە و بەلایاندا تێپەڕی لە مزگەوتدا خۆیان بەستۆتەوە وتی: «ئەمانە کێن؟ وتیان: (ابولوبابە) و چەند هاوڕێیەکی ئەون دواکەوتبوون لە جەنگ، سوێندیان خواردوە کەس ئازادیان ناکات تاکو خودا رزگاریان نەکات، پێغەمبەریش وتی: منیش نایانکەمەوە تا خودا ئازادیان نەکات»[95]. کاتێکیش ئەو قسەیەیان پێگەیشت خۆشیان وتیان: ئێمەش خۆمان ناکەینەوە تا خودا ئازادمان نەکات! پاشان خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند: (وَآخَرُونَ اعْتَرَفُوا بِذُنُوبِهِمْ خَلَطُوا عَمَلًا صَالِحًا وَآخَرَ سَيِّئًا عَسَى اللَّهُ أَنْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ). (التوبة: 102)[96].

کۆتایی چیرۆکەکە نموونەیەکی ترمان دەداتێ لەو مشتومڕە، دیسان لە (ئیبن عەباس) ـەوە کاتێك پێغەمبەر (ابولوبابە)ی ئازادکرد، رایسپارد ئاگایان لێبێت، (ئەوان رۆیشتن هەرچی پارە و ماڵیان هەیە هێنایان بۆ لای پێغەمبەر و وتیان: لە ماڵەکەمان چیت دەوێت هەڵیبگرە و بیکە بە خێر، پێغەمبەر فەرمووی: هیچی لێ هەڵناگرم تا خودا فەرمانم پێنەکات، ئیتر خودا ئەو ئایەتەی دابەزاند (خذ من أموالهم صدقة تطهرهم وتزكيهم بها وصل عليهم) (التوبة: 103). کاتێک ئەو ئایەتە دابەزی پێغەمبەر هەندێك لە ماڵەکەی وەرگرتن و لەبری ئەوان کردی بە خێر) [97].

لە غەزای بەدریشدا، وەك ئیبن هیشام دەگێڕێتەوە -لە ئیبن ئیسحاقەوە- پێغەمبەر لە نزیکترین ئاوی بەدر لایدا، یەکێک لە گەورەکانی بەنی سەلەمە هات کە پێی دەوترا (حباب کوڕی منذر)، وتی (ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا ئەم جێگەیە کە لێی دابەزیویت فەرمانی خودایە و ناتوانین زیاتر پێشبکەوین یان دوابکەوین لێی، یان ئەوە فێڵ و جەنگە؟ پێغەمبەر وتی: بەڵکو فێڵ و جەنگ و رایە. ئەو وتی: کەواتە ئەم جێگەیە باش نییە بەڵکو خەڵکەکە هەڵبستێنە تا دەچینە نزیك ئاوەکان لەوێ دادەبەزین و ئاوەکانی تر پڕ دەکەینەوە و حەوزێك دروستدەکەین و پڕی دەکەین لە ئاو، ئینجا شەڕیان لەگەڵ دەکەین، ئەوکاتە ئێمە ئاومان دەبێت بخۆینەوە و ئەوان ئاوی خواردنەوەیان نابێت، پێغەمبەر وتی: قسەیەکی جوانە. ئیدی پێغەمبەر خەڵکەکەی هەستان و رۆیشتن تا چوونە سەر بیرەکان، پاشان فەرمانیکرد بیرەکانی تریان پڕکردەوە. ئینجا ستێڵکێکی لەسەر بیرێك دروستکرد کە لەسەری دابەزیبوون و پڕیانکرد لە ئاو، کاتێك قورەیش هاتن ویستیان لەسەر ستێڵکەکە ئاو بخۆنەوە،

پێغەمبەر وتی: لێیانگەڕێن، ئەو رۆژە هەرچی لەو ستێڵکە ئاوی خواردەوە کوژرا) [98].

(واقیدی) هەمان گێرانەوەی ئیبن ئیسحاق پشتراست دەکاتەوە، بەڵام بە درێژتر. ئەوەش دەلالەتی خۆی هەیە لەو روانگەیەوە کە ئێمە ژیاننامەی پێدەخوێنینەوە. **واتە جیاکردنەوەی کەسێتی پێغەمبەر لەنێوان پێغەمبەرێك کە سروشی بۆ دێت و بە فەرمانی خودا کاردەکات، لەگەڵ پێغەمبەر وەك مرۆڤ کە را و بۆچوونەکانی هی خۆیەتی.** بە گوێرەی مێژوونووسەکان پێغەمبەر کاتێك ریزەکانی رێکخست پێش جەنگی بەدر «روویکردە خۆرئاوا و خۆری خستە پشت ریزەکانەوە، کاتێك قورەیش هاتن روویانکردە خۆر، پێغەمبەر لە «عەدوەی شامیە» دابەزی و قورەیش لە «عەدوەی یەمانی» لەشکریان دادا. لەو کاتەدا یەکێك لە هاوەڵان هات و وتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەگەر ئەم جێگەی سووپایە سروشی خودایە، ئەوە کاری لەسەر بکە، ئەگەر ئەمری خودا نییە ئەوە من پێم باشە بچیتە سەرەوی ئەم دۆڵە، من دەبینم رەشەبایەك لەسەروو دۆڵەکەوە دێت وەهاش دەیبینم ئەوە مژدەی سەرکەوتن بێت)[99].

هەمان هەڵوێست دەبینین لە غەزای خەیبەردا دووبارە دەبێتەوە. لەو رۆژەدا جوولەکەی خەیبەر بەماڵ و منداڵەوە پەنایان بردەبەر قەڵا تۆکمەکانیان، جەنگاوەرەکانیشیان چوونە قەڵایەکیترەوە بەناوی (نطاة). پێغەمبەر وەهای پێباش بوو لە شەودا لە خوار ئەو قەڵایەوە سەربازگە لێبدات، بەڵام لە بەیانیدا (حباب کوڕی منذر) هات -هەر ئەو پیاوەی غەزای بەدر- وتی: ئەی پێغەمبەری خودا تۆ لەم شوێنە دابەزیویت، ئەگەر فەرمانی خودایە با قسەی لێنەکەین، ئەگەرنا با قسەبکەین. پێغەمبەر فەرمووی: نەخێر ئەوە رای خۆمە. ئەو وتی: ئەی پێغەمبەری خودا لە قەڵاکە نزیکبوویتەوە لەنێوان دارخورماکان و گۆماوەکاندا [100] دابەزیویت، ئەوەی من ئەوانە بناسم دەستیان راستە لە تیرهاویشتندا و لە دوورەوە دەپێکن، ئەوان لە ئێمەش بەرزترن، لەوانەیە لە شەویشدا لەناو دارخورماکاندا[101] خۆیان بشارنەوە و بدەن بەسەرماندا، لەبەرئەوە ئەم شوێنە بگۆڕە بە شوێنێک نزیک نەبێت لە گۆماو، پەتا، نەخۆشی[102] و سەختیەکانی قەڵاکەش بابکەوێتە نێوانمان تاکو تیرەکانیان نەمانگاتێ)، ئینجا پێغەمبەر (محەمەد کوڕی مسلمة)ی بانگکرد کە لە جەنگدا جێمتمانەی پێغەمبەر بوو، وتی (شوێنێکمان بۆ ببینەوە کە دوور بێت لە

پەتاو نەخۆشییەوە، دوور بێت لە قەڵاکانیانەوە تا نەتوانن شەو بدەن بەسەرماندا)، ئیتر (محەمەد کوڕی مسلمة) «**ڕەجیع**»ی هەڵبژارد کە دۆڵێکە نزیک خەیبەرە، پێغەمبەریش فەرمانیکرد کە لەوێ سەربازگە دابمەزرێنن، ئیتر شەو لەوێدا دەمانەوە بەرۆژیش لەگەڵ قەڵاکەدا دەجەنگان تاکو دوای حەوت ڕۆژ فەتحیان کرد) (103).

هەندێک لە کتێبەکانی ژیاننامە باسی کەتنێکی (خالیدی کوڕی وەلید) دەکەن لەکاتی فەتحی مەککەدا لە ساڵی هەشتەمی کۆچی، لەوێدا ئەوە دەردەکەوێت کە هاوەڵان چۆن توانیویانە جیاوازی بکەن لەنێوان فەرمانی خودا و پێغەمبەردا، لەو ڕۆژەدا پێغەمبەر فەرمانی بە خالید کرد کە لەگەڵ کۆمەڵێک لە خێڵە عەرەبەکان لە باشووری مەککەوە بێتە ناو مەککە، بەڵام ڕایسپاردن کە ئەوان دەسپێشخەری نەکەن بۆ جەنگ تاکو جەنگیان لەگەڵ نەکرێت، پێغەمبەر بە پیاوێکی ئەنساری ڕاگەیاند تا ئەو فەرمانە بە خالید ڕابگەیەنێت، بەڵام لەگەڵ ئەو فەرمانەشدا خالید پەلاماریدا و هەر کەسێکی بەردەست بکەوتبایە دەیکوشت. تەنانەت دەڵێن بیست و چواری لە قورەیش کوشتوە لەگەڵ چوار کەس لە هەوازن «لە گێرانەوەیەکی دەڵێت حەفتای کوشتوە» تا پیاوێکی قورەیشی هاتە لای پێغەمبەر و هاواریکرد: ئەی پێغەمبەری خودا قورەیش تیاچوون، ئیدی لەمڕۆوە قورەیش تەواو، پێغەمبەر فەرمووی: بۆچی؟ وتی: خالید هەرکەسێک ببینێت دەیکوژێت، وتی: ئادەی خالیدم بۆ بانگ بکەن، کاتێک بانگیانکرد، وتی: خالید ئایا پێم ڕانەگەیاندی کەس نەکوژیت؟ وتی: نەخێر بەڵکو کەسێکت بۆناردم وتی: هەرکەسێکت بەردەست کەوت بیکوژە. پێغەمبەر فەرمووی: ئادەی ئەو ئەنسارییەم بۆ بانگ بکەن. کە بانگیانکرد پێی وت: من فەرمانم پێنەکردیت بە خالید بڵێ کەس نەکوژێت؟ وتی: بەڵێ وابوو! بەڵام تۆ شتێکت ویست و خودا شتێکی تری ویست، ئیدی پێغەمبەر بێدەنگ بوو هیچی بە کابرای ئەنساری نەووت) (104).

غەزای **حونەین/هەوازندا** ساڵی هەشتەمی کۆچی نموونەیەکی ترە نەك تەنیا لە مشتومڕی پێغەمبەر لەوەی کە فەرمانپێکراوە لەلایەن خوداوە یاخود وەك مرۆڤ ئەو کارە دەکات، بەڵکو گوزارشتیشە لەو هۆشیارییەی کە خەڵکی سەردەم هەیانبوە سەبارەت بەو مشتومڕە و هەر بەو شێوەیەش مامەڵەیان لەگەڵ پێغەمبەر کردوە،

لەو غەزایەدا موسوڵمانەکان تالآنیی زۆریان دەستکەوت. وەک (ئیبن هیشام) دەڵێت (شەش هەزار ژن و منداڵ بوون، ماڵات و حوشتریش لە ژماردن نەدەهات)، بەڵام پێغەمبەر هەموو دەسکەوتەکانی دابەشکرد بەسەر قورەیش و (تازە موسوڵمانەکان) و هیچی نەدا بە ئەنسار، لەگەڵ ئەوەی گەر ئارامگری و شەڕکردنی ئەوان نەبووایە ئەوە موسوڵمانان تێکدەشکان، (کاتێك پێغەمبەر ماڵەکەی بەخشیەوە هەمووی دا بە قورەیشە خێڵە عەرەبەکان، هیچیش بەر ئەنسار نەکەوت، ئیدی ئەنسار هەستیان بە مەزڵومیەت کرد و قسە و قسەڵۆک دروستبوو لەناویاندا، وتیان: پێغەمبەر بە کەسوکاری خۆی گەیشتۆتەوە)[105]، (واقیدی) ئەوەش زیاد دەکات (پێغەمبەر بە کەسوکاری خۆی گەیشتۆتەوە، بەڵام لەکاتی جەنگدا ئێمە هاوەڵی ئەوین. کەچی لەکاتی دەستکەوت دابەشکردندا دەیدات بە کەسوکارەکەی خۆی. خۆزگە بمانزانیبایە ئەمە کاری کێیە، گەر فەرمانی خودا بێت ئەوە ئارام دەگرین، خۆ ئەگەر کاری پێغەمبەر خۆی بێت ئەوە گلەیی لێدەکەین)[106]. هەڵوێستی ئەنسار بەوەی گلەیی لە پێغەمبەر دەکەن گەر کاری خۆی بێت شتێکی تازە نەبوو، بەڵکو لە رابردووشدا هەردوو سەری گەورەی ئەنسار (سەعدی کوڕی عوبادە) و (سعدی کوڕی موعاز) هەمان هەڵوێستیان نواند کاتێک خێڵە عەرەبەکان هاوپەیمانێتییان بەست دژ بە مەدینە، یەکێك لەو خێڵانە (بنوغطفان) بوو، بەڵام پێغەمبەر دانوستانی لەگەڵ کردن کە سێیەکی بەروبومی مەدینەیان بداتێ گەر بکشێنەوە، لەوەشدا مەبەستی ئەوە بوو ریزی سوپای خێڵە هاوپەیمانەکان تێکبدات. بەڵام پێش ئەوەی واژوو لەسەر رێککەوتنەکە بکات ویستی راوێژ بە هەردوو گەورەی ئەنسار بکات، ئەوان وتیان: (ئەگەر ئەوە فەرمانی ئاسمانە بەجێی بێنە، ئەگەر فەرمانت پێنەکراوە و خۆت حەزی پێدەکەیت ئەوە هەر بەگوێت دەکەین، بەڵام ئەگەر تەنیا رایەکە و خۆت حەزت پێی نییە، ئەوە ئێمە تەنیا شمشێریان دەدەینێ «واتە شەڕ»)[107]. لە گێرانەوەیەکی تردا (ئیبن سەعد) زیاتری خستۆتە سەر، دەڵێت پێغەمبەر لە وەڵامی دوو سەرکردەکەی ئەنساردا وتی (ئەگەر فەرمانم پێ بکرایە رای ئێوەم وەرنەدەگرت، بەڵام ئەوە تەنیا رایەکە دەیخەمە بەردەمی ئێوە، ئەوان وتیان: دەی ئێمە تەنیا شمشێریان پێدەدەین)[108].

وا دیارە ناکۆکی بەهۆی غەزای خەندەقەوە تەنیا لەنێوان ئەنساردا دروست نەبووە، بەڵکو موهاجیرەکانیش قەیرانیان هەبوو، هەروەک چۆن ئەنسار ڕەتیانکردەوە لەگەڵ (غطفان) دانوستاندن بکەن بەهەمان شێوە موهاجەرەکانیش ڕەتیانکردەوە دانوستان بکەن لەگەڵ جوولەکەکانی بەنی قوریزەدا، وەك (واقیدی) دەگێڕێتەوە (عومەری کوڕی خەتاب) شتێکی بیستبوو سەبارەت بەوەی پێغەمبەر بیەوێت لەگەڵ قورەیزەدا نەرمی بنوێنێت، وەك هەوڵێکی تاکتیکی تاکو نەدەنە پاڵ قوڕەیش، عومەر هات بۆ لای پێغەمبەر و پێی وت: ئەوەی لەبارەی قوریزەوە بیستوومە چیە؟ ئەگەر فەرمانێکە خودا کردوێتی ئەوە بیکە، ئەگەریش تەنیا رایەکە، ئەوە قورەیزە لەوە سووکترن کە شتێک بڵێن لە تۆوە وەریان گرتبێت، پێغەمبەر (خ) وتی: بەڵکو ئەوە تەنیا رای خۆمە، جەنگ فێڵکردنە) [109].

لە ڕوانگەی ئەم پارادۆکسەوە، واتە لای خودا و لای پێغەمبەر خۆی، تێدەگەین بۆچی پێغەمبەر ڕاووێژی لەگەڵ هاوەڵان دەکرد، وەک مرۆڤێکی ئاسایی، ئاخر ئەویش مرۆڤێکە ڕاستی دەپێکێت و ناپێکێت لە ڕا و هەڵوێستەکانیدا[110]. هەر واقیدی خۆی لە زیاتر لە شوێنێکدا دەگێڕێتەوە کە (پێغەمبەر لەکاتی جەنگدا ڕاوێژی زۆری دەکرد) [111]، لەسەر زاری (ابو هریرە)وە دەگێڕێتەوە (کەسم نەبینیوە هێندی پێغەمبەر ڕاوێژی بە هاوەڵەکانی بکات) [112] هەروەك چۆن پێغەمبەر دەیگوت (ڕاوێژم بدەنێ خەڵکینە)، بەهەمان شێوە خەڵکیش نەدەترسان لەوەی پێی بڵێن: (ئێمە ڕای خۆمانت پێدەڵێین) [113]، بەڵکو (عەبدوڵڵای کوڕی سەلول) بێترس دەیووت (ئەی پێغەمبەری خودا لەم شتەدا بەقسەم بکە).

درێژەی ئەو بەسەرهاتەش ئەوەیە کاتێک قورەیش ویستیان تۆڵەی خۆیان بکەنەوە لە شکستەکەی بەدر، کۆچبەر و پشتیوان (موهاجیر و ئەنسار) بوون بە دوو بەشەوە، کۆمەڵێکیان ڕایان وابوو بچنە دەرەوە بۆ جەنگ و دەسپێشخەری بکەن لە دوژمن، کۆمەڵێکیش ڕایان وابوو خۆیان دوابخەن و لەناو مەدینەدا بمێننەوە، چونکە کۆڵانەکانی سەختە و منداڵان و ژنانیش دەتوانن بە بەرد هاویشتن لەسەر دیوارەکانەوە بەشداری بکەن لە جەنگدا، عەبدوڵڵای کوڕی سەلول خاوەنی ڕای دووەم بوو، بۆیە بە سادەیی بە پێغەمبەری دەگوت (ئەی پێغەمبەری خودا ئێمە لە سەردەمی جاهیلیەتدا وا شەڕماندەکرد،

ئەم شارەی ئێمە پاکیزەیەوە هەرگیز کەس نەیتوانیوە ئەتکی بکات، هەرکاتێک لەشار دەرچووبین بۆ شەڕ لەگەڵ دوژمن تێکشکاوین، هەرکاتێکیش دوژمن هاتبێتە سەرمان لەناو شار تێکشکاوە، لەبەرئەوە لێیانگەڕێ، ئەوان گەر لەشوێنێکدا مانەوە، ئەوە لە خراپترین شوێندا دەمێننەوە، ئەگەر گەرانەوە ئەوە بە سەرشۆڕی دەگەڕێنەوە و هیچیان دەستناکەوێت. ئەی پێغەمبەری خودا لەم کارەدا بە قسەم بکە، بشزانە من ئەم رایەم لە پێشینانی خۆم وەرگرتوە، ئەوان ئەهلی جەنگ و ئەزموون بوون). هەرچەندە واقیدی (ئیبن سەلول) بە موونافیق ناودەبات، بەڵام لێرەدا نەك هەر دان بەوەدا دەنێت کە رای پێغەمبەر لەگەڵ (ئیبن سەلول) بوو، بەڵکو ئاماژە بەوەش دەکات کە شکستی جەنگی ئوحود بەهۆی ئەوەوە بوو کە لە دوا ساتدا پێغەمبەر رای گۆڕی و هاتە سەر رای ئەوانەی داوای لەشار دەرچوونیان دەکرد. وەک دەڵێت هەڵوێستی (کۆمەڵێک گەنجی هەرزە، کە بەدریان نەبینبوو بۆیە داوایان لە پێغەمبەر کرد کە لەشار دەربچێت بۆ شەڕ، پێغەمبەریش بەناچاری هاتە سەر قسەی ئەوان) [114].

لەراستیدا پێغەمبەر ناچاربوو راوێژ بە خەڵك بکات بەپێی ئەو ئایەتە (فاعف عنهم واستغفر لهم وشاورهم في الامر) (ال عمران: 159). زۆر لە ئەهلی تەفسیر و ئەوانەی (طبري) ناویان دەنێت ئەهلی لێکدانەوە هەوڵیانداوە قووتاربن لە **دەلالەتی وتراویی (دلالة المنطوق)** ئەو ئایەتە بەوەی کە دەڵێن پێغەمبەر فەرمانی پێنەکراوە راوێژ لەگەڵ هاوەڵەکانیدا بکات، لە کاتێکدا ئەو (خودا بێ نیازی کردوە لە را و تەگبیری ئەوان، چونکە خودا خۆی تەگبیر دەکات بۆ پێغەمبەرەکەی)، بەڵام ئەو راوێژە (بۆ دڵنەوایيکردنی هاوەڵەکانە)، (بۆئەوەی هەست بکەن کە پێغەمبەر گوێیان لێدەگرێت و گرنگییان پێدەدات. هەرچەند ئەو بێنیازە لێیان بەهۆی سروشی ئاسمانەوە) [115]، بەڵام یەکێک لە گەورە ئوسوڵیەکانی سەدەی چوارەم، **(ئەبوبەکر الجصاص الحنفي)** لە دەقێکی ناوازەدا ئەم رایە هەڵدەوەشێنێت و دەڵێت: پێغەمبەر راوێژی بە هاوەڵان دەکرد لەو شتانەدا کە سروشی بۆ نەدەهات، ئینجا گونجاوترین رای هەڵدەبژارد و کاری پێدەکرد، ئەوەش رەتدەکاتەوە کە (طبري) و هاوراکانی دەیڵێن. (جصاص) دەڵێت: (ئەگەر یەکێك وتی: خودا فەرمانیکردوە بە راوێژ پێکردنیان بۆ ئەوەی دڵیان خۆشبکات، بەڵام ئەو بە قسەی

ئەوانی نەدەکرد بەڵکو بەپێی سروش کاریدەکرد، ئێمە پێی دەڵێین: ئەوە نەشیاوە، راوێژیان لەگەڵ بکات و بە قسەشیان نەکات، خۆ ئەگەر ئەوان بیانزانیبایە کە راوێژیان پێدەکرێت ئاوڕیش لە راوێژەکەیان نادرێتەوە، ئەو کاتە زیاتر بێتاقەت دەبوون لە پێغەمبەرەکەیان، هەروەها ئەوە دەبووە جۆرێك لە پوچکاریی و شتێکی بێسوود، ئەوەش لەئاست گەوەریی پێغەمبەردا نییە، بەڵکو ئەوە دڵنەوایی‌کردنی هاوەڵانیش نییە و گاڵتە پێکردنیانە) [116].

هەندێکی تر لە ئەهلی راڤە هەوڵیانداوە خۆیان بدزنەوە لەو ئایەتە لەبەرئەوە تەرخانیانکردووە بە کاتی جەنگەوە، (واقیدی)یش هەر وەها دەڵێت: (پێغەمبەر لەکاتی جەنگدا راوێژی بە هاوەڵان دەکرد)، دیسان (طبري) لێرەشدا پشتیوانی لە رایەکەی (واقیدی) دەکات، تەنانەت (زەمەخشەری)یش هەمان قسە دەکات. (ابوعلي الجبائي موعتەزیلیش بۆ ئەوە دەچێت کە خودا رێگەی بە پێغەمبەرەکەی داوە لە کاروباری دونیادا -نەك تەنیا لەجەنگدا- [117] پشت بە را و تەگبیری هاوەڵان ببەستێت. تەنانەت عائیشەش وەک لێی دەگێڕنەوە ئەو ئایەتەی گشتاندوە و تایبەتی نەکردوە بە جەنگەوە. ئەو دەڵێت (هیچ پیاوێکم نەدیوە وەك پێغەمبەر هێند راوێژ بە خەڵک بکات)[118]، لەنێوان زانایانی فەرموودەشدا زانایانی وەها هەن کە پرسی راویژکردنی پێغەمبەر دەگشتێنن، بەڵام قۆرخی دەکەن لە (ئەبوبەکر) و (عومەر)دا: (هاوڕێ و وەزیرەکانی من و باوکانی موسوڵمانان ئەبوبەکر و عومەرن)، وەک (ئیبن کثیر) دەڵێت[119]. بۆ نموونە (حاکم) لە (**المستدرك**)دا لە (ئیبن عباس) هیناویەتی گوایە مەبەست لە (شاورهم) بەتەنیا (**ئەبوبەکر) و (عومەر) ـە**[120]، بەڵام دەقی ئایەتەکە وا ناڵێت، چونکە راویژکردنەکە لەگەڵ داوای لێخۆشبوون هاتوە (فاعف عنهم واستفرلهم وشاورهم في الامر). باشە (ئەبوبەکر و عمر) چ تاوانێکیان کردوە تا پێغەمبەر داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکات، هەروەها ئایەتەکە خۆی بەشێوازی کۆ (جمع) هاتوە نەك دووانە (مثنى).

لەراستیدا کتێبەکانی ژیاننامە و تەفسیریش لەئاستی هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە بێدەنگن، هەر ئەو بێدەنگییەش خۆی بۆخۆی مانایەک دەگەیەنێت، وەك ئەوەی بڵێیت هۆشیاری ئایینی پێکهاتوو لەدوای سەدەی دوومی کۆچییەوە نەیدەتوانی بەرگەی ئەو خەیاڵە بگرێت کە تێیدا پێغەمبەر فەرمانپێکراوە نەك فەرماندەر، نەك تەنها راوێژ بەوانە

بکات کە خراپەیان لەگەڵ کردوە و لەهەمان کاتدا داوای لێخۆشبوونیشیان بۆ بکات.

بەهەرحاڵ ئەوەی لە ژیاننامەدا هاتووە ئەوەیە کە پێغەمبەر تەنیا لە کاروباری جەنگدا راوێژی بە هاوەڵان نەکردوە، بینیمان لە دانوستانی لەگەڵ (غطفان) چۆن راوێژی بە دوو سەعدەکە کرد، پاشان پاشگەز دەبێتەوە لەو دانوستانە و کاغەزەکە دەدڕێنێت پاش ئەوەی هەردوو سەعد دانوستانەکەیان رەتکردەوە. هەروەها بینیمان لە دیلەکانی «بەدر»دا چۆن راوێژ بە ئەبوبەکر و عومەر دەکات. رای یەکەم وەردەگرێت و دووەم رەتدەکاتەوە. بۆیە دیلەکان ناکوژێت، بەڵکو سەرانەیان لێوەردەگرێت. کەچی خودا سەرزەنشتی دەکات. ئەویش پەشیمان دەبێتەوە. پاشان دەیبینی راوێژ بە (عەلی) و (اسامە) و (عومەر) دەکات لە مەسەلەی بەسەرهاتی (افك)دا، بەڵکو لەوەش زیاتر، پاش ئەوەی قسەو قسەڵۆک زیادبوو کەسانی گەورە لەسەر شەرەفی پێغەمبەر قسەیان کرد، پێغەمبەر لەگەڵ خەڵکدا کۆدەبێتەوە و دەڵێت: (خەڵکینە رای خۆتانم پێبڵێن چی لە کەسانێک بکەم، بوختان بۆ خێزانی من دەکەن) [121]. لەراستیدا نەهاتنی سروش (وحي)، یاخود درەنگکەوتنی دابەزینی قورئان لەسەر مەسەلەی پاکیزەیی عائیشە هیچ بژاردەیەکی تری بۆ پێغەمبەر نەهێشتەوە، تەنیا ئەوە نەبێت رووبکاتە خەڵکەکە و داوای هاوکارییان لێبکات دژ بەوانەی لەسەر خێزانەکەی قسە دەکەن، بەتایبەت گەر بزانین ئەوانە هەموو لە کەسە دیارەکانی کۆمەڵگەی مەدینە بوون لەو دەمەدا، وەك (حەسسان کوڕی ثابت)ی شاعیری پێغەمبەر، (حەمنە کچی جەحش) خوشکی خێزانە خۆشەویستەکەی پێغەمبەر، هەروەها (ئیبن سەلول) کە سەرچاوەکانی ژیاننامە باس لەوە دەکەن کە خەونی بەوە بینیوە ببێتە سەرداری هۆزەکەی خۆی. بەڵام هەرچۆنێک بێت داواکاریی راوێژ و تەگبیر لەلایەن پێغەمبەرەوە بە خەڵک، تەنها دۆخەکەی قوڵتر کردەوە. هەرزوو ناکۆکی و رق و کینە خێڵەکییە چەپێنراوەکان دەرچەیەکیان بۆ کرایەوە، خێرا ئەوسییەکان -کە لەگەڵ خەزرەجییەکاندا نەک هەر دوژمنایەتی. بەڵکو شەڕیشیان لەنێواندا بوو [122]- خەزرەجیەکانیان تاوانبارکرد بەوەی لە پشت هەڵمەتی دروستکردنی بوختانەوەن بۆ عائیشە. بەڵکو (ئوسەید) کە ئەوسی بوو، هاوکات کوڕی مامی (سەعدی کوڕی مەعاز)ی سەرکردەی ئەوس بوو، یەکسەر بە پێغەمبەری وت: (ئەی پێغەمبەری

خودا ئەگەر لە ئەوس بن ئەوە ئێمە چارەیان دەکەین، ئەگەر لە خەزرەجیش بن فەرمان بکە چارەیان دەکەین، ئەوانە شایەنی ئەوەن لە ملیان بدرێت). بەڵام (سەعد کوڕی عوبادە) -کە سەرکردەی خەزرەج بوو- راستەوخۆ هەستا و گوتی: (نا بەخودا ناتوانیت لە ملیان بدەیت، ئەوە تۆ دەزانیت کە لە خەزرەجن بۆیە وا دەڵێیت. ئەگەر کەسوکاری خۆت بوونایە وات نەدەگوت). ئوسەید دەڵێت (درۆت کرد، بەڵکو تۆش مونافیقێکیت و داکۆکی لە مونافیقان دەکەیت). لە گێرانەوەکەی (واقیدی)دا دەڵێت (درۆت کرد دەشیکوژین و لوتی تۆش لە خۆڵ وەردەدەین)، ئیدی (خەڵک هەڵچوون هەتا وای لێهات خەریک بوو لەنێوان ئەوس و خەزرەجدا شەڕ بەرپابێت). بەڵام پێغەمبەر ئاماژەی بۆ کردن کە هێوربنەوە، ئینجا لەسەر مینبەر دابەزی و هێوری کردنەوە، تاکو بڵاوەیان لێکرد) [123].

ئیتر ئاشکرابوو کە مەسەلەکە تەواو گەورە بووە و خەریکە جەنگی ناوخۆیی هەڵدەگیرسێنێت، بۆیە پێغەمبەر بۆ دواجار چووە لای عائیشە و قسەی لێدەرهێنا، لەو کاتەدا پێغەمبەر (لە هۆش خۆی چوو)، کە هاتەوە هۆش خۆی وتی: (مژدە بێت عائیشە خودا پاکیزەیی تۆی دابەزاند). ئینجا چوە ناو خەڵک و ئایەتەکەی خوێندەوە و ئەوانەش کە بە ئاشکرا عائیشەیان تاوانبار کردبوو، داری حەدیان لێدرا [124].

لێرەدا پرسیارێک دەکرێت: ئەگەر کۆدەنگی هەبێت لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەر تەنیا لە کاروباری جەنگدا راوێژی بە خەڵک دەکرد، ئەگەریش بەسەرهاتی (افك) بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە -مەگەر کتێبەکانی ژیاننامە هەمووی درۆ بێت- لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەر راوێژی بە هاوەڵان کردوە لە پرسە گشتییەکاندا، نەك تەنیا لەجەنگدا، ئیتر بۆ راوێژیان پێناکات لە کاروباری ئاییندا، لەو شوێنانەی کە دەقی لەسەر دانەبەزیوە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە کە لە سەرەتادا وەها دەردەکەوێت دەستدرێژیکردنە بۆسەر پیرۆزییەکان، کتێبەکانی ژیاننامە دوو بەڵگەی بەنرخمان دەدەنێ کە راستەوخۆ پەیوەندییان بە کاروباری نوێژ و خواپەرستیەوە هەیە. ئەویش مینبەر و بانگدانە. لەبارەی مینبەرەوە نووسەری (**السيرة الحلبية**) لە (حافظ دمياطي) دەگوێزێتەوە و دەڵێت (پێغەمبەر لە رۆژانی هەینیدا لەسەر کۆتەرەیەك لە مزگەوتدا رادەوەستا، رۆژێك وتی: ئەم راوەستانە بۆ من قورسە، (تميم الداري) پێی گوت: ئایا مینبەرێکت بۆ دروست بکەم وەك

ئەوەی لە شام بینیومە؟ واتە وەك ئەوەی مەسیحیەکان بۆ قەشەکانی خۆیانی دروستدەکەن کە پێی دەگوترێت پەیژە، قەشەکان لەکاتی ئامۆژگاریکرندا بەکاری دێنن؟ [125] پێغەمبەر لەگەڵ موسوڵماناندا را و مەشوورەتی کرد و بەباشیان زانی دروستیبکەن، (عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیب)ی مامی پێغەمبەر وتی: خزمەتکارێکم هەیە ناوی (کلاب)ـە [126] باشترین دارتاشە. پێغەمبەر پێی وت: پێی بڵێ با بۆمان دروستبکات، ئیتر ناردی دارێکی گەورەی لە دارستان بڕی دوو پلە و جێگەی دانیشتنێکی لێ دروستکرد، پاشان هێنای و لەشوێنی مینبەرەکە داینا و پێغەمبەر لەسەر ئەو مینبەرە خوتبەیدا) [127].

سەبارەت بە بانگدانیش کۆنترین گێرانەوەمان لای (ئیبن ئیسحاق) دەستدەکەوێت، دەڵێت: (کاتێک پێغەمبەر لە مەدینە نیشتەجێبوو، ئیدی موهاجیریش بەدەوریدا کۆبوونەوە، ئەنساریش کۆبوونەوە و ئیسلام بەهێزبوو، نوێژ و زەکات و ڕۆژوو فەرزکرا، لەسەرەتادا خەڵک دەهاتن بۆ نوێژ بێ بانگکردن، لەسەرەتادا خەریکبوو کەڕەنایەکی وەك کەڕەناکانی جوولەکە دابنێت بۆ ئاگادارکردنەوەی موسوڵمانەکان لەکاتی نوێژ، بەڵام حەزی لێنەبوو، دوای ئەوە فەرمانیکرد زەنگێکی وەك زەنگی مەسیحیەکانیان بۆ دروستکرد بۆ ئەوەی لێیبدات و موسوڵمانان بانگبکات بۆ نوێژ [128]. لەکاتێکدا ئەوان خەریکی ئەوە بوون، (عەبدوڵڵا کوڕی زەید) خەونێکی بینی، وەك بانگدان، ئەو هات بۆ لای پێغەمبەر، وتی: ئەی پێغەمبەری خودا من ئەمشەو خەونێکم بینی، پیاوێک بەلامدا تێپەڕی دوو بەرگی سەوزی لەبەردابوو، زەنگێکی بەدەستەوە بوو، پێم وت: کابرا تۆ ئەو زەنگە نافرۆشیت؟ وتی: چی پێدەکەیت؟ وتم: بانگی خەڵکی پێدەکەین بۆ نوێژ. ئەو وتی: لەوە باشترت فێر بکەم؟ وتم: چۆن؟ وتی: بڵێ: «الله اکبر الله اکبر، اشهد ان لا اله الا الله، اشهد ان محمدا رسول الله». کاتێک عەبدوڵڵا خەونەکەی گێرایەوە بۆ پێغەمبەر، ئەو فەرمووی: ئەوە خەونێکی راستە، هەستە لەگەڵ بیلالدا بۆی بڵێرەوە با ئەویش بانگی پێبدات، چونکە دەنگی بیلال لە دەنگی تۆ خۆشترە» [129].

بێگومان ئەم گێرانەوەیە کە لە زۆربەی کتێبەکانی ژیاننامە و موسنەدەکانی فەرموودەدا وەك (تیرمیذی) و (ئیبن ماجة)دا هاتووە، هەندێک پەشێویی لای پاسەوانەکانی عەقیدە دروستکردوە، چۆن بانگدان، کە کارێکی بنەرەتییە، بە سروش (وحي) دانەبەزیوە؟

تەنانەت قسەی پێغەمبەریش نییە، بەڵکو خەونی کابرایەکی ئەنسارییە[130]. لەبەرئەوە نووسەرانی ژیاننامە ناچاربوون دەرهێنانێکی تری بۆ بکەن، کە گوایە پێغەمبەریش هەمان خەونی بینیوە، یاخود ئەو خەونەی عەبدوڵڵا بینیویەتی و پێغەمبەر ناویناوە خەونی راست، جۆرێك بووە لە سروش، یاخود وەك (سیوطي) دەڵێت: (بەسەر خاوەن حاڵدا دێت). یەکێك لەوانەی باسی ئەو رووداوە دەکەن (سوهەیلی)یە لە «الروض الأنف»دا، بەڵام لەکۆتاییدا ناچاردەبێت بڵێت کە حیکمەتی خودا وابووە (بانگی لەسەر زمانی کەسێکی تر بێت نەك پێغەمبەر)، (بە بێ سروشی خودایی بۆ پێغەمبەرەکەی وەک زۆربەی پەرستنەکان و حوکمی شەرعی) [131].

لەم دیدگایەوە دەتوانین کاردانەوەی توندی (محەمەد کوڕی حنفیە)، برای (حەسەن و حوسەین) تێبگەین، (ابو العلاء الكوفي) دەگێڕێتەوە: بە (محەمەد ابن الحنفية)م گوت: سەرەتای بانگدان خەونی کابرایەکی ئەنساری بووە، دەڵێت: محەمەد راچڵەکی، وتی: دەچن ئەسڵی ئایینەکەتان دێنن و دەڵێن ئەمە لە خەونی کابرایەکی ئەنسارییەوە هاتوە، کە لەوانەیە راست بێت یان درۆ بێت؟ یان لەوانەیە بزرکاندن بێت؟ دەڵێت: پێم وت ئەم قسەیە هەموو کەس باسی کردوە، ئەو وتی: بەخودا ئەوە قسەیەکی بێمانایە) [132] ئەگەر (ئیبن حەنفیە) وای وتبێت یان بەدەمیەوە هەڵبەسترابێت، یان بووترێت بانگدان لەلایەن جوبرەئیلەوە فێری پێغەمبەر کراوە لە کاتی شەوڕەویدا (اسراء)، بەڵام خۆ ناودارەکانی ئەهلی سوننەت لەبەرامبەردا دەڵێن (هیچ گوتراوێک لە بارەی ئەوەی لە شەوی ئیسرائدا بانگ فێری پێغەمبەر کرابێت راست نیە).

**و- ئەو ئایەتانەی فەرمان دەکەن بە گوێڕایەڵیکردنی پێغەمبەر: ئایا بەڵگەی پێچەوانە نین؟**

پاش ئەو خستنەرووە درێژەی: (ا) ئەو ئایەتانەی ئەرکی پێغەمبەر کورت دەکەنەوە لە گەیاندندا. (ب) ئەو ئایەتانەی پێغەمبەر ئاگادار دەکەنەوە لەوەی پێش سروش (وحي) بکەوێت. (ج) ئەو ئایەتانەی پێغەمبەر حوکمەکەیان رادەگرێت لە چاوەڕوانی سروشێکی دیکەدا. (د) ئەو ئایەتانەی رێگە لە پێغەمبەر دەگرێت بێ گەرانەوە بۆ سروش دەستپێشخەری بکات. (هـ) ئەو ئایەتانەی دەستدەخەنە ژیانی

تایبەتی پێغەمبەرەوە و ڕەوا و نارەوایی تەنانەت لە پەیوەندیە سێکسیەکانیشیدا بۆ دیاریدەکات. ئێستا دەڵێین: پاش ئەو هەموو ئایەتانە ئایا ئایەتی تر نییە کە بەڵگەی پێچەوانە بن؟ ئایا ئایەتی تر نییە کە پێگەی پێغەمبەر لە فەرمانپێکراوەوە دەگەیەنێتە فەرماندەر؟ و جۆرێک لە ئازادیی فەرماندەرکردنی دەداتێ؟ یاخود هیچ نەبێت دەستی والا دەکات؟

بەڵێ، بێگومان هەیە، ئایەتی زۆرمان هەیە کە فەرمان بەخەڵك دەکات. باوەڕدار و بێباوەڕ، کە دەبێت گوێرایەڵی پێغەمبەر بن، وەک ئەو سێ ئایەتەی سورەتی (الانفال):

- (فاتقوا الله وأصلحوا ذات بينكم وأطيعوا الله ورسوله) (الانفال: 1).
- (اطيعوا الله ورسوله ولاتولوا عنه) (الانفال: 20).
- (واطيعوا الله ورسوله ولا تنازعوا فتفشلوا) (الانفال: 46).

بەڵام ئەو ئایەتانەی داوا دەکات بەگوێی پێغەمبەر بکرێت هەمیشە لکاون بە گوێرایەڵیکردنی خوداوە، تەنانەت کاتێك پێغەمبەر داوا لە خەڵک دەکات کە بەگوێی بکەن، لەوکاتەدا خۆیشی فەرمانی پێکراوە کە وا بە خەڵک بڵێ، واتە قسەی خۆی نییە بەڵکو فەرمانپێکراوە (قل أطيعوا الله والرسول فان تولوا فان الله لايحب الكافرين) (ال عمران: 32). تەنانەت کاتێکیش خەڵک بەگوێی پێغەمبەر دەکەن، ئەوە هەر بەفەرمانی خودا بەگوێی دەکەن (وما ارسلنا من رسول الا ليطاع باذن الله) (النساء: 64). بەهەرحاڵ، کاتێک خودا فەرماندەکات خەڵك گوێرایەڵی پێغەمبەر بن ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە دەسەڵاتی یاسادانانی پێدابێت -چونکە ئەوە تەنیا مافی خودایە- بەڵکو مانای وایە بەگوێی پێغەمبەر بکەن لەو شتانەدا کە خودا ناردویەتی، واتە باوەڕهێنان بە پەیامی خودا کە پێغەمبەر هەڵیگرتوە، لەبەرئەوە بەڵێنی بەهەشتیان پێدەدات ئەگەر بەگوێی خودا و پێغەمبەریان کرد (ومن يطع الله ورسوله يدخله جنات) (النساء: 13) [133].

لەراستیدا هەندێك ئایەت کە فەرمان دەکەن بە فەرمانبەرداریکردنی خودا و پێغەمبەر بەرەو ڕووی بێباوەڕان کراوەتەوە، نەك باوەڕداران. بێباوەڕانیش تەنیا بە باوەڕهێنان بە پەیامەکەی پێغەمبەر دەتوانن بەگوێی بکەن. بەڵام گەر گوێرایەڵی

نەبوون، واتە باوەڕیان پێنەهێنا، لێرەدا ئیدی پێغەمبەری فەرمانبەر ئەرکی خۆی بەجێهێناوە، ئەوەش لە و ئایەتەوە دەردەکەوێت (فآمنوا بالله ورسوله والنور الذي انزلنا والله بما تعملون خبير) (التغابن: 8).

لێرەدا لەوانەیە تێگەیشتن لە مانای (امر- فەرمان) باشتر مانای (أطیعوا- گوێرایەڵی)مان تێبگەیەنێت، واتە باوەڕبێنن بەو پەیامەی بۆتان نێردراوە، پێغەمبەر لەم دیدگایەوە شوێنی خۆی گرتووە، لە نەریتێکی پێغەمبەرایەتیدا کە دەربڕینەکەی لە قورئاندا پێنج جار هاتووە کە بەشێوەیەکی حەرفی لەنێوان پەیام و فەرمان و گوێرایەڵیدا هەماهەنگی دروستکردووە، ئەویش بەوەی دەمانگێڕێتەوە بۆلای پێنج پێغەمبەری پێش محەمەد کە قەومەکەیان لێیان یاخیبوون، واتە باوەڕیان بە پەیامەکانیان نەهێناوە، سورەتی **(الشعراء)** چیرۆکەکانیان دەگێڕێتەوە، (نوح) یەکەم پێغەمبەرە کە داوا لە قەومەکەی دەکات بە قسەی بکەن، (اني لكم رسول امين، فاتقوا الله واطعون) (الشعراء: 107- 108). (هود)یش بەهەمان شێوە لەگەڵ قەومەکەیدا دەدوێت، هەروەها (صالح) و (لوط) و (شعیب) هەموویان بەهەمان شێوە دەدوێن[134].

بە خوێندنەوەی ئایەتەکان دەتوانین جیاوازی بکەین لەنێوان ئەو ئایەتانەی داوا لە بێباوەڕەکان دەکات بەگوێی پێغەمبەران بکەن لەگەڵ ئەو ئایەتانەی فەرمان بە باوەڕداران دەکات. ئەو ئایەتانەی بێباوەڕەکان دەدوێنێت مانایەکی تایبەتتر دەدات بە فەرمانی (اطیعوا الرسول) کە بریتیە لە باوەڕهێنان بەو پەیامەی بۆی نێردراوە. لەکاتێکدا ئەو ئایەتانەی باوەڕداران دەدوێنێت تەنیا لە بواری کردەییدا فەرمانیان پێدەکات، وەك جەنگ و دابەشکردنی دەستکەوتەکانی جەنگ، لە بارەی جەنگەوە، ئایەتی **(132)** لە سورەتی **(ال عمران)**: (اطیعوا الله وأطیعوا الرسول) ئەم ئایەتە وا تەفسیرکراوە کە «رەخنەگرتن بێت لە لایەن پێغەمبەرەوە لەو کەسانەی لە جەنگی (ئوحد)دا فەرمانیان شکاند و شوێنەکانیان چۆڵکرد کە پێغەمبەر داوای لێکردبوون چۆڵی نەکەن)[135]. هەروەها لەبارەی جەنگەوە ئایەتی (46) لە سورەتی (الانفال) دابەزی (يسألونك عن الانفال قل الانفال لله والرسول، فاتقوا الله واصلحوا ذات بينكم وأطيعوا الله ورسوله ان كنتم مؤمنين). هەندێک لە ئەهلی تەئویل لەو باوەڕەدان ئەم ئایاتەش لە رۆژی یەکشەمەدا دابەزیوە، لەوانە (موجاهید) کە لێیەوە دەگێڕنەوە: (ذهبت ريح أصحاب محمد(ص) حين نازعوه يوم أحد)[136]. هەروەها

لە پرسی غەنیمە و دەستکەوتەکاندا چەندین ئایەت دابەزیون، بەناوبانگترینیان ئایەتی یەکەمی سورەتی (الأنفال)ـە: (يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَنفَالِ قُلِ الْأَنفَالُ لِلَّهِ وَالرَّسُولِ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَصْلِحُوا ذَاتَ بَيْنِكُمْ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ). لێرەدا کۆدەنگیی ئەهلی تەئویل هەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم ئایەتە کاتێک دابەزیوە کە موسوڵمانان لەسەر دەسکەوتەکانی جەنگ خەریکبوو دووبەرەکییان تێبکەوێت، لەم بارەوە (طبري) لە (ئیبن عەباس)ـەوە دەگێڕێتەوە کە ناکۆکی کەوتە نێوان گەنجەکان و پیرەکانەوە لە جەنگی بەدردا، پێغەمبەر پێی وتبوون: ئەوەی وا وابکات ئەوەی پێدەدرێت، لێرەدا گەنجەکان چوونە پێشەوە بۆ جەنگ، بەڵام پیرەکان لەدواوە مانەوە و ئاڵاکانیان گرتبوو، کاتێک کاتی دابەشکردنی دەستکەوتەکان هات گەنجەکان ویستیان هەمووی بۆ خۆیان بێت، بەڵام پیرەکان وتیان (ئێمە پشتیوانی ئێوە بووین، ئەگەر بشکانایە پاڵتان دەدا بە ئێمەوە، هەموو دەسکەوتەکە بۆ خۆتان مەبەن). ئیدی ناکۆکی کەوتە نێوانیان تاکو ئەو ئایەتە دابەزی (قل الانفال لله والرسول)، لەم بارەوە (عبادە بن صامت) دەڵێت: (لەبارەی جەنگاوەرانی بەدرەوە دابەزیوە، کاتێک ناکۆکیمان تێکەوت رەوشتمان تێکچوو لەسەر دەسکەوتەکانی جەنگ، ئیدی خوا لە دەستی دەرهێناین و خستیە دەست خودا و پێغەمبەرەکەی، ئەویش بە یەکسانی دابەشیکرد بەسەرماندا، ئەوەش بۆ ئەوە بوو کە نێوانمان تێک نەچێت) [137].

لێرەدا تێبینی دەکەین گەر گێرانەوەکە راست بێت پێغەمبەریش لە بەڵێنەکەی خۆی پاشگەز دەبێتەوە کە بەڵێنی بە جەنگاوەران دابوو هەرچییەکیان گرت بۆ خۆیان، ئەویش بەقسەی سروشی خودای کرد، بۆ ئەوەی ئاژاوە نەکەوێتەوە لەنێوانیاندا، نەوەک بەهێزەکان هەموو دەسکەوتەکان بەرن وەک (ئیبن جورەیج) دەڵێت. بەم شێوەیە پێغەمبەر لە رێساکەی خۆی لایدا کە وتبووی (ئەوەی کەسێکی کوشت هەرچی دەسکەوت بۆ خۆی)، بەڵکو روویکردە شێوازی دابەشکردنی قورئانی کە دەسکەوتەکانی بە یەکسانی دابەشکردوە لەنێوان بەشداربووانی جەنگدا، جا کەسی کوشتبێت یان نا [138].

لە هەمان سیاقدا ئایەتێکی تر دادەبەزێت کە هەمیشە زانایان کردوویانەتە بەڵگەیەك بۆ ئەوەی پێغەمبەر لە شەرع بۆدانراوەوە بکەن بە شەرعدانەر: (وماآتاكم الرسول فخذوه وما نهاكم عنه فانتهوا) (الحشر: 59). لێرەدا ئەهلی راڤە لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە ئەو

ئایەتە لەسەر دابەشکردنی دەسکەوتەکانی جەنگی «بەنی نەزیر» هاتۆتە خوار، بەڵام بەپێچەوانەی یاسای پێنجیەك. (واتە پێنجیەک بۆ پێغەمبەر و پێنجچوار بۆ جەنگاوەران، وەك ئەوەی لە سورەتی (الانفال) ئایەتی (41)دا هاتووە[139]، چونکە پێغەمبەر هیچی دابەش نەکرد بەسەر جەنگاوەراندا -دەسکەوتی بێ جەنگ پێی دەوترێت «الفئ» بەڵام دەسکەوتی جەنگ پێیدەگوترێت «الغنیمة»- بەڵکو تایبەتیکرد بەخۆی و بنەماڵەکەی و هەژار و دەستکورتەکان، جا بۆئەوەی قورئان ناکۆکیەکان یەکلایی بکاتەوە ئەو ئایەتە هات (ما أفاء الله عەلی رسوله من أهل القری فلله وللرسول ولذي القربی والیتامی والمساکین وابن السبیل وما آتاکم الرسول فخذوه ومانهاکم عنه فانتهوا) [140].

ئایەتی (59) لە سورەتی (النساء) بەڵگەیەکی ترمان دەداتێ لەوەی کە گوێرایەڵی پێغەمبەر مانای دەسەڵاتی یاسادان ناگەیەنێت، (یاأیها الذین امنوا اطیعوا الله واطیعوا الرسول واولی الامر منکم). لێرەدا دەقەکە گوێرایەڵی پێغەمبەر و خاوەن فەرمانەکانی تر -دیسان لە جێڕەوتی جەنگدایە- دەخاتە یەک خانەوە، یاخود یەک جێڕەوتەوە. لێرەدا لەسەر ئەو راجیاییە راناوەستین سەبارەت بە مانای (اولي الامر) و دیاریکردنی ناسنامەی (وەلی ئەمر)[141]. هەرچۆنێک بێت نابێت (اولي الامر) کە داواکراوە گوێرایەڵییان بکرێت بخرێنە ریزی شەرعدانەرەوە، ئەگەرنا ئەوە دەبنە هاوبەشی خودا -کە تەنیا ئەو شەرعدانەرە- گەر وابێت ئەوە هەر لە بنەرەتەوە مەنتیقی پەیامی قورئانی هەڵدەوەشێتەوە.

لەراستیدا هاتنی چەندین ئایەت کە هاندەرن بۆ گوێرایەڵی پێغەمبەر، هەروەها ئایەتێکیش بە تەنیا داوا لە ژنان دەکات بەگوێی پێغەمبەر بکەن، ئەوانە هەمووی بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە پەیوەندی نێوان پێغەمبەر و موسوڵمانەکان جارجارەیەک پەشێویی تێکەوتووە. بە خوێندنەوەی کتێبەکانی ژیاننامە و تەفسیریش دەتوانی بەلایەنی کەمەوە شەش وێستگە بژمێرین کە لەو شوێنانەدا پەشێوی دروستبووە:

1- چیرۆکی یاخیبوونی خێزانەکانی پێغەمبەر بە سەرکردایەتی (عائیشە و حفصة)، وەک لە پێشەوە باسمانکرد. بەڵام تەنیا لەم شوێنەدا ئایەتێک دابەزیوە کە بەتایبەت روودەکاتە ژنان بۆ ئەوەی گوێرایەڵی پێغەمبەر بن (وأقمن الصلاة واتین الزکاة واطعن الله ورسوله) (الاحزاب: 33).

2- چیرۆکی نارەزایی ئەنسار لەبەرئەوەی لە جەنگی حونەین/هەوازندا پشکیان پێنەدرا. ئەوەشمان لەپێشدا باسکرد، بەڵام لێرەدا زیاتر وردەکارییەکان ڕووندەکەینەوە کە هەڵچوونی ئەنسارمان پیشان دەدات. لە **ژیاننامەی حەلەبیدا** هاتووە (کاتێک پێغەمبەر ئەو هەموو ماڵەی بەخشییەوە بەسەر قورەیش و خێڵە عەرەبەکاندا و هیچی لێ نەدا بە ئەنسار، ئەوان هەستیان بە شتێک کرد. واتە تووڕە بوون، بەجۆرێك کە لەناو ئەنساردا مقۆ مقۆ دروستبوو، «تەنانەت هەندێکیان دەیانگوت چەند سەیرە تا ئێستاش شمشێرەکانی ئێمە خوێنی قورەیشی لێ دەتکێت کەچی دەسکەوتەکانی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ قورەیش، خۆ ئەگەر ئەوە فەرمانی خودا بێت ئارام دەگرین لەسەری، ئەگەر کاری پێغەمبەر خۆشی بێت گلەیی لێدەکەین). ئینجا (سەعد کوڕی عبادە) چووە لای پێغەمبەر و وتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەنسار نیگەرانن، چونکە ئەو دەسکەوتانەت بەو شێوەیە دابەشکردووە، هەموویت بەسەر کەسەکانی خۆتدا پەخشکردوە، بەڵام هیچت نەداوە بە ئەنسار، وتی: ئەی تۆ چی دەڵێیت سەعد؟ وتی: منیش لە قەومەکەی خۆمم ئەی پێغەمبەری خودا) [142].

3- چیرۆکی دیلەکانی بەدر کە لە سەرزەنشتکردنی پێغەمبەردا ئایەتی (67) دابەزی لە سورەتی (الانفال): (ماكان لنبي أن يكون له اسرى حتى يثخن في الارض)، لەپشت ئەم سەرزەنشتەوە چەندین هۆکاری سایکۆلۆژی و تاکتیکی هەن، ئەگەر بزانین گرتنی دیلەکانی قورەیش و پاشان ئازادکردنیان لە بەرامبەر سەرانەیەك لەلایەن پێغەمبەر و قەومەکەیەوە لەلایەن ئەنسارەوە وا دەخوێنرایەوە کە پێغەمبەر بۆ خزمەکانی خۆی جیاوازی دەکات و خۆشەویستییان بۆ دەردبڕێ، هەرچەند ئەوان بێباوەڕن و دژی ئەمانیش دەجەنگن، چونکە لەناو دیلەکاندا عەباسی مامی پێغەمبەر هەبوو، مێردی کچەکەی پێغەمبەر (ابوالعاص) هەبوو، برای عائیشە هەبوو (عبدالرحمن). لە ژیاننامەی حەلەبیدا هاتووە (لە ڕۆژی بەدردا پێغەمبەر وتی هەرکەسێک یەکێك بکوژێت هەموو تاڵانیەکەی بۆ خۆی، هەرکەسێک دیلێک بگرێت هەر بۆخۆی دەبێت، کاتێکیش خەڵک کەوتنە دیلگرتن، پێغەمبەر سەیرێکی (سەعد کوڕی عبادە)ی کرد زانی بێزارە، پێی وت: سەعد هەست دەکەم پێت ناخۆشە کە ئەوانە دیل دەکرێن؟ سەعد وتی: ئەرێ بەخودا ئەی پێغەمبەری خوا، ئەمە یەکەم جەنگە لە ئیسلامدا کوشتنی هەموویان بەلای منەوە

باشتربوو لە هێشتنەوەیان)[143]، بێگومان کاتێکیش قورئان هات و گلەیی لە پێغەمبەر کرد ئەوە مانای وابوو رایەکەی سەعد راست بوو، بەڵام ئەوە تەنیا رازیکردنێکی دەروونی بوو، چونکە کاتێك قورئان هات ئیدی بڕیاری پێغەمبەر بە هێشتنەوەی دیلەکان بەزیندوویی و سەرانە وەرگرتن لێیان کۆتایی پێهاتبوو، بەڵکو هەندێکیان بێ سەرانەش ئازاد کران.

4- هەر لە جێڕەوتی جەنگی بەدردا، کتێبەکانی ژیاننامە باسی ئەو پەشێویە دەکەن کە لەنێوان هاوەڵان و پێغەمبەردا دروست دەبێت. وەک هەڵوێستەکەی (ابي حذيفة کوڕی عتبه)، ئەو هەرچەندە قورەیشی بوو بەڵام هاشمی نەبوو، ئەو لە موسوڵمانە یەکەمەکان بوو لە موهاجیرە یەکەمەکانیش بوو، لە کاتێکدا باوک و برا و مامی هەر بێباوەڕ بوون و لە مەککە مابوونەوە، ئەو سیانەش هەر لەسەرەتای جەنگدا کوژران لە یەکەم زۆرانبازیدا وەک کتێبی ژیاننامە باسیدەکەن، کاتێکیش قورەیش تێکشکان پێغەمبەر بە هاوەڵەکانی وت «من دەزانم هەندێك لە هاشمیەکان و کەسانێکی تر بەناچاری هاتوون بۆ جەنگ، هەرکەسێك پێیان گەیشت نەیانکوژێت، هەر کەسێکتان بە (بەنی هاشم) گەیشتن مەیانکوژن، هەرکەسێك بە عەباس (مامی پێغەمبەر) گەیشت نەیکوژێت، «کاتێك (ابوحوزەیفە) ئەو قسەیەی پێگەیشتەوە وتی (کەسوکار و باوک و برای خۆمان بکوژین و عباس نەکوژین؟ بە خوا بیبینم بە شمشێر هەڵیدەدڕم، «کاتێك « ئەو قسەیە بە پێغەمبەر گەیشت، بە عومەری وت: ئەی (ابوحفص - واتە عومەر) وتم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا. وتی: ئایا رووی مامی پێغەمبەر بە شمشێر لێی دەدرێت؟ عومەر وتی: ئەی پێغەمبەری خودا لێمگەڕێ با لە گەردنی بدەم، وادیارە (ابو حوزەیفە) بووە بە مونافیق[144]. بەڵام دەبینین ئایەتی دیلەکان دێتە خوارەوە و هەڵوێستەکە یەکلایی دەکاتەوە[145].

5- لە رۆژی فەتحی مەککەشدا هەمان هەڵوێست دووبارە دەبێتەوە، لێرەدا دەمارگیری خێڵەکی سەرهەڵدەداتەوە، هەر ئەو دەمارگیریەش جۆرێک لە پەشێوی لەنێوان موهاجیر و ئەنساردا دروست دەکات. هەروەها لەنێوان ئەنسار و پێغەمبەریشدا. لەو رۆژەدا پێغەمبەر ئاڵا دەداتە دەست (سەعد کوڕی عوبادە) کە یەکێك بوو لە گەورەکانی ئەنسار، کاتێك ئاڵاکەی بەرزکردەوە بەلای (ابوسوفیان)

دا رۆشت و دەیگوت (ئەمڕۆ رۆژی داستان تۆمارکردنە، ئەمرۆ ژنان بۆ ئێمە حەڵاڵ دەکرێن، ئەمڕۆ خوا قورەیشی ریسواکرد)، کاتێک پێغەمبەر هات و بەلای (ابو سفیان) دا گوزەریکرد (ابوسفیان) گوتی: (ئەی پێغەمبەری خودا فەرمانتکردوە بە کوشتنی قەومەکەت، سەعد و تاقمەکەی دەڵێن کە ئێمە دەکوژن و دەڵێت: ئەمڕۆ رۆژی داستانە، ئەمڕۆ ژنانی قورەیش حەڵاڵ دەبن، ئەمڕۆ قورەیش ریسوابوو، من بەناوی خودا تکات لێدەکەم دەستت لە قورەیش بپارێزە چونکە ئەوان قەومی تۆن، تۆش لە هەموو کەس میهرەبانتری). لێرەدا (عبدالرحمن کوڕی عەوف) و (عوسمان کوڕی عەفان) کە هەردووکیان لە گەورە هاوەڵان بوون و لە موهاجیران بوون، وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ئێمە لە سەعد دڵنیا نیین ئەو شتێکی لەدڵدایە بەرامبەر قورەیش[146]. پێغەمبەر وتی: سەعد درۆیکردوە، ئەمڕۆ رۆژی میهرەبانییە، ئەمڕۆ خودا قورەیشی سەربەرزکرد، ئیدی ناردی بەشوێن سەعددا، بۆ ئەوەی ئاڵا لە سەعد بسەننەوە و بیدەنە دەست قەیسی کوڕی سەعد، هەندێک دەڵێن داوێتیە دەستی زوبیر کە قورەیشی بوو، نەوەك قەیسیش شتێکی خراپ بکات)[147].

6- بەڵام لە هەموو مانە مەترسیدارتر، کە مۆرکی خێڵەکی و سیاسی هەڵگرتبێت، ئەو پەشێوییە «تیۆلۆژییە» بوو کە لە مەرجەکانی حودەیبیەدا دروستبوو، لەوێدا هەستی باوەڕداران تەواو بریندار کرا، بەهۆی ئەو مەرجە لاسەنگانەوە کە لەو سوڵحەدا رێککەوتنی لەسەر کرا.

پێغەمبەر لە کردەوەکانی پێشوتریدا هەمیشە ئەوەی دووپاتکردۆتەوە کە ئەو مرۆڤە و وەک مرۆڤ هەڵسوکەوت دەکات، هەر هەڵەیەکیشی کردبێت گێراویەتییەوە بۆ ئیجتیهادی خۆی وەك مرۆڤ، زمانحاڵی خۆی دەیگوت «وەک زەمەخشەری دەڵێت» من مرۆڤم، بەندەیەکی لاوازم، گەر وانەبوایە (لە جەنگدا جارێک سەرنەدەکەوتم جارێکی تر تێکنەدەشکام، لە بازرگانیدا سود و زیانم وەک یەک نەدەبوو، لە را و تەگبیردا جارێک دروست و جارێك نادروست نەدەبووم) [148]. لەراستیدا ئەم بنەمایە لای هاوەڵەکانی بەڵگە نەویستبوو، ئەوان جیاوازییان دەکرد لەنێوان محەمەد وەك مرۆڤێک کە مامەڵەی رۆژانەی لەگەڵ دەکەن و وەک محەمەد قسە دەکات و هەڵوێست دەگرێت، لەگەڵ محەمەدێك کە

پەیامبەرە و سروشی بۆ دێت و وەك نوێنەری خودایی قسە دەکات. بەڵام لە حودەیبییەدا وانەبوو، بۆ یەکەمجاریش لەوەتی بۆتە پەیامبەر پەیامەکەی دەخاتە نێو دوو کەوانەوە، واتە دەیخاتە جێگەی گومانەوە، پوختەی بەسەرهاتەکەش ئەمەیە: (پێغەمبەر بە نیازی مەککە هاتەدەر و وەک عەمرەکارێک بەرەو مەککە کەوتەڕێ نەك وەك جەنگاوەر، بەڵام قورەیش هەموو هێزەکانیان کۆکردەوە، چونکە وایاندەزانی پێغەمبەر دەیەوێت بەزۆر بچێتە ناو مەککەوە، بەڵام ئەو عوسمانی نارد بۆ ئەوەی تێیان بگەیەنێت کە ئەو نەهاتوە بۆ جەنگ بەڵکو هاتوە بۆ عەمرە. کاتێك عوسمان درەنگ کەوت لە گەرانەوەیدا، موسوڵمانان وایانزانی کوژراوە، ئیدی هەموو بەیعەتیان بە پێغەمبەردا لەسەر مردن، ئەو بەیعەتە لە کتێبەکانی ژیاننامەدا بە (بەیعەتی رضوان) ناسراوە، کاتێکیش قورەیش بینییان خەڵک چۆن بەیعەت دەدەن و ئامادەی مردنن بەپەلە هەوڵیاندا دانووستاندن بکەن، لەبەرئەوە (سهیل کوڕی عەمر)یان نارد بۆ ئەوەی پێغەمبەر ئەمساڵ بگەڕێتەوە ساڵی داهاتوو بێتەوە بۆ عەمرە، بەڵام بێ چەك تەنیا چەکی ئەسپسوارێك نەبێت)، ئیدی لەگەڵ شۆکی موسوڵمانەکان کە پانزە رۆژبوو لەو دەشتە چاوەڕێ بوون، پێغەمبەر هەموو مەرجەکانی سوڵحەکەی قورەیشی پەسەندکرد، لەبەرئەوە داوای کەسێکی کرد سوڵحەکە بنووسێتەوە، بەڵام عومەر کە ئەو مەرجە قورسانەی بینی بەپەلە هاتە لای پێغەمبەر، وەك ئیبن هیشام دەگێڕێتەوە (کاتێك سوڵحەکە تەواوبوو تەنیا نوسینی مابوو، عومەر راپەڕی بۆلای پێغەمبەر، وتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئایا تۆ پێغەمبەر نیت؟ وتی: بەڵێ بێگومان. وتی: ئەی ئێمە موسوڵمان نیین؟ وتی: بەڵێ بێگومان. وتی: ئەی ئەوان بێباوەڕ نین؟ وتی: بەڵێ بێگومان. وتی: ئەی ئیتر بۆچی زەلیلی لە ئایینەکەماندا قبوڵ بکەین؟ پێغەمبەر وتی: من بەندەی خودام پێغەمبەری ئەوم، لە فەرمانی یاخی نابم، ئەویش دەمپارێزێت). (واقیدی) دەڵێت: عومەر ئەوەندە قسەکانی دووبارە کردەوە تاکو (ابوعبیدە) ئاگاداریکردەوە. وتی: عومەر گوێت لێنییە پێغەمبەر چۆن وەڵامت دەداتەوە، شەیتان بەنەفرەت بکە و رای خۆت بە خراپتر بزانە لە رای پێغەمبەر، ئیدی عومەر لەبەر خۆیەوە شەیتانی بەنەفرەت دەکرد، تا پێغەمبەریش پێی وت: عومەر من رازی بووم تۆ رازی نابیت؟ عومەر لەدواییدا کە بیری ئەو مەسەلەیەی دەکەوتەوە دەیوت: لەو رۆژەدا هێندە گومانم بۆ دروست بوو لەوەتی موسوڵمان بووم شتی وام نەدیوە، هێندیش چوومەوە

بۆ لای کە هەرگیز شتی وام نەکردوە، خۆ ئەگەر کۆمەڵێکم لەگەڵدا بوایە ئەو ڕۆژە یاخی دەبووم). ئەوەی زیاتر موسوڵمانەکانی تووشی هەستکردن بە زەلیلی کرد، ئەوەبوو لەو کاتەدا (ابوجندل کوڕی سهل کوڕی عمرو)، کە لەو موسوڵمانانە بوو بەدیلی پێش حودەیبیە کەوتبوە دەست قورەیش، ئەو خۆی لە دیلی دەربازکردبوو، هەر بە کۆتەکانی دەستیەوە هات بۆ لای پێغەمبەر لەوکاتەدا پێغەمبەر سوڵحەکەی دەنووسی لەگەڵ (سەهل باوکی ابوجەندەل). کاتێک (سهیل) سەری هەڵبڕی و کوڕەکەی بینی هەستا و لە کوڕەکەی دا و سەرسنگی گرت، بە موسوڵمانەکانی وت: بیگێڕنەوە، پێغەمبەر وتی: ئێمە جارێ نووسینەکەمان تەواو نەکردوە، بەڵام (سهیل) وتی: بەخوا یەک وشە نانووسم تا نەیگێڕیتەوە، پێغەمبەر ناچار کوڕەکەی گێڕایەوە بۆ (سهیل). لەو کاتەدا (ابوجندل) هاواریکرد: موسوڵمانان، دەمگێڕنەوە بۆ ناو بێباوەران بۆ ئەوە هەڵمبگێڕنەوە لە ئایینەکەم؟ «ئیتر موسوڵمانان لەداخدا دەگریان بۆ قسەکانی (ابوجندل)»، بەڵام وانەی واقعبینی کە دەبوو موسوڵمانەکان فێری بن لەوێدا کۆتایی پێنەهات، بەڵکو (کاتێك کاغەز و مەرەکەبیان هێنا و پێغەمبەر فەرمانیکرد بە عەلی کە بنووسێت «بسم الله الرحمن الرحيم»)، (سهیل) وتی: من رەحمان ناناسم، بنووسە «باسمك اللهم»، موسوڵمانەکان هێندەی تر ناڕەحەتبوون وتیان: رەحمان ناوی خودایە، بەڵام پێغەمبەر وتی: بنووسە «باسمك اللهم»، ئەمە ئەو خاڵانەیە کە محەمەد پێغەمبەری خودا رێککەوتووە لەسەری لەگەڵ (سوهیل). سوهیل وتی: ئەگەر بمزانیبا تۆ پێغەمبەری خودایت شەڕم لەگەڵ نەدەکردیت [149]. موسوڵمانەکان ئەم جارە زۆر لە جاری پێشوو توندتر هەرایان نایەوە، هەندێک لە هاوەڵان وتیان: هەردەبێت بنووسرێت «محەمەد رسول الله»، ئەگەرنا شمشێر لەنێوانماندا دەبێت، بەڵام پێغەمبەر بەدەست ئاماژەی بۆ کردن بۆ ئەوەی هێوربېنەوە، پاشان پێغەمبەر بە عەلی وت وشەی «رسول الله» بسڕەوە، بەڵام عەلی وتی: بەخوا من هەرگیز نایسڕمەوە، ئیدی پێغەمبەر بەدەستی خۆی سڕییەوە، وتی بنووسە (ئەمە ئەو سوڵحەیە کە لەنێوان محەمەد کوڕی عەبدوڵڵا و سوهیلدا کراوە، ئەوان رێککەوتن لەسەر ئەوەی بۆ ماوەی دە ساڵ شەڕ رابگرن لەگەڵ یەکتر، لەو دە ساڵەدا خەڵکەکە بە ئارامی بژین، هەرکەسێك حەزی کرد بچێتە ناو هاوپەیمانێتی محەمەدەوە، دەتوانێت بچێت، هەر لایەکیش بیەوێت بچێتە هاوپەیمانێتی قورەیشەوە دەتوانێت بچێت) [150].

وا دیارە پاش مۆرکردنی پەیماننامەکە یاخیبوونێك لەنێوان ریزەکانی هاوەڵاندا دروستبووە، بەڵگەشمان ئەوەیە کە کتێبەکانی ژیاننامە دەیگێڕنەوە (کاتێك پێغەمبەر لە نووسینەوەی سوڵحەکە بۆوە لەگەڵ قورەیش، پێغەمبەر وتی: هەڵسن سەرتان بتاشن و قوربانییەکانتان سەربڕن، بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە، ئەو سێ جار ئەو قسەیەی دووبارە کردەوە، بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە، ئیدی پێغەمبەر چوو بۆ لای (ام سلمە) ی خێزانی، ئەو زۆر تووڕە و ناڕەحەتبوو پاڵکەوت، (ام سلمة) وتی: ئەوە چی رووداوە ئەی پێغەمبەری خودا؟ چەندجارێک ئەم پرسیارەی کرد و ئەو وەڵامی نەبوو، پاشان وتی: سەیرە، پێم وتن هەڵسن قوربانیەکانتان بکەن و سەرتان بتاشن کەچی کەس بە قسەم ناکات، ئەوان گوێم لێدەگرن و سەیرم دەکەن و هیچ ناکەن، (ام سلمة) وتی گلەییان لێ مەکە، ئەوان کۆستێکی گەورەیان کەوتوە بەو سوڵحەی کردووتە و دەبێت بێ هیچ شتێکیش بگەڕێنەوە)[151].

لە گێرانەوەیەکدا دەڵێت: عومەر وتی: (لەگەڵ پێغەمبەردا دەرۆیشتم کاتێک لە حودەیبییە دەگەراینەوە، لێم پرسی وەڵامی نەدامەوە پاشان لێم پرسی وەڵامی نەدامەوە، لە دڵی خۆمدا وتم، دایکت شینت بۆ بگێڕێ عومەر، سێ جار پرسیارت لە پێغەمبەر کرد و وەڵامی نەدایتەوە، دەڵێت: پاش ئەوە حوشترەکەم بادا و گەرامەوە بۆ ناو خەڵک، ئەترسام قورئان لەسەرم دابەزێت)[152].

هەرواش بوو قورئان دابەزی، بۆ ئەوەی ئەو هەڵوێستە یەکلایی بکاتەوە، بەڵام لەوانەیە بۆ یەکەم جاربێت تەنانەت قورئانیش هەڵوێستەکە یەکلایی نەکاتەوە، کاتێک سورەتی (الفتح) دابەزی: إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُبِينًا (1) لِيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ وَيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ وَيَهْدِيَكَ صِرَاطًا مُسْتَقِيمًا (2) وَيَنْصُرَكَ اللَّهُ نَصْرًا عَزِيزًا (3) هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ السَّكِينَةَ فِي قُلُوبِ الْمُؤْمِنِينَ لِيَزْدَادُوا إِيمَانًا مَعَ إِيمَانِهِمْ وَلِلَّهِ جُنُودُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا (4) لِيُدْخِلَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَيُكَفِّرَ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَكَانَ ذَلِكَ عِنْدَ اللَّهِ فَوْزًا عَظِيمًا (5) وَيُعَذِّبَ الْمُنَافِقِينَ وَالْمُنَافِقَاتِ وَالْمُشْرِكِينَ وَالْمُشْرِكَاتِ الظَّانِّينَ بِاللَّهِ ظَنَّ السَّوْءِ عَلَيْهِمْ دَائِرَةُ السَّوْءِ

وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَلَعَنَهُمْ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيرًا (6). بەڵام هەندێك لە هاوەڵان هەر بێزار بوون دەیانووت ئەمە فەتح نییە، ڕێگەیان لێگرتین بچین بۆ ماڵی خودا ڕێگە لە قوربانیەکانیشمان گیرا) [153]. کاتێك ئەم قسەیە بە پێغەمبەر گەیشتەوە وتی (قسەیەکی خراپیان کردووە، بەڵکو ئەمە گەورەترین فەتحە، بێباوەران ڕازیبوون بەوەی بەخۆشی لە بەراح (شوێنێکە لە نزیك مەککە. و.ك) بتانگێڕنەوە داوای سازشیان کرد، شتێکیان لە ئێوە بینیوە کە دڵی تەنگ کردوون، خودا ئێوەی بەسەریاندا سەرخست، خوداش بە سەلامەتی ئێوەی گێرایەوە، بەراستی ئەمە گەورەترین فەتحە) [154].

لەراستیدا تاکو لەو بێزاری و ناڕەزاییەی موسوڵمانەکان تێبگەین کە بە ئاقاری یاخیبووندا دەڕۆیشت، ئەبێ لەو بارودۆخە تێبگەین کە لەپێش ئەو ڕێککەوتنەدا هەبوو، بێجگە لە شێوازی نووسینەوەی سوڵحەکە کە هەستی موسوڵمانەکانی بریندار کردبوو، و ڕێگەی لێگرتن بچنە مەککەوە، ناچاربوون قوربانیەکانیان لە دەرەوەی مەککە سەرببڕن، لەگەڵ ئەوەشدا نزیکەی بیست شەو لە (**بەراح**) مانەوە. سوپاکە نزیکەی هەزار و چوارسەد کەس دەبوون، بیری حودەیبیەش ئاوی کەم بوو، ئیدی سوپاکە هێندە ئاویان لێ هەڵێنجا تا ئاوی تێدا نەما، وەک بوخاری دەگێڕێتەوە، ئیتر ئاوی خواردنەوە و دەستنوێژیش تەواو بوو، ئینجا کێچیش تێیدان تەنانەت هەندێکیان کێچ بەسەر روویدا بڵاوبووبۆوە، وەك (کەعب کوڕی عەجرە)[155]، لەبەرئەوە بەلایانەوە قورس بوو باوەڕ بەوە بکەن کە ئەم سازشە سەرکەوتن بێت، نەك «گەورەترین فەتح» بێت[156].

بەهەرحاڵ حودەیبیە لەوێدا کۆتایی پێنەهات، بەڵکو چەندین ئاسەواری تری بەدوای خۆیدا هێنا. پاش ئەوەی موسوڵمانان گەرانەوە بۆ مەدینە، سەرچاوەکانی ژیاننامە باس لەوە دەکەن (ابو بصیر) کە یەکێك بوو لەوانەی لە مەککە مابۆوە و لەبەرئەوەی موسوڵمان بوو نەیاندەهێشت دەربچێت، ئەو لە زیندانەکەی هەڵاتبوو هات بۆ لای پێغەمبەر لە مەدینە[157]، بەڵام خەڵکی مەککە نامەیان نارد بۆ پێغەمبەر کە دەبێت (ابوبصیر) یان ڕادەست بکەنەوە بەپێی دەقی سوڵحنامەکە [158]، ئەوان بۆ پێغەمبەریان نووسیبوو (خۆت ئەزانی ئێمە چ مەرجێکمان لەگەڵ تۆدا کردووە، بەوەی کە دەبێت کەسەکانی

ئێمە بگێڕێتەوە گەر رایانکرد بۆ لای تۆ)، لەبەرئەوە فەرمانیکرد (ابوبصیر) بگەڕێتەوە، کاتێکیش (ابوبصیر) وتی «ئەمگێڕیتەوە بۆئەوەی هەڵمبگێڕنەوە لە ئایینەکەم؟». پێغەمبەر وتی: (خۆت دەزانیت ئێمە چ مەرجێکمان لەگەڵ ئەوان کردووە، نابێت ئێمە پەیمان بشکێنین، خودا دەرچەیەکی رزگاربوون بۆ تۆ و هاوڕێکانیشت دەکاتەوە) [159]، بەڵام (ابو بصیر) وەک (ابوجەندەل) نەبوو، بەڵکو لە دڵی خۆیدا بریاری دابوو وا بەئاسانی تەسلیم نەبێت، بۆیە نێردەکەی قورەیشی لە رێگە کوشت و رووتیکردەوە و هاتەوە بۆ لای پێغەمبەر[160]، ئەو وایدەزانی شتێکی باشیکردوە بۆیە ئەوانەی لە کوژراوەکەی سەندبوو ویستی بیدا بە پێغەمبەر، بەڵام ئەو قبووڵی نەکرد بەڵکو پێی وت کە لە مەدینە دەربچێت بۆکوێ دەچێت بابچێت، پاشان رۆیشت لە پەنا دەریادا لەسەر رێگەی کاروانی قوڕەیش بۆ شام دانیشت، بۆ ئەوەی رێگە بە کاروانی قورەیش بگرێت، ئینجا کە موسوڵمانە گیرخواردوەکانی مەککە ئەمەیان بیست یەکەیەکە خۆیان دەرکرد و چوون بۆ لای (ابوبصیر)، ئیدی بوونە نزیکەی حەفتا کەس، یەکێك لەوانە (ابو جەندەل) بوو، (هەندێکیتریش لە غیفار و جوهەینە دایانە پاڵیان، لە خێڵە عەرەبەکانیش ئەوانەی موسوڵمان ببون هاتنە پاڵیان تا ژمارەیان گەیشتە سێسەد کەس، ئیدی رێگەی قوڕەیشیان بڕی، هەرکەسێکیان بگرتایە دەیانکوشت و ماڵەکەشیان دەبرد)[161]. بەو شێوەیە دەبینین (ابو بصیر) یاخیبوو لە فەرمانی پێغەمبەر و نێردەکەی قورەیشی بە ناغافڵ کوشت، بەڵکو سوڵحی حودەیبیەی هەڵوەشاندەوە و بووە کەسێکی یاخی و لە دەرەوەی فەرمانی پێغەمبەر قەوارەیەکی دروستکرد.

لێرەوە دەگەینە چی؟ بەپێی لۆژیکی ئەرستۆ دەگەینە یەک دەرەنجام: پێغەمبەر (پەیامبەر) بەمانای وشە پەیامبەر بووە، وەك هەر پێغەمبەرێکی تریش ئەرکی ئەو تەنیا گەیاندنی پەیامە، بێ ئەوەی تەنانەت مافی لێکدانەوەی دەقیشی هەبێت، هەر کاتێکیش لەلای خۆیەوە شتێک دەڵێت یان شتێك دەکات -واتە بێ گەرانەوە بۆ سروش- یان تەنانەت کاتێك لە دڵی خۆیشیدا ئاواتێک دەخوازێت، ئیدی ئەو کارە وەك پێغەمبەر ناکات، بەڵکو هەر دەبێتە مرۆڤێك و یاساکانی مرۆڤی بەسەردا دەچەسپێت، جاری واهەیە دەیپێکێت هەندێک جاریش نایپێکێت.

بەڵکو هەندێک جار ڕێگەشی لێ تێک دەچێت: (قل ان ضللت فانما اضل عەلى نفسي ان اهتديت فبما يوحي الي ربي) (سبأ: 5). جا **لەبەرئەوەی پێغەمبەرە بۆی نییە لە لایەنی خۆیەوە شەرع دابنێت هەروەها لەلایەنی خودایشەوە تەنیا سیفەتی شەرع بۆدانراوی پێدراوە،** لەراستیدا هەر وشەی شەرع یەک جار لە قورئاندا هاتووە، ئەو جارەش بۆ ئەوەیە بڵێت کە پێغەمبەر شەرعێکی بۆ نێرراوە و بەسەریدا فەرزکراوە، نەك خۆی شەرع دابنێت، لەبەرئەوە هیچ بژاردەیەکی تری نییە -لەترسی گومرابوون- تەنیا شوێنکەوتن نەبێت (ثم جعلناك عەلى شريعة من الامر فاتبعها ولا تتبع أهواء الذين لايعلمون) (الجاثية: 18) [162].

ئەوەی بەسەر شەریعەتدا دەچەسپێت بەهەمان شێوە بەسەر سوننەتیشدا ڕاست دەردەچێت. **پێغەمبەر سوننەتی بۆ دانراوە نەك سوننەت دانەربێت، چونکە سونەت لەسەر سوننەتی خودا کورتکراوەتەوە،** لەکاتێکدا دەستەواژەی (سوننەتی خودا) هەشت جار دووبارە دەبێتەوە لەو هەشت جارە شەش جاریان ڕوودەکاتە پێغەمبەر خۆی، وەک ئاگادارکردنەوەیەك (فلن تجد لسنة الله تبديلا ولن تجد لسنة الله تحويلا) (فاطر: 43). **ئەوەی کە لە قورئاندا جێگەی نابێتەوە وشەی سوننەتی پێغەمبەرە، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەو دەستەواژەیە لە ناو کتێبەکانی ژیاننامە و تەفسیر و فیقهـ و فەرمودە ئامادەیی گەورەیان دەبێت. بەڵام ئەو وەرچەرخانە لە ئیسلامی قورئانییەوە بۆ ئیسلامی سوننی هۆی چیە؟**

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت **لە پەیامەوە** بگوازینەوە **بۆ مێژوو**، بۆ زانیاریش ئەوەی مەبەستمانە لە پەیام لێرەدا، تەنها ئەوەیە کە داواکراوە لە محەمەد بیگەیەنێت بەبێ ئەوەی ڕۆڵێکی تری هەبێت، جگە لە ئەمانەت و ڕونکردنەوە لەگەیاندندا، مەبەستیشمان لە مێژوو بریتییە لە چۆنیەتیی خوێندنەوەی ئەو پەیامەی کە پێغەمبەر ڕاسپێراوە بە گەیاندنی لەلایەن خەڵکەوە، بەتایبەتی چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵگری ئەو پەیامەدا، بۆئەوەی نەک تەنها لە پەیام بۆنێردراوێکەوە بگۆڕێت بۆ نێرەرێک، بەڵکو هەروەها لە یاسابۆدانراوێکەوە بۆ یاسادانەرێکیش[163].

## پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

1- پێدەچێت هەر لەبەرئەوەش بێت کە پێغەمبەر بەپێچەوانەی پێغەمبەرەکانی ترەوە هیچ موعجیزەیەکی نەبووە. بڕوانە کتێبی: **المعجزة أو سبات العقل في الاسلام**.

2- ئەمە ئەگەر بتوانین ئەو ئایەتە لەسیاقی خۆی دەربکەین و بیگشتێنین وەك چۆن ئوسوڵیەکان دەیکەن.

3- (کەلامی خودا) یان (سروشێك لە خوداوە) ئەمە ئیشکالیەتی گەورەی لاهوتی ئیسلامیە، کە تائیستاش گیرۆدەی دەستی «بیرلێنەکراوەییە- لامفکر فیە» هەرچەند قورئان خۆی دەفەرموێت» هیچ مرۆڤێک نییە خودا قسەی لەگەڵ کردبێت، مەگەر بە وەحی نەبێت، یان لە پشتی پەردەوە یاخود پەیامنێرێکی بۆ دەنێرێت بەودا وەحیی بۆ دەکات) (الشوری: 647).

4- لێرەدا وشەی (تەئویل) دەخەینە نێوان دوو کەوانەوە تا ئاماژە بەوە بدەین کە ئەم وشەیە تا سەردەمی تەبەری «کە هەزاران جار بەکاری دێنێت» ئەو مانا مەرکەزیە نەبووە کە دوایی پێی دەدرێت، وەك چۆن شیعەکان لە بری وشەی «تەفسیر» بەکاری دێنن.

5- محەمەد بن جریر الطبري، جامع البيان في تأويل القران، تحقيق: ئەحمەد محەمەد شاکر، مؤسسة الرسالة، بيروت 2000، ج10، لا471.

6- نفسه، ج22، لا97.

7- الطبري، سەرچاوەی پێشوو، ج17، لا508.

8- ابو الحسن الواحدي النيسابوري، اسباب النزول، لە پەراویزەکەشیدا: الناسخ والمنسوخ: هبة الله بن سلامة، بيروت، لا218.

9- الطبري، ج18، لا382.

10 عبد الله بن وهب المصري، الجامع في تفسير القران، تحقيق ميكلوش موراني، جامعة بون، دار الغرب الاسلامي، بيروت، 2003. ج2، لا41- 42.

11- لە کات و شوێندا بەدوای یەکدا دێن، بەڵام لە »مصحف عثمان«یدا بەشکراون لەنێوان سورەتی النساء و سورەتی طه.

12- الواحدي النيسابوري، اسباب النزول، سەرچاوەی پێشوو، لا111- 112. بەڵام حیکایەتەکە پەشێوی

تێدایە، چونکە ئاشکرایە ابو هريرة کاتێک موسوڵمان بوە تەمەنی تەنیا 30 ساڵ بوە ئیتر چۆن دەبێت وەچەکەی ئەو پێغەمبەری بینیبێت لە ژیانی خۆیدا؟

13- توێژەرێک سەرنجی ئەوە دەدات کە ئەو کارە وەحی کردویەتی کاتێک پێغەمبەر هەڵوێستەکەی حەبیبەی پشتراستکردۆتەوە، کەچی وەحی ئەم هەڵوێستە ئیدانە دەکات و دەڵێ بەگوێرەی (قوامیة)ی پیاو هەڵوێستی پیاوەکەی راستە، چونکە نەریتی کۆمەڵایەتی ئەو کاتە ئەوەی قەبووڵ بووە کە ژنێک مافی خۆی لە مێردەکەی بسەنێتەوە. (بسام الجبل، اسباب النزول، المركز الثقافي العربي، اصدارات المؤسسة العربية للتحديث الفكري، بيروت 2005، لا241.

14- ابن هشام المعافري، السيرة النبوية، تحقيق: سعيد محەمەد اللحام، دار الفكر بيروت 2001، ج1، لا231.

15- الطبري، ج17، لا 645.

16- هەمان سەرچاوە، ج18، لا225.

17- معروف الرصافي، الشخصية المحەمەدية، أو حل اللغز المقدس، منشورات الجمل، كولن، 2002، لا 414.

18- لە **الكشاف**ی زەمەخشەریدا هاتوە »شەیتان وەسوسەی خستە دڵیەوە... ئیتر زمانی پێشیکەوت و هەڵەی پێکرد«.

19- واحدی دەڵێت (جوبرەئیل هات بۆ لای پێغەمبەر و پێیوت: قورئانەکەم بەسەردا بخوێنە، کاتێک خوێندی، جوبرەئیل وتی: ئەمەیان من بۆم نەهێناویت).

20- الواحدي النيسابورى، اسباب النزول، لا 231- 232.

21- هەر هۆی ئەوەش بوو کە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا موسوڵمان توشی شۆک دەبێت بە کتێبەکەی سەلمان روشدي **ايات شيطانية.**

22- نظام الدين القمي النيسابوري، تفسێر غرائب القرآن ورغائب الفرقان، تحقيق زكريا عميران، ج10، لا165.

23- الطبري، ج18، لا135.

24- ابن حيان الاندلسي، التفسير الكبير، طبعة مكتبة النصر الحديثن، الرياض، ج4، لا 133- 134.

25- ئەم دەستەواژەیەی «ابن كثير» کە لە تەفسیرەکەیدا بەناوی تەفسیری ابن کثیر ناسراوە، دارطيبة، چ2، الرايض 1999، ج3، لا259.

26- تەنانەت بوخاري کەخۆی لەو کەسانەیە ئیسلامیان گۆڕیوە بۆ ئیسلامی فەرمودە دەڵێت (بەشێک بە ناوی ئەوەی لە پێغەمبەر بپرسرایە لەشتێک کە وەحی تێدا دانەبەزیوە، دەیووت: نازانم، یاخود وەڵامی نەدەدایەوە، تاکو وەحی بۆ نەهاتبایە).

27- الواحدي، اسباب النزول، لا106.

28- مەبەست ئایەتی میراتیە (یوصیکم الله في اولادکم للذکر مثل حظ الانثیین) (النساء: 11)

29- الواقدي، کتاب المغازي، ت: مارسدن جونس، عالم الکتب المصورة، جامعة اکسفورد، لندن، 1966، بیروت. بلاتاریخ، ج1، ص331.

30- عمر دەڵێت: لەدوای خۆم شتێک وەک مانای «الکلالة» گرنگ جێناهێڵم چەند جارێکیش لەو بارەوە پرسیارم لە پێغەمبەر کردوە، تاکو جارێک بە زبری وەڵامی دامەوە.

31- مسلم بن حجاج، صحیح مسلم، تحقیق محەمەد جواد عبد الباقي، دار احیاء التراث العربي، بیروت، ج3، ص1234، الحدیث رقم 1616.

32- ابن قتیبة، تأویل مختلف الحدیث، دار الجیل المصورة، بیروت ا973، ص198. کەلالە وەک دەردەکەوێت بریتیە لە ژن و پیاوەی دەمرن و منداڵیان لەپاش بەجێ نامێنێت، پێدەچێت وشەکە ڕەگێکی سریانی هەبێت.

33- ابوعمر نادي الازهري، المقبول من اسباب النزول، نقلا عن عبد الکریم خلیل، النص المؤسس ومجرمعه، دار مصر المحروسة، ط2، القاهرة، 2004، السفر الاول، ص173.

34- الطبري، ج4، لا412.

35- غرائب القرآن، مصدر سابق، ج7، ص 104- 105.

36- ابن سعد، الطبقات الکبری، دار صادر، بیروت، د. ت، ج4، ص211.

37- الالوسي، روح المعاني، دار احیاء التراث العربي، بیروتر، ج5، ص121.

38- الطبري ج5، لا410.

39- ابن هشام، السیرة النبویـة، ج2، ص190.

40- ئەگەر ئەم چیرۆکە ڕاست بێت ئەوە پێشەکیەکە بۆ جەنگی (الجمل) لە نێوان عەلی و عائیشەدا.

41- لە ریوایەتێکی تردا کە بوخاری دەیگێڕێتەوە (پێغەمبەر مانگێک چاوەڕێ بوو وەحی بۆ نەهات، ئینجا بە عائیشەی وت: ئەگەر بێتاوان بیت ئەوە خودا دەریدەخات، خۆ ئەگەر گوناهێکت کردوە ئەوە

تەوبە بکە. چونکە بەندە ئەگەر تەوبەی کرد خودا لە تاوانەکانی خۆش دەبێت).

42- ابن هشام، ج3، ص211- 215.

43- ئەمە هەر لە دونیای عەرەبدا وانییە، بەڵکو لە هەموو ئەو شوێنانەی مۆدێرنەی وەرنەگرتوە و نەبۆتە دیموکراسی: یەکسانی نێوان نێر و مێ نییە.

44- ئەو ڕستەیەی لەنێوان دوو کەوانەکەدایە لە دەقەکەی تەبەریدا کەوتووە.

45- الطبري، ج19، ص111.. لێرەدا تێبین دەکەین کە شاهیدی ژن و پیاو وەک یەکن.

46- ابن سعد، الطبقات الكبرى، ج4، ص208.

47- الطبري، ج24، ص219.

48- اسباب النزول، ص232.

49- الطبري، ج5، ص586.

50- هەمان سەرچاوە، ج4، ص273- 274.

51- ساباب النزول، ص214.

52- ئەوە شێوە نوسینی تەبەریە، هەڵەیەکی زمانەوانی تێدایە بەڵام کار لە ماناکەی ناکات.

53- الطبري، ج11، ص376.

54- الطبري، ج14، ص61- 62.

55- اسباب النزول، ص134.

56- الطبري، ج9، ص175.

57- لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا تەبەری دەڵێت (کافرەکان حەز دەکەن تا تۆزێک نەرمییان بۆ بنوێنێت لە ئاییندا بەوەی پاڵ بدەیتە لای خوداکانیان ئەوانیش نەرم ببن بۆ پەرستنی خوداکەی تۆ).

58- الطبري، ج4، ص56.

59- الواحدي، اسباب النزول، ص89.

60- الفخر الرازي، مفاتيح الغيب، دار الكتب العلمية، بيروت، 2000، ج3، ص190.

61- جلال الدين السيوطي، لباب النقول في اسباب النزول، دار البيان العربي، القاهرة2002، ص68.

62- الطبرسي، مجمع البيان في تفسير القرآن، منشورات مؤسسة الاعلمي، بيروت 1997، ج2، ص386.

63- السيرة النبوية، ج4، ص54.

64- الطبري، ج14، ص511.

65- الجامع تفسير البيان، ج1، ص102.

66- البخاري، الجامع المسند الصحيح، تحقيق محەمەد زهير الناصر، دار طوق النجاة، بيروت، بيروت، 1422هـ، ج5، ص51، الحسيث رقم 3884.

67- ئایەتی ژمارە41 سورەت ابراهيم (ربنا اغفر لي والوالدي وللمؤمنين يوم يقوم الحساب).

68- اسباب النزول، ص197- 198.

69- الطبري، ج18، ص59.

70- ئەم ئایەتە بەهەمان شێوە لە ئایەتی 59 سورەتی الروم دووبارە بۆتەوە.

71- ئەم ئایەتە بە هەمان شێوە لە سورەتی النحل ئایەتی 127 دووبارە بۆتەوە.

72- شایانی باسی (لاء النافية) لە هەندێك شوێندا دەوری (لاء الناهة) دبينێت، وەك (لايحل لك النساء من بعد).

73- العلق: 1، النساء: 176.

74- الطبري، ج3، ص374.

75- ابن سعد، الطبقات الكبرى، ج8، ص101- 103. ئەوەی سەیرە عبدالرحمن بدوي لە گوتارێكدا هێرشدەكاتە سەر ئەو چیرۆكە و دەڵێت لە دروستكراوی ئەوروپییەكانە، هەروەها بینی زەینەب بەو شێوەیە لە داهێنانی نووسەرێكی خەفەكراوی سێكسیە ناوی (گۆدفرۆ)یە، نوسەری كتێبی محەمەد 1956، لەكاتێكدا ئەم چیرۆكانە هەمووی لە تەبەری و ئەوانی تردا هەیە. بڕوانە (الدفاع عن سيرة النبي محەمەد ضد المشنعين عەليە)منشورات افكار، باريس، 1990، ص93- 94.

76- الواحدي، اسباب النزول، ص265.

77- ابن سعد، الطبقات الكبرى، ج8، ص152- 153.

78- هەمان سەرچاوە، ج8، لا 156.

79- هەمان سەرچاوە، ج8، لا 186- 187.

80- الطبري، ج23، ص477.

81- بوخاری لە ئیبن عباس دەگێڕێتەوە (هەر دەمویست پرسیار لە عمر بكەم سەبارەت بەو ئایەتە، لەدواییدا لەكاتی حەجدا لێم پرسی، ئەو ئایەتە «ان تتوبا اليالله فقد صغت قلوبكما» لەسەر كەم

خێزانانەی پێگەمبەر دابەزیوە؟ عمر وتی: عائیشە و حفصة!) (فەرمودەی ژمارە: 2336).

82- بۆ نموونە بڕوانە ئایەتی 38 سورەتی فاطر ئایەتی 59 سورەتی انعام، ئایەتی 65 سورەتی النمل، ئایەتی 4 سورەتی التغابن.

83- سورة التحريم، الاية: 3.

84- غرائب القرآن، ج13، ص482.

85- زەمەخشەری دەڵێت: ئەمە هەڵەیەک بوو لە پێغەمبەرەوە، چونکە کەس ناتوانێت شتێک حەرام بکات کە خودا حەڵاڵیکردوە.

86- ئەوە قسەی مقاتل بن سليمان بووە.

87- الطبري، ج20، ص252.

88- الطبري ج20، ص252- 253.

89- الطبري، ج2، ص290 ئەم ئایەتە هەندێک جار دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو قسانەی لە سەردەمی مۆدێرنەدا هەندێك لە داکۆکیکاران لە مافی ژنان دەیانەوێ لەگەڵ ئایەتی (ولن تستطيعوا ان تعدلوا بين النساء ولو حرصتم فلا تميلوا كل الميل فتذروها كالمعلقة) تاکو تێمان بگەیەنن کە بەوپێیە فرەژنی قەدەغە دەکرێت، لەکاتێکدا ئەم ئایەتە دانە بە حاڵەتێکی مرۆییدا دەنێت و هیچ حوکمێکی تێدا نییە.

90- ریوایەتەکە دەڵێت ئەوانەی پێغەمبەر وازی لێهێناون بێ تەڵاقدانیان (سودە کچی زمعة، جويرية وصفية و ام حبيبة، ميمونة)، ئەوانەی چۆتە لایان (عائیشە وزەینەب وحفصة وام سلمة) بوو. (الطبري، ج20، ص252).

91- ئەم قسەیە بەسەر پێغەمبەر خۆیشیدا راست دەردەچێت، ئەگەر ئەو ریوایەتانە وەربگرین کە دەڵێن پێغەمبەر خۆی دەستپێشخەر بووە خۆی دابڕیوە لە خێزاناکانی.

92- الطبري، ج21، ص254.

93- لە ریوایەتێکی تردا هاتوە ئەوان ئەو کەسانە بوون کە خۆیان هاتوونەتە لای پێغەمبەر و پەشیمانییان دەربڕیوە.

94- ابن هشام، ج4، ص137- 142.

95- لە ریوایەتێکی تردا دەڵێت: تەڵاقیان نادەم تا فەرمانم پێ نەکرێت، لێشیان خۆش نابم تا فەرمانم پێنەکرێت.

96- الطبري، ج14، ص448.

97- هەمان سەرچاوە، لا 455.

98- وبن هسام، ج2، ص204- 205.

99- الواقدي، المغازي، ج1، ص56.

100- النز: ئەو ئاوەی لە زەوی هەڵدەقوڵێت بێ هیچ شتێک.

101- الخمر: هەرشتێک بتشارێتەوە وەک دارێک یان دیوارێک یان هەرشتێکی تر.

102- الحرة: زەوییەکی سەخت و دژوارە لە نزیک مەدینەوە.

103- المغازي، ج2، ص645- 646.

104- ابولفرج الحلبي الشافعي، انسان العيون في سيرة الامين المأمون، المشهور بالسيرة الحلبية، دار الكتب العلمية، بيروت 2002، ج3، ص121.

105- یەکێک لەوانەی دەنگی ناڕەزایی بەرزکردەوە حسان کوڕی سابت بوو.

106- المغازي، ج3، ص956.

107- المغازي، ج2، ص487.

108- الطبقات الكبرى، ج2، ص73.

109- المغازي، ج2، ص386- 387.

110- ئەو فەرمودانە زۆرن کە باسی مرۆڤبوونی پێغەمبەر دەکەن و ئەگەری هەڵەکردنیشی هەیە، ئێمە توانیومانە شەست و پێنج فەرمودە لەو بارەیەوە بژمێرین، وەك:

- منیش مرۆڤم تووڕە دەبم و پەشیمان دەبمەوە وەک مرۆڤ.

- من تەنیا مرۆڤێکم، ئێوەش سکاڵای خۆتان بۆ لای من دێنن، لەوانەیە هەندێکتان لەوانی ترتان قسەزانتر بێت، لەبەرئەوە بڕیار لە لایەنی ئەوە بدەم، بەگوێرەی ئەوەی دەیبیستم، لەبەرئەوە هەرکەسێک مافی براکەیم پێدا با نەیبات چونکە ئەوە پارچەیەکە لە ئاگری دۆزەخ.

111- المغازي، ج2، ص580.

112- هەمان سەرچاوە لا 580.

113- المغازي، ج1، ص48 و 67، السيرة الحلبية، ج2، ص206.

114- المغازي، ج1، ص209- 211.

115- الطبري، ج7، ص243.

116- ئەبوبەكر الجصاص، الفصول في الاصول، تحرير عصمت الله غايت الله محەمەد، اسلام اباد، ج4، ص9.

117- الطوسي، التبيان في تفسير القران، تحقيق ئەحمەد العاملي، دار احياء التراث العربي، ج3، ص32.

118- البغوي، معالم التنزيل، تحقيق النمر و ضميرية والجرش، دارطيبة، ط4، الرياض 1997، ج2، ص124.

119- ابن كثير الدمشقي، تفسير القران العظيم، تحقيق سامي سلامة، دار طيبة، ط2، الرياض، 1999، ج2، ص149.

120- الحاكم، المستدرك عەلى الصحيحين، تعقيق مصطفى عبد القادرعطا، دار الكتب العلمية، بيروت، 1990، ج3، ص74، الحديث رقم، 4436.

121- ابن كثير، تفسير القران العظيم، ج2، ص149.

122- ئەو جەنگانە ماوەی سەد و بیست ساڵی خایەند، دوا جەنگیشیان جەنگی «بعاث» بوو پێش کۆچ بە پێنج ساڵ. کە هەردوو سەرۆکی ئەوس و خەزرەجی تێدا کوژران.

123- ابن هشام، السيرة النبوية، ج3، ص213- 214، والواقدي، المغازي، ص432.

124- کتێبەکانی (سیرة) رای جیاوازیان هەیە سەبارەت بەناو و ژمارەیان، بەڵام حسان کوڕی سابت، مسطح بن اثاثة، حمنة بنت جحش و عبيدالله بن جحش لەسەر ئەو ناوانە هەموو هاوڕان.

125- لەوانەیە دەقەکە سڕینەوە (نەسخ)ی تێکەوتبێت.

126- سيرة السهيلي، الروض الانف، دەڵێت کۆیلەیەکی ڕۆمی بوو لە ژنێکی ئەنساری ناوی باقوم بوو.

127- السيرة الحلبية، ج2، ص190.

128- بەپێچەوانەوە لێدانی زەنگ »ناقوس» تەنیا تایبەت نەبوە بە گاورەکان بەڵکو قورەیشیش ناقوسیان لێدەدا. ابن حجر العسقلاني، المطالب العالية، دار العاصمة، الرياض، 1419ک، ج3، ص63، الحديث رقم، 224.

129- ابن هشام، السيرة النبوية، ج2، ص116- 117.

130- بانگدان لە قورئاندا نەهاتوە، تەنانەت هەر وشەی (اذان)یش نەهاتوە لە قورئاندا.

131- عبد الرحمن السهيلي، الروض الانف، تحقيق عمر عبد السلام السلامي، دار احياء التراث العربي، بيروت، 2000، ج4، ص183.

132- السيرة الحلبية، ج2، ص133..

133- ئەم ئایەتە لە سورەتی الفتح ئایەتی 17دا بەهەمان شێوە دووبارە بۆتەوە.

134- لێرەدا با تێبینی ئەوە بکەیەن ئەم شێوازە (فاتقوا الله واطیعون) لەگەڵ ڕێزمانی عەرەبیدا یەکناگرێتەوە، واتە پەراندنی (ی)ی قسەکەر، بەڵام بۆ سازاندن لەگەڵ سیاقی ئایەتەکانی تردا ئەویش پەڕێنراوە.

135- الطبري، ج7، ص206.

136- هەمان سەرچاوە، ج13، ص576.

137- هەمان سەرچاوە، ص371.

138- کتێبەکانی «سیرة» هاوران لەسەر ئەوەی پێغەمبەر ئەو ڕێسایەی داڕشتوە (ئەوەی کەسێک بکوژێت تاڵانیەکەی بۆ خۆیەتی)، بەڵام محەمەد علي جواد لە المفصل في تاريخ العرب قبل الاسلام دەڵێت: ئەوە نەریتێکی سەردەمی جاهیلی بووە.

139- تێبینی ئەوە دەکەین کە یاسای پێنجیەکی ئیسلامی شوێن یاسای چواریەکی جاهلی گرتۆتەوە، ئەوەش واتە کەمکردنەوەی پشکی پێغەمبەر، ئەوەش یارمەتیدا بۆ ئەوەی عەرەب لە دەوری کۆببنەوە.

140- الطبري، ج23، ص276- 278، هۆکانی دابەزینی ئایەتەکە باس دەکات.

141- دەڵێن ئەوانە هاوەڵانی محەمەدن، بەتایبەت ئەبوبەکر و عمر. هەروەها دەووترێت بریتین لە فیقهزانەکان و زانایان، دەشوترێت: بریتین لە دەسەڵاتداران، بەڵام راسترینیان ئەوەیە کە ئەوانە بریتین: لە فەرماندەی دەستە جەنگاوەرەکان لە سەردەمی پێغەمبەردا (الطبري، ج8، ص496- 499).

142- السيرة الحلبية، ج3، ص175، لەراستیدا ئەوە تەنیا ئەنسار نەبوون، بێزارییان دەربڕی، بەڵکو زۆربەی سوپاکە خەریکبوو هەڵدەگەڕانەوە، چونکە کاتێک پێغەمبەر ئەو شەش هەزار کەنیزەکەی دابەشی کردبوو، بەڵام هەوازن تکایان لێکرد کەمال و منداڵەکانیان بداتەوە، قورەیش رازیبوون بەم فەرمانە، بەڵام ئەعراب رازی نەبوو، (اقرع بن حابس) وتی من و خێڵەکەم شتی وەها ناکەین، عيينة بن حصين بەهەمان شێوە رازی نەبوو، وتی: من و بني فزاره کەنیزەک ناگێڕینەوە، عباس بن مرداس وتی: من و بني سليم کەنیزەک ناگێڕینەوە، تاکو پێغەمبەر لەگەڵیان ڕێکەوتنێکی تری کرد بەوەی کە لە یەکەم جەنگی ئاییندەدا بەرامبەر هەر سەرێک لەو کەنیزەکانە، شەش کەنیزەکی پێبدرێت، ئینجا ئەوانە رازیبوون. ابن هشام، نقلا عن ابن اسحاق»السيرة النبوية، ج4، ص106»

143- هەمان سەرچاوە.

144- ابن سعد، الطبقات الكبرى، ج4، ص11.

145- لەوانەی قسەیان کرد ابو حذيفة کە دەوترێت (ابو حذيفة لە قسەکەی پەشیمانبۆوە دەیوت، «بەخوا ئێستاش دڵنیا نیم خودا لێم خۆش بووبێت من هەر دەترسم تا خودا لێم خۆشدەبێت بەوەی شەهیدیم پێ ڕەوا ببینێت» ئەوەبوو لە جەنگی یەمامەدا شەهید بوو. (ابن سعد، هەمان شوێن).

146- لێرەدا ئاماژە بە «سعد» دەکرێت چونکە لە سەرەتای ئیسلامدا کەوتە بەردەستی قورەیش و ئازاری زۆریاندا. ئەویش ئەوەی لە دڵدا مابوو.

147- المغازي، ج2، ص822، السيرة الحلبية، ج3، ص118.

148- الكشاف، ج2، ص89.

149- لە بوخاریدا هاتوە (لو كنا نعلم انك رسول الله ما صددناك عن البيت ولا قاتلناك).

150- المغازي، ج2، ص610- 611، والسيرة الهاشمية، ج3، ص227- 228. « لێرەدا بوخاری ریوایەتێکی هێنا و دەڵێت پاش ئەوەی عەلی رازی نەبوو رسول الله بسڕێتەوە پێغەمبەر خۆی قەڵەمەکەی لێوەرگرت و کردی بە محەمەد بن عەبدوڵلا (البخاري. الحديث رقم: 2699)، ئەوەش هەرایەکی زۆری ناوەتەوە لە نێوان زانایاند، چونکە ئەگەر پێغەمبەر نەخوێندەوار بوو، چۆن نووسی محەمەد بن عەبدوڵلا.

151- المغازي، ج2، ص213، والسيرة الحلبية، ج3، ص34.

152- المغازي، ج2، ص617.

153- کاتێک ئەو ئایەتە دابەزی (ليغفر الله لک ماتقدم من ذنبک و ما تأخر)، موسوڵمانان وتیان پیرۆزبێت ئەوە چارەنووسی خۆت زانی، ئەی ئێمە چیمان لێ بەسەردێت. (الطبري، ج22، ص99).

154- السيرة الحلبية، ج3، ص35- 36، براح، واتە زەویی فراوان نە کشوتکاڵی تێدا بێت نە دار و درەخت.

155- البخاري، فەرمودەی ژمارە 1815، 4152.

156- ئەو فەتحەی لێرەدا باس دەکرێت فەتحی مادی نییە، و پەیوەندی بە فەتحی مەککەوە نییە، بەڵکو سەرکەوتنێکی دەروونییە. چونکە دڵتەنگی و ناڕەحەتیەکانی پێغەمبەری ڕەواندەوە.

157- ابوبصير، ناوی عتبەی کوڕی اسيد کوڕی حارث، زیندانی کردن لێرەدا بە مانای زیندانی مادی نایەت، چونکە موسوڵمانەکان تا سەردەمی عەلی کوڕی ابوطالبیش زیندانیان نەبوە، بەڵکو جۆرێکە لە دەستبەسەری تاکو ئەوانەی موسوڵمان دەبن لە مەکە دەرنەچن.

158- لەراستیدا ئەم بەندە موسوڵمانانی زۆر زەلیل کرد، چونکە دەبوو ئەوەی موسوڵمان بویا لە قوڕەیش هەر لەوێ بمایەتەوە، ئەوەش مانای داخستنی دەرگای بانگەواز لە ناو قوڕەیشدا و کردنەوە دەرگای هەڵگەرانەوە لە ریزی موسوڵماناندا، ئەوەی گرفتەکەی گەورەتر دەکرد ئەوە بوو ئەم بەندە بەسەر ئەو گەنجانەدا فەرز دەکرا کە جارێ گەنجن و لەژێر دەستی باوکانیاندان. لەکاتێکدا گەنجان هەمیشە وا چاوەڕوان دەکرێت لێیان کە باوەڕ بە ئایینی تازە بێنن.

159- المغازي، ج2، ص724- 725.

160- کتێبەکانی سیرە ئەم بەسەر هاتە بەدرێژی دەگێڕنەوە.

161- المغازي، ج2، ص627. والسيرة الحلبية، ج3، ص40.

162- هەر لەم ڕوانگەیەوە کەسێکی وەک جمال البنا لەم سەردەمەدا دەڵێت (پرەنسیپی سەرەکی لە ئیسلامدا ئەوەیە کە پێغەمبەر تەنیا ئەوەیە کار لەو بوارەدا بکات کە خودا بۆی دیاری کردوە، ئیتر بۆی نییە خۆی شتێکی تر لە خۆیەوە بێنێت) (جمال البنا، نحو فقه جديد، دار الفكر الاسلامي، القاهرة1996، ج2، ص122).

163- عبد المجيد الاشرفي، الاسلام بين الرسالة والتاريخ، دار الطليعة، بيروت، 2001.

# بەشی دووەم

## لە پێغەمبەرێکی بێ پەیامەوە
## بۆ پێغەمبەرێکی نێونەتەوەیی

ئەم وەرچەرخانە لە ئیسلامی پەیامەوە بۆ ئیسلامی مێژوو، واتە لەو ئیسلامەی کە پەیامبەر تیایدا **شەرع بۆدانراو** بوو (المشرع له)، بۆ ئەو ئیسلامەی پەیامبەر تیایدا بووە **شەرعدانەر** (المشرع). ئەم وەرچەرخانە تەنیا لە پرسی شەرعدارِشتندا نییە، بەڵکو گرنگییەکی تیۆلۆژییشی هەیە، هەر ئەوەش وایکرد کە ئەم کتێبە ناو بنێین **لە ئیسلامی قورئانەوە بۆ ئیسلامی فەرمودە**، لەوانەیە یەکەم شتێك لەم وەرچەرخانەدا ئەو ناکۆکییە مێژووییە بێت کە لەسەر (نەخوێندەواری) پەیامبەر هەڵگیرساوە، هەروەها لە سەر ئەو مەرجەعە بێت کە ئەم لێکدانەوەیەمان بۆ پشتراست دەکاتەوە، ئایا لە قورئانەوەیە یان لە فەرمودەوە (حديث)؟

وەک ئاشکرایە سیفەتی (أمي) شەش جار لە قورئاندا هاتووە: دوو جار بە شێوەی تاک واتە (أمي)، چوار جاریش بە شێوەی کۆ (أميين). سەرەرای هەر ئاڵۆزییەك کە بەدەوری ئەم زاراوەیەدا دروستبووە، و بەلارِێدابردنی لە کەسێکەوە کە لە نەتەوەیەکی بێ پەیامە (لا كتاب لها) -واتە تا ئەو کاتە پەیامی ئاسمانیان بۆ نەهاتوە-، بۆ کەسێک کە نازانێت بخوێنێتەوە و بنووسێت، هەرچەندە فەرهەنگی قورئان زۆر روونە لەبارەی مەدلوولی ئەو وشەیەوە. ئایەتی (20) لە سورەتی (آل عمران) هیچ ناکۆکییەک لەنێوان خاوەن پەیامەکان

و بێ پەیامەکان دروست ناکات: (وقل للذين أوتوا الكتاب والأميين أسلمتم، فان اسلموا فقد اهتدوا). هەروەها ئایەتی (78) لە سورەتی (البقرة) دەڵێت: (ومنهم اميون لايعلمون الكتاب الا اماني) واتە (کەسانی بێ پەیامیان تێدایە کە لەبارەی پەیامەوە تەنیا خەیاڵ دەزانن). هەروەها ئایەتی (75) لە سورەتی (آل عمران) بە هەمان شێوە لە جێڕەوتێکی تردا ئەو ناکۆکییە لەنێوان خاوەن پەیامەکان و بێ پەیامەکاندا دیاریدەکات: (ومن أهل الكتاب من ان تأمنه بقنطار يؤده اليك ومنهم من ان تأمنه بدينار لايؤده اليك الا مادمت عەليه قائما ذلك بانهم قالوا ليس عەلينا في الأميين سبيل) [1]، ئایەتی دووەمی سورەتی (جمعة)ش بەتەواوی ئەوە ڕووندەکاتەوە و بەراشکاوی دەڵێت (هو الذي بعث في الاميين رسولا منهم يتلو عليهم اياته ويزكيهم ويعلمهم الكتاب والحكمة). لێرەوە کاتێك قورئان وەسفی پەیامبەر دەکات بەوەی (أمي)یە لە سورەتی (الاعراف) ئایەتەکانی (157 و 158) بەو مانایە دێت کە محەمەد لەناو نەتەوەیەکی بێپەیامەوە بۆ بێپەیامەکان نێردراوە.

مەدلولی ئەم وشەیەش (أميين) لای هەندێک لە زانایانی پێشینی عەرەبی شاراوە نەبووە، (فەراء) دەڵێت (ئوممییەکانی عەرەب، واتە ئەوانەی پەیامیان بۆ نەهاتوە)[2]، هەروەها هەندێک لە ئەهلی تەفسیریش ئەوەیان لاروون بووە، لەوانە (قوروتوبی)، کە لە (ئیبن عباس) دەگێڕێتەوە (ئوممییەکان: هەموو عەرەبن، خوێندەوار و نەخوێندەواریشیان)[3]، یەکێک لە توێژەرەکانی مێژووی عەرەب پێش ئیسلام گەیشتۆتە ئەو راستیە بۆ مانای (أميين). ئەو ئاماژە بە قسەی هەندێک لە رۆژهەڵاتناسەکان دەدات -بێ ئەوەی ناویان بێنێت- کە دەڵێن وشەی (أميين) لە عەرەبیدا داتاشراوی وشەی (أُمَّتْ)ـە یان (أُمَّیم)ی عیبری، یاخود (غوییم)، ئەوەش ئەو تانەیەیە کە جوولەکە دایانبڕیبوو بەسەر هەموو غەیرە جوولەکەیەکدا کە پەیامیان بۆ نەچووە، واتە بتپەرستەکان[4].

لەراستیشدا بانگەشەی (نێونەتەوەیی) بەمانای (جیهانیی) تەنیا پاش ئەوە دادەبڕێت بەسەر ئیسلامدا کە لە جێڕەوتی وەرچەرخانی مێژوویی و جوگرافیدا لە ئیسلامی پەیامەوە دەبێت بە ئیسلامی فتوحات، بەتایبەت لە کتێبەکانی تەفسیر و فەرمودەدا ئەمە ڕوودەدات. ئەم بانگەشەیەش لەراستیدا پێچەوانەی دەقی فەرهەنگی قورئانی خۆیەتی. لە چوار ئایەتی چوار سورەتی جیاوازدا قورئان جەخت دەکاتەوە کە:

(ولو شالله لجعلكم أمة واحدة) (المائدة: 48)، واتە (ئەگەر خودا بیویستبایە دەیکردن بە یەک ئوممەت).

(ولوشاء ربك لجعل الناس أمة واحدة) (هود: 118)، واتە (ئەگەر پەروەردگارت بیویستبایە ئەوە هەموو خەڵکی دەکردە یەك ئوممەت).

(ولوشاء الله لجلكم أمة واحدة) (النحل: 93)، واتە: (ئەگەر خودا بیویستایە هەمووتانی دەکرد بەیەك ئوممەت).

(ولو شاء الله لجعلهم أمة واحدة) (الشورى: 8).

جا بەهۆی ئەو پەرتبوونە نێونەتەوەییەوە بنەمای پەیام بەم شێوەیە بووە کە ئەم ئایەتە وێنای دەکات (ولكل أمة رسول، فاذا جاء رسولهم قضي بينهم بالقسط و هم لايظلمون) (یونس: 47).

هەر لەم روانگەیەوە کە ویستی خودا وابووە مرۆڤەکان یەك ئوممەت نەبن و هەر ئوممەتێك پەیامبەری خۆی هەبێت (لكل أمة رسول) (المؤمنون: 44)، ئیدی دەوری (ئوممییەکان) هاتوە تاکو خودا لەناو خۆیاندا پێغەمبەرێکیان لەخۆیان بۆ بنێرێت، تاکو بیانکاتە ئوممەتێکی خاوەن پەیام، هەرچەند پەیامەکەیان زۆر دواکەوتوە وەک مێژوو، (كذلك أرسلناك في أمة قد خلت من قبلها أمم لتتلو عليهم الذي أوحينا اليك) (الرعد: 30). هەر لەم روانگەیەوە کە دەبێت هەر ئوممەتێک پەیامبەر و پەیامی خۆی هەبێت؛ (الجاثیة: 45) بە تەواوەتی قورئان عەرەبێتی خۆی وەردەگرێت. خودا وەک نێرەری پەیامبەران، هەر خۆی یاسای رەهای زمانەوانی دادەرێژێت وەک رێسایەك بۆ گەیاندنی پەیامەکەی: (ومأرسلنا من رسول الا بلسان قومه ليبين لهم) (ابراهیم: 4). جا لەبەرئەوەی ئەم ئوممەتە (بێپەیامە)، کە ویستی خودا وابووە رۆڵی دوابکەویت بۆ دوا ئوممەت لە وەرگرتنی پەیامدا، ئەو ئوممەتە بەزمانی عەرەبی قسەدەکات لەبەرئەوە حەتمی بوو دەبوو ئەو پەیامبەرە بە زمانێکی رەوانی عەرەبی بدوێت (بلسان عربي مبين) (الشعراء: 195)[5]. تاکو بەو زمانە پاراوە مزگێنیدەر و ئاگادارکەرەوەش بێت. جا چونکە خودا ئەو پەیامەی ئاسانکردوە بۆ ئەو ئوممەتە بە زمانێکی ئاسانی خۆیان[6]، لەبەرئەوەش کە ئەو ئوممەتە لە دەوروبەری (ام القرى) نیشتەجێن وەک جەبرێکی جوگرافی، ئەوەش بەگوێرەی ئەو دوو ئایەتەی دەڵێت (وهذا كتاب انزلناه مبارك مصدق الذي بين يديه ولتنذر أم القرى ومن حولها) (الانعام: 92)، واتە (ئەمە پەیامێکی پیرۆزە دامانبەزاندووە ئەوەی لەپێشیدا

هاتوە راستاندوویەتی، تاکو «أم القرى» -واتە مەککە- و دەوروبەری ئاگادار بکەیتەوە).
هەروەها (وكذلك أنزلناه قرانا عربيا لتنذر أم القرى ومن حولها) (الشورى: 7)، واتە بەم شێوەیە قورئانێکی عەرەبیمان بۆ ناردیت تاکو گەورەی ئاوەدانییەکان –مەککە- و دەوروبەری ئاگاداربکەیتەوە[7].

هەر لە روانگەی ئەم موتابەقەیەی نێوان (أمية- بێپەیامی) و (عەرەبچێتی)، وەک دەگێڕنەوە (عومەری کوڕی خەتاب) رەتیکردۆتەوە گاورە عەرەبەکان وەک ئەهلی کیتاب تەماشابکات، و گوتویەتی (گاورەکانی عەرەب ئەهلی کیتاب نین)[8]، مادەم ئەوان عەرەبن کەواتە دەبێت لە (أميين- بێپەیامەکان) بن، واتە پەیامیان نییە، هەر لێرەشەوە بڕیار دەدات کە ناشێت سەرانەی گاورەکانیان لێ بسەنرێت، لەبەرئەوە دەبێت سەرپشك بکرێن لەنێوان موسڵمانبوون یان کوشتن)[9].

ئێمە لە ناو دەقی قورئانییەوە بەڵگەی ئەوە دێنین کە گریمانەکەمان سەبارەت بە تەرخانکردنی زمانەوانیی پەیام بە (زمانی عەرەبی) و تایبەتمەندییەکانی جوگرافی بە (أم القرى ومن حولها) لەوانەی بەو زمانە قسە دەکەن. سورەتی (الروم) کە بە تایبەتی جیا لە سورەتەکانی تر ئاماژە بە رووداوێکی جیۆپۆلەتیکی دەکات، کە لە سەردەمی پەیامدا روویداوە، بەڵام لەو شوێنەدا رووینەداوە کە پەیامەکەی تێدا دابەزیوە، بەم چەند ئایەتە دەستپێدەکات:

الم غُلِبَتِ الرُّومُ فِي أَدْنَى الْأَرْضِ وَهُمْ مِنْ بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ فِي بِضْعِ سِنِينَ لِلَّهِ الْأَمْرُ مِنْ قَبْلُ وَمِنْ بَعْدُ وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ الْمُؤْمِنُونَ بِنَصْرِ اللَّهِ يَنْصُرُ مَنْ يَشَاءُ وَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ

ڕۆم شکستیان خوارد، لە نزیکترین شوێن لێتانەوە –شام-، ئەوان پاش شکستەکەیان سەردەکەون. لە چەند ساڵێکی تردا، فەرمان هەر بۆخودایە، پێش ئەوە و پاش ئەوەش، ئەو رۆژە باوەڕداران دڵخۆش دەبن بە سەرکەوتنی خودا، خودا هەرکەسێکی بوێت سەریدەخات). لەبارەی هۆی دابەزینی ئەو ئایەتانەوە (طبري) لە (عیکرەمە)وە دەگێڕێتەوە: (رۆم و فارس لە نزیک شام رووبەرووی یەکتر بوونەوە[10]، لەو جەنگەدا رۆم تێکشکان، ئەو هەواڵە گەیشت بە پێغەمبەر و هاوەڵەکانی، ئەوان بەم هەواڵە دڵتەنگ بوون، چونکە پێغەمبەر پێیناخۆش بوو فارس -کە ئاگرپەرست بوون- سەربکەون بەسەر

ڕۆمدا -کە مەسیحی بوون- کافرەکانی قورەیش بەم هەواڵە دڵخۆشبوون و گاڵتەیان بە هاوەڵانی پێغەمبەر دەکرد، دەیانووت: ئێوە ئەهلی کیتابن و گاورەکانی ڕۆمیش ئەهلی کیتابن، بەڵام ئێمە ئەهلی کیتاب نیین[11]، ئێستا برا فارسەکانمان سەرکەوتوون بەسەر برا ڕۆمەکانتاندا، ئێوەش گەر شەڕمان لەگەڵ بکەن ئاوا سەردەکەوین بەسەرتاندا، ئیدی خودا ئایەتەکانی سورەتی ڕۆمی دابەزاند، ئەبوبەکریش بۆ کافرەکان دەرکەوت و وتی: ئایا ئێوە بە سەرکەوتنی فارسەکان دڵخۆشبوون؟ بەڵام زۆر دڵخۆش مەکەن چونکە خودا ڕۆمەکان سەردەخاتەوە بەسەر فارسدا، ئەمە پێغەمبەرەکەمان پێی ڕاگەیاندین) [12].

ئەم دەقە لە چەند شوێنێکی تردا دووبارە بۆتەوە، دەریدەخات کە سنوورەکانی پەیامی نوێ لە دەستپێکی سنوورەکانی پەیامی پێش خۆیدا ڕادەوەستێت -بە لایەنی کەمەوە لەو سەردەمەدا-، ئەو سنوورەش تەنیا سنوورێکی ئایینی نییە، بەڵکو سنوورێکی زمانەوانیشە، چونکە لەو کاتەدا خەڵکی شام بە عەرەبی قسەیان نەدەکرد [13]. پاشان هەر ئەو دەقە خۆی ئەهلی کیتاب وەك برای موسوڵمانەکان ناو دەبات، کەچی دوایی ئەو برایانە دەبنە دوژمن، کاتێک ئیسلامی پەیام دەبێتە ئیسلامی فتوحات. سەیر تەنیا لەوەدا نییە بەڵکو ئەو ڕۆمەی کە ناوی سورەتەکەشی هەڵگرتووە کە پاش چەند ساڵێکی تر سەردەکەونەوە، پاش چەند ساڵێکی تر دیسان تێکدەشکێنەوە، بەڵام ئەم جارەیان لەسەر دەستی فارسە کافرەکان نییە، بەڵکو لەسەر دەستی برا موسوڵمانەکانیانە، پاش ئەوەی موسوڵمانەکان لە نەتەوەیەکی بێپەیامەوە دەبنە خاوەن پەیام [14].

لەڕاستیدا ئەو وەرچەرخانە لە جەنگی بێپەیامەکانەوە، واتە کافرەکانی عەرەب، بۆ جەنگی خاوەن پەیامەکان (گاورەکانی ڕۆم)، دەتوانێت ئەو قەیرانە گەورەیە لێکبداتەوە کە لە سەردەمی غەزای تەبوکدا ڕوویدا، کە بریتیبوو لەوەی هەندێك کەس بەشدارییان نەکرد لەو جەنگەدا کە سەرەتای هەڵمەتەکانی فتوحات بوو بۆ سەر ڕۆم. هەرچەند ئەو غەزایە شکستیهێنا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە سەرچاوە ئیسلامیەکاندا جێگەی خۆی گرتوە بەناوی جەنگی نارەحەتییەوە (غزوة العسرة)، ئەو غەزایە بەوە دەناسرێتەوە کە چەندین کەس تێیدا دواکەوتن، یاخود ئەوانەی دانیشتن. خەریکە ئەو هەموو ئایەتە گلەیی ئامێزانەی سێبەشی سورەتی تەوبەی داگیرکردوە دژ بەوانەی دواکەوتوون لە بەشداریکردن لە غەزای تەبووک، لەوانەیە لە هەموو ڕەخنەکانی تر توندتر بێت، ئەوەی زیاتر توندوتیژی دەکات

ئەوەیە کە سورەتەکە فەرمان دەکات بە کوشتنی کافران لەهەر شوێنێک بن [15]، بێگومان کتێبەکانی تەفسیر چەندین لێکدانەوەی جیاواز بۆ ئەو رووداوە دەکەن، هەندێک جار ئەو تەفسیرانە زۆر سادەن سەبارەت بە بەشدارینەکردنی هەندێک لە هاوەڵان لەو جەنگەدا، مەگەر هەندێك گێرانەوە نەبێت کە زۆرجار لەژێر لێوەوە دەوترێتەوە، بەوەی کە موسوڵمانەکان لە جەنگی کافرانی عەرەبەوە وەرگەڕاون بۆ جەنگی براکانیان لە خاوەن پەیامە ئاسمانییەکان، واتە رۆمەکان، بێگومان ئەو وەرچەرخانە لە ئیسلامی پەیامەوە بۆ ئیسلامی فتوحات، دەبوو چەندین بیانووی ئایدیۆلۆژی بۆ خۆی بدۆزێتەوە، کە پاشان ئەهلی تەئویل وەک بەڵگە نەویست باسی دەکەن، بەتایبەت ئەهلی سوننەت.

لەراستیدا لێرەدا دەبینە پەڕگیر گەر باسی ئەوە بکەین کە قورئان بەشێوەی کۆ لەم بابەتەدا قسەی کردوە، چونکە هەموو ئەوانەی ویستوویانە پێغەمبەری (بێپەیامەکان) بکەنە پێغەمبەرێکی نێونەتەوەیی، واتە پێغەمبەری هەموو خەڵکی زەوی، نەك تەنیا پێغەمبەری عەرەب کە بە زمانی خۆیان هاتووە و بۆ ئەوانیش هاتووە، ئەوە لەو شەش هەزار و ئەوەندە ئایەتەی [16] قورئاندا تەنیا یەك ئایەتیان بەدەستەوەیە کە دەڵێت (وما أرسلناك الا كافة للناس بشيرا ونذيرا) (سورة سبأ: 28)، واتە (ئێمە تۆمان وەک مژدەبەخش و ئاگادارکەرەوەیەك ناردووە بۆ هەموو خەڵك). (طبري) لە لێکدانەوەی ئەم ئایەتەدا دەڵێت (خودا دەفەرموێت: ئەی محەمەد ئێمە تۆمان نەناردوە تەنیا بۆ ئەو کافرانەی عەرەبن، بەڵکو ناردوومانی بۆ هەموو مرۆڤ، عەرەب و عەجەمیش، سوور و رەش، مژدەبەخش بێت بۆ ئەوانەی بەگوێت دەکەن، ترسێنەریش بیت بۆ ئەوانەی بەدرۆتدەخەنەوە، خودا بەم شێوەیە تۆی ناردوە بۆ هەموو مرۆڤ. هەموو ئەهلی لێکدانەوە بەم شێوەیەی باسمانکرد تەفسیری ئەو ئایەتە دەکەن. (قەتادە) دەڵێت: خودا پێغەمبەری ناردوە بۆ عەرەب و عەجەم بەرێزترینیان لای خودا لەخواترسترینیانە [17]. لەراستیدا قەتادە لە ئەهلی لێکدانەوە نییە، بەڵکو لە ئەهلی فەرمودەیە، کەچی (طبري) کە لەگەڵ قەتادەدا هاورا دەبێت، خۆی کەوتۆتە هەڵەیەکی گەورەوە لە رێساکانی لێکدانەوە، ئەویش ئەوەیە کە نابێت ئایەتێک بەتەنیا لێکبدرێتەوە لە دەرەوەی کۆنتێکستی ئایەتەکانی تری هاوشێوە، بەتایبەت گەر ئەو ئایەتە تاقانە بوو، پێچەوانەش بوو لەگەڵ چەندین ئایەتی تر، یەکەم خاڵی ئەو رێسایەش ئەو ئایەتە بوو

(لكل أمة رسولها) هەموو نەتەوەیەك پەیامبەری خۆی هەیە. دووەم ڕێسا ئەوەیە: هیچ پێغەمبەرێك نەهاتووە مەگەر بەزمانی نەتەوەیی خۆیان نەبووبێت: (وما أرسلنا من رسول الا بلسان قومه). سێیەمیان ئەوەیە کە پەیامبەر بە زمانی عەرەبی پەیامی هێناوە تاکو (أم القرى) و دەوروبەری ئاگاداربکاتەوە. چوارەمیان ئەوەیە کە پەیوەندیی نێوان عەرەبیبوونی قورئان و عەرەبیبوونی نەتەوە پەیوەندییەکی داخراوە (كتاب فصلت اياته قرانا عربيا لقوم يعقلون) (فصلت: 3)، یان (انا انزلناه قرانا عربيا لعلكم تعقلون) (یوسف: 2)، یان (اناجعلناه قرانا عربيا لعلكم تعقلون) (الزخرف: 3).

بێگومان بەستەر و پەیوەندیی نێوان گوتار (الخطاب) -قورئان پێش ئەوەی ببێتە دەقێکی ناو دووتوێی کتێب گوتار بووە- و گوتار ئاراستەکراو (المخاطَب) پەیوەندییەکی زمانەوانییە. نێرەر و ئاراستەکەری گوتار بۆی نییە داوای «هاتنە سەر ڕێی ڕاست» لە گوتار ئاراستەکراو بکات، ئەگەر بە زمانێک نەیدواندبێت کە بتوانێت تێیبگات و بێتە سەر ڕێی ڕاست[18]. دارِشتنی ئەپستمۆلۆژیی ئەو پەیوەندیە زمانەوانییە داخراوەش، لە قورئان خۆیدا دەبینرێتەوە، ئەگەرچی لە جێرەوتێکی دیکەدا بێت (ولو جعلناه قرانا اعجميا لقالوا لولا فصلت آياته، أ أعجمي وعربي) (فصلت: 44). واتە: (ئەگەر قورئانمان بە زمانی عەجەم بناردبایە دەیانگوت نەدەبوو ئایەتەکانی ڕۆشن بوونایە، چۆن دەبێت قورئان بەزمانی عەجەم بۆ عەرەب دابەزێت).

پاشان (طبري) کاتێ وشەی (الناس) بەمانای هەموو مرۆڤ لێکدەداتەوە واتە عەرەب و عەجەم، ئەوە خۆی پێچەوانەی مانای وشەی (الناس) دەبێتەوە وەک لە فەرهەنگدا هاتووە، هەروەها پێچەوانەی سیاقی ئایەتەکە قسەدەکات. ئەم وشەیە (الناس) 240 جار لە قورئاندا هاتووە، لە هیچیاندا بە مانای هەموو مرۆڤایەتی نەهاتوە، بەتایبەتی لە سەردەمێکدا کە ئەو مانایە جارێ لەدایکنەبووە -واتە مرۆڤایەتی بەگشتی. و.ک-[19]. هەر قورئان خۆیشی لە چەندین ئایەتدا وشەی (الناس) بەکاردێنێت بە مانای (هەندێک خەڵك)، بۆ نموونە لە: (وأذن في الناس بالحج) (الحج: 23)، (ورأيت الناس يدخلون في دين الله افواجا) (النصر: 2)، (ثم أفيضوا من حيث أفاض الناس) (البقرة: 199)، (ولا تصعر خدك للناس) (لقمان: 18). پاشان کاتێک قورئان دەیەوێت وشەی (الناس) لە هەندێکەوە بکاتە زۆرێک، ئەوا دەستەواژەی

(الناس جميعا) (الرعد: 31)، یان (الناس اجمعین) (ال عمران: 87) بەکاردێنێت. زۆربەی جاریش وشەی (الناس) بەمانای (قەوم) یان (ئوممەت) دێت. وەک (ولولا أن یکون الناس أمة واحدة) (الزخرف: 33). ئیدی هەر لە روانگەی ئەم لێکچوونە لەنێوان (الناس) و (الأمة)دا کە سنووردارە بە نەتەوەیەکی خاوەن یەک زمان و زمانی پێغەمبەرەکەشی، قورئان بەو مانایە وشەی (الناس) بەکاردێنێت. بەو سیفەتەی ئەوان نەتەوەیەکن نێردراو (نبي) یان پەیامبەر (رسول)ی خۆیان هەیە. بەم شێوەیە دەبینین هەر پەیامبەرێک خەڵکی (ناس) خۆی هەیە [20]، وەک (ابراهیم): (قال اني جاعلك للناس اماما) (البقرة124)، هەروەها (موسا) گەلی خۆی هەیە: (قال یاموسی اني اصطفیتك عەلی الناس برسالاتي وبكلامي) (الأعراف: 144)، هەروەها (زەکەریا)ش (ناس)ی خۆی هەیە (قال رب اجعل لي اية، قال آيتك الا تكلم الناس ثلاث ليال سويا (مریم: 10)، هەروەها (عیسا)ش (ناس)ی خۆی هەیە (قال یا عیسی أ أنت قلت للناس اتخذوني وأمي الهین من دون الله) (المائدة: 110)، هەروەها (محەمەد)یش (ناس)ی خۆی هەیە (أكان للناس عجبا أن أوحینا الی رجل **منهم**) (یونس: 2) [21].

بەڵگەی لەوەش روونتر بۆ ئەوەی کە (طبري) پێچەوانەی رێساکانی زمانی عەرەبی لێکدانەوەی بۆ کردوە، ئەوەیە کە ئایەتەکە ناڵێت (وما أرسلناك الا للناس كافة)، بەڵکو «كافة» پێش دەخات و دەڵێت (وما أرسلناك الا كافة للناس) جیاوای نێوان ئەو دوو دەربڕینەش زۆرە لە مانادا، لێرەدا (كافة) ناگەڕێتەوە بۆ (الناس)، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ (ک) واتە راناوی لکاو بە (ارسلناك)، واتە محەمەد خۆی، لەگەڵ ئەوەشدا زمانزانەکانی عەرەب جیاوازن لە لێکدانەوەی مانای (كافة) و ئەو ئەسڵەی لێوەی داتاشراوە، (الزجاج) دەڵێت: وشەکە لە (کف) داتاشراوە بەمانای کۆکردنەوە، لەم حاڵەتەشدا مانای ئایەتەکە وایلێدێت (ئێمە تۆمان وەک کۆکەرەوەیەکی خەڵک ناردوە بە ئاگادارکردنەوە و گەیاندن، «كافة» لێرەدا بەمانای کۆکەرەوە دێت). هەندێکی تر بۆ ئەوە چوون کە وشەی (كافة) لە ئەسڵی (کف)ـەوە هاتوە بەمانای نەهیکردن لە شتێک، لەم حاڵەتەدا مانای ئایەتەکە بەم شێوەیە دەبێت (ئێمە تۆمان ناردووە بۆ ئەوەی خەڵک دەستبگرنەوە لەو کوفر و خراپەیەی تێیدا دەژین و بانگیان بکەیت بۆ ئیسلام، «ة» لێرەدا بۆ موبالەغەیە) [22].

لەبەرامبەردا (زەمەخشەری) بۆ ئەوە دەچێت کە (کافة) وەسفە بۆ سەرچاوەیەکی حەزفکراو کە (پەیام –رسالة)یە، لێرەدا ماناکەی وایلێدێت (ئێمە بەگشتی تۆمان ناردوە، واتە لێرەدا هەموویان دەگرێتەوە و کەسی لێدەرناکات) [23].

بەڵام (ئیمام فەخری رازی) هەردوو لێکدانەوەکە پێکەوە کۆدەکاتەوە و دەڵێت (وما أرسلناک الا کافة: دوو مانای هەیە، یەکێکیان: واتە نادرنی گشتی، واتە هەموو خەڵک، بەمە ئیتر نابێت کەس لەو پەیامە دەربچێت، دووەمیان: واتە خەڵک وا لێبکەیت واز لە کوفر بێنن، «تاء» لێرەدا بۆ موبالەغەیە) [24].

لەراستیدا ئەوە کتێبەکانی فەرموودەیە نەوەک قورئان پێغەمبەرێکی بێپەیام (أمي) کە نێردراوە بۆ قەومەکەی خۆی، دەکاتە پێغەمبەرێکی نێونەتەوەیی (أممي) بۆ هەموو مرۆڤایەتی. لە گێرانەوەیەکدا کە (هُشیم کوڕی بەشیر) دەیگێڕێتەوە، پێغەمبەر دەڵێت (پێغەمبەران تەنیا بۆ نەتەوەکەی خۆیان رەوانە دەکران، بەڵام من بۆ هەموو خەڵک رەوانەکراوم) [25]. هەروەها (مسلم) هەمان گێرانەوە لە هەمان کەسەوە دەگێڕێتەوە، بەڵام بە ئاڵوگۆڕ لەو دەستەواژەیەی گوزارشتە لە رەهەندیی نێونەتەوەیی پەیامەکە: (هەموو پێغەمبەرێك تەنیا بۆ قەومی خۆی رەوانە دەکرا، بەڵام من بۆ رەش و سوور رەوانەکراوم) [26].

بەهەرحاڵ سەرەرای ئەم گۆرانکارییە لە وشەکاندا، بەڵام هەر **هەشیم** خۆی کە فەرموودەکە دەگێڕێتەوە لە هەردوو سەرچاوەکەدا، لەلای زانایانی فەرمودە ناوی باش نییە. چونکە وەک ناسراوە، ئەم کەسە دەچوو لە زنجیرەی گێرانەوەکانی خۆیدا ناوی ئەو کەسانەی دەگۆڕی کە نەناسراون و ناوی کەسانی ناسراوی لە زنجیرەی گێڕەرەوەکان (راوي الحدیث) دادەنا، تاکو فەرموودەکەی بەراست دابنرێت. ناوی گومانلێکراوی لادەبرد و ناوی کەسانی دروست (عدل)ی دادەنا، (ئیبن سەعد) بە چەواشەکار (مدلس) ناویدەبات و لە (**طبقات**)دا دەڵێت هەشیم چەواشەکاری زۆری دەکرد: (متمانەپێکراو بوو بەڵام چەواشەکاریی زۆری دەکرد). (ئەحمەد بن حنبل) دەڵێت (متمانەپێکراو دەبوو گەر تەدلیسی نەکردبایە) هەروەها (العجلي) دەڵێت: (هەشیم متمانەپێکراوە بەڵام چەواشەکاری دەکات)، هەروەها (ئیبن سەمعان) دەڵێت (هەشیم تەدلیسی زۆر دەکات). (ئیبن حەجەر) دەڵێت: (متمانەپێکراوە بەڵام تەدلیسی زۆرە و رەوانەکراو «ارسال»

دەشارێتەوە). بەڵکو هەشیم خۆی دەڵێت (خۆشترین شت بەلایەوە چەواشەکردنە). لەبەرئەوە (زين العابدين العراقي) بە گەورەترین چەواشەکاری دادەنێت)[27].

بەم شێوەیە فەرموودەیەکی نەناسراو و کارپێنەکراو، تەنانەت نەبوو، کەس نەیگێراوەتەوە پێش ئەم کابرایە کە بە چەواشەکردن ناسراوە و لە نیوەی دوەمی سەدەی دوەمی کۆچیدا ژیاوە (183 ک مردوە)، بە یەك فەرموودەی گومانلێکراو توانیویەتی حوکمی زیاتر لە بیست ئایەت بسڕێتەوە (نەسخ بکات)، ئەو ئایەتانە هەموو جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەر نەتەوەیەك پێغەمبەری خۆی هەبووە و هەر پێغەمبەرێك بە زمانی نەتەوەکەی خۆی نێردراوە، ئەو پەیامە قورئانییەش کە بۆ محەمەد نێردراوە مەرجدارە بە زمانی عەرەبی، چ وەک گەیەنەرەکەی (محەمەد)، چ وەك نەتەوەی بۆنێردراو (عەرەب)، چ وەك جوگرافیا (مەککە و دەوروبەری)، کە لەو ناوچەیەدا لە عەرەب زیاتر کەسی تر نیشتەجێ نەبووە. سنووری ناوچەکەش تەنیا بە زمانی عەرەبیی دانیشتوانەکەی دیاریکراوە [چونکە دەوڵەتێکی تێدانەبووە و.ک][28].

بەڵام هەرچەند ئەو رەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژییە -ئایین وەک ئایدیۆلۆژیای ئەو سەردەمە- لەلایەن کۆمەڵگەوە پەسەندێتی وەرگرتوە، بەڵام مەسەلەکە لە سادەیی خەڵکی ئەو سەردەمە و خێرا باوەڕکردنیان نەبووە بە شتەکان وەک هەندێک کەس باوەڕی وایە، بەڵکو ئایدیۆلۆژیا -لەوانەش ئایدیۆلۆژیای ئایینی- هەمیشە دوو ئەرك دەبینێت: **یەکەمیان** «پێشرەوایەتی و رووڵەپێشییە»، ئەوەیە کە پێش رووداوەکان دەکەوێت بۆ گۆڕینی واقیع بەپێی خەونی ئاڵاهەڵگری ئایدیۆلۆژیاکە، **دوەمیشیان** «گەرانەوە و رووڵەپشتییە» بەرەو واقیع تاکو پاکانە بکات بۆ ئەو گۆرانکاریەی تێیدا کراوە بە ئارەزوی مێژوو. یاخود راستتر وایە بە گوزارشتە هێگڵییەکە بڵێین بە گوێرەی فێڵی مێژوو.

لەراستیدا ئێمە دەستەواژەیەکی تازە ناهێنینە ناو ئیسلامەوە، کاتێك باسی فێڵی مێژوو دەکەین سەبارەت بە وەرچەرخانی ئیسلام لە پەیامەوە بۆ فتوحات. ئەو ئیسلامەی کە لە قۆناغی یەکەمدا وەك هەڵگری پەیامی قورئان دەرکەوت، کەچی پاش فتوحات هەڵدەگەڕێتەوە بەرەو خۆی لەژێر ناوی سەپاندنی سوننەتی پێغەمبەردا، لە سەردەمی

یەکەمدا پێش ئەوەی فتوحات جێگیربێت ئیسلام تەنیا قورئانی هەبوو، ئەهلی ئیسلام تەنیا ئەهلی قورئان بوون. بەڵام پاش ئەوە فتوحات گەیشتە ترۆپکی خۆی، ئیدی ئەهلی فەرمووده دەردەکەون و پلەبەپلە جێگە بە ئەهلی قورئان لێژدەکەن، ئیدی ئەهلی فەرمووده دەبنە پێشەوا و وشەیەك نامێنێت بەناوی ئەهلی قورئان، بەتایبەت پاش ئەوەی ئیدی موعتەزیلە تێکدەشکێنرێن، کە ئەوان دوا نوێنەری ئەهلی قورئان بوون [29].

بێگومان نکۆڵی لە رۆڵی گرنگی خەڵکی وڵاتانی فەتحکراو ناکرێت لە گەشەپێدانی زانستی قورئان و شەرحی قورئاندا، کە لە پیری ئەهلی راڤەوە –واتە (طبري)- دەستپێدەکات. بەڵام ئەوەش دەبێت بزانین کە ئەوان ئەو کارەیان هەر بە پشتی فەرمووده کردوە، ئەوەش بەگوێرەی ئەو بنەمایەی کە دەڵێت: سوننەت دەسەڵاتی هەیە بەسەر قورئاندا، نەك قورئان دەسەڵاتی هەبێت بەسەر سوننەتدا [30].

لەم روانگەیەوە، بەخۆرایی نییە کە لەسەر ئەو وەسفەی (ئیبن سەعد) راوەستین لە (طبقات)دا کە وەسفی هەشیم دەکات و دەڵێت (**کۆیلەی ئازادکراوی بەنی سەلیم**) بووە، چونکە زۆربەی ئەوانەی فەرموودەیان گێراوەتەوە لە کۆیلە رزگارکراوەکان بوون، واتە لە عەجەمەکانی وڵاتە فەتحکراوەکان بوون، هەر لە بوخاری و موسلیمەوە تادوایی.

ئێستا بواری ئەوە نییە بتوانین بچینە ئەو وردەکارییەوە، بەڵام ئەوە بەسە کە ئەم گێرانەوە درێژە بێنینەوە (وەلید کوری محەمەدی باقری) بۆی باسکردم، وتی: بیستم لە (محەمەد کوڕی شەهابی زوهری) دەڵێت: چووم بۆ لای (عبدالملك کوڕی مەروان)، پێی وتم: زەهری لەکوێوە هاتوویت؟ وتم: لە مەککەوە. وتی: کێ لەوێ گەورەی خەڵکە؟ وتم: (عطاء کوڕی ابي رباح)، وتی: عەرەبە یان لە کۆیلە ئازادکراوەکانە؟ وتم: کۆیلەی ئازادکراوە. وتی: بەچی بۆتە گەورەیان؟ وتم: بە دینداری و گێرانەوەی فەرمووده. وتی: ئەهلی ئایین و گێرانەوە هەر دەبێت گەورە بن. ئەی کێ گەورەی یەمەنە؟ وتم: (طاوس کوڕی کیسان). وتی: عەرەبە یان کۆیلەی ئازادکراوە؟ وتم: کۆیلەی ئازادکراوە. وتی: بەچی بۆتە گەورەیان؟ وتم: بە بەخشین. وتی: شایەنیەتی. پاشان وتی: ئەی کێ گەورەی خەڵکی میسرە؟ وتم: (یەزید کوڕی حەبیب). وتی: عەرەبە یان کۆیلەی ئازادکراوە؟ وتم: کۆیلەی ئازادکراوە. وتی: ئەی کێ گەورەی شامە؟ وتم: (مەکحول). وتی: عەرەبە یان کۆیلەی ئازادکراوە؟ وتم: کۆیلەی ئازادکراوە. کۆیلەیەکی خەڵکی نەوبە بوو

لای ژنێکی (هوزێل) بوو ئازادیکرد. وتی: ئەی کێ گەورەی جەزیرەیە؟ وتم: (مەیمەن کوڕی مەهران). وتی: عەرەبە یان کۆیلەیە؟ وتم: کۆیلەیە. وتی: ئەی ئەهلی خۆراسان؟ وتم: (ضحاک کوڕی موزاحم). وتی: عەرەبە یان کۆیلەیە؟ وتم: کۆیلەیە. وتی: ئەی ئەهلی بەسرە؟ وتم: (حەسن کوڕی ابي حسن). وتی: کۆیلەیە یان عەرەبە؟ وتم: کۆیلەیە. وتی: ئەی کوفە؟ وتم: (ئیبراهیم النخعي). وتی: کۆیلەیە یان عەرەب؟ وتم: کۆیلەیە. وتی ماڵت ئاوابێت زوهری دڵت خۆشکردم، بەخودا وادەزانم کۆیلەکان دەبنە گەورەی عەرەب تا وای لێدێت لەسەر مینبەر خوتبە بەناوی ئەوانەوە بدرێت و عەرەب لەژێریاندا دەبن. وتم: ئەی ئەمیری باوەڕداران ئیتر ئەوە ئایینی خودایە، ئەوەی بیپارێزێت سەردەکەوێت، ئەوەش وازی لێبێنێت دەکەوێت) [31].

بێگومان ئێمە ئەو چیرۆکە بۆ ئەوە ناگێڕینەوە تا بڵێین باوەڕی تەواومان پێیەتی، بەڵکو دەسکاریکردن لەم جۆرە حیکایەتانەدا ئاشکرایە، بەڵام خۆ ئەگەر بەسەرهاتەکە راستیش نەبێت، ئەوە واقیعەکە راستە. چونکە ئاگری رەگەزپەرستیی فارسی بەئاسانی لەژێر خۆڵەمێشی ئیسلامدا نەدەکوژایەوە [32]، چونکە ئەو ئیسلامەی سەپێنرا بەسەر گەلانی وڵاتە فەتحکراوەکاندا بە تایبەتی فارس، ئیسلامی قورئان بوو ئەوان دەستیان تێیدا نەبوو، ئەسڵەن هەر بە زمانی ئەوانیش دانەبەزیبوو، لەبەرامبەردا ئەو ئیسلامەی ئەوان جارێکیتر بەرهەمیانهێنایەوە و ناردیانەوە بۆ ئەوانەی وڵاتەکانیان فەتحکردن، ئیسلامی سوننەت بوو، کە ئەوان دەستی گەورەیان تێیدا هەبوو، ئەوان لە فەرموودەسازییدا دەستی باڵایان هەبوو توانیان لە رێگەی ئەو هونەرەوە چینێکی زانای فەرموودە و خاوەن دەسەڵات بەرهەم بێنن، لەرێگەی پێشخستنی زانستی فەرموودە و زانستی فیقهـ لەوێشەوە دەزگای فەتوادان، ئیدی لەوێوە دەسەڵاتێکی گەورەی یاسادانانیان بەرهەمهێنا کە خودا بە پێغەمبەرەکەشی بەرەوا نەدیبوو. بەم شێوەیە ئەم چینە توانیی خۆی بکاتە نێوەندگیر لەنێوان خودا و خەڵکدا لە هەموو کاروبارە ئایینی و دونیاییەکاندا. لەگەڵ ئەوەدا کە ئەوەی ئیسلامی جیادەکردەوە لە دینەکانی تر لەو بونیادە کەهنوتی و ریزبەندیی کڵێساییەدا بوو کە ئیسلام هات و هەڵیوەشاندەوە و پەیوەندی نێوان خودا و باوەڕداری کردە پەیوەندییەکی راستەوخۆ، کە لەنێوان باوەڕدار و خودادا هیچ نێوەندگیرێك نەبێت. پێغەمبەر نەبێت، ئەویش وەك گەیەنەری گوتاری خودایی لە خوداوە بۆ مرۆڤ، مرۆڤ وەك وەرگری گوتاری خودا.

گومانی تێدا نییە ئێمە کاتێک ئەم ڕاستییە دەدرکێنین نکۆڵی لەوە ناکەین عەرەبیش دەستیان هەبووە لەم پیشەیەدا، خەڵکی حیجاز، بەتایبەتی خەڵکی مەدینە، ئەوانەی کە تەمەنیان درێژ بوو، یاخود ئەوانەی کە یادەوەریی خۆیان لە نەوەکانیاندا چاندبوو، ئەوانەش کە بە دونیادا بڵاوببوونەوە، لەپێش هەمووشیانەوە ئەوس و خەزرەج کە بەهۆی فتوحاتەوە بەدنیادا بڵاوبوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتدارەکانی موهاجرین بەناوی جیهادەوە، ئەوان لەلایەن زانستخوازەکانی وڵاتە فەتحکراوەکانەوە هەمیشە جێگەی بایەخ بوون بۆ ئەوەی زانستیان لێوەربگرن، پشکی گەورەیان هەبوو بە گێرانەوەکانیان یاخود بەو گێرانەوانەی بەناوی ئەوانەوە وتراون، لە بنیاتنانی تەلاری سوننەت. وەک لەدواییدا دەردەکەوێت ئەو تەلارەش فرە نهۆمە و هەر نهۆمێکیش لەڕووی زۆری فەرمودەیەوە لەوەی ژێر خۆی فراوانتر دەبێت بە دوو سێ قات، بەگوێرەی پرەنسیپی کەڵەکەبوون، واتە بینا لەسەر بینا دەبێت [33].

هەروەها ئاساییە پرۆسەی بنایتنانی سوننەت بەدرێژایی سێسەد ساڵ لەگەڵ بنیاتنانی فیقهدا پێکەوە گرێدراون و جیانابنەوە لە سەرەتادا لقەکانی فیقهـ (فروع الفقه) دواییش بنەماکانی فیقهـ (اصول الفقه)، وەک دیارە فیقهـ لە شارساتنێتی ئیسلامیدا جێگەی یاسای لە شارستانێتی ڕۆمانیدا گرتۆتەوە. بێگومان لە شارساتنێتیەکی فراوانی وەک شارساتنێتی ئیسلامیدا، فراوان لە ڕووی نەتەوەکان و پانتاییەوە، ئەو شارستانێتییە فراوانە، ئەو ژمارە کەمە لە ئەحکامی قورئان ناتوانێت تێری بکات و وەڵامگۆی هەموو پێداویستییەکانی بێت لەڕووی داواکارییە هەمیشە نوێبۆوەکانی ژیاندا، لێرەوە شتێکی حەتمی بوو دەبوو تۆماری فەرمودە کەڵەکە بێت و فراوان بێت. لەوەش زیاتر دەبوو هەمان پیرۆزی و هەمان هێزی یاسادانان کە قورئان هەیەتی بدرێت بە فەرمودەش. ئەمە ئەگەر زیاتریشی پێنەدرابێت وەك ئەوەی (شاطبي) دەیڵێت. هەرچەندە (شاطبي) شتێکی تازەی نەهێنا، بەڵکو تەنیا ئەندامێکی ئاسایی بوو لەناو کولتووری باودا، وەك لە دواییدا باسیدەکەین، لە کاتی باسکردنی ئیجتیهادی هەر پێنج مەزهەبە فیقهیەکەدا [34].

لەڕاستیدا کۆیلە ئازدکراوەکان کە نەوەی کۆیلە عەجەمەکان بوو، هەر ئەوان بوون فیقهسازییان پێشخست وەک چۆن پیشەی فەرمودەیان پێشخست. بەلایەنی کەمەوە دوان

لە پێشەواکانی مەزهەبەکان لە نەوەی کۆیلە ئازادکراوەکان بوون، ئەوانیش (ئەبو حەنیفە) و (مالیک کوری انس) بوون[35]، هەروەک دەوترێت پێشەوای مەزهەبی پێنجەمیش (مەزهەبی زاهیری)، واتە (ئیبن حەزم)یش لە رەچەڵەکدا فارس بووە. بەهەرحاڵ ئەو شایەتیەی (عبدالرحمن کوڕی زەید، کە ساڵی 182ی کۆچی مردووە)، کە نەوەی (عومەر کوڕی خەتاب)ـە بە باشی گوزارشت لەو حاڵەتە دەکات: (کاتێک سێ عەبدوڵلاکە مردن، واتە عەبدوڵلای کوڕی عەباس و عەبدوڵلای کوڕی عومەر و عەبدوڵلای کوڕی زوبێر، ئیدی فیقهـ کەوتە بەردەستی مەوالییەکان «کۆیلە ئازادکراوەکان»، زانای مەککە (عطاء کوڕی رەباح) بوو، زانای یەمەن (طاوس) بوو، یەمامە (یەحیا کوڕی کثیر) بوو، لە کووفە (ابراهیمی نەخعی) بوو، لە شام (مەکحول) بوو، لە خۆراسان (عطای خۆراسانی) بوو، تەنیا مەدینە نەبێت کە قورەیشی بوو، واتە سەعیدی کوڕی موسەیەب) [36].

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین: گەورەکردنی سوننەت لەبەرژەوەندیی ئۆتۆکراتیزمی عەرەبە داگیرکەرەکان توێژە رۆشنبیرەکەی وڵاتە فەتحکراوەکانیش بووە. چونکە ئۆتۆکراتیزمی عەرەب چەندە دەسەڵاتی تیۆکراسی بەهێز بوایە ئەوەندە دەسەڵاتی ئەوان تا بەرزترین ئاست رەوایەتی وەردەگرت. بێگومان ئەم فەرمانرەواییە خوداییە هێز لەوە وەردەگرێت کە ژێردەستەکان فەرمانرەواییان بەناوی خوداوە پێ پەسەند بێت. ئیدی هەر کاتێک هەر حوکمێک رەوانەی لای دەسەڵاتی خودا بکەیت هیچ سنوورێك نامێنێت لەنێوان دەستەبژێری فەرمانرەوا و دەستەبژێری حوکمکراودا، تا وای لێدێت پەیوەندیی نێوانیان دەبێتە شەریکایەتی هاوبەش [37].

لێرەوە دەبوو سوننەتی پێغەمبەر خۆی بسەپێنێت، ئەم سوننەتەش دەبێت سەرچاوەیەکی خودایی پێبدرێت، بەشێوەیەك ئیدی (لەنێوان عەرەبێك و عەجەمێکدا هیچ جیاوازییەك نەمێنێ مەگەر لە پابەندییان نەبێت بە ئایینەوە)، لەوەش باشتر نییە بۆ رازیکردنی دڵی حوکمکراوەکان کە بەناوی یاسای خوداییەوە حوکم بکرێن، بەتایبەت گەر ئەو حوکمکراوانە خۆیان بەشداربن لە داڕشتنی ئەو یاسایانەدا. بەم شێوەیە دەتوانین لە پێکگەیشتنی بەرژەوەندییەکانی دەستەبژێری حاکمەکان و دەسەبژێری وڵاتە فەتحکراوەکان

تێبگەین، ئەویش بە خۆماڵیکردنی پێغەمبەری عەرەب. ئیدی بێجگە لەو کەمینە ئایینیانەی کە لەسەر ئایینەکەی خۆیان مانەوە وەک مەسیحیەکانی سوریا و عیراق و میسر، پەیوەندی نێوان فەتحکارەکان و فەتحکراوەکان لە چوارچێوەی داگیرکەر و داگیرکراو دەرچوو، هەروەک ئیمپراتۆریای رۆمان بۆ نموونە[38]، ئیمپراتۆریایی عەرەبی ئیسلام ئیدی پێویستی بە هێزی سەربازیی بەردەوام نامێنێت، بەڵکو ئیدی هەر بەرهەمهێنانی هێزی سەربازی دەبێتە شتێکی ئۆتۆماتیک. تائاستێك تەنانەت پەلامارە بەناوبانگەکەی مەغۆلەکانیش سەرەرای ئەو هێزە وێرانکارییەی هەیانبوو، کەچی پاشان بەهێواشی لەناو ئەو شارستانیەتە دەتوێتەوە، لەجیاتی ئەوەی شارستانیەتەکە ریشەکێش بکات. ئەوەش جیاوازیی نێوان شارستانێتی رۆما و ئیسلامیە، شارستانێتی رۆمانی کە یاسایەکی زەمینی (دونیایی) هەبوو لەگەڵ نەمانی هێزە سەربازییەکەیدا خۆشی تواپەوە، کاتێك خێڵە هۆنیەکان پەلاماریاندا.

بەڵام ئەوەی ئەو شارستانێتیە لەسەر ئاستی **بەردەوامیی مێژووی** بەدەستیهێنا –وێرای ناوبڕێکی دورودرێژ لەگەڵ خەلافەتی عوسمانیدا- لەسەر ئاستی دابرانی شارستانیی بە شکست داینایەوە. هەرچەند شەریعەتی ئیسلامی بەهۆی ئەوەی گوتراوەکانی بەناوی پێغەمبەرەوە کردە سەرچاوەیەکی خودایی و بەمەش خۆی پاراست لە تیاچوون، بەڵام لەبەرامبەردا لەسەر ئاستی پێشکەوتندا ئەو شارستانێتیەی تووشی ئیفلیجیکرد. لە دۆخێکی داچەقیودا وشکیکرد. ئیدی هەر لەوێدا خۆی دووبارە دەکاتەوە بێ گوێدانە تێپەڕینی کات و شوێن.

شەریعەتێک بەو شێوەیە بێت دەبوو هەر خۆی مێژوو ئاراستەبکات و باڵادەست بێت بەسەریدا –هەروەک لە نموونەی یاسادانی زەمینیدا هەیە- نەوەک ئەم پاسیڤانە مەحکوم بێت بە مێژوو. لەراستیدا دەرچوون لە جەبری مێژوو واتە دەرچوون لە مێژوو خۆی، لەوانەیە هەر ئەوەش گەورەترین پارادۆکسی ئیسلامی مێژوو بێت: کاتێک ئیسلامی مێژوو وەک ئیسلامی پەیام پاڵدەدات بە سەرچاوەیەکی خوداییەوە، ئەوە واتە ئیسلامێکی بان مێژوو دەبێت، ئەو بان مێژووبوونەش تائێستا لەسەر ئاستی عەقڵیەت و بونیادی کۆمەڵایەتی بەلایەنی کەمەوە ئەو بەرەنگارییە عەرەبییە دژ بە نوێگەرییە بەهێزتر دەکات، واتە وادەکات عەرەب نەتوانن نوێگەری وەربگرن.

## پەراوێزەکانی بەشی دووەم

1- واتە ئەوانەی پەیامیان بۆ نەهاتووە ناتوانن ئەوانە پابەند بکەن کە پەیامیان بۆ هاتوە.

2- الراغب الاصفهاني، مفردات الفاظ القرآن، تحقيق مصطفى عدنان داودي، دار القلم، دمشق1412ه، ج1، ص37.

3- القرطبي، تفسير القرآن، تحقيق، هشام سمير البخاري، دار عالم الكتن، الرياز2003، ج18، ص91.

4- جواد علي، المفصل في تاريخ العرب قبل الاسلام، جامعة بغداد، الطبعة الثانية1993، ج3، ص993- 1003.

5- بەڵکو عەرەبێتی قورئان بەڵگەیەکە بۆ خودایی بوونی سەرچاوەکەی بە گوێرەی ئایەتی 103 لە سورەت النحل.

6- لێرەد دەقەکەمان لە قورئان خۆیەوە وەرگرتووە (فانما يسرناه بلسانك لعلهم يتذكرون) (الدخان: 58).

7- دەبێت بەگوێرەی دەقی قورئان جۆی دان بەوەدا بنێین کە قورئان تەنیا بۆ (امیین)ی عەرەب نەهاتوە، بەڵکو بە شێوەیەکی لاوەکیش هاتووە بۆ راستکردنەوەی بیر و باوەڕەکانی جولەکە و مەسیحی وەک ئەوەی دەڵێن (عوزێر کوڕی خودایە) یان (مەسیح کوڕی خودایە).

8- الشافعي، الأم، دار الفكر، ط2، بيروت 1983، ج4، ص193.

9- لەو هەواڵەدا کە شافیعی ریوایەتی کردوە لەسەر زاری عمر کە گوتویەتی (من وازیان لێناهێنم تا یان موسوڵمان دەبن یان لە گەردنیان دەدەم)، بەڵکو رازی بووە بەوەی کە هەندێک لەوانە (جزیە)یان لێوەربگرێت.

10- اذرعات: یەکێک لە دێیەکانی حوران لە شام.

11- تێبینی بکەین لێرەدا (أمیین) بەرامبەر (اهل الکتاب) دێت، وەک پەیوەندییەکی هاوڕەگەزی. واتە دژ بەرامبەر دژەکەی.

12- الطبري، جامع البیان، سەرچاوەی پێشوو، ج20، ص69.

13- بێجگە لەو بەربەستە زمانەوانییەی کە غەساسینەی مەسیحی پاسەوانیی سنوورەکانی دەکرد لە بیابانی شام.

14- لەراستیدا ئەم وەرچەرخانە لەکاتی خۆیدا تەواو نەبوە، چونکە سەرچاوە مێژووییەکان وەک تەبەری ئاماژە بەوە دەکەن کە عمری کوڕی خەتاب هەڵگەڕاوەکانیشی بەشدارکردوە لە فتوحاتی شامدا.

15- لەوانەی کە دواکەوتبوون لە جەنگی تەبوک، وەک کەعب کوڕی مالیک و مرارە کوڕی ربیع و هلال کوری امیة و عەبدوڵڵا کوڕی ابي سلول.

16- سیوطي دەڵێت (ژمارەی ئایەتەکانی قورئان شەش هەزار ئایەتە، بەڵام هەندێکی تر دەڵێن زیاترە). (الاتقان في علوم القرآن، ج1، ص67).

17- الطبري، جامع البيان، ج20، ص405.

18- مەسیحیەتیش دووچاری هەمان ئیشکال بۆتەوە، بەڵام لەرێگەی موعجیزەوە چارەسەری کردوە.

19- ئەو چەمکەش تەنیا لەگەڵ مۆدێرنەدا دەردەکەوێت پاش ئەوەی کیشوەرەکانی ئەمریکا و ئۆقیانووسەکان دەردەکەون.

20- لە **لسان العرب**دا هاتووە: «هەر قەومێک بدرێنە پاڵ هەر پێغەمبەرێک دەبنە ئوممەتی ئەو».

21- وشەی (منهم)مان تۆخکردۆتەوە تاکو مانای (نەتەوەیی) بە وشەی (الناس) بدەین، چونکە ئەگەر مەبەستی هەموو مرۆڤ بوایە وشەی (منهم)ی بەکار نەدەهێنا.

22- القرطبي، الجامع لاحكام القرآن، تحقيق هاشم سمير البخاري، دار عالم الكتب، الرياض2003، ج14، ص300.

23- الزمخشري، الكشاف عن حقائق غوامض التأويل، دار الكتاب العربي، بيروت 1407هـ، ج3، ص583.

24- فخر الرازي، التفسير الكبير، المطبعة البهية المصرية، ج25، ص285.

25 البخاري، الجامع المسند الصحيح، تحقيق محەمەد زهير بن ناصر الناصر، دار طوق النجاة، الرياض 1422هـ، ج1، ص74.

26- مسلم بن الحجاج، صحيح مسلم، ج1، ص370. ، هەرچەند ئەم فەرمودەیە ناڕوونیەکی تێدایە، چونکە ئیبن عەباس بە مرۆڤ و جنۆکە لێکی دەداتەوە، فەرمودەی ترمان هەیە کە بەیهەقی ریوایەتی دەکات دەڵێت (ئێوە بەشی منن لە ئومەتەکان، منیش بەشی ئێوەم لە پێغەمبەران).

27- بۆ زیاتر تێگەیشتن بڕوانە: اسماعيل سعيد رضوان، هشيم بن بشير، تدليسه ورواياته في صحيح البخاري، المشورة في مجلة الجامعة الاسلامية، المجلد 14، العدد 2، حزيران 2006.

28- ئەم مەرجە زمانەوانییە نەتەوەییە بۆ پەیام دەتوانێت تیشک بخاتە سەر چەمکێکی قورئانی کە ناروونیەکەی زۆری لەسەرە و تائیستا جێگەی مشتومڕێکی زۆرە، لە نێوان موفسیرەکاندا لەسەر مەسەلەی ام الكتاب.

29- دەتوانین لەم حوکمەدا سۆفیەکان دەربکەین کە تارادەیەکی باش وەک قورئانی ماونەتەوە، بەڵام ئەوانیش لە ئەڵقەی زیکر و تەکیەکانی خۆیاندا گیریان خواردوە و نایەنەدەر، و هیچ کاریگەرییەکی وایان نەبووە نە بەسەر دەسەڵاتەوە نەبە سەر خەڵکەوە.

30- لەوانەیە ئیمامی ئەوزاعی (157ک) یەکەم کەس بووبێت ئەم قسەیەی کردبێت نەك شاطبي.

31- النيسابوري، معرفة علوم الحديث وكمية اجناسه، تحقيق فارس السلوم، دار ابن عزم، بيروت 2003، ، ص549- 550.

32- وشەی (شعوبی) بەکارناهێنین چونکە ئەو وشەیە بارگەیەکی جنێوبەخش هەڵدەگرێت.

33- کاتێک باسی دەستی عەرەبی دەکەین لە بنایتنانی تەلاری فەرمودەدا لەگەڵ دەستی ئەعجەمیدا، نابێت وابزانین تەنیا مەبەستمان خەڵکی مەدینە و مەککەیە، چونکە هەموو کۆیلەکان لە عەجەم نەبوون بەڵکو عەرەبیشیان تیدابوو، چونکە بەهۆی غەزاکانەوە تا جەنگی هەڵگەڕاوەکانیش کۆیلەی عەرەبیش زۆربووبون، وەک کۆیلەکانی تەغلوب کە عەرەبی مەسیحی بوون. هەروەها خەڵکی عين التمر کاتێک خالید پەلاماریدان هەموویانی بەدیلگرت و ناردنی بۆ مەدینە، لەنێوانیاندا چل قوتابی هەبوو لە کڵێسای مەسیحی، ئەوانیش کرانە کۆیلە و دوایی یان خۆیان یان نەوەکانیان دەوری بەرچاو دەبینن لە فەرمودەدا، وەچەی نەصیریش واتە (موسا بن نصير) دەبێتە سەرکردەیەکی بەناوبانگی ئیسلامی ئەندەلوس مەغریب ئەو داگیریان دەکات، ئەوانی تریش هەموویان دەبنە زانای فەرمودە وەک محەمەد بن اسحاق خاوەنی ژیاننامە کە وەچەی یسار کۆیلەی ابن مخرمە بوو، هەروەها ئیبن سیرین کە کوڕی سیرین بوو یەکێکی لەوانەی لە کڵێساکەدا بەدیل گیران، حەسەنی بەسری کە باوکی ئەویش مەسیحی بوو بە کۆیلە کرابوو، (بڕوانە: ابن الاثير والطبري، وابن كثير).

34- مەزهەبەکان چوارن بەڵام لەگەڵ مەزهەبی زاهیریدا دەبنە پێنج.

35- لەمەوە تێدەگەین کە بۆچی مالیکی سپی پێست و قژزەرد و چاوشین بوو.

36- ابن قيم الجوزية، اعلام الموقعين عن رب العالمين، مكتبة الكليات الازهرية، القاهرة 1968، ج1، ص22- 23.

37- بەڵکو تەنانەت هەر بەناویش نەما، پاش ئەوەی دەسەڵات کەوتە دەست ئال عوسمان لەوێوە عەرەبیش لە فەرمانڕەواوە بوونە ژێردەستە.

38- بەڵکو زۆرجار فەتحکراوەکان خۆیان بوونەتە فەتحکار وەک بەربەرەکانی باکووری ئەفریقیا.

# بەشی سێیەم

## مالیکی کوڕی ئەنەس:
## پەراوێزێك لە ئازادی

دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی **عەقڵی دەقگەرا** بکەین: بریتییە لە عەقڵی جیاکەرەوەی هەموو ئەو شارستانێتییانەی بەشێوەیەکی بازنەیی بەدەوری خۆیاندا چەقیانگرتووە، هاوشێوەی شارستانێتیی عەرەبیی ئیسلامی، واتە عەقڵی دەقگەرا ئەو عەقڵەیە کە تێگەیشتن لە دەق دەخاتە پێش تێگەیشتن لە واقیعەوە، یاخود واقیع وابەستە دەکات بە دەقەوە. بەڵام تەنانەت ئەم پێناسەیەش هەندێك پلەبەندی تێدایە لەنێوان عەقڵێکدا کە لە دەقەوە دەردەچێت بۆ واقیع تاکو لەوێدا لێکدانەوە بکات بۆ ئەو واقیعە و دەوڵەمەندی بکات و پێشیبخات، لەگەڵ عەقڵێکی تێکشکاوی هەڵگەراوە لە واقیعەوە بۆ دەق، بەمەش واقیع وشك دەکات و جیاوازییەکانی دەسڕێتەوە و فرەڕەنگییەکانی دەکاتە یەکڕەنگی، ئەو بەم کردەوەیە هەر واقیع ناشێوێنێت، بەڵکو دەقیش دەشێوێنێت، وایلێدەکات توانای زیاتر لە یەك تەئویلی نەبێت و نەتوانێت لەگەڵ دونیا جیاوازەکان و گۆرانی شوێن و کاتدا هەڵبکات، بەگوێرەی ئەو ڕێسا فیقهییە ناسراوەی کە دەڵێت: ئەحکام بەپێی سەردەم و شوێن و بارودۆخ دەگۆڕێت.

بێگومان ئەو عەقڵەی کە مالیکی کوڕی ئەنەس لێوەی دەردەچێت، نموونەیەکی پێشوەختە بۆ عەقڵی دەقگەرا، واتە عەقڵێکە تا ئەو کاتە توانای مشتومڕی ون نەکردووە و ئینتیمای بۆ دەقگەرایی وای لێنەکردووە نکۆڵی لە واقیع بکات.

لەوانەیە بتوانین باشتر لە عەقڵی مالیک تێبگەین ئەگەر جیاکارییەک بکەین لەنێوان دوو جۆر جۆر لە کارکردنی عەقڵی دەقگەرادا: عەقڵێک، عەقڵ لە دەقەکانەوە وەردەگرێت، لەگەڵ عەقڵێک کە دەقەکان بە عەقڵانی دەکات. گەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو جیاکارییەی زمانی فەرەنسی دەیکات لەنێوان **عەقڵێکی بەعەقڵانیبوو** La raison raisonnante، **لەگەڵ عەقڵێلی بەعەقڵانیکەر** rationaalwisante La raison، باشتر لەو جیاکارییە تێدەگەین.

بەعەقڵانیکردن، یاخود ئەوەی دەتوانین ناوی بنێین پاکانەکردنی عەقڵانی یان دەرهێنانی عەقڵانی، رێکارێکی لۆژیکیی سایکۆلۆژییە لە سروشتێکی نەخۆشەوە دەردەچێت، بانگەشەی ئەوە دەکات ئەو خاوەنی پشکی عەقڵگەرایی پێشینە و پێشمەرجە سەبارەت بە هەرشتێک لەوەوە دەردەچێت، کردار بێت یان فکر. جا لەبەرئەوەی دەق لە شارستانێتی ئیسلامی لە پێگەی خود (ذات)دایە لەم پێناسەیەدا. بابڵێین بەعەقڵانیکردن واتە پێدانی بڕوانامەی مەعقولیەتی پێشوەخت و رەها بەدەق، واشی دابنێین کە دەق یەك حەقیقەت دەڵێت کە خاوەن لێکدانەوەی تر و پارادۆکس نییە، ئیدی لێرەدا ئەرکی عەقڵی بەعەقڵانیکراو ئەوەیە کە پاکانە بۆ دەق بکات لە هەر کەموکورتییەکی پێشبینیکراو و هەموو بۆشاییەکانی پڕبکاتەوە، هەروەها بەرز و نزمیەکانی رێکبخات و ناکۆکیەکانی بگێڕێتەوە بۆ کۆکییەکانی، هەروەها پارادۆکسەکانی لابدات و بە ئاگری لێکدانەوە بیتوێنەتەوە بە جۆرێك دروستەکان بهێڵێتەوە، هەڵەکانیش نەهێڵێت و ئەگەری پارادۆکسبوون (تناقض) لەناوبەرێت، چونکە دەق لەبەرئەوەی سەرچاوەیەکی خودایی هەیە یان پیرۆزە نابێت غەیری حەقیقەت بگرێتە خۆی بەبێ ئەوەی هیچ دوالیزمییەکی تێدابێت، وەك ئیبن روشد دەڵێت.

بێگومان ئێمە لێرەدا نامانەوێت بکەوینە هەڵەیەکی مێژوویەوە و مالیک رابکێشین بۆ سەردەمێک غەیری سەردەمی خۆی، یان بوارێکی ئەپستمۆلۆژی جگە لە بوارەکەی خۆی

و بیخەینا ناو رەوتی لایەنگرانی دوو حەقیقەتەکەوە[1]. تەنیا ئەوەندە هەیە مالیکی کوری ئەنەس بە پێچەوانەی ئەوانەی کە پاش خۆی دێن، ئەوانەی بە هەر نرخێك بێت هەوڵدەدەن لە رێگەی بەعەقڵانیکردنەوە هەموو بازنەکان دابخەنەوە، بەڵام مالیک بەدووری نازانێت کە جۆرێک لە پارادۆکس (تناقض) لە دەقدا هەبێت، جا ئەو دەقە گوتراوی پێغەمبەر بێت یان قسەی هاوەڵان بێت، بەجۆرێك لەوانەیە شتێک و پێچەوانەکەی بڵێت لەگەڵ ئەوەی هەردووکیشیان راستن، بێگومان هێشتنەوەی دەرگای دوالیزم بەکراوەیی لە دەقەکاندا خۆی بۆخۆی پەراوێزێک لە ئازادی دروستدەکات. هەرچەند مالیك کاتێک ئەو دژایەتییە لەنێوان دەقەکاندا دەبینێت رادەوەستێت و حکومەکە رادەگرێت، بەڵام دەتوانین بڵێینن هەر ئەو راوەستانەی مالیک خۆی بۆخۆی پەراوێزێکی تر بۆ ئازادی دەکاتەوە، هەرچەند ئەم هەڵویستانەی مالیك هەر لە دیدگای عەقڵی دەقگەراوەیە، هێشتنەوەی دەرچەی پارادۆکس بەکراوەیی تەنانەت لەگەڵ راگرتنی حکومیش، دەرگای لێکدانەوەش هەر بەکراوەیی دەهێڵێتەوە، ئەوەش ئەو دەرگایەیە کە میکانیزمی **بەعەقڵانیکردنی دەق** هەوڵی داخستنی دەدات، ئەو میکانیزمەی ئیدی لە سەدەی سێیەمەوە خۆی دەسەپێنێت و سەرکەوتنی گەورە بەدەست دێنێت، ئەوەش دەبێتە هۆی تێکشکاندنی **تاکڕەهەندیی حەقیقەت** و هەر دەچوونێکیش لەو تاکە حەقیقەتە یان گومانلێکردنێکیشی بە دەرچوون لە راستەڕێ و خزان بۆ ناو بیدعە و گومرایی دادەنرێت، بەڵکو تەنانەت بە کوفریش دادەنرێت. لەوانەیە گەر هەموو ئەو دەرچانەی مالیک کردوونیەتەوە و داینەخستوونەتەوە لە دژبەربوونی دەقەکاندا باس بکەین، لەوانەیە زۆری بوێت، بەڵام ئێمە لێرەدا چەند نموونەیەك هەڵدەبژێرین:

لە (**كتاب القبلة**)دا بۆ نموونە، مالیک دوو دەرچەی دژبەیەك دەکاتەوە بەتایبەت لە ناونیشانەکانیاندا، دەروازەی **نەهیکردن لەوەی مرۆڤ لەکاتی دەستبەئاوگەیاندندا رووبکاتە قیبلە**، هەروەها دەروازەی **رێگەدان بە رووکردنە قیبلە لەکاتی دەستبەئاوگەیاندن.**

لە دەروازی یەکەمدا، واتە نەهیکردن لە رووکردنە قیبلە، لەسەر زمانی (ابو ايوب الانصاري) دەڵێت (بەخودا نازانم چی لەم ئاودەستانە (کرابیس) بکەم[2]، لەکاتێکدا پێغەمبەر دەفەرموێت هەر کەسێکتان چووە سەرئاو، نابێت رووبکاتە قیبلە یان پشتی

تێبکات[3]. بەڵام لە دەروازی دووەمدا لەسەر زاری (عەبدوڵلا کوڕی عمر) فەرمودەیەک دێنێت کە قسەی یەکەم ڕەتدەکاتەوە و ڕێگە بە نەهی لێکراوەکەی یەکەم دەدات، (مالیک لە یەحیاوە دەگێڕێتەوە لە ئیبن حەیبان لە عەبدوڵلا کوڕی عومەرەوە دەڵێت: کەسانێك دەڵێن ئەگەر دانیشتیت لە سەرئاو پشت مەکەرە قیبلە و (بیت المقدس)[4] عەبدوڵلا وتی: من بەسەر دیوارێکی خۆماندا هەڵگەرام، پێغەمبەرم بینی لەسەر دوو خشت رووی کردبووە (بيت المقدس) لەکاتی دەستبەئاوگەیاندن (ژمارە455).

بە هەمان شێوە لە کتێبی (کورتکردنەوەی نوێژ لە سەفەردا) دیسان مالیک دوو دەروازەی جیاواز دەکاتەوە، لەسەر زاری دوو ئەسحابەوە (كعب الاحبار و عەبدوڵلا کوڕی عومەر)ـەوە سێ فەرمووده دێنێت، هەرسێکیان نەهیدەکات لەوەی بە بەردەمی نوێژکەردا بڕۆی، بۆ نموونە: لە (ابي سعيد الخدري)ـەوە دەگێڕێتەوە: (ئەگەر کەسێکتان نوێژیکرد با ڕێگە نەدات کەس بە بەردەمیدا بڕوات و دووریبخاتەوە تا دەتوانێت، ئەگەر کەسەکە وازی نەهێنا با شەڕی لەگەڵ بکات، چونکە ئەوە شەیتانە: (ژمارە364)، بەڵام هەر مالیک لە دەروازەی ڕێگەدان بە ڕۆیشتن فەرمووده‌یەک دێنێتەوە کە (سعد کوڕی ابي وقاص) و (عەلی کوڕی ابوطالب) و (عەبدوڵلا کوڕی عومەر) ئاسایی بووە بەلایانەوە کەسێک بەبەردەم نوێژکەردا بڕوات، (ئیبن عباس) دەگێڕێتەوە: (بەسواری ئێسترێکەوە هاتم ئەوکاتە مێردمنداڵ بووم باڵق ببووم، لەوکاتەدا پێغەمبەر پێشنوێژی بۆ خەڵك دەکرد لە (مینا)، بە بەردەمی هەندێکدا تێپەڕیم و دابەزیم ئێسترەکەم بەرەڵاکرد بۆ خۆی بلەوەڕێت، خۆیشم چوومە ریزی نوێژەوە، کەسیش قسەی نەکرد)(369)[5]. هەروەها لە (عەلی کوڕی ابو طالب) دەگێڕنەوە کە گوتویەتی (هیچ شتێک نوێژ بەتاڵ ناکاتەوە لەو شتانەی بەبەردەمی نوێژکەردا تێدەپەڕێت)(371). هەروەها هەمان فەرمودەی لە (عەبدوڵلا کوڕی عمر) گێراوەتەوە، هەرچەند هەر لە (ئیبن عومەر) گێراویەتییەوە کە (ڕێگەی نەداوە کەس بە بەردەمیدا تێپەڕێت و بە بەردەمی کەسیشدا تێنەپەڕیوە).

لەوانەیە گەورەترین دژبەری لە مەسەلەی ماچکردنی ڕۆژووەواندا هاتبێت. لێردا مالیك دیسان دوو دەرواز دەکاتەوە، **یەکەمیان** دەروازی ڕێگەدان بە ماچکردن لەکاتی ڕۆژوودا، **دووەمیان** بەتوندی نەهیکردن لە ماچکردن لەکاتی ڕۆژوودا. لە یەکەمیاندا دەگێڕێتەوە

کە (ام سلمة) دەڵێت (پێغەمبەر بە زمانی بەڕۆژووەوە خێزانەکانی ماچ دەکرد) (645). ئەو قسەیە دیسان بە ریوایەتێکی تر لە عائیشەوە پشتراست دەکاتەوە کە (پێغەمبەر هەندێك لە خێزانەکانی ماچدەکرد لەکاتێکدا بەڕۆژووبوو)(646)[6]. لە دەروازەی دووەمدا لەسەر زاری (عروة کوڕی زوبیر) دەڵێت: (وەهای نابینم رێگەدان بە ماچکردن لەکاتی رۆژوودا شتێکی باش بێت) (650)، لە ئیبن عومەریشەوە رادەگوێزێت کە (ئیبن عومەر نەهیکردوە لە ماچکردن و دەستدان لە ژنەوە لەلایەن رۆژووەوانەوە). لە (ئیبن عەباس) یشەوە دەگێڕێتەوە (پرسیاری لێکرا لەبارەی ماچکردن لەلایەن رۆژووان، ئەو بۆ کەسی پیر رێگەیدا بەڵام بۆ گەنج رێگەی نەدا) (652).

لەبەردەم ئەم دژبەری و پارادۆکسەدا مالیك هەندێکجار رێگەی دەستوەردان بەخۆی دەدات، بە پێەوانەی نەریتی خۆیەوە حکومەکەی رادەگرێت، لە سەعدەوە دەگێڕێتەوە کە (بە بەردەم ریزی نوێژەکاندا تێدەپەڕی لەکاتی نوێژدا)، پاشان مالیک خۆی دەڵێت (من وای دەبینم ئەگەر ئیمام نوێژی دابەست و ئەوەی کە دێت ناچاربوو بە نێوان ریزەکاندا بچێتە ناو مزگەوت، لەوکاتەدا ئاساییە بەبەردەم ریزەکاندا بڕوات) (لا 128).

لە (کتێبی تەلاق)دا مالیك هیچ بەشێکی ناکۆك لە رێگرتن لە ئاوتێکردن یان تێنەکردندا ناهێنێت لە کاتی جووتبووندا، بەڵام دەروازەیەك دێنێت لە (باب ما جاء في العزل) کە چەندین گێرانەوەی ناکۆکی تێدایە. لە (ابي سعيد خدري)ـەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت (لەگەڵ پێغەمبەر دەرچووین بۆ غەزای «بني المصطلق»، لەوێدا کەنیزەکی عەرەبمان گرت، ئێمەش حەزمان لە ژن بوو، بێژنیی[7] تەنگی پێهەڵچنیبووین، ئیدی ویستمان ئاویان تێنەکەین لەکاتی جووتبوون لەگەڵ کەنیزەکەکاندا[8] وتمان: نابێ لەکاتێکدا پێغەمبەر لە ناوماندایە کارێکی وابکەین، پێش ئەوەی پرسیاری لێبکەین؟ ئیتر پرسیارمان لێکرد. ئەویش فەرمووی: «جا بۆ نایکەن»(1262).

هەروەها بۆ زیاتر جەختکردنەوە لەسەر ئەو رایە مالیك لە (سەعد کوڕی ئەبی وەقاس) دەگێڕێتەوە کە ئەویش (عەزل)ی دەکرد. هەمان شت لە (ابو ايوب الانصاري) دەگێڕێتەوە، بەڵام لە بەرامبەردا، گێرانەوەیەک لە (ئیبن عومەر)ـەوە دێنێت کە گوایە ئەو (عەزلی نەدەکرد و عەزلکردن لای ئەو کەراهیەتی هەبوو)، هەروەها لە هاوەڵێکی

ترەوە گوتراوێکی تر دێنێ بەناوی (عجاج بن عمرو) کە پرسیاری لێکرا لەبارەی پیاوێکەوە دەیەوێت لەکاتی جووتبوون لەگەڵ کەنیزەکەکانیدا ئاویان تێنەکات، چونکە نایەوێت منداڵی لێیان ببێت، ئەو وتی: (ئەوان کێڵگەی تۆن گەر ویستت ئاویانبدە، گەر ویستت تینوویان بکە). مالیک بێ ئەوەی دەرگای ناکۆکیەکان دابخات، پێشنیاری ئەوە دەکات کە جیاوازی بکرێت لەنیوان کەنیزەك و ژنی ئازاددا، دەڵێت «پیاو نابێت لەگەڵ ژنی ئازاد عەزل بکات مەگەر بە ئیزنی خۆی نەبێت، بەڵام کەنیزەك پێویست ناکات ئیزنی وەربگیرێت» (1267).

هەروەها بابەتی شیردان لای مالیک وەك بابەتی عەزل وایە، بەڵام بە فرە راییەکی زیاترەوە تا دەگاتە ئاستی دژیەکبوون لەنێوان هاوەڵان و شوێنکەوتوان «الصحابة والتابعین»، مالیک دەروازەی شیردان بە فەرموودەیەک دەکاتەوە کە لە عائیشەوە گێڕدراوەتەوە و دەڵێت (ئەوەی بە رەچەڵەك حەرام دەبێت بە شیردانیش حەرام دەبێت) [9] 1277. بەڵام پاش تۆزێکیتر 10 گێرانەوەی تر دینێت کە هاوەڵان رای جیاوازیان لەسەر دەربڕیوە، لەپێش هەمووشیان عائیشە خۆی، لە ژمارەی ئەو ژەمانەی دەبێتە هۆی حەرامکردن وەک مەرجی تەمەنی شیرە خۆرە، بۆ نموونە عائیشە 10 ژەمی تەواو بەمەرج دەگرێت، هەروەها (حفصةی کچی عومەر)یش (عاصم کوڕی عەبدوڵلا)ی نارد بۆ لای خوشکەکەی خۆی، بۆ ئەوەی 10 ژەم شیری بداتێ و دوای ئەوە (عاصم) بتوانێت بە مەحرەمی بچێت بۆ لای (حفصة). خوشکەکەشی، واتە (فاتمەی کچی عومەری کوڕی خەتاب) 10 ژەم شیری دا بە (عاصم)، پاش ئەوە ئیدی (عاصم) دەچوو بۆ لای (حەفصە) (1284)، بەڵام ئیبن عباس دەڵێت: یەک مژ (نەك ژەم) حەرام دەکات (1280). (سعید کوڕی مسیب) دەڵێت یەک دڵۆپ شیر حەرام دەکات (1286)، (ئیبن شەهاب) دەڵێت (شیردان کەم بێت یان زۆر هەر حەرام دەکات) [10]، بێجگە لە ژمارەی ژەمەکان، دیسان «**الموطأ**» دەمانخاتە بەردەم ناکۆکییەکی گەورەتر، سەبارەت بە تەمەنی شیرپێدان. ئەو پرسە تا ئەمڕۆش قسەی زۆر بەدوای خۆیدا دێنێت [11]. وەك چۆن عائیشە 10 ژەمی داناوە بۆ حەرامکردن، بە هەمان شێوە تەنیا ئەو باسی ئەوە دەکات کە شیردان بە گەورەش رەوایە و تەمەنێکی دیاریکراو نییە بۆ شیردان، لێرەدا مالیك فەرموودەیەک دەگێڕێتەوە لە

(سهلة کچی سهیل)، کە مێردەکەی لە بەدردا بەشداریکردوە، دەڵێت: (سهلة) راوێژی بە پێغەمبەر کرد سەبارەت بە سالم کۆیلەی (ابو حذیفةی) مێردم، پاش ئەوەی قورئان کوڕی هەڵگیراوەی پوچکردەوە، واتە ئەو وەک کوڕی شەرعی چیتر حساب ناکرێت، (سهلة) هات راوێژ بە پێغەمبەر بکات وتی: جاران سالم دەهاتەماڵەوە و من بە بەرگی ناوماڵ بووم، چونکە ئێمە بە کوڕی خۆمان دانابوو، ئێمەش تەنیا ژوورێکمان هەیە، چیبکەم باشە؟ پێغەمبەر فەرمووی: (پێنج جار شیری بدەرێ ئیدی حەرام دەبێت لە شیرەوە)، ئیتر دوای ئەوە وەک کوڕی شیریی خۆی سەیری دەکرد، مالیك دەڵێت: (عەروە) گێراوێتیەوە (کە عائیشە بە گوێرەی ئەم فەرمودەیە ئەگەر بیویستایە کەسێکی نامەحرەم هاتوچۆی بکات، بە (ام کلثوم)ی خوشکی دەگوت کە شیر بدات بەو کەسە تاکو ببنە خوشکەزای عائیشە لە شیرەوە (1288) [12].

بەڵام ئەم ئیجتیهادەی عائیشە لای خێزانەکانی تری پێغەمبەر پەسەند نەبوو، بۆیە رازی نەبوون (کەسێک بەو بیانووە بچێتە ماڵیان و دەیانووت: نابێت شتی وابکەین، ئێمە وایدەبینین ئەوە تەنها روخسەتێکی تایبەت بوە بۆ (سهلة)، بەخوا کەس بەو شێوەیە نایەتە ماڵمان)، هەروەها ئەو فەتوایەی عائیشە لەلایەن هاوەڵان و شوێنکەوتەکانەوە رەتکرایەوە، وەك (عومەری کوڕی خەتاب) کە وتی (شیردان بریتییە لە شیردان بە منداڵ (1289) [13]، هەروەها (سەعید کوڕی موسەیەب) وتی (شیردان تەنیا بۆ منداڵی ناو لانکەیە، دوای ئەوە ئیدی شیر تەنیا خواردنێکی ئاساییە و دەخورێت) (1286-1287). مالیک خۆیشی دەڵێت (شیردان کەم بێت یان زۆر، لە پێش دووساڵیدا حەرام دەکات، بەڵام دوای دوو ساڵیی هیچ حەرام ناکات، بەڵکو هەر وەک خواردنێکی ئاسایی دەبێت)1287).

لەمە زیاتر ناکۆکیەکانی هاوەڵان ناخەینەروو، کە لە زۆربەیاندا مالیک هیچی یەکلایی نەکردۆتەوە بەڵکو هەروا بەجێی هێشتوون، وەك داکەندنی ئیحرام لە عەمرەدا. رۆژووی رۆژی عەرەفە، بۆنخۆشکردن لە حەجدا، بڕینی دەستی دزی یاخی ...هتد، بەڵام لەکۆتاییدا ئەوە دەڵێین کە هەندێک جار ناکۆکی لەنێوان هاوەڵاندا دەگەیشتە ئاستی یەکتر بەدرۆخستنەوە، وەک ئەوەی عائیشە بە (ابوهریرە) دەڵێت، لە باسی رۆژووی کەسی لەشگراندا (جنب)، لە گێرانەوەیەکدا کە مالیک دەیهێنێت و لەسەر زمانی (ئەبوبەکر

کوڕی عبدالرحمن) دەیگێڕێتەوە: (من و باوکم لای مەروانی کوڕی حەکەم بووین، لەوکاتەدا مەروان ئەمیری مەدینە بوو، پێیانگوت (ابوهریرە) دەڵێت: ئەوەی بە لەشگرانی رۆژیکردەوە ئەو رۆژە بەرۆژوو نابێت، مەروان وتی: توخوا (ابوعبدالرحمان) بڕۆ بۆ لای دایکانی ئیمانداران (عائیشە) و (أم سلمة) لەو بارەوە پرسیاریان لێبکە، (عبدالرحمن) رۆیشت و منیش لەگەڵیدا چووم، تا چووینە لای عائیشە، پاش سەلامکردن وتی: ئەی دایکی ئیمانداران، ئێمە لای (مەروان) دانیشتبووین باسی ئەوەیان کرد کە (ابوهریرە) گوتویەتی ئەوەی بەلەشگرانی رۆژ بکاتەوە رۆژوەکەی بەتاڵ دەبێت، عائیشە وتی: ئەوەی (ابوهریرە) گوتویەتی راست نییە، ئایا تۆ شوێن سوننەتی پێغەمبەر ناکەویت؟ (عبدالرحمن) وتی: با، عائیشە وتی: دە من شاهیدی دەدەم بۆ پێغەمبەر کە بەلەشگرانی رۆژی دەکردەوە، تەنانەت کە لەشگرانییەکەی بەهۆی سەرجێییەوە بووبێت لەگەڵ خێزانەکانی نەك بەهۆی خەوبینینیشەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەرۆژوودەبوو، پاشان چووینە لای (ام سلمة)، ئەویش هەمان قسەی عائیشەی کرد، پاشان گەراینەوە بۆ لای (مەروان) و (عبدالرحمن) قسەی عائیشە و (ام سلمة)ی بۆ گێرایەوە، مەروان وتی: توخودا (عبد الرحمن) هەستە سواری ئەسپەکەی من ببە، بڕۆ بۆلای (ابو هریرە) ئەو لە عەقیقە، قسەی (عائیشە) و (ام سلمة)ی بۆ باس بکە، (عبدالرحمن) رۆیشت و منیش لەگەڵی سواربووم، تا چووینە لای (ابوهریرە)، (عبدالرحمن) ماوەیەک قسەی لەگەڵ کرد لەو بارەوە، بەڵام (ابو هریرە) وتی: من ئاگام لەوە نییە کە ئەوان گوتویانە، بەڵام من ئەو حەدیسەم لە کەسێکی ترەوە بیستووە[14].

دەکرا بڵێین بێدەنگی مالیک لە ئاست ئەو دژیەکییانەی فەرمودە لەرووی خوداپەرستییەوەیە لەو رووەوە کە دەگوترێت، جیاوازیەکان رەحمەتن بۆ خەڵك. بەڵام ئێمە بەڵگەی پێچەوانەمان لایە لەسەر مالیک، هەرچەند ئەو عەقڵەی کە مالیک لێوەی دەردەچێت عەقڵێکی دەقگەرایە، چونکە «**موطأ**» کە نزیکەی دووهەزار فەرمودە دەگرێتە خۆی لەوێدا مالیک نەك بێدەنگ نابێت، بەڵکو بەئاشکرا دژی ناوەڕۆکی هەندێکیان دەوەستێت هەرچەند ئەو گوتراوە بدرێتە پاڵ هاوەڵە گەورەکانیش یان تەنانەت پێغەمبەریش خۆی.

بۆ نموونە مالیك بەئاشکرا نارازیبوونی خۆی دەربڕی لەو کردەوەیەی عومەر کە گوایە لەکاتی ئیحرامدا حوشتری دۆزیوە «واتە مێرووی لێتەکاندووە»، کاتێك ئیبن هوبێر وتی: عومەرم بینیوە لە ئیحرامدا حوشترێکی دەدۆزی)، مالیک وتی (من ئەو شتەم پێ ڕاست نییە) (802). پاشان بە گوتراوێکی (ئیبن عومەر) قسەکەی خۆی پشتراستکردەوە (کە پێی باش نەبوو لە ئیحرامدا کەس حووشترەکەی بدۆزێت)، وتی (من ئەمەیانم لەوەی عومەر پێ خۆشترە) (804). هەروەها مالیك دژی کردەوەیەکی (عومەر کوڕی خەتاب) بوو کاتێك نرخی حوشترێکی دزراوی کردە دوو هێندە، (عبدالرحمن کوڕی حاطب) دەگێڕێتەوە: (هەندێك کۆیلەی حاطب حوشتری کابرایەکیان دزیبوو سەریان بڕیبوو، کاتێک مەسەلەکە گەیشتەوە عومەر، فەرمانی بە (کثیر کوڕی صلت) کرد کە دەستیان ببڕێتەوە، نەك هەر هێندە بەڵکو فەرمانی پێکرد کە برسییان بکات، پاشان پرسیاری لە کابرای دزی لێکراو کرد، نرخی حوشرەکەت چەندە؟ وتی: چوارسەد دەرهەم، عومەر فەرمانی بە (کثیر) کرد کە دەبێت هەشتسەد درهەم بدات بە کابرا، لێرەدا مالیك دەڵێت (لای ئێمە ئیش واناکرێت، بەهای شتەکە ناکرێت دوو قات بکرێتەوە) (568). دیسان مالیک ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر ڕایەکی عومەر کاتێک نامەیەکی نووسی بۆ کاربەدەستەکەی لە فارس وتی: (پێم گەیشتووە بەدوای علوجێک دەکەون (علج-کافری غەیرە عەرەب) کاتێک ئەو پەنا دەبات بۆ شاخ پێی دەڵێت (مەترسە ناتکوژم)، کاتێکیش دەستی پێدەگات دەیکوژێت، منیش بەزاتی خوا گەر کەسێکی وابەردەستم بکەوێت دەیکوژمەوە)، مالیک لێرەدا دەڵێت (ئەم قسەیە کاری پێناکرێت و کۆدەنگی لە سەر نیە) [15].

هەروەها بە پێچەوانەی فەتوایەکی ئیبن عەباسەوە، مالیك فەتوای تر دەدات، هەرچەند ئیبن عەباس هەژموونێکی گەورەی هەیە بەسەر فەتواوە. (عەبدوڵڵا کوڕی ئەبوبەکر) لە نەنکییەوە دەگێڕێتەوە (کە نەزریکردبوو بە پیادە بچێت بۆ مزگەوتی «قەباء»، بەڵام مرد و نەزرەکەی بەجێنەهێنا، ئیبن عەباس فەتوایدا کە پێویستە کچەکەی لەبری دایکی نەزرەکەی بەجێبێنێت)، بەڵام مالیک دوایی دەڵێت (کەس لەبری کەس ناڕوات) (353).

بەهەمان شێوە مالیک سەبارەت بە شیردانی گەورە دژی فەتوای عائشەیە و ڕەتیدەکاتە کە حەرامبوون بە شیردان بە پێنج ژەم بێت، مالیك وتی (ئێمە ئیش بەوە ناکەین) (293) [16].

لەراستیدا بوێریی مالیک -بێگومان بوێرییەکی ڕێژەییە لە سنووری پەراوێزەکانی ئازادیدا لە سنووری عەقڵی دەقگەرا- تەنیا کورتناکرێتەوە لەسەر ڕەتکردنەوەی هەندێك فەرمودە کە لە پێغەمبەرەوە گێڕدراوەتەوە، یاخود کارکردن بە پێچەوانەی ناوەرۆکی فەرمودەیەک.

لە (کتاب البیوع)دا لەسەر زمانی (عەبدوڵلا کوڕی عومەر) ئەو گێرانەوە بەناوبانگە هەیە کە دەڵێت (کڕیار و فرۆشیار سەرپشکن تاکو جیادەبنەوە) [17]، پاشان دەڵێت (ئەوە لای ئێمە سنوورێکی دیاریکراوی نییە و کاری پێ ناکرێت) (1374).

لە (کتاب الصیام)دا مالیك هیچ دوودڵ نییە لە ڕەتکردنەوەی کارکردن بە ناوەرۆکی دوو فەرمودە.

بەپێچەوانەی ئەو فەرمودە موتەواتیرەی بوخاری و موسلیم و هەموو خاوەن کتێبەکانی (سنن) گێراویانەتەوە و کورتییەکەی دەڵێت: (هەر ڕۆژووەوانێک بەهۆی بیرچوونەوە خواردی و خواردیەوە، با ڕۆژوو نەشکێنێت، ئەوە خودا پێیداوە). بەڵام مالیک فەتوای ئەوە دەدات کە ئەو کەسە ڕۆژووەکەی شکاوە، لەبەرئەوە دەبێت ڕۆژێکی تر بگرێتەوە. لەبەرئەوە دەڵێت (ئەوەی لە ڕۆژی ڕەمەزاندا بخوات و بخواتەوە، گەر بیریشی چووبێت، دەبێت ڕۆژێکی تر بیگرێتەوە) (680).

بەهەمان شێوە لە (بەشی کەفارەتی کەسێك لە ڕەمەزاندا ڕۆژوو بشکێنێت)، لەسەرەتادا بەسەرهاتی کابرای ئەعرابی باسدەکات کە دێتە لای پێغەمبەر لەکاتێکدا لە ڕەمەزاندا ڕۆژووی شکاندووە، (پێغەمبەر فەرمانیکرد کەنیزەکێك ئازاد بکات، یان دوو مانگ بەرۆژوو بێت، یان خواردنی شەست هەژار بدات، ئەو وتی هیچیان شکنابەم، کەسێک هات بۆ لای پێغەمبەر و بارێک خورمای هێنابوو بۆ خێر، پێغەمبەر فەرمووی: ئەوە بگرە و بڕۆ کەفارەتی لێبدە، ئەو وتی: ئەی پێغەمبەری خودا لە خۆم هەژارتر ناناسم. پێغەمبەر هێندە پێکەنی تاکو ددانەکانی دەرکەوتن، پاشان وتی: بیخۆ. لێرەدا مالیک دەڵێت (لە زانایانم بیستوە دەڵێن: ئەوەی ڕۆژێکی ڕەمەزانی شکاند ئەو کەفارەتەی لەسەر نییە کە لە پێغەمبەرەوە دەیگێڕنەوە، بەڵکو هەر ئەوەیە دەبێت ڕۆژێک بەرۆژووبێتەوە)(660-661).

له كۆتاییدا قوتابییەكی گەورە و درەنگوەختی مالیك -ئیمامی (شاطبي)- 10 فەرمودەی گێراوەتەوە كە مالیك بەڵگەی پێهێناوەتەوە، بەڵام كاری پێنەكردوە، له بەناوبانگترینیان فەرمودەیەكە كە (ابوهريرة) دەیگێڕێتەوە (ئەگەر سەگێك دەمی خستە دەفری كەسێكەوە با حەوت جار دەفرەكە بشواتەوە). (شاطبي) دەڵێت مالیك گوتویەتی (ئەم فەرمودەیە هاتوە بەڵام نازانم حەقیقەتەكەی چییە)، ئەو (فەرمودەكەی بە لاواز دەزانی و دەیگوت: نێچیرەكەی دەخورێت، كەچی لیكەكەی بە گڵاو دادەنرێت)، پاشان (شاطبي) دەڵێت (له مەزهەبی مالیكدا لەم شتانە زۆرن) [18].

مالیك تەنیا بەپێچەوانەی چەند فەرمودەیەكەوە فەتوای نەداوە یان بەلاوازی زانیون، بەڵكو هەندێك جار بە پێویستی نەدەزانی بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەكان ئەگەر بیزانیبایە كارپێكردنەكە كۆدەنگی لەسەرە. (عیاض) له **(مدارك)**دا دەیگێڕێتەوە كە (ابو یوسف)ی قوتابی (ئەبو حەنیفە)، دووبارەكردنەوەكانی بانگی بە پێویست نەدەزانی، لەبەرئەوەی سروتە ئایینیەكان پێویستیان بە دەق هەیە، بۆیە پرسییان لە مالیك لەو بارەوە، كە ئێوە دووبارەكردنەوە (ترجیع) لە بانگدا دەكەن لەكاتێكدا دەقێك نییە لەو بارەوە پشتگیریتان بكات، مالیك وتی: سەیرە رۆژانە پێنج جار بانگ دەدرێت و هەموو كەسێك دەیبیستێت و نەوەكان لە باوانیانەوە وەریانگرتوە، هەر لە پێغەمبەرەوە تائێستا، ئیدی ئەوە پێویستی بە گێرانەوە هەیە؟ لە فلانەوە بۆ فلان؟ ئەمە لە فەرمودە راستترە لای ئێمە) [19].

بەڵكو مالیك لە هەندێك دەقدا كە (عیاض) دەیگێڕێتەوە گومانی خۆی دەردەبڕێت لە زۆرینەی فەرمودە گێڕەوەكان، یان -وەك مالیك دەڵێت- ئەوانەی راهاتوون بڵێن «پێغەمبەر فەرمووی» دەڵێت (حەفتا كەڵەزانام لەم مزگەوتەدا بینیوە، بەڵام هیچم لێ وەرنەگرتوون، بەمەرجێك هەریەكەیانت بكردایەتە ئەمینداری بەیتولمال بەراستی دەستپاك دەبوو، بەڵام ئەوان ئەهلی فەرمودە نەبوون) [20].

مالیك لە وتەیەكی تردا ئاماژەی بەوە كردووە كە هەندێكجار لەوانەیە كار بە شتێك بكرێت كە پێچەوانەی فەرمودەیە، دەڵێت: (پیاوانێك لە ئەهلی زانست و شوێنكەوتوان فەرنودەی وەها دەگێڕنەوە، ئێمەش بیستوومانە، بەڵام كار بە شتێكی تر دەكرێت) [21].

هەروەها لە سەر زاری مالیکەوە دەگێڕنەوە گوتویەتی (هەندێک فەرمودەم لە ئیبن شەهاب بیستوە هەرگیز نەمگێراوەتەوە)، لێیان پرسیوە بۆچی؟ گوتویەتی: چونکە کاری پێناکرێت [22].

جا ئەگەر ئەمە هەڵویستی بێت لەبارەی فەرمودەناسەکانی خەڵکی مەدینەوە، ئیدی دەبێت هەڵوێستی بەرامبەر فەرمودەناسەکانی عیراق چۆن بووبێت؟ لەکاتێکدا مامۆستاکەی مالیک لەبارەی زانایانی عیراقەوە دەڵێت (دەڵێتی ئەو پێغەمبەرەی ئێمە غەیری ئەو پێغەمبەرەی ئەهلی عێراقە)[23]. هەروەها ئیبن شەهاب دەڵێت (فەرمودە لای ئێمە دەردەچێت بستێکە، کەچی لای خەڵکی عێراق دەبێتە باڵێك) [24].

لە گێرانەوەیەکی (مصعب الزبیر)دا هاتووە: (بە مالیکیان گوت: بۆ فەرمودە لە خەڵکی عیراق وەرناگرێت؟ گوتی: چونکە بینیومە لای ئێمە فەرمودە لە کەسی بێ متمانە وەردەگرن، وتم: ئەوان لە وڵاتی خۆشیان هەر وان) [25].

هەروەها گوتویەتی (لە رابردوودا خەڵکی عێراق دینار و درهەمیان بۆ دەهێنایین کەچی ئێستا بە لێشاو فەرمودەمان بۆ دێنن) [26].

جا بەجۆرێک لە سوکایەتی پێکردنەوە مالیک حکومێکی کۆتایی دەدات بەسەر خەڵکی عێراقدا، کە لە دووتوێی قسەکانیدا زۆر شت دەخوێندرێتەوە، دەڵێت: (ئیتر ئەهلی عێراق خۆیان ئەهلی عێراقن) [27].

ماوەتەوە بڵێین مالیك کە دەستێکی باڵای هەبوو لە بونیادنانی سیستمی فەرمودەییدا، بەڵام داخستنی سیستمەکەی رەتکردەوە، جا چ بەوەی کە فەرمودەی عێراقییەکانی رەتکردەوە، یان بەوەی کە تەنانەت فەرمودەی خەڵکی مەدینەشی رەتدەکردەوە، گەر پێچەوانەی کردەوەی خەڵکی مەدینە بووایە. بەڵام لەنێوان ئەو دوو سیستمەدا، واتە سیستمی داخراوی فەرمودە و سیستمی کراوەی فەرمودەدا، مالیک توانیبووی پەروایزێکی ئازادی بۆ خۆی بدۆزێتەوە تاکو لەڕێی عەقڵەوە ئیجتیهادی تێدا بکات، تەنانەت ئەگەر دەقیش وەک بەربەستێکی ئەپستمۆلۆژی دەستی گرتبێت.

## مالیك وەك پێشڕەوی قوتابخانەی عەقڵ

نووسەری بەناوبانگ **(ئەحمەد ئەمین)** لە بەرهەمە ناوازەکەیدا **(بەرەبەیانی ئیسلام- فجر الاسلام)** -کە لە بوارەکەی خۆیدا پێشەنگە- کەوتۆتە هەڵەیەکی ئەپستمۆلۆژیی «بونیادییەوە» گەر راستبێت وابڵێین، چونکە هەڵەکەی ئەحمەد ئەمین چەندین خوێندنەوەی تری هەڵەی بەدوای خۆیدا هێناوە بۆ رەوتی شارستانێتی عەرەبیی ئیسلامی. لە پێش هەموویانەوە (محەمەد عابد ئەلجابری) لە کتێبی «**تكوين العقل العربي**»داو وەک دواتر باسیدەکەین.

ئەوەش چونکە ئەحمەد ئەمین بەهۆی چەندین پێدراوی سەدەکانی پێنجەمی کۆچییەوە، وای بینیوە کە ئەو ململانێ گەورەیەی عەقڵی فیقهی لە سەدەی دووەمدا بەخۆوەی بینی ململانێ بووە لەنێوان قوتابخانەی فەرموودە و قوتابخانەی عەقڵکاریدا، و پێشڕەوی قوتابخانەی فەرموودەش مالیك بووە و (ئەبو حەنیفە)ش پێشەوای قوتابخانەی عەقڵکاری بووە. لەبەرئەوە دەڵێت (قوتابخانەی فەرموودە لەسەر دەستی مالیکدا فۆرمی خۆی وەرگرتوە لە حیجاز، لە کاتێکدا قوتابخانەی عەقڵ لە سەردەستی ئەبو حەنیفەدا لە عێراق، فۆرمی خۆی وەرگرتوە) [28].

بێ ئەوەی بچینە وردەکاریی سروشتی ململانێی نێوان هەردوو قوتابخانەکەوە، ئێمە بەو پێیەی کە باسی هەڵوێستی مالیکمان کرد بەرامبەر فەرموودە، دەتوانین بڵێین ئەگەر شیاو بێت کەسێک وەک پێشڕەوی قوتابخانەی عەقڵکاری سەیر بکرێت، دەبێت ئەو کەسە بەپلەی یەکەم مالیک بێت. [29].

**ئێمە لێرەدا سێ گریمانەمان (قرينة) هەیە -نالێین بەڵگە (أدلة)- کە دەیسەلمێنێت قوتابخانەی مالیک قوتابخانەی عەقڵە:**

یەکەم: کاتێك شافیعی بەرووی عەقڵکارەکاندا دەوەستێتەوە لەراستیدا زۆر بەرووی قوتابخانەی ئەبو حەنیفەدا راناوەستێتەوە، بەڵکو روودەکاتە مالیک و قوتابخانەکەی و زۆر بەتوندی دژی مالیک دەوەستێتەوە، لەکاتێکدا ناکۆکی مەزهەبی لەو سەردەمەدا هێند

توند نەبوو کە ببێتە ململانێی نزیك لە ئاژاوەی تائیفی، وەك ئەوەی لە سەدەی شەشەمدا دەیبینین، کە چەندین پێکدادانی خوێناوی لەنێوان شافیعییەکان و حەنەفییەکاندا روودەدات لە کاتی شەڕ و کوشتاری نێوان شیعە و سوننەدا [30]. شافیعی چەندین لاپەڕەی (جیاوازیی مالیک- اختلاف مالیک) لە کتێبی **(الأم)**دا تەرخان دەکات بۆ ناشیرینکردنی شوێنکەوتووانی مالیک، بەوپێیەی ئەوانە ئەهلی ئەوە نین شوێنیان بکەوین، چونکە **رای خۆیان** دەخەنە پێش فەرموده و هاوەڵانەوە، بەڵکو لەم ناشیرینکردنەدا زیاتر دەڕوات و دەڵێت مەزهەبی شوێنکەوتووانی ئەبو حەنیفە «المشرقیین» کاریگەریی هەبووە لەسەر شوێنکەوتووانی مالیک «الحجازیین»، چونکە ئەوەی یەکەمیان مەزهەبە لەکاتێکدا مالیک مەزهەبێکی دیاریکراوی نیە [31].

دووەم: بە رێککەوت نییە کاتێك ئیبن قوتەیبە (213- 276 ک)، کە لە یەکەمینی ئەو نوسەرانەیە باسی ململانێی نێوان ئەهلی فەرموده و ئەهلی عەقڵی کردبێت. ئەو لەو کتێبەیدا مالیك لەگەڵ قوتابخانەی عەقڵدا پۆلێن دەکات- لەگەڵ ئەبو حەنیفە و قوتابیەکانی [32].

سێیەم: سەرەرای گەورە فەرمودەناسەکانی وەك ئیبن شەهابی زوهری، بەڵام مالیک بەزۆری زانستی لە ئەهلی عەقڵکاری وەرگرتوە وەك (رەبیعە کوڕی ئەبو عەبدولرەحمان)، کە هێند بوێر بوو بۆ کاری عەقڵکاری ناونرابوو (رەبیعەی عەقڵ). ئینجا چەندین گێرانەوەش هەیە لەبارەی مالیکەوە کە وەك میراتگری شەرعیی رەبیعە سەیر دەکرێت، کاتێک کەسێك پرسی: پاش رەبیعە کێ کار لەسەر عەقڵ بکات؟ وەڵامەکەشی ئەوە بوو (مالیک) [33]. لەراستیدا مالیکیش لە «**الموطأ**»دا زیاتر لە پەنجا شوێن باسی رەبیعە دەکات.

بەڵام ئەم سێ خاڵەی باسمکردن وەك بەڵگەی تەواو سەیر ناکرێن گەر شیکردنەوەیەک نەکەین بۆ موفرەداتی مالیک و میکانیزمەکانی ئیجتیهادکردن لای ئەو، یەکەم شت کە تێبینی دەکرێت ئەوەیە مالیک لەو زانا دەگمەنانەیە کە لە پاڵ دەقدا بڵێت ئەمە رای منە، هەر کەسێك «الموطأ» سەیربکات دەبینێت لە زۆر شوێندا مالیك بە راشکاوی دەڵێت ئەمە رای منە (1529). لەوانەیە بڵێین وشەی (وای دەبینم) یان (وای نابینم) زۆرترین وشە بێت کە لای مالیك بەکارهێنرابێت. ئەوەی ئێمە توانیومانە بیژمێرین مالیك لە زیاتر لە 95 شوێندا لە «موطأ»دا دەڵێت (ئەوە رای منە). بۆ نموونە لە بەشی (موسوڵمانان دەتوانن

بیخۆن پێش جیاکردنەوەی پشکی پێنجیەك [واتە دەستکەوتی جەنگ کە پێنجیەکی لێ دەردەهێنرێت بۆ دەسەڵات و ئەوەی تر دابەشدەکرێت بەسەر موجاهیدەکاندا])، لەوێدا دەڵێت: (وایدەبینم... واینابینم... من واینابینم... من وایدەبینم)(988)[34]. هەندێک جاریش لە جیاتی (وایدەبینم) دەڵێت (حەز دەکەم وابێت). یاخود (ئەمەم حەز لێ نیە) یان (ئەوە باشترین شتە بیستبێتم). یاخود بەپێچەوانەوە (ئەمەم حەز لێ نیە)، یاخود هەندێکجار وشەی (خراپ نیە) یان (ئەمە خراپ نیە) بەکاردێنێت. ئێمە توانیمان (120) وشەی وەها لە «**موطأ**»ی مالیکدا بژمێرین [35].

ئەو زیادەڕەوی کردوە لە بەکارهێنانی وشەی (ئایا رای تۆ چیە)، کە دوایی رکابەرەکانی گاڵتەیان پێدەکردن و ناویان نابوو (ألا رأيتيين)، چونکە ئەوان لە گریمانەی عەقڵکاریەوە دەردەچوون نەك لە واقیع و رووداوەکانەوە، ئەوان زیادەڕۆییان دەکرد لە مومارەسەکردنی عەقڵکاریدا، تاکو رای خۆیان دەبڕن سەبارەت بەو شتەی کە (دەبێت) نەك بەوەی کە (بووە). لەم بارەیەشەوە هەمیشە دەستەواژەی (ئایا رات چۆنە- أرأيت) بەکاردەهێنا. بەهەرحاڵ، ئەوانە قوتابیەکانی ئەبو حەنیفە نەبوون وەك (ئەحمد ئەمین) دەڵێت -جابریش لەوەوە رایدەگوێزێت- بەڵکو ئەوانە قوتابییەکانی مالیک بوون، سەرەرای مالیک خۆیشی، ئەوەش راستە کەچەند رایەك لە ئەبو حەنیفە دەرچووە کە تیۆریزەی فیقهیی کردوە لەسەر شێوازی (أرأيت)، بەڵام سەدان –بگرە هەزاران- جار (أرأيت) لە مالیکەوە باسکراوە. ئەوەش وایکردوە مالیك وەك سەرقافڵەی فیقهی گومانکاری بناسرێت، ئەو قوتابخانەیەش هەمیشە پشت دەبەستێت بە بەکارهێنانی عەقڵ تاکو بتوانێت هەرشتێک ئەگەری روودانی هەبێت ئەم لەپێشدا قسەی خۆی لەسەر کردبێت، سەرەرای واقیعیش، لەو بارەوە توانیومانە لە (بەرهەمە گەورەکەیدا) زیاتر لە (6920) جار وشەی (تۆ وایدەبینیت؟ - أرأيت؟) بژمێرین، کە **مالیک** و قوتابییەکەی (**ابن القاسم**) بەکاریانهێناوە.

لەراستیدا مالیك هەر ئەوە نەبوو بڵێت (وایدەبینم)، بەڵکو بە هۆشیارییەوە پەیدەبرد بەو (وابینینە) و دەیزانی لەوانەیە رایەکەی راستبێت یان ئەگەری هەڵەبوونیشی هەیە، لەبەرئەوە دەیگوت: من مرۆڤێکم دەپێکم و ناپێکم، لەبەرئەوە بڕواننە رایەکانم، هەرچیەکیان تەبا بوون لەگەڵ قورئان و سوننەت وەریبگرن ئەگەرنا، وازیلێبێنن [36].

کەواتە عەقڵکاریش شوێنکەوتەی دەقە نەك داهێنەر بێت- ئەوەش سنووری ئەپستمۆلۆژییە لە شارستانێتیەکدا کە بەدەوری دەقدا دەسووڕێتەوە [37]، سنووردارە نەك رەها، سنوورەکەشی قورئان و سوننەتە، وەك مالیک خۆی دەیڵێت لەو دەقەی رامانگواست، هەرچەند لەوە دەچێت ئەوە قسەی شافیعییەکان بێت بەناوی مالیکەوە.

لەراستیدا هەرچەند مالیک بەدەوری دەقدا دەسووڕێتەوە و کارە عەقڵکاریەکانی لە پەراوێزی دەقدایە نەك لە جەوهەری بێت، وابەستەبوونیشی بە قورئان و سونن e ت و رابوردووی موسوڵمانان، بەڵام ئەو چەقگەراییەی کە ئەم چەمکە داگیریکردووە، لە فەرهەنگی مالیک و میکانیزمی کارکردنیدا ئیدی لە چەرخەکانی پاش ئەو باوی نامێنێت، بەتایبەت لەگەڵ سەرهەڵدانی شافیعیدا، مەگەر بەو شێوەیە نەبێت کە عەقڵکاری وەك دەرچوونە لە دونیای دەق و سورانەوەیە بەدەوری کەعبەیەکی تردا غەیری کەعبەی دەق، هێندەی وشەی عەقڵکاری لەدوای سەدەی پێنجەمەوە دەبێتە وشەیەکی نەفرەتلێکراو، بەو هێندەش دەبوو مالیک پاك بکرێتەوە لەوەی تۆمەتی عەقڵکاری بۆ دروستکراوە و دوای چەندین سەدە دەبوو بخرێتەوە ناو ریزی دەقگەرایی، بۆیە لەسەر زاری (محەمەد بن عمر لبابة)وە: (...مالیکم بینی لە سەرەمەرگیدا دەگریا، وتم: ئیمام بۆچی دەگریت؟ وتی: ئەی بۆ نەگریم کێ لە من زیاتر شایانی گریانە؟ بەخودا حەزم دەکرد لەبری هەر مەسەلەیەك کە بەرای خۆم فەتوام داوە، قامچییەکم لێ بدرایە، خۆ دەمتوانی بە شێوەیەکی تر بکەم، خۆزگە بەرای خۆم فەتوام نەدابایە) [38]. بەڵگەشمان بۆ هەڵبەستنی ئەم قسەیە بەناوی مالیکەوە پاش سێ سەد ساڵ ئەوەیە کە کتێبی (الموطأ)، کە (یحیی اللیثي) لە مالیکی بیستوە لە هەمان ساڵی مردنیدا نووسراوەتەوە، واتە ساڵی (179)ی کۆچی، خۆ ئەگەر مالیک بەراستی پەشیمان بووایە لەوەی فەتوای داوە بە عەقڵ، ئەوە لەهەمان ساڵی مردنیدا فەتواکانی بەسەر قوتابیەکەیدا نەدەخوێندەوە کە بریتییە لە هەزار و نۆسەد فەتوا و زۆربەشیان فەتوان بە رای مالیک خۆی.

بەهەرحاڵ، زاراوەی عەقڵکاری (الرأي) لە فەرهەنگی مالیکدا ناتوانێت هەموو ئەو فەتوایانە بگرێتە خۆی کە مالیک بەرای خۆی دەریبڕیون وەك ئەوەی لە (**الموطأ**) دا هاتوە، ئێمەش بانگەشەی ئەوە ناکەین کە هەموو شێوەکانی عەقڵکاری مالیکمان

شرۆڤەکردوە، بەڵام لێرەدا رادەوەستین لەسەر سێ جۆر عەقڵکاری مالیک، کە زۆرترین فەتواکانی لەخۆدەگریت. ئەوانیش پێوانکاری و باشاندن و بەرژەوەندیە (القیاس والاستحسان والاستصلاح).

1- **پێوانکاری (القیاس):**

**بێگومان** میکانیزمێکی ئیجتیهادیی هاوبەشە لەنێوان هەموو مەزهەبە ئیسلامییەکاندا، تەنیا مەزهەبی (داود) و (ئیبن حەزمی زاهیری) نەبێت. پێوانکاری لای مالیکیش بریتییە (لە پێکگەیاندنی بابەتێك کە دەقی لەسەر نەبێت بە حوکمی بابەتێکی تر کە دەقی لەسەر هاتوە، ئەوەش کاتێک دەبێت کە هۆکار (علة)یەکی هاوبەشە لەنێوان هەردوو بابەتەکەدا هەبێت) [39]. پێوانکاریش بەم مانایە لە یەک کاتدا کردەیەکی **کشاندن و ملپێکەچکردنە** (اجتراء و رضوخ). **کشاندنە،** چونکە کشاندنی حوکمی دەقێکە بەسەر بابەتێکدا کە دەقی لەسەر نەهاتووە، **کەچکردنیشە،** چونکە کارکردنە بە مەنتیقی هاوشێوەبوون (مماثلة) و تەسلیمبوونە بەوەی کە هەر کاتێک دوو شت لە «علە»دا هاوشێوەبوون، دەبێت لە حکومیشدا هاوشێوەبن. بە دەربڕینێکی تر: **پێوانکاری بەرواڵەت ئازادە و لە ناوەڕۆکدا وابەستەییە، بەڵام ئەو رواڵەتی ئازادییەش ناکرێت بە کەم بگرین، بەتایبەتی لە کولتوورێکدا کە بەدەوری دەقدا دەسووڕێتەوە -واتە کولتووری ئیسلام-، چونکە بەلایەنی کەمەوە دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ کارکردنی عەقڵ، هەرچەند کارکردنێکی رێژەیی و مەرجدارە، کە بوارێک دەکاتەوە بۆ پرۆسەی لێکدانەوە لەنێوان دەق و واقیعدا، کە لەیەک کاتدا رێگەی هاتن و چوونە لەنێوان دەق و واقیعدا.** بێگومان مالیک وەک شافیعی و حەنەفی زۆر پێوانکاریی نەکردوە، چونکە پێوانکاری یەکەم میکانیزم نییە لە میکانیزمەکانی ئیجتیهاد لای مالیک، وەك چۆن لای ئەبو حەنیفە یەکەم میکانیزمە. تاکە میکانیزمیش نییە وەك لای شافیعی. پێوانکاری لای مالیک میتۆدێکی پەیوەست نییە تاکە میتۆدیش نییە، بەڵکو دەرچەیەکە لە دەرچە شیاوەکان لەکاتی بێدەنگیی دەق لەئاستی واقیعی نوێدا. مالیک گەر پێوانکاریشی بەکارهێنابێت ئەوە هەر وا بەشێوەیەکی نامەنهەجی بووە بێئەوەی رێسایەکی تیۆری هەبێت، بەو

پێیەی کە لۆژیکی هاوشێوەکردن لە سەرەتاکانی عەقڵی مرۆڤە، کە هەر بەسروشتی خۆی شتە لێکچووەکان پێک دەگرێت و حوکمی یەکتریان بەسەردا دەچەسپێنێت.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ فەرمودەی شیردان (الرضاعة) کە جارێک دەخرێتە پاڵ پێغەمبەر و جارێکی تر دەدرێتە پاڵ عائیشە، کە دەڵێت (ئەوەی بە لەدایکبوون حەرام دەبێت هەمان شت بەشیردانیش حەرام دەبێت)، لەم گوتراوەدا پراکتیزەکردنێکی نموونەیی پێوانکاری دەبینین، هەر پێش ئەوەی بکرێتە میکانیزمێکی عەقڵی سەربەخۆش، پێوانکاری مالیکیش لەسەر ئەم بنەمایە بووە. بۆ نموونە پێوانەکردنی ماوەی تازیباریی (حداد[1])ی کەنیزەک بەماوەی تازیباری ژنە ئازاد، چونکە ئایەتێک هەیە کە لەسەر ژنی ئازاد پێویستە چوار مانگ و نیو تازیباری بکات بۆ مێردەکەی (1269). جا بۆئەوەی مالیک -و فیقهی ئیسلامی بەگشتی- کەنیزەك بەنیوەی مرۆڤ سەیردەکەن، بۆیە وایدەبینێت کە ماوەی تازیباریی کەنیزەك بۆ مێردەکەی دەبێت نیوەی ئەو ماوەیە بێت، واتە دوو مانگ و پێنج رۆژ [40].

هەروەها لەبارەی مافی خوێن بەهەمان شێوەی میرات مالیک پێوانکاری دەکات لەنێوان ژن و پیاودا. لەبەرئەوەی بەپێی دەق ژن نیوەی پیاو دەبات لە میراتدا لەبەرئەوە پیاو بۆی هەیە لە هەموو خوێنباییەکەی خۆشبێت بەڵام ژن تەنیا بۆی هەیە نیوەی خوێنبایی وازلێبێنێت، لەم بارەیە (**يحيى ليثي**) دەگێڕێتەوە (ئەگەر کەسێک کەسێکی کوشت و بەسەر بکوژەکەدا ساغ بۆوە، کوژراوەکە کوڕ و کچی هەبوو، ئەگەر کوڕەکان لە خوێنی باوکیان خۆشبوون و کچەکان رازینەبوون، ئەوا لێخۆشبوونی کوڕەکان رەوایە، چونکە کچان هیچ توانایەکیان نییە بەسەر کوراندا لەکاتی خوێن و لێخۆشبووندا) (1627).

هەروەها کەسێک بەهۆی نەخۆشییەوە نەتوانێت حەج بکات لای مالیک وەك ئەو کەسە وایە کە رێگەی لێدەگیرێت بۆ حەجکردن. لە مالیکیان پرسی (کەسێک لە ئەهلی مەککە دەستیکردوە بە مەراسیمی حەج، بەڵام بەهۆی ئەوەی شوینێکی دەشکێت یان سووتانەوەیەک لە زگیدا دروستدەبێت یان ژنێکە تەڵاق دەدرێت، مالیک وتی: هەر

1 مەبەست لەوەیە ژن کاتێك مێردەکەی دەمرێت بۆماوەی چوار مانگ و نیو نابێت خۆی برازێنێتەوە یان لەماڵ دەربچێت، بەشێوەیەک کە دەریشچوو دەبێت بەشێوەیەك بێت کە دیاربێت مێردی مردوە.-وەرگێڕ-.

کەسێك تووشی یەکێک لەو شتانە بوو وەک (رێلێگیراو –محصر) وایە کە لە دوور وڵاتەوە دێن بۆ حەج، چی لەسەر رێلێگیراو هەیە ئەویش بەهەمان شێوە لەسەری دەبێت با خەڵکی مەککەش بێت (812). هەوەها مالیک مارەیی ژنی پێواوە بە رادەی دەستبڕینی دز، دەڵێت (واینابینم کە ژن بە کەمتر لە چارەکە دینارێک مارە بکرێت، چونکە ئەوە کەمترین رادەی نرخە کە دەستی لەسەر دەبڕدرێت) (1120). هەروەها ئێستر و بارگیری لە جەنگدا وەك ئەسپ پێواوە لە غەزادا. بەو پێیەی ئەسپسوار دوو پشکی هەیە و پیادە یەک پشکی هەیە لە دەسکەوتی جەنگدا (وادەبینم بارگیر و ئێستر هەر وەك ئەسپن، چونکە خودا دەفەرموێت «والخیل والبغال والحمیر لترکبوها وزینة»)(993) [41].

**2- باشاندن (الاستحسان[2])**

**باشاندن** بە میکانیزمێکی ئیجتیهاد دادەنرێت لای زۆربەی زانایان بەتایبەت لای مالیک، تەنانەت لەسەر زاری مالیک دەگێڕنەوە کە گوتویەتی (ئەگەر زانست 10 بەش بێت ئەوە 9 بەشی بریتییە لە باشاندن) جا ئێمە نازانین ئایا راستە مالیک قسەی وایکردوە یان بەناوی ئەوەوە وتراوە بە مەبەستی شەرعیەتدان بەو بنەمایە، بەڵام کاتێك «**الموطأ**» دەخوێنیتەوە ئەو زاراوەیە (باشاندن) نابینیت، لەبەرامبەردا لە «**المدونة الکبری**»دا، کە دوو هێندی «الموطأ» دەبێت سێ جار وشەی باشاندن --الاستحسان- هاتووە. بەڵام لەسەر زاری مالیک نا، بەڵکو لەسەر زاری (ابن قاسم)ی قوتابیی مالیک. بەهەرحاڵ، مالیک باشاندنی بەکارهێناوە، بەڵام چەمکەکەی بەکارنەهێناوە، بەڵکو گوتویەتی (وەهای دەبینم)، (وەهام پێباشە)، (وەها حەزم لێیە)، (گرفت نیە)، ئایا ئەوانە (باشاندن)نین؟

ئێستا گەر واز لە مەسەلەی قاڵبی وشە بێنین و بێینە سەر مانای (باشاندن) وەک میکانیزمێک بۆ ئیجتیهاد، دەتوانین بڵێین باشاندن (استحسان) پێوانکارییەکی دوو لایەنەیە: باشێنەر (مستحسن) لە پێوانکارییەکەوە دەچێت بۆ پێوانکارییەکی تر، هەرچەندە دووەم لە یەکەم کەمتر دیارە و تایبەتترە، یاخود بەشێکە لە یەکەم. بەگوێرەی مالیکییەکانی دوایی (متأخري المالکیة)، باشاندن هەڵاوێردنە لە بنەما (استثناء من القاعدة) بۆ دەربازبوون

2- باشاندن یاخود «بە باشزانین»، لێرەدا خۆم دامتاشیوە -وەرگێڕ-.

لە سەختکارییەک یان دزێوییەك کە پێوانکاریی یەکەم بەرهەمیدەهێنێت و دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە مرۆڤ، لێرەدا باشاندن (استحسان) دێتە ناو تاکو ئەو زیانە لابەرێت، لەراستیدا پێناسی باشاندن زۆرن، بەڵام ناودارترینیان ئەو پێناسەی «**شاطبی**»یە کە دەڵێت (باشاندن لە مەزهەبی مالیکدا دەستگرتنە بە بەرژەوەندیەکی بچووکەوە لەبەرامبەر پێوانەیەکی گشتیدا) [42].

ئاشکرایە لێرەدا دوو جەمسەری هاوکێشەکە لە لایەک پێوانە و حکومەکەیەتی، لە لاکەی تریش بەرژەوەندییەکی لاوەکی و حکومەکەیەتی [هەڵگرتنی سەختیەك یان خۆلادان لە زیانێکە]. **حکومی پێوانە دەگەڕێتەوە بۆ دەق، بەڵام بەرژەوەندیی لاوەکی دەگەڕێتەوە بۆ واقیع. بەم مانایە باشاندن هەرچەند سنووردارە بە شتە لاوەکیەکان، بەڵام جۆرێك لە بوێریی تێدایە بەرامبەر بە هەمەکییەکانی دەق، ئەو واقیعەی کە هەڵاوێرد دەکرێت لە رێسای گشتی هەرچەند بچووک و لاوەکی بێت، بەڵام ئەم هەڵاوێردکردنە هەر پەراوێزێک لە ئازادی دەبەخشێت لە کۆتەکانی دەق.**

با لێرەدا هەندێك نموونە بینینەوە کە (**شاطبي**) لە ناو ئیجتیهادی مالیکییەوە هێناوێتی، کە داخزانی مالیکی دەردەخات لە کرۆکی دەق بەرەو پێداویستیەکانی واقیع:

- بۆ نموونە قەرز لە ئەسڵدا سووە (ربا)، چونکە ئاڵوگۆڕی درهەمە بە درهەم بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، بەڵام رێپێدراوە چونکە ئاسانکاری دەکات بۆ هەژاران، بەشێوەیەك ئەگەر هەر قەدەغەبکرایە ئەوە قورسایی دەخستە سەر شانی خەڵک.

- هەروەها سەیرکردنی (عەورەت)ی نەخۆش لەکاتی چارەسەردا، هەرچەند بەپێی بەڵگەی شەرع حەرامە، بەڵام بینینی عەورەت رێپێدراوە لەکاتی سارێژکردندا چونکە رێگرتن لە سارێژکردن دەبێتە هۆی ئازاردانی نەخۆش [43].

- هەروەها چاندن و ئاودێری، لە ئەسڵدا گرێبەستی لەو شێوەیە حەرامە، چونکە بەرامبەری ئەو گرێبەستە نادیارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رێپێدراون بەهۆی باشاندنەوە.

- هەروەها (کۆکردنەوەی نوێژی ئێوارە و خەوتنان پێکەوە، لەکاتی سەفەردا، کورتکردنەوەی نوێژ، رۆژووشکاندن لەسەفەری درێژدا، نوێژی ترس و هەموو ئاسانکاریەکانی تر، لەراستیدا هەمووی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەرژەوەندیی خەڵک بەدەستدێنێت

و خراپەکان هەڵدەگرێت (جلب المصالح و درء المفساد)، چونکە بەرژەوەندیی گشتی وادەخوازێت ئەو شتە، چونکە ئەگەر لەسەر ئەسڵی گشتی بمانیایەتەوە «حوکمی دەقی رەها»، ئەوە دەبووە هۆی ئەوەی ئەو بەرژەوەندییە نەیەتەدی کە ئەو حوکمە لەپێناویدا دارێژراوە. لەبەرئەوە دەبێت ئەو مەبەستە بگەیەنرێتە دوائامانجی خۆی [44].

**3- بەرژەوەندکاری (الاستصلاح- المصالح المرسلة)**

ئەگەر **باشاندن** بریتیبێت لە گواستنەوە لە پێواندنی ئاشکراوە بۆ پێواندنی نائاشکرا، ئەوە **بەرژەوەندکاری** بریتییە لە کارپێکردنی راستەوخۆی پێواندنی لاوەکی بێ گەرانەوە بۆ دەقێکی ئاشکرا، وەک لە داتاشینی دەستەواژەکەوە دیارە، **بەرژەوەندکاری بریتیە لە دەستگرتن بە بەرژەوەندییەوە**، جا ئەو بەرژەوەندییە هەمەکی (كلي) بێت یان بەشەکی (جزئي) بێت. بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەك و لابردنی خراپەیەك، هەر ئەو پرەنسیپی بەرژەوەندیەیە وایکردوە هەندێك لە توێژەرانی نوێ پەیوەندییەك لەنێوان مەزهەبی مالیکی و مەزهەبی سوودگەرایی (المذهب النفعي) نوێدا بدۆزنەوە، وەک ئەوەی (جێرمی بێنتام) و (جۆن ستیوارت) باسیان دەکرد [45]، هەرچەندە هەڵەیەکی مێژووییە گەر بەراوردێکی وەها بکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین (بەرژەوەندکاری) پەرواێزێکی گرنگی ئازادییە لە ئاستی دەقدا، بەتایبەت لە فیقهی مالیکیدا. لەکاتێکدا زانایانی سەردەمی مالیک و پاش مالیکیش -لەپێش هەموویانەوە شافعی- لەکاتی نەبوونی دەقێکدا بێدەنگییان هەڵبژاردووە، یان حوکمەکەیان راگرتوە –ئەمە ئەگەر باوەڕیان بە نەبوونی حوکم هەبووبێت-، بەڵام مالیک بە رەوای زانیوە عەقڵکاری بکات لەم کاتەدا، جا ئەو ئیجتیهادە کە رەهایە لە دەقدا-جگە لە (بەرژەوەندکاری- الاستصلاح، یان المصالح المرسلة)- پێی دەگوترێت بەرژەوەندیی رەها، پێواندنی رەها، یان بەڵگاندنی رەها (الاستدلال المرسل)، بێگومان ئێمەش، تەنانەت لە دیدگای (فیکری ئیسلامیی خۆرهەڵاتی)شەوە، دەکەوینە هەڵەیەکی مێژووییەوە گەر وا بزانین ئەوە مالیکە ئەو چەمکانەی دارشتووە، لەراستیدا مالیک تەنیا ئەو رێسا لۆژیکییەی پیادەکردوە کە لەنێوان هەموو مرۆڤەکاندا هاوبەشە. ئەو ئەوەی بەباشی زانیوە ناوی ناوە شەرع، ئەوەیشی بە

زیانی زانیوە ناوی ناوە زیانبەخش. لە فەرهەنگی مالیکدا ئەو دوو شتەش تەنیا بە وشەی (وەهای دەبینم) یان (وەهای نابینم) دەربراوە، بێ هیچ پاڵپشتییەکی تیۆری و زارەکی، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەبێت ئەو ناکۆکییە گەورەیە لەبەرچاو بگرین کە پاشان دروست دەبێت لەنێوان مالیکی و مەزهەبەکانی تردا -بەتایبەت شافیعیەکان- سەبارەت بە بەڵگەییبوون "حجیة"ی بەرژەوەندی یان نا؟ لەکاتێکدا دەق نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی دەکەین ئەو زاراوەیە لە «**موطأ**» **و** «**مدونة**»دا دەستناکەوێت.

لەراستیشدا تاکە چەمکێک کە مالیک بەکاری دێنێت بریتیە لە **ئیجتیهاد،** ئیجتیهادیش تەنیا لەکاتی نەبوونی دەقدا دەکرێت، بۆ نموونە سەبارەت بە (سزای بریندارکردن) دەڵێت: (نابینم زانایان لەسەر ئەوە هاورابن، بەڵکو وادەزانم دەبێت ئیجتیهادی تێدا بکرێت، ئیمام لەم پرسەدا ئیجتیهاد دەکات، چونکە لای ئێمە هیچ شتێك نییە هەموو لەسەری هاورابن) (1612). هەروەها لەبارەی (پشکی زیادەی دەسکەوت- الانفال) لێیان پرسیوە: ئایا پشکی زیادە لە سەرەتای دەسکەوت دەبێت؟ دەڵێت: «ئەوە دەکەوێتە سەر ئیجتیهادی ئیمام، چونکە لەو بارەوە شتێکمان لانییە، مەگەر ئیجتیهادی ئیمام نەبێت. ئێمە پێمان نەگەیشتوە پێغەمبەر پشکی زیادەی دابەشکردبێت لە غەزاکانیدا، پێمان گەیشتوە کە لە حونەیندا پشکی زیادەی دابەشکردوە، بەڵام ئەو دابەشکردنەش وەک ئیجتیهادی ئیمام کردویەتی، لەسەرەتای دەستکەوت (غنیمة) و دوای دەستکەوت) (992). لە هەموو بارێکدا دەتوانین لێرەدا هاولێکچوونێك بکەین لەنێوان **بەرژەوەندییە رەهاکان** «**مصالح مرسلة**» **و ئەوەی زانایان ناویان ناوە بیدعەی باش** «**بدعة حسنة**»، بۆ نموونە **(شاطبي)** لە بەرگریکردن لە **بەڵگەیبوونی بەرژەوەندییە رەهاکان** «حجیة المصالح المرسلة». لە مەزهەبی مالیکیدا 10 جۆر بیدعەی باشی بژاردوە کە هاوەڵانی پێغەمبەر و زانایان لەکاتی نەبوونی دەقدا دایانهێناوە، وەك نووسینەوەی قورئان، سزای مەینۆشین، کوشتنی کۆمەڵێك کەس لە سزای یەک کەسدا، سەپانانی ماڵ بەسەر دەوڵەمەندەکاندا لەکاتی جەنگدا... [46].

بەڵام بۆ ئەوەی زیادەڕەوی نەکەین لە دەوری **بەرژەوندییە رەهاکان** (مصالح مرسلة) لە فیقهی مالیکدا، تێبینی دەکەین مالیک چۆن پەنای دەبردە بەر **بەرژەوەندکاری** لە کاتی نەبوونی دەقدا، بەهەمان شێوەش وازی لە بەرژەوەنکاری دەهێنا گەر دەقێك

ئامادەبووایە، وەک هەڵوێستی لە بارەی بیدعەی باشەوە، سەبارەت بە زیندانیکردن وەك دەزگایەکی سزادان، زانراوە یەکەم کەس عومەری کوڕی خەتاب ئەم بیدعەیەی داهێنا لە ئیسلامدا، بەڵام لە سەردەمی ئومەوییەکاندا زیندان بووە دەزگایەکی فەرمی [47]. بەڵام مالیک وەک لێی دەگێڕنەوە رازی نەبووە بەم بیدعە داهێنراوە، دەیگوت (نەمبیستوە خودا باسی زیندان بکات لە سزایەکدا)[48]. لێرەوە (لای والی دادەنیشێت کاتێک زیندانیەکان دەهێنران دەیگوت: دەستی ئەمە ببڕە، سەد جەڵد لەوە بدە، ئەوە لەخاچ بدەن، ...هتد، وەک ئەوەی قورئانی بۆ دابەزیبێت) [49].

ئەو گێرانەوانەش هیچ دژایەتییەکیان نییە لەگەڵ ئەو گێرانەوەیەی دەڵێت: مالیک زیندانێکی هەبوو ئەو کەسانەی تێدا زیندانی دەکرد کە بە دەم پێغەمبەرەوە فەرمودەیان هەڵدەبەست، (هەرکەسێک لە مەدینە بیگوتایە پێغەمبەر وتویەتی، مالیک دەستگیری دەکرد، پاشان پرسیاری لە بارەوە دەکرد ئەگەر راستبوایە ئازادی دەکرد) [50]. لێرەدا دەبینین مالیک بیدعەیەکی تری داهێناوە کە دەشێت ناوی بنێین بەرژەوەندیی رەها، چونکە هیچ دەقێکمان نییە بڵێت زیندانیکردن سزای هەرکەسێکە بەدەم پێغەمبەرەوە قسە هەڵبەستێت. بەڵام مالیک وەك دەردەکەوێت «ئاسایی بوو بەلایەوە شتێک دابێنێت کە بیدعەیە لەپێناو رێگرتن لە خراپەیەك: کە بریتییە لە قسەهەڵبەستن بەدەم پێغەمبەرەوە».

### 4- فیقهی گریمانکاری:

لە کولتوورێکدا چەقەکەی بریتیبێت لە دەق، لەم بارەدا عەقڵی فیقهی تەنیا دوو میکانیزمی کارکردنی لەبەردەمدایە: یان دەرچوون لە دەقەوە -کە چەقی بازنەکەیە- بەرەو رووداوەکان -کە چێوەی بازنەیە-. یاخود گەرانەوە لە رووداوەکانی چێوەی بازنەکەوە بەرەو دەق، کە چەقی بازنەکەیە[51]. بێگومان چۆنیەتی کارکردنی یەکەمیان کەمتر گیرۆدەی دەق دەبێت و دەقیش دەوڵەمەندتر دەکات، چونکە ناچاری دەکات لێکدانەوەکانی زیاتر بکات و لەگەڵ رووداوەکاندا زیاتر ئاوێزان بێت، بێگومان رووداوەکان زۆر فراوان و لێکجیان. لەکاتێکدا چۆنیەتی کارکردنی دووەم -گەرانەوە لە چێوەوە بۆ چەق- دەبێتە هۆی هەژارخستنی دەق و رێگەی تەئویلی لێدەگرێت

لەهەمان کاتیشدا جیاوازی و هەمەڕەنگییەکانی واقیع دادەپڵۆسێنێت تاکو واقیع ناچاربکات لەناو دەقێکی تەنگەبەردا جێگەی خۆی بکاتەوە.

سەرەرای ئەو هەموو تۆمەتەی بۆ فیقهی گریمانکاری دروستکراوە کە گوایە ئەو فیقهە تەنیا مومارەسەیەکی خۆراییە و هیچ کاری نییە تەنیا قەبەکردنی ئیجتیهادی فیقهی نەبێت بەبێ سوود. بەڵام دەتوانین سەرنج بدەین کە پەراوێزی ئازادیی لە بەرامبەر دەقی سەنترالْدا هەردەم فراوانتر دەبێت. ئەوەش تا ئەو رادەیەی دەق بتوانێت مامەڵە بکات نەك لەگەڵ رووداوەکاندا بەتەنیا، بەڵکو لەگەڵ ئەو رووداوانەشدا کە رووی نەداوە و دەشێت رووبدات. ئەوەش وادەکات هەردەم دەرچەکانی دەق کراوەبن **بۆ ئەوەی دەق بتوانێت بەسەرکەوتوویی پرۆسەی لێکدانەوە قبووڵبکات.**

بەبەراورد لەگەڵ فیقهی حەنبەلیدا، بەشێوەیکی فراوانتریش لەگەڵ **فیقهی رواڵەتگەرا** (فقه الظاهر)دا، کە بێدەنگ دەمێنێتەوە پاش ئەوەی دەق دەدوێنێت، بەڵام فیقهی **گریمانکاریی** مالیکی ئەوەی قبووڵە کە پێی دەگوترێت فیقهێکی قسەکەرە، واتە تەنانەت پاش بێدەنگبوونی دەقیش ئەم بێدەنگ نابێت. بێگومان مالیک کاتێک دەقێک دێنێت پاشان زیادەیەکی خۆی یان رایەکی خۆی دەخاتە سەر گەر بواری هەبێت. هەندێکجار چەندین وتەی تر دێنێت پێش ئەوەی رای خۆی دەربڕێت، بەڵکو هەندێکجار رایەکانی تر دێنێت و خۆی بێدەنگ دەبێت. ناڵێت مالیک وتی، بەڵام لە پرسە گریمانەییەکاندا کە کایەیەکی زۆری لە «الموطأ» داگیرکردوە، لە زۆربەی شوێنەکاندا دەڵێت: مالیک وتی. ئەوەشیان بەزۆری لە مامەڵەکاندا (المعاملات) دەبێت نەك لە پەرستنەکاندا (العبادات). ئەوەش شتێکی سروشتییە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە پشکی پەرستنەکان (العبادات) دەبێت هەر بە دەق بێت، لەکاتێکدا پشکی مامەڵەکان (المعاملات) ئەوەیە کە روودەدات یان لەوانەیە رووبدات. با لێرەدا نموونەیەك لەسەر کتێبی (قازانج بە نیوە- القراض) بێنینەوە. پاش ئەوەی «الموطأ» لەسەر زاری مالیک دوو گێرانەوە لە عومەری کوڕی خەتاب و عوسمانی کوری عەفان دینێت، لە مەسەلەی (قازانج بەنیوە- القراض)دا، کە هەموو گێرانەوەکە نیو لاپەڕە نابێت، بەڵام مالیک دوانزە لاپەڕەی تر قسەی لەسەر دەکات، **(یحیی)** لەسەر زاری مالیکەوە دەیگێڕێتەوە، 46 جار دەڵێت: **مالیک وتی**، بێ

ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ دەقێك یان وتەی هاوەڵێک. مالیک بۆیە ئەو هەموو درێژەیەی پێداوە تاکو بتوانێت هەموو ڕووداوێکی تازەش بگرێتەوە کە لە ئایندەدا ڕوودەدات نەك تەنیا ڕووداوە هەنووکەییەکان، واتە ئەوەش کە ئەگەری ڕوودانی هەیە.

بەهەمان شێوە لە مەسەلەی (**مدبر** - کۆیلەی ئازادکراو بەمەرجی مەرگی خاوەنەکەی)[52]، لێرەدا **یحیی** لەسەر زاری مالیک سێ گوتە دێنێت پاشان قسە دەداتە دەست مالیک، لەوێشدا 39 جار دەڵێت (**مالیک وتی**).

بابەتی یەکەم لە بابەتەکانی «**مودەبەر**» نموونەیەکی باشمان دەداتێ لەو فیقهە گریمانکاریەی مالیک پراکتیزەی دەکات و دەیەوێت پێشبینی ئەگەرەکان بکات. (مالیک دەڵێت: لای ئێمە هەر کەسێک کەنیزەکێک ئازاد بکات بەمەرجی پاش مەرگی خۆی (مودەببەر)، بەڵام پاش ئەوە کەنیزەکەکە منداڵی بوو، پاشان کەنیزەکەکە مرد پێش ئاغاکەی، لەو کاتەدا منداڵەکانی وەک خۆی بەکۆیلەیی دەمێننەوە، بەڵام هەمان ئەو مەرجەی بۆ دایکیان دانراوە ئەوانیش دەگرێتەوە، مەرگی دایکیان کاریگەری نابێت لەسەر ئازادکردنیان، خۆ ئەگەر ئاغاکەی مرد کە مەرجی ئازادکردنی بۆ دانابوو، ئەوە ئەو منداڵانە ئازاد دەکرێن ئەگەر سێیەکی میراتی ئاغاکەیان بەشی ئازادکردنی ئەوانی کرد[53]. مالیک دەڵێت: هەموو خاوەن منداڵدانێك (ذات رحم) منداڵەکانیشی پلەوپایەی ئەو وەردەگرن، ئەگەر ئازادکراو پاش ئازادکردنی منداڵیبوو، ئەوە منداڵەکەشی ئازاد دەبێت، خۆ ئەگەر مودەبەر بوو یان گرێبەستی ئازادکردنی هەبوو[54]، یان ئازادکرابوو بە مەرجی خزمەتی چەند ساڵێك، یان هەندێکی ئازاد بوو یان بارمتەکراو بوو، یان دایکی منداڵ بوو، ئەوە هەر منداڵێک لە هەر یەکێک لەو حاڵەتانەدا حوکمی دایکی وەردەگرێت، بە ئازدکردنی دایکیان ئازاد دەکرێن و بە کەنیزەککردنی دایکیان دەبنە کەنیزەك)(1543).

ڕێککەوت نییە کە مالیک تەنیا لە مەسەلەی مودەببەردا 42 جار دەڵێت (مالیک وتی) بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی هەبێت لە دەقدا، بێجگە لە گوتەیەک لە (عەبدوڵڵای کوڕی عومەر) و دوو قسەی (عومەر کوڕی عەبدولعەزیز) و (سەعید کوڕی موسەییەب)، چونکە هەموو فەرهەنگی بابەتی (کۆیلە و کەنیزەك) و مەرجەکانیان و شێوازی خزمەت و ئازادکردنیان و ...هتد، لەگەڵ پێشکەوتنی

سەردەمی فتوحات و زیادبوونی دیاردەی کەنیزەك و کۆیلەدا ئەویش پێشکەوتوە، واتە دوای وەفاتی پێغەمبەر. لەبەرئەوە بە رێککەوت نییە کە فیقهی (کەنیزەك) یەکەم فیقهێکە پێشدەکەوێت و گەشەدەکات، بەتایبەت لە مەدینەدا کە بەهۆی فتوحاتەوە دەیان هەزار کۆیلە و کەنیزەکی تێڕژابوو، مالیک کە لە «موطأ»دا سێبەشی گەورەی تەرخانکردووە بۆ بابەتی کەنیزەك (بەشی ئازادکردن)، کۆیلەی قەبڵێنراو (مکاتب)، (کۆیلەی ئازادکراو بەمەرج)، ناچاربوو ئیجتیهاد بکات، بەڵکو شت دابێنێت لە هەموو کتێبەکانی مامەڵەکاندا بە حکومی ئەوەی بابەتی کەنیزەک تازە بوو، هەروەها چونکە دەقی کەم لەسەربوو. پاشان بە حکومی ئەوەی موجتەهید پێویستە مێشکی خۆی رابێنێت لەسەر ئیجتیهاد، بۆئەوەی بتوانێت لە ئەگەرەکانیشدا قسەبکات، لە هەموو ئەم شتانەدا مالیک تەنیا شوێنکەوتەی دەق نەبوو -ئەوەش ئاساییە لە کولتوورێکی بنیاتنراو بەدەوری دەقدا، بەڵکو دامەزرێنەری دەقیش بوو، هەرچەندە پشکی ئەپستمۆلۆژی دەقی مالیک خۆی تەنیا هێندەیە کە دەبێتە دەقی دووەم لەسەر دەقی یەکەم، **دەقێك کە شوێنکەوتەیی بۆ سەنتەر رێگری نابێت لەوەی کە ئازادییەک لە پەراوێزدا پراکتیزە بکات، چونکە مالیک لە سەردەمێکدا ژیاوە و هەزاران قسەی خۆی کردوە، کە شارستانێتی ئیسلامی تا ئەو کاتەش لە قۆناغی بەرهەمهێنان و کرانەوەی بازنەی نوێ بوو بەدەوری سەنتەردا، تا ئەو کاتەش نەچووبووە قۆناغی داخستنی بازنەکان بەدەوری خۆیدا.**

## ئازادبوونی رێژەیی لە زنجیرەکانی سەنەد

هەرچەندە مالیک خۆی یەکێکە لەو زانایانەی کە میکانیزمی سەنەدیان داهێناوە لە گێرانەوەی فەرمودەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆی زۆر پەیوەست نەکردوە پێوەی، بەڵکو هەندێك ئازادی بەخۆی داوە لەو سەنەدانەی کە مورسەل بوون، واتە ئەو فەرمودانەی دراونەتە پاڵ پێغەمبەر، بەڵام سەنەدەکەی پچرانێکی لە ئەڵقەکانیدا هەیە، واتە ئەڵقەیەکیان کەوتووە، یان فەرمودەی «**معضل**» کە دوو ئەڵقە لە زنجیرەی سەنەدیدا کەوتووە، یان تەنانەت بەرزکراوەش بۆ پێغەمبەر.

ئیبن حەزم –کە جەنگێکی خراپی لەدژی مالیکی و مەزەبەکانی تریش هەڵگیرساندبوو لە ئەندەلوس-، ژمارەی فەرموودە (مورسەلەکان)ی مالیکی بە نزیکەی 300 فەرموودە دەخەمڵاند، دەڵێت (ئاماری «**الموطأ**»ی مالیکم کرد)، بینیم پێنجسەد و شتێک سەنەدی تێدابوو، لەوانە سێسەد و شتێکیان مورسەل بوون) [55]، بەڵام نازانرێت (ئیبن حەزم) چ نوسخەیەکی لە «موطأ» ئامارکردوە، بەڵام ئێمە کاتێك بە گێرانەوەی (یحیی اللیثي) «**الموطأ**»مان ئامارکرد 496 سەنەدمان تێدا بینی، لەو ژمارەیە لە دوو بەش سێ بەشیان موسنەد بوون، سێیەکیشیان مورسەل بوون. یەکەم شتێکیش کە لە مورسەلەکانی مالیکدا سەرنجت رادەکێشێت ئەوەیە کە نزیکەی پێنجیەکیان –واتە 32 فەرموودەیان- هیچ سەنەدێکیان نییە، بەڵکو یەکسەر لە مالیکەوە بۆ پێغەمبەرە، بەم دارِشتەیە: (مالیک بۆی باسکردم کە ئەو لە پێغەمبەرەوە پێیگەیشتووە (استقیموا ولن تحصوا) [56]، یاخود (مالیک بۆی باسکردم کە ئەو پێیگەیشتوە کە پێغەمبەر فەرموویەتی «یامقلب القلوب» [57] (1038). یاخود (مالیک بۆی باسکردم کە ئەو لە پێغەمبەرەوە پێیگەیشتوە فەرموویەتی «ترکت فیکم ما ان تمسکتم به فلن تضلوا ابدا کتاب الله وسنة رسوله») (1662)[58]. یاخود (مالیک بۆی باسکردم کە ئەو لە پێغەمبەرەوە پێیگەیشتوە فەرموویەتی «بعثت لأتمم مکارم الاخلاق») (1667)[59].

سەرەرای ئەو گێرانەوە ناروونانەی کە هیچ کەسێکی ناوەندی تێدا نییە لە سەنەدی فەرموودە، مالیک فەرموودەی تری هەیە کە مورسەلی ناروونن، بەڵام بەشێوەیەکی رێژەیی، واتە ئەڵقەیەکی زنجیرەی سەنەدەکەی دیارنییە، وەك (مالیک عن محمد بن المنکدر عن سعید بن جبیر عن رجل عنده رضا انه اخبره ان عائشة اخبرته ان رسول الله...)(257)، هەروەها فەرموودەی نوێژی ترس (مالیک عن یزید بن رومان عن صالح بن خوات عمن صلی مع رسول الله یوم ذات الرقاع، صلاة الخوف...) (440)، هەروەها فەرموودەی زەکاتی کانزاکان (مالیک عن ربیعة بن ابي عبد الرحمن عن غیر واحد ان رسول الله...) (لا 194)، هەروها فەرموودەی رۆژووی سەفەر (مالیک عن سمي مولی ابي بکر بن عبد الرحمن عن ابي بکر بن عبدالرحمن عن بعض اصحاب رسول الله، ان رسول الله...) (654)، تەنانەت هەندێك جار مالیک ناوی ئەو کەسەش دەشارێتەوە کە خۆی لێوەی گێراوەتەوە، وەک

(باب صلاة المرأة في الدرع والخمار): (ماليک عن الثقة عنده عن بير عن...)(1830).

بەڵام زۆرترین مورسەلەکانی مالیک لە «**الموطأ**»دا لەو جۆرە فەرمودانەیە کە ئەهلی فەرمودە پێی دەڵێن (پچراو- منقطع)، واتە فەرمودەیەک کە ئەڵقەیەک لە ئەڵقەکانی سەنەدەکەی کەوتبێت، ئەویش بەو هۆیەوە کە ئەستەمە گوێگرتنی بایۆلۆژی [رووبەروو] راستەوخۆ لەنێوان لەنێوان یەکێک گێڕەرەوەکان و گێڕەرەوەکەی پێش خۆیدا هەبووبێت. نموونەی ئەو فەرمودانەی گێرانەوەی مالیکە لە (عەبدوڵڵا الصنابحي) لە پێغەمبەرەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە زانراوە عەبدوڵڵا هاوەڵ نەبووە و فەرمودەی لە پێغەمبەرەوە نەبیستووە «وەک بوخاری و هەندێک زانای تر دەیڵێن (هەرچەند هەندێك دەڵێن لەوە دەچێت هاوەڵێتی پێغەمبەری کردبێت)»[60]. هەروەها گێرانەوەی مالیک لە (سەعید بن المسیب)، لەگەڵ ئەوەدا کە سەعید هاوەڵی پێغەمبەر نەبووە، بەڵکو لە شوێنکەوتەکان (التابعین) بووە، بگرە هەر دوای وەفاتی پێغەمبەریش لەدایکبووە و لە ساڵی (94ی کۆچی)دا مردووە[61]. هەروەها گێرانەوەی مالیک لە (عطاء بن یسار) لە پێغەمبەرەوە، لەکاتێکدا (عطاء) لە (19ی کۆچی)دا هاتۆتە دونیاوە، واتە پاش 9 ساڵ لە وەفاتی پێغەمبەر. هەروەها گێرانەوەی مالیک لە (سلیمان کوڕی یسار) لەکاتێکدا (سلیمان) ساڵی (34ی کۆچی) لەدایکبووە و ساڵی (136ی کۆچی) مردووە. هەروەها لە مورسەلەکانی مالیک کە بە پچراوی (منقطع) لەسەر زاری (عەلی کوڕی حسین) گێراویەتییەوە، کە ساڵی 37ی کۆچی لەدایکبووە[62]. بەڵکو تەنانەت لە کوڕەکەشیەوە (محەمەد بن عەلی) فەرمودە دەگێڕێتەوە، کە ساڵی 57ی کۆچی لەدایکبووە، واتە پاش وەفاتی پێغەمبەر بە 46 ساڵ[63]. ئەو جۆرەش لە گێرانەوە پێی دەووترێت (معضل) - ئەو سەنەدەی دوو کەس لە زنجیرەکەیدا بەدوای یەکدا پچرابن-، لەو فەرمودانەی (معضل)ن و مالیک گێراونیەوە، فەرمودەی (محەمەد بن المنکدر 40- 130 ك)، هەروەها (عەبدوڵڵا کوڕی ابی بکر بن حزم) کە لە شوێنکەوتەی شوێنکەتەکان (تابع التابعین) هەژماردەکرێت. هەروەها (سعید بن ابي سعید) کە راستەخۆ لە (ابوهریرة) دەگێڕێتەوە، لەکاتێکدا (ابو هریرة) لە ساڵی (57ی کۆچی)دا مردووە، بەڵام سەعید لە (123)دا مردووە[64].

لەمانەوە چیمان بۆ دەردەکەوێت؟ ئایا دەمانەوێت وەک ئیبن حەزم بڵێین: ئەو

فەرمودانەی مالیک دەیانگێڕێتەوە هەموویان لاوازن، چونکە سەنەدەکانیان مورسەلە؟ لەوێشەوە بڵێین هێزی فەرمودە لە سەنەدەکەیدایە؟ لەراستیدا خواستی ئێمە پێچەوانەی ئەو پێوەرەیە: چونکە تۆکمەکردنی **میکانیزمی سەنەد لە دوای سەدەی سێیەمەوە ئەرکی راستەقینەی بریتی نەبووە لەوەی نەهێڵرێت درۆ بەدەم پێغەمبەرەوە بکرێت، یان رێگە لە دانانی فەرمودە بگیرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە، بۆ ئەوە بووە کە رێگەی باشتر بدۆزرێتەوە بۆ درۆکردن بەدەم پێغەمبەرەوە لەژێر سایەی پاراستنی ئەو زنجیرەیەی ئەو درۆیانە مسۆگەر دەکەن.**

ئەوەش ئەوەمان بۆ رووندەکاتەوە کە بۆچی، لە ماوەیەکی پێوانەییدا سیستمی فەرمودە وا قەبە دەبێت لەگەڵ رێکخستنی میکانیزمی سەنەددا... لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا ژمارەی فەرمودە لە چەند هەزارێکەوە بۆ سەدان هەزار بەرزدەبێتەوە، وەک لە مەسنەدی ئەحمەد یاخود مەسنەدی جامیعدا دەردەکەوێت لە سەدەی سێیەمدا. لەراستیدا خەلەلی گەورەی ئەپستمۆلۆژیانەی فەرمودە لە سەدەی سێیەم بەدواوە هەڵگێرانەوەی پێوەری راستگۆیی فەرمودەیە لە ناوەڕۆکەوە بۆ سەنەد. لەو سیستەمەدا راست و دروستیی فەرمودە بەهۆی دەقی فەرمودەکە و ماناوە دیاریناکرێت، واتە بەهۆی ناوەڕۆکەوە. بەڵکو لاوازی و بەهێزی فەرمودە بە رێگەکانی گێرانەوە و بەهێزی و لاوازی سەنەد دیاری دەکرێت، واتە فۆرمی دەرهێنانی. هەر ئەو فۆرمگەراییەش بۆتە هۆی ئەوەی ئەو هەموو شتە نامەنتیقیە بەناوی فەرمودەوە بێتە ناو ئیسلامەوە. لێرەدا یەک نموونە دێنمەوە: مالیک لە (ابو زناد)ـەوە دەگێڕێتەوە: (هەر کاتێک بانگی نوێژ درا، شەیتان پشت هەڵدەکات و تڕ دەکەنێت، تاکو بانگەکە بەرگوێی نەکەوێت، هەر کە بانگ تەواو بوو دەگەڕێتەوە، کە دەستکرا بە ئیقامە پشت هەڵدەکاتەوە، کە تەواو بوو دەگەڕێتەوە، تاکو لە کاتی نوێژدا دوودڵی بۆ نوێژخوێن دروستبکات. تا وای لێدەکات نازانێت چەند رکاتی کردوە) [(65)] (154).

ئەم فەرمودەیە لای (بوخاری)ش لە (کتاب الاذان)دا گێڕدراوەتەوە، هەروەها لای موسلیم لە (کتاب الصلاة)دا گێڕدراوەتەوە. لەم کارەشیاندا سەیری ناوەڕۆکی نەگونجاوی فەرمودەکەیان نەکردووە، بەڵکو تەنها سەیری زنجیرەی سەنەدیان کردووە. ئەو

نەگونجاوییەش (لامعقول) بەزۆری بەناوی (ابوهریرە)وە هەڵبەستراوە، بەڵکو ئەو زنجیرە سەنەدەی مالیک کاری لەسەر کردوە لە (ابوهریرە)وە کە بریتیە لە (مالیک لە ابوزناد، لە اعرج لە ابوهریرەوە)، هەمان ئەو زنجیرەیەیە کە (بوخاری پشتی پێبەستووە کە بە راسترین کتێب ناودەبرێت) (66).

بەڵام ئەو پەراوێزی ئازادییەی مالیک بۆخۆی بەرەوای دەبینی کاتێک نزیکەی پێنجیەکی فەرمودەکانی مورسەلن، ئیدی دەبێت هەڵوەشێتەوە پاش ئەوەی بازنەکانی گەشەکردنی شارستانێتی ئیسلامی دادەخرێت. بێجگە لەوەش مورسەل بۆشاییەک بوو کە لەوێوە گومان لەسەر دروستیی فەرمودە دەکرا، ئیدی دەبوو ئەو دەرگایە دابخرێت کە مالیک لە «**موطأ**»دا کردبوویەوە. ئەوەش ئەو ئەرکەیە کە دانەرانی کتێبەکانی (صحاح) لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا کاری لەسەر دەکەن، بوخاری (194- 256 ک)، موسلیم (206- 261 ک)، ئەبو داود (202- 275 ک)، ئیبن ماجە (209- 273 ک)، تیرمیزی (209- 279 ک)، نەسائی (215- 303 ک).

بەم شێوەیە دەبینین **بوخاری** زیاتر لە 44 فەرمودە کە لای مالیک مورسەل بوون، ئەو زنجیرەی سەنەدەکانی تەواو کردوون، هەروەها **موسلیم** 32 فەرمودەی تری مالیکی راستکردۆتەوە لە سەنەدەکانیاندا، ئەو فەرمودانەش کە بوخاری و موسیلم نەیانگەیاندوە -واتە سەنەدەکەیان رێکنەخستۆتەوە-، «اصحاب السنن»ـەکانی تر کردوویانە، بۆ نموونە: (ابو داود) 9 فەرمودە، (تیرمیزی) 8 فەرمودە، (ئیبن ماجە) 7 فەرمودە، (نەسائی) 5 فەرمودە. ئەم پرۆسەیەش تا سەدەی پێنجەمی کۆچی بەردەوام بوو. تەنانەت گەیشتە ئەندەلوسیش، کاتێ (ابن عبد البر - 368-463 ک)، ئەو مورسەلانەی تری مالیکی تەواو کرد و هەمووی پێکگەیاند. بەڵکو (ابن عبد البر) گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە (هەموو مورسەلەکانی (**موطأ**)ی مالیک راستن و ناشێ کەس تانەیان لێبدات).

(ابن عبدالبر) بەوە وازی نەهێنا کە هەموو مورسەلەکانی مالیک بگەیەنێت، بەڵکو هەموو ئەو فەرمودانەش کە مالیک بێ سەنەد گێرابوونیەوە یاخود سەنەدەکانیان ناروون بوون، ئەوانەشی هەموو ساغکردەوە، لەو فەرمودە بێ سەنەدانە، (ابن عبد البر) زیاتر

له 60 فەرمودەی ساغکردۆتەوە[67]. بەڵکو تەنانەت ئەو شتانەش کە مالیک فەرمودەی لەسەر نەگێراونەتەوە و لە کردەوەی خەڵکی مەدینەوە وەریگرتون، دەبینین (ابن عبدالبر) ئەوانیش ساغدەکاتەوە و فەرمودەیان بۆ دێنێت. بۆ نموونە لە دەروازەی (وەسێت بۆ میراتگر)1497، مالیک دەڵێت (سوننەتی جێگیر لای ئێمە ئەوەیە کە وەسێت بۆ میراتگر ناشێت)، بەڵام (ابن عبد البر) بۆ زیاتر چەسپاندنی بۆچوونەکەی خۆی لەسەر مالیک، دێت و ئەو قسەیە لە کردەوەی ئەهلی مەدینەوە بەرزدەکاتەوە بۆ سوننەتێکی راستەقینەی پێغەمبەر. بەڵکو فەرمودەیەکیش لەو بارەیەوە دێنێت بە سەنەدێکی تەواوەوە کە گوایە پێغەمبەر فەرموویەتی (لاوصیة لوارث) [68].

بێگومان نابێت وابزانین **(ابن عبدالبر)** ئەم فەرمودەیەی دروستکردوە، بەڵکو هەر سیستمی فەرمودە خۆی هێند گەشەیکردبوو تاکو بتوانێت مەبەستی خۆی تێدا بپێکێت، هەر بەراستیش ئەو پشتراستکردنەوەیەی فەرمودەی (لاوصیة لوارث) گەشەکردنی کۆی سیستمی فەرمودەمان پیشاندەدات. ئەم فەرمودەیە لەسەرەتادا تا سەدەی سێیەم هەر نەبووە، نە لە سەحیحی بوخاری نە لە سەحیحی موسلیمدا نەبووە، لە «**الموطأ**»یشدا نەبووە تا سەدەی دووەم، تەنیا دابونەریتی خەڵکی مەدینە نەبێت کە مالیک دەڵێت (ئەوە سوننەتێکی جێگیرە و هیچ ناکۆکیەکی تێدا نیە)، بەڵکو تەنانەت گریمانەی هەبوونیشی ناکۆک دەبوو لەگەڵ ئایەتێکی قورئاندا کە دەفەرموێت (کتب علیکم اذا حضر احدکم الموت ان ترك خیرا الوصیة للوالدین والاقربین) (البقرة: 180)، جا بۆ دەربازبوون لە مەدلولی راشکاوی ئایەتەکە، دەبینین میکانیزمی ناسیخ و مەنسوخ دەکەوێتەگەڕ، کە دەبێتە میکانیزمێکی سەرەکی بۆ داخستنی بازنەکان، ئەو دەڵێت ئایەتی وەسێت سڕاوەتەوە. رێکخەری «الموطأ» دەڵێت: (لە مالیکم بیست وتی: ئەو ئایەتە سراوەتەوە بە ئایەتی (فرائض - دابەشکردنی میرات بە پشك) (1497). هەرچەندە بوخاری لە سەحیحدا دەروازەیەک دەکاتەوە بەناوی (لاوصیة لوارث)، بەڵام ئەوەی سەرنجمان رادەکێشێت لەم دەروازەیەدا هیچ فەرمودەیەک لەو بارەوە نییە، ئەوەی هەیە بوخاری بەهانەیەک دێنێتەوە بۆ هەڵبژارنی ئەو ناونیشانە کە فەرمودەیەکە لە ئیبن عەباسەوە دەیگێڕێتەوە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ماڵ

هەمووی بۆ کوڕ بوو، وەسێتیش بۆ دایک و باوک دەکرا، بەڵام خودا ئەوەی سڕییەوە»، بەڵام تەنانەت ئەو گێرانەوەیەش لە ئیبن عەباسەوە شتێکی تر هەیە پێچەوانەی ئەوەیە و هەڵیدەوەشێنێتەوە، لە ریوایەتێکی تردا کە هەر بوخاری دەیگێڕێتەوە (ئایا پێغەمبەر هیچ وەسێتێکی کردووە؟ وتم: ئەی چۆن وەسێت لەسەر خەڵک نووسراوە؟ وتی: تەنیا پەیامی خودای کرد بە وەسێت)، ئەگەر ئەو فەرمودەیەی بوخاری راست بێت -وەک دەزانین هەموو فەرمودەی بوخاری بە راست دانراوە- مانای وایە تا سەردەمی وەفاتی پێغەمبەریش وەسێتکردن هەر هەبووە، واتە پێیان وانەبوە کە ئایەتی وەسێت سراوەتەوە، لە واقیعیشدا مەسەلەی سڕینەوە لە سەردەمی کتێبەکانی تۆمارکردنی فەرمودەدا بە زەقی دەردەکەوێت، واتە لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا، تا ئەو کاتە ئینجا ئەو فەرمودەیە (لا وصية لوارث) جێگەی خۆی دەگرێت لە کۆ سیستمی فەرمودەدا. لێرەدا ئیشکالێکی تر سەرهەڵدەدات، بەڵکو ئیشکالێکی مەترسیداریشە، چونکە هەموو ئەوانەی فەرمودەکەیان گێراوەتەوە دەڵێن پێغەمبەر لە (خطبة الوداع) دا ئەم فەرمودەیەی فەرمووە، واتە هەزاران کەس ئاگادار بوون، لەبەرئەوە دەبوو ئەم فەرمودەیە زۆر بە فراوانی بڵاوبوایەتەوە لەناو موسوڵمانەکاندا. لێرەدا دەتوانین پرسیارێک بکەین: چۆن دەکرێت ئەو هەموو خەڵکە، لەوانەش خەڵکی مەدینە ئاگایان لەو گوتانەی پێغەمبەر نەبووبێت یان بیریان چووبێتەوە؟ تەنیا یەک کەس بیری مابێت ئەویش (عبدالوهاب بن نجده)یە، کە یەکەم کەسە ئەو فەرمودەیەی لە سەدەی سێیەمدا گێرابێتەوە؟

هەرچەند درێژەمان پێدا، بەڵام با هەڵکۆڵینی زیاتر بکەین. هەر گوتاریماڵئاوایی (خطبة الوداع) خۆی چەندین گێرانەوەی لەسەرە، بەچەندین شێوە گێڕدراوەتەوە، ئەو فەرمودەیە (لاوصية لوارث) لە یەک گێرانەوەدا هاتووە، ئەوەش ئەو گێرانەوەیەیە کە (ئیبن ئیسحاق) لە «مغازي»دا باسی دەکات، لەکاتێکدا (ئیبن ئیسحاق) بەلای مالیکەوە (وەک دەجالێک سەیر دەکرا)، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەسەی ئەو فەرمودەیەی لای (ئیبن ئیسحاق) گێراوەتەوە (**لیث کوڕی سلیم)ـە،** کە لە لاوازەکانە (الضعفاء)، تەنانەت (ئەحمەد بن حنبل) -کە لە وەرگرتنی فەرمودەدا بە ئاسانکار ناسراوە- لەبارەی لەیسەوە

دەڵێت (فەرمودەی شپرزەیە «مضطرب»). هەروەها **موسلیم** دەڵێت **لەیس** نە رەوانکردنی باشە نە وردەکاریشە، لەبەرئەوە هیچی لێ وەرنەگرتوە، بەهەمان شێوە بوخارییش. لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین (**ابن عبد البر**) بەلایەوە ئاسایی بووە کە لە کردەوەی خەڵکی مەدینە دەربیکات و بیکاتە فەرمودە. لەوێشەوە بگەڕێت بۆ سەنەدێک لە (**ابوداود**)دا بۆ بە فەرمودەکردنی ئەو پرسە، وەک دەردەکەوێت.

جارێکی تر پرسیارەکە دووبارە دەکەینەوە: لەم هەموو شتە بەکوێ دەگەین؟ چونکە هەموو شتێک بەرەو ئەوە دەچوو کە **مورسەلەکانی** مالیک وەك کەلەبەرێك لە قەڵای سوننەت سەیر بکرێت. کە «الموطأ»ی مالیک پێشەنگ بووە لە بنیاتنان و بەهێزکردنی سەنگەرەکانی، چونکە لە کولتوورێکی چەقخواردوو بە دەوری خۆیدا، شتێکی لەو شێوازە جێگەی قبوڵ نییە. لەبەرئەوە دەبوو بەهەر نرخێک بووە ئەو کەلەبەرە بگیرێت، ئەو ئەرکەش بە یەکجار ئەنجام نەدەدرا، چونکە هەر بۆشاییەك وەک ئەوە بوو کە بۆشاییەکی تری داپۆشیبێت، لەبەرئەوە بۆشایی دووەم کاتێک دەردەکەوت کە بۆشایی یەکەم پڕ دەکرایەوە.

بەم شێوەیە پرۆسەی پێکەوەلکاندنی مورسەلەکانی مالیک بەردەوام بوو هەر لە بوخاری و موسلیمەوە بۆ (ابن عبد البر) و موسنەدەکانی تر، بەڵام (**ابن عبد البر**) زۆر بە وردی و کارامەیی پرۆسەی رێکخستنەوەی سەنەدەکانی مالیکی ئەنجامدا، ئیتر ئەوانەی پاش ئەو هاتن نەیانتوانی (ابن عبدالبر) تێپەڕێنن. ئیدی رۆڵی ئەوانەی دوای ئەو تەنیا پینەکردن و زیادکردن و کەمکردن بوو، مالیکیش خۆی کە پێشەنگی قوتابخانەکە بوو، وایلێهات دەتگوت خۆی بۆتە زیندانییەك لەو زیندانەدا کە خۆی بونیادیناوە، **ئەو پەراوێزی ئازادییەی مالیک بۆخۆی فەراهەم کردبوو، لە پێچدانەوە بەدەوری سەنەدەکاندا دەبوو هەڵوەشێتەوە، بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەراوێزە ئیدی رەوتی کۆتایی عەقڵی فیقهیی ئیسلامی بووە عەقڵێک کە مەیلێکی وەسواسی ناچاریی کۆنترۆڵی کردوە، ئیدی ئەو بازنانە داخران کە مالیک کردبوونیەوە، ئەو بۆشاییەنەش گیران کە هەندێک ئازادیی دەدا بە خولانەوە لەناو خولگەکانی چەقدا.**

## ئیجتیهادی مالیك: بازنە کراوەکان بە دەوری دەقی سەنتراڵدا

کاتێك باسی دەقی یەکەم دەکەین، یان دەقی دامەزرێنەر؛ وەک (خەلیل عبدالکریم) دەڵێت[69]، دەبێت تێبینی ئەوە بکەین کە ئەو دەقە تا سەردەمی مالیکیش تەواو بونیاد نەنرابوو[70]. هەرچەندە کۆکردنەوەی قورئان و ڕێکخستنی تەواو کرابوو، بەڵام کۆی سیستمی فەرمودە تاکو سەدەی سێیەمیش هەر فۆڕمی کۆتایی خۆی وەرنەگرتبوو، تا کاتی دەرکەوتنی کتێبەکانی (صحیح) و (سنن)، بەڵکو دەتوانین بڵێین بەرهەمەکانی مالیکیش دنیای ڕۆشنی نەدیبوو، چونکە مالیک هیچی نەنووسیوە، بەڵکو تەنیا قسەی دەکرد و فەرمودەی دەگێرایەوە، پاشان لەسەر دەستی قوتابیی قوتابییەکانی لە سەدەی سێیەمدا قسەکانی دەنووسرێتەوە، لە پێش هەموویانەوە (یحیی اللیثي)ی نوسەرەوەی «**الموطأ**» و (**سحنون)ی** نووسەرەوەی «**المدونة**».

بەڵام گەر مەسەلەی نووسینەوە تێپەڕێنین دەتوانین بڵێین ئەو دەقەی مالیک کردبوویە چەقی ئیجتیهاد، هەمان ئەو دەقە نییە کە پاشان لە سەدەی سێیەمەوە جێگیر دەبێت، چونکە لە سەردەمی شافیعییەوە -سەدەی سێیەم- ئیدی دەقی دامەزرێنەر دەبێتە تەنها قورئان و سوننەت. بێگومان ئەو دوو سەرچاوەیە لە ئیجتیهادی مالیکیشدا بە چڕی ئامادەییان هەیە. بەڵام تاکە دوو سەرچاوە نین، دەقی دامەزرێنەر لای مالیک تەنیا دوو جەمسەر نییە، بەڵکو چوار جەمسەری هەیە، کە بریتین لە قورئان و سوننەت لەلایەك، و قسەی هاوەڵان و شوێنکەوتوان و کردەوەی خەڵکی مەدینەش لەلایەکی تر. ئەم چوار جەمسەرییەش لای مالیک پەراوێزێکی باشی ئازادی پێدابوو، تا بتوانێت بجووڵێت و ئیجتیهاد بکات. شافیعیش دێت و بە هەموو هێزی خۆی دەیەوێت ئەو پەراوێزە تەسک بکاتەوە و چەقی دەق بکاتە **قورئان وسوننەت بە تەنها**، پاشان ئەو دوو جەمسەرییەش تەسکتر دەبێتەوە تا وای لێدێت خەریکە یەک جەمسەر بمێنێتەوە کە ئەویش سوننەتە، ئەوەش پاش ئەوە دێت کە ئەهلی فەرمودە سەرکەوتنی کۆتایی بەدەست دێنن، ئەوان مەرجەعیەتی فەرمودە دەخەنە پێش قورئان وەک لە بەشەکانی تردا باسی دەکەین. ئەو ڕەوتە لە ناو کولتووری ئیسلامیدا کە بەخێرایی بەرەو داخستنی بازنەکان دەڕۆیشت، هەر

له شافیعەییەوە وامان لێدەکات هەڵوێستە بکەین و بیربکەینەوە لەو فەزای ئازادییەی مالیک دروستیکردبوو لە کۆتایی سەدەی دووەمدا. ئەو چوار جەمسەرەی بۆ مەرجەعیەت بەرهەمهێنابوو، بەم شێوەیە:

**1.قورئان**

هەرچەندە پابەندبوونی مالیک بە دەقی قورئانەوە نزیک دەبێتەوە لە رەهایی، بەڵام دەتوانین هەندێک بۆشایی ئازادی لە مامەڵەی مالیک لەگەڵ قورئاندا بدۆزینەوە. لەسەر ئاستی دەق، «**موطأ**»ی مالیک کۆمەڵێك خوێندنەوەی قورئانی تێدایە کە لە قورئاندا نەماوە، لەو شێوازە ئایەتانە خوێندنەوەی (یا ایها الذین امنوا اذا نودي للصلاة من یوم الجمعة فاسعوا الی ذکر الله)، ئەو لە سەر گێرانەوەیەکی عومەری کوڕی خەتاب دەیخوێندەوە (فامضوا الی ذکرالله) [71].

هەروەها خوێندنەوەیەکی تر کە دەدرێتە پاڵ (ابي بن کعب) ئەمەیە: (کەسێک لە موجاهیدی پرسی ئایا فەرزە رۆژووی کەفارەت لەدوای یەك بێت، یان دەتوانێت بەینی تێبکات؟ (حمید) دەڵێت: من وتم دەتوانێت بەینی تێبکات، بەڵام موجاهید وتی: ناتوانێت بەینیان تێبکات، چونکە لە خویندنەوەی (ابي بن کەعب)دا دەڵێت «ثلاثة ایام متتابعات» واتە سێ رۆژ بەدوای یەکدا [72] (681).

بێگومان دەرگای خوێندنەوەکانی قورئان بەکراوەیی مابۆوە تاکو لە کۆتاییدا لەو (مصحف)ـەدا کە ئێستا لەبەردەستماندایە فەرزکرا، ئەوەش تاکە خوێندنەوەیە کە لە (حفصةوە لە عاصم الکوفي)یەوە هاتووە هەر ئەو خوێندنەوەیەش لەگەڵ بڵاوبوونەوەی چاپدا لە سەردەمی رینیسانسدا لەلایەن عوسمانییەکانەوە گشتگیرکرا [73].

سەرەرای ئەوەی «**موطأ**» هەندێک خوێندنەوەی تێدایە کە لەم سەردەمەدا کاری پێناکرێت، ئاماژەی ئەوەشمان هەیە کە چەند ئایەتێکی سراوەمان هەیە کە لە مەسحەفی عوسمانیشدا و لە سەردەمی مالیکیشدان) نەبوون، مالیک لەسەر زاری **(عائیشە و حفصة)**ی خیزانەکانی پێغەمبەر دەگێڕێتەوە (ئەبو یوسف لە عائیشەوە دەگێڕێتەوە: دایکی ئیمانداران فەرمانی پێکردم مەسحەفی بۆ بنووسمەوە، پاشان پێی وتم هەر کاتێك گەیشتیتە

ئەو ئایەتە «حافظوا علی الصلوات والصلاة الوسطی و قوموا لله قانتین) پێم بڵێ، کاتێک گەیشتمە ئەو ئایەتە پێمگوت، فەرمووی بنووسە (حافظوا علی الصلوات والصلاة الوسطی وصلاة العصر وقوموا لله قانتین)، عائیشە وتی: ئاوا لە پێغەمبەرم بیستووە) [74] (315).

لەپێشتریشدا ئاماژەمان بەوە کرد کە عائیشە گێراویەتییەوە (لە قورئاندا ئەو ئایەتە دابەزیبوو کە 10 جار شیردان حەرام دەکات)، پاشان سرایەوە بووە (پێنج جار شیردان). هەندێک لەوانەی لێکدانەوە دەکەن دەڵێن پێدەچێت ئایەتەکە دابەزیبێت پاشان سرابێتەوە، (**ابو موسی الاشعري**) لەبارەی ئەو ئایەتەوە دەڵێت (دابەزی و دوایی بەرزکرایەوە)، (**سیوطي**) دەیخاتە بەشی (ئەو ئایەتانەی خوێندنەوە و حکومەکەشیان سراوەتەوە)، بەڵام ئەو لێکدانەوەیەی (سیوطي) پێچەوانە دەبێت لەگەڵ ئەوەی عائیشە گێراویەتییەوە و لە بوخاری و موسلیمیشدا هاتووە لە سونەنەکانی تریشدا هاتوە دەڵێت (کاتێک پێغەمبەر وەفاتی کرد ئەو ئایەتانە بەشێک بوون لە قورئان و دەخوێنرانەوە)، ئەی چۆن پاش وەفاتی پێغەمبەر سرایەوە؟ کێ سڕیەوە؟ [75]

بەڵام ناودارترین ئایەت کە مالیک بەتەنیا گێرابێتییەوە و لە مەسحەفی عوسماندا نەهاتبێت و لە سەحیح و سونەنیشدا نەهاتبێت [76]، ئایەتی بەردبارانە (الرجم). (مالیک گێرایەوە: کاتێك عومەر لە مینا وتاریدا... هاتەوە بۆ مەدینە وتاری تری دا و وتی: خەڵكینە هەندێك سوننەتتان بۆ دانراوە، هەندێک فەرزیشتان لەسەر فەرزکراوە، هەموو شتێک روونە، ئاگادار بن بەهۆی ئایەتی بەردبارانکردنەوە تیانەچن کەسێک بێت و بڵێت حەدی بەردبارانکردنمان لە قورئاندا نەدیوە[77]، چونکە پێغەمبەر بەردبارانیکردووە و ئێمەش کردوومانە، بەخودا ئەگەر خەڵک نەیانگوتایە عومەر ئایەتێکی بۆ قورئان زیادکردوە، ئەوە لە قورئاندا دەمنووسیەوە: (الشیخ والشیخة فارجموهما البتة)، ئێمە خوێندوومانەتەوە... سەعید وتی (ذوالحجة تەواو نەبوو عومەر کوژرا) [78] (1560).

لێرەدا سەرنج دەدەین ئەم خزانەی مالیک لە دەقێکی راشکاوی ناو قورئانەوە بۆ دەقێکی ناجێگیر و نەبوو، مەبەستی سووککردنی حوکمێک نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بۆ توندترکردنی حوکمەکەیە. لەراستیدا مالیک سەرەرای پڕەنسیپی (بەرژەوەندییە رەهاکراوەکان- مصالح مرسلة)، بەڵام خۆی توند بووە لە هەڵێنجانی حوکمدا. هەر

بەهۆی ئەو توندڕەوییەوە -کە پێدەچێ هەر سروشتی وابووبێت[79]- بۆ خۆی بەرەوا بینیوە کە جۆرێک لە ئازادی بەکاربێنێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی دامەزرێنەر و هەڵێنجانی حوکم لێوەی، لەبەرئەوە سەیر نییە کاتێک دەبینین بەشی بەردبارانکرد (الرجم) درێژترین بەشی (المدونة)یە. هەرچەند لە «**الموطأ**»دا تەنیا چەند هەواڵێکی لە پێغەمبەر و خەلیفەکانەوە گێراوەتەوە کە ئەوان ڕەجمی زیناکاریان کردوە، بەڵام لە «**المدونة**»دا چەندین جار فەتوایداوە بەوەی کە ژنی شووکردوو دەبێت ڕەجم بکرێت [ئەگەر زینای کرد] بە هەمان شێوە پیاویش گەر ژنی هێنابێت، هەروەها نێربازیش هەر دەبێت ڕەجم بکرێن، لە نێربازیدا پیاو ژنی هێنابێت یان نا، هەر ڕەجم دەکرێت لای مالیک [80]. **(قاضي عياض)** لەبارەی ئەم توندڕەوییەی مالیکەوە بەشێکی تایبەتی لە کتێبەکەیدا «**ترتيب المدارك**» نووسیوە بەناوی (**توندیی مالیک لە پیادەکردنی حوکمەکانی خودادا)**، لەم بارەیەوە ئیجتیهادێکی مالیکی هێناوە کە پێچەوانەی هەموو مەزهەبەکانی ترە، ئەوانی تر پێیان وایە کە سەرپەرشتیاری [کەسوکار] کەسی کوژراو مافی هەیە لە بکوژی کەسەکەی خۆی خۆش بێت بەپێی ئایەتی (178) لە سورەتی (البقرة). (عبد الجبار بن عمر) دەڵێت: والی لەگەڵ کۆمەڵێک زانادا هاتن بۆ لای مالیک، والی پرسیاری لێکردن سەبارەت بەو کوڕەی بەدوای برایەکیدا رایکردوە کاتێک کە گرتویەتیەوە پاڵی پێوە ناوە بۆ ناو بیرێك جلەکەشی بردوە، دایک و بابیشیان لەوێدا ئامادە بوون، کۆمەڵێک لە زانایان وتیان بژاردە بەدەست دایك و باوکەکەیە گەر ویستبای خۆش دەبن لە کوڕەکەی تریان، بەڵام مالیک وتی: من وایدەبینم کە دەبێت ئێستا لە گەردنی ئەو کوڕەی تریشیان بدرێت، بەڵام دایك و باوکەکە وتیان: دوێنێ کوڕێکمان کوژراوە ئەمڕۆش کۆستمان دەخەن بە کوڕەکەی ترمان، ئێمە خاوەنی خوێنەکەین و لە کوڕەکەی ترمان خۆش دەبین، والی وتی: ئەوە دایك و باوکەکە خۆشبوون، ئیتر کەس نەماوە داوای خوێن بکات، بەڵام مالیک وتی: بەو خودایەی بێ شەریکە گەر نەکوژرێتەوە جارێکی تر من لە زانست قسە ناکەم، والی کە سووربوونی مالیکی بینی، فەرمانیکرد بە لەگەردندانی کوڕەکەی تریش)[81]. لێرەدا دەبینین مالیک بەها بۆ کۆرایی زانایان دانانێت، لە هەمان کاتدا ئەو زانایانە هەموو خەڵکی مەدینە بوون،

که مالیک خۆی کردەوەی خەڵکی مەدینە دەکاتە سەرچاوەیەکی یاسادانان، بەهەمان شێوە هیچ گوێی نەدا بەوەی دایک و باوکی دوو کوڕەکە، خۆیان لە کوڕە بکوژەکەیان خۆشبوون تاکو لە رۆژێکدا دوو کوڕیان لەدەست نەچێت، کەچی مالیک گوێی بەوە نەدا کە کوژراو و بکوژ هەردوکیان بران و ناکرێت مەسەلەکە تاڵانی وچەتەیی بووبێت بەتایبەتی لەسەر کراسێك [82]، بەڵام پێدەچێت -کە هەر ئەوەش مەبەستەکەی ئێمەیە- مالیک خۆی گیرنەدابێت بە ئایەتی تۆڵەکردنەوە (القصاص)، ئەوەش ئەو ئایەتەیە کە فیقهی تاوانکاریی ئیسلامی بەهۆیەوە مافی داوە بە گەورەی کوژراوەکە سەرپشك بێت لەنێوان تۆڵەکردنەوە و لێخۆشبوون لە بکوژ (**یاأیها الذین آمنوا کتب علیکم القصاص في القتلى الحر بالحر والعبد بالعبد والأنثى بالأنثى فمن عفي له من أخيه شيء فاتباع بالمعروف وأداء إليه بإحسان ذلك تخفيف من ربكم ورحمة فمن اعتدى بعد ذلك فله عذاب أليم (178)**) [83].

**2- فەرموده [گوتراو] (الحدیث)**[84]

بێگومان مالیک بە هەموو پێودانگێک فەرمودەگەرا (حدیثي) بووە نەك قورئانی بووبێت. لە هەموو «الموطأ»دا کەمتر لە 100 ئایەتی وەک بەڵگە هێناوەتەوە، لەکاتیکدا زیاتر لە 500 فەرمودەی بەکارهێناوە کە هەندێکیان تەنیا خۆی گێراونیەوە. بەڵکو هەندێک گێرانەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە چەندین قاتی ئەوەی لەبەردەستماندایە مالیک فەرمودەی لە کتێبەکەیدا گێراوەتەوە، وەک (ابن عتیق) دەڵێت (مالیک زیاتر لە دەهەزار فەرمودەی لە «الموطأ»دا گێرابووەوە، بەڵام هەموو ساڵێک چاوی پێدا دەگێرا و لێی کەمدەکردەوە تا وای لێهات کە ئێستا هەیە، خۆ ئەگەر لەژیاندا بمایە هەمووی لادەبرد). هەروەها (سلیمان بن بلال) دەڵێت (مالیک زیاتر لە چوار هەزار فەرمودەی گێرابووەوە، بەڵام کاتێک مرد تەنیا هەزار و شتێک فەرموده مابوونەوە، واتە هێندەی کە پێی وابوو خزمەت بە موسوڵمانان دەکات و ئایین جوانتر دەکات) [85]. وادیارە ناوبانگی لە فەرمودەدا زیاترە لە ناوبانگی وەک **فەتوادەر**، تەنانەت (عەلی بن المدیني) دەڵێت (مالیک ئەمیری ئیماندارانە لە فەرمودەدا) [86].

هەرچەندە مالیک لە دامەزرێنەرانی کۆسیستمی حەدیسە، کەچی نەبۆتە دیلی دەستی ئەو سیستمە وەك ئەوانەی دوای ئەو دێن و دەبنە کۆیلەی فەرمودە. مەبەستیشمان ئەوە نییە کە ئەو لە مەرجەکانی گێرانەوە و فەرمودە وەرگرتندا توندە، بەتایبەتی ئەگەر لە خەڵکی عێراقەوە گێڕدرابێتەوە. هەرچەندە خۆی ئەم مەرجەشی پێشێلکردووە کاتێک چەندین فەرمودەی مورسەل و پچراوی گێراوەتەوە، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە مالیک بەشێوەیەکی ڕێژەیی ئازادبووە لە کارکردن بە فەرمودە، چونکە مالیک بەلایەوە ئاسایی بوو گەر فەتوای بدایە بە پێچەوانەی فەرمودەوە. ئەوەش لە زانستی قووڵی خۆیەوە بووە نەك لە نەزانینەوە. هەربۆیە کاتێك لە (**ابن ماجشون**) قوتابی مالیک دەپرسن: بۆچی فەرمودە دەگێڕنەوە کەچی دوایی وازی لێدێنن؟ ئەو دەڵێت: تاکو خەڵك بزانن ئێمە لەرووی زانینەوە تەرکمان کردووە نەك لە نەزانینەوە) [87]. لەپێشدا هەندێك فەرمودەمان هێنا لەسەر ئەوەی مالیک بەپێچەوانەی فەرمودەوە کاریکردوە، بەڵام ناودارترینیان ئەوەی ڕۆژوو شکاندنە بە خواردن و خواردنەوە (بەهەڵە بێت یان لەبیروچوونەوە بێت). مالیک دەڵێت (هەرکەسێك لە ڕەمەزاندا بیری بچێتەوە یان هەڵە بکات شتێک بخوات یان بخواتەوە، دەبێت ڕۆژێك لەبری ئەو ڕۆژە بگرێتەوە) (680). لەکاتێکدا پێغەمبەر بەگوێرەی فەرمودەیەک کە موتەواتیرە و چەندین جار گێڕدراوەتەوە، لە کەسی بەڕۆژوو بوراوە گەر بە هەڵە یان بیرچوونەوە بخوات و بخواتەوە: «هەرکەسێک بە هۆی بیرچوونەوە خواردی یان خواردیەوە ئەوە خودا پێیداوە). لە (ترمذی)دا دەڵێت (با ڕۆژوو نەشکێنێت، بەڵکو ئەوە رزقی خودایە داوێتی).

ئایا دەتوانین باسی چاوقایمیی مالیک بکەین لە ئاست فەرمودەدا؟ بێگومان نەخێر! گەر وابڵێین دەکەوینە هەڵەیەکی ئەپستمۆلۆژییەوە. چونکە مالیک کوڕی کولتووری سەردەمی خۆی بووە و نەیتوانیوە لێی دەربچێت مەگەر لە پەراوێزدا نەبێت، لە سەردەمی مالیکیشدا کۆسیستمی فەرمودە جارێ جێگەی خۆی نەگرتبوو، لەبەرئەوە کاتێک لەئێستادا مالیک دەبینین بەو چاوقایمیەی بەرامبەر فەرمودە کە راستەخۆ پێچەوانەی دەبێت، ئەوە جورئەتێکی پاشینەیە نەك پێشینە، واتە لە سەردەمی مالیک خۆیدا ئەوە بە جورئەتێکی زۆر سەیر نەکراوە، بەڵکو کارێکی ئاسایی بووە، چونکە جارێ کۆسیستمی

فەرمودە فۆرمولە نەبووە، کاتێک مالیک فەتوا دەدات بە گرتنەوەی ڕۆژوو گەر بە هەڵە شکێنرا، ئەو لێرەدا ئیجتیهاد دەکات، چونکە دەقێکی لەبەردەستدا نییە، بەڵام کاتێک دوای مەرگی خۆی ئەو فەرمودەیە دەگێڕدرێتەوە، ئیدی وەک پڕکێشییەك و جورئەتێک سەیری فەتواکەی مالیک دەکرێت، بەڵگەشمان بۆ ئەم قسەیە ئەوەیە کە هەموو ئەوانەی ئەو فەرمودەیەیان گێراوەتەوە پاش مالیك هاتوون، واتە نەوەی پاش مالیکن. هەردوو ئەو کەسەی ئەو فەرمودەیەیان گێراوەتەوە لە (بوخاری) و (موسلیم)دا، بریتیبوون لە (ابو عبدالرحمن بن عبدان) کە 40 ساڵ دوای مالیک مردوە، ئەوەش کە لە موسلیمدا گێراویەتییەوە (عمرو بن محەمەد الناقد) بووە، کە پاش مالیک بە 50 ساڵ مردووە[88].

بۆئەوەی مالیک لە دەرەوەی سەردەمی خۆیدا دانەنێین و زیادەڕەوی نەکەین لە ئاستی ئەو ئازادییەدا کە بەرەوای بینیوە بۆ خۆی لەکاتی مامەڵەکردنی لەگەڵ دەقدا، دەبێت ئەو فەتوایانەی مالیک لە روانگەی ئەو فەرمودانەوە بخوێنینەوە کە لە سەردەمی خۆیدا گێڕدراونەتەوە نەك پاش مردنی. ئەوەش پێویستییەکی مەنهەجیە و خۆی فەرزدەکات، بەتایبەت کاتێک ئەو قەبەبوونە رەچاو دەکەین کە لە کایەی فەرمودەدا دروستبووە پاش وەفاتی مالیک، ئەوەش بەهۆی ئەو ململانێ ئایدیۆلۆژی و سیاسییەوە کە لە نێوان ئەهلی فەرمودە و موعتەزیلەدا روویانداوە، بەتایبەت پاش ئەوەی خەلیفە متەوەکیل کودەتای بەسەر موعتەزیلەدا کرد و ئەهلی فەرمودەی زاڵکرد بەسەریاندا، لێرەوە ئیدی دەرگای دروستکردنی فەرمودە دەخرێتە سەرپشت و دەبێتە بازرگانییەکی برەودار، لەو کاتەوە ئیدی ئەو بازرگانییە هەر لەبرەودا دەبێت تا دەگاتە سەردەمی رێنیسانس[89].

بەهەرحاڵ لەوانەیە ئەو فەرمودەیەی باسی نەشکاندنی رۆژوی کەسی بیرچۆوە دەکات، تەنیا بۆ ئەوە داڕێژرابێت کە پایەی مالیک تێکبشکێنێت لەمیانەی ململانێی نێوان مەزهەبەکاندا، یان بۆ شکانی عەقڵگەراکان و سەرخستنی ئەهلی فەرمودە، یاخود بە بەردێک دوو چۆلەکە دەکوژێت، لەلایەکەوە لە پایەی مالیک دەدات و لە لایەکی تریشەوە مەترسی کارکردن بە عەقڵ دەردەخات، (**چونکە لەگەڵ دەقدا هیچ رایەک نامێنێت**)، ئیدی سەیر نییە کاتێک پێشەوای ئەهلی فەرمودە (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل) هەردوو ئەو کەسە زۆر بە راستگۆ وەسف دەکات کە ئەو فەرمودەیەیان گێراوەتەوە[90].

**3- فەتوای هاوەڵانی پێغەمبەر**

یەکێک لە گەورترین پەراوێزەکان کە مالیک بەکراوەیی بۆخۆی بەجێهشتبوو، پشتبەستنی بوو بە فەتوای هاوەڵانی پێغەمبەر وەک بنەمایەکی یاسادانان، هەرچەند ئەو فەتوایانە ناکەونە پێش قورئان و فەرمودەوە، بەڵام دەبنە تەواوکاری ئەو دوو سەرچاوەیە لە حاڵەتی بێدەنگییاندا، یان لە کاتێکدا پێویستیان بە لێکدانەوە هەبێت بۆ **تایبەتکردنی گشتی یان گشتاندنی تایبەت** (تخصيص العموم و تعميم الخصوص).

بێگومان وەرگرتنی وتەی هاوەڵان و فەتواکانیان و حوکمەکانیان وەک بنەمای یاسادانان تەنیا لە مەزهەبی مالیکدا نییە، چونکە مەزهەبەکانی تریش هەمان بنەمایان دارشتووە، بەڵام بە ئاستی جیاواز، بەڵام ئەوەی مەزهەبی مالیک جیادەکاتەوە ئەوەیە کە مالیک فەتوای هاوەڵانی وەك سەرچاوەیەکی سەربەخۆ داناوە، تارادەی پێشخستنی وتەی هاوەڵان بەسەر فەرمودەی تاکدا (خبر الاحاد). بەڵام دواتر شافعی رەخنەیەکی قورس لە مالیک دەگرێت لەسەر ئەو هەڵویستەی، ئەوەش لە کتێبی (**اختلاف مالیک**)دا وەک دوایی باسیدەکەین، ئەو مالیک تاوانبار دەکات بەوەی ئەسڵ رەتدەکاتەوە بە لق. بەهێز رەتدەکاتەوە بە لاواز.

لێرەدا با نموونەیەك بێنینەوە لە بەشی (باب الطيب في الحج). مالیک لە عائیشە دەگێڕێتەوە کە وتویەتی (من بۆنی خۆشم دەدا لە پێغەمبەر بۆ ئیحرام، هەروەها بۆ تەواوبوونیش پێش ئەوەی تەواف بکات) (727). هەرچەندە مالیک ئەو بەشە بەو فەرمودەیەی عائیشە دەستپێدەکات کەچی دوایی کاری پێناکات، بەڵکو دەڵێت بۆن لەخۆدان لەکاتی ئیحرامدا کەراهیەتی هەیە، ئەوەش بە پشتبەستن بە دوو هەواڵی دوو گەورە هاوەڵ، کە عومەر فەرمانیکردوە بەو کەسەی بۆنی لەخۆیدابێت لە حەجدا، دەبێت خۆی بشوات بۆ ئەوەی بۆنەکەی بڕوات (91).

لەراستیدا ئامادەبوونی هاوەڵان لە «**الموطأ**»دا کەمتر نییە لە ئامادەبوونی پێغەمبەر خۆی، ئێمە بینیمان مالیک تەنیا 500 فەرمودەی وەک بەڵگە هێناوەتەوە لە «**الموطأ**»دا، بەڵام بەهەمان شێوە زیاتر لە 500 وتەی هاوەڵانی هێناوەتەوە وەک بەڵگە، بەتایبەت عەبدوڵڵای کوڕی عومەر کە سەدان جار وەک بەڵگەی شەرعی کار و فەتواکانی هێناوە.

لەوەش زیاتر مالیک شوێنکەوتوانیش (التابعین) وەک هاوەڵان بە بەڵگە دێنێتەوە، بۆ نموونە بەڵگەی بە فەتواکانی (عومەری کوڕی عبدالعزیز)، (سعید کوڕی مسیب)، (زید کوڕی اسلم)، (قاسم کوڕی محەمەد)، (ئیبن شیهاب) و (سالم) هێناوەتەوە.

بێگومان مەسەلەی بەڵگاندنی هاوەڵان و شوێنکەوتوان لای مالیک وەک بابەتێک بۆ گفتوگۆ هەر کراوە بووە. بێجگە لەوەی مالیک سەرەتای بەشەکانی بە فەرمودەیەک دەستپێدەکات، هەندێک جاریش بە ئایەتێک، بەڵام لە ناوەڕۆکدا وتەی هاوەڵ و فەرمودەیەک پێکەوە ریزدەکات بێ ئەوەی باسی پێشینەیی فەرموده بکات. ئەو بەرزکردنەوەیەی وتەی هاوەڵان بۆ لای فەرموده دەبێتە هۆی ئەوەی پاشان شافیعی رەخنە لە مالیک بگرێت، بەڵام بەجێهێشتنی بازنەکە لەلایەن مالیکەوە بەکراوەیی بەسەر هاوەڵان شوێنکەوتواندا، وامان لێدەکا **«موطأ»** لە قۆناغی پێش داخستنی بازنەکاندا دابنێین، ئەو کارەی کە پاشان شافیعی بەجێی دێنێت و زاناکانی دوای ئەویش بە یەکجاری مۆری داخرانی لێدەدەن.

### 4- کردەوەی خەڵکی مەدینە

بازنەیەکی تری کراوە لای مالیک کە پاش خۆی قوتابییەکانیشی سوور بوون لەسەر ئەوەی بەکراوەیی بمێنێتەوە هەرچەند کەمیش بێت، بریتییە لە بازنەی کردەوەی خەڵکی مەدینە. یان با بڵێین سوننەتی خەڵکی مەدینە، ئەوەی جێی سەرنجە مالیک لەم بارەیەوە ناچار بووە بێدەنگ نەبێت لە ئاست ئەو سەرچاوەیەدا و پاکانە بێنێتەوە بۆ پشتبەستن بەو سەرچاوەیە وەك سەرچاوەی چوارەمی شەریعەت، لەپاڵ قورئان و سوننەت و فەتوای هاوەڵاندا. بەڵام مالیک لە ئەهلی تیۆریزەکردن نەبوو، چونکە ئەو زیاتر خەریکی کاری بەشەکی بوو (وەک فەتوادان)، نەك هەمەکی (کلیات)، جگە لەوە دەزگای چەمکگەرایی هێند پێشنەکەوتبوو لەسەردەم و جوگرافیای ئەودا تا بتوانێت چەمکی تازە دابتاشێت[92]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاکە دەقێکمان هەیە کە **(قاضي عیاض)** لە «**ترتیب المدارك**»دا هێناویەتی، لەوێدا مالیک جۆرێک لە هونەری تیۆریزەکردنی چەمك بەکاردێنێت، مالیک لەگەڵ لەیسدا هەندێک

نامەگۆڕینەوەیان لەنێواندا بووە کە وا دیارە لەیس دەستیپێکردبێت[93]، لەیس هەندێک کتێبی ناردوە بۆ مالیک تاکو رای خۆی لەسەر دەرببڕێت و هەڵسەنگاندنی بۆ بکات. لە وەڵامەکەی مالیکدا دەردەکەوێت کە مالیک خۆی ئەو کتێبانەی دیوە [94]، مالیک تێبینی لەسەر ئەو کتێبانە هەبووە، گرنگترینیان ئەوەیە کە لەیس لە میسر فەتوایەک دەدات کە جیاوازە لەوەی مەدینە دەیدا، مالیک لە پێشەکیی نامەکەیدا دەڵێت: بزانە پێمگەیشتووە کە تۆ فەتوای تر دەدەیت جیاواز لە مەدینە، جیاواز لەوەی خەڵکی لای ئێمە لەسەری دەڕۆن، لەو وڵاتەدا، تۆش لە پلەیەکی بەرزی ئەمانەت و چاکیدایت و پێگەشت لەناو خەڵکی ناوچەکەدا دیارە، ئەوانەی پێش تۆش لەوێ بوون هەر پێویستیان بەتۆیە ئەوانیش پشت بەتۆ دەبەستن، لەبەرئەوە حەقە ئاگات لەوەبێت کە دەیڵێیت و دەیکەیت و لە خۆت بترسیت بۆ رۆژی دوایی)، هەرچەندە نامەکە ئەدەبێکی بەرزی تێدایە کە لەنێوان زانایاندا پێویستە هەبێت، بەڵام دیارە مالیک وەک مامۆستایەک بۆ قوتابییەکەی قسەدەکات، کاتێک دەبینێت قوتابییەکەی هەڵەیەکی کردوە، هەڵەی لەیس لێرەدا ئەوەیە کە بەپێچەوانەی قوتابخانەی مەدینەوە فەتوای داوە، چونکە بەلای مالیکەوە (خەڵک شوێنکەوتەی خەڵکی مەدینەن)، چونکە هیجرەت بۆ مەدینە بووە) [95]. هەر لەوێش قورئان دابەزیوە حەڵاڵی حەڵاڵکردوە و حەرامی حەرامکردوە)، ئەم **داسەپاندنەی مەدینە** کە لە سەردەمی پێغەمبەردا پێیدرابوو تەنانەت دوای وەفاتیشی هەر دەمێنێت، چونکە (لەدوای وەفاتی پێغەمبەر شوێنکەوتوە هەرە نزیکەکانی هەر لەو شارەدا ماونەتەوە لەوانەی کە پاش ئەو فەرمانیان بەدەستبووە و هەرچییان زانیوە جێبەجێیان کردوە، هەر شتێکیشیان نەزانیبێت پرسیاریان لەبارەوە کردوە و بەهێزترین رایان لێوەرگرتوە و ئەگەر کەسێکیش شتێکی لەوەی ئەوان بەهێزتری لابوایە، ئەوا قسەی خۆیان واز لێدەهێنا و قسەی ئەویان وەردەگرت).

بەم شێوەیە مەدینە خۆی دەسەپێنێت و کەسانێک دەبن بەردەوامی بدەن بەم سەپاندنە، پاش سەردەمی پێغەمبەرایەتی و تەنانەت پاش سەردەمی هاوەڵانیش، واتە سەردەمی شوێنکەوتووان، وەک مالیك دەڵێت (پاش ئەوانیش شوێنکەوتوان دێن و هەمان رێگە دەگرنەبەر و شوێن هەمان سوننەت دەکەون، لەبەرئەوە هەر کردەوەیەک لە

مەدینەدا بە ئاشکرا کاری پێبکرێت، پێم وانییە کەسێک بتوانێت پێچەوانەی کاری ئەوان بکات، چونکە ئەوان میراتیی پێغەمبەریان بۆ ماوەتەوە).

لێرەدا دەبینین مالیک یاسایەکی تازە دادەڕێژێت، مادەم ناوچەکانی تر ناتوانن بانگەشەی ئەو میراتگرییە بکەن کە وەقفە لەسەر خەڵکی مەدینە، ئەمە مانای وایە خەڵکی شوێنەکانی تر بۆیان نییە لە مەزهەبی خەڵکی مەدینە دەربچن، (ئەگەر خەڵکی شوێنەکانی تر بڕۆن و بڵێن: ئەم کارە لە وڵاتی ئێمە ئاوایە و هەر ئەوەش بووە خەڵک لەسەری رۆیشتوون؛ ئەوان لەوێدا خۆشیان باوەڕیان بەخۆیان نابێت) [96].

کەواتە هیچ سوننەتێکی غەیری سوننەتی خەڵکی مەدینە نییە، بە زمانی ئەندازەیی دەتوانین بڵێین: مەدینە چەقی بازنەکەیە و هەموو شار و وڵاتەکانی تر چێوەی بازنەن و هیچ چارێکیان نییە، بەڵکو دەبێت هەر بە دەوری چەقدا بسووڕێنەوە.

بێگومان **ئەم جوگرافیا ئەپستمۆلۆژییە خەیاڵیە** نە یەکانگیر بووە و نە یەکانگیر دەبێت لەگەڵ جوگرافیای مێژوویی واقیعی، چونکە نە مەدینە وەک پایتەختی ئیسلام مایەوە پاش ئەوەی ئومەوییەکان گواستیانەوە بۆ دیمەشق و عەباسیەکان بۆ بەغداد، نە وڵاتەکانی تریش وەک شوێنکەوتە دەمێننەوە، لەمانەش گرنگتر لەو دیدگایەوە کە مەبەستمانە -جوگرافیای ریشەکانی فیقهـ» تەنانەت مەدینەش خۆی لە مەدینەدا نەما، بەڵکو ئەوس و خەزرەج لێی دەرچوون بەرەو شوێنە تازە فەتحکراوەکان، تەنانەت زاناکانیشی بەرەو وڵاتانی تازە فەتحکراو رۆیشتن، وەك عێراق و شام و میسر، ئەم حەقیقەتە لەلایەن **لەیس کوری سەعد** ئاشکرابوو، کاتێك وەڵامی مالیکی دایەوە، ئەو لەسەر ئەوە قسە ناکات کە خەڵک شوێنکەوتەی خەڵکی مەدینەن لە فەرمانە ئایینیەکاندا، بەڵام دوایی وانامێنێتەوە، چونکە زۆرینەی موهاجیر و ئەنسار دەرچوون بۆ جیهاد، پێشەنگی خەڵک بوون بۆ جیهاد و ئەوان پەیامی خودایان لە ناو خەڵکدا هەڵگرتوە و لە هەموو سوپایەکدا کۆمەڵێک لەوانە هەبوون کە خەڵکیان فێری قورئان و سوننەت کردووە و بەرای خۆیان تەفسیری دەقەکانیان کردووە، لەبەرئەوە ئێستا هەر سەربازگەیەکی وەک مەدینەی لێهاتوە و مەدینە لە (قۆرخکردن)ی زانست بەسەرچووە.

لەیس لە میانەی وەڵامدانەوەی مالیکدا کە ئاگاداری دەکاتەوە لە فەتوادان بەپێچەوانەی خەڵکی مەدینەوە، گومان دەکات، بەڵکو تانە دەدات لەوەی کە خەڵکی مەدینە وەک ئەوەی مالیک دەڵێت دەبێت هەموو کەس پێوەی پابەند بن و وەک سوننەت حساب بکرێت، چونکە لەیس هەرچەند تارادەیەك وەک مالیك باوەڕ بە مەرجەعیەتی هاوەڵان دێنێت، بەڵام هەرگیز باوەڕ بە مەرجەعیەتی شوێنکەوتوان ناهێنێت، چونکە مەرج نییە شوێنکەوتوان میراتگری هاوەڵان بن، بەڵکو ئەوانیش وەک خەڵکی تر مرۆڤی ئاسایین، هەرچەند فەزڵیان هەبێت، بەڵام هەر وەك ئەهلی ئیجتیهاد دەمێننەوە، واتە دەشێت بیروڕامان جیاوازبێت لەگەڵیان، بەڵکو تەنانەت هاوەڵانیش لە هەموو هەڵوێستەکانیاندا سوننی نەبون، ئەوان خۆیان ئیجتیهادیان کردوە لە شتێکدا کە قورئان و سوننەت تێیدا بێدەنگ بوون، بێگومان ئیجتیهادەکەشیان گەیاندوونیەتە جیاوازی، هەرکاتێکیش جیاوازی دروستبوو پابەندکردن نامێنێت.

جا بەحوکمی نەبوونی ئەو زەمانەتەی هاوەڵێتی بۆ ئەسحابی دەستەبەرکردوە، لەبەرئەوە جیاوازیی شوێنکەوتوان گەورەتربووە لە ڕاجیایی ئەسحاب، بێگومان شوێنکەوتەی شوێنکەوتوان زیاتر بووە. لێرەدا (لیث) ئەوە وەبیر مالیک دێنێتەوە کە چۆن لە مەدینە و لەنێوان دوو لە گەورە شوێنکەوتوان ڕاجیایی دروست دەبێت، واتە لەنێوان (**ئیبن شیهاب**) و (**ربيعة الرأي**)دا، تەنانەت ئەوەی بیردێنێتەوە کە مالیک خۆی لەگەڵ سەرانی ئەهلی زانست چۆن تووشی ناکۆکی بووە و ناچاربووە مەجلیسەکەیان جێبێڵێت، لێرەدا نموونەیەك دێنینەوە لەو نموونانەی لەیس ڕەخنەی پێ لە مالیک دەگرێت، چونکە دەلالەت لەوە دەکات کە مالیک چەند وابەستە بووە بەو سوننەتەوە کە خەڵکی مەدینە کاریان لەسەر کردوە، تارادەیەك کە حکومی خەڵکی مەدینەی پێش حوکمی قورئان خستوە. لە مەسەلەی (داوەری بە شاهیدێک و سوێند خواردن) مالیک بەڵگە دێنێتەوە بە نووسینێکی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بۆ کاربەدەستەکەی لە کوفە (عبدالحميد بن الخطاب)، تێیدا فەرمانی پێدەکات «داوەری بکە بە سوێند دان و شاهیدێك» ئەگەر دووشاهید دەستنکەوت. «تا بگاتە ئەوەی سونەت وا ڕۆیشتوە کە

داوەری بە سوێنددان و شاهیدێک ڕۆیشتووە، بەتایبەت لە مەسەلەی ماڵ و داراییدا» (1430). هەرچەندە لە مەسەلەی داراییدا ئایەتی (282) لە سورەتی (البقرة) فەرمان دەکات بە (واستشهدا شهیدين من رجالكم فان لم يكونا رجلين فرجل وامراتان) [97]. سەرەرای ئەوەش وەك (ليث) دەڵێت «تەنیا مەدینە داوەری دەکەن بە یەک شاهید و سوێنددانی خاوەن ماف»، لەکاتێکدا ئەوە داوەری هاوەڵانی پێغەمبەر نەبووە لە شام و حومس و عیراق و میسر، بەڵکو (عمر کوڕی عبدالعزیز) خۆیشی لەو کردەوەیە پاشگەز بۆوە کاتێک لە مەدینەوە گواستیەوە بۆ شام، چونکە (ئیبن زەریق) بۆی نووسیبوو: «تۆ لە مەدینە بە یەك شاهید و سوێنددانی خاوەن ماف داوەریت دەکرد»، عومەریش بۆی نووسی: «ئێمە لە مەدینە بەو شێوەیە داوەریمان دەکرد، بەڵام بینیمان خەڵکی شام بە شێوەیەکی تر دەیکەن، لەبەرئەوە لێرە تەنیا بە شاهیدیی دوو پیاوی ڕاست و ڕەوان یان پیاوێک و دووژن داوەری دەکەین.

ئاشکرایە لە ناوەڕۆکی هەردوو نامەکەدا کە خولگەی گفتوگۆکە لەسەر کردەوەی خەڵکی مەدینە بووە، ئایا تا چەند بەڵگەیە؟ لێرەدا دیارە مالیک لە چەقگەراییەکی تاک ڕەهەندەوە دەردەچێ، لای ئەو تەنیا مەدینە مافی ئیجتیهادی هەیە، ئیدی دەبێت هەموو دونیای تر شوێن مەدینە بکەون، دەشێت بتوانین راڤەی ئەم هەڵوێستە **منگەراییە جیۆگرافیە** (الانوية الجغرافية)ی مالیک بەوە لێکبدەینەوە کە فرۆید ناوی دەنێت **نارسیزمی جیاوازیە بچووکەکان** (نرجسية الفروقات الصغيرة)، واتە لە چوارچێوەی رکابەری لەنێوان حیجاز و میسردا، بەڵام سەرەرای **منگەرایی جیۆگرافیی** مالیک، ئەو دەیویست هەرچی خەڵکانی وڵاتەکانی تریشە لە چەقگەرایی مەدینەدا زیندان بکات، بەڵام پەرەسەندنی دوایی عەقڵی فیقهی ئیسلامی لەسەر دەستی شافیعی، لەدواییدا ڕەهەندێکی کراوە زیاددەکات بۆ گوتەکەی مالیک، خۆ ئەگەر فیقهی مالیک سەربکەوتایە ئەوا دەبوو هەرچی فیقهی دونیای ئیسلامە لە سەنترالیزمی مەدینەدا قەتیس بمایە. بەڵام کاتێک فیقهی شافیعی سەردەکەوێت، نەك تەنیا وەک قوتابخانەیەکی سەربەخۆ، بەڵکو وەک ئەوەی هەموو مەزهەبەکانی تریش لەوەوە بناغە و بنەمای مەزهەبەکەیان وەردەگرن، پاشان لەوێوە وادەردەکەوێت کە چەمکی

کردەوەی خەڵکی مەدینە کەلێنێکی دروستکردوە لەبەردەم دیوارهەڵچنینەکەی شافیعی بەدەوری عەقڵی فیقهیدا، ئەو عەقڵەی شافیعی دەیەوێت بنیاتی بنێت، بەدەوری ناوکێکی پتەو هەرگیز دارای پەرتبوون نییە، چونکە هەردوو جەمسەرە ئەلیکتریکیەکەی پۆزەتیڤن، واتە: قورئان و سوننەت.

لەراستیدا ئەو پیرۆزییە رەهایەی قورئان هەیەتی بە حوکمی ئەوەی گوتەی خودایە، جێی ناکۆکی زانایان نییە، بەڵام سوننەت دەبێتە خاڵی ناکۆکی نێوان پێشەوایانی مەزهەبەکان [98]، لەکاتێکدا شافیعی هەوڵی بتاندنی (تصنيم) سوننەت دەدات وەک لەدواییدا دەبینین، کەچی مالیک تەنیا وەك سەرچاوەیەک لە سەرچاوەکانی شەرعاندن دایدەنێت لەگەڵ فەتوای هاوەڵان و کردەوەی خەڵکی مەدینەدا، بەڵکو ئەگەر قسەی هەندێک لە شاگردەکانی مالیک بە هەند وەربگرین دەبینین کە کردەوەی خەڵکی مەدینە پێش سوننەتیش دەخات. (**قاضي عياض**) لەسەر زاری (ئیبن قاسم) گوتەیەکی وا دێنێت، (ئیبن قاسم) یەکەم نووسەرەوەی «**المدونة‌ی مالیکە**»، ئەو دەڵێت «لای مالیک بینیومە کردەوەی خەڵکی مەدینە لە فەرمودە بەهێزترە»، هەروەها لەسەر زاری (عبدالرحمان بن مەهدی) کە ماوەیەک لە وانەکانی مالیکدا دادەنیشت دەڵێت (سوننەتی خەڵکی مەدینە لە فەرمودە باشترە) [99].

بێجگە لەوەش لە دەلالەتدا هەر زاراوەی سوننەت لای مالیک فرە رەهەندە نەک تاکرەهەند، چونکە ئەو مەبەستی لە سوننەت تەنیا سوننەتی پێغەمبەر نییە، بەڵکو سوننەتی هاوەڵان و خەڵکی مەدینە و گشتی موسڵمانانیشی مەبەستە [100]. ئەم فرەییەش یان ئەم پێکداچوونەی مانای سوننەت لەم قسانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت، وەک چەندین جار لە «الموطأ»دا هێناویەتی: سوننەتی جێگیر لای ئێمە ئەوەیە راجیایی لەسەر نەبێت (1497).

سوننەتی موسوڵمانان کە راجیایی تێدا نەبێت (613).

سوننەت لای ئێمە ئەوەیە کە ئەهلی زانست لەسەریەتی لە وڵاتەکەمان (603).

ئەو سوننەتەی لای ئیمە راجیایی لەسەر نییە و ئەوەی لە زانایانم بیستووە (611).

هەندێک جار مالیک وتەی سوننەت بەکار ناهێنێت، بەڵکو چەندین دەستەواژەی تر بەکاردێنێت، وەک (ئەو شتەی لای ئێمە هاوڕایی لەسەرە).

بەڵام مالیک هەمیشە مەبەستی لە سوننەت ئەوە نییە کە پێغەمبەر وتبێتی، لەوەدا نموونەمان زۆرە، لە «**الموطأ**»دا [101] لە بەشی (سزای بریندارکردن بە هەڵە)، مالیک دەڵێت: (کۆڕایی ئەم شتە لای ئێمە... ئەگەر کەسێک ئێسکی کەسێک بە هەڵە بشکێنێت، ئەگەر چاکبێتەوە و وەک خۆی لێبێتەوە، لێرەدا خوێنبایی نییە، بەڵام ئەگەر عەیببار بوو یان شەل بوو، ئەوە بەقەد ئەو عەیبباریە خوێنبایی دەدات، ئەگەر ئەو ئێسکە لەو شوێنانەدا بوو کە پێغەمبەر باسیکردوە ئەوە بەو بڕە خوێنابیی دەدات کە لە فەرمودەدا باسکراوە [102]، هەرچییەکیش گێرانەوەی لەسەر نەهاتبێت و سوننەتێک نەبێت لەسەری ئەوە ئیجتیهادی تێدا دەکرێت) (1606). دیارە لێرەدا سوننەتی ئاماژەپێکراو شتێکی ترە. بێجگە لەوەی پێغەمبەر لە نامەکەیدا بۆ (ئیبن حەزم) نوسیویەتی لە خوێنابیی بریندارکردن. مادەم باسی خوێنابیی بریندارکردن دەکەین، با ئاماژە بۆ ئەو دەقە بکەین کە دەیسەلمێنێت ئەوەی لای خەڵکی مەدینە سوننەتە لەوانەیە پێچەوانەبێت لەگەڵ ئەوەی باسی خوێنبایی دەکات لای پێغەمبەر، لە بەشی (خوێنبایی پەنجەکان) مالیک لە (ربیع)ـەوە دەگێڕێتەوە (پرسیم لە سەعید کوڕی مسییب: پەنجەی ژن خوێنبایی چەندە؟ وتی: دە حوشتر. وتم: ئەی دوو پەنجە؟ وتی: بیست حوشتر. وتم: ئەی چوار؟ وتی: بیست حوشتر. وتم: کاتێک برینەکەی زۆربوو کۆستەکەی گەورە بوو خوێنباییەکەی کەم بۆوە؟ سەعید وتی: تۆ عیراقییت؟ برام ئەوە سوننەتە) (1613). دیارە ئەو سوننەتە تەنیا بەهۆی نامەنتیقی بوونییەوە دەرنەکەوتوە، بەڵکو بەهۆی پێچەوانەبوونیشیەوە دەبێت لەگەڵ فەرمودەکەی ئیبن حەزم، کە دەڵێت (بۆ هەر پەنجەیەك دە حوشتر خوێنباییەتی، پەنجەکانی دەست یان قاچیش هەمووی پەنجا حووشتر) [103].

بە خوێندنەوەی مەسەلەکانی مالیک لە «**الموطأ**»دا تێبینی دەکرێت زیاترین سوننەت پاش سوننەتی پێغەمبەر، سوننەتی عومەری کوڕی خەتتابە، چ وەک پەرستنەکان چ وەک مامەڵەکان. سوننەتی عومەر لە کاتەکانی نوێژدا ئامادەیە لە ئەحکامی دەستنوێژدا ئامادەیە. لە شەونوێژی ڕەمەزاندا، لە سوجدەدا، لە تەرمدا، لە زەکاتدا، لە خێردا، لە سەرانەدا، لە

ڕۆژوودا، لە ئیحرامدا، لە تەوافدا[104]، لە سەرتاشینی حەجدا، لە شەیتان ڕەجمکردندا، لە سەرانەی ڕاوی حەجدا، لە میراتی باپیر و نەنکدا، لە میراتی ئەهلی ئایینەکاندا، لە مارەییدا، لە ماوەی چاوەڕوانی شووکردنەوەدا، لە زەواجی دایك و کچەکەیدا، لە فرۆشتنەکاندا، لە قۆرخکردندا، لە سوو و سەلەمدا، لە ئازادکردنی کۆیلەدا، لە بەردباراندا، لە دەستبڕیندا، لە جەڵدلێداندا، لە خوێنباییدا، لە کوشتنی کۆمەڵێک کەسدا بەیەک کەس.

باشترین بەڵگە بۆ پێگەی عومەری کوڕی خەتتاب لە بە سوننەتکردندا ئەوەیە تەنانەت کاتێک شتێکی تازە دادێنێت (بدعة)، کەچی ئەو بیدعەیەش دەبێتە سوننەت، (ابن عبد القاري) دەڵێت (لەگەڵ عومەری کوڕی خەتتاب دەرچووم بۆ مزگەوت لە ڕەمەزاندا، بینیمان خەڵک پەرت و بڵاون لە نوێژی تەراویحدا، عومەر وتی: بەخودا من وای بەباش دەزانم ئەمانە هەمووی لە پشت ئیمامێکەوە کۆبکەمەوە باشترە، ئیدی هەموویان لە پشت (ابي کوڕی کعب) نوێژیان کرد، وتی: پاشان شەوێکی تر لەگەڵیدا چوومەوە بۆ مزگەوت خەڵک هەموو لەپشت یەك ئیمامەوە نوێژیان دەکرد، عومەر وتی: باشترین بیدعەیە ئەمە، بەڵام ئەوەی دەخەون و پاشان هەڵدەستن باشترە، واتە شەونوێژ، لەو کاتەدا خەڵک لەسەرەتای شەودا تەراویحیان دەکرد) (252).

لەوەش زیاتر دەبینین ئەو سوننەتەی عومەر پیادەی دەکات هەر بە سوننەت دەمێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر لە ئەسڵدا سوننەتێکی جاهیلی بێت. لە بەشی (دەیەکی ئەهلی زیممە)دا مالیک دەڵێت (لە ئیبن شەهابی پرسی: بە چی بەڵگەیەك عومەر یەک لەسەر دەی لە خەڵکی (نبط) وەردەگرت؟ ئیبن شیهاب وتی: ئەوە هەر لە سەردەمی جاهیلیدا لێیان دەسەنرا، لەبەرئەوە عومەر هەروا هێشتییەوە) (623).

ئەگەر ئەو گێرانەوەیە ڕاست بێت ئەوە عومەر زانیویەتی هەر کارێک لەوەوە دەربچێت وەک سوننەت پیادە دەکرێت لە داوی خۆی. مالیک دەگێڕێتەوە عومەر ویستی عەمرە بکات (لە کاروانێکدا کە عەمری کوڕی عاسیشی تێدابوو، (لە ڕێگە دابەزین[105] بۆ پشووی شەو لە نزیک ئاوێکەوە، لەو کاتەدا عومەر لەشی گران بوو (احتلام)، لەکاتێکدا خەریکبوو ڕۆژ دەبۆوە[106]، بەڵام کەس ئاوی پێنەبوو لەبەرئەوە چوو لەو ئاوەدا خۆی

شۆرد بۆ دەرکردنی لەشگرانی، تا ڕۆژ بۆوە[107]، عەمری کوڕی عاس پێی وت: ڕۆژ بۆتەوە ئێمەش بەرگی ترمان پێیە لەبەرئەوە بەرگەکەت دابکەنە بیشۆن، عومەر وتی: تۆ چەند سەیریت عەمرو، ئایا هەموو کەس بەرگی تریان پێیە، بەخوا گەر من وابکەم دوایی دەبێتە سوننەت) (116).

لەبارەی بەسوننەتکردنی کردەوە و گوتەکانیەوە، تەنیا عەبدوڵڵای کوڕی عومەر لە باوکی نزیک بۆتەوە، عەبدوڵڵا وەک کردەوە و گوتاریش زۆر بەچڕی لای مالیک ئامادەبوونی هەیە زیاتر لە هەر ئەسحابێک، مالیک زیاتر لە 200 جار گوتار و کرداری عەبدوڵڵای وەک بەڵگە هێناوەتەوە، تەنانەت کاتێکیش وەک ناو بەراشکاوی دیارنییە، کەچی سێبەرەکەی هەر ئامادەیە، بەتایبەت لەو شوێنانەدا کە مالیک دەڵێت (ئەم شتە لای ئێمە بەم شێوەیەیە)، یان دەڵێت (سوننەت لای ئێمەوە وەهایە)، لەراستیدا ئیبن عومەر داڕێژەری یەکەمی کردەوەی خەڵکی مەدینەیە لای مالیک، هەرچەند گوتەکە لە داڕشتنی ئیبن عومەر نییە، بێگومان مالیکیش ئیبن عومەری نەدیوە، چونکە جیاوازی لە مێژووی کرۆنۆلۆژیدا لەنێوانیاندا سەد و شتێك ساڵە، بەڵام هەستدەکرێت هەر لاپەڕەیەک لە «**الموطأ**»دا پێشەنگیی ئیبن عومەر دەردەخات لە فیقهی مەدینەدا. ئەوە راستە «الموطأ» یەکەم کتێبە لەسەر فەرمودە و فیقهیش پێکەوە نووسرابێت، بەڵام پێشەنگیی ئەم هونەرە وەک لەو کتێبەدا دەردەکەوێت دەگەڕێتەوە بۆ ئیبن عومەر. بەڵام لەبەرئەوەی ئەو سەردەمە سەردەمی نووسین نەبووە، بۆیە ئیبن عومەر هیچی نەنووسیوە، لە مالیک دەگێڕنەوە گوتویەتی (پێشەوای خەڵک لە مەدینە ئیبن عومەر بووە، دوای زەیدی کوڕی سابت، ئەو شەست ساڵ لە مەدینەدا فەتوای داوە بۆ خەڵک).

لێرەدا ناتوانین هەموو ئەو هاوەڵ و شوێنکەوتوانە باس بکەین کە مالیک ڕەوایەتیی بەسوننەتکردنی پێداون. وەک: (ئەبوبەکر و عوسمان و ئیبن عەباس و عائیشە و ئەبوهورەیرە) لە هاوەڵان، پاشان (ئیبن شیهاب و عومەر کوڕی عەبدولعەزیز و سەعید کوڕی موسەیەب و ڕەبعە و نافیع و عەبدوڵڵا) لە شوێنکەوتووان، ئەوەندە بەسە بڵێین مالیک لەو کەسانە بووە کە هەرزوو سوننەتی پێشینانی داسەپاندووە و سەلەفیەتی پەیوەستکەری هێناوەتە کایە بۆ هەموو ئەوانەی پاش خۆی هاتوون. ئەو یاسایەکی

داڕشتووە: **هیچ کام لە پاشینەکان نابێت کارێك بکات بە غەیری ئەوەی سوننەتی پێشینان لەسەری ڕۆیشتوون، کەسیش ناتوانێت شتێك دابنێت کە پێشینان لەسەری نەڕۆیشتوون)**[108] (245).

لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین تێبینی بکەین مالیک لە دەقێکی ناوازەدا تەسلیم دەبێت بە ئەگەری (هەڵەی سوننەت). لە بەشی (ڕۆیشتن لەبەردەمی تەرمدا) چەند هەواڵێک دێنێت لە پێغەمبەر و ئەبوبەکر وعومەرەوە کە ئەوان (لەبەردەم تەرمەوە دەڕۆیشتن)، بەڵام وادیارە ڕۆیشتن لەپاش تەرمەوە لە مەدینەدا باوی بووە، لەوێدا مالیک لەسەر زاری ئیبن شیهابەوە دەڵێت (ڕۆیشتن لە پشت تەرمەوە لە **هەڵەی سوننەتە)**[109]. بەڵام تێبینیەکی لەو جۆرە مالیک ناجوڵێنێت بۆ ئەوەی پرسیارێکی گریمانەیی بکات سەبارەت بە ئەگەری هەڵە و ڕاستی سوننەتی پێشین: بەڵکو لای ئەو تەنها وەك تێبینییەکی سەرپێی دەڕوات کە پەیوەستە بە ڕووداوێکی لاوەکی، لەوێدا تێکەڵی دروستبوە لەنێوان سوننەتی موسوڵمانان و سوننەتی ئەهلی کیتاب.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سوننەت لای مالیک فرە ڕەهەندترە، داخراویی کەمترە بەبەراورد لەگەڵ چەمکی شافیعیدا بۆ سوننەت، چونکە مەرجەعیەتی سوننەت لای مالیک، هاوەڵان و شوێنکەوتوانیشی تێدەکەوێت، بەڵام لای شافیعی سوننەت تەنیا هی پێغەمبەرە. **گومانی تێدا نییە لەنێوان سوننەتێکی فرەخانە و سوننەتی تاکخانەدا جیاوازی هەیە لە پلەی پەیوەستکردندا، لەوێشەوە جیاوازی دەبێت لە پلەی نەرمی نواندن لە لێکدانەوە و ئیجتیهاددا. بێئەوەی وشەی ئازادی بەکار بێنین، چونکە لەم حاڵەتەدا بەکارهێنانی ئەو وشەیە زیادەڕۆیی تێدایە، کە دەمانگەیەنێت بە هەڵەیەکی ئەپستمۆلۆژی، دەتوانین بڵێین زنجیرەکانی وابەستەیی لە سوننەتێکی فرە خانەدا شلتردەبێت لەچاو وابەستەیی لە سوننەتی تاکخانەدا.** لەبەرئەوە سەرەرای ئەوەی دەووترێت مالیک توند بووە، بەڵام ژمارەی ئەو مەسەلانەی کە تێیدا دەگوترێت «مالیک وتی»، کەمتر نین لەو مەسەلانەی دەدرێنە پاڵ پێغەمبەر و هاوەڵان و شوێنکەوتوان، لەگەڵ مالیک دەرگاکان هەر کراوەبوون، بەڵام دوای ئەو ئیتر لۆژیکی «بێجگە دەق کەس بۆی نییە قسە بکات، ئەگەر دەق نەبوو بێدەنگی پێویستە» خۆی دەسەپێنێت.

## پەراوێزەکانی بەشی سێیەم

1- بریتین لە ڕشدیە لاتینیەکان، بۆ ئەوەی لەگەڵ کڵێسادا توشی گرفت نەبن دەیانووت دەکرێت لە یەک کاتدا دوو حەقیەتی دژ بەیەک هەبن، هەریەکەشیان هەندێک حەقیقەتی هەڵگرتبێت وەك حەقیقەتی باوەڕی ئایینی و حقیقەتی عەقڵی سروشتی.

2- الکرابیس: ئاودەست، تێبینی دەکرێت لەمەدینەدا ئاودەست نەبوە، بۆیە دانیشتن لەچۆڵەوانیدا مانای خۆی هەبووە.

3- مالیک بن انس، الموطأ، تحقیق: سعید محەمەد اللحام، دار احیاء العلوم، ط3، بیروت، 1994، الحدیث رقم455.

4- تێبینی ئەوە دەکەین کە (عەبدوڵڵای کوڕی عومەر) فەرمودەی پشتنەکردنە قیبلە لەسەرئاو ناگەڕێنێتەوە بۆ محەمەد، بەڵکو دەیگێڕێتەوە بۆ هەندێک کەس، ئەمەش وەهای کردووە حکومی فەرموودەکە نادیار (المجهول) بێت.

5- بێدەنگبوونی پێغەمبەر لێرەدا دژە لەگەڵ هەندێك ریوایەتیتردا، کە دەڵێت زۆر توندبوە لەگەڵ هەرکەسێکدا بە بەردەم نویژدا تێپەڕیبیت.

6- لە دەقەکەدا هاتووە: عائیشە وای وت و پێکەنی، چونکە ئەو مەبەستی لە خۆیبوە کاتێک گوتویەتی هەندێک لەخێزانەکانی.

7- العزبة: بێ ژنی.

8- العزل: هاتنەوەی ئاوو لەدەرەوەی منداڵدانی ژندا.

9- بە گوێرەی فەرمودەی ژمارە 1277 لە الموطأ.

10- پێدەچێت ئەم ناکۆکیە لەسەر ژمارەی ژەمەشیرەکان بگەڕێتەوە بۆ ئەو موسحەفەی لای ابن موسەیەب و ابن شیهاب هەبوە، کە ژمارەی ژەمەکانی تێدانییە.

11- ئەلبانی (1914- 1999) فەتوای داوە بەوەی پیاوی گەورە دەتوانێت لە شیری ژن بخوات تاکو لێی حەرام ببێت تەنانەت ئەگەر راستەوخۆ مەمکیشی بمژێت. هەربۆیە **د. عزت عطیة** سەرۆکی بەشی اصول الدین لە زانکۆی ئەزهەر فەتوای داوە بەوەی کارمەندی ژن دەتوانیت شیر بدات بە هاوڕێ پیاوەکەی لە

کارکردندا تاکو دووربن لە خەڵوەتی حەرام.

12- فەرمودەی شیردان بەگەورە هەندێک هەستیاری تەنانەت لای زانایانی کۆنیش دروستکردوە، بۆیە هەندێکیان دەڵێن ئەو فەرمودەیە تایبەت بوە بە بەکەسێکی تایبەتەوەو گشتگیر ناکرێت. بەڵکو دەڵێن ئەگەر واشبێت ئەوە دەبێت شیرەکە بدۆشنە ناو دەفرێکەوە ئینجا بدرێت بەکەسەکە، نەك پیاوەکە دەم بنێت بە مەمکی ژنەکەوە.

13- ئەوەیان قسەی عمر کوڕی خەتابە لەوەڵامی پیاوێکدا کە هت بۆلای وتی: کەنیزەکێکم هەیە من لەگەڵیدا جووت دەبووم، کەچی ژنەکەم چوو شیری داوەتێ، کاتێک ویستم بچم بەلایدا ژنەکەم پێی وتم نەچیت بەلایدا چونکە شیرم داوەت»واتە بوە بەکچت»عمر بەکابرای وت: لەژنەکەت بدەو بچۆ بەلای کەنزەکەکەشتدا. ، چونکە شیردان بۆ گەورە نابێت.

14- لە ریوایەتێکیتردا ابوهریرە دەڵێت: عائیشە لەمن زاناترە ومنیش لە پێغەمبەرم نەبیستوە بەڵکو لە فەزڵم بیستوە.

15- جێگەی نارەزایی مالیک لێرەدا ئەوەیە کە ناکاتە پەیمانی ئەمان.

16- هەرچەند کۆمینتی نەداوە لەسەر ژمارەی شیردانەکان.

17- ئەو جۆرە فرۆشتنەیە کە فرۆشیار رێگە بە کڕیار دەدات کالاکەی بۆ بگێڕێتەوە.

18- الشاطبي، الموافقات، دار احیاء الکتب العربیة، طبعة مصورة عن مطبعة البابي الحلبی، ج3، ص10.

19- القاضي عیاض، ترتیب المدارك وتقریب المسالك، تحقیق محەمەد الطنجي، الرباط، 1965، ص124.

20- هەمان سەرچاوە، ج1، ص136.

21- هەمان سەرچاوە، لا45.

22- هەما سەرچاوە، لا186.

23- مناقب الامام مالیک للزواوي، نقلا عن: محەمەد ابوزهرة الامام مالیک حیاته وعصره، اراءه الفقهین، دارالفژرد العربە، ط3، القاهرة، 1997، ص90.

24- الذهبي، سیر اعلام النبلاء، مؤسسة الرسالة، ط9، بیروت، 1993، ج5، ص329.

25- ترتیب المدارك، ج1، ص189.

26- هەمان سەرچاوە، ج2، ص141.

27- هەمان سەرچاوە، لا73.

28- ئەحمەد امين ضحى الاسلام، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة1998، ج2، ص167.

29- محەمەد ابوزهرە نارێکە لەگەڵ ئەحمەد اميندا لە بارەی ئەو تێزانەیەوە سەبارەت بەعيراق وحيجاز.

30- بڕوانە (العلمانية كاشكالية اسلامية –اسلامية، لە کتێبی هرطقات م2، دار الساقي، بيروت، 2008، بەتايبەتی لا223- 224.

31- الأم، ج7، ص2870.

32- ابن قتيبة، المعارف، تحقيق: ثروت عكاشة، دار المعارف، ط4، القاهرة، 1981، ص498- 499.

33- السيوطي، تزيين المدارك في مناقب الامام ماليک، الدرا البيضاء، ص12.

34- ئێمە لەم توێژینەوەیەدا تەنیا موطأ مان کردۆتە مەرجەع خۆ ئەگەر مدونەکەی مالیک حساب بکەین ئەو ژمارەی (وا دەزانم) (وادەبينم) زۆر زیاتر دەبێت. نزیکەی سێ هەزار جار دەبێت.

35- لە المدونة الكبرى دا گەیشتۆتە 1240 جار.

36- ترتيب المدارك، ج1، ص189.

37- بەگوێرەی گوتەیەک کە دەدرێتە پاڵ ئەبوبەکر الصديق.

38- ابن حزم الاندلسی، الإحكام في اصول الاحكام، دار الجيل، ط2، بيروت، ج6، ص224.

39- محەمەد ابوزهرة، ماليک، عياته وعصره، مصدرسابق، ص273.

40- لیرەدا ئێمە لەبەردەم دووپێوەری جیاوازداین، چونکە عوددەی ژنای ئازاد وەک ماوەی ماتەمی چوار مانگ و دەرۆژە، بۆیە مالیک فەتوا دەادت کە ماتەمینی کەنیزەك نیوەی ژنی ئازاد بێت، چونکە ماوەی دوای تەڵاقیشی هەر نیوەیە.

41- لیرەدا تێبینی دەکەین پێوەرکاری کە لای مالیک لە قۆناغی سەرەتاییدا بوو بەڵام لای قوتابیانی گەشەدەکات وتەنانەت قیاسی لق لەسەر لقیش دەکەن، بەو حسابەی ئەو لقە دەبێتە ئەسڵ بۆقیاسەکە.

42- الموافقات، ج4، ص116.

43- تائێستاش ئەم ئیجتیهادە ئامادەیی هەیە. چونکە تائیستاش لە کۆمەڵگەیەکی وەک سعودیەدا ئەوە

پرسیارە کە ئی دەبێت ژن بچێتە بەردەستی پزیشکی پیاو.

44- الموافقات، ج4، ص117.

45- محەمەد ابوزهرە یەکێکە لەو لێکۆڵەرەوانە.

46- بڕوانە، الاعتصام، ج2، ص111- 129. محد اوبزهرەش نۆ بدعەی باسی لە شاطبیەوە وەرگرتوە بەڵام یەک دانەی تەرک کردوە، لەبەر هۆیەک سادە: ئەویش مەسەلەی ئەشکەنجەدانە، کە شاطبی دەڵێت زانایان رایان لەسەر ئەوەیە لە کەسێک بدرێت لەسەر تاوانێک مالیک دەڵێت زیندانیکردن جائیزە، قوتابیەکانیشی دەڵێن لێدانیش جائیزە چونکە ئەگەر وانەبێت ناوتوانرێت پارە و ماڵی خەڵک لەدەستی دزو چەتە دەربهێنرێتەوە.

47- بە پێچەوانەی هەندێک بۆچوونەوە دەبێت بزانین زیندان دەزگایەکی شارستانییە بە بەراورد لەگەڵ سزا جەستەییە یەکسەرییەکان.

48- ترتیب المدارك، ج2، ص166.

49- هەمان سەرچاوە، ص59.

50- هەمان سەرچاوە، ج2، لا33.

51- وەک بەراورد با ئاماژە بەوە بکەین کە عەقڵی فەلسەفی تەنانەت لە شارستانێتێکی دەقگەراشدا ئازادیەکی زیاتر بەخۆی دەدات هەرچەند ئازادیەکی ڕێژەیش بێت.

52- المدبر: ئەو کۆیلەیەیە کە ئاغاکەی وەسێت دەکات ئازاد بکرێت بەمەرجێك دوای مەرگی خۆی بێت.

53- خاوەن کۆیلە مافی ئەوەی هەیە سێیەکی کۆیلەکانی ئازاد بکات، ئەگەر هیچ ماڵێکیتری نەبێت، ئەوەش لەبەر پاراستنی مافی منداڵەکانیەتی، ئەوەش بەپیی دەقێك کە حەسەنی بەسری دەیگێڕێتەوە کە پیاوێک لە سەردەمی پێغەمبەردا شەش کۆیلەی هەبوو هەموویانی ئازاد کرد بۆ داوی مردنی خۆی، بەڵام پێغەمبەر پشکی لەنێوانیاندا کردو سێیەکی ئازادکردن.

54- المکاتب- ئەو کۆیلەیەی کە خاوەنەکەی گرێبەستێکی لەگەڵ دەنووسێت کە ئازادی بکات هەرکاتێک توانی بڕێک پارەی بداتێ بە قیست.

55- ابن حزم، مراتب الديانة.

56- واتە ناتوانن ئەو گوناهانە بژمێرن کە خودا دەیسڕێتەوە لەسەرتان.

57- بێگومان ئەم فەرمودەیە بە فراوانی باکار دێنرێت لە مەسەلەی مارەکردنی زەنەب لەلایەن پێغەمبەرەوە، کە خێزای کوڕەکەی بوو بە (تبني).

58- بێگومان ئەم عەدیسەش بەرز دەکرێتەوە بۆ ئاستی بەڵگەیی قورئانی.

59- شایەنی باسە ئەم داڕشتنە (پێیگەیشتوە) خاونی (الموطأ) زۆر بەکاری دێنێت نەك تەنیا بۆ ریوایەت لە پێغەمبەرەوە بەڵکو لە ءسحاب وشوێتەکەوتوانیشەوە. بێ هێچ سەنەدێک، ئەم شێەوەی زیاتر لە دووسەد جار بەکار دێنێت.

60- السيوطي، اسعاف المبطأ برجال الموطأ، ملحق بكتاب الموطأ، ص794.

61- لەگەڵ ئەوەشدا شافیعی دەڵێت (مورسەلەکانی ئیبن موسەیەب راستن).

62- علي زين العابدين، ئیمامی چوارەمی شیعە.

63- محەمەد الباقر، ئیمامی پێنجەمی شیعە.

64- ئەو فەرمودەیەی میقبەری ریوایەتیکردوە، بەشێوەیەکی پچراو لە ابوهریرەوە شایەنی ئەوەیە لەسەری رابوەستین کە ئەنجامی مەترسیداری لێدەکەوەێتەوە بەنسیبەت ئازادی ژن وسەربەخۆییەوە، ئەویش ئەو فەرمودەیەیە کە لەسەر زاری پێغەمبەر دەیگێڕنەوە (حەڵاڵ نییە بۆ ژنێک باوەڕی هەبێت بەخودا و رۆژی دوایی: ماوەی شەوو رۆژێک سەفەر بکات بە بێ مەحرەم) (1833) بوخاری وموسلیمیش ئەم فەرمودەیەیان ریوایەتکردوە بە راستیان داناوە، بەڵام دوای ئەوەی گەیاندوویانە (وصل)پاش ئەوە ریوایەتی تری بەدودا هاتوە، بەشێوەیەک کە ابو هریرە بەتەنیا نامێنێتەوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە عائیشە نەك هەرشەەوورۆژێک بەڵکو بەدرێژایی مەدینە بۆ بەسرە بێ مەحرەم ڕۆیشتوە بۆ سەرکردایەتیکردنی جەنگی جەمەل.

65- لەوابەیە هیچ کەس هێندی ابوهریرە ریوایەتی بە ناوەوە نەکرابێت سەبارەت بە شەیتان، هەر لە بوخاری وموسلیمدا چەندین فەرمودە لەوبارەوە بەناوێ ابوهریرەوە هەیە، وەک کاتی باوێشکدانی مرۆڤ کە شەیتان پێی پێدەکەنێت، کاتێک گوێدرێژ دەزەڕێنێت، شەیتانێک لەکاتی نوێژدا خۆی پیشانی پێغەمبەر داوە، منداڵ کاتێک لەدایل دەبێت شەیتان دەستی لێدەدا بۆیە دەگری.

66- محەمەد ابو زهرة، ماليک، ص22.

67- تەنانەت ئەو چوارەیتریش کە ابن عبد البر نەیتوانیوە سەنەدی بۆ دابنێت پاش چەندین سەدە ابن صلاح دێت و سەندی تەواو بۆ ئەو چوار حەدیسەش دا دەنێت.

68- ابن عبد البر، التمهيد لما في الموطأ من المعاني والاسانيد، تحقيق مصطفى العلوي و محەمەد البكري، مؤسسن قرطبة، ج24، ص838.

69- خليل عبد الكريم، النص المؤسس ومجتمعه، دار مصر المحروسة، ط2، القاهرة2002.

70- نابێت ئەوەمان لەبیرمان بچێت دەقی دامەزرێنەر خۆیشی دەقێکی داەمەزرێنراوە، ئەم دەقە دامەزرێنەرەش تائێستادیل نەستی مەعریفیە، تائێستاش سنورێک دانەنراوە بۆ لێپرسینەوە و بنایتنانەوەی قۆناگەکانی پلەبەندی مەگەر هەندێک تۆژینەوەی رۆژهەلاتناسی نەبێت، لەپێش هەمووشیانەوە کتێبەکەی ۆ لدکە (تاريخ القران).

71- سورة الجمعة، الاية: 9.

72- ئاماژەیە بۆ ئایەتی 89 لە سورەتی المائدة.. بەڵام ل مصحفی عوسمانیدا (متتابعات) نەهاتوە.

73- ئەوەمان بیرنەچێت کە هەموو خوێندنەوەکانیتری قورئان قەدەغەکران وتەنی یەک خوێندنەوە رێگەی پێدرا، ئەوەش لەرێگەی هەڵبژاردنی سروشتیەوە نەبوو، بەڵکو هەڵبژاردنێکی دەستکرد بوووەتە بەزۆر فەرز کراوە. نموونەی عەمروی کوڕی عەلائیشمان دەبێت لەبەر چاوبێت کاتێک قورئانی بە خوێندنەوەیەکی جیا لە خوێندنەوەی فەرمی ئەنجامدا، لەو کاتەدا سەرپشکیان کرد لەنیوان تەوبەکردن یان لەگەردنی بدرێت، ئەویش لەتسی مردن تەوبەیکرد.

74- ئەم ریوایەتە لە هەردوو صحیحدا هاتوە هەروەها لە تیرمزی ونەسائی و ابو داود وموسنەدی ئەحمەدیشدا هاتوە.

75- لە ریوایەتی ابن ماجەدا (ئەو ئایەتە لە سەر کاغەزێک بوو لەژێر جێگەکەمدا، کاتێک پێغەمبەر وەفاتیکرد ئێمە مەشغوڵ بووین بزنێک هاتبوو خواردبووی).

76- تەنیا موسنەدی ئەحمەد نەبێت لە گەڵ ابن ماجە کە بەسەندێکی جیاوا لێی وەرگرتوە.

77- ئەوانەی رەخنەدەگرن دەڵێن حەدی زینا لە قورئاندا 100 قامچیە، ئیتر چۆن دەبێت دوو حەد بۆ یەك

ساز دابنرێت.

78- ئەم ئایەتە کە سراوەتەوە تائێستاش لە هەندێک وڵاتی عەرەبی وئیسلامیدا کاری پێدەکرێت.

79- دەتوانین بڵێین عەقڵی فیقهی بەگشتی عەقڵێکی توندگیر و وشکە. مەگەر ئەبو حەنیفە نەبێت، ئەویش لەسەرەتادا.

80- توندگیری فیقهی مالیک وهەموو فیقهی ئیسلامی لەوێوی سەرچاوە دەگرێت کە چەمکی خۆشەویستیی تێدا هەڵگیراوە، هەرچەند لە ناو کولتووری عەرەب ئیسلامیدا مەسەلەی عیشق وخۆ شەویستی پانتاییەکی زۆری داگیر کردوە، بە بەراورد لەگەڵ کولتوورەکانیتردا‌جبەتایبەتی لەی شاعیران و سۆفیەکان.

81- ترتیب المدارك، ج2، ص58- 59.

82- لێرەشدا دیسان ئەو سروشتە وشکە بێ عاتیفەیە دەبینین، لەم هەموو دادو فیغانەی دایکو باوکێکی جەرگ سووتاو ئەو ئامودەبوو گوێنادەنێ، تانیا گویدەدەن بەوەی سەریکوڕەکە پەڕێنراو بەوەش مالیک سوێندەکەی نەکەوت وگەرایەوە بۆ فەتاو دان.

83- ئەم ئایەتە بەئایەتی 45 لە سورەتی المائدة پشتراستکراوەتەوە.

84- لێرەدا دەستەواژەی (سوننە) بکارناهێنین لەبەر هۆیەك کە روونی دەکەینەوە.

85- ترتیب المدارك، ج2، ص73.

86- هەمان سەرچاوە، ج1، ص45.

87- ترتیب المدارك، ج1، ص45.

88- مسلم تەنیا 13 فەرمودەی ریوایەتکردوە لە ابو محەمەد الناقد بەڵام بوخاري 186 فەرمودەی لە عبدان ریوایەتکردوە، هەرچەندە ئەو دووناوە پێش سەردەمی ئەوان کەس نەیناسیون. واتە دوو سەدەی پێشوو.

89- شایەنی باسە عیاضی قازی یەکێکە لەوانەی زۆر زوو هەستی بە گەورەبوونی کتێبخانەی فەرمودە درۆ کردن بەدەم پێغەمبەرەوە کردوە، وەک مسلم ریوایەتیکردوە لێوەی (درۆزنەکان دوو جۆرن: یەکێکیان ئەوانەن هەردرۆ دەکەن بەدەم پێغەمبەروە جا یان بۆ تێکدان بێت یان وەک هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی ئایین بێت، یان ندەمارگیری وبێت، جۆرێکیتریش ئەوانەیە کە دەقی فەرمودەکەیان دانەناوە بەڵکو

سەنەدەکان دەگۆڕێت بەجۆرێک لاواز دەکات بە ڕاست، هەیانە هیچی نەبیستوە ئیدعای بیستن دەکات)..

الشیخ محەمەد الخضري، تاريخ التشريع الاسلامي، دار الكتب العلمية، بیروت، بلاتاریخ، ص91- 92.

90- عەبدان کە بوخاری فەرمودەی زۆری لێ ڕیوایەتکردوە، لە کۆیلەکانی مەروە بوو، هەر ئەویش دوایی داوەری جەوزەقان وەردگرێت وسامانێکی زۆر کۆ دەکاتەوە، تەنانەت دەڵێن لە یەک جاردا هەزار هەزار درهەمی کردوە نەخێر.

91- ئەو کەسەی نەهی لێکراوە خۆی بۆنخۆش بکا لێرەدا موعاویەیە هەرچەند خوشکەکەی کە خێزانی پێغەمبەر بوو بۆنی لێدابوو.

92- لێرەدا جەختکردنەوە لەسەر شوێنیش نەک تەنیا لەسەر زەمەن پێویستە. چونکە دەبێت بزانین زەمەنی ئەبستمۆلۆژی لە هەموو شارەکانی وەک مەدینەو بەسرا وتەنانەت بەغدایش هەر یەک شت بووە لەو کاتەدا.

93- الليث بن سعد (93- 175ک): فیهقهناس وحەدیسناس لە کۆیلەکانی بەسرە بوە ڕەگ وڕیشەی فارسە، هەندێک زانستی لە مەدینە وەرگرتوە بەتایبەتی لە مالیک، لەمیسردا نازناوی زانای میسری پێدرابوو.

94- وا نەزانین ئەو کتێبانە وەک کتێبی ئەم سەردەمە بوون، نەخێر بەڵکو کۆمەڵێک نووسراوبوون کۆکرابوونەوە.

95- تەنیا مەبەست کۆچی پێغەمبەر نییە، بەڵکو کۆچی موهاجیرانیشە.

96- ترتيب المدارك، ج1، ص41- 43.

97- مالیکیەکان دەڵێن ئەو ئاسانکاریە بۆ ئەوەی قورسی لەسەر ئوممەت هەڵبگیرێت و بەرژەوەندی دەیخوازێت ئەگەر نەتوانرا دووپیاو بگیرێت بەشاهید.

98- بەڵام لەنێو قوتابیەکانیاندا وانەبوە، چونکە فەرمودەگەراکان خۆیان پارێزراوی قورئان دەدەن بە سوننەش بەڵکو سوننە دەکەن حاکم بەسەر قورئانەوە، بەڵکو فەرمودە دێننەوە لەسەر ئەوەی کە فەرمودەیش وەک قورئان لەلایەن خوداوەیە.

99- ترتيب المدارك، ج1، ص45.

100- ئێمە لێرەدا باس لە سوننەت ناکەین وەک تێرمی فەرهەنگی بەڵکو وەک ئەو چەمکەی مالیک مەبەستێتی باسیدەکەین.

101- تا سەردەمی مالیکیش جیاوازی دەکرا لە نێوان (سوننە) و (حدیث) داتاکو شافیعی هاتو کردنییە یەک چەمك.

102- بەگوێرەی ریوایەتێکی عمر بن حزم (پێغەمبەر نامەیەکی بۆ نووسی لەوێدا قەرەبووی برینداركردنەکانی دیاریکردوە: بۆ دەست پەنجا حوشتر، بۆ هەر پەنجەیەکیش دە حوشتر).

103- ناعەقڵانیەت لە فەتواکانی مالیک وئەو سوننەتانەی باسیاندەکات کەم نییە، عیاض دەڵێت جارێک قوتابیەکانی بانگهێشت کرد بۆ خوارد لە ماڵی خۆیان کاتێک چووین نانیان هێنا بەڵام ئاویان نەهێنا بۆ ئەوەی لە پێشدا دەستمان بشۆین، دوایی کە پێم وت لەو بارەوە، وتی: دەستشۆردن پێش نانخورداب ونەریتی عەجەمە، بەڵام دوای نانخاوردن سوننەتە، فەرمودەیەکیش لەوبارەوە لە موسلیمدا هەیە کە گوایە پێغەمبەر چۆتە سەراو، کە هاتەوە نان دانرابوو، وتمان ئایا دەستنوێژ ناگریت، وتی: بۆچی؟ بۆ نوێژ؟ واتە دوای چوونە سەراو دەستی نەشۆردەوە.

104- راسترین قسە لە عمرەوە هاتبێت سەبارەت بە ماچکردنی بەردە ڕەشەکە ئەوەیە کە دەڵێت (تۆ تەنیا بەردێکیت ئەگەر نەم بینیبای پێغەمبەر ماچت دەکات منیش ماچم نەدەکردیت) (824)

105- لە کۆتایی شەودا لایدا لە شوێنێک بۆ ئەوەی پشوو بدەن.

106- خەریکبوو کاتی نوێژی بەیانی دەهات.

107- رۆژ بۆوە.

108- ئەو سروشتە سەلەفیە لەنیوان مالیک و لیثدا کۆلکەی هاو بەشە، هەرچەن راجیاییان لە نێواندا بوە، لەراستیدا ئەو ڕەمەکە سەلەفیە لە ئایینە ئاسمانیەکاندا بەرامبەرە لەگەڵ پەرستنی روحی باوو باپیران لە ئایینە کۆنەکاندا.

109- تۆخکردنەوەکە لەلایەن ئێمەوەیە لێرەدا.

# بەشی چوارەم

## شافیعی: سەپاندنی سوننەت

### سوننەت وەك بەڵگەیەكی خودایی

یەکەم شتێک کە راماندەگرێت لە (رسالة)ی شافیعیدا، کە بنەماکانی فیقهـ (اصول الفقه)ی تێدا دارِشتووە، وەك (رازی) دەڵێت چۆن لۆژیکی ئەرستۆ بۆتە بنەمای فەلسەفە، بەهەمان شێوە (رسالة)ی شافیعی بۆتە بناغەی (اصول فقه)، یەکەم شتێك سەرنجمان رادەکێشێت لە (رسالة)دا ئەوەیە کە زمانی عەرەبی دەکاتە پێوەرێك بۆ تێگەیشتن لە قورئان، بەو سیفەتەی زمان بنەمای بنەماکانی فیقهە.

هەروەها شتێکی تر کە سەرنجمان رادەکێشێت لای شافیعی ئەوەیە کە سوننەت دەکاتە ئەسڵی دووەم لەبنەماکانی فیقهـ لەدوای قورئان، ئەمەش خۆی دژیەکێکی سەیرە لای شافیعی، با ئەمە روونبکەینەوە.

شافیعی لە سەرەتای «**الرسالة**»دا دەڵێت: (تێگەیشتن لە قورئان ئەوەیە کە بزانیت هەموو قورئان بە زمانی عەرەبی دابەزیوە، قورئانیش خۆی بەڵگە دێنێتەوە لەسەر ئەوەی کە لە پەیامی خوادا هیچ شتێکی تێدا نییە بە غەیری زمانی عەرەب هاتبێت، لەبەرئەوەش

بەوە دەستمپێکردوە کە قورئان بەزمانی عەرەب دابەزیوە بێ لە هەر زمانێکی تر، چونکە هەر کەسێك لە زمانی عەرەبی شارەزا نەبێت و فرەرووی و کۆی ماناکانی و فرەمانایی زمانەکە نەزانێت، ناتوانێت رستەکانی قورئان لێکبداتەوە، هەر کەسێکیش ئەوە بزانێت دەزانێت هیچ شتێکی تر لە غەیری ئەو زمانە لە قورئاندا بوونی نیە)[1].

بێگومان خاوەنی «**الرسالة**» پێوەری بەڵگەنامەی عەرەبیبوونی قورئان لە قورئان خۆیدا دەردێنێت، ئەو پێنج ئایەت دەکاتە بەڵگە تاکو عەرەبێتیی قورئان بسەلمێنێت و روونیبکاتەوە کە قورئان دابەزیوە (بە زمانێکی عەرەبیی پاراو -بلسان عربي مبين)[2]، پاشان دوو ئایەتی تر دێنێت[3] تا بیسەلمێنێت تەنانەت هیچ وشەیەکی غەیرە عەرەبی (تەنانەت بەعەرەبیکراویش) لە قورئاندا نییە، پاشان دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە (خودا خۆی بەڵگەی هێناوەتەوە بەوەی پەیامەکەی بە عەرەبی دابەزاندووە، ئینجا ئەو قسەیەی تۆختر کردۆتەوە بەوەی کە هەر زمانێکی غەیری زمانی عەرەبی لێ تەریک کردوە) (لا47)[4].

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم پێوانکارییە بە زمانی عەرەبی، کە لای خاوەنی «**رسالة**» وەك مەرجی خاوەن مەرج دانراوە (شرط الشارط)، یاخود وەک (ئیمانوێل کانت) دەڵێت (فەرماندەری رەها) دانراوە، هەر ئەو زمانە لەسەر دەستی شافیعی خۆیدا تووشی هەڵتەکاندنێکی توند دەبێت لە پێشەکیی «**رسالة**»دا بۆ لێکدانەوەی وشەیەکی قورئانی چەقگەرا کە **31 جار** لە قورئاندا هاتووە، ئەویش وشەی (الحكمة)یە[5]. شافیعی چی دەکات تاکو وشەی (الحكمة) لێکبداتەوە و بیسەپێنێت بەسەر قورئاندا، یاخود بە مانایەکی تر: چی دەکات تاکو ئەو لێکدانەوەیە تێپەڕێنێت کە مەبەستیەتی؟

شافیعی لەبری ئەوەی بچێت بگەڕێ بەشوێن ئەو **31 جارە** لە قورئاندا و خوێندنەوەیان بۆ بکات، هەر بە مەبەست 24 شوێنی ئەو وشەیە بزردەکات و تەنیا لە 7 شوێندا بە شوێن مانای وشەی (الحكمة)دا دەگەڕێت، تاکو بەو شێوەیە ئەو مانایە بدات بەو چەمکە کە خۆی مەبەستیەتی. ئەویش بۆ مەبەستێک کە ئیستا باسی دەکەم، لە روونکردنەوەی چوارەم لە بەشەکانی -بناغەدانان بۆ بنەماکانی الرسالة- دەڵێت (هەرشتێک پێغەمبەر کردبێتی لەوەی لە قورئاندا نییە، لەوەش کە لەم کتێبەماندا نووسیومانە، لە باسی ئەو

نیعمەتانەی خودا داویەتی بەسەر بەندەکانیدا لە فێربوونی کیتاب و حیکمەت، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی حیکمەت لە قورئاندا واتە سوننەتی پێغەمبەر) (لا32).

بەم شێوەیە لەناکاو وشەیەکی قورئانی (الحکمة) ڕۆشن دەکرێتەوە بە دەلالەتێک کە لە دوور و نزیك ئەو مانایە ناگەیەنێت، ئیدی (حیکمەت) مانای (سوننەت) دەگەیەنێت بەتایبەتیش (سوننەتی پێغەمبەر).

بێگومان شافیعی دەیزانی کە ئەو بەم لێکچواندنە خوێنەر تووشی شۆک دەکات، چونکە ئەو دوو وشەیە چ وەك مانا و چ وەك چەمک تەواو لە یەك دوورن، «واتە حیکمەت و سوننەت»، هەروەها دەیزانی کە دەبێت بەڵگە بێنێتەوە بۆ ئەم قسەیە، بێگومان بەڵگەکەشی هیچ هێزێکی قەناعەتپێکردنی نابێت ئەگەر لە قورئانەوە وەرنەگیرابێت، ئەم ئەرکی قەناعەتپێکردنەش وادەکات شافیعی یەك ڕوونکردنەوەی تایبەتی لەسەر بنووسێت کە ناوی دەنێت (ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە خودا لە پەیامەکەیدا فەرزیکردوە شوێن سوننەتی پێغەمبەرەکەی بکەوین).

شافیعی دەڵێت خودا فەرزیکردوە لە قورئاندا کە شوێن قورئانەکەی خۆی و سوننەکەتەکانی پێغەمبەرەکەی بکەوین.

- دەفەرموێت: (ربنا وابعث فیهم رسولا منهم یتلو علیهم آیاتك ویعلمهم الکتاب والحکمة ویزکیهم) (البقرة: 129)، واتە: خودایە هەر لەخۆیان پێغەمبەرێکیان بۆ بنێرە کە ئایەتەکانی تۆیان بەسەردا بخوێنێتەوە و کیتاب و حیکمەتیان فێربکات و پاکیان بکاتەوە.

- هەروەها دەفەرموێت: (کما ارسلنا فیکم رسولا منکم یتلو علیکم ایاتنا و یزکیکم ویعلمکم الکتاب والحکمة ویعلمکم مالم تکونوا تعلمون)، واتە: هەر وەك چۆن پێغەمبەرێکمان لە خۆتان بۆ ناردوون، ئایەتەکانی ئێمەتان بەسەردا دەخوێنێتەوە، ڕۆحتان پاك دەکاتەوە و کیتاب و حیکمەتتان فێردەکات و شتانێکتان فێردەکات کە نەتانزانیوە).

- هەروەها دەفەرموێت: (لقد من الله عەلی المؤمنین اذ بعث فیهم رسولا من أنفسهم یتلو علیهم ایاته و یزکیهم ویعلمهم الکتاب والحکمة وان کانوا من قبل لفي ضلال مبین) (ال عمران: 164).

- هەروەها (هو الذي بعث في الأميين رسولا منهم يتلو عليهم اياته ويزكيهم ويعلمهم الكتاب والحكمة) (الجمعة: 2).

- (واذكروا نعمة الله عليكم وما أنزل عليكم من الكتاب والحكمة يعظكم به) (البقرة:231).

- (وأنزل عليک الكتاب والحكمة وعلمك مالم تكن تعلم) (النساء: 113).

(واذكرن مايتلى في بيوتكن من ايات الله والحكمة) (الاحزاب: 34).

خودا باس لە کیتاب دەکات کە بریتییە لە قورئان، هەروەها حیکمەتیش باسدەکات، من لە زانایانی باوەڕپێکراوم بیستوە دەڵێن: حیکمەت بریتیە لە سوننەتی پێغەمبەر [6]، وەک دەردەکەوێت قسەی ئەو زانایانە راستە، چونکە قورئان باس دەکرێت و بەدواییدا حیکمەت دێت، خوداش منەت بەسەر بەندەکانیدا دەکات بەوەی کیتاب و حیکمەتیان فێردەکات، لەبەرئەوە ناشێت لەم شوێنەدا حیکمەت شتێکی تر بێت بێجگە لە سوننەتی پێغەمبەر (لا 76- 78).

دەستەواژەی دوایی لە دەقەکەی شافیعیدا هەموو بەڵگەکانی شافیعی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە. هەر لەسەرەتاوە شافیعی سوورە لەسەرئەوەی حیکمەت بە سوننەت لێکبداتەوە، وەهای دەبینێت کە بەڵگەی تەواوی ئەو لێکچوونە ئەوەیە کە قورئان هەر کاتێک باسی قورئانی کردبێت حیکمەتیشی بەدوادا هێناوە، بەتایبەتی لەو حەوت ئایەتەدا، لەبەرئەوە ناشێت حیکمەت شتێکی تر بێت بێجگە لە سوننەتی پێغەمبەر.

بەڵام کیتاب لە دەقی قورئانیدا مەرج نییە هەر مانای (قورئان) بگەیەنێت، بەتایبەت لەو ئایەتانەدا کە لەگەڵ حیکمەتدا هاتووە، چونکە لەگەڵ ئەو حەوت ئایەتەدا کە شافیعی هێناویەتی حەوت ئایەتی ترمان هەیە کە کیتاب بە حیکمەتەوە نووساوە، بەڵام شافیعی نەیهێناوە و لەبەر هەر هۆیەك بێت فەرامۆشی کردوون، ئەو ئایەتانەش ئەمانەن:

- (ويعلمه الكتاب والحكمة والتوراة والانجيل) (ال عمران: 48)، واتە (فێری کیتاب و حیکمەت و تەورات و ئینجیل دەکات). لێرەدا مەبەست لە پێغەمبەر عیسایە نەك محەمەد [7].

- (واذ علمتك الكتاب والحكمة والتوراة والانجيل) (المائدة: 110). دیسان مەبەست لە عیسایە[8].

- (واذ اخذالله ميثاق بنی اسرائيل لما آتيتكم من كتاب وحكمة ثم جاءكم رسول مصدق لما معكم لتؤمنن به) (ال عمران: 81). دیسان مەبەست جولەکەیە[9].

- (ماكان لبشر أن يؤتيه الله الكتاب والحكم والنبوة ثم يقول للناس كونوا عبادا لي من دون الله) (ال عمران: 79). دیسان مەبەست عیسایە.

- فقد آتينا ال ابراهيم الكتاب والحكمة واتيناهم ملكا عظيما (النساء: 54). مەبەست بنەماڵەی ئیبراهیمە.

- (ولقد اتينا بنی اسرائيل الكتاب والحكم والنبوة) (الجاثية: 16). لێرەدا جولەکە مەبەستە.

- (اولئک الذين اتيناهم الكتاب والحكم والنبوة) (الانعام: 89). لێرەدا مەبەست لە هەموو پێغەمبەرانە.

لەم ئایەتانەوە دەردەکەوێت کە کیتاب تەنیا مانای قورئان ناگرێتەوە وەك شافیعی دەیەوێت تێمان بگەیەنێت، چونکە (کتاب) دەربڕینێکی گشتییە مانای قورئان و پەیامەکانی تریش دەگرێتەوە کە نێردراون بۆ پێغەمبەرانی تر و بە زمانی تریش[10].

لەم حەوت ئایەتەوە کە باسمانکرد دەردەکەوێت کە (الکتاب والحکمة) دەربڕینێکی دووانەیین و تەنیا ئاماژە بە پەیامی موحەممەدی ناکەن، بەڵکو ئاماژە بە پەیامی پێغەمبەران بەگشتی دەکەن لە ناو زنجیرەیەکی درێژی پێغەمبەراندا، کە لە ئیبراهیمەوە دەست پێدەکات و بە عیسا و موسادا تێدەپەڕێت و دەگاتە محەمەد.

هەر لەو جێڕهوتە درێژەی پێغەمبەرایەتیدا، داڕشتنی (کتاب و حکمەت) بە هیچ شێوەیەك لێکناترازێن. هەروەها ناکرێت جیابکرێنەوە لە یەکتر، بەجۆرێك یەکیان مانای قورئان بگەیەنێت و ئەوی تریان مانای سوننەت بگەیەنێت. وەک ئەوەی شافیعی بەزۆر دەیەوێت بیسەپێنێت، چونکە پێکەوە لکانی کیتاب و حیکمەت هەردەم جێگیرە وەك ئەوەی دەقی قورئانی جارێکی تر دایدەڕێژێتەوە، لەبەرئەوە نابێت ئەو حیکمەتەی دابەزیوەتە سەر دوا زنجیرەی سولالەی ئیبراهیمی، جیاوازی هەبێت لە مانادا لەگەڵ ئەوەی بۆ سەر ئەوانی تر دابەزیوە. ئەگەر جیاوازی هەبوایە وەك ئەوەی شافیعی دەڵێت، کەواتە بۆچی قورئان هەر بە زاراوەی (سوننە) ناوی نەدەنا؟ خۆ بەگوێرەی قورئان خۆی ئەوە خودا خۆیەتی هەموو

ناوەکان فێری ئادەم دەکات (وعلم ادم الاسماء کلها) (البقرة: 31). ئیدی بۆچی قورئان جارێك حیکمەت بە مانای سوننەت بەکاردێنێت و جارێکیش بە مانای (حیکمەت) خۆی [11].

لەراستیدا ئەوە خاوەنی قورئان نییە بەڵکو خاوەنی کتێبی «**الرسالة**»یە کە رێساکانی ناولێنان تێکدەشکێنێت و لەگەڵیشیدا رێساکانی زمانی عەرەبی تێکدەشکێنێت، لەکاتێکدا هەر خۆی –واتە شافیعی- زمان وەك پێوەرێکی رەها بۆ راڤەکەردنی دەق دادەڕێژێت، بەڵام لە هەموو فەرهەنگی عەرەبیدا بگەڕێیت ناتوانیت بەڵگەی ئەوە بێنیتەوە کە «حکمة» مانای سوننەت بگەیەنێت، نە سوننەتیش مانای حیکمەت دەگەیەنێت. خۆ ئەگەر بوار هەبوایە مانای حیکمەتمان فراوان بکردایە ئەوا دەبوو مانای پەیامی خودا بگەیەنێت نەك سوننەتی پێغەمبەرەکەی، چونکە خودا هەر بەگوێرەی دەقی قورئانی خۆی (**الحکیم)ـە، بەڵکو حەکیمی حەکیمانە، تەنانەت سیفەتی حیکمەتی خودایی زاتی خۆی دەپەڕێنێت و پەیامەکەی ناودەنێت «الذکر الحکیم»**. بەگوێرەی زمانی عەرەبی (حیکمەت «الحکمة» بریتییە لە ناسینی باشترینی شتەکان بە باشترینی زانست، لەبەرئەوە حیکمەت لە زانستەوەیە، حکوم «الحکم»: بە مانای زانست و تێگەیشتن و دادوەریکردنی داپەروەرانە دێت، حکیم «الحکیم»: بە مانای زانا و خاوەنی حیکمەت، حکم -وەک کردار- واتە بووە حەکیم و دانا).

لەبەرامبەردا هەر بەپێی فەرهەنگی «**لسان العرب**» [12]، ئەسڵی وشەی «سوننەت» لە رێبازەوەیە، بەڵام بەردەوام مانای رێبازی راست ناگەیەنێت (هەرچەندە پاشان مانای رێبازی راستی گەیاندووە وەک زاراوە بۆ جیاکردنەوەی «ئەهلی سوننەت» لە بەشەکانی تری ئیسلام). (إبن منظور) سوننەت بەمانای (سیرة) لێکدەداتەوە، بەڵام پاشان دەڵێت، ئەو سیرەیە لەوانەیە باشبێت یان خراپ. لە فەرمودەشدا هاتووە (من سن سنة حسنة فله اجرها واجر من عمل بها الی یوم القیامة، و من سن سنة سیئة فعەلیه وزرها و وزر من عمل بها الی یوم القیامة).

لە دەقی قورئانیشدا هیچ باسێکی سوننەتی پێغەمبەر نەکراوە، بەڵکو سوننەت هەمیشە دراوەتە پاڵ خودا، یان پێشینان، (سنة الله) کە نەگۆڕە، لەگەڵ (سنة الاولین) بەمانای سوننەتی خودا لەو نەتەوانەی بەر تووڕەیی خودا کەوتوون بە هۆی کوفریانەوە،

تەنانەت کاتێک سوننەت لەگەڵ (الاولین) دێت لەم کاتەدا زیادکردن (اضافة) نییە بۆ بکەر (فاعل)، بەڵکو خستنەپاڵی (بەرکار- مفعول)ـە، بەرکارن نەك بکەر، لەبەرئەوە (سنة الاولین) کە لە دەقی قورئانیدا هاتووە لە چوار ئایەتدا، ئەوە ئەو سونەتەیە کە خودا پیادەیکردوە بەسەر نەتەوەکانی پێشوودا بەو غەزەبەی لە چارەی نووسیون، چونکە باوەڕیان نەهێناوە بە پێغەمبەران لە سولالەتی ئیبراهیم، یاخود وەك گوزارە قورئانییەکە دەڵێت (سنة الله التي قد خلت في عباده) (غافر: 85). چونکە بەپێی قورئان هەموو مرۆڤێك –لەوانەش پێغەمبەران- هەمیشە سوننەتیان بۆ دانراوە، نەك سوننەت دانەر بن، سوننەتدانەر تەنیا خودایە، غەیری خودا ناتوانێت سوننەت دانەر بێت. لێرەوەیە دەبینین بە هیچ شێوەیەك لە قورئاندا وشەی (سوننەتی پێغەمبەر نەهاتوە)، هەرچەندە پاشان شافیعی ئەم (غیاب)ی سوننەتە بە لێکدانەوەی دەشارێتەوە، ئیتر لە هەموو کتێبەکانی ئوسوڵ و فروع و تەفسیردا و سوننەتی پێغەمبەر دەبێتە ئامادەبوویەکی زاڵ[13].

لەراستیشدا سەپاندنی سوننەت وەك سەرچاوەیەکی هاوبەش لەگەڵ قورئان، لەوێشەوە هەمان (شیاوێتی شەرعدانان) دەدرێت بە سوننەتی پێغەمبەر. ئەم ئەرکەش لە «**الرسالة**»ی شافیعیدا بڕبڕەی پشتی کارەکەیەتی، واتە بە سەرچاوەکردنی سوننەت وەك قورئان. ئیتر ئەوەی دەمێنێتەوە لە «**رسالة**»ی شافیعی تەنیا درێژەدانە، واتە لکاندنی گۆشتەکەیە بە بڕبڕەکەوە. ئەوە قسەی شافیعی خۆیەتی لە (بەیانی چوارەمدا) کاتێک دەیەوێت سوننەت ئاوێتە بکات لەگەڵ قورئاندا بە شێوەیەک قورئان و سوننەت دەبنە یەك شت: (هەر کەسێك فەرزەکان لە خودا قبوڵ بکات، دەبێت سوننەتەکانیش لە پێغەمبەر قبوڵ بکات، هەرکەسێکیش سوننەتەکانی پێغەمبەر وەربگرێت ئەوە لە خوداوە وەریگرتوە، ئیدی وەرگرتن لە پێغەمبەرەوە هەر وەرگرتنە لە خوداوە، هەرچەندە لقەکان جیابوونەتەوە) (لا32).

پاشان بۆ زیاتر ئاوێتەکردنی هەردووکیان دەڵێت (سوننەتی پێغەمبەر روونکردنەوەی ئەو پەیامەیە کە خودا ناردویەتی، سوننەت دەقێکی خوداییە بەڵام وەک قورئان تیلاوەت ناکرێت[14]، حوکمی خودا جیاوازی نییە لەگەڵ حوکمی پێغەمبەردا، بەڵکو پێکەوە ئاوێتەن) (لا 104- 105).

ئەم جیاكارییە لە نێوان (كتێبێكی خوێنراو- كتاب متلو)، لەگەڵ كتێبێكی نەخوێنراو (كتاب غير متلو) -كە وەك پێشینەیەكی ئەپسمۆلۆژی بێ وێنە دەردەكەوێت- ئیدی هیچ پانتاییەک لەنێوان قورئان و سوننەتدا ناهێڵێت، بەڵكو سوننەتیش دەبێتە سروش (وحي)، بەڵام سروشێكی خوێنراوە نییە وەك قورئان، لەوانەیە شافیعی لە كتێبەكەیدا پڕكێشیی ئەوەی نەكردبێت كە وشەی «وحي» بۆ سوننەت بەكار بێنێت، بەڵكو لەجیاتی ئەوە وشەی (خستنەدڵ- القاءالروع) بەكاردێنێت، (هەرشتێك پێغەمبەر دایڕشتبێت لەو شوێنەدا كە حوكمی خودای تێدانییە، ئەوە هەر بە فەرمانی خودا دایڕشتوە، بەڵكو پێغەمبەر هەر لەگەڵ قورئاندا شەرعی داڕشتوە، لەو شتانەدا كە لە قورئاندا دەقی لەسەر نییە، هەرچی شەرعێكیش دایڕشتبێت ئەوە خودا خستوێتیە دڵیەوە، سوننەتی پێغەمبەر ئەو «حیكمەت»ـەیە كە لە قورئاندا باسكراوە) (لا88- 103). بەڵام لە كتێبی «**الأم**»دا بەراشكاوی سوننەت بە **سروش** (**وحي**) ناودەبات، لە بەشی (پووچەڵكردنەوەی باشاندن- ابطال الاستحسان) دەڵێت: (پێغەمبەر هیچ شتێكی بێ سروش (وحي) فەرزنەكردوە، بەڵام جۆرێک لە سروش هەیە كە دەخوێنرێتەوە (تلاوة)، جۆری تری سروش هەیە كە وەك سروش هاتوە بۆ پێغەمبەر و دەبێتە سوننەت و دەبێت شوێنی بكەوین، تەنانەت دەڵێت: ئەو سروشەی وەك قورئان ناخوێنرێت بە **تلاوة، هەر سروشە و جوبرەئیل خستویەتییە دڵی پێغەمبەرەوە**)[15].

بێگومان شافیعی كە لە زەمانێكی هەندێک درەنگتر لە سەردەمی یەكەم هاتوە، یەكەم كەس نییە كە سوننەت وەك سروش سەیربكات. بەڵكو ئەهلی فەرمودە پێش ئەو ئەم كارەیان ئەنجامداوە، بەڵكو هەندێك ئەهلی فیقهیش بەهەمان شێوە، وەك (ئەوزاعی) كە لە (حەسان كوڕی عەتیە)وە دەگێڕێتەوە، گوتویەتی (سروش دادەبەزی بۆ پێغەمبەر ئینجا جوبرەئیل سوننەتیشی بۆ دەهێنا تاكو قورئانی پێ راڤەبكات)، شافیعی لە بەشی مارەكردندا (كتاب النكاح) لە «**الأم»دا** قسەی سێ كەسی لە پێشینەكان -كە ناوی نەهێناون- هێناوە كە هەرسێكیان سوننەتی پێغەمبەریان بە سروش زانیوە یاخود جۆرێك بووە لە سروش.

لەسەر زاری یەكەمیان دەڵێت (فەرمانی خودا دوو جۆرە: یەكەمیان ئەو سروشەیە كە ناردوویەتی و خەڵک دەیخوێنێتەوە، دووەمیان پەیامێكە دەینێرێت بۆ پێغەمبەر كە ئەمە

بکە و ئەوە مەکە). لێرەدا شافیعی خۆی تێهەڵدەقورتێنێت و دەڵێت (لەوانەیە بەڵگەی خاوەنی ئەو قسەیە ئەو ئایەتە بێت: «وأنزل الله عليک الکتاب والحکمة وعلمك مالم تكن تعلم)، ئەو بۆ ئەوە دەچێت کیتاب ئەوەیە کە دەخوێنرێتەوە، حیکمەتیش سوننەتی پێغەمبەرە). پاشان لەسەر زاری کەسی دووەم کە ناوی ناهێنێت دەڵێت: (سوننەتی پێغەمبەر دووڕووی هەیە، یەکیان ئەوەیە کە لە پەیامی خودادا دیارە، دووەمیان ئەوەیە کە خودا ئیلهامی بەخشیوە بە پێغەمبەرەکەی وەک حیکمەت، ئیلهامی پێغەمبەرانیش سروشە، پاشان سێیەمیشی بۆ زیاد دەکات (سوننەتی پێغەمبەر سروش و ڕوونکردنەوەیە لەلایەن خوداوە، شتێکە خودا ئیلهامی کردوە بە پێغەمبەر وەك سروش). شافعی لە هەموو ئەمانە دەگاتە ئەوەی کە (سوننەت یەکێکە لەم مانایانەی باسمکردن و قسەی زانایانم لەسەر هێنایەوە) [16].

لە ڕاستیدا سەرەرای ئەوەی زانایانی پێش شافیعی هەندێکیان سوننەتیان بە سروش زانیوە، بەڵام قسەکانی ئەوان هەر بە پەرت و بڵاوی دەمایەوە گەر شافیعی نەهاتبا و بونیادێکی تۆکمەی تیۆریی بۆ دانەڕشتبایە، لێرەوە دەتوانین بڵێین شافیعی بەهۆی ئەوەی سوننەتی دارِشت وەک سروشی دووەم و هاوشانی قورئان، لەراستیدا ئەو سەردەمێکی دروستکرد نەك کوڕی سەردەمێک بێت، ئەمە بەمانای ئەوە نایەت کە شافیعی یەکەم کەسە قسەی وایکردبێت، بەڵکو بەو مانایە دێت کە شافیعی یەکەم کەسە پشکی ئەپستمۆلۆژی قورئان و سوننەت لە یەك ئاستدا دادەنێت لەڕووی مەرجەعیەتەوە، تەنانەت یەکێك لە توێژەرە نوێیەکان لەو بارەوە دەڵێت: (شافیعی قورئان و سوننەت لەیەك پلەدا دادەنێت لە بنیاتنانی شەریعەتدا، بەڵکو بە تاکە سەرچاوەی شەرعیەتیشیان دادەنێت، چونکە سەرچاوەکانی تری شەرعدانان هەر لەو دووانەوە هەڵێنجراون، هەرچەندە لە دەقی ئەوانیشەوە دەرنەکێشرابن، لەراستیدا سەرچاوەکانی ئارگومێنتسازی چەند فرە جۆر بێت، هەر دەگەڕێنەوە بۆ یەك بنەما کە دوو لقی هەیە ئەوانیش: قورئان و سوننەتن) [17].

بەڵام گەر شافیعی لەسەر ئەو خەباتەی ناونرا بە (سەرخەری سوننەت)، ئەوە مانای وانییە کە پرۆژەکەی (بە قورئانکردنی سوننەت) ڕووبەڕووی بەرەنگاری نەبووبێتەوە، نەخێر، بەڵام ئەو بەرەنگاربوونەوەیە لە سەردەمەکانی داهاتوودا بەتەواوی لەناوبرا،

پاش ئەوەی موعتەزیلە تیاچوون و ئەهلی فەرموودە سەرکەوتن لە مەیدانی فیقهدا، ئەم بەرەنگاربوونەوەیە لە نووسینەکانی شافیعی خۆیدا دەردەکەوێت. بەتایبەت لە کتێبی «**الرسالة والأم**»**دا** [18]، ئەو بەرەنگاربوونەوەیەش لەلایەن ئەوانەوە بوو کە پێیان دەگوترا قورئانییەکان، هەرچەندە پاش ئەوەی هیچ شوێنەوارێکیان نەماوە ئەستەمە ئێستا بتوانین ناسنامەیان بدۆزینەوە. مەبەستیشمان لە قورئانییەکان ئەوانەیە کە تەنیا قورئان، بەبێ سوننەت، وەك مەرجەع سەیر دەکەن، هەر بۆیە شافیعی لە بەشی (جماع العلم)ی کتێبی «**الأم**»دا ئاماژەیەکی روونیان پێدەدات کاتێک بەرپەرچیان دەداتەوە و بەڵگەبوونی سوننەت دەسەلمێنێت لەژێر ناوی (ئەو کەسانەی هەموو فەرموودە رەتدەکەنەوە) دەڵێت:

(یەکێک لەوانەی لە مەزهەبەکەی خۆیدا بە زانا ناسراوە [19]: تۆ عەرەبیت، و قورئان بە عەرەبی دابەزیوە، تۆش باشت لەبەرکردوە، هەر لە قورئاندا ئەو فەرزانە هەیە کە هەر کەسێک گومانی لێبکات کافر دەبێت، ئەوکات داوای تۆبەی لێدەکەیت ئەگەر تۆبەی نەکرد دەیکوژیت، خوداش دەفەرموێت (تبيانا لكل شئ)، ئیدی چۆن دەشێ، فەرموودەیەک لە چەند کەسێکەوە بگێڕیتەوە تا دەگاتە پێغەمبەر و وەک قورئان مامەڵەی لەگەڵ بکەیت، من ئێوە دەبینم کەس لەدەستتان دەرناچێت یان دەیکەن بە درۆزن یان بە راستگۆ، یان کەسێك هەڵە دەکات یان لەبیردەکات لە فەرموودەکانیدا، بەڵکو بینیومە دەڵێن: فڵان هەڵەی کرد لە فڵان فەرموودەدا، هەروەها بینیومە دەڵێن: ئەگەر کەسێك بە فەرموودەیەک بڵێت: پێغەمبەر شتی وای نەگوتووە، جا یا ئێوە هەڵەتانکردوە یان ئەوەی بۆی گێراونەتەوە، یان ئێوە درۆتانکردوە یان ئەو کەسەی بۆی گێراونەتەوە. کەچی داوای تۆبەی لێناکەن بەڵکو تەنیا دەڵێن، شتێکی خراپت کردوە، ئایا دەشێت حوکمەکانی قورئان و فەرموودەی کەسێک یەکسان بکەن، قسەی ئەو جۆرە کەسانە یەکسان بکەن بە قورئان، ئێوە بە قسەی ئەوان شتەکان حەڵاڵ و حەرام دەکەن) [20].

هەرچەندە شافیعی بۆتە سەرقافڵەی ئەوانەی قورئان و فەرموودە یەکسان دەکەن لەو رووەوە کە سەرچاوەی شەرعدانانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بەتوندی دژی هەر حەدیسێك رادەوەستێتەوە کە پێچەوانەی بۆچوونەکانی خۆی بێت، هەر ئەوەش هەڵوێستی بووە سەبارەت بە بەراوردکردنی فەرموودە بە قورئان تا بزانین راستە یان

نا؟ کەسێکی گریمانەیی سەبارەت بە تێزێکی شافیعی خۆی کە دەڵێت «سوننەت هەر شوێنکەوتەی قورئانە، هەردەبێت واشبێت، لێی دەپرسێت (منیش وەک تۆ دەڵێم، ئایا تۆ گومانت هەیە لەو فەرمودەیە کە دەڵێت «هەرچییەک لە منەوە پێتان گەیشت بەراوردی بکەن لەگەڵ قورئان، ئەگەر لەگەڵیدا سازا ئەوە وەریبگرن، ئەگەر پێچەوانەی قورئانیش بوو ئەوە من نەمگوتوە»، وەڵامی شافعی ئەوەبوو «هیچ کەسێك ئەو فەرمودەیەی نەگێراوەتەوە، ئەو گێرانەوەیەش پچراوە کەسێکی نەناسراوی تێدایە، گێرانەوەی وەها بە هیچ شێوەیەك وەرناگیرێت (لا224- 225).

دەتوانین بڵێین شافیعی لەبەرئەوە ئەم فەرمودەیەی رەتنەکردۆتەوە کە پچران لە سەنەدیدا هەیە (منقطع)، چونکە خۆی زۆر پشتی بەستوە بە مورسەل و پچراویش، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە گومان لەسەر تێزەکەی دروستدەکات **سەبارەت بە هاوتاکردنی سوننەت بە قورئان،** ئێمە بێگومانین لەوەی کە بەراوردکردنی فەرمودە بە قورئان دانراوی قورئانییەکانە، کە ویستوویانە بەرەنگاری ئەهلی فەرمودە ببنەوە بەهەمان چەکی خۆیان، لە هەمان کاتدا گومانیشمان لەوە نییە ئەو فەرمودەیەی دژی ئەوەش وتراوە دانراوی (ئەهلی فەرمودەیە) بۆ بەرپەرچدانەوەی نەیارەکانیان، شافعی لەو بارەوە گوتراوێك دێنێت «سوفیان بۆی گێراینەوە لە (سالم ابو النصر) ئەویش لە (عبیداللە بن ابي رافع) لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە (کەس نەبینم لەسەر جێگەکەی شانی دادابێت فەرمانی منی پێبگات لەشتێکدا کە ئەمرۆ نەهیم کردوە بڵێت: نازانم هەرشتێک لە قورئاندا ببینین شوێنی دەکەوین)». (لا 225- 226) [21].

لەراستیدا شافیعی کاتێک رووبەرووی فەرمودەیەک دەکرێتەوە کە لەسەر مەرجەکانی خۆشیەتی، بەڵام لەگەڵ خوداییبوونی سوننەت دژ بەو دەبێت لەو حاڵەتەدا پەنادەباتە بەر ئەو میکانیزمەی ناویدەنێین **عەقڵی گونجێنەر (العقل التخریجي)**، ئەو جۆرەش لە عەقڵ، (**ئەپستمۆلۆژیای حەدیس**) کۆنترۆڵدەکات وەک پاشان لای ئێین قوتەیبە دەیبینین. هەر لەو سیاقەدا کە دەبینین شافیعی جەخت لەسەر خوداییبوونی (فورمودە) دەکاتەوە، لەسەر زاری پێغەمبەر خۆیەوە ئەم فەرمودەیە دێنێت کە دەفەرموێت (من تەنیا مرۆڤم، ئێوەش دێن بۆ لای من سکاڵای خۆتان دەکەن، لەوانەیە هەندێکتان قسەزانتر بێت لەویتر

و بەڵگەی باشتر بزانێت، منیش بەپێی ئەوەی دەیبیستم بڕیاردەدەم، هەرکەسێك شتێکم لە مافی براکەی بۆ دابڕی، با وەرینەگرێت، چونکە ئەوە پارچەیەکە لە ئاگر بۆم دابڕیوە)[22]. لەکاتێکدا شافیعی خۆی نەبان و بێئاگا دەکات لە مرۆڤێتی ئاشکرای پێغەمبەر لەم فەرمودەیەدا، لێرەدا دەرهێنانێکی تری بۆ دەکات، دەڵێت (پێغەمبەر پێمان دەڵێت ئەو لەسەر رواڵەتی قسەی دوو ناکۆکەکە حوکم دەدات) (لا156). بێگومان (**حوکم بە رواڵەت و لەسەر رواڵەت -الحكم بالظاهر وعلى الظاهر)** کلیلێکی گرنگی شافیعییە لە خوێندنەوەی بەینەکانیدا، ئێمە نابێت لەسەر ئەو خوێندنەوە رواڵەتگەرایە راوەستین کە شافیعی جەختی زۆر لەسەر دەکاتەوە، هەر کەسێکیش لە شافیعی بکۆڵێتەوە دەبێت ئەو دیاردەیە لای ئەو بەقووڵی بخوێنێتەوە[23]. بەڵام بڕیاردان لەسەر رواڵەت، کە تاکە بڕیارێکە مرۆڤ بتوانێت بیدات، دەرگای هەڵە لە کاری مرۆڤدا دەخاتە سەر پشت، ئیدی چۆن دەبێت ئەم هەڵەیە بدرێتە پاڵ ئیلهامی خودایی؟ ئایا ئەسڵەن مرۆڤ پێویستی بە ئیلهامی خودایی هەیە لە شتە نەبینراوەکاندا نەبێت؟ تاکو حوکمە رواڵەتییەکانی راست دەربچن؟ لەراستیدا فەرمودەی (انما أنا بشر- من تەنیا مرۆڤم) چەندین گێرانەوە و سەنەدی هەیە هەمووشیان راستن، بەپێی مەرجەکانی شافیعی و بوخاری و موسلیم، ئەمانە هەمووی بەڵگەن لەسەر ئەوەی سەرچاوەی فەرمودە لە مرۆڤەوەیە نەك وەك قورئان سەرچاوەیەکی خوادیی هەبێت، واتە سوننەت لە پێغەمبەرەوە بە سیفەتی مرۆڤبوون دەرچووە نەك وەک سروشێک کە خودا بۆی ناردبێت.

تەنانەت پێغەمبەر خۆشی چەندین جار خەڵکی ئاگادار کردۆتەوە لەوەی تێکەڵاوی لەنێوان قسەی خودا و قسەی ئەودا بکەن، چونکە فەرمانی خودا دوورە لە هەڵەوە لەکاتێکدا فەرمانی پێغەمبەر هەڵەی تێدەکەوێت، چونکە بە دەقی قورئان محەمەد (پێغەمبەرێکی مرۆڤە)، بە دەقی فەرمودەش دەستەواژەی (انما أنا بشر) زیاتر لە 65 جار دووبارە دەبێتەوە لە کتێبەکانی فەرمودەدا بەتایبەت لە (9 سەرچاوە راستەکەدا). ئەمە تەنیا لەو فەرمودەیەدا نییە کە باسی دادوەری دەکات و شافیعی گێراویەتییەوە و بوخاری و موسلیم پشتراستیان کردۆتەوە، هەموو خاوەن کتێبەکانی فەرمودە هێناویانە. بەڵکو لە چەندین فەرمودەی تردا کە پێغەمبەر دانی بەوەدا ناوە کە ئەو مرۆڤە و هەڵە و راست

دەکات، تورە دەبێت و بیرچوونەوەشی هەیە، لەوانەیە لە بڕیاردان و هەڵسەنگاندنی شتەکانیشدا هەڵە بکات، لەوانەیە بە نارەوا داوەرییەک بکات، هەرچەندە هەوڵ بدات دادپەروەریش بێت، چونکە ئەویش وەک هەر مرۆڤێکی تر بە رواڵەت نەبێت ناتوانێت بڕیار بدات، با لێگەڕێین فەرمودەکان خۆیان بدوێن، هەموو ئەو فەرمودانەش وەک باسمانکرد راست و دروستن بەپێی مەرجەکانی شافیعی و بوخاری و موسلیمیش، ئەمە بێجگە لەهەموو ئەو زانایانی تری فەرمودە کە مەسنەد و سونەنیان نووسیوە:

(أم سلمة دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر هەرایەکی لەبەردەرگا بیست ئەویش چوە دەرەوە وتی: منیش هەر مرۆڤم، زۆر جار کێشە دێنە بەردەمم لەوانەیە هەندێکتان لەوی ترتان زمانزانتر بن منیش وادەزانم ئەو راستدەکات، لەبەرئەوە بڕیار بۆ ئەو دەدەم، جا هەر کەسێك مافی موسوڵمانێکم بۆ دابڕێت، ئەو بابزانێت پارچەیەك لە ئاگرم بۆ دابڕیوە، ئیتر با وەریبگرێت یان رەتیبکاتەوەز «بوخاری»). لە گێرانەوەیەکی دیکەدا (من بەو شێوەیە بڕیاردەدەم کە دەیبیستم. «نسائي»). لە گێرانەوەیەکی دیکەدا (من بەو شێویەوە دادوەریتان بۆ دەکەم کە دەیبیستم لە خۆتان. «ابن ماجه»). لە چوارەمدا (من بە رای خۆم بڕیار دەدەم لە شتێکدا سروشم بۆ نەهاتبێت. «ابو داود»). لە فەرمودەی کەمکردن و زیادکردنی نوێژدا کاتێك پێنج رکات نوێژی کرد لە نیوەڕۆدا پرسییان (ئەی پێغەمبەری خودا ئایا هیچ گۆرانکارییەک بووە لە نوێژدا؟)، وەڵامەکەی ئەوەبوو (ئەگەر گۆرانکارییەک لە نوێژدا ببوایە پێم دەگوتن، بەڵام من مرۆڤم وەک ئێوە شتم بیردەچێتەوە، ئەگەر بیرم چۆوە ئێوە بیرم بخەنەوە) (بوخاری و موسلیم، ئیبن ماجە و ئەحمەد).

لە فەرمودەی پیتاندن (تلقیح)ی دارخورما، دوو گێرانەوە هاتووە، بەم شێوەیە:

- (لە رافع کوڕی خودەیج: کاتێک پێغەمبەر هاتە مەدینە خەڵکەکە دارخورمایان دەپیتاند، ئەو پێی گوتن: ئەوە چیە دەیکەن؟ وتیان: ئێمە لە جاهیلیەتدا دەمانکرد، ئەو وتی: لەوانەیە گەر وانەکەن باشتر بێت. ئەوانیش وازیان لە پیتاندن هێنا، بەڵام ئەو ساڵە بەری خورما کەمیکرد، ئیدی ئەوان پێیان وت کە بە قسەی ئەویانکردوە بۆیە کەمیکردوە. پێغەمبەر وتی: منیش تەنیا مرۆڤم ئەگەر لەبارەی دینەوە شتێکم پێگوتن وەریبگرن، بەڵام گەر شتێک رای خۆم بوو ئەوە من مرۆڤم) (موسلیم).

- (له عوبەیدوڵڵا له باوکیەوه دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەردا به دارستاندا تێپەڕین، بینی کۆمەڵێک داره خورماکان دەپیتێنن، وتی: ئەوانه چی دەکەن؟ وتیان: له نێرەکان هەڵدەگرن و دیخەنه ناو مێیەکانەوە. ئەو وتی: باوەڕناکەم ئەوه هیچ سوودێکی هەبێت. که ئەوان ئەو قسەیەی پێغەمبەریان پێگەیشت، وازیان له پیتاندن هێنا، کەچی بەرهەمەکەیان ئەو ساڵه کەمیکرد. کاتێک ئەوه به پێغەمبەر گەیشتەوه وتی: ئەو قسەیەی من تەنیا گومان بوو، ئەگەر دەزانن سوودی هەیه بیکەن، منیش مرۆڤم وەك ئێوه، گومانیش راست و ناراستی هەیه، بەڵام گەر وتم: خودا فەرمویێتی ئیدی ئەو من درۆ بەدەم خوداوه ناکەم. «ابن ماجه») [24].

دواجاریش فەرمودەی هەڵەکردن له حوکمداندا، پاشانیش سزادان له کاتی توڕەییدا، لەم بارەیەوه زیاتر له 30 فەرموده هاتوه که موسلیم و ئەحمەد زۆرینەیان پشتراستکردوونەتەوە.

- (له ئەبو هورەیرەوه دەڵێت: بیستم له پێغەمبەری خودا فەرمووی: خودای من محەمەد مرۆڤه تووڕه دەبێت وەک مرۆڤی تر، منیش بەڵێنێکت لێوەردەگرم که دەبێت گیرای بکەیت لای خۆت، هەر ئیمانداریک جنێوم پێدا یان ئازارمدا، یان جەڵدم لێدا، بۆی بکه به زەخیرەیەك بۆ قیامەت له خۆتی نزیک بخەرەوه) (موسلیم).

- (له عائیشەوه دەڵێت: ژمارەی عەرەبەکان زۆربوون لەسەر پێغەمبەر هەتاکو له هۆش خۆیان برد. وتی: خودایه! بەر نەفرەتیان بخه. عائیشه وتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەو خەڵکه تیاچوون -واته به نەفرەتەکەی پێغەمبەر- بەڵام پێغەمبەر وتی: نا وانییه عائیشه من مەرجێکم لەگەڵ خودا کردوه له خوام داوا کردوه که: منیش مرۆڤم لەبەرئەوه هەر موسوڵمانێك لەلایەن منەوه شتێکی بەرکەوت بۆی بکه به زەخیرەی قیامەت) (ئەحمەد).

- (له ئەنەس کوڕی مالیک، ئوم سەلیم کچێکی هەتیوی لابوو پێغەمبەر کچەکەی بینی وتی: هێی تۆ! گەورەبوویت خوا تەمەنت گەوره نەکات! کچەکه به گریانەوه گەرایەوه بۆ لای ئوم سەلیم، ئەو وتی: بۆچی دەگریت؟ وتی: پێغەمبەر دوعای لێکردم قەت تەمەنم گەوره نەبێت کەواته قەت گەوره نابم، ئوم سەلیم بەپەله دەرچووه دەر بۆلای پێغەمبەر، پێغەمبەر وتی: چیه ئوم سەلیم؟ وتی: ئایا تۆ دوعات لەو کچه

هەتیوەی لای من کردووە؟ ئەویش وتی: چیم گوتوە ئوم سەلیم؟ تۆ نازانیت من مەرجم لەگەڵ خودای خۆم کردوە، وتومە: منیش مرۆڤم دڵخۆش دەبم وەک مرۆڤ، تورە دەبم وەك مرۆڤ، جا هەر دوعایەکم لە کەسێك کرد کە ئەو کەسە شایستەی نەبوو ئەوە خودا بۆی دەکات بە پاداشت و تاوانەکانی دەسڕێتەوە و لە قیامەتدا پێی نزیك دەبێتەوە (موسلیم). گەورەیی ئەم فەرمودانە لەوێدایە کە جەخت لەوە دەکاتەوە پێغەمبەر هەر لە **مەرجی مرۆییدایە،** ئەو مەرجەش مانای وایە کە هەر لە **بازنەی هەڵە و راستی مرۆییدایە.** بێگومان ئێمە تەواو ناتوانین دڵنیابین لەو 65 فەرمودەیەی باس لە مرۆییبوونی پێغەمبەر دەکات، بەڵام بەهەمان شێوە دڵنیاییشمان لەو هەزاران فەرمودەیەی تر هەر وایە، لەراستیدا زانینی یەقینی راست و ناراساتی ئەو فەرمودانە، ئیتر کەس ناتوانێت لێی دڵنیا بێت مەگەر خودا خۆی نەبێت. لەبەرئەوە کاتێک ئێمە باس لە دروستیی ئەو 65 فەرمودەیە دەکەین مەبەستمان دروستییەتی بەپێی ئەو پێوەرەی هەزاران فەرمودەی تری پێ دەپێورێت، لەوێشەوە دەزانین پێغەمبەریش هەر یاسای مرۆڤبوونی بەسەردا دەچەسپێت، تەنیا لەو قورئانەدا نەبێت کە بۆی نێردراوە، مەرجی دروستی فەرمودە وەک ئەوەی لای شافیعی و بوخاری و موسلیم هەیە، بەهەمان شێوە لەم فەرمودانەشدا هەیە، ئەو مەرجانەش هەموو پەیوەستن بە گێرانەوە و سەنەدەکان و ناسینی پیاوانی فەرمودە و زانستی (جرح وتعدیل) و زۆر بەدەگمەن باسی ناوەڕۆك دەکرێت [25]. ئەگەر **عەقڵی گونجێنەر (العقل التخریجي)** خۆی تێهەڵنەقورتێنێت و سنوورەکانی رەوایی نارەوایی تێکەڵنەکات دەست نەکات بە لێکدانەوە، هیچ گومانێک لەوەدا نامێنێت کە ئەو 65 فەرمودەیەی باسمانکرد کە هەندێکیان شافیعی خۆی باسیان دەکات ئەو فەرمودانە نیشانیەکی گەورەی پرسیار دروستدەکات سەبارەت بەوەی شافیعی سوننەت دەکاتە بەشێک لە سروشی خودایی (وحي)، چونکە تووڕەبوون و رازیبوون، بیرچوونەوە و بیرکەوتنەوە، بڕیاردانە لەسەر رواڵەتی شتە بیستراوەکان وەک لە فەرمودەی داوەریدا هێنامان سزادان بە هەڵە، بە جنێو بێت یان جەڵد، نەفرەتکردن و جنێودان بێت وەک لە فەرمودەکەی عائیشە دەرکەوت رادەربڕین لەسەر شتێك کە زانیاری لەبارەوە نییە وەک لە پیتاندنی خورماکەدا باسکرا، ئەمانە هیچیان لە سروشی

خودایی نین، بەڵکو لە پشکی مەرجی مرۆییدان، مرۆڤ بە هەموو کەموکورتییەکییەوە، ئەو 65 فەرمودەیەش هەمووی جەخت لە راستیی ئەو ئایەتە دەکەنەوە (انما انا بشر)، (یأكل الطعام ویمشي في الاسواق) (الفرقان: 7). ئەو بە زمانی حاڵ دەڵێت (انما انا بشر مثلكم یوحى الي)(فصل: 6). ئەو ئایەتە و ئایەتی 110 لە سورەتی (الكهف)دا مرۆڤبوونی پێغەمبەر تۆخدەکەنەوە، بەڵام لەگەڵ جیاوازییەک کە ئەویش ئەوەیە سروشی بۆ دێت. بەڵام ئەو جیاوازییەش تەنیا لەو ساتەدایە کە سروشی پێدەگات، پاش ئەوە ئیتر هەر مرۆڤێکی ئاساییە و لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا هیچ جیاوازییەکی نییە. بەڵام شافیعی دەیەوێت ئەو هاوشێوەبوونی مرۆییە لە پێغەمبەر بسەنێتەوە. لای شافیعی پێغەمبەر لە حاڵەتی بەردەوامیی سروشدایە. ئیدی هەرچییەک بکات و بڵێت ئەوە هەر سروشی خودایە، بەم مانایە سوننەت دەبێتە قورئانێکی تر. بەڵام ئایا بە قورئانکردنی سوننەت نابێتە هۆی بە سوننەتکردنی قورئان. هەر بەراستیش دەبینین شافیعی هیچ ناشڵەژێت کاتێک دەڵێت -یان لەسەر زاری ئەوەوە دەووترێت- کە (سوننەت حاکمە بەسەر قورئانەوە) ئەمە ئەگەر ناسیخی قورئان نەبێت بە گوێرەی ئەو گریمانەیەی پاشان سەردەکەوێت و سوننەت دەکاتە ناسیخی قورئان. مادەم هەرچی شتێك لە پێغەمبەرەوە دەربچێت لە کردار و گوتار و تەنانەت بێدەنگبوونیش ئەمانە هەموو سروشی خودا بن ئەوە واتە ئیدی هیچ جیاوازیەك لەنێوان قورئان و سوننەتدا نەماوە، هەروەها محەمەدیش وەك مرۆڤ کۆتایی پێهاتووە، ئیدی ئەو تەنیا لە ساتی وەرگرتنی سروشدا وابەستە نییە بە غەیبەوە، بەڵکو هەموو ساتەکانی هەر وابەستەیە بە غەیبەوە. تەنانەت کاتەکانی تورەبوون و بیرچوونەوە و جنێودان و نەفرەتکردن و ...هتد، کە هەموو ئەمانە تووشی پێغەمبەر دەبن و خۆیشی حاشای لێناکات، خوداش پاکانەی نەداوەتێ لەو مۆرکە مرۆییانە، تەنیا لەکاتێکدا نەبێت کە سروشی (قورئان)ی بۆ دێتە خوار.

ئایا زیادەڕەوییە گەر بڵێین شافیعی لەسەر ئاستی تیۆلۆژی و ئەپستمۆلۆژی کودەتای کردوە، بەمەش سوننەتی کردۆتە بەشێك لە سروش (وحي) و رەهایی خوداوەندی

داوەتێ و کردوێتیە ئەسڵێک لەگەڵ قورئاندا، بەڵکو بڕیار لە سەر چارەنوسی هەموو عەقڵ دەدات لە ئیسلامدا، جا چ عەقڵی ئایینی بێت، یان عەقڵی مەعریفی؟

کاتێکیش پێمان دەگوترێت شافیعی بۆ شەرعزانیی وەک ئەرستۆیە بۆ لۆژیك، یان (خلیلی فەراهیدی)یە بۆ (عروض)، دەبێت ئەوە بزانین کە ئەم بەراوردکارییەی فەخری رازی دایڕشتوە لەپاش ئەویش (ئەحمد ئەمین) و (جابری) گێراویانەتەوە ناو کایەی مەعریفی لە رۆشنبیریی عەرەبیدا، ئەوە تەنیا لێکچواندنێکی تەفرەدەرە[26]، لەراستیدا ئەو دەورەی شافیعی بینیویەتی تەنیا دەوری رێکخەر نەبووە، واتە لە یاسایەکی گشتیدا ئەو راستیانە دابڕێژێت کە هەمووکەس هەر بە فیترەت دەیزانن، بەڵکو شافیعی (کۆمارێکی) تازەی دامەزراند پاش کۆدەتایەکی گەورە. یان بە گوێرەی زمانی (ئیبن خەلدون) شافیعی تەنیا شوێنپێی ئەوانی پێش خۆی هەڵنەگرتوە، بەڵکو (دامەزراندنێکی نوێی) دەستپێکردوە.

بەراستی رۆڵی کودەتای شافیعی بەسەر کایەی شەریعەتدا لە کودەتاکەی معاویە کەمتر نەبووە بەسەر سیاسەتدا، ئیدی دوای شافیعی هیچ شتێک لە بواری مەعریفەی تیۆلۆژیدا وەك خۆی نامێنێتەوە، لەسەر دەستی شافیعی سوننەت دەبێتە پەیامێکی سەربەخۆ بەرامبەر پەیامی خودا -قورئان- و هەمان پیرۆزی قورئانیش وەردەگرێت، لەوانەیە کودەتایەکی لەو شێوەیە کە لە ئیسلامدا کراوە لە مێژوودا هاوشێوەی نەبێت تەنیا ئەو کودەتایە نەبێت کە لە مەسیحییەتدا کراوە لە سەدەی چوارەمی زایینیدا کاتێک لەگەڵ بە مەسیحیبوونی ئیمپراتۆریای رۆمانیدا ئیدی مەسیح کرا بە خودا، بووە هاوبەشی خودای باوك، بەڵام لەگەڵ جیاوازییەکدا: لەبری بەخوداکردنی کەسایەتی پێغەمبەر لە ئیسلامدا، قسەکانی پێغەمبەر کرانە سەرچاوەیەکی خودایی، یاخود بوونە لۆگۆسی خودا «وەک دەربڕینی گریکیانە». لە ئیسلامی تەوحیدیشدا هەر ئەوەندە دەکرا بۆ پیرۆزکردنی کەسی پێغەمبەر. لە بەرامبەردا لە مەسیحیەتدا کە لەسەر تەوحیدی کەساندن (تشخيصي) بەندە، لەوێدا (وشە) سەرەتا بوو، (وشەکەش خودا بوو) پاشان بووە مرۆڤ، بەگوێرەی گوزارشتی یوحەننای ئینجیلی.

## بەڵگاندنی فەرمودەی تاکەکەس (حجية خبر الواحد)

زیادەڕەوی نییە گەر بڵێین شافیعی تەنیا دامەزرێنەری بنەماکانی فیقهـ (اصول الفقه) نییە، بەڵکو پێش ئەوە دامەزرێنەری تیۆریی مەعریفەیە لە ئیسلامدا.

ئەم پێشەنگییەش پێش هەموو شتێك لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە سوننەتی شەرعاند، ئەم شەرعاندنە بە دوو قۆناغ ئەنجامدرا، وەک دەبینین لە دووەم قۆناغدا هەمان دەوری گرنگی شافیعی بەرجەستەیە.

ئەگەر شافیعی بەشی یەکەمی کتێبەکەی تەرخان کردبێت بۆ قووڵکردنەوەی بەڵگاندنی خوداییانەی سوننەت، ئەوە بەشی دووەمی تەرخانکرد بۆ بەڵگاندنی ئەپستمۆلۆژیانەی فەرمودەی تاکەکەس.

ئەگەر شافیعی بۆ سەلماندنی بەڵگاندنی خوداییانە (الحجية الالهية) پەنای بردبێتە بەر میتۆدی پێکگرتن (منهج المطابقة)، کە چ وەک دەلالەت چ وەک فەرهەنگ میتۆدێکی نارەوایە، لەنێوان حیکمەتی باسکراو لەقورئاندا لەگەڵ سوننەتی دانراو لەسەر زاری پێغەمبەر یاخود ئەوەی دراوەتە پاڵ کردەوەکانی پێغەمبەر، ئەوا بۆ سەلماندنی بەڵگاندنی ئەپستمۆلۆژیانەی سوننەت، پەنای بردووە بۆ میتۆدێک کە لەویتر نارەواترە، ئەویش میتۆدی پێکچواندنە (منهج المماثلة) یان (المشابهة)، کە هیچ بنەمایەک نییە بۆ پێکچواندنیان بێجگە لە پێوەرکاری نەبێت.

هەر لەگەڵ کتێبی «الأم»دا لە دەروازەی (حكاية من رد خبر الخاصة)دا، شافیعی پرۆڤەیەکی سەرەتایی کرد لە روانگەی تیۆریی مەعریفییەوە بۆ سەلماندنی فەرمودەی تاك (خبر الواحد)، ئەوەی لە کتێبی «الأم»دا تەنیا قسەیەکی سەرپێیی بوو، دەبینین لە کتێبی «الرسالة»دا دەبێتە بناغەیەکی تیۆریی تەواو، ئەوەش لەڕێی بەشێکی دوور و درێژەوە کە زیاتر لە سێسەد بڕگە دەبێت لەژێر ناوی (دەروازی هەواڵی تاك - باب خبر الواحد)[27].

هەروەک چاوەڕوان دەکرێت شافیعی ئەم بەشە بەوە دەستپێبکات کە مەرجەکانی مسۆگەرکردنی رەوایی فەرمودە باسبکات -لەرووی مەعریفی و مۆراڵەوە- کە هەموو کولتوور بەو شێوەیە مەرجی ریوایەتی فەرمودەی تاکیان وەرگرتوە. دەڵێت: (بەڵگە بە فەرمودەی تاك نایەتەوە تاکو کۆمەڵێک شت نەگرێتە خۆی، لەوانە: پێویستە ئەوەی فەرمودەکەی لایە متمانە پێکراو بێت لەرووی دینداریەوە، بە راستگۆیی ناسرابێت، درک

بەو قسانە بکات کە دەیڵێت، بزانێت مانای وشەکانی فەرمودەکە چیە، لەو کەسانە بێت کە فەرمودە وەك لەفزی خۆی دەگێڕێتەوە وەک ئەوەی بیستویێتی، نەك تەنیا ماناکەی وەرگرتبێت، چونکە ئەگەر بە مانا فەرمودە بگێڕیتەوە و خۆشی مانای وشەکان نەزانێت ئەوە ماناکەی دەگۆڕێت، نازانێت لەوانەیە حەڵاڵ حەرام بکات و حەرام حەلاڵ بکات، بەڵام ئەگەر دەقاودەق گێرایەوە ئیدی ترسی لەسەر نابێت، توانای لەبەرکردنی بەهێزبێت ئەگەر بە لەبەر فەرمودەکانی گێرایەوە، کتێبەکەی رەوان بێت ئەگەر لە کتێبدا گێرایەوە، نابێت ساختە لە سەنەددا بکات، واتە فەرمودە لە کەسێکەوە بگێڕێتەوە کە نەیبینیوە و لێی نەبیستووە، یان شتێک بگێڕێتەوە کە پێچەوانەی گێرانەوەی متمانەپێکراوەکانە، دەبێت کەسانی ناو سەنەدەکە هەموویان ئەو خەسڵەتانەیان تێدابێت کە باسمکرد) [28].

هەرچەندە شافیعی وادەزانێت هەرچی باسیکردووە سەبارەت بە گەرەنتییەکانی مۆراڵیی دروست و مەعریفی بۆ گێرانەوەی فەرمودە چەند بنەمایەکی سەربەخۆن نەك لەسەر غەیری خۆیان پێورابن، چونکە (پێوراو لە ئەسڵ لاوازترە) (لا 372). لەبەرئەوە لەسەر داوای بەرامبەرەکەی دەستهەڵدەگرێت لەوەی گێرانەوەی هەواڵگێڕەوە لەسەر شاهیدیی شاهید بپێوێت، یاخود وەک خۆی دەڵێت بۆ ئەوەی خۆی لابدات لە لاوازکردنی ئەسڵ بەوەی لەسەر غەیری خۆی بیپێوێت، بەڵام ئەوەی خوێنەری «الرسالة» تووشی شۆک دەکات ئەوەیە کە ئەو مەرجانەی شافیعی دایڕشتوە بۆ پەسەندکردنی گێرانەوە زۆر نزمترە لەو مەرجانەی قورئان دایناوە بۆ پەسەندکردنی شاهیدی.

ئاشکرایە قورئان چوار شاهیدی بە مەرج گرتووە بۆ وەرگرتنی شاهیدی لەسەر زینا (النور: 24). بۆ ماڵ و داراییش دوو شاهیدی پیاو یان پیاوێك و دوو ژن، لە هەموو پرسەکانی تریشدا وەك تەڵاق و مارەیی، وەسێتنامە و تۆڵەسەندنەوە و هەموو شتەکانی تر وەك هەموو مەزهەبەکانی ئیسلام هاوران لەسەری[29]، لەکاتێکدا شافیعی شاهیدی یەک کەس قبوڵناکات بۆ پرسێکی بچووک، کەچی شاهیدی یەک کەس بۆ فەرمودەیەک قبوڵ دەکات، هەرخۆیشی دەڵێت (لە فەرمودەدا شاهیدی یەک کەس وەردەگرم گەر ژنیش بێت، بەڵام لە شاهیدی مەسەلەکانی تردا وەریانناگرم) (لا373، 383).

بەم شێوەیە دەردەکەوێت بۆچی شافیعی سوورە لەسەر ئەوەی روونی بکاتەوە بۆ ئەو

کەسە گریمانکراوەی گفتوگۆی لەگەڵ دەکات کە ئەو پابەندە بە پڕەنسیپی هاوشێوەبوون، نەك هاوپێوەربوون (المماثلة وليست المقايسة)، ئەگەر گێڕانەوەی لەسەر شاهیدی بپێوایە نەدەبوو هەواڵی تاکەکەس قبوڵ بکات، واتە دەبوو دووکەس بیانگێڕایەتەوە. بەڵام ئەو لە فەرمودەدا شاهیدی یەک کەس وەردەگرێت، بەڵکو شاهیدی یەک ژنیش وەردەگرێت کە دەکاتە چارەکی شاهیدیدان لە پرسێکی وەک مارەکردندا یان قەرزێکدا.

نەك هەر ئەوەندە بەڵکو شافیعی لە میانەی ئاسانکاری بۆ مەرجەکانی وەرگرتنی ژمارەیی (المشروطية العددية) فەرمودە، لەوە زیاتر و دوورتر رۆیشتووە، چونکە کارایی شاهیدیی شافیعی خۆی دەڵێت دووان و چوار کەس تەنیا لە کایەی گرێبەستی نێوان دوو کەسدا دەمێنێتەوە وەک حاڵەتی زینا و تەڵاقدان و قەرزدان و ...هتد، جا ئەو شاهیدیدانە راست بێت یان درۆ بێت، ئەو قازانج و زیانی تەنیا بۆ کەسێک یان چەند کەسێك دەبێت، لە بەرامبەردا هەواڵی تاکەکەس لە گێڕانەوەی فەرمودەدا کە هەندێک جار شافیعی دایدەبەزێنێت بۆ نیوە و چارەکیش، هەواڵێکە هەتاهەتایە شتێک حەڵاڵ دەکات یان حەرام دەکات لە هەموو ئوممەت وەک شافیعی خۆی دەڵێت (لا458).

ئەمە ئەو راستییە گەورەیەیە کە لێی بێدەنگ بوون، لە هەموو ئەو هاوشێوەکردنەی (المماثلة) شافیعی لەنێوان شایەتی شاهید و گێڕانەوەی فەرمودەدا کردویەتی، ئەم بێدەنگبوونە لە ئاست هاوشێوەکردندا هەروا دەمێنێتەوە، تەنانەت کاتێک شافیعی خۆیشی دان بەوەدا دەنێت کە ئەم هاوشێوەکردنە راست نییە تەنیا هێندە نەبێت کە پەیوەست بێت بە جیاکاریی ژمارەییەوە (مفارقة عددية)، وەک شافیعی دەڵێت (هەواڵی تاکەکەس کە مەرجەکانی شاهیدی تێدایە)، (بەڵام لە ژمارەدا جیاوازە لەگەڵ شایەتیدا) (لا386). بەڵام ئەگەر لەنێوان شایەتی و گێڕانەوەدا بەو شێوەیە بێت و لەرووی ژمارەییەوە جیاوازبن. ئەوا ئەو جیاوازییە تەنیا لەوەدا خۆی نابینێتەوە کە شافیعی باسیدەکات، بەڵکو لە بنچینەدا جیاوازییەکە لەو بەشەیدایە کە باسی ناکات. شافیعی لەکاتێکدا کە بە رەوای دەبینێت ژمارەی هەواڵگێڕەوەی (راوي) فەرمودە نیوە یان چارەکی ژمارەی شاهیدی مەسەلە ئاساییەکان بێت، بە ئاگا یان بێئاگا ئەوەمان لێ دەشارێتەوە کە شایەتی شاهیدەکان لە کۆتاییدا تەنیا پەیوەستە بە داوەرێکەوە لە کاتی حوکمدانیدا لەنێوان دوو کەسدا، جا یان کەسێك بێتاوان

دەردەکات یان تاوانباری دەکات لەرووی گومانی زاڵەوە، لەکاتێکدا گێرانەوەی فەرمودەیەک کە ژمارەی گێڕەوەکانی نێوە یان چارەکی شاهیدەکانن لە کێشەیەکی تاکەکەسیدا، ئەو فەرمودەیە پەیوەست دەبێت بە ژمارەیەکی ناکۆتا لە ئوممەتێک بەدرێژایی زەمان و کەسیش ناتوانێت حوکمەکەی رەتبکاتەوە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەوە حوکمی پێغەمبەرە و گوتەی پێغەمبەریش سروشە. واتە سەرچاوەیەکی خودایی هەیە نەك مرۆیی.

ئینجا مەسەلەکە کورت ناکرێتەوە تەنیا لە سەر چەندێتی، بەڵکو چۆنیەتیش دەگرێتەوە، شافیعی ئاسانکاری زۆری کردوە لە پرسی چۆنیەتیدا، کاتێک دەیەویت هەوڵی تاکەکەس پەسەند بکات، لەکاتێکدا ئەو فەرمودەیە دواجار دەبێتە ئایینێک و بەدرێژایی شوێن و سەردەم موسوڵمانی پێوە پەیوەست دەکرێت، ئەمە هەمووی دەرئەنجامی هەواڵێکە کە تاکەکەسێک گێراوێتییەوە. راستە شافیعی لە پێشەکیی کتێبەکەیدا (الرسالة) مەرجی داناوە بۆ پەسەندکردنی هەواڵی تاکەکەس، دەڵێت (دەبێت گێڕەرەوە دووربێت بێت لە تێهەڵکێشکردن «تدليس»)لا (371). ئەو دەڵێت: (تێهەڵکێشکردن برای درۆیە)، یان (زینا بکەم پێم باشترە لەوەی سەنەد تێهەڵکێش بکەم)[30]، کەچی دەبینین لە هەمان کتێبدا و لە هەمان بەشدا، جۆرێك هەواڵی تاکەکەس پەسەند دەکات هەرچەندە گومانی تەدلیسیشی لێدەکرێت (ئەوەی جارێک تەدلیسی کرد ئیدی ئەوە خۆی کەشفکردوە لە گێرانەوەدا، بەڵام پلەی درۆی نییە تاکو فەرمودەکەی رەتبکەینەوە، هیچ حەدیسێك لە تێهەڵکێشکار «مدلس» وەرناگرین تا نەڵێت فلان بۆی باسکردم «حدثني»، یان بیستم «سمعت») (لا 379- 380).

لە بەردەوامی ئەو ئاسانکارییە چۆنێتیەدا شافیعی بە راشکاوی هەواڵی تاکەکە پەسەند دەکات، هەرچەندە مورسەلیش بێت یان پچراو بێت، بەڵام هەندێك مەرجی بۆ ئەو پەسەندکردنە دانا و دانی بەوەشدا ناوە کە (ناتوانین بڵێین فەرمودەی «پچراو» و «مورسەل» وەك فەرمودەی گەیەنراو «متصل» دەبنە بەڵگە) (لا 464). شافیعی تەنیا بە قسەی سەر زارەکی وازناهێنێت بەوەی کە پچراو و مورسەل وەک بەڵگە سەیربکات، بەڵکو خۆشی مومارەسەی گێرانەوەی لەو جۆرە دەکات، ئەو هەندێك هەواڵی تاك دێنێت کە پچرانیان تێدایە یان ئیرسالیان تێدایە، وەک ئەمانەی خوارەوە کە سەنەدەکانی نەناسراویان تێدایە، واتە پچراو، یان مورسەل، یان مەجهولن:

- (کەسێك کە تاوانی ناخرێتە پاڵ، بۆی گێرامەوە لە «ابن ابي ذئب» لە «مخلد بن خفاف»...) (لا448).

- (کەسێك کە تاوانی ناخەمەپاڵ لە خەڵکی مەدینە لە «ابن ابي ذئب»...) (لا 450).

- (زانایەکی جێی متمانە وتی...) (لا129).

- (متمانەیەك لە معمرەوە بۆی گێرامەوە...) (لا236، 469).

بەڵکو شافیعی فەرمودەیەکی پچراو دێنێت لەسەر زاری (عطاء بن یسار) لە پێغەمبەرەوە کە بەم قسەیە کۆتایی دێنێت (بیستومە کەسانێک ئەم فەرمودە پچراوە دەگەیەنن، بەڵام ناوی ئەو کەسەی گەیاندویێتی نایەتە بیرم) (لا (405) [31].

شافیعی بەلایەوە ئاساییە بیانو بۆ ئاسانکارییەکەی بێنێتەوە دەڵێت هەندێک لە زانایان وەک تەوازوع وایانکردوە، بەڵام ئەم بیانووە ناشیرینترە لە تاوانەکە (العذر اقبح من الذنب).

بەهەرحاڵ مەسەلەکە ئاسان دەبوو ئەگەر هەواڵی تاکەکەس تەنیا هەواڵێک بوایە و هیچی تر، بەڵام ئەو هەواڵە تاکە بۆ خۆی بنەمایەکی سەربەخۆیە لە شەرعاندنی حەڵاڵ و حەرامدا. بزانین شافیعی خۆی چۆن باسی دەکات:

(هەر فەرمودەیەک بە پچراوی نوسیومە خۆم بە گەیەنراوی بیستومە، یان بەناوبانگ بووە لەو کەسەوە کە لێی گێڕدراوەتەوە، چونکە کۆمەڵێك لە کۆمەڵێکی ترەوە گێراویانەتەوە، بەڵام پێم باش نەبووە فەرمودەیەک بنووسم کە تەواو ڕەوانم نەبووە، هەندێک نووسینیشم لا نەماون، بەڵام لای زانایان جەختم لە زانیارییەکانم کردۆتەوە، لەبەرئەوە لە ترسی درێژبوونەوەی کتێبەکە کورتم کردۆتەوە، هێندم هێناوە کە بەس بێت) (لا431).

ئێمە لێرەدا ناتوانین هەموو لایەنەکانی میکانیزمی هاوشێوەبوون (مماثلة) لای شافیعی باس بکەین کە بۆ سەلماندنی هەواڵی تاکەکەس بەکاری دێنێت، بۆ ئەوەی پاکانە بکات بۆ وەرگرتنی فەرمودە بە شێوەیەک کە تەنانەت ئەو سەنەدەی شافیعی فەرمودەی پێدەکات بە (حجة)، شایەتیی دونیایشی پێ وەرناگیرێت. هەروەها دەبینین چۆن لە ئاسانکارییەوە بۆ پەسەندکردنی گێرانەوەی تاک دەگوێزێتەوە بۆ قورسکردنی

مەرجی گێڕەوە (راوي)، تەنانەت هێندە (هەواڵگێڕەوەکان) بەرزدەکاتەوە دەیانگەیەنێتە ئاستی پێغەمبەران.

هەر لە روانگەی مەنتیقی هاوشێوەبوونەوە (المماثلة)، بەئاسانی بەڵگەییبوونی (حجية)ی هەواڵی تاکەکەس، یەکسان دەکات بە پەیامی پێغەمبەران، ئەو دەڵێت پێغەمبەران یەک کەس بوون و هەواڵی ئاسمانیان بە خەڵك گەیاندووە، کەچی ئەو تاکە کەسە بۆتە بەڵگە بەسەر قەومەکەیەوە، لەبەرئەوە هەواڵگێڕەوەش تەنانەت ئەگەر یەک کەسیش بێت هەر فەرمودەکەی بەڵگەیە بەسەرمانەوە، چونکە ئەو هەواڵی پێغەمبەر دەگەیەنێت و مەحالە درۆ بکات.

دەڵێت لە قورئاندا هاتووە:

- انا ارسلنا نوحا الی قومه.

- واوحينا الى ابراهيم واسماعيل.

- و الى عاد اخاهم هودا.

- هەروەها بە پێغەمبەر دەفەرموێت: انا اوحينا اليك كما اوحينا الى نوح والنبيين من بعده.

«خودا بەم شێوەیە بەڵگەی لەسەر خەڵک هێناوەتەوە بە پێغەمبەران، بەمەش بەڵگەی سەلمێنراو بوون لەسەر ئەوانەی بەڵگەی پێغەمبەرانیان دیوە، جا یەك پێغەمبەرو چەند پێغەمبەرێک هەر وەک یەك بووە بۆ سەلماندن، چونکە بەڵگەی یەك پێغەمبەر دەبێتە بەڵگە، هەر کەسێک پێغەمبەرێک هەواڵی پێگەیاندبێت وەک ئەوەیە هەموو پێغەمبەرانی بینیبێت) (لا436- 437).

با بڵێین ئێمە لێرەدا لەبەردەم هاوشێوەکردنێکی راستدا نین، بەڵکو هاوشێوەکردنێکی هەڵەیە، بەهەڵەدانانیش لێرەدا بە مەبەست دەکرێت، بۆئەوەی خوێنەر تەفرە بدات و لەناخەوە پێوەرەکانی تێکبدات.

چونکە لە پێغەمبەرایەتیدا نێرەر (مرسل) خودا خۆیەتی، بەڵام لە هەواڵی تاکدا نێرەر مرۆڤێکە بۆ مرۆڤێکی تری دەنێرێت. نێردراویش لە پێغەمبەرایەتیدا پێغەمبەرە، پێغەمبەریش لە کولتووری هەموو ئەو ئوممەتانەی خاوەن پەیامن بە پارێزراو لە تاوان و درۆ (معصوم) ناسراوە.

بەڵام ئەوەی فەرموودە دەگێڕێتەوە کەسێکە ئەگەری راستی و درۆیی هەیە تەنانەت ئەگەر بدرێتە پاڵ پێغەمبەریش.

چۆن دەبێت تاقانەی پێغەمبەرێک کە پاڵێوراوی خودایە بەراورد بکرێت لەگەڵ مرۆڤێکی ئاساییدا کە ئەگەر راست و درۆ هەڵە و چەوتی لە گێرانەوەیدا هەیە، ئەمە بێجگە لە بیرچوونەوە و تێکەڵکردن.

جا ئەوەی پێغەمبەر یەک کەسە و خەڵک باوەڕی پێدەکات، پاساو نییە بۆ ئەوەی لەسەر ئەساسی هاوشێوەبوون (مماثلة)، خەڵک باوەڕ بە هەواڵی تاکەکەس بکەن.

چونکە پێغەمبەر متمانەی خۆی لەوە وەرناگرێت کە تاکە، بەڵکو لە موعجیزەکانیەوە وەریدەگرێت، لە کولتووری ئایینیدا هیچ پێغەمبەرێک نییە بێ موعجیزە هاتبێت، چونکە ئەوە موعجیزەیە تاقە سەلمێنەری راستگۆییەتی کاتێك بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکات.

لە بەرامبەردا، تاقانەیی هەواڵ تەنیا گومانی لەسەر زیاتر دەکات، بەڵام ئەوەش مانای وانییە کە فرە سەرچاوەیی هەواڵ بەسە بۆ ئەوەی دەلالەت بێت لەسەر راستێتی. دوورنییە هەواڵی فرە سەرچاوە درۆ بێت، بێجگە لەوە گێرانەوە، چ تاک بێ یان فرە سەنەد بێت (متواتر)، بەشێوەیەکی جەبری ملکەچە بۆ یاسای زەمەن، بە گەرانەوەش بۆ تۆماری فەرموودە لە ئیسلامدا کە گەورەترین تۆمارە لە مێژووی هەموو ئایینەکاندا، ناتوانین فەرموودەیەک بدۆزینەوە بڵێین پێغەمبەر بەبێ هەبوونی دابرانێکی زەمەنی گوتویەتی، چونکە هەموو ئەوەی لەبەردەستماندایە لە فەرموودە کە بە دەیان هەزار فەرموودە مەزەندە دەکرێت، خۆ گەر فەرموودەی هەڵبەستراو حساب بکەین زۆر لەوە زیاترە، بەڵکو شێوازەکەی یەك شێوەیە و ناگۆڕێت، هەمووی (پێغەمبەر وتی) بەڵکو (وتی... وتی... وتی... پێغەمبەر وتی)، ئەگەر ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە تۆمارخانەی فەرموودە لە سەردەمی مالیک و شافیعیدا نەبێت دەستی نەکردوە بە فۆرمولەبوون، بەڵکو تەنانەت لە زەمانی دوای ئەوانیشدا بەتەواو خۆی نەگرتوە، گەر ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە ئەوان خۆیان ئەو تۆمارانەی خۆیان نەنووسیوەتەوە، بەڵکو پاش خۆیان لەلایەن ئەو کەسانەوە نووسراوەتەوە کە لەوانیان بیستووە، یان مۆڵەتیان لێ وەرگرتوون کە بینووسنەوە. دەتوانین بڵێین چوار نەوەمان هەیە لەنێوان گوتنەکانی پێغەمبەر و خستنە سەرکاغەزی ئەو گوتنانە و تۆمارکردنیان.

ئەوەی بۆ گوتراوەکانی پێغەمبەر راستە بەهەمان شێوە بۆ گوتراوی هاوەڵانیش هەر راستە، بەڵکو تەنانەت بۆ شوێنکەتوانیش هەر راستە، لێرەدا تەنیا نموونەیەك باسدەکەین لە کەسێکەوە کە زۆرترین فەرمودەی لە پێغەمبەرەوە گێراوەتەوە، مەبەستم ئەبو هورەیرەیە کە گێرانەوەکانی لە کتێبەکانی (صحیح)دا زیاتر لە هەشت هەزار گێرانەوەیە، لەم هەموو فەرمودەیە یەك گێرانەوەمان نییە ئەبو هورەیرە خۆی راستەوخۆ گوتبێتی، بەڵکو ئەوەی هەمانە ئەم زنجیرەیەیە (وتی... وتی... ئەبو هورەیرە وتی) [32].

کەواتە بابەتەکەی ئێمە متمانەبوون نییە بە پێغەمبەر، بەڵکو تەنانەت متمانەبوون نییە بە هاوەڵانیش، هەرچەندە هەندێك کەس تانە لەوانیش دەدەن پاش ئەوەی زۆریان بە هۆی خۆشویستنی دەسەڵات و پارەوە کەوتنە شەڕی ناوخۆ و دەیان هەزار موسوڵمان لەو نێوانەدا کوژران، لەنێو کوژراوەکاندا سەدان هاوەڵی ناودار هەبوون [33]، بەڵکو ئێمە قسە لەسەر ئەوانە دەکەین کە بە ناوی ئەوانەوە گێراویانەتەوە یان لەسەر زاری ئەوان فەرمودەی ساختەیان دروستکردوە تا لە نەوەی سێیەم و چوارەمدا گەیشتە دەیان هەزار فەرمودە [34]. ئەوەندە بەسە کە بزانین (موسلیم) لە 300 هەزار فەرمودە کە وەریگرتوە، تەنیا هەشت هەزار فەرمودەی هەڵبژاردوە، هەروەها ئەبو داود 500 هەزار فەرمودەی وەرگرتووە لەو ژمارەیە تەنیا (سنن)ـەکەی هەڵبژاردووە. هەروەها (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل) لە 700 هەزار فەرمودە تەنیا (مسند)ی هەڵبژاردوە، تا بزانین گەورەترین ساختەکاری لە مێژوودا بەناوی پێغەمبەری ئیسلام و هاوەڵەکانیەوە کراوە کە ساختەکارانی فەرمودە لە سەدەکانی سێیەم و چوارەمدا دایانڕشتووە، ئەم ساختەکارییە تەنانەت پاش نووسینەوەی تۆمارەکانیش بەردەوام بوە [35].

بۆئەوەی بگەڕێینەوە بۆ لای شافیعی و پرۆژە ئەپستمۆلۆژییەکەی لە بەبەڵگەکردنی هەواڵی تاکەکەس بە پشتبەستن بە هاوشێوەکردن (المماثلة)، ئەو بەوەش وازی نەهێناوە کە تاقانەیی پێغەمبەران و تاقانەیی گێرانەوەی یەکسانکردووە، بەڵکو ئەوەش تێدەپەڕێنێ بۆ تاقانەیی لە نێردراویدا (المبعوثیة). مەبەستمان لە نێردراوی کۆی ئەو نوێنەر و مزگێنیدەر و کاربەدەست و شاندانەیە کە پێغەمبەر ناردوونی بۆ شوێنان تاکو نامەکانی بگەیەنن، یان فەرمان و ئامۆژگارییەکانی بگەیەنن، یان رێنماییەکانی بڵاوبکەنەوە، یان فەرمانەکانی راپەڕێنن. لە هەموو ئەو نێراوانەدا پێغەمبەر یەک

کەسی دەنارد بۆ ئەوەی پەیامەکەی بگەیەنێت، کەسیش گومانی نەدەکرد لەوەی کە ئەو کەسە «بەڵگەیەکی تەواوە»، کەسیش بەو نێراوەی نەدەگوت «تۆ یەك کەسیت ناتوانیت شتێکمان پێ بڵێیت کە خۆمان لە پێغەمبەرمان نەبیستوە» (لا 417). لێرەدا شافیعی باسی ئەو یەکە دەکات کە ئەبوبەکر و عومەر بوون، کاتێك ئەبوبەکری نارد بۆ ئەوەی لەبری خۆی (پێشەوایەتی حەج بکات)، یان (قیس کوڕی عاصم) و (زبرقان کوری بدر) و (مالیک بن نویرە)، کاتێك ناردنی بۆ لای خێڵەکانی خۆیان وەک کاربەدەستی خۆی، یان ئەمیری جەنگەکان، یاخود ئەو دوانزە نێراوەی کە ناردنی بۆ لای دوانزە پادشای ئەو کات تاکو پەیامەکانی بگەیەنن (لا418).

جا بەگوێرەی پرەنسیپی هاوشێوەکردن شافیعی لەمەوە دەگاتە ئەو ئەنجامگیرییە کە (بەڵگە بە یەك کەس دادەمەزرێت وەك چۆن بە یەکێک زیاتریش دادەمەزرێت)، لەبەرئەوە هەرچییەك لەلایەن پێغەمبەرەوە لەڕێی تاکەکەسەوە هاتبێت دەبێت (وەك سوننەت جێگیر بکرێت)، تەنانەت ئەگەر (سەنەدی پچراویش بێت)، بێگومان هەواڵی تاکەکەس حەڵاڵ و حەرامی پێ فەرز دەکرێت. وەک هەر سوننەتێك کە (ئیجماع)ی لەسەر بێت (لا453- 458).

سەخت نییە بزانین ئەوە چییە شافیعی لەم هەموو بەڵگە هێنانەوەیەدا لە زەینی خوێنەری بزر دەکات، چونکە گێرانەوەی هەواڵی تاکەکەس لە نەوەی سێیەم و چوارەمدا واتە پاش سەد یان دووسەد ساڵ لە وەفاتی پێغەمبەر، بەهیچ شێوەیەک هەمان گەرەنتی و متمانەی نییە کە نێردراوێکی پێغەمبەر لە سەردەمی خۆیدا هەیبوو، چونکە درۆکردن بە دەم پێغەمبەرەوە لە ژیانی خۆیدا هەروا ئاسان نەبوو وەك ئەوەی پاش وەفاتی بە سەدەیەك و دووسەدە ئاسان دەبێت. ئێمە لێرەدا باسی ئەگەری درۆکردن ناکەین سەبارەت بە رووداوێکی ژیانی پێغەمبەر کە ئایا روویداوە یان نا؟ ئەو ژیاننامەیەش لە ژیانی خۆیدا نەنووسراوەتەوە و خۆی ئیمزای لەسەر نەکردوە، بەڵکو ئەویش وەك فەرمودە دوای سەد ساڵ و دووسەد ساڵ نووسراوەتەوە. قسەی ئێمە لەسەر ئەوەیە: شافیعی لێکدانەوە بۆ شتێک دەکات لە رووداوەکانی سیرەت، کە خزمەت بە لۆژیکی خۆی دەکات بەو شێوەیەی خۆی دەیەوێت. کەمترین شتێک بگوترێت ئەوەیە کە ئەم

لێکدانەوەیە لادانێکی (ازاحة) گەورە دروست دەکات لە ئاستی کۆمەڵەوە بۆ ئاستی تاك. کاتێك پێغەمبەر ئەبوبەکر رادەسپێرێت بۆ پێشڕەویکردنی حەج، ئەوە بە هیچ جۆرێك راستێتی هەواڵی تاکەکەس ناسەلمێنێت، چونکە ئەم کارەی ئەبوبەکر تەنیا نەبوو، بەڵکو کاروانێکی گەورەی خەڵکی لەگەڵدابووە. هەروەها دامەزراندنی مالیک و زەبرەقان وەک والی بەسەر خێڵەکانی خۆیانەوە تەنیا لەنێوان ئەو کەسانە و پێغەمبەردا نەبووە بەڵکو وەک سیرەت باسی دەکات لەناو کۆمەڵێك خەڵکدا بووە، لەکاتێکدا وەفدەکانی عەرەب دەهاتنە لای پێغەمبەر، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەسانە کەسانێکی نەناسراو نەبوون، بەڵکو هەر خۆیان لەناو خێڵەکانی خۆیاندا سەرکردە و گەورە بوون. پێغەمبەریش تەنیا هەر وەك پیشەی خۆی لە پێگەکانی خۆیاندا دایناونەتەوە.

بەڵام بۆچی شافیعی بەسەرهاتەکانی سیرەت دەشێوێنێت، رووداوە دەستەجەمعیەکان بە رووداوی تاك دەخوێنێتەوە. وەڵامەکەی ئاسانە: مادەم خەمی ئەپستمۆلۆژییانەی شافیعی بریتییە لە سەلماندنی هەواڵی تاکەکەس، لەبەرئەوە سەیر نییە گەر هەواڵی کۆ بە هەواڵی تاک بخوێنێتەوە. بەڵام نازانین ئایا شافیعی ئەوەی بە مەبەست کردوە یان هەر باوەڕی وابووە، ئەوەی دەیزانین شافیعی ویستویەتی خوێنەر لە هەمان تۆڕدا بکاتە نێچیرێک کە خۆی بۆتە نێچیری ناو ئەو تۆڕە. ئەو یەک خەمی هەیە ئەویش ئەوەیە بیسەلمێنێت هەواڵی تاکە کەس بەڵگەیە، وەک چۆن هەواڵی فرە سەنەد بەڵگەیە.

ئێستا گەر بێین ئەو بەشە بخوێنینەوە کە باسی نێردراوەکانی پێغەمبەر دەکات بۆ لای پادشاکانی ئەو سەردەمە، لێرەدا دیسان دەبینین شافیعی ئەوە لەبیر خۆی دەباتەوە کە حکومی نامەبەر وەك حکومی تاك نییە، لێرەدا نێردراوەکەی پێغەمبەر متمانە لە خۆیەوە بەدەست ناهێنێت، بەڵکو بەو نامەیەی کە هەڵیگرتوە و بە مۆری نێرەرەکەی -واتە محەمەد- مۆرکراوە. ئاشکرایە ئەو جۆرە نامەیە نابێت وەک هەواڵی تاک حساب بکرێت وەك ئەوەی شافیعی دەڵێت (لا 457). بەڵکو نێرەر تەنیا درێژبوونەوەی شوێنە بۆ کەسی نێرەر هەرچەند خۆیشی وەک جەستە ئامادە نەبێت. وەک هەر نەریتێکی دیپلۆماتی -تەنانەت لەمرۆشدا- نێرەر وەک هەواڵێک نییە ئەگەری راست و درۆی لێبکرێت «مەگەر گومان بکرێت لە ساختەکاری مۆرەکە» [36].

## میکانیزمی ناسیخ و مەنسوخ

بێگومان شافیعی یەکەم کەسێک نییە باسی ناسیخ و مەنسوخی کردبێت، بەڵام یەکەم کەسە وەك میکانیزمێکی سەربەخۆ ئۆرگانیزەی کردبێت.

بە گەرانەوە بۆ مالیک دەبینین وەک میکانیزمێکی سەربەخۆ باسی ناسیخ و مەنسوخ ناکات، بەڵکو تەنیا یەک جار وشەی (نەسخ)ی بەکارهێناوە، ئەویش کاتێک باسی (وەسێت بۆ میراتگر) دەکات، لە میانەی راڤەی ئایەتی سورەتی (البقرة 180) (ان ترك خير الوصية للوالدين والاقربين بالمعروف)، دەڵێت: (ئەو ئایەتە ناسیخە، ئایەتی میراتی سڕیویەتیەوە). لەراستیدا مالیک هیچ پێویستی بەوە نەبووە لەوێدا میکانیزمی نەسخ بەکاربێنێت نەک تەنانەت دایبێنێت، چونکە ئەو وەک بینیمان دەرگای جیاوازیی بەکراوەیی جێدێڵێت تەنانەت ناکۆکی نێوان فەرمودەکانیش بە کراوەیی جێدێڵێت هەر بەوە وازی دێنا کە دوو دەرگای جیاواز بکاتەوە، وەک ئەوەی بینیمان لە (روخسەتی ماچکردنی رۆژووان) و (تیپەڕین بە بەردەمی نوێژخوێندا).

بەڵام شافیعی کە سوننەتی یەکسانکردووە بە قورئان، ئیدی لەبەر تەواو رێکخستنەوەی پرۆژە مەعریفیەکەی نەیدەتوانی هەبوونی ناکۆکی پەسەند بکات لەنێوان هەردوو سروشەکەدا (قورئان وسوننەت)، چونکە بە گوێرەی شافیعی وەحی نابێت لەگەڵ وەحیدا دژبوەستێتەوە چونکە هەردووکیان یەک سەرچاوەیان هەیە، بەڵکو ئەوەی هەیە ئەوە بەپێی ئایەتی (107) لە سورەتی (البقرة): (ماننسخ من آية أو ننسها نأت بخير منها أو مثلها)، دەکرێت سروش خۆی بسڕێتەوە بە سروشێکی تر. لێرەوە دەتوانین بڵێین بە میکانیزمی (نەسخ) شافیعی عیفریتێکی مەترسیداری لە زیندانەکەیدا ئازادکرد، «واتە عیفریتی گەمەکردن بە دەقی قورئانی»، چونکە ئەوە خودا خۆی نییە بڕیار دەدات لەسەر ئەوەی کام ئایەتە ناسیخە و کامیان مەنسوخە، بەڵکو ئەوە مرۆڤە ئەو میکانیزمی سڕینەوەیە دیاریدەکات. ئیدی لە هەر شوێنێکدا ناکۆکی هەبوو لەنێوان دوو مانادا، ئەوە کەسی لێکدەرەوە دەتوانێت ئەو ناکۆکیە نەهێڵێت بە خستنەگەڕی میکانیزمی ناسیخ و مەنسوخ.

دەبینین بەداخەوە ئەم میکانیزمە تەنیا بۆ هەژارخستنی دەقی قورئان دەخرێتەگەڕ، نەك بۆ دەوڵەمەندکردنی. بۆ داخستن و وشکهەڵگەراندنی نەک کردنەوەی دەروازەکانی،

بەتایبەت لە سەردەمی داخزانی موسوڵماندا (عصرالانحطاط)، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بڵێین هەرچەند شافیعی دامەزرێنەری میکانیزمی ناسیخ و مەنسوخە، بەڵام ئەو رای وانەبوو «یان وەک ئیبن حەنبەل دەڵێت نەیوێرا» بڵێت سوننەت دەتوانێ قورئان بسڕێتەوە. بەڵام ئەوانەی دوای شافیعی، بێ ترس وتیان سوننەت قورئان دەسڕێتەوە [37].

لەراستیدا هەڵوێستی راگەیەنراوی شافیعی ئەوە بوو کە (سوننەت ناسیخی قورئان نییە، بەڵکو شوێنکەوتووی قورئانە) (لا 106). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین هەندێک ئایەتی ئەحکام لە قورئاندا بە سوننەت دەسڕێتەوە، بەڵام پێش ئەوە بچینە ناو ئەو دژبەریە (تناقض)، با راوەستین لە بەردەم دژبەرییەکی تردا لە هەڵوێستی شافیعیدا، بەڵام ئەو دژبەرییەیان تیۆرییە.

یەکەم بەڵگەنەویستی شافیعی ئەوەیە کە سوننەت سروشە، تەواو وەك قورئان، چونکە (هەمووی لای خوداوەیە) وەک پاشان غەزالی دەڵێت، مادام سوننەتیش هەر وەک قورئان سروش بێت، مادام سروش خۆی دەسڕێتەوە بە سروشێکی تر، ئیدی بۆچی جیاکاری دەکرێت لە پێگەی قورئان و سوننەتدا کە سەرچاوەکەیان یەک شتە؟ ئیدی بۆچی سروشی دووەم کە سوننەتە، ناتوانێت سروشی یەکەم بسڕێتەوە کە قورئانە.

ئەو دژبەرییە تیۆرییە کە لای شافیعی جۆرێك ناڕۆشنیی دروستکردوە، ناتوانرێت تەنیا بە مەسەلەی پیرۆزیی قورئان لێکبدرێتەوە، بەڵام هەر لەوکاتەوە کە شافیعی سونەت دەخاتە ریزی قورئانەوە، کەواتە دەبێت سوننەتیش وەک قورئان پیرۆز بکرێت، دەبێت ئەو هەنگاوە بنرێت کە شافیعی نەیوێرا بینێت. لێرەوە ئیتر ئەهلی راڤە و فیقهـ دەستیانکرد بە سڕینەوەی قورئان بە سوننەت. بەڵکو رایەنگەیاند کە سوننەت دەسەڵاتی هەیە بەسەر قورئاندا، بەڵام شافیعی لە سەردەمی خۆیدا پڕکێشیی ئەوەی نەکرد شتێکی وەها بڵێت. هەرچەند دواتر کەسانێکی تر ئەم قسەیەشیان دایە پاڵ شافیعی.

### أ- سڕینەوەی قورئان بە سوننەت

بەلایەنی کەمەوە لەرووی مەبدەئییەوە ئەو سڕینەوەیە لەلایەن شافیعیەوە ئەنجامدرا، چونکە هەر بنەما تیۆریەکانی شافیعی بوو ڕێیان خۆشکرد بۆ کردنەوەی

دەرگای سڕینەوەی قورئان بە سوننەت. لەبەرئەوەی شافیعی وا گریمان دەکات کە «سوونەتی پێغەمبەر» هەرگیز پێچەوانەی قورئان نییە -ئێمە لێرەدا سوونەتی پێغەمبەر دەخەینە کەوانەوە تاکو بڵێین ئەو سونەتەی دراوەتە پاڵ پێغەمبەر لە رێگەی ئەسحابێکەوە (کە ئەسحابەکەش هەر گریمانکراوە) لەلایەن هەواڵسازەکانی نەوەی سێیەم و چوارەمەوە- چونکە سوننەتیش لە خوداوە وەرگیراوە. (ئەوەی شوێن سوننەت بکەوێت ئەوە بە قورئان شوێنی کەوتوە) (لا109). (ئەوەی لە پێغەمبەر وەرگیراوە لە خوداوە وەرگیراوە) (لا139). مادام شافیعی دەڵێت ناسیخ و مەنسوخ تەنیا بەڵگەی لە قورئاندا نییە، بەڵکو سوننەتیش بەڵگەی نەسخی تێدایە (ناسیخ و مەنسوخی قورئان بەڵگەیە لەسەر خۆی، هی سوننەتیش بەڵگەیە لەسەر خۆی) (لا113). ئیدی قورس نییە بزانین چۆن شافیعی بێ ئەوەی بزانێت یان بیەوێت چۆن لە ئاستی بەڵگەهێنانەوە بە قورئان دادەبەزێت بۆ حوکمدان بە سوننەت بەسەر قورئاندا و لەوێشەوە سڕینەوەی قورئان بە سوننەت). لێرەدا دوو بەڵگە دێنینەوە:

لە دەروازی «ناسخ و مەنسوخ بەڵگەی سوننەت و کۆدەنگی لەسەرە». شافعی دوو ئایەت لە ئایەتەکانی پێنج وەسێتەکە دێنێت، واتە ئایەتی 180 و 240 لە سورەتی (البقرة): (كتب عليكم اذا حضر احدكم الموت ان ترك خيرا الوصية للوالدين والأقربين بالمعروف... والذين يتوفون منكم و يذرون ازواجا وصية لازواجهم متاعا الى الحول غير اخراج)، وەك شافعی دەڵێت لێرەدا وەسێت بۆ میراتگر کراوە، ئایا دەکرێت وەسێت و میراتیش هەر بۆ کەسێك بێت؟ یان (ئایەتی میرات ئایەتی وەسێتی سڕیوەتەوە)؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا شافیعی دەڵێت: (کاتێک ئایەتەکان هەردوو ئەگەرەکە هەڵدەگرن، دەبێت زانایان لە قورئاندا بۆ بەڵگە بگەڕێن، کاتێکیش لە قورئاندا نەیاندۆزییەوە دەبێت لە سوننەتدا بۆی بگەڕێن، ئەگەر لە سوننەتدا دۆزییانەوە، ئەوە هەر شتێك لە پێغەمبەرەوە وەریبگرن هەر لە خوداوەیە، چونکە بەگوێکردنی پێغەمبەر واجیبە) (لا138- 139).

دەبینین لێرەدا شافیعی بە زۆر ئەو ئیشکالە دروست دەکات بۆ ئەوەی بەڵگەی لە سوننەتدا بۆ بێنێتەوە، لێرەدا هەوڵ دەدات جیاوازی بکات لە نێوان میرات و وەسێتدا،

وەك ئەوەی وەسێت لە غەیری میراتیشدا بکرێت، دەپرسێت: ئایا هەردووکیان پێکەوە وەردەگیرێن؟ یان «میرات وەسێت دەسڕێتەوە؟ «لێرەدا دەبینین بەزۆر مەسەلەی سڕینەوە دەخاتە ناو کۆنتێکستەکەوە کە هیچ پەیوەندییان پێوەی نییە، دەبینین ئەو دوو ئایەتە موحکەمە کە ماناکانیان تەواو وەک یەکە دەکاتە دوو ئایەتی ماناناڵۆز کە ماناکانیان نازانرێت، بەڵکو پێویستە لە دەرەوەی دەق بۆ ماناکانیان بگەڕێیت و دەلالەتێکی پێچەوانەی گوتراوی راشکاوی خۆیان بۆ بدۆزریتەوە.

دەبینی لێرەدا دەقێکی راشکاو لادەبرێت بۆ ئەوەی مانایەکی نادیار بخرێتە جێگەی، ئەوەش ئەو پرۆسەیەیە کە شافیعی ناوی دەنێت (سڕینەوە)، بۆ ئەوەی راستی قسەکەشی بسەلمێنێت لە دەقی قورئاندا بەڵگەی نییە، بەڵکو دەچێت لە فەرمودەوە بەڵگە دێنێت.

ئەوەی سەیرە شافیعی هەر بەوە واز ناهێنێت کە خوێنەر بخاتە ناو گێژاوی فەرمودەوە، بەڵکو لەوەش خراپتر ئەوەیە کە خوێنەر تەسلیمی حیکایەتخوانەکانی (مێژووی ژیاننامە و غەزاکان) دەکات، واتە ئەوانەی کە (لاوازترین خەڵکی خودان لە ئیماندا) وەک زانایان پێیان دەڵێن. بەڵکو زانایانی فەرمودە و فیقهـ و تەفسیر هەمیشە بە چاوی سووك سەیری حیکایەتخوانەکانی سیرەیان کردووە.

شافیعی دەڵێت (ئەهلی فەتوا و خەڵکانی شارەزامان لە قورەیش بینیوە لەوەدا رایان جیا نەبووە کە پێغەمبەر لە ساڵی فەتحی مەککەدا گوتویەتی (میراتگر وەسێتی بۆ ناکرێت)، ئەم قسەیەش حیکایەتخوانەکان دەمبەدەم گێراویانەتەوە، لەبەرئەوە گواستنەوەی گشتە بۆ گشت، ئەوەش بەهێزترە لە گواستنەوەی تاك بۆ تاك، هەروەها زاناکان لەسەر ئەو فەرمودەیە یەک دەنگن کە دەڵێت «هەندێک لە خەڵکی شام حیکایەتخوانەکان فەرمودەیەکیان گێراوەتەوە کە پچرانی تێدایە، بەڵام بە هۆی ئەوەی حیکایەتخوانەکان گێراویانەتەوە ئێمەش وەرمانگرتوە، سوفیان گێراویەتییەوە کە پێغەمبەر گوتویەتی (لاوصية لوارث)، بەڵام ئێمە بەڵگەمان بە گێرانەوەی حیکایەتخوانەکان هێناوەتەوە لەو بارەیەوە، کە وەسێت بۆ دایك و باوک و ژن ناکرێت) (لا139- 142).

**با ئەم دەقە بخەینە ژێر خوێندنەوەیەکی تەفکیکییەوە (هەڵوەشاندنەوە):**

1.بینیمان مالیک لە بەشی پێشوودا لە «الموطأ»دا ئەم قسەیەی وەك فەرمودە وەرنەگرتبوو، بەڵکو وەک کردەوەی خەڵکی مەدینە وەریگرتبوو.

2.بوخاری و موسلیم ئەم فەرمودەیەیان لە سەحیحەکانی خۆیاندا تۆمارنەکردوە، تەنانەت بوخاری کاتێك بەشێکی نووسیوە لەسەر ئەوەی (میراتگر وەسێتی بۆ ناکرێت) بە هیچ شێوەیەك باسی ئەو فەرمودەیەی نەکردوە.

3. (حیکایەتخوانی غەزاکان)، کە شافیعی دان بەوەدا دەنێت پشتی بەوان بەستووە؛ لای زانایان فەرمودە هیچ پشتیان پێنابەسترێت، بۆ نموونە ئیبن ئیسحاق و واقیدی، کە نوێنەری حیکایەتخوانەکان بوون لە گێرانەوەی فەرمودەدا هیچ ناوێکیان نییە، تەنانەت لە کتێبەکانی سوننەتیشدا لەدواییدا ناویان نەبووە.

4.لەوانەیە بەس نەبێت بڵێین (حیکایەتخوانەکان) بەهیچ جۆرێك جێی متمانەی ئەهلی فەرمودە نەبوون، بەڵکو تەنانەت سەرەکانیشیان (وەك ئیبن ئیسحاق و واقیدی) گومانلێکراو بوون و زۆربەی زانایان بە خراپ باسیانکردوون، بۆ نموونە (یحیی کوڕی معین) لەبارەی ئیبن ئیسحاقەوە دەیگوت (لاوازە و نەخۆشە و بەهێز نیە). هەروەها نەسائی دەڵێت (بەهێز نیە)، (ئیبن ابي عاتم) دەڵێت (بەهێز نییە و فەرمودەکانی لاوازن)، هیشام دەڵێت (ئەو نیازخراپە -واتە ابن اسحاق- درۆ دەکات)، (سلیمن التیمي) دەڵێت (ئیبن ئیسحاق درۆزنە)، (یحیی قطان) دەڵێت (شاهیدی دەدەم کە ئیبن ئیسحاق درۆزنە)، مالیک دەڵێت (ئیبن ئیسحاق یەکێکە لە دەجالەکان). (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل) کاتێک باسی (ئیبن ئیسحاق)یان کرد وتی (با بۆخۆی حیکایەت بنووسێت، بەڵام کە لە حەڵاڵ و حەرام قسەیکرد، دەبێت دەست بخەیتە گوێتەوە بۆ ئەوەی گوێت لێ نەبێت) [38].

لەبارەی واقیدییەوە بوخاری و رازی و نەسائی دەڵێن (فەرمودەکانی تەرک کراوە)، (دارەقوتنی) دەڵێت (لاوازە)، (ابن عدي) دەڵێت (فەرمودەکانی رەوان نیە)، ئیبن حەنبەل دەڵێت (واقیدی درۆزنە) [39].

5. (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل) لەبارەی حیکایەتخوانەکانەوە دەڵێت (ئێمە هەر کاتێك لەبارەی حەڵاڵ و حەرامەوە گێرانەوەمان بکردایە توندگیریمان دەکرد، بەڵام لەبارەی پاداشت و

زیکر و تەرغیب و تەرهیبەوە دەستمان سوک دەکرد، زۆربەی زانایان لەبارەی قسەی ئامۆژگاری و باسی زیکرەوە دەستیان شلکردوە هەروەها لەبارەی سیرەوە، لەو بوارانەدا شتانێک قبوڵ دەکرێت کە لە بواری حەلاڵ و حەرامدا قبوڵ ناکرێن، چونکە حوکمیان لێ وەرناگیرێت)[40].

بەڵام دەبینین شافیعی فەرمودەیان لێ وەردەگرێت و ئاسانکارییان لەگەڵ دەکات، کاتێك ئەو فەرمودەیەیان، نەك تەنیا لە پرسێکی پەیوەست بە ئەحکام (وەسێت و میرات)، بەڵکو لە پرسێکی گرنگتری وەك (لاهوت و ئیبستمۆلۆژیا) واتە سڕینەوەی قورئان بە سوننەتێک کە دەدرێتە پاڵ پێغەمبەر لەلایەن کەسانێکەوە کە تاوانبارەکرێن بە درۆکردن بە دەم پێغەمبەرەوە، واتە ئەهلی سیرە.

6.شافیعی بۆ ئەوەی گێرانەوەی حیکایەتخوانەکان بەهێزتربکات دەیەوێت بە فەرمودە پشتگیری بکات، هەرچەندە خۆی دەڵێت ئەو فەرمودەیە پچراوە (منقطع)[41]. شافیعی دەیەوێت فەرمودەیەکی تر لە ئەهلی شامەوە بگێڕێتەوە، بەڵام هەر خۆی دەڵێت ئەو فەرمودەیە کەسانی نەناسراوی تێدایە (مجهولن)، ئیدی بە پشتبەستن بە حیکایەتخوانەکان شافیعی دێت قورئان دەسڕێتەوە بە قسەی ئەوان، لەکاتێکدا ئایەتەکە موحکەمە و دەلالەتی راشکاوە.

7.شافیعی دەڵێت (ئەهلی فەتوا و حیکایەتخوانەکانی قورەیش هاوران لەسەر ئەوەی پێغەمبەر لە ساڵی فەتحی مەککەدا گوتویەتی (وەسێت بۆ میراتگر ناکرێت، موسوڵمانیش بە کافر ناکوژرێتەوە) (لا139). هەروەها دەڵێت (لای هەموو حیکایەتخوانەکانی سیرەت ئەوە هەیە کە لە خوتبەکەیدا ساڵی فەتح گوتویەتی «میراتگر وەسێتی بۆ ناکرێت» (الأم، بەشی 4، لا 114).

بابڵێین ئەم دوو جەختکردنەوەیەی شافیعی نەك لاوازی فەرمودەکە، بەڵکو هەڵوەشاوەیی فەرمودەکەشمان پێدەڵێن، یەکەم تێبینی ئەوەیە شافیعی ئاماژە دەکات بە هاورایی (ئەهلی فەتوا) سەبارەت بەوەی پێغەمبەر گوتویەتی (میراتگر وەسیتی بۆ ناکرێت) ئەم قسەیە گشتگیریەکی تێدایە کە لەگەڵ راستی مێژوودا ناکۆکە، بە تایبەت لە سەردەمی شافیعیدا، چونکە ناسراوترین ئەهلی فەتوا لەو سەردەمەدا کە بریتیە لە مالیک، شافیعیش باش مالیکی ناسیوە و ئاگاداری فەتواکانی بووە -چونکە هەر خۆی

لێکۆڵینەوەی تەواوی لەسەر فەتواکانی مالیک کردوە- وەک لە بەشی (ناکۆکیەکانی مالیک) دا دەردەکەوێت لە کتێبی «الأم»دا، بەڵام مالیک ئەوەی بە فەرمودە نەزانیوە، بەڵکو وەک کردەوەی خەڵکی مەدینە سەیریکردوە، هەربۆیە دەڵێت «سوننەت لای ئێمە کە ناکۆکی لەسەر نەبێت ئەوەیە کە ناشێت وەسێت بۆ میراتگر بکرێت، مەگەر میراتگرەکان خۆیان ڕێی پێبدەن» (الموطأ، 1497).

ئەگەر مالیک هاودەنگ بوایە لەسەرئەوەی (لاوصية لوارث) فەرمودەیە، ئایا ڕێگەی بەخۆی دەدا ئەو فەرمودەیە مەرجدار بکات، واتە میراتگرەکان بۆیان هەبێت ڕێگە بدەن بە وەسێتکار وەسێت بکات.

با ئێستا بێینە سەر کاتی فەرمودەکە، دەبینین شافیعی تەئکید لەسەر ئەوە دەکات کە پێغەمبەر لە ساڵی فەتحی مەککەدا ئەو فەرمودەیەی گوتوە، واتە ساڵی هەشتەمی کۆچی، بەڵام دەبینین هەموو حیکایەتخوانەکان دەڵێن لە وتاری ماڵاواییدا ئەو فەرمودەیەی وتوە، واتە ساڵی دەیەمی کۆچی، هەموو خاوەن مەسنەدەکانی تریش هەمان قسەیان کردووە، ئەم هەڵەکردنە کرۆنۆلۆژییە هاوکاتە لەگەڵ هەڵەیەکی تردا سەبارەت بە داڕشتنەوەی هەواڵەکە، چونکە شافیعی فەرمودەکە دەبەستێتەوە بە فەرمودەی (لايقتل مؤمن بكافر)، بەڵام ئەو پەرەگرافەی دووەم تەنانەت لەسەر زاری حیکایەتخوانەکانیش نەهاتووە، نە لە ساڵی فەتحدا و نە لە وتاری ماڵاواییدا، بەڵکو لە شوێنێکی تر و زەمانێکی تردا کەسانێکی تر گێراویانەتەوە.

لەوانە فەرمودەیەکە نەسائی دەیگێڕێتەوە (قەیسی کوڕی عەباد دەڵێت: لەگەڵ ئەشتەر چووین بۆ لای (عەلی کوڕی ئەبو تالیب، پێمان وت: ئایا پێغەمبەر هیچ شتێکی بە تۆ داوە کە بە خەڵکی تری نەدابێت؟ وتی: نەخێر تەنیا ئەوە نەبێت کە لەم نووسراوەدا هەیە نووسراوێکی لە کێلانی شمشێرەکەیدا دەرهێنا تیایدا نووسرابوو «موسوڵمان لە جیاتی کافر ناکوژرێتەوە») [42].

هەروەها تیرمزی دەگێڕێتەوە: (ابوجحیفە دەڵێت: بە عەلیم وت: ئەی ئەمیری باوەڕداران ئایا ئێوە شتێکتان لایە کە لە قورئاندا نەبێت؟ عەلی وتی: نە بەخودا، تەنیا ئەوە نەبێت کە لەم نووسراوەدا هەیە، وتم چی تێدایە؟ وتی: خوێنبایی، ئازادکردنی دیل و موسوڵمان لە تۆڵەی کافر ناکوژرێتەوە) [43].

بە گوێرەی ئەم دوو گێرانەوەیە بێت کە گێرانەوەیەکی تریشی لەسەرە لە مەسنەدی ئەحمەددا، ئەو دەقەی دراوەتە پاڵ پێغەمبەر لە نووسراوێکدایە لای عەلی نەك لە ساڵی فەتحدا یاخود لە کاتی وتاری ماڵئاواییدا، لە ساڵی دەیەمی کۆچیدا، بەڵکو لە سەردەمی خیلافەتی عەلیدایە، واتە لە نێوان 35 – 41ی کۆچیدا، ئەوەش ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەو دەقە بۆ ماوەی نزیکەی چل ساڵ دیارنەبووە و کاری پێ نەکراوە [44].

8.دەبوایە وتاری ماڵاوایی ناسراوترین دەق و سەلمێنراوترین دەق بوایە، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە مردنی پێغەمبەرەوە هەیە -بێگومان تراژیدیای مردنیش هەمیشە بنیاتنەری دەقە گەورەکانە- هەروەها لە ساڵی دەیەمی کۆچیدا ئەو وتارەی داوە لە کاتی تەواو جێگیربوونی ئیسلام لە دورگەی عەرەب و موسوڵمانبوونی دەیان سەرۆک خێڵ و شوێنکەوتووەکانیان.

لەڕاستیدا هیچ دەقێك نییە وەك دەقی وتاری ماڵئاوایی گێرانەوەی زۆر و هەمەچەشنەی لە بارەوە کرابێت، بەتایبەتی حیکایەتخوانەکان کە تەواو درێژیان کردۆتەوە. لە بەرامبەریشدا ئەهلی فەرمودە کورتیانکردۆتەوە، بۆ نموونە بوخاری و موسلیم تەنیا چەند شتێکی کەمیان لێ گێڕدراوەتەوە، خاوەن مەسنەدەکانی تریش هەمان شتیان گێراوەتەوە و چەند شتێکی تریان لێ زیاد کردوە. لێرەدا یەك نموونەی بچوک دێنینەوە سەبارەت بە جیاوازیی نێوانیان، هەموو حیکایەتخوانەکان ئەم بەشەیان باسکردوە لە حیکایەتەکانیاندا (الولد للفراش وللعاهر الحجر)، بەڵام زانایانی فەرمودە هیچ کامیان شتێکی وایان باس نەکردوە لەو وتارەدا، بەڵکو لە شوێنی تردا بەناوی عائیشە و ئەبوهورەیرەوە باسکراوە.

بەڵام کرۆکی جیاوازییەکە ئەو گوتەیەیە کە حیکایەتخوانەکان گێراویانەتەوە لەسەر زاری پێغەمبەرەوە گوایە گگوتویەتی (ایها الناس ترکت فیکم ما ان تمسکتم بە فلن تضلوا من بعده ابدا: کتاب الله و سنة نبیه) [45]. بەڵام ئیبن کەسیر و حەلەبی ئەم گێرانەوەیان بە شێویەکی تر هێناوە کە دەڵێت (ایها الناس... اني تارك فیکم الثقلین کتاب الله وعترتي اهل بیتي) [46]. بەڵام دەگوترێت کە ئیبن کەسیر و حەلەبی بێ ئاگاداری خۆیان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی واقیدییەوە، ئەو یەکەم کەس بووە ئەو گوتراوەی نووسیوەتەوە، بەڵام خەتیبی بەغدادی دەڵێت (واقیدی شیعە بووە)، بەغدادی لەوە

خۆی گێلدەکات کە تەنیا واقیدی نییە ئەو (عترتي) گێراوەتەوە -کە مانای ئالبەیتی پێغەمبەر دەگەیەنێت- لە جیاتی (سنتي)، بەڵکو لە نووسەرانی (مەسنەدەکان) و مێژوونووسەکانیشدا زۆری تر هەن وەك (ابن سعد) لە «الطبقات، ابن حنبل ترمذي، نەسائی، ابن ابي شيبة، سعيد بن منصور، ابوعەلی عبد بن عـيد، طبراني، حاكم، ابونعيم» [47]. بۆ نموونە (ترمذي) کە ئاشکرایە لە ئەهلی سوننەتە و خاوەنی یەکێکە لە کتێبە راستەکانی فەرمودە لە خوتبەی ماڵاواییدا ئاوا هێناویەتی (خەڵکینە: من دوو شتم بۆ جێهێشتوون گەر دەستیان پێوەبگرن وێڵ نابن، هەریەکیان لەوی تریان گەورەترە، پەیامی خودا و ئالوبەیتەکەم) [48].

ماوە بڵێین قۆستنەوەی ئایدیۆلۆژیانەی وتاری ماڵاوایی –لەگەڵ یاریکردن بە دەقەکەی- تەنیا لەلایەن شیعە و سوننەوە نەبووە، بەڵکو کۆمەڵێکی تریش یارییان تێداکردووە کە لە سەردەمی شافیعیەوە نەماون و پێیان دەگوترا قورئانیەکان، (مسلم) و (ابوداود) و (دارمی) لەسەر زاری ئەوانەوە گێراویەتییەوە «دەڵێت» خەڵکینە... شتێکم بۆ جێهێشتوون گەر دەستی پێوەبگرن هەرگیز سەرلێشێواو نابن... پەیامی خودا» [49].

لە ئاست ئەم هەموو جەنگە ئایدیۆلۆژی و ئەپستمۆلۆژیە کە بە دەوری وتاری ماڵاواییدا کراوە یان ئەوەی حیکایەتخوانەکان بەو ناوەوە گێراویانەتەوە، دەبێت پرسیار بکرێت: چۆن دەکرێت ئەم هەموو شتە تێپەڕیبێت، ئینجا چۆن دەکرێت شافیعی گێرانەوەی وای بەکارهێنابێت بۆ سڕینەوەی قورئان، واتە ئایەتی وەسێت، بێ ئەوەی لە ماوەی ئەم هەموو سەدان ساڵەدا کەسێک لێپێچینەوەی نەکردبێت لەو بارەوە، لەو کاتەوە کە ئیسلامی قورئان فۆرمولە دەکرێتەوە لە ئیسلامی ئەسحاب و تەنانەت شوێنکەوتووانیشدا، لە کودەتایەکدا کە تەواو لەو کودەتایە دەچێت کە قەشە پۆڵسی پەیامبەر لە مەسیحیەتدا کردی، کە بە دامەزرێنەری دووەمی مەسیحیەت دادەنرێت، ئەویش مەسیحیەتی ئینجیلی وەرچەرخاند بۆ مەسیحیەتی حەوارییەکان [50].

با بەڵگەیەکی تر بێنین لەسەر ئەوەی شافیعی رێگەی بەخۆیداوە قورئان بە سوننەت بسڕێتەوە (نەسخ بکات)، هەرچەندە وەک تیۆری دەڵێت (سوننەت قورئان ناسڕێتەوە) (لا106). لێرەدا حوکمی زیناکار دێنینەوە:

شافیعی دەقی ئایەتەکانی سورەتی (النساء) دێنێت: (والتي ياتين الفاحشة من نسائكم فاستشهدوا عەليهن اربعة منكم فان شهدوا فامسكوهن في البيوت حتى يتوفاهن الموت او يجعل الله لهن سبيلا. واللذان ياتيانها منكم فاذوهما فان تابا وأصلحا فأعرضوا عنهما) (سورة النساء: 15- 16). پاشان دەڵێت ئەو دوو ئایەتە بە ئایەتی سورەتی نور) سراونەتەوە کە باسی جەڵد لێدان دەکات لەجیاتی دەستگیرکردن و ئازاردان. (لا129).

هەرچەندە ئەم سڕینەوەیە سڕینەوەی قورئانە بە قورئان، بەڵام با بپرسین ئەرێ بەراست ئەمە سڕینەوەیە؟ شافیعی کاتێک بڕیار دەدات لەسەر ئەوەی کە حوکمی زیندانیکردن و ئازاردان گۆڕاوە بە جەڵد لێدان، ئەوە لە زەینی خوێنەر دەشارێتەوە کە هەر ئازاردانەکە خۆی بریتییە لە جەڵد لێدان، چونکە لەو کاتەدا جەڵد لێدان لای جولەکە شەریعەت بووە، پاش ئەوەی جولەکە ئیتر حوکمی بەردبارانکردنی زیناکاریان راگرتبوو کە لە تەوراتدا هەبووە، هەروەها ئەو ئایەتەی سورەتی (نور) تەنیا نەهاتووە، بەڵکو لە درێژەی چەندین ئایەتدا هاتوە (3- 21) لەو ئایەتانەدا دەردەکەوێت کە حوکمی جەڵدلێدان تەنیا لەسەر ئەوانە پیادەدەکرێت کە چوار شاهیدیان لەسەرە، بەڵام ئەگەر چوار شاهید نەبوو، ئەوە حوکمەکە رادەگیرێت[51] وەک لە حوکمی (اللعان- نەفرەتکاری)دا هاتوە لەنێوان ژن و مێردا.

بەڵام لەکاتێکدا ئێمە جارێ بەلامانەوە گرانە تەسلیمی سڕینەوەی قورئان بە قورئان بین، کەچی شافیعی رووبەرووی شتێکی قورسترمان دەکاتەوە کە بریتییە لە سڕینەوەی قورئان بە سوننەت، لەو بارەوە دەڵێت (خودا زیندانکردنی داوێنپیسی سڕییەوە بە 100 جەڵد بۆ کوڕ و کچ، (عوبادە کوڕی صامت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر گوتویەتی «لێم وەربگرن، لێم وەربگرن، خودا رێگەی بۆ کردنەوە: کوڕ و کچ 100 جەڵد و شاربەدەرکردنیان بۆ ماوەی ساڵێك، ژن و پیاویش سەد جەڵد و بەردبارانکردن»، کەسی خاوەن متمانە بۆی گێرامەوە کە (يونس بن عبيد) لە (حەسەن) لە (حطان القاشي) لە (عبادە بن صامت) بەهەمان شێوە، دەڵێم -واتە شافیعی- سوننەت بەڵگەیە لەسەر ئەوەی 100 جەڵد لەسەر کوڕ و کچی ئازاد -نەك کۆیلە- جێگیربووە، بەڵام بۆ ژن و پیاوی ئازاد سراوەتەوە، چونکە بەردبارانکردن لەسەریان چەسپاوە، چونکە پێغەمبەر دەڵێت «لێم وەربگرن...» بەمەش ئایەتی زیندانیکردن سرایەوە) (لا129- 132).

یەکەم تێبینی ئەوەیە کە ئەو فەرمودەیەی شافیعی بەڵگەی پێهێناوەتەوە فەرمودەیەکی تاکە (احادە) بەتەواوی، نەك تەنیا فەرمودەکە یەک کەسە، بەڵکو ئەوەش کە لە هاوەڵی گێراوەتەوە هەر یەکێکە، حەسەنی بەسری، ئەوەش لە حەسەنی گێراوەتەوە هەر یەک کەسە، یونس کوڕی عوبید، بەڵکو هەموو خاوەن مەسنەدەکانی تریش -واتە ئەحمد، ئەبوداود، (ئیبن ماجە و تیرمزی) هەموویان بە هەمان سەنەد گێراویانەتەوە، واتە لە (عبادە بن صامت)ـەوە[52]. لەبەرامبەردا دەبینی بوخاری فەرمودەکە دەرناهێنێت و پشتراستی ناکاتەوە، هەرچەندە بەشێکی نووسیوە بەناوی جەڵدی کوڕ و کچ و بەشێکیش بەناوی بەردبارانکردنی ژن و پیاو.

شافیعی بۆ ئەوەی ئەم گێرانەوە پشتراست بکاتەوە کە پچرانی تێدایە، لەبەرئەوەی حەسەنی بەسری عەبادەی نەبینیوە، دیارە کاتێک عەبادە مردووە حەسەن تەمەنی تەنیا دوانزە ساڵان بووە، لەبەرئەوە سەنەدێکی تری بۆ هێناوە، بەڵام نەیتوانیوە ئەو بۆشایی پچراندنە پڕبکاتەوە. لەوێدا (حطان) دەخاتە نێوان (عبادە) و (حەسەن)ـەوە، بەڵام کونێکی تر دەکاتە فەرمودەکەوە کە دەڵێت «کەسێک لە ئەهلی زانست»[53] بۆی باسکردم، ئەوەش لە زانستی فەرمودەدا پێی دەگوترێت ناروون (مبهم)، ئینجا ئەوانەی دوای شافیعی دێن دەیانەوێت ئەو بۆشاییانەی شافیعی پڕبکەنەوە، وەك ئەوەی (ابو العباس الاصم) دەڵێت «لە سليمان بن الربيع»م بیستوە دەڵێت: هەرکاتێك شافیعی وتی (اخبرني الثقة) ئەوە مەبەستی یەحیای کوڕی حەسانە)[54]، بەڵام دیسان ئەو بۆشاییەش پڕناکاتەوە چونکە (یونس بن عبید) کە بڕیار وایە (یەحیا کوڕی حسان) گێرابێتییەوە لە ساڵی (139ک) مردووە، لەکاتێکدا یەحیا خۆی لە ساڵی (144ک) لەدایکبووە، واتە پێنج ساڵ پاش مردنی یونس لە دایکبووە[55]، ئەوەی شایەنی باسە زۆرینەی ئەهلی تەفسیر و فیقهـ ئەو فەرمودەیەی عوبادە ڕەتدەکەنەوە، نەك تەنیا لەبەر سەنەدەکەی، بەڵکو لەبەرئەوەی لەگەڵ گێرانەوەکانی تردا پێچەوانە دەبن، چونکە عوبادە جەڵد لێدان و بەردبارانکردنی پێکەوە کۆکردۆتەوە، بەڵام گێرانەوەکانی تر دەڵێن کە پێغەمبەر (بەردبارانیکردوە بەڵام جەڵدی لێنەداون)، تەبەری کاتێک تانە لەو گێرانەوەیەی عوبادە دەدات دەڵێت (ڕاسترین قسە بۆ لێکدانەوەی ئەو ئایەتە «أو يجعل الله لهن سبيلا» ئەو قسەیەیە کە دەڵێت «ئەو

دەرچەیەی خودا کردوویەتیەوە بۆ ژن و پیاو بەردبارانکردنە تا مردن «بێ جەڵد لێدان»، لەبەر راستی ئەو هەواڵەی لە پێغەمبەرەوە دەگێڕنەوە کە رەجمی کردووە، بەڵام بێ جەڵد لێدان... ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە بڵێین هەواڵی ئەوەی جەڵد و بەردبارانی پێکەوە کردوە گێرانەوەیەکی لاواز و بێ بنەمایە) [56].

لەراستیدا ئیشکالی تاک سەنەدی فەرمودەی بەردبارانکردن و ئەو پچران و ناروونییەی لە سەنەدەکەیدایە شتێکی شەکلییە، ئێمە بۆ ئەوە باسمانکرد تا بڵێین تەنانەت ئەو فەرمودەیە مەرجەکانی ئەهلی فەرموده خۆشیانی تێدانییە، چونکە سەنەد لە دواجاردا هەر میکانیزمێکی وەهمهێنەرە و هیچی تر. تەنیا قەناعەت بەوانە دەکات کە خۆیان پێشوەخت قەناعەتیان هەبووە، ئەو میکانیزمەش لەدوای سەدەی دووەمەوە دادەهێنرێت بۆ تێپەراندنی فەرمودە، بێ ئەوەی گوێبدرێت بە ناوەڕۆکەکەی و ئاستی لۆژیکیبوونی ناوەڕۆك، لێرەدا گرنگ ئەوەیە بڵێین ئەو فەرمودەیەی شافیعی هێناویەتی «واتە فەرمودەی بەردبارانکردن» بۆ ئەوەی قورئانی پێبسڕێتەوە، نموونەیەکی باشمان دەداتێ سەبارەت بە شەرعاندنی ئیجتیهادی دژ بە قورئان چ لەرووی ناوەڕۆکەوە چ لەرووی فۆڕمەوە، تەنانەت لەرووی لەفزیشەوە دژە بەو ئایەتانەی کە موحکەمن و هیچ لێکدانەوەیەک هەڵناگرن. ئایەتی ئەحکامیش بە گوێرەی شافیعی خۆی هیچ (متشابیهێک) هەڵناگرێت.

گومانی تێدانییە کە شافیعی خۆی دەیزانی سڕینەوەی ئایەتی جەڵد بە فەرمودەی بەردبارانکردن سەرپێچییە، بەڵکو بەرکەوتنە لەگەڵ دەقی قورئان خۆیدا، هەربۆیە دەبینین زۆر بەتوندی ئەو فەرمودەیە رەتدەکاتەوە کە لەسەر زاری پێغەمبەرەوە وتراوە (هەرچییەکتان لە منەوە پێگەیشت بەراوردیبکەن لەگەڵ قورئان، ئەوەی لەگەڵ قورئان بگونجێت وەریبگرن، ئەگەرنا رەتیبکەنەوە من نەمگوتوە)، هەروەها داکۆکیکردنی گەرمی لەو گوتراوەی دیسان بەناوی پێغەمبەرەوە وتراوە (نەبینم کەسێکتان لەسەر جێگەکەی پاڵبداتەوە فەرمانێکی منی پێدەگات لە ئەمر و نەهی بڵێت: نازانم، ئەوەی لە قورئاندا بینیمان شوێنی دەکەوین). بەهەرحاڵ کام لەو دوو فەرمودەیە راستن؟ بەلای ئێمەوە هیچیان راست نین، چونکە بەرهەمی ئەو ململانێ ئایدیۆلۆژییەن کە لەو سەردەمەدا لەنێوان قورئانگەراکان و سوننەتگەراکاندا هەبووە،

ئەوە دەبوو یەکەمیان راستتر بێت لە دووەمیان، چونکە یەکەمیان پێغەمبەر وەک شەرعبۆدانراو دیاریدەکات لەکاتێکدا دووەمیان نەك تەنیا دەسەڵاتی شەرعدانان دەداتە دەست پێغەمبەر، بەڵکو رێگەی پێدەدات شتێک بۆ خەڵک دابڕێژێت کە قورئان باسی نەکردووە، یان تەنانەت پێچەوانەی قورئانیشە، لەکاتێکدا لەسەر زاری پێغەمبەرەوە گوتەیەک دێنن، ئەو گوتەیەی شافیعی دەیکاتە بەڵگە بۆ ئەوەی وشەی حیکمەت لە قورئاندا یەکسان بکات بە سوننەت، دەڵێت (شتێکم جێنەهێشتوە خودا فەرمانی پێکردبێت و من فەرمانم پێنەکردبێت، شتێکیشم جێنەهێشتوە خودا نەهیکردبێت و من نەهیم لێنەکردبێت).

بەڵام لەبەرئەوەی وەڵامدانەوە و بەرپەرچدانەوەی فەرمودە بە فەرمودە دەروازەیەك دەکاتەوە کە ئیدی داناخرێتەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی تۆمارکراوی فەرمودە رۆژانە کەڵەکە دەبوو لەگەڵیشیدا ئەو زانستانە فراوان دەبوون کە لە دەوروبەریدا بەرهەمدەهێنران لەماوەی زیاتر لە هەزار ساڵدا، تا وایلێهاتوە فەرمودە بۆتە گێژاوێکی مەعریفی بێ وێنە لە مێژووی ئەو کولتوورانەی بە دەوری دەقێکی پیرۆزدا دروستبوون، لەبەرئەوە با قسەکانمان کورتبکەینەوە لە شافیعیدا کە توێژەرانی سەردەمیش -وەك رازی- دەڵێن یەکەم گوتەیەکی تیۆرییە لەبارەی فیقهـ و بنەماکانی فیقهەوە نووسرابێت.

لەراستیدا هەر شافیعی خۆی تووشی سەرسوڕمانمان دەکات کاتێک هەر خۆی گوتەکانی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە کاتێک دەچێتە بواری پراکتیزەکردنی گوتە تیرۆرییەکانیەوە لەبارەی ناسخ و مەنسوخەوە، شافیعی چەندین جار دەڵێت (سوننەتی پێغەمبەر هەرگیز پێچەوانەی گوتەی خودا نابێت) (لا 198)، هەروەها دەڵێت (سوننەت شوێنکەوتەی قورئانە... هەرگیز پێچەوانەی نابێت) (لا 146)، هەروەها (سوننەت بۆی نییە پێچەوانەی قورئان بێت، تەنیا دەبێت شوێنکەوتەی قورئان بێت) (لا 223)، هەروەها (حوکمی خودا و پێغەمبەری خودا هەرگیز جیاواز نابن) (لا 104)، هەروەها (ئەو کەسەی گوتەیەک لە پێغەمبەرەوە وەربگرێت ئەوە لە خوداوە وەریگرتووە) (لا33)، لەگەڵ ئەمانەشدا کەچی دەبینین شافیعی رێگەدەدات بەوەی حوکم بە غەیری فەرمانی خودا بکات کاتێك دەیەوێت فەرمودەکەی عوبادە کارا بێت لە مەسەلەی زینادا، فەرمان دەکات بە بەردبارانکردنی ژن

و پیاو لەجیاتی جەڵد لێدان، هەروەها لە سزای کوڕ و کچدا دەربەدەرکردنی ساڵێکیشی بۆ زیاددەکات. کە ئەوەش پێچەوانەی حوکمی قورئانە، بەمەرجێك ئەو ئایەتە هەر بەلای شافیعی خۆیەوە دوا ئایەتە لەو بارەوە هاتبێت، واتە موحکەمە و نەسراوەتەوە، چونکە (ئەو ئایەتەی دواجار دێت ئەوانەی پێش خۆی دەسڕێتەوە). وەك شافیعی خۆی دەڵێت لە هەمان شوێندا کە فەرمودەکەی عوبادە دێنێت لە (كتاب اختلاف الحديث) [57].

لە «الأم»دا دەڵێت (سوننەتی پێغەمبەر بەڵگەیە لەسەر ئەوەی سەد جەڵد جێگیرە لەسەر کوڕ و کچ، بەڵام سەبارەت بە ژن و پیاو سڕاوەتەوە، چونکە گوتەی پێغەمبەر (لێم وەربگرن، لێم وەربگرن، خودا دەرچەی بۆ ژنان کردەوە، کچ و کوڕ سەد جەڵد و دەربەدەرکردنی یەک ساڵ، ژن و پیاو سەد جەڵد و بەردبارانکردنیش)، ئەوە دواشتە کە دابەزیبێت و بەمە حوکمی دەستبەسەرکردن و ئازاردان سڕایەوە) [58] (لا 131- 132).

شایەنی باسە ئەوە تەنیا شافیعی نییە کە فەرمودەی بەردبارانکردن بە دابەزێنراو لە خوداوە ناودەبات، بەڵکو (عوبادە کوڕی صامت) کە فەرمودەکەی گێراوەتەوە -یان بەناویەوە گێڕدراوەتەوە- دەڵێت «ئەو فەرمودەیە وەک سروش دابەزیوە بۆ پێغەمبەر»، گێرانەوەکەی لای موسلیم دەڵێت (پێغەمبەر کاتێک سروشی بۆ دادەبەزی نارەحەت دەبوو رەنگی تێکدەچوو، رۆژێک سروشی بۆهات و ئەو حاڵەتەی بەسەردا هات، پاش ئەوەی سروش کۆتاییهات وتی: لێم وەربگرن...) [59]. بۆ ئەوەی مافی تەواو بدەین بە هەڵاوسانی ئەو فەرمودەیە دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە نەك پێچەوانەیە لەگەڵ حوکمی قورئاندا، بەڵکو لەگەڵ رۆح و فەلسەفەی قورئانیشدا پێچەوانەیە.

سەرەرای ئەوەی حکومی جەڵدی گۆڕیوە بە بەردبارانکردن – کەئەمەش رێگە خۆش دەکات بۆ ئەوەی تیۆری سڕینەوەی قورئان بە سوننەت بێتە بوون- سەرەرای ئەوەش حوکمێکی تری داهێناوە کە هێندی کوشتنەکە قورسە لە کۆمەڵگەی خێڵەکیدا، وەك کۆمەڵگەی حیجاز لەو کاتەدا: شاربەدەرکردن. ئەوە قورسترین سزایەکە کۆمەڵگەی خێڵەکی بیدات، وەدەرنانی کەسێك لە ناو خێڵ، بەڵام ئەم سزایە تەنیا بەسەر نێرەکاندا پیادەدەکرا و مێینەی نەدەگرتەوە، کەچی ئەو فەرمودەیە بە سەرمێینەشدا پیادەی دەکات.

هەرچەندە سنووورداری کردوە بە ساڵێك. پرسیارەکە لێرەدایە: چۆن سزایەکی ئاوا لە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکیدا پیادە دەکرێت بەسەر کچۆڵەیەکدا کە تازە زینایکردووە؟ چونکە شاربەدەرکردنی کچێك لەو کاتەدا تەنیا دەیکاتە مێینەیەکی خراپ و بەدڕەفتار، وەك ئەوانەی لە سەردەمی جاهیلیدا پێیان دەووترا (خاوەن ئاڵاکان)، چونکە ئەوانیش هەر دەربەدەر و غەریبەکان بوون کاری خراپیان دەکرد. چۆن دەشێت شەرع ڕێگە بدات کچێك کە هەڵەیەکی کردوە، جارێک زینایکردوە، کەچی شەرع بیکاتە زیناکاری ڕەسمی؟[60].

بەهەرحاڵ مادەم ئێمە لێرەدا باسی سزای دەربەدەرکردنی ساڵێک دەکەین بۆ کچۆڵەیەک کە زینای کردوە، تێبینی ئەوەش دەکەین هەر گوتەی فەرمودەکە خۆی ناڕێکی تێدایە، لەم فەرمودەیەدا وا دەردەکەوێت کە پێغەمبەر سزاکانی تایبەتکردوە بە مێینەوە نەک نێرینەش، (لێم وەربگرن، خودا دەرچەی بۆ ژنان کردەوە - خذوا عني قد جعل الله لهن سبيلا)؟ بۆ ژن تایبەت دەکرێت لێرەدا؟ تۆ بڵێی هەر ئەوە نەبێت کە ئەو کەسەی فەرمودەکەی داڕشتوە سەر بە کۆمەڵگەیەکە کە تەنیا سزای مێینە دەدات و نێرینە سزا نادرێت. ئەو کەسە سەر بە کولتوورێکە کە هەموو شارستانێتیە کۆنەکان تێیدا بەشدارن، کە تاوانی زیناکردن تەنیا تاوانێکی مێینەییە نەك نێرینەیش بێت؟[61]، ئینجا هەر دەستەواژەی «قد جعل الله لهن سبيلا»، ڕاستەوخۆ گوتە قورئانیەکەیە لە سورەتی النساء (واللاتي يأتى الفاحشة من نسائكم فاستشهدوا عليهن اربعة منكم فان شهدوا فامسكوهن في البيوت حتى يتوفاهن الموت أو يجعل الله لهن سبيلا)، سەرەرای هەڵوەشانەوەی حوکمی ئایەتەکەش ئەو دەستەواژەیە کە لە سەرزاری پێغەمبەرەوە دەگوترێت دیسان دەسکاریکردنی پرەنسیپی تیۆلۆژیی قورئانییە، چونکە تیۆلۆژیای قورئان لەسەر ئەوە بەندە کە خودا توانای رەها و زانستی رەها و ئەزەلیە، بەڵام داڕشتنی فەرمودەکە وا دەردەخات کە خوادا زانستی لەوەپێشنەبووە و ئێستا بۆی دروستبوە[62]. ئەمە وایدەردەخات کە خودا لەکاتی دابەزینی ئایەتی یەکەمدا نەیزانیوە چی بڵێت ئەو دەرچەیە چییە کە پێویستە بیکاتەوە بۆ ژنانی خراپەکار، بەڵام دواجار لەگەڵ دابەزینی فەرمودەکەدا زانیویەتی، لەگەڵ ئەوەشدا مانای «سبیل» لە قورئاندا واتە دەرچەیەک بۆ دەربازبوون لەو حاڵەتە، بەڵام «سبیل» لە فەرمودەکەدا واتە «دەرچەیەك بۆ تیاچوون» جەڵد و شاربەدەرکردن، یان جەڵد و بەردبارانکردن تامردن[63].

خراپتر لە سڕینەوەی حوکمی زینا وەک لە قورئاندا هاتووە ئەوەیە ئەم فەرمودەیە فەلسەفەی سزادان لە قورئاندا دەسڕێتەوە، چونکە بەرزترین پرەنسیپی سزادان لە قورئاندا بۆ بنیاتنانی ژیانە (ولكم في القصاص حياة) (البقرة: 179). بەڵام فەلسەفەی بەردبارانکردن تەنیا مەرگهێنانە و هیچی تر، تەنانەت (سیوطي) کە خۆی شافیعی مەزهەبە دەڵێت «بەردبارانکردن-رجم- لەرووی گوتە و مانا و پیادەکردنەوە هێند قێزەونە تەنانەت خوێندنەوەی لە قورئاندا سراوەتەوە»، بەڵام (فەرمودە نەك ئەوەی قورئان خۆی لاداوە لەناوهێنانی لەبەر قێزەونیەکە -وەك (سیوطي) دەڵێت- بەڵکو بە گێرانەوەی حوکمی بەردباران و گوتەی (رجم) هەر پڕەنسیپێکی لێبووردەیی ڕێژەیی لە قورئاندا هەڵوەشاندەوە لە ئاست مەسەلەی زینادا. ئەوەش مەبەستمان بوو لە رێسای: (رقهەڵهێنانی قورئان و داخستنی دەرچەکانی) لەسەر دەستی شافیعی و هەموو ئەوانەدا کە دوای شافیعی شوێن پێی ئەویان هەڵگرتووە لە گۆڕینی ئیسلامی قورئان کە کراوەیە بۆ ئیسلامی سوننەت و پاش ئەویش ئیسلامی فیقهی بە دەقە داخراوەکانی و حوکمە رەقهەڵاتووەکانیەوە کە ئیتر هەموو دەرگاکان دادەخات لەبەردەم تەوبەکردندا.

لەراستیدا ئەوەی بێدەنگیی لێکراوە تەنیا سەبارەت بە مقەستەکەی دەستی شافیعی کە لەقورئاندا خسویەتیەگەڕ تەنیا لە حوکمی زیناکەدا نییە، بەڵکو دیالەکتیکی پەشیمانبوونەوەی مرۆڤ و رەحمەتی خوداییشە کە لە زیاتر لە 200 ئایەتی قورئاندا باسکراوە، چونکە شافیعی کاتێک حوکمی دەستبەسەرکردن و ئازاردان و جەڵد لێدان -کە بە پێوەری ئەو سەردەمە لێبووردەبوو ئەگەر دڵڕەقی سەردەمی بیاباننشینی و کۆمەڵگەی پێغەمبەرایەتی بەتایبەت لەو سەردەمەدا بزانین- گۆڕینی ئەمانە هەمووی بە میکانیزمی رەجمکردن تامردن ئیدی دیالەکتیکی پەشیمانبوونەوە و میهرەبانی خوداشی راوەستاندووە، سەبارەت بە رەجمکراو ژیان و تەوبەی لێسەندۆتەوە، سەبارەت بە رەجمکاریش ئیدی دڵێکی ئاسنینی پێدەبەخشێت، غەریزەی سادیی تێردەکات بێئەوەی هەست بە تاوان بکات، ئەو غەریزەیەی کە لە سەردەمی پێش مێژووەوە بۆ مرۆڤ ماوەتەوە.

با بگەڕێینەوە بۆ سەر ئایەتی (دەستبەسەرکردن و ئەزێتدان) کە شافیعی بە مەنسوخ باسیدەکات، تابزانین ئەوەی کە لێکۆڵەرێکی ئەم سەردەمە ناوی دەنێت (تاوانی شافیعی) [64]، تەنیا لەسەر ئاستی سڕینەوەی حوکمی زینادا نییە، بەڵکو پێش

ئەوە لەسەر ئاستی سڕینەوەی پرەنسیپی لێبوردەیی تاوانیکردوە (و اللذان یاتیانها منکم فاذوهما فان تابا واصلحا فاعرضوا عنهما) (النساء: 16)[65].

بەهەرحاڵ، بانگەشەی شافیعی بەوەی کە ئایەتی جەڵد لێدان سڕاوەتەوە، لە لایەکی ترەوە ڕووبەڕووی بەربەستێکی گەورەتر دەبێتەوە لە قورئاندا، هەرچەند ئەو لەسەری رادەوەستێت، بەڵام بێئەوەی چارەسەری بکات جێی دێڵێتت. ئایەتی (25) لە سورەتی (النساء) –کە لەو سورەتانەیە لەدوا قۆناغدا دابەزیون- باس لەوە دەکات کە باوەڕدارە کەنیزەکەکان -کەنیزەکی جەنگ- ئەگەر کاری بێئابروویيان کرد، پاش ئەوەی شوو دەکەن بە پیاوانی موسوڵمان، (فعلیهن نصف ماعلی المحصنات من العذاب)، تەنانەت شافیعی خۆیشی تێبینی ئەوەی کردوە کە بڕی (نیوە) تەنیا لە جەڵددا دەبێت، بەڵام ڕەجم کە بریتییە لە مردن دابەش ناکرێت) ئەمە لە بەشی (سڕینەوەی قورئان بە قورئان)(لا132). بەڵام بەپێچەوانەی لۆژیکەوە لە بری ئەوەی لەم ئایەتە ئەوە تێبگات کە ئەو ئایەتە تەواوکەری ئایەتەکەی تری سورەتی (نور)ـە: (الزانیة والزاني فاجلدوا کل واحد منهما مئة جلدة)، ئەوەش واتە کەنیزەکی شوکرد و تەنیا نیوەی ئەو سزایە دەدرێت کە ژنی ئازاد دەیدرێت، واتە پەنجا جەڵدە، ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێت کە سزای زینا لە هەردوو حاڵەتەکەدا هەر جەڵدە کە دەشێت بەشبەش بکرێت، نەك ڕەجم کە بەش ناکرێت. بەڵکو دەبینین بەزۆر سووردەبێت لەسەر ئەوەی ئەو ئایەتە سڕاوەتەوە بە فەرمودە بۆیە دێت تەفسیرێکی زۆر دوور لە لۆژیکەوە بۆ ئەو ئایەتە دەکات. ئەو دەڵێت (احصان) لێرەدا بە مانای شووکردن نایەت، بەڵکو بەمانای (موسوڵمانبوون دێت، هەرچەند شافیعی خۆی دەڵێت «احصان» بە زۆر مانا دێت(لا136)، بەڵام دەبینین نەك تەنیا یاری بە گوتراوی ئایەتەکە دەکات کاتێک دەڵێت (فادا احصنن فان اتین بفاحشة فعلیهن نصف ماعلی المحصنات من العذاب- واتە کاتێک موسوڵمان دەبن نەك کاتێک شوودەکەن و لە دوای شووکردن زینا دەکەن) (لا136).

جا تاکو ئەو گەمەکردنە بە گوتراوی ئایەتەکە و مانای «احصان»مان بۆ دەربکەوێت پێویستە تەواوی ئایەتەکە ببینین: (ومن لم یستطع منکم طولا ان ینکح المحصنات المؤمنات

فمما ملكت ايمانكم من فتياتكم المؤمنات والله اعلم بايمانكم بعضكم من بعض، فانكحوهن باذن اهلهن وآتوهن اجورهن بالمعروف محصنات غير مسافحات ولا متخذات اخدان، فاذا احصنن فان اتين بفاحشة فعليهن نصف ماعلى المحصنات من العذاب ذلك لمن خشي العنت منكم وأن تصبروا خير لكم والله غفور رحيم). ئاشكرایە ئایەتەکە بە رەهایی باسی کەنیزەک ناکات، بەڵکو باسی کەنیزەکی ئیماندار دەکات –واتە موسوڵمان- ئەگەر (احصان) لێرەدا مانای «موسوڵمانبوون»ی گەیاندبایە ئەوا دەبوو دەستەواژەی «فاذا احصنن» زیاد بکرێت، چونکە ئەسڵەن ئەوان خۆیان موسوڵمانن واتە بە گوتەی شافعی (محصن)ن بە ئیسلام، پاشان سەرنجدەدەین (احصنن) بە شێوەی بکەر نادیار «مبني للمجهول» هاتوە، خۆ ئەگەر «احصان» مانای «ئیسلام» بوایە ئەوە دەبوو بە بکەر دیار بێت (مبني للمعلوم)، بەڵام مادەم بە بکەر نادیار هاتووە ئەو ئاشکرایە مەبەست (پارێزراوبوونیان بە مێرد)، لەبەرئەوە لێکدانەوەکەی شافیعی تەواو پووچ دەبێتەوە کە «احصان» بە (مانای موسوڵمان بوون بێت نەك شووکردن).

سووربوونی شافیعی ئاشکرایە لێرەدا کە بۆچی (احصان) بە مانای موسوڵمانبوون لێکدەداتەوە نەك شووکردن، لەگەڵ ئەوەشدا روونە کە خولگەی ئایەتەکە لەسەر مەسەلەی شووکردنە، چونکە ئەگەر ئەو کەنیزەکانەی کاری خراپیان کردووە ژن بن واتە مێردیان هەبێت، ئەوە دەبوو بە گوێرەی فەرمودەی رەجم ئەوانیش رەجم بکرێن، بەڵام کاتێک ئایەتەکە سزای زیناکاری کەنیزەکی شووکردوو دەکات بە نیوەی زیناکاری شووکردووی ئازاد، ئەوە مانای وایە ئایەتەکە سزای جەڵد لێدان دەسەلمێنێت نەك بەردبارانکردن، وتنی ئەم راستییەش بەلای سوننەتگەرایەکی وەك شافیعیەوە ناکرێت و ناشێت مەگەر ئەوکاتە نەبێت گریمانەی ئەوە بکات کە حوکمی کەنیزەکی مێرددار وەک حوکمی کچی ئازاد وایە نەك حوکمی ژن، ئەو دەرچەیەش هیچ رێگەیەکی لێکدانەوەی بۆ ناچێت، تەنیا ئەوە نەبێت کە (احصان) لەو ئایەتەدا بەمانای موسوڵمانێتی لێکبدرێتەوە نەك مێرداری.

لەوانەیە هەر لەبەرئەوەش بێت کە شافیعی کاتێک ئایەتەکە دێنێت بە پچراوی دەیهێنێت و تەواوی ناکات، بەڵکو پچراندنێك لە سیاقی ئایەتەکە و دەقەکەیدا دەکات،

ئەوەش کە هێناویەتی دەستپێشخەرییەکی تێدا کردوە دەڵێت «گوتەی خودا لەبارەی کەنیزەکەوە»، بەوەش مانای سەرەتای ئایەتەکە بزر دەکات کە خودا باسی هەموو کەنیزەک ناکات، بەڵکو باسی کەنیزەکی موسوڵمان دەکات کە بەهۆی شووکردنەوە پارێزارون [66].

تەنانەت ئەگەر لەگەڵ شافیعی ڕۆیشتین لەو دەرچەیەی دۆزیویەتییەوە، بەتایبەت کە هەندێک خوێندنەوە وشووەی (احصنن)یان بە بکەر دیار «مبني للمعلوم» خوێندۆتەوە، بەڵام هەر دوا بەشی ئایەتەکە باسی ئەوە دەکات کە (عليهن نصف ما على المحصنات من العذاب)، لێرەدا هیچ گومانێك نامێنێت کە سزای خراپەکاران ژنانی ئازاد تەنیا جەڵدە، نەك ڕەجم، چونکە ڕەجمکردن وەک شافیعی خۆی دەڵێت «نیوەی نیە».

**ب- سڕینەوەی سوننەت بە سوننەت**

وادیارە میکانیزمی ناسخ ومەنسوخ لای شافیعی لە ئاستێکدا ڕاناوەستێت، بەڵکو وەك ئامرازێکە بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە، پاش ئەوەی قورئانی بە قورئان سڕییەوە کاتێک دەڵێت ئایەتی دووەمی سورەتی (نور) دوو ئایەتەکەی سورەتی (النساء) دەسڕێتەوە، پاش ئەوەی قورئانی بە سوننەت سڕییەوە، ئینجا دێت و سوننەت بە سوننەت دەسڕێتەوە، یان سوننەتی گوتراو بە سوننەتی کردارەکی دەسڕێتەوە. کاتێک جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ڕەجمکردنی کردارەکی پێغەمبەر گوتراوی ڕەجمی زارەکیی سڕیوەتەوە. ڕێسای ناسیخ و مەنسوخ کە بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە، مەبەست لەوەیە دوا دەق کە هاتووە دەقەکانی پێش خۆی دەسڕێتەوە، ئیدی قورئان بێت یان فەرمودە، ئەم گەمەیەش هەمیشە میکانیزمی ناسیخ و مەنسوخ؛ یان ئەو کەسەی بەناوی ناسیخ و مەنسوخەوە کاردەکات، تەحەکومی پێوە دەکات، چونکە ئەگەر هەندێك دیکۆمینتی مێژوویی هەبێت بۆ دیاریکردنی کاتەکانی دابەزینی هەندێك ئایەت، ئەوا ئەو دیکۆمێنتە سەبارەت بە فەرمودە هەر بوونی نییە. بەتایبەت کە دەزانین تۆمارکردنی فەرمودە دوای 150 ساڵ لە تۆمارکردنی قورئان دەستپێکردووە.

ئێستا با ببینین شافیعی چۆن لەرێگەی پەرەسەندنەکانی مەسەلەی زیناوە دوا ئەڵقەی ئەم گەمەی ناسیخ و مەنسوخە ئەنجامدەدات.

پاش ئەوەی وتی پێغەمبەر گوتویەتی (لێم وەربگرن...) ئەوە (دوا شت کە دابەزیبێت و دەستەبەسەرکردن و ئازاردانی سڕیوەتەوە)، ئێستا بڕگەیەکی تازە دەکاتەوە دەڵێت:

(کاتێك پێغەمبەر ماعزی بەردبارانکرد و جەڵدی لێنەدا، هەروەها ئەنیسی نارد بۆ بەردبارانکردنی ژنەکەی ئەسلەمی، ئەگەر دانی پێدانا بەردبارانی بکات، ئەوە بەڵگەیە بۆ ئەوەی جەڵدلێدان سڕاوەتەوە لەسەر ژن و پیاوی ئازادی زیناکار، بەڵام بەردبارانکردنیان لەسەر سەلمێنراوە، چونکە هەر شتێك لەدوای شتەکانی تر هات ئەوە دوایینەیە) (لا132).

لێرەدا دیارە بابەتی سڕینەوەکە (النسخ) ئەمجارەیان چیە، بە گوێرەی فەرمودەکەی (عوبادە) بێت سزای ژن و پیاو سەد جەڵد و بەردبارانکردن بوو، بەڵام سوننەتی کردەیی پێغەمبەر ئەوە بوو کە (ماعزی ڕەجم کرد بەڵام جەڵدی لێنەدا)، هەروەها کاتێک ژنەکەی ئەسلەمی ڕەجم کرد و جەڵدی لێنەدا کەواتە حوکمی جەڵد لێدان سڕاوەتەوە و تەنیا حوکمی بەردباران کردن ماوەتەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە پێغەمبەر خۆی جەڵد و ڕەجمی دانابوو وەك سزا، بەمەش دەردەکەوێت -وەك شافیعی دەڵێت- کە سونەتی کردارەکی سوننەتی زارەکی دەسڕێتەوە، لەکاتێکدا ئەو سوننەتەی تر قورئانی سڕیبۆوە وەک بینیمان، ئێستا با هەڵوێستەیەک بکەین لەسەر چیرۆکی ماعز و ژنەکەی ئەسلەمی، دەبینین بەراستی هەر بەمانای وشە چیرۆکە، با درێژیەکەی ببینین:

یەکەم سەرنج لە ڕووداوی ئەو دوو ڕەجمکراوە، واتە ماعز و ژنەکەی ئەسلەمی، ئەوەیە کە لە کتێبەکانی مێژوو و سیرەتدا نەهاتووە، هەرچەندە دەبوو لە سیرەت و مێژوودا وەک یەکەم ڕەجم باس بکرایە. بێجگە لەوەی ڕەجم ڕووداوێکی بەرچاوە ئەگەر بەراستی ڕووی بدایە دەبوو شوێنێکی گرنگ داگیربکات لە تۆماری ڕووداوەکان و یادەوەریی خەڵکدا.

لەبەرامبەریشدا ماعز کوڕی مالیک کە لە کتێبەکانی سیرە و مێژوودا هەر ناوی نییە، کەچی لە کتێبەکانی فەرمودە و فیقهدا تەواو ئامادەیە، ئەو ئامادەبوونەش هیچ ئامانجێکی نییە تەنیا شەرعاندنی حوکمی بەردبارانکردنەکە نەبێت کە هیچ ڕەواییەکی نییە لە دیدی دەقی قورئانەوە.

بەڵام هیچ شتێک هێندەی جیاوازی لەنێوان گێرانەوەکانی جۆری ڕەجمکردنی ماعز ئامادەیی چڕ و پڕی لە تۆمارخانەی فەرمودەدا نییە، تەنانەت تائاستی دژیەکبوونی

گێرانەوەکانیش، بۆنموونە موسلیم کە بەدرێژی بەسەرهاتەکەی گێراوەتەوە، لەکاتێکدا بوخاری بەکورتی ئاماژەی پێداوە، لە چەند گێرانەوەیەکدا وا باسیدەکات کە ماعز خۆی هاتوە بۆ لای پێغەمبەر گوتویەتی زینام کردوە داری حەددم لێبدە) (فەرمودەی ژمارە1694). بەڵام لە گێرانەوەیەکی تردا دەڵێت ماعز خۆی نەهاتوە بەڵکو هێناویانە (فەرمودە 1692). لە گێرانەوەیەکی دیکەدا دەڵێت ماعز خۆی باسی کەتنەکەی خۆی کردووە (1691). لە شوێنێکی تردا دەڵێت هەواڵی زیناکردنەکەی بە پێغەمبەر گەیشت و ئەویش ناردی بەشوێنیدا تا ئامادەبێت (1693). لە شوێنێکی تردا دەڵێت (بەردبارانکردنەکەی لە شوێنی نوێژکردندا بووە و بە ئامادەبوونی پێغەمبەر بووە (1690). لە شوێنێکی تردا دەڵێت بەردبارانکردنەکە لە حەرە بووە لای بەقیع، بەڵام پێغەمبەر ئامادەنەبووە (1694). لە شوێنێکدا دەڵێت چاڵێکیان بۆ هەڵکەند تا لەوێدا بەردبارانی بکەن (1695). کەچی لە گێرانەوەیەکی تردا دەڵێت چاڵی بۆ هەڵنەکەندراوە و نەبەستراوەتەوە، بەڵکو لە ئازاری بەردبارانکردن رایکردووە و بەو شێوەیە کوژراوە (1694).

بەڵکو دارمی لە گێرانەوەیەکدا کە تەنیا ئەو گێراویەتییەوە دەڵێت: پێغەمبەر بە دەستی خۆی ماعزی رەجم کردوە، تەنانەت هێند ماندوو بووە ئارەق لە بنباڵییەوە دەرچووە، گێرانەوەکە بەم شێوەیەیە: (کەسێک لە قورەیش دەڵێت: من لەگەڵ باوکم ئامادەبووم کاتێك پێغەمبەر ماعزی رەجمکرد، من تۆقیم لەبەرئەوە پێغەمبەر گرتمیە باوەش لەو کاتەدا ئارەقی بنباڵی پێغەمبەر بەسەرمدا رژا، بۆنی وەک میسک وابوو) [67].

لە دوو گێرانەوەی تردا کە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە مەسنەدەکەیدا گێراویەتییەوە، نازانین ئایا ماعز حەزیکردوە لە تاوانەکەی پاک بێتەوە یان پلانیان لێگێراوە؟ ئەوەی قوڕەکەش خەستتر دەکاتەوە ئەوەیە کە پاڵەوانی هەردوو گێرانەوەکە هەر یەک کەسە بە ناوی (هوزال). لەسەر زاری کوڕەکەی هوزالەوە ئیبن حەنبەل دەگێڕێتەوە (ماعز بەخێوکراوی باوکم بوو، کەچی دەستدرێژی کردە سەر کچێکی گەڕەکەکەمان، باوکم پێی گوت: بچۆ بۆ لای پێغەمبەر و رووداوەکەی بۆ باسبکە، بەڵکو داوای لێخۆشبوونت بۆ بکات، ئەو ئەمەی کرد بەهیوای ئەوەی دەرچەیەکی بۆ بدۆزێتەوە لێوەی دەرباز بێت).

بەڵام دیسان لەسەر زاری هوزالەوە گێرانەوەیەکی تر دێنێت (هوزال ماعزی

بەکرێگرتبوو، ئەو کەنیزەکێکی هەبوو ناوی فاتیمە بوو، شوانی مەڕ و ماڵات بوو، کەچی ماعز سواری بووبوو، پاشان ڕووداوەکەی بۆ هوزال باس کردبوو، هوزالیش ماعزی خەڵەتاندبوو، پێی گوتبوو بڕۆ بۆ پێغەمبەری بگێڕەوە بەڵکو قورئانت لەسەر دابەزێت، کەچی پێغەمبەر فەرمانیکرد بە ڕەجمکردنی) [68].

بەهەرحاڵ دیارە دروستکردنی فیقهیانەی فەرمودە ناتوانێت خۆی بشارێتەوە، بە گوێرەی گێرانەوەی موسلیم بێت (ماعز هات بۆ لای پێغەمبەر وتی: ئەی پێغەمبەری خودا پاکم بکەرەوە، ئەویش وتی: ماڵوێران بگەڕێوە داوای لێخۆشبوون لە خودا بکە بەڵکو لێت خۆش بێت. دەڵێت ماعز ڕۆیشت هێندەی نەبرد گەرایەوە و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا پاکم بکەرەوە، پێغەمبەر وتی: بڕۆ داوای لێخۆشبوون لە خودا بکە، پاشان تۆزێکی تر گەرایەوە بەهەمان شێوە گوتییەوە: ئەی پێغەمبەری خودا پاکم بکەرەوە. پێغەمبەر وتی لە چی پاکت بکەمەوە؟ وتی: لە زینا. پێغەمبەر پرسیی: ئایا ئەوە شێت نیە؟ وتیان: نەخێر. وتی: مەی نەخواردۆتەوە؟ پیاوێک هەستا و بۆنیکرد، بۆنی لێنەدەهات، پێغەمبەر پێی گوت: زینات کردوە؟ وتی: بەڵێ. ئیدی فەرمانیکرد بە ڕەجمکردنی)[69]. لە گێرانەوەیەکی تردا (پێغەمبەر پێی گوت: چوار جار شاهیدیت لەسەر خۆت دا. بیبەن ڕەجمی بکەن). دیارە ئەو سووربوونە لەسەر چەندبارەکردنەوەی دانپێدانانەکەی ماعز بۆ ئەوە بووە کە لەسەر مەبدەئی چوار شاهید بپێورێت، کە قورئان بە مەرجی گرتوە بۆ حەدی زینا. گریمانەی دەرهێنانی فیقهی بۆ ئەم فەرمودەیە ئەوەیە کە گێرانەوەکە هەر چوار شاهیدیەکەی پاکانە بۆ کردوە بەوەی ماعز ئەو مەرجانەی تێدابووە کە پێویستە لە شایەتی دروستدا هەبێت، واتە شێت و سەرخۆشیش نەبووە.

بەڵگەیەکی تری هاوشێوەمان هەیە لە سەر ئەوەی ئەو فەرمودەیە دروستکراوێکی فیقهییە، ئەویش ئەو زمانە ناشیرینەیە کە فەرمودەکەی پێ باسکراوە، زمانێك کە فەقێکان بەئاسانی بەکاریان هێناوە لە کاروباری سێکسیدا، بەڵام لەم حاڵەتەدا زۆر قورستر دەکەوێتەوە لەسەر بیستن، چونکە بەدەم پێغەمبەرەوە وتراوە، ئەوەتا بوخاری لەسەر زاری ئیبن عەباس دەگێڕێتەوە: (کاتێك ماعز هات بۆ لای پێغەمبەر، ئەو پێی وت: لەوانەیە ماچت کردبێت، یان سەیرت کردبێ، یان دەستکاریت کردبێت؟ وتی: نەخێر ئەی

پێغەمبەری خودا. وتی: ئایا گاوتە (أنكحتها)؟ وتی: بەڵێ. ئیدی فەرمانیکرد بە رەجمکردنی)[70]. لەلای خۆیەوە (ئەبو داود) لە سەر زاری (نعیم بن هزال)ـەوە دەڵێت (کاتێک ماعز چوار جار وتی: زینام کردوە، پێغەمبەر پێی وت (تۆ چوار جار وتت زینام کردووە، زینات لەگەڵ کێ کردوە؟ وتی: لەگەڵ فڵاندا، وتی: ئایا سەرجێیت لەگەڵ کردوە؟ وتی: بەڵێ. ئایا تەواو چوویتە لای؟ وتی: بەڵێ. وتی: لەگەڵی جووتبوویت؟ وتی: بەڵێ. ئیدی فەرمانیکرد بە رەجمکردنی). بەڵام لە گێرانەوەکەی ئەبوهورەیرەدا دەڵێت: پێغەمبەر لە ماعزی پرسی: (ئایا تۆ ئەو ژنەت گاوە؟ وتی: بەڵێ. وتی: چووکت کرد بە ئەندامی ئەودا؟ وتی: بەڵێ. وتی: وەک چۆن میل دەچێتە کلدانەوە، یان دۆڵکە دەخرێتە بیرەوە؟ وتی: بەڵێ من بە حەرامی چوومە لای ئەو ژنە، وەک چۆن پیاو بە حەڵاڵی دەچێتە لای ژنی خۆی... ئیدی فەرمانیکرد بە رەجمکردنی)[71].

سەرەرای ئەو چێژبینینە (التلذذ) زمانەوانییە ئاشکرایە، کە لەو شێوە دەربڕینەدا هەیە، لێرەدا پرسیارێک زەق دەبێتەوە: پێغەمبەر، کە ئەو زمانە بریندارکەرەیان بەناوەوە داڕشتووە، ناکرێت هەموو ئەو قسانەی بەیەکەوە کردبێت -ئەمە ئەگەر ئەسڵەن شتێکی وا روویدابێت-، باشە ئەگەر هەر کامێک لەم گوتانە هی ئەو بن، ئەی چۆن هەر گێرانەوەیەک لەلایەن کەسێکەوە بە شێوەیەکی جیاواز گێڕدراوەتەوە؟ لەوانەیە بگوترێت ئەم گێرانەوانە تەنیا بە مانا گێراونەتەوە نەك بە گوتە، بەڵام ئەی شافیعی هەر خۆی لە «الرسالة»دا بە مەرجی نەگرتوە کە فەرمودە بە مانا پەسەند ناکات، بەڵکو دەبێت ئەوەی فەرمودە دەگێڕێتەوە (هەموو فەرمودەکە بە گوتەی پێغەمبەر بگێڕێتەوە وەک لێی بیستراوە، نەک بەگوێرەی مانا بیگێڕێتەوە) (لا370).

لە هەموو ئەو گێرانەوانەشدا کە گێڕدراونەتەوە شتێکی باسنەکراو هەیە، هەموو ئەو فەرمودانە کە زیاتر لە بیست گێرانەوەن، باسی ئەوە ناکات کە ماعز ژنی هێناوە یان نا! بەڵکو لە هەندێک گێرانەوەدا دەڵێت ماعز گەنج بووە، (لە ئامێزی هوزال)ی باوکی نەعیمدا بووە، کە هەندێک گێرانەوە بەناوی ئەوە کراوە. لەکاتێکدا سزای رەجم تەنیا بەسەر ژن و پیاودا جێبەجێدەکرێت نەك کوڕ و کچ، ئەی چۆن ئەوانەی فەرمودەکەی ماعزیان بەرهەمهێناوە ئەوەیان بیرچووە؟[72].

وا دیارە شافیعی ئەم کەموکورتییەی هەستپێکردووە، هەر بۆیە لە «**الأم**»دا کاتێک فەرمودەی ماعز دەهێنێت پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە ماعز و ئەو ژنەی زینای لەگەڵ کردوە، هەردووکیان ژن و پیاو بوون[73]، بەڵام هیچ بەڵگەیەک لە فەرمودەکان ناهێنێتەوە. ئینجا ئەو گوتەیەی شافیعی دەیکات، دیسان گرفتێکی تری فیقهی بۆ دروستدەکات. ئەگەر ئەو ژنەی ماعز زینای لەگەڵ کردوە ژنێکی شووکردووە، ئەی بۆ پێغەمبەر رەجمی نەکردووە و باس نەکراوە، خۆ ئەگەر کەنیزەکیش بوویێت وەک لە گێرانەوەیەکدا دەڵێت (جارية من الحي)، دەبوایە هەر داری حەدی لێبدرێت. بەهەرحاڵ ئەو بیست گێرانەوەیە هیچیان ئاماژە بەوە نادەن کە پێغەمبەر ژنەکەشی رەجمکردوە یان داری حەدی لێداوە. تەنانەت لەبارەشیەوە هیچ پرسیاری نەکردوە یان نەیناردووە بەشوێنیدا بۆ دانپێدانان، وەک ئەوەی لە بەسەرهاتی (ژنەکەی ئەسلەمی)دا هەیە. کە ئێستا باسیدەکەین. هەرچۆنێک بێت دەبینین شافیعی لە شوێنێکی تری کتێبی «**الأم**»دا لە کاتی تاوتوێکرنی پرسێکی تری فیقهیدا –پرسی دوورکەوتنەوە لە مێردی زیناکار یان ژنی زیناکار- جۆرێك لە دوودڵی دەردەبڕێت و دڵنیاییەکەی دەخاتە جێگەی گومانەوە، کاتێک دەڵێت پێغەمبەر فەرمانی نەکرد بە ماعز «ئەگەر ژنی هەبوویێت»[74]، ئەوەش مانای وایە ماعز ژنی نەهێناوە و نەیبووە.

با ئێستا بچینە سەر فەسڵی دووەم لە بەسەرهاتی ماعیزی کوڕی مالیک، وەک چۆن بەسەرهاتی (غامدية) تەواوی دەکات، کە بەحساب ئەویش یەکەم ژنی زیناکارە کە لە ئیسلامدا رەجم کرابێت. لێرەشدا دەبینین ئەو ژنە لە کتێبەکانی سیرە و مێژوودا تەواو بزرە، لەکاتێکدا لە کتێبەکانی فەرمودە و فیقهدا ئامادەبوونی هەیە، هەرچەندە زیناکارە پیاوەکە (ماعیز) ناوی هەیە، بەڵام ئەمیان (کە ژنە) هەر ناو و ناسنامەیەکی بزرە، تەنیا ئەوە نەبێت کە سەر بە خێڵی (غامدیە) لە «ئەزد»، بێجگە لەم ناو بزرییە ئیدی چیرۆکەکەی ئەو ژنە هەمان ڤێرژنی ماعزە لە زەمەنیشدا رێک دوای ماعیزە.

وەك موسلیم دەگێڕێتەوە، پاش ئەوەی ماعیز رەجمکرا، ژنێک هاتە خزمەت پێغەمبەر کە سەر بە تیرەی غامەد بوو لە ئەزد، وتی «ئەی پێغەمبەری خودا پاکم بکەرەوە، پێغەمبەر وتی: ماڵوێران بگەڕێوە و داوای لێخۆشبوون بکە، ئەو وتی: ئایا دەتەوێت بمگێڕیتەوە وەک

چۆن ماعزت گێرایەوە؟ ئەو وتی: ئەوە چیە؟ وتی؟ من دووگیانم لە زینا. وتی: تۆ؟ وتی: بەڵێ. وتی: بگەڕێوە تا منداڵەکەت دەبێت. دەڵێت: پیاوێکی ئەنساری گرتییە خۆی تا منداڵەکەی دانا. پاشان پیاوەکە هات بۆ لای پێغەمبەر وتی: غامدیە منداڵەکەی دانا. پێغەمبەر وتی: مادەم وایە ڕەجمی ناکەین و منداڵەکەی بێ شیردان بەجێبێڵین. لێرەدا پیاوێکی تر لە ئەنسار هەستا و وتی: ئەی پێغەمبەری خودا من شیردانەکەی دەگرمە ئەستۆ، ئیتر پێغەمبەر فەرمانیکرد بە ڕەجمکردنی» [75]. بەڵام لە گێرانەوەیەکی تردا کە یەکسەر دوای ئەو دێت ڕەجمکردنەکەی دوای منداڵبوونەکەی نەبووە، بەڵکو پاش ئەوەی منداڵەکە لە شیر براوەتەوە ئینجا ڕەجم کراوە. لەو گێرانەوەیەدا دەڵێت (بڕۆ تا منداڵت دەبێت، کاتێک منداڵەکەی بوو منداڵەکەی لە پەڕۆیەکدا هێنا، وتی: ئەوە منداڵەکەیە بوومە، پێغەمبەر وتی: بڕۆ شیری پێبدە تا لە شیر دەبڕێتەوە، کاتێک لە شیر برایەوە هاتەوە بۆ لای پێغەمبەر و منداڵەکەی پارچە نانێکی بەدەستەوە بوو، ئیتر منداڵەکەی دا بە کەسێکی تر و فەرمانیکرد بە ڕەجمکردنی غامدیە) [76]. با بگەڕێینەوە بڵێین دروستکردنی فیقهیانەی فەرمودەی غامدیە شاراوە نییە، هەرچەندە لێرەدا کۆدەنگییەکی فیقهی هەبێت -کە وادیارە لە یاسای ڕۆمانییەوە وەرگیرابێت- کە سکپڕ ڕەجم ناکرێت، بەڵام ناکۆکی لەسەر ڕەجم کردنی شیردەر دەبوایە لەم دووگێرانەوە ناکۆکەدا دەربکەوێت کە یەکێکیان ڕێگە دەدات بە ڕەجمکردنی دایکی شیردەر گەر کەسێک هەبوو شیر بدات بە منداڵەکە، لەکاتێکدا دووەمیان ڕێگەنادات تا کاتی لە شیر برانەوە. لەکاتێکدا جیاوازیی کات لەنێوان هەردوو ڕەجم کردنەکەدا سێ ساڵ دەبێت. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەسڵەن فەرمودەکە هەڵبەستراوە.

ئەگەر پرەنسیپی (دوا دەق) بکەینە پێوەر کە ئەوەی پێش خۆی دەسڕێتەوە، نەك پێچەوانە، ئەوا دەتوانین دڵنیابین لەوەی فەرمودەی غامدیە، وەک شافیعی دەڵێ، حوکمی جەڵد ناتوانێت کاری زیناکار بسڕێتەوە، واتە -بەپێی گریمانکاریەکەی شافیعی- سوننەتی گوتراوی پێغەمبەر کە جەڵد و ڕەجمی پێکەوە کۆکردۆتەوە لە سزای ژن و پیاوی زیناکار، مادەم ماوەی کاتی نێوان حوکمەکە و پیادەکردنی حوکمەکە لە سێ ساڵ کەمتر نییە، کەواتە دەبێت ئەو حوکمە لە ساڵی هەشتەمی کۆچیدا پیادەکرابێت،

بەو حسابەی کە پێغەمبەر خۆی لە ساڵی یانزەی کۆچیدا مردووە، بەڵام ئاشکرایە بە هاودەنگیی هەموو زانایانی تەفسیر و فەرمودە کە 10 ئایەتی یەکەمی سورەتی (النور) لە پاش غەزای تەبوک و سەرەتای ساڵی نۆیەمی کۆچیدا دابەزیوە، لەوێشدا باس لە جەڵدی زیناکار دەکات، وەک تەبەری دەڵێت لە مانگی حەوتەمی ئەو ساڵەدا دابەزیوە [77]. وەک دەردەکەوێت ئەو غەزایەش بەزمی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە، چونکە گەلێک کەس دواکەوتن لە غەزاکە [78].

چونکە ئەمە یەکەم جاربوو غەزای پێغەمبەر بچێتە دەرەوەی دورگەی عەرەب و لە دەروازەی عەرەبیی ئیمپراتۆریای بیزانس بدات [79]. لەناو ئەو دوا کەوتوانەشدا (هیلالی کوڕی أمیة) هەبوو، کە لە ناسراوەکانی ئەنسار و ئەهلی بەدر بوو، بەڵام بەساڵاچوو بوو. پاش گەرانەوەی بۆ ماڵەوە بینی ژنەکەی –کە ژنەکەی وایزانیبوو هیلال دەرچووە بۆ غەزای تەبوک لەگەڵ پێغەمبەردا- خیانەتی لێدەکات، لەگەڵ پیاوێکدا بەناوی (شەریک کوڕی سەمحاء)، ئیدی هەواڵەکە لە مەدینەدا بڵاوبۆوە، کاتێك پێغەمبەر گەرایەوە بۆ مەدینە بینی ئەنسار لەسەر هەمووشیانەوە سەعد کوڕی عوبادە داوای لێدەکەن حەد بدات لە ژنەکەی هیلال، بەتایبەتی چونکە شەریک لە «قضاعة» بوو نەك لە «خەزرەج»، بەڵام لەبەرئەوەی ئایەتی دووەمی سورەتەکە کە باسی سەد جەڵد دەکات بەستراوە بەئایەتی چوارەمەوە کە دەبێت چوار شاهید هەبێت لەسەر کردەی زیناکە، دەنا کەسی شاهید جەڵدکاری دەکرێت ئەگەر لە چوار شاهید کەمتربن، ئیتر وادەردەکەوت کە دۆخەکە دژی هیلال هەڵدەگەڕێتەوە، واتە دەبێت ئەو جەڵدکاری بکرێت، چونکە شایەتی تری نەبوو، بۆیە سەعدی کوری عوبادە بە توڕەییەوە رەخنەی لە ئایەتەکە گرت و دەیگوت لەم حاڵەتەدا تەنیا شمشێر چارەیە، چونکە چۆن چوار شاهید لەوکاتەدا پەیدا دەبێت.

لێرەدا دیسان سروش دێتە ناوەوە و دەخالەت دەکات وەک لە بەشی یەکەمدا بینیمان، بۆئەوەی وەزعەکە دەربازبکات و هیلال رزگاری بێت لە جەڵد لێدان، چونکە هەرگیز نەیدەتوانی لەو کاتەدا چوار شاهید پەیدابکات، کەسیش ناتوانێت پەیدایبکات، ئەو ئایەتانەش کە ئایەتی (5- 9) لە سورەتی (النور)ـە، کە پرەنسیپی نەفرەتکاریی دروستکرد لەنێوان ژن و مێردا ئەگەر شایەت نەبوون، پاش ئەم رووداوە دادەبەزێت.

بەم شێوەیە دەبینین سەرەتای سورەتی (النور)، کە لە نیوەی دووەمی ساڵی نۆیەمی کۆچیدا دابەزیوە، حوکمی جەڵدلێدانی زیناکاری هەڵنەوەشانەوە، تەنانەت ئەگەر ژن و پیاویش بن وەک ژنەکەی هیلال[80]، بەڵکو بەپێچەوانەوە زیاتر سەلماندی، هەرچەندە حوکمەکەی راگرت لەکاتێکدا چوار شاهید ئامادە نەبوون، ئیتر چۆن دەبێت بەسەرهاتێکی دانراو بەپێی ئەوەی باسدەکرێت لە ساڵی هەشتەمی کۆچیدا روویدابێت -مەبەست بەسەرهاتی ماعیز و غامدیە- بتوانیت حوکمێکی قورئانی هەڵوەشێنێتەوە، کە 10 ئایەت لە سورەتی (النور) جەختی لەسەر دەکاتەوە و لەساڵی نۆیەمی کۆچیدا دابەزیوە. لەو ئایەتانەشدا هیچ جیاوازی نەکردوە لەنێوان کوڕ و پیاو، یان کچ و ژندا[81].

ئێستا بابێینە سەر فەرمودەی دووەم کە شافیعی دەیکاتە بەڵگە بۆ هەڵوەشاندنەوەی حوکمی قورئان و تەنانەت ئەو حوکمەی فەرمودەکەی تری پێغەمبەر سەبارەت بە جەڵدکاری و رەجم پێکەوە. دەڵێت (کاتێك پێغەمبەر ماعیزی بەردبارانکرد و جەڵدکاریی نەکرد، فەرمانی بە ئەنیسیش کرد بچێت ژنەکەی ئەسلەمی رەجم بکات ئەگەر دانی بەتاوانەکەیدانا. ئەوە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە جەڵدکاریی سڕاوەتەوە و رەجمکردن سەلمێنراوە بۆ ژن و پیاو، چونکە هەموو کەوتنە دوایینێکەوە سڕێنەرەوەی ئەوانەی پێش خۆیەتی) (لا132).

ئەو فەرمودەیەی ژنەکەی ئەسلەمی، شافیعی لەمالیکەوە وەریگرتوە، بەم شێوەیە: (مالیک لە شیهابەوە دەگێڕێتەوە لە عبدوڵڵاوە لە ئەبوهورەیرە و زەیدی کوڕی خالیدەوە، کە دوو پیاو هاتن بۆ لای پێغەمبەر بۆ ئەوەی سوڵحیان لە نێواندا بکات، یەکێکیان وتی: ئەی پێغەمبەری خودا بە گوێرەی پەیامی خودا حکوممان بدە. ئەوی تریان کە لەمیان زیرەکتر بوو: وتی بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا بە پەیامی خودا حکوممان بدە و رێگەمبدە من قسە بکەم، وتی: قسە بکە. وتی: کوڕەکەم لای ئەم پیاوە کرێکار بوو، بەڵام لەگەڵ ژنەکەیدا زینای کردوە، بیستوومە کە کوڕەکەم دەبێ رەجم بکرێت، بەڵام بە سەد جوانەگا و کەنیزەکێك کڕیمەوە، دوایی لە خەڵکی زانام پرسی، وتیان کوڕەکەت تەنیا سەد جەڵد و دەربەدەرکردنی ساڵێکی لەسەرە، بەڵام ژنەکەی ئەو کابرایە رەجم دەکرێت. پێغەمبەر فەرمووی: بەخودا بە پەیامی خودا حکومتان دەکەم، مەڕ و ماڵات و کەنیزەکەکەت

بۆ دەگەڕێتەوە، پاشان 100 جەڵدی لە کوڕەکەی دا و یەک ساڵ دەربەدەریکرد، ئینجا فەرمانیکرد بە ئونەیس کە بچێت بۆ لای ژنەکەی ئەسلەمی، ئەگەر دانی بە تاوانەکەیدا نا دەبێت ڕەجمی بکات. ژنەکە دانی بە تاوانەکەیدانا و ڕەجمیان کرد).

ئەم فەرمودەیە پێویستی بە شەنوکەوی زۆر نییە تا بۆمان دەربکەوێت بەرهەمی فەرمودەسازیی و فیقهسازییە، لێرەدا گرەو لەسەر ئەوە دەکرێت کە جیاوازی بکرێت لەنێوان حوکمی زیناکاری شووکردوو، لەگەڵ کوڕێک کە ژنی نەهێناوە. بە پشتبەستن بەو فەرمودەیە (ژن بە پیاو و کوڕ بە کچ)، چونکە ئەو فەرمودەیە جیاوازی کردووە لەنێوان ژن و پیاو، لەگەڵ کوڕ و کچ، بەڵام باسی ژن و کوڕ یان کچ و پیاوی نەکردوە، ئەم بۆشاییە فیقهییەش بە فەرمودەی ئونەیسی ئەسلەمی پینەکراوە.

**لەسەر ئەم فەرمودەیە چەند تێبینیەک دەدەین:**

1.هەردوو پیاوەکە هاتن بۆ لای پێغەمبەر بۆ ئەوەی بە قورئان حکومیان بکات، وەڵامی پێغەمبەریش ئەوە بوو (بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە بە کتێبی خودا حکومتان دەکەم)، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا پێمان دەگوترێت کە پێغەمبەر فەرمانیکردوە بە ڕەجمکردنی ژنەکەی ئەسلەمی ئەگەر دانی بە کردەوەکەیدانا. لەکاتێکدا حکومی ڕەجم وەك وتمان لە قورئاندا بوونی نییە. ئەی چۆن پێغەمبەر بە قورئان حوکم بە شتێک دەکات کە لە قورئاندا نیە؟

2.باوکی کوڕەکە دەڵێت کاتێک پێی گوتراوە حکومی کوڕەکەی کە ژنی نەهێناوە بەڵام زینایکردوە، بریتییە لە ڕەجم، ئەو کڕیویەتییەوە بە (سەد مەڕ و کەنیزەکێك)، بەڵام کێ فەتوای کڕینەوەی بۆ داوە، خۆ ڕەجم -گەر فەرمودەکە ڕاستبێت- وەک دەزانرێت کڕینەوە (افتداء)ی تێدانیە؟

3.کەچی هەمان پیاو دەڵێت کاتێک لە خەڵکی زانام پرسیوە پێیان وتم کە کوڕەکەم تەنیا جەڵدکاریی و دەربەدەرکردنی لەسەرە. باشە فەتوای بۆچی بوو پاش ئەوەی کوڕەکەی کڕییوەتەوە و لە ڕەجم ڕزگاری کرد؟ ئەگەر بگوترێت: بۆ ئەوەی ماڵەکەی بگێڕێتەوە، با لێرەدا بە زمانی مشتومڕی شافیعی بڵێین کامیان خەسارەتی گەورەترە، 100 جەڵد و ئاوارەبوونی کوڕەکەی بۆ ماوەی ساڵێك، یان 100 سەرمەڕ و کەنیزەکێک؟

4.لە هەمان شوێندا گێرانەوەکە دەڵێت: باوکەکە لە ئەهلی زانستی پرسیوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لە ساڵی هەشتەم و نۆیەمی کۆچیدا ئەهلی عیلم هەبوون؟ بەڵکو ئایا ئەو گوتەزایە هەر هەبووە واتە (اهل العلم)، چونکە ئەو گوتەزایە لە دواییدا دەردەکەوێت، کاتێک کە پیشەی فەتوا و فەرمودە پێش دەکەوێت. پاش ئەوەی بەهۆی فتوحاتەوە چەندین گرفتی فیقهییان رووبەروو بووەوە کە لەوەوپێش نەیانبوو، ئیتر لەوێوە فیقهناسیی دەرکەوت و فەرمودەسازیی سەریهەڵدا؟

5.هەموو خاوەن تۆمارەکانی فەرمودە -لە بوخاری و موسلیمەوە- باسی ئەوە دەکەن کە ئەو دوو کەسە لە بیاباننشینەکان بوون، ئەو پرسیارەی لێرەدا دەردەکەوێت ئەوەیە: ئایا دوو پیاوی دەشتەکی (ئەعرابی) لە مەسەلەی شەرەفدا[82]! کە هەردووکیان خاوەنی مەسەلەکەن، یەکێکیان ژنەکەی تێوەگلاوە و ئەویتریان کوڕەکەی، چۆن پێکەوە چوونەتە لای کەسی شارەزا؟ یان دەبوو پەلاماری شمشێر بدەن وەک لە سەعدمان بینی، کە گەورەی خەزرەج بوو؟ لەکاتێکدا سەعد لە ناسراوەکانی باوەڕداران بوو؟ لەکاتێکدا ئەعراب هەر بە پێی ئایەتیش (اشد كفر ونفاقا واجدر الا يعلموا حدود ما انزل الله عەلى رسوله) (التوبة: 97) [83]. ئەوە بێجگە لەوەی کە ئەعراب درەنگ موسوڵمان بوون، جا لە نیفاقیانەوە بێت یان لە ترسی شمشێر بێت یان لە بەر تەماعی غەزاکان بێت، پاشانیش فتوحات [84].

6.شافیعی سوورە لەسەر ئەوەی ئەسلەمیەکان بداتە پاڵ ئەعراب، ئەو پاڵدانەش تەنانەت بەلای لێکۆڵەری کتێبەکەی شافیعیەوە جێی گومانە. کە پێی وایە ئەو هەوڵەی شافیعی هەوڵێکی بێ بەڵگەیە [85]. بەڵام باپرسین ئەو هەوڵەی شافیعی لەخۆڕایە یان بە مەبەستە؟ وەک کۆنتێکستێکی ئەفسانەیی هەموو کردەوەی زیناکان دەدەنە پاڵ ئەسلەمییەکان. تەنانەت غامدیەکەش هەمان شتە چونکە ئەسلەمیەکان و غامیدیەکان هەردووکیان دوولقی ئەزدن.

7.ئێستا با بچینە لای رەجمی ژنە ئەسلەمیەکە کە ناوی ئونەیسە و دەدرێتە پاڵ ئەسلەمییەکان. بەڵام ئیبن سەعد دەڵێت: (نازانم ئەو ئونەیسە کێیە کە لەم فەرمودەدا هاتووە، چونکە من هیچ گێرانەوەیەکم لەو ئونەیسەوە نەدیوە تەنها ئەوە نەبێت کە لێرەدا باسکراوە. هەروەها ئەبو حاتەمی رازی دەڵێت: (ئەو ئونەیسە نەناسراوە)، تەنانەت ئیبن حەیبان بە ئەسحابی نازانێت، بەڵکو بە یەکێک لە شوێنکەوتووە متمانەکانی دادەنێت.

ئیبن حەجەری ئەسقەلانی دەڵێت (ئەوە ئونەیسی کوڕی ضحاک ئەسلەمییە، هەندێکیش دەڵێن: ئونەیسی کوڕی ئەبی مەرسەد، دەوترێت ئونەیسی کوڕی فاتیمەیە. (ابن حیبان و ابن عبدالبر) دەڵێن: ئەوەی پێغەمبەر پێی وتوە «ئونەیس» بەیانی بڕۆ... ئەوە کەسێکی ترە) [86]. ئیبن حەجەر دوای ئەوە نیشانەی پرسیار دەخاتە سەر هەموو ئەوانەی لەم ڕووداوەدا بەشداربوون، دەڵێت ناوی کەسیانم نەزانیوە، ناوی دوو سکاڵاکارەکەشم نەزانیوە نە ناوی کوڕەکە و نە ناوی ژنەکەش) [87]. ئەوەش باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوانە هەموو کەوتوونەتە دەرەوەی مێژوو، هەرچەند لە ناو کتێبەکانی فەرمودە و فیقهدا هەن.

8.ئێستا با بێینە سەر مەسەلەی سەنەدی فەرمودەکە: ئەو فەرمودەیە لە زۆربەی گێڕانەوەکاندا لەلایەن (ابوهریرە) و (زەید کوڕی خالید)ـەوە گێڕدراوەتەوە، لە هەندێک گێڕانەوەی دیکەدا کەسێکی تر بەناوی شیبلەوە دەردەکەوێت، بەڵام بێ دیاریکردنی ناسنامەکەی [88]، لێرەدا باسی (ابوهریرە) ناکەین، چونکە لەسەرەتادا باسمانکرد وتمان زۆرترین کەسێکە کە فەرمودەی بەناوەوە گوترابێت، لەکاتێکدا هەندێک لێکۆڵینەوە ئەسڵەن گومان لەوە دەکەن هەر ئەسحابەش بووبێت. بەڵام با لەبەردەم فەرمودە گێڕەوەی دووەمیان ڕاوەستین، بەگوێرەی گێڕانەوەی (ئیبن سەعد) لە «الطبقات الکبری»، «زەید لە مەدینە مردوە لە ساڵی 78ی کۆچی لە تەمەنی 85 ساڵیدا» [89]. بەم پێیە کاتێک پێغەمبەر وەفاتیکردوە ئەو تەمەنی 7 ساڵ بووە [90]، ئەگەر وا دابنێین کە فەرمودەی دوو ئەعرابیەکە ساڵی حەوتەمی کۆچی بووە، یان هەشتەم، ئەوە واتە زەید لەو کاتەدا تەمەنی لە 5 ساڵ تێپەڕی نەکردوە، یان 6 ساڵ، ئیتر چۆن باوەڕبکەین کە زەید لە مەجلیسی پێغەمبەردا ئامادەبووە و گوێیگرتوە بۆ داوەریەکەی پێغەمبەر لە مەسەلەی زینادا؟ [91].

ئێستا قورەکە خەستتر دەبێتەوە کاتێك فەرمودە گێڕەوەی سێیەم باس دەکەین واتە (شبل) ناوەکە، ئەم شیبلە (رای جیا هەیە سەبارەت بە نازناوەکەی و ساڵی مردنی و تەمەنی خۆی) [92]. دەگوترێت کوڕی خالد یان خلید یان مەعبەد، شافیعی بۆ ئەوە دەچێت کوڕی مەعبەد بێت -بەڵام (ابن عبدالبر) دەڵێت لەناو ئەسحابدا ناوی نیە [93]- بەڵام کاتێک دەدرێتە پاڵ خالید ئەوە تیرمزی دەڵێت (شبل بن خالد پێغەمبەری نەدیوە) [94]. لێرەدا دواپرسیار دەکەین هەر لەو ڕووەوە کە شافیعی خۆی دەڵێت (ئەگەر متمانە لە متمانەوە گێڕایەوە،

تا دەگاتە پێغەمبەر، ئەوا سەلمێنراوە کە فەرمودەکە لە پێغەمبەرەوەیە)[95]. بەڵام ئایا فەرمودە گێڕەوەی فەرمودەی دوو ئەعرابیەکە لەو (متمانانەن)، ئەوانەی کاتێك قسەیانکرد وەک ئەوە وایە پێغەمبەر قسەی کردبێت؟ ئایا بەم جۆرە فەرمودە گێڕەرەوانە کە تیایاندا نەناسراو هەیە یان منداڵە یان پێغەمبەری هەرنەدیوە -بە قسەی داڕێژەرانی بنەماکانی فەرمودە خۆیان- ئایا فەرمودە بە ئەمانە دەسەلمێنرێت؟ ئایا بە رەوانەکردن بۆ لای پاڵەوانانی رووداوێکی هەڵبەستراو کە تەنیا لە بیابانی نامێژوودا (اللاتاریخ) بوونیان هەیە، تەنانەت لە کتێبەکانی سیرەش ناویان نییە، بێگومان دانەرانی حیکایەتەکانیش خەیاڵیان فراوانبووە. ئایا بە رەوانەکردن بۆ لای ئەو فەرمودانە دەشێت قورئان بسڕێتەوە بە ناوی سوننەتێک کە دراوتە پاڵ پێغەمبەر بسەلمێنرێت، ئینجا بشبێتە سوننەتێکی فەرز بەسەر هەموو ئوممەتەوە هەتا رۆژی قیامەت بەو پێیەی فەرمودە سروشێکە وەک قورئان[96].

### پەراوێزخستنی عەقڵ

وەك چۆن لۆژیکی ئەرستۆ لەسەر دوو پێشەکی وەستاوە، گەورە و بچووك، بەهەمان شێوە دەتوانین بڵێین ئەپستمۆلۆژیای شافیعی لەسەر دوو پێشەکی وەستاوە، گەورە و بچووك.

گەورەکەیان ئەوەیە کە دەڵێت: (خودا قورئانی وەك روونکەرەوە بۆ هەموو شتێک ناردوە - تبيانا لكل شئ) (لا106).

پێشەکییە بچووکەکەشی ئەنجامی دەرکێشراوی یەکەمیانە کە دەڵێت (هیچ شتێك لە ژیاندا روونادات بێ ئەوەی لە قورئاندا بەڵگەی تیانەبێت وەک رێنماییکردن بۆ ئەو شتە) (لا20).

ئاشکرایە پێشەکیی یەکەمیان لە دەقی قورئانەوە سەرچاوە دەگرێت: «ونزلنا عليك القران تبيانا لكل شئ) (النحل: 89). بەڵام ئەو وەریدەگرێت بۆ ئەوەی لە دەرەوەی جێڕەوتی خۆی بەکاریبهێنێت، شافیعی قورئان بە (کتێبی زانستی هەمەکی - كتاب العلم الكلي) دادەنێت. ئەو کتێبەیە کە هەموو شتێکی تێدایە، هەرشتێك لە دونیادا هەبێت ئەوە لە قورئاندا زانستەکەی هەیە، لەم روانگەیەوە شافیعی دەڵێت (ئەو کەسەی قورئان

نەناسێت هیچ نازانێت، ئەو کەسەش بیناسێت هەموو شتێك دەزانێت) (لا19). بەم شێوەیە هەمەکیی زانستی قورئان لەگەڵ توانستی خودییدا یەکدەکەون: ئەوەی قورئان نەزانێت هیچ شتێك نازانێت، ئەوەی قورئانیش بزانێت هیچ شتێک نییە نەیزانێت.

گومانی تێدا نییە ئەوەی شافیعی دەیشارێتەوە لە عەقڵی خوێنەرەکەی ئەوەیە کە ئایەتی (89) لە سورەتی (النحل) بە هیچ شێوەیەك پەیوەندیی نییە بە زانیارییەوە بە مانای مەعریفی وشەکە[97]، بەڵکو ئەوەی شافیعی لە خوێنەرەکەی دەشارێتەوە ئەوەیە کە لێکدانەوەکەی بۆ ئەو ئایەتە تەنیا کاتێک ڕێک دەوەستێت کە لە کۆنتێکستەکەی خۆی دەپچڕێت و بە مقەستی خۆی دەیبڕێت، چونکە بڕگەی (ونزلنا علیک الکتاب تبیانا لکل شئ) ئایەتێکی تەواو نییە وەك شافیعی دەریدەخات، بەڵکو بەشێکە لە ئایەتێك کە بەهیچ شێوەیەک ناکرێت دوو کەرت بکرێت وەک مانا، هەرچەند دەکرێت وەک وشە جیابکرێتەوە، دەقی ئایەتەکە دەڵێت: (وَيَوْمَ نَبْعَثُ فِي كُلِّ أُمَّةٍ شَهِيدًا عَلَيْهِمْ مِنْ أَنْفُسِهِمْ وَجِئْنَا بِكَ شَهِيدًا عَلَى هَؤُلَاءِ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ) (النحل: 89)، واتە (ڕۆژێک دێت لە هەموو ئوممەتێکدا شاهیدێک لە خۆیان زیندوو دەکەینەوە، تۆش وەك شاهید بەسەر ئەمانەوە زیندوو دەکەینەوە، کتێبمان ناردۆتە سەرت بۆ ئەوەی هەموو شتێک ڕوون بکاتەوە و ڕێنماییکار و میهرەبانی و مزگێنی بێت بۆ موسوڵمانان). چەقی ئایەتەکە وەک دیارە بەتەواوەتی باسی قیامەت دەکات و تەواوکاری ئایەتەکەی پێش خۆیەتی (الذین کفروا وصدوا عن سبیل الله زدناهم عذابا فوق العذاب بما کانوا یفسدون) النحل (88)، واتە (ئەوانەی کوفریان کرد و ڕێگای خوای بەست لە خەڵک، ئەشکەنجە لەسەر ئەشکەنجە بۆیان زیاد دەکەین، چونکە خراپەکارییان کردوە) (النحل:88). ئەو ڕوونکردنەوە (تبیان) ی قورئان لێرەدا باسیدەکات، بریتی نییە لە شتە دونیاییەکان، بەڵکو ڕوونکردنەوەی هەموو شتەکانە لە قیامەتدا، ئیتر لەوێدا ئەوانەی کوفریان کرد و ڕێگەی خوایان بەست لە خەڵك، ناتوانن خۆیان بدزنەوە لەوەی لەو کتێبەدا هاتووە، ئەو پێغەمبەرەی کە لە لەگەڵیاندا زیندوو دەکرێتەوە و دژیان ڕادەوستێتەوە وەک شاهیدێك، خودا وەك ڕێنمایی و مزگێنی و میهرەبانی ناردبووی)، بەڵام ئەوان بە ڕێگرتن لە ئایینی خودا و

خۆیان، ئەشکەنجە لەسەر ئەشکەنجە بۆ خۆیان دەنووسن، چونکە ئازاری ئەوانەی هەموو شتێکیان بۆ روونکرابۆوە لە دونیادا، وەك ئازاری ئەوانە نییە کە هیچیان بۆ روون نەکراوەتەوە، چونکە پەیامێکیان پێنەگەیشتوە، جا بزانە ئەو دوو (تبیان)ـە چەند جیاوازن لە یەکتر. لە کاتێکدا شافیعی دەچێت مەبەستەکانی قیامەت دێنێت و دەیگۆڕێت بە مەبەستەکانی دونیا لەو ئایەتەدا [98].

لەبارەی ڕووداوەکانەوە، دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین شافیعی دیسان دەیەوێت فێڵێکی تر لە خوێنەرانی بکات، کاتێک دەیەوێت ئایەتی (تبیان لکل شیئ) لێکبداتەوە، دەڵێت (هەر ڕووداوێک بەسەر موسوڵماندا بێت، لە کتێبی خودادا ڕێنیشاندەرێکی هەیە تاکو ڕێنمایی بکات) ئەو لە بەشێک لە سورەتی «نحل» ئایەتی (99)دا دەیەوێت شتێک بڵێت کە ئایەتەکە مەبەستی ئەوە نیە. هەمو دەزانین ئەو سورەتە لە مەککە دابەزیوە، ئێ خۆ لە مەککەدا هیچ ئایەتێکی ئەحکام دانەبەزیبوو سەبارەت بە ڕووداوە دونیاییەکان. بەڵکو هەموو سورەتەکانی مەککە لەسەر مەسەلەی ڕۆژی دوایی و خۆشیەکان و ناخۆشییەکانی قیامەت بوون[99].

بێگومان ئەو جێگۆڕکێیەی شافیعی دەیکات بەمانای (تبیانا لکل شیئ) لە مەسەلەی لێپرسینەوەی قیامەتەوە بۆ ئەحکام و پێشهاتەکانی دونیا، ئەوە هەروا بە گاڵتە نییە، بەڵکو مەبەستدارە، بە شێوەیەکی ئاگایانە و نائاگایانە، بەهۆی ئەو ستراتیژە تیۆلۆژی و ئەپستمۆلۆژییەی هەر لەسەرەتاوە بنیاتیناوە لەسەر پەراوێزخستنی عەقڵ و خزانییە ناو گۆشەیەکی بەرتەسکەوە، ئەوەش بەوە سوننەتی ناکۆتای هێنا و کردییە هاوشانی قورئان کە دەقەکانی کۆتایە، وەک ئێستا باسیدەکەین.

بێگومان شافیعی هێند ساویلکە نییە کە وابزانێت یان هەوڵبدات خوێنەر واتێبگەیەنێت کە قورئان بەو چەند سورەتە مەدینییەوە کە 20 سورەتە بەرامبەر 82 سورەتی مەککەیی و 12 سورەت کە ساغ نەبوونەتەوە لەسەر مەککە و مەدینە. دەتوانێت هەموو پێشهاتەکانی ژیان بگرێتە خۆی، واتە پێشهاتە ناکۆتاکان. لەبەرئەوە دەبوو ئەو (بەیانە) قورئانییە بە (بەیان)ێکی تر روونبکرێتەوە کە گشگیریەکانی تایبەت بکات و روونییەکانی روونبکاتەوە، لەو شوێنەدا دەقی یەکەم بێدەنگ دەبێت دەقی دووەم بێتەگۆ، دەبێت ئەو (بەیان)ـەی

دووەمیش هەر وەك بەیانی یەكەم لای خوداوە دابەزیبێت، هەرچەندە بە دەقیش لە قورئان خۆیدا نەهاتبێت، ئەوەش بریتییە لە سوننەتەكانی پێغەمبەر، كە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ (پەیامی خودا) ناكۆک نابێت (الرسالة، لا 546)، چونكە سوننەتیش وەك قورئان سروشە. هەرچەندە وەك ئەو (تلاوة) ناكرێت. (الام، بەشی 5، لا 137).

جا لەبەرئەوەی سوننەت لە دووتوێی كتێبێكدا تۆمارنەكراوە، بەڵكو لە یادەوەری نەوەكاندا هەڵكەنراوە لە چەندین وڵاتدا، لەبەرئەوە شیاوە بۆ ئەوەی بتوانیت سەرەرای رۆشنكردنەوەی قورئان، لەناو تۆڕەكەی خۆیدا كە لە درێژی و پانیدا ناكۆتایە هەموو پێشهاتەكانی بگرێتە خۆی.

لێرەوە دیسانەوە شافیعی پەنا دەباتەوە بەر لۆژیكی هاوشێوەكردن بۆ ئەوەی بەراوردێک بكات لەنێوان زمانی عەرەبی و سوننەتی پێغەمبەر لە فراوانیدا. هەربۆیە دەبینین بڕیاردەدات -بێ ئەوەی لە زمانی عەرەبی زیاتری زانیبێت- یان تەنانەت لە فەلسەفەی زمانناسی شارەزابێت، كەچی بڕیاردەدات كە «زمانی عەرەبی فراوانترین زمانە و زۆرترین گوتەی هەیە»، باوەڕناكەین كەسێک بتوانێت پەی بە هەموو زمانی عەرەبی بەرێت مەگەر پێغەمبەرێک نەبێت» [100] (لا42). مەبەستی شافیعی لە سەپاندنی زماندا ئاشكرایە: ئەو دەیەوێت سوننەتناسیی لای فیقهناسەكان وەک زمانزانیی «عەرەبی» لای عەرەب هاوشێوەبكات) (لا42). وەک چۆن زمانی عەرەب لای هەموو عەرەب بەگشتی زانراوە، هەرچەند تاكەكەس ناتوانێت هەموو زمانی عەرەبی بزانێت، بەهەمان شێوە سوننەت لای هەموو «سوننەتناسەكان» بەگشتی زانراوە، هەرچەندە «نەمانزانیوە كەسێک بەتەنیا بتوانێت هەموو سوننەت كۆبكاتەوە و هیچی لێ بەجێ نەمابێت». لێرەوە (ئەگەر زانستی هەموو زانایان كۆبكرێتەوە ئەوە سوننەت هەمووی كۆدەكرێتەوە، بەڵام ئەگەر هەریەكێک ئەوەی خۆی لابێت كە لایەتی ئەوانەی تری لێدەڕوات، بەڵام ئەوەی لە دەستی ئەم چووە لای غەیری ئەو هەیە) (لا43).

بەم شێوەیە شافیعی بڕیار لەسەر دەستەجەمعیبوونی سوننەت دەدات، ئەوەش دیسان داسەپاندنیكی ئەپستمۆلۆژی مەترسیدارە، لەدەرئەنجامدا: چونكە زمان عەرەبی بێت یان ناعەرەبی، فراوان بێت یان تەسک، گوتەزای زۆربێت یان كەم، هەردەم

دروستکراوی ناو ئەو کۆمەڵە کەسەیە کە وسەی پێدەکەن، بەڵام سوننەت لە ئەسڵدا سوننەتی پێغەمبەرە بەتەنیا، یان گریمانە دەکرێت کە وابێت، بەڵام لەگەڵ بڕیاردان لەسەر دەستەجەمعیبوونی سوننەت بە هاوشێوەکردنی لەگەڵ زماندا، ئیدی سوننەت ئەوە نییە کە تەنیا لە پێغەمبەرەوە دەرچووە وەک مرۆڤێک لە زەمەنێکدا، بەڵکو هەرچی شتێک کەسێک بیداتە پاڵ پێغەمبەر و هەرچی ئەوەی بەدرێژایی مێژوو بەناوی سوننەتەوە لە تۆمارخانەکانی سوننەتدا کەڵەکەبووە، لە هەموو دنیادا ناوی سوننەتی لێدەنرێت. بینیمان شافیعی دەڵێت (ئەگەر متمانە لە متمانەوە گێڕایەوە تا دەگاتە پێغەمبەر، ئیدی ئەوە سوننەتێکی جێگیرە). پێدەچێت شافیعی بێئەوەی هەست بەخۆی بکات لێرەدا خۆی تاوانبار دەکات، بەو هەموو میکانیزمی سەنەدکارییەی کە کاردەکات لەسەر سوننەتسازیی و بەکۆمەڵ خستنە پاڵی پێغەمبەر: چونکە ئەو میکانیزمە میکانیزمێکی هەڵکشاو نییە بەرەو پێش ناچێت، بەڵکو میکانیزمێکی داکشاوە و بەرەو رابردوو دەچێتەوە، ئەوە میکانیزمێک نییە لە پێغەمبەرەوە دەربچێت تا دەگاتە متمانەیەك و لەوێوە بۆ متمانەیەکی تر، بەڵکو میکانیزمێکە لە (متمانەیەکەوە دادەبەزێت بە ئەوی تر و تادەگاتە پێغەمبەر. لێرەوە دەبینین تۆمارگەی فەرموده ئەو توانا زەبەلاحەی هەیە بۆ فراوانبوون، هەرکاتێک متمانەیەکی تازە شتێکی گێڕایەوە لە متمانیەکی کۆنەوە، ئیدی ئەوە لە تۆمارخانەی فەرموودەدا تۆماردەکرێت، یان قوڵکردنەوەی فەرمودەیەکی تری کۆنە. بەم شێویە دەبینین تۆمارخانەی فەرموده هەردەم ئامادە دەبێت بۆ کەڵەکەبوون و زەبەلاحبوون تا دەگاتە سەردەمی دوای مەسنەدە راستەکانیش (الصحاح)، واتە سەدەی سێیەمی کۆچی. بەڵکو تا سەدەی هەشتەمی کۆچیش هەر کۆکردنەوە و رێکخستنەوە و زیادکردنیش بەردەوام بوو.

بە گەرانەوە بۆ هاوشێوەکردنی سوننەت و زمان لای شافیعی، دەتوانین تێبینی بکەین کە زمانی عەرەبی، هەرچەند ریشەیەکی کۆمەڵیی هەیە، بەڵام لەسەرەتاوە کەسێکی بۆ پەیدا دەبێت وەك خەلیل کوڕی ئەحمەد لە (کتاب العین) کە هەمووی ئاماربکات و کۆیبکاتەوە، بەڵام سوننەت سەرەرای ریشەی تاکیی خۆی کەچی کراوەیە بۆ زیادبوون و کەڵەکەبوون، پاش ئەوەش ناکرێت پەی پێببردرێت، بەڵکو ئەو زەبەلاحبوونە نەخۆشیئاسایە بەرهەمهێنانی دەرمانێکی دەخواست، لەبەرئەوە زانستی فەرمودەی هەڵبەستراو و

مەسنەدەکانی فەرمودە (درۆ) لەسەرەتای سەدەی شەشەمەوە بەرەوسەر دەردەکەوێت.

گران نابێت گەر بمانەوێت پەیوەندییەکی هۆکاری «رابطة سببية» بدۆزینەوە لە نێوان ئەوەی کە شافیعی بازنەی سوننەت فراوان دەکات، بەشێوەیەك هیچ رووداوێک کە روویداوە یان روودەدات لە دەستی دەرنەچێ لەگەڵ بەرتەسککردنەوەی بازنەی عەقڵ، هەرچەندە بازنەی سوننەت فراوان بکرێت بەشێوەیەك هیچ پێشهاتێک لە دەستی دەرنەچێت ئیدی عەقڵ هیچی بۆ نامێنێتەوە تەنیا ئەو پارچە بەجێماوانە نەبێت کە لەملا و لاوە لە دەستی دەق دەردەچێت.

بە وشەیەك، هەرکاتێک سوننەت هەبوو ئیدی عەقڵ زنجیر دەکرێت، ئەمەش ئەوەیە کە شافیعی بەجۆرەها شێوە لە چەندین شوێنی «الرسالة» و «الأم»دا جەختی لەسەر دەکاتەوە:

- خودا فەرمانیکردوە بە پەرستنی خۆی لەسەر زاری پێغەمبەرەکەیەوە، ئیدی کەس بۆی نییە (چۆن) و (بۆچی)، یان عەقڵکاری بەکاربهێنێت لە ئاست فەرمودەدا) (الأم، مختصر المزني، ج8، ص2645).

- کەس بۆی نیە [101] بەرامبەر پێغەمبەری خودا قسەی هەبێت، دەشێت بۆی هەبێت رای خۆی بڵێت ئەگەر سوننەت نەبوو، بەڵام سوننەت کە هەبوو ئیدی دەبێت واز لە قسەی خۆی بێنێت، خەڵکیش دەبێت واز لە هەر کارێک بێنن کە بەپێچەوانەی سوننەتەوە بێت) (الرسالة، لا 425).

- (سوننەت هیچ بەڵگەیەکی تری لەگەڵدا نییە، تەنیا شوێنکەوتنی نەبێت) (الأم، ج3، لا193).

- هەرشتێک لە سوننەتدا هەبوو ئیدی کەس بۆی نییە بەپێچەوانەی سوننەتەوە بجووڵێتەوە (الرسالة. لا576).

- هەرکاتێک فەرمودە سەلمێنرا ئیتر کەس هیچ بەڵگەیەکی ناخوات دوای ئەوە) (الأم، ج7، لا202).

- هەرکاتێک سوننەت هەبوو ئیتر واز لە هەموو شتەکانی تر دەهێنرێت (الأم، ج7، لا 278).

- لەگەڵ سوننەتەدا هیچ ناکرێت تەنیا تەسلیمبوون نەبێت، ئیدی هیچ نموونەی بۆ ناهێنرێتەوە و پێوەرکاری لەگەڵدا ناکریت) (الأم، ج4، لا29).

- سوننەتەکانی پێغەمبەر فەرزە لەسەرمان و ئێمە هیچ شتێکمان نییە بەرامبەری تەنیا شوێنکەوتەیی نەبێت، هیچ پێوەرکارییەک لەگەڵیدا ناخوات، ئیدی هەر قسەیەکی ئادەمیزاد دەبێت شوێنکەوتەی ئەو بێت) (الأم، مختصرالمزني، ج8، لا2650).

بەهەرحاڵ شافیعی لە فەرمودەیەکەوە کە لە (ابوالدرداء)وە گێراویەتییەوە، قسەکانی خۆی فەرز دەکات، دەقەکەشی ئەوەیە: «معاویە کوڕی ئەبوسوفیان دەفرێکی ئاڵتونی کڕی، (ابوالدرداء) وتی: لە پێغەمبەرم بیستووە کە نەهی لەوە کردوە، معاویە وتی: هیچ خراپییەك لەمەدا نابینم، (ابوالدرداء) وتی: کێ لە معاویە رزگارم دەکات، من هەواڵی پێغەمبەری پێدەدەم کەچی ئەو رای خۆیم پێدەڵێت؟ ئیدی لە شوێنێکدا نیشتەجێ نابم لەگەڵتدا [102] (الرسالة، لا446).

ئایا لێرەدا باسی (هەڵوەشاندنەوەی عەقڵ دەکەین بە عەقڵ) وەک ئەوەی چۆن لێکۆڵەرێکی هاوچەرخی شافیعی دەڵێت؟ [103] ئێمە پێمان وانییە، چونکە هەڵوەشاندنەوەی عەقڵ بە عەقڵ پێویستی بە کولتوورێکی فەلسەفی و جەدەلی هەیە کە شافیعی نیەتی، چونکە ئەو عەقڵەی لە شافیعییەوە دەردەچوو عەقڵێکی دەقگەرا بوو نەك عەقڵێکی جەدەلی، بێجگە لەوەی رەتکردنەوەی عەقڵ خۆی بۆی مەزهەبێکی عەقڵییە هەرچەند دژی عەقڵ خۆیشی بێت. بەڵام شافیعی عەقڵ بەشێوەیەکی عەقڵگەرا رەتناکاتەوە، بەڵکو وەك بەندەیەکی زەلیل دەیکاتە پاشکەوتەی فەرماندەری ئایینی. فەرماندەری ئایینیش نەك قورئان بێت وەك بەهایەکی باڵا، بەڵکو ئەو فەرماندەرە ئایینیەی کە سوننەت نوێنەرایەتی دەکات، سوننەتێك کە دەدرێتە پاڵ پێغەمبەر، ئەو سوننەتەی کە ئەگەر پێویستی بە باڵاکردن نەبوایە، ئەوا پێویستی نەدەکرد شافیعی هێند بە باڵایدا بڵێت و هەوڵبدات لەگەڵ قورئاندا یەکسانیان بکات و ناوی بنێت (وحي غير متلو).

بەڵام ئەوەی شافیعی عەقڵ لە بازنەیەکی تەسکی شوێنکەوتەییدا گیردەدات و تەواو رەتیناکاتەوە، ئەوە لە دامەزراندنە تیۆریەکەیدا دەردەکەوێت کە باسی پێوەرکاری (القیاس) دەکات. ئێمە لێرەدا پێداگری دەکەین لە سەر تیۆری، چونکە پێوەرکاری وەک میکانیزمێك بۆ دەرهێنانی فیقهی، لە پێش شافیعیشدا هەر ناسراو بووە، وەک لە فەسڵی ئەبو حەنیفەدا باسیدەکەین.

شافیعی پێش ئەوەی بەشێکی تەواو دابنێت بۆ پێوەرکاری لە پێشەکی کتێبی «الرسالە»دا دەڵێت (هیچ کەس بۆی نییە لەبارەی شتێکەوە حەڵاڵ حەرام بکات تەنیا لەرووی زانیاریەوە نەبێ، زانیارییش ئەوەیە کە لە قورئان و سوننەتەوە وەرگیرابێت، یان کۆدەنگی و پێوەرکاری، پێوەرکاریش ئەوەیە کە بەپێی دەقی پێشوەختی قورئان و سوننەت هاوتا بکرێت (لا39- 40). هەر ئەم پێناسەیەشە کە جارێکی تر لە کۆتایی «الرسالە»دا دووبارەی دەکاتەوە، دەڵێت (خودا مافی بەکەس نەداوە شتێک بڵێت کە لە زانیارییەکی پێشوەختەوە نەبێت، زانیاری پێشوەختیش قورئان و سوننەت کۆدەنگی و جێماوی ئەسحابە، هەروەها پێوەرکاری لەسەر ئەو بنەمایانە) (لا508). هەروەها لە «الام»دا دەڵێت (زانیاری لە دوو رووەوە دەسگیردەبێت، شوێنکەوتن و هەڵێنجان «استنباط». شوێنکەوتن بریتییە لە شوێنکەوتنی قورئان، ئەگەر قورئان نەبوو سوننەت، ئەگەر نا ئەوە پێوەرکاری دەکرێت لەسەر سوننەتی پێغەمبەر) (مختصر المزني، ج8، لا 2674).

ئاشکرایە لە هەموو ئەم داسەپاندنانەوە، کە بەرزکراوەتەوە بۆ پلەی ئەرکی رەهای کانت «الآمر المطلق الكانطي». ئەگەر بشێت لە فیقهدا زاراوەی فەلسەفی بەکاربێنین، ئەوە پێوەرکاری لەو پێناسەیەدا بریتییە لە گوتە، بێگومان گوتە لێرەدا مەبەست ئەو گوتەیە نییە کە زمان دەریدەبڕێت، بەڵکو ئەو گوتەیەیە کە عەقڵ دەیڵێت، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوەی دێتە خەیاڵمان لە یەکەم ساتدا، ئەو عەقڵەی لێرەدا مەبەستە بریتی نییە لەو عەقڵەی کە رەمەکێکی (غەریزەیەکی) سەربەخۆیە و بڕیاری بەدەست خۆیەتی، بەڵکو ئەو عەقڵە تەنیا ئامرازێکە خودا بەخشیویەتی پێمان بۆ ئەوەی خۆی پێبناسین وحوکمی خودای پێ وەربگرین. جا چ ئەو دەقە لە قورئان بێت یان سوننەت بێت یان قیاس بێت لە شتێکدا کە دەقی لەسەر نەهاتووە بە هاوشێوەیەک کە دەقی لەسەر هاتووە. لەبەرئەوە دوا پلەی ئەو عەقڵە ئامرازگەرایە بریتیە لە ئیجتیهاد نەك داهێنان. لەبەرئەوە لە سەرەتای «الرسالة»دا شافیعی ئەم دەقە دێنێت (کەس مافی نییە هیچ شتێک بڵێت تەنیا بە بەڵگە هێنانەوە نەبێت، نەك بەوەی بەباشی دەزانێ، چونکە بەباشزانین شتێکە عەقڵ بێ پێشێنەیەك دروستی کردوە) (لا25).

کەواتە ئەرکی عەقڵی پێوەرکار پلە دووە نەك پلە یەك، دەستپێشخەر نییە بەڵکو شوێنکەوتوە، بە قسەی شافیعی، ئەرکی عەقڵ کارکردنە لەسەر ئاستی لقەکان نەك

لەسەر ئاستی بنەماکان، چونکە زانست دوو زانستە، زانستی گشتی و زانستی تایبەت، زانستی یەکەم بریتیە لە «زانستێکی گشتی کە دەبێت هەموو کەسێکی ئاسایی بیزانێت (لا357)»، ئەم جۆرە زانستەش لەناو قورئاندا هەیە، بە گشتیش لەناو ئەهلی ئیسلامدا هەیە [104]، کە لە پێغەمبەرەوە دەیگێڕنەوە و هیچ ناکۆکییان نییە لەسەری. ئەو زانستەش ئەو شتە گشتیەیە کە ناکرێت هەڵەی تێدا بکرێت لە هەواڵەکانیدا، لێکنادرێتەوە و ناکرێت راجیاییشی لەسەر ناکرێت. زانستی دووەمیش ئەو زانستەیە کە (زانینی فەرزەکان و ئەحکامی فەرزەکانە، ئەوەی لە قورئاندا دەقی لەسەر نییە، زۆریشی لە سوننەتدا نییە، ئەگەر هەندێکیشی لە سوننەت هەبێت ئەوە زانستی تایبەتەکانە، نەك هەواڵی کۆمەڵانی موسوڵمان [105]، هەر شتێکیش لەوانەی مانای لێکدانەوەی هەیە و بە پێوەرکاریی دەزانرێت) (لا 358- 359).

لەراستیشدا ئەو پەراوێزەی شافیعی جێیهێشتبوو بۆ عەقڵی پێوەرساز، تەنانەت لەوەش کەمترە کە لە بڕگەی دواییدا دەیڵێت: چونکە ئەو عەقڵە کە دەبێت سنووری کارکردنەکەی سنووردار بکات، نەك تەنیا لەو سنوورەدا کە قورئان و سوننەتی تێدا نەهاتوە، بەڵکو بە پانتاییەکی کەمتر لەوەش کە بریتیە لەو پانتاییەی جێماوەکانی ئەسحاب داگیری دەکات، ئەمە بێجگە لە کۆدەنگیی زانایان [106]. شافیعی بەشێکی سەربەخۆی بۆ جێماوی هاوەڵان (اثارالصحابة) دانەناوە، بەڵکو تەنیا چەند ئاماژەیەکی پێداوە کە پاش قورئان و سوننەت مەرجە جێماوی ئەسحاب بکرێتە بنەما، بەڵام لە کتێبی «الأم»دا ئاماژەی زیاتری پێکردوە، دەڵێت (ئێمە شوێن قورئان و سوننەت و جێماوەکانی هاوەڵان کەوتووین) (ج7، لا38). هەروەها (لەبارەی جێماوی هاوەڵانەوە دەڵێت پێویستە شوێنی بکەوین وەک ئەوەی پێمان گەیشتوە، ئێمە هیچ پێوەرکارییەکی راستیش پەسەند ناکەین گەر گوتە و کاری هاوەڵان هەبوون) (ج2، لا1049). باسی پێوەرکاری تەنیا لە پلەی چوارەمدا دێت پاش (قورئان و سوننەت و وتەی ئەسحاب، ئینجا پێوەرسازی دێت) (ج2، لا253). پاشان لە کتێبی «اختلاف الحدیث»دا دەڵێت (زانست لە دوو ڕووەوە وەردەگیرێت: شوێنکەوتن و هەڵێنجان «استنباط»، شوێنکەوتنی قورئان، ئەگەر نەبوو سوننەت، ئەگەر نا ئەوە وتەی پێشینانمان، لەمانەدا کەس رای جیاوازی نییە، ئینجا ئەگەر لەمانەدا نەبوو دێینە سەر قیاس لەسەر قورئان، ئەگەرنا ئەوە قیاس لەسەر سوننەت دەکەین،

ئەگەر نەبوو ئەوە قیاس لە سەر کۆی پێشینانمان دەکەین) (الأم مختصر المزني، ج8، لا2675).

ئێستا ئەگەر پێناسەی گشتیی ئوسوڵیەکان بێنین لەسەر پێوەرکاری فیقهی، دەتوانین بڵێین ئەو پێناسەیە لای شافیعی بریتییە لە دواخستنی ئەو شتەی کە دەقی لەسەر نییە بۆ مەسەلەیەك کە دەقی لەسەرە لە قورئان و سوننەت و گوتەی هاوەڵاندا، لەکاتێکدا گوتەی هاوەڵان لە رووی بەهای پلەبەندیەوە زۆر کەمترە لە دوو سەرچاوەکەی تر، چونکە پیرۆزمەندییەکەی هەرچیەک بێت هەر مرۆییە. لەکاتێکدا پیرۆزمەندیی قورئان و سوننەت خوداییە- بەپێی گریمانەکەی شافیعی. بەڵام لێرەدا لەگەڵ ئەم تەرخانکردنەدا پرسیارێک دێتە پێش: ئەگەر شتێک هاتە پێش و دەقی لەسەر نەبوو لە قورئان و سوننەت و گوتەی هاوەڵاندا، لێرەدا ئیتر عەقڵ بۆی هەیە ئیجتیهاد بکات و پێوەرسازی بکات؟ لێرەدا وەڵامی شافیعی بێ دوودڵی «نەخێرە»، چونکە زانا بۆی نییە بەبێ زانیاری قسەبکات)، ئەگەر بێ زانیاری قسەبکات (ئەوە لە تاوانەوە نزیکترە نەک بڵێین نەزانە) (لا507- 508).

بەڵام ئەم پرسیارە لە دیدگای شافیعیەوە هەر لە بناغەوە بێمانایە، چونکە (زانستی ناو قورئان و سوننەت و گوتەی هاوەڵان هێند گشتگیر و فراوانە بەشێوەیەک ئیدی ئەستەمە زانایەک نەتوانێت خواستەکانی خۆی تێدا بدۆزێتەوە یان مەسەلەیەک هەبێت دەقی لەسەر نەبێت، قورئان کە دەقی یەکەمە (البیان- روونکردنەوە)ی تێدایە بۆ هەموو شتێک وەك شافیعی دەڵێت لە تەفسیری ئایەتی 89ی سورەتی «النحل»دا، پاشان سوننەت وەك بنەمای دووەم، بریتیە لە روونکردنەوەی روونکردنەوە، ئەمیان وەك زاریایەک فراوانە، هەروەک چۆن زمانی عەرەبی زەریایە سوننەتیش هەروا، بە شێوەیەک کە ئەستەمە یەک کەس بتوانێت هەموو سوننەت پەی پێبەرێت، بەڵام بەگشتی سوننەت هەموو پارێزراوە لای کۆی زانایان، (ئەگەر زانستی هەوو زانایان کۆبکرێتەوە) (لا42)، ئیتر دەبێت ئەو قامووسە چەند فراوان و لەبنەهاتوو بێت گەر قسە و گوتاری هاوەڵانیشی بچێتە سەر؟ لەبەرئەوە هیچ زانایەك مافی ئەوەی نییە بە

عەقڵی خۆی فەتوا بدات بە بیانووی ئەوەی خواستی خۆی نەدۆزیوەتەوە لەو سەرچاوە زۆرانە، کە هەر ئەوانە سەرچاوەی زانستن [107]. خۆ ئەگەر زانایەك شتێکی وابکات، ئەوە سەرەرای ئەوەی تاوانبار دەبێت بەڵگەی نەزانی ئەو زانایەش دەردەخات، لەبەرئەوە سیفەتی زانای لێدەکەوێت.

لەبەرئەوە شافیعی لە «الأم»دا بەشێک دەنووسێت لەسەر پوچکردنەوەی (بەباشزانین- الاستحسان) دەڵێت (هەرچییەک باسمکرد... لە حوکمی خودا و حوکمی پێغەمبەر و حوکمی موسوڵمانان بەڵگەیە لەسەرئەوەی هەر کەسێک شایەنی ئەوە بوو ببێتە موفتی یان داوەر، نابێت نە فەتوا بدات نە داوەری بکات، مەگەر لەرووی هەواڵێکەوە نەبێت (خبر لازم)، ئەو هەواڵەش بریتیە لە: قورئان و سوننەت و یان شتێک زانایان وتبێتیان بێئەوەی رای جیایان هەبیت، یان پێوەرکاریەک لەسەر ئەو سەرچاوانە، نابێت و ناشێت حوکم بدات بە (بەباشزانین- الاستحسان) کاتێک کە بەباشزانین نە واجبە و نە لە یەکێک لەو مانایانەدا جێی دەبێتەوە، ئەگەر کەسێک بڵێت: چ شتێک بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بەباشزانین نەشیاوە کاتێک نەچوە ژێر یەکێک لەو مانایانەوە؟ دەڵێین خودا فەرمویەتی: «ایحسب الانسان أن یترك سدی»، هەموو زانایان هاوران لەسەر ئەوەی «سدی» مانای ئەوەیە کە فەرمانی پێنەکرێت و نەهی لێنەکەرێت، خۆ هەر کەسێك فەتوایەکی دا یان حوکمێکی دا بە شتێك کە فەرمانی پێنەکراوە، ئەوە رێگەی بەخۆی داوە بچێتە مانای «سدی- بەرەڵا»وە لەکاتێکدا خودا پێی راگەیاندوە کە بەرەڵای ناکات) [108].

لێرەدا تێبینی دەکەین شافیعی لە حەماسەتیدا بۆ راستاندنی رایەکەی خۆی پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی ئایەتێك (ئایەتی 36 لە سورەتی القیامة)، بە هەمان رەوت کە ئایەتی (89)ی سوورەتی (النحل)ی پێ قۆستۆتەوە بۆ مانایەکی دوور لە مەبەستەکەی خۆی. چونکە ئایەتی «أیحسب الانسان أن یترك سدی؟»، بە هیچ شێوەیەک لە دوور و نزیکەوە پەیوەندیی بە ئیشکالیەتی سەرچاوەی پێوەرسازی و حوکمەوە نییە لە مەسەلەی پێشهاتە فیقهیەکاندا. هەر هێند بەسە کە ئایەتەکە لە سیاقی خۆیدا بێنین تاکو بۆمان

دەرکەوێت شافیعی تا چ ئاستێک ئەو ئایەتەی بە لاڕێدا بردوە و لێکدانەوەی سەقەتی کردووە بە زۆرەملێ رایکێشاوەتە ناو بابەتێکەوە کە هیچ پەیوەندی پێوەی نییە و شافیعی بەزۆر دەیهێنێتە گۆ، لە شوێنێکی غەیری شوێنی خۆیدا، ئەو سورەتە سەبارەت بەوانە دابەزیوە کە گومانیان لە قیامەت هەیە هەروەها باسی ئەو سزایە دەکات کە چاوەڕوانی ئەوانە دەکات خودا و پێغەمبەر بەدرۆدەخەنەوە. ئەسڵەن دەگوترێت لەسەر ئەبوجەهل دابەزیوە، چونکە ئەوەی دەڵێت (ئەم شەش ئایەتە و هەموو سورەتەکە لە مەککە دابەزیوە، خولگەی سورەتەکە لە مەسەلەی ئیمان و کوفردایە، یان باوەڕبوون و بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەرانە، کاتێك دەڵێت: (فلا صَدَّقَ وَلَا صَلَّىٰ (31) وَلَٰكِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰ (32) ثُمَّ ذَهَبَ إِلَىٰ أَهْلِهِ يَتَمَطَّىٰ[109](33) أَوْلَىٰ لَكَ فَأَوْلَىٰ (34) ثُمَّ أَوْلَىٰ لَكَ فَأَوْلَىٰ (35) أَيَحْسَبُ الْإِنسَانُ أَن يُتْرَكَ سُدًى). لەوێدا باوەڕداران هێشتا دروست نەبووبوون، تاکو باسی ئەحکام بکرێت وەک سورەتەکانی مەدینە. ئەگەر راستبێت ئەو ئایەتانە لەسەر ئەبوجەهل دابەزیوە [110]، کەواتە لەسەر زانستی زانا دانەبەزیوە، بەڵکو لەسەر نەزانیی نەزان دابەزیوە، خۆ گومانی تێدا نییە ئەو ئایەتانە لە فۆڕمێکی ئاگادارکرنەوەدا دابەزیوە، بێگومان ئاگادارییەکە لەسەر ئەوە نییە کە زانایەك بە شتێک فەتوا بدات کە فەرمانی پێنەکراوە یان نەهیلێکراوە، بەڵکو ئاگاداری ئەوە دەکاتەوە کە نەزان وابزانێت کە پشتگوێ دەخرێت و بە جەستە زیندوو ناکرێتەوە لە قیامەتدا تاکو لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت و ئەو سزایەی بدرێت کە شایستەیەتی بەهۆی ئەوەی لە جەهلدا رۆچووە، هەر لەراستیشدا گوتەزای «سدی» نە لە دوور و نە لە نزیك پەیوەندیی نییە بەو مانایەی شافیعی دەیهێنێت لەسەر زاری (شارەزایانی قورئان) تاکو دەلیل بێت لەسەر (ئەو کەسەی فەرمانی پێنادرێت و نەهی لێناکرێت). بەڵکو (سدی) وەك فەرهەنگ، ئەگەر پەیوەندیی دەلالی نێوان گوتەزا و مانا نەپچڕێنین، واتە فەرامۆشکراو، لە «لسان العرب»دا دەڵێت: «سدی: حوشترێکی بەرەڵاکراو، واتە پشتگوێخراو).

ئەی ئەو لادانە لێکدانەوەییە بۆچی؟ چونکە شافیعی بە ئاگایی بێت یان نائاگایی دەیەوێت ئەو بۆشاییە تەسکە دابخات کە لەوانەیە بەکراوەیی لەبەردەمی عەقڵدا

بمێنێتەوە تاکو خۆی حوکم لە شتانێکدا بدات کە دەقی لەسەر نەهاتووە، لە هەرسێ سەرچاوەکەی تردا، تاکو بیانکاتە پێوەر بۆ حوکمدانی خۆی. چونکە ئەگەر ئەو دەقانە نەبوون -خەریکین بڵێین هیچ بۆشاییەک نەماوە پاش ئەوەی تۆمارخانەی دەق وا فراوان و زەبەلاح بوو- هیچ زانایەک بۆی نییە لە خۆیەوە پێوەرکاری بکات یان بەرای خۆی شت بڵێت: ئەو زانایە لەم کاتەدا پێویستە بێدەنگ بێت، خۆئەگەر بە رای خۆی شتێکی گوت ئەوا دەخزێتە ناو زۆنگی «بەباشزانین- الاستحسان»ـەوە، کە شافیعی لە «الرسالة» و «الأم»دا دوو بەشی تەرخانکردوە بۆ پووچکردنەی «بەباشزانین –الاستحسان».

پێناسەی بە باشزانین لای شافیعی واتە داهێنان (إحداث)، وەک دەگوترێت (داهێنانێک کە نموونەیەکی پێشخۆی نەبێت) (ل27). بەڵام ئەوە ئیجتیهاد نییە، چونکە ئیجتیهاد تەنیا لەگەڵ دەقدا دەبێت، بەڵکو (بەباشزانین- استحسان)، (چێژوەرگرتن) و (خراپ بەکارهێنان)ـە (ل507). لەوەش خراپتر: لە دیدی شافیعییەوە وەک ئەوەی غەزالی لەسەر زاری شافیعیەوە دەڵێت: (هەرکەسێک پڕەنسیپی بە باشزانین «استحسان» بەکاربێنێت، ئەوە شەرعی تازەی داناوە) [111]. شەرعدانانیش دوای کوفر گەورەترین تاوانە، چونکە هەر یەکسانە بە هاوەڵ بۆ خودا دانان و شکاندنی پاوانی خودایە کە بریتیە لە شەرعدانان، هەرکەسێکیش بانگەشەی مافی شەرعدانان بکات بۆ خۆی ئەوە لە پلەی بەندایەتییەوە دەردەچێت بۆ پلەی خودایەتی.

لەبەرئەوە پراکتیزەکردنی بنەمای بەباشزانین (استحسان) تاوانە، تەنانەت ئەگەر ئیجتیهادەکەش باش بێت، ئەمەش تەنیا لەبەرئەوە نییە کە بەباشزانین خۆی لە خۆیدا لەرووی ئەپستمۆلۆژیەوە پوچە، چونکە هیچ ئیجتیهادێك بێ بنەمای دەقێك ناکرێت یان بێ دەلالەتی دەق، بەڵکو لەبەرئەوەشە کە ئیجتیهاد بێ دەق یاخود بێ دەلالەتی دەق واتە پەیامی خودا کەموکورتیی تێدایە، ئەمەش بە گوێرەی خوێندنەوەی شافیعی بۆ ئایەتی (89) لە سورەتی (النحل) و ئایەتی (36) لە سورەتی (القیامة) نەشیاوە، چونکە بەپێی ئەو دوو ئایەتە لە یەکەمیاندا قورئان هیچی بەجێنەهێشتوە روونی نەکردبێتەوە، دووەمیشیان پێمان دەڵێت مرۆڤ هەروا بەرەڵا نەکراوە.

ئەم دژبەرییەی گریمانەکەی شافیعی لەخۆیگرتوە وایکردوە کە شافیعی زۆر بەتوندی دژی بە باشزانین (الاستحسان) بوەستێتەوە، بەشێوەیەک کە بەرامبەر هیچ شتێکی تر

وا بەرەقی رەخنەی نەگرتوە، ئەو لە شوێنەکانی تردا وەك دیالۆگ (ئەگەر وتیان) و (دەڵێین) قسە دەکات، کەچی لێرەدا ئەو زمانە بزردەبێت و سەرکۆنەکردنێکی توند جێگەی دەگرێتەوە: هەر کەسێک کار بە پرەنسیپی بەباشزانین (الاستحسان) بکات، واتە بە رای خۆی کاریکردوە، هەرکەسێکیش رای خۆی لە شەرعدا بەکاربێنێت ئەوا شوێن ئارەزووەکانی عەقڵ کەوتووە و لە شەرع دابراوە. یان بە گوێرەی دەربڕینی (شاطبي) هەر کەسێك بەباشزانین بکات ئەوە پەیوەندیی نێوان عەقڵ و دەقی هەڵگێراوەتەوە، چونکە یەکەم کە پێشکەوتەیە لێرەدا دەبێتە پاشکەوتە، دووەمیش -واتە عەقڵ- کە پاشکەوتەیە لێرەدا دەبێتە پێشکەوتە. بە گوتەیەکی تر بە زمانی مۆدێرنە، بەباشزانین واتە بنیاتنانی گەورەیی عەقڵ، ئەوەش تاوانێکی گەورەیە، بەڵکو گەورەترین تاوانە، لە دیدی ئەپستمۆلۆژیای شافیعیەوە، چونکە پرەنسیپی شافیعی بریتییە لەوەی ئیجتیهادی عەقڵی رۆڵی دووەمی پێدراوە، ئەویش لەسەر ئاستی لقەکان و لەژێر سایەی هەر دوو بنەماکە: واتە قورئان و سوننەت [112].

## میانڕەویی شافیعی؟

لە نێو کولتووری عەرەبیی ئیسلامیدا قسەیەک باوە کە گوایە شافیعی دامەزرێنەری عەقڵە لە ئیسلامدا و رۆڵی گەورەی هەبووە لە بنیاتنانی تانوپۆکانی عەقڵ تاکو عەقڵی ئیسلامی لە جێکەوتی میانڕەویدا بگیرسێتەوە، یاخود جێکەوتی گونجاندن یان سازاندن، ئەو پێگەیەش نێوندە لەنێوان فەرمودەگەراکان وعەقڵگەراکان.

لەوانەیە (ئەحمەد ئەمین) بەرپرسی یەکەم بێت لە دروستکردنی ئەو وێنایە بۆ شافیعی، ئەو لە بەرهەمە ناسراوەکەیدا «ضحى الاسلام» بەوجۆرە باسی شافیعی دەکات: (دیارترین تایبەتمەندێتی شەرعداڕشتنەوە دوو بەش بوون: فەرمودەگەراکان و عەقڵگەراکان، ئەو دیاردەیەش لە کۆتایی سەردەمی ئومەوی و سەرەتای سەردەمی عەباسیدا بەتەواوی زەقبۆوە، ناکۆکی نێوان ئەو دوو گرووپە زۆر زیادیکردبوو، هەر گرووپێک ئاڵای خۆی هەبوو، حیجازییەکان ئاڵای فەرمودەیان هەڵکردبوو، عێراقییەکانیش ئاڵای عەقڵیان

هەڵکردبوو، کاتێك شافیعی هات، هەردوو لای یەکخست بەهۆی کەسایەتیی خۆیەوە، لەوانەیە ئەو هەڵویستەی شافیعی واتە نزیکخستنەوەی دید و بۆ چوونی هەردوولا و هەڵبژاردنی ئەوەی بە رەوای دەزانی لە هەردوو لادا، زەقترین دیاردە بێت لە قوتابخانەی شافیعیدا).

جا بۆ زیاتر برەودان بە رایەکەی خۆی، ئەحمەد امین هەندێک پەرەگراف لە رازییەوە دەگوێزێتەوە سەبارەت بە تایبەتمەندێتیەکانی شافیعی. رازی دەڵێت:

(خەڵک پێش شافیعی دوو گرووپ بوون، ئەهلی فەرمودە و ئەهلی عەقڵ، فەرمودەگەراکان نەیاندەتوانی گفتوگۆ بکەن، نەیاندەتوانی ساختەکانی عەقڵگەراکان روونبکەنەوە، عەقڵگەراکانیش هەر خەریکی ئەوە بوون کە کارە عەقڵییەکانی خۆیان رێکبخەن و جوانی بکەن، کاتێک شافیعی هات، لەبەرئەوەی شارەزایی هەبوو لە دەقەکانی قورئان و سوننەتدا، شارەزابوو لە بنەمای فیقھ و مەرجەکان و بەڵگەهێنانەوەکان، بەهێزبوو لە گفتوگۆ و مشتومڕدا، لێرەوە زۆرێک لە عەقڵگەراکان پاشگەز بوونەوە لە عەقڵگەرایی) [113].

بەهەمان شێوە (محەمەد ابو زهرە) رایەکانی فەخری رازی دووبارە دەکاتەوە و دەڵێت (شافیعی فیقهی ئەهلی عێراق و حیجازی کۆکردبۆوە، واتە فیقهی دەقگەرا و فیقهی عەقڵگەرایی).

جا بۆ پشتراستکردنەوەی ئەو رایە ئەبو زەهرە بە هەندێک قسەی ئیبن حەجەری ئەسقەلانی بەڵگە دێنێتەوە، کاتێك باسی شافیعی دەکات دەڵێت: (پێشەوایەتیی فیقھ لە مەدینەدا کەوتە دەستی مالیک، بۆیە شافیعی چووە لای مالیک و ماوەیەك لە خزمەتیدا بوو و زانستی لێوەرگرت، لە عێراقیش پێشەوایەتی فیقھ کەوتە دەست قوتابیەکەی ئەبو حەنیفە، ئەو زانستی تەواوی لە مامۆستاکەی وەرگرت، شافیعیش هەرچی زانستی ئەبو حەنیفەیە لە قوتابیەکەی وەرگرتوە، بەم شێوەیە هەردوو زانستەکەی کۆکردەوە، ئیدی کاری لەسەر هەردووکیان کرد تاکو توانی بنەماکانی فیقھ و رێساکانی ئیجتیهاد دابمەزرێنێت، ئیدی هەموو لایەك سەریان بۆ دانەواند و لەناو زانایاندا ناوی دەرکرد و رێزێکی گەورەی لێگیرا، تا ئەوەی لێدەرچوو کە دوایی دەرچوو)[114].

پاش ئەحمەد ئەمین و ئەبو زەهرە، (محەمەد عابد ئەلجابری) دێت و هەمان شێوە دووبارە دەکاتەوە: (ئەگەر سەیری فیکری عەرەبیی ئیسلامی بکەین لەسەرەتای سەردەمی تۆمارکردندا، دەبینین جۆرێك لە دوولەتبوون لەنێوان هەردوو ڕەوتە سەرەکەییەکە لە هەموو بوارەکاندا دروست دەبێت: ڕەوتێك پشتی بە عەقڵکاری بەستووە و وادەزانێت کە عەقڵ ئەو بنەمایەیە کە دەبێت پشتی پێببەسترێت. ڕەوتێکیش پشتی بە میراتی پێشینان بەستووە و وادەزانێت کە تەنیا ئەوەی لە پێشینان بۆمان ماوەتەوە ڕەسەنە. لە بواری شەریعەتیشدا مەسەلەکە تەواو جیاواز بوو، نەك لە ڕووی ململانێی توندیانەوە، بەڵکو لە ڕووی ئەو ئەنجامانەی کە ڕوویدەدا گەر هاتبا و ململانێی نیوان هەردوو قوتابخانەکە درێژ بوایەتەوە و سەری بکێشایە بۆ دابرانی تەواو لەنێوان هەردوو ڕەوتەکەدا. لەوکاتەدا دەبوو فەرمودە لەژێر فشاری مەسەلە ناوخۆیەکاندا هەڵببەسترێت، تاکو داواکاریەکانی سەردەم وەڵام بداتەوە. ئەو پرسە واقیعییانە گریمانەی تیۆریشیان دەوروژاند و پاکانەی بۆ ئەویش دەکرد. بەهەمان شێوە عەقڵکاری لەگەڵ ڕۆچوون لە گریمانە تیۆرییەکان قەبەتر دەبوو. کەواتە دەبوو بگەڕێن بەشوێن چەند ڕێسایەکدا کە هەموو لایەك ڕەچاوی بکەن و بیکەنە بناغەی کار، تاکو ئیدی ڕێگە بگرێت لە هەڵبەستنی فەرمودە، هەروەها عەقڵیش لە شوێنی خۆی رابگرێت. ئەوە ئەو ئەرکە بوو کە شافیعی پێی هەستا. تاکو ڕێگەیەک دیاریبکات و ڕێبگرێت لە قەبەبوونی زیاتری فەرمودە و عەقڵکارییش) [115].

تازەترین لێکۆڵەریش لەسەر شافیعی، واتە (نصر حامد ابو زید)، یەکسەر ئەسڵەن کتێبەکەی لەبارەی شافیعیەوە ناوناوە (دامەزرێنەری میانڕەوی) و وای داناوە کە میانڕەوی (دیارترین تایبەتمەندێتی ئەزموونی عەرەبیی ئیسلامییە)[116].

بە کەڵەکەبوونی ئەم لێکۆڵینەوانە، ئیدی وایلێهاتوە میانڕەوی شافیعی و ئاشتکردنەوەی هەردوو قوتابخانەی عەقڵ و نەقڵ پێکەوە بۆتە قسەیەکی بەڵگەنەویست و بێتام، لەهەمان کاتدا تەنانەت لە کتێبەکانی قوتابخانەکایشدا دەخوێنرێت. لەوانەیە زیادەڕۆیی نەبێت گەر بڵێین سەپاندنی ئەم رایە خەریکە ببێتە عەقیدەیەکی ئایینی و هەرکەسێک لەبارەی شافیعییەوە توێژینەوەی کرد دەبێت ئەو قسەیە دووبارە بکاتەوە [117].

ئەو هەڵوێستە بەرامبەر شافیعی کە بۆتە بەڵگەنەویستێك کە چیتر مشتومڕ هەڵنەگرێت، ئەو راستییەمان لێدەشارێتەوە کە شافیعی وەک دووەم دامەزرێنەری ئیسلام لە «سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوە»دا بە گوزارشتەکەی ئیبن خەلدون، کودەتایەکی تیۆلۆژی و ئەپستمۆلۆژی کردوە بەسەر عەقڵدا. دووەمیش رەوایی دەدات بەو کودەتایەی شافیعی کردویەتی، کاتێک سیفەتی میانڕەوی دەدرێتێ و وا باسدەکرێت کە ئەهلی عەقڵ و نەقڵی پێکەوە کۆکردۆتەوە، واتە شەرعیەت دەدرێت بە کودەتاکەی، چونکە ئەو توانیویەتی سازان بکات لەنێوان ئەهلی عەقڵ و نەقڵدا، کەواتە بەوپێیە بێت نە شافیعی کودەتای کردوە و نە عەقڵیش کودەتای بەسەردا کراوە، بەڵکو هەردوو رەوتە دژبەیەکەکە، واتە ئەهلی فەرمودە و عەقڵگەراکان وەك دوو باڵی باڵندەیەکیان لێهاتووە، کە ناتوانێت بێ هیچیان بفڕێت.

بەڵام لەراستیدا باڵندەکەی شافیعی باڵێکی شکێنراوە بە شێوەیەك کە جارێکی تر ئەو باڵە گەشە ناکاتەوە، چونکە ئەو باڵە هەر لە بنەوە دەرکێشراوە، دووەم لەبەرئەوەی باڵی نەقڵیش هێند گەشەی پێکراوە و گەورە کراوە کە دەتوانێت بەو باڵەی بفڕێت و پێویستی بە باڵی دووەم نەبێت.

لە سەرێکەوە شافیعی هیچ کارێکی بۆ عەقڵ نەهێشتەوە تەنها پێوەرکاری نەبێت، ئەویش لە لقەکاندا، چونکە بنەماکان پیرۆز و ئاسمانین، تەنانەت ئەگەر بنەماکانیش نەمان -کە شتی وا روونادات- لەوکاتەشدا عەقڵ هەر دەبێت بە بێدەنگی بمێنێتەوە. لەلایەکیترەوە شافیعی دێت و مەرجەعیەتی بنەماکان هێند قووڵ دەکاتەوە و دەیانسەپێنێت کە ئیدی سوننەتیش هاوشانی قورئان دەبێت، چونکە یەک سەرچاوەیان هەیە.

لەراستیشدا دونیا دوای شافیعی هەرگیز ناگەڕێتەوە سەر دونیای پێش شافیعی، چونکە عەقڵگەراکان لە مەیدان بەتەواوی پاشەکشەیان کرد، کە ئیدی مۆری زەلیلییان لێدرا [118]. ئیدی ئەهلی سوننەت مەیدانەکە بەتەواوی داگیردەکەن ئیدی هێندە دەستیان واڵادەبێت و هەژموون دەکەن تەنانەت خۆیان لەژێر ئاڵای قورئانیشدا ناشارنەوە، بەڵکو ئیدی بە (ئەهلی سوننەت و جەماعەت) خۆیان دەناسێنن، بەڵکو بە (ئەهلی فەرمودە)یش دەناسرێن، کەواتە شافیعی نە سازانیکردوە و نە تەنانەت ئاگربەستێکی کاتی راگەیاندووە،

بەڵكو بەتەواوی ئەهلی فەرمودەی دەرخست لەكاتێكدا ئەوان پێش ئەوە نزیكبوون لە تێكشكانەوە، وەک (ئیبن حەنبەل) دەڵێت: (پێش هاتنی شافیعی گیرمان خواردبوو بەدەست قوتابیانی ئەبو حەنیفەوە، تا شافیعی هات و رزگاریکردین) [119]. یاخود وەك حەمیدی دەڵێت (ئێمە دەمانویست وەڵامی عەقڵگەراكان بدەینەوە، بەڵام نەماندەزانی چۆن؟ تاكو شافیعی هات و دەرگای لێكردینەوە) [120].

بەهەرحاڵ بەڕێكەوت نییە شافیعی ناونراوە (سەرخەری سوننەت) یان (سەرخەری فەرمودە). لەراستیدا ئەركی ئەو بریتیبوو لە سەرخستنی سوننەت و فەرزكردنی وەک قورئان، چونكە ئەویش وەک قورئان هەر (سروشە)ـە، ئەو سەركەوتنەی سوننەتیش تەنیا بە یەك شت دەكرا (پەكخستنی عەقڵ)، ئەگەر بە رەهاییش نەبێت ئەوە لە دەقدا دەبێت لە كاربخرێت، لەگەڵ هێشتنەوەی دەرچەیەكی تەسك بۆ ئەوەی عەقڵ لەوێدا كاری خۆی بكات بە ناوی: پێوەرسازییەوە.

لەراستیدا هەرچەندە دەتوانین بڵێین ئەحمد ئەمین -خاوەنی كتێبەكانی «فجر الاسلام» و «ضحی الاسلام» و «ظهر الاسلام»- رۆڵێكی پێشەنگی هەبووە لە سەردەمی نوێدا، وەك یەكەم كەسێك كە ئینسایكلۆپیدیای ئیسلامی لەم سەردەمەدا نووسیوە، «وەك چۆن ئیبن خەلدوون دوا كەسە كە ئینسایكلۆپیدیای ئیسلامی لە سەردەمی كۆندا نووسیبێت»، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بەرپرسیارێتی ئەو وێنە رۆتینییە هەڵبگرێت كە كێشاویەتی بۆ شافیعی. ئەحمد ئەمین ئەو پەرەگرافەی بەتەواوی رانەگواستووە كە فەخری رازی لەبارەی شافیعیەوە لە كتێبی «مناقب الشافعی»دا نووسیویەتی كاتێک باسی عەقڵگەراكان و فەرمودەگەراكان دەكات، بۆئەوەی بڵێت شافیعی ئەركی ئەوە نەبوو نێوەندگیری لەنێوان هەردوو گرووپەكەدا بكات، بەڵكو بۆ ئەوە بوو یەكێكیان سەربخات بەسەر ئەوی تریاندا، واتە سەرخستنی ئەهلی فەرمودە بەسەر ئەهلی عەقڵدا، چونكە ئەهلی فەرمودە پێش هاتنی شافیعی حاڵیان باش نەبوو.

ئەو بڕگەیەی ئەحمد ئەمین راینەگواستوە و لە جێگەیدا سێ خاڵی ریزكردووە، بریتییە لە فەرمودەیەكی هەڵبەستراو لەسەر زاری پێغەمبەرەوە كە گوایە گوتویەتی (لەسەری هەر 100 ساڵێك خودا كەسێک دەنێرێت كە ئایینەكەی نوێ بكاتەوە)، رازی تێبینی ئەوە دەكات

کە نوێکردنەوەی ئایین (پێویستە لەسەر دەق بنیاتبنرێت، نەك لەسەر عەقڵکاری)، لەوێوە دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە «نوێکەرەوەی ئایین» کەسێکی تر نییە غەیری شافیعی، چونکە ئەو «دەقەکانی قورئان و فەرمودەی دەزانی»، هەروەها «بنەماکانی فیقهـ و مەرجەکانی بەڵگەهێنانەوە شارەزا بوو، بەڵکو هەر خۆی بنەماکانی فیقهی دارِشت و رێکیخستن پاکژی کردن»، کەواتە «مادەم وابێت دەبێت مەبەستی ئەم فەرمودەیە هەر شافیعی بێت»، دواجار رازی دەڵێت: بەڵام ئەحمد ئەمین ئەم برگەیە دەپەڕێنێت «ئەوەی رایەکەشمان بەهێزدەکات ئەوەیە کە ئەهلی عەقڵ مەزهەبەکانیان دەرخست، دونیاش پڕبوو لە فەرمودەناسەکان و هەواڵگێڕەوەکان، بەڵام کەسیان نەیانتوانی تانە لە قسەی عەقڵگەراکان بدەن، بەڵام پاش ئەوەی مەزهەبی عەقڵگەرایی بەهێزبوو دەرکەوت و جێگەی خۆی گرت، پاشانیش قوتابیەکەی ئەبو حەنیفە -واتە محەمەد ئیبن ئەلحەسەن- لەگەڵ (هارون الرشید) دەستی تێکەڵکرد، ئیدی مەزهەبەکەیان تەواو بڵاوبۆوە، چونکە دەسەڵات و زانست یەکیانگرت، دوای ئەوە شافیعی هات و هەرچی بەڵگەیەک پێی بوو دەریخست، بەو شێوەیە زۆربەی عەقڵگەراکان پاشگەزبوونەوە لە عەقڵگەرایی، لەو کاتەوە تاکو ئێستاش[121] کەسێك نەهاتوە بتوانیت تانە لە مەزهەبی شافیعی بدات یان قسەکانی لاوازبکات، تەنانەت لە یەک پرسیشدا، خۆ ئەگەر خودا شافیعی پشتئەستوور نەکردبایە بە بەڵگەی روون و ئاشکرا، ئەوە سەخت بوو بتوانێت کارێکی وابکات، بەمەش دەسەلمێت کە هەر شافیعی بووە ئایینی ئوممەتی نوێکردۆتەوە، لەبەرئەوە باوەڕمان وایە ئەو فەرمودەیە مەبەستی لە شافیعییە، هەر قوتابیانی شافیعیش شایەنی ئەوەن ناوبنرێن فەرمودەناسەکان»[122].

لەبەرئەوە پێمان وایە لەنێو هەموو لێکۆڵینەوە نوێکاندا لەسەر مەزهەبی شافیعی، نزیکترین لێکۆڵینەوە بۆ فکری شافعی ئەو لێکۆڵینەوەیەیە کە وەک فیقهناسی گەورەی سوننەت باسی دەکات[123]. بەڵام پرسیارەکە لێرەدایە: چۆن ئەفسانەی میانڕەوی بە دەوری شافیعیدا دروستکراوە؟[124].

لێرەدا نابێت لە پێناسی ئەفسانەدا بۆ وەڵام بگەڕێین، بەڵکو دەبێت لە فەرمانی ئەفسانەدا بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بگەڕێین. ئەفسانە هەر چیرۆکێکە کە لە واقیعی مێژوویدا شتێک نییە هاوشێوەی بێت، هەرچەندە گواستنەوەی چیرۆکەکەی بە

شێوەیەکی دەستەجەمعی وا، دەریدەخات کە لەگەڵ واقیعدا هاوشێوەبووە. بەڵام یەکێکیش لە ئەرکەکانی ئەفسانە ئەوەیە کە ئاستێکی کەم لە مەرجەکانی باوەڕکردن بۆ عەقڵ دەهێڵێتەوە، بەوەی ڕەوانەی تانوپۆی خودیی عەقڵی دەکات. تەنانەت ئەگەر بە وەهماندنی عەقڵ و گێژاندنیشی بێت. لەم بابەتەدا کە ئێمە باسیدەکەین، دەتوانین سەرنج بدەین کە ئەو بێترخکردنەی عەقڵ لەلایەن شافیعییەوە نەدەکرا عەقڵ پەسەندی بکات ئەگەر پشتی نەبەستایە بە مەرجەعیەتێکی باڵا (متعالي)، ئەویش سوننەتە، کە پیرۆزی و پێگەی سروشی دراوەتێ. بەڵام لەگەڵ ئەو دەرهێنانە هونەریەی تێزەکەی شافیعی هەردەبوو هەندێک ڕێکوپێك بکرایە تاکو ئەو ڕەقییەی بشارێتەوە. بەم شێوەیە دەبینی هەندێک پێگەی عەقڵ دەپارێزرێت پاش ئەوەی بەتەواوی زەلیل دەکرێت، کاتێك شافیعی زەلیلکردنی عەقڵ ناودەنێت گونجاندنی عەقڵ لەگەڵ سوننەت، لەوەش زیاتر کۆکردنەوەی عەقڵ لەگەڵ سوننەتی خودایی لە یەک هاوکێشەدا، بەجۆرێک لە جۆرەکان نارسسیزمی ئەو عەقڵە تێردەکات کە ئیتر بێدەنگ دەبێت لەئاست کەنارگیرکردنی تەواوەتیدا، مادەم ئەگەر وەک قسەش بێت عەقڵ و پەیامی خودایی یەکسان دەکرێن بە یەکتر. دواجار ئەفسانە لە ئەنجامی ڕەوتکردنی لەگەڵ مێژووی مرۆڤایەتیدا هەوڵدەدات هەندێک لە بەرز و نزمییەکان و دژیەکە ئاشکراکانی بتوێنێتەوە، خۆ ئەگەر شافیعی ململانێیەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ عەقڵگەراکاندا بکردایە، ئەوە ئەهلی عەقڵ دژ بە تێزەکانی رادەپەڕین، بەڵام کاتێک بلۆکی عەقڵگەرا پێگەی خۆی لەناو هاوکێشەی شافیعیدا لەنێوان عەقڵ و نەقڵدا دەبینێتەوە، وەک لە سەدەی سێیەمەوە دەرکەوت [125]، ئیدی هەڵچوون و ڕاپەڕینی ئەهلی عەقڵ شلبۆوە و پلەپلە لەگەڵ پرۆژەی ئەهلی سوننەت و جەماعەت ئاوێتەبوون و توانەوە. تەنیا بەم مانایە دەتوانی باسی سەرکەوتنی میانڕەویی بکەین لە مێژووی فکری شارستانێتی عەرەبی ئیسلامیدا، باشترین وەسفێکیش بتوانێت شارستانیەتییەکی بنیاتنراو لەسەر دەقی پیرۆز رازیبکات، ئەوەیە وەسفبکرێت پارێزەری هاوسەنگی لەنێوان عەقڵ و نەقڵدا، تەنانەت ئەگەر عەقڵ لە واقیعی پراکتیکیدا نەک لە واقیعی گریمانکراوی ئەفسونکراودا، پەراوێزخرابێت و کرابێتە شوێنکەوتەیەکی ملشۆڕی دەق.

لێرەدا پرسیارێکی تر قوت دەبێتەوە: ئایا سەرکەوتنی میانڕەوی گریمانەکراو لەنێوان عەقڵ و نەقڵدا سەردەکێشێت بۆ ئەوەی عەقڵکاری و دەقکاریش وەك یەك گەشەبکەن و پێشبکەون؟

یەکەم شتێک کە لەم هاوکێشە جەبرییەدا تێبینی دەکەین، ئەوەیە کە گەشەکردنی عەقڵ و نەقڵ دەکاتە دووتای هاوکێشەیەک، ئەوە هەر لە بنەڕەتدا خۆی ناهاوسەنگە، چونکە گەشەکردنی عەقڵ -ئەگەر شیاوبێت لێرەدا باسی گەشەکردنی عەقڵ بکەین- خۆی بۆ خۆی دیاردەیەکی دروستە، چونکە کەڵەکەبوونی رایەکان خۆی لەخۆیدا یاسایەکە لە یاساکانی عەقڵی مرۆیی، کە پێدەچێت بەدرێژایی زەمان ئەحکامی زیاتر بەرهەمبێنێت، گەشە بە ئەحکام بدات و نوێیان بکاتەوە، هەرکاتێک پێشهاتی تازە هاتە رێگەی، بەڵام گەورەبوونی فەرمودە دیاردەیەکی نادروستە، چونکە ئەم قەبەبوونە تەنیا یەک شت دەگەیەنێت، ئەویش زیاتر و زیاتر سنووردارکرن و بەرتەسککردنەوەی عەقڵە، ئەوەش راستەوانە دێتەوە لەگەڵ زیاتر و زیاتر درۆکردن بەدەم پێغەمبەرەوە. ئەوەی ئەم حاڵەتەش توندتر دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەو هەموو درۆیەی بە دەم پێغەمبەرەوە کراوە دیسان بخرێتە پاڵ سەرچاوەی خودایی، ئەوەش وایلێدەکات کە ئیدی ببێتە بان رەخنە و بان پرسیار و بان پێداچوونەوە. هەر ئەمەشە وامان لێدەکات باسی دیاردەی نادروستی قەبەبوون بکەین کە بەهیچ شێوەیەک راناگیرێت یان رەتناکرێتەوە، چونکە ئەوەی لەناو تۆمارخانەی فەرمودەدا وەرگیرا ئیدی هەرگیز دەرناکرێتەوە، بەڵکو هیتریشی بۆ زیاددەکرێت، وەک ئەوەی لە کتێبەکانی «الزوائد»دا دەیبینین [126]، بەڵام عەقڵکاری ئەگەر قەبەش بکرێت و خەتەریشی هەبێت ئەوە عەقڵ میکانیزمێکی گونجای هەیە بۆ راستکردنەوەی رەوتەکەی، چونکە کەڵەکەبوونی عەقڵگەرایی، بریتییە لە کەڵەکەبوونی عەقڵی بەرهەمهاتوو، وەك (ئەندرێ لالاند) دەڵێت کاتێک عەقڵ دابەشدەکات بەسەر عەقڵی بەرهەمهێنەر و عەقڵی بەرهەمهاتوو (العقل المكوِن والعقل المكوَن). بەهەرحاڵ هەر کاتێک عەقڵی بەرهەمهاتوو کەڵەکەبوو و وای لێهات عەقڵ لەژێر باریدا ناڵاندی، ئەوە ئاساییە عەقڵ دژی خۆی رادەپەڕێت و هەموو بەرهەمە کەڵەکە بووەکان فڕێدەدات، یان وەک فەرەنسیەکان دەڵێن سەرمێزەکە پاك دەکاتەوە. تاکو جارێکی تر خۆی بنیات بنێتەوە لە عەقڵێکی نوێی بەرهەمهێنەردا) [127].

بەڵام قەبەبوونی فەرمودە لەناو عەقڵی بەرهەمهێنەردا جێگەدەگرێت، واتە ئەو نەگۆڕە و ناگۆڕێت، ناکرێت لێی کەمبکرێتەوە یان دژی بوەستیتەوە، بەتایبەت پاش ئەوەی شافیعی بەرزیکردەوە بۆ ئاستی بنەمای قورئانی کە لە سەراپای هەموو بازنەکانی شارستانێتی عەرەبی ئیسلامی وەک چەق دادەنرێت.

لە هاوکێشە جەبرییەکەدا گرفتێکی تر هەیە لەنێوان قەبەبوونی فەرمودە و قەبەبوونی عەقڵدا، ئەویش ئەوەیە لە کاتی قەبەبوونی عەقڵکاریدا وەك شتێکی حەتمی پانتاییەکانی جیاوازی فراوان دەبێت، ئەم جیاوازی و یەکتربڕینەش نابێتە هۆی نارێککردنی ئەرکی عەقڵ، لەو رووەوە کە دیالەکتیک -واتە رەتکردنەوەی دژ بە دژ- یەکێکە لە یاساکانی عەقڵ، چونکە فرەرایی مانای وایە کە هەندێک لەو رایانە هەڵەیە و هەندێکیشیان راستە، دیالەکتیکیش رێگەی عەقڵە بۆ جیاکردنەوەو بژارکردن و دورخستنەوەی عەقڵی گونجاو، بۆ بەرژەوەندی عەقڵێکی زیاتر گونجاو، بە شێوەیەک شتە راستەکان پشتراست دەکاتەوە و هەڵەکانیش بە هەڵە ناودەبات. یان بابڵێین گریمانەی عەقڵ بەراست و هەڵەیان دەزانێت. چونکە هەموو ئەحکامێکی عەقڵی دیالەکتیکی لە رێژەگەراییەکی ریشەییەوە سەرچاوەدەگرێت، بەڵام کاتێك فەرمودە یەکتردەبڕن، بەهۆی زۆربوون و جیاوازی ریوایەتەکانەوە، ئەو یەکتربڕینە ناتوانێت هیچیان رەتبکاتەوە، چونکە هەموویان فەرمودەی پێغەمبەرێکن و لەوەوە دەرچوون، واتە قسەی خودان لە رێگەی سروشەوە، لێرەوە عەقڵ کە ناچارە حەقیقەتێکی رەها چارەسەر بکات، هیچ رێگەیەکی تری نییە جگە لەوەی پەنابەرێتە بەر لێکدانەوە، تاکو بیسەلمێنێت هەموو فەرمودەکان لە ناوەڕۆکدا یەك شت دەڵێن، هەرچەند لە رواڵەتدا تەواو دژی یەکیش بن، چونکە عەقڵی گونجێنەر «تخريجي» بەپێچەوانەی عەقڵی دیالەکتیکییەوە پرەنسیپی دژبەربوون نازانێت [128]، لێرەوەیە دەبینین شافیعی سوورە لەسەر ئەوەی بڵێت (بەهیچ شێوەیەك سوننەتی پێغەمبەری خودا لەگەڵ قورئاندا جیاواز و پێچەوانە نابێت)، بەڵکو تەنانەت سوننەتیش لەگەڵ سوننەت پێچەوانە نابێت، مەگەر خودا خۆی «سڕینەوەی پێ رەوا بینیبێت یان دەرچەیەکی بۆ پانتاییەکی فراوانتر بۆ کردبێتەوە» [129] (لا184).

ئینجا با له دیدێکی مێژووییەوە سەیربکەین: ئایا دەخالەتی شافیعی بووە هۆی سنووردانان بۆ فراوانبوونی فەرموودە و عەقڵکاریش پێکەوە؟

لەراستییدا ئەوەی لە مێژوودا گوزەراوە، پاش ئەوەی شافیعی عەقڵی سوککرد، ئیتر عەقڵگەرایی -کە حوکمی عەقڵە لەناو عەقڵ خۆیەوە- بەتەواوی لە رەگەوە هەڵکێشرا و لە کایەی فیقهدا دەرکێشرا، دواجاریش لە تەواوی کایە مەعریفیەکانی شارستانێتی ئیسلامی کرایە دەرەوە. ئێمە لێرەدا باسی ئەو هەڵکێشانە ناکەین، چونکە کتێبێکی سەربەخۆمان لەسەر نووسیوە [130]. سەبارەت بە قەبەبوونی فەرموودەش، دەخالەتی شافیعی نەبووە هۆی راوەستاندنی، بەڵکو بەپێچەوانەوە بووە هۆی خێراتربوونی هەنگاوەکان و قەبەتربوونی فەرموودە بەشێوەیەک کە لەوەوپێش نموونەی نەبووە، چونکە شافیعی کاتێک بنەمای فەرموودەی متمانەی سەلماند و گێرانەوەی تاکی کردە بەڵگە تەنانەت گەر (مرسل)یش بێت، ئیدی دەوازەیەکی فراوانی کردەوە بۆ فەرموودە دروستکردن بە دەم پێغەمبەرەوە، بێئەوەی کەس بتوانێت لیپێچینەوە لە کەس بکات، لێرەدا یەك بەڵگەمان بەسە باسی بکەین، دوا مەسنەد کە لەبەر دەست بوو پێش شافیعی تەنیا «موطأ»ی مالیک بوو، کە لە پێنجسەد فەرموودە تێنەدەپەڕی، بەڵام دوای دەخالەتی شافیعی ژمارەی فەرموودەکان چەند قات بوونەوە تا گەیشتنە نۆهەزار فەرموودە، دوای ئەوەش موسنەدی ئەحمەد چەندین قات قەبەتر بوو تا گەیشتە چل هەزار فەرموودە [131].

ئەوەی لە چەندێتی فەرموودە ترسناکترە، بریتییە لە قەبەبوونی چۆنێتی فەرموودە، ئیدی لە شافیعیەوە فەرموودە تەنیا هەواڵێک نییە لە پێغەمبەرەوە گێڕدرابێتەوە، بەڵگەدارێتیشی تەنها بەڵگەی هەواڵێکی گێراوە بێت وەک ئەوەی لای خەڵکی مەدینە کاری پێکراوە و مالیک لە «الموطأ»دا دەیگێڕێتەوە، بەڵکو دەبێتە هاوبەشی قورئان لە سەرچاوەی خوداییبوونیدا، ئیدی بەڵگەدارێتی فەرموودە هاوتایە لەگەڵ بەڵگەداریی قورئان، ئەمە ئەگەر پێشی نەکەوێت وەک لە بەشەکانی دیکەی ئەم کتێبەدا باسی دەکەین.

## پەراوێزەکانی بەشی چوارەم

**1**- الشافعي، الرسالة، تحقيق وشرح ئەحمەد محەمەد شاكر، طبعة دار الفكر المصورة، ص40- 50.

2- الشعراء: 195، الرعد: 37، وچەندین ئایەتیتر.

3- النحل: 103، (ولقد نعلم انهم يقولون انما يعلمه بشرلسان الذي يلحدون اليه اعجمي وهذا لسان عربي مبين)، (و لو جعلناه قرانا اعجميا لقالوا لولا فصلت اياته أأعجمي وعربي)فصلت: 44.

4- شافیعی رەتیداکاتەوە لە قورئاندا وشەی غەیرە عەرەبی هەبێت، ، ئەو کەسەی واشبڵێت بەلای شافیعیەوە نەزانە، کەچی دوایی دەبینین هە سیوطي کەخۆی سافیع مەزەبە کتێبێک دەنووسێت بەناو (**المهذب فيما وقع في القران من معرب**) لەوێدا زیاتر لە 100 وشەی قورئاندەێنێت کە ڕیشەیان فارسی وسریان ویونانی وحەبەشی هتد.

5- ئەم وشەیە زیاتر لە بیست جار بەم شێوەیە هاتوە.

6- کاتێک گەراینەوە بۆ تەبەری بینیمان تەنیا قوتادەی دەوسی و ابن جریج ئەو بۆ چوونەیان هەبوە. ئێمەش پێمان وایە کە سافیعی لێرەدا مەبەستی ابن جریج بێت.

7- تاکو بە تەواوی لەمانای ئەو ئایەتە تێبگەین پێویستە لله سیاقی خۆیدا بیخوێنینەوەکە لەسورەتی ال عمراندا وەک مزگێنیەک بۆمەریەم کاتێک عیسای پێدەبەخشرێت پێی دەوترێت (و يعلمه الكتاب والحكمة والتوراة والانجيل).

8- دەقی ئایەتەکە بەتەواوی (اذ قال الله يا عيسى ابن مريم اذكر نعمتي عليک وعەلی والدتكاذ أيدتک بروح القدس تكلم الناس في المهد وكهلا، واذ علمتك الكتاب والحكمة والتوراة والانجيل.. . ).

9- ئەم ئایەتە لەکاتێکدا دابەزیوە کە رەخنە ئەهلی کیتاب دەگرێت چونکە عیسایان وەک خودا سەیر کردوە.

10- وشەی کتاب لە قورئاندا ئەو چەمکەیە کە قورئان خۆیشی دەناسێنێ، چونکە قورئان دابەزیوە بۆ ئەوە نەتەوەی بێ (کتاب) بگەیەنێتەوە بە (خاوەن کتابەکانی پێش خۆی)، لێرەوە تێدەگەین کە قورئانیش خۆی یەکێکە لە دەکەوتەکانی ن (ام الكتاب) نەک خۆی (کتاب) بێت چونکە هەموو پەیامەکانیتریش لە دەرکەوتەکانی (کتاب)ن، کە لە قورئاندا بە (أم الكتاب) ناوی هاتوە (وانه في أم الكتابلدينا لعلي حكيم) (الزخرف: 4).

11- ئەم نارۆنییە دەگاتە لووتکە کاتێک دەبینین شافیعی ئەو ئایەتەی سوورەی البقرة وەک بەڵگە دێنێتەوە بۆ ئەوەی پێمان بڵێ حکمة بەمانای سوننەت دێت لە قورئاندا (ربنا وابعث فیهم رسولا منهم یتلوا علیهم ایاتک و یعلمهم الکتاب والحکمة ویزکیهم)ئایا بەعەقڵی کەسدا دەچێت ئیبراهیم پێسسەدان ساڵ مەبەستی ەل حیکمەت لێرەدا سوننەتەکانی پێغەمبەر بووبێت؟

12- ئەوەمان بیرنەچێت کە لسان العرب تەنیا فەرهەنگێک نییە بەڵکو فەرهەنگی فەرهەنگەکانە، چونکە ابن منظور لەوێدا پێنج فەرهەنیتری کۆ کردۆتەوەتهذیب الازهري وصحاح الجوهري ومحکم ابن سیده وحاشیة ابن بري ونهایة ابن الاثیر، بڕوانە: اشكالیة العقل العربي، ط3، 2010، دار الساقي، ص143.

13- نەبوونی (سوننەتی پێغەمبەر) لە قورئاندا هاوکاتە لەگەڵ نەبوونی وشەی (شارع) و (شریعة)ئەو یەکجارەش کە (شریعة) لە قورئاندا هاتوە بەمانی زاراوەیی نەهاتوە بەڵکو بەمانای ڕێگە هاتوە.

14- ئەم وشەیە لەدەستنوسی الرسالة دا بە ناروونی هاتوە.

15- الشافعي، الأم، دار الفكر، ط2، بیروت، 1983، ج7، ص314.

16- الأم، ج5، ص136- 137.

17- م حمد ابو زهرة، الشافعي حیاته و عصره، طبعة دارالفكر العربي نالمصورة، القاهرة، 1996، ص168.

18- لە ڕاستیدا شافیعی خۆی هیچی نەنووسیوە، بەڵکو قسەیکردوەو قوتابیەکانی نوسیویانەتەوە، کۆنترین نوسخەی شافیعی کە ئێستا لەبەر دەستدا بێت، شەست وسێ ساڵ دوای مەرگی شافیعی خۆی نووسراوەتەوە.

19- محەمەد الخضري دەڵێت مەبەست لە (اصحاب) لێرەدا موعتەزیلەیە. بەڵام بەدووریش نازانرێت مەبەست خەواریج بێت.

20- الام، ج7، ص287.

21- ئەم فەرمودەیە لە بوخاری وموسیلمدا نەهاتوە، بەڵام **چەندین** ریوایەتیتری هەیە.

22- کتاب جماع العلم، لە (الام) دا، ج7، ص11.

23- بۆ نموونە بڕوانەو محەمەد ابوزهرة دەڵێت (شافیعی دەقەکە دێنێت بە شێوەیە تێیدەگات کەل زمانی عەرەبیدا هاتوە، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین ئەو بەو شێویە لەدەق تێدەگات کە رولەتی زمانی

عەرەبی دەیگەیەنێت، باوەریشی وایە شەریعەت بەپێی رواڵەت حوکم دەکات، ) (الشافعي، ص287-288).

24- ئەم فەرمودەیە هەندێک ریوایەتیتری هەیە کە هەمووی جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێغەمبەر تەنای لە مەسەلەکانی قایمەتدا بەئیلهام قسەیکردوەبەڵام لە مەسەلە دونیاییەکاندا ئیلهام نەبوەوەک ئەوەی ئەحمەد ریوایەتی دەکات (اذا كان شئ من امر دنياكم فانتم اعلم به واذا كان من امر دينكم فإلي) یاخود مسلم (اذا أمرتكم بشئ من امر الله عز وجلفأتوا منه ما استطعتم، واذا امرتكم بشئ من ژمر دنياكم فأنتم علم بامور دنياكم)بۆ ئەم مەبەستە بڕوان لێکۆڵینەوەیەکمان لەسەر (تۆوەکانی عەلمانیت لە ئیسلامدا) لەوێدا ئەوەمان پووچکردۆتەوە کە هەندێک دەڵێن ئیسام جیاوازی دونیاو قیامەتی نەکردوە). (هرطقات، 1، دار الساقي، ط2، بيروت، ص19- 38).

25- کاتێک مامەڵە لەگەڵ پرسی راستێتی (عدالة) پیاوانی فەرمودە دەکەی دەبێت وریا بین، جونکە ئەو شاهیدیە تەنیا لەرووکەشدایە، بەڵام لەڕساتیدا نازانین ئەوان چەند راستبوون یان نەبوون، بەڵام ئەوەی هەیە تەنیا هێندەیە کە ئەهلی فەرمودە ئەوانیان بە رسات ناساندوە وهیچیتر.

26- فەخری رازی، لە مناقب الشافعی دا دەڵێت: شافیئە بەنیسبەت ئوسوڵەوە وەک ئەرستۆ وایە بەنیسبەت مەنتیقەوە.

27- بۆ نموونەئەو چوار دەروازەی شافیعی تایەبتیکردوە لە الرسالة دا بۆ ئەوەی بەڵگەبوونی سوننەت بسەلمێنێت وەک سەرچاوەیەکی خودایی، یان ئەوەی دراوەتە پاڵ پێغەمبەر، ئەو چوار دەروازە تەنی حەفتاو شەش برگە لەخۆ دەگریت.

28- الرسالة، ص370- 371. لێرەوە ئیتر باسی ژمارەی لاپەرەکان دەنووسین.

29- تەنیا لەیەك شوێندا نەبێت، ئەوش وەرگرتنی شاهید یەک ژنە لەو حەیبە ژنانانەدا کە تەنیا ژن دەیبینێت.

30- ابن صلاح لە پێشەکیەکەیدا باسی دەکات، تەدلیس ئەوە حەدسیگێڕوەیەك شتێک لەسەر زاری کەسێک بگێڕێتەوە کە پێیگەیشتوە بەڵام ئەو عەدیسەی لەوە نەبیستوە یان کەسێک کە هاو چەرخی خۆیەتی بەڵام نیبنیوەو لیوەی نەبیستوە بەڵام وا ریوایەتەکە دەگێڕیتەوە کە ئەو کەسەی بینیبێت) (ابن

صلاح، علوم الحديث، دار الفكر، ط3، دمشق2004، ص73- 75).

31- مەبەست لەفەرمودەی ماچکردنی رۆژووانە.

32- ئێمە لێرەدا پێچەوانەی هەندێک لە لێکۆڵەرانین کە دەڵێن ابوهورەیرە درۆی بەدەم پێغەمبەرەوە کردوە، بەڵکو راستیەکەی ئەوەیە کە ابوهریرة زۆرترین درۆی بەدەمەوەکراوە لەداوی خۆی.

33- تونترین کەسێك کە تانەی لە ئەسحاب دابێت لەم سەردەمەدا خلیل عبد الکریم بوە لە کتێبی شدو الربابن الی مجتمع الصحابة.

34- ژمارەی فەرمودەکانی ناو سەرچاوە (صحیح)ەکان گەیشتۆتە 62169 فەرمودە لەم ژمارەیە 8740 عەدیسیان بەناوی ابوهریرەوە ریوایەتکراو.

35- بێگومان هەندێک کتێبێتر توانیوایان زیانی ئەو فەرمودەیە هەڵبەستراوانە کەم بکەنەوە. وەک موضوعات ی ابن جوزي و جوزقانی و قەزوینی سەغانی وفتنی. بەڵام ئەوەش بەس نییە بۆ دەرخستنی درۆکان چونکە قۆرخکردنی فەرمودەی هەڵبەستراو لەوژمارەیەدا مانای وایە فەرمودەکانیتر هەموو راستن و پسووڵەی دروستییان وەرگرتوە.

36- نازنین ئەو پەیامەنە چەندراستن کە شافیعی دەیانکاتە بەڵگە لێرەداو لە کتێبەکانی سیرەوە دەیانهێنێت

37- لێرەدا سەرکێشی ئەوانە لەێدایە کەو قسەیە دەدەنە پاڵ شافیعیش (سوننە حاکمە بەسەر قورئانیشەوە).

38- بەڵام ئەمە رێگر نەبوە لەبەردەم ئەوەی عەبدوڵڵا کوڕی ئەحمەد کە موسنەدی نوسیوەتەوە دەیان بڕگە لە سیرەی ئیبن ئیسحاق بێنێت وله موسنەددا دایبنێت.

39- بروانە ابن سید الناس چەەند باسی خراپەی ئەو دوانەی کردوە، لەکاتێکدا کە بەرگری لێکردوەن بروانە (عیون الاثر في فنون المغازي والشمائل والسیر، مکتبة دار التراث، المدینة المنورة، 1992، ج1، ص54- 72.

40- هەمان قسە دەدرێتە پاڵ عبد الرحمن کوڕی مهدي وابن مبارک.

41- شافیعی خۆیشی دان بەو پچرانەدا دەنێت لە الأم دا (ج4، ص118).

42- النسائي، السنن الكبرى، دار احيائ التراث العربي، بيروت، ج8، الحديث رقم8629.

43- الترمذي، السنن، دار احياء التراث العربي، بيروت، ج4. ص24، الحديث رقم1412.

44- شاراوە نییە کەم سوننەیە پێچەوانەی دەقێکی راشکاوی قورئانە (کتبن اعەلیم ان النفس بالنفس.. ). لەراستیشدا ئەو جیاکاریە لە نێوان موسوڵمان غەیرە موسوڵماندا دوای فتوحات دەردەکەوێت کە تێکەڵاویەکی چڕو پڕ لەنیوانموسوڵمان ئەهلی کیتاب ومەجوسیشدا دروست دەبێت.

45- السیرة النبوة، ابن هشام، ج4، ص196.

46- السیرة الحلبیة، دار الکتب العلمیة، بیروت 2002، ج3، ص384.

47- المتقي الهندي چوارده ریوایەتی ژماردوه لەوەی لەکتێبەکانی ئەهلی سوننەدا هاتوەکە دەڵێت (عترتي) لە جیاتی (سنتي).

48- الترمذي: السنن، ج5، ص662، الحدیث رقم 3786.

49- صحیح مسلم، دار احیاء التراث العربي، چ2، خ886، الحدیث رقم: 1217.

50- هەموو نوسخەکان الرسالة ئایەتی (فامنوا بالله و رسله) بە هەڵە نوسیویانە (فامنوا باله ورسوله) جا ئەمە هەڵەیەکی ئەنقەستە بۆ ئەوەی فگەرمانبەرداری پێغەمبەر بسەپێنێت.

51- تێبینی بکین قوراٸان لێرەدا لەجیاتی وشەی (جلد) دەیگۆڕێت بە وشەی (العذاب).

52- لێرەدا دەبێت وریابینکاتێک باسی یەکە حەدیسگێڕوە دەکەین دەبێت لەوە تێبگەین کە ئەوە کەسە دواهەمین کەسە کە ریوایەتی لێوە کراوە، چونکە یەکەم کەسی ناو سەنەد لەراستیدا ئەو کەسەیە کە لەنەوەی سیهەم چوارەمدا فەرمودەکە دەگێڕێتەوە نەك نەوەی یەکەم، ئەم قسەیە بۆ ابوهریرەش راستە وەک باسکرا: ابوهریرە خۆی حەدسی زۆری ریوایەت نەکردوە بەڵکو فەرمودە زۆری بەناوەوە ریوایەتکراوە.

53- شافعی لە **الأم** دا دان بەوەدا دەنێت کە نێوەندێک کەوتۆوتە نێوان سەنەدەی ئەو فەرمودەیەوە بەڵام دەڵێت نازانم لای حەسەنی بەسری تێیکەوتوە یان لای خۆم.

54- مسند الشافعي، دار الکتب العلمیة، بیروت، ج1، ص80.

55- ئەو تێبینییە لێکۆڵەری **الرسالة** تۆماریکردوە، واتە محەمەد ئەحمەد شاکر.

56- الطبري، جامع البيان في تاويل آي القرآن، ج8، ص80.

57- الأم، مختصر المزني، ج8، ص2700، هەرلە هەمان شوێندایە شافعی دەڵێت خودا خۆی حەدی زینای کچ وکوڕ ژنو پیاویشی داناوە.

58- ئەوە ئێمە وامان نوسیوە خۆی نووسراوە (یەکەم شت کە دابەزیوە) دیارە ئەوەش لێتێکچوونە)بەڵام محەمەد شاکر ئەوەی بەسەردا تێپەڕیوەو چاکی نەکردوە.

59- صحيح مسلم، ج4، ص1316، الحديث رقم1690.

60- هیچ ئاماژەیەک نیەبۆ ئەوەی پێغەمبەر حوکمی دابێت بەسەر کچی زیاناکاردا بەوە ساڵێک شاربەدەرکردن، ئەگەر ئەو قسەیەی عروة راستبێت ئەوە واتە عمر یەکەم کەس بوە کارێکی وایکردبێت.

61- بڕوانە مادەی زینا، نوسینی محەمەد حسين بن خيرة في معجم القرآن، منشورات روبير لافون، باريس 2007، ص29- 33.

62- وشەی (حدوث) بەو مانایە بەکار هاتوە کە ئەهلی کەلام بەکاری دێنن.

63- ئەهلی تەفسیر هەر وەک ئەهلی فەرمودە لێرەدا تەفسیرێکمان دەدنێ زۆر دوورە لەمانی (سبيلا) کە لەزماندا بەمانای رێگەی دەبازبوون دێت، بەڵام ئەوان دێن ودەیانەوێت ئەم ئایەتە بەدەقێکی دوای خۆی تفسیر بکەن، بۆیە (سبيل) لیرەدا واتەفسیر دەکەن کە بریتیە لە سزاانی دوایی (واتە قامچیاری ورەجمکردن).

64- زكريا اوزون، جناية الشافعي، منشورات رياض الريس، بيروت 2005.

65- هەڵویستی پێغەمبەر خۆی لە رووداى (الافك)دا کە دژ بەعائیش کراو هەڵوێستێکی لێبوردەیە، ئەم هەڵوێستەش نەك بەرامبەر هەر ژنێك بەڵکوو بەرامبەر هاوسەرەکەی خۆی کە عائیشەییەلەکاتێکدا ئەگەر تاوانەکە راست بویاە ئەوە تاوانێکی زۆر گەورەتر دەبوو لە تاوانی کەسێکی ئاسایی.

66- بێگومان کەس ناتوانێت بزانێت کە شافیعی ئەم رێگەیەی بەچ مەبەستێکی زاتی گرتوە ئایا بەقەسدی بو هۆشیاریەوە گرتویەتیە بەر، یان هەر ئەو میتۆدەی هەڵیگرتوە دەیەوێ بەهەر شێوەیەک بێت بیسەلمێنێت.

67- الدارمي، السنن، دار الكتاب العربي، بيروت 1407، ج1، ص45، الحديث رقم 63.

68- ئەحمەد بن حنبل، المسند، قرطبة، القاهرة، ج5، ص216- 217، الحديثان 21940و 21941.

69- صحيح مسلم، ج3، ص1321، الحديث رقم 1695.

70- صحيح البخاري، ج8، ص167، الحديث رقم 6824،

71- ابوداود، السنن، دارالفكر، ج2، ص550و553، الحديثان رقم 4419و 4428.

72- وەک بەراوردێک لە کتێبەکانی فەرمووددا زیاتر لە بیست ریوایەتمان هەیە، سەبارەت بە رەجم، بەڵام هیچیان ناوی کەسی رەجمکراو ناهێنن بەڵکو دەڵێت پیاوێکی موسوڵمان.

73- الأم. ج7، ص88. س

74- الأم، ج5، ص12.

75- صحيح مسلم، ج3، ص1321، الحديث1695.

76- هەمان سەرچاوە، فەرموده ژمارە1695ب.

77- الطبري، تاريخ الرسل والملوك، دار المعارف، ط2، 1996، ج3، ص110.

78- قورئان خۆی ئاماژەی بەم دواکەوتنە کردوە لە چەند شوینێکدا.

79- لەوانەیە ئەوەش دواکەوتنی دواکەوتوەکان تەفسیر بکات چونکە ئەمە یەکەمجارە موسوڵمان پەلاماری خاێك بدەن کە هی کافران نییە بەڵکو هی ئەهلی کیتابە.

80- نازانینی ئایای شەریک خۆی ژنی هەبو یان نا.

81- لەوانەیە راستر وابێت لەبڵێین ئەو پێنج ئایەتەی یەکەمی سورەتی النور جارێکیتر دابەزێنراونەتەوە.

82- لێرەدا ناونیسانی ڕۆمانێکی ناسراوی یوسف ادریس دێنینەوە.

83- دەقی ئەم ئایەتە ئاسکرایە کە حەددەکان تەنیا لە دەسەڵاتی خودان وپێغەمبەر تەنیا دەوری گەیەنەری فەرمانی خودا دەگەیەنیت.

84- دەتوانین بڵێین لەو کاتەدا سوودەکانی فتوحات وەک ئەوە وایە لەم سەردەمەدا نەوتت هەبێت.

85- ئەحمەد محەمەد ساکر دەڵێت (شافیعی تەئکید دەکات کە ژنەکە ئەسلەمەی بوە بەڵام ئێمە شتێان نەبینی ئەوە تەئکید بکات) (پەراوێزی لا 132 ل3 الرسالة).

86- ابن حجر، الاصابة عبر تمييز الصحبة، دار الكتب اللبنانية، ج2، ص285.

87- ابن حجر، فتح الباري، دار الفكر، ج12، ص139.

88- شافیعی خۆی ئاماژە بەو زیادەیە دەکات لە لا«411»دا.

89- ابن سعد الطبقات الكبرى، مكتبة الخنجي، القاهرة 2011، ج5، ص262.

90- بەگوێرەی گێرانەوەیەکیتری ابن عبد البر بێت (زەید کوری خالید) ساڵی حەفتاو دووی کۆچی لەتەمەنی هەشتا ساڵیدا مردوە، بەوپێیە کاتێک پێغەمبەر وەفاتیکردوە ئەو تەمەنی هەشت ساڵ بوە.

91- لەسەر زاری زەیدی کەڕی خالیدەوە باسی جەنگی پقەیمانی حودەیبیە دەکرێت، لەکاتێکدا لەو کاتەدا زەید تەمەنی تەنیا چوار سالان بوە، دەڵێت (لە و ڕۆژەدا پێغەمبەر نوێژی بۆ کردین وباران دەباری.. .. ) (صحيح البخاري، ج1، ص169، الحديث رقم 846).

92- ابن عبد البر، الاستيعاب في معرفة الاخحاب، دار الجليل، بيروت 1412هـ، ج2، ص549.

93- هەمان سەرچاوە، لا 693.

94- سنن الترمذي، ج4، ص39، الحديث رقم، 1433.

95- الأم، ج7، ص201.

96- لیرەدا فەرمودەی رەجم تەنیا لەرووی ئەبستمۆلۆژیای ئایینیەوە باسدەکەین، باسی ئەو توندو تیژیە ناکەین کە لەرووین کۆمەڵایەتیەوە بەرهەمی دێنێت، جونکە رەجمکردن دڵرەقانە ترین سزایە مرۆڤ دایهێنابێت، تەنانەت ئەگەرتەنیا قسەش بێت خۆی بۆ خۆی بەهەمهێنەری دیدێکی توند وتیژانە دەبێت ئەگەر پراکتیزەش نەکرابێت وەک خۆی.

97- ئەمە ئەو راستیەیە کە لەمڕۆدا ئەوانەی باسی ئیعجازی زانستی دەکەن لە خەڵکی دەشارنەوە،

98- ئەمە بێجگە لەوەی وەرگێرانی وشەکانی قیمەت بۆ وشەی مەعریفیان کە خولگەی لەسەر ئاگادار بوون لە قورئان دەگرێتەوەوەک دەق و ئیستیدلال وهەڵێنجان لێوەی، (ص19).

99- تێبینی دەکەین لە قورئانی مەککەدا زیاتر باسی دۆزەخ چڕ دەکرێتەوە دژ بە دوژمانی خودا، بەڵام لە مەدینەدا زیاتر باسی بەهەشت چر دەبێتەوە بۆ موجاهیدان.

100- ئەفسانەیەک هەیە دەڵێت شافیعی زمانی یۆنانی بەباشی زانیوە، و لەهەموو زانستەکانی دنیا شارەزا بووە، تەنانەت لە پزیشکزانیی یۆنان ورۆم وعەرەبیذشدا هەمووشتێکی زانیوە. (مناقب الشافعي،

ص77، للفخر الرازي).

101- ئەو کەسەی ئاماژەی نپێکراوە لێرەدا عمری کوڕی خەتابە.

102- ئەم فەرمودەیە لەلایەن هیچ کام لە خاوەن شەشە کتێبەکە راستەکەی فەرمودەیەوە ریوایەت نەکراو. تەنیا نەسائی نەبیت.

103- نصر حامد ابو زید، الامام الشافعي و تاسيسى الايديولوجيا الوسطية، سينا للنشر، القاهرة 1992، ص22.

104- دووبارەی دەکەینەوە کە ئەم شێوازە گریمانەییەی شافیعی زیاتر راست دەبوو گەر بیوتبایە عەوامەکانیان دەیدەنە پاڵ ئەوانەی پێش خۆیان.

105- بینیمان شافیعی خۆی پابەند نەبووە بەم جیاکاریەوەلەنیوان هەواڵی عەوام هەواڵی تایبەتەکان.

106- لێرەدا ناچینە مەسەلی کۆرایی (الاجماع) چونکە تەنانەت لای شافیعیش پانتاییەکی تەسکی گرتوە. بەتایەبتی کە ئەو کۆرایی خەڵکی مەدینەی رەتکردۆتەوە.

107- ئیجماع تەنیا لە چەند عاڵەتێکی دەگمەندا نەبێت نەبوە.

108- الأم، ج7، ص313.

109- کەشخەدەکات.

110- الطبري، جامع البيان، ج24، ص81.

111- الغزالي، المستصفى في علم الاخول، دار الكتب العالمية، بيروت 1413هـ، ج1، ص170.

112- شافیعی لە زۆر شوێندا وشەی (معقول) بەکار دێێنێت بەڵام ئەم وشەیە لای ئەو تەنیو گوتراوێکەو هیچیتر، بەڵکو شتێکی بێسوودەو نەک معقول وەک بنەمایەکی سەربەخۆ سەیری بکات، لە پرۆسەی ئیجتیهادی عەقڵیدا.

113- ئەحمەد امین، ضحى الاسلام، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة 1997، ج2، ص223- 243.

114- محەمەد ابو زهرة: الذافعي حياته وعصره، ص23.

115- محەمەد عابد الجابري، تكوين العقل العربي، دار الطليعة، بيروت 1984، ص100- 116.

116- نصر حامد ابوزيد، الامام الشافعي وتأسيس الايديولوجيا الوسطية، سەرچاوەی پێشوو، ص6.

117- لێرەدا هەندێک لەو قسانە دێنینەوە:

- مەزهەبی شافیعی ناوەندە لەنیوان ئەهلی عەقڵ وئەهلی فەرمودەدا (محەمەد ابرهيم، ائمة المذاهب الاربعة).

- دەتوانین بڵێین مەزهەبی شافیعی ناوەندە لەنێوان حەسخوازەکان وعەقڵخوازەکان.

- شافیعی یەکەم کەس بوو کە سیستمێکی ئوسوڵی سەراسەری دامەزراند مەبەستی ئەوە بوو ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە لەنێوان حەدیسخوازەکان وعەقڵخوازەکاندا (محەمەد العواودة، المصلحة والاجتهاد).

118- لێرەدا باس لەپاشەکشە دەکەین لە ململانێی فیقهو بنەماکانیدا، بەڵام عەقڵکارەکان توانیان لە کایەی کەلامزانیدا شوێنی خۆیان بدۆزنەوەبەلام لەگەڵ ئەوەشدا کەلامناسیش دیسان قەدەغەکرا کاتێک کەسێک وەک سافیعی فەتوا دەدات کە دەبێت ئەو کەسانە دارکاری بکرێن کە کار لە کەلامدا دەکەن.

119- عبد الرحمن الرزاي، آداب الشافعي ومناقبه، دار الكتب العلمية، بيروت، 2003، ص42.

120- اداب الشافعي ومناقبه، ص32.

121- رازی ئەوەی نووسیوێتی لە کۆتایی سەدەی شەشەمی کۆچیدا بوە.

122- فخر الدين الرازي، مناقب الامام الشافعي، مكتبة الكليات الازهرية، ص389- 294.

123- ئەم دەستەواژەیە لە ناونیشانەی کتێبەکەی عبد الغني الدقر دێنین: الامام الشافعي فقيه السنة الاكبر، دار القلم، دمشق، 1972.

124- نصر حامد ابو زەید پێی وایە کە ئیمامی شافیع دامەزرێنەری مەشروعیەتی سوننەیەش (الامام الشافعي، ص42).

125- ئەگەر راستبێت کەیەکەم کەسێک رەواجی پێداوبێت ابن ابي جارود بوە.

126- ناسراوترینیان **المستدرك عەلی الصحيحين للنيسابوري.**

127- جورج طرابيشی، نظرية العقل، دار الساقي، ط3، بيروت 2010، ص19.

128- خەتیبی بەغدادی لەسەر زاری محەمەد بن الطيب دەگێڕیتەوە (هەر دووهەوڵێک زانرا لە پێغەمبەرەوەیە نابێت دژبەرییان کەنێواندا بێت، هەرچەند لەرواڵەتیشدا دژبەیەك بن) (الكفاية، ص473).

129- کتێبی الرسالة ی سافیعی بوارێک فراوانە بۆ کەشفکردنی چۆنێتی کارکردنی ئەۆقڵی گونجێنەر بۆ تەختکردنی دژبەریە رووکەشیەکانی نیوان فەرمودەکان وقرئانیس هەروەها لەنیوان فەرمودە خۆیدا.

130- بڕوانە: جرج تەرابیشی، مصائر الفلسفة بين المسيحية والاسلام، دارالساقي، بيروت، 1998.

# بەشی پێنجەم

## ئەبو حەنیفە: لە عەقڵەوە بۆ فەرمودە

ناتوانین هێماکانی مەزهەب و ڕێبازی (ئەبو حەنیفە) دەستنیشانبکەین وەک چۆن هی مالیک و شافیعیمان دەستنیشانکرد. چونکە ئەبو حەنیفە کە نیو سەدە پێش ئەوان بوو، هیچ نووسراوێکی لە پاش بەجێنەماوە[1]، ئەوەی لەدوای جێماوە تەنیا ئەو وتانەن کە هەردوو قوتابییەکەی (ئەبو یوسف) و (ئیبن ئەلحەسەن) باسیانکردووە، ئەویش لە دوو کتێبدا کە هەردووکیان ناوی (الاثار)یان لێناوە، سەرەرای ئەوەی هەندێک فەتوای تری لێرە و لەوێ بەجێماون، وەک لە کتێبەکانی (مناقب)دا هاتووە.

ئەو گوتانەی کە پێمان گەیشتوون چەند گونجاون لەگەڵ گوتەکانی ئەبو حەنیفەی ئەسڵیدا؟ لەکاتێکدا ئێمە ناتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە و دەبێت هەروا بە هەڵواسراوی بەجێیبێڵین. وەک دەڵێن (ناتوانین لە ئەبو حەنیفە بکۆڵینەوە تەنیا لە ڕێگەی قوتابییەکانیەوە نەبێت، ئیدی هیچ ڕێگەیەکی ترمان نیە)[2].

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بزانین مەسافەیەکی ئەپستمۆلۆژی هەیە لەنیوان مامۆستا و قوتابیدا[3]، کاتێک ئەبو حەنیفە لە نیوەی یەکەمی سەدەی دووەمی کۆچیدا فەتوا دەدات،

تۆماری تازە جارێ فۆرمولە نەبووبوو، ئەو فەرمودانەی لە پێغەمبەریشەوە ریوایەتکراون یان بەناوی ئەوەوە وتراون، هێشتا لە حیجازەوە نەگەیشتبوونە عێراق، کە لە شامەوە دەگوێزرایەوە بۆی. بەڵام لە نیوەی سەدەی دووەم بەدواوە کاتێک قوتابیەکانی دەستیان بە نووسین کرد، ئیدی رەوتی جوگرافی و ئەپستمۆلۆژی پێچەوانە بۆوە کاتێک دەوڵەتی ئومەوی هەرەسیهێنا و عەباسییەکان بەغدادیان کرد بە پایتەختی خۆیان، لەو سەردەمەدا ئیدی سەردەمی گەران بەشوێن فەرمودەدا دەستپێدەکات، لەوەش زیاتر دەتوانین بڵێین هەردوو قوتابیەکەی ئەبو حەنیفە لە گەورەترین قوتابیانی فەرمودە بوون. (ئەبو یوسف) کە لە هەمان کاتدا داوەریش بوو، هەرچەند گەڕیدە نەبووە بۆ فەرمودە، بەڵام هەر پێش ئەوەی پەیوەندی بکات بە ئەبو حەنیفەوە لەگەڵ زانایانی فەرمودەدا پەیوەندیی هەبووە و زانستی لێوەرگرتوون. لەم بارەیەوە ئیبن سەعد دەڵێت: (ئەبو یوسف یەعقوب کوڕی ئیبراهیم فیقهناسێکی زانابووە، دەگوترێت بە رەوانکردنی فەرمودە بەناوبانگ بووە، لە هەر مەجلیسێکی فەرمودەدا ئامادەدەبوو 50 تا 60 فەرمودەی لەبەردەکرد، پاشان هەڵدەستا و بەسەر خەڵکیدا دەخوێندەوە، ئەو فەرمودەی زۆر دەگوتەوە) [4].

ئیبن حەیبان لەو بارەیەوە دەڵێت: (زانایەکی ورد بوو، ئێمە لە زانا متمانەپێکراوەکانی دادەنێین، چونکە بینیومانە راستگۆ بووە لە فەرمودەدا) [5]. (محەمەد کوڕی حەسەنی شەیبانی) کە قوتابی دووەمی (ئەبو حەنیفە)یە، لەپێناوی وەرگرتنی فەرمودەدا گەشتی زۆری کردوە، (گەشتیکردوە بۆ لای مالیک و فەرمودە و فیقهی لێوەرگرتوە، سێ ساڵ لای مالیک ماوەتەوە) [6]، سەرەرای ئەوەش هەر بە دەستی خۆی «الموطأ»ی لە مالیکەوە گێراوەتەوە، کە لە نوسخەکەی ئەودا رۆحێکی دیالەکتیکی هەیە، کە لە نوسخەکانی تردا نییە.

لەگەڵ ئەو دوو قوتابییەشیدا، زۆربەی ئەوانەش کە قسەکانی ئەبو حەنیفەیان گێراوەتەوە لە قوتابیی قوتابیانی ئەبو حەنیفە، لە ئەهلی فەرمودە بوون، وەک (عیسا کوڕی ابان) و (حوسێنی صمیري) دەگێڕێتەوە «یەکەم کەسێک کە کتێبی لەسەر ئەبو حەنیفە نووسیوە». (محەمەد بن سەماحە) کە لە قوتابییەکانی (شەیبانی) بوو دەڵێت: (عیسا کوڕێکی جوان بوو، ئەو لەگەڵ ئێمە نوێژیدەکرد، من بانگم دەکرد بۆ ئەوەی بێت

بۆلای شەیبانی، کەچی ئەو دەیگوت: ئەوانە کەسانێکن سەرپێچی لە فەرمودە دەکەن، عیسا فەرمودەی زۆری لەبەردەکرد، بەیانییەک لەگەڵ ئێمە نوێژیکرد. ئەو رۆژە سەرەی دەرسی شەیبانی بوو، من وازم لە شەیبانی نەهێنا تا لە وانەکەدا دانیشت، پاش تەواوبوونی وانەکە لە شیبانی نزیکبوومەوە پێمگوت: ئەمە ئیبانی برازاتە زانستی باشی پێیە لە فەرمودەدا، من بانگی دەکەم بێت بۆ لات کەچی ئەو نایەت و دەڵێت ئەوانە سەرپێچی لە فەرمودە دەکەن. شەیبانی بە ئیبانی گوت: کوڕی خۆم ئێمە لە چیدا سەرپێچی لە فەرمودە دەکەین؟ قسە مەکە لەسەرمان تا خۆت شتمان لێ نەبیستیت، رۆژێک ئیبان لە 25 پرسدا پرسیاری لە شیبانی کرد، ئەویش هەمووی وەڵامدایەوە، پاش ئەوەی دەرچووین ئیبان وتی: لەنێوان من و رووناکیدا پەردەیەك هەبوو، ئەویش هەڵگیرا. پاش ئەوە ئیتر هەمیشە لە خزمەت شیبانیدا بوو) [7].

هەر لەم قسەیەوە دەتوانین ئەوە بدۆزینەوە کە ئەبو حەنیفە و قوتابیەکانی بەناوبانگ بوون بە ئەهلی عەقڵ و عەقڵکاری لە فیقهدا، نەك ئەهلی فەرمودە بن. ئەمە ئەگەر پێچەوانە نەبووبێتن لەگەڵ فەرمودەدا. ئەم سیفەتەش وەك نەنگییەك بە حەنەفییەکانەوە دەنوسێت، شوێنکەوتوانی ئەو مەزهەبەش هەمیشە لە سەنگەردا بوون بۆ بەرگریکردن لە مەزهەبەکەیان دژ بەو تۆمەتە! هەرچەندە نازانین تا چ ئاقارێک ململانێی نێوان مەزهەبەکان دەوری بینیوە لە تۆخکردنەوەی ئەو تۆمەتە لەلایەن نەیارەکانیانەوە، کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە [8]. بەڵام ئەوەی سەلمێنراوە ئەوەیە ئەبو حەنیفە هێندەی بە «خاوەنرا» ناسراوە هێند بەناوی خۆیەوە نەناسراوە. لەوانەیە ئیبن سەعد یەکەم کەس بێت ئەو نازناوەی داوە بە ئەبو حەنیفە، یان وەک ئەوەی خەتیبی بەغدادی ناوی دەنێت (پێشەوای ئەهلی را و عەقڵکاری)، لە واقیعیشدا کاتێک خەتیبی بەغدادی کتێبەکەی نووسی لەو کاتەدا کولتووری فەرمودەکاریی بەتەواوی خۆی سەپاندبوو تا رادەیەکی وا وشەی (را) یان (عەقڵکاری) بە بەراورد لەگەڵ (فەرمودە) ببووە وشەیەکی نەفرەتلێکراو. هەر لەو بارەوە خەتیبی بەغدادی لە کتێبەکەیدا بەشێکی تەرخانکردوە سەبارەت بەوەی (دەیگێڕنەوە لەبارەی ئەبو حەنیفەوە، لە وشەی ناشیرین و کردەوەی خراپ)، هەر بە راستیش فەسڵێکە پڕە لە قسەی ناشیرین و گاڵتەجاڕی. ئەو قسانەش هەموو دراونەتە پاڵ

پێشەوای ئەهلی (را) و عەقڵکاری، ئەگەر ئەو قسانە راست بن ئەوە ئەبو حەنیفە دەکەنە شەیتان و نەفرەتلێکراوی ئوممەت. ئێمە لێرەدا هەندێک لەو قسانە دێنین کە خەتیبی بەغدادی گێراونیەتەوە بێ ئەوەی خۆمان هیچی لەسەر بڵێین و کۆمێنت بدەین.

- لە (یوسف کوڕی اسباط)ـەوە ئەبو حەنیفە گوتویەتی (ئەگەر پێغەمبەر بە من بگەیشتایە و پێی بگەیشتمایە ئەوە زۆر لە قسەکانی منی وەردەگرت).

- (عەلی کوڕی عاصم): (ئەبو حەنیفە فەرمودەیەکی خوێندەوە پاشان وتی، من کاری پێناکەم. وتم لە پێغەمبەرەوەیە، وتی: کاری پێناکەم).

- (ابو اسحاق الفرازي): (من دەچووم بۆ لای ئەبو حەنیفە پرسیارم لێدەکرد، وەڵامی دەدامەوە، وتم: لە پێغەمبەرەوە شتی تر گێڕدراوەتەوە، ئەو وتی: واز لەو شتانە بێنە)[9].

- (ابو اسحاق): (رۆژێکی تر پرسیارم لە ئەبو حەنیفە کرد، ئەو وەڵامیدامەوە، وتم: بەڵام لە پێغەمبەرەوە شتێکی تر گێڕدراوەتەوە، وتی: ئەو گێرانەوەیە بە کلکی بەراز بسڕەوە).

- (فضل کوڕی موسا): (لە ئەبو حەنیفەم بیستووە دەڵێت: من هاوڕێی وام هەیە دوو قولە میز دەکات، واتە گاڵتەی بەو فەرمودەیە دەکرد کە دەڵێت: هەرکاتێك ئاو گەیشتە دوو قولە ئیدی پیسی هەڵناگرێت)[10].

- (یەحیا کوڕی ئادەم): (لای ئەبو حەنیفە ئەو فەرمودەیە گوتراوە «دەستنوێژ گرتن نیوەی ئیمانە»، ئەویش گوتویەتی با دووجار دەستنوێژ بگرین ئیمانمان تەواو دەبێت)[11].

خەتیبی بەغدادی بەوەش وازناهێنێت بەڵکو یەک فەسڵی درێژ تەرخان دەکات بە ناوی (باسکردنی ئەو قسانەی زانایان گوتویانە لە زەمکردنی عەقڵکاری و ئاگادارکردنەوەی خەڵك لێی)، لێرەدا هەندێک باس دەکەین:

- (هیشام کوڕی عەروە): پێغەمبەر دەڵێت: (کاری بەنی ئیسرائیل رێک بوو تا ئەو کاتەی مناڵانی کەنیزەکی نەتەوەکانی تریان تێکەوت، ئەوان رابێژی و عەقڵکارییەیان تێدا بڵاوکردنەوە، لەبەرئەوە خۆیان گومرا بوون خەڵکیشیان گومرا کرد... سوفیان دەڵێت: سەیرمان کرد یەکەم کەس ئایینی گۆڕی ئەبو حەنیفە بوو لە کوفە، (بەتیی) لە بەسرە، (ربیعة) لە مەدینە، بینیمان هەموویان کوڕی کەنیزەکن)[12].

- (محەمەد بن مسلمة) کاتێک لێیان پرسی (رای ئەبو حەنیفە لە هەموو وڵاتێک هەیە تەنیا مەدینە نەبێت، ئەو وتی: ئاخر تاعون و جەجاڵ ناچنە مەدینەوە)، واتە ئەبو حەنیفە جەجاڵە.

- مالیک (لە ئیسلامدا رۆڵەیەك لەدایکنەبووە هێندی ئەبو حەنیفە زیانبەخش بووبێت بە ئیسلام) [13].

- (عبدالرحمن کوڕی مەهدی): (لە ئیسلامدا هیچ فیتنەیەکم نەدیوە هێندی فیتنەی ئەبو حەنیفە گەورەبێت دوای جەجاڵ).

- (شەریك کوڕی عەبدوڵڵا): (ئەگەر لە هەموو گەڕەکەکاندا مەیخانەیەك هەبێت باشترە لەوەی قوتابییەکی ئەبو حەنیفەی تێدا بێت).

- (سوفیانی ثەوری) کاتێک هەواڵی مردنی ئەبو حەنیفەیان پێدا، دەڵێت: (سوپاس بۆ خودا کە موسوڵمانانی رزگارکرد لە دەست ئەبو حەنیفە، چونکە ئەو هەموو پایەکانی ئیسلامی یەکەیەکە هەڵدەوەشاند، لە ئیسلامدا هیچ کۆرپەیەك لەدایکنەبووە هێندەی ئەو پیاوە شووم بووبێت لەسەر ئیسلام) [14].

- (عبدالصمد): (کاتێک ئەبو حەنیفە مرد سوفیان وتی: بڕۆ بۆ لای ئیبراهیم و مژدەی مردنی فیتنەگێڕی ئەو ئوممەتەی پێبدە).

- (زفر بن الهذیل): (ئێمە سەردانی ئەبو حەنیفەمان دەکرد، قسەکانیمان دەنووسییەوە، ئەو وتی: شتەکانم مەنووسن من ئەمڕۆ قسەیەک دەکەم لەوانەیە سبەینێ لێی پەشیمان بم) [15].

- (سوفیان کوری وەکیع): (لە باوکم بیست دەیگوت: لە دەرسێکی سوفیانی سەوریدا باسی ئەبو حەنیفە کرا، ئەو وتی: پەنا بگرن لە خودا لە شەڕی نەبتییەك کاتێک دەبێت بەعەرەب) [16].

- (عەمرو کوڕی قەیس): (ئەوەی ویستی حەق بناسێت بابچێت بۆ کوفە بزانێت ئەبو حەنیفە و قوتابیەکانی چییان گوتوە بەپێچەوانەی ئەوانەوە بکات ئیتر راست دەردەچێت).

- (شافیعی): (رای ئەبو حەنیفە وەك دەزووی جادووگەر وایە، بەم لادا رایدەکێشێت سەوز دەردەچێت بەولادا رایدەکێشێت زەرد دەردەچێت).

- (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل): (قسەی ئەبو حەنیفە و پشقلێك لای من وەک یەك وان).
- (ئیبن حەنبەل): (فەرمودەیەکی لاواز لە قسەی ئەبو حەنیفە باشترە).
- (یەزید کوڕی مالیک): (ئەبو حەنیفە زینای حەڵاڵ کردوە، سووی حەڵاڵ کردوە، خوێنی حەڵاڵ کردوە).
- (ئەبوبەکر کوڕی عەیاش): (ئیسماعیل کوڕی حەمس بە کوڕەزایەکی ئەبو حەنیفە «اسماعیل»ی وت: ئایا باپیرت چەند کونی حەرامی حەڵاڵ کردوە) [17].

لەئاست ئەو هەڵمەتە دڕندانەیەی ئەهلی فەرموده بۆسەر ئەهلی عەقڵکاری، شتێکی ئاسایی بوو ئەوانیش بەرەنگاریان ببنەوە، بەتایبەت هاوەڵانی ئەبو حەنیفە، بۆیە دەبینین ئەوانەی لەبارەی پیاهەڵدانی ئەبو حەنیفەوە دەنوسن زۆر زیاترن لە پیاهەڵدانەکانی تر، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوانەی داکۆکی لە ئەبو حەنیفە دەکەن هەر بەهەمان شێوازی ئەوانی تر قسەدەکەن، دەیانەوێت بیسەلمێنن کە ئەبو حەنیفە بە فەرموده کاری کردوە، چونکە لەو سەردەمەدا ئایدیۆلۆژیای ئەهلی فەرموده زاڵ بووە، وەک بە زمانی سەردەم دەڵێین: ئایدیۆلۆژیای فەرموده ئایدیۆلۆژیای باوی سەردەم بووە کە شیاوی تێپەراندن نەبووە یان هەر بیر لەوە نەکراوەتەوە لێیدەرچن.

خەمی یەکەمی ئەوانەش کە داکۆکییان لە ئەبو حەنیفە کردووە ئەوە بووە کە بیسەلمێنن ئەبو حەنیفە زانای فەرموده بووە، نەك خاوەنی مەزهەبێکی عەقڵگەرا بووە، کە توانیووێتی خزمەت بکات.

لەبەرئەوە سەیر نییە کاتێك دەبینین زۆربەی کتێبەکانی هەڵدان بەسەر ئەبو حەنیفەدا لە بەشی یەکەمیدا جەخت لەسەر فەرمودەگەرایی ئەبو حەنیفە دەکەنەوە، وەک لە نوێترین کتێبی هەڵدان بەسەر ئەبو حەنیفەدا دەردەکەوێت[18]. بۆ نموونە (بەزدەوی) کە لە زانایانی حەنەفییە و لە گەورە شارەزایانی بنەماکانی فیقهی ئەبو حەنیفەیە، لە کتێبی «کنز الوصول»دا سەبارەت بە هاوەڵانی ئەبو حەنیفە دەڵێت (هەموویان خاوەن فەرمودەن، کەچی پێیان دەگوترێت عەقڵگەرا، بەڵام ئەوان نزیکترن لە فەرمودەوە، نابینیت ئەوان سڕینەوەی حوکمی قورئان بە سوننەت بە ڕێگەپێدراو (جائیز) دەزانن،

چونکە پایەی سوننەت لای ئەوان زۆر بەرزە، هەروەها ئیشیان بە «مورسەل» کردوە لەبەرئەوەی ویستوویانە دەست بە سوننەتەوە بگرن. ئەوان وەهایان بینیوە کە ئیشکردن بە مورسەل باشترە لە بەکارهێنانی عەقڵ، تەنانەت گێرانەوەی کەسی نەناسراویان پێش پێواندن (قیاس) خستووە، هەروەها گوتەی ئەسحابیان خستۆتە پێش قیاس، شەیبانی دەڵێت (رای عەقڵ بە فەرمودە نەبێت رێک نابێتەوە فەرمودەیش بەعەقڵ نەبێت رێک نابێت، کتێبەکانیشی پڕن لە فەرمودە) [19].

عەلادینی بوخاری کاتێك شەرحی «کنز الوصول» دەکات دەڵێت (کاتێک ناحەزان تانەیان لە ئەبو حەنیفە و هاوڕێکانی دا بەوەی ئەهلی عەقڵکارین نەك فەرمودە، مەبەستیان ئەوەیە کە ئەوان حکومیان بە رای خۆیان داڕشتوە. ئەگەر فەرمودە لەگەڵ رای خۆیان گونجا، ئەوە وەریدەگرن ئەگەرنا ئەوە رەتی دەکەنەوە. لێرەدا خاوەنی کتێبی «کنز الوصول» رەتیداونەتەوە بەوەی ئەوان ئەهلی فەرمودەن [20].

بۆ پشت ئەستوورکردنی ئەو قسانەش دوو هەواڵ دێنێت، یەکێکیان لە (نعیم بن عمر) کە دەڵێت: لە ئەبو حەنیفەم بیستووە دەڵێت: خەڵک زۆر سەیرن دەڵێن من بە ڕای خۆم فەتوا دەدەم، بەڵام وانیە من بەبێ فەرمودە فەتوانادەم)، هەروەها (نضر بن محەمەد) دەڵێت: کەسم نەدیوە هێندەی ئەبو حەنیفە بایەخ بە فەرمودە بدات) [21].

(کیرانوي) -زانای هیندی- گێرانەوەیەکی هاوشێوە دەگێڕێتەوە لەسەر زاری (نەسر میزوەری)یەوە و دەڵێت: هیچ پیاوێکم نەدیوە وەک ئەبو حەنیفە پابەند بێت بە سوننەتەوە. هەروەها لەسەر زاری خاوەنی «الفتوحات المکیة» دەگێڕێتەوە کە گوایە ئەبو حەنیفە گوتویەتی (ئاگاداربن لە دیندا بە رای خۆتان قسە مەکەن، بەڵکو شوێن سوننەت بکەون، چونکە هەرکەسێک لە سوننەت دەربچێت گومرا دەبێت) [22].

هەروەها لەسەر زاری (ئیبن موبارەک)ـەوە دەگێڕنەوە کە (ئەبو حەنیفە دەڵێت: کەس ناتوانێت بە رای خۆی قسە لەسەر قورئان بکات، هەروەها لەسەر فەرمودە و ئیجماعی هاوەڵانیش)، پاشان دەڵێت (وا تێمەگە کاتێك زانایان دەڵێن ئەبو حەنیفە و هاوڕێکانی خاوەن ران مەبەستیان کەمکردن بێت لە رێزی ئەوان، یان ئەوان رای خۆیان پێش فەرمودە و گوتەی هاوەڵان دەخەن، نەخێر ئەوان دوورن لە شتی وەها) [23].

نووسەری (الدر المنظم) نەك تەنیا تۆمەتی عەقڵکاری لە ئەبو حەنیفە رەتدەکاتەوە، بەڵکو جەخت لەوەش دەکاتەوە کە ئەو لە ئەهلی فەرمودەیە و ناوی بەرزە لە ناویاندا: (ئەوەی دەڵێت ئەبو حەنیفە لە فەرمودەدا لاواز بوە، ئەوە قسەکەی بێ بنەمایە، بەڵکو ئەو ئیمامێکی گەورە بوو لە زانستی فەرمودەدا، کەسێکی تری وەک ئەو لە کۆن و نوێدا نابێتەوە) [24].

نووسەرێکی تر لە سەدەی دوانزەی کۆچیدا (محەمەد مرتضى الحنفي)، لە کتێبێکدا بەناوی «احاديث الاحكام» دەڵێت: (فەرمودەی ئەحکام ئەوانەی کە پێشەوای گەورە گێراونیەتەوە هەموویان لە (بوخاری) و (موسلیم) و (ئەبوداود) و (نەسائی) و (ئیبن ماجە)دا هەن، بەڵام ئەو فەرمودانەی ئیمام هێناونی لەوە زیاترن بتوانین لە کتێبێکدا ئاماریان بکەین) [25].

دوا کەس کە داکۆکی لە ئەبو حەنیفە دەکات و تۆمەتی ئەوەی لێ دووردەخاتەوە کە لە فەرمودەدا زانا نەبوە، خاوەنی کتێبی «ابوحنيفة واصحابه»یە کە دەڵێت (بزانە هەندێك کەسانی دەمارگیر دەڵێن: ئەبو حەنیفە دەستکورت بووە لە فەرمودەدا و تەنیا چەند فەرمودەیەکی پێگەیشتوە [26]، بەراستی ئەوە بوختانێکی گەورەیە پێستی خەڵکی لێ هەڵدەقرچێت، مووی لەشی لێ بەرزدەبێتەوە، ئەو قسەیە تەنیا کەسی نەفام دەیکات، یان کەم عەقڵ یان دەمارگیرێك. بەڵکو زانایان و لێکۆڵەران ئەوە پشتراستدەکەنەوە کە ئیمام فەرمودەی زۆری زانیوە و بڕێکی گەورە فەرمودەی کۆکردۆتەوە، مەگەر کەسێك لە پلەی ئەودا بێت بزانێت ئیمام چ زانایاکی گەورەبووە لە فەرمودەدا) [27].

رێککەوت نییە ئەو پێشبینییە درۆیەی بەناوی پێغەمبەرەوە هەڵبەستراوە وەک هەر درۆیەکی تر سەبارەت بە پێشبینییەکان و فەزڵی پێشەوایانی چوار ئیمامەکە، لەوێدا وەها باسی ئەبو حەنیفە دەکەن کە زیندووکەرەوەی سوننەتە، ئەنەسی کوڕی مالیک دەڵێت: (پێغەمبەر فەرمویەتی: لە ئوممەتەکەم پیاوێک پەیدا دەبێت ناوی نەعمان کوڕی سابت دەبێت، نازناوی ئەبو حەنیفە دەبێت، خودا لەسەر دەستی ئەو سوننەتی من زیندوو

دەکاتەوە)[28]. هەر لەو بارەیەوە هەمان نووسەر دەگێڕێتەوە: (ئەبو حەنیفە لە خەوندا بینرا گۆڕی پێغەمبەری هەڵدەدایەوە و ئێسک و پروسکی کۆدەکردەوە، لە ئیبن سیرینیان پرسی بۆ لێکدانەوەی ئەو خەونە، ئەویش وتی: خاوەنی ئەو خەونە هەندێک سوننەتی پێغەمبەر زیندوو دەکاتەوە کە تا ئەو کاتە کەس نەیزانیوە)[29].

بۆ بەڵگە هێنانەوە لەسەر ئەوەی ئەبو حەنیفە فەرمودەناس بووە نەك خاوەن را، کتێبەکانی وەسفکردن و پیاهەڵدانی ئەبو حەنیفە باس لەو هەموو فەرمودەیە دەکەن کە ئەو زانایە زانیویەتی و ئەو کتێبانەی لەو بارەوە داینراون، بەڵام هیچمان نەگەیشتۆتە دەست، کە ئاشکرایە هەرگیز ئەبو حەنیفە شتێکی وای نەنووسیوە. نووسەری «الخيرات الحسان» دەڵێت (ئەبو حەنیفە چوار هەزار فەرمودەی لە پێشەوایانی شوێنکەوتوان وەرگرتوە)[30]. وەک (کەیرانەوی) دەڵێت: (ئیمام ئەبو حەنیفە لە نووسینەکانیدا زیاتر لە حەفتا هەزار فەرمودەی بەکارهێناوە)[31].

بەڵام وەک دەردەکەوێت ئەو هەزاران فەرمودەیەی ئیمام بەکاریهێناوە لە نووسینەکانیدا زۆر کەمتر بووبێت لەوەی کە لای خۆی هەڵیگرتووە، وەک یەحیا کوڕی نەسردەڵێت: (لە ئەبو حەنیفەم بیستووە دەڵێت: چەندین سندوق فەرمودەم لایە تەنیا کەمێکیان نەبێت هیچم دەرنەهێناوە)[32].

بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین –ئەگەر ئێمەش تووشی زیادەڕەوی بووبین- ئەبو حەنیفە لەلایەن ناحەزەکانییەوە تاوانبار دەکرێت بەوەی لە فەرمودەدا کزە، کەچی لەلایەن هەوادارەکانییەوە لە خاوەنی فیقهەوە دەبێتە خاوەنی فەرمودە، بەڵکو لە موفتیەوە دەگۆڕێت بۆ فەرمودەناس. هەر وەك ئیمامەکانی تر، ئەمیش چەند مەسنەدی فەرمودەی دراوتە پاڵ، وەك ئەوەی (ابونعیم) لە «الحلية»دا زیاتر لە 100 مەسنەد بەناوی ئەبو حەنیفەوە دێنێت. لەو سەدە یانزە فەرمودەیان ئیمام بەتەنیا گێراونیەتەوە. هەر بۆ زیاتر بەهێزکردنی رۆڵی ئیمام، نووسەرانی پیاهەڵدانەکانی ئەبو حەنیفە 7 فەرمودەیان داوەتە پاڵ ئیمام کە گوایە راستەوخۆ لە هاوەڵانی بیستوە و هەرخۆی راستەوخۆ ئەو حەوت ئەسحابەی بینیوە، یان لایەنی کەم شەشیانی بینیوە، چونکە جابر کە خیلافی لەسەرە لە 72ی کۆچیدا مردوە، بەڵام ئیمام لە 80ی کۆچیدا لەدایکبووە[33]. ئیدی بێجگە لەوە

ئەنەسی کوڕی مالیک تەنیا کەسە کە لە ساڵی 90- 93ی کۆچی مردوە [34]، واتە ئەبو حەنیفە تەمەنی 13 ساڵ بووە، ئینجا ئەبو حەنیفە لە کوفە بووە و ئەنەس لە مەدینە بووە، بێجگە لە ئەنەس ئەسحابەکانی تر هەموویان لە سەردەمێکدا مردوون کە ئەستەمە وەک کرۆنۆلۆژیا و جوگرافیاش ئیمام پێیان گەیشتبێت. با گوێ لە نووسەری کتێبی موسنەدی ئەبو حەنیفە بگرین:

(عەبدوڵڵا کوڕی جوزئی زوبێدی: لە مەککە پێی گەیشتوە و لەو کاتەدا ئەبو حەنیفە تەمەنی شانزە ساڵ بووە، ئەبو یوسف دەڵێت: ئیمام وتی: لەگەڵ باوکم لە تەمەنی شانزە ساڵیدا حەجم کرد، پیاوێکی پیرم بینی خەڵک لە دەوری کۆبووبوونەوە، وتم ئەوە کێیە، وتیان: فەرمودەی پێیە لە پێغەمبەرەوە بیستویەتی، وتم: نزیکم بخەرەوە لێی، کە لێی نزیک کەوتمەوە گوێم لێبوو دەیگوت: پێغەمبەر فەرمویەتی: ئەوەی لە ئایینی خودا تێبگات خودا رزقی بە ئاسان دەکات و لەلایەکەوە رزقی دەدات کە خۆشی چاوەڕوانی ناکات) [35]. ئیشکالەکە لێرەدایە، (عەبدوڵڵای کوڕی جوزء) دوا ئەسحابە مردبێت، کەچی ئەو ساڵی 86ی کۆچی مردوە، واتە پێش هاتنی ئەبو حەنیفە بۆ مەککە بە 10 ساڵ. ئینجا مردنیشی لە مەککە نەبووە، بەڵکو لە میسر مردووە[36]. نە ئەو چووە بۆ کوفە نە ئەبو حەنیفەش چووە بۆ میسر. هەمان شت سەبارەت بە (واثلة کوڕی اسقع) کە ئەستەمە ئەبو حەنیفە بینیبێتی، چونکە مەرگی (واثلة) ساڵی 83ی کۆچی بووە لە دیمەشق [37]، ئەویش دوا ئەسحابە کە لە دیمەشق مردووە. لە بەرامبەردا کاتی مەرگی (عەبدوڵڵا کوڕی ئەبو ئەوفی) لە کوفە (ئەبو حەنیفە) لەوێبوە. بەڵام کاتێک ئەوفی مردووە ئەبو حەنیفە تەمەنی تەنیا شەش ساڵ بوە [38].

(عەبدوڵڵا کوڕی ئەنیس) ساڵی 51 یان 54ی کۆچی مردووە، بەڵام نووسەرانی پیاهەڵدانەکان بەسەر ئەبو حەنیفەدا تەمەنی درێژ دەکەنەوە بۆ 86ی کۆچی، تاکو هەرچۆنێک بێت بیسەلمێنن کە ئەبو حەنیفە بۆ چەند رۆژێکیش بێت پێی گەیشتوە. هەربۆیە بەپێی ئەو رێسایەی کە دەڵێت هاوەڵ (ئەسحابە) ئەو کەسەیە کە بۆ یەک سەعاتیش بێت پێغەمبەری بینیوە، بەهەمان شێوە شوێنکەوتوو (تابیع) ئەو کەسەیە بۆ یەك سەعاتیش بێت هاوەڵێکی بینیبێت.

دواجار ئەوەی دەمێنێتەوە گێرانەوەی فەرمودەیە لە (عائیشەی کچی عەجرەد)ـەوە لەلایەن ئەبو حەنیفەوە، لەم بارەیەشدا ئەبو حەنیفە تاکە کەسە کە گێرانەوەی لێوە کردووە. بەڵام شافیعی ئەویشی رەتکردۆتەوە، چونکە لە «الأم»دا دەڵێت نەزانراوە عائیشە ئەسحاب بێت. هەروەها (بەیهەقی) لە «السنن الکبری»دا رەتیکردۆتەوە، چونکە وەک بەیهەقی دەڵێت نە عائیشە نە عوسمان کوڕی راشید، کە بە حساب ئەبو حەنیفە گێرانەوەی لێوە کردوون، «لە وڵاتی خۆیاندا نەناسراون».

تۆمارخانەی فەرمودە پڕە لەو شتانەی باسمان کردن. جا پرسی گەیشتن و نەگەیشتنی هەواڵگێڕەوە (راوي) بەو کەسەی گێرانەوەی لێوە دەکات (المروي عنه)، فراوانترین بوارە بە دەستی ئەوانەی دەیانەوێت ناوەڕۆکی فەرمودەیەک رەت بکەنەوە و تانە لە دروستی فەرمودەکە بدەن و لەوێوە ئیلزامیەتی فەرمودەکە رەتبکەنەوە. لێرەدا مەبەستمان تەنیا ئەو نیازە پێشینەیە بوو کە پیاهەڵدەرانی ئیمامەکان هەیانبووە بۆ ئەوەی ئیمامی مەزهەبەکەی خۆیان بکەنە زانایەکی فەرمودەی هێند گرنگە، کە راستەخۆ لە ئەسحاب فەرمودەی وەرگرتوە، ئەوەش هەمووی بەهۆی ئایدیۆلۆژیای باڵادەستی ئەو کاتەوە بووە کە خۆی سەپاندوە بەسەر مەیدانی فیقهـ و زانستی شەرعدا، پاش ئەوەی ئەهلی فەرمودە زاڵبوون بەسەر ئەهلی عەقڵکاریدا[39].

ئەم سەردانەواندنەی ئەهلی عەقڵ بۆ ئایدیۆلۆژیای نوێ کە ئیدی لە سەدەی پێنجەم بەرەو سەر هەموو مەیدانی زانستی ئایینی قۆرخدەکات، کەسێکی وەک یەحیا کوڕی ئادەم ناچار دەکات بڵێت: (ئەوانەی تانە لە ئەبو حەنیفە دەدەن بوختانی ئەوە دەکەن کە ئیمام کاری بە پێوەرکاری (قیاس) کردوە و فەرمودەی وازلێهێناوە، ئەوەش بوختان و درۆیە بە دەمییەوە دەکرێت، چونکە کتێبەکانی ئیمام و هاوڕێکانی پڕن لەو پرسانەی کە وازیان لە قیاس هێناوە و کاریان بە فەرمودە کردوە)[40]. هەروەها کەسێکی وەك (مرتضى حسيني) ناچار دەکات بڵێت (وەڵامدانەوەی ئەو دەمارگیرانەی کە ستەمیانکردوە و تۆمەتی ئەوەیان خستۆتە پاڵ ئیمامەکەمان کە قیاسی خستۆتە پێش دەق، بەڵام ئەو تۆمەتە ناراستە، ئەوەی لەخۆیەوە گواستراوەتەوە بۆمان ئەوەیە هەمیشە دەقی پێش قیاس خستووە، ئەو تەنیا کاتێک قیاسی بەکارهێناوە کە لە قورئان و سوننەت و قەزاوەتی ئەسحاب شتێکی نەدۆزیبێتەوە، مەزهەبی ئیمام پێشخستنی دەقە بەسەر قیاسدا، بەڵکو پێشخستنی فەرمودەی لاوازە بەسەر عەقڵکاریدا)[41].

ئەم چۆکدادانە تەنیا لەژێر فشاری ئایدیۆلۆژیای فەرمودەدا کراوە، کاتێک ئەو ئایدیۆلۆژیایە سەرکەوت بەسەر عەقڵکاریدا. تەنانەت کەسێکی وەک (ئیبن عەرەبی) کە بە بێ مەزهەب ناسراوە دەڵێت ئەبو حەنیفە گوتویەتی (خەڵک لە باشیدا دەبن تا ئەو کاتەی کەسانێکیان تێدابێت قوتابیی فەرمودە بن، هەرکاتێک زانستی بێ فەرمودەیان داواکرد ئەوە خراپ دەبن). ئیبن عەرەبی دەڵێت (کەسێک لەو پایەیەدا بێت لە شوێنکەوتنی سوننەت، چۆن دەچێت بەلای عەقڵکاریدا؟ پەنابەخوا کەسێکی ئاقڵ وابڵێت) [42].

بەڵکو ئەم ملپێکەچکردنەی عەقڵ وایکردوە کە وشەی «را» و «عەقڵکاری» بکشێتەوە یان بە لایەنی کەم مەدلوولەکەی بگۆڕدرێت. کەیرانەوی بەم شێوەیە باسی هاوەڵەکانی ئەبو حەنیفە دەکات: (ئەوان مەبەستیان لە عەقڵکاری تەنیا فیقهە و هیچی تر، جا هەرکەسێك کار لە مەسەلە فیقهیەکاندا بکات ناوی دەنێن ئەهیلی عەقڵکاری) [43].

لێرەدا سەرنجی ئەوە دەدەین کە ئەو عەقڵەی حەنەفیەکان پاشان خۆیانی لێ بێبەری دەکەن، ئەسڵەن عەقڵی رەها نییە، واتە ئەو عەقڵەی خۆی گەورەی خۆیەتی، بەڵکو تەنیا رایەکی رێژەیی سنووردارە بە دەق و ئەرکی تەنیا ئیجتیهادە لەناو دەقدا و لەسەر ئاستی لقەکان و دوور لە بنەماکان، وەک چۆن ئەبو حەنیفە خۆی لەو بارەوە دەڵێت: (کە مافی ئەوەی نییە لە گەڵ قورئان و سوننەتدا قسەی خۆی بکات یان لەگەڵ ئیجماعی هاوەڵاندا، بەڵام لەپاش ئەوانە ئیدی ئیجتیهاد و راکارییە) [44].

هەر لەم روانگەیەوە گەورەی تیۆرسێنەکانی فیقهی حەنەفی دەڵێت: (عەقڵ لە هەواو ئارەزوو دەرباز نابێت، لەبەرئەوە خۆی بەتەنیا نابێتە بەڵگە) [45].

بەهەمان شێوە شرۆڤەکاری «كنز الوصول» دەڵێت: عەقڵ بەتەنیا دەستەوەستانە چونکە ئامێرێکە، ئامێریش بێ بکەرێك کارناکات، لەبەرئەوە بەتەنیا ناتوانێت چاک و خراپیی شتەکان بزانێت. لای ئێمە عەقڵ ئەرک (وجوب) پێناسە دەکات، بەڵام فەرماندەر بە ئەرك تەنیا خودایە. لەبەرئەوە عەقڵ بەتەنیا بەس نییە، واتە عەقڵ هەرچەند ئامرازی مەعریفەیە، بەڵام بەس نییە بۆ بەڵگەهێنانەوە و دەستکەوتنی مەعریفە. جا کاتێک ئەوەمان روونکردەوە کە عەقڵ ئامێرە، کەواتە خۆی ناتوانێت هیچ شتێک فەرزبکات، بەڵام هەر کاتێک بەڵگەی بیستراوی هاتە پاڵ، ئیدی فەرزکردن

دەدرێتە پاڵ بەڵگەی بیستراو نەك عەقڵ. خۆ ئەگەر عەقڵ خۆی بەتەنیا هەبێت ئەوە بێ بەڵگەی بیستراو ناتوانێت مەعریفە بەرهەم بێنێت) [46].

کەواتە ئەگەر ئەوە سنووری عەقڵ و کارکردنی عەقڵ بێت -کاتێک ڕێگەی پێدەدرێت کار بکات- لای ئەبو حەنیفە و زانایانی مەزهەب، ئیتر ئایا کەس دەوێرێت ئەوە بڵێت کە خاوەنی «نقد العقل العربي» دەیڵێت، کاتێک دەڵێت مەزهەبی ئەبو حەنیفە (پشتبەستوە بەعەقڵ بێ هیچ مەرج و سنوورێك). یاخود بڵێت (لەگەڵ ئەبو حەنیفە و ئەهلی عەقڵدا تەنیا عەقڵ شەرعدانەر بووە) [47].

ئایا مافی خۆمان نییە بڵێین: لێرەدا لەگەڵ ئەو جەختکردنە یەقینیەی لەو رەخنەگرەی عەقڵی عەرەبییەوە دەردەچێت، ئێمە خۆمان لەبەردەم نەك نوکە قەڵەمێکدا دەبینینەوە، بەڵکو لەبەردەم هەڵەیەکی ئەپستمۆلۆژیدا دەبینینەوە نەک بەرامبەر هەڵوێستی ئەبو حەنیفە لە عەقڵدا بەتەنیا، بەڵکو هەڵەیەکی ئەپستمۆلۆژیی گەورە، کە بریتییە لە مەرجداریی عەقڵ لە ئینسایکلۆپیدیا گەورەکانی رۆشنبیریی عەرەبیی ئیسلامییدا، کە بریتییە لە ئینسایکلۆپیدیای فیقهی هاوپەیمان لەگەڵ فەرمودەدا: چونکە عەقڵ هەرگیز نەبۆتە شەرعدانەر، نە لای ئەبو حەنیفە نە لای هیچ ئیمامێکی تر لە ئیمامەکانی فیقهـ و فەرمودە، بەڵکو تەنانەت لای موعتەزیلە و فەیلەسووفەکانیش کە بەرزترین ئاستی عەقڵکارین لە ئیسلامدا، نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە، تەنانەت هیچ مەنهەجێک لە کولتوورێکی سووراوە بەدەوری چەقێکی دەقگەرای پیرۆز و سیستمێکی ئایینیدا ناتوانێت عەقڵکاریی رەها بکات. لێرەدا شەرعدانەر دەبێت تەنیا خودا بێت، چونکە هەر ئەو دەقی دابەزاندووە، سەبارەت ئیسلامیش، وەک لە فەسڵی یەکەمدا باسمانکرد، تەنانەت پێغەمبەر خۆیشی پێش ئەوەی لە ئیسلامی قورئانەوە وەرگەڕێتە سەر ئیسلامی فەرمودە ئەویش هەر شەرعبۆدانراو بووە نەك شەرعدانەر، ئیدی عەقڵ ناتوانێت بۆ خۆی سەربەخۆ بێت، بەڵکو بەرزترین ئاستی ئەبستمۆلۆژیی عەقڵ تەنیا دەشێ چالاکی نواندن بێت لە پەراوێزی دەقدا، بێ ئەوەی لەوە زیاتر ئازادی هەبێت، واتە عەقڵ شوێنکەوتەی دەق دەبێت، کەواتە ئازادی عەقڵ لێرەدا بریتیە لە ئازادیی خولگەکانی بازنەیەک بەدەوری چەقدا، کە هەمیشە وابەستەیە بە چەقەوە، ئیدی تیرەکەی چەند گەورەبێت.

## پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم

**1-** کتێبی «الفقه الاكبر» دەدرێتە پاڵ ئەبو حەنیفە، بەڵام دیارە کە ئەو کتێبە بەناوی ئەوەوە هەڵبەستراوە، بۆ نموونە کتێبەکە لەگەڵ ئەشعەریەکاندا دەکەوێتە جەدەلەوە لەکاتێکدا ئەشعەری خۆی (270- 324)، هەر لەرووی زەمەنیەوە (لەگەڵ ئەبو حەنیفەدا (80- 150) دوو سەدە دوای ئەبو حەنیفە لەدایکبووە.

2- محەمەد أبو زهرة، أبو حنيفة حياته و عصره وآراؤه وفقهه، طبعة دار الفكر العربي، القاهرة 1991، ص171- 172.

3- ئەو ماوە زەمەنەش وای لێکردووین باسی ئەبو حەنیفە بخەینە دوای مالیک و شافیعی.

4- ئەبو زوهرە ئەو گوتەیە دەخاتە پاڵ ئەبو یوسف کە لە طەبەریەوە گێرابێتییەوە (ابو حنيفه حياته وعصره، ص173).

5- ابن حبان، كتاب الثقات، دائرة المعارف العثمانية بحيدر آباد الركن الهند، 1978، ج7، ص645- 646.

6- ابوحنيفة حياته وعصره، ص182.

7- تاريخ بغداد، دار الكتب العلمية، بيروت1997، ج11، ص158- 159.

8- لەگەڵ ئەو ئازادییەی ئینتەرنێت رەخساندوویەتی و رەگی دەمارگیری ئەستووری کەسانی دەمارگیر ئێستاش هەڵمەتی زۆر دژی ئەبو حەنیفە دەکرێت.

9- ئەبو حەنیفە پشتی بەم فەرمودەیە بەستوە تاکو بڵێت (ئەبو حەنیفە پشتی بە عەقڵکاری بەستوە بێ قەید و شەرت) (تكوين العقل العربي، ص106)، بەڵام جابري تێبینی ئەوەی نەکردوە کە شێوازی گێڕانەوە کە جۆرێک لە تەوسی تێدایە دەریدەخات کە ئەو قسەیەی بەدەممەوە دروستکراوە.

10- ئەم فەرمودەیە لەزۆر مەسنەدەوە گێرراوەتە بە چەندی شێواز وەک (اذ كان الماء قلتين لم يحمل الخبث).

11- تاريخ بغداد، سەرچاوەی پێشوو، ج13، ص403- 405.

12- سەبارەت بە ڕەچەڵەکی ئەبو حەنیفە رای جیاواز هەیە، هەندێک دەڵێن فارسە، هەندێک دەڵێن نەبەتیە و باپیری لە فتوحاتدا بەکۆیلە کرا و لای بەنوو تەیم بوە، لەبەرئەوە ئەبو حەنیفە تەیمی بووە وەک لایەنی عەشایەری.

- عثمان البتي لە فیقهناسەکانی بەصرە، مەولای بەنوو زهرە بوە.

- ربيعة بن عبد الرحمن، لە فیقهناسەکانی مەدینە بووە لایەنگری ئال مونکەدیر بوە.

13- لە ریوایەتێکی تردا لەسەر زاری مالیک (فیتنەی ئەبو حەنیفە زیانی لە شەیتان زیاترە لەسەر ئومەت، لەوەدا کە سونەتی زۆری رەتکردۆتەوە).

14 - قسەیەکی هاوشێوەی ئەوەش دەدرێتە پاڵ ئەوزاعی.

15- ریوایەتێکی تر لە ابونعیم (لە ئەبو حەنیفەم بیست بە ابویوسفی دەوت، هیچ شتێك لە منەوە ریوایەت مەکە، چانکە نازانم راستم وتوە یان هەڵە)، ئەو دوو ریوایەتە ئەگەر راستبن ئەوە لە سوودی ئەبو حەنیفەیە نەك دژی بیت. چونکە ئیجتیهاد هەمیشە ئەگەری راست و هەڵەی هەیە.

16- گومان دانان و گاڵتەگردن بە ڕەچەڵەکی ئەبو حەنیفە لە ئەدەبیاتی فیقهیدا زۆرە هەندێک دەڵێن جوولەکە بووە، هەندێک دەڵێن کاتیك لە دایکبوە باوکی گاور بووە... هتد.

17- تاريخ بغداد، ج13، ص413- 454.

18- الشيخ حبیب ئەحمەد الكیرانوي، ابو حنيفه واصحابه، دار الفكر العربي، بيروت، 1989، ص19.

19- الامام فخر الاسلام علي محەمەد البزدوي، كنز الوصول الى معرفة الاصول، منشورات مير محەمەد كيب خانه، كراتشي، ص8.

20- علاء الدين عبد العزيز بن ئەحمەد البخاري، كشف الاسرار عن اصول فخر الاسلام. دار الكتب العلمين، بيروت 1997، ج1، ص29.

21- كشف الاسرار، ج1، ص30.

22- ابوحنيفة واصحابه، ص73- 74.

23- شهاب الدين احمد بن حجر الهيثمي، الخيرات الحسان في مناقب ابي حنيفة النعمن، مطبعة دار السعادة، القاهرة، ص30.

24- نوح الرومي الحنفي، الدر المنظم في مناقب الامام الاعظم، نسخة مخطوطة من مخطوطات مكتبة الازهر.

25- محەمەد مرتضى الحسيني، عقود الجواهرفي ادلة الامام ابو حنيفة، المطبعة الوطنية بالاسكندرية، 1292هـ ص3- 4.

26- لەم شوێنەدا تەواو دەردەکەوێت کە ئەبو حەنیفە تەنیا دانیناوە بە 14 فەرمودەدا.

27- الكيرانوي، ابو حنيفه واصحابه، ص19.

28- الامام الموفق ئەحمەد بن مكي، مناقب الامام الاعظم، دائرة المعارف النظامية، حيدر اباد1321، ص13.

29- هەمان سەرچاوە، لا29.

30 ابن حجر الهيثمي، مصدر سابق، ص35.

31- ابوحنيفة واصحابه، ص27.

32- مناقب الامام الاعظم، ص95.

33- اسعاف المبطأ برجال الموطأ، للسيوطي، بذيل الموطأ، ص774.

34- تەنانەت ئەو ئەگەرەش سوود ناگەیەنێت چونکە ئەو کاتەی ئەبو حەنیفە لەگەڵ باوکیدا چووە بۆ حەج تەمەنی شانزە ساڵ بووە، واتە سێ ساڵ دوای مردنی مالیک بووە.

35- ابو نعيم الاصفهاني، مسند ابي حنيفة، ص25. هەر خۆشی دەڵێت (ئەم فەرمودەیە هیچ دەروازێکی تری نییە تەنیا ئەمە نەبێت).

36- الذهبي، سير اعلام النبلاء، مؤسسة الرسالة، ط9، 2001، ج3، ص666.

37- ابن حجر العسقلاني الاصابة في تمييز الصحابة، دار الجيل، بيروت 1999، ج6، ص591.

38- بۆ گونجاندنی ئەو فەرمودەیە سەلماندنی ئەگەری ئەوەی ئەبو حەنیفە لە عبدالله بن ابي اوفى فەرمودەی وەرگرتبێت لە منداڵیدا، ئیبن حەجەر دەڵێت (منداڵ ئەگەر چەپ و راستی خۆی جیاکردەوە ئیدی بیستنەکەی دروستە ئەگەر تەمەنی خوار پێنج ساڵیش بێت) (الخيرات الحسان، ص24).

39- ئەم دەستەواژەیەمان لە کتێبکەی سەمعانیەوە وەرگرتوە (الانتصار لاهل الحديث).

40- المكي، مناقب الامام الاعظم، مصدرسابق، ص93.

41- عقود الجواهر، مصدر سابق، ص5- 8.

42- ابوحنيفه واصحابه، ص73.

43- ابوحنيفه واصحابه، ص80.

44- الخيرات الحسان، ص30.

45- البزدوي، كنز الوصول، ص322.

46- علاء الدين البخاري، كشف الاسرار، ج4، ص328.

47- تكوين العقل العربي، ص106.

# بەشی شەشەم

## ئیبن حەزم؛ بتگەرایی دەق

لە مێژووی ئیسلامدا هیچ کەسێک وەک ئیبن حەزم مەدحی سەروەرێتیی عەقڵی نەکردوە. بەڵام کەسیش نەبووە وەک ئیبن حەزم عەقڵ کەنارگیربکات لە مێژووی فکری ئیسلامدا.

ئەم جیاوازییە ئەو حەقیقەتە زەقەیە کە دەتوانین ناوی بنێین پرۆژەی کودەتای حەزمیی، بەڵام ئەم مەزهەبە هەر تەنیا وەك پرۆژەیەکی راگیراو مایەوە لە فەزای هزری ئیسلامیدا و بۆی نەلوا وەک مەزهەبێک شاگرد و قوتابیانی خۆی هەبێت و لەمێژوودا بەردوامیی پێبدرێت، هەرچەندە مەزهەبی ئیبن حەزم هێز و پتەوییەکی وای هەیە کە هیچ کام لە مەزهەبەکانی تر نییانە. نە چوار مەزهەبەکەی سوننە و نە مەزهەبی جەعفەری. ئێمە بایەخ نادەین بەو دۆخە مێژووییەی کە وایکرد کودەتای ئیبن حەزم تەنیا وەک پرۆژەیەك بمێنێتەوە لەنێو کتێبەکاندا[1]. لەبەرامبەردا دەبێت راڤەی ئەوە بکەین کە ناومان لێناوە کودەتا، بۆ ئەوەش دەبێت لە پێشدا کودەتا بەسەرداکراو دیاریبکەین، چونکە تاکو کودەتا بەسەرداکراو نەبێت کودەتا نابێت. نوسەرانی ژیاننامەی ئیبن حەزم ئاماژە بەوە

دەکەن کە ئیبن حەزم لە پێشدا شافیعی مەزهەب بووە، پێش ئەوەی وەرگەڕێتە سەر مەزهەبی ڕواڵەتگەرایی (الظاهرية). لەراستیشدا ئیبن حەزم دووجار زانستی لە شافیعی وەرگرتوە، یەکەمیان لە شافیعی خۆی، دووەمیشیان لە (داودی ئەسفەهانی)، ئەویش لەپێشاندا شافیعی مەزهەب بووە پاشان مەزهەبی ڕواڵەتگەرایی بونیادناوە، کە پاشان ئیبن حەزم جارێکی تر زیندوویدەکاتەوە.

وەک هەر کودەتایەکیش ئیبن حەزم لە خاڵی سفرەوە دەستپێدەکات، بەڵام بێ ئەوەی نکۆڵی بکات لەو بەردەوامییەی کە دەیبەستێتەوە بە کودەتا لەسەرکراو، هەرچەندە ئەو پەیوەندییە شێوازی دژبەرایەتیش بگرێتە خۆی.

بە گەرانەوە بۆ ئەوەی ئیبن حەزم ناوی دەنێت (سەرەتاکانی عەقڵ) خاڵێکی سەرەتایی ڕەها بۆ پرۆژەکەی دەستەبەر دەکات. بەڵام بە پەکخستنی عەقڵ، یان بە پاشکەوتەیی عەقڵ بۆ دەق بەشێوەیەکی ڕەها، مەرجی بەرەدەوامیی دەستەبەردەکات، کە بێ ئەو مەرجە کودەتا [ی مەعریفی] نابێتە کودەتا.

ئەم جێکەوتەش (التموضع) دوو ئاستی هەیە، دەستپێکردن لە خاڵی سفرەوە، و بەردەوامبوون لە ڕێگەی دژبەرێتییەوە، ئەوەش ئەو دوالیزمە تیۆرییە ریشەییە ڕاڤە دەکات کە ئیبن حەزم لێوەی دەردەچێت. کتێبێکی نابینیت بەوە دەستی پێنەکردبێت کە ناوی دەنێت (سەرەتاکانی عەقڵ)، یاخود (بەڵگە نەویستەکانی عەقڵ)، یان (بەڵگەی عەقڵ)، یان (هێزی عەقڵ)، یان (حوکمی عەقڵ)، ئەم دەستەواژانە زۆر بە چڕی لە کتێبە هەرە ناودارەکەیدا لەسەر بنەماکانی فیقهـ (الأحكام في أصول الأحكام) دەگوترێتەوە.

لەسەرەتادا، واتە لە خاڵی سفردا وادەردەکەوێت کە ئیبن حەزم پێشەنگی مەزهەبی عەقڵییە لە ئیسلامدا. بەم شێوەیە سەرەتای کتێبەکەی دەست پێدەکات (الاحكام في اصول الاحكام)، بەشێکی ناودەنێت (سەبارەت بە سەلماندنی بەڵگەکانی عەقڵ)، لەوێدا تیۆرییەکی مەعریفە پێشکەشدەکات کە غەریزەیەکی عەقڵگەرای پەتیی هەیە. ئەو نکۆڵی لە هەر سەرچاوەیەکی تر دەکات بۆ مەعریفە بێجگە لە عەقڵ، ئیدی هەرچی تیۆرییەکانی دیکەیە بەدرۆی دەخاتەوە سەبارەت بە سەرچاوەکانی تری مەعریفە، وەک ئیلهام، یان

ئیمام، یان هەواڵ یان تەقلید. ئەو تیۆرییەش لەو سەردەمەدا ئەو تیۆرییانە بوون کە باسیان لێوەدەکرا وەک سەرچاوەی مەعریفە لە کایەی بەیانی عەرەبیدا، جا چی سوننە بێت یان شیعە.

دەڵێت: (هەندێک دەڵێن ئیلهام سەرچاوەی مەعریفەیە، هەندێکی تر دەڵێن: قسەی ئیمام سەرچاوەی مەعریفەیە، لای ئەوان ئەو ئیمامە کەسێکی دیاریکراوە، بەڵام ئەو ماوەی 170 ساڵە بێ سەر و شوێنە[2]. هەندێکی تر دەڵێن هیچ شتێک بێ هەواڵ نازانرێت. هەندێکی تر دەڵێن: تەقلید سەرچاوەی زانینە، ئینجا بەڵگەش دێننەوە بۆ پوچکردنەوەی بەڵگەی عەقڵ، دەڵێن: کەسێک دەبینیت باوەڕی بە شتێکە و داکۆکی لێدەکات و هیچ گومانی نییە کە ئەو شتە راستیە، بەڵام پاشان شتێکی تری بۆ دەردەکەوێت، خۆ ئەگەر بەڵگەکانی عەقڵ راست بوونایە ئەوا بەڵگەکانی نەدەگۆران)[3].

کاتێک ئیبن حەزم تانە لە هەموو ئەو تیۆرییانە دەدات کە (بەڵگەبوونی عەقڵ) پوچدەکەنەوە و بەوە ناویان دەبات کە «خەڵەتێنەرێکی درۆیینەن»، دەگاتە ئەوەی کە عەقڵ دەبێت بکرێتە خاڵی سەرەتای رەها. بەراشکاوی دەڵێت: (ئەوەی عەقڵ پەسەندیکردوە هەر بە شێوەیەکی سەرەتایی زانراوە، لەبەرئەوە بەڵگەنەویستانە پێویستی بە کاتێک نەبووە تا فێری بین. لەوانەیە وەسوەسەی زۆر ناراست بکەوێتە دڵمانەوە، یان چەندین شتی دژبەیەك کە هەندێکیان ئەوانی تر بەدرۆدەخەنەوە، لەبەرئەوە دەبێت داوەرێک هەبێت کە رەوا و نارەوا جیا بکاتەوە، ئەوەش تەنیا ئەو عەقڵەیە کە بەڵگەکانی دژبەیەک نابن) (الاحكام، ج1، لا19- 20).

ئیبن حەزم بەوە واز ناهێنێت کە بڵێت (بەڵگەی عەقڵ جیاکەرەوەی نێوان راست و ناراستە) (لا21)، بەڵکو لە بەشێکی تریدا دەڵێت (هیچ رێگەیەک نییە بۆ زانین تەنیا لە دوو رووەوە نەبێت، یەکەمیان ئەوەیە کە بەڵگەنەویستیی عەقڵی دەیسەلمێنێت، دووەمیان ئەو پێشەکییانەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ بەڵگەنەویستە عەقڵیەکان و سەرەتاکانی هەست) (لا64).

لێرەدا وا دەردەکەوێت کە ئیبن حەزم مەزهەبی عەقڵی و هەستگەرایی (الحسي) پێکەوە گرێدەدات، ئەوەش چونکە هەردوو (بەڵگەنەویستیی عەقڵ و هەست) یەکسان دەکات لە نووسینەکەیدا، بەڵام لە دەقێکی تردا کە نزیکبوونەوەیە لە سنووری لۆژیک

فریای خۆی دەکەوێت و ئەو وەهمی یەکسانبوونە هەڵدەوەشێنێتەوە و عەقڵ دەکات بە گەورەی هەست و دەڵێت (ئەوەی مرۆڤ بە هەست دەیزانێت تەنیا لە ڕێگەی عەقڵەوە پەی پێدەبات) [4].

ئایا لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئیبن حەزم لە مەزهەبێکی عەقڵگەراییەوە دەردەچێت، واتە خاڵی دەستپێکی ئیبن حەزم مەزگەبێکی لەو جۆرە بێت؟

(محەمەد عابد ئەلجابری) لە هەردوو کتێبی (تكوين العقل العربي) و (بنية العقل العربي)دا وەهای بۆدەچێت. ئەو دەگاتە ئەو رایەی کە (خاڵی دەرچوون لای ئیبن حەزم بەڵگەی عەقڵە) [5]، نەك هەموو جۆرە عەقڵێکیش، بەڵکو (عەقڵی گەردوونی)، بەو مانایەی ئەرستۆ مەبەستی بووە، یان وەک ئیبن حەزم دەڵێت (ئەو عەقڵەی عەقڵەکان لە سەری هاوران)، لەبەرئەوە جابری هیچ دوودڵ نییە لەوەی ئیبن حەزم لە سەر (قوتابخانەی عەقڵگەرایی ڕەخنەگر) -وەک ئەوانەی خۆراوا!- هەژمار بکات. هەروەها رواڵەتگەرایی (الظاهرية)ی ئیبن حەزم بەوە ناو دەبات کە «پرۆژەیەکی فکری خاوەن ڕەهەندی فەلسەفییە و دەیەوێت (بەیان) بونیادبنێتەوە و پەیوەندی نێوان «بەیان» و «بورهان» ڕێکبخاتەوە لە روانگەی ڕێزگرتن لە بنەماکانی عەقڵ و پابەندبوون پێوەی، هەروەها گشتگیرکردنی لۆژیک و بەعەرەبیکردن و خۆماڵیکردنی). ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئیبن حەزم باوەڕی بە (گەردوونیبوونی عەقڵ) هەیە و هیوای وابووە عەقڵ بکاتە تاکە مەرجەع بۆ هەموو بوارەکانی مەعریفەت) [6].

بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی گوایە قوتابخانەی عەقڵگەرایی بەڵگەگەرایی (العقلانية البرهانية) مەغریبی سەرکەوتبێت -کە ئەم بابەتەمان لە کتێبێکی تردا بەناوی (وحدة العقل العربي الاسلامي)دا [7] باسکردووە و پێمان وایە بەشی خۆی توێکاریی ڕەخنەگرانەی بۆ تەرخانکراوە- لێرەدا دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کە مکوڕبوونی پێشوەخت لەسەر خزاندنی ئیبن حەزم لەو قوتابخانەیەدا، سەرچاوەکەی خوێندنەوەیەکی هەڵە و بەهەڵەدابردنی رواڵەتگەرایی حەزمییە.

ئەو خوێندنەوەیە جابری تەنیا لە وێستگەی دەرچوونی ئیبن حەزم رادەوەستێت و لە پرۆژەکەیدا: دەستپێکردن لەخاڵی سفرەوە، بەڵام لەگەڵیدا ناڕوات تا کۆتایی، کە ئەمەش

بەردەوامیدانە بە دژبەریی شافیعی، ئەو مەزهەبەی کە ئیبن حەزم کودەتای بەسەردا دەکات. ئیبن حەزم وەك فۆرم و لەفز لە «گەردوونیبوونی عەقڵەوە» دەردەچێت، تەنیا بۆئەوەی وەك ناوەڕۆك و مانا سیفەتی گەردوونیبوون بدات بە ئایینبینییەکەی خۆی کە دیدێکی زۆر تەسکە، لەڕاستیدا رواڵەتگەرایی «پرۆژەیەکی فکریی خاوەن رەهەندی فەلسەفی» نییە، بەڵکو جوینەوەی شافیعییە بە دیوێکی زۆر توندتر لەو دەقگەراییەی شافیعی بنیاتیناوە، بەڵکو لەوەش زیاتر؛ ئێمە بینیمان شافیعی لە رێگەی (پێوەرکارییەوە- قیاس) دەرچەیەك دەکاتەوە بەرووی عەقڵدا، بەڵام ئیبن حەزم ئەوەشی پێ پەسەند نییە و هەموو ئەرکێکی دەبێتە خەمی داخستنی ئەو دەرچەیە و رایدەگەیەنێت کە پێوەرکاری پووچ و بێمانایە، چونکە نابێت هیچ دەسەڵاتێک لە سەرو دەسەڵاتی دەقەوە بێت [8].

لە راستیدا داڕێژەری بانگەشەی (رواڵەتگەرایی ئیبن حەزم، کە هەموو مانا و دەلالەتەکانی عەقڵگەرایی رەخنەگرانەی هەڵگرتوە) [9] [واتە جابری]، بەتەواوی هەموو ئەو دەقانەی شاردۆتەوە -کە کۆمەڵە دەقێکی لە ژمارە نەهاتوون- کە تێیدا ئیبن حەزم رایدەگەیەنێت دەبێت عەقڵ شوێن دەق بکەوێت و دەبێت عەقڵ بێدەنگ بێت هەر کاتێک دەق هاتەگۆ. هەروەها ئەرکی عەقڵی لەوەدا گیرداوە کە دەبێت تەنیا راڤەی دەق بکات بێ ئەوەی بیر لە عەقڵانیبوونی دەق بکاتەوە، چونکە عەقڵ مەرجەکانی عەقڵپەسەندی (معقولیة) لە «دەق خۆیەوە» وەردەگرێت نەک لە «عەقڵ خۆیەوە»، چونکە تەنیا عەقڵپەسەندیەکانی دەق پەسەندن هەرچەند لە دیدی عەقڵەوە نارەواش بن، چونکە فەرمانی عەقڵ بەدەست عەقڵ خۆی نییە، بەڵکو لەژێر فەرمانی دەقدایە. عەقڵیش ئەرکی تەنیا خزمەتکردنی دەق و تێگەیشتنە لە دەق، باڵاترین پایەی عەقڵ ئەوەیە ببێتە ئاوێنەیەکی رۆشنکەرەوە بۆ دەق. بەڵام وەک هەر ئاوێنەیەکی تر عەقڵ رووناکی لە خۆیەوە وەرناگرێت، بەڵکو لە دەقەوە وەریدەگرێت، لەبەرئەوە دەبێت بگوترێت کە عەقڵ ئاوێنەیەکی تیشکدەرەوەیە تەنیا ئەو تیشکە دەداتەوە کە لە دەقەوە دەخرێتە سەری و ئەویش دەیشکێنێتەوە بۆ دەق خۆی. بە شێوەیەکی تر بابڵێین: پەراوێزی ئازادیی عەقڵ لەئاستی دەقدا هەر هێند فراوانە کە دەرزییەکی ناو قیبلەنومایەك هەیەتی کاتێک لەناو قیبلەنومایەکدا باکوور دیاریدەکات، باکوور سەبارەت بە عەقڵ بریتییە لە دەق.

هەر لە درێژەی شوێنکەوتەیی عەقڵ بۆ دەق، دوا شت کە عەقڵ بتوانێت باسیبکات ئەوەیە کە سەربەخۆ بێت لە عەقڵگەراییدا، بەڵام نەوەک «عەقڵگەرایی رەخنەگرانە»ش، وەک نووسەری (تكوين العقل العربي) بانگەشەی بۆ دەکات، لە دواییدا دەبینین کە بەردی بناغەی تەلاری دەقگەرایی ئیبن حەزم بریتییە لە ئیدانەکردنی هەر هەوڵێک بۆ عەقڵگەرایی بەرامبەر دەق، جا ئەگەر ئەو عەقڵە رەخنەگرانەش بێت.

ئێستا با لێگەڕێین ئیبن حەزم خۆی ماهیەت و ئەرکی عەقڵ دیاریبکات:

لە پێشەکییەکەیدا بەناوی (سەلماندنی بەڵگەکانی عەقڵ)، وەها پێناسی عەقڵ دەکات کە (عەقڵ تەنیا بریتییە لە تێگەیشتن لە خودا و فەرمانەکانی) (الاحکام، ج1، لا31). لە شوێنێکی تردا دەڵێت (عەقڵ تەنیا تێگەیشتنە لە ویستەکانی خودا). هەروەها جیاکەرەوەی ئەو شتانەیە کە خودا رێکیخستوون، وەک ئەوەی هەیە) (ج1، لا67). لە دەقێکی تردا کاتێك وەڵامی رەخنەگرەکانی دەداتەوە کە دەڵێن (رواڵەتگەراکان بەڵگەی عەقڵ رەتدەکەنەوە)(10)، حەزم دەڵێت: (ئێمە [رواڵەتگەراکان] سەلمێنەری بەڵگەکانی عەقڵین و ئەوانی تر بەڵگەی عەقڵ رەتدەکەنەوە، چونکە عەقڵ شاهیدی دەدات بەوەی کە تەنیا خودا دەتوانێت شت حەرام بکات، عەقڵ تەنیا ئەوە دەسەلمێنێت کە دەبێت خودا شەرعدانەر بێت، عەقڵیش تەنیا کاری ئەوەیە فەرمانی خودا تێبگات، ئیشی ئەوەیە ئەو شتانە بناسێت کە خودا خەڵقیکردووە، بەڵام عەقڵگەراکان بە عەقڵی خۆیان شت حەرام و حەڵاڵ دەکەن بەبێ دەقێکی خودا یان پێغەمبەرەکەی، یان کۆدەنگی ئوممەتەکەی، ئەوکارەی ئەوان دەیکەن لەراستیدا پوچکردنەوەی عەقڵە نەک ئەوەی رواڵەتگەراکان دەیکەن) (الاحکام، ج7، 478).

لەراستیدا وتەی (بەڵگەی عەقڵ) و (بەڵگەکانی عەقڵ)، کە چەندین جار دووبارە دەبێتەوە لەسەر زاری (ئیبن حەزم) تەنیا یەك مانا دەگەیەنێت ئەویش ئەوەیە کە عەقڵ وابەستە کراوە بە دەقەوە، ئەو بۆی نییە بڕیار لەسەر هیچ شتێك بدات، حەڵالکردن یان حەرامکردن، نەك لەدوای هاتنی دەق بەڵکو تەنانەت پێش هەبوونی دەقیش. دەڵێت:

- (عەقڵ ناتوانێت شتێك حەرام یان حەڵاڵ بکات، یان کردەوەیەك واجب بکات و ئەوی تریان واز لیبێنێت) (11).

- (عەقڵ هیچ شتێك حەرام ناكات یان واجب ناكات، عەقڵ مەخلوقێكە لە ناخی مرۆڤدا، مەخلوقیش ناتوانێت شت حەرام بكات و شەرع دابنێت) [12].

- (عەقڵ ئامرازێک نییە بۆ حەرامکردنی شتێک «کە شەریعەت حەرامیکردوە»، یان فەرزکردنی شتێك کە شەرع فەرزیکردوە)[13].

- (شتەکان لە عەقڵدا حوکمی حەڵاڵ و حەرامیان نییە، بەڵکو هەموو ئەو شتانە کاری شەرعە، ئەمەش راستییەکە ناشێت نەزانرێت، ئەوەش ئەوە پوچدەکاتەوە کە عەقڵ جێگەی حەلاڵ و حەرام بێت، یان چاک و خراپ بێت، شەرع شتێک حەڵال نەکات کە عەقڵ حەڵاڵی دەکات، یان شتێك بەباش نەزانێت کە عەقڵ بەباشی دەزانێت، ئێمە ئەوە رەتدەکەینەوە کە عەقڵ پلەی حەڵاڵکردن و حەرامکردن یان باشاندن وخراپاندنی هەبێت، کەواتە ئەو قسەیە پوچە کە دەڵێت: عەقڵ پێش هاتنی شەرع بڕیاریداوە لەسەر حەڵاڵکردن و حەرامکردن) (الاحکام، ج1، لا 52- 57).

بەم شێوەیە دەبینین ئیبن حەزم هەرچەندە باسی (بەڵگەکانی عەقڵ) دەکات، کەچی بە عەقڵی رەوا نابینێت لە بارەی حەڵاڵکردن و حەرامکردن و جوان ناسین و خراپ ناسین هیچ رۆڵێکی هەبێت.

ئەو چەندین جار باسی (سەرەتاکانی عەقڵ) دەکات، کەچی هیچ دەسپێشخەرییەك بۆ عەقڵ بە رەوا نابینێت: عەقڵ لای ئیبن حەزم دەستەوەستانە تا ئەو کاتەی شەرع دێت و دەستی دەگرێت، کاتێکیش شەرع هات ئیتر عەقڵ هیچ رۆڵێکی نامێنێت تەنیا (ناسینی شتەکان وەك خۆی) نەبێت. (الاحکام، ج1، لا8) تەنانەت پێوەرکاری و ئیجتیهادیشی پێ رەوا نابینێت.

سەرەرای چەندباره بوونەوەی ئەم دەستەواژەیە لە نووسراوەکانی ئیبن حەزمدا [14]، بەڵام نابێت وا تێبگەین کە ئیبن حەزم مەبەستی لەو دەستەواژەیە عەقڵی مەعریفییە بەمانای پۆزەتیڤیزمی عەقڵ، وەك ئەوەی لە مۆدیرنەدا بەرهەمدێت، واتە عەقڵێکی بونیادنەرە (Architectonique). عەقڵێك کە تەنیا کاری ئەوە نییە واقیعەکان تۆمار بکات وەك خۆی، واتە لە باری خاودا، بەڵکو لە پەیوەندییەکی زەینی و ماتماتیکیدا رێکیدەخات و سەرلەنوێ بونیادی دەنێتەوە لە رێگەی چەند گریمانکارییەکەوە، ئەمە بێجگە لەوەی

که هەر لە خودی خۆیەوە چەندین واقیعی گریمانکاری دروستدەکات و بەکاریدێنێت، هەرچەندە ئەو واقیعە بوونیشی نەبێت. ئەو بوندەکشێت بەسەر عەقڵ خۆیشیدا: واتە لە رێگەی بونیاتنانەوەی واقیعەوە خۆیشی بونیاد دەنێتەوە. بەڵام ئەو عەقڵەی ئیبن حەزم باسیدەکات ئەرکی تەنیا ناسینی شتەکانە وەک ئەوەی هەیە، ئەوە عەقڵێکی پەی پێبەرە و ئەرکی تەنیا (تێگەیشتنە) لە دەق، ئیدی هەر دەستتێوەردانێکی عەقڵ لە دەقدا وەک کوفر سەیردەکات. وەک ئیبن حەزم لە چەندین شوێندا ئەوە دەڵێتەوە، کاتێک هێرش دەکاتە سەر پەیڕەوکارانی (پێوان و عەقڵسازی و باشاندن - القیاس والرأي والاستحسان)، گەر بمانەوێت باشتر لە ناواخنی قسەکانی ئیبن حەزم تێبگەین بۆ پێناسی عەقڵ، ئەوا دەبێت عەقڵ وەها تەفسیر بکەین کە (بریتییە لە ناسینی دەق وەک خۆی)، مادەم ئەو دەقە لەخودا دەرچووبێت و ئەرکی سەرەکی عەقڵیش بریتیبێت لە "تێگەیشتن لە وتەی خودا".

ئێستا با بڵێین ئایە راستتر نابێت گەر پێشەکییەکەی ئیبن حەزم لە کتێبی »الاحکام«دا ناوبنێین: "دەربارەی پوچکردنەوەی بەڵگەکانی عەقڵ"، نەك وەک خۆی دەڵێت: "دەربارەی سەلماندنی بەڵگەکانی عەقڵ".

عەقڵ هیچ بەڵگەیەکی نابێت گەر دەسپێشخەر نەبێت، لەکاتێکدا دەستپێشخەری لای (ئیبن حەزم) بۆ دەقە نەك بۆ عەقڵ، کەواتە عەقڵ لای ئیبن حەزم لە پلەی دووەمدایە. راستە هەندێک جار ئیبن حەزم باسی بەڵگە عەقڵیەکان دەکات، بەڵام یەکسەر دوای ئەوە دەڵێت (ئەو بەڵگە عەقڵیانە هەموو دەکەونە ژێر دەقەوە و ئەسڵەن ناتوانن لە چوارچێوەی دەق دەربچن) (الاحکام، ج5، لا99). راستە هەندێکجار دەڵێت (هەستەکان و عەقڵ ئەسڵی هەموو شتێکن هەر بە عەقڵیش دروستیی قورئانمان ناسیوە و پەروەردگارێتی و پێغەمبەرایەتیمان ناسیوە)، بەڵام پاش ئەوە یەکسەر دەڵێت: (ئەگەر دەق نەبوایە ئەو شتانەی عەقڵ و هەستەکان پەی پێدەبەن راست دەرنەدەچوون)[15] (الاحکام، ج2، لا 99).

## عەقڵناپەسەندیی دەق

(ئیبن حەزم) بەوە وازناهێنێت کە رایبگەیەنەێت عەقڵ و عەقڵانیبوونی خۆی لە عەقڵ خۆیەوە وەرناگرێت، بەڵکو لەو دەقەوە وەریدەگرێت و بێ ئەو هیچ پەی پێبردنێکی راست دەرناچێت، بەڵکو لەوەش زیاتر دەڕوات و دەڵێت: لەوانەیە دەق بە پێوەری عەقڵ هیچ عەقڵگەراییەکی تێدا نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت عەقڵ پابەندبێت بەو ناعەقڵانیبوونەی دەقەوە و دەبێت ناعەقڵانیبوونی دەق بکاتە عەقڵانیبوونی خۆی. لەراستیدا ئەو دادگاییەی ئیبن حەزم لەم شوێنەدا دەیکات تەواو مرۆڤ تووشی سەرسووڕمان دەکات، ئەوەش هەندێک نموونەیەتی:

لە روانگەی ئەو رێسایەوە کە دەڵێت (لاعلم لنا الا ماعلمنا الله) (الاحکام، ج8، لا465). لە رێسایەکی ترەوە کە دەڵێت (هیچ باشییەک نییە تەنیا ئەوە نەبێت کە خودا پێمان دەڵێت باشە، هیچ خراپێکیش نییە تەنیا ئەوە نەبێت کە خودا بە خراپی دادەنێت)[16](ج4، لا477). لێرەدا (ئیبن حەزم) بێ دوودڵی دەڵێت: پشکی دەق لە عەقڵپەسەند (المعقول)دا، هەروەها لە پابەندکردنی عەقڵەوە، هیچ ناگۆڕێت ئەگەر خودا فەرمانمان پێبدات بەشتێک کە لەپێشدا نەهی لێکردووە، یان نەهی لە شتێك بکات کە لە پێشدا فەرمانی پێکردووە. ئەمەش نەك لەو فەرمان و نەهیانەی کە لە دوا شیکردنەوەدا مۆرکێکی لاوەکیی هەیە وەك دەستشۆردن تاکو ئانیشك و نەهیکردن لە خواردنی گۆشتی بەراز، بەڵکو تەنانەت لەو ئەمر و نەهیانەی کە مۆرکێکی جەوهەرییان هەیە وەك یەکتاپەرستی و دوورکەوتنەوە لە فرەپەرستی، ئیبن حەزم باسی ئەوە دەکات کە خودا دەتوانێت ئەمر نەکات بە دەستشۆردن تا ئەنیشك، یان نەهی نەکات لە خوارنی گۆشتی بەراز، بەڵکو دەگاتە ئەوەی بڵێ خودا ئەگەر ئەمرمان پێبکات بە کوفر و نەهی بکات لە یەکتاپەرستی، ئەوسا دەبێ کافربین نەك موسوڵمان. ئیبن حەزم لە بەشی (قسەکردن لەسەر سڕینەوە) دا لە وەڵامی هاورێکانیدا کە پێی دەڵێن هەرشتێک بە عەقڵ زانرا ئیتر ناکرێت سڕینەوەی بەسەردا بێت وەك یەکتاپەرستی، ئەو بەم شێوەیە وەڵامیان دەداتەوە (ئەمە قسەیەکی خراپە، چونکە کۆکردنەوەی شتێکی نەشیاوە لەگەڵ شیاودا. بەڵام دەپرسرێت لەو کەسە «مەبەستت چیە کە دەڵێیت: سڕینەوەی یەکتاپەرستی نەشیاوە؟ ئەگەر مەبەستت

لەوەیە کە پاش ئەوەی خودا پێی ڕاگەیاندین ئیدی ئەو ئایینە ناسڕێتەوە و ناگۆڕێت، ئەوە ڕاستە، بەڵام ئەگەر مەبەستت ئەوەیە کە خودا ناتوانێت یەکتاپەرستی بسڕێتەوە، یان مەبەستت ئەوەیە کە خودا دەتوانێت یەکتاپەرستی خۆی بسڕێتەوە و فەرمان بە فرەپەرستی بکات، بەڵام ئەوکاتە خودا فەرمانیکردووە بە پووچی و ستەم، ئەوە بزانە هەڵەیت، قسەت بە دەم خوداوە هەڵبەستوە، چونکە لەم کاتەدا تۆ تەحەکوم بەسەر خودادا دەکەیت، خودات خستۆتە ژێر پلەکانی عەقڵی خۆت و یاساکانی عەقڵەوە، ئەو قسەیەش سەردەکێشێت بۆ کوفر، بێجگە لە نەفامی و شێتی، بەڵکو دەڵێین: خودا توانای هەیە یەکتاپەرستی بسڕێتەوە، فەرمان بە فرەپەرستی و بتپەرستی بکات، خۆ ئەگەر وابکات ئەوە فەرمانەکەی حیکمەت و دادپەروەرییە، لەو کاتەدا تەوحید دەبێتە خراپە و کوفر و ستەم و پوچی. باوەڕبوونمان بە یەکخواپەرستی، خۆی لە خۆیدا حیکمەت و دادپەروەری نییە، بێ ئەوەی خودا فەرمانی پێکردبێت، بەڵکو بەهۆی ئەوەی خودا فەرمانی پێکردووە بۆیە بۆتە حیکمەت و ڕاستی و دادپەروەری. ئەوەش ئایینی خودایە و خۆی چۆنی بوێت وەها دەکات (لایسأل عما یفعل وهم یسألون) (الانبیاء: 23). خۆ ئەگەر خودا خۆی بیوسیتبایە ئەوە لە مەخلوقەکانی خۆی یەکێکیانی هەڵدەبژارد، ئەمەش ئەو ڕاستیەیە کە عەقڵ دەیسەلمێنێت و بێجگە لەوە هەموو شتێکی تر پووچە[17]، چونکە خودا شایەتی ئەوە دەدات کە خودا خوڵقاندویەتی، خوداش عەقڵی بەو شێوەیە ئەفراندوە کە هەیە، خۆ ئەگەر بیویستبایە عەقڵ بە شێوەیەکی تر بخوڵقێنێت و شتەکانی بە شێوەیەکی تر ڕێکبخاتەوە ئەوە وایدەکرد، بەلاشیەوە ئەستەم نەدەبوو. ئەوسا هەر ئەو شێوەیەش ڕاستی و دروستی دەبوو، جگە لەوەش ستەم و بێمانا دەبوو.(الاحکام، ج4، لا475- 476).

بەم شێوەیە دەبینین عەقڵ و عەقڵپەسندی (العقل والمعقول) لە هەموو هێز و پێگەیەک دادەڕنرێن و دەبنە شوێنکەوتەیەکی ڕەهای فەرمانە خوداییەکان. فەرمانی خوداش بە هیچ پێوەرێک ناپێورێن تا عەقڵ بتوانێت مامەڵەیان بکات، ڕاستە فەرمانپێکراو لێرەدا عەقڵپەسەندییە، نەهی لێکراویش عەقڵناپەسەندە (المعقول واللامعقول)، بەڵام لەبەرئەوە نا کە عەقڵپەسەند بە پێوەری عەقڵ لەخۆیدا پەسندە و عەقڵناپەسەندیش لە خۆیدا ناپەسندە، بەڵکو لەبەرئەوەی بە پێوەرەکانی دەق وەهان. بەهەرحاڵ دەق

دەیتوانی فەرمان بە نەهیکراوەکان بکات و نەهیبکات لە فەرمانپێکراوەکان، لەم بارەدا ئیدی ناعەقڵانی نەهیکراو دەبێتە عەقڵانیی فەرمانپێکراو، هەروەك چۆن عەقڵانی فەرمانپێکراو دەبێتە ناعەقڵانیی و نەهیکراو.

بەپێچەوانەی پرەنسیپی شوناسی ئەرستۆیی کە جابری وامان تێدەگەیەنێت ئەو پابەندە پێوەی، مەزهەبی رواڵەتگەرایی بێ دوودڵی ئامادەیە پرەنسیپی شوناس لەبەردەم قوربانگەی پرەنسیپی دژبەرییدا سەرببڕێت، لێرەدا دەشێت پێچەوانەی عەقڵ ببێتە خودی عەقڵ خۆی، نامەعقولیش ببێتە مەعقول، ئەم پرەنسیپی دژبەرییەش (الضدية) تەنیا بەسەر عەقڵدا پیادە ناکرێت، بەڵکو بەسەر دەقیشدا پیادەدەکرێت، دەشیا خودا لەبری یەکخوداناسی فەرمانی بە فرەخودایی بکردبایە، لەبری خوداپەرستی ئەمری بە بتپەرستی بکردبایە، لەم حاڵەتەشدا دینداری راست، دەبوو فرەخودایی بوایە، جا لەبەرئەوەی لێرەدا مەبەست لە دەق قورئانە، ئەوەش مانای وایە پێچەوانەی قورئان دەبووە قورئان، ئەو کاتە غەیری ئەم قورئانە قورئانێکی تر پەسەند دەبوو، لەکاتێکدا ئەم قورئانەی لەبەردەستمانە دەبووە نارەوایی.

لێرەوە دەبینین چۆن خوێنەر چەواشە دەکرێت کاتێک خاوەنی کتێبی (تكوين العقل العربي) پێمان دەڵێت ئیبن حەزم پشتیوانێکی گەورەی عەقڵ و (معقول) بووە، راستە جابری لێرەدا بەڵگە دێنێتەوە بە دەقێکی ئیبن حەزم کە دەڵێت (هەرشتێك خودا گوتبێتی رەوایە و هیچ شتێکی پێچەوانەی رەوایی نیە)، بەڵام تەواو بێدەنگ دەبێت لەو برگەیەی دەڵێت نابێت مرۆڤ خودا بخاتە (ژێر پلە و یاساکانی عەقڵەوە)، یان کە دەڵێت (خودا عەقڵ بە شێوەیەک بەدیبێنێت لەوە نەچێت کە ئێستا هەیە)، جا ئەگەر ئەوەی خودا دەیڵێت پێچەوانەی رەواییەکانی عەقڵ نییە، ئەوە لەبەرئەوەیە کە خودا عەقڵی بە شێویەک ئەفراندوە کە هەردەبێت ئەوەی خودا گوتویەتی ئەو بە راست و چاوگی عەقڵپەسەندیی بزانێت. خۆ خودا دەیتوانی عەقڵ بئافرێنێت نەك تەنیا بە شێوەیەک کە پێچەوانەی ئێستای بوایە، بەڵکو بەشێوەیەک بیتوانیبایە شتێك بڵێت کە پێچەوانەی وتراوەکانی هەنووکەی بێت. لەو حاڵەتەشدا دیسان عەقڵە رێکخراوەکان لەسەر غەیری ئەو شێوەیەی ئێستا لەسەریەتی، دەبوو هەر ئەوە بە رەوا بزانن کە خودا لە قورئانە گریمانکراوەکەیدا بە رەوای دەزانی. ئەگەر پێچەوانەی دژ بۆ دژیش بوونایە لە گەڵ ئەو قورئانەی ئێستادا.

لەبەرئەوە ڕێکەوت نییە کاتێک جابری لە میانەی تەفرەدانی خوێنەردا بۆ ئەوەی ئیبن حەزمی وەک عەقڵگەرایەکی ڕەسەن پێ بناسێنێت، هەوڵبدات پەیوەندییەکی پتە و لەنێوان هیگڵ و ئیبن حەزم ببەستێت. کاتێك دەڵێت (عەقڵ لای ئیبن حەزم پێچەوانەی قورئان نییە، هەروەك چۆن قورئان پێچەوانەی عەقڵ نییە، بە دەستەواژەی هیگڵ: هەرچیەک قورئانی بێت ئەوە ڕەوای عەقڵە، کەواتە هەرچیەك ڕەوای عەقڵ بێت ئەوا قورئانییە)[18]. بەڵام لەبەرئەوەی پرەنسیپی عەقڵپەسەندیی (المعقولية)، عەقڵپەسەندیی عەقڵ و عەقڵپەسەندیی قورئان، ناگەڕێتەوە بۆ خۆیان [واتە عەقڵ و قورئان]، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ خودا و ویستی خودا. هەر بەم مانایە ئیبن حەزم دێت و ئایەتی (23) لە سورەتی (الانبياء) وەردێنێت (لايسأل عما يفعل وهم يسألون)، بەڵام هاوکێشەی حەزمی لەسەر وەزنی هیگڵ ڕێک نایەتەوە تا ئەم زیادەیەی نەخرێتە سەر: لەگەڵ ئەوەشدا (پێچەوانەی عەقڵ دەشیا ببێتە عەقڵ، هەروەها پێچەوانەی قورئانیش دەکرا ببێتە جێگرەوەی قورئان گەر خودا بیویستبایە). لەبەر ڕۆشنایی ئەم بۆ زیادکردنەدا، نەدەبوو ئیبن حەزم لەسەر مەزهەبی عەقڵگەرایی هەژماربکرێت، هیگڵی بێت یان نا، بەڵکو دەبوو هەژماربکرێت لەسەر مەزهەبێکی ئیمانی کە عەقڵ بە هەبوویەکی لاوەکی دەزانێت نەك بە حەقیقەتێکی جەوهەری، بە سیفەتی ئەوەی بۆ ئەوە ئەفرێنراوە کە فەرمانەکانی خودا تێبگات، چونکە تەنیا بە تێگەیشتن لە فەرمانەکانی خودا ڕەوایی و نارەوایی عەقڵ دیاریدەکرێت، ئەوەش نەك بە گەڕانەوە بۆ عەقڵ خۆی بەڵکو بە گەڕانەوە بۆ ئەفرێنەری عەقڵ، ئەو ئەفرێنەرەی گەر بیویستبایە ئەوە دەورەکانی عەقڵی هەڵدەگێڕایەوە، دژەکانی دەخستە جێی دژەکان عەقڵپەسەندیی (المعقولية) دەگواستەوە بۆ ئەوسەری عەقڵناپەسەندی (اللامعقولية)، پێچەوانەکەشی هەروا، بێ ئەوەی عەقڵ هیچ ڕۆڵێکی هەبێت لەم هەڵگەڕانەوەیەدا بێجگە لە ڕازیبوون بەو هەڵگەڕانەوەیە و تەسلیمبوون بە عەقڵپەسەندیی شتێک کە تا ئەو ساتە عەقڵناپەسەند بووە، هەروەها تەسلیمبوون بە عەقڵناپەسەندیی شتێک کە تا ئەو ساتە عەقڵپەسەند بووە.

هەرچی تائێستا گوتومانە لە بارەی عەقڵی ئیمانییەوە بەسەر عەقڵی مۆراڵیشدا (العقل الاخلاقي) دەچەسپێت.

بەردەوام لە مێژووی فکری ئایینی و تیۆلۆژیدا کەسانێک هەبوون کە جیاوازییان کردوە لەنێوان عەقڵ و ئیماندا و پێیان وایە نە یەکەم پێویستە بۆ دووەمیان، نە دووەمیشیان پەیوەستە بە یەکەمیانەوە. ئەو دووانە هیچ پردێکیان لەنێواندا نییە بەڵکو کەندەڵانیان لەنێواندایە. بەڵکو لە مێژووی مەسیحیدا کەسانێك هەبوون کە وتوویانە: من باوەڕ بەو شتە دێنم چونکە نامەعقوولە (Credo Quia Absurdum)[19]. لە بەرامبەریشدا سەرەرای پەیوەستبوونی تەواوی ئایین بە ئەخلاقەوە، کەچی کەسانێک هەبوون پێیان وابوو ئەخلاق هەمووی ئایینی نییە، بەڵکو هەندێکی کۆمەڵایەتیە و لە ئەنجامی کاروانی بەردەوامی مرۆڤایەتیەوە پەیدابووە، هەر لە کێوییوونەوە بەرەو شارستانیبوون. تەنانەت پێش ئەوەی موساش 10 راسپاردەکە بێنێت چەندین قەومی بتپەرست هەبوون کە کوشتن و بڕین و دزی و تاڵانیی و داوێنپیسیی هتد...یان حەرام کردوە، بەڵام ئیبن حەزم کاتێک ئەخلاقیش دەکاتە پاشکەوتەی دەق، وەک چۆن عەقڵی والێکرد، ئیدی هەر پەرەسەندنێکی مۆراڵیی لە رەوتی مێژووی مرۆڤدا سڕییەوە، چونکە بە رەهایی ئەخلاقی بەستەوە بە فەرمانەکانی خوداوە، هەر بەوە وازی نەهێنا کە بڵێت (باش تەنیا ئەوەیە کە خودا فەرمانی پێکردبێت، خراپیش تەنیا ئەوەیە کە خودا نەهی لێکردبیت)، (ئەمە ئەو راستیەیە ناشێت کە هیچیتر لە دوای ئەوەوە راست بێت) (الاحکام، ج4، لا377). بگرە لەمەش دوورتر دەڕوات: هەروەک چۆن هەر مەعقولیەتێک لە عەقڵ دادڕنێت، بەهەمان شێوەش مەعقولیەت لە مۆراڵ «اخلاق» دادەڕنێت. ئیتر بە داڕنینی مەعقولیەت لە مۆراڵ، ئەو بەتەواوەتی هەستی مرۆڤی ئاسایی توشی شۆکێکی گەورە دەکات، گەورەتر لە داڕنینی مەعقولیەت لە عەقڵ خۆی.

لەراستیدا پرسی رەوایی عەقڵ -کە ئایا دەسەڵاتی باڵا بۆ عەقڵە یان بۆ دەسەڵاتێکی باڵاتر لە عەقڵ؟- دواجار مەسەلەیەکی فەلسەفی تیۆلۆژییە و زیاتر عەقڵ دەورووژێنێت، بەڵام هەستی دروست بریندار ناکات، لەکاتێکدا نکۆڵیکردن لە رەوایی عەقڵانیی مۆراڵ وەک ئەوە وایە نکۆڵی بکەیت لە هەموو رەوتی شارستانیبوونی مرۆڤایەتی بەدرێژایی مێژوو. باشترین بەڵگەش بۆ ئەوەی کە ئەخلاق هەردەم پەیوەست نییە بە دەقێکی پیرۆزەوە ئەوەیە لە دیدگای دەقی پیرۆزەوە نەتەوە هەبوون کە کافر بوون کەچی

کێوی نەبوون، وەك شارستانێتیی یۆنانی، شارستانێتی رۆمانی پێش بەمەسیحی بوونی [20]. بەڵام بەستنەوەی ئەخلاق بە دەقێکی پیرۆزەوە وەک ئەوەی ئیبن حەزم باسیدەکات، سەریکێشاوە بۆ دەرچوون لە ئاستی عەقڵگەرایی، دادگای عەقڵی بەشێوەیەک کە ئەمەیان زۆر زیاتر مرۆڤ دەورووژێنێت لەوەی کە دەڵێت ئەگەر خودا فەرمانی بکردبایە بە فرەخودایی یان بتپەرستی ئەوە ئەوکات (فرەخودایی دەبووە داد و حیکمەت و راستی).

بۆ ئەوەی خوێنەر لەمە زیاتر لە دونیای ئەبستراکتدا گێژنەخوات، با بێین ئەو چوار دەقە بێنین کە بەراستی شۆکهێنەرن.

لە یەکەم دەقدا پاش ئەوەی پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی (ئێمە هیچ نازانین تەنیا هێند نەبێت کە خودا فێریکردووین)، پاش ئەوە ئیبن حەزم دەڵێت (ئێمە هیچ وتەیەکی خودا و پێغەمبەرەکەی رەخنە ناکەین، لە هیچ شەرعێکیشیان نکۆڵی ناکەین... ئەگەر فەرمانیشیان پێکردین بە کوشتنی باوکان و دایکانمان ئەوە بەخێرای گوێرایەڵ دەبین) (ج3، لا272، لا272).

لەو بەشەشدا کە باسی قورسی و ئاسانی (الیسر والعسر) دەکات لە کتێبی «الاحکام في اصول الاحکام»، بۆئەوەی بیسەلمێنێت دەقەکان دژبەرییان تێدا نییە -پاشان دەگەڕێینەوە سەر دژبەری- زۆر بە دڵنیاییەوە هەردوو چەمکی ئاسانی و گرانی کە لە قورئاندا هاتوون، هەمان پرەنسیپی ڕێژەییبوونی بەسەردا پیادەدەکات کە لە مەسەلەی ئەخلاقدا کردویەتی. وەها سەیری ئەو پرەنسیپەش دەکات کە خۆی هیچ بەهایەکی زاتی نییە، بەڵکو ئەوە دەقە قورسی و ئاسانی دیاریدەکات. (هەر فەرمانێک هی خودا بێت بۆ ئێمە ئەوە ئاسانە و لابردنی نارەحەتییە لەسەرمان، هیچ لابردنێکی نارەحەتیش لەوە گرنگتر نییە کە خودا لە دۆزەخمان بەدوور بکات و بمانخاتە بەهەشت، ئەگەر کوشتنی خۆت و منداڵ و دایك و بابیشت بێت) (ج2، لا 176).

لە دەقێکی تردا دەبینین سەبارەت بە کوشتنی باوک و دایک و منداڵ زیاتر دەڕوات ئەگەر هات و خودا فەرمانی پێکرد، بەڵکو بە واجبی دادەنێت کە جەستەشیان بشێوێنیت و پارچە پارچەیان بکەی و لەخاچیان بدەیت و بیانکەیتە کەنیزەك و ماڵ و سەروەتیان بەتاڵان بەریت ئەگەر حوکمی کافرانیان بەسەردا چەسپێنرا. ئەوەی سەیرە ئەم توندگیری

و پەڕگیریەی ئیبن حەزم کە هەموو هەستێکی دروست و زەوقێکی مرۆڤ تووشی شۆك دەکات لە کاتی باسکردنی ئایەتێکدایە کە تەنیا داوا لە موسوڵمان دەکات داپەروەر بێت و خزم خزمێنە نەکات لە کاتی دادوەریدا (یا أیها الذین آمنوا کونوا قوامین بالقسط شهداء لله ولو عەلی انفسکم أو الوالدین والاقربین) لە کاتێکدا باسی (نەسخ- سڕینەوە) دەکات، قسەی هەندێک لە هاومەزهەبەکانی ڕەتدەکاتەوە سەبارەت بە (قسەیەکی خراپ -وەک حەزم دەڵێت- بەوەی ناشێت سڕینەوە هەبێت لە هەر شتێکدا عەقڵ بەشیاوی بزانێت -وەک سوپاسگوزاری خودا- ئیبن حەزم ڕەخنەی ئەوەیان لێدەگرێت کە گەراونەتەوە بۆ عەقڵ لە جیاتی حوکمی خودا، بۆ ئەوەش نموونەیەك دێنێتەوە بەوەی خودا ڕێگەی داوە مرۆڤ باوکی خۆی بکوژێت لەکاتێکدا باوک نیعمەتیداوە بە منداڵ ئەگەر باوکەکە لەسەر کوفر مایەوە (خودا واجبیکردوە کە بە حەق مامەڵەیان لەگەڵ بکەین، ئەگەر هەر بەکافری مانەوە، ئەگەر ئەو حەقەش ئەوە بێت کە لەخاچیان بدەین یان بیانکوژین و دەست و قاچیان ببڕینەوە بە قامچی لێیان بدەین، بەردبارانیان بکەین، پەردەیان بدڕین، ژن و منداڵیان بە کەنیزەك بەرین، ماڵەکانیان بفرۆشین، کۆیلە و سەروەتیان بەتاڵان بەرین، هەرچەند ئەوان باوکانی ئێمەش بن و چاکەیان بەسەرمانەوە هەبێت، ئەگەر کافربوون، ئیدی کوا سوپاسگوزاری بەخشین و چاکەکردن لەگەڵ باواندا) (الاحکام، ج3، لا478).

ئیبن حەزم بەوە وازناهێنێت کە کوشتنی باوانی (کافر) و لەخاچدانیان و بە کەنیزەك بردنیان و پارچەپارچەکردنیان وەک فەرزێك لە فەرزەکانی عەقڵی مۆراڵی دابنێت کە لە قورئاندا باسیکراوە، بەپێی لێکدانەوەی خۆی، بەڵکو لەوەش زیاتر دەڕوات، ئەو وایدادەنێت کە تەنیا دەق دەتوانێت ڕەوایەتی عەقڵپەسەندی مۆراڵی (المعقول الاخلاقي) لە عەقڵناپەسەندی مۆراڵی (اللامعقول الاخلاقي) جیابکاتەوە. ئەوە کردار نییە ئەخلاق دیاریدەکات بەڵکو دەق دیاری دەکات. هەروەك چۆن دەشیا عەقڵناپەسەند ببێتە عەقڵپەسەند بەهەمان شێوە دەشێت عەقڵپەسەندێک کە پێویستە عەقڵ پەسەندی بکات لەکاتی هەبوونی دەقێکی پێچەوانەدا، ئەویش ببێتە عەقڵناپەسەند. وەک ئەوەی لەکاتێکدا دەق فەرمان بکات بە فرەخودایی، بەهەمان شێوە ئیبن حەزم بۆ ئەوە دەچێت کە عەقڵپەسەندیی لە ئەخلاقدا ناگەڕێتەوە بۆ ئەخلاق خۆی –چونکە ئەخلاقیش وەک

عەقڵ بێ توانایی زاتیی هەیە-، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ دەق: خۆ ئەگەر دەق بەپێچەوانەی ئەوەوە فەرمانی بکردبایە کە کردویەتی ئەوە ئەوسا نائەخلاقی دەبوو بە ئەخلاق، ئەخلاقیش دەبوو بە نائەخلاق، چونکە چاکە لەخۆیدا چاکە نییە خراپەش لەخۆیدا خراپە نییە، بەڵکو چاکە ئەوەیە کە خودا فەرمانی پێکردوە، خراپەش ئەوەیە کە خودا نەهی لێکردوە، خۆ ئەگەر خودا شتەکانی پێچەوانە بکردبایەتەوە، فەرمانی بە نەهییەکان بکردبایە و نەهی لە فەرمانپێکراوەکان بکردبایە، ئەو کاتە دەمانبینی ئەوەی ئێستا بە پێوەری ئێمە باشەیە ئەوکاتە دەبووە خراپە پێچەوانەکەشی راستە، بۆ نموونە خودا رێگەی پێداوین بەباشی گیاندار سەربڕین بۆ سوودی خۆمان، بەڵام خۆ ئەگەر خودا شتەکەی پێچەوانە بکردبایەتەوە، واتە سەربڕینی منداڵی خۆمانی بۆ حەڵاڵ بکردینایە و سەربڕینی بەچکەی گیاندارانی حەرام بکردبایە، ئەوە دەبوە داد و حیکمەت) (الاحکام، ج8، لا 586).

لەبەردەم ئەم دەقە تۆقێنەرەدا رادەوەستین: لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا نەبوە، کە پشکی عەقڵپەسەندی و نارەوایی مۆراڵی بەم شێوەیە بەدەست دەقەوە دیل بێت وەک ئەوەی ئیبن حەزم کردویەتی، ئایا هەڵەدەکەین گەر بڵێین بەناو پێشەنگی عەقڵگەرایی رەخنەگرانە، بە چاپی خۆارئاوایی، تەنیا پەرستارێکی عوسابییە لە پەرستگای بتخانەی دەقدا؟

## پەکخستنی کارایی عەقڵ

گومانی تێدا نییە ئیبن حەزم توانایەکی دیالەکتیکیی گەورەی وای هەیە کە تەنانەت لەلای زانایانی کەلامیش نییە، کە ئەوان بە توانای پێچوپەنا ناسراون لەکاتی دیالۆگدا. لەو دەقانەی پێشوودا بینیمان ئیبن حەزم ئەو توانایە چۆن بەکاردێنێت بۆ پوچکردنەوەی بەڵگەکانی عەقڵ، لەمەودوا دەبینین چۆن هەوڵەکانی چڕ دەکاتەوە بۆ پەکخستنی کارایی عەقڵ و داخستنی هەر دەرچەیەك کە لێیەوە عەقڵ بتوانێت دەستوەربداتە دەقەوە. جا ئەو دەقە قورئان بێت یان هەر دەقێکی پاڵدراو بێت بە قورئانەوە.

لەو لایەنەوە تەواو مەبەستی هەڵگەرانەوەکەی دەردەکەوێت کە لە شافیعیگەراییەوە دەست پێدەکات و دژ بەویش تەواو دەبێت.

هەرچەند ئیبن حەزم جێپێی شافیعی هەڵدەگرێت کاتێک سوننەت وەك قورئان دادەنێت، بەڵام لەرووی بەکارهێنانی پێواندنەوە (القیاس) تەواو دژی شافیعی دەوەستێتەوە، هەرچەندە پێوەرکاری لەناو میکانیزمەکانی عەقڵدا، لە هەموویان زیاتر پەیوەستە بە دەقەوە، لە هەموویان زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ لۆژیکی دەق (منطق النص). (پوچکردنەوەی پێوەرکاری لە ئەحکامی ئاییندا - ابطال القیاس في احکام الدین) ئەو ناونیشانەیە کە هەڵیدەبژێرێت بۆ بەشی سیوهەشتەمین لە کتێبەکەیدا «الاحکام في اصول الاحکام»، لە پوختەکەشیدا بەم ناوە دەینووسێت (ابطال القیاس مع الرأي والاستحسان والتقلید والتعلیل)[21]. لە کتێبی «المحلی»دا بەهەمان شێوە لە مەسەلەی سەدهەمدا باسی (پوچکردنەوەی پێوەرسازی) دەکات. ئەم کتێبە لە گرنگترین کتێبەکانە سەبارەت بە مەسەلە تیۆریەکان لە فەرهەنگی فیقهیدا.

سەبارەت بەوانەی پێوەرکاری بەکاردێنن دەڵێت: (هەندێک لە زانایانی تازە باوەڕیان بە پێوەرکاری هەیە لە ئاییندا و باسی ئەوە دەکەن کە هەندێک ڕووداو و پێشهات هەیە لە وتەکانی خودا و پێغەمبەرەکەیدا نین، کۆدەنگیشی لەسەر نییە، لەبەرئەوە هەر پێشهاتێک دەق و ئیجماعی لەسەر نەبێت هەوڵدەدەین حوکمی هاوشێوەکەی خۆی بەسەردا بچەسپێنین لە دەق و ئیجماع، پێوەرکاری بەلای ئەوانەوە ئەوەیە: دەبێت بۆ ئەو شتانەی کە دەق یان کۆدەنگیی لەسەر نییە هەمان حوکم بێنین کە دەق یان کۆدەنگیی لەسەرە، چونکە لە هۆکاردا (العلة) هاوشێوەن، (هۆکاریش) نیشانەی حوکمە. ئەمە وتەی هەموو شوێنکەوتوانی قیاسە, کە بریتین لە قوتابyیانی شافیعی و هەندێک لە حەنەفی و مالیکیەکان) (الاحکام، ج7، لا368).

هەرچەندە ئیبن حەزم بە وردی و بابەتییانە قیاسی ناساندوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر خاڵی نییە لە گاڵتەپێکردن، چونکە پشتیوانانی قیاس هەرگیز نەیانگوتووە (پێوەرکاری لە ئاییندا)، بەڵکو پێوەرکاری لە فەتوادا دەکەن، ئەویش لە شتێکدا کە دەقی لەسەر نەهاتبێت، بۆ ڕووداوێک کە دەقی لەسەر نەهاتبێت، دەشوبهێنرێت بە ڕووداوێک کە دەقی لەسەر هاتبێت. ئەوەش بەپێی ئەو ڕێسا فیقهییە گەورەیەی کە دەڵێت: پێشهاتەکان ناکۆتان، بەڵام دەقەکان کۆتان. ئەو مەبەستە گاڵتەجاڕییەش پێچەوانە دەبێتەوە، واتە

دەبێتە خۆپەسەندی، کاتێک ئیبن حەزم دەگوازێتەوە بۆ هەڵوێستی ڕواڵەتگەراکان -کەخۆی پێشەنگیانە- دژ بە قیاس، دەڵێت: (ڕواڵەتگەراکان پێوەرکاری لە ئاییندا بە پوچ دەزانن، دەڵێن: نابێت بەهیچ شێوەیەك حوکم بەسەر هیچ شتێکدا بدرێت مەگەر بە دەقی خودایی نەبێت. یان دەقی پێغەمبەرەکەی یان هەر کردەوە و بڕیار لەسەردانێک کە ئەو کردبێتی، یان کۆدەنگیی هەموو زانایانی ئوممەت، یان بە بەڵگەیەك لە دەق یان کۆدەنگیی زانایان کە تەنیا یەك مانا هەڵدەگرێت) (الاحکام، ج7، ص370).

لەم ڕوانگە تیۆرییەوە، بۆ چەمکی قیاس لای دژبەرەکان و هاوڕێکانی، ئیبن حەزم کۆمەڵێک ئایەت و فەرمودە دێنیتەوە کە پێوەرکارەکان دەیکەنە بەڵگە بۆ سەلماندنی ڕاستیی بۆچوونەکانیان، پێوەرکارەکان بە (خراپەکار) و (تاوانبار) و تەنانەت بە (کوفری ئاشکرا) تاوانبار دەکات، چونکە بەناوی خوداوە شتێک دەڵێن کە خودا خۆی نەیگوتووە.

لێرەدا باسی (زمان زبرییەکانی) ئیبن حەزم ناکەین، کە لەو بارەوە ئیبن عەریف دەڵێت (زمانی ئیبن حەزم و شمشێرەکەی حەجاج بران)، هەروەها هەندێك لە تۆژەرە نوێیەکان ناویدەنێن دیاردەیەکی (نەخۆشی) یان (دەماری)[22]، بەڵام لێرەدا رادەوەستین لەسەرهەندێک لە وەڵامدانەوەکانی -کە مەزهەبی ڕواڵەتبینی لە تێگەیشتنی دەقدا ناچاریدەکات ڕواڵەتی دەقەکان وەربگرێت-، دەبینین چۆن ئەو وەڵامانەی ئیبن حەزم لەگەڵ سادەترین زەوقی دروست لە پرۆسەی عەقڵکاریدا ناگونجێن. ئەم ڕواڵەتگەراییە نەك لە مێژووی کولتووری عەرەبیدا بەڵکو لە مێژووی هیچکام لە کولتوورەکانی تریشدا کە بەدەوری دەقێکی پیرۆزدا چەقیانگرتوە وێنەی نییە.

لە ڕوانگەی ڕێسایەکەوە کە ئیبن حەزم خۆی بۆ خۆی داڕشتوە کە دەڵێت: (گوتار تەنیا ئەوەی لێتێدەگەیت کە ڕواڵەتی وشە دەیدات، هەموو مەسەلەیەکیش تەنیا حوکمی خۆی هەیە، ئیدی مەسەلەکانی تر بەو دەقە حوکم نادرێن، نە بەو حوکمە نە بەپێچەوانەی ئەو حوکمە) (الاحکام، ج7، لا359). ئەوە بەتەواوی ئەو قسەیەی پێوەرکارەکان ڕەتدەکاتەوە کە پێیدەگوترێت (بەڵگەی گوتار- دلیل الخطاب)، بەڵکو پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی (هەمو گوتار و کێشەیەك، تەنیا ئەو مانایە دەدات کە لەخۆیدا هەڵیگرتوە، ئیدی حوکمی غەیری خۆیت ناداتێ) (ج7، لا323). لە ناسراوترینیان، ئەوەیە ئیبن حەزم پێوەری ئەو ئایەتە

ڕەتدەکاتەوە کە لەبارەی دایك و باوەکەوە دەڵێت (ولاتقل لهما أف- پێیان مەڵێ ئۆف و ئاخ) (سورەتی الاسراء: ئایەتی 23). ئەو لێرەدا رادەوستێت کە گوتارەکە دەڵێت (ئۆفیان لێ مەکە)، ئیتر ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە مەدلولی ناراستەوخۆی ئەو ئایەتە وەربگرێت کە دەڵێن، کاتێک خودا دەڵێت (ئۆفیان لێ مەکەن) ئیدی بە شێوەیەکی ئاسایی دیارە ئەم ئایەتە دەلالەتی ئەوەیە (لێدان و کوشتنیان قەدەغەیە چونکە لێدان و کوشتن لەپێشترە وەک لە ئۆفکردن)، کەچی ئیبن حەزم دێت و دەڵێت ئەم بەڵگەهێنانەوەیە شەرفرۆشتنە بە دەق و خەڵەتاندنی خەڵکە و درۆکردنە بەدەم خوداوە، ئەو پێداگریدەکات لەسەر ئەوەی (خودا نەهیکردوە کە مرۆڤ بە دایک وباوکی بڵێت «ئۆف»، بەڵام ئەوە نەهیکردن نییە لە لێدانیان یان کوشتنیان یان هەر شتێکی تری غەیری ئۆفکردن. ئیدی چۆن ڕێگە بەخۆیان دەدەن بە ناوی خوداوە درۆ بکەن و قسەیەک بدەنە پاڵ خودا کە خۆیان دەزانن درۆیە؟ ئێمە پەنا دەگرین بە خودا گەر بڵێین: نەهیکرنی خودا لەوەی بە دایك و باوانمان بڵێین ئۆف، مانای وایە نەهیکردوە لە لێدان و کوشتنیان، هەرکەسێک تۆزێک لە زمانی عەرەبی بزانێت دەزانێ (ئۆف) مانای کوشتن و لێدان و تاوانبارکردن ناگرێتەوە، بێگومان هەرکەسێك تۆزێک عەقڵی هەبێت دەزانێت کە نەهیکردن لە ئۆف مانای نەهیکردن نییە لە کوشتن و بڕین و لێدانیان، بەڵکو تەنیا «ئۆف»ـە و هیچی تر (ج7، لا373).

ئەگەر هەر زمانەکەی ئیبن حەزم خۆی بەکاربێنین ئەوا دەبێت بڵێین (لای هەر کەسێک تۆزێک عەقڵی هەبێت قورس نییە پەی بەوە بەرێت کە «تەفرەدان» لەکوێی ئەو قسەیەدایە، چونکە نەهیکردن لە وتنی «ئۆف» بە دایک و باوک ناولێنانی شت نییە تاکو بڵێین هیچ مانایەکی تر ناگەیەنێت تەنیا گوتراوی گوتەزاکە نەبێت، «هەر کەسێك کەمێک شارەزایی لە زمانی عەرەبیدا هەبێت» دەزانێت ئەو نەهیکردنە دەچێتە ناو رستەی دارِشتنییەوە (انشائي)، نەك رستەی هەواڵییەوە، هەر شتێکیش تەوەرەکەی لەسەر حوکمدان بوو لە هەواڵدا، ئەگەری کەمتر و زیاتر هەڵدەگرێت لە دارِشتندا، مەگەر عەقڵێکی منداڵکاری دەستەوەستان لەبەردەم بەڵگەدارکردن رابوەستێت لەبەردەم ئەم گوتەزایە و نەتوانێت مەدلولی گوتەزاکە تێبگات، بۆ نموونە گەر پێی گوترا (یەک فلس نەدزی) ئایا ئەو واتێدەگات کە نابێت فلسێك بدزێت، بەڵام دەتوانێت دینار

بدزێت یان هەزار دینار بدزێت، چونکە نەهیکردن لە کەمترین (أقل) بەشێوەیەکی ئاسایی نەهیکردن لە زۆرترین (أکثر) لەخۆیدەگرێت، هەروەک چۆن فەرمان بە چاکەی زۆر چاکەی بچووکیش لەخۆدەگرێت.

ئەم دەسەوسانییە لە جیاکارییدا، بەهۆی زیادەڕۆیی لە ناوگەرایی، لەنێوان بڕی هەواڵی و بڕی داڕشتنیدا، لەهەڵوێستی ئیبن حەزمدا دەیبینینەوە بەرامبەر ئەهلی پێوەرکاری (اهل القیاس) کاتێک لەو دوو ئایەتەوە گەیشتبوونە دەرەنجامێك (فمن یعمل مثقال ذرة خیرا یره، ومن یعمل مثقال ذرة شرا یره) (سورة الزلزلة: 7- 8)، دەرەنجامەکە ئەوە بوو کە سەروو گەردیلەیەك دەبینرێت، لە گەردیلەش بچووکتر هەر دەشێ ببینرێت. هەرچەندە ئیبن حەزم لەبەردەم ئەم دوو ئایەتەدا کە بە شێوەی مەرج داڕێژراون – مەرجیش شێوەیەکە لە داڕشتن- رانەوەستاوە لەبەردەم تۆزی گەردێکدا و نەجوڵێت وەک چۆن ئارەزووی ناوگەرایی (اسمي) دەیخواست، ئەوەش لەبەر دەلیلی گوتارەکە نییە، بەڵکو لەبەر دەلیلێکی جیاوازە لەو دوو ئایەتە و لە دەرەوەی دوو ئایەتەکەدا، ئەگەر بگەرایەتەوە بۆ دوو ئایەتەکە، چونکە ئەگەر گەرانەوە بۆ دوو ئایەتەکە بووایە، ئەوا کەس حوکمی دوو ئایەتەکەی نەدەزانی (بچووکتر لە تۆزی گەرد و گەورەتر لە گەردێك)، بەڵام زانیارییەکە لە بەڵگەیەکی دیکەوە هاتووە کە ئەویش دەقە، نەك بە بەڵگەهێنانەوەی عەقڵی وەک ئەهلی قیاس دەیکەن، بەڵکو ئایەتی (49 لە سورەتی الکهف)، (25 و 195 لە سورەتی ال عمران) دەڵێت: (ئەو ئایەتە [سورەتی زلزلة] بەڵکو گشتی ئەوەمان لەو ئایەتەوە زانیوە: مال هذا الکتاب لایغادر صغیرة ولا کبیرة الا أحصاها ووجدوا ماعملوا حاضرا ولا یظلم ربك احدا)، هەروەها: (اني لا اضیع عمل عامل منکم)، هەروەها (ووفیت کل نفس ماکسبت)، ئەم ئایەتانە ئەوەیان روونکردۆتەوە کە سەروو گەرد و خوار گەردیش هەموو حساب دەکرێت) (ج7، لا 375).

بەم شێوەیە، لەکاتێکدا ئیبن حەزم بەڵگەی شاراوەی گوتارەکە رەتدەکاتەوە وەک ئەوەی ئەهلی قیاس دەیڵێن، لەبەرئەوە لە دەرەوەی دەقی گوتار بۆ بەڵگەیەکی دەرەوە لە دەقێکی تردا دەگەڕێت. ئەم قسەیە جارێکی تر دووبارە دەکاتەوە کاتێک ئایەتی (23 لە سورەتی اسراء) راڤە دەکات. بەڵام جیاوازییەکە لێرەدا داکەوتەکانی کەمترە، چونکە

(ئیبن حەزم) بەڵگە وا هەڵدەهێنجێت کە لە بڕگەی (ولاتقل لهما اف) ناتوانێن مانای ئەوە هەڵێنجین کە لێدانی دایك و باب و کوشتنیان قەدەغەیە، بەڵام بە مەرجێکی تر لەو ئایەتەدا و ئایەتەکەی دواتر: (وبالوالدين احسانا اما يبلغن عندك الكبر أحدهما أو كلاهما فلا تقل لهما أف ولاتنهرهما وقل لهما قولا كريما، واخفض لهما جناح الدل من الرحمة وقل رب ارحمهما كما ربياني صغيرا)، بەم شێوەیە پاش ئەوەی دەقی دوو ئایەتەکە دێنێتەوە دەڵێت (ئەم گوتانە وا دەخوازن کە چاکە و قسەی باش باڵ دانەواندنن و خۆ زەلیلکردن و میهرەبانی و دڵنەئێشاندنیان بگرینەبەر، هەروەها پێویستیکردووە لە هەموو شتێک باش و خێریان بۆ ببرێت، نەرمییان لەگەڵدا بنوێنرێت، هەر بەو وتانە و بەو فەرمودانەی لەو بارەوە هاتوون چاکەکردن لەگەڵ دایک و بابدا پێویست بووە بە هەموو شێوەیەك، هەروەک دوورخستنەوەی هەر زیانێک لێیان، یان دڵشکاندنیان، نەك بەو بڕگەی ئایەتەکە دەڵێت «ولاتقل لهما أف») (ج7، لا372).

هەرچەندە ئیبن حەزم دواجار لەگەڵ پێوەرسازەکان پێکدەگاتەوە لە دواندنی گوتراوی (منطوق) دوو ئایەتەکە، بەڵام لێرەدا دوو سەرنجمان تۆمار دەکەین:

1. ئیبن حەزم لێرەدا ئەخلاقیش دەکاتە پاشگری دەق، بەجۆرێك ئەگەر دەقێك نەهاتبایە داوای چاکەکردن لەگەڵ دایک و بابدا بکات ئەوە چاکەکردن لەگەڵیان نەدەبووە واجبێکی فەرزکراو بەسەر مرۆڤەوە بە پێوەری ئەخلاقی ئایینی، هەرچەند بەوەفایی لەگەڵ دایك و باوکدا لە بەڵگەنەویستەکانی ژیانە لە دیدگای ئەخلاقی وەزعییەوە (مۆراڵی پۆزەتیڤیزم). ئەمەش بەڵگەیەکی زیادەیە لەسەر ئەوەی رواڵەتگەرایی حەزمی دان بەهیچ سەروەرییەکی خودیی عەقڵی مۆراڵیدا نانێت.

2. ئەگەر بە لۆژیکی ئیبن حەزم خۆی کارمان کرد (بەو گوتانەی کە دەیڵێت) ئەوە دەبێت حکومی پوچگەرایی هەموو بەڵگە هێنانەوەکانی بدەین، بەگوێرەی گوتراوی هەردوو ئایەتەکە، چونکە چاکەکردن لەگەڵیاندا و میهرەبانی و ئازارنەدانیان و هتد... هەموو ئەمانە وابەستەن بە مەرجی پیربوونیانەوە یەکێکیان یان هەردووکیان، ئەگەر ئیبن حەزم وەفاداربووایە بۆ رێبازەکەی خۆی لە شوێنکەوتنی رواڵەتگەرایی دەق و دەرنەچوون لێی، ئەوە دەبوو بگاتە ئەو دەرەنجامەی کە ئەگەر دایك و باوک

نەگەیشتبوونە ئەو تەمەنە، واتە تەمەنی پیری و خەڵەفان، ئەوە چاکە لەگەڵکردنیان پێویست نابێت، و لێدان و کوشتنیان ڕەوا دەبێت.

هەرچەندە ئیبن حەزم ئەوە ڕادەگەیەنێت کە ئەو بە تەواوی پابەندە بە ڕواڵەتی دەقەوە بێ ئەوەی لە ڕواڵەت بگوزەرێت بۆ مانایەک کە ڕاستەوخۆ لە گوتراوەکەوە هەڵقوڵێت، بەڵام هەندێک جار، لەکاتی جەنگی بەردەوامی دژ بە ئەهلی قیاس، هەر خۆی مانای گوتراوەکە دەگۆڕێت یان تەنانەت یاری بە ڕێساکانی زمانی عەرەبی دەکات، تاکو ئەو پرسە ڕاست بکاتەوە کە داکۆکیی لێدەکات، واتە نکۆڵیکردن لە قیاس [23]، بەم شێوەیە دەبینین مشتومڕێکی درێژ دەکات لەگەڵ ئەوانەی تۆمەتباری دەکەن بەوەی کە ئەویش خۆی هەمان پێوەرکاری بەکاردێنێت، کاتێك چەوری بەراز دەپێوێت بە گۆشتەکەی، هەروەها مێینەی بەراز بە نێرینەکەی دەپێوێت لە حەرامیدا، چونکە ئایەتەکە تەنیا وەک گوترای دەق گۆشتی بەرازی حەرام کردووە نەك چەورییەکەیشی، (انما حرم علیکم المیتة والدم ولحم الخنزیر وماأهل به لغیر الله) [24] (سورة البقرة: الایة173).

**بزانین ئیبن حەزم چۆن وەڵام دەداتەوە:**

(بیانوو دێننەوە و دەڵێن: خودا گۆشتی بەرازی حەرام کردووە کەچی ئێوە چەورییەکەی و مێینەکەشتان حەرام کردووە، ئەوەش قیاسە، ئەبو محەمەد دەڵێت: ئەوە گومانێکی پووچی ئەوانە، ئێمە چەوری بەراز و مێینەکەی بە قیاس حەرام ناکەین، بەڵکو بە کۆدەنگی (اجماع) دروست و دەقی خودی قورئان حەرامی دەکەین، بەڵکو چەوری بەراز و ئێسقانەکەی و مێشکەکەی و مۆخەکەی دەمارەکەی و ماسوولکەکانی و پێستەکەی و مووەکەی و ددانەکانی و هەموو شتێکی و مێینەی بەراز و شیرەکەی بەو ئایەتە حەرامکراوە (أو لحم خنزیر فانه رجس)، لێرەدا ڕاناوەکە لە زمانی عەرەبدا دەگەڕێتەوە بۆ نزیکترین باسکراو، نزیکترین ناوهێنراویش لە ڕاناوی (انه رجس) بریتییە لە «بەراز» نەك گۆشتەکەی «لحم». لەبەرئەوە بەراز هەمووی پیسە، هەموو پیسێکیش حەرامە، بەو ئایەتە (انما الخمر والمیسر والانصاب والازلام رجس من عمل الشیطان فاجتنبوە)، لێرەدا ڕاناوی (فاجتنبوە) دەگەڕێتەوە بۆ (رجس)، ناشێت بڵێین ڕاناوەکە دەگەڕێتەوە بۆ

شەیتان، چونکە ئێمە ناتوانین خۆمان لە شەیتان لابدەین، لەبەرئەوە وا دروستە کە بڵێین راناوەکە دەگەڕێتەوە بۆ «رجس»، لەبەرئەوە هەموو «رجس»ێک حەرامە، بەرازیش بە دەقی قورئان «رجس»ـە، کەواتە بەراز هەمووی حەرامە، بەرازیش «خنزیر»، لە زمانی عەرەبدا ناوی رەگەزێکە نێر و مێ و گەورە و بچووکی لەخۆدەگرێت. کەواتە ئەو قسەیە پووچ دەبێتەوە کە دەڵێن چەوری بەرازمان بە قیاس حەرام کردوە) (ج7، لا403- 404).

بە شیکردنەوەی زمانەوانی و بەیانیی ئەم دەقە دەتوانین دەست بخەینە سەر خۆدزینەوە و گەمەکانی ئیبن حەزم لە سێ خاڵدا:

1. لەسەر ئاستی رێزمانی عەرەبی: ئەوە راستە کە (راناو لە زمانی عەرەبدا دەگەڕێتەوە بۆ نزیکترین بابەتی باسکراو، لە حاڵەتی زیادکراو (مضاف) نەک بۆ زیادکراو (مضاف الیە)[25]، بۆ نموونە گەر بڵێن (درس المعلم مهم فاحضروە) واتە (وانەی مامۆستا گرنگە ئامادەی بن)، ئاشکرایە لێرەدا راناوی (هـ)ی (احضروە) دەگەڕێتەوە بۆ (درس) نەك بۆ (المعلم)، بە هەمان شێوە گەر دەقە قورئانییەکە جارێکی تر بە شێوەیەکی تر رێکبخەینەوە و بڵێین (لحم الخنزیر رجس فاجتنبوە)، ئەوا وەک زمانەوانی (هـ)ی (اجتنبوە) دەگەڕێتەوە بۆ زیادکراو (المضاف)، واتە گۆشتەکە (لحم) نەوەك بۆ بۆزیادکراوەکە (مضاف الیە)، واتە (بەراز). بە هەمان شێوە گەرانەوەی راناو بۆ نزیکترین ناوی باسکراو بەتەواوی راست نییە، ئەگەر لە دەقەکەدا (مبتدا وخبر) هەبوو، ئەوە راناوەکە دەگەڕێتەوە بۆ یەکێك لەو دووانە، ئەگەر لەنێوان راناوەکە و (مبتدا وخبر) دەستەواژەیەکی تر هەبوو وەك (شبە جملة)، بۆ نموونە «من عمل الشیطان» لە (ئایەتی 90ی سورەتی المائدة): (انما الخمر والمیسر والانصاب والازلام رجس من عمل الشیطان فاجتنبوە)، خۆ ئەگەر ئەوە راست بوایە کە ئیبن حەزم دەڵێت راناو دەگەڕێتەوە بۆ نزیکترین ناوی هاتوو لە رستەکەدا ئەوە دەبوو لێرەدا (هاء)ی (اجتنبوە) بگەرابایەتەوە بۆ «شیطان» نەك بۆ «رجس» لەکاتێکدا (ئیبن حەزم) خۆی دەڵێت «نابێت راناوی ئایەتی (فاجتنبوە)» بگەڕێتەوە بۆ (شیطان)، جا لە جیاتی ئەوەی ئەو نەشیاوییە بە رێسایەکی زمانەوانی لێکبداتەوە یا بە شێوەیەکی لۆژیکی بیری بکردایەتەوە، کەچی ئەو دێت و بەشێوەیەکی تیۆلۆژییانە لێکیدەداتەوە و دەڵێت: مرۆڤ ناتوانێت خۆی لابدات لە شەیتان.

2. لەسەر ئاستی سیمانتیکی: راستە بەراز بە زمانی عەرەبی «ناوی رەگەزێکە کە هەموو نێر و مێ و گەورە و بچووك)ی ئەو رەگەزە دەگرێتە خۆی، بەڵام بەگشتی دەبێتە ناوی رەگەز بێ دیاریکردن، ئەگەر مەبەست ناوی رەگەزەکە بوایە ئەوە دەبوو بڵێت «بەراز»تان لەسەر حەرامکراوە، نەك «گۆشتی بەراز»، چونکە بۆ کەسێك رواڵەتی دەقەکان بخوێنێتەوە نابێت لێرەدا وشەی «لحم- گۆشت» پشتگوێبخات، حەرامکردنەکە لە «گۆشتی بەراز»ـەوە بگویزێتەوە بۆ «بەراز» بەگشتی.

3. لەسەر ئاستی دەقی قورئانی: ئەگەر ئیبن حەزم لێبڕینێکی ئەنقەستی لە دەقی قورئانیدا نەکردبایە، ئەوە لای هەموو خاوەن رایەك دەردەکەوت کە بەڵگەهێنانەوەکانی چەند بەر سیمانتیکای دەق دەکەون، خۆ هەرچەند ئیبن حەزم بۆ پشتئەستوورکردنی بەڵگەهێنانەوەکانی بەڵگەی بە ئایەتی (145) لە سورەتی (الانعام) هێناوەتەوە، بەڵام بەتەواوی بێدەنگ بووە لەئاست ئایەتەکەی دوای ئەو لە هەمان سورەت، چونکە ئەگەر بە ئاشکرا بیهێنایەتەوە بیری خوێنەر، ئەوە بەئاسانی ئەوەی سەرنج دەدات کە (ئیبن حەزم) چەند بە زۆرەملێ دەیەوێت دادگایی دەق بکات.

دوو ئایەتەکە دەڵێن: (قل لا أجد فيما أوحي إليّ محرماً على طاعم يطعمه إلا أن يكون ميتة أو دماً مسفوحاً أو لحم خنزير فإنه رجس أو فسقاً أهل لغير الله به فمن اضطر غير باغ ولا عاد فإن ربك غفور رحيم... وعلى الذين هادوا حرمنا كل ذي ظفر ومن البقر والغنم حرمنا عليهم شحومهما إلا ما حملت ظهورهما أو الحوايا أو ما اختلط بعظم ذلك جزيناهم ببغيهم وإنا لصادقون). لە دەقی دوو ئایەتەکەوە دیارە کە تەحریمکردنەکە بۆ رەگەزی بەراز نییە، بەڵکو وەك چۆن بۆ مەڕ و ماڵات باسی چەوری و هەناوەکەی دەکات، بەڵکو بە دیاریکراوی مەبەستی گۆشتی بەرازە لەگەڵ چەوریی مەڕ و ماڵات. لەوەش زیاتر بەپێچەوانەی ئەوەی ئیبن حەزم لێکدانەوەی بۆ دەکات کە مەبەست لە «گۆشتی بەراز «هەموو بەرازەکەیە» بە چەوری و مۆخ و دەمار ئێسك و مووەکەی و ...هتد، بەڵکو دەقی ئایەتی دووەم کە ئیبن حەزم نەیهێناوە هیچ گومانێک ناهێڵێت کە چەوریی مەڕ و ماڵات تەنیا مەبەستی لە (بەز) ـەکەیەتی، نەك هەموو چەورییەکانی مەڕ و ماڵات، چونکە سێ جۆر چەوریی هەڵاوێردووە لە حەرامکردن کە بریتیین لە: چەوریی پشت و هەناو و لکاو بە ئێسکەوە.

پێدەچێت هۆیەکی تر هەبێت بۆ بێدەنگبوونی ئیبن حەزم لە ئاست ئەو دوو ئایەتەدا کە پێکەوە گرێدراون، چ وەک لەفزیان وەک مانا، لەبەرئەوە بێت کە حەرامکردنی چەوری مەڕ و ماڵاتی وەك سزایەك بۆ ئیسرائیلیەکان سەیرکردبێت بەهۆی «سەرکێشییەکانیانەوە». بەڵام وەك دەبینین ئیبن حەزم ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە هەر ئایەتێک بخاتە ژێر نەشتەرگەریی شیکردنەوە یان (هۆکار- علة)، چونکە لای ئەو خودا بێ هەبوونی هیچ «هۆکار (علة)»یەک حەرام و حەڵاڵ دیاریدەکات، چونکە خودا لێپرسینەوەی لەگەڵ ناکرێت، بەڵکو ئەو لێپرسینەوە دەکات.

لەراستیدا ئیبن حەزم کە نەیارەکانی خۆی بەوە تاوانباردەکرد کە خەریکی تەفرەدان و بەهەڵەدابردنی خەڵکن و شتەکان لە شوێنی خۆیان لادەبەن) (ج8، لا388)، بەڵام خۆشی بێ دوودڵی هەرکاتێک پێویستیکردبێت، بەهەمان شێوەی نەیارەکانی ناوەکان لە شوێنی خۆی هەڵدەکەنێت، هەرچەندە ناوگەرایی «الاسمیة» ناونیشانی مەزهەبەکەیەتی، بۆ نموونە کاتێک لێکدانەوەی گوتراوی ئایەتی چوار دەکات لە سورەتی النور، (والذین یرمون المحصنات ثم لم یأتوا باربعة شهداء فاجلدوهم ثمانین جلدة ولاتقبلوا لهم شهادة ابدا)، چونکە نەیارەکانی لە پێوەرسازەکان بەوە تۆمەتباریان دەکرد کە خۆیشی پێوەرکاری دەکات. چونکە بەپێی ئام ئایەتە حوکمی ئەوەی دەدا کە نەك ئەوانەی ژنان تاوانبار دەکەن بە داوێنپیسی دەبێت سزا بدرێن، بەڵکو تەنانەت ئەوانەش کە پیاوان تاوانبار دەکەن بە داوێنپیسی گەر چوار شاهیدیان نەبوو، دەبێت داری حەدیان لیبدرێت، لەکاتێکدا ئایەتەکە تەنیا باسی ئەوانە دەکات کە ژنان تاوانبار دەکەن، ئەوە پێواندنی پیاوانە بە ژنان، (ئیبن حەزم) لێرەدا دەڵێت حوکمی جەڵد لێدان هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە پیاوانیش تاوانبار دەکەن، بەڵام بە پێواندن نا، بەڵکو بە گوتراوی (منطوق) ئایەتەکە، چونکە لەو ئایەتەدا مەبەست لە (المحصن) ئەندامی زاوزێیە (الفرج)، نەك (ژن)، (ئەندامی زاوزێ- الفرج)یش، ئەندامی هەریەکە لە ژن و پیاو دەگرێتەوە. لەبەرئەوە ئایەتەکە هەردووکیان دەگرێتەوە، بێ ڕەچاوکردنی ڕەگەزی کەسی تاوانبارکراو، بە حوکمی گشتاندنی لەفزی (الفرج)، کە هەردوو ژن و پیاویش دەگرێتەوە.

بێگومان (الفروج) له زمانی عەرەبیدا بۆ ئەندامی زاوزێی ژن و پیاو بەکاردێت، قورئانیش بە هەمان مانا بەکاریهێناوە: «والحافظون فروجهم والحافظات) (الاحزان: 35)، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا «المحصنات» لێرەدا بە مانای ئەندامی زاوزێ دێت لای نێر و مێ، وەك ئیبن حەزم دەیەوێت پێمان بڵێت؟ چونکە ئەم لێکدانەوەیە تەنانەت فەرهەنگی زمانی عەرەبیش پەسەندی ناکات بەهەمان شێوە فەرهەنگی قورئانیش پەسەندی ناکات. چونکە پەیوەندیی نێوان ئەندامی زاوزێ و وشەی (المحصنات) لە زمانی عەرەبیدا یەک مانای نییە، بەڵکو تەنیا پەیوەندیی وەسفکردنە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە قورئاندا هاتووە (ومريم ابنة عمران التي احصنت فرجها) (التحريم: 12)، کەواتە هەموو (فرج)ێک (محصن) نییە، وەك چۆن هەموو (محصن)ێک «فرج» نییە.

پاشان وشەی «محصن» تایبەت نییە بە «فرج»ـەوە، بەڵکو بە هەموو مێینەیەکی مێرددار دەوترێت «محصنة»، وەك ئایەتەکە دەڵێت: (فادا احصنن [کەنیزەک] فإن أتين بفاحشة فعليهن نصف ماعلى المحصنات من العذاب) (النساء: 25) [26].

بە گەرانەوە بۆ فەرهەنگی قورئانی -بە دواندنێکی تەواو نەك کەموکوڕت کە ئیبن حەزم دانیپێدانانێت- هیچ گومانێکمان نامێنێت گوتەی «محصنات» کە لە پێنج ئایەتدا 8 جار هاتووە، هیچیان مانای «ئەندامی زاوزێ» ناگەیەنێت.

- والمحصنات من النساء الا ماملكت أيمانكم) (النساء: 24).
- ومن لم يستطع منكم طولا أن ينكح المحصنات المؤمنات (النساء: 25).
- فعليهن نصف ماعەلى المحصنات من العذاب (النساء: 25).
- المحصنات من المؤمنات (المائدة: 5).
- والمحصنات من الذين أوتوا الكتاب (المائدة: 5).

ئێستا با ببینین چ گاڵتەجاڕی و بێمانایی و گەمەکردنێک بەرپادەبێت، ئەگەر بێین و لە جیاتی (المحصنات) لەو ئایەتانەدا (الفروج) دابنێین، بەپێی لێکدانەوەی ئیبن حەزم بێت بۆ نموونە ئایەتی (24 لە سورەتی نساء) ماناکەی وایلیدێت (ئەندامی زاوزێی ژنانمان لێ حەرامکردوون) یاخود ئەو ژنانەی «ئەندامی زاوزێیان هەیە لە ئێوە حەرامن»، وەک ئەوەی ژن هەبن بێ ئەندامی زاوزێ، یاخود «المحصنات المؤمنات» ماناکەی دەبێت

به (ئەندامێکی زاوزێ کە باوەڕدار بێت)، ئەوەش واتە ئەندامی زاوزێ خاوەن عەقڵ و تێگەیشتنە و دەتوانێت باوەڕبێنێت، بەهەمان شێوە لەم ئایەتەی سورەتی (النور) ئەگەر بێتوو مانای ئەندامی زاوزێ بدەین بە «المحصنات» ئەو دەبێت ئەندامی زاوزێی غافڵ و باوەڕداریش هەبێت (ان الذين يرمون المحصنات الغافلات المؤمنات).

لەراستیدا خۆبەستنەوەی ئیبن حەزم بەوەی مانای «محصنات» بە «ئەندامی زاوزێ» لێکبداتەوە، دیسان لەگەڵ رەمەکی «ناوگەرایی» خۆیدا بەرکەوتنی دەبێت، چونکە ئەو دەڵێت تەنیا خودا دەتوانێت شتەکان ناوبنێت و مرۆڤ بۆی نییە لەخۆیەوە شتەکان ناوبنێت یان مانای ناوەکان بگۆڕێت، بێجگە لەوەش ئەو لێکدانەوەیەی ئیبن حەزم دەیکات بۆ ئەوەی گومانی پێوەرکاری لە خۆی دووربخاتەوە، فڕێی دەداتە ناو تەڵەیەکی ترەوە کە گرفتێکی زمانەوانی و فیقهیشە لەهەمان کاتدا و هیچ دەرچەیەکی دەربازبوونی نییە، تەنیا پێکدادان نەبێت لەگەڵ زەوقی دروستی مرۆڤ و سادەترین بەڵگەنەویستەکانی عەقڵدا. بۆ ئەوەی (فرج) یەکسان بکات بە (محصنات)، جا بۆ ئەوەی «محصن» یەکسان بکات بە «ئەندامی زاوزی» دێت و دەڵێت هەر پەیوەندییەکی سێکسی گەر لە رێی ئەندامی زاوزێوە نەبێت بە زینا دانانرێت و حەدی زینا وەرناگرێت. لە حوکمی (محصنات) لە سورەتی (النور) دەڵێت (یەقینمان هەیە کە «محصنة» بریتییە لە ئەندامی زاوزێ نەك شتێکی تر، ئەوەش پشتراستکراوەتەوە کە حەد تەنیا لەسەر «زینای ئەندامی زاوزێ»یە نەك زینای ئەندامەکانی تر، بۆ نموونە لەسەر زینای چاو یان قاچ یان زمان یان گوێ یان دڵ حەد لە کەس نادرێت، ئەوەش دروستە ئەگەر کەسێک تۆمەتی دروستکرد بۆ کەسێکی تر کە لە رێی غەیری ئەندامی زاوزێوە کاریکردووە بە تاوانبارکردن دانانرێت (الإحكام في اصول الأحكام، ج7، لا399- 400).

بەم شێوەیە ئیبن حەزم -کە لە کتێبی «طوق الحمامة»دا دەردەکەوێت شارەزایی زۆرباشی هەیە لە پەیوەندییە سێکسییەکاندا- کەچی لێرەدا پەیوەندیی سێکسی کورتکردۆتەوە لە پەیوەندیی ئەندامەکانی زاوزێدا. ئیدی سێکسی دەم و کۆم و سنگ و قاچ و ئەوانەی تر ئەگەر کەسێک کەسێکی تر بەوانە تاوانبار بکات و شاهیدیشی نەبێت بە بوختان دانانرێت، واتە ئەگەر یەکێک وتی کەسێکم بینیوە لەڕێی کۆمەوە یان سمتەوە

یان سنگەوە سێکسیکردووە لەگەڵ ژنێک، بێ ئەوەی شاهیدی هەبێت، ئەوا ئەو کەسە بە بوختانچی دانانرێت و حەدی تاوانبارکردنی کەسانی بێتاوانی لێنادرێت ئەو کارەش کە تاوانبارەکان کردویانە بە زینا دانانرێت.

زۆر نەڕۆیشتووین گەر بڵێین ئیبن حەزم تووشی نەخۆشیی ترس لە پێوەرسازی «قیاس» بووە، ئەو نەخۆشییەش وایلێدەکات هەڵوێستی زۆر نا عەقڵانی بگرێتەبەر لە ئاستی دەقدا هەرکاتێک هەستیکرد لە دەقێکدا دەکرێت پێوەرسازی بکرێت بۆ شتێك کە دەقی لەسەر نییە.

وەک هەر نەخۆشێکی فۆبیا هەندێک جار ئیبن حەزم پشت لە واقیعیش دەکات تەنیا بۆ ئەوەی هەڵوێستی خۆی «کە هەڵوێستی ئینکاریکردنی واقیعە» بسەپێنێت [27]، جا لەبەرئەوەی هەر واقیعێک لای ئیبن حەزم دەگەڕێتەوە بۆ واقیعی دەق، لەبەرئەوە دەبینین پەنا دەباتە بەر ئینکارییەکی پەتی تەنها بۆ ئەوەی ئەو لۆژیکی پێوەرکارییە نەبینێت کە هەندێک دەق لەخۆیدەگرێت.

بۆ نموونە کاتێک هەڵوێست دەگرێت لە فەرمودەیەک «کە لای ئیبن حەزم فەرمودە وەک دەقی قورئانی پیرۆزە»، عومەر کوڕی خەتتاب دەڵێت: «چووم بەلای ژنەکەمدا و ماچێکم کرد، لەکاتێکدا بەرۆژوو بووم، هاتم بۆلای پێغەمبەر و پێمگوت: ئەی پێغەمبەری خوا شتێکی خراپم قەوماندووە: لەکاتی رۆژوودا ژنەکەم ماچکردووە. پێغەمبەر وتی: ئایا ئەگەر لەکاتی رۆژوودا ئاو لە دەمت وەربدەیت رۆژووەکەت دەشکێت؟ وتم: نەخێر. وتی: ئیتر بۆ دەترسیت» [28].

لەم فەرمودەیەدا بنەمایەکی زۆر ئاشکرای پێوەرکاری دەبینرێت، دەبینین پێغەمبەر خۆی، ماچکردنی ژن بە ئاو لەدەم وەردان دەپێوێت و حکومی هەردووکیان وەك یەک سەیر دەکات، بەمەش دەبینین پێشهاتێکی حوکم نەزانراو دەپێوێت بە مەسەلەیەکی حوکمزانراو، بەڵام ئیبن حەزم کاتێک ئەم فەرمودەیە دێنێت، نەك هەر لۆژیکی پێوەرکاری رەتدەکاتەوە بەڵکو هێند نکۆڵی دەکات تاکو شتەکە هەڵدەگێڕێتەوە تا ئەو ئاستە بڵێت پێغەمبەر نەهی لە پێوەرکاری کردوە لێرەدا، دەڵێت (ئەگەر تەنیا ئەم فەرمودەیەمان هەبێت بۆ پوچکردنەوەی پێوەرکاری ئەوە بەسمانە، چونکە عومەر وایزانی ماچکردن

ڕۆژوو بەتاڵدەکاتەوە بە پێوەرکاری لەسەر بنەمای جووتبوون «جماع»، بەڵام پێغەمبەر پێی وت کە شتە هاوشێوە و لێکنزیکەکان مەرج نییە حوکمەکانیان وەك یەك بێت، ئاو لەدەم وەردان ڕۆژوو ناشکێنێت بەهەمان شێوە ماچکردنیش، ئەوەش پووچکردنەوەی پێوەرکارییە، چونکە ئاو لەدەم وەردان و ماچکردن هیچ لێکچوونێکیان لەنێواندا نیە) (ج7، لا409).

لەوانەیە ئێمەش بتوانین هەمان دەستەواژەی ئیبن حەزم وەربگرین و بڵێین ئەگەر بۆ سەلماندنی پێوەرکاری تەنیا ئەم فەرموودەیەمان هەبوایە بەسبوو، خۆ ئەگەر بۆ سەلماندنی خراپ لێکدانەوە تەنیا ئەو فەرموودەیەی ئیبن حەزمان هەبوایە بەس بوو [29].

ئەگەر ئەو دەقە ڕاست بێت دەردەکەوێت کە عومەر خۆی پێوەرکاریی کردوە کاتێک وایزانیوە ڕۆژوو بە پێوەری سەرجێگەیی ڕۆژوو بەتاڵدەکاتەوە، ئەوەش خۆی بۆ خۆی دانپێدانانێکی گرنگی ئیبن حەزم خۆیەتی لەسەرپێوەرکاری، چونکە وەک ئێستا دەریدەخەین ئیبن حەزم نکۆڵی لەوە دەکات کە لە سەردەمی پێغەمبەردا پێوەرکاری هەبووبێت، یان ئەسحاب کەسیان پێوەرکارییان کردبێت.

هەروەها لەو دەقەوە -گەر ڕاستبێت- دەردەکەوێت کە پێغەمبەر نەهی نەکردوە لە پێوەرکاری، ئەگەر نا ئەوە پێغەمبەر پێی دەگوت: شت بە شت مەپێوە، هەرچەندە واشبزانێت کە لێکەوە نزیکن یان هاوشێوەن.

هەر لە دەقەکەوە دەردەکەوێت کە پێغەمبەر کاتێک پێوەرکارییەکەی عومەری ڕەتکردەوە بۆ ئەوە بوو کە پێوەرێکی تری بۆ دابنێت بە پێواندنی ماچکردن لەسەر ئاو لەدەم وەردان، ئەو پێوەرکارییەش لەوەوە نزیکە کە ئەهلی مەنتیق ناویدەنێن پێواندنی هاوشێوە «قياس المماثلة»، کە پێواندنێکە بە شێوەیەکی ڕێژەیی نەك لێکچوونی ڕاستەوخۆ. پەیوەندیی یەکسانی کە دەقەکە بنیاتیدەنێت لەنێوان ماچکردن و ئاو لەدەم وەردان، لەڕاستیدا لەنێوان ئەو دوو کردەیەدا پەیوەندیی نییە لە ڕووی (ناسینی شتەکان لەسەر ئەسڵی خۆیان)، بەڵکو لە پەیوەندیی ڕێژەییدایە لەنێوان ماچکردن و سەرجێیدا، لەگەڵ پەیوەندیی نێوان ماچکردن و ئاو لەدەم وەرداندا:

ماچکردن/ئاو لەدەم وەردان = سەرجێی/ئاو خواردنەوە.

وەک چۆن ماچ ڕۆژوو بەتاڵ ناکاتەوە چونکە یەکسان نییە بە سەرجێیی، بەهەمان شێوە ئاو لەدەم وەردانیش ڕۆژوو بەتاڵ ناکاتەوە، چونکە یەکسان نییە بە ئاو خواردنەوە[30].

کەواتە بەپێچەوانەی ئەوەی ئیبن حەزم دەیەوێت تێمان بگەیەنێت، لێرەدا ئەوەی دەتوانین تێبگەین ئەوە نییە (کە شتە هاوشێوە و لێکنزیکەکان ئەحکامیان وەك یەک نیە) وەک ئەوەی ئیبن حەزم دەیەوێت لەسەر زاری پێغەمبەرەوە بیلێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەحکامیان یەکسان دەبێت کاتێک لە ڕێژەکەی نێوانیاندا نیشانەی یەکسانی دانرا. لێرەدا ئاستی لێکچوون یان هاوشێوەبوون لەنێوان سەرجێی و ماچدا نییە، یان لەنێوان ئاو لەدەم وەردان و ئاوخورادنەوەدا نییە، وەک ئەوەی ئیبن حەزم دەیەوێت پێمان بلێت، بەڵکو ڕەتکردنەوەی ئەو لێکچوونە ڕاسترە، لەبەرئەوەی ئاو لەدەم وەردان لە خواردنەوە ناچێت، ماچکردنیش لە سەرجێیی ناچێت، کەواتە حوکمی ماچ و ئاو لەدەم وەردان لەیەکدەچێت، کە بریتییە لە بەتاڵنەبوونەوەی ڕۆژوو. تەوەری لێکچواندنەکەش خۆی لەخۆیدا مەبەست نییە، بەڵکو حوکمی هەریەکێکیان مەبەستە، پێوەرکاریش دواجار پێوەری حکومە. ئەو حکومەش بێ هیچ شتێک خۆی دەسەپێنێت بێ ئەوەی وەک لەفز و مانا دەربیکێشین، لێرەدا دەبینین لەم فەرمودەیەدا کە دراوەتە پاڵ پێغەمبەر، ماچکردن بە ئاو لەدەم وەردان دەشوبهێنێت و ئیدی لێدەگەڕێت عومەر خۆی حوکمەکە هەڵێنجێت، بەمەش دەگوترێت پێوەرکاریی ناراستەوخۆ، واتە پێوەرکارییەک کە بێدەنگی لە ئەنجامەکەی کراوە. ئەوەش جۆرێك لە پێوەرکارییە کە ڕێزێکی زیاتر بۆ بەرامبەر دادەنێت، چونکە دەرکێشانی ئەنجام بۆ خۆی جێدەهێڵێت.

دەتوانین بڵێین تەنیا فەرمودەی ماچکردنەکە خۆی لەخۆیدا بەڵگەیەکی تەواوە لەسەر کورتهێنانی مەزهەبی ئیبن حەزم. ئەم فەرمودەیە بەدەق باسی ئەوەی نەکردوە کە ماچکردنی ڕۆژووەوان حەڵاڵە، بەڵکو بڕیاری بۆ عومەر خۆی بەجێهێشتووە تاکو خۆی حوکمەکەی لێ هەڵێنجێت، بە پشتەبستن بە پێوەرکاریی هاوشێوە. ئەوەش باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی بڵێین عەقڵ لەکاتی دواندنی گوتاردا ناتوانێت پشت بە بەڵگەی گوتار نەبەستێت، دەنا بێدەنگلێکراو هەر بێدەنگ دەمێنێتەوە تا ئەبەد. دەقیش لەوانەیە هەر بە ناراستەوخۆییەکەی خۆی هەمان قسەی ڕاشکاوی بکات. لەوکاتەشدا چێژی دەق زۆر زیاتر دەبێت.

ئێستا دەگەڕێینەوە بۆ ئەو خاڵەی ئیبن حەزم لێوەی دەردەچێت کاتێک خوێندنەوە بۆ فەرمودەی ماچی رۆژووان دەکات، دەبینین ئاماژە بەوە دەکات کە عومەر گومانی بردووە کە (ماچکردن رۆژوو بەتاڵدەکاتەوە، ئەوەش بە پێواندنی بە سەرجێی) هەرچەند ئەو کارەی عومەر بەهەڵە دەزانێت، بەڵام بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت وشە نەفرەتییەکە لە زاری دەردەچێت، چونکە پێوەرکاران «اهل القياس» بەلای ئەوەوە کەسانی شکستخواردوون، بەڵکو تەنانەت وشەی «قیاس» خۆی وشەیەکی بێنرخە، ئیدی چۆن ئەسحاب رێگە بەخۆیان دەدەن پێوەرکاری بکەن؟

پاشان ئەو رەتیدکاتەوە ئەسحاب هەر پێوەرکارییان زانیبێت، دەڵێت (بە هیچ شێوەیەك ئەوە پشتراست نەکراوەتەوە یەکێك لە ئەسحاب پێوەرکاری ئەنجامدابێت، بەڵکو کۆدەنگی لەسەر ئەوەیە کە ئەوان قیاسیان نەناسیوە، بەڵکو قیاس لە سەدەی دوەمدا داهێنراوە «بدعة»، پاشان لە سەدەی سێیەمدا تەشەنەی کردووە) (ج7، لا463).

ئیبن حەزم لەوەش زیاتر ملدەنێت و دەڕوات بەرەو سەردەمی پێش ئیسلام، دەڵێت (عەرەب لە سەردەمی جاهیلیشدا پێوەرکارییان نەزانیوە، چونکە شەریعەتێکیان نەبووە لە ئاسمانەوە، لەبەرئەوە وشەی «قیاس» لای ئەوان هەر نەبووە) (ج7، لا392).

بۆ زیاتر جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی قیاس بیدعەیە و ئەسحاب نەیانناسیوە[31]، بێ دوودڵی دێت و چەندان فەرمودە و گوترای ئەسحاب دێنێت و وەك ئەو فەرمودەیەی بەناوی پێغەمبەرەوە هەڵبەستراوە (تفترق أمتي عەلی بضع وسبعين فرقة، اعظمها فتنة عەلی أمتي يقيسون الامور برأيهم فيحلون الحرام وحرمون الحلال)، هەروەها فەرمودەیەکی هەڵبەستراو لەسەر زاری (ئیبن مەسعود): (هەر ساڵێک تێدەپەڕێت ساڵەکەی دوای خۆی لەو خراپترە، ناڵێم ساڵێک لە ساڵێک باراناویترە، یان بەپیتترە، یان ئەمیرێك لەویتر باشترە، بەڵکو فەوتانی زانایانتان و چاکەکانتان، پاشن کەسانێک دێن شتەکان بە رای خۆیان دەپێون، بەوەش ئیسلام دەرووخێت) (ج8، لا506- 509).

لێرەدا باسی ئەوە ناکەین کە ئیبن حەزم چۆن هەستی رەخنەگرانەی خۆی سڕدەکات -هەرچەنەدە خۆی بەوە ناسراوە کە رەخنەگرێکی توندە سەبارەت بە پوچکردنەوەی رای نەیارەکانی - و دەبینین بێ سێ و دوو ئەو فەرمودەیە دەخاتە خزمەت هەڵویستەکانی

خۆی و بێ قەید و شەرت باوەڕ بەو فەرمودەیە دەکات کە بە زیاتر لە 20 شێوە گێڕدراوەتەوە، دەبینین لێرەدا ئیبن حەزم ئەو دەقەیان بەکاردێنێت کە دژ بە پێوەرکارانە، لە چەندین گێرانەوەی دیکەدا دژ بە موعتەزیلە و سۆفی و شیعە بەکارهێنراوە، بەڵکو تەنیا پرسیارێك دەکەین: چۆن ئیبن حەزم بیری لەوە نەکردۆتەوە کە ئەو فەرمودەیە دروستکراوە، بەتایبەتیش دژ بە ئەهلی قیاس. پاشان گەر راست بێت لە سەردەمی هاوەڵاندا قیاس نەبووە، ئایا دەبێت ئەو فەرمودەیە لەسەر زاری (ئیبن مەسعود)ـەوە دروستکرابێت، کە لە چینی یەکەمی هاوەڵانە، کە تیایدا دەڵێت: (خەڵکانێکن شتەکان بەرای خۆیان قیاس دەکەن)؟ ئەگەر ئەوە راست بێت کە پێغەمبەر غەیبی زانیوە -هەرچەند بە دەقی قورئان دیارە نەیزانیوە- تاکو هەواڵ بدات بە گەورەترین نەگبەتی کە تووشی ئوممەت دەبێت (خەڵکانێکن قیاسی شتەکان بەرای خۆیان دەکەن)، یان ئیبن مەسعود توانای خوێندنەوەی غەیبی هەبووە تاکو بڵێت خراپترین سەردەمەکان – کە هێستا نەهاتوون- ئەوانەن کە تێیاندا (کەسانێک دێن قیاس بەرای خۆیان دەکەن)؟ ئایا ئەو هاشێوەبوونە تەواوە لەنێوان فەرمودەکە و گوتەکەی ئیبن مەسعوددا؟ ئایا خۆی بۆ خۆی بەڵگەیەك نییە لە سەر هەڵبەستراویی ئەو فەرمودەیە، دواجار ئەگەر وشەی «قیاس» لە سەردەمی پێغەمبەردا نەزانراو بووە -وەک ئیبن حەزم دەیڵێت[32]- ئایا ناوهێنانی قیاس بە دەم پێغەمبەر و ئیبن مەسعودەوە باشترین بەڵگە نییە بۆ ئەوەی لەدواییدا هەڵبەستراون؟

کەچی ئیبن حەزم لەبری ئەوەی هەستی رەخنەگرانەی خۆی بەکاربێنێت، دێت و دەڵێت «قیاس بەناوی ئایینەوە خودا رێگەی پێنەداوە» (ج8. لا503)، و هیچ دوودڵ نییە لە تاوانبارکردن و ناونانی بە (زیادکراو لە سەر ئایین) و (دروستکردنی شتی نوێ لەسەر ئەحکام). بەهەرحاڵ هەر کەسێک حوکمێك زیاد بکات، ئەوە زیاد و کەم لەئاییندا دەکات، ئەو کەسە لای ئیبن حەزم حوکمی هەڵگەراوە «مرتد»ی هەیە یان کافرە و دەبێت بکوژرێت وەک دەڵێت (بێ ئەوەی بواری تەوبەکردنی پێبدرێت).

## دژایەتیکردنی ئیجتیهاد

کاتێک ئیبن حەزم پێوەرکاری ڕەتدەکاتەوە، کە بریتیە لە ئیجتیهادی عەقڵ لەژێر ڕۆشنایی دەقدا، بێگومان ئیجتیهادی عەقڵی دوور لە دەقێکی ڕاستەوخۆی پەیوەست بە دەقەوە ڕەتدەکاتەوە، بەلای ئیبن حەزمەوە هەر کەسێک ئیجتیهاد بکات بەڕای خۆی ئەوە حوکمی ئەو کەسەی هەیە کە درۆ بەدەم خوداوە دەکات. بەڵکو کافرێکی تەواوە. بێجگە لەوەی ئیجتیهاد «لەئایینندا بەتاڵە»، چونکە وەک ئەوە وایە (شەرعێک دابێنیت کە لە دیندا نیە)، بەهەمان شێوە لە زمانیشدا بەتاڵە، بەکارهێنانی لەفزێکە بۆ مانایەکی تر، چونکە ئیجتیهاد لە زماندا «توانا سەرفکردنە بۆ دەرکردنی حوکمی پێشهاتێك لە قورئان و سوننەتدا»دا (الاحکام، ج7، لا 419). واتە گەرانە بەشوێن حەقدا لە شوێنێکدا کە پەی پێببرێت، شوێنی حەقیش دوانن و سێیەمیان نییە (قورئان و سوننەتە) (ج5، لا79). هەرکاتێك قورئان و سوننەتیش ئامادەبوون ئیتر عەقڵ بەتاڵ دەبێتەوە، وەک ئیبن حەزم لەسەر زاری (عومەر کوڕی عبدالعزیز)ـەوە دەڵێت (کەس هیچ رایەکی نییە لەگەڵ سوننەتی پێغەمبەردا) [33].

لێرەدا ئیبن حەزم چەندین وتەی پێشینان دەگێڕێتەوە کە هەمووی بەخراپ باسی عەقڵکاری دەکات، هەندێک لەو گوتانە خراوەتە پاڵ پێغەمبەر و ئەسحابیش، وەک ئەو فەرمودەیەی گوایە پێشبینییە (ئەم ئوممەتە ماوەیەک بە کتێبی خوا کاردەکات، ماوەیەکیش بە سوننەتی پێغەمبەرەکەی، پاشان کار بە عەقڵ دەکەن، هەرکاتێکیش کاریان بە عەقڵ کرد ئەوە گومرا دەبن و ڕێ وندەکەن)، یان ئەو قسەیەی دەدرێتە پاڵ عومەری کوڕی خەتاب: (سوننەت ئەوەیە خودا و پێغەمبەر دایانڕشتبێت، ئێوە هەڵەی عەقڵ مەکەنە سوننەت بۆ ئوممەت) (الاحکام، ج6، لا220).

ئیبن حەزم، کە دەیەوت قسەکانی خۆی سەبارەت بە پووچیی ئیجتیهاد لە ڕێگەی عەقڵەوە بسەلمێنیت، دەبینین بەڵگە بە هاوشێوەی ئەو قسە و قسەڵۆکانە دێنێتەوە و پشت بە خەواندنی هەستی ڕەخنەگرانەی خۆی و فەرامۆشکردنی ئەوە دەبەستێت کە ئەوانە دەستهەڵبەستی فیقهیین و لە ئەنجامی ململانێی مەزهەبەکاندا پاش سەدەی چوارەم بەرهەمهاتوون. لێرەدا با نموونەیەك باسبکەین، وەک دەزانین ئیبن حەزم بە قووڵی

کاردەکات لەسەر زنجیرەی ئیسنادی فەرموده و گومان دەخاتە سەر هەر هەواڵگێڕەوەیەك کە فەرمودەیەکی هێنابێت بە دڵی ئەو نەبێت، بەڵام لێرەدا دەبینین تەواو خۆی نابینا دەکات لە ئاست ئەو فەرمودەیەی لەسەر زاری (ابن لهیعة)ـەوە بەناوی عومەرەوە دەیهێنێت، کەچی دەبینین هەر ئەو (ابن لهیعة)یە لە شوێنێکی تردا لای ئیبن حەزم بە گێڕەرەوە (ریوایەتکار) ناونابرێت، بەڵکو بە کەسێکی (ساقط) ناودەبرێت، کەسێکی (بێ ئەرزش)، کە گێرانەوەکانی لەوە بێئەرزشترن کە خۆتی پێوە خەریک بکەیت) (المحلی، ج2، هەردوو مەسەلەی641، 753، ج5 مەسەلەی1751).

بەپێچەوانەوە دەبینین ئیبن حەزم زۆر بەتوندی بەرووی فەرمودەیەکدا دەوەستێتەوە کە لەلایەن نەیارەکانییەوە سوودی لێدەبینرێت بۆ پشتراستکردنەوەی هەڵوێستەکانیان، لەوێدا یەکەم شتێک کە دەیکات تانەدانە لە سەنەدی فەرمودەکە. بۆ نموونە سەبارەت بەو فەرموده ناسراوەی لە (مەعاز) دەگێڕنەوە کاتێک پێغەمبەر دەینێرێت بۆ یەمەن: (أن رسول الله صلى الله عليه وسلم لما أراد أن يبعث معاذا إلى اليمن قال: كيف تقضي إذا عرض لك قضاء؟ قال: أقضي بكتاب الله. قال: فإن لم تجد في كتاب الله؟ قال: فبسنة رسول الله صلى الله عليه وسلم. قال: فإن لم تجد في سنة رسول الله صلى الله عليه وسلم؟ قال: أجتهد رأيي ولا آلو. فضرب رسول الله صلى الله عليه وسلم صدره وقال: الحمد لله الذي وفق رسول رسول الله لما يرضي رسول الله)، واتە: (پێغەمبەر پێی وت: «چۆن داوەریی دەکەیت؟ وتی: بەقورئانی خودا. وتی: ئەی ئەگەر لە قورئاندا نەبوو؟ وتی: بە سوننەتی پێغەمبەری خودا. وتی: ئەی ئەگەر لە سوننەتدا نەبوو؟ وتی: ئیجتیهادی عەقڵی خۆم دەکەم و کەمتەرخەمی ناکەم. پێغەمبەر دای بە سەر سنگیدا و وتی: سوپاس بۆ ئەو خودایەی نێردراوی پیغەمبەرەکەی رێنماییکردوە بۆ ئەو شتەی خودا و پێغەمبەرەکەی خۆشیاندەوێت).

هەرچەند یەقینی تەواومان هەیە کە ئەم فەرمودەیەش دیسان لە دروستکراوی زانایانە، بەڵام لە قوتابخانای عەقڵگەرادا بەرهەمهاتوە، کەچی تێبینی دەکەین ئیبن حەزم لێرەدا میکانیزمی پوچکردنەوەی سەنەدی ئەو فەرمودەیە دەخاتگەڕ، لەکاتێکدا لە فەرمودەکەی عومەردا کە دژی عەقڵکاری بوو هیچ پشکنینێکی بۆ سەنەد و گێڕەرەوەکان نەکرد، کەچی

لەبارەی ئەم فەرمودەیەوە دەڵێت: (گێرانەوەکەی موعاز نابێت بکرێتە بەڵگە، چونکە فەرمودەیەکی ناراستە، لەبەرئەوەی تەنیا لە رێگەی حارث کوڕی عەمرەوە گێڕدراوەتەوە، ئەویش نەناسراوە، کەس نازانێت کێیە؟)[34] (ج6، لا207، هەروەها ج7، لا417).

سەرەرای ئەو هەموو گێرانەوەیەی ئبن حەزم تەنیا بە مەبەستی پووچکردنەوەی بنەمای ئیجتیهاد بە عەقڵکاری، بەگوێرەی ئارەزووی مەزهەبەکەی راست و چەپیان دەکات، کەچی دەبینین دێت و پاڵپشتێکی تیۆرییش دروستدەکات کە چ وەك دەربڕین و چ وەك ئەنجام زۆر مەترسیدارە، چونکە هەموو دەرچەکانی دەق دادەخات و هەرجۆرە کارکردنێکی عەقڵ لە دەقدا رەتدەکاتەوە، تەنانەت ئەگەر بەهەڵێنجانیش بێت (استنباط): کە بریتیە لەوەی «دەقەکان پراوپڕ بە پێشهاتەکان دابەزیون - تمامیة النص و تمامیة النوازل معا».

ئبن حەزم ئەم وتەیە لە چەندین شوێندا بە چەندین شێوەی جیاواز دەڵێتەوە:

- ئەوە بەتاڵ بۆتەوە کە ئایینی خوا بە باشاندن (استحسان)ی هەندێک کەسەوە بەند بێت، «یان بە ئیجتیهاد و پێوەرکاری»، چونکە هەموویان یەک مانا دەگەیەنن، ئەو قسەیە راست دەردەچوو گەر ئایین کەموکورتی تێدا بووایە، بەڵام مادەم ئایین تەواوە و زیادکردنی ناوێت، هەمووی روونکراوەتەوە و بەدەق باسکراوە، کەواتە چ مانایەک دەمێنێتەوە بۆ بەباشزانین، یان کەسێک شتێک بەخراپ بزانێت) (الأحکام، ج6، لا 193).

- هیچ شتێک لە دونیادا نییە دەقێکی سوننەتی لەسەر نەبیت (ج6، لا240).

- ئەسەتەمە پێشهاتێک روودات لە دەقدا حوکمی نەبیت (ج6، لا206).

- هیچ رووداوێک نییە دەقی لەسەر نەبێت (ج5، لا78).

- دەقەکان هەمو شتێکیان تێدایە لەبارەی ئەو شتانەی خەڵک لەسەری رایان جیایە، هەروەها هەموو پێشهاتێک دەگرێتە خۆی تا رۆژی قیامەت، بەناوی پێشهاتەکە خۆیەوە (ج8، لا489).

ئبن حەزم هەموو ئەو بابەتەی لە مەسەلەی (100)ی کتێبی «المحلی»دا باسکردووە دەڵێت:

«رەوا نییە کەس بە قیاس کاربکات یان بە عەقڵکاری، خودا دەفەرموێت «مافرطنا في الکتاب من شئ»... «تبیانا لکل شئ». ئەو دوو ئایەتە بەتاڵکەرەوەی پێوەرکاری و

عەقڵکارین، چونکە ئەهلی پێوەرکاری و عەقڵکاریش هاوران لەسەر ئەوەی کاتێک دەق هەبوو ئیدی عەقڵکاری و قیاس کارناکات، ئەی ئەوەتا خودا خۆی دەڵێت هیچ شتێکمان بەجێنەهێشتووە لە قورئاندا باسمان نەکردبێت ئایینیش تەواو بووە، کەواتە دەق هەموو ئایینی گرتۆتە خۆی، کەواتە پێویستناکات کەس قیاس بکات، یان بە رای خۆی شت بڵێت، یان رای کەسی تر بێنێت)[35].

لێرەدا باسی ئەو دووئایەتە و دەلالەتەکانی ناکەین، واتە (38ی سورەتی الانعام) و (89ی سورەتی النحل)، کە ئیبن حەزم بەکاریان دێنێت بۆ سەلماندنی گریمانەکانی خۆی، تا بڵێت دەقەکان پراوپڕی پێشهاتەکانن، ئەوەمان بەسە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو دوو ئایەتە هەردووکیان لە مەککە دابەزیون و هیچ پەیوەندییان نییە بە بەپێشهات و ئەحکام کە لە مەدینە دابەزیون. ئەمە بێجگە لەوەی سیاقی ئایەتەکان هەرباسی دونیا نییە بە هیچ شێوەیەک، بەڵکو باسی لێپرسینەوەیە لە رۆژی قیامەتدا- بەڵام ئیبن حەزم باسی سیاقەکەی ناکات. ئەو ئایەتانەش بۆ ئەوەیە پێمان بڵێت کە خودا بیانووی بۆ مرۆڤ نەهێشتۆتەوە تا لە قیامەتدا بڵێت ئاگادار نەبووم، پاشان ئێمە دڵنیا نین لەوەی (الکتاب) لەو سیاقانەدا مانای «قورئان» بێت، بەڵکو پێدەچێت مانای قەزا و قەدەر بگەیەنێت کە لە ئەزەلەوە خودا لەسەر هەموو مەخلوقاتی نووسیوە، گوتراوی تەواوی ئایەتەکە وا دەگەیەنێت ئەگەر ئایەتەکە پچڕ پچڕ نەکەین، وەک ئەوەی شافیعی و ئیبن حەزم کردوویانە: (و ما من دابة في الارض ولاطائر يطير بجناحيه الا أمم أمثالكم ما فرطنا في الكتاب من شئ، ثم الى ربهم يحشرون)[36].

کەچی ئەوەی ئیبن حەزم لەم ئایەتەی وەردەگرێت ئەوەیە کە (نابێت عەقڵ بەکاربهێنرێت مادەم دەق هەبێت)، بەڵام لەوانەیە پێچەوانەکەی راست بێت، چونکە هیچ شتێک نییە هێندەی دەق پێویستی بە عەقڵکاری بێت. بەڵگەشمان بۆ ئەمە قسەی (ئیبن حەزم) خۆیەتی لە کتێبی «الناسخ والمنسوخ في القران»دا. لێرەدا تەنیا پاڵپشت بەرای خۆی، خۆی دەخاتە جێگەی خودا بۆ ئەنجامدانی کارێک کە خودا تەنیا تایبەتی کردوە بەخۆی (ما ننسخ من آية أو ننسها نأت بخير منها أو مثلها) (البقرة: 106). کەچی سەیر دەکەین ئیبن حەزم نەشتەری خۆی بەکاردێنێت بۆ پارچەپارچەکردنی دەقی قورئانی و

سەدان ئایەت دەکاتە مەنسوخ کە ئیتر ناشێت کاری پێبکرێت. دەشڵێت هەرکەسێک کار بەو ئایەتانە بکات «کافر و موشریکە و خوێنی حەڵاڵە».

پاشان بەو ڕێسایەی کە دەڵێت «ئەستەمە پێشهاتێك هەبێت دەقی لەسەر نەهاتبێت» و بەوەی نکۆڵی دەکات لە ئیجتیهادکردن بە حوکمی ئەوەی دەقەکان کۆتان، بەڵام پێشهاتەکان ناکۆتان، لەبەرئەوە ناچاربووە زۆر شت حەڵاڵ بکات کە دەقی حەرامکردنی لەسەر نەهاتبێت. ئیدی «هەرشتێک دەقی لەسەر نەهاتبێت دەچێتە بازنەی ڕێپێدراوەوە» (ج5، لا206). هەر بینیشمان کە زینا لە غەیری ئەندامی زاوزێ بە حەرام نازانێت، چونکە ئەو زینایەی سزای لەسەرە «تەنیا زینای شوێنی زاوزێیە نەك هەموو ئەندامەکانی لەش» (الاحکام، ج7، لا 399).

هەر لەو ڕوانگەیەوە کە (ئیبن حەزم) خۆی وابەستە کردووە بە ڕێسای «هەرشتێك خودا حەرامی نەکردبێت ئەوە لە بازنەی ڕێپێدراوی ڕەهادایە» (ج8، لا487). کەواتە ئەگەر لێی بپرسرایە سەبارەت بە مادده سڕکەرەکان ئەوە حەڵاڵی دەکرد. تەنانەت کۆکایین و هیرۆیینیش کە زۆر ژەهراوین، چونکە دەقێک لەسەریان نەهاتووە، بێگومان هەر نەشدەبوو ئەو شتانە حەرام بکرێت، چونکە لە سەردەم و ژینگەی پێغەمبەرایەتیدا ئەو مادە سڕکەرانە نەبوون[37]، بەڵکو دوورنییە گەر ئێستا ئیبن حەزم زیندوو بوایە هەر کەسێك مادە هۆشبەرەکانی بەحەرام بزانیبایە تاوانباری بکردایە بەوەی درۆ بە دەم خوداوە دەکات، بەڵکو تەکفیریشی دەکرد، چونکە ئەو ڕێگەی بەخۆی دەدا نەك هەر شتەکان ناوبنێت -هەرچەند لای خۆی ناونانی شتەکان کاری خودایە- بەڵکو تەنانەت ماناکان لە لەفزەکانیان وەربگێڕێت، چونکە عەرەب سیفەتی «مخدرات» بەو کەنیزەکانە دەڵێت کە لەناو (خدر)دان، واتە ناو پەردە[38].

بەهەرحاڵ؛ پێدەچێت ئیبن حەزم خەیاڵی بۆ ئەوە نەچووبێت کە ڕۆژێک دێت شتێکی تر دادێت حوکمی حەلاڵ و حەرامی بوێت، چونکە لە دونیابینییەکی چەقبستووی واوە دەڕوانییە ژیان، کە پێشبینی نەدەکرد دونیا لەوە زیاتر بێت کە هەیە. ئیتر دونیا لەوە زیاتر پێشناکەوێت و گۆرانی بەسەردا نایەت، ئەو گۆرانکاریەی دوایی زانایانی مێژوو ناویدەنێن (دابرانی نوێگەری -مۆدێرنە-). ئەوەی کە دەڵێین بەلای ئیبن حەزمەوە دونیا

پێگەیشتوە و ئیدی ئەوە دوا پەرەسەندنی ژیانە و ناگۆڕێت و ئیتر دونیا پێویستی بە شەرعدانانی تازە نییە، ئەوە ئیبن حەزم لە دوو تێزدا باسی دەکات، یەکەمیان دەڵێت (هەمووو شتێک لە سەرەتای درووستبوونەوە جێگیربووە لەسەر ئەوەی کە هەیە) (الاحكام، ج، لا470)، دووەمیشیان ئەوەیە کە ئیدی شەریعەتیش جێگیر بووە، چونکە شەریعەت نەبوو، دواجار خودا ناردی، ئیتر جێگیرە، چونکە خودا (لەو کاتەی دونیای ئەفراندوە شەریعەت دوای شەریعە دێت و ئەوی تر دەسڕێتەوە)، دواجار ئایینی تەواوکرد بەپێی ئایەتی (اليوم أكملت لكم دينكم)[39]. لەگەڵ ئەم جێگیربوونەی مەخلووقات و شەریعەتیشدا ئیدی مرۆڤ (مافی ئەوەی نییە شەریعەتێکی نوێ بێنێتە دی بە عەقڵی خۆی)، چونکە (ئایین تەواوە، ئیدی کەس ناتوانێت زیاد و کەمی تێدا بکات، هەرکەسیش رێگە بە زیاد و کەمکردن بدات ئەوە کوفری کردوە)[40] (ج6، لا295- 296).

تێزی سێیەمیش کە ئیبن حەزم دەیلکێنێت بەو دوو تێزەی پێشووترەوە، ناویدەنێت (قووڵبوونەوەی حکومی دەق)، بێ ئەوەی حساب بۆ گۆڕانی کات و شوێن بکات، ئەو تێزەش دژ بەوانە دادەڕێژێت کە دەڵێن ئەگەری ئەوە هەیە حوکمی دەق لە سەردەمێکدا بگۆڕێت یان بەتاڵبێتەوە، وەرچەرخانی (ئەو شتەی حوکمی لەسەر دراوە بارەکەی بگۆڕێت یان شوێن و زەمانی بگۆڕێت). ئەو تێڕوانینە چەقبستووەی ئیبن حەزم لێوەی دەڕوانێت، لێرەدا زۆر بە ئاشکرا دەردەکەوێت، کاتێک دەڵێت (ئەگەر گوترا: بەڵگە چیە لەسەر ئەوەی کە حکوم لە شوێن و سەردەمدا نەگۆڕە؟ دەڵێین: بەڵگەمان ئەوەیە کە هەموو کافر و موسوڵمانێک دەزانێت پێغەمبەر ئەو ئایینەی هێناوە و دوا ئایینیشە، ئەو ئایینەیش فەرزە لەسەر هەموو کەسێک تا رۆژی قیامەت لە هەموو زەویدا، کەواتە گۆڕانی سەردەم بێمانایە، هەروەها گۆڕانی کات و بارودۆخ، ئەوەی جێگیربووە هەر جێگیرە و لە هەموو کات و شوێن و بارێکدا... تا رۆژی قیامەت)[41] (ج5، لا7).

بەم شێوەیە دەبینین ئیبن حەزم عەقڵ زیندانی دەکات، نەك عەقڵی خاوەن سەروەری، بەڵکو تەنانەت عەقڵ لە نزمترین پلەکانی کارکردنیدا، کە تەنیا عەقڵێکی ئیجتیهادییە و لەژێر فەرمانی دەقدا هەڵدەسووڕێت. بەم شێوەیە دەڵێین ئیبن حەزم لە تۆڕێک و چوارچێوەیەکی تەواو داخراودا عەقڵ دیل دەکات، کە پەنجەرەکانیشی بە شووشەی سێ

چین داپۆشراون. چینی یەکەمیان: پراوپڕی دەقە لەگەڵ ڕووداوەکان، چینی دووەم: دەق هەموو پێشهاتەکانی داهاتووش لەخۆدەگرێت. چینی سێیەم: حوکمەکەشی تا قیامەت دەکشێت.

بێجگە لە عەقڵ، تەنانەت دەقیشی زیندانکردووە **لە بیابانی نامێژووودا** (صحراء اللاتاريخ)، کاتێک وا گریمانە دەکات کە دەق لە بەردێکی جەلموود هەڵکەنراوە و کاریگەریی سەردەم کاری تێناکات و لەگەڵ سەردەمدا کارلێك ناکات و لەگەڵ داهاتە نوێیەکاندا مامەڵە ناکات، بەڵکو ئیبن حەزم هەر لە ڕەگەوە باوەڕی بە پەرەسەندن نییە لە مێژوودا، چونکە لەگەڵ (تەواوێتی- کمال)ی دەقدا، مێژووش ئیتر تەواوبووە و وەستاوە، ئیدی ڕەوتی مێژوو دیاریکراوە تا ڕۆژی قیامەت.

لەبەرئەوە پاش ئەوەی دەرگای قیاس و ئیجتیهاد بۆ هەتاهەتایە دادەخات، ئینجا زۆر بە یەقینەوە حکومی کوفر دەدات بەسەر هەر کەسێکدا کە حکومێکی تازە دەربکات، یان هەر فیقهناسێک ڕێگە بدات بە داهێنانی حوکمێکی نوێ. ئەوەتا دەڵێت؛ (داهێنانی حوکم... ئەوەی بە شیاوی بزانێت کافرە، وەک جولەکە و گاور سەیردەکرێت، فەرزە لەسەر موسوڵمان ئەو کەسە بکوژێت کە بەلایەوە ئاساییە شتێکی وابکرێت بێئەوەی ئەو کەسە کافرە داوای تەوبەی لێبکرێت، تەنانەت گەر تەوبەشی کرد لێی وەرناگیرێت، دەبێت ماڵەکەشی بدرێت بە موسوڵمانان، چونکە دینەکەی گۆڕیوە) (الاحكام، ج8، لا265).

## بۆچی ئیبن حەزم هۆکار ڕەتدەکاتەوە؟

ئیبن حەزم بەوە واز ناهێنیت پێوەرکاری ڕەتبکاتەوە، ئەمە جگە لە ڕەتکردنەوەی بەباشزانین و بەرژەوەندکاری (استصلاح) و بەڵگەهێنانەوە (استدلال) بە بەڵگەی گوتار «دلیل الخطاب»، بەڵکو بەرەنگاری بناغە ئەپستمۆلۆژییەکەشی دەبێتەوە، کە بریتیە لە هۆکارسازی، چونکە پێوەرکاری (قیاس) تەنیا «پێواندنی پێشهاتێکی بێدەق نییە بە دەقێکی هەبوو»، نابێت یەکەم بگێڕیتەوە بۆ دووەم و پێوەرکاری لەسەر بکەیت ئەگەر هۆکارەکانیان پێکەوە نەگونجاو بوون، جا گەران بە شوێن هۆکار (علة) خۆی کایەی کارکردنی عەقڵی پێوەرکارە، لەبەرئەوە هەندێکجار پێوەرکاری وەک هۆکارسازی (تعلیل) سەیردەکرێت. لەبەرئەوە فۆبیای

پێواندن لای ئیبن حەزم هەر دەبوو لێرەدا خۆی بەیان بکات، بەوەی پێکۆڵی رووخاندنی تیۆری بخاتەگەڕ بۆ رووخاندنی پرەنسیپی هۆکارسازی «التعليل». لەبەرئەوەیە ئیبن حەزم شەش بەشی لە کتێبی «الاحكام» تەرخان دەکات بۆ پوچکردنەوەی هۆکارسازی، بە ناوی (باب ابطال القول بالعلل في جميع احكام الدين)، ئەوەش پاش دەروازی پوچکرنەوەی پێوەرکاری لە ئەحکامی ئاییندا «باب ابطال القياس في احكام الدين» دێت.

ئیبن حەزم بە خستنەرووی مەزهەبی ئەهلی هۆکارسازی (تعليل)، ئەم دەروازەیە دەکاتەوە و ناویان دەنێت (قسەزلەکانی سەردەم)، ئەو دەڵێت: (هەندێکیان دەڵێن: هەرکاتێک خودا فەرمووی شتێکم کردۆتە هۆکار بۆ حکومێك، ئیتر لە هەر شوێنێک ئەو هۆکارە هەبێت هەمان حکوم دەبێت، وەک ئەوەی پێغەمبەر لەبارەی رۆنێکەوە کە مشکی تێبکەوێت دەفەرموێت: «ئەگەر رۆنەکە شل بوو نزیکی مەکەونەوە»، دەڵێن شلێتی هۆکارێکە بۆ ئەوەی نزیکی نەکەوین، کەواتە لەهەرشوێنێک شلەمەنی هەبوو پیسی تێکەوت نابێت نزیکی بکەوین» (ج8، لا546).

هەرچەند ئیبن حەزم بەتەواوی هەڵوێستی نەیارەکانی ناخاتەروو، بەڵام ئەو نموونەیەی لەسەر زاری ئەوان دەیهێنێت، کە بریتییە لەوەی مشکێک بکەوێتە ناو رۆنێکی شلەوە، دەشێ وەک خاڵی دەرچوون بۆ چۆنیەتی بەڵگەهێنانەوەی ئیبن حەزم لە رەتکردنەوەی هۆکار دایبنێین. پاش ئەوەی نموونەی مشکەکە دێنێتەوە، خۆی دەڵێت (ابو محەمەد دەڵێت: سليمان وا ناڵێت) [42]، هیچ یەکێك لە هاورایەکانی ئێمەش واناڵێن، بەڵکو ئەوە قسەی کەسانێکە کە قسەیان لێوەرناگیرێت. (ئەبو سولەیمان) و هاوڕێکانی دەڵێن: خودا هیچ شتێک ناکات لەبەر هیچ هۆکارێك، ئەگەر خودا دەقی لەسەر شتێک دابەزاند کە ئەو شتە بە هۆکاری ئەو شتەوەیە، ئەوە ئێمە دەزانین خودا ئەو شتەی لەبەر ئەو هۆکارە کردووە، بەڵام تەنیا لەو شوێنانەی دەقی لەسەر هاتووە[43]. بەڵام ئەو هۆکارانە هیچ شتێکی تر واجب ناکات بێجگە لەو شوێنە، ئەبو محەمەد دەڵێت: ئێمە بەمە دینداری دەکەین، یەقینیشمان وایە کە ئەوە لای خوداوەیە) (ج8، لا546).

لەسەر ئەم بنەمایە و بەگەرانەوە بۆ مەسەلەی مشکەکە «پێغەمبەر فەرمانیکردوە بە رشتنی رۆنی شل کە مشکی تێبکەوێت»، کەواتە رشتن تەنیا بەوە واجب دەبێت کە

(رۆنێک بێت و مشکێکی تێدا تۆپیبێت، ئیتر ئەوە بۆ غەیری رۆنێک نابێت کە مشکی تێدا تۆپیبێت، عەقڵیش هەروا لە شتەکان تێدەگات) (ج7، لا469).

بە دەربڕینێکی دیکە، فەرمان بە رشتنی رۆنێك کە مشکی تێکەوتبێت، بەسەر هیچ جۆرە شلەمەنییەکی تردا جێبەجێناکرێت، هەروەها بەسەرهیچ شتێکی تر بێ لە مشک پیادەناکرێت. تەنانەت ئەگەر مشکەکە بکەوێتە زەیتی شلەوە ئەو فەرمودەیە نایگرێتەوە، ئەگەر جرجیش -کە لەمشک زۆر قێزەونترە- بکەوێتە رۆنی شلەوە هەر ئەو فەرمودەیە نایگرێتەوە، بە قسەی ئیبن حەزم خۆی، (فەرمان بە رشتنی رۆنی شل کاتێک مشکی تێدا دەتۆپێت) تێپەڕناکات بۆ (رۆنی رەق و زەیت و سەگ و جرج و ...هتد) (ج8، لا570).

نمونەیەکی تر لەوانەی ئیبن حەزم دەیهێنێت بۆ ئەوەی پێمان بڵێت ناشێت حکوم بەسەر شتێکدا بدرێت بە پێوەری حوکمێکی تر، هەرچەند وادەربکەوێت کە هەردووکیان یەک هۆکاری ئەو حکومەیان هەیە. بە گوێرەی فەرمودەیەک کە دراوەتە پاڵ پێغەمبەر، ئەگەر سەگێك دەمی خستە ناو دەفرێکەوە، پێویستە حەوت جار بشۆرێتەوە. لەسەر بنەمای ئەم فەرمودەیەوە شافیعی و مالیک وتویانە ئەگەر بەرازیش دەمی خستە دەفرێکەوە پێویستە حەوت جار بشۆرێتەوە، هەرچەندە بەراز بە دەقی قورئان لە سەگ پیسترە. کەچی ئیبن حەزم نکوڵی دەکات لەوەی دەفر حەوت جار بشۆرێت ئەگەر بەرازێک دەمی تێخست، چونکە خودا یان پێغەمبەرەکەی بە هۆکارێکەوە نەهی ناکات لە شتێک، هۆکاری شۆردنەوەی دەفرەکە گڵاوی سەگ نییە، بەڵکو هۆکارەکە (علة) تەنیا فەرمانە خوداییەکەیە، خۆ ئەگەر فەرمانی نەکردبایە بە شۆردنەوە ئەوە شۆردنەوە پێویست نەدەبوو. جا مادەم تەنیا لە حاڵەتی دەم تێخستنی سەگدا فەرمانی بە شۆردنەوە کردوە، کەواتە نابێت ئەو حوکمە لەوە زیاتر بکشێنرێت، یان رابکێشرێت بەسەر شتەکانی تردا کە دەقیان لەسەر نەهاتووە، وەک ئیبن حەزم دەڵێت.

لەوەش زیاتر هەر بەپێیی رێسای دەقگەرایی رەها (ئیبن حەزم) دەڵێت: (هەرشتێك کاتێک خودا دەیکاتە هۆکارێك بۆ حوکمێك لە شوێنێك، ئەوە تەنیا لەو شتەدا دەبێتە هۆکار نەک لە شتی تردا)... (بەڵکو هۆکارەکان تەنیا بەوە بوونەتە هۆکار، کە خودا کردوونی بە هۆکار، نابێت لەو شوێنانە تێپەڕبکات کە خودا دەقی لەسەر ناردوە) (ج8، لا556، 563). لەم روانگەیەوە ئیبن حەزم ئەوە رەتدەکاتەوە کە تەنانەت بۆ پیسکردنی ئاوی وەستا و پیسایی

لەسەر بنەمای میز بپێوێت. لێرەوە دەبینین بە نەیارەکانی دەڵێت کە نابێت فەرمانی پێغەمبەر تێپەڕێنن کاتێک دەڵێت پێویستە ڕۆنی شل بڕژێنرێت کاتێک مشکی تێبکەوێت، نابێت تێیپەڕێنن بۆ (سەگ و جرج و زەیت و ڕۆنی ڕەق)، بەهەمان شێوە دەبینین دیسان دەڵێت نابێت فەرمانی پێغەمبەر تێپەڕێنن کاتێک دەڵێت (کەسێک کە لە ئاوی وەستاودا میزیکرد نابێت دەستنوێژ بەو ئاوە بگیرێت)، نابێت ئەمە تێپەڕێنرێت و بەهەمان شێوە بڵێین (ئەگەر پیسایی توندیشی تێکرد نابێت دەستنوێژی لێبگرێت)[44] (ج8، لا570).

بەهەرحاڵ ئەم شێوە جیاوازییانەی وایان لە (ئیبن حەزم) کردووە سواری ئەو سەختیانە بێت، وەک وابەستەبوون بە مەزهەبی دەقگەراییەوە، ئاسان دەبوو گەر تەنیا گرفتەکە لەو پرسە لاوەکیانەدا بووایە و کاری لەسەر ئاستی یاسادانان (تشریع) نەکردبایە.

لە بەرامبەریشدا وابەستەبوونی (ئیبن حەزم) بەو مەزهەبە ناوگەراییەوە کە پێوەرکاری بە حەرام دەزانێت، دەیکێشێت بۆ شتی لەوە مەترسیدارتر، وەک ئەوەی کاتێک باسی مەسەلەی زەکات دەکات زیاتر لە 200 لاپەڕەی لە کتێبی «المحلی» بۆ تەرخان دەکات. ئەو بە پەیڕەوکردنی مەزهەبەکەی خۆی لە نکۆڵیکردن لە بنەمای هۆکار (التعلیل)، هیچ ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی لە فەرزکردنی زەکات نابینێت و هیچ بەهایەکی بۆ دانانێت، کە وەک لەم سەردەمەدا دەڵێین ئامانجی زەکات بۆ کەمکردنەوەی جیاوازیی چینایەتییە، هەرچەند ئەو ئامانجە لە دەقی قورئان خۆی دوور نییە بە بەڵگەی ئایەتی (6) لە سورەتی (الحشر): (كي لايكون دولة بين الاغنياء منكم)، بەڵکو وا باسی زەکات دەکات کە تەنیا حکومێکە خودا داویەتی، دەشکرا خودا فەرمانی پێنەکات یان فەرمانی بە پێچەوانەوەکەی بکردبایە.

کاتێک زەکات لە ئامانجە کۆمەڵایەتیەکەی دادەڕنێت، بەگوێرەی مەزهەبە ناوگەراییەکەی کە دەڵێت (ئەحکامەکانی ئایین بە گوێرەی ناو هاتوون)... (ئەگەر ناوەکان جیاوازبوون ناشێت حوکمێك کە بەناوی شتێکەوە هاتوە بسەپێنرێت بەسەر شتێکدا کە ئەو ناوەی تێدا نەهاتوە) (المحلی، ج2، مەسەلەی 641). ئیبن حەزم بەگوێرەی هەندێك فەرمودە کە وەریگرتوە و هەندێکی تر کە ڕەتیکردوونەوەتەوە دەڵێت: (زەکات تەنیا لەسەر 8 جۆر شت دەبێت: زێڕ، زیو، گەنم، جۆ، خورما، حوشتر، ڕەشەوڵاخ، مەڕ،

بزن) هەر بەوەندەش وازناهێنێت بەڵكو ئەو جۆرانەش باس دەكات كە زەكاتیان لێناكەوێت (هیچ بەروبوومێكی تر و كشتوكاڵێكی تر، كانزاكان، بەرزەوڵاخ، كۆیلە و كەنیزەك، هەنگوین، ماڵی بازرگانی زەكاتیان لێناكەوێت) (المحلی، ج2، دوو مەسەلەی 640و641)، پاشان درێژەی زیاتری پێدەدات و دەڵێت: چەڵتوك، گەنمەشامی، تووتن، پاقلەمەنی، نۆک، ترێ، زەیتوون، زەیت، چەوری، هەر بەروبوومێكی تر بە هەموو جۆرەكانیەوە زەكاتیان لێناكەوێ. هەروەها سەوزە، تەڕە، مس، ئاسن، قەسدیر، خشڵ، مرواری، زوبرجەد، یاقووت، بەردی بەهادار و هتد...)، پاشان دەڵێت (نابێت زەكات لەو ماڵە بسەنرێت كە بازرگانانی موسوڵمان بازرگانی تێدا دەكەن) (المحلی، ج2، مەسەلەكانی ژمارە 641- 700).

قورس نییە بزانین بۆچی ئیبن حەزم بەئاسانی كەرتی بازرگانی و پیشەگەری و بەشی زۆری كشتیاری دووردەخاتەوە لە زەكات، لەكاتێكدا ئەو شتانە لە سەردەمی ئیسلامدا وەك باج وەرگرتن وابوون لەم سەردەمەدا، ئەو تەنیا 8 جۆر شت بەوە دەزانێت كە زەكاتیان لێوەردەگیرێت، چونكە لای ئیبن حەزم زەكات هیچ شتێكی عەقڵانی تێدا نییە، بەڵكو تەنیا دەقەكە فەرزیكردوە، خۆ ئەگەر دەق فەرزی نەكردبایە ئەوە كەس بۆی نەبوو فەرزی بكات، جا لەبەرئەوەی دەق تەنیا زەكاتی لەو هەشت جۆرەدا فەرزكردوە، كەواتە ناشێت لەو جۆرانەی تردا فەرزبكرێت كە هاوشێوەی ئەو هەشت جۆرەن. هەرچەند ئیبن حەزم دەزانێت مەسەلەی زەكات نەدان بۆتە هۆكاری یەكەمی جەنگی گەورەی ناوخۆیی لە ئیسلامدا، واتە (جەنگی هەڵگەراوەكان)، بەڵام مەزهەبە ناوگەرایەكەی (الاسمیة) ناچاریكردووە ئەم بابەتە گرنگەش وەك مەسەلەی مشكی ناو ڕۆنەكە بپێوێت: هەروەك چۆن ڕەتیكردەوە حوكمی مشكەكە بكشێنێت بۆ ئەوەی جۆرەكانی تر وەک جرج و سەگ و شتی تر بگرێتەوە، یان غەیری ڕۆنی شل بگرێتەوە، بە هەمان شێوە ڕەتیدەكاتەوە حوكمی گەنم و جۆ بە پێوەركاری تەنانەت برنجیش بگرێتەوە. هەروەها ڕەتیكردۆتەوە كە حوكمی زێڕ و زیو بەسەر مرواری و یاقووت و خشڵەكانی تردا بكشێنرێت، چەندیش بەنرخ بن.

كەواتە بێ دەقێكی ڕاشكاو نە فەرزكردن هەیە و نە هیچ، لەم بارەیەوە شتە گەورەكان و بچووكەكانیش وەک یەكن.

بەبێ دەق هیچ ئامانجێک هەرچەندە عەقڵیش پێویستی بکات هەر ناتوانرێت فەرز بکرێت ئەگەر چارەنووسی مرۆڤایەتیشی پێوە بەسترابێت، بەپێچەوانەی ئیبن خەلدونەوە لە دیدگای ئیبن عەزمدا شتێك نییە پێی بگوترێت ئاوەدانی، بەڵکو ئاوەدانی تەنیا ئاوەدانیی دەقە، جا لەبەرئەوەی دەقیش خودایییە، کەواتە هەموو حوکمەکانی دەق زۆر کاریە، هەرچییەکیش دەقی لەسەر نەهاتبێت هیچ ئیلزامێکی تێدا نییە. چ لەسەر ئاستی مێژووی نەتەوەکان و ئوممەتەکان، چ لەسەر ئاستی تاکەکان و مرۆڤەکان. هەروەها لەسەر ئاستی رووداو و پێشهاتە زۆر بچووکەکانیش کە ئیبن حەزم چەندین لاپەڕەی لەسەر رەشکردۆتەوە. وەک مشکێک کاتێک دەکەوێتە ناو رۆنی شلەوە یان کاتێک سەگێک دەم دەخاتە ناو قاپێکەوە یان کەسێک میز دەکاتە ناو ئاوێکی مەنگەوە.

لەراستیشدا ئەو ناکۆکییانە کە تا ئاستی سەفسەتەیی و پوچگەرایی دەکشێن، لای ئیبن حەزم زۆرن. بەتایبەتی لەو شوێنانەدا کە باسی پەکخستنی هۆکارسازی (تعطيل التعليل) دەکرێت، کە پێوەرکارەکان باسیدەکەن. هەرچەند ئیبن حەزم لەم هەموو مشتومڕەدا دەگاتە ئەوەی کە (پێوەرکاری بە دەق و بەڵگەی عەقڵ پوچ دەبێتەوە) (المحلی، ج1، مەسەلەی 100)، هەرچەندە هیچ کەسێک پێش ئیبن حەزم لە مێژووی فیقهـ و فیکریشدا نەیتوانیوە بەو شێوەیە تیۆریزەی ئەوە بکات کە عەقڵ ناتوانێت دەستبخاتە ناو کاری دەقەوە، نە بە هۆکارسازیی نە وەک لێهەڵێنجان (استنباط)، وەک ئەوەی ئیبن حەزم کردویەتی، کەچی هیچ بەلایەوە قورس نییە کاتێک دێت و رکابەرەکانی لە ئەهلی پێوەرکاری بەوە تاوانبار دەکات کە بەڵگە عەقڵیەکانیان پەکخستوە. دەڵێت (پاش سۆفستاییەکان کەسێکمان نەبینیوە حوکمی عەقڵ پەکبخات وەك پێوەردۆستەکان (اصحاب القياس)، ئەوان بەناوی عەقڵەوە شتێک دەڵێن کە عەقڵ خۆی پەی پێنەبردوە، بەوەی هەرشتێک بە شەریعەت حەرامکرا، دەبێت بەو هۆیەوە شتێکی تریش حەرام بکرێت، کە لە جۆری ئەو شتە نییە و خوداش بە دەقێك حەرامی نەکردوە. عەقڵ هەرگیز شتێک حەرام و حەڵاڵ ناکات تەنیا دوای هاتنی دەق نەبێت، لای عەقڵیش هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان بەراز و مەڕدا، ئەگەر خودا یەکیانی حەرام نەکردبایە و ئەوی تریانی حەڵاڵ نەکردبایە (الاحکامج7، لا475).

ئێستا با لەسەر دوا نموونەی ئیبن حەزم راوەستین، سەبارەت بە حەرامکردنی بەراز و حەڵاڵکردنی مەڕوماڵات، چونکە لەم قسەیەدا هەندێک رەوایی هەیە، بەمانای عەقڵپەسەندی دەق (معقولية النص)، نەك عەقڵپەسندی عەقڵ. بەو مانایەی لە دەقەوە عەقڵپەسەندی دەپێویت نەک لە عەقڵ خۆیەوە، بەو پێیەی عەقڵ بەڵگەکانی خۆی لە دەقەوە وەردەگرێت نەك لە خۆیەوە[45].

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە عەقڵیش عەقڵپەسندیی سەربەخۆی نییە، بەڵام عەقڵپەسندییەکی سنووردارە، وەک ئەوەی ئیبن حەزم دابەشیدەکات بە «**سروشتی مرۆڤ بۆ شەریعەت**». (سروشتی مرۆڤ بە عەقڵ دەناسرێت)، بەڵام (شەریعەت بە دەق دەناسرێت، عەقڵ ناتوانێت شتێک حەرام بکات یان شتێک فەرز بکات، تەنیا پاش هاتنی دەق نەبێت) (ج7، لا 470). ئیبن حەزم لە رووی شەریعەتەوە هۆکارسازی رەتدەکاتەوە نەك لەرووی سروشتی مرۆڤەوە، ئەو جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی (خودا بە هۆکار حوکم دەرناکات بەهیچ شێوەیەك) (هۆکارەکان هەموویان بەتاڵن لە ئاست کردەوە و حوکمەکانی خودا)[46](ج8، لا546- 566). جا لەبەرئەوەی خودا بە هۆکار ئیش ناکات و (کردەوەکانی خودا پرسیاری لەسەر ناکرێت) (ج8، لا565)، لەبەرئەوە ئیبن حەزم دەڵێت (شیکردنەوەی کردەوەکانی خودا بە هۆکار، تاوانە)، هەروەها (پێوەرکاری و هۆکاردانان بۆ ئەحکام، ئایینی شەیتانە و پێچەوانەی ئایینی خودایە) (ج8، لا574). بەڵکو لەوەش زیاتر سەبارەت بە رەتکردنەوەی هۆکارسازی لە کارەکانی خودادا دەڕوات، تەنانەت بەشێکی کتێبەکە بەناوی (خودا دانایە نەك بۆ هۆکارێك)، پاشان لەوەش زیاتر دەڕوات و دەڵێت (ئێمە خودامان لەرێگەی بەڵگەوە ناو نەناوە «الحكيم»، نە عەقڵیش وا پێویستی کردووە کە خودا حەکیم بێت، بەڵکو تەنیا لەبەرئەوەیە کە خۆی ناوناوە «الحكيم»، ئەویش ناوی دیارە «اسم علم»ـە بۆ خودا نەك ناوێکی داتاشراو بێت «اسم مشتق») (ج8، لا583).

بەڵام ئەو سەربەخۆییەی ئیبن حەزم بە عەقڵی رەوا دەبینێت تەنیا دانپێدانانێکی سەرزارەکییە و کردارەکی نییە، ئەو دان بەوەدا نانێت کە (ئیشی عەقڵ ناسینی شتەکان بێت وەك خۆی)، بەڵکو دوای ئەوە دەڵێت (ئەو قسەیە باش دەبێت ئەگەر مەبەست لەوە بێت بەڵگە بۆ ئەفرێنەری شتەکان بێنێتەوە)، یان دەڵێت (عەقڵ گەر ئایین پشتیوانی

نەکات بێکەڵک دەبێت) [47]، ئەو پێناسی عەقڵ بەوە دەکات کە بریتیە لە (تێگەیشتن لە خودا)،هەرچەندە ئیبن حەزم ئەو پێناسە بۆ عەقڵ لەسەر ئاستی شەریعەت باس دەکات، نەك لەسەر ئاستی سروشتی مرۆڤ، بەڵام ئەو هەمیشە حوکمی شەریعەتیش دەدات بەسەر سروشتی مرۆڤدا. ئەوەش لەوێوە دەبینین کە بەراورد دەکات لە نێوان ئەو نموونە فیقهیانەی هێناونی سەبارەت بە بەراز و بەران، مشک و رۆن، میزکردن لە ئاوی مەنگدا.

لە نمونەی یەکەمدا وا دەدەرکەوێت کە ئیبن حەزم خۆی گیردەکات لەناو حوکمی شەریعەتدا نەك لە سروشتی مرۆڤدا، هەر ئەوەشە جۆرێک لە عەقڵپەسەندیی دەدات بە تێزەکەی سەبارەت بە ناعەقڵانیبوونی حوکمی حەڵاڵکردن و حەرامکردن، چونکە لە سروشتدا هیچ شتێک نییە حکومی پاکیی گۆشتی مەڕ بدات و گۆشتی بەراز بە پیس بزانێت. بەڵام بابزانین لە دوو نموونەکەی تردا چۆن حوکمی شەریعەت دەدات بەسەر سروشتدا.

چونکە کاتێک مەبدەئی هۆکارسازی رەتدەکاتەوە ئیدی ناتوانێت لەوە تێبگات کە لەو دوو نموونەیەی تردا هۆی قەدەغەکردن و فەرمانپێکردن چییە، بەڵکو تەنانەت ناشتوانێت لە گوتراوی دەقەکەش (منطوق النص) تێبگات.

چونکە کاتێک فەرمانکردن بە رشتنی رۆن کە لە شەریعەتدا هیچ عەقڵپەسەندییەکی نییە، کەچی تەواو عەقڵپەسەند دەبێت کاتێک مشکێکی تێدەکەوێت لەرووی سروشتی مرۆڤەوە، فەرمانکردن بە رشتنی رۆن لە خۆوە نییە، کەواتە بێ هۆکاریش نییە کە دەرژێنرێت، وەک ئیبن حەزم دەیەوێت پێمان بڵێت، بەڵکو هەر بەپێی هەمان دەق مەرجی رشتنەکە ئەوەیە کە رۆنەکە شل بێت، خۆ ئەگەر رۆنەکە توند بێت ئەوە پێویست ناکات هەموو رۆنەکە بڕێژرێت، بەڵکو هێندە بەسە کە توێژی سەرەوەی رۆنەکە بکرێنرێت و فرێبدرێت، بەڵام کاتێک مشکەکە کەوتە ناو رۆنێکی شلەوە لەو کاتەدا دەبێت هەموو رۆنەکە بڕێژرێت.

ئەوەی لەبارەی رۆنی شلەوە وتمان بەسەر مەسەلەی میزکردن لە ئاوی مەنگیشدا راست دەردەچێت. لێرەدا دەبینین تەنها لەکاتێکدا نەهیکراوە لە دەستنوێژگرتن لە ئاودا کە ئەو ئاوە مەنگ بێت و لەبەری نەڕوات. ئەو حکومەی شەریعەتیش بەپێی واقیع

و سروشت راست دەردەچێت، چونکە ئەگەر ئاو لەبەری بڕوات ئەوە پیس نابێت و ڕۆیشتنەکە پاکی دەکاتەوە. ئەوەش ئەو خاڵە بوو کە ئیبن حەزم دەیتوانی تێبگات ئەگەر دەمارگیری بۆ ڕەتکردنەوەی هۆکارسازی نەبووایە، لەکاتێکدا ئیبن حەزم لە ڕاستیدا زۆر تێگەیشتوبوو، بەڵام ئەو تۆقەی کردبوویە گەردنی خۆی هەموو شتێکی لێتێکدابوو.

بەهەرحاڵ ئیبن حەزم زۆر پەڕگیری دەکات لە ڕەتکردنەوەی هۆکارسازیدا، تەنانەت لەو حوکمانەشدا کە هۆکارەکەیان لەناو دەقدا باسکراوە، کە دەبوو ئیبن حەزم بەراشکاوی وەریان بگرێت بە گوێرەی خۆ پابەندکردنی بە ڕواڵەتی دەقەوە. وەک ئەو لێکدانەوەیەی بۆ فەرمودەی (کل خمر مسکر. الخمر مسکر الخمر حرام) دەیکات [48].

ئەم فەرمودەیە لەفزەکەی پێمان دەڵێت کە هۆکاری حەرامکردنی مەی ئەوەیە کە سەرخۆشکەرە. کەچی دەبینین ئیبن حەزم چەندین پەڕە دەنووسێت تا بیسەلمێنێت کە هۆکاری حەرامکردنی مەی بریتینییە لە سەرخۆشی، بەڵکو لای ئیبن حەزم مەی بۆیە حەرامە چونکە حەرامکراوە نەك لەبەرئەوەی سەرخۆشکەرە، بەڵگەشی ئەوەیە کە مەی بەردەوام سەرخۆشکەر بووە، کەچی لەسەرەتادا حەرام نەبووە، چونکە (گەورە هاوەڵانیش مەییان نۆشیوە پێشکەشی پێغەمبەریش کراوە و ئەسحابە زیاتر لە 13 ساڵ موسوڵمانیش بوون و مەیخۆرەوەش بوون). ئیتر ئەوانەی دەڵێن خودا عەرەقی حەرامکردوە لەبەرئەوەی مرۆڤ مەست دەکات ئەوانە گێلن. چونکە عەلی دەڵێت (مرۆڤ کاتێک مەی نۆشی سەرخۆش دەبێت، کاتێکیش سەرخۆش بوو، دەبزرکێنێت)، کەچی ئیبن حەزم دەڵێت (مەرج نییە هەرچی مەی نۆشی مەست بێت، هەرچی مەستیش بوو مەرج نییە ببزرکێنێت، بەڵکو زۆر کەس لەو کاتەدا بێدەنگ دەبن، بەڵکو هەندێکیان زیکر دەکەن و دەگرین) (ج4، لا454). کەسانی تریش هەن دەڵێن مەی بۆیە حەرامکراوە، چونکە زیانی زیاترە لە سوودی، بەڵام ئیبن حەزم دەڵێت (ئەمە دەستدرێژیکردنە بۆ سەر مافی خودا، ئەم قسەیە مانای وایە خودا لە قومار و مەیدا دوو شت هاتوتە ڕێگەی یەکێکیان باش و ئەوی تریان خراپ، پاشان خراپییەکەی زاڵکردوە بەسەر باشییەکەدا، ئەوە کرۆکی قسەی ئەو کەسانەیە کە وادەڵێن. لەکاتێکدا ساتێك پێش حەرامکردنیان حەڵاڵ بوون. ئیدی قسەی ئەو گێلانە لەکوێیە کە دەڵێن خودا لەبەر خراپییان حەرامیکردوون) (ج7، لا482).

بەم جۆرە دەبینین ئیبن حەزم تەنانەت لە بنەماکانی دەقگەراییەکەی خۆیشی دەردەچێت بەهۆی فۆبیای هۆکارسازییەوە، ئەسڵەن گوتەی (حەرامکردن) لە ئایەتەکەدا نەهاتووە، ئەگەر (ئیبن حەزم) بێجگە لە دەق هیچ مەرجەعێکی تری نییە ئەی چۆن ڕێگەی بەخۆی داوە کە بڵێت مەی حەرامکراوە بەپێی ئەو ئایەتە؟ ئایا لێرەدا کاری بە (ڕێنوێنی گوتار- دليل الخطاب) کردووە، کە خۆی زۆر بەتوندی لە شوێنی تردا نکۆڵییان لێدەکات. دەقی ئایەتەکە باسی تەحریم ناکات، بەڵکو تەنیا هاوسەنگی لەنێوان سوود و زیاندا دەکات، یەکەم بەسەر یەکەمدا زاڵدەکات، لەبەرئەوە تەنیا ئامۆژگاری پرسیارکەرەکان دەکات کە لێی دوورکەونەوە.

لەوانەیە بگوترێت ئیبن حەزم دەگەڕێتەوە بۆ گوتراوێکی تر -کە بەڵێ هەر بەراستی گەراوەتەوە بۆی-، کە بریتییە لە ئایەتی (90) لە سورەتی (المائدة)، (ياأيها الذين امنوا انما الخمر والميسر والانصاب والازلام رجس من عمل الشيطان فاجتنبوه). بێگومان لێدورکەوتنەوە بەرزترە لەوەی تەنیا وازلێهێنان بێت، بەڵام نزمترە لە حەرامکردن. خۆ ئەگەر شتەکان بەپێی گوتراوەکان وەربگرین وەک ئەوەی ئیبن حەزم دەیکات. ئەوە دەبێت بڵێین حەرامکردنی شتێکە تەنیا بەوە دەبێت کە لە دەقەکەدا بەراشکاوی وشەی حەرامکردن هاتبێت، وەک لە ئایەتەکانی تری حەرامکردندا هاتووە، وەک ئایەتی سێیەم لە سورەتی المائدة (حرمت عليكم الميتة والدم... وأن تستقسموا بالازلام)[49].

ئیبن حەزم لە زۆر شوێندا کاتێک مەزهەبە رواڵەتگەراکەی دادەڕێژێت دەڵێت (ئەو کەسەی ناوەکانی ئەفراندوە هەر ئەویش ئادەم و نەوەکانی فێرکردوە، هەر ئەویش لە شوێنی خۆیاندا دایاندەنێت و ئەو مانایانەیان دەداتێ کە دەچنەوە سەر وشەکان، لەبەرئەوە (سوودی هەر زاراوەیەک ئەوەیە کە مل بدەین بۆ ماناکەی و حکومکردن بەو مانایە، دان بەوەدا بنێین کە ئەو مانایە لای خوداوە هاتوە) (ج7، لا332). لەبەرئەوەش کە (زمان وەقفێکی خوداییە) و (زاراوەکان بۆ ئەوە دانراون کە دەربڕی ئەو شتە بێت کە زمان مەبەستێتی)، (بۆ ئەوەی هەر زاراوەیەک ئەو مانایەمان بداتێ کە وابەسەتەیە پێوەی). هەربۆیە هەرکەسێك لە ماناکەی خۆی لایبدات، ئەوە مانای وایە هەموو راستیەکانی پووچکردۆتەوە) (ج1، ص32، 57). جا لەبەرئەوەی کەس بۆی نییە مانایەک

بۆ هەر زاراوەیەک بە ئارەزووی خۆی دابتاشێت. یان شتەکان بە ویستی خۆی ناوبنێت و (بەدەربێت لەو ناوەی کە لە زمانی یەکەمدا پێی دوێنراوین)، لەبەرئەوەی ئەو گوتارەش کە بۆ ئێمە هاتوە گوتارێکی خوداییە لەسەر زاری خۆیەوە لە قورئاندا و لەسەر زاری پێغەمبەرەکەیەوە لە فەرمودەدا هاتووە، بۆیە هەرکەسێک بیەوێت تەحەکوم بە زمانەوە بکات وەک ئەوە وایە بیەوێت تەحەکوم بە ئایینەوە بکات. لەبەرئەوە لە دیدی ئیبن حەزمدا ئەو کەسە تاوانێکی گەورەی کردوە و دەبێت بێ داواکردنی تەوبە لێی بکوژرێت. دەڵێت: (ئەوەمان زانیوە لە زماندا هەر ناوێك بۆ ناولێنراوێک دانراوە، گەنم ناو نانرێت هەنجیر، خوێ ناو نانرێت مێوژ، خورما نابێت بە برنج. کاتێک زمان هەر ناوێک لەسەر ناولێنراوێک جێگیر دەکات، ئەوە دەزانین هەرکاتێک قورئان ناوێکی لە شتێک نا، ئیتر نابێت ئەو ناوە دابڕدرێت بەسەر شتێکی تردا، تەنیا ئەو مانایە نەبێت کە قورئان مەبەستیەتی، نابێت لەو شوێنە بیجوڵێنین کە لێی دانراوە، نابێت هیچ شتێکیش کە دەکەوێتە ناو چوارچێوەی ئەو حوکمەوە لێی دەربکرێت، زیادکردن لەمانا زیادکردنە لە ئایین، کەمکردنی ماناش کەمکردنە لە ئایین) (ج8، لا502- 503).

لێرەدا پرسیارەکە ئەمەیە: چۆن (ئیبن حەزم) رێگەی بەخۆی داوە کە لە گوتراوی ئایەتی (90) لە سورەتی (المائدة) دەربچێت ماناکەی لە (اجتناب- لێدوورکەوتنەوە) بگۆڕێت بۆ (حەرامکردن – تحریم). خۆ ئەم دەقە دەقێکی لێکچوو (متشابە) نییە، بەڵکو دەقێکی موحکەمە و هیچ ئاڵۆزییەکی تێدا نییە بۆ لێتێگەیشتن.

ئەم دەرچوونە لە مەزهەبەکەی خۆی لە شوێنی تریشدا دێتە بەرچاومان، کاتێک ئەم فەرمودەیە لێکدەداتەوە (کل مسکر خمر، و کل خمر حرام)، لێرەدا ئیبن حەزم هیچ گومان لەوە ناکات کە دەشێت ئەم فەرمودەیە هەڵبەستراو بێت و هەندێک لە زانایان وەک پێوەرکاری دایاننابێت، بە لۆژیکی گشتگیر دایانڕشتووە نەك لۆژیکی بابەتی، ئەوەش پێچەوانەی ئەو فەرمودانەیە کە لەسەر زاری پێغەمبەرەوە گێڕدراونەتەوە، لێرەشدا مەبەستیان لەوە بووە کە هەرچی بیانوویەک هەیە بیبڕن سەبارەت بە مەی نۆشین، چونکە ئایەتی (90) سورەتی (المائدة) بە کراوەیی دەرگای بۆ ئەگەرەکان جیهێشتوە[50]. پاشان ئیبن حەزم هیچ نایەت بە خەیاڵیدا بپرسێت باشە ئەم فەرمودەیە بۆچی وشەی

حەرام بەکاردێنێت لەکاتێکدا لە ئایەتەکاندا ئەو وشەیە بۆ مەی بەکار نەهاتوە[51]. پاشان ئەم فەرمودەیە جۆرە لێکچوونێک (ترادف) لەنێوان مەی و سەرخۆشیدا دێنێتەئاراوە کە لە سەردەمی پێغەمبەردا نەبوو، لێرەدا وەسف و وەسفکراو (الصفة والموصوف) دەکات بە یەك، هەروەها (عرض) دەکاتە (جوهر)، ئەگەر بە زمانی ئەرستۆیی بدوێین لە لۆژیکدا، ئەگەر راستبێت مەی ئینسان سەرخۆشدەکات، بەڵام مەرج نییە هەموو سەرخۆشکەرێك مەی بێت، خۆ شتی تر زۆرن کە سەرخۆشت دەکەن و مەی نین، کاتێکیش مەی ناو نراوە «خمر» مەبەست لە ترشانەکەیەتی، نەک سەرخۆشکردن، ئێستاش زۆر مەی دروستدەکرێت، بەڵام بە ترشاندن نییە، بەڵکو بە دڵۆپاندن دروستدەکرێت بێ ئەوەی بترشێنرێت، لەبەرئەوە ناچێتە بەشی «خمر»ـەوە، هەرچەندە لە سیفەتی مەستکردندا یەکدەگرنەوە [52].

لەم سیاقەدا ئیبن حەزم کاتێک ئەوە رەتدەکاتەوە کە ئەحکام هۆکاریان هەبێ -لێرەدا هۆکاری مەی سەرخۆشبوونە- لەبەرئەوەی لە سەردەمی پێغەمبەردا وشەی (علة)، نەبووە و کەس نەیبیستوە بەو مانا فیقهیەی پاشان پەیدابووە. دەڵێت (مەسەلەی هۆکار (علة) کە پێوەرسازەکان (قیاسیین) بانگەشەی بۆ دەکەن، یەقینمان هەیە کە هیچ کام لە هاوەڵان و شوێنکەوتوان باسیان نەکردوە، بەڵکو لە سەردەمی شافیعییەوە پەیدابووە، پاشان قوتابیەکانی (ئەبو حەنیفە) شوێن پێیان هەڵگرتوون، دوای ئەوانیش قوتابییەکانی مالیک لاساییان کردوونەتەوە، ئەمە شتێکە هەموومان دەیزانین، بەڵام لە سەردەمی یەکەمدا هیچ شتێکی راست یان لاواز و هەڵبەستراومان بۆ نەهاتوە باس لە هۆکارسازی بکات، یان هۆکاری حوکمێک بێنێت و بیکاتە پێوەر بۆ دەرکێشانی حوکمێکی تر، لەبەرئەوەی هەمان هۆکار کۆیاندەکاتەوە. واتە شتێک دەقی لەسەر نەهاتبێت) (ج7، لا422). کەچی لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئیبن حەزم بێ هیچ دوودڵییەک فەرمودەیەک وەردەگرێت کە هەر دارشتنەکەی دیارە دروستکراوی زانایانی دواییە، بەتایبەت ئەوانەی باوەڕیان بەهۆ و هۆکار هەیە. ئەو لە کاتی دەمەتەقێ لەگەڵیاندا سەبارەت بە پێواندنی (نبیذ) لەسەر مەی (خمر)، دەڵێت: (بەڵام پێواندنی هۆکار (قیاس العلة) لەبەرئەوەی (نبیذ) لەسەر مەی دەپێورێت، ئەوە تەنیا درۆیەکی گەورەیە بەدەم خوداوە دەکرێت، ئەوەتا پێغەمبەر

دەفەرموێت: کل مسکر خمر، وکل خمر حرام. لێرەدا پێغەمبەر لەنێوان سەرخۆشکردن و مەیدا یەکسانی دروستکردووە، ئیتر باسی ترێ و هەنجیر و خورما و هەنگوینی نەکردوە، لێرەدا مەی ترێ و مەی هەنجیر جیاوازییان نییە، لێرەوە دەبینی قسەکەی ئەوان ناراستە) (ج8، لا 480- 481) [53].

لەکاتێکدا ئیبن حەزم خۆی نابینا دەکات لە ئاست هۆکارسازی (علة) ئەو فەرمودەیە کە وەسف دەکاتە ئەسڵ و وەسفکراو دەکاتە لق، دەبینین (سەرخۆشبوون) دەکاتە ئەسڵ و (مەی) دەکاتە لق، جۆرە لێکچواندنێک دروستدەکات کە زمانی عەرەبی قبوڵیناکات، لەنێوان (مسکر) و (خمر)دا، خۆی لەوەش نەبان دەکات کە زۆر سەرخۆشکەر هەیە سیفەتی (خمرية)ی بەسەردا ناچەسپێت، پاشان زیاتر رۆدەچێت و ناوی مەی (خمر) بەسەر هەندێک خواردنەوەدا دەبڕێت کە لەو سەردەمەدا وانەبوە، هەندێکیان هەر لە سەردەمی پێغەمبەردا نەبوون، وەک (مەی) دروستکراو لە هەنجیر، کە لە ئەندەلوسدا هەبوە [54].

بەڵا لەراستیدا ئیبن حەزم هەرچەند بە مەزهەبی رواڵەتگەرایی ناوگەرایی ناسراوە، تەنانە تەکفیری ئەوانەشی کردوە کە ناونراوەکان بە غەیری ناوی خۆیانەوە دەنێن، یان ماناکان لە زاراوەکان دەگۆڕن، کەچی لەگەڵ زماندا خۆشی وەک فیقهناسێك مامەڵە دەکات، نەك وەک زمانەوانێك، بەڵکو رێگەی بەخۆیداوە لە فەرهەنگی زمانی عەرەبی دەربچێت و تەواو پێچەوانەی رێساکانی زمان و ناونان بجوڵێتەوە، لەپێناوی جوانکردنی مەزهەبە رواڵەتگەراکەیدا.

با لێرەدا بگەڕێینەوە بۆ دوو ناسراوترین فەرهەنگی زمانی عەرەبی، کەبریتین لە «الصحاح»ی (جوهري) و «لسان العرب»ی (ابن منظور)، کە دوو بەرهەمن لە کولتووری عەرەبیدا [55].

هەردوو فەرهەنگەکە ناوی (خمر) بە ترشاوی ترێ تایبەت دەکەن، دەڵێن (خمر) گوشراوی ترێیە کە مرۆڤ سەرخۆش دەکات، (فەیرۆز ئاباد)یش هەمان مانا بۆ (خمر) دێنێت. دەڵێت: (ئەسڵی «خمر» ئەوەیە کە لە ترێ دروستکرابێت، نەک لە هیچ بەروبوومێکی تر). هەردوو فەرهەنگەکەش ناوی «خمر» دەبەستنەوە بە پرۆسەی «ترشاندن»ـەوە، و قسەی

ئیبن عەرەبی لەم بوارەدا دەکەنە بەڵگە کە دەڵێت: (ناونراوە «خمر» چونکە دانراوە تا بەتەواوی ترشاوە، ترشانەکەشی بە تێکچوونی بۆنەکەیدا دەناسرێتەوە).

تەنانەت کاتێک هەردوو فەرهەنگەکە ئاماژە بە لێکچووەکانی «خمر» دەکەن، دیسان دەبینین هەر بەدەوری مانای ترێدا دەڵێت («سلاف»: ئەوەیە کە لە گووشراوی ترێ دێتە خوار. «صهباء»: بریتییە لە مەی (الخمر) لەبەر ڕەنگەکەی وا ناونراوە. «کمیت»: لە ناوەکانی مەیە لەبەرئەوەی ڕەنگەکەی لەنێوان ڕەش و سووردایە. «طلاء»: گوشراوی ترێیە کاتێک دەکوڵێنرێت، هەندێک عەرەب مەی ناو دەنێن «طلاء». «المعتقة»: مەی کەدەمێك بێت گوشرابێت، هەندێک جار بە مەی دەگوترێت «پیر»، چونکە دەمێکە دروستکراوە).

هەرچەندە پێش ئیبن حەزم، (ئەبو حەنیفە)ش بە هەمان شێوە ناوی «خمر»ی تێکەڵکردوە کاتێک دەڵێت دەشێ «خمر» لە دانەوێڵە دروستبکرێت[56]، بەڵام فەرهەنگناسێکی تر (ابن سیدە) قسەکەی (ئەبو حەنیفە) ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت (حەقیقەتی «خمر» تەنیا ئەوەیە لە ترێ بێت نەک لە شتێکی تر، عەرەب بە ترێ دەڵێت «خمر»، ئەوەش لەبەرئەوەیە کە «خمر» تەنیا لە ترێ بەرهەمدێت).

ئەو شەرابانەی تر کە مرۆڤ سەرخۆشدەکەن ناویان نانرێت «خمر»، بەڵکو هەر یەکەیان ناوی تایبەتی خۆیان هەیە، وەک «سکر» کە بریتیە لە گوشراوی خورما، یان «سقرقع» ئەوەش حەبەشییەکان لە گەنمەشامی دروستیان دەکرد، ئەو جۆرەیان لای عەرەب بە «الغبیراء» ناسراوە[57].

بەڵگەی ڕاستەوخۆی ئەوەش کە عەرەب لە سەردەمی پێغەمبەردا بەباشی ناوی شەرابەکانیان جیاکردۆتەوە و هەریەکەیان بەناوی خۆیەوە ناوناوە، نەک هەموو ناوبنێن «خمر»، ئەو گێرانەوەیەیە کە (جەوهەری) لە «الصحاح»دا لە ئیبن عومەرەوە هێناویەتی کە دەڵێت: (ئیبن عومەر دەڵێت: «بتع»: گوشراوی هەنگوینە. «جعة»: گوشراوی جۆیە. «میزر»: گوشراوی گەنمەشامییە. «سکر»: لە خورمایە. «خمر»: ترێیە) [58].

وادیارە فیقهناسە توندەکان و ئەوانەی پێش ئیبن حەزم هەستیان بە مەترسی دەلالەتی قسەکەی ئیبن عومەر کردووە بۆیە قسەیەکی تریان لەسەر زاری ئەو هەڵبەستووە کە دەڵێت هەموو ئەو شەرابانەی باسکراون لەو گێرانەوەیەدا جۆرەکانی «خمر»ن و حکومی حەرامیان بەسەردا دەچەسپێت. ئیبن حەزم گێرانەوەیەکی لەو شێوەیە دێنێت: «کاتێک

ئایەتی (خمر) دابەزی لە مەدینەدا پێنج جۆر شەراب هەبوون، بەهەموویان دەووترا (خمر)، یەکێک لەوانە (خەمری ترێ) بوو» [59].

لەراستیشدا شەڕە قسەیەکی گەورە لەنێوان توندڕەوەکان و شلڕەوەکاندا لەو بابەتەدا روویداوە بەتایبەتی هاوەڵانی ئەبو حەنیفە.

سەرمەزهەب بۆ ئەوە چووە کە (شەرابەکان هەموویان حەڵاڵن، چواریان نەبێت: گوشراوی ترێ، کوڵاوی میوە -ئەگەر دوو لەسەر سێی رۆشتبوو یەک لەسێی مابوو [60]- دڵۆپێنراوی خورما، مێووژ). بەهەمان شێوە (ئەبو یوسف) گەورە قوتابی (ئەبو حەنیفە) شەرابەکان هەمووی حەرام ناکات، مەگەر بۆ ماوەی 10 رۆژ ترشێنرابێت، تەنانەت ئەگەر 10 رۆژ زیاتریش ترشێنرابێتن هەر حەرامی ناکات، بەڵکو دەڵێت کەراهیەتی هەیە، و باسی حەرامبوونی ناکات، (هەر شەرابێك بەهۆی مانەوەی زیاتر بترشێت مەکروهە، پێم باش نییە بفرۆشرێت، ئەگەر 10 رۆژ و کەمتر بوو ئەوە ئاساییە بفرۆشرێت). قوتابی دووەمی ئەبو حەنیفە (محەمەد بن یوسف الشیباني) بە هەمان شێوە دەڵێت شەراب غەیری ترێ کەراهیەتە نەك حەرام، ئەو نەك شەرابی کۆنبوو، بەڵکو ئەو شەرابانەش کە زۆرەکەیان مرۆڤ سەرخۆشدەکات، کەمییەکەی بە حەرام نازانێت، (هەرشتێك زۆر خواردنەوەی سەرخۆشت بکات، کەمییەکەی کەراهیەتی هەیە نەك حەرام بێت).

تەنانەت پێش دەرکەوتنی مەزهەبی ئەبو حەنیفەش دەبینین (ابراهیم النخعي) حکومی حەرامبوون تەنیا لە گوشراوی ترێ و خورمادا دەدات (ئەگەر سەرخۆشکەر بوون)، ئیدی هەر شەرابێکی تر ئەگەر سەرخۆشکەریش بێت بەلای ئەوەوە حەرام نییە.

تەنانەت لە هەندێک لە گەورە هاوەڵانی پێغەمبەر و شوێنکەوتوانیان راگوازراوە کە ئەوان شەرابی سەرخۆشکەریشیان خواردۆتەوە، وەک (عەبدوڵڵا کوڕی مەسعود) کە (لە گۆزەدا شەرابیان بۆ دروستدەکرد)، هەروەها (عبدالرحمان کوڕی ابو لیلی) کە (تەڵای خەست)ی دەخواردەوە. لە گێرانەوەیەکی دیکەدا هاتووە کە (ابن ابي لیلی) شەرابی گۆزەی دەخواردەوە پاش ئەوەی سارد دەبۆوە، تەنانەت کوڕەکەی عومەری کوڕی خەتاب (عبدالرحمان) لە غەیری (خمر-ترێ) ئالودەی شەراب بوو. جارێک هێندەی خواردبۆوە سەرخۆش ببوو، لەبەرئەوە داوای لە (عەمری کوڕی عاس) کردبوو کە داری حەدی لێبدا، بەڵام

لێدانەکە لەسەر خواردنەوەکەی نەبوو، بەڵکو لەبەرئەوە بوو کە سەرخۆش بووە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە داری حەد لە غەیری (خمر- ترێ) لەکاتێکدا دەبێت کە ئەو کەسە مەست بێت نەک تەنیا لەسەر خواردنەوە بێت، لەو بارەیەوە (شعبي) دەگێڕێتەوە: (پیاوێک بەهۆی تەڵاوە سەرخۆش بوو لەبەرئەوە عەلی لێیدا، پیاوەکە وتی: شتێکم خواردۆتەوە کە خۆتان حەلاڵتان کردوە. عەلی وتی: لەبەرئەوە لێمدای کە مەست بوویت). هەر لەوشێوەیە دەگێڕنەوە کە پیاوێک لە شەرابێکی عومەری خواردۆتەوە –لە جۆری (مزادة)- بەڵام سەرخۆش بووە، کاتێك هێناویانەتە لای عومەر، داری حەدی لێداوە، ئەو گوتبووی: لە موزادەکەی تۆم خواردۆتەوە، عومەر وتی: لەبەرئەوە لێتدەدەم کە سەرخۆش بوویت). ئەم هەواڵەیان دوو سەرەیە، دەبینین کابرا لە شتێکی خواردۆتەوە کە ماڵی عومەر بووە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە عومەر خۆیشی جۆرێك لە شەرابی خواردۆتەوە. لە راستیدا هەندێک گوتراوی تر لەسەر زاری پێغەمبەر خۆیشی دەگێڕنەوە کە رێگەی داوە بە خواردنەوە، بەڵام بێ مەستبوون، لەوانە فەرمودەیەکە لە رێگەی (سعيد کوڕی منصور)، کە پێغەمبەر فەرمویەتی: (شتێک بخۆنەوە کە بێعەقڵتان نەکات، ماڵەکانیشتان بەفیڕۆ نەبات). هەروەها لەرێگەی (ئیبن عەباس)ـەوە: (شەراب بخۆنەوە، بەڵام سەرخۆش مەبن). پاش ئەویش لەسەر زاری عومەری کوڕی خەتابەوە کە لە پێغەمبەری پرسیوە: (ئەو فەرمایشتە چیە؛ هەموو سەرخۆشکەرێک حەرامە؟ پێغەمبەر فەرمووی: بخۆرەوە گەر لە سەرخۆشیی ترسایت واز بێنە). هەروەها (ئەبوموسای ئەشعەری) دەڵێت پێغەمبەر فەرمووی (بخۆنەوە بەڵام سەرخۆش مەبن)، هەمان قسە لەسەر زاری عائیشە دەگێڕنەوە: (بخۆنەوە بەڵام سەرخۆش مەبن)، هەروەها لەسەر زاری حەسەن کوڕی عەلی: (بخۆرەوە هەرکاتێکیش ترسایت سەرخۆش بیت وازبێنە).

ئەم فەرمودە و ئاسەوارانە لەلایەن (ئیبن حەزم) خۆیەوە هێنراون لە «المحلی»دا، بەڵام ئەو بۆ ئەوە هێناونی کە تانەیان لێبدات، بەڵام رەتدانەوەکانی بەزۆری یان لێکدانەوەن، یان تانەدانە لە سەنەد و گێرانەوەکان. بۆ نموونە لەوەی (ئیبن مەسعود)دا دەڵێت ئەو کەسەی گێراویەتییەوە نەناسراوە، لەبارەی گێرانەوەکەی عەلییەوە دەڵێت ئەو کەسەی گێراویەتییەوە لاوازە، لەوەی عومەردا دیسان دەڵێت ئەوانەی گێراویانەتەوە نەناسراون، ئیتر هەموو ئەو گێرانەوانەی بەو شێوەیە هێناوە کە سەنەدەکانیان لاوازە [61].

بەڵام لەراستیدا ئەو جەختکردنەوەیەی ئیبن حەزم لەسەر سەنەدەکان بەپێی بەرژەوەندیی خۆیەتی، لەراستیشدا سەنەد تەنیا میکانیزمێکە دوای چەندین نەوە دارێژراوە بۆ هەڵسەنگاندنی چەندین نەوەی پێش خۆی، واتە سەدەکانی دواییە هەڵدەستن بە سەرلەنوێ دروستکردنەوەی سەدەکانی رابردوو، بێگومان تاکو سەردەمیش دووربکەویتەوە «گێرانەوەسازە هەموارکەرەوەکان» بازاڕیان باشتر دەبێت سەبارەت بەوانەی تانە لێدراون، هەموو دەرچەکانی (پچران)، (لاواز)، (نەناسراوی)، (هەڵبەستراو)، (تێهەڵکێشکردن)؛ ئەمانە هەمووی قوفڵیان لێدەدرێت و تەنیا ئەوانە دەمێننەوە کە لەو سەردەمەدا ئەهلی فەرمودە بە ئارەزووی خۆیان بەباشیان زانیوە [62].

بەهەرحاڵ دەتوانین بڵێین نەیارەکانی ئیبن حەزم لە گروپی هۆکارسازەکان، لە ئیبن حەزم زیاتر پەیوەستبوون بە مەزهەبە رواڵەتگەراکەیەوە، ئەوان ناوی (خمر) تەنیا بۆ شەرابی ترێ بەکاردێنن، وەک ئیبن حەزم دەڵێت (ئەوان جیاوازییان کردوە لە نێوان (خمر) و (مادە سەرخۆشکەرەکانی تر)دا، ئەوانی تریان بە (خمر) نەزانیوە، لەوەشدا مەبەستیان ئەوە بووە کە بڵێن تەنیا گوشراوی ترێ خەمرە، بەڵام ئیبن حەزم دێت و لەبەر چەند هۆیەکی فیقهی نەك زمانەوانی دەیەوێت بیسەلمێنێت کە ناوی (خمر) بۆ هەموو سەرخۆشکەرێک بەکاردێت، وەک (شەرابی هەنگوین، شەرابی جۆ، شەرابی گەنم، شەرابی گەنمەشامی) [63]. لەکاتێکدا ئیبن حەزم خۆی دەڵیت (حوکم لەسەر ناوەکان دەدرێت، ئەگەر ناوەکان نەبوون حوکمەکانیش کە لەسەر ئەو ناوانە هاتوون نامێنن) (المحلی، ج3، مەسەلەی 1099).

سەرەرای ئەمانەش دەبینین نەیارەکانی ئیبن حەزم لەو زیاتر وابەستە بوون بەوەی (لفظ و منطوق) هاوتا بکەن، ئەوانە هەرچەند دەڵێن هەموو سەرخۆشکەرێک حەرامە، بەڵام سنووری سەرخۆشبوونیان کردۆتە مەرجی حەرامبوون، کەچی دەبینین ئەو بەپێچەوانەوە دەڵێت هەر شتێك ناوی سەرخۆشکەری لێنرا، ئیدی کاریگەریی چەند بێت گرنگ نییە ئەوە هەر حەرامە، کاتێکیش پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی (هۆکار لە فەرمانەکانی خوادا رەچاو ناکرێت)، لەبەرئەوە بێ دوودڵی ئەوە رەتدەکاتەوە کە سەخۆشبوون هۆکاری حەرامێتی بێت) (الاحکام، ج8، لا568). مادەی سەرخۆشکەر لای ئیبن حەزم لەبەرئەوە حەرام نییە کە

مرۆڤ سەرخۆش دەکات، بەڵکو تەنیا لەبەرئەوە حەرامە کە خوا حەرامیکردووە بۆ هۆ. کاتێکیش خۆی دەبینێتەوە لەبەردەم چەند دەقێکی فەرموودە یان هەواڵدا کە نەیارەکان بەڵگەی پێ دێننەوە، چونکە دەلالەتی راشکاوی تێدایە لەسەر ئەوەی کە سەرخۆشبوون سنووری نێوان حەڵاڵ و حەرام دیاریدەکات، ئەو بێ دوودڵی دێت و ئەو گێڕانەوانە هەموو فڕێدەداتە ناو زبڵخانەی فەرامۆشکراوەوە. بەناوی لاواز وهەڵبەستراو. بۆ نموونە ئەو گێرانەوەیە دێنێت: (لە عومەریان گێراوەتەوە کە شەرابێکیان بۆ هێنا، بینی شەرابەکە توندە، ئەو رەتیکردەوە وتیان: ئایا حەرامە؟ وتی: نا، پاشان گێرایەوە و دووجار ئاوی تێکرد، وتی: ئەگەر ئەو شەرابانە قورس بوون بە ئاو روونیان بکەنەوە. لە رێگەیەکی ترەوە لە ئیبن عەباسەوە گێڕدراوەتەوە کە هەمان شتی لە پێغەمبەرەوە گێراوەتەوە، هەروەها لە ئیبن مەسعودیشەوە شتێکی وا گێڕدراوەتەوە کە پێغەمبەر فەرمویەتی: ئەگەر شەرابێک بەلاتانەوە قورس بوو ئەوە بە ئاو روونی بکەنەوە. بەڵام ئەو ئاسەوارانەی لە عومەرەوە گێڕدراونەتەوە کەسانی لاواز و نەناسراویان تێدایە) (المحلی، ج3، مەسەلەی 1099).

هەروەها گێرانەوەیەکی تر لە (زەیدی کوڕی عەلی) کە دەڵێت: (لە پێستەی دەم بەستراودا بخۆنەوە، ئەگەر خەستبوو بە ئاو روونی بکەنەوە، ئەگەر هەر سوودی نەبوو ئینجا بیڕێژن)، لێرەشدا تەنیا ئەوە دەڵێت کە زەید نەناسراوە[64]. بەهەمان شێوە هەموو ئەو ئاسەوارانەی لە عومەر و عائیشە و ئەبوبەکر و ئیبن مەسعودەوە هاتوون بە بیانووی لاوازیی رەتیاندەکاتەوە. وەك:

(لە سوفیانی سەوریەوە: «بني ثقيف» شەرابیان هێنا بۆ عومەر، کاتێک لە دەمی نزیککردەوە هەستیکرد خەستە، لەبەرئەوە ئاوی تێکرد، وتی: ئێوەش وابکەن)، ئەم ئاسەوارە مورسەلە[65]. هەروەها لە (وەهەب کوڕی مونەبەه): (مێوژمان هێنا و زۆر خەست گرتمانەوە، کاتێک بە عومەر گەیشتین مێوژەکە گەییبوو، واتە ترشابوو، ئێمە بە عومەرمان گوت کە شەرابەکە گەییوە، کاتێک تامیکرد زۆر توند بوو بەلایەوە، بۆیە ئاوی تێکرد، و ئینجا خواردییەوە. لێرەدا (ئیبن حەزم) دەڵێت کەس نازانێت وەهەب کێیە [66]، هەروەها لە (زوهری)ـەوە گێڕدراوەتەوە کە شەرابیان بۆ عومەر هێنا لە دۆڵکەیەکدا، کاتێک تامیکرد بەلایەوە خەستبوو، بۆیە وتی ئاوی تێبکەن). ئەمەش هەر مورسەلە

(المعلى، ج3، مەسەلەی 1099) [67]. کاتێک ئێمە ئەم نموونانە دێنینەوە لە سەر ئیبن حەزم کە بە ئارەزووی خۆی کەسە بەهێزەکان بە لاواز ناودەبات و متمانەپێکراوەکان دەکاتە بێمتمانە. ئەوە مانای ئەوە نییە ئێمە ئیمانمان بەم میکانیزمە هەیە، بەڵکو ئەو هەموو گێرانەوانەی ئیبن حەزم دەیانهێنێت و دەیانبات نابینین واقیعێکی کردارەکی هەبێت، بەڵکو پێمان وایە هەموو لە دروستکراوی سەردەمەکانی دواییە، لەلایەن زاناکانەوە [68].

ئەوە هەموو توندییەی ئیبن حەزم دەریدەبڕێت سەبارەت بە لاوازکردن و بەدرۆخستنەوەی ئەو فەرمودە و گێرانەوانەی لەو بارەوە هاتوون، تەنیا لەوێدایە کە نەیارەکانی دەیانەوێت پڕەنسیپی داکۆکی لە هۆکارسازی بکەن، لەکاتێکدا ئیبن حەزم دەیەوێت بیسەلمێنێت کە هۆکارسازی نییە لە شەرعدا. ئیبن حەزم دەیەوێت بیسەلمێنێت کە مەی خواردنەوە لەبەرئەوە نییە کە مرۆڤ سەرخۆش دەکات، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە دەقی لەسەرە، واتە هۆکار ڕۆڵ نابینێت لێرەدا.

لای ئیبن حەزم کاتێك مەی حەرامە تەنیا لەبەرئەوەیە کە ناوی مەیە، نەک لەبەرئەوە کەمرۆڤ سەرخۆش دەکات. جا ڕوونکردنەوەی سەرخۆشکەر بە ئاو هیچ لە ناوەکەی ناگۆڕێت. بینیمان چۆن ئیبن حەزم بەڵگە بەوە دێنێتەوە کە مەرج نییە ئەو کەسەی بخواتەوە سەرخۆش بێت، ئەوەی سەرخۆشیش بێت وڕێنەبکات، بەڵکو لەوانەیە بە خواردنەوە سۆزی ئایینیش بکات. تەنیا مەرجی ئیبن حەزم لێرەدا بۆ حەڵاڵبوون ئەوەیە کە ئەو مادەیە ناوەکەی گۆڕانی بەسەردا بێت، واتە لە ناوی (خمر- مەی) دەربچێت بۆ ناوێکی تر، ئەویش کاتێک دەبێت کە مەی دەبێتە سرکە، لێرەدا کە بووە سرکە ئیتر حەڵاڵ دەبێت. ئەوەش لەبەرئەوەنا کە سەرخۆشکردنی نەماوە، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە ناوەکەی گۆڕاوە لە مەیەوە بۆ سرکە. سرکەش بۆخۆی حەڵالە، چونکە پێغەمبەر فەرمویەتی (خۆشترین پێخۆر سرکەیە) [69].

کەواتە ئیبن حەزم تەنیا مەبەستی ئەوەیە کە هۆکارسازی (التعليل) ڕەتبکاتەوە، ئەو تەنانەت لە نزمترین ئاستیشدا هۆکارسازی قبوڵ نییە، وەک ئەوەی لە کولتووری دەقی پیرۆزدا دەبینرێت واتە شارستانیتی ئیسلام، کە بەلایەنی کەمەوە لە ڕواڵەتی دەقەوە دەگوزەرێت بۆ ناوەڕۆک، لە گوتراو تێدەپەڕێت بۆ چەمک، ئەوەش نزمترین ئاستی پێویستە بۆ پڕەنسیپی (هۆکارسازی دەلالەت - السببية الدلالية).

## نکۆڵیکردن لە هۆکارگەرێتیی مانادار (انکار السببیة الدلالیة)

کاتێک ئیبن حەزم نکۆڵی لە هەبوونی هۆکار دەکات بۆ حەرامکردنی شتێک، وەک لەوێدا بینیمان کە نکۆڵی دەکات لەوەی هۆکاری سەرخۆشکردن لە پشت حەرامکردنی عەرەقەوە بێت، ئیتر سەیر نییە بەلامانەوە کاتێک نکۆڵی لە هەموو هۆیەك دەکات بۆ حەرام و حەڵاڵ، ئەو تەنانەت نکۆڵی لە شتێک دەکات پێی بگوترێت (مەبەستەکانی شەریعەت- مقاصد الشریعة), کە ئەساسی بنەماکانی فیقهە (اصول الفقه). یاخود با بڵێین سۆسیۆلۆژیای فیقهییە لە ئیسلامدا.

وەک بینیمان ئیبن حەزم پێی وایە (هۆکارەکان هەموی لە خودا داڕنراون) لە هەمان کاتیشدا (هۆکارەکان داڕنراون لە کردەوەکانی خودا و حکومەکانی) (الحکام، ج8، لا566). لەبەرئەوە خودا بە هۆکار ئیش ناکات، (کارەکانی خودا بە "بۆچی" بەڕێوەناچێت)، جا لەبەرئەوەی (بۆمان ڕەوا نییە بپرسین ئەمە بۆچی؟)، کەواتە هۆکارەکانی بەگشتی بەتاڵن) (ج8، ، لا565). بەڵکو لەوەش زیاتر ئیبن حەزم تەنانەت چەمکی هۆ لە بنەڕەتەوە لە ئەحکام هەڵدەگرێت، دەڵێت ڕاستە خودا لە هەندێك ئەحکامدا باسی هۆیەك دەکات، بەڵام ئەو هۆیە تەنیا بەندە بەو حکومە و تێناپەڕێت بۆ حکومێکی تر، هەرچەند لە هۆکاردا لێکەوە نزیک بن: (ئەو شتەی خودا دایناوە وەک هۆکار بۆ حکومێکی دیاریکراو، لە شوێنێکی دیاریکراودا، ئەوە تەنیا بۆ ئەو حکومە دەبێتە هۆکار و تێناپەڕێنێت بۆ شتێکی تر) (ج8، لا 566). کەواتە ئەگەر خودا و پێغەمبەر ئاماژەیان بەوە کرد کە فڵانە شت هۆکارە بۆ فڵانە حوکم ئەوە تەنیا لەبەرئەوەیە کە خودا ئەو شتەی کردۆتە هۆکار بۆ ئەو حوکمە لەو شوێنانەدا کە دەقی لەسەر هاتووە، بەڵام هەمان ئەو هۆکارانە نابنە بیانوو بۆ دەرکردنی هەمان حوکم لە غەیری ئەو بابەتەدا کە ئەو حوکمەی لەسەر هاتووە بە دەق. (ئەبو محەمەد) دەڵێت (ئەوە ئەو ئایینەیە کە ئێمە ئیمانمان پێیەتی و یەقینیشمان هەیە کە لەلایەن خوداوە هاتووە و حەقە) (ج8، لا546).

ئیبن حەزم نکۆڵی لەوە ناکات کە هۆکار لە شتە سروشتییەکاندا هەیە، وەک ئەوەی ئاگر دەبێتە هۆی سووتاندن، بەفر دەبێتە هۆی ساردکردنەوە، بەڵام ئەوە لە ئەحکامی ئایینىدا وانییە، بەڵکو لەوە دوورتر دەڕوات و دەڵێت (هەر کەسێک بپرسێت خودا ئەو شتەی

بۆچی کردوە بە هۆکاری ئەم حوکمە و نەیکردۆتە هۆکار بۆ ئەو حوکمەی تر کە وەک ئەوە؟ ئەو کەسە بەم پرسیارە تاوانێکی کردوە، ئیلحادی لە ئاییندا ئەنجامداوە، پێچەوانەی فەرمانی خودا بووە کە دەڵێت "لایسأل عما یفعل") (الاحکام، ج8 لا 565- 566).

کەواتە تەنانەت کاتێک دەقەکە هۆکارەکەش باسدەکات، ئەمە هەر رێگەمان پێنادات کە هۆکارسازی بکەینە بنەمای یاساکان، چونکە هۆ خۆی مەخلوقێکی خودایە، ئەگەر خودا بیویستبایە هەر باسی نەدەکرد، خودا خۆی دەفەرموێت (خودا خۆی چی بوێت وادەکات، کەس ناتوانێت لەسەر حوکمەکانی ئەو قسە بکات، نە بە هۆ نە بە مەبەست) (الاحکام، ج8، لا 567).

بەم شێوەیە ئیبن حەزم دەگاتە ئەو خاڵەی هەر کەسێک بەدرۆدەخاتەوە کە هۆکار دادەنێت بۆ کارەکانی خودا یان دەڵێت (خودا شەریعەت لە بەرژەوەندی بەندەکانی دادەڕێژێت)، ئەو دەگاتە ئەو خاڵەی کە دەشێت خودا فەرمان بە شتێك بکات کە لای ئێمە شتێکی خراپە، لەبەرئەوە دەڵێت: (ئەوە پوچە کە دەڵێن خودا هەر شتێک بکات بۆ بەرژەوەندی بەندەکانی دەیکات، بەڵکو ئەو شتێک دەکات بۆ چاککردنی ئەوەی خۆی دەیەوێت، یان خراپکردنی ئەوەی خۆی دەیەوێت، یان رێنماییکردنی ئەوەی خۆی دەیەوێت رێنمایی بکات، یان گومراکردنی ئەوەی خۆی دەیەوێت گومرای بکات، بەڵکو خودا خۆی چی بووێت ئەوە دەکات (لا یسأل عما یفعل)، کەچی هۆکارسازەکان هەمیشە لە خودا دەپرسن تۆ ئەمەت بۆچی کردوە؟ وەک ئەوەی ئەو ئایەتەیان نەخوێندبێتەوە) (ج8، لا584).

لێرەدا ئایا مافی خۆمان نییە بپرسین هەرگیز درۆ بە دەم (ئیبن حەزم)ـەوە هێندە نەکراوە وەک ئەوەی محەمەد عابد ئەلجابری درۆی بە دەمەوە کردووە، کاتێک دەیەوێت بیکاتە پێشڕەوی عەقڵگەرایی بەڵگەداری (مەغریبی) و ناعەقڵگەرایی عیرفانی (خۆرهەڵاتی)، کاتێک دەڵێت (ئیبن حەزم مومارەسەی تیۆری بەرزکردۆتەوە بۆ ئاستی مومارەسەی عەلمانی بەڵگەداری، لە جیاتی ئەوەی داوای مانا لە وشەکان بکات، لەجیاتی ئەوەی نکۆڵی لە هۆسازی بکات یان شیاوی بداتێ، و مەبەستەکانی شەریعەت پشتگوێبخات، ئەو دێت و داوا دەکات کە دەسەڵاتی مەعریفی ئەڵتەرناتیڤ بگێڕنەوە بۆ

عەقڵ بەتەنها) (چەمکی زانستی ئەڵتەرناتیف دێنێت تاکو عەقڵ رزگاربکات لە دەسەڵاتی وشە و دەسەڵاتی دەق)، لەپێش هەمووشیانەوە چەمکی مەبەستەکانی شەریعەت کە دەڵێت (شەریعەت دانراوە بۆ بەرژەوەندی بەندەکان لە دنیا و قیامەتدا)، یان چەمکی هۆکار کە دەڵێت (هۆکار و ئەنجام پێکەوە گرێدراون)، ئەو پرەنسیپەش بنەمای بنەماکانی (دامەزرێنەری بیرکردنەوەی زانستیی ئەمڕۆیە) [70].

لەراستیدا هیچ کەسێک وەک ئیبن حەزم دەسەڵاتی دەقی نەچەسپاندووە، هیچ کەسێکییش وەک ئەو عەقڵی زەلیل نەکردووە لەبەردەمی دەقدا، جا قورئان بێت یان سوننەت، هیچ کەسێک وەک ئیبن حەزم نکۆڵی لە هۆسازی نەکردوە و کەلێنی نەخستۆتە نێوان هۆکار و ئەنجامەوە، وەک ئەوەی ئیبن حەزم کردویەتی. هیچ کەسێکیش وەک ئەو پرکێشی ئەوەی نەکردووە کە رێسای مەبەستەکانی شەریعەت هەڵوەشێنێتەوە کە بریتییە لە هێنانی چاکەکان و لابردنی خراپەکان (جلب المصالح و درء المفاسد).

لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە کاتێک دان بەوەدا دەنێین کە بیرکردنەوەی ئیبن حەزم رەسەن بووە لەبەرئەوەیە کە زۆر رۆچووە لەو عەقڵیەتەی خۆیدا تارادەیەك کە زاناکانی تر کتێبەکانیان سووتاندوە.

## بتاندنی دەق (تصنيم النص)

لێرەدا هەندێك لەگەڵ خاوەن پرۆژەری (نقد العقل العربي)دا رادەوەستین.

هەر لەو کۆنتێکستەدا، واتە کۆنتێکستی سەنتەرگەرایی (مەغریبی) ئاوێتەبوو لەگەڵ خوددا لەژێر ئاڵای عەقڵگەراییدا کە پێی وایە لەو کاتەشدا خۆرهەڵات هەر عەقڵی وازلێهێناوە، خاوەنی پرۆژەی رەخنەکردنی عەقڵی عەرەبی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پوختەی پرۆژەکەی ئیبن حەزم لە گۆشەی ئەپستمۆلۆژییەوە ئەوەبووە کە (باوەڕی بە گەردوونیبوونی عەقڵ و سەرکێشیەکانی عەقڵ هەبووە بۆ ئەوەی ببێتە تاکە دەسەڵاتی مەرجەعی لە هەموو بوارەکانی مەعریفەدا) (لا310).

ئەگەر بمانەوێت بەو شێوەیەی جابری باسی دەکات ئێمەش پشتگیری بکەین دەبێت یەک کار بکەین، ئەویش ئەوەیە دەبێت وشەی عەقڵ لە جێگەی وشەی دەق

دابنێین، چونکە وەك دەبینین سەرتاسەری پرۆژەی ئیبن حەزم بریتییە لەوەی دەسەڵاتی ڕەهای مەرجەعی بدات بە دەق، تا ئاستێك کە لە کاتی نەبوونی دەقدا ئیدی دەسەڵاتی مەرجەعیەت دەبێتە سفر و نامێنێت. بێجگە لەوەش ئەگەر مەزهەبی ئیبن حەزم بریتی نەبوایە لە قۆرخکردنی دەسەڵات بۆ دەق ئەوە هیچ مانایەک نەدەما بۆ مەزهەبەکەی ئیبن حەزم واتە (ڕواڵەتگەرایی- الظاهرية)، ئاخر گەر هەمو شتێک ڕەوانەی دەق نەکات ئیتر هیچ مانایەک نامێنێتەوە بۆ ناوی ڕواڵەتگەرایی. عەقڵیش ئەگەر تەنیا بریتیبێت لەوەی خەریک بێت بە ڕواڵەتی شتەکانەوە و وازی لە نهێنی شتەکان هێنا، یاخود وەک دەڵێین وازی لە پشکنینی ژێرخانی شتەکان هێنا ئیدی ئەوە عەقڵ نییە.

لەمەو پێش دەقێکی ئیبن حەزمان هێنا کە دەڵێت (ئەگەر دەق نەبێت ئەوە هەرچییەک عەقڵ و هەستەوەرەکان پەی پێ دەبەن هەڵە دەبێت) (الاحكام، ج5، لا99). هەروەها ئەو پەرەگرافەیمان ڕاگواست کە دەڵێت (عەقڵ بۆی نییە هیچ کایەیەکی هەبێت لە پرسی حەڵاڵ و حەرامدا، یان بەباشزانین و بەخراپ زانین) (الاحكام، ج1، لا56). هەروەها (شتەکان پێش هاتنی شەریعەت هیچ حوکمێکی سەرەتاییان لەسەر نیە) هەرکاتێکیش شەریعەت هات (ئیتر ئەرکی عەقڵ ئەوەیە کە ملکەچبێت بۆ ئەو فەرمانانەی لە شەریعەتدا هاتووە) (ج1، لا52- 56).

ئەوەی لێرەدا پێویستە بیڵێین ئەوەیە کە عەقڵ لای ئیبن حەزم خۆی لەخۆیدا خاوەن هیچ سەروەرییەک نییە سەرەرای ئەوەی ئەو لەژێر فەرمانی دەقدایە لەهەمان کاتدا مەرجەعی خۆشی بەدەست خۆی نییە، بەڵکو بەدەست خودایە، چونکە خودا ئەفراندویەتی و هەموو میکانیزمەکانی کارکردنی پێداوە و پشکی ڕەوایی بۆ داناوە و سنوورەکانی کارکردنی بۆ داڕشتووە، خۆ ئەگەر ئەفرێنەرەکەی بیویستبایە بە شێوەیەکی تر بیخوڵقاندبایە ئەوە دەیتوانی بە شێوەیەکی تر ئەرکەکانیشی بدات بەسەردا، لەو کاتەدا دەشیا عەقڵناپەسەندیی ئێستا عەقڵپەسەندیی ئەو کاتە بوایە و پێچەوانەکەشی ڕاست دەبوو. وەک ئیبن حەزم دەڵێت ئەو کاتە (بێعەقڵی) دەبووە (دانایی)، ئەو قسانە لە کاتێکدا دەکات کە لە دەقێکی درێژدا وەڵامی ئەوانە دەداتەوە کە پێیانوایە عەقڵ خۆی ئازادە، دەڵێت (عەقڵ شاهیدی ئەوە دەدات کە خودا ئەفرێنەریەتی، هەروەها شاهیدیی ئەوە

دەدات کە خودا تەنیا بووە لەسەرەتادا، هەر خودا خۆیشی شتەکانی پاش نەبوون ئەفراندوە، هەروەها عەقڵیشی ئەفراندوە لەکاتێکدا عەقڵ بوونی نەبووە و پلەبەندی کردوە[71]، خۆ ئەگەر خودا بیویستبایە عەقڵەکان بە شێوەیەکی تر دروستبکات ئەوە دەیتوانی، هەروەها دەیتوانی شتەکان بە شێوەیەکی تر رێکبخات، ئەوکاتە شتی تر دەبووە دانایی و رەوایی. ئەوەی ئێستا رەوایە ئەو کاتە نارەوا دەبوو) (الاحکام، ج4، لا476).

بێگومان ئێمە نکۆڵی لەوە ناکەین کە ئیبن حەزم هەندێک ئەرکی بۆ عەقڵ لە کایەی مەعریفیدا جێهێشتوە. بەڵام ئەو ئەرکە تەنیا لە ناسینی سروشتی شتەکانە نەك شەریعەت و یاسا. دەڵێت (ئەو کەسەی ناسینی سروشتی مرۆڤ -کە بەهەستەکان دەناسرێن- بشوبهێنێت بە شەریعەت کە تەنیا بە دەق دەناسرێت، چونکە نە عەقڵ و نە هەستەکان بۆیان نییە شتەکان حەرام و حەڵاڵ بکەن، تەنیا کاتێك نەبێت کە دەقێک لەسەری هاتبێت، ئەو کەسە بێئاگا و نەفامە) (الاحکام، ج 7، لا470).

ئەم دیدگا ئایینییە بو دونیا لە کتێبی «الاحکام في اصل الحکام» بە تەواوی دەردەکەوێت، عەقڵ لە پێشەکیی ئەم کتێبەدا چیتر عەقڵێکیی مەعریفی نییە، بەڵکو تەنیا عەقڵیکی مۆراڵییە، لە روانگەی ئەوەوە کە هێزێکە خودا دایڕشتووە لە مرۆڤدا بۆ ئەوەی (فەرمانبەرداری خودا بکات و لە راستی لانەدات و هەر ملنانێک بۆ نەفامی و ئارەزووبازی رەتبکاتەوە و ملنەدات بە دەمارگیری و نەفامی، هەرکەسێک شوێن رووناکی ئەو عەقڵە بکەوێت رزگاری دەبێت، هەرکەسێکیش لابدات لەو عەقڵە تیادەچێت و خەڵکیش تیادەبات) (الاحکام، ج1، لا9). بەڵکو تەنانەت مەنتیقیش لە ئەرکەکەی خۆی دادەڕنرێت کە لە ئەرکێکی مەعریفی و تیۆریەوە وەردەچەرخێت بۆ لۆژیکێکی مۆراڵی، چونکە لۆژیک دەبێتە هێزێک لەو هێزانەی خودا لە مرۆڤدا دایناوە، کە بریتییە لە «هێزی جیاکردنەوەی شتەکان کە پێشینان ناویان ناوە لۆژیک و خودا بە لۆژیک رێگەیەکی بۆ مرۆڤ داناوە تاکو لەو رێگەیەوە لە قسەی خودا تێبگات (ج1، لا8)[72].

هەر لەم جێڕەوتەدا بە ئایینکردنی هەموو شتێک دێت و پێشینەی رەها دەدات بە پرسە قیامەتیەکان، دەڵێت (ئێمە باوەڕمان وایە دونیا خانەی مانەوە نییە، بەڵکو خانەی تاقیکردنەوە و پەڕینەوەیە بۆ رۆژی دوایی، لەبەرئەوە ئەم دونیایە بە کەڵکی هیچ نایەت

تەنیا ئەوە نەبێت مرۆڤ فێری ئەو شتانە بێت کە خودا فەرمانی پێکردوە و خەڵکی نەزانیش فێربکات و بەو فەرمانانە کار بکات، ئیتر لەدوای ئەم فێربوون و فێرکردنە هەر شتێکی تر بکەیت لە خۆباییبوونە (غرور)، هەر شتێک دەروونە نەزانەکان حەزیان لێیەتی هەڵەیە، تەنیا شتێك نەبێت کە بەهۆیەوە فەرمانی خودا و پێغەمبەرەکەی جێبەجێ بکەیت) (الاحكام، ج1، لا11).

هەر لەم بارەیەوە ئیبن حەزم لە نامیلکەی «مراتب العلوم»دا زانستی شەریعەت دەکاتە پێشەنگی هەموو زانستەکان و زانستەکانی تر دەکاتە شوێنکەوتەی ئەو. تەنانەت سیفەتی زانست بە زانستێک ڕەوا نابینێت ئەگەر هاتوو ئەو زانستە بانگەشەی سەربەخۆبوون بکات و تەنیا هەوڵی بۆ ئەوە نەبوو کە (شتەکان وەک خۆی بناسێت) ئەوەش تەنیا بە مەبەستی ئەوەی لەو ڕێگەیەوە (بەدیهێنەری شتەکان بناسێت) دەڵێت (باشترین زانست ئەوەیە لە قیامەت دەربازت بکات، ئەگەر کەسێک خەریکی زانستی تر بوو زانستی شەریعەتی پشتگوێ خست، ئەوە ستەمی لە خۆی کردوە و نەیپێکاوە، چونکە شتە نزمەکانی بە باشتر زانیوە لە شتی بەهادار، ئەگەر بشگوترێت زانست بریتیە لە لۆژیک وژمارە وبەهۆیانەوە شتەکان دەزانین،دەڵێین ئەو قسەیە ڕاستە ، ئەگەر مەبەستمان لەزانست ئەوە بێت ئەفڕینەری شتەکان بدۆزینەوە، بەڵام ئەگەر مەبەست تەنیان نسینی مەوجود بێت وەک ئەوەی هەیە، ئەوە ئەو کەسە بەوە ناو دەبرێت کە خەریکی شتی بیهودەو پووچە نەك زانست)[(73)].

ئیتر لەو خاڵەوە کە ئیبن حەزم پێشینە دەدات بە شتە قیامەتییەکان، و دونیاییەکان بە بێنرخ سەیر دەکات، دەبێت هەر خەمی یەکەمی ئەوەبێت دەسەڵاتی دەق جێگیر بکات نەك مەرجەعیەتی عەقڵ -وەک ئەوەی جابری بەدەم ئەوەوە دروستیدەکات-، دەبێت هەر عەقڵ شوێنکەوتەی تەواوی دەق بێت لای کەسێک کە وەک ئیبن حەزم بیر دەکاتەوە، بەتایبەت سەبارەت بە شەریعەت و یاسادانان، ئەوەی ئەم شوێنکەوتەییەی چڕتر دەکاتەوە ئەوەیە کە لای ئیبن حەزم دەق نەك تەنها لەبەرئەوەی تا ئاستی بەبتکردن (بتاندن- تصنیم) پیرۆزە، بەڵکو تا ئاستی بە خوداکردنیش پیرۆزە، چونکە ئەوەی دەقەکەی وتوە هەر خودایە، جا ئەو دەقە ڕاستەوخۆ خودایی بێت یان لەسەر زاری پێغەمبەرەکەیەوە

بووبێت، یان هاوەڵان، یان شوێنکەوتوان بووبێت و لەوانەوە گێرابێتیەوە [74]. بێگومان هەرشتێک بووە قسەی خودا، ئیتر عەقڵ لەوێدا هیچ دەورێکی نامێنێت تەنیا ئەوە نەبێت «لەو دەقە تێبگات» (الاحکام، ج1، لا67). کاتێکیش عەقڵ تەنیا ئیشی ئەوەبێت «لە وتەکانی خودا تێبگات» (ج1، ل 31)، ئیتر چۆن خاوەنی کتێبی «تکوين العقل العربي» دەیەوێت قەناعەتمان پێ بێنێت کە ئیبن حەزم «عەقڵ وەک تاکە مەرجەع دادەنێت»!

ئەوەش کە خودا خۆی بێژەری دەقە، جا چ لەسەر زاری خۆیەوە بێت یان لەسەر زاری پێغەمبەرەکەیەوە بێت، یان تەنانەت ئەوانەش کە بەناوی پێغەمبەرەوە قسەیانکردوە، ئیدی داکۆکیکردن لەو تێزە مەترسیدارە سێ رەهەندیە پێویستی بەوە دەبێت کە ئیبن حەزم سێ گریمانەی تر وەک یەقین بچەسپێنێت:

**یەکەم:** لەسەر ئاستی نووسینەوەی قورئان. هەرچەند ئیبن حەزم لەسەر مەسەلەی نووسینەوەی قورئان کەمێک وەستاوە[75]، بەڵام ئەو راوەستانە بۆ ئەوە نەبووە وەڵامی ئەو پرسیارە سەرەتاییە بداتەوە کە دەڵێت: ئایا «قورئانی نووسراوە» هاوشێوەی «قورئانی گوتراوە» وەک ئەوەی دابەزیەوە، چونکە هاوشێوەبوونی کتومتی قورئانی نووسراو و قورئانی گوتراو، لای ئیبن حەزم و زانایانی تری ئیسلام بەڵگەنەویستە و پێویست ناکات باس بکرێت، بەڵام ئەوەی لای ئیبن حەزم هەیە و وتراوە، نەپێش ئەو و نە پاش ئەو کەسێکی تر قسەیەکی وای نەکردوە؛ ئەوەیە کە ئیبن حەزم دەڵێت: نووسینەوەی قورئان و کۆکردنەوە و رێکخستنی لەناو کتێبێکدا بەم شێوەیەی ئێستا لەبەردەستماندایە ئیشی خودا خۆیەتی، ئەم بۆچوونە سەرکێشانەیە کە ئیبن حەزم تاقانەیە تێیدا و هەموو ئەوەی لە کولتووری ئیسلامیدا هاتووە رەتدەکاتەوە کە دەگوترێت قورئان لە سەردەمی عوسماندا کۆکراوەتەوە و نووسراوەتەوە [76].

بەڵام (ئیبن حەزم) بۆ ئەوەی هەر ئەگەرێک لەبارەی جیاوازی نێوان قورئانی گوتراو و قورئانی نووسراو لەباربەرێت، نەوەک ئەو پرسیارە گومان بخاتە سەر رەگ و ریشەی خودایيانەی قورئان لەبەرئەوەی گێرانەوی پاشوەختی گوتارەکەیە، دەبینین بە دڵنیاییەوە دەڵێت (قورئان خودا کۆیکردۆتەوە و رێکیخستوە) (الاحکم، ج6، ص266)، بەڵکو زیاتر پێداگری دەکات و دەڵێت (کۆکردنەوەی قورئان وەک ئەوەی هەیە لە رێکخستنی پیتەکانی و وشەکانی و ئایەت و سورەتەکانی، تائە و کاتەی بەم شێوەیە رێکخراوە، هەمووی کاری خودا خۆیەتی) (ج4، لا552).

بۆ چەسپاندنی ئەم قسەیەشی پێویستی بە ڕوونکردنەوەیە، چونکە ڕایەکەی پێچەوانەی هەموو زانایانی ئیسلامیشە، ئیبن حەزم دەڵێت: قورئان بەشێوی تۆمارکراو لە سەردەمی پێغەمبەر خۆیدا تەواوبوو، بە تەواوی و بە هەموو پیتەکانیەوە تەنانەت شێوازی خوێندنەوەکانیشی، ئەوەی عوسمان کردی تەنیا لەبەر نووسینەوەی ئەو نوسخەیە بوو کە لە سەردەمی پێغەمبەردا هەبوو، ئەو تەنیا هات و چوار نوسخەی تری لەبەر ئەو مەسحەفەدا نووسیەوە و پەخشیکرد بەسەر وڵاتەکاندا. دەڵێت: (ئەوەی عوسمان کردی ئەوە بوو قورئانی هەموو کۆکردەوە وەک ئەوەی ڕێکخرابوو بێ هیچ زیاد و کەمێک یان گۆڕینێک، تەنانەت ئەو خوێندنەوانەش کە لە سەردەمی پێغەمبەردا هەبوون، هەروا مانەوە و هیچ شتێکی لێ کەمنەکرایەوە، نابێت کەم تا زۆریش هیچ شتێکی بشاردرێتەوە) [77] (الاحكام، ج4، لا480).

ئاشکرایە ئیبن حەزم دەیەوێت چی بڵێت لەم بابەتەدا، کاتێک دەرگای تۆمارکردنی قورئانی گوتراو دادەخات و دەیکاتە وەقفێک لەسەر خودا نەك هەوڵی مرۆڤ بوبێت، ئیتر لەئاست دەقێکی کۆتا و بەبتکراو کە خودا خۆی مۆری لێدابێت، هیچ شتێک ناگوترێت و ناکرێت، عەقڵ هیچ بژاردەیەکی نابێت، ئەو عەقڵەی کە خودا بەس بۆ ئەوە ئەفراندویەتی کە لە پەیامەکەی تێبگات، دەوری عەقڵ تەنیا هێندەیە کە شوێنکەوتەیەکی ملکەچی پەیامەکەبێت، بێ پرسیارکردن، بێ (چۆن؟) و (بۆچی؟). تەنیا بۆ ئەوەی مل بنێت بۆ ماناکانی قورئان بێئەوەی بتوانێت پرسیارێک بکات لە دەرەوەی دەق، تەنانەت نابێت دەلالەتەکانی ئایەتەکانیش ببەستێتەوە بە هۆکاری دابەزینی ئایەتەکانەوە، چونکە هۆکاری دابەزین (اسباب النزول)، هەوڵێکە بۆ بەمێژوویکردنی دەق.

بەڵام لەڕاستیدا ئەوەی ئیبن حەزم ڕەتیدەکاتەوە کاتێک باسی دەستتێوەردانی (تدخل) ڕاستەوخۆی خودا دەکات لە نووسینەوەی قورئاندا، تەنیا مێژووی قورئانی گوتراو (خطاب) نا -کە جگە لە چەند خۆرهەڵاتناسێک کەسی دیکە خۆی لە وەرەی نەداوە[78]- بەڵکو مێژووی قورئانی نووسرا (مصحف)یش ڕەتدەکاتەوە، هەرچەندە بابەتەکە لە کولتووری ئیسلامیدا بەشێکی زۆری داگیرکردوە، وەک کتێبی «كتاب المصاحف ابن ابى داودى سجستانى (327ک)»، تا دەگات بە (سیوطي) لە کتێبی «الاتقان في علوم القران» [79].

تێبینی دەکەین ئەوەی ئیبن حەزم لێی بێدەنگبووە و لە پرۆژەکەیدا باسی نەکردووە، تەنیا ئەوە نییە کە نکۆڵی لە ڕووداوی نووسینەوەی قورئان دەکات، بەڵکو نکۆڵی لە لەبەر نووسینەوەکەش دەکات، تەنانەت گەر واشی دابنێین نووسینەوەی یەکەم نوسخەی قورئان بە فەرمانی ڕاستەوخۆ و سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی خودا بێت، وەک ئیبن حەزم دەیەوێت تێمان بگەیەنێت، بەڵام خۆ لەبەرگرتنەوەی ئەو نوسخەیە و نووسینەوەی جارێکی تری قورئان کارێکی مرۆیی بووە، لەکاتێکدا هیچ کارێک کە مرۆڤ دەیکات دوور نییە لە کەموکوڕی، هەرچەندە ئەو کارە پیرۆزکراویش بێت، وەک نووسینەوەی «مصحف»، لەبەرئەوە بە دوور نازانرێت یەکێک لەوانەی قورئانیان نووسیوەتەوە لێی زیادکردبێت یان لێی کەم کردبیت [80]، یان بەلایەنی کەمەوە هەڵەیەکی کردبێت وەک ئەو ئایەتانەی ئەهلی قورئاننانسی دەڵێن (ئەوەی وێنەکەی سڕاوەتەوە و حوکمەکەی ماوە). ئەوەی کە ئیبن حەزم لە بیری خۆی دەباتەوە ئەوەیە کە لەبەر نووسینەوەش کارێکی مرۆییە و هەر لەبەرئەوەش تەواو بێدەنگ بووە لە ئاست ئەوەی لە کولتووری ئیسلامیدا بە (جیاوازی نێوان مەسحەفەکان ناسراوە)، ئەمە بێجگە لەو کتێبانەی باس لە جیاوازیی خوێندنەوەکانی قورئان دەکەن)، ئەو پرسەش لە سەردەمێکی زوودا دەرکەوتووە، ناسراوترین کتێب لەو بارەیەوە کتێبی «اختلاف مصاحف اهل المدینة واهل الكوفة وأهل البصرة»یە، کە نووسەرەکەی (كسائي)یە، هەروەها کتێبی «اختلاف اهل الكوفة والبصرة والشام في المصاحف»، کە (فەرائی بەغدادی) نووسیویەتی، هەروەها «اختلاف المصاحف»ی (خلف بن هشام)، کتێبی «اختلاف المصاحف و جامع القراءات»ی (مەدائینی)، «اختلاف المصاحف»ی (سجستانی)، ئەمە بێجگە لەو مەسحەفانەی بەناوی خاوەنەکانیانەوە ناسراون، وەک: (ئیبن عەباس، ئیبن مەسعود، ئوبەی کوڕی کەعب)، هەروەها مەسحەفی فاتیمە کە تائێستا گرێیەکی گەورەیە لەنێوان شیعە و سوننەدا، هەروەها مەسحەفی عەلی کوڕی ئەبوتالیب، کە وەک دەردەکەوێت بەپێی کاتی دابەزینی ئایەتەکان ڕێکخرابێت، وەک (سیوطي) لە «الاتقان»دا باسیدەکات.

**دووەم**: بەقورئانکردنی فەرمودە: پاش ئەوەی نووسینەوەی قورئانی کردە کاری خودا، ئینجا ئیبن حەزم هەوڵدەدات فەرمودە بکاتە وتەی خودا و بەمەش تەیمانی خودایی

بەدەوری فەرموودەدا بتەنێت، لەپێشدا باسی ئەوەمانکرد کە یەکەمین کەسێک رەهەندی خودایی دەدات بە فەرموودە ئیمامی شافیعیە، کاتێک فەرموودەی کردە سرووش (وحی)، بەڵام بەبێ (تلاوة)، لێرەدا ئیبن حەزم موزایەدە بەسەر شافیعیشدا دەکات و فەرموودە دەکاتە کەلامی خودا و هاوتای قورئان، بەڵکو دەڵێت (وەک قورئان و زیاتریشە لە قورئان)، لێرەدا ئیبن حەزم پشت بە فەرموودەیەکی هەڵبەستراو دەبەستێت بەدەم پێغەمبەرەوە[81].

بێگومان ئیبن حەزم هەر وەک شافیعی بەڵگە بەو ئایەتە دێنێتەوە (وماينطق عن الهوى ان هو الا وحي يوحى). هەروەک شافیعیش خۆی لەوە لادەدات کە ئەو سورەتە لە مەککە دابەزیوە، ئەو دوو ئایەتەش لەکاتێکدا دابەزیوە جارێ فەرموودە نەبۆتە واقیعێک و کەس هەواڵی نەپرسیوە [82].

بێگومان ئیبن حەزمیش هەروەک شافیعی ئەو دوو ئایەتە بە شێوەیەک تەفسیر دەکات کە لە کۆنتێکستی خۆی دەریدەکات، چونکە ئەو دووئایەتە لە بۆنەیەکدا دابەزیون کە موسوڵمانەکان لە مشتومڕێکی گەورەدا بوون لەگەڵ بێباوەڕەکانی ئەهلی مەککە و ئەهلی کیتاب، ئەوانەی باوەڕیان بە پێغەمبەرایەتی محەمەد نەبوو، تاکو تێیان بگەیەنێت پێغەمبەر ئەو قورئانەی لە لای خۆیەوە نەهێناوە، بەڵکو سروشێکە لە خوداوە بۆی دێت. ئاسانیشە تێبینی ئەوە بکەین کە ئیبن حەزمیش هەروەک شافیعی بە پێچ و پەنا دەیەوێت لێکدانەوە بۆ ئەو ئایەتانە بکات، ئەو دێت و کردەی وتن (نطق) بە رەهایی وەردەگرێت و پەیوەندی نێوان قسەکردن و قسەپێکراو (المنطوق به) دەپچڕێنێت، واتە ئایەتەکانی قورئان، تا مانای ئایەتەکە بەم شێوەیەی لێ بێت: «هەر وشەیەك لە زاری پێغەمبەر دەردەچێت سروشێکە لە خوداوە»، لەراستیشدا دەستەواژەی (هەمووی لای خوداوەیە) لای ئیبن حەزم زۆر گرنگە، تاکو بەم قسەیە قورئان و فەرموودە یەکسان بکات بە یەکتر، بۆ نموونە لەکاتێکدا وەڵامی ئەو کەسانە دەداتەوە کە دەڵێن دەقەکان دژبەرییان تێدایە، دەڵێت: ئەگەر دوو فەرموودە دژبەیەک بوون، یان دوو ئایەت، یان ئایەتێک و فەرموودەیەک، لەلای ئەو کەسەی کە نازانرێت، ئەوە فەرزە لەسەر موسوڵمان هەموو ئەوانە جێبەجێبکات، چونکە هیچیان لە هیچیان لەپێشتر نین، هیچ فەرموودەیەکیش لە فەرموودەیەکی تری وەک خۆی لەپێشتر نییە، هیچ ئایەتێکیش لەپێشتر نییە بۆ جێبەجێکردن لە ئایەتێکی تر، بەڵکو هەمووی لای خوداوەیە) (الاعکام، ج2، لا158).

لە بەردەوامی یەکسانکردن و لێکچواندنی نێوان قورئان و فەرمودەدا (ئیبن حەزم) ئەو قسەیە دووبارە دەکاتەوە:

- خودا شەریعەتی لەو قسانەدا داناوە کە پێغەمبەر گەیاندوویەتی پێمان و ناوی ناوە قورئان، هەروەها لەو گوتراوانەش کە پێغەمبەر خۆی گوتونی و ناوی ناوە سروشێکی دیکەی بێجگە لە قورئان) (الاحکام، ج1، لا 12).

- کاتێک ئەوەمان روونکردەوە قورئان ئەو ئەسڵەیە کە دەبێت بگەڕێینەوە بۆی، سەیرمانکرد و بینیمان کە خودا وەسفی پەیامبەرەکەی دەکات و دەڵێت (و ما ينطق عن الهوى ان هو الا وحي يوحى)، لێرەوە دەردەکەوێت کە سروش لە لای خودا و بۆ پێغەمبەرەکەی دوو جۆرە: یەکەمیان ئەوەیە کە (تلاوة) دەکرێت و داڕشتنەکەی موعجیزەیە، کە خودی قورئانە. دووەمیان ئەوەیە کە بۆمان گێڕدراوەتەوە و گواستراوتەوە، ئەویان داڕشتنەکەی موعجیزە نییە و (تلاوة) ناکرێت، قورئان و فەرمودەی راستیش هەردووکیان دەچنە پاڵ یەکتر، ئەو دوانە یەك شتن بەوەی کە هەردووکیان لەلای خوداوە هاتوون، هەردووکیشیان یەك حکومیان هەیە) (ج1، لا 93- 94).

- (کەواتە مادەم دەرکەوت کە وتەکانی پێغەمبەر هەمووی سروشە لە خوداوە بۆ پێغەمبەرەکەی... هەروەها قورئانیش سروشە لە خوداوە بۆ پێغەمبەرەکەی، کەواتە دەبێت قورئان و فەرمودە هاورابن لە هەموو شتێکدا، ئەو دووانە هەردووکیان یەك شتن و ناکۆکییان لەنێواندا نییە).

لەم روانگەیەوە دەبینین ئیبن حەزم چۆن فەرمودە یەکسان دەکات بە قورئان، ئیتر زۆر بێ دوودڵی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە فەرمودەش لە ئیلزام بوونیدا یەکسانە بە قورئان، چونکە ئەویش وەک قورئان (سروشێکە لە خوداوە)... (ئەوانە هەمووی وەک یەک وان، هەمووی لای خوداوە هاتوون)، وەک تیۆلۆژیای مەسیحی دەڵێت (مادەم فەرمودە لەگەڵ قورئاندا بەشدارە لە جەوهەردا لە رووی چییەتی سروشەوە، ئیتر هیچ گرفت نییە گەر ناونەنرابێت قورئان و لە دووتوێی مەسحەفدا نەنووسرابێتەوە) (الاحکام، ج4، لا 508)[83].

ماوەتەوە بڵێین کاتێک (ئیبن) حەزم فەرمودە دەقورئانێنێت -واتە هاوتای قورئانی دەکات- و دەیخاتە ئاستی سروشی خودایی، ئیدی عەقڵی بە کۆتێک توندکردووە، کە بە

هیچ دەقێکی تری پیرۆز لە ئایینەکانی تردا ناپێوڕێت، یەکەم چونکە فەرموودە بەهۆی ئەو کەڵەکەبوونەی کە لە ماوەی چوار سەدەدا بەخۆیەوە بینیوە دەیان جار لە قورئان گەورەترە، سەرەرای ئەوەش دەبینین فەرموودەکان هەمووی لەبارەی حوکمەوەن لە کاتێکدا قورئان وەها نییە. دەتوانین بڵێین سورەتە مەدەنییەکان کە ئایەتی ئەحکامیان تێدایە بە هەمووی پێنج یەکی قورئان نابێت، ئینجا لەناو ئەو سورەتانەشدا ئایەتەکانی ئەحکام چەند سەد ئایەتێکن، بەڵام لەبەرامبەردا؛ ئەو فەرموودانەی حوکمیان لێ دەردەکێشرێت ئەسڵەن لە ژماردن نایەن، وەک دەزانین فەرموودەش رۆژانە لە گەورەبووندا بووە، ئەوە بەپێچەوانەی قورئانەوە کە هەر لە سەدەی یەکەمدا وەستاوە و یاسای وەستانی بەسەردا چەسپیوە[84]. بەکورتی دەقەکانی ئەحکام لە ئیسلامدا زۆر زیاترن وەک لە ئایینەکانی تردا، ئەو حوکمانەش دەست و پێی دونیای ئیسلامیان کۆتکردووە.

**سێیەم:** بەشداریکردنی مرۆڤ لە وتەی خودادا: ئەوەی لە ئیبن حەزمدا سەرت دەسوڕمێنێت، تەنیا ئەوە نییە کە فەرموودە دەکاتە هاوتای قورئان، و دەڵێت هەر قسەیەک پێغەمبەر کردبێتی ئەوە قسەی خودایە، بەڵکو لەوەش زیاتر دەڕوات و دەڵێت هەر وتەیەک کەسانی متمانەپێکراو بیڵێن لەسەر زاری پێغەمبەرەوە، ئەوەش هەر وەک ئەوە وایە خودا راستەخۆ گوتبێتی لەسەر زاری پەیامەرەکەی. لە سەرەتای «الاحکام»دا دەڵێت (ئەوەمان بە یەقین بۆ پشتراست کراوەتەوە کە ئایین تەنیا لە خوداوە وەردەگیرێت، پاشان لەسەر زاری پەیامبەرەکەی، هەر ئەویش فەرمانی خودامان پێدەگەیەنێت، کەسی تر نییە بێجگە لەو فەرمانی خودامان پێ بگەیەنێت[85]، ئەویش هیچ شتێک لەلای خۆیەوە ناڵێت، بەڵکو هەرچی دەیڵێت لەلایەن خوداوەیە، پاشان لە سەر زاری (زانایان)، چونکە هەر ئەوانن نەوە دوای نەوە فەرمانەکانی پێغەمبەرمان پێدەگەیەنن کە ئەویش لە خوداوە وەریگرتوە، ئەمە سیفەتی راستی ئایینەکەمانە، هەر قسەیەکی تر دوای ئەم قسەیە پووچ و بێ مانایە و لە ئاییندا نیە) (الاحکام، ج1، لا 13- 14).

ئەوەی کە دەڵێت دەسەڵاتدار (اولي الامر)، ئەوە بە بەڵگەی ئەو ئایەتە دەیڵێت (أطيعوا الله وأطيعوا الرسول واولي الامر منكم) (النساء: 59). پێوست ناکات بڵێین ئیبن

حەزم لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا لە کۆرایی (اجماع) هەموو زانایان دەرچووە، چونکە زانایان هاودەنگن لەسەر ئەوەی ئەم ئایەتە لە مەسەلەی دابەشکردنی دەستکەوتەکانی جەنگدا هاتووە، تەنانەت شافیعی لێرەدا (اولي الامر) بە (ئەمیری سریە) لێکدەداتەوە، بەڵام ئیبن حەزم لێرەدا دەبینین نەك هەر لە رەوتی زانایان دەردەچێت، بەڵکو خیانەت لە مەزهەبە رواڵەتییە ناوگەراکەی خۆیشی دەکات کاتێک «اولي الامر» بە زانایان لێکدەداتەوە (الاحکام، ج6، لا 242). هەروەها (طاعة) بەوە لێکدەداتەوە کە دەبێت باوەڕ بە قسەکانیان بکەین (لەو شتانەدا کە لە پێغەمبەرەوە بۆیان راگواستووین) (ج5، لا116).

ئەم مل بادانەی (ئیبن حەزم) شاراوە نییە کە چ مەبەستێکی هەیە، ئەو دەیەوێت (زانایان) واتە ئەوانەی (فەرمودە دەگێڕنەوە)، بکاتە دەسەڵاتی سێیەم دوای خودا و پێغەمبەر، تاکو ئەوانیش وەک خودا و پێغەمبەر هەمان هێزی پێوە پابەندبوونیان هەبێت لەلایەن موسوڵمانەوە، لەو شتانە کە لە پێغەمبەر و خوداوە باسی دەکەن، دەڵێت (دووبارەکردنەوەی فەرمانبەرداربوونی پەیامبەر پاش خودا، هەروەها جەختکردنەوە لەسە پابەندبوون بە فەرمانەکانی دەسەڵاتەوە پاش خودا و پێغەمبەرەکەی، لە مانەدا هەمووی هەر مەبەست فەرمانبەرداربوونی خودایە، ئەوەش ئاشکرایە، خۆ ئەگەر ئەو بابەتە رۆشن نەکرابایەتەوە ئەوە خەڵک لێیان تێکدەچوو، چونکە ئەگەر خودا تەنیا فەرمانی بکردایە بە گوێرایەڵی خۆی، لەو کاتەدا هەندێک کەسی نەزان وایان دەزانی دەبێت تەنیا ئیش بە قورئان بکەین، ئیدی گوێرایەڵی پێغەمبەر لە گەردنمان دا نییە، ئەگەر خودا فەرمانیشی نەکردبایە بە گوێرایەڵی (ئەهلی زانست) ئەوە هەندێک نەزانی تر دەیانگوت (ناتوانین بەگوێی پێغەمبەر بکەین تەنیا لەو شتانەدا نەبێت راستەوخۆ لە زاری خۆیەوە دەیبیستین، لەبەرئەوە کاتێک خودا فەمانی پێکردین لە ئەهلی زانست فەرمانبەرداری بکەین، ئیتر دەرکەوت کە دەبێت ئەوەی زانایان لە پێغەمبەرەوە بۆ ئێمەیان گواستۆتەوە بەگوێیان بکەین) (الاحکام، ج4، لا530).

فەرمان بە گوێرایەڵیکردنی ئەهلی زانست لای (ئیبن حەزم) گەرەنتییەکی خوداییە بەوەی کە ئەو زانایانە راستگۆن لە گواستنەوەی فەرمودەدا، چونکە ئەگەر گواستنەوەی فەرمودە لای ئەو زانایانە گەرەنتیکراو نەبێت لەلایەن خودا خۆیەوە، ئەوە فەرمانی نەدەکرد

به گوێرایەڵیکردنیان، بەڵکو لەوەش زیاتر دەڕوات تادەگاتە ئاستی ئەوەی زانایان دەکاتە دەسەڵاتی سێیەم و نیمچە خودا، ئەو مەعسومیەت و کاملی و بێ کەموکورتییەی دەداتە پاڵ زانایان، لە دەقێکدا کە زۆر شاز و زۆر سەرکێشانەیە، لەکاتێکدا ئەهلی سوننەت هیچ کەسێک دوای پێغەمبەر بە مەعسوم نازانن، دەڵێت (گومانی تێدانییە هەر سوننەتێک خودا بۆ پێغەمبەرەکەی دانابێت، پێغەمبەریش دایبنابێت بۆ ئوممەتەکەی ئەوە ناشێت ئەبەد هیچ شتێکی لێ بگۆڕدرێت[86]، لەبەرئەوە دەبێت ئەوەی کەسانی خاوەن متمانە بۆ ئێمەیان راگواستووە، وەک ئەو حەقە سەیربکەین کە لای خودایە. ئەگەر وترا: کەواتە لای ئێوە ئەوانەی فەرمودەیان گواستۆتەوە هەموو مەعسومن لە گواستنەوەدا، واتە نە درۆ دەکەن و نە تووشی هەڵە و بیرچوونەوە دەبن، ئەوە پێیان دەڵێین: بەڵێ، وایە! ئێمە لەوەدا یەقینمان هەیە کە مەعسوومن، هەرکەسێکی راست (عدل) فەرمودەیەکی گێرابێتەوە لە پێغەمبەرەوە، بە گوتار بێت یان کردار، ئەوە ئەو گێڕەرەوەیە لە درۆکردن پارێزراوە (معصوم)، هەروەها لە هەڵە و وەهمیش پارێزراوە)[87] (الاحکام، ج1، لا 121- 123).

هەر بەهۆی ئەم مەعسومیەتەوە مەرجی ژمارە لە گێرانەوەدا بەکارناهێنرێت، کەواتە مادەم ئەوەی دەگێڕێتەوە مەعسوومە، لەبەرئەوە وەک ئەوە وایە چەندین کەسی خاوەن متمانە کردەی گێرانەوەیان ئەنجامدابێت، کەواتە ئەو فەرمودەیەی یەک کەسیش دەیگێڕێتەوە هەمان ئەو پێزەی هەیە کە دوان و سیان و زیاتریش دەیگێڕنەوە، ئەوەش دیسان پێچەوانەیە لەگەڵ ئەوەی هەندێک ئەهلی فەرمودە باسیدەکەن سەبارەت بەوەی (تواتر) واتە ئەو فەرمودەیەی کۆمەڵێکی زۆر لە ئەسحاب گێراویانەتەوە، مەرجێکە بۆ پەسەندکردنی فەرمودە، کەچی ئیبن حەزم دەڵێت (ئەوەی یەک کەسی راست (عدل) بیگێڕێتەوە، ئەگەر ئەو راستە بیگەیەنێتە پێغەمبەر و پچرانی تێدانەبێت، فەرزە کاری پێبکرێت و بزانین کە ئەو فەرمودەیە راستە) (الاحکام، ج1، لا 103). هەرچەند شافیعییەکان و حەنەفیەکان و مالیکییەکان بۆچوونیان وایە کە هەواڵی تاکەکەس مانای زانین ناگەیەنێت (لایجب العلم)، بەڵام (کارپێکردنی پێویستە)، موعتەزیلە و خەواریجیش پێیان وایە هەواڵی تاکەکەس نە «زانین» دەگەیەنێت و نە کاری پێدەکرێت، چونکە هەر شتێک شیاوی ئەوەبێت هەڵە و درۆی تێدابکرێت نابێت لە ئاینی خودادا کاری پێبکرێت

و، نابێت بدرێتە پاڵ خودا و پێغەمبەر)، کەچی ئیبن حەزم بە پێچەوانەی هەموویانەوە دەڵێت (هەواڵی تاکەکەسی راست لە راستێکی ترەوە، لە پێغەمبەرەوە هەم مانای زانین دەگەیەنێت هەم کارپێکردنیشی واجب دەبێت) (ج1، لا112). لەوەش زیاتر دەڕوات و دەڵێت: (هەواڵی تاکەکەسی متمانەدار ئەسڵێکە لە ئەسڵەکانی ئایین) (ج1، لا111). ئەو قسەیە تەنیا ئیبن حەزم کردویەتی و هیچ زانایەکی تر قسەی واینەکردوە. تەنانەت ئەگەر باوەڕیشی وابووبێت کە هەواڵی تاکەکەس زانین و کارپێکردنیش دەگەیەنێت.

ئیبن حەزم پێی وایە هەواڵی تاکەکەسی متمانەدار نابێت جێگەی گومان بێت، هەرکەسیش گومانی لەو فەرمودەیە بێت (ئەوە کافرە و داوای پەشیمانبوونەوەی لێناکرێت، واتە بێ سێ و دوو دەکوژرێت. بەهەمان شێوە ئەگەر هەمان فەرمودە لەلایەن کەسێکی گومانلێکراوەوە یان کەسێکی ناراستەوە (غیر عدل) یان بێمتمانەوە یان تەنانەت درۆزنیشەوە گێڕدرایەوە، دیسان نابێت گومانمان لە فەرمودەی کەسە متمانەدارەکە هەبێت، چونکە راستێتی تاکەکەس بەسە بۆ باوەڕبوون بە فەرمودەکە، ئەگەر هەموو گێرانەوەکانی تریش تانەلێدراو (مجروح) بن. (ئەگەر راستێک هەواڵێکی لە کەسێکی وەک خۆیەوە گێرایەوە تا دەگاتە پێغەمبەر، دەبێت ئەو فەرمودەیە وەربگیرێت و کاری پێبکرێت، هەرچەند کەسی تر لە شوێنێکدا رایگرتبێت یان بە مورسەلی بزانێت، یان کەسێکی درۆزن گێرابێتییەوە، جا چ لە رێگەی ترەوە گێردرابێتەوە یان نا، گوێزەرەوەی هەواڵەکە کۆیلە بێت یان ژن بێت هەر هەمان حوکمی هەیە، تەنیا مەرج ئەوەیە ئەو کەسە جێی متمانەبێت و ئەهلی زانست بێت) (ج1، لا131).

بەم شێوەیە دەبینین هەواڵی درۆ ئەگەر کەسێکی راستگۆ لەگەڵ ئەودا یان تەنانەت دوای ئەویش هەمان فەرمودەی گێرایەوە ئەوە دەبێت وەریبگرین، چونکە هەواڵ خۆی لەخۆیدا هیچ دەورێکی نییە واتە لە کرۆکی دەقەکەدا بۆ راستی و ناراستی، بەڵکو تەنیا مەسەلەکە لە سەنەدەکەدایە راست بێت یان نا، میکانیزمی هەڵسەنگاندنیش (جرح و تعدیل)، میکانیزمێکە تەنیا بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو کەسانەی فەرمودەکانیان گێراوەتەوە، نەک مەتنی هەواڵەکە. واتە تەنیا لەسەر بنچینەی سەنەدەکان هەواڵی راست و ناراست پۆلێن دەکرێت، واتە تەنیا لێکۆڵینەوە لە سەنەد تاکە پێوەری دروست

و نادروستیی فەرمودەیە، ئیبن حەزم ڕێساکە بەم شێوەیە دادەڕێژێت (ئەگەر ڕاستی «عدالة»ی هەواڵگێڕەوەمان بۆ سەلمێنرا، ئیتر ئەوە یەکلایەدەبێتەوە لامان کە هەواڵەکە ڕاستە، ئەگەر بۆشمان سەلمێنرا کە جێی متمانە نییە، ئەوە فەرمودەکانی ڕەتدەکەینەوە) (الاحکام، ج1، لا128).

بەڵام لێرەدا ئیبن حەزم خۆی بێدەنگ دەکات لە ئاست ئەو ڕاستییەی کە میکانیزمی هەڵسەنگاندن (جرح وتعدیل)ی سەنەدی فەرمودە لە سەردەمە خراپەکاندا دامەزرێنراوە، وەک ئیبن حەزم خۆی ناویدەنێت، واتە دوای نەوەی یەکەم و دووەم و سێیەمی ئیسلام دامەزراوە[88]. ئەمە لەکاتێکدا بنەمای پێوەرکاری (قیاس) و هۆکار (تعلیل)، ڕەتدەکاتەوە بە بیانووی ئەوەی لە سەردەمە باشەکاندا (واتە نەوەی یەکەم و دووەمدا نەبووە، کەچی دەبینین لە مەسەلەی سەنەد و هەڵسەنگاندنی پیاوانی فەرمودە هیچ گرفتێکی نییە و بێ دوودڵی پەسەندی دەکات، بێ پرسیار و چۆن و بۆچی. لێرەدا باسی بیدعەی هەڵسەنگاندن (جرح وتعدیل) ناکات.

لەوەش زیاتر، متمانەی ڕەهای ئیبن حەزم بەم میکانیزمە سەراسیمەی دەکات، ئەو لەکاتێکدا لە گفتوگۆکانیدا زۆر توند و ڕەق دادەبەزێتە سەر نەیارەکانی، کەچی لێرەدا ناتوانێت بە هیچ شێوەیەک ڕەخنەیەک لەم میکانیزمە بگرێت، بۆ نمونە ئەم فەرمودەیە (علیکم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدین المهدیین)، ئیبن حەزم لە زۆر شوێنی کتێبەکەیدا بەڵگە بەم فەرمودەیە دێنێتەوە، وەک فەرمودەیەک کە ئیدی گێڕەوەکانی ڕاست و دروستن، هیچی بەخەیاڵیدا نەهاتووە بپرسێت: ئەرێ پێغەمبەر چۆن داوایکردوە دەست بگیرێت بە سوننەتی خەلیفەکانیەوە لەکاتێکدا لەو کاتەدا هیچ دەزگایەک نەبووە بەناوی خەلافەتەوە، چونکە خەلافەت بەهیچ شێوەیەک لە قورئاندا باسی نەهاتووە، وەک (عەلی عبدالرزاق) دەڵێت: پێغەمبەر وەفاتیکرد و کەسی نەکردە جێگرەوەی خۆی، تەنانەت کەسیش نەیدەزانی جێگرەوەکانی ناودەنرێن خەلیفە، نەک بەتایبەتی چوار خەلیفەی یەکەم ناوبنرێن خەلیفە و نازناوی (ڕاشدین)یان دەدرێتێ، (ئەو دەستەواژەیە لە سەردەمەکانی دواییدا پەیدابوو)[89].

ئەوەی لە بارەی (جەرح و تەعدیلەوە) وتمان بەهەمان شێوە دەتوانین لە بارەی لایەنێکی تری میکانیزمی (ئیسناد)ـەوە بوترێت. واتە ئەو بەشەی ئیسناد

که پەیوەستە بە مەسەلەی گەیاندنی فەرمودە یان مورسەلەوە. ئیبن حەزم  که لە مەسەلەی پەسەندکردنی هەواڵی تاکەکەسیدا زۆر نەرمیی دەنوێنێت، کەچی سەبارەت بە هەواڵی مورسەل تا ئاستی ڕەتکردنەوەی یەکجارەکی توندە. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا دەرچەیەک بۆ ئەو توندگیریەی دەکاتەوە. وەک جۆن ئیبن حەزم هەواڵی تاکەکەسی پەسەند کردوە ئەگەر لە پاڵ هەوڵگێڕەوەی درۆزندا، هەواڵگێڕەوەیەکی تری ڕاست هەبێت. بەهەمانشێوە دەڵێت ئەو فەرمودەی مورسەل وەردەگرێت ئەگەر لەدواییدا کەسێک بتوانێت بیگەیەنێت بە پێغەمبەر، واتە زنجیرەکە تەواو بکات و ناوی ئەسحابەی پچڕاو لەو نێوانەدا بدۆزێتەوە. ئەوەی ئیبن حەزم لەم شوێنەدا باسیدەکات لەراستیدا  تەنیا هەڵوێستێکی تاکە کەسیی ئەو نییە، بەڵکو بۆتە تەکنیکێکی کارپێکراو لەلایەن زانایانی حەدیسەوە، ئەوە رای پیاوە ناسراوەکانی حەدیسناسیشە، وەک (عەبدولڕەزاق کوڕی هومام) دەڵێت: (موعەمر کوڕی ڕاشید، حەدیسی مورسەلی باس دەکرد، کاتێك عەبدولای کوڕی موبارەك هات بۆلای، هەموو حەدیسەکانی کردە گەیەنراو (موصول)، واتە ناوی ئەو ئەسحابانەی دانا کە حەدیسەکانیان گێڕاوەتەوە). پاشان ئیبن حەزم دەڵێت (ئەوانەی ئەم کارەیان دەکرد گەورە پیاوانی حەدیسناسی بون، وەك حەسەنی بەسری و ئەبو ئیسحاقی سوبەیعی، قوتادەکوڕی دەعامە، عەمروی کوڕی دینار، سولەیمانی ئەعمەش، ئەبو زوبەیر، سوفیانی سەوری، سوفیانی کوڕی عویەینە، دارەقوتەنی مالیکیشی زیادکردوە بۆیان، بەڵام مالیک وانەبووە)(90)( الاحکام،ج1،ص 321). ئەم دەقە تیشک دەخاتە سەر ئەو رایەی کە لەپێشدا باسمانکرد و وتمان: سەنەد میکانیزمێکە لەدواییدا داهێنراوە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی زنجیرەی هەواڵگێڕەوەکان، متمانە بەخشین پێیان و ڕاییکردنی ئەرکیۆلۆژیانەی ئەو حەدیسانەی (اثار) کە لە ڕاستیشدا هەر جێماوەن ( اثار). واتە میکانیزمی ئیسناد بەرهەمی چەرخەکانی دواییە کەپێیان دەوترێت چەرخە خراپەکان، واتە ئەو میکانیزمە بۆ ئەوە بەکارهێنراوە کە ئەو جێماوانە بگێڕێتەوە بۆ چەرخی یەکەمی ئیسلامی، ئەم کارە لە شارستانێتییەکدا ئەنجامدراوە کە لەسەر دەقی پیرۆز بنیاتنراوە لە سەردەمی پێغەمبەرایەتیدا.

لە دەقێکدا کە زۆر گرنگە لە دەلالەت و مانادا، ئیبن حەزم نموونەیەکمان دەداتێ سەبارەت بەوەی فەرمودەسازیی چۆن بەڕێوەدەچێت، کاتێک لەبارەی بەڵگەییبوونی فەرمودەی تاکەوە قسەدەکات: (ئەوەی باوەڕی بە فەرمودەی تاک نەبێت نەزانێکی تەواو نەزانە، لەبەرئەوەی ئەوانیش لەگەڵ ئێمە هاوران کە کارکردن بە فەرمودەی تاك واجبە، کەچی کاتێک واز لە سوننەت دێنن دەڵێن ئەوە هەواڵی تاکە، ئەوەی سەیرە ئەوان کاتێک شتێکیان بەدڵبێت وەریدەگرن، تۆ سەیری محەمەد بن مسلم بکە -مەبەست زوهریە- نزیکەی 90 فەرمودەی هەیە کە تەنیا ئەو گێراونیەتەوە، هەموو ئیمامەکانیش هەواڵی وایان لایە کە تەنیا خۆیان گێرایانەتەوە، کەسیان ئەو فەرمودەیەیان ڕەتنەکردۆتەوە، خۆزگە بزانم چ جیاوازییەک هەیە لەنێوان ئەو کەسەی هەواڵەکەیان قبوڵکردووە، کەچی کەسی تریان نەیگێراوەتەوە لەگەڵیدا. لەگەڵ ئەو کەسەی هەواڵەکەیان ڕەتکردۆتەوە لەبەرئەوەی کەس نەیگێراوەتەوە لەگەڵیدا. ئایا سوکایەتیکردن بە فەرمودە لەمە زیاتر چیە؟) (الاحکام، ج1، لا131)

لێرەدا نامانەوێت مشتومڕ بکەین، بەڵکو دەمانەوێت ئاماژەکەی ئیبن حەزم بوروژێنین سەبارەت بە (ئیبن شەهابی زوهری)، کە یەکێکە لە ناودارترین زانایانی فەرمودە و بەتەنیا 90 فەرمودەی گێراوەتەوە کە کەسیتر پێش ئەو نەیگێراونەتەوە، ئەگەر بزانین زوهری ساڵی (124ی کۆچی) وەفاتیکردوە، لە تەمەنی 70 ساڵیدا، ئەوە واتە ئەو فەرمودانەی ئەو گێراونیەتوە لە سەدەی یەکەمی ئیسلامدا، کەس نەیزانیوە و کاری پێنەکراوە [91]، خۆ ئەگەر ئەو بمردایە بێ ئەوەی ئەو فەرمودانە بگێڕێتەوە، ئەوا ئێستا کەس نەیدەزانی کە فەرمودەیەکی لەو شێوەیە هەیە، نەشدەگوترا پێغەمبەر وەهای گوت، کەواتە قسەی خودا بزر دەبوو، کە بڕیار وایە قسەی خودا پارێزراو بێت، چونکە ئیبن حەزم فەرمودەش بە گوتەی خودا ناودەبات، ئەوەی لەبارەی ئیبن شیهابەوە وتمان بۆ زۆر زانای تریش ڕاستە، کەواتە دەتوانین بڵێین فەرمودەسازی پیشەیەکی هەنووکەییە نەک بەجێماو (اثر)، چونکە فەرمودەسازی بریتی نییە لە هەڵکۆڵینی ڕابوردوو تا بگەینە چینە قووڵەکان، بەڵکو ڕابردوو دروستدەکاتەوە بەگوێرەی ئارەزووی ئێستا و پێداویستییە سیاسیەکان یان خۆ بەزانازانین یان ناوبانگ دەرکردن، یاخود

تەنانەت بۆ بازرگانییش، ئەگەر بزانین بازرگانیکردن بە فەرمودەوە لە نیوەی سەدەی دوەمەوە پیشەیەکی سەرکەوتوو بوو، قازانجی باشی دەهێنا بۆ خاوەنەکەی [92].

ئەگەر مەسەلەکە بەس ئەوە بوایە کە دەقەکان بەرهەمدێن و تەواو، ئەوە گرفتێک نەدەبوو، بەڵام گرفتی دەق لێرەدا ئەوەیە وەک دەقەکانی تر نییە، بەڵکو ئەمانە دەقی پیرۆزن، بەڵکو لە پیرۆزیش زیاترن: چەندین وتەن بەناوی پێغەمبەرەوە هەڵبەستراون و لەوێشەوە دەدرێنە پاڵ خودا، وەک دەڵێت (پێغەمبەر هیچ قسەیەک ناکات لەخۆیەوە، بەڵکو هەمووی لە خوداوەیە) (الاحكام، ج1، لا13).

ئاسانە بزانین ترسەکە لەکوێدایە سەبارەت بە ئەرگۆمێنتەکانی ئیبن حەزم: (مادەم متمانە لە متمانەوە رایگواستوە)، کەواتە دەبێت (ئەو فەرمودەیە راستییەکی یەقین بێت کە لە خوداوەیە)، چونکە پەیامبەرەکەی هەر بەناوی ئەوەوە دەدوێت، ئەوەش مانای وایە کەسانی متمانە لە فەرمودە گێڕەوەکان، یان راستتر بڵێین بەرهەمهێنەرانی فەرمودە. ئەوانیش تەواو شەریکن لە دروستکردنی گوتە خوداییەکان. ئەم شەراکەتەش لەراستیدا رەهەندێکی ئابرووبەرە لە ئیسلامدا، کە بنچینەکەی دەبێت لەسەر تەوحید بنیات نرابێت. بەتایبەتیش تەوحیدی وتار، چونکە بەپێی ئیسلامی قورئان، تەنیا خودا توانای گوتاری هەیە، تەنیا بەگوتەش هاتۆتە سەرزەوی، نەک بەجەستە وەک ئەوەی لە مەسیحیەتدا هەیە.

بەڵکو لەوەش زیاتر ئەم شەراکەتە -ئەگەر نەڵێین ئەم شیرکە- رێگە خۆشدەکات بۆ فەرمودە گێرەوەکان کە وتەکانی خوداش کۆنترۆڵ بکەن، نەک بە لێکدانەوە، بەڵکو تەحەکوم بە کتێبەکەشیەوە (مصحف) دەکەن، تەنانەت بە لێ لابردن و لێسڕینەوەش، هەروەها بە دەرکردنی گوتراوەکەی لە ناوخۆیدا بۆ دەرەوەی خۆی: ئەوە کاری ئەو میکانیزمەیە کە زۆرینەی ئەهلی تەفسیر و فەرمودە و فیقهـ دەیکەن بەناوی (ناسیخ و مەنسوخ).

بینیمان شافیعی دەستپێشخەربوو بۆ ئەوەی فەرمودە بکاتە سروشی خودایی، بەڵام سروشێکی بێ (تلاوة)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باسی ئەوەی نەکرد کە دەشێت قورئان بە فەرمودە بسڕێتەوە، کەچی ئیبن حەزم کە موزایەدە بەسەر شافیعیشدا دەکات لەوەش زیاتر دەڕوات و دەڵێت دەشێت قورئان بە فەرمودە بسڕێتەوە: «قورئان بە قورئان و

سوننەتیش دەسڕڕێتەوە، ئێمە وادەڵێین، ئەوەش قسەی دروستە، جا ئەو سوننەتە تاک یان فرە سەنەد (متواتر) بێت. ئەمانە هەموویان یەکتر دەسڕنەوە و قورئانیش دەسڕنەوە، بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەوەیە کە خودا دەفەرمویت (ان هو الا وحي یوحی)... جا کە وتەکانی سروشی خودایی بن، قورئانیش هەر سروش بێت، کەواتە سڕینەوەی سروش بە سروش ڕێگەپێدراوە، چونکە هەموو لەوەدا یەکسانن کە سروشی خودایین». پاشان لە کاتێکدا وەڵامی نەیارەکانی دەداتەوە دەڵێت: [93] (ئەوەی لەم مەسەلەیەدا پێچەوانەی ئێمەیە، ئایا پێغەمبەر شتێک دەڵێت یان شتێک دەکات لەخۆیەوە بێ ئەوەی سروشی بۆ هاتبێت؟ ئەگەر بڵێت: بەڵێ. ئەوە کوفری کردوە و خودای بەدرۆخستۆتەوە، کەواتە کاتێک دەڵێین قسەکان و کردارەکانی هەمووی سروشن (وحي)[94]، سروشیش هەندێکی دەتوانێت هەندێکی تری بسڕێتەوە) (الاحکام، ج4، لا 5050- 509). جارێک یتر دەڵێین دیارە لێرەدا مەترسیەکە لەچیدایە: لێرەدا ئبن حەزم نەك بەشیاوی دەزانێت کە وتەی خودا لەقورئاندا بەفەرمودەیکی موتەواتیر بسڕێتەوە، بەڵکو بە شیاوی دەزانێت کە ئایەت بە هەواڵی تاکیش بسڕێتەوە، وەک لەپێشەوە قسەکەیمان هێنا. بەم شێوە دەبینین ئبن حەزم ڕێ خۆشدەکات بۆ هەر فەرمودە گێڕوەیەک کە وەک (عدل- راست) ناسراوە، لە سەردەمەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و تەنانەت چوارەم و پێنجەمیش، فەرمودەیەک بەناوی پێغەمبەرەوە بگێڕێتەوە و ئیتر بەو فەرمودەیە ئایەتێک یان چەندین ئایەتی قورئان بسڕێتەوە. ئەم دەسەڵاتەی دراوە بە فەرمودە گێڕهوەی راستگۆ، پێگەیەکی وای دەداتێ کە دەیکاتە هاوبەشی وتەکانی خودا، چونکە فەرمودە کە دوای قورئان هاتوە دەسەڵاتی هەیە قورئان بسڕێتەوە، چونکە لەرووی کاتەوە دواترە لە هاتنی قورئان، هەر بەراستیش میکانیزمی ناسیخ و مەنسوخ بەیەک ئاراستەدا کاردەکات: هەمیشە ئەوە سوننەتە قورئان دەسڕێتەوە نەك بەپێچەوانەوە، ناتوانین یەک بەڵگە بێنینەوە بۆ ئەوەی قورئان فەرمودەیەکی سڕیبێتەوە، چونکە کاتێک فاکتەری زەمان دەخالەت دەکات هەمیشە ئەوەی دواتر ئەوەی پێش خۆی دەسڕێتەوە نەک بەپێچەوانەوە.

بەهەرحاڵ، سڕینەوە (نسخ) ئامرازێکی باشە بەدەست ئبن حەزمەوە بۆ هەڵگرتنی ناکۆکی لەنێوان دەقەکاندا. چونکە ئەو لەو خاڵە بەڵگەنەویستەوە دەڕوانێت کە دەڵێت

(ڕاستییەکان پێچەوانەی یەکتر نابن) (الاحکام، ج6، لا195). هەروەها (ڕاستی دژی ڕاستیەکی تر نابێت)[95](ج8، لا544)، جا لەبەرئەوەی ڕاستی هەمووی لای خوداوە دێت، جا ئەو ڕاستیە قورئان یان فەرمودە بێت، لەبەرئەوە ناشێت بەهیچ شیوەیەک دژبەریی لە نێوان دەقەکانداهەبێت، لە بەشێکدا کە تەرخانیکردوە بۆ وەڵامدانەوەی «ئەوەی خەڵکانێک دەڵێن دژبەری لەنێوان دەقەکاندا هەیە»، دەڵێت: (ئێمە یەقینمان هەیە کە فەرمودەکان دژبەیەک نابن «ولو کان من عند غیر الله لوجدوا فیه اختلافا کثیرا»، لەگەڵ ئەوەشدا خودا پێمان دەڵێت هەر شتێک لای پێغەمبەرەکەیەوە بێت سروشە، کەواتە ئەو قسەیە بەتاڵ دەبێتەوە کە دەڵێت دەقەکان دژبەرییان تێدایە) [96] (الاحکام، ج2، لا 173-174). بەڵام کاتێک عەقڵی گونجێنەر لەنێوان فەرمودەکاندا دەگاتە ڕێگەیەکی داخراو کە ئەستەمە بتوانێت دژبەری لەنێوان فەرمودەکاندا هەڵبگرێت ،لێرەدا میکانیزمی ناسیخ و مەنسوخ دەکەوێتە کار. تاکو ئەو دژبەریە هەڵبگرێت)[97]. لێرەدا هەڵویستەکە بۆ خوێنەری ئیبن حەزم جێدێڵین: «ئەو شتەی لە یەکسانبوونی دەقەکان و هاوشانییان دروست دەبێت ئەوەیە کە هەموویان لە یەک ئاستدا دەبینرێنەوە بۆ هەڵێنجانی شەریعەت، ئەوەیە کە هیچ دژبەرییەک لەنێوان دەقەکاندا نییە، واش چاوەڕوان ناکرێت دژبەرییان لە نێواندا بێت، چونکە سەرچاوەی هەموویان لەلایەن خوداوەیە، چونکە قورئان سروشی خودایە و گومانی تێدا نییە، بەهەمان شێوە فەرمودەیش ئەگەر تاکیش بێت هەر سروشی خودایە، ئەگەر کەسی ڕاست و جێمتمانە گێرابێتیەوە، بە زنجیرەیەکی گەیشتوو بە پێغەمبەر، ئەوە یەقینە لای ئیبن حەزم، ئەگەر وابێت ئەوە فەرمودەش سروشی خودایە، لەبەرئەوە نابێت هیچ دژبەرییەکیان لە نێواندا بێت، (ولو کان من عند غیر الله لوجدوا فیه اختلافا کثیرا) [98]. بەڵام کاتێک دژبەرییەکە بەهێز دەبێت، ئیدی دەقێک بەرامبەر دەقێکی تر تەواو پێچەوانەی یەکتر دەبن، بۆ نمونە دەقێك شتێک حەڵاڵ دەکات و دەقێکی تر هەمان شت حەرام دەکات، یان یەکێکیان شتێک فەرز دەکات و ئەویتریان بە هیچ شێوەیەک فەرزی ناکات، ئەوە لێرەدا دەقێکیان ئەویتریان دەسڕێتەوە). (ئەگەر سەلمێنرا کە دەقێکیان دوای ئەویتریان هاتوە، ئەوا دواترەکەیان پێشترەکەیان دەسڕێتەوە) (لەم کاتەدا دەقە سراوەکە نابێت کاری پێبکرێت) [99].

بەڵام مەسەلەی سڕینەوەش دیسان ئیبن حەزم لە قەیرانێکەوە دەخاتە ناو قەیرانێکی تر. لێرەدا ئینجا لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە دژبەرییەوە (تناقض)، ئەو لە یەک کاتدا دەڵێت دەقەکان بە فەرمانێکی خودایی پارێزراون، کەچی لە سەرێکی ترەوە دەیانسڕێتەوە.

بێگومان خاڵی سەرەکی لای ئیبن حەزم لەو ئایەتەوەیە کە دەفەرموێت (انا نحن نزلنا الذكر وانا له لحافظون)، هەرچەندە بەپێی مەزهەبە ناوگەراییەکەی (الاسمي) خۆی بێت، دەبوایە ئیبن حەزم پابەندبوایە بە مانای دەقاودەقی (نسخ)ـەوە کە بەمانای (ازالة) دێت، وەک خۆی لە کتێبی (الناسخ والمنسوخ)دا باسی دەکات و دەڵێت (نسخ لە زمانی عەرەبیدا بە مانای بەتاڵکردنەوەی شتێک و دانانی شتێکی تر لە جێگەی ئەودا دێت)، کەچی لە هەمان کتێبدا خۆی سەدان ئایەت دێنێتەوە کە دەڵێت سڕاونەتەوە (منسوخ). دەڵێتی ئایەتی شمشێر زیاتر لە 90 ئایەتی تری سڕیوەتەوە[100].

لێرەدا نامانەوێت باسی سڕینەوە (نسخ) بکەین، بەڵکو تەنیا لەو شوێنانەدا رادەوەستین کە ئیبن حەزم کەوتۆتە دژبەریەوە تێیدا، لە یەک کاتدا باسی پاراستنی خودایی و سڕینەوەش دەکات، ئەو دژبەرییەش دەگاتە لوتکەی خۆی، کاتێک ئیبن حەزم ئایەتەکەی سورەتی (الحجر): (انا نحن نزلنا الذكر وانا له لحافظون) دەکشێنێت بۆ سەر فەرمودەش، بەو حسابەی فەرمودەش دەچێتە ژێر مانای (ذکر)، دەڵێت (خودا دەفەرموێت «انا نحن نزلنا الدكر وانا له لحفظون»، هەروەها «لتبين للناس ما نزل اليهم»، بەمەش دەردەکەوێت کەلامی پێغەمبەر هەمووی سروشیە لە خوداوە، ئەمە هیچ گومانێکی تێدانییە، ئەهلی زمان و شەریعەتیش لەوەدا هاوران کە هەر شتێک لای خوداوە بێت پێی دەووترێت (ذکر)، سروش بە ویستی خودا پارێزراوە، هەرچیەکیش خودا پاراستنی زامنکردبێت، ئەوە بێگومان یەک پیتی لێ ون نابێت، یان ساختەکاری تێدا ناکرێت، لەبەرئەوە یەقینمان هەیە هەرشتێك پێغەمبەر فەرمووبێتی یەک پیتیشی لێ بزر نەبووە. ئەگەر شیاو بێت وتەیەکی پێغەمبەر ون بووبێت، ئەوە کەواتە (ذکر) پارێزراو نەبووە و لەوکاتەشدا بەڵێنی خودا بە پاراستنی سروش هەڵە دەردەچێت، ئەو قسەیەش هیچ موسوڵمانێک نایکات، خۆ ئەگەر کەسێک بڵێت ذکر لێرەدا مەبەست لە قورئانە بەتەنیا، ئەوە

دەڵێین ئەو قسەیە درۆیەکی ئاشکرایە و هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە، چونکە (ذکر) ناوێکە بۆ هەموو شتێک خودا ناردبێتی لە قورئان و سوننەت) (الاحکام، ج1، لا114- 115).

بەم دەقە کۆتاییە، بازنەی بە قورئانکردنی فەرمودە تەواودەبێت.

کەواتە فەرمودە، ئەگەر قورئان نەبەبێت، بەتەنها سروش نییە.

کەواتە فەرمودە، ئەگەر قورئان نەبێت، بەتەنیا نێراوی خودا نییە.

بەڵکو فەرمودە (ذکر)ـە وەکو قورئان، هەروەک قورئانیش پارێزراوە (خودا گەرەنتی داوە کە یەک پیتیشی لێ ون نابێت).

بەڵکو دەشێت بگوترێت، وەک ئیبن حەزم خۆی دەڵێت، کە فەرمودە (وەک قورئانە و بەڵکو زیاتریشە)، چونکە فەرمودە بە شێوەیەکی واقعی دەتوانێت قورئان بسڕێتەوە، بەڵام قورئان ناتوانێت فەرمودە بسڕێتەوە، چونکە هەمیشە فەرمودە دوای قورئانە لەکاتی دابەزینیدا.

لەگەڵ ئەم وەرچەرخانە مەترسیدارەدا لە ئیسلامی قورئانەوە بۆ ئیسلامی فەرمودە، رەهەندەکانی هەڵگەرانەوەی «رواڵەتگەرایی» سوڕی خۆی تەواودەکات، کە شافیعی پێشەنگ و هەڵگیرسێنەرەکەیەتی و ئیبن حەزم درێژەی پێدەدات، دەتوانین ناوی بنێین ئیبن حەزم کودەتای بەسەر کودەتاشدا کردوە لە ئیسلامدا (دامەزراندنی دووەمی رواڵەتگەرایی).

ئەوە شافیعەیە کە پێغەمبەر لە شەرع بۆ نێردراوەوە دەکاتە شەرعدانەر، بەڵام شافیعی باسی ئەوەی نەکردوە کە دەشێت قورئان بە فەرمودە بسڕێتەوە، بەڵکو ئەو پێغەمبەری وەک شەرعدانەری دووەم داناوە کە لە سنوورەکانی شەرعدانەری یەکەمدا «خودا» رادەوەستێت.

کەچی ئیبن حەزم ئەو سنوورەشی بڕی کە شافیعی لەبەردەمیدا راوەستابوو، واتە سڕینەوەی قورئان بە فەرمودە، ئیدی ئیبن حەزم پێغەمبەر دەخاتە ریزی خوداوە لە تەشریعدا، بەڵکو زیاتریش، چونکە فەرمودە قورئان ناسڕێتەوە، بەڵکو قورئان بە فەرمودە دەسڕدرێتەوە.

بەڵام ئەم هەڵگەرانەوە رواڵەتگەرایەی ئیبن حەزم لەناخیدا هەڵگەرانەوەیەکی گنۆستیکی (gnosticism) تێدایە کە لە رواڵەتیەکەی مەترسیدارترە.

کاتێک ئیبن حەزم جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە کە (هەر فەرمودەیەک جێ متمانەیەک لە جێ متمانەیەکەوە دەیگێڕیتەوە تا دەگاتە پێغەمبەر، ئەوە راستیەکە کە ئیتر پێغەمبەر فەرموویەتی) (الاحکام، ج1، لا 1116). هەروەها بەوە کە جەخت دەکاتەوە لەوەی پێغەمبەر گوتوویەتی ئەوە قسەی خودایە، چونکە هیچ شتێک لەخۆیەوە ناڵێت، هەروەها (نابێت شەریعەت لە غەیری خودا وەربگیرێت، یان لە قورئان یان لەوەی کەسانی متمانەپێکراو لە پێغەمبەرەوە رایدەگوێزن جا تاک بێت یان فرەسەنەد "متواتر" بێت)(المحلی، ج2، مەسەلەی673). ئەوەش واتە ئەو کەسە متمانەپێکراوەی لە نەوەی دووەم و سێیەم و بەدواوەدا فەرمودەیەکی هەڵبەستووە، ئەویش بۆتە شەرعدانەرێک وەک خودا و پێغەمبەر. هەرچەندە شەرعەکەی لەسەر زاری پێغەمبەر و لەوێشەوە لەسەر زاری خودا دارێشتوە [101].

بەم مانایەش دەتوانین بڵێین ئەوە پێغەمبەر نییە کە لە شەرع بۆ دانراوەوە بۆتە شەرعدانەر، بەڵکو ئەو زنجیرە کەسانەی (جێ متمانەی) ناو زنجیرەی سەنەدی فەرمودەن، کە بەشێوەیەکی پراکتیکی دەسەڵاتی یاسادانانیان گرتۆتە دەست، ئەوەش لە جێڕەوتێکی درێژی مێژووی ئیسلامدا کە تێیدا تەشریع زاڵبوە بەسەر دینداریدا.

هەرچەندە ئیبن حەزم دەڵێت هەر کەسێك پێوەرکاری بکات یان ئیجتهاد بکات ئەوە بەرای خۆی شەرعی داناوە، هەروەها شافیعی دەڵێت: هەرکەس باشاندن «استحسان» بکات ئەوە شەرعی داناوە بەئارەزووی خۆی، بەڵام لەراستیدا بەپێی مێژووی ئیسلام دەبێت بڵێین: ئەوانەی فەرمودەیان داناوە ئەوانە شەرعیشیان داناوە.

## پەراوێزەکانی بەشی شەشەم

1- مەزهەبی ئیبن حەزم لەم سەردەمەدا هەندێک پەیڕەوکاری هەیە لەوانەی ناو دەنرێن (ڕواڵەتخواز- اهل الظاهر) پێگەیەکی ئەلیکترۆنیشیان هەیە کە لەوێدا نووسراوەکانی ئیبن حەزم بڵاودەکەنەوە، بەڵام ئەو هەوڵانە تەنیا لەسەر ئاستێکی تاکەکەسیین.

2- ئاماژەیە بۆ ئیمامی دوانزەهەمی شیعە (مهدي) کە ساڵی 253ک ونبوە لە تەمەنی هەشت ساڵیدا، کاتێک ئیبن حەزم دەڵێت 170 ساڵ بەسەر دیارنەمانیدا ڕۆیشتوە کەواتە کاتێک خۆی کتێبی الاحکام نووسیوە ساڵی 423ک بوە، واتە لە تەمەنی چل ساڵیدا.

3- ابن حزم، الإحكام في اصول الاحكام، دار الجيل، ط2، بيروت1407، ج1، ص17، لێرە بەدواوە تەنیا بەناوی الاحکام ئاماژە بەم سەرچاوەیە دەدەین.

4- رسائل ابن حزم الاندلسي، تحقيق، احسان عباس، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت 1983، ج4، ص285.

5- محەمەد عابد الجابري، بنية العقل العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت 1986، ص515.

6- الجابري، تكوين العقل العربه، ص309- 310.

7- دارالساقي، ط3، بيروت2010.

8- بە ڕێکەوت نیە ئیبن حەزم کتێبێکی ناو دەنێت (ابتال القياس والرأي والاستحسان والتقليد والتعليل، واتە پرۆسەی پووچکردنەوەی هەموو جۆرە دەخاڵەتکردنێکی عەقڵ لەدەقدا.

9- تكوين العقل العربي، ص310.

10- شایەنی ئاماژەپێکردنە کە یەکەم کەس پێناسی عەقڵی کردوە بەوەی بریتیە (لە تێگەیشتن لە قسەی خودا) محسبی بووە (243ک) لە (في ماهية العقل).

11- التقريب لحد المنطق، فە: رسائل ابن حزم، ج4، ص303.

12- البيان حن حقيقة الايمان، في: رسائل ابن حزم. ج3، ص194. ئەم دابەزاندنی عەقڵ لە (جوهر)ـەوە بۆ (عرض) بەسە بۆ ئەوەی بزانین کە ئیبن حەزم و مەزهەبەکەی چەند لە عەقڵ و فەلەسەفەوە دووربوون

13- ابن حزم، الفصل في الملل والنحل والاهواء، المطبعة الادبية، القاهرة 1317- 1899م، ج1، ص98.

14- وەک دەڵێت (بە عەقڵ ئەو شتانەمان ناسیوە کە هەیە).

15- جابری بۆ ئەوەی بیسلمێنیت ئیبن حەزم سەر بە ئەقڵگەرای رەخنەگرە، و عەقڵ وهەست وەک

تاكە سەرچاوەی مەعریفە بەكاردێنێت، دەقێک دێنێت و دەڵێت (ئیبن حەزم لە عەقڵەوە دەردەچێت و بە بەڵگەی عەقڵی بوون و تەنیایی خودا دەسەلمێنێت و پێغەمبەرایەتیش دەسەلمێنێت) (تكوين العقل العربي، ص309). بەڵام ئەوەی جابری دەیشارێتەوە ئەوەیە كە ئیبن حەزم دەڵێت (هەموو بەڵگەكانی عەقڵ دەكەونە ژێر دەسەڵاتی دەقەوە). (ئەگەر دەق نەبوایە ئەوەی عەقڵ و هەستەكان پەیان پێدەبرد راست دەرنەدەچوو).

16- لەم دەقەدا سڕینەوەیەک هەیە لەوێدا (فعل) نووسراوە ئێمە كردومانە بە (أمر).

17- لێرەدا لێكۆڵەری دەقەكانی ئیبن حەزم دەڵێ ئەمەش هەڵوەشانەوەی عەقڵە بەتەواوی، لەراستیدا ئیبن حەزم لە دەستگرتن بە رواڵەتەوە زۆر ڕۆچووە تا ئاستی ئەوەی دەیبینیت).

18- تكوين العقل العربي، ص304.

19- ئەو قسەیە دەدرێتە پاڵ لاهووتناسی مەسیحی (ترتولیانس155- 230م)، پاش ئەویش قەشە ئۆگستین (354- 430).

20- ئەو ئوممەتانەشمان بیرنەچێت كە دەقی پیرۆزیان هەیە، بەڵام تەوحیدی نین وەک ئەوانەی هیند و خۆرهەڵاتی ئاسیا.

21- سعيد الافغاني، ملخص ابطال القياس والرأي والاستحسان، منشورات جامعة دمشق، دمشق 1960.

22- سالميفوت، ابن حزم والفكر الفلسفي في المغرب والاندلس، المركز الپقافي العربي، بيروت 1986.

23- هەندێكجار ابن حەزم خۆیشی پابەند نابێت بە رواڵەتی دەقەوە، بۆ نموونە لە تەفسیری (والسارق والسارقة فاقطعوا ایدیهما)، وەک هەموو زانایانی تر دەڵێت دەستێكی دەبڕدرێت لە كاتێكدا ئایەتەكە دەڵێت هەردوو دەستی ببڕن.

24- هەمان ئایەت لە ئایەتی 15 سورەت النحل دووبارە بۆتەوە.

25- ئەوە بەو مەرجەیە كە راناوەكە و ئەو كەسەی رانەوەكەی بۆ دەگەڕێتەوە یەک شت بن، تاک بێت یان دوان، یان كۆ، نێر بێت یان مێ، ئەگەرنا ئەوە رانەوەكە دەگەڕێتەوە ئەو ناوەی كە لەگەڵیدا یەكانگیر دەبێت ئەگەر دووریش بێت.

26- لێرەدا راناوەستێ لەسەر قسەی ئەوانەی دەڵێت (احصان) لەوانەیە بە غەیری شووكردن و ژنهێنانیش ببێت وەک موسوڵمان بوون یان ئازادبوون.

27- خوێنەر لێمان دەبوورێت كە ئەو زاراوانەی دەروونناسیمان هێناوە، بەڵام ئیبن حەزم خۆیشی لە كتێبی «مداواة النفوس»دا دان بەوەدا دەنێت كە پەشێوی دەروونی و خەمۆكی هەبووە.

28- ابوداود. ئەگەر وابێت ئەوە پێغەمبەر خۆی یەکەم کەس بووە کە وشەی (ارأیت)ی بەکارهێناوە کە دوایی لەلایەن ئەهلی فەرمودەوە ئەو وشەیە دەبێتە ئامرازێک بۆ گاڵتەکردن بە ئەهلی عەقڵ و پێوەرکاری.

29- لەراستیدا ئەوە تاکەفەرمودەی (پێوەرکاری) نییە کە لە پێغەمبەروە دەگێڕدرێتەوە، بەڵکو فەرمودەی تریشمان هەیە وەک ئەو کەسەی هات وتی دایکم مردوە و قەرزی رۆژووی لەسەرە، پێغەمبەر پێی وت ئەگەر قەرزی تری لەسەربوایە دەبوو بیدەیتەوە؟ کابرا وتی: بەڵێ. وتی: رۆژوو لەپێشترە.

30- ئاشکرایە ئەوە تەنیا پێوەرێکی رووکەشانەیە دەنا دەبێت ئاو لەدەم وەردان رۆژوو بشکێنێت، چونکە مەمیلەکانی سەر زمان ئەو ئاوە هەڵدەمژن لەو کاتەدا.

31- ئەو جەختکردنە لەلایەن زەهەبیەوە جێگەی نیگەرانییە کە گوایە قیاس لە سەردەمی ئەسحابدا نەبووە.

32- بەهەرحال ئەوە خۆی گریمانەیەکی هەڵەیە.

33- لەراستیدا ئەم قسەیە نەسەلمێنراوە بەتەواوی.

34- مەترسیەکە لەوێدایە ئیبن حەزم وادەزانێت هەر گوتەیەک لەسەرزاری متمانەپێکراوێکی راستدا وترا ئیتر ئەوە بێگومان قسەی پێغەمبەرە.

35- ابن حزم الاندلسي، المحلی، دار الفکر، تحقیق عبد الغفار البنداري، بیروت2011، ج1، ص56.

36- کیتاب لای ابن حزم تەنیان مانای قورئان ناگەیەنێت، بەڵکو فەرمودەش دەگەیەنێت، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئیبن حەزم دەیەوێت بڵێت کە حەدیسەکان بە قەبارەی رووداوەکان هەن و پێویست بە قیاس و ئیجتیهاد ناکات.

37- لێرەدا تەنها باسی ژینگەی پێغەمبەر دەکەین نەك سەردەمەکەی، چونکە لەو سەردەمەدا هەندێک ماددەی هۆشبەر هەبووە وەک ئەفیون و حەشیش کە لای نەتەوە کۆنەکانی وەک سۆمەری و ئاشووریەکانیش هەبووە.

38- هەر بۆیە لەم سەردەمەدا بە مادەی هۆشبەر دەوترێ (مخدرات)، چونکە ئەو کەنیەزەکە بەختەوەرانەی بوونەتە جێ تەماعی خەلیفە هەمیشە بە رازێنراوەیی لەسەر جێگەی خەوتن پاڵکەوتوون و ئامادەکراو بوون بۆ خەلیفە، بەمەش تووشی خاوبوونەوە و خەواڵوویی بوون هەمیشە.

39- ناتوانین لەگەڵ ئیبن حەزمدا بڵێین ئایین لەگەڵ دابەزینی (الیوم اکملت لکم دینکم) کامڵ بووە، چونکە ئەو ئایەتە هەر یەک ساڵ پێش فەتحی مەککە دابەزیوە، واتە دوای ئەوە روداوی تر روویانداوە

و ئایەتی تریش دابەزیون. ئەمە بێجگە لە فەرمودە.

40- دیسان ناتوانین بڵێین ئایین کامڵبوە و لێزیادکردنی کوفرە وەک ئیبن حەزم دەڵێت، ئایا دەتوانین وەلی کوڕی عبدالملک تەکگیر بکەین لەبەرئەوەی منارەی مزگەوتی داهێنا، وەک لاساییکردنەوەیەک بۆ کڵێسا. چونکە منارەی مزگەوت بیدعەیەکە لە سەردەمی پێغەمبەر و خەلیفەکانی راشیدیندا نەبوە. ئەوە بێجگە لە دەیان دامەزراوی ئایینی تر کە لە سەردەمی یەکەمدا نەبوون، وەک ئەنجومەنی فەتوادان و دادگای شەرعی و هتد.

41- تابزانین ئەو تێزەی ئیبن حەزم چەند مەترسیدارە کە دەڵێت حوکمەکان تا قیامەت درێژدەبنەوە با نموونەیەک بێنینەوە: پرسی کۆیلەداری، بەگوێرەی فەتوای ئیبن حەزم بێت هەرکەسێک کەنیزەک و کۆیلە قەدەغەبکات تەکفیر دەکرێت و دەبێت لە ملی بدرێت، بەڵکو سەبارەت بە فرەژنی دەڵێت (هەر کەسێک لە خۆی حەرامبکات کە زیاتر لە ژنێک بێنێت یاخود لەگەڵ کەنیزەکدا کاری جسنی بکات، ئەوە حەلاڵێکی حەرام کردوە؛ هەرکەسیش حەلاڵێک حەرام بکات وەک ئەوەیە حەرامێك حەلاڵبکات، ئەو کەسەش حوکمەکەی کوشتنە بێئەوە تەوبەی لێوەربگیرێت.

42- ابوداود الاصفهاني (200- 270ک)، پێشەنگی مەزهەبی رووڵەتگەرایی.

43- ئەو ڕێسایە هیچ ڕێسایەکی ڕەها نییە کە ئیبن حەزم هێناویەتی.

44- ئیبن حەزم هەر خۆی لێرەدا بێ ئەوەی بزانێت دەست دەخاتە سەر خاڵی لاوازی فیقهی ئیسلامی، چونکە یاسادانان لە هەمو دونیادا بە (کلیات) دەست پێدەکات و بەرەو (جزئیات) دادەکشێت بەرەوخوار، کەچی هەموو فیقهی ئیسلامی لەسەر جزئیات دادەمەزرێت، واتە بنەمای جوزئیات لەسەر جوزئیات، کە دەبوو لەراستیدا ئەو دەقانە لەسەر بنەمای کلیات دامەزرێن، بۆ نموونە لە جیاتی ئەوەی فەرمودەیەک هەبێت، وەک مشکێک دەکەوێتە ڕۆنی شلەوە، ئینجا قیاسی لەسەر بکرێت، دەبوو دەقێکی لەم شێوەیە هەبێت (ئەگەر گیاندارێک کەوتە شلەمەنیەوە بیڕێژن).

45- ئەوەش بەگەڕانەوە بە مەعقولیەتی دەق نەك بۆ مەعقولیەتی عەقڵ، دەبێت بەم مانەیە لە چەمکی عەقڵ لای ئیبن حەزم تێبگەین نەك بەو مانایەی عەقڵێکی گەردوونی سەربەخۆ، سیسمێکی مەعریفی ئەرگۆمینتی بێت.

46- لەراستیدا ڕەتکردنەوەی هەر هۆکارسازییەک لە حوکمەکانی شەریعەت هەر ڕوحی قورئان خۆی ڕەتیدەکاتەوە، بۆ نموونە هۆی حەرامکردنی هەندێک خواردن لە جوولەکە، قورئان بەمە پاساوی دەداتەوە: (ذلك جزيناهم ببغيهم).

47- رسالة مراتب العلوم ورسالة مداواة النفوس، في: رسائل ابن حزم.

48- هەر داڕشتنی ئەم فەرمودەیە بەشێوەی مەنتیقسازی دەریدەخات ئەو فەرمودەیە دواتر داڕێژراوە.

49- لێرەدا تێبینی دەکەین باسی (مەی) لە نێو حەرامە گەورەکاندا نییە کە لە ئایەتی 90دا باس لە لێدوورکەوەتنەوەی دەکات.

50- لە (سد الذرائع)ەوە تێدەگەین کە بۆچی هەموو مەستکەرێک دوایی حەرامکراوە، (ما اسكر كثيره فقليله حرام).

51- لە ئایەتەکەی سورەتی النحل دا دەرهێنانی مادەی مەستکەری لە ترێ وەک نیشانەی گەورەیی خودا باسکردوە، (و من ثمرات النخيل والاعناب تتخذون منه سكرا ورزقا حسنا ان في ذلك لايات لقوم يعقلون).

52- ناسراوترینان عەرەقی خۆماڵییەوە لە جیهانیشدا ڤۆدگا و ویسکییە.

53- ڕەتکردنەوەی پێوەرکاری و هۆکارسازی لای ئیبن حەزم وادەکات لە بابەتێکی وا گرنگدا کە دەیان فەرمودەی لەسەر هاتوە تەنیا ئەو فەرمودەیە بگرێت بەدەستەوە، چونکە پێویستی بە قیاس نییە.

54- ئبن حەزم باسی ئەوە دەکات کە خەلیفەی ئەندەلوسی ویسویەتی عەرەق بەتەواوی بنەبڕ بکات، ئەویش بە بڕینەوەی هەرچی مێو هەیە، بەڵام پێیان وتوە خەڵک لە هەنجیر و شتی تریش دروستیدەکەن لەبەرئەوە وازیهێناوە.

55- مەبەستمان لە زمانی عەرەبییە پێش ئەوە مۆدێرنە بێتە ناویەوە لە سەرەتای سەردەمی ڕێنیسانسەوە.

56- بیرمان نەچێت ئەبو حەنیفە ڕەچەڵەکی «نەبتی» بووە، پێدەچێت ڕەچەڵەکی ئیبن حەزمیش فارسی بووبێت.

57- بۆیە فەرمودەیەکیان لەسەر زاری پێغەمبەرەوە دروستکردوە: (اياكم والغبيراء فانها خمر العالم).

58- لەم فەرمودەیەدا پێغەمبەر خەمری لە جۆرەکانی تری مەی جیاکردۆتەوە (الخمر من العنب، والسكر من التمر، والمزر من الحنطة، والبتع من العسل، و كل مسكر حرام) بەڵام ئیبن عەزم ئەم عەدیسەی ڕەتکردۆتەوە بەبیانوی ئەوەی مورسەلە).

59- المحلى، ج3، المسألة 1099.

60- کوڵاندن ڕێگەیەکە بۆ خێرا ترشاندن، بە ترشاندنیش شەکری میوەی کوڵێنراو دەبێتە عەرەق.

61- لەراستیدا، وەسفی لاواز و بێهێز و درۆ تیاچوو، ساقط زۆر لای ئیبن حەزم دووبارە دەبێتەوە بۆ ئەو فەرمودانەی کە لەگەڵ مەزهەبەکەی خۆیدا ڕێکناکەون.

62- لێرەدا ناچینە سەر مەسەلەی جەرح و تەعدیل کە ئیبن حەزم زیادەڕۆیی تێداکردووە، بەڵام بە گشتی

دەبینین ئیبن حەزم هەر فەرمودەیەک لەگەڵ رای خۆیدا نەگونجابێت هەوڵیداوە بەهەر شێوەیەک بووە تانەی لێبدات و ڕاویەکانی جەرح بکات.

63- دەبینین لێرەدا ئیبن حەزم خۆیشی ناچار بووە وشەی (شراب) لەبری (خمر) بەکاربێنێت.

64- لێرەدا دیسان ابن حزم لەسەر میکانیزمی جەرح و تەعدیل بەگوێرەی ویستی خۆی گەمەدەکات، چونکە زید بن عەلی نەناسراو نییە، بەڵکو ئەحمەد و ابوداود و تەبەرییش ریوایەتیان لێوەکردوە و وزی بە متمانە ناویبردووە.

65- عمر لە شەرابی خەڵکی سەقیفی خورادەوە بینی زۆر خەستە پێی وتن ئێوە لەم شەرابە خەستە دەخۆنەوە لەبەرئەوە هەرکەسێکتان گومانتان لێیبوو ئەوە بە ئاو روونی بکەنەوە.

66- بەڵکو ئەو کەسە ناسراوە، وەهەب کوری منبە خاڵۆزای پێغەمبەر، ئیبن حەجەری عەسقەلانی باسیکردوە.

67- هەمان را لە عائیشەوە دەگێرنەوە (ئەگەر لە شەرابەکە ترسایت بە ئاو خەستیەکەی بشکێنە).

68- ئەم حاڵەتە دووفاقییە تەنانەت لە تەسەوفیشدا رەنگیداوەتەوە. کە گۆرانی بەسەر عەرەقدا دەڵێن وەک ڕێگەیەک بۆ گەیشتن بەخودا.

69- دەبینین مەسەلەی سرکە فیقهناسە توندەکانی توشی پەشۆکان کردووە، چونکە نایەتەوە لەگەڵ فەرمودەی (ما اسکر کثیره فقلیله حرام).

70- الجابري، بنية العقل العربه، ص552- 564.

71- پلەکان:  بریتیە لە گوتەکانی ئەرستۆ لە لۆژیکدا.

72- لەهەمان سیاقدا ئیبن حەزم دەڵێت ئەو هەر بۆیە کتێبی (التقريب لحد المنطق)ی نووسیوە تاکو نیشانەکانی راستی و ناڕاستی لێکجیابکاتەوە.

73- رسالة في مراتب العلوم، في: رسائل ان حزم، ج4، ص74- 75.

74- لێرەدا کاتێک دەڵێین بێژەری دەق هەندێک تێڕامانی دەوێت، چونکە بۆشاییەک لەنێوان وتن و دەقدا هەیە، وتن کاتێک دەبێتە دەق کە نووسراو بێت. بوڵام قورئان زۆری ویستوە تا نووسراوەتەوە. واتە تا بۆتە دەق.

75- بڕوانە کتێبی اشکاليات العقل العربه. دار اسلقه، ط3، بیروت 2010، ص59- 63.

76- بەڵکو ئەوەش کە دەڵێت ڕێکخستنی قورئان لە مصحف دا دواکەوتوە بە کۆتایی سەدەی یەکەم. بڕوانە: الفريد لوي دي بريمار، تاسياست الاسلام. منشورات لوسوي، باريس 2002، ص278- 301.

77- هەر لەم دیدگایەوە ئیبن حەزم تانە دەدات لە هەموو ئەو ریوایەتانەی دەڵێن عوسمان موسحەفەکانی تری سووتاندوە.

78- پێش هەموویان (نۆلدکە) کە کتێبەکەی لە زۆربەی ولاتانی عەرەبیدا دەستی بەسەردا گیراوە **تاریخ القران.**

79- لە راستیدا ناوی (المصاحف) تایتڵی چەند کتێبێکە کە نووسەرەکانی بریتین لە ابن عیسی الاصفهاني، ابن الانباري، ابن اشتة هتد.

80- ئەو ماوەیەی نێوان قورئان و مصحف ئەوە تەفسیر دەکات کە لەوانەیە یەکەم نووسەرەوەی مصحف لە جیاتی (یدیهما) نوسیبێتی (ایدیهما)، یان لە دوو ئایەتی هاوشێوەدا جارێک بنووسێت (الصابئون) جارێکی تر بنووسێت (الصابئین)ئایتەی 69 سورەتی المائدة، لەگەڵ ئایەتی 17 سورەتی الحج. هەر لەبەر ئەوەش عائیشە بڵێت (ئەم قورئانە لەحنی تێدایە، بەڵام عەرەب بەزمانی خۆیان چاکی دەکەن).

-81 ئیبن حەزم دەیزانی ئەم قسەیە ئیحراجی زۆری تێدایە بۆیە دەیویست تەئویلی بکات.

82- قورئان خۆی ناوناوە (حدیث) ئایەتی 243 لە سورەتی الزمر (الله نزل احسن الحسیث کتابا متشابها مثاني).

83- لەکاتێکدا ئیبن حەزم زۆر بەتوندی دەیەوێت جەخت لەوە بکاتەوە کە هەرچی پێغەمبەر دەیڵێت وەحییە؛ کەچی هەر ڕووبەرووی ئەو فەرمودانە دەبێتەوە کە جەخت لە سەر مرۆڤبوونی پێغەمبەر دەکاتەوە، مرۆڤێکە هەڵە دەکات و راست دەکات و لەوانەیە توڕەبێت و جنێویش بدات، بەڵام ئیبن حەزم لێرەدا دەرچەیەك بۆ خۆی دەدۆزێتەوە بەوەی ئەو حاڵەتانەی پێغەمبەر لە حوکمە دونیایەکاندا راستە، بەڵام لە حوکمە ئایینیەکاندا راستنییە، بەڵام لەراستیدا ئەوە قسەیەکی تەنیا سەرپێییە، چونکە هەر ئیبن حەزم لە سادەترین شتەوە فەرمودە بە وەحی دەزانێت تاکو شتە ئایینیەکانیش وەک میزکردن و خواردن و تەنانە نانخواردن بەپێوە یان بەدانیشتنەوە یان لەبەرکردنی زێڕ و زیو و ...هتد.

84- یاسای قۆرخکردنی خوێندنەوەکان چەندین سەدە بەردەوامبوون لە دەوە ببون بە سێ، دوایش بوو بە یەک کە ئەویش خوێندنەوەی حفص لە عاصم الکوفییەوەیە، ئینجا دوای داهێنانی چاپەمەنی ئەو مەسەلەیە بە جارێک یەکلایی بۆوە لە بەرژەوەندیی یەک خوێندنەوەیی، لە مەغریبی عەرەبیش خوێندنەوەی وەرش بەشێویەکی سنووردار هەیە.

85- ئەم دەستەواژەیە دوایی دەگەڕێینەوە سەری.

86- ئیبن حەزم رەوانەمان دەکات بۆ هەردوو ئایەتی 62ی سورەتی الاحزاب و 43 سورەتی فاطر (ولن

تجد لسنة الله يبديلا)، (ولن تجد لسنة الله تحويلا).

87- شایەنی باسە جابری لێرەدا تەواو بێدەنگە لەئاست ئەم دەقەی ئیبن حەزم دا هەروەها لە ئاست ئەوەی ئیبن تۆمەرت خۆی بە (امام معصوم) زانیوە، لەکاتێکدا جابری ئیبن تۆمەرت وەک پێشەنگی دوەمی عەقڵگەرایی دوای ئیبن حەزم ناودەبات، لەکاتێکدا بیرۆکەی (مئصومیة) لای تەسەوف بەدیاردەیەکی تەواو ناعەقڵانی ناو دەبات. بڕوان (محەمەد عابد الجابري، نحن والتراث، المركز الثقافي العربي، ط2، الدار البيضاء1983، ص367).

88- بەگوێرەی فەرمودەیەک کە دەدرێتە پاڵ پێغەمبەر، (خير القرون قرني هذا...)، لێرەدا قرن بەمانای ماوە دەێت نەك سەد ساڵ.

89- ئەم فەرمودەیە وەک دەردەکەوێت لە سەردەمی ئومەویدا رەواجی پێدراوە لەکاتی ململانێی ئایدیۆلۆژی نێوان شیعەو دەسەڵات، هەر بۆیە دەبینین وەک زیاتر تووڕەکردنی شیعە وشەی «مهدي» بەکار دێنێت کە شیعە تەنیا بۆ ئیمامەکانی خۆیان بەکاریدێنن، بەهەرحاڵ ئەم فەرمودەیە لە هەموو رێگەکانیەوە دەچێتەوە سەر یەک ئەسحاب ئەویش عتباض بن ساریەیە، کە خەڵکی حیمسە. لەهەمان کاتدا بوخاری و موسلیم بەڕاستیان نەزانیوە بەڵام نەسائی و تیرمزی و حاكم وابن ماجە و ابن حنبل ریوایەتیان کردوە.

90- مالیک هەرگیز سەنەدی فەرمودەی نەدەگێرایەوە ئەگەر مورسەل بوایە، بەڵام دوایی قوتابیەکانی هاتوون و سەنەدەکانیان ڕێکخستۆتەوە و پێکیان گەیاندوە.

91- لەوانەیە لەوەش دوورتر بێت، چونکە ئەوەی لە زوهریەوە بۆمان هاتوە هیچی لە سەردەمی خۆیدا ریوایەت نەکراوە بەڵکو لە نەوەی دوای خۆیدا گێراوەتەوە. لەبەرئەوە هیچ گەرەنەتیەک نییە کە ئەو ریوایەتانە هی خۆی بن.

92- خەتیبی بەغدادی لە کتێبی **الكفاية في علم الرواية** دەروازێکی تەرخانکردوە بۆ (باسی ئەو کەسانەی لە پاداشتی ریوایەتدا پارەیان وەرگرتوە)، هەر لەبەر بڵاوبوونەوەی فرۆشتنی فەرمودە شیعبەی کوڕی حەجاج گوتویەتی (لە هەژارەوە هیچ وەرمەگرن)، یان دەیوت (ئەگەر کەسێکی دەوڵەمەند بوایە دەیووت فەرمودەی لێوەربگرن چونکە دەوڵەمەندە درۆ ناکات).

93- ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێت کە تا سەدەی پێنجەمیش موعتەزیلە هەر هەبوون.

94- دەبینین ئیبن حەزم لە پرسی بەخوداییکردنی سوننەت زۆر دوورتر دەڕوات، چونکە ئەو تەنیا وتەکانی پێغەمبەر ناکاتە سونەت بەڵکو کردەوەکانیشی بەهەمان شێوە دەکاتە سوننەت.

95- ئەمە هەمان بەڵگەنەویستە کە ئین ڕوشد دەیکاتە خاڵی سەرەکی بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت شەریعەت و فەلسەفە هیچ ناکۆکیەکیان لەنێواندا نییە.

96- دەبینین کە ئیبن حەزم کاتێک ئیەتی 82 لە سورەتی النساء بەکاردێنێت ناتوانێت بیگونجێنێت لەگەڵ گوتراوی راستەوخۆی ئایەتەکەدا، چونکە قورئان تەنیا (جیاوازی زۆر) لە خۆی لادەبات، ئەویش تەنیا قورئان، کەچی ئیبن حەزم مانای ئایەتەکە دەکشێئێت تا حەدیسێس بگرێتەوە.

97- ئەمە ئەگەر ئیبن حەزم دان بنێت بەو دژبەرییەدا، چونکە ئەو هەر لەسەرەتاوە نکۆڵی دەکات لەوەی دژبەری هەبێت لە نێوان فەرمودەدا، لەبەرئەوە دێت و پێچ و پەنا دەکات تاکو ئەو دژبەریانەی نێوان دەقەکانی فەرمودە چاک بکاتەوە.

98- تێبینی دەکەین محەمەد ابو زهرة ئەو مەزهەبەی ئیبن حەزم رەتدەکاتەوە کە فەرمودە بکرێتە دەقێکی خودایی، بەڵکو تەئویلکردنی هەڵەی بۆئایەتی ئایەتی 82 لە سورەتی النساء. کە فەرمودەیش وەک قورئان ناکۆکی تێدا نییە.

99- ابن حزم حايته وعصره دار الفكر العربي، القاهرة 1966، ص272- 277.

100- ئایەتەکانی (شمشێر- السیف) بەو چوار ئایەتەی سەرەتای سورەتی التوبة دەووترێت کە باس لە (قتل) و (قتال) فرەپەرستان وژکافران دەکات، زانایان دەڵێن ئەم ئایەتانە زیاتر لەسەد ئایەتیتری سڕیوەتەوە کە باس لە لێبووردەیی پێکەو ژیان دەکات لەگەڵ ئایینەکانیتردا. 101-

# بەشی حەوتەم

# عەقڵی گونجێنەر

**«دوو فەرمودە نازانم کە لە پێغەمبەرەوە گێڕدرابێتەوە، بە دوو ئیسنادی دروست، دژبەیەك بن، کێ دوو فەرمودەی وای لایە با بۆم بێنێت تاکو بیانسازێنم».**

**ئیمام ئیبن خزیمە**

## گونجاندنی تەئویلیی: ئیبن قوتەیبە

ئەو شاهیدییەی (ئیبن قوتەیبەی دەینەوەری) (213-276ک) بۆی جێهێشتووین، لە لێکدانەوەی فەرمودە دژبەیەکەکان، لەسێ رووەوە بە نرخە:

1. لەکاتی هەوڵدان بۆ رەتکردنەوە و بەدرۆخستنەوە، بەشێک لە کەلەپووری بۆ جێهێشتووین کە لە یادەوەری مێژوودا سڕابۆوە، ئەویش بریتییە لە کەلەپووری موعتەزیلەکانی سەدەی سێیەمی کۆچی.

2. لە رێگەی ئەو کتێبەوە نموونەیەکی زیندووی جەنگی ئایدیۆلۆژیی سەدەی سێیەمی بۆ جێهێشتووین لەنێوان هەردوو بلۆکی: عەقڵگەرایی (موعتەزیلە) و نەقڵگەرایی (ئەهلی حەدیس)دا.

3. له هه‌مان كتێبدا نموونه‌یه‌كی ته‌واوی بۆ جێهێشتووین له‌ سه‌ر عه‌قڵی گونجێنه‌ر، كه‌ ده‌توانین به‌م شێوه‌یه‌ پێناسه‌ی بكه‌ین: **عه‌قڵی گونجێنه‌ر** بریتیه‌ له‌ سه‌قفی باڵای كاركردنی عه‌قڵ لای نه‌قڵگه‌راكان.

له‌وانه‌یه‌ یه‌كه‌م شتێك سه‌رنجمان رابكێشێت له‌ كتێبی «ته‌ئویلی فه‌رموده‌ی دژبه‌یه‌ك»، هه‌ر له‌سه‌ره‌تای پێشه‌كییه‌كانه‌وه‌ له‌ هه‌ڵوێستی به‌رگریكردنه‌وه‌ ده‌رده‌چێت: داكۆكیكردن له‌ ئه‌هلی فه‌رموده‌ (ئه‌رتۆدۆكس)، دژ به‌ ئه‌هلی كه‌لام (تیۆلۆژییه‌كان) وه‌ك ئیبن قوته‌یبه‌ له‌ سه‌ره‌تای كتێبه‌كه‌یدا ده‌ڵێت: ئه‌و ئه‌م كتێبه‌ی له‌به‌ر ئه‌وه‌ نووسیوه‌ كه‌ كه‌سێك نامه‌یه‌كی بۆ ناردوه‌ داوای لێده‌كات تێیبگه‌یه‌نێت كه‌ (ئه‌هلی كه‌لام بۆچی قسه‌ به‌ ئه‌هلی فه‌رموده‌ ده‌ڵێن و سووكایه‌تییان پێده‌كه‌ن له‌ نووسینه‌كانیاندا زه‌میان ده‌كه‌ن و به‌ درۆزن ناویان ده‌به‌ن و ریوایه‌تی پێچه‌وانه‌ی یه‌كتر ده‌گێڕنه‌وه‌، ته‌نانه‌ت له‌وه‌ زیاتریش ده‌ڵێن. به‌ڵام كه‌سێک نابینین داكۆكی له‌ ئه‌هلی فه‌رموده‌ بكات، یان كه‌سێك لێكدانه‌وه‌ بۆ ئه‌و فه‌رمودانه‌ بكات، تا وایلێهاتوه‌ فه‌رموده‌گه‌راكان له‌گه‌ڵ ئه‌و تۆمه‌تانه‌دا راهاتوون و رازین به‌ تانه‌ لێدانیان، به‌هۆی بێ وه‌ڵامیشیانه‌وه‌ وا ده‌رده‌كه‌وێت كه‌ خۆشیان ئه‌و قسانه‌ به‌راست بزانن و دانی پێدابنێن)[1].

وه‌ک هه‌ر داكۆكیكردنێكی تر ئیبن قوته‌یبه‌ هه‌وڵده‌دات به‌ هێرشكردنه‌ سه‌ر ئه‌وانیتر ده‌ست پێبكات، ئه‌و عه‌قڵگه‌راكان و ئه‌هلی كه‌لام به‌وه‌ تاوانبار ده‌كات كه‌ (به‌ده‌م خواوه‌ قسه‌یه‌ک دروستده‌كه‌ن كه‌ خۆشیان نایزانن، پووش له‌ چاوی خه‌ڵكدا ده‌بینن، به‌ڵام دره‌خت له‌ چاوی خۆیاندا نابینن، غه‌یری خۆیان تۆمه‌تبار ده‌كه‌ن له‌ ئه‌هلی نه‌قڵ، به‌ڵام عه‌قڵكارییه‌كانی خۆیان تاوانبار ناكه‌ن به‌ لێكدانه‌وه‌) (لا13).

ئێمه‌ له‌سه‌ر جنێونامه‌كانی ئیبن قوته‌یبه‌ راناوه‌ستین، له‌سه‌ر ئه‌وه‌ش ناوه‌ستین كه‌ كه‌سێكی وه‌ك (نظام) به‌وه‌ تاوانبار ده‌كات كه‌ (به‌ سه‌رخۆشی ده‌خه‌وێت و به‌ سه‌رخۆشی له‌ خه‌و هه‌ڵده‌سێت، هه‌رچی داوێن پیسی و خراپییه‌ ده‌یكات)(لا17)، به‌ڵام ده‌بینین ئیبن قوته‌یبه‌ هه‌ر نازانێت عه‌قڵ خۆی چیه‌؟ له‌كاتێكدا هێرش ده‌كاته‌ سه‌ر ئه‌هلی كه‌لام و عه‌قڵكارییان به‌ خاڵی لاوازیان داده‌نێت. ئه‌و ده‌ڵێت راجیایی ناشیرینترین سیفه‌ته‌ كه‌ ئه‌هلی كه‌لام هه‌یانه‌، له‌كاتێكدا فه‌رموده‌گه‌راكان یه‌كده‌نگن كه‌ ئه‌وه‌ش جوانترین سیفه‌ته‌ له‌ ئه‌هلی فه‌رموده‌دا.

دەڵێت: «دەبوو عەقڵگەراکان -کە بانگەشەی پێوەرکاری ئامرازی تێروانینی عەقڵی دەکەن- هیچ جیاوازییەکیان نەبێت وەك چۆن ژمێریارەکان و ئەندازیارەکان راجیاییان نییە، چونکە ئامرازی ئەوان تەنیا یەك شێوە دەخوێنێتەوە، ئەی بۆچی لە هەموو کەس زیاتر رای جیاوازیان هەیە، قەت دوو کەسیان لەسەر یەك مەسەلە هاورا نین، (علاف) رای جیاوازە لە (نظام)، (نجار) لە هەردووکیان جیاوازە، (هشام) لەگەڵ هەموویان رای جیاوازە، بە هەمان شێوە (ثمامة) و (مویس هاشم) و (ئەوقەس) و (عوبێدولا) و (بەکرە کوێر) و (عەفس) و (فلان و فیسار)[2]. هەریەکێکیان مەزهەبێکی هەیە لە ئاییندا، کە خەڵکی تر شوێنایان دەکەون. دەبینیت دوانیان پێکەوە رێک نین. کاتێك ماناوێ واز لە ئەهلی فەرموده بێنین بۆ ئەهلی کەلام، ئەوە مانای وایە واز لە یەکگرتوویی دێنین بۆ پەرتبوون، لە رێکوپێکییەوە بۆ پشێوی، لە خۆشەویستییەوە بۆ رقلێبوونەوە، لە هاوراییەوە بۆ فرەرایی، چونکە ئەهلی فەرموده هەموو هاو دەنگن لەسەر ئەوەی هەرشتێك ویستی خودا بێت هەر ئەوە روودەدات، ویستیشی نەبێت روونادات) (لا14- 16).

بە خوێندنەوەی ئەم دەقە تێدەگەیەن ئیبن قوتەیبە لەوە تێنەگەیشتوە کە مافی راجیایی و ئەرکی هاورایی هەمان رەهەندی نێوان عەقڵی فەلسەفی و عەقڵی ئایینییە، چونکە رای جیاواز سەرەتای عەقڵی فەلسەفییە، لەکاتێکدا تاکرایی کۆتایی رێگەی فەلسەفەیە، بەڵام عەقڵی ئایینی سەرەتاکەی تاکراییە و کۆتاییەکەی هەمیشە راجیاییە. هەرکاتێکیش عەقڵی فەلسەفی وازی لە راجیایی هێنا، ئیدی ئەوە عەقڵی فەلسەفی نییە، وەك چۆن هەرکاتێك عەقڵی ئایینی وازی لە تاکرایی هێنا ئەوە ئیتر عەقڵی ئایینی نییە، چونکە راجیایی لە روانگەی عەقڵی فەلسەفیەوە واتە داهێنان، لەکاتێکدا لە عەقڵی ئایینیدا رای جیاواز واتە بیدعە. ئەمە بەپێی عەقڵی تیۆلۆژی ئیسلامی وایە، لای مەسیحیش هێرتۆدۆکس (هرطقة) هەمان مانا دەگەیەنێت، بەم مانایە دەبوو عەقڵکاری لای پاسەوانی ئەهلی فەرموده «ئیبن قوتەیبە»، هەر مانای خراپی بگەیەنێت. بۆیە دەبینین ئەهلی کەلام عەیبدار دەکات بەوەی «پەرت»ن، لەکاتێکدا وەسفی ئەهلی فەرموده دەکات بەوەی «کۆڕا»ن[3].

لەراستیدا ئیشکالیەتی مافی راجیایی بەو سیفەتەی سەرەتای سەرەتاکانی عەقڵە، کە فەرمانی خۆی هەر بە دەست خۆیەتی و رێگە نادات هیچ دەسەڵاتێکی تر لەسەروو خۆیەوە

بێت، بێگومان سەقفی ئەپستمۆلۆژی فەرمودەگەرایەکی وەك ئبن قوتەیبە تێدەپەڕێنێت، بەرای ئبن قوتەیبە عەقڵ ناتوانێت سەربەخۆ بێت لە دەسەڵات و یاساداناندا، نابێت چاوی لەوە زیاتر ببڕێت کە تەنیا ئامێرێکە، نەك بەهرەیەک بێت سەربەخۆ و خۆیشی سەرچاوەی خۆی بێت. عەقڵیش وەك ئامێرێک بۆ روانین وەك ئامێرەکانی «ژمێریاران، ئەندازیاران، رووپێوان»، دەبێت بەڵگە بێت لەسەر یەکرایی نەک فرەرایی، بۆ سیستەم نەك پەرتبوون، هەرکاتێکیش رێگەی پێچەوانەی گرت، ئەوە وەك ئەوەیە کە رێگەی سوننەتی بەرداوە بۆ بیدعەت، رێگەی باوەڕی راست (ئەرتۆدۆکس)ی بەرداوە بۆ باوەڕی بیدعەگەرایی (هیترۆدۆکس)، خوداپەرستی وازلێهێناوە بۆ شەیتانپەرستی.

لێرەوە دەتوانین باسی ترس لە راجیایی بکەین لای ئبن قوتەیبە و فەرمودەگەراکان، کە ناونراون «ئەهلی سوننەت و جەماعەت»، وەک هەر حاڵەتێکی نیرۆسی (دەماری-عصابي)، میکانیزمی داکۆکیکردن لە رووبەڕووبوونەوەی جەنگی راجیاییدا کە دەبێتە هۆی فۆبیا، بریتییە لە نکۆڵیکردن «انکار» [واتە مرۆڤ کە تووشی فۆبیای هەر شتێک بوو دەکەوێتە حاڵەتی نکۆڵیکردن بەرامبەر هەموو بەڵگە و راستییەکان، وەرگێڕ]، کە لە هەموو روویەکەوە مەحکومە بە ناعەقڵانیبوون. تەنیا لەرووی گونجاندنەوە «تخریج» نەبێت. هەر لێرەشەوە کە ناونیشانی بابەتەکەمان کردووە بەئبن قوتەیبە وەك پێشەنگی عەقڵی گونجێنەر لە ئیسلامدا، ئێمە دان بە ئازایەتی ئبن قوتەیبەدا دەنێین لەم بوارەدا، چونکە ئەوانیتر کە لە پێش ئەو هاتوون یان پاش ئەو هاتوون تەنیا بەشێوەی گشتی نکۆڵی دەکەن لە ناکۆکی نێوان فەرمودە، کەچی ئبن قوتەیبە بەپێچەوانەوە دان بە ناکۆکیەکانی نێوان فەرمودەدا دەنێت، بەڵام لەرێگەی لێکدانەوەوە دەیەوێت پێکەوە بیانگونجێنێت. هەر ناونانی کتێبەکەشی «تأويل مختلف الحديث» ئەو مانایە دەگەیەنێت[4].

## گونجاندن چییە؟

بەپێی پێناسی ئبن قوتەیبە وەك ئەوەی داتاشراوی وشەکە دەیگەیەنێت «گونجاندن» (لا37) گەران بەشوێن دەرچەدا، جۆرێکە لە فێڵکردن لە وشە بە وشە، بۆ ئەوەی لە مانای رواڵەتی خۆی دەریبکات بۆ مانایەکی تری نادیاری پێبدات. لەمەدا ئبن قوتەیبە دەڵێت

(ئەگەر ویستت بزانیت گەران بەشوێن دەرچەی رزگاربووندا بۆ گونجاندن چۆن دەبێت، ئەوا چەند نموونەیەکت دەدەینێ، وەک ئەوەی کەسێک لە خەواریج گەیشت بە شیعەیەك، پێی وت: بەخوا وازت لێناهێنم تاکو خۆت بێبەری نەکەیت لە عوسمان و عەلی یان دەتکوژم، ئەویش وتی من بەخودا لە عەلی و لەعوسمان بێبەریم)، مەبەستی ئەوە بوو ئەو لایەنگری عەلیە و لە عوسمان بێبەریە، لەو کاتەدا خۆبێبەریکردنەکەی تەنیا لە عوسمانە) (لا137).

ئیبن قوتەیبە ئەوەش دەڵێت لەم حاڵەتدا دەربازبوون تەنیا جۆرێکە لە ملبادانی حەقیقەت، یان تەنانەت درۆش. بەڵام زۆر بەدڵنیاییەوە دەڵێت درۆکردن بە لەفز بێت یان بەمانا بێت لە هەندێک حاڵەتدا شیاوە، دەڵێت «رێگە دراوە بە درۆ کردن لە کاتی جەنگدا، چونکە فێڵکردنە، لەکاتی رێکخستنی دوو کەسیشدا، لەکاتی رازیکردنی ژنیشدا، رێگەش دراوە لە سوێند خواردندا هەندێک بابداتەوە گەر ترسا بیکوژن یان ستەمی لێبکەن، ملبادانیش ئەوەیە کە نیازی بە شێوەیەک بێت جیاواز لە مەبەستی کەسی سوێنددەر، بۆ نموونە گەر دەستکورت بوو کەسێکیش لای داوەر بۆ مافێک کە لە سەریەتی و ئەویش لە گرتن دەترسا، لەبەرئەوە بڵێت: بەخوا ئەو کابرایە هیچی لام نییە، بەڵام لە دڵی خۆیدا بڵێت «لەمڕۆدا»، یان لە جیاتی بڵێ «بە خوا»، بڵێت «بە خوار»[5](لا36).

لەوانەیە ئێمەش مافی ئەوەمان هەبێت لێرەدا بڵێین ئیبن قوتەیبە لەکاتێکدا شەرعیەت دەدات بە درۆ لەناو دامەزراوەی عەقڵی سوننەگەرادا، لەهەمان کاتدا یەکەم دامەزرێنەر دەبێت بۆ ئەوەی رەوشت و باوەڕ لێکجیابکاتەوە، و پێی وایە تەنیا باوەڕ رزگاریی مرۆڤ مسۆگەر دەکات، ئەگەر رەوشتیشی لەگەڵ نەبێت، بەلایەوە ئاساییە کە لەناو دەقدا بۆ پاڵپشتێک بگەڕێت بۆ رەواییدان بە درۆ، کاتێک بەڵگە دێنێتەوە بە فەرمودەیەک کە (ئیبن عەباس) گێراویەتییەوە: «پیاوێک بەدرۆ سوێندی خوارد و چووە بەهەشتیش»، ئەو لێرەشدا لێکدانەوەی دەربازبوونی بۆ دەکات و دەڵێت «ئەگەر بە درۆ سوێند بەخودا بخۆیت، باشترە لەوەی بە راستی سوێند بە غەیری خودا بخۆیت»[6].

هەر لەم تێڕوانینەوە ئیبن قوتەیبە بەرەوای بینیوە کە لەهەندێک بەشی ئاییندا درۆبکرێت بۆ پاراستنی هەموو ئایین، لەمەشدا بەڵگە بەقسەیەکی حوزەیفەی یەمان دێنێتەوە کە دەڵێت (من هەندێکی ئایینەکەم بەهەندێتری دەکڕمەوە لەترسی ئەوەی هەموو تیاچێت)[7](لا33).

هەر لەم روانگەیەشەوە ئیبن قوتەیبە رێگەیداوە بەوەی کەسێک درۆبکات، تەنانەت لە گێرانەوەی فەرمودەشدا و بەهەڵەبردنی خەڵك لە سەنەدەکانیدا. ئەو رێگەپێدانەشی لەکاتێکدا باس دەکات کە وەڵامی (نظام) دەداتەوە کە رەخنە لە درۆی (ابوهریرة) دەگرێت و ئاماژە بەوە دەدات کە (عائیشە و عومەر و عوسمان و عەلیش بەدرۆیان خستۆتەوە)، یەکێک لەو فەرمودانەی کە دەیهێنێت گوایە (ابوهریرة) درۆی تێداکردوە ئەوەیە: «هەرکەسێک بە لەشگرانی رۆژی کردەوە رۆژووەکەی بەتاڵە»، لێرەدا با وەڵامی (نظام) سەبارەت بە (ابوهریرە) و فەرمودەکەش بزانین، وەک ئیبن قوتەیبە خۆی باسی دەکات: (ئەبوهورەیرە دەگێڕێتەوە کە «هەرکەسێک بە لەشی گرانەوە رۆژی کردەوە ئەوە رۆژووەکەی بەتاڵە». مەروان کەسێکی نارد بۆ لای عائیشە و حەفسە و لەو بارەیەوە پرسیاری لێکردن، ئەوان وتیان: پێغەمبەر رۆژی دەکردەوە بە لەشگرانی بێ ئەوەی خەونی بینیبێت و بەرۆژووش دەبوو)، ئینجا مەروان بە نێردراوەکەی خۆی وت برۆ بۆ لای ئەبوهورەیرە و ئەو قسەیەی پێ بگەیەنە، کەچی ئەبوهورەیرە وتی: ئەم فەرمودەیەم لە فەزلی کوڕی عەباس وەرگرتوە، لێرەدا مردوویەکی کرد بە شاهید[8]، لەکاتێکدا خەڵکی وا تێگەیاندبوو کە خۆی فەرمودەکەی لە پێغەمبەرەوە راستەخۆ بیستووە)[9] (لا23).

جا چونکە تانەدان لە ئەبوهورەیرە لە گەورە ئەسحابەوە بووە، بۆیە ئیبن قوتەیبە ناتوانێت خۆی لێبدزێتەوە، بەڵام دەیەوێت بە لێکدانەوە خۆی دەرباز بکات، دەڵێت: (بەڵام ئەوەی تانەی داوە لە ئەبوهورەیرە، چونکە عومەر و عوسمان و عەلی و عائیشە بەدرۆیان خستۆتەوە، ئەوە ئەبوهورەیرە نزیکەی سێ ساڵ هاوەڵێتی پێغەمبەری کردوە، و زۆری لێوە گێراوەتەوە، جا کاتێک ئەوەندە گێرانەوەی لێوە کردووە کە گەورە هاوەڵانیش نەیانگێراوەتەوە، لەبەرئەوە تۆمەتباریان کردوە و پێیان باش نەبووە هێندە بگێڕێتەوە و پێیان وتوە: تۆ چۆن ئەو هەمووەت بیستوە بەتەنیا؟ کێ لەگەڵتدا بوو لەو بیستنەدا؟ عائیشە لە هەموویان زیاتر توند بوو لەگەڵیدا، چونکە هەردووکیان تەمەنیان درێژبوو دوای پێغەمبەر[10]. کاتێک پێی وتن ئەو لە هەموویان زیاتر لە خزمەتی پێغەمبەردا بووە بۆ ئەوەی خۆی تێربکات چونکە نەبوو بوو، ئەو کاری بازاڕی نەکردبوو، کشتوکاڵیشی نەبوو، بەڵکو هەمیشە لە گەڵ پێغەمبەردا بوو، لەبەرئەوە ئەوەی ئەو دەیزانی ئەوان نەیاندەزانی،

ئەوەی ئەو دەیبیست ئەوان نەیاندەبیست، ئیتر وازیان لێهێنا، لەگەڵ ئەوەشدا دەیگوت: پێغەمبەر وای فەرموو، هەندێکجار لە کەسێکی باوەڕپێکراوەوە بیستبووی و دەیگێرایەوە، تەنانەت ئیبن عەباس و ئەسحابی تریش وایانکردووە، ئەوەش درۆکردن نییە ئەوەی بەو شێوەیە فەرمودە بگێرێتەوە گوناهبار نابێت) (لا38- 40).

ئەو دەربازکردنە ئاشکرایە چ خوار و خێچە، چونکە ئاشکرایە کەس هێندەی ئەبوبەکر لە خزمەتی پێغەمبەردا نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو گێرانەوەکانی ناگاتە 240 فەرمودە. هەروەها عائیشەی خێزانی پێغەمبەر کە لە هەموو ژنەکانی تر زیاتر لەگەڵ پێغەمبەر بووە، ئەویش لە سەرقاڵی کاری بازاڕ نەبووە، کەچی کەمتر لە بیست فەرمودە لەسەر زاریەوە گێڕدراوەتەوە. لەکاتێکدا ئەبوهورەیرە هەشت هەزار فەرمودە –ئەگەر دووبارەکان لابەرین- لە سەرزاری دەگێڕدرێتەوە. لەکاتێکدا هاوەڵێتی لە سێ ساڵ زیاتر نەبووە -هەرچەند هەندێك لێکۆڵەری هاوچەرخ ئەسڵەن دەڵێن هەر ئەسحاب نەبووە.

بەڵام لەو خواروخێچییەش مەترسیدارتر لە دەرهێنانەکەی ئیبن قوتەیبەدا، کاتێک دەیەوێت تۆمەت لە ئەبوهورەیرە دووربخاتەوە، کەچی تۆمەتەکە دەسەلمێنێت، چونکە هەر ئیبن قوتەیبە پێی راگەیاندووین کە (نظام) ئەبوهورەیرەی تاوانبارکردووە بە خەڵەتاندنی خەڵك کاتێک گوتویەتی «لە پێغەمبەرم بیستوە»، کەچی «نەیشیبیستووە». هەروەها ئیبن قوتەیبە کاتێک دەیەوێت داکۆکی لە ئەبوهورەیرە بکات پێمان دەڵێت دەیگوت: «پێغەمبەر فەرمووی»، هەرچەندە خۆی لە خەڵکی تری باوەڕپێکراوی بیستووە، ئەویش گێراویەتییەوە، بەڵکو لەوەش زیاتر ئیبن قوتەیبە دەڵێت (تدلیس) خوی ئەسحاب بووە وەك (ئیبن عباس و ئەسحابەی تریش).

لێرەدا ئیشکالە مەترسیدارەکە دیارە: ئەگەر ئەبوهورەیرە و ئیبن عەباس کە زۆرترین گێرانەوەیان لە پێغەمبەرەوە کردووە، زۆربەی گێرانەوەکانیان لە پێغەمبەرەوە نەبیستوە، بەڵکو لە کەسێکی باوەڕپێکراو وەریانگرتوە، ئەوە واتە سەبەتەی گێرانەوەکانیان خەوشێکی گەورەی تێدایە، هەر لە دیدی ئەهلی فەرمودە خۆیانەوە، ئەویش بریتییە لە ناڕۆشنی و پچران لە سەنەدی فەرمودەدا، کەچی لێرەدا لە ئەڵقەی یەکەمی سەنەددا ناڕۆشنی و پچران دەبینین[11].

## گونجاندنی (دەرهێنانی) فەرموودە چۆن دەکرێت؟

بینیمان شافیعی بەشێکی کورتی لە کتێبی «الأم»دا تەرخانکردبوو دژ بەوانەی فەرموودە ڕەتدەکەنەوە، بەڵام هیچ زیاتری لەو بارەوە باسنەکردووە سەبارەت بە شوناسی ئەوان و چۆنیەتی بەڵگەهێنانەوەیان بۆ ڕەتکردنەوەی فەرمووودە. بەڵام بەپێچەوانەوە ئیبن قوتەیبە بەدرێژی باسیکردوە و ئەوەی شافیعی شاردویەتییەوە ئەم دەریخستووە، ئەوەی شافیعی ناوی نەبردوە ئەم ناویبردوە، سێ بەشی کتێبەکەی «تآویل مختلف الحدیث»ی هێناوتەوە بۆ تانەدان لەو گرووپە، کە بریتین لە کەسە ناودارەکانی موعتەزیلە لە سەدەی سێیەمدا، ئەو هەوڵیدا جارێکی تر فەرموودەکان لێکبداتەوە بۆ ئەوەی گومانی ناکۆکی نێوان فەرموودەکان نەهێڵێت وەك نەیارەکانی فەرموودە دەڵێن.

لەژێر ناونیشانی (باسی ئەو فەرمودانەی دەڵێن ناکۆکیان تێدایە و ئەو فەرمودانەی دەوترێت لەگەڵ کتێبی خوادا ناکۆکن، لەگەڵ ئەو فەرمودانەی بە عەقڵ ناخۆن)، چەندین نموونەی هێناوەتەوە لەو فەرمودانەی لەگەڵ یەک نەگونجاون و هەریەکێکیان ئەوی تریان بەتاڵ دەکاتەوە، ئەو فەرمودانەی سەرەتا و کۆتایی یەکتری هەڵدەوەشێننەوە، ئەو فەرمودانەی لەگەڵ قورئاندا نارێکن، ئەو فەرمودانەی بەڵگەی عەقڵ پووچیان دەکاتەوە، ئەو فەرمودانەی هەواڵ و بینین چاو بە درۆیان دەخاتەوە و ...هتد. لەم سەرباسە دەتوانین خەسڵەتە مەعریفیەکانی موعتەزیلە دەستنیشان بکەین، کە ئەوان فەرمودەیان ڕەتکردۆتەوە:

1. موعتەزیلە قورئانگەران.

2. عەقڵ دەخەنە پێش نەقڵ.

3. ئەوان دەڵێن ئەو دژبەرییەی لە نێوان فەرمودەکاندا هەیە بەسە بۆ ئەوەی حوکمی نەشیاوییان بدەین یان بڵێین هەڵبەستراون.

هەڵوێستی ئیبن قوتەیبەش کە دژایەتی موعتەزیلە دەکات، سێ خەسڵەتی تری هەیە:

1. ئەو پشت بە فەرموودە دەبەستێت زیاتر لە قورئان، بەگوێرەی ئەو گوتەیەی کە دەڵێت: «سوننەت حاکمە بەسەر قورئاندا، نەك قورئان حاکم بێت بەسەر سوننەتدا» (لا199).

2. ئەو بەڵگەی نەقڵ پێشدەخات و عەقڵ دەکاتە شوێنکەوتەی نەقڵ.

3. ئەو باوەڕی بەوە نییە کە دژبەرییەک لەنێوان فەرموودەکاندا هەیە، چونکە سوننەتیش وەک قورئان سروشە لە جوبرەئیلەوە (لا195)، ئەگەر شتێکی واش هەبێت ئەوە دژبەرییەکی رواڵەتیە و دەکرێت بە گونجاندن چارەسەر بکرێت.

ئەوەش ئەو ئەرکە گرنگەیە کە ئیبن قوتەیبە خستوویەتیە سەرشانی خۆی، کاتێک دەیەوێت هەرچی فەرموودەی دژبەیەکە لێکدانەوەیان بۆ بکات.

ئێستا با هەندێک نموونە لەو گونجاندنانە بێنینەوە، با بەو نموونانە دەستپێبکەین کە لە باسی شافیعیدا لەسەری راوەستاین.

لەژێر تایتڵی (دەڵێن فەرمودەیەک پێچەوانەی قسەی خودایە). ئیبن قوتەیبە دەڵێت: ئەهلی کەلام بە ئەهلی فەرموودە دەڵێن: لە سوفیانەوە گێراوتانەتەوە: پیاوێک لە دانیشتنێکی پێغەمبەردا هەستا و وتی: ئەی پێغەمبەری خودا سوێندت دەدەم بەخودا کە بە پەیامی خودا دادبینیمان بکەیت، نەیارەکەی هەستا، ئەو لەمیان تێگەیشتووتر بوو وتی: بە پەیامی خودا داد بینیمان بکە، بەڵام رێگەم بدە با قسە بکەم. پێغەمبەر وتی: فەرموو. وتی: کوڕەکەی من لای ئەم پیاوە کرێکارە، بەڵام داوێنپیسی لەگەڵ ژنەکەیدا کردوە، منیش لەجیاتی ئەوە سەد گا و خزمەتکارێکم داوەتێ، پاشان لە کەسێک کە زانیاری هەبوو پرسیم، ئەوان وتیان کوڕەکەی تۆ سەد جەڵدی لێدەدرێت و ساڵێک شاربەدەر دەکرێت، ژنەکەش رەجم دەکرێت، پێغەمبەر فەرمووی. سوێند بەخودا بە پەیامی خودا دادبینیتان دەکەم، گا و خزمەتکارەکەت بۆ دەگێڕدرێتەوە، کوڕەکەشت سەد جەڵد دەخوات و یەک ساڵ شاربەدەر دەکرێت، ئەی ئونەیس -ناوی کەسێکە لەوێ ئامادەبوە- بەیانی بچۆ بزانە ژنی ئەو پیاوە چی دەڵێت؟ ئەگەر دانی بە تاوانەکەیدا نا، ئەوە رەجمی بکە، ژنەکەش دانی بە تاوانەکەدا نا، و ئونەیس رەجمیکرد.

«دەڵێن ئەوە پێچەوانەی کتێبی خودایە چونکە ئەو داوایکردوە کە بە قورئان دادیان بکات، پێغەمبەریش گوتویەتی: سوێند بەخودا بە قورئان دادتان دەکەم، کەچی بڕیاریداوە بە شاربەدەرکردن و رەجم، کە هیچیان لە قورئاندا نین، خۆ ئەو فەرموودەیە یان ناراستە یان راستە، بەڵام لە قورئاندا باسی رەجم و شاربەدەرکردنی تێدا نیە»[12] (لا 93- 94).

با بزانین ئیبن قوتەیبە چۆن خۆی لەم ئیحراجیە دەربازدەکات، یان ئەوەتا پێغەمبەر بە غەیری کتێبی خودا دادیکردوە، یان ئەوەتا بە حوکمێک کاریکردوە کە لە قورئاندا سڕاوەتەوە، ئەو دوو ئاستەش هەرچیەک لەبارەیانەوە بڵێیت هەر ناکۆکن. ئیبن قوتەیبە لێرەدا ئاستی سێیەم دادێنێت کە بە خەیاڵی ئەو کەسانەدا نەهاتوە کە پرسیارەکەیان کردوە بۆ ئیحراجکردنی ئیبن قوتەیبە، ئەو دەڵێت: کتێبی خودا لێرەدا مەبەست لە قورئان نییە یان «مصحف»، بەڵکو لێرەدا کتێبی خودا واتە حوکمی خودا.

بەم شێوەیە ئیبن قوتەیبە دەڵێت (ئەبو محەمەد دەڵێت: پێغەمبەر (خ) مەبەستی لە کتێبی خودا لێرەدا قورئان نییە، بەڵکو مەبەستی لەوە بووە کە بە حکومی خودا دادبینی دەکات)، چونکە وشەی «کتاب» بە چەند مانایەك دێت وەک حوکم و فەرز و (کتاب الله علیکم واحل لکم ماوراء ذلکم).

واتە فەرز کراوە لەسەرتان، (قالوا ربنا لم کتبت عەلینا القتال)، واتە فەرزت کردوە لەسەرمان... هەروەها (و کتبنا علیهم فیها ان النفس بالنفس)، واتە فەرزمانکردوە لەسەرتان(لا94).

ئەوە دیارە کە خۆدەربازکردن و گونجاندنیش نییە، بەڵکو زیاتر یاریکردنە بە لەفزەکان، تەحەکومکردنە بە دەلالەتی وشەکانەوە.

بەهەرحاڵ، ئەو گونجاندنەی ئیبن قوتەیبە -ئەگەر راستیش بێت- تەواو خۆی دەرباز نەکردوە لەو ئیحراجیە کە پەیوەستە بە مانای کتاب، چونکە بەشی دوەمی ئیحراجیەکە هەر ماوە کە پەیوەستە بە کورتهێنانی کیتابەوە، ئەمە ئەگەر زیاتر دەرگای دانەخستبێت لە ئەنجامی وەڵامەکەی ئیبن قوتەیبە، بۆ بەشی یەکەمی پرسیارەکە، ئەگەر مەبەست لە حوکمی خودا رەجم بێت، ئەگەر حوکمی خوداش لێرەدا رەجم و شاربەدەر کردن بێت، ئایا بەو قسەیە ئیبن قوتەیبە قسەی (صائغی موعتەزیلە) پشتراست ناکاتەوە کە دەڵێت (رەجم و شاربەدەر کردن، لە قورئاندا نەهاتوە) کەواتە ناچارن بڵێین (قورئان کورتیهێناوە)؟

جا ئەم ئیحراجکردنە کە وەک گێژاو وایە بۆ ئیبن قوتەیبە، هێندی تر گێژەنگ دەبێت کاتێک ئیبن قوتەیبە دەیەوێت لە سیاقێکی تردا دەرچەیەکی دەربازبوون بۆ خۆی بکاتەوە، کاتێک دەچێتە ناو مەسەلەی بەردبارانکردنی ماعزەوە، پاش ئەوەش ئەو باسی ئەو بزنە

دەکات کە گوایە ئەو نوسخەیەی خواردوە کە ئایەتی رەجمی تێدابووە. موعتەزیلەش هاتوون و ئەو فەرمودەی بزنەیان بەکارهێناوە بۆ زیاتر ئیحراجکردنی ئەهلی فەرمودە. ئەوان دەڵێن (لە عائیشەوە ریوایەتتان کردووە: ئایەتی رەجم و شیردان بەگەورە لە کاغەزێکدا نوسرابوو لە ژێر جێگەکەی مندا دانرابوو، کاتێک وەفاتیکرد و ئێمەش خەریکی ناشتنی ئەو بووین بزنێك خۆیکردبوو بە ماڵەکەمدا و کاغەزەکەی خواردبوو، دەڵێن ئەم فەرمودەیە پێچەوانەی ئایەتی (وانه لكتاب عزيز لا يأتيه الباطل من بين يديه ولا من خلفه)، ئیتر چۆن ئەو قورئانە «عزیز» دەبێت کاتێک بزنێک بێت و ئایەتێکی بخوات و فەرزێک بەتاڵ بکاتەوە و بەڵگەبوونەکەی پووچ بکاتەوە (لا289). ئبن قوتەیبە لێرەدا دەڵێت جیاوازی هەیە لە نێوان (مصحف) و (قورئان)دا. دەڵێت ئەوەی بەرێزە (قورئان) ـە نەك (مصحف)، کاتێک بزنێک (صحیفە)یەک دەخوات، خۆ بزن یەکێکە لە مەخلوقە بەرێزەکان، کەچی ئێمە دەبینین مشکێک دێت و مصحف دەکرتێنێت و میزیشی بەسەردا دەکات، یان کێچ و ئەسپێ لێی دەخوات) (لا291). پاشان دەڵێت (کاتێک خودا ئایەتێک دەسڕێتەوە ئەوە دەشێ ئەو ئایەتەیشی وەك قورئان دابەزاندبێت و لەدواییدا خوێندنەوەکەی هەڵوەشاندبێتەوە، بەڵام حوکمەکەی هێشتبێتەوە وەک عمر لەبارەی ئایەتی رەجمەوە دەڵێت، یان ئەوەی هەندێک کەسی تر باسیدەکەن کە پێش نووسینەوەی قورئان ئایەتێک هەبووە دوایی نەماوە و لە دووتوێی ئەو کتێبەی پێی دەووترێت قورئان نەنووسراوەتەوە) (لا292).

بەم شێوەیە دەبینین ئیبن قوتەیبە بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت دەچێت قسەکانی (صائغی موعتەزیلە) پشتراست دەکاتەوە، بێ ئەوەی بیەوێت دەڵێت کیتابی خودا کەموکورتی تێدایە تەنیا لەبەرئەوەی فەرمودەیەک پشتراست بکاتەوە.

مەسەلەکە لێرەدا راناوەستێت، بەڵکو لە کاتێدا دەیەوێت داکۆکی لەو فەرمودەیە بکات کە باسی خواردنی ئایەتەکە دەکات لەلایەن بزنێکەوە، دەڵێت (ئەو ئایەتە لە حەجی ماڵئاواییدا دابەزیوە) (لا291)، ئەوەش دەمانگێڕێتەوە بۆ مەسەلەی رەجمکردنی ماعز و ژنەکەی تر کە ناوی غامیدیە بوو، ئێمە بینیمان لە چیرۆکی ئەو رەجمەدا -کە پێمان وایە چیرۆکێکی خەیاڵییە- دەبێت وەک گریمانە لە ساڵی حەوتەمی کۆچیدا روویدا بێت، تاکو

بتوانین ماوەی سکپڕی و شیرخواردن و لە شیربڕینەوە حساب بکەین. لەکاتێکدا حەجی ماڵئاویی لەساڵی دەیەمی کۆچیدا بوە، واتە دوا ساڵی ژیانی پێغەمبەر. تۆ بڵیی پێغەمبەر لە پێشەوە حوکمی بە ئایەتێک کردبێت کە دوایی دابەزیوە؟ ئایا دەبێت بۆ گونجاندنی ئەو دوو ریوایەتە بووترێت کە پێغەمبەر پێش سروش کەوتوەو پێش ئەوەی سروشی بۆ بێت بە سێ ساڵ ئەو حوکمەی جێبەجێکردوە؟ بەڵام ئەم گونجاندنە پێویستی بە گونجاندنێکی تریشە، چونکە وەک دەزانین قورئان لەسەر زاری پێغەمبەر دەڵێت (ماعندي ماتستعجلون به، ان الحكم الا لله) (الانعام: 57). هەروەها بەدەقی قورئان نەهی لێکراوە پەلە بکات لە قورئاندا (و لاتعجل بالقران من قبل ان يقضى اليك وحيه) (طه: 14). (لاتحرك به لسانك لتعجل به) (القيامة: 16).

مادەم باسی جیاوازیی نێوان قورئان و (مصحف) دەکەین. با راوەستین لەسەر گرفتێکی تری گونجاندنی ئیبن قوتەیبە، بزانین چۆن گەمە بە وشەکان و بە زەمەنیش دەکات، لە ژێر ناوی (فەرمودەیەک هەر چاو بەدرۆی دەخاتەوە)، ئیبن قوتەیبە لە هەندێک لە موعتەزیلە دەگێڕێتەوە کە بە ئەهلی فەرمودەیان وتوە: (ریوایەتێکتان کردوە، کە گوایە پێغەمبەر فەرمویەتی: ئەگەر قورئان بخرێتە پێستەیەکەوە و فڕێ بدرێتە ناو ئاگرەوە، ناسووتێت)، دەڵێن ئەوە هەواڵێکە گومانمان نییە لەوەی درۆیە، چونکە ئێمە (مصحف) دەبینین دەسووتێت و وەک هەر شتێکی تر گۆرانی بەسەردا دێت.

(ابو محەمەد «واتە ابن قتيبة» دەڵێت: ئێمە دەڵێین: ئەمەش تەئویلێکی هەیە کە ئەوان بەسەریاندا تێپەڕیوە و تێینەگەیشتوون، ئێستا روونی دەکەمەوە.

ئەسمەعی لەبارەی ئەم فەرمودەیەوە دەڵێت: واتە ئەگەر ئەو قورئانە بخرێتە دڵی ئینسانەوە پاشان ئینسانەکە بخرێتە ئاگرەوە ئەو ئینسانە ناسووتێت، ئەسمەعی مەبەستی ئەوەیە: هەر کەسێک خودا قورئانی فێرکرد لە موسوڵمانان و لەبەریکرد ئاگر لە قیامەتدا نایسووتێنێت.

قسەیەکیتریش لەو بارەیەوە هەیە دەووترێت: ئەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەر بووە و بەڵگە بوە لەسەر ئەوەی قورئان کەلامی خودایە. ئیتر پاش پێغەمبەر هەڵگیراوە.

قسەیەکی تریش هەیە: ئەویش ئەوەیە کە مانای نەسووتان دەگەڕێتەوە بۆ قورئانەکە نەک بۆ پێستەکە، واتە ئەگەر قورئان لەسەر پێستێک بنووسرێت و بخرێتە ئاگرەوە قورئانەکە ناسووتێت دەوروبەرەکەی دەسووتێت بەڵام قورئانەکە خودا دەیپارێزێت لە ئاگر. (ئێمە گومانمان نییە لەوەی کە قورئان لە (مصحف)دا نووسراوەتەوە، وەک ئەهلی کەلام دەڵێن: ئەوەی لە (مصحف)دایە بەڵگەیە بۆ قورئان بەڵام قورئانەکە خۆی نیە) خوداش دەفەرمویێت (انه لقرآن کریم في کتاب مکنون، لایمسه الا المطهرون)، پێغەمبەریش دەفەرمویێت (سەفەر مەکەن بە قورئانەوە بۆ خاکی کوفر) -مەبەستی لە مصحفه-[13] (ص200- 202).

## گونجاندنی هەڵە و کەموکورتی لە فەرمودەدا

بێگومان گرنگترین شتێک کە ئیسلامی فتوحات جیادەکاتەوە لە ئیسلامی مەکی و مەدەنی، بریتیە لە بەبتکردنی فەرمودە، واتە پیرۆزکردنی فەرمودە کە زۆرجار یەکسان دەبێت بەڵکو بەرزتریش دەبێت لە قورئان، ئەگەر بتاندنی فەرمودە نەبوایە، ئەگەر زاڵکردنی فەرمودە نەبوایە بەسەر قورئاندا، ئەوکات پێویست نەدەبوو هەندێک ئەحکامی قورئان بگۆڕدرێت و هەندێکیتریش بسڕرێتەوە بەهۆی حوکمی دەرکێشراو لە فەرمودەیەوە.

ئەگەر ئیبن قوتەیبە شتێکی تازەی نەهێنابێت بەڵکو هەر لەسەر پەیڕەوی پێشینانی خۆی ڕۆیشتبێت، وەک شافیعی، کە لە شافیعیەوە مەبدەئی جیاوازی نێوان قورئانی خوێنراو و قورئانی نەخوێنراوی وەرگرتوە، هەروەها قورئانێک حوکمەکەی بەتاڵکراوەتەوە و خوێندنەوەکەی ماوەتەوە قورئانێکیش حوکمەکەی ماوەتەوە و خوێندنەوەکەی بەتاڵکراوەتەوە. لێرەدا ئەوەی جێگەی سەرسووڕمانە ئیبن قوتەیبە هەمان میکانیزم بەسەر فەرمودەیشدا پیادە دەکات. بەوەش کەلێنی گەورە دەخاتە ناو زانستی فەرمودەیەوە.

لێرەدا سێ نموونە دێنینەوە، کە دەیەوێت فەرمودە لەو ناعەقڵانیەی تێی کەوتوە دەرباز بکات، بە گریمانەی ئەو کەسەی ریوایەتیکردوە، هەڵەیکردوە یان هەندێک وشەی لێکەوتوە.

1. له ئەبو سەعید ریوایەتکراوە کە پێغەمبەر گوتویەتی: له سەد ساڵی تردا هیچ گیاندارێک لەسەر زەوی نامێنێت. موعتەزیلە دەڵێن ئەو فەرمودەیە دیارە راست نییە، چونکە ئێستا ئێمە لە ساڵی سێسەدی کۆچیداین و خەڵک زۆر زیاترن لەو کاتە.

(ئەبو محەمەد «ابن قتيبة» دەڵێت: ئەم فەرمودەیە وشەیەکی لێکەوتوە لەلایەن ئەوانەی ریوایەتیان کردوە، یان لەبیریان چووە، چونکە پێغەمبەر بە هێواشی گوتویەتی و ئەوان گوێیان لێ نەبوە، ئێمە گومانمان نییە کە پێغەمبەر گوتویەتی: کەسێک لە ئێوە نامێنێت. واتە ئەوانەی لەو مەجلیسەدا بوون. یان هاوەڵان هەموویان، لێرەدا ئەوەی ریوایەتی کردوە وشەی «لە ئێوەی» بیرچووە) (لا93).

بەڵام ئەوەی سەیرە کە ئەم فەرمودەیە سێ کەس ریوایەتیان کردوە، واتە هەر سێ کەسەکە پێکەوە یەک وشەیان بیر چووە. لە کاتێکدا بیرچوونی ئەو وشەیە بە تەواوی مانای فەرمودەکە دەگۆڕێت.

لەراستیشدا ئەوەی چەند وشەیەکی لەو فەرمودەیە خستوە ئیبن قوتەیبە خۆیەتی، چونکە لێرەدا ئەوەی لە خوێنەر شاردۆتەوە کە ئەو قسەیە کاتێک پێغەمبەر گوتویەتی یان هەر سێ کەسەکەی ریوایەتیان کردوە لەسەر زاری ئەو وتویانە، پێش وەفاتی پێغەمبەر بووە بە ماوەیەکی زۆر کەم، کاتێك کەسێک لێی پرسیوە کەی ئاخیر زەمانە؟ ئەمەش دەقی فەرمودەکەیە وەک لە (مسلم)دا هاتووە (لە پێغەمبەرم بیست مانگێک پێش وەفاتی بوو، وتی: لێم دەپرسن لەبارەی ئاخر زەمانەوە، ئەوە خودا دەیزانێت، بەڵام سوێند بەخوا پاش سەد ساڵی تر یەک زیندوو کە هەناسە بدات لەسەر زەوی نامێنێت) [14]. لەدەقەکەدا دیارە پێغەمبەر نەیوتوە (کەسێک لەئێوە) یان بڵێ هاوەڵان، ئەگەر مەبەستی وابوایە دەیووت: ئێوەو هەموو خەڵک، چونکە کاتێک ئاخرزەمان دێت هەموو کەس دەمرێت و کەس جیاناکرێتەوە. ئەوەش بە ریوایەتێکی تر پشت ئەستوورە. دیسانەوە موسلیم ریوایەتیکردوە (شەوێک پێغەمبەر نوێژی خەوتنانی پێکردین، لەدوا رۆژەکانی ژیانیدا بوو، کاتێک سەلامی دایەوە وتی: ئەمشەوە دەبینین؟ دواى سەد ساڵی تر وەک ئەمشەو کەسێک لەسەر زەوی نامێنێت لەوانەی لەسەر زەوین) [15].

2. دیسان ئیبن قوتەیبە لەسەر زاری (نظام) قسەیەک دێنێت کە ئیبن مەسعود بەدرۆدەخاتەوە دەڵێت (ئیبن مەسعود کۆمەڵێک خەڵک دەبینێت لە تیرەی «زط» دەڵێت: ئەمانە زۆر لەو جنۆکانە دەچن کە لە شەوی جنۆکەکاندا لەگەڵ پێغەمبەردا بینیمانن، پاشان کە پێی دەڵێن: ئایا تۆ شەوی جنۆکەکان لەگەڵ پێغەمبەر بوویت؟ دەڵێت: نەخێر کەسی لەگەڵ نەبوو بە تەنیا بوو. دەبینین جاری یەکەم دەڵێت لەگەڵ پێغەمبەر بووم لەو شەوەدا، کەچی دووەم جار دەڵێت نەخێر لەگەڵیدا نەبووم) (لا 31).

با بزانین ئیبن قوتەیبە چۆن وەڵامی ئەم قسانە دەداتەوە، دەڵێت (کەی دەگونجێت کەسێکی وەک ئیبن مەسعود کە پیاوێکی وا زیرەک و بیرتیژ بووە، لە سوننەدا هێند پێشکەوتوو بووە، چۆن دەبێت دان بەدرۆدا بنێت؟ ئێستا بڵێ من ئامادەبووم، سبەینێ بڵێ ئامادە نەبووم؟ خۆ ئەگەر دوژمنیش هەوڵی بدایە هەڵەیەکی وای پێبکردایە نەیدەکرد، ئێمە گومانمان نییە لەوەی یەکێک لەو دوو هەواڵە درۆن، (مەسەلەی «زط»، یان شەوی جنۆکە)، چونکە ڕەوا نییە ئیبن مەسعود بە خەڵک بڵێ درۆم کردوە و بەمەش پایەی خۆی دابەزێنیت لای خەڵك، ئەگەر ئەو قسەیە وەک لای ئەهلی فەرمودە بێت، ئەوانەی هەواڵی «زط»یان بەڕاست نەزانیوە، ئەوە ئەو هەواڵە دەکەوێت. خۆ ئەگەر هەردوو فەرمودەکە ڕاست بن، ئەوە بێگومانم لەوەی ئەو کەسەی هەواڵی دووەمی ڕیوایەتکردوە وشەیەکی لێ خستووە، بەم شێوەیە: کاتێک پرسیاری لێکرا؟ ئێوە لەگەڵ پێغەمبەر بوون شەوی جنۆکە؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: کەسمانی لەگەڵ نەبوو بێجگە لە خۆم. لێرەدا ڕیوایەتەکە وشەی «بێجگە لە خۆم»ی لەبیر چوە، یان لێی کەوتوە، ئەو شتانەش ڕوودەدەن) (لا 31- 33).

بەهەرحاڵ گریمانەی ئەوەی ڕیوایەتەکە وشەیەکی لێکەوتوە یان بیری چوە، بەشێوەیەک کە مانای فەرمودەکە قلْپ دەکاتەوە، لە نەڕێوە بۆ ئەرێ، ئەوە دەبێت دەرگایەکی فراوان بۆ نەیارەکانی ئەهلی فەرمودە بکاتەوە کە ئیتر ئەهلی فەرمودە خۆیان ناتوانن دایبخەنەوە. لەبەرئەوە هیچ کامێک لەوانەی فەرمودەیان کۆکردۆتەوە (مسانید)، قسەکەی ئیبن قوتەیبەیان بەهەند وەرنەگرتوە، بەڵکو حیکایەتی شەوی جنۆکەیان وەک خۆی گێڕاوەتەوە، بێ ئەوەی شتێکیتری بۆ زیادبکەن وەک ئەوەی ئیبن قوتەیبە دەیڵێت،

ئەمە بێجگە لەوەی هەمان فەرمودەیان بە شێوەیکی تر گێراوەتەوە کە ناتوانین ئەو تەئویلەی ئیبن قوتەیبەی بۆ بکەین تاکو بڵێین گێڕەرەوەی هەواڵەکە وشەیەکی بیرچووە. موسلیم لەسەر زاری عەلقەمە دەگێڕێتەوە (پرسیم لەئیبن مەسعود کەستان شەوی جنۆکە لەگەڵ پێغەمبەر بوون: وتی: نەخێر)[16].

هەروەها بە شێوازێکی تر دەگێڕێتەوە لەسەر زاری ئیبن مەسعود خۆی (شەوی جنۆکە لەگەڵ پێغەمبەر نەبووم، حەزم دەکرد لەگەڵی بومایە)[17].

هەروەها ئەبوداود ریوایەتی دەکات لە عەلقەمەوە کە لە ئیبن مەسعودی پرسیوە (کێ لە ئێوە لەگەڵ پێغەمبەر بوو شەوی جنۆکە؟ وتی: کەسی لەگەڵدا نەبوو)[18].

3. هەر لەسەر زاری موعتەزیلە ئیبن قوتەیبە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر فەرمویەتی (گواستنەوە نییە لە نەخۆشیدا شوومیش نییە لە ئاییندا «لاعدوى ولاطيرة»، کەچی هەر خۆیان گێراویانەوەتەوە «شوومی لە ژن و خانوو وڵاخدایە - الشؤم في المرأة والدار والدابة». لێرەدا دەبینین لە فەرمودەی یەکەمدا شوومییان نکۆڵی لێکردوە کەچی لە فەرمودەی دوەمدا دەیسەلمێنن.

لێرەدا ئیبن قوتەیبە دیسان تێهەڵدەچێت تا بیسەلمێنێت هیچ ناکۆکییەك نییە لەنێوان ئەو دوو فەرمودەیەدا، ئەوەی هەیە تەنیا ئەبوهورەیرە هەڵەیکردوە یان فەرمودەکەی بە کەموکورتی گێراوەتەوە، ئیبن قوتیبە دەڵێت: ئەم فەرمودەیە هەڵەی ئەبوهورەیرەیە، چونکە ئەو شتێکی بیستوە لە پێغەمبەر بەڵام جوان تێنەگەیشتوە. ئینجا دەڵێت (ئەبو محەمەد دەڵێت: (محەمەد بن یحیی) بۆی گێرامەوە... دوو پیاو چوونە خزمەت عائیشە وتیان ئەبوهورەیرە فەرمودەیەکی گێراوەتەوە لە پێغەمبەرەوە کە فەرموێتی «شوومی لە ژن و وڵاخ و خانوودایە»، عائیشە هەڵچوو وتی: «تو ئەو زاتەی قورئانی ناردوە بۆ محەمەد کێ وای وتوە بەڵکو پێغەمبەر فەرمووی: خەڵکی سەردەمی نەفامی دەیانوت: شوومی لە سێ شتدایە: وڵاخ و ژن و خانوو) (لا 104- 105).

لێرەدا توانیی ناکۆکی نێوان دوو فەرمودەکە چارەسەر بکات، بەڵکو ماناکە تەواو هەڵبگێڕێتەوە. خۆ ئەگەر عائیشە قسەکەی ئەبو هورەیرەی راست نەکردبایەوە ئەوە

ڕقبوونەوە لە ژن هەر بەردەوام دەبوو لە ئیسلامیشدا وەک سەردەمی جاهیلیەت، هەرچەند لە چەندین فەرمودەی تردا ئەهلی فەرمودە و فیقهـ نزمێتی ژنیان هەر چەسپاندوە.

جا ئەگەر ئەبو هورەیرە لەم فەرمودەیەدا ئەو هەڵە گەورەیەی کردبێت، ئەی چ گەرەنتیەک هەیە کە لەو هەزاران فەرمودەیەی تر کە گێراویەتیەوە هەڵەی نەکردبێت، کە هەموو ئوممەتی ئیسلام گیریان خواردوە بەدەستیەوە، بەدرێژایی چەندەها نەوە [19].

## گونجاندنی فەرمودە بۆ عەقلاندنی عەقڵناپەسەندێك

لە ژێر ناوی (ئەو فەرمودانەی بە بینین بەدرۆ دەکەونەوە) موعتەزیلە لە ئەهلی فەرمودە دەپرسن (گێراوتانەتەوە لە پێغەمبەر گوایە گوتویەتی: ئەگەر مێش کەوتە دەفری کەسێکتانەوە لە شلەکەی نقوومی بکەن، چونکە لە باڵێکیدا ژەهر هەیەو باڵەکەیتریشی چارەسەری تێدایە، مێشەکە ژەهرەکە پێشدەخات و شیفاکە دوادەخات، جا چۆن لە یەک شتدا ژەهر و شیفاش هەیە، یان چۆن مێشەکە شوێنی ژەهرەکە دەزانێت و پێشیدەخات و شوێنی شیفاکە دەزانێت و دوای دەخات).

ئیبن قوتەیبە لە وەڵامدا دەڵێت (ئێمە دەڵێین ئەم فەرمودەیە ڕاستە، بەڵام بە شێوەیەکی تریش ڕیوایەتکراوە، ئەبوخەتاب بۆیباسکردین، وتی... سومامە بۆی گێڕامەوە وتی: مێشێک کەوتە ئاوێکەوە، ئەنەس بە پەنجەی گرتی و لە ئاوەکەدا نقومیکرد، ئینجا وتی (بسم الله) سێ جار وایکرد، ئینجا وتی: پێغەمبەر فەرمانیکردوە کە بەو شێوەیە بکەن، وتی: (لە باڵێکیدا ژەهر هەیە، لەویتریاندا شیفا هەیە)[20].(ل 229).

ئیبن قوتیبە تەنیا بەوە وازناهێنێت کە فەرموودەکە جێگیر بکات، بەڵکو دەشڵێت هەرکەسێک باوەڕی بەو فەرمودانە نەبێت ئەوە لە ئیسلام داڕنراوە. هەرکەسێکیش باوەڕی بە بەشێک لە قسەکانی پێغەمبەر نەبێت وەک ئەوە وایە باوەڕی بە هیچی نەبێت). ئینجا دەڵێت ئێستا من دەست لە ڕێگەی سەلماندنی ئاینی هەڵدەگرم و لەڕێگەی فەلسەفەوە قسەکانی دەسەلمێنم، دەڵێت: (ئینجا، چ ڕێگرێک هەیە لەوەی باڵێکی مێش شیفای تێدابێت و باڵێکیش ژەهری تێدابێت، تەنانەت ئەگەر واز لە سەلماندنی ئایینیش بێنین و

بگەڕێینەوە بۆ فەلسەفە؟ ئایا مێش لەم نمونەیەدا هەر وەک مار نییە؟ نوژدارەکان دەڵێن گۆشتی مار شیفایە دژی ژەهری مار، ئەگەر بکرێتە دەرمان، نوژدارانی کۆنیش دەڵێن ئەگەر مێش لەگەڵ کل بهاڕدرێت و بدرێت لە چاو ڕۆشنایی چاو زیاد دەکات، لە خاوەنی (لۆژیک)یش (واتە ئەرەستۆ) دەگێڕنەوە کە گوایە کۆمەڵێك مێشخۆر بوون، لەبەرئەوە هەرگیز توشی چاوئێشە نەبوون، دەڵێن ئەگەر مێش لەتبکرێت و بخرێتە سەر شوێنی پێوەدانی دووپشك ئازارەکەی ناهێڵێت)[21].

ئیبن قوتیبە لەم بارەیەوە دەڵێت (ئێمەش دەڵێین ئەم فەرمودەیە راستە، بەڵکو دەڵێت هەر کەسێک باوەڕی بەو فەرمودانە نەبێت لە ئیسلام دەردەچێت، هەر کەسێک باوەڕی بە یەك فەرمودە نەبێت وەک ئەوە وایە هەموو فەرمودە بەدرۆ بخاتەوە، پاشان رێگەی ئایین واز لیدێنێت و بە فەلسەفە دەیسەلمێنیت کە مێش چەند سوودبەخشە، دەڵێت (ئەگەر واز لە مەسەلەی ئاینیش بێنین و بگەڕێینەوە بۆ فەلسەفە هەر ناتوانین نکۆڵی بکەین لە سوودەکانی مێش، خۆ مێش وەک ماریش نیە، کەچی زانایان دەڵێن گۆشتی مار شیفایە بۆ ژەهرەکەی، ئەگەر بکرێتە دەرمان، پزیشکانی کۆن دەڵێن ئەگەر مێش بخرێتە ناو کلەوە لەگەڵیدا بکوترێت ئەوە سوودی زۆری دەبێت بۆ چاو. خاوەنی کتێبی مەنتیق دەڵێت خێڵێک هەبوون مێشیان دەخوارد لەبەرئەوە تووشی چاو ئێشە نەدەبوون، هەروەها دەڵێت ئەگەر مێش پان بکرێتەوە و بخرێتە سەر شوێنی پێوەدانی دووپشکەوە ئازارەکەی دەشکێنێت. ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شیفای تێدایە)[21](لا230).

با ئێستا فەرمودەی تەنینەوە (عدوی) بکەین، کە ئەویش کایەیەکە بۆ بەیەکداچوونی ئایین و زانست، ئیبن قوتەیبە دەگێڕیتەوە کە موعتەزیلە لە سەردەمی خۆیدا وتویانە ئەو فەرمودەیە ناکۆکی تێدایە سەبارەت بە پەتا (تەنینەوە)، لەلایەکەوە دەڵێن (تەنینەوە «پەتا» راست نیە) کەچی کاتێک دەڵێن کونبوونی پێستی حوشتر (یەکەم نیشانەی گەڕبوونیەتی) لە نینۆکەکانیدا سەرهەڵدەدات دواجار ئەو حوشترە گەڕ دەبێت، دەڵێن: ئەی یەکەم حوشتر چۆن تووشبوو؟ ئینجا هەر خۆتان دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر فەرموێتی (با نەخۆش نەچێتە ناو تەندروستەکانەوە)، هەروەها (رابکە لە گەڕ وەک چۆن لە شێر رادەکەیت)، دەبینین ئەمانە هەموو ناکۆکییان لەنێواندایە، دەبینی هەندێکیان نکۆڵی لە

تەنینەوەی پەتا دەکەن، کەچی لەوانیتردا دەیسەلمێنن، لێرەدا ئیبن قوتەیبە تێهەڵدەچێت و دەڵێت (هیچ ناکۆکییەک نییە، چونکە هەر یەکەیان مانایەک و شوێنێکی خۆی هەیە، لەبەرئەوە ئەگەر هەر یەکەیان لە شوێنی خۆی دابنرێت ناکۆکیەکە نامێنێت) (لا102).

هەرچەند ئیبن قوتەیبە لە بەراییدا دەڵێت ئەو پەنا نابات بۆ مەسەلەی بەباشزانین «استحسان» و پێوەرکاری «قیاس» و کتێبی فەیلەسوفان و ئەهلی کەلام)(لا86)، بەڵام دەبینین هێندە نابات زمانێکی زانستی دادێنێت تاکو ئەو دژبەرییانە هەڵبگرێت کە لەنێوان ئەو فەرمودانەدا هەیە و هەوڵدەدات بیسەلمێنێت کە ئەو ناکۆکییانە تەنیا شتێکی رواڵەتین و حەقیقەتیان نییە. ئەو ناکۆکیەش دەگەڕێتەوە بۆ دوولایەنەی ماناکانی وشەکە، چونکە پەتا لای ئەو دووجۆرە: پەتای گەڕبوون لەگەڵ پەتای تاعوون) (لا102-103). پەتای یەکەم هەرچەند بەرواڵەت پێی دەووترێت پەتا، بەڵام لە راستیدا پەتا نییە، چونکە ناتەنێتەوە و بڵاونابێتەوە، بەڵکو تەنیا ئەوەیە کە بۆگەنێکی ناخۆشی هەیە، (لە پەتای گەڕبووندا، مرۆڤی گەڕ بۆگەنێکی ناخۆشی هەیە تەنانەت ئەوانەی لای دادەنیشن نەخۆش دەکەون، لەبەرئەوە پزیشکان دەڵێن لای گەڕ و تووشبووی سیل دامەنیشن، مەبەستیان پەتاکەی نییە، بەڵکو مەبەستیان بۆنەکەیانە، لەوانەیە کەسێک بۆنیان بکات نەخۆش بکەوێت) (لا102- 103).

دیارە لێرەدا بۆچی ئیبن قوتەیبە جیاوازی دەکات لەنێوان پەتای گەڕی و پەتای تاعوون، چونکە پێغەمبەر بەگوێرەی فەرمودەی دووەم تەنیا فەرمان دەکات بە راکردن لە دەست مرۆڤی گەڕ، جا لەبەرئەوەی لە فەرمودەی یەکەمدا لەسەر زاریەوە وتراوە (پەتا نیە)، لەبەرئەوە دەبوو بڵێت ئەو راکردنە لە بۆگەنەکەیەتی نەك لە پەتاکەی، بەپێچەوانەی تاعوونەوە، گەڕی پەتا نییە «بەباوەڕی ئیبن قوتەیبە»، بەڵکو لەسەر زاری پزیشکانەوە دەگێڕێتەوە کە (ئەوان کاتێک دەڵێن لەگەڵ گەڕ دامەنیشە ئەوە لەبەر پەتا بوونی نییە بەڵکو لەبەر بۆگەنەکەیەتی)[22]. بەم شێوەیە ئیدی وادەزانیت ئەو دژبەریەی چارەسەر کردوە کە موعتەزیلە پەییان پێبردوە، بەو شێوەیە (دەسەلمێت) کە فەرمودەی (پەتا نیە - لاعدوی) ناکۆک نییە لە گەڵ (راکە لە گەڕ وەک چۆن لە شێر رادەکەیت)[23].

## گونجاندن و فۆبیای دژبەریی (التخریج و رهاب التناقض)

بە ئاسانی پەی بەوە دەبەین کە بۆچی ئین قوتەیبە کە خۆی وەک داکۆکیکارێکی سەرسەخت لە سوننە پیشان دەدات، هێندە بە شێوەیەکی نیمچە نیرۆسی (دەمارتوندیی Neurosis)، داکۆکی لە فەرموودە دەکات تاکو تۆمەتی دژبەری لێ دووربخاتەوە، چونکە فەرموودە تاکە پیشەیەکی گرنگە لەو سەردەمەدا، هەرچەند ئەم هونەرە جێدەستی تەواوەتی مرۆڤی پێوەدیارە، هەر لەوانەی گێراویانەتەوە تا ئەوانەی گێڕەرەوەکانیان هەڵسەنگاندوە، زنجیرەی گێڕەرەوەی فەرموودەکانیان هەڵسەنگاندوە و پاشان تەکنیکی (راست) و (لاواز) و (هەڵبەستراو) و (متواتر) ...هتد. ئەمە هەمووی بەرهەمی مرۆیین، بەتایبەت کاتێک زنجیرەی فەرموودە گێڕەوەکان درێژ دەبنەوە و یەک بەدوای یەک دەبن و وڵاتەکانیان جیا دەبێت، گرنگیەکانیان جیا دەبێت، بەرژەوەندیەکانیان جیا دەبێت، لەوێشەوە ئیجتیهادەکانیان جیا دەبیت، لێرەدا ئیتر شتێکی حەتمیە کە تۆمارخانەی فەرموودە کە بە درێژایی سەردەمەکان قەبە دەبێت و زیادی دەچێتە سەر، جیاوازی و ناکۆکی بکەوێتە نێوان فەرموودەکانەوە، هەرچەند پیشەی فەرموودە بەرهەمێکی ئینسانییە، بەڵام هەوڵدراوە رەگەزی مرۆییەکەی لێ دابڕنرێت و رەهەندیکی خودایی بدرێتێ، ئەمەش هەر لەسەرەتای کودەتای ئەپستمۆلۆژیی شافیعیەوە دەردەکەوێت، کە چیتر فەرموودەش وەک قورئان دەبێتە سروشێکی خودایی. لەبەرئەوە دەبوو هەموو ناکۆکی و دژبەرییەک لە فەرموودە دووربخرێتەوە، دەنا گومان لە سەرچاوەی خوداوەندیانەی دەکرێت، چونکە ئاشکرایە کە ئیسلام خۆی وەک ئایینی تەوحید پیشانداوە، بەرامبەر ئەو ئایینانەی تر کە مەبدەئی جیاوازی و تەنانەت ناکۆکیشیان قەبووڵکردوە، چونکە ئەوان ئایینی فرە خودایی بوون. وا دیارە موعتەزیلەکانی سەدەی سێیەم کە قورئانگەرابوون، ئەو خاڵە لاوازەیان پەی پێبردوە، لای ئەهلی فەرموودە، بۆیە هەوڵیانداوە سەرچاوەی مرۆیی فەرموودە بسەلمێنن، لەم ئەرکەشیاندا پاڵپشتیان قورئان بوە، کە دەفەرموێت (ولو كان من عند غير الله لوجدوا فيه اختلافا كبيرا) (النساء: 82)، واتە: "ئەگەر قورئان سەرچاوەی خودایی نەبوایە ناکۆکی زۆری تێدا دەبوو". کەواتە ئەو هەموو ناکۆکیی و دژبەریەی لە فەرموودەدا هەیە باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە فەرموودە سەرچاوەکەی خودایی نییە.

ئەوە راستە کە موعتەزیلە بە ئاشکرا ئەو قسەیەیان نەکردوە، ئەوەش وادیارە لەترسی ئەو جەماوەرە بوە کە بەدەوری ئەهلی فەرمودەدا هەبوون و بەتایبەت پاش کودەتاکەی خەلیفە (المتوكل)، هەروەها لەبەرئەوەی موعتەزیلە هەمیشە توێژی نوخبە بوون و نەیانتوانیوە ببنە رەوتێکی جەماوەری[24].

راستە دەرخستنی ناکۆکیەکانی نێوان فەرمودەکان باشترین چەکی تاکتیکیانەی موعتەزیلە بوە دژ بە ئەهلی فەرمودە، لەم لاشەوە ئەوە راستە هەوڵدان بۆ گونجاندنی فەرمودە ناکۆکەکان پێکەوە لای ئەهلی فەرمودە وەك نەخۆشی واسواسی نارسیزمی لێهاتوە. مەسەلەکەش تەنیا لەوێدا رانەوەستاوە کە چەندین فەرمودەمان هەیە حوکمی زۆر مەترسیداریان لێ بەرهەمهاتوە، وەك مەسەلەی بەردبارانکردنی زیناکار، یان نوێژکردن لە پشت هەر چاك و خراپێك، یان فەرمودەی (ئێمەی پێغەمبەران میرات جێناهێڵین)، کە بەم فەرمودەیە دەڵێن ئەبوبەکر فاتیمەی کچی پێغەمبەری بێبەشکردوە لە میراتی باوکی لە زەوی و زاری فەدەك [25]، بەڵکو تەنانەت ئەو فەرمودانەشی گرتۆتەوە کەهیچ حوکمێکی فیقهییان لەسەر بنیات نەنراوە و هیچ مەسەلەیەکی ئاینیشیان لەسەر هەڵنەچنراوە، بەڵکو تەنانەت هەندێک قسەی ئەوان کە زۆر تایبەتن بە کەسایەتی پێغەمبەر خۆیەوە و ئینسان بەراستی زەوقی تێکدەچێت لە باسکردنیان.

وەک مەسەلەی میزکردنی پێغەمبەر، لێرەدا دەبینین تەنانەت موعتەزیلەش بۆ ئیحراجکردنی ئەهلی فەرمودە دوو ریوایەتیان هێناوە یەکیان دەڵێت پێغەمبەر بەپێوە میزی کردووە، ئەوی تریان دەڵێت هەرگیز بە پێوە میزی نەکردوە، دەبینین لێرەشدا ئبن قوتەیبە دیسان قۆڵی لێهەڵدەماڵێت تا بیسەلمێنێت تەنانەت ئەو دوو فەرمودەیەش هیچ دژبەرییەکیان لە نێواندا نییە: (موعتەزیلە دەڵێن ئێوە ریوایەتتان کردوە لە عائیشەوە کە گوتویەتی: پێغەمبەر هەرگیز بەپێوە میزی نەکردوە. کەچی هەر خۆتان لە (حذيفه) وە گێراوتانەتەوە کە پێغەمبەر بە پێوە میزی کردوە، ئاشکرایە ئەو دوو فەرمودەیە چەند جیاوازن). ئبن قوتەیبە دەڵێت: لێرەشدا دیسان هیچ ناکۆکییەک نییە، چونکە پێغەمبەر

لەو شوێنانەدا کە عائیشەی لێبوە بەپێوە میزی نەکردوە، بەڵام لە شوێنی تردا کە (حذیفە) ی لێبووە بە پێوە میزی کردوە، کە شوێنێک بووە لێی دڵنیا نەبووە یان ترساوە تەڕ ببێت، یان شوێنەکە پیس بووە، ئەو شوێنە کە پێغەمبەر میزی تێداکردوە بەپێوە زبڵخانە بووە، لەبەرئەوە نەیدەتوانی دابنیشێت)[26](لا92).

لەوانەی موعتەزیلە هەندێ بیانوویان هەبێت کە ئەوانە ئەم نموونانەیان تەنیا بۆ ئەوە هێناوەتەوە تاکو فەرمودە دۆستەکان بشڵەژێنن، کەچی دەبینین ئیبن قوتەیبە چۆن تەنانەت لەوەشدا تەسلیم نابێت و بەرگری دەکات و دەیەوێت دژبەری ئەو شتە شەخسیانەش چارەسەر بکات. بەڵکو پێداگری دەکات لەسەرئەوەی (ئەو هەواڵانە راستن و ناتوانین خۆمانیان لێ بدزینەوە، ) (لا 143).

ئەو شێلگیریە لە داکۆکیکردن لە فەرمودە، تەنانەت ئەگەر ئەو فەرمودانە تەواو دژبەیەك و ناجۆریش بن، لەوانەیە لە سەر ئاستی ئەپستمۆلۆژیای ئایینیدا بتوانین لێکدانەوەی بۆ بکەین، تەنانەت لەسەر ئاستی بونیادی دەروونی ژێرخانیش لێکدانەوەی بۆ بکەین: چونکە فۆبیای دژبەیەکی لای ئیبن قوتەیبە وەک فۆبیای خەساندن وایە وەک قوتابخانەی دەروونشیکاری باسیدەکات. لێرەدا ئێمە یەك شاهیدمان هەیە، بەڵام بەڵگەیەکی تەواوە لەسەر ئەو قسەیە، ئەویش قسەیەکە ئیبن قوتەیبە لەسەر زاری زوهری دەیگێڕێتەوە دەڵێت: (فەرمودە نێرە، لەبەرئەوە پیاوەکان حەزیان لێیە، بەڵام مێینەکان حەزی لێناکەن)[27](لا58).

## دەرچەی وەهمگەرایی: ئیبن سەلامەی تەحاوی

ئەگەر ئیبن قوتەیبە بۆ رەتدانەوەی موعتەزیلە سەد و ئەوەندە بەشی لە کتێبەکەی باسکردبێت بۆ ئەوەی داکۆکی لە فەرمودە بکات و دژبەریەکانیان چاکبکاتەوە، ئەوە ئیبن سەلامەی تەحاوی کە نیو سەدە دوای ئیبن قوتەیبە مردووە، ناچاربوو هەزار و ئەوەندە بەش بنووسێت لە کتێبەکەیدا «بیان مشکل الحدیث» و زیاتر لە شەش هەزار فەرمودە چارەسەر بکات.

ئەم زۆربوونی ژمارەی فەرمودەیە ئەوەمان پێدەڵێت کە لەماوەی نیو سەدەی نێوان ئیبن قوتەیبە و تەحاویدا تۆمارخانەی فەرموده زۆر بەخێرایی فراوان بووە، بەتایبەت پاش ئەوەی بوخاری و موسلیم هەردوو سەحیحەکەیان نووسی، ئینجا ئەبو داود و تیرمزی و ئیبن ماجە سونەنیان نوسی، بەتایبەتتر پاش ئەوەی (عەبدوڵڵا کوڕی ئەحمد کوڕی حەنبەل) موسنەدی نووسی و دایە پاڵ باوکی واتە ئیمام ئەحمد کوڕی حنبل، کە زیاتر لە چل هەزار فەرمودەی تێدایە [28].

ئەم فراوانبوونە چەندییەی فەرمودە لە بەرامبەریشدا فراوانبوونی چۆنێتیشی لەگەڵدا بوو، بەهۆی هەمەجۆربوونی مەرجە مێژوویی و جوگرافییەکانەوە کە دەبوو تۆمارکاری فەرمودە رەچاویان بکات، ئەو مەرجە مێژووی و جوگرافیانەش لە هەستیاری ناوچەگەری و دەمارگیری مەزهەبیی نێوان فەرمودە دۆستەکاندا بەدرێژایی کات و شوێن کاریگەری داناوە لەسەر تۆمارکردنی فەرمودە.

بێگومان شتێکی حەتمییە لەگەڵ فراوانبوونی چەندێتی و چۆنێتی فەرمودەدا. تۆمارخانەی فەرمودە بناڵێنێت لە ژێر ئەو هەموو قورساییەدا کە خراوەتە سەری و هەر لەوێوە جۆرەها فەرمودەی جیاواز و ناکۆک و دژبەیەک بەرهەمبێن، ئەوەی کە ئیبن قوتەیبە و تەحاوی ناویدەنێن (مشكل) یان (مختلف).

لەراستیشدا تۆمارخانەی فەرمودە بەهۆی قەبەبوونیەوە بۆتە گێژەنگێکی گەورە، بەڵکو گێژەنگێکی وایە کە هەموو دەرچەکانی داخراون و لێدەرچونی ئەستەمە، بەهۆی ئەو هەموو دژبەیەکیانەی لەنێوان فەرمودەکاندا هەیە.

نازانین ئایا ئیبن سەلامە خۆی چەمکی (مشكل)ی داڕشتوە یان نا! چونکە پێش ئەو ئیبن قوتیبە چەمکی (مختلف) بەکاردێنێت. بەڵام بێگومان ئەو یەکەم کەسە ئیشکالیەتی دژیەکی فەرمودەی کردۆتە فەرهەنگێکی گەورە لە دوو کەشکۆڵی زەبەلاحدا بەناوی «معاني الاثار) و پاشان (بيان مشكل الاثار).

تەحاوی لە سەرەتای هەردوو کەشکۆڵەکەدا ئەرکەکەی خۆی دیاریدەکات و دەڵێت (سەیری ئەو ئاسەوارانەم کرد کە لە پێغەمبەرەوە پێمان گەیشتوە و سەنەدەکانیشیان

پەسەندکراون و کەسانی خاوەن متمانە بە ئێمەیان گەیاندووە، بینیم زۆرشتیان تێدایە کە لای خەڵکی روون نییە، لەبەرئەوە دڵم مەیلی بۆ ئەوە بوو کە تەئویلیان بکەم و چەندم توانی روونکردنەوە بدەم لەسەریان و حوکمەکانیان لێ هەڵێنجم)[29].

وەک دەردەکەوێت لەو بەیاننامە کورتەدا (ابن سلامة طحاوي) دەیەوێت دوو ئەرک ئەنجامبدات، یەکەمیان دەرخستنی رەوانەکردنەکانە (احالات) لە تۆمارگەی فەرمودەدا، پاشان وەگەڕخستنی میکانیزمی تەئویل، بۆ (روونکردنەوەی ئیشکالەکان) و (لابردنی دژبەریەکان) لەنێوان فەرمودەکاندا. وەک دوایی دەڵێت. هەرچەند ئبن قوتەیبە تەنیا کاری لەسەر سەد فەرمودە کردوە، بەڵام دەبینین تەحاوی کاری لەسەر شەش هەزار فەرمودە کردوە. بێگومان ئەم فراوانبوونە لە چەندێتیدا دەبوو لە بەرامبەردا فەرامۆشکردنی چۆنێتی لەگەڵ خۆیدا بێنێت.

لەبەرئەوە دەبینین تەحاوی لە جیاتی ئەوەی لەو هەموو فەرمودەیەدا تەئویل بکات دێت و چاوبەستەکێ و چەوتاندن لە خوێنەر دەکات[30]، تاکو خوێنەر وا تێبگەیەنێت کە دەرچەیەکی بۆ ئەو دژبەری و ناکۆکییانە دۆزیوەتەوە کە تۆماری زەبەلاحی فەرمودە لە ژێریدا دەناڵێنێت. بەشێوەیەك تێمان دەگەینێت کە هەر کەسێک وەک ئەو زیرەك و بلیمەت نەبێت ناتوانێت لەو گونجاندنە تێبگات کە ئەو کردویەتی.

با لێرەدا چەند نموونەیەک بێنینەوە، لەو دەرچانەی تەحاوی خۆی و خوێنەری پێ تەفرە دەدات کە گوایە ئەو رێگەچارەی بۆ دۆزیوەتەوە، هەرچەند خۆی باش دەزانێت کە ئەوەی کردوێتی زیاتر قسەی لوس و خۆخەڵەتاندنە نەك لێکدانەوە (تأويل).

### 1. دەروازەی ئاو کاتێک پیسی تێدەکەوێت

هەر وەک نەریتی ئەهلی فەرمودە، تەحاوی کتێبەکەی بە بەشی (خاوێنی- طهارة) دەستپێدەکات، ئەو کتێبەش بە بەشی (ئاو کاتێک پیسیی تێدەکەوێت)، لێرەدا سێ فەرمودە دێنێت، کە سەنەدەکانیان جیاوازە، گێڕەوەکان لەسەر زاری (ابو سعيد الخدري) دەیگێڕنەوە، کورتەکەی ئەوەیە کە پێغەمبەر لە بیری «بضاعة» دەستنوێژی دەشۆرد، پێی وترا: ئەو بیرە لاکی تۆپیو و خوێنی ژنان و پیسی تێ فڕێدەدرێت، ئەو فەرمووی: ئاو پاکە

و هیچ شتێک پیسی ناکات)[31]. له دوو ریوایەتەکەی تردا پێی وترا: ئەو بیرە چەرمی خەتەنەکردنی کچ و کوڕی[32] تێفڕێدەدرێت، خوێنی سووڕی مانگانەی ژنان و سەگی تۆپیوی تێ فڕێدەدرێت) (هەرچی بۆگەنییە تێی فڕێدەدرێت) وەڵامەکەی پێغەمبەر ئەوەبوو: (ئاو پاکە و هیچ شتێك پیسی ناکات).

بەڵکو تەحاوی هەندێک فەرمودەی تر دێنێت کە گوایە پێغەمبەر نەك هەر دەستنوێژی لەو بیرە گرتوە، بەڵکو لێشی خواردۆتەوە، فەرمانیکردوە خەڵکیش لێی بخۆنەوە، لە فەرمودەیەکدا (ابو يحى الاسلمي) لە دایکی خۆیەوە دەگێڕێتەوە «چووین بۆ لای (سهل بن سعد) ئێمە چوار ژن بووین، ئەو پێی وتین، ئەگەر ئاوی بیری بەزاعەتان بدەمێ پێتان ناخۆش دەبێت، لەکاتێکدا بەدەستی خۆم لەو ئاوەم داوە بە پێغەمبەر». لە فەرمودەیەکی تردا هاتوە «لە (جابر) یان (ابو سعيد)ـەوە[33] وتی: ئێمە لەگەڵ پێغەمبەر بووین، وتی: بۆ ئاو ناخۆنەوە؟ وتمان: ئەی پێغەمبەری خودا لەبەر ئەو کەلاکە تۆپیوە. فەرمووی: بخۆنەوە، ئاو بە هیچ شتێك پیس نابێت»[34].

لە کاتێکدا تەحاوی خۆی دەزانێت کە تۆماری فەرمودە چەندین ریوایەتی تری تێدایە کە دەڵێت ڕەوا نییە دەستنوێژ بە ئاوی پیس بگیرێت، یان لە ئاوێک بخورێتەوە کە پیسی تێکەوتبێت. هەر بۆیە نزیکەی 10 فەرمودە دێنێتەوە کە (پێغەمبەر نەهیکردوە لەوەی پیاو میز بکاتە ئاوی وەستاو و دواییش خۆی پێبشوات... یان لێی بخواتەوە)(شرح، ج1، لا14- 15). بەڵام لەم حاڵەتەدا چۆن بتوانین سازان بکەین لەنێوان ئەو نەهییە لە خۆشۆردن یان خواردنەوە لە ئاوی لەبەرڕۆیشتوو و ئاوی وەستاو ئەگەر بە میز پیس بێت، لەگەڵ دەستنوێژگرتن لە ئاوی بیری بەزاعە و لێخواردنەوەی. تەنانەت بۆ چاکبوونەوەش بەکاربهێنرێت. هەرچەند بە چەرمی خەتەنەکردن و پەڕۆی خوێناوی ژنان و کەلاکی سەگ پیس بوە؟

هەندێك لەوانەی پێش تەحاوی هاتوون ویستوویانە ئەم ئیشکالە بەو شێوەیە چارەسەر بکەن کە بیری بەزاعە وەک ئاوی لەبەرڕۆیشتوو حساب بکەن، چونکە ئاوی لەبەر رۆیشتووە و پیسی هەڵناگرێت، چونکە ئەو 10 فەرمودەیەی تر کە هاتوە نەهی دەکات لە دەستنوێژگرتن لە ئاوی راوەستاودا ئەگەر هاتوو پیسی تێکەڵبوو، لەبەرئەوە

بەو بەڵگەیان هێناوەتەوە بۆ پاکێتی بیری بەزاعە کە گوایە (لەو بیرەوە ئاو ڕۆیشتوە بۆ باخەکانی دەوروبەری مەدینە، لەبەرئەوە حوکمی بیری بەزاعە وەك حوکمی ئاوی ڕووبار وایە)(شرح، ج1، لا12). بەڵام (طحاوي) ئەم گونجاندنە رەتدەکاتەوە، چونکە ئەگەر ئاوی بەزاعە لەبەری برۆیشتبایە ئەوە کەس پرسیاری لەسەر پیسێتی نەدەکرد [35].

بەهەمان شێوە ئەو قسەیە رەتدەکاتەوە کە گوایە ئاوی بیری بەزاعە زۆربووە؛ لەبەرئەوەش حوکمی ئاوی زۆر وەک حوکمی رەوان وایە، چونکە ئاوی زۆر ئەگەر پیسیشی تێکەوت وەک ئاوی رەوان وایە و پیس نابێت، چونکە رەنگ و بۆن و چێژی ناگۆڕێت[36]. لای هەندێك لە فیقهناسەکان گۆڕانی رەنگ و بۆن و تام هۆکاری پیسبوونە لەبەرئەوە فەرمودەکەی تر دەڵێت (ئاو پاککەرەوەیە و هیچ شتێک پیسی ناکات)، ئیبن ماجە لە «مسند»دا ئەوەی بۆ زیادکردوە (تەنیا ئەو شتە نەبێت کە رەنگ یان بۆن یان تامی تێک دەدات). لەم بارەیەوە (طحاوي) دەڵێت (هەندێک لەبارەی ئەم ئاسەوارانە دەڵێن: ئاو بەهیچ شتێک پیس نابێت مەگەر تام و رەنگ و بۆنی بگۆڕێت، بەڵام بیری بەزاعە هیچ کامێک لەمانەی تێدا نییە، بەڵکو ئەوەی تێدایە کە لە پێغەمبەر پرسیویانە و پێیان راگەیاندوە کە سەگ و پەڕۆی خوێناوی ژنی تێ فڕێدەدرێت، ئەو گوتویەتی: ئاو بەهیچ شتێك پیس نابێت، لەکاتێکدا هەموو دەزانین هەر بیرێك لەو شتانە کەمتریشی تێ فڕێبدرێت مەحاڵە رەنگ و تام و بۆنی نەگۆڕێت)[37](شرح، ج1، لا10- 12).

بەڵام لەکاتێکدا تەحاوی بەم شێوەیە هەردوو دەرچەکە دادەخات، واتە ئاوی بەزاعە رۆیشتوو نەبووە و زۆریش نەبووە، دەبێت بپرسین: کەواتە تەحاوی چ دەرچەیەک بەکاردێنێت بۆ دەرچوون لەو دژبەیەکیەی لە نێوان فەرمودەکاندا هەیە؟

لێرەدا وەڵامەکەی تەحاوی باسدەکەین: «کاتێك پێغەمبەر ئاوەکەی بۆ حەڵاڵکردن، مەحاڵە پرسیاری ئەوان لەسەر ئاوەکەی بووبێت، وەڵامەکەی پێغەمبەریش بەو شێوەیە بووبێت، واتە پرسیارەکە لەکاتێکدا نەبوو کە ئەو پیسیانە لەبیرەکەدا بوون، بەڵکو پاش ئەوە بووە کە ئەو پیسیانە لە بیرەکە دەرهێنراون، لەبەرئەوە پرسیاریان لە پێغەمبەر کردووە: ئایا ئاوەکە بە دەرهێنانی ئەو شتانە پاک بۆتەوە؟ ئیتر ئەو ئاوەی دوای ئەوە دێتە ناو بیرەکە پیس دەبێت؟ لەبەرئەوە پێغەمبەر پێی وتن ئاو پاکە و بە هیچ شتێک پیس نابێت، (شرح، ج1، لا12).

دەتوانین بڵێین ئەو تەئویلەی تەحاوی سەراسەر ناوەڕۆکی هەموو فەرمودەکانی تر سەبارەت بە ئاوی بەزاعە هەڵدەوەشێنێتەوە و شتێکی بۆ زیاددەکات کە تێیدا نییە، چونکە هیچ کام لە فەرمودەکان باسی ئەوەی تێدا نییە کە خەڵک دوای دەرهێنانی پیسیەکان پرسیاریان لە پێغەمبەر کردووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، بەلایانەوە سەیربوو، کە پێغەمبەر دەستنوێژی لێگرتوە و پێغەمبەریان ئاگادار کردۆتەوە کە ئەو بیرە شتی بۆگەن و کەلاکی تۆپیوی تێ فڕێدەدرێت، بەڵام پێغەمبەر وەڵامی داونەتەوە: (ئاو پیس نابێت). ئیتر لە دوور و نزیک ئاماژەی بەوە نەکردوە کە ئەو وتەیە دوای دەرهێنانی پیسیەکان بووە لەو ئاوە، پاشان ئەگەر مەسەلەکە وابوایە دەبوو پێغەمبەر هەر لە سەرەتاوە نەهی کردبایە لە فڕێدانی پیسایی بۆ ناو بیرەکە. پاشان ئەگەر ئەوە بێنینە پێش چاوی خۆمان کە ڕۆژانە چەند کەلاکی تۆپیوو و پەڕۆی خوێناوی و چەرمی خەتەنەکردن فڕێدراونەتە ناو ئەو بیرەوە، ئایا دەتوانین بیر لەوە بکەینەوە کە بەنی ساعدەی خاوەنی بیرەکە چ هەوڵ و ماندووبوونێکیان دەویست تا بتوانن ڕۆژانە ئەو بیرە پاک بکەنەوە؟

لە لایەکی ترەوە ئەگەر گریمانی ئەوەمانکرد کە پیسایی ناو بیرەکە دەرهێنراوە ئەی وەک تەحاوی خۆی دەڵێت (دیوارەکان و قوڕ و لیتەی ناو بیرەکە خۆ پاک نەکراوەتەوە) (شرح، ج1، لا12). لە کاتێکدا ئێمە فەرمودەی ترمان هەیە کە داوا دەکات هەر کاتێک سەگێک دەمی خستە ناو دەفرێکەوە دەبێت حەوت جار بە ئاو بشۆرێتەوە دوا جاریش بە گڵ، ئەی بۆ فەرمانی نەکردوە بە شۆردنی دیوارەکانی بیرەکە و دەرکێشانی قوڕ و لیتەکەی ناوی، لێرەدا تەحاوی خۆی دەڵێت (بیر ناشۆرێتەوە، چونکە ئەو ئاوەی پێی دەشۆرێتەوە دیسان دەچێتەوە ناو بیرەکە وەک ئەو دەفرە نییە کە ئاوی لێ دەڕژێت) (شرح، جق، لا17).

بێگومان ئەو شیکارە سادە و رواڵەتییە گرفتەکە چارەسەر ناکات: چونکە ئەو پیسییەی دیوارەکانی پێ ئالودەبوون و لەگەڵ قوڕی ناو بیرەکەدا تەواو ئاوێتە بووە، بە چەند دۆڵکە ئاوێک کە لێی دەردەهێنرێت پاك نابێتەوە، جا لەبەرئەوەی ڕۆژانە ئەم فڕێدانی شتە دووبارە دەبێتەوە، کەواتە ڕۆژانە ئەو پیساییانە کەڵەکە دەبن و زیاتر لەناو بیرەکەدا شیدەبنەوە و بۆگەنی زیاتر دەکەن و تەنیا بە فڕێدانی چەند دۆڵکە ئاوێکی ڕەنگ گۆڕاو و بۆگەن پاک نابێتەوە.

لەراستیدا تەحاوی پێویستی بەو هەموو خۆماندووکردنە نەدەبوو سەبارەت بە بیری بەزاعە ئەگەر هەر لەسەرەتاوە بەچاوێکی رەخنەگرانە لە فەرمودەکەی بڕوانیایە، وەك ئەوەی هاومەزهەبێیکی خۆی لە دواییدا دەیکات، (ئیبن مازەی حەنەفی) دەڵێت: (فەرمودەی بەزاعە سەلمێنراو «ثابت» نییە)[38]. هەر بەراستیش پێش ئیبن حەنبەل هیچ کەسێک نەیوتوە فەرمودەی بەزاعە راستە[39]، بوخاری و موسلیمیش ریوایەتیان نەکردوە، هەروەها ئەوانەی دوای ئەوانیش هاتوون ریوایەتیان نەکردوە، بەڵکو تەنیا لە مەسنەدی ئەحمەدەوە رایانگواستوە، ئەوەندە بەسە بزانین کە گێڕەرەوەی دوو فەرمودەی بیری بەزاعە (ئیبن ئیسحاق)ـە. لەباسی مالیکیشدا بینیمان مالیک چۆن ئیبن ئیسحاق بە دەجال ناودەبات. تەنانەت ئیبن حەنبەلیش دەڵێت ئیبن ئیسحاق (بەناوبانگە بە تێهەڵکێشکردن «تدلیس» لە کەسانی لاواز و نەناسراوەوە، بەڵکو لە خراپترینیانەوە)[40]. ئیتر نازانم پاشان چۆن دەبێتە جێی متمانە و لەو مەسنەدەدا کە بەناوی ئەحمەدەوە نووسراوە دەبێتە (پایەیەک) بۆ لێوەرگرتنی فەرمودە[41]. تەنانەت ئەگەر نەشچینە ناو گەمەی جەرح و تەعدیلەوە کە لەهەمانکاتدا جێگەی یاریکەر و یارپێکراویشە، خۆ هەر موناقەشەکردنێکی بابەتیانەی فەرمودەی بیری بەزاعە هیچ گومانێکمان بۆ ناهێڵێتەوە لەوەی کە ئەو کەسەی هەڵیبەستوە بە قەسدی هەڵیبەستوە تاکو پیرۆزییەکانی ئیسلام بلکێنێت بە شتی بۆگەن و بێزراوەوە. ئەوەش نەخۆشییەکی ناسراوە لە دەروونناسی شییکاریدا[42].

بەڵام تەحاوی هیچ بایەخێك بەم بابەتە نادات، بەڵكو تەنیا خەیاڵی لای ئەوەیە فەرمودە دژبەرەکان بێنێت و بە قسە لوسەکانی خۆی رێکیان بخاتەوە، وەک خۆی دەڵێت جیاوازەکان یەکبخاتەوە، ئەوەش وەک لە ناوی کتێبەکەوە دیارە (معاني الاثار) تەنیا بە گونجاندی ماناکان پێکەوە دەیکات بێ گوێدانە لەفزەکان، ئەمەش واتە جیاکردنەوە قاڵبی وشە لە ماناکەی، کە ئەو جیاکردنەوەیەش دەروازەیەکی فراوان لە خەڵەتاندن و چەوتاندن و وەهمسازی دەکاتەوە بۆ خەڵک، تەنیا بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە حەدیس (هاوواتان و دژبەیەک نابن) ئەگەر کەسێك بێت و ماناکانیان رێکبخاتەوە پێکەوە (شرح، ج1، لا15و57)[43].

**2. دەروازەی دەستدان لە ئەندامی زاوزێ، ئایا دەستنوێژی لێدەگیرێتەوە یان نا؟**

هەرچەند تەحاوی لە سەرتاسەری کتێبەکەیدا ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە فەرمودە هەرگیز دژبەیەک نابن، بەڵام لەم دەروازەیەدا کە دەیکاتەوە سەبارەت بە دەستدان لە ئەندامی زاوزێ، بەپێچەوانەوە تەواو دژبەریەکانی فەرمودە دەردەخات، ئەوەش لەوێدا دەردەکەوێت کە تەحاوی یەکسەر مل دەنێت بۆ داکۆکی کردن لە مەزهەبەکەی خۆی و فەلسەفەی تێزەکەی خۆی بیردەچێتەوە کە دەیەوێت سازگاری فەرمودەکان بە گشتی پێکەوە بسەلمێنێت.

تەحاوی لە سەرەتای ئەم بەشەدا فەرمودەیەک دێنێتەوە کە تەنیا (بەسرەی کچی سەفوان)ی خێزانی (مغيره بن ابي العاص) گێراویەتییەوە، کە تەنیا ئەو فەرمودەیەی هەیە دەڵێت: (پێغەمبەر هەرکەسێک دەستی لە ئەندامی زاوزێی بدایە فەرمانیدەکرد بە دەستنوێژ شۆردنەوە) (شرح، ج1، لا71). پاشان فەرمودەیەکی تر دێنێت لە سەر زاری ئیبن ئیسحاقەوە لە زەیدی کوڕی خالیدەوە، کە (لە پێغەمبەرم بیستوە فەرموێتی: هەرکەسێک دەستی لە ئەندامی زاوزێی دا، با دەستنوێژ بشواتەوە). ئینجا لەسەر زاری عائیشە و ئەبوهورەیرە و ئیبن عومەر و جابر و کەسانی تریشەوە چەند فەرمودەیەکی تر بە چەند سەنەدێکی جیاواز دێنێت هەموو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە هەرکەسێک دەستیدا لە ئەندامی زاوزێیەوە با دەستنوێژ بشواتەوە، پاش هەندێک فەرمودەیەکی تر دێنێت کە تەواو پێچەوانەی ئەمانی ترە، کە دەڵێت دەستنوێژ شۆردنەوە پێویست نییە لەکاتێکدا کەسێک دەستی بەر ئەندامی زاوزێی بکەوێت. ئەو فەرمودەیە لەسەر زاری (قيس بن طلق)ـەوەیە: (پیاوێک لە پێغەمبەری پرسی: ئەی پێغەمبەری خودا کەسێک دەستی بەر ئەندامەکەی دەکەوێت، پاش ئەوەی دەستنوێژی گرت؟ پێغەمبەر وتی: ئەی هەر بەشێک نییە لە خۆت. بەڵکو سەرەرای ئەو نەناسراوییەش کەچی ئەو دەڵێت «ئەمە فەرمودەیەکی دروستە و سەنەدەکەی راست و رێك و رەوانە، هیچ پشێوی (اضطراب) لە سەنەدەکەیدا نییە، لە مەتنەکەشی بەهەمان شێوە، لەبەرئەوە ئەم فەرمودەیە لای ئێمە پەسەندترە)(شرح، ج1، لا76).

لێرەدا تەحاوی بێ دوودڵی هەرچی فەرمودەکانی بەرامبەرە رەتیان دەکاتەوە لەسەر زمانی هەمان گێڕەوەی فەرمودەدا، دەڵێت «بەڵام ئەوەی ئێوە ریوایەتتان کردوە لە

(مصعب) له (سعد کوڕی ابي وقاص) ئەوە لە (مصعب)ـەوە ریوایەتی پێچەوانەی ئەوەی ئێوە کراوە کە حەکەم لێوەی گێراوەتەوە[44]: (مەسعەب دەڵێت: قورئانم بۆ باوکم دەگرت دەستمدا لە چوکم، ئەو وتی: دەستت بەر چوکت کەوت؟ وتم: بەڵێ، ئەو وتی: دەستت لە خۆڵەکە وەربدە، ئیتر فەرمانی پێنەکردم دەستنوێژ بگرمەوە).

ئیبن عەباسیش بەهەمان شێوە لێیان گێراوەتەوە (کەسێک دەستی بەر چوکی بکەوێت؟ وتی: دەستنوێژ دەگرێتەوە). لێرەدا تەحاوی ئەم حەدیسەش ڕەتدەکاتەوە (بەڵام ئەوەی لە ئیبن عەباس گێراوتانەتەوە لەبارەی دەستنوێژگرتنەوەوە، دیسان پێچەوانەیە ئەوەش لەسەر زاریەوە هاتوە: گوتویەتی: گوێ نادەمێ دەستم بەر چوکم بکەوێت یان لوتم)[45]. (شرح، ج1، لا77).

لەکاتێکدا تەحاوی خۆی بە پشتیوانێکی گەورەی یەکتر نەبڕینی فەرمودە دەزانێت و میکانیزمی ڕێککردنەوە و گونجاندنی فەرمودەی خستۆتەکار، کەچی دەبینین لێرەدا لەناو فەرمودە یەکتربڕەکاندا هەوڵدەدات مەزهەبەکەی خۆی سەربخات و هەندێک فەرمودە زاڵ بکات بەسەر هەندێکی تردا، ئەم بەشەش بەم فەرمودەیە کۆتای پێدێنێت (حەسەنی بەسری رای وابوو کە دەستدان لە چوک دەستنوێژ ناشکێنێت، ئێمەش بەوە کاردەکەین، ئەوەش قسەی ئەبو حەنیفە و ئەبو یوسف و محەمەد کوڕی حەسەنەرڕەحمەتیان لێبیت) (شرح، ج1، لا79).

### 3. دەروازی میزکردن بە پێوە

لەم بەشەدا میکانیزمی گونجاندن دەستبەکار دەبێتەوە، تاکو بتوانێت ئەو بەرز و نزمیەی دژبەریی فەرمودە چارەسەر بکات؛ خاڵی دەرچوونی لێرەدا فەرمودەیەکی عائیشەیە دەڵێت (پێغەمبەر هەرگیز بەپێوە میزی نەکردوە لەو کاتەوە کە قورئانی بۆ دابەزیوە)(شرح، ج4، لا 267). بەڵام ڕێک بە پێچەوانەی ئەم فەرمودەیەوە شرۆڤەکاری «معاني الاثار» چوار فەرمودەی تر دێنێت هەریەکەیان بە سەنەدێکی جیاواز، گێڕەرەوەی یەکەم کە (حذیفەی کوڕی یەمانە)یە دەڵێت (پێغەمبەرم بینیوە بەپێوە میزی کردوە). بۆ زیاتر جەختکردنەوە لەسەر ئەو چوار حەدیسەش شەش قسەی هاوەڵان دێنێت کە دەڵێن هەندێک لە گەورە هاوەڵان –عومەر و عەلی و زەیدی کوری سابت و عەبدوڵڵای کوڕی

عومەر- بیڕاون کە بەپێوە میزیان کردوە [46]، گونجاندن لەنێوان ئەو فەرمودانەدا چۆن دەکرێت؟ دەبوو تەحاوی هەر لە سەرەتاوە تێبینی ئەوەی کردبایە کە ئەو فەرمودەیەی لەسەر زاری عائیشە دەگێڕرێتەوە سەرکێشیەکی گەورەی تێدایە، چونکە کاتێک قورئان هاتووە بۆ پێغەمبەر عائیشە هەر لەدایکنەبووە، بەڵکو ئەگەر ئەو فەرمودانە ڕاست بن کە دەڵێت پێغەمبەر لە حەوت ساڵیدا مارەی کردوە و لە نۆ ساڵیدا چۆتە پەردەوە لەگەڵیدا، ئەمە مانای وایە کە عائیشە دوای پانزە ساڵ لە دابەزینی قورئان ئینجا تێکەڵاوی پێغەمبەر بووە، ئیتر چۆن وا دڵنیایە لەوەی کە لەو کاتەوە قورئانی بۆ هاتوە ئەو بەپێوە میزی نەکردوە؟ بەڵام تەحاوی ئەو ڕێگەیەی نەگرتۆتە بەر، جا یان لەبەرئەوەی نەیویستوە لەو دەروازەوە بچێتە ناوەوە؛ چونکە ئەو کاتە عائیشە تاوانبار دەبێت، یان ئەوەیە کە هەستی بەو دژبەرییە نەکردوە، بۆیە ئەو ڕێگەیەکی تر دەگرێتەبەر تاکو سازان دروستبکات لەنێوان فەرمودە دژبەرەکاندا، لەبەرئەوە کاتێک دەیەوێت تەئویل بکات دەڵێت عائیشە ئەو قسەیەی لە پێغەمبەروە نەگێراوەتەوە، بەڵکو وەک ڕێزگرتن لە قورئان گوتویەتی، تاکو پێغەمبەر هەمیشە پاك بێت و دووربێت لە پیسییەوە بۆ ئەوەی ئامادەبێت بۆ وەرگرتنی سروش، دەڵێت (کاتێک قورئان دابەزی، فەرمانیکرد بە پاک و خاوێنی و دوورکەوتنەوە لە پیسی، کاتێک عائیشە ئەوەی بینی و دەیزانی پێغەمبەر چەند فەرمانی خودا بەرزرادەگرێت، وەهاشی دەزانی هەر کەسێك بەپێوە میز بکات پریشکەی بەردەکەوێت لەبەرئەوە ئەو قسەیەی کردوە، نەک خۆی لە پێغەمبەرەوە گێرابێتیەوە). جا بۆ ئەوەی ئەم لێکدانەوەیە پشتراست بکاتەوە فەرمودەیەکی تر دێنێت کە میقدام گێراویەتیەوە کە عائیشە گوتویەتی (هەر کەس پێی وتی پێغەمبەر بەپێوە میز دەکات بەدرۆی بخەرەوە چونکە من بینیومە بە دانیشتنانەوە میز دەکات)، ئینجا دەڵێت (لەم فەرمودەیەدا بەڵگەی ئەوەمان دەستدەکەوێت کە بۆچی عائیشە قسەی ئەوانەی ڕەتکردۆتەوە کە دەڵێن پێغەمبەر بەپێوە میزیکردوە، تەنیا لەبەرئەوەیە کە خۆی بینوێتی بەدانیشتنانەوە میزیکردوە، بەڵام ئەوە بەڵگە نییە دژی ئەوەی تریان، چونکە دەشێت لەکاتێکدا بەدانیشتنەوە میزی کردبێت و کاتێکی تریش بەپێوە کردبێتی)، بێ ڕەچاوکردنی ئەو ملبادانەی لەم تەئویلەدا هەیە، چونکە عائیشە کاتێک ئەم قسەیەی کردوە -یان

بەناویەوە کراوە- مەبەستی ئەوە بوە قسەکەی حوزەیفە بەدرۆ بخاتەوە کە گوایە پێغەمبەر بەپێوە میزی کردوە، هەرچەند هەردوو هەواڵەکە دروستکراوی فیقهناسەکان خۆیانە. لێرەدا دەتوانین تێبینی بکەین کە هەوڵی سازاندنی هەردوو فەرمودەکە لەم ئاستەدا راناوەستێت، بەڵکو لەگەڵ یەکێکی تردا تێکەڵدەبن کە لەم سازاندنە خراپترە، کاتێک دەیەوێت وەڵامی ئەوانە بداتەوە کە پێچەوانەی مەزهەبی حەنەفین سەبارەت بە بەپێوە میزکردن و بەڵگە بەو فەرمودەیە دێننەوە کە لە عەبدوڵڵا کوڕی عومەرەوە دەیگێڕنەوە کە لە باوکییەوە گێراوێتیەوە (لەو کاتەوەی موسوڵمان بووم بە پێوە میزم نەکردوە)، تەحاوی دەڵێت (دەشێت عومەر لەو کاتەوەی موسوڵمان بووە بەپێوە میزی نەکردبێت، تا کاتێکی ئەو قسەیەی کردوە بەڵام دوای ئەوە کردبێتی) ( شرح، ج1، لا268). دیارە لێرەدا سازاندنێک دەکات کە ئامانجی خۆی ناپێکێت، خۆ ئەگەر راستبێت عومەر ئەو قسەیەی کردبێت ئەوە ئیتر دوای ئەوەش هەر بەپێوە میزی نەکردوە، چونکە ئەو میزنەکردنی بەپێوە بەستۆتەوە بە موسوڵمانبوونیەوە، ئەو کەسەش ئەو قسەیەی بە دەمەوە وتوە هەر مەبەستی ئەوە بوە کە میز بەپێوەنەکردنەکەی ببەستێتەوە بە موسوڵمانبوونیەوە، حاڵی عومەر لێرەدا وەک ئەو کەسەیە کە دەڵێت: لەوەتی موسوڵمان بووم مەی ناخۆمەوە، ئایا لەم کاتەدا تەحاوی دەڵێت: دەشێ دوای ئەوە خواردبێتیەوە؟ بەڵام ئایا ئێمەش لێرەدا خۆمان و خوێنەرمان نەخستۆتە ناو گێژاوی عەقڵی سازانکاریەوە؟ بەڵام ئایا دیسان ئەوەش باجی ئەوە نییە کە دەبێت بیدەین تاکو بتوانین رەخنە لە عەقڵی سازێنەر لەناوەوە بگرین؟

### 4. دەروازەی ئەو ئەندامەی لە سەرەتادا دادەنرێت لە کاتی سوجدەدا: دەست یان ئەژنۆ؟

با واز لە بەشی خاوێنی (طهارة) بێنین، بێینە سەر کتێبی نوێژ، وەک لە ناونیشانی بەشەکەوە دەردەکەوێت، مەسەلەکە لەوەدایە کە چۆن کڕنوش (سوجدە) بەرین؟ یاخود با بەزمانی هاوچەرخ بڵێین میکانیزمی چەمانەوە چۆن دەبێت؟ تەحاوی ئەم بەشە بە فەرمودەیەک دەستپێدەکات کە (اعرج) لە (ابوهریرە)وە دەیگێڕێتەوە کە

پێغەمبەر فەرمویەتی (ئەگەر کەسێکتان کڕنووشی برد با وەک حوشتر چۆک دانەدات، بەڵکو لەپێشاندا دەستی دابنێت پاشان هەردوو ئەژنۆی)(شرح، ج1، لا254). بەڵام هەر پاش ئەوە فەرمودەیەکی تر لە هەمان (ابوهریرە)وە دەگێڕێتەوە دژ بەم فەرمودەیە و دەڵێت (پێغەمبەر کاتێک کڕنووشی دەبرد لەپێشدا ئەژنۆکانی دادەنا). پاش ئەوەش فەرمودەیەکی تر دێنیت کە گوایە پێغەمبەر فەرمویەتی (ئەگەر کەسێکتان کڕنووشی برد با دەستی دابنێ پاشان ئەژنۆ دابدات، نەك وەک حوشتر چۆک دابدات). لێرەدا تەحاوی دان بەو دژبەریەدا دەنێت کە لەنێوان ئەو دوو فەرمودەیەدا هەیە، بەڵام دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە جۆری نەهیلێکراو ئەوەیە کە نوێژخوێن دانەوینەکەی لەسەر دەستی بێت، لە کاتێکدا حوشتر دوو دەست و دووپێی نییە، ئیتر بۆچی تەحاوی هەوڵدەدات دوو پەلەکەی پێشەوەی بە دوو دەست ناو بەرێت، ئەمەیان بە دوو مەبەست دەکات، یەکەمیان ئەوەیە کە دەیەوێت دژبەری نێوان فەرمودەکان هەڵبگرێت، دوەمیان بۆئەوەی پشتراستی مەزهەبەکەی خۆی بکاتەوە، چونکە لە مەزهەبی حەنەفیدا لەپێشدا ئەژنۆ دادەنرێت ئینجا دەستەکان، هەر وەهاشە چونکە کاتێک دەمانەوێت تەئویلی دانیشتنی حوشتر بکەین کە بریتیە لە دانیشتن لەسەر دەستەکانی نەک لەسەر ئەژنۆکانی، ئەوە فەرمودەکەی دوەم کە لە (ابوهریرە)وە گێڕدراوەتەوە کە فەرمان بە نوێژ خوێن دەکات وەک حوشتر دانەدات، بەڵکو لەپێشدا ئەژنۆی دابدات ئینجا دەستەکانی، ئەوە بۆمان دەردەکەوێت کە فەرمودەی دووەم بەهێزترە نەك یەکەمیان کە فەرمان دەکات لەپێشدا دەستی دابنێت ئینجا ئەژنۆکانی.

هەر بۆ پشتراستکردنەوەی فەرمودەی دووەمی (ابوهریرە) بەسەر یەکەمدا، تەحاوی دوو هەواڵ لە عومەر و ئیبن مەسعودەوە دێنیت، کە هەردووکیان (ئەژنۆیان پێش دەستیان داناوە)، پاشان هەواڵێکی تر دێنێت لە ئیبراهیمی نەخعییەوە کە شێخی ئەبو حەنیفەیە، (لێی دەپرسن سەبارەت بە کەسێک لەپێشدا دەستی دادەنێت کاتێک کڕنووش دەبات، ئیبراهیم دەڵێت: جا ئەوەی وابکات یان بێعەقڵە یان شێتە. دوایی دەڵێت: ئێمەش بەمە کاردەکەین ئەوە قسەی ئەبو حەنیفە و ئەبو یوسف و محەمەدیشە) (شرح، ج1، لا256).

**پێش کۆتاییهێنان بەم بەشە دوو تێبینی دەدەین:**

یەکەمیان ئەوەیە کە تەحاوی بۆ پشتگیریکردن لە رای پێشەوایانی مەزهەبەکەی ناچاربووە فەرمودەیەکیان پشتراست بکاتەوە دژ بەوی تریان، بەمەش دیسان پێچەوانەی مەبدەئەکەی خۆی جووڵاوەتەوە کە دەیەوێت سازان لە نێوان فەرمودە دژبەرەکاندا دروستبکات. کە گوایە ناشێت فەرمودەکان دژبەیەک بن.

دووەم: هەموو ئەو فەرمودە و هەواڵانەی پشتیان پێدەبەستێت جا چ بە پێشخستنی دەست بێت یان ئەژنۆ، دیارە کە لەلایەن فیقهناسەکانەوە دارێژراوە، بەهۆی ئەو ناکۆکیانەی پاش سەدەی سێیەم لەنێوانیاندا دروستبوە، گومانیش وادەبرێت ئەو فەرمودانە تەنیا لەدوای سەدەی سێیەمدا هاتبێتنە دونیاوە. چونکە ئەو فەرمودانە لە بوخاری و موسلیمدا نین، نە لای مالیکیش هەن نە لای شافیعی، راستە مالیک دەڵێت لەپێشدا دەستی دادەنێت پاشان ئەژنۆی، وەک (ابن العربي) دەیگێڕێتەوە شافیعیش دەڵیت لەپێشدا ئەژنۆی دادەنێت پاشان دەستی ئینجا تەوێڵی، خۆ ئەگەر لە پێشدا تەوێڵی دابنێت ئەوە کەراهیەتی هەیە)[47]، بەڵام کەسیان هیچ فەرمودە و هەواڵێکی نەهێناوە لەو بارەیەوە. کاتێک مالیک وەک بەباشزانین ئەو رایەی هەڵبژاردوە، شافیعیش وەک کەراهیەتی دژەکەی ئەو رایەی هەڵبژاردوە، ئەوە ئاشکرا دەبێت کە هیچکامیان حەیدسێک یان ریوایەتێکیان لانەبووە لەو بارەوە، دەنا بە رای خۆیان فەتوایان نەدەدا. مالیکی بڵێت «وام پێباشە» شافیعی بڵێت «دژەکەیم پێ خراپە»، چونکە هەردووکیان رایان وایە کە لەگەڵ قسەی پێغەمبەردا کەسی تر بۆی نییە قسەی هەبێت، خۆ ئەگەر ئەو حەدیسسازییە نەبوایە کە پاشان سەرهەڵدەدات لە پێناوی سەرخستنی مەزهەبەکاندا ئەوە حاڵی (تەحاوی)ش هەروەک ئەوان دەبوو، ئەسڵەن پێویستی بەوە نەدەکرد کە هەوڵی سازان بدات لەنێوان فەرمودەکاندا، تاکو دژبەرییەکانیان هەڵبگرێت.

**5. دەروازەی کەسێك دەردێکی هەبێت لێی دووربکەوینەوە یان نا؟**

لەم بەشەدا، تەحاوی گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە دەکات کە لەوەوپێش ئیبن قوتەیبە لەگەڵ موعتەزیلەدا مشتومڕی بووە لەسەر دژبەریی نێوان فەرمودەکان تیایدا بەتایبەت

ئەو فەرمودەیەی دەڵێت (لا عدوى)، فەرمودەیەکی تر کە پێمان دەڵێت (لە گەڕ رابکە)، بەڵام ئەم تەئویلێکی تری دەداتێ، ئەویش هەر وەک ئیبن قوتەیبەی خاوەنی کتێبی «تأویل مختلف الحدیث» باوەڕی بە نەخۆشی درم و گواستنەوەی نەخۆشی نییە، بەڵام فەرمودەی راکردن لە نەخۆشی یان کەراهیەتی بردنی کەسی نەخۆش بۆ لای کەسی تەندروست بەو شێوەیە لێکناداتەوە کە تەنیا لەبەر بۆنی ناخۆشیەتی، بەڵکو لێکدانەوەیەکی تری بۆ دەکات کە نزیکە لە تیۆری هۆکارگەراییەوە (السببیة)، یان با بڵێین نکۆڵیکردنە لە هۆکار و گێرانەوەی هەموو هۆکارەکانە بۆ لای خودا، ئەو نکۆڵی لەوە ناکات کە پێغەمبەر فەرمویەتی (لایورد ممرض علی مصح)، هەروەها نکۆڵیش لەوە ناکات کە فەرمویەتی ئەگەر تاعوون لە وڵاتێکدا بڵاوبۆوە مەچنە ناوی، بەڵکو ئەو نەهیە وا لێکدەداتەوە کە تەنیا بۆ داخستنی دەرگای بیانوە (سد الذرائع) تا کەسێک وا نەزانێت کە قەدەری بە دەست خۆیەتی نەك بە دەستی خودا بێت، تاکو وا نەزانێت کە بێجگە لە خودا هیچ هۆکارێکی تر هەیە، چونکە گەر بڵێین نەخۆشی درمە و پەتایە و بڵاو دەبێتەوە، ئەوە واتە بێجگە لە خودا هۆکارێکی تر هەیە کە جیا لە خودا کاری خۆی دەکات. ئەگەر تەندروستێک چووە لای نەخۆشێک و ئەویش نەخۆش کەوت، یان کەسێک چووە شارێکی تاعووناوی ئەویش تووشبوو، ئەوە لە دڵی خۆیدا دەڵێت: ئەگەر وام نەکردبایە تووش نەدەبووم، ئەو قسەیەش یەکسانە بە کوفر و گومانکردن لە توانای رەهای خودا لە دیاریکردنی چارەنووسی مرۆڤدا. هەرچەند تەحاوی بەم زمانە فەلسەفییە قسەکەی دەرنابڕێت، بەڵام تەئویلەکەی سەردەکێشێت بۆ ئەو قسەیە، کاتێک دەڵێت ئەو دژبەرییە تەنیا دژبەرییەکی رواڵەتییە سەبارەت بەو فەرمودانەی پێمانگەیشتوون لەبارەی گوازرانەوەی نەخۆشییەوە، کاتێک وەڵامی گومانەکان دەداتەوە دەڵێت: ئەگەر وتیان پێغەمبەر فەرمانیکردوە کەس نەچێتە شاری تاعووناویەوە لە ترسی تووشبوون، پێیان دەڵێین: لێرەدا ئەو مانایە مەبەست نییە کە ئێوە بۆی دەچن... ئەگەر وتیان ئەی ماناکە چیە؟ دەڵێین: واتە با کەس نەچێتە شارێکی تاعووناوییەوە و بە قەدەری خودا تووشی تاعوون ببێت، پاشان بڵێت: ئەگەر نەچوومایەتە ئەو شارەوە تووش نەدەبووم، بە هەمان شێوە ئەو ریوایەتەی دەڵێت: «نەخۆش مەبەنە لای تەندروست»، بەوەش تەندروست تووشی نەخۆشی ببێت و بڵێ: ئەگەر ئەو نەخۆشە نەهاتبایە بۆ لام

تووشی ئەو نەخۆشییە نەدەبووم، هەر لە پێغەمبەرەوە سەبارەت بە پەتا ئەو ریوایەتە هاتوە کە دەفەرموێت: «نەخۆشێک ناتوانێت تەندروستێك تووش بکات»، هەروەها دەفەرموێت «ئەی کێ یەکەم کەسی تووشکردوە»، هەروەها دەڵێت «درم راست نیە»، لەم فەرمودانەدا پێغەمبەر بەتەواوی «پەتا» رەتدەکاتەوە، چونکە کاتێک یەکەم کەس نەخۆش دەکەوێت ئەوە هەر بە قەدەری خودا بووە، خۆ خودا دەیتوانی دووەم تووش بکات لە بری یەکەم، ئەو گوتراوەش کە دەڵێت «نەخۆشێک مەبەنە لای تەندروستێك»، لەترسی ئەوەیە نەوەک تەندروستەکە بە قەدەری خودا نەخۆش بکەوێت و خەڵک بڵێن نەخۆشە تەندروستەکەی تووشکردوە. لەبەرئەوە کەراهیەتی هەیە تەندروستێک ببرێتە لای نەخۆشێک لە ترسی ئەوەی خەڵک هەڵە تێنەگەن(شرح، ج4، لا306- 310).

گەر جارێکی تریش بە زمانی فەلسەفە بدوێین، دەڵێین ئەم دەقە دەمانخاتە بەردەم ترازانێک لە ئاستی هۆکارگەراییەوە «السببية» بۆ ئاستی ئامانجگەرایی «الغائية»، کەواتە دوورکەوتنەوەی تەندروست لە نەخۆش، یان چوونە ناو شارێکی تاعووناوییەوە نابێت لەسەر ئاستی هۆ، بە هۆکارەکانیەوە لێکبدرێتەوە بەڵکو بەپێچەوانەوە، دەبێت لە سەر ئاستی پەیبردنێکی پێشوەختە بە هۆکارەوە لێکبدرێتەوە، بە مەبەستی رێگرتن لەوەی کەسێکی کاڵفام -چونکە هۆکارگەریی دڵخوازی یەکەمی عەقڵە- قسەیەکی لەو شێوەیە بکات. لێرەدا تەحاوی نەک هەر هۆکارگەریی رەتدەکاتەوە بەڵکو هەر لە رەگەوە ئەو بیرکردنەوەیە هەڵدەتەکێنێت.

### 6. دەروازەی فەرمودەی دێو (الغول):

لەم پرسەدا ئیشکالەکە لەوەدایە ئایا دێو «الغول» هەیە یان نا؟ فەرمودەیەک دەگێڕدرێتەوە لە جابر کە دەڵێت (دێو نیە؛ شوومی نیە). لە هەمان کاتدا فەرمودەیەکی تر لە ئەبو ئەیوبی ئەنسارییەوە دەگێڕێتەوە لە پێدەشتێکی فشەڵدا بوو، هەموو جارێک دێوێک دەهات و شتی دەدزی، ئەمەی بۆ پێغەمبەر گێرایەوە، ئەویش فەرمووی: ئەگەر ئەمجارە بینیت بڵێ بەناوی خودا وەڵامی پێغەمبەری خودا بەرەوە، ئەمجارە دەڵێت وایگوت و دێوەکەی گرت، ئەو سوێندی خوارد کە جارێکی تر ناگەڕێتەوە، کاتێک هاتەوە

بۆ لای پێغەمبەر، لێی پرسی: چیت لە دیلەکە کرد، ئەنساری وتی: سوێندی خوارد کە ناگەڕێتەوە، پێغەمبەر وتی: درۆ دەکات دەگەڕێتەوە، بەم جۆرە دووسێ جار دێوەکە دەهاتەوە و هەمان شتی دەوتەوە، ئەویش دەهات بۆ لای پێغەمبەر و پێغەمبەر پێی دەووت: دیلکەت چی کرد؟ دەیووت سوێندی خوارد کە ناگەڕێتەوە. ئەویش دەیووت درۆ دەکات دەگەڕێتەوە. دواجار دێوەکەی گرت، دێوەکەش وتی: شتێکت فێر دەکەم بیخوێنە ئیتر هیچ نزیکت ناکەوێتەوە، ئەنساری وتی ئەو شتە چیە؟ دێوەکە وتی: ئایەتەلکورسی بخوێنە هیچ شتێك نزیکت ناکەوێتەوە. کاتێک ئەنساری هاتە لای پێغەمبەر و ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە، وتی: خۆی درۆزنە بەڵام ڕاستی پێووتوویت)[48]. لێرەدا تەحاوی دەڵێت: لەم فەرمودەیەدا ئەوە سەلمێنراوە کە دێو هەیە، بەڵام ئێمە لە بەشی پێشوودا باسی ئەوەمانکرد کە پێغەمبەر دەفەرموێت «دێو نیە» ئایا لەمەدا دژبەری هەیە؟ لێرەدا یەکسەر ئەو دژبەریە ڕەتدەکاتە، دەڵێت (ئەگەر کەسێک وتی: ئەم دوو فەرمودەیە پێدەچێت دژبەیەك بن، دەڵێین: سوپاس بۆ خودا وانیە)، بەڵگەشمان بۆ ئەوەی کە هەردوو فەرمودەکە ڕاستن، ئەوەیە ئەو دوو فەرمودەیە لە ڕواڵەتدا دژبەیەکن، بەڵام «ئەگەری ئەوە هەیە کە لەپێشدا دێو هەبووبێت وەک لە حەدسیەکەی ئەبو ئەیوبدا هاتووە، پاشان خودا نەیهێشتبێت وەک لە فەرمودەکەی جابردا هاتوە). بەم پاساوە تەحاوی لە ڕواڵەتدا هەر دژبەرییەکی لەنێوان دوو فەرمودەکەدا هەڵگرتوە، کەواتە هەبوونی دێو و نەبوونیشی هەر ڕاستە، تەنیا مەسەلە ئەوەیە خودا لە شەو و ڕۆژێکدا دێوی لەسەر زەوی نەهێشتووە، کەواتە شتێک کاتێک نامێنێت ئیدی ڕەتکردنەوەی وەک سەلماندنی وایە![49].

**7. دەروازەی ئەوەی کە خودا خۆری گێراوەتەوە پاش ئاوابوونی، لەگەڵ ئەو گێڕانەوانەدا کە وا دەردەکەوێت دژبەربن لەگەڵ ئەم فەرمودەیەدا**

لەم بەشەدا کە دیسان دەچێتە بواری شتی عەقڵناپەسەندەوە، تەحاوی ئەو ریوایەتە لەسەر زاری (اسماء کچی عەمیس) دەگێڕێتەوە لە دوو فەرمودەدا کە یەکتری پشتراستدەکەنەوە، یەکەمیان دەڵێت: «سروش بۆ پێغەمبەر هات لەو کاتەدا سەری لە باوەشی عەلیدا بوو، لەبەرئەوە عەلی نەیتوانی نوێژی عەسر بکات تا خۆر ئاوابوو، کە

هۆشی هاتەوە وتی: عەلی نوێژت کرد، وتی: نەخێر، ئەویش فەرمووی: خودایە ئەو لە فەرمانی تۆ و پێغەمبەرەکەتدا بووە، لەبەرئەوە خۆری بۆ بگێڕەوە، (اسماء) دەڵێت: بینیم خۆرئاوابوو، پاشان خۆرهەڵاتەوە، پاش ئاوابوونی». فەرمودەی دووەم دەڵێت: (پێغەمبەر نوێژی نیوەڕۆی لە «الصهباء» کرد دوایی عەلی نارد بۆ ئیشێك، کاتێك عەلی گەرایەوە پێغەمبەر نویژی عەسری کردبوو، پێغەمبەر سەری خستە سەر باوەشی عەلی و نەیجووڵاند تا خۆرئاوا بوو. ئینجا فەرمووی: خودایە عەلی کە بەندەی خۆتە و لەبەر پێغەمبەرەکەی نەیتوانیوە نوێژی عەسر بکات، لەبەرئەوە خۆری بۆ بگێڕەوە، (اسماء) دەڵێت: خۆر گەرایەوە تاکو بینیمان لەسەر شاخ و سەر زەوی، ئینجا عەلی هەستا دەستنوێژی گرت و نوێژەکەی کرد پاشان خۆر ئاوابوو، ئەوە لە «صهباء» بوو لە غەزای خەیبەردا»[50]. ئیشکالی تەحاوی لەم دوو فەرمودەیەدا نییە، بەڵکو لە دوو فەرمودەی تردایە کە دژ بەم دوو فەمودەن هەردووکیشیان لە (ابو هريره)وە ریوایەتکراون، یەکەمیان دەڵێت: «پێغەمبەر فەرموویەتی: خۆر بۆ کەس رانەگیراوە تەنیا بۆ یوشەع کوڕی نوون نەبێت». دوەمیشیان دەڵێت: «خۆر بۆ کەس نەگەڕێنراوەتەوە تەنیا بۆ یوشع کوڕی نوون نەبێت کاتێک بەرەو بەیتولمەقدیس بەڕێکەتبوو». بێگومان لێرەدا تەحاوی ئەوە رەتدەکاتەوە کە لەنێوان ئەم دوو گێرانەوەیەدا هیچ دژبەرییەک هەبێت، بەڵکو مەسەلەکە تەنیا رێکخستنەوەی ماناکانی دوو فەرمودەکەیە، تاکو وشەکانیان پێچەوانە نەبێت، ئەو بەم شێوەیە دەیانگونجێنێت (ئەوەی عەلی کوڕی حوسەین دەیگێڕێتەوە، ئەگەر فەرمودەکە وابێت ئەوە هیچ ناکۆکیەکیان لەنێواندا نییە، چونکە لە فەرمودەکانی (یوشەع)دا راوەستاندنی خۆر باسدەکات تاکو ئاوا نەبێت، بەڵام لە فەرمودەکانی (اسماء) دا باسی گێرانەوەی خۆر دەکات پاش ئاوا بوونی، ئەو فەرمودەیەی کە دەڵێت لە سەردەمی یوشەعیشدا گەڕێنراوەتەوە، ئەوەش مانای وایە تا ئەو کاتەی کە بۆ عەلی گەڕێنراوەتەوە بۆ کەسی تر نەگەراوەتەوە تەنیا بۆ یوشەع نەبێت پاشان بۆ عەلیش گەڕێنراوەتەوە، ئەوەش لە ئیشی خودا بەدوور نیە)[51].

لە ئاست گونجاندنێکی وادا تەنانەت هەستی دروستیش -نەک عەقڵی دروست- ناتوانێت هیچ کۆمێنتێک بدات، بەڵام هەستی رەخنەگر دەتوانێت لەناو دراوەکانی

دەقەکە خۆیەوە دەخالەت بکات. لەگەڵ ئەوەدا کە دەزانین تەحاوی بە حوکمی ئاستی مەعریفیی زەمانی خۆی نەیدەتوانی بزانێت ئەوە خۆر نییە ئاوا دەبێت، بەڵکو ئەوە زەوییە دەسووڕێتەوە بە دەوری خۆردا و لە خولانەوەیدا ئاوابوون و هەڵاتنی خۆر دروست دەبێت، بێگومان هەرگیز نەیتوانیوە ئەوەش بزانێت کە ئەگەر خۆر بۆ یەک چرکەش بوەستێت، نەک بۆ ماوەی دەەستنوێژگرتن و نوێژکردنێک، ئەوە هەموو کۆمەڵەی خۆر دەتەقێتەوە. بەڵام مافی خۆمانە بپرسین، تەنانەت بە لۆژیکی فەرهەنگی فەرمودەش خۆی بێت، چۆن ئەوەیان لەبیرچووە کە لەناو هەموو مرۆڤایەتی ئەو سەردەمەدا تەنیا (اسماء کچی عەمیس) ئەو رووداوە گەردوونیەی بینیوە؟ کە خۆر دیسانەوە رێڕەوی خۆی دەگۆڕێت و دەردەکەوێتەوە؟ خۆ ئەگەر رووداوێکی گەردوونیی وا گرنگ روویبدایە دەبوو لە هەموو مێژووی مرۆڤدا باس بکرێت.

ئەوەی سەرنجراکێشتریشە ئەوەیە کە لە فەرمودەی دوەمی (اسماء)دا دەڵێت ئەم رووداوە لە کاتی غەزای خەیبەردا بووە، غەزای خەیبەریش بە کۆرای هەموو مێژوونووسان ساڵی حەوتەمی کۆچی بووە، لەو ساڵەشدا (اسماء) نە لە مەدینە بووە نە لە خەیبەر، نە لە هیچ شوێنێکی دورگەی عەرەب، بەڵکو لەو کاتەدا ئەو هاوسەری جەعفەر کوڕی ئەبوتالیب بوو، جەعفەر و خێزانەکەشی کۆچەربوون لە حەبەشە، گەرانەوەشیان راستەوخۆ پاش فەتحی خەیبەر بووە، هەربۆیە لەم بارەیەوە حیکایەتخوانەکانی مێژوو ئەو قسەیەیان بەدەم پێغەمبەرەوە داناوە: «نازانم بە کامیان دڵخۆشتر بم، بە فەتحی خەیبەر یان بەهاتنەوەی جەعفەر؟»[52]. بەڵکو هەندێك سەرچاوەی سیرە باس لەوە دەکەن کە راوەستانی لە «صهباء» لەکاتێکدا بووە کە رۆیشتوە بەرەوە خەیبەر نەک لە کاتی گەرانەوەیدا.

ماوە ئەوە بڵێین کە (ابن الجوزي) کە لە رەسەنترین ئەو کەسانەیە لەبارەی فەرمودەی هەڵبەستراوەوە نووسیویەتی، فەرمودەکانی (اسماء) لە بەناوبانگترین فەرمودەی هەڵبەستراو دادەنێت، بەتایبەت ئەو فەرمودانەی باس لە باشییەکانی ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی و معاویە دەکەن)، ئیبن جەوزی دەڵێت (ئەو فەرمودانە هەموویان بێگومان هەڵبەستراون) و هەموو گێرەوەکانی فەرمودەکانی ئەسماء بە (تەرککراو)، (لاواز)، (هیچ) ناودەبات[53].

**8. مەسەلەی نوێژکردنی پێغەمبەر لەسەر نەجاشی، ئایا لەو کاتەدا نەجاشی لە مەدینە بووە یان لە حەبەشە؟**

ئەم فەرمودەیەش دیسان دەچێتە بواری ئەو فەرمودە سەیر و سەمەرانەی لەم کتێبەدا داکۆکی لێدەکرێت. تەحاوی لە عەمران کوڕی حەسینەوە دەگێڕێتەوە کە «پێغەمبەر فەرمووی: نەجاشیی براتان مردوە و نوێژی لەسەر بکەن». وتی: ئێمە وامان زانی نەجاشی هاتووە لەبەرئەوە ریزمان بەست و نوێژمان لەسەر کرد، بەڵام ئەو لە حەبەشە مردبوو، کاتێکیش پێغەمبەر هاتەوە مەدینە نوێژی لەسەر کرد». لێرەدا ئیشکالەکە لەوەدایە کە نەجاشی لە حەبەشە مردوە[54]، بەڵام ئەبو حەنیفە و مالیک هەردووکیان نوێژی غائیبیان لەسەر مردوو رێگە پێنەداوە، بەڵام لێرەدا تەحاوی دێت و دەیەوێت بە شێوەیەك فەرمودەکە تەئویل بکات تاکو بیگونجێنێت لەگەڵ مەزهەبەکەی ئەبو حەنیفەدا نەوەك نەیارەکانی مەزهەب بیکەنە چەکێک دژ بە ئەبو حەنیفە. ئەوانەی نوێژی غائیب بە رەوا دەزانن، دەڵێت: «ئەبو جەعفەر دەڵێت: لەم فەرمودەیەدا دیارە سەبارەت بە نەجاشی، کە خودا بە قودرەتی خۆی تەرمی نەجاشی هێناوەتە مەدینە لەو رۆژەدا کە مردوە، تاکو پێغەمبەر نوێژی لەسەر بکات وەک کەسێک کە لە مەدینەدا دەمرێت، ئەوەش ئەو بیانووە ناهێڵێت کە هەندێك ئەم فەرمودەیە دەکەنە بیانوو بۆ ئەوەی رەوایی نوێژی غائیب لەسەر مردوو بدەن. ئەوەش وەک ئەوە وایە کە خودا بە قودرەتی خۆی لە شەوی ئیسرادا پێغەمبەری برد بۆ بەیتولمەقدیس و هەر لەو شەوەشدا گەرایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی)[55]. بەم شێوەیە نەجاشی بە مردوویی هێنراوە بۆ مەدینە وەک چۆن پێغەمبەر بە زیندوویی رۆیشت بۆ قودس. ئەم هەموو خۆ ماندووکردنەش تەنیا بۆ ئەوەیە مەزهەبەکەی خۆی پشتراستبکاتەوە.

**دەرچەی سڕینەوە: ئیبن شاهین**

هەرچەندە تەحاوی رەهەندێکی فەرهەنگیانەی داوە بە بەرهەمەکەی و لەوێدا زیاتر لە 10 هەزار فەرمودەی بەکارهێناوە، لەو فەرمودانەی (واخەیاڵ دەکرێت کە دژبەرییان لە نێواندایە و کەچی وانیە)، بەڵام ئەو رەنجە زۆرەی تەحاویش دیسان بەس نەبوو بۆ ئەوەی بتوانێت تۆمەتی دژبەیەکی لە فەرمودە لابدات، چونکە تۆماری فەرمودە هێند

قەبەبووبوو کە چیتر بە کتێب و دوو کتێب تەواو نەدەبوو، متمانەی فەرمودەی دەخستە ژێر پرسیارەوە، بەهەرحاڵ پرۆژەکەی تەحاوی دوو کەموکورتی سەرەکی تێدابوو؛ زۆرینەی گونجاندنەکانی زیاتر ئاراستەیەکی مەزهەبیی هەبوو کە دەیویست سازان بکات لەنێوان فەرمودەکان و مەزهەبی حەنەفیدا، نەک دژبەریی نێوان فەرمودەکان هەڵبگرێت، بەڵکو زیاتر هەوڵیداوە دژبەری نێوان فەرمودەکان و فەتوای سەرمەزهەبەکانی حەنەفیەت هەڵبگرێت، (واتە ئەبو حەنیفە و ئەبو یوسف و محەمەد کوڕی حەسەن)، ئینجا بڕبڕەی پشتی هەوڵەکانی بۆ سازاندنی فەرمودە بریتیبوو لە لێکدانەوە و زیادەڕەوی لە لێکدانەوەدا. تەنانەت ئەگەر ئەو لێکدانەوەیە تووشی بەهەڵەبردنی خوێنەریشی بکات. بەڵام تەئویل و لێکدانەوە بەس نییە بۆ یەکلاییکردنەوەی جەدەل، چونکە هەموو تەئویلێک دەتوانرێت بە تەئویلێکی تر بەتاڵ بکرێتەوە، ئەوەش وادەکات دەرگای دژبەری لە فەرهەنگی فەرمودەدا بەکراوەیی بهێڵێتەوە.

لەبەرئەوە پێویستبوو میکانیزمێکی تری نوێ بێتە کایەوە بۆ سازاندنی فەرمودەکان. ئەمجارەیان (ئیبن شاهین) دەستپێشخەری دەکات لەسەر (ناسیخ و مەنسوخ) لە فەرمودەدا. پاش ئەویش ئیبن موسای حازمی لە کتێبی «الاعتبار في الناسخ والمنسوخ في الاثار».

ئیبن قوتەیبە و تەحاوی هەوڵەکانی خۆیان لەوەدا چڕکردبۆوە کە بتوانن هەموو دژبەرییەکان لە نێوان فەرمودەکاندا بەشێوەیەک بابدەن تا ڕێکیان بخەن پێکەوە، ئەوەش بە بەکارهێنانی میکانیزمی تەئویل بە نکۆڵیکردن لە هەر دژبەرییەك و سووربوون لەسەر ئەوەی کە هەموو فەرمودەیەکی ناکۆک دەکرێت کۆک بکرێن پێکەوە، ئەمەش وایکردوە هەوڵەکانیان وەك بانگردێنێک وابێت کە ئیشی تەنیا تەختکردنی بەرزونزمییەکانی فەرهەنگی فەرمودەیە تاکو هیچ نیشانەیەکی پرسیار لەسەر فەرمودە دروست نەبێت، سەبارەت بەوەی فەرمودەش سەرچاوەیەکی خوداییە هەر وەک قورئان.

لە بەرامبەردا ئیبن شاهین و حازمی دان بەوەدا دەنێن کە لەنێوان فەرمودەکاندا دژبەری هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا کاردەکەن بۆ ئەوەی ئەو درزانە پینەبکەن کە بەهۆیەوە کەوتۆتە بونیادی تەلاری فەرمودەییەوە، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی میکانیزمی ناسیخ

و مەنسوخ کە لە قورئانناسیەوە وەریانگرتوە و لە حەدیسناسیدا بەکاریانهێناوە. بەڵام گۆڕانکارییان کردوە لە ئەرکی ئەو میکانیزمەدا، چونکە لە قورئانناسیدا میکانیزمی ناسیخ و مەنسوخ ئەرکی ئەوەیە کە حوکمێک لە حوکمەکانی شەریعەت بسڕێتەوە و لە بری ئەو حوکمێکی نوێتر دابنێت، بەڵام لە فەرهەنگی فەرمودهی‌یدا مەبەستەکە تەنیا ئەوە نییە کە حوکمێک بە حوکمێکی تر بگۆڕێت، بەڵکو لە بنەڕەتدا مەبەست ئەوەیە خۆیان بدزنەوە لەو دژبەیەکییەی لەناو فەرهەنگی فەرمودەدا هەیە، ئەویش بەوەی یەکێکیان بکەنە ناسیخ و ئەویتریان بکەنەوە مەنسوخ[56].

هەر بەراستیش سکانداڵی (فضیحة) دژبەریی شتێکە عەقڵی مرۆڤ بەرگەی ناگرێت، ئەمەش لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە ئەرستۆ بنچینەکانی لۆژیکی لەسەر سێ بەڵگەنەویست دامەزراند، یەکەمیان پرەنسیپی شوناس، دووەم: پرەنسیپی دژبەری، سێیەمیش: پرەنسیپی سێیەمی هەڵگیراو... بۆنموونە (أ) لە هەمانکاتدا ناکرێت (أ)یش نەبێت، بەهەمان ئاراستەشدا بێت، بەڵام سکانداڵی دژبەری کە لۆژیکی مرۆڤ رەتیدەکاتەوە، کەس باوەڕی پێناکات مەگەر شێت نەبێت، یاخود خوداکان لەسەردەمی فرە خوداییدا، ئەم دژبەریە رەهەندێکی زۆر مەترسیدارتر وەردەگرێت کاتێک مەسەلەکە پەیوەست دەبێت بە دەقێکی خوداییەوە، یان دەکرێتە دەقێکی خودایی، وەک چۆن لە فەرهەنگی فەرمودەدا دەیبینین، کە ئیدی لە سەردەمی شافیعیەوە ئەو فەرهەنگە جەنجاڵە دەبێتە سروشێکی خودایی. دەکرێت فرە خوداکان لە نێوان خۆیاندا ناکۆک بن و وتەکانیان دژ بەیەك بێت، بەڵام ناکرێت خودای تاک و تەنیا وتەکانی دژبەیەك بن، لەیەک کاتدا بەیەک ئاراستەدا شتێک و دژەکەشی بڵێ. خۆ ئەگەر پاش سەرکەوتنی عەقیدەی تەوحید ئیتر یەک خودایی چەسپیوە لە دونیادا، کەچی ئێستا فرەیی لە دەقە پیرۆزەکاندا هەیە بەناوی خودای تاك و تەنیاوە. هەرکاتێکیش دژبەری لە ناو دەقێک لە دەقە پیرۆزەکاندا سەلمێنرا، ئەوە ئیتر واتە ئەو دەقە چیتر پیرۆز نییە و نیشانەی پرسیار بەرامبەر سەرچاوە خوداییەکەی دادەنرێت. لێرەوەیە ئەرکی بەرگریکردن لە فەرموده لەلایەن حەدیسناسانەوە سەرچاوە دەگرێت، بەتایبەت دوای ئەوەی فەرموده دەبێتە قورئانێکی تر دوای قورئان. بەڵکو هەندێکجار قورئانی پێش قورئانیشە. بۆیە هەوڵدەدرێت دژبەری لەنێوان دەقەکانیدا هەڵبگیرێت، تاکو گومانی لەسەر هەڵبگیرێت

لەو دژبەرییەی کەوتۆتە سەری بەهۆی گەورە بوونی فەرهەنگی فەرمودەوە و کاریگەری زەمان و شوێن و ئارەزووی مەزهەبی بە سەریەوە، چونکە نەبوونی دژبەری لەنێوان دەقێکدا سنووری جیاکەرەوەی نێوان خوداییبوونی سەرچاوەکە و مرۆییبوونیەتی. جا لەبەرئەوەی ئایەتی سێیەم وچوارەمی سورەتی (النجم) دەڵێت: (و ماینطق عن الهوی. ان هو الا وحي یوحی). ئەم دووئایەتە لە سیاقە قورئانیەکە دەرکێشراوە و خراوەتە ناو سیاقی فەرمودەییەوە، هەروەها لەبەرئەوەی ئایەتی (82) لە سورەتی (النساء) (ولو كان من عند غير الله لوجدوا فيه اختلافا كثيرا)، کەواتە دەبێت حەتمی بێت کە هیچ جیاوازییەک لەنێوان فەرمودەکاندا نییە تاکو بسەلمێنرێت کە فەرمودەش سەرچاوەیەکی خودایی هەیە، نەك مرۆڤ. ئەم ئەرکەش لەگەڵ وەرچەرخانی ئیسلامی پەیام بۆ ئیسلامی مێژوو زیاتر و زیاتر خۆی دەسەپێنێت، وەک نووسەرێک ناوی دەنێت، یاخود وەرچەرخان لە ئیسلامی قورئانەوە بۆ ئیسلامی فەرمودە وەک ئێمە پێمان باشە بۆی زیاد بکەین.

ئێستا ئەگەر بپرسین: بۆچی لەم سیاقە گەورەیەی وەرچەرخاندا، سیاقێکی بچووکتری وەرچەرخانیش دەبینین، لە میکانیزمی تەئویلی فەرمودەییەوە بۆ گونجاندنیان پێکەوە، بۆ میکانیزمی ناسیخ و مەنسوخ. لێرەدا لەسەر زاری (ئیبن سەلاحی شارەزووری) -کە یەکێکە لە زانا ناسراوەکانی حەدیس- دەڵێین: مەسەلەکە هەمووی وابەستەیە بە دژبەریی نێوان فەرمودەکان، ئەگەر دژبەری لەنێوان دوو فەرمودەدا هێند بەهێز نەبوو بەجۆرێك نەمانتوانی پێکەوە بیانگونجێنین یان بەشێوەیەک لێکبدرێنەوە کە ئەو دژبەریە نەهێڵێت، لێرەدا میکانیزمی تەئویل دەخەینەکار، بەم شێوەیە دەتوانین هەردوو فەرمودەکە وەربگرین بێ ئەوەی هیچیان بسڕینەوە، بەڵام ئەگەر هێند دژبەیەک بوون کە ئیتر نەتوانرا پێکەوە کۆبکرێنەوە، ئیتر میکانیزمی ناسیخ و مەنسوخ خۆی دەسەپێنێت، ئەوە ئیتر یەکێک لەو دوو فەرمودەیە «ناسیخ» دەبێت و ئەوی تریان «مەنسوخ» دەبێت، ئیدی کار بە ناسیخ دەکەین و مەنسوخ وازلێدێنین)[57].

ئەمیان بەپێچەوانەی ئیبن قوتەیبە کە واسواسی دژبەری وایلێکردبوو گەمەیەکی سازاندن بکات بەجۆرێک پەشێوییەکی تەواوی پێوە دیاربێت و کەموکورتیەکەی عەیبداری بکات. وەک ئیبن صلاح دەڵێت[58]، ئیبن شاهین لەوە نەترسا کە دژبەرییەکانی

فەرمودە بکاتە خاڵی دەرچوونی خۆی تاکو بگاتە ئەوەی بڵێت میکانیزمی ناسیخ و مەنسوخ بۆ لێکجیاکردنەوەی پەیوەندی دژبەری نێوان دوو فەرمودەی ناکۆک. هەرچەند ئەوەش دەبێتە هۆی مراندنی ئەو فەرمودانەی بە مەنسوخ دادەنرێن لە بەرژەوەندی ئەو فەرمودانەی بە ناسیخ دادەنرێن. ئەمیش وەک هەموو رێکخەرەکانی تری کتێبەکانی مەسنەدەکان کە لە بەشی پاکژی (الطهارة)وە دەستپێدەکەن، ئیبن شاهینیش هەر لەو بابەتەوە دەستپێدەکات، کتێبەکەی ئێمەش هەر وەک خۆی لە بەشی خۆشۆردنی روخسەت و واجیبەوە دەست پێدەکەین.

لە عوسمانەوە ریوایەتکراوە پیاو هەیە لەگەڵ ژنەکەیدا جووت دەبێت، بەڵام ئاوی نایەتەوە. عوسمان وتی (پێویستناکات خۆی بشوات) ئەو بەڵگە بەوە دێنێتەوە کە خۆی پرسیاری لە پێغەمبەر کردوە لەو بارەیەوە، ئەویش وەڵامی داوەتەوە: «کە خۆ شۆردنی لەسەر نیە». ئینجا ئەو کەسەی پرسیارەکە دەکات بۆ دڵنیا بوون دەچێتە لای تەلحە و زوبێر و ئوبەی، ئەوانیش هەمان قسەیان کرد[59]. (جەهنی) کە پرسیارەکەی لە عوسمان کردوە دەڵێت (پێنج لە هاوەڵانی پێغەمبەر هەموویان وتیان «ئاو لە ئاوە»)[60].

بۆ پشتگیریکردنی ئەو ریوایەتەی جەهنی، ئیبن شاهین فەرمودەیەکی هاوشێوە دێنێت ئەمجارەیان لەسەر زاری (ابو سعيد الخدري)، کە پرسیاری لە پێغەمبەر کردوە لەو بارەوە، وەڵامەکەی ئەویش ئەوە بووە (ئاو لە ئاو واجیب دەبێت)، (خدري) فەرمودەیەکی تر ریوایەت دەکات (لەگەڵ پێغەمبەر چووم بۆ «قباء»، تا گەیشتینە لای خێڵی سالم، پێغەمبەر لە بەردەرگای ماڵی عەتبان راوەستا و هاواری لێکرد، ئەویش بەپەلە هاتەدەر و کراسەکەی بەدوای خۆیدا رادەکێشا، پێغەمبەر وتی: لە کابرامان تێکدا، عەتبان وتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئایا گەر کەسێک لەگەڵ ژەنەکەیدا جووت بێت و ئاو دانەبەزێت، چیی لەسەرە؟ پێغەمبەر وتی: ئاو لە ئاو واجب دەبێت) (لا44).

هاوشێوەی ئەم ریوایەتە، لەسەر زاری ئەبو هورەیرەوە: (پێغەمبەر فەرمووی: ئەگەر کەسێک چوە لای خێزانەکەی و ئاوی نەهاتەوە خۆشۆردنی لەسەر نیە) (لا45). ئینجا بۆ ئەوەی رێگە بۆ سڕینەوەی ئەم فەرمودەیە خۆش بکات و حکومەکەی بگۆڕێت بە واجبونی خۆشۆردن، ئیبن شاهین فەرمودەیەکی تر لەسەر زاری زەیدی کوڕی سابت دێنێت، کە لێیان پرسیوە (لە ئوبەی پرسراوە کەپێغەمبەر گوتویەتی: ئەگەر کەسێک

ئاوی نەهاتەوە ئەوە خۆشۆردنی لەسەر نیە) زەید وتی: «ئوبەی لە پێش مردنیدا ئەوەی واز لێهێنا)(لا49). هەر لەهەمان سیاقدا کە دەیەوێت ڕێگە خۆش بکات بۆ سڕینەوە، لەسەر زاری زوهرییەوە ریوایەت دەکات کە گوایە ئوبەی لە دوادوایی تەمەنیشیدا هەر ئەو فەرمودەیەی گێراوەتەوە (ئاو لە ئاو دەبێت)، بەڵام گوتویەتی (ئەوە لە کاتێکدابوو موسوڵمانان بەرگیان نەبوو بیپۆشن، پێغەمبەر وەک روخسەت وای گوتوە، پاشان هەر پێغەمبەر خۆی نەهی لە خۆنەشۆردن کرد)(لا43).

پاش ئەوە لە بەشێکی تردا کە ناوی دەنێت (سڕینەوەی ئەم حەدیسە)، هەشت فەرمودە دێنێت. کە زۆربەیان لەسەر زاری عائیشەوەن، هەموویان باس لەوە دەکەن کە خۆشۆردن واجیبە، ئەگەر ئاویش نەهاتەوە، لەوانە فەرمودەیەکە لە سەر زاری سەعید کوڕی موسەیەب دەڵێت: (ئەبو موسا هات بۆ لای عائیشە وتی: دەمەوێت پرسیارێکت لێ بکەم بەڵام شەرم دەکەم، عائیشە وتی: شەرم مەکە من دایکتم. ئەبو موسا وتی: پیاو کاتێک جووت دەبێت و ئاوی نایاتەوە؟ عائیشە وتی: لە کەسێکی شارەزات پرسیوە، لە پێغەمبەرم بیست دەیوت: ئەگەر لەنێوان چوار پەلیدا دانیشت و ئەندامی بە ئەندامیەوە نووسا، خۆشۆردن واجیب دەبێت) (لا50).

هەر لەسەر زاری عائیشە فەرمودەیەکی دێنێت، (عەروە) لە عائیشەی پرسی لەو بارەیەوە، عائیشە وتی: پێغەمبەر پێش فەتحی مەککە خۆی نەدەشۆردەوە لەو حاڵەتەدا، بەڵام دوای فەتحی مەککە خۆی دەشۆرد و فەرمانی بە ئێمەش دەکرد کە خۆمان بشۆین) (لا 52- 53). بەڕێکەوت نییە ئەوەی فەرمودەکەی ئوبەی ریوایەتکردوە دەڵێت پێش مردنی وازی لێهێناوە، بەهەمان شێوە لە ریوایەتەکەی عائیشەدا دەڵێت پێش فەتح خۆی نەدەشۆرد، بەڵام دوای فەتح خۆی دەشۆرد. چونکە میکانیزمی ناسیخ و مەنسوخ لە کاتێکدا کار دەکات کە فەرمودەی سڕینەوە لە رووی کاتەوە دواتر بێت لە فەرمودەی سراوە، لەبەرئەوەی خەڵک وا فێرکراون کە وەک عەروە دەڵێت: (دەبێت ئەو شتە وەربگرن کە دواجار پێغەمبەر کردوێتی) (لا52).

لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەی ئەو قۆناغانەی فەرمودەکانیان تێدا وتراوە بۆ جیاکردنەوەی ناسیخ و مەنسوخ جێی راجیاییە لە نێوان حەدیسناسەکان خۆیاندا، بۆ نموونە هەر

لەسەر مەسەلەی خۆشۆردن ئایا روخسەتە یان واجیبە؟ هەر ئەسحاب خۆیان جێگەی ناکۆکییان بووە -یان ئەوانەی لەسەر زاری ئەسحاب قسەیان هەڵبەستوە- هەروەها زانایانیش راجیابوون، تەنانەت بوخاری کە خاوەنی راستترین تۆماری فەرمودەیە لە مێژووی ئیسلامدا، رەتیکردۆتەوە کە ئەو قۆناغبەندییە بەراست بزانێت، واتە فەرمودەی روخسەت رەتکرابێتەوە. بوخاری پاش ئەوەی ئەو فەرمودانە دێنێت لەسەر زاری ئەسحاب و رای جیاوازیان لەنێوان واجیب و روخسەتدا دەخاتەروو، وەک ئەوەی ئاماژە بکات بەوەی سڕینەوە لای ئەو نەسەلمێنراوە، دەڵێت: «خۆشۆردن باشترە». ئەو حەدیسەش دوا حەدیسە «واتە فەرمودەی تر بەدوایدا نەهاتوە پێچەوانەی بێت، بەڵام لەبەر راجیاییان هێناومانە»[61].

مادەم باسی واجیببونی خۆشۆردن دەکەین، با لێرەدا نموونەیەکی تر بێنین کە ئیبن شاهین لەسەر مەسەلەی سڕینەوە لە فەرمودەدا باسیکردوە. ئەویش سەبارەت بە خۆشۆردنە لە رۆژی هەینیدا، لە ئیبن عومەرەوە ریوایەتکراوە کە پێغەمبەر گوتویەتی: «هەرکەسێکتان هات بۆ نوێژی هەینی با خۆی بشوات»، پاشان دەڵێت «ئەم فەرمودەیە سراوەتەوە و حوکمی پێناکرێت»، ئەوەش چونکە ئەوان لە کارەکانیان دەگەرانەوە بۆ نوێژ و بۆنی ئەرەقیان لێدەهات» (لا54). ئەم فەرمودەیە بوخاری لە سەحیحدا گێراویەتیەوە، هەروەها موسلیم و ئەبوداود و نەسائی گێراویانەتەوە، مالیکیش لە «الموطأ»دا گێراوێتیەوە، لەبەرئەوە بڕیاردان لەسەر سڕینەوە، بوێریەکی باشی دەوێت لەلایەن ئیبن شاهینەوە. دوای ئەوە فەرمودەیەکی تر بەدوایدا دێنێت لەسەر زاری جابر دەڵێت: «پێغەمبەر فەرمویەتی ئەوەی رۆژی هەینی خۆی بشوات باشیکردوە، ئەوەیشی خۆی نەشوات هەر باشیکردوە»(لا54). لێرەدا نەک سڕیویەتییەوە، بەڵکو رێککاری «تسویە»یەکی وا دەکات کە تەنانەت سادەترین بنەمای لۆژیک لە مەسەلەی کۆکردنەوە لەنێوان دوو دژدا دەیبێزێت، بەڵکو گاڵتەکردنە بە بنەمای سێیەمی لۆژیک کە دەڵێت: شتێک بیکەیت باشە ئەگەر نەیشیکەیت هەر باشە. ئەم گاڵتەجاڕیەی لەسەر زاری پێغەمبەرەوە هەڵبەستراوە «کە پێیان وایە لە بری خودا قسە دەکات»، نەدەکرا بووترێت و کەسیش گوێی لێبگرێت ئەگەر پێویست بە رێککاریی نەکرایە بۆ ئەو هەموو بەرز و نزمی و دژبەری و ئەحکامە

دژ بەیەکانەی لەناو تۆماری فەرموودەدا هەیە. پاش ئەوەی ئەو تۆمارە زۆر زەبەلاح بوو سەرچاوەکانی زۆر بوون لەرووی کات و شوێنەوە.

بەهەرحاڵ مادەم لە بەشی پاکژیداین «الطهارة»، با نموونەیەکی تر بێنینەوە لەسەر تەختاندنی دژبەرییەکانی ناو فەرموودە لە ڕێگەی کارپێکرنی میکانیزمی ناسیخ و مەنسوخ لە قۆناغی یەکەمیدا، پاشان راوەستاندنی لە قۆناغی دووەمدا، ئەوەش پێمان دەڵێت کە پەتای دژبەر لە دەردەکەوە گوازراوەتەوە بۆ دەرمانەکەش، بەم شێوەیە دەبینین ئیبن شاهین دەرگای بەپێوە میزکردن دەکاتەوە، کە بوخاری باسیکردوە، ئەو فەرموودەیە ریوایەت دەکات کە لەسەر زاری موغیرەی کوڕی شیعبەوە دەگێڕدرێتەوە[62]. دەڵێت (پێغەمبەر هاتە ناو زبڵخانەی خێڵێکەوە قاچەکانی کردەوە و بەپێوە میزی کرد). پاش ئەوە فەرموودەیەک لەسەر زاری جابرەوە دێنێت (پێغەمبەر نەهیی کردوە لەوەی کەسێک بەپێوە میز بکات)، ئینجا فەرموودەیەکی تر لەسەر زاری ئەبو هورەیرەوە دێنێت: (پێغەمبەر نەهیکردوە لەوەی کەس بەپێوە میز بکات)، لێرەوە دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە (بەپێوە میزکردن سراوەتەوە)، ئینجا بۆ پشتراستکردنەوەی رایەکەی خۆی سەبارەت بە سڕینەوەی بەپێوە میزکردن، فەرموودەیەکی تر دێنێت کە تیرمزی گێراوێتیەوە لەسەر زاری عومەری کوڕی خەتاب دەڵێت: (پێغەمبەر بینیمی بەپێوە میزم دەکرد، پێی وتم: عومەر بەپێوە میز مەکە. ئیتر بەپێوە میزم نەکردوە دوای ئەوە). هەروەها ریوایەتێکی تر لەسەر زاری ئەبوهورەیرەوە دێنێت: (لە کەم سەلیقەییە پیاو بەپێوە میز بکات)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆتاییدا باسی ئەو راجیاییەی نێوان ئەسحاب و دوای ئەسحابیش دەکات سەبارەت بە میزکردن بەپێوە، لەوانەی کە ووتوویانە میزکردن بە دانیشتنەوە واجیبە: عومەر کوڕی خەتاب، حوسێن کوڕی عەلی، ئیبن مەسعود، ئیبن عومەر، ئەبو موسا، حەسەنی بەسری و شیعبی، ئەوانەش کە وتوویانە میزکردن بەپێوە ئاساییە: عومەری کوری خەتاب -ئەمجارەیان بەپێچەوانەی پێشوەوە فەتوا دەدات؛ لە ڕێوایەتێکدا کە (بەیهەقی) دەگیرێتەوە (میزکردن بەپێوە پاشەوەت قایمتر رادەگرێت)- عەلی کوڕی ئەبو تالیب، زەید کوڕی سابت، ئیبن عومەر –لە هەردوولادا هەیە-، ئەبوهورەیرە –لە هەردوولادا هەیە-، سەعد کوڕی عەبادە، عەروە، شیعبی -لەولاش هەیە-، مالیک کوڕی ئەنەس و سەوری.

ئینجا لە ئاستی ئەو هەموو دژبەرییانەدا لە کۆتاییدا دەگاتە ئەوەی کە میزبەپێوەکردن سراوەتەوە. دەڵێت (ئەگەر مەسەلەکە لەنێوان هاوەڵان و شوێنکەوتوواندا وابێت لەسەر ئەم حەدیسە، واپێویست دەکات ئێمەش راوەستین لەسەر سڕینەوەکە، چونکە ئەوان لە ئێمە شارەزاتر بوون لە مەسەلەی سڕینەوەدا) (لا78- 82). بەو شێوەیە دەبینین میکانیزمی سڕینەوە خۆشی تووشی هەمان دەرد بووە، بەلام لەم جارەیاندا ئەوی لەکاتدا پێشکەوتوە دەبێتە ناسیخی ئەوەی کە دواکەوتوە، هەرچەندە رێسای گشتی نەسخ وایە کە دەبێت ناسیخ لەرووی کاتەوە پاش مەنسوخ هاتبێت.

ئێمە لێرەدا نامانەوێت شیکردنەوە بە ماناکانی فەرمودەکان بکەین، هەرچەندە ئەو شیکارییە پێویستە بۆ ئەوەی دەربکەوێت چۆن حەدیسسازی، ئیسلامی لە لایەنی رۆحی خۆی دەرکردوە وەک ئەوەی لە قورئاندا هەیە، بەتایبەت قورئانی مەککە، ئیسلامی کردۆتە سیستمێکی دونیایی کە تەنیا گرنگی بە ئەحکام دەدات نەک ئیمان، گرنگی بە پاکی جەستە دەدات نەك دەروون[63]. ئێمە لێرەدا تەنیا میکانیزمی (ناسیخ و مەنسوخ) شیدەکەینەوە، کە ئەویش تەنیا قوڕی دژبەرییەکانی ناو فەرمودەی خەستتر کردۆتەوە، لێرەدا نموونەیەکی تر دێنینەوە لەسەر مەسەلەی (فەرمودەی گەڕیی).

ئێمە لە باسی ئبن قوتەیبەدا بینیمان چۆن خۆی خستبووە ناو تەڵەزگەیەکی قورسەوە تابتوانێت دژبەریی نێوان فەرمودەکان بڕەوێنێتەوە. تەنانەت تەئویلی هەڵاتن لە گەڕیی بەوە کردبوو کە ئەوە راکردنە لە بۆگەنەکەی نەك لە درمەکەی. لە بەرامبەریشدا ئبن شاهین تەنیا ئەوە دەکات کە دەڵێت فەرمودەی راکردن لە گەڕیی بە فەرمودەی (لا عدوی) سراوەتەوە، ئەو لەسەرەتادا چوار فەرمودە دێنێت تا بیسەلمێنێت پێغەمبەریش وەک خەڵکی سەردەمی خۆی باوەڕی بە پەتا هەبووە و بەناوی قەدەرەوە رەتی نەکردۆتەوە.

لە فاتیمەوە دەگێڕێتەوە کە (پێغەمبەر فەرمویەتی: ئەگەر گەڕێکتان بینی لێی هەڵبێن وەک چۆن لە شێر هەڵدێن، ئەگەر قسەشتان لەگەڵ کردن لە دووری رمێک یان دوو رمەوە قسەیان لەگەڵ بکەن).

هەروەها سەوری دەگێڕێتەوە کە لەناو وەفدی سەقیفەدا پیاوێکی گەڕی تێدابوو، پێغەمبەر کەسێکی بۆ نارد تا پێی رابگەیەنێت: بگەڕێوە ئەوە بەیعەتمان لێوەرگرتیت.

هەمان ریوایەت لەلایەن (عطاء بن یسار) جەختی لەسەر دەکرێتەوە (پیاوێك لە خەڵکی تائیف هاتە خزمەت پێغەمبەر بۆ بەیعەتدان، بەڵام پێغەمبەر کەسێکی ناردە لای تا پێی بڵێت: ئەوە بەیعەتم لێوەرگرتیت و بگەڕێوە).

لە ئیبن عومەریشەوە دەگێڕنەوە (پێغەمبەر بە دۆڵی گەڕەکاندا تێپەڕی و لەوێدا بەخێرایی دەڕۆیشت، وتی: ئەگەر شتێك هەبێت درم بێت ئەوە ئەم گەڕییەیە).

بەڵام دوای ئەوە یەکسەر کۆمەڵێک فەرمودە دێنێتەوە وەک سڕینەوە کە تێیدا پێغەمبەر فەرمان دەکات بەوەی کە لەگەڵ گەڕەکاندا دابنیشن و نانیشیان لەگەڵ بخۆن.

جابر دەگێڕێتەوە (پێغەمبەر دەستی گەڕێکی گرت و دەستی خستە ناو قاپەکەی خۆیەوە وتی: بخۆ بەناوی خودا و باوەڕت بە خودا بێت و پشتت بەخودا ببەستە). ئەم فەرمودەیە ئەبو داود و ترمزی و ئیبن ماجە گێراویانەتەوە، ئیبن شاهین هەمان فەرمودە لەسەر زاری ئەبو زەڕی غیفاری دێنێتەوە و دەڵێت (لەگەڵ کەسی توشبوودا بە گەڕیی نان بخۆ، وەک تەوازوعێك بۆ خوداکەت و باوەڕ پێبوون).

هەر لەسەر هەمان فەرمودە دەگێڕنەوە ئیبن عەباس (گەڕێکی دانیشاند و نانی لەگەڵ خوارد، عیکریمە وتی: ئەو وایکرد بەڵام من بێزم لێ بۆوە، ئیبن عەباس وتی: لەوانەیە کەسێکی لە تۆ باشتر دانیشتبێت لەگەڵ کەسێکی تردا کە لە من و تۆ باشترە و نانی لەگەڵ خواردبێت، مەبەستی پێغەمبەر بوو) (لا 249- 250).

ئاشکرایە فەرمودەی خواردن لە گەڵ گەڕدا، کە پێمان دەڵێت فەرمودەی (راکردن لە گەڕ)ی سڕیوەتەوە، لە کارگەی فەرمودەسازیدا دروستکراوە، تاکو مەسەلەی (نەبوونی پەتا) پشتراست بکاتەوە و لەوێشەوە پرەنسیپی پشت بەخودا بەستن پشتراست بکەنەوە، کە حەنبەلییەکان بەرگرییان لێ دەکرد[64]. بەڵام وەک هەر کارێکی ساختە لەناو خۆیدا تۆوی دژە خۆی هەڵگرتوە، تا بیسەلمێنێت کە ئەو فەرمودەیە ساختەیە. چونکە بەگوێرەی رێسای سڕینەوە دەبێت فەرمودەی سڕێنەرەوە لەرووی کاتەوە دوای ئەو فەرمودەیە هاتبێت کە سڕاوەتەوە. واتە دوا قسەی پێغەمبەر بێت. بەڵام دەزانین وەفدی سەقیف، کە دەڵێن ئەو گەڕەی تێدا بووە کە پێغەمبەر فەرمانیکردووە نزیک

نەکەوێتەوە، وەک دەوترێت ئەو وەفدە ساڵی نۆیەمی کۆچی هاتۆتە مەدینە، ئایا دەبێت پێغەمبەر لە ماوەی یەک دوو ساڵی دوادوایی ژیانیدا هەڵوێستی گۆڕیبێت لەو مەسەلەیە، تا رادەیەك دەستی کابرای گەڕ بگرێت و بیخاتە ناو خواردنەکەی خۆیەوە؟ ئینجا ئەگەر ئەو فەرمودەیە راست بێت ئەی بۆ ئەم رووداوە هەموو کەس نەیزانیوە، لەکاتێکدا ئەو کاتە هەموو عەرەب لەژێر دەستی پێغەمبەردا بوون، لەرووی ئایینی و دەسەڵاتیشەوە؟ باشە کاتێک کەسێکی دەسەڵاتدار و لەهەمان کاتدا پیرۆزیش لەبەر چاوی خەڵک نان بخوات لەگەڵ گەڕێکدا، چۆن دەبێت تەنیا یەک کەس بینیبێتی و گێرابێتیەوە، ئینجا ئەم فەرمودەیە تەنیا لەیەك رێگەوە ریوایەتکراوە، ئەو رێگەیش کەسێکی تێدایە بەناوی (فضل بن فضالة)، کە (ئیبن سەعد) لە «الطبقات الکبری»دا دەڵێت ئەو کەسە (فەرمودەکانی مونکەرن)[65]. (زەهەبی) دەڵێت لە کتێبەکانی فەرمودەدا تەنیا یەك فەرمودەی گێراوەتەوە، ئەویش ئەم فەرمودەیەیە[66]، (ئیبن عدي) دەڵێت (لەو فەرمودانەدا لەم فەرمودەیە خراپترم نەبینیوە)[67]. لەوەش زیاتر ترمزی کە خۆی فەرمودەکەی گێراوەتەوە دەڵێت ئەو حەدیسە (غەریبە)، ئینجا (فضل) دەناسێنێت -کەفەرمودەکەی گێراوەتەوە- ئەم فەزڵە ئەو فەزڵە نییە کە زانایەکی بەسری بوو بەڵام ئەو (ناسراوترە لەم)[68].

پرسیارەکە لێرەدایە ئایا بەم فەرمودانە سوننەتی پێغەمبەر دەسەلمێنرێت، پاشان پێمان دەووترێت ئەم فەرمودەیە ئەو فەرمودەیەی تر کە پێچەوانەیەتی دەیسڕێتەوە؟ لەکاتێکدا هەردوو سوننەتەکە دەدرێتە پاڵ یەك پێغەمبەر، دەشگوترێت پێغەمبەر لەخۆوە قسە ناکات، بەڵکو هەرچییەک دەیڵێت سروشە، وەک شافیعی وتی[69].

### دەرچەی پەسەندایەتی: ئیبن موسای حازمی

مێژووی نووسینی کتێبی «الاعتبار من الآثار»ی حازمی (584ی کۆچی مردووە)، دەگەڕێتەوە بۆ ناوەراستی سەدەی شەشەم، لەو کاتەدا ئیدی فەرهەنگی فەرمودە تەواو رەهەندی ئینسایکلۆپیدیی وەرگرتبوو، کە هیچ شتێکی لەگەڵدا بەراورد ناکرێت، مەگەر

ئینسایکلۆپیدیای فیقهـ نەبێت کە ئەویش هەر بەهۆی فەرمودەیەوە وا فراوان ببوو.

هەر لە سەرەتای کتێبەکەیەوە حازمی پێمان دەڵێت کە «زانستی ناسیخ و مەنسوخ لە فەرمودەناسیدا، زانستێکی گرنگە و زۆر قووڵە سەری زۆر کەس گێژ دەخوات تێیدا، زۆر کەس لە گەران بە شوێن شاراوەکانیدا بزربووە، هەرکەسێک سەرنج بدات لە را جیاییەکانی ئەسحاب لەو ئەحکامەی لێیانەوە راگوازراوە، راستی ئەم قسەیەی ئێمەی بۆ دەردەکەوێت، زوهری دەڵێت: ناسیخ و مەنسوخی فەرمودە زانایانی ماندوو کردوە و لە ئاستیدا دەستەوەستانن»[70].

لەم دەسپێکەوە دیارە حازمی دەیەوێت چی بڵێت و چ نەخشەیەکی هەیە بۆ زانستی ناسیخ و مەنسوخ: ئەو دەیەوێت «راجیاییەکانی ئەسحاب لەبارەی فەرمودەوە بگۆڕێت بۆ کۆرایی»، بەڵام لەراستیدا راجیایی لێرەدا مانای دژبەری و ناکۆکی دەگرێتەوە. ئەمە بێجگە لەوەی ئەو دژبەریە زیاتر سەخت دەبێت کاتێک دەزانین (ئەسحاب سڕاوە و سڕێنەرەوەشیان گواستۆتەوە بۆمان)، بێ ئەوەی لەیەکتریان جیا بکەنەوە.

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لە هەر شوێنێک دژبەری هەبوو ئیتر دەبێت ماشێنی ناسیخ و مەنسوخ بکەوێتە گەڕ تاکو چارەسەری بکات، بەڵکو دەبێت یەکەمجار دەرفەت بدرێت بە عەقڵی گونجێنەر تا بتوانێت لە رێگەی تەئویلەوە، ئەو فەرمودانە بسازێنێت کە لە رواڵەتدا پێکەوە ناسازن، حازمیش هەر خۆی نموونەیەك دێنێتەوە لەسەر ئەوەی چۆن دەبێت فەرمودە ناسازەکان بسازێنرێن، کاتێک دوو فەرمودە دێنێتەوە کە لە رواڵەتدا تەواو پێکەوە ناسازن دەڵێت: ریوایەتکراوە لە پێغەمبەرەوە کە فەرمویەتی (خراپترین شاهید ئەو کەسەیە کە شاهیدی دەدات پێش ئەوەی داوای لێبکرێت)، هەروەها لێوەی ریوایەتکراوە (باشترین شاهید ئەو کەسەیە کە پێش ئەوەی داوای لێبکرێت خۆی شاهیدی دەدات). لێرەدا دژبەری نێوان فەرمودەکان تەواو روونە، ئەم دوو فەرمودەیە پێکەوە لە گەڵ سەرەتاترین پرەنسیپی لۆژیکدا ناگونجێت کە دەڵێت (شتێک و دژەکەی پێکەوە بەیەک ئاراستەدا کۆنابنەوە)، باشە چۆن دەبێت خراپترین شاهید ببێتە باشترین شاهید؟ یان باشترین شاهید ببێتە خراپترین شاهید؟ لە هەردوو حاڵەتەکەشدا مەرجەکە ئەوەیە کە شاهیدەکە پێش ئەوەی داوای لێبکرێت لە خۆیەوە شاهیدی بدات. لێرەدا ماشێنی ناسیخ و مەنسوخ ناتوانێت کاری خۆی بکات و

ئیشکالەکە یەکلایی بکاتەوە، چونکە نازانرێت کام فەرمودەیەیان ئەویتریانی سڕیوەتەوە، خۆ ئەگەر ئەو دوو گوتەیە هەردووکیان لە پێغەمبەرەوە دەرچووبن، ئەوا خەڵک دەخاتە بەردەم ناڕەحەتییەکی گەورە کە هیچ دەربازبوونێکی تێدا نییە، چونکە سەرپشکی کردوون لەنێوان دووشتی دژدا، هەردووکیشیان لەسەر کێشی (باشترین و خراپترین) داڕێژراون.

لەبەرامبەر هاوشێوەبوونی دژەکان کە بونیادی لۆژیکی عەقڵی مرۆیی پەسەندی ناکات، بەتایبەت پاش ئەوەی مرۆڤایەتی لە قۆناغی پێش مێژوو دەرچوە، لێرەدا نووسەری کتێبی «الإعتبار» ناچارە پەنا بەرێت بۆ تەئویل تاکو بڵێت هەردوو فەرمودەکە راستن و ناکرێت تانە لە راستیەکانیان بدەین، لەبری ئەوەی وەک ناسیخ و مەنسوخیش سەیریان بکەین، ئەوە دەکرێت (رێگەی سازان) بگرینەبەر، بەوەی (فەرمودەی یەکەم باسی ئەوە دەکات کە خراپترین کەس ئەوەیە بێ پێویستی شاهیدی بدات). لە جاری دوەمیشدا کە دەڵێت باشترین شاهید، مەبەستی ئەوەیە کە لەکاتێکدا زۆر پێویست بێت دەبێت بێئەوەی داوای لێبکرێت خۆی شاهیدی بدات. لێرەدا دەبینین چۆن پرۆسەی تەئویل دەبێتە گەمەی چاوشارکێ، دەبینین هەرشتێک و دژەکەی دەشێت یەکانگیر بن ئەگەر ئاراستەکەیان جیاواز بێت، وەک لۆژیک بێژەکان دەڵێن، یان ئەگەر (ظرف)ـەکەیان بگۆڕێت وەک زماناسەکان دەڵێن، لێرەدا ئاراستەکە بەم شێوەیە دەگۆڕێت، جارێک ئەگەر بێ هۆ شاهیدی بدات، جارێکی تر ئەگەر لەبەر هۆیەک شاهیدی بدات، لەوانەیە کەسێک بڵێت ئەمە فێڵکردنە لە دەقەکە، بەڵام خاوەنی «الاعتبار» دەڵێت (دەبێت فێڵ بکەین لە رێگەی سازانەوە تاکو دژبەریی نێوان فەرمودە هەڵبگرین)[71].

هەرکاتێک فێڵی تەئویل ئەستەم بوو ئینجا پەنا دەبرێتە بەر میکانیزمی ناسیخ و مەنسوخ تاکو یەکێکیان پوچەڵبکاتەوە و ئەوی تریان جێگیر بکات.

بەڵام لێرەدا ئیشکالێکی تر سەرهەڵدەدات: ناسیخێک ناتوانێت مەنسوخێک بسڕێتەوە تەنیا کاتێک نەبێت کە پاش ئەو هاتبێت نەک پێش ئەو. هەر کاتێکیش توانرا پێش و پاش هاتنی فەرموده دیاری بکرێت دەبێت دوا فەرمودەیان وەربگیرێت (لا19). بەڵام چۆن بزانین کامیان لەپێشە و کامیان دواترە؟ لێرەدا حازمی وەڵامدەداتەوە، کە ئەو زانینە نیشانەی خۆی هەیە، کە لە سێ نیشانەدا گیریان دەکات:

یەکەم: ئەگەر لەفزی فەرمودەکە خۆی بیڵێت وەک (من نەهیم لێکردبوون کە سەردانی گۆڕستان مەکەن، بەڵام لەمەودوا سەردانی بکەن) [72].

دووەم: ئەگەر ئەو ئەسحابەی فەرمودەکەی گێراوەتەوە، بەراشکاوی بڵێت ئەمیان ناسیخە، وەك فەرمودەکەی عەلی: (پێغەمبەر فەرمانی پێکردین لەبەر تەرم هەڵبستین، بەڵام دوایی خۆی هەڵنەدەستا و فەرمانی بە ئێمەش کرد کە دابنیشین).

سێیەمیان: ئەوەیە کە مێژووی هەردوو فەرمودەکە زانراو بێت، وەک فەرمودەی خۆشۆردنەکە، (وتم: ئەی پێغەمبەری خودا؛ پیاوێک جووت دەبێت لەگەڵ خێزانەکەی و ئاوی نایەتەوە؟ پێغەمبەر فەرمووی: ئەو شوێنە دەشۆیت کە بەر ژنەکەت کەوتوە، پاشان دەستنوێژ بگرە و نوێژ بکە، لەم فەرمودەیەدا بەڵگەی ئەوەمان هەیە لەکاتی ئاو نەهاتنەوەدا خۆشۆردن واجب نییە، پاشان کاتێك بە رێگەی فەرمودەکەدا رۆیشتین بینیمان ئەم فەرمودەیە لە سەرەتای ئیسلامدا بوە، تاکو دوای کۆچیش بەماوەیەک هەر وابوە، ئینجا بینیمان کە (عەروە) پرسیار لە عائیشە دەکات، عائیشە دەڵێت: پێش فەتحی مەککە وایکردوە، بەڵام پاش فەتحی مەککە خۆی دەشۆرد و فەرمانیکرد بە خەڵکی تریش خۆیان بشۆن)[73](لا9).

بەڵام ئەمە لەکاتێکدایە کە نیشانەکانی سڕینەوە هەبن، ئەی ئەگەر ئەو نیشانانە نەبن؟ لەو کاتەدا چۆن دژبەریەکانی فەرمودە چارە بکەین؟ لێرەدا حازمی وەڵام دەداتەوە (ئەگەر نەکرا جیاکاری لەنێوان ناسیخ و مەنسوخدا بکەین، مێژوەکە دیار نەبوو، نەشدەکرا بیانسازێنین پێکەوە، ئیتر لەو کاتەدا تەرجیح دەکەین) [9]. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رووەکانی پەسەندکردن (ترجیح) زۆرن، وەك حازمی دەڵێت زیاتر لە پەنجا جۆری پەسەندکردن (ترجیح)مان هەیە، ئینجا ئەگەر بزانین پلەی پەسەندکردن لە پلەی نیشانەکان (امارات) زۆر نزمترە، نیشانەکانیش زۆر نزمترن لە پلەی بەڵگە و دەلیل، ئەو کاتە دەزانین هەر کەسێک بچێتە ناو پەسەندکردن (ترجیح) تووشی چ گێژاوێک دەبێت. ئەوەی دەستیدەکەوێت تەنیا ئەوەیە کە سەدان فەرمودەی (محکم) دەکاتە (متشابه) و ئەنجامی زۆر خراپیشی دەبێت، چونکە سڕینەوە تەنیا لە حوکمی شەرعیدا دەبێت نەک لە عەقیدەدا، کە بەڵگەنەویستێکی بنەرەتیە لای حازمی خۆیشی. کاتێک باسی

ناسیخ و مەنسوخ دەکات دەڵێت: (بریتیە لە هەڵگرتنی حوکمێك پاشئەوەی جێگیربووە، لەبارەی مەرجەکانیشەوە دەڵێت (دەبێت مەنسوخ حوکمێکی شەرعی بێت، چونکە شتە عەقڵییەکان کە لە بەڵگەنەویستەکانن ناسڕێنەوە) (لا7). بە زمانێکیتر گەر بگەڕێینەوە بۆ لۆژیکی کانت، دەڵێین گێژاوی ناسیخ و مەنسوخ، کە لە حوکمە شەرعیەکاندا گیردراون، دەبێتە هۆی پشێوی، نەک لەسەر ئاستی عەقڵی تیۆری، بەڵکو لەسەر ئاستی عەقڵی پراکتیکی، چونکە دژبەیەکیی تەنیا لە پرەنسیپی شوناسدا، نابێت وەک ئەوەی بڵێین (أ) (أ نییە) و بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ فەرماندەری شەرعیش، وەک (بکە) و (مەکە)، و (مەکە) و (بکە)، ئەو دژبەریەش پێدەچێت ببێتە هۆی لەبەریەک هەڵوەشانی سەراسەری فیقهـ لە بناغەوە.

با ئێستا هەندێک لەو پەنجا پەسەندیە بخەینە روو، دەڵێت (یەك لەو هۆیانەی پەسەندیی فەرمودەیەک زاڵ دەکات بەسەر فەرمودەیەکی تردا، زۆریی ژمارەی فەرمودەکانی پشتگیریکردنی ئەو بۆچوونەیە، چونکە ئیدی ئەوە نزیک دەبێتەوە لە تەواتور)، ئێستا ئەگەر ئەو رێسایە جێبەجێبکەین بەسەر فەرمودەی خۆشۆردندا، دەبینین ژمارەی ئەو هاوەڵانەی ئەو فەرمودەیەیان گێراوەتەوە کە باس لە واجیبنەبوونی خۆشۆردن دەکات، زیاترە لەوانەی پێچەوانەکەیان گێراوەتەوە. ئەوانەی واجیبنەبوونی خۆشۆردنیان گێراوەتەوە پێنج ئەسحابن، لەکاتێکدا ئەوانەی فەرمودەی واجببوونی خۆشۆردنیان گێراوەتەوە تەنیا دوانن، عائیشە و خەدیج کوڕی رافیع. ئیتر چۆن دەبێت ریوایەتی دوو کەس زاڵبێت بەسەر ریوایەتی پێنج کەسدا؟

ئینجا حازمی لەدوای مەسەلەی چەندێتی باسی مەسەلەی چۆنێتی دەکات دەڵێت (لە بواری ریوایەتدا، ریوایەتی زاناتر و دیندارتر، زاڵدەکرێت بەسەر غەیری خۆیدا) (لا10)، ئێ خۆ ئێمە دەزانین هەر حەدیسێك ریوایەتکرابێت لە ئەسحابەوە بووە -یان گریمان دەکرێت وابێت-، ئایا دەبێت بەراوردکاری بخەینە نێوان ئەسحاب و بڵێین ئەمیان لەوی تریان زاناتر و دیندارتر بووە، لەبەرئەوە دەبێت فەرمودەی ئەمیان وەربگرین و ئەوی تریان رەتبکەینەوە؟ ئێستا ئەگەر ئەم رێسایە بەسەر فەرمودەی خۆشۆردندا جێبەجێبکەین، ئایا دەبێت بڵێین عائیشە و خەدیج لە خدری و جابر و

ئەنەس و ئوبەی دیندارتر و زاناتر بوون، ئەمە بێجگە لە ئەبوهورەیرە کە دوو فەرمودەی دژ بەیەک لەو بارەیەوە لێیەوە ریوایەتکراوە؟

لە رووخساری چوارەمی پەسەندیدا رێسایەکی تر دێنێت سەبارەت بەتەمەنی گێڕەرەوە (الراوي)، دەڵێت ئەگەر (دوو گێڕەرەوەی فەرموودە کاتێک گوێیان لە فەرمودەکە بووە، یەکێکیان لەو کاتەدا پێگەیشتوو بووبێت، و دووەمیان منداڵ بووبێت، لەم حاڵەتەدا فەرمودەی یەکەمیان وەردەگیرێت، چونکە کاتێك فەرمودەکەی بیستوە گەورە و ژیربووە و بێگومان مرۆڤی پێگەیشتوو باشتر تێدەگات و ماناکان وەردەگرێت لە چاو منداڵێکدا، و دیسپلینی زیاترە و شتی لێ تێکەڵ نابێت و لە منداڵەکە زیاتر رەچاوی بنەماکان دەکات). ئەمە بەگشتی راستە، بەڵام لە حاڵەتی فەرمودەدا ئیشکالێکی گەورە دروستدەکات: چونکە ئیبن عەباس کە لەدوای ئەبوهورەیرەوە ئەو زۆرترین فەرمودە بەناویەوە ریوایەتکراوە، (1690 فەرمودە)ی ریوایەتکردووە، کە دەکاتە دەیەکی فەرهەنگی فەرمودە، لەکاتێکدا ئیبن عەباس کە ناونراوە (تەرجومانی قورئان) و (زانای ئوممەت) و (دەریای زانست)، ساڵی چوارەمی کۆچی لەدایکبووە و ساڵی 86 لە تەمەنی 72 ساڵیدا لە تائیف مردووە [74]. ئەوەش واتە کاتێك پێغەمبەر وەفاتیکردوە، ئیبن عەباس تەنیا تەمەنی حەوت ساڵ بووە [75]. بێگومان هەر ئەم مەسەلەی تەمەنەی ئیبن عەباس خۆی دەبێت چەندین نیشانەی پرسیار بە دەوری دروستی هەزاران فەرمودەدا دروستبکات کە ریوایەتی کردوون. بەڵام ئێمە لێرەدا تەنیا باسی ماشێنی ناسیخ و مەنسوخ دەکەین بۆیە پێویستە ئەم رێسایەی حازمی جێبەجێ بکەین بەسەر ئیبن عەباسدا، کەواتە هەر کاتێك فەرمودەیەکمان بینی پێچەوانەی ئەو فەرمودەیە بوو کە ئیبن عەباس ریوایەتی کردوە، ئیدی زاڵی بکەین بەسەر ریوایەتەکەی ئیبن عەباسدا، چونکە ئەویان ئەمیان دەسڕێتەوە. ئەوەش بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی سەدان فەرمودە کە ئیبن عەباس گێراوێتیەوە دەیسڕێتەوە، چونکە سەدان فەرمودەمان هەیە پێچەوانەی ریوایەتەکانی ئیبن عەباسن، بۆ نموونە ئەم رێسایە بەسەر ئەم فەرمودەیەدا دەسەپێنرێت، کە (پێغەمبەر مەیموونەی مارەکردوە لەکاتێکدا لە ئیحرامدا بووە)، لەبەرامبەر فەرمودەیەکی تری دژدا کە دەڵێت (پێغەمبەر لەکاتی ئاساییدا مەیموونەی مارە کردوە، واتە لە ئیحرامدا نەبوە). لێرەدا دەبێت فەرمودەی دووەم

بسڕینەوە، چونکە ئیبن عەباس ریوایەتی کردوە لەکاتێکدا ریوایەتی یەکەم (ابورافیع) گێراوێتیەوە، کە خزمەتکاری پێغەمبەر بووە، لە ئیبن عەباسیش گەورەتر بووە، بەڵکو لەو ئەسحابانە بوو (کە لە ئوحوددا بەشداریکردبوو) [76].

لە رووخساری (چواردەهەمدا) حازمی دەڵێت (یەکێک لە رووخسارەکانی پەسەندکردن ئەوەیە کە یەکێک لە فەرمودە گێڕەوەکان حیجازی بێت و ئەوی تریان شامی بێت یان عێراقی بێت)، چونکە مەدینە (خانەی کۆچ و مۆڵگەی ئەنسار و موهاجیرەکانە و... شافیعی دەیووت هەر فەرمودەیەک لەلای حیجازییەکان رەگ و ریشەیەکی نەبێت ئەوە لاوازەم هەرچەند کەسانی متمانەداریش گێرابێتیانەوە) (لا12).

لێرەدا بواری مشتومڕمان لەسەر بەڵگەییبوونی ئەهلی مەدینە نییە، بەڵام ئەوە بەسە کە تێبینی بکەین جیاکاریکردن لە نێوان ئەهلی حیجاز و شوێنەکانی تر هیچ مانایەکی نییە مەگەر لە قسەی نەوەکانی دواتردا نەبێت، بەڵام حەدیسگێڕەوەکانی سەرەتا هەموویان خەڵکی حیجاز بوون. هەرچەند هەندێکیان هەر لە مەدینە ماونەتەوە لەکاتێکدا ئەوانی تر گواستوویانەتەوە بۆ عێراق و شام و وڵاتەکانی تر. هەرئەو بەڵگەیە بەسە کە بزانین ئەنسار خۆیشیان لەسەردەمی عومەردا یان کۆچیان کردوە یان کۆچیان پێکراوە لە مەدینە و پاشان لە وڵاتەکاندا بڵاوبوونەتەوە، تەنانەت شوێنەواریشیان نەماوە. جا دەبێت فەرهەنگی فەرموده چیی لێبێت ئەگەر بزانین فەرمودەیەک لەسەر زاری کەسێکی دانیشتوو لە حیجاز زاڵ بکرێت بەسەر فەرمودەی ئەسحابەیەکی خەڵکی مەدینە کە لە مەدینە دەرچوە و لە عیراق یان شام نیشتەجێبوە؟

حازمی رێسای 24 بەم شێوەیە دادەڕژێت (ئەوەی فەرمودەیەک پەسەند دەکات و ئەوی تر رەتدەکاتەوە ئەوەیە کە: حەدیسگێڕەوەی یەکەم لەگەڵ ئەوەشدا کە فەرمودەی لەبەرکردوە تۆماریشیکردوە و لەکاتی ریوایەتدا دەگەڕێتەوە بۆ تۆمارەکەی، بەڵام فەرمودە گێڕەوەی دووەم هەرچەند فەرمودەکەی لەبەرکردوە، بەڵام تۆماری نەکردوە. کەواتە لێرەدا دەبێت فەرمودەی یەکەم وەربگیرێت، چونکە هەندێک جار زەینی ئینسان هەڵە دەکات، (عەلی بن المدینی) دەڵێت: ئەحمەد کوری حەنبەل پێی وتم: بەس لە تۆماردا فەرمودە بگێڕەوە) (لا14- 15). لەکاتێکدا حازمی هەر خۆی رووخساریی شەشەمی بەم شێوەیە

داڕشتوە (ئەوی فەرمودەیەکی پەسەندتر دەکات ئەوەیە فەرمودەیەکیان بە بیستن بێت، دوەمیان تۆمارکراو بێت، لەو حاڵەتەدا یەکەمیان لەپێشترە بۆ پەسەندکردن) (لا11). بەم شێوەیە دەبینین دژبەری تەنانەت کەوتۆتە ناو میکانیزمی پەسەندایەتیشەوە، کە دەبێت ئەو میکانیزمە خۆی دژبەری نێوان فەرمودەکان یەکلایی بکاتەوە. لەلایەکەوە پێمان دەڵێت فەرمودەی خاوەن تۆمار لەپێشترە بۆ وەرگرتن، لە لایکی ترەوە پێمان دەڵێت فەرمودە لەرێگەی بیستنەوە لەپێشترە بۆ وەرگرتن [77]. ئەوەی ئەم مەسەلەی ئاڵۆزتر دەکات ئەوەیە ئەو فەرمودانەی لە بارەی (تۆمارکردنی زانستەوە) ریوایەتکراون، وەک کتێبەکەی خەتیبی بەغداد باسیدەکات، یان بەپێچەوانەوە ئەو فەرمودانەی نەهی دەکەن لە تۆمارکردن ئەویش هەر دەناڵێنێت بەدەست دژبەریبوونەوە. جا لەبەرئەوەی ئەم بوارە فراوانترین بواری ناکۆکییە لە فەرمودەدا، لەبەرئەوەش کە شارستانێتی ئیسلامی لە قۆناغی زارەکییەوە بۆ قۆناغی تۆمارکردن لە شوێنێکی تردا بەدرێژی باسمانکردوە [78]، لەبەرئەوە لێرەدا تەنیا ئەو دەقە دێنینەوە کە ئیبن شاهین لە «الناسخ والمنسوخ»ـەکەی خۆیدا باسیکردوە، سەبارەت بە فەرمودە دژبەرەکان، وەک دژبەری نێگەتیڤ و پۆزەتیڤ، لەبواری فیزیای ئەلیکتریکدا، لە (ابو سعیدی خدری)ـەوە دەگێڕێتەوە (روخسەتم لە پێغەمبەر وەرگرت بۆ تۆمارکردنی فەرمودە بەڵام رێگەی پێنەدام). زەیدی کوڕی سابت دەڵێت (پێغەمبەر نەهی لێکردم قسەکانی تۆمار بکەم)، بەڵام لەهەمان کاتدا فەرمودەیەکی تر دەگێڕنەوە (رافع بن خدیج): دەڵێت (وتم ئەی پێغەمبەری خودا ئێمە هەندێك شتت لێ دەبیستین ئایا تۆماری بکەین، فەرمووی: تۆماری بکە ئاساییە)، ئەمە لەکاتێکدا ئیبن شاهین دەڵێت (ئەمە بوارێکی فراوانە، ناکۆکی لە نێوان ئەسحاب و تابیعینیشدا لەو بارەوە زۆرە)، لەگەڵ ئەوەدا فەرمودەی رێگرتن لە نوسینەوەی فەرمودە پشتراست دەکاتەوە، نەک نووسینەوەی فەرمودە، بەڵگەش بەوە دێنێتەوە کە (خەڵکی مەککە خوێندەوار بوون، بەڵام خەڵکی مەدینە نەخوێندەوار بوون، کەچی کردەوەی خەڵکی مەدینە کردەوەی خەڵکی مەککە دەسڕێتەوە). ئایا مافی توێژەری هاوچەرخ نییە لەبەردەم ئەم سەما ناکۆکییانەدا، کە بڵێت ئەم گێژاوە هیچ دەربازبوونێکی تێدا نییە تەنیا بەوە نەبێت کە ناسیخ و مەنسوخ هەڵبگیرێت، بەوپێیەی کە هەموو ئەو فەرمودانەی باسی تۆمارکردنی زانست دەکەن

یان نەهی لێدەکەن، تەنیا بۆ ئەوە هەڵبەستراوە کە بیانوو بۆ قۆناغی گواستنەوە بێنێتەوە یان رەخنەی بکات، واتە گواستنەوە لە بواری گێرانەوەوە بۆ بواری نووسین؟ بەڵگەش بۆ ئەم قسەیە ئاسانە، بەڵکو زۆریش ئاسانە، چونکە نە وشەی زانست نە وشەی فەرمودە، لە سەردەمی پێغەمبەردا بەمانای (قسەکانی پێغەمبەر) نەهاتوە، بەڵکو لەو سەردەمەدا زاراوەی (حدیث) تەنیا بەمانای قورئان هاتوە، تەنانەت قورئان خۆیشی دەڵێت (الله نزل احسن الحدیث) (الزمر: 23).

بەڵام جیاوازی حازمی لە گەڵ ئیبن شاهین ئەوەیە کە ئەویان هەوڵیداوە بونیادێکی تیۆری بۆ زانستی ناسیخ و مەنسوخ دابمەزرێنێت، لەرێگەی دامەزراندنی رێساکانی پەسەندکردنەوە. هەرچەند خۆیشی پابەندنەبووە بەو رێسایانەوە مەگەر زۆر بەکەمی، بەڵام لەبەرئەوەی حازمی دوو سەدە دوای ئیبن شاهین ژیاوە، کە لەو سەردەمەدا فەرهەنگی فەرمودە زۆر قەبە بووە، ئەو بواری زیاتری بۆ رەخساوە بۆ ئەوەی بەڵگەکانی خۆی بەو بەڵگە فەرمودەیانە پشتراست بکاتەوە کە لەسەردەمی ئیبن شاهیندا لەبەردەستدا نەبوون. ئەو قسەیەش لەبەشی یەکەمی کتێبی «الاعتبار»دا دەردەکەوێت کە ناوی لێناوە (بەشی سڕینەوە لە سوننەتدا وەک ئەوەی لە تۆماردا هاتوە)، جا لەبەرئەوەی زانستی ناسیخ و مەنسوخ لەو سەردەمەدا زۆر گەشەیکردوە، لەبەرئەوە رێسای تیۆری زۆر دامەزرێنراوە سەبارەت بە وەی کە (فەرمودەکانی پێغەمبەر هەندێکیان ئەوانی تر دەسڕێتەوە)، هەروەک حازمی لەسەر زاری کەسێکەوە کە ناوی ئیبن شەخیرە دەگێڕێتەوە: (پێغەمبەر قسەیەکی دەکرد و پاش ماوەیەک بە قسەیەکی تر دەیسڕییەوە، وەک چۆن قورئان هەندێکی ئەویتر دەسڕێتەوە)، هەروەها لەسەر زاری عەروە کوڕی زوبێرەوە دەگێڕێتەوە کە گوایە پێغەمبەر گوتویەتی (قسەکانم هەندێکیان هەندێکی تریان دەسڕێتەوە)، هەروەها (ابن بلیمانی) لە (ئیبن عومەر)ـەوە ریوایەتێک دەکات هەرچەند حازمی خۆی دەڵێت، ئیبن بلیمانی ریوایەتەکانی (درۆن و فەرمودەی لێوەرناگیرێت) (لا21).

ئێستا با هەندێک لە سڕینەوەکانی حازمی بخەینەروو، با بزانین چۆن میکانیزمەکانی ئەویش لە بری ئەوەی دژ بەرەکانی فەرمودە چارەسەر بکات، یان هیچ نەبێت بیشارێتەوە، کەچی بەپێچەوانەوە تیشکێکی بەهێز دەخاتە سەر دژبەرەکان و ئاشکرایان دەکات،

با هەر لە بەشی پاكژیدا (الطهارة) بمێنینەوە: لە بەشی (نەهیکردن لە رووکردنە قیبلە و سڕینەوەی)، حازمی لەسەر زاری ئەبو ئەیوبەوە دەگێڕێتەوە: (پێغەمبەر فەرمویەتی روومەکەنە قیبلە و پشتی تێمەکەن لە کاتی دانیشتن لە سەرئاو، بەڵکو رووبکەنە ئەملا و لا)، ئینجا دەڵێت (ئەمە فەرمودەیەکی راستە و بوخاری و موسلیم ریوایەتیانکردووە).

ئینجا ریوایەتێکی تر لە (ابو هريره)وە دەگێڕێتەوە (ئەگەر کەسێک لە سەرئاو دانیشت با روونەکاتە قیبلە و پشتیشی تێنەکات)، پاشان دەڵێت ئەوەی ئەم فەرمودەیەی گێراوەتەوە واتە عومەری کوڕی عەبدولوەهاب (خەڵکی بەسرایە، فەرمودەکانی باشن، تەنیا موسلیم فەرمودەی لێوەرگرتوە، وابزانم لە موسلیمدا تەنیا ئەم فەرمودەیەی هەیە) [79]، دوای ئەوە هەندێك فەرمودەی تر دێنێت پێچەوانەی ئەم حەدیسە و دەڵێت ئەمانە فەرمودەی نەهیکردنەکە دەسڕنەوە، لە جابرەوە دەگێڕێتەوە (پێغەمبەر نەهیکردبوو رووبکەینە قیبلە یان پشتی تێبکەین، بەڵام ساڵێک پێش وەفاتی خۆی، بینیم رووی کردبووە قیبلە)، هەروەک لە ئیبن عومەرەوە دەگێڕێتەوە (هەندێک کەس دەڵێن ئەگەر دانیشتیت بۆ خۆبەتاڵکردنەوە، روومەکەرە قیبلە و پشتی تێمەکە روومەکەرە بەیتولمەقدیسیش، بەڵام من رۆژێک پێغەمبەرم بینی لەسەر دوو بەرد دانیشتبوو روویکردبوە بەیتولمەقدیس). حازمی لێرەدا دەڵێت (ئەم فەرمودەیە راستە بوخاری لە «الصحیح»دا گێراوێتیەوە... مالیک و موسلیمیش گێراویانەتەوە). بەڵکو ریوایەتێکی تر لە (خالیدی کوڕی ابو صلت)ـەوە دێنێت وا دەریدەخات کە پێغەمبەر بە مەبەست وایکردوە تاکو ئەوە بسڕێتەوە کە لەبارەیەوە وتوویانە، سەبارەت بە پشتکردن یان رووکردنە قیبلە. خالید دەڵێت (من لای عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بووم لە کاتی خەلافەتیدا، لەو کاتەدا عەراک کوڕی مالیکیش لەوێبوو، عومەر وتی: لە فلانە کاتەوە نە پشتم کردۆتە قیبلە نە رووم تێکردووە لەکاتی دانیشتندا، عەراك وتی: عائیشە بۆی گێرامەوە: کاتێك پێغەمبەر قسەی خەڵکی بیستەوە سەبارەت بەوە، فەرمانی کرد شوێنێکیان بۆ رەخساند و روویکردە قیبلە بۆ تاراتگرتن).

دەبێت بڵێین هەرچەند حازمی ئەوەی پشتراستکردۆتەوە کە فەرمودەی نەهیکردن سڕاوەیە، چونکە سەلمێنراوە کە پێغەمبەر ساڵێک پێش کۆچی دوایی خۆی رووی تێکردوە، لەبەرئەوە دەرگا دەکاتەوە بۆ چارەسەرێکی ناوەندی، کە کۆمەڵێکی تر دەیڵێن (کە گوایە هەموو

فەرمودەکانیان پێکەوە سازاندوە)، (لەبەرئەوە روخسەتی رووکردنە قیبلەیان تەئویلکردوە بەوەی لەناو ماڵدا دەتوانیت رووی تێبکەیت، بەڵام لە پێدەشت و چۆڵەوانیدا نابێت روو یان پشتی تێبکەیت). ئەم سازاندنە لەلایەن (مروان الاصفر)ـەوە کراوە کە دەڵێت ئیبن عومەری بینیوە رووەو قیبلە میزیکردوە، ئەم پێی وتووە: ئایا نەهی نەکراوە لە رووکردنە قیبلە؟ وتی: بەڵێ، بەڵام ئەو نەهیە لە چۆڵەوانیدایە، بەڵام ئەگەر لە نێوان تۆ و قیبلەدا بەربەستێک هەبێت ئەوە ئاساییە). ئینجا ئەو کەسەی چیرۆکەکەی گێراوەتەوە، بۆ پشتراستکردنەوەی فەرمودەکە و کارەکەی ئیبن عومەر دەڵێت: کاتێک ئیبن عومەر روویکردبووە قیبلە حوشترەکەی راگرتبوو کردبوویە بەربەستێك لەنێوان خۆی و قیبلەدا (لا 30- 33) [80].

هەر هاوشێوەی ئەم دژبەرییانە، لەبەشی (دەستدان لە ئەندامی زاوزێ)، کە بینیمان تەحاوی چەند هەوڵیداوە بۆ سازاندنی ئەو فەرمودانە، حازمیش لە ئیبن حەنبەلەوە دەگێڕێتەوە کە لەم سەنەدەوە رایگواستوە، لە (طلق کوڕی عەلی): (ئێمە لەو وەفدە بووین کە هاتین بۆ لای پێغەمبەر لەوێدا لە پێغەمبەریان پرسی سەبارەت بە کەسێک دەستی بەر چووکی دەکەوێت، ئەو وتی: هەر بەشێک نییە لەخۆت؟ هەر لە ئەحمەدەوە (لە پێغەمبەریان پرسی ئەگەر کەسێک دەستی بەر چووکی بکەوێت ئایا دەستنوێژ بگرێتەوە ؟ فەرمووی: نەخێر) (لا 34). بەڵام حازمی بێ دوودڵی ئەم فەرمودانە رەتدەکاتەوە و لە حوکمی سراوە دایان دەنێت، چونکە فەرمودەکەی (بەسرە کچی سەفوان) کە دەڵێت (لە پێغەمبەرم بیستوە دەڵێت «ئەگەر کەسێکتان دەستی دا لە چووکی با دەستنوێژ بشواتەوە») (لا 35). هەرچەند حازمی دەڵێت بوخاری و موسلیم هیچ کام لەو دوو فەرمودەیەیان دەرنەهێناوە، بەڵام ئەو بەپێی رێسای تەرجیح کە دەڵێت فەرمودەی دواتر وەردەگیرێت، لەبەرئەوە فەرمودەکەی بەسرە بەراست دەزانێت، چونکە بەسرە (درەنگ موسوڵمان بووە)، لە کاتێکدا (فەرمودەکەی طلق لە سەرەتای کۆچدا بوو) [81]. نازانین ئەم پەسەندکردنە چەند دروستە، ئەگەر راست بێت طلق (لەو وەفدە بووبێت کە هاتوونەتە لای پێغەمبەر) خۆ وەفدەکان وەک لە کتێبەکانی ژیاننامەدا هاتووە، طلق لەگەڵ وەفدی یەمامەدا هاتووە، لە کاتێکدا وەفدی یەمامە لە ساڵی نۆیەمی کۆچیدا هاتوون بۆ مەدینە. ئیتر چۆن دەبێت فەرمودەکەی (طلق) لە سەرەتای کۆچیدا بووبێت. بەڵام ئەوە دژبەرییە

گەورەکە نییە، بەڵکو حازمی خۆی پێمان دەڵێت کە کۆمەڵێکی زۆر لە گەورە هاوەڵان پشتگیری فەرمودەکەی طلق دەکەن، (واتە دەستنوێژ نەگرتنەوە لە بەرکەوتنی چووک) لە دیارترینیان عەلی و حوزیفە و ئبین مەسعود و عەمار)ن، لە بەرامبەردا فەرمودەکەی بەسرە کە دەڵێت (دەستنوێژگرتنەوە واجیبە) وەک (عومەر کوڕی خەتاب، عەبدوڵلا کوڕی عومەر، ئەبو ئەیوبی ئەنساری، ئەبوهورەیرە، عائیشە)، لەکاتێکدا دوو گەورە ئەسحابی تر لە هەردوو لیستەکەدا ناویان هاتوە ئەوانیش (ئبین عەباس) و (سەعد کوڕی ئەبی وەقاس).

هەمان دژبەری لەنێوان شوێنکەوتوان (التابعین) دروستبووە و باسدەکرێت، لەوانەی فەتوای روخسەتیان داوە، (سعید کوڕی ابراهیم النخعي، ربیعة، سوفیانی سەوری)، ئەوانەش دەستنوێژ گرتنەوەیان واجبکردوە (عەروە، سلیمان بن یسار، عطاء، ابن بن عثمان)، (سعید کوڕی مسیب)یش لە هەردوو لیستەکەدا ناوی هاتووە (لا 34- 35).

ئێستا سەرەرای ئەو هەموو ناکۆکی و دژبەریە دیسان دەبینین (طلق کوڕی عەلی کە ئەو هەموو پەشێویەی ناوەتەوە بەو ریوایەتە دەستنوێژ ناشۆرێتەوە لە دەست بەر چووک کەوتندا، کەچی ریوایەتێکی تر هەر بەناوی ئەوەوە کراوە، دەڵێت (هەر کەسێک دەستیدا لە چووکی، با دەستنوێژ بشواتەوە)، حازمی جەخت لەوەش دەکاتەوە کە هەردوو فەرمودەکە راستن، بەڵام لێرەدا قسەیەکی (طبراني) دێنێتەوە کە دەڵێت لەوە دەچێت (طلق) لە پێشدا ئەو فەرمودەیەی یەکەمی لە پێغەمبەر بیستبێت، ئینجا دوایی فەرمودەکەی تری ببیستبێت و لەگەڵ فەرمودەکەی بەسرەدا بسازێن) (لا38).

کاتێک ئێمە سەرمان سووڕدەمێنێت لەم حاڵە کەچی حازمی پێمان دەڵیت (پێویست بە سەرسوڕمان ناکات، چونکە لێرەدا ئەوەی کە دەیسڕێتەوە خودا خۆیەتی، هەمووی هەر لای خۆیەوە دێت، ئیتر چ رێگرییەک هەیە لێرەدا؟) (لا34).

هەمان سەمای دژبەری لە بەشی (دەستنوێژ گرتنەوە لەوەی ئاگری بەرکەوتبێت) دەبینرێت، لێرەدا حازمی چەند ریوایەتێک دێنێت کە پێغەمبەر فەرمانیکردوە بە دەستنوێژ شۆردنەوە لە هەر شتێک ئاگری بەرکەوتبێت، هەروەها چەند ریوایەتێک دێنێت سەبارەت بەوەی کە پێغەمبەر خواردنی خواردوە کە ئاگری بەرکەتوە و دەستنوێژیشی نەگرتۆتەوە، دیسانەوە حازمی پێمان دەڵێت کۆمەڵێک لە هاوەڵان و شوێنکەوتووان (دەڵێن هەر کاتێک

شتێکت خوارد کە ئاگری بەرکەوتبوو دەستنوێژ بشۆرێتەوە، لەوانە: ئبن عمر، ابوطلحة، انس، ابوموسى، عائیشە، زەید کوڕی سابت، ابوهریرە، عمر کوڕی عبدالعزیز، لحق کوری حەمید، ابوقلابة، حەسەنی بەسری، زوهری)، لەبەرامبەردا ئەوانەی وا نابینن کە دەستنوێژ لە خواردنی ئاگربەرکەوتوو بگیرێتەوە وەک (ئەبوبەکر، عمر، عوسمان، عەلی، ابن مسعود، سەلمانی، مالیک، شافعی، سوفیان، ابوحەنیفە) (لا39- 40). لێرەشدا دیسانەوە حازمی پێمان دەڵێت هیچ سەیر نییە چونکە هەندێک جار شتێک دەبێت دواى ئەوەش شتێکی تر دەبێت) (لا43).

با ئێستا بێینە سەر بابەتی (مەسحی پێیەکان - المسح على الرجلين) تاکو ببینین چۆن میکانیزمی ناسیخ و مەنسوخ لە گەمەکارەوە دەبێتە گەمەپێکراو، حازمی لەسەر زاری ئەوس کوڕی ئەوس دەگێڕێتەوە: (پێغەمبەرم بینی چوە لای زبڵخانەیەکەوە، کە هی خێڵێک بوو لە تائیف، دەستنوێژیگرت و تەنیا دەستی هێنا بەسەر پێیەکانیدا)، دوای ئەوە یەکسەر حەدسێکی تر دێنێت کە یەکەم دەسڕێتەوە: لەسەر زاری (عطاء بن یاسر): (پرسیاری لێکرا ئایا هیچت پێگەیشتوە سەبارەت بەوەی کە پێغەمبەر دەستیهێناوە بەسەر پێیەکانیدا وتی: نەخێر)، بەڵگەشی بۆ ئەوەی کە دووەم فەرمودە یەکەمیان دەسڕێتەوە نەک بەپێچەوانەوە، ئەوەیە کە دەستهێنان بەسەر پێیەکاندا «لە سەرەتای ئیسلامدا بووە وەک ئبن بەشیر دەڵێ». خۆ ئەم فەرمودەیە هیچ گرنگ نەدەبوو ئەگەر دوایی نەبوایەتە هۆی ناکۆکییەکی گەورە لەنێوان شیعە و سوننە لەلایەك و خەواریج و شیعە لە لایەکی ترەوە.

بەڵگەی ئەوەش ئەوەیە کە خەواریج سووربوون لەسەر مەسحکرنی پێیەکان، هەموو ئەو فەرمودانەشیان ڕەتکردۆتەوە کە لە بارەیەوە هاتوون بەبیانووی ئەوەی کە ناکۆکە لەگەڵ قورئان، لای ئەوانیش هەرکاتێک سوننەت ناکۆکی هەبوو لەگەڵ قورئان ئەوە وەرناگیرێت، لەکاتێکدا قورئان بە راشکاوی دەڵێت (وامسحوا برؤسكم وارجلكم الى الكعبين).

فیقهزانەکانی شیعەش سەرەرای قورئان، بیانووی فەرمودەکەی عەلییان هەیە کە دەڵێت (من وامدەزانی کە ژێرپێ پێویستترە بە شۆردن نەک پشتی پێ، تا پێغەمبەرم بینی پشتی پێی مەسح دەکرد).

لەبەرامبەریشدا ئەهلی سوننەت وەک دژایەتیەک سووربوون لەسەر ئەوەی کە قورئان و فەرمودەکان پێکەوە بسازێنن، ئەنەس دەڵێت (قورئان بە مەسح دابەزی، بەڵام سوننەت بە شۆردن رۆیشتوە). هەروەها ئیبن عومەر دەڵێت (جوبرەئیل مەسحی هێنا، بەڵام سوننەتی پێغەمبەر شۆردن بوو)[82](لا50).

حازمی فەرمودەکەی عەلی فەرامۆشدەکات، بەڵام تانە دەدات لە فەرمودەکەی ئەوس، چونکە وەک دەڵێت (اضطراب)ی تێدایە، دوایی دەڵێت (نابێت وەریبگرین ئەگەر بشسەلمێنرێت)، چونکە دەبێت (بە مەنسوخی بزانین وەک هشیم بن بشیر دەڵێت) (لا50).

بەڵام ئەو قسەیەی دراوەتە پاڵ هەشیم کە گوایە (مەسح لە سەرەتای ئیسلامدا بووە)، لەبەردەم شیکاری و لەبەر رۆشنایی راستیە مێژووییەکاندا خۆی ناگرێت، چونکە وەک ئەسفەهانی دەڵێت ئەوس لە سەردەمێکی درەنگدا بە پێغەمبەر گەیشتوە، (ئەو لەگەڵ وەفدی سەقیفدا هاتنە لای پێغەمبەر لە دوادوای ژیانی پێغەمبەردا)[83]. ئاشکرایە وەفدی سەقیف ساڵی نۆیەمی کۆچی هاتنە مەدینە، ئەگەر فەرمودەکەی ئەوس راست بێت چۆن لەسەرەتای ئیسلامدا بووە؟

بەهەرحاڵ، هەر ئەوس خۆی کەسایەتییەکی نارونە، (ابن عبد البر) دەڵێت (لە سەنەدیدا لاوازی هەیە)، نەسائی دەڵێت (لە هاوەڵێتیدا رای جیاواز هەیە)، بوخاری گومانی زیاتری بە دەوردا دروستکردوە، چونکە سێ نازناوی بۆ داناوە: (اوس کوڕی اوس، اوس کوڕی حوزەیفە، اوس کوڕی ابو اوس)[84].

ئێستا پرسیاری گەورە ئەمەیە: ئایا دەکرێت لە رێگەی کەسێکی وا گوماناوییەوە، لاواز لە سەنەدیدا، تانە لێدراو لە هاوەڵێتیدا، گومان لە ناسنامەیدا، دەکرێ ماشێنێکی زەبەلاحی وەک ناسیخ و مەنسوخ کاربکات لە فەرمودەیشدا؟ بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی فەرمودە بەپێی گریمانەی هەڵگەرانەوەی سونیزم کە سەرچاوەی فەرمودە دەکەنە سەرچاوەیەکی خودایی، دەکرێت کەسێکی وەک ئەوس، ببێتە وتەبێژ بەناوی پێغەمبەرەوە؟ بەڵکو بەناوی خودایشەوە؟ جا فەرمودەکە سراوە بێت یان نا؟ ئەوە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت. ئەوانەش کە فەرمودەکەیان لێوە ریوایەتکردووە، هەروەک ئەوانەی ترن کە پێچەوانەی ئەم فەرمودەیەیان ریوایەتکردوە، لە گەمەیەکدا کارەکتەرەکەی هەم گەمەزانە و هەم گەمە

پێکراوە، واتە (میکانیزمی ناسیخ و مەنسوخ)، ئەوانە لەو ریوایەتانەدا نە تەنیا هەڵبەست بوون، بەڵکو لەبەرئەوەی هەڵبەستراوەکانیان دەدایە پاڵ پێغەمبەر و لەوێشەوە داویانەتە پاڵ خودا، بەم شێوەیە دەسەڵاتی شەرع دارشتنیان داوە بە خۆیان، دەسەڵاتێک کە سەرروو هەموو شتێکە و نابێت هیچ شتێکی تر لەو باڵاتر بێت، بەوەی هەرچییەکیان هەڵبەستوە داویانەتە پاڵ پێغەمبەر و لەوییشەوە داویانەتە پاڵ خودا. بەم جۆرە ئەوان خۆیان کردۆتە هاوبەشی پێغەمبەر لە فەرمودە وتندا و لەوێشەوە خۆیان کردۆتە شەریکی خودا. ئەمە لە کاتێکدا گریمانەی ئەوە هەیە کە دەبێت شەریعەت سەرچاوەیەکی خودایی تاکڕەهەندی هەبێت کە خودا بە کەلامی خۆی ئامادەیە تێیدا[85].

**دەرچەی هاوتایی**

ئەگەر راکێشانی میکانیزمی ناسیخ و مەنسوخ لە قورئاننانسیەوە بۆ حەدیسناسی بەهۆی ئەو فراوان بوونەوە بوو بێت کە تۆمارگەی فەرمودە بەخۆوەی بینیوە، ئینجا ئەو فراوانبوونەش سەریکێشاوە بۆ دژبەرییەکی زۆر لە نێوان دەقەکاندا، ئەوە ئەو میکانیزمەی (عەبدولوەهاب شەعرانی) دایڕشتوە، کە خۆی ناویناوە (تەرازوو- المیزان)، ئەویش هەوڵیداوە دژبەری نێوان دەقەکان هەڵبگرێت یان رێککاری و پاکتاویان بکات، بەڵام نەك لەرێگەی پووچکردنەوە و هەڵوەشانەوەی دەق، وەک ئەوەی لە ناسیخ و مەنسوخدا بینیمان، بەڵکو لەرێگەی جۆرێک لە هاوسەنگیەوە لە نێوان دوو دەقی دژبەردا، بەجۆرێک کە هەریەک لەو دوو دەقە لە لایەکی تەرازووەکە جێگەی خۆیبگرێت و دژبەری لەنێوانیاندا ببێتە تەنیا جیاوازییەك لە پلەدا، جا بە کەمکردنی بێت یان زیادکردن، توندکردن بێت یان سووککردن.

بۆ ئەوەی ئەو فاکتەرانەش بزانین کە شەعرانی (898- 973 ک) لێوەی دەرچووە، بۆ ئەوەی پرۆژەی تەرازووکردنەکەی بسەلمێنێت، دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەو لە زەمەنێکی دواتردا سەری هەڵداوە، چونکە لەسەدەی دەیەمی کۆچیدا تۆمارخانەی فەرمودە نەك هەر گەیشتبوە لووتکە لە فراوانبووندا، بەڵکو تەنانەت قوتابخانە فیقهیەکانیش دەرگاکانیان داخستبوو خۆیان مۆمیا کردبوو، چ وەک ئوسوڵ چ وەک

لقەکانی فیقهیش، ئەوان لە بەبەردبوویەکی مەزهەبی بێکەڵک زیاتر نەبوون، کە چیتر هیچ توانایەکیان نەمابوو گەشەکردن و کارلێککردن لەگەڵ کولتووریکی تردا بکەن. جا لەبەرئەوەی مەنتیقی شەعرانی نەك هەر فیقهی بوو، بەڵکو هەروەها شلگیری و لەخۆنزیکیی «لدني»ش بوو، بەو مانایەی کە سۆفیزم ئەم وشەیەیان بەکاردەهێنا، کە لەو پرۆژە گەورەیانەوە سەرچاوەی دەگرت سەبارەت بە کۆکردنەوەی حەقیقەت و شەریعەت، لەبەرئەوە وایدەزانی ئەو دەتوانێت شتێک بکات کە پێشینەکانی نەیانکردوە. واتە بتوانێت ئەو شتانە بسازێنێت کە پێشینەکان نەیانتوانیوە بیکەن و شەریعەتیش بگێڕێتەوە بۆ یەک ریشەیی خۆی و پاکیزەیی سەرەتایی. بەڵام لەبەرئەوەی شەعرانی خۆی وەک «اهل الکشف» سەیردەکرد و زانستی خۆی ناو دەنا (زانستی پیاوانی خودا)، واتە خودا دەرچەیەکی غەیبانی بۆ کردۆتەوە کە بۆ کەسانی ئاسایی ناکرێتەوە، چونکە ئەو سۆفی بوو. هەر بۆیە دەقێکی ئیمام محەمەد بن مالیکی ئەندەلوسی دێنێت (600-672ک)، کە دەڵێت: (ئەگەر زانست بەخششێکی خوداییە و کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی لەخۆنزیکییە «لدني»، لەبەرئەوە سەیر نابێت خودا خۆی هەندێك لەوانەی لە دواییدا دێن حەقیقەتی وایان بۆ کەشفبکات کە بۆ پێشینەکانی کەشف نەکردوە) [86].

هەمیشەش لەم روانگە لەخۆنزیکییەوە، ئەو بەراشکاوی دەڵێت ئەم تەرازووناسییە کە دایڕشتوە بیرۆکەکەی لە ناخیدا «پزیسکەی» داوە «لە سەرەتاوە لە خدری زیندەوە (الخضر) وەریگرتوە» (لا124). بۆیە شانازی بەو دەروشانەوە «تجلي»یە دەکات کە لەناخیدا لێیداوە و پێش ئەو کەسێکی تر شتێکی وای نەبووە (کەسێک ناناسم پێش خۆم شتێکی وایکردبێت... لە پێشەوایانی موسوڵمان) (لا 64- 78).

بە چاوپۆشیکردن لەو خۆنزیکیەی باسیدەکات، کە لەوانەیە هەندێکی بۆ ئەوە بێت ئەو رۆحە فیقهیە ژەنگگرتوە هەڵوەشێنێت، ئەوەی رامانده‌گرێت لێرەدا ئەو قۆرخکردنە «ئەپستمۆلۆژیەیە» کە شەعرانی دەیکاتە خاڵی دەرچوونی خۆی، کە دەڵێت «قسەی شەرعدانەر» لەوە بەرزترە کە دژبەریی تێدا بێت، (لا119). هەروەها (دژبەری لە قسەی شەرعدانەردا نەشیاوە) (لا235)، بەڵکو قسەی پێشەوایانی ئایینیش دەلکێنێت بە قسەی شەرعدانەرەوە کە خودایە، واتە نابێت قسەی ئیمامەکانی ئایینیش دژبەریی تێدا بێت:

(قسەی خودا و پێغەمبەر لە دژبەری پیرۆزترن، هەروەها قسەی پێشەوایانی ئایینیش وایە لای ئەو کەسانەی رێزیان دەزانێت و لە قسەکانیان شارەزایە و دەزانێت لە کوێوە قسە هەڵدەهێنجن) (لا69).

ئایا ئەوە مانای وایە کە شەعرانی نازانێت فەرموودە هەن کە زۆر دژ بەیەکن، و هەندێکیان پاڵ بەوانیتریانەوە دەنێن، ئیجتهادەکانیش بەهەمان شێوە؟ بێگومان نەخێر، دەنا کتێبەکەی ناو نەدەنا «تەرازووی بەنرخ- الميزان النفيسة» (لا64)، کە خۆی وادەزانێت نووسینەکانی کاریگەرییەکی سیحرئامێزیان هەیە و هەرچی لێکجیاکانە ئاشتیان دەکاتەوە، بەوەی کە بتوانێت رواڵەتی دژبەرییان وەربگێڕێت بۆ ناوەرۆکی پێکەوە گونجاو، هەروەها گواستنەوە لە لۆژیکی (جیاوازی نێوان گرووپەکان)ـەوە بۆ (کۆکردنەوەی گرووپەکان)، ئەوەش لەو روانگەیەوە کە (هەموو مەزهەبەکان گرێدراون بە دەریای شەریعەتەوە وەک چۆن پەنجەکان گرێدراون بە بەری دەستەوە و سێبەر گرێدراوە بە کەسەوە) (لا126).

لەم بارەوە شەعرانی سەدان فەرموودە دێنێتەوە کە لە رواڵەتدا لێکجیان و کەس لاریی لە جیاوازییان نییە، ئەگەر وەک رووکەش سەیر بکرێت، بەڵکو هەندێکیان ئەوانی تریان زۆر بەتوندی رەتدەکەنەوە، بەڵام ئەو لەبری ئەوەی دان بەو دژبەریانەدا بنێت و هەوڵ بدات ماشێنی ناسیخ و مەنسوخ بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی لە تەنگەبەری دژبەری دەربچێت، کەچی دەبینین بێ دوودڵی (هەر کەسێك بڵێت فەرموودە و تەنانەت قسەی زانایانیش دژی یەکن و ناکرێت بسازێنرێن پێکەوە) ئەو کەسە (کورتبینە) (لا 69)، ئەو کورتبینیەش چارەسەری تەنیا ئەوەیە کە پەنابەرێتە بەر ماشێنی تەرازووکاریی سیحرییانە، کە ئەگەر بزانێت چۆن کاری پێدەکات ئەوە (دژبەریەکانی هەڵدەگیرێن و ناکۆکی لەنێوانیاندا نامێنێت) (لا69).

هەر لەم روانگەی (تەرازووەوە) شەعرانی ئەوە رەتدەکاتەوە کە دەبێت یەک لەو دوو فەرموودەیە رەتبکرێنەوە کە دژی یەکن، وەک ئەوانیتر وادەڵێن کە باوەڕیان بە ناسیخ و مەنسوخە، بەڵکو دەڵێت (کارکردن بە هەردوو فەرموودەکە باشترە لە رەتکردنەوەی یەکێکیان) (لا63)، چونکە ئەگەر هەردووکیان پێکەوە لەسەر هەردووتای تەرازووەکە

دابنرێن دەتوانین ئەو رووخساری دژ بەیەکییەشیان هەڵبگرین و هەردوو گوتراوە پێچەوانەکەیان بگێڕینەوە بۆ یەك حوکم، کە تەنیا لە پابەندیدا جیاوازن لەرووی (ئاسانکاری یان توندگرتن) بەگوێرەی جێکەوتی ئەو حوکمە لە تەرازووەکەدا.

داهێنەری ماشێنی تەرازووگەرایی لە دەقێکی درێژدا کە وەک بڕبڕەی پشتی کتێبەکەیەتی دەڵێت:

(ئەو ناکۆکییەی لە نێوان وتەکانی پێشەوایانی شەریعەتدا بەدیدەکرێت و وادەزانن چارەسەر ناکرێت، لای خاوەنی ئەم تەرازووە ئاسانە، جا تۆ ئەم قسەیەی من تاقیبکەرەوە لە هەموو فەرمودە و قسەیەکدا، دەبینیت هەموو دژەکان یان ئاسانکراون یان توند گیراون، ئەستەمیشە بۆ هەر شتێک دوو قسەی جیاواز نەبێت، جا یان ئاسانکارین یان توندگیرین).

(ئەمە تەرازوویەکی بەهادار و بەنرخە، هەوڵمداوە شتێک بێنمە کایە کە بەهۆیەوە هەموو بەڵگە جیاوازەکان پێکەوە دەسازێنرێن، لەگەڵ قسەی موجتەهیدان و شوێنکەوتوانیشیان هەر سازگار دەبن تا رۆژی قیامەت، جا ئەگەر ویستت بزانیت ئێمە مەبەستمان چیە، کە دەڵێین هەموو قسەی زانایانیش تا رۆژی قیامەت دەچنە ناو تیشکی نووری شەریعەتەوە، بەجۆرێك کە یەک قسە نابینیت لەدەرەوی شەریعەت بێت، ئەوا لەو قسانە وردبەرەوە کە من رێگەم بۆ کردوویتەوە، ئەوەش بەوەی بزانیت کە شەریعەت لە مەسەلەی فەرمانکردن و نەهیکردندا بە دوو شێوە هاتووە: ئاسانگرتن و توندگرتن، نەك لەسەر یەک ئاست هاتبێتن وەک هەندێک لە شوێنکەوتوان تێیگەیشتوون، هەر لەبەرئەوەشە ناکۆکی کەوتۆتە نێوانیانەوەم چونکە لە رواڵەتدا دژبەیەکی دەبینن، بەڵام هیچ دژبەیەک و لێک دوورکەوتنەوەیەك نیە).

(ئینجا ئەم تەرازووە لە هەموو ئەمر و نەهییەکانی قورئان و سوننەتدا تاقیبکەرەوە، هەروەها هەموو وتەکانی پێشەوایانی ئایین کە لەسەر بنەمای ئەو دوو سەرچاوەیە دامەزراون تا رۆژی قیامەت، دەبینیت هیچیان لە ئاستەکانی ئاسانکاری و توندگرتن دەرناچن. جا هەر کەسێک لەرێگەی کەشف و زەوقەوە ئەو ئەزموونە بکات کە ئێمە کردوومانە. ئەوە ئیتر دژبەیەکی ناکۆکی لە قورئان و سوننەت و وتەی زانایاندا لای

هەڵدەگیرێت، چونکە گوتەی خودا و پێغەمبەرەکەی لە دژبەیەکی بەرزترن، هەروەها گوتەی پێشەوایانی ئایینیش) (لا63- 69).

لە روانگەی ئەم پێشەکییە تیۆرییەوە، دەستدەکات بە پراکتیزەکردنی ئەو تێزە و تەئکید لەوە دەکاتەوە کە (گوتەکانی شەریعەت کە گومانی دژبەرییان لێ دەکرێت لەسەر دوو ئاستی شەریعەت لە ئاسانکاری و توندکاری... ئیتر لە شەریعەتدا ناکۆکی نامێنێت) (لا78).

ئێستا با دەستبکەین بە خستنەرووی ئەو نموونانەی کە شەعرانی تەرازووە زێڕینەکەی خۆی لەسەر تاقیدەکاتەوە، کە ئەویش هەر وەک ئەوانیتر لە بەشی پاکژییەوە (طهارة) دەست پێدەکات، بە تایبەتی لە مەسەلەی دەستدان لە ئەندامی زاوزێوە کە بینیمان ئەوانەی ناسیخ و مەنسوخیان بەکارهێنا چۆن فەرمودەیەکیان کردە مەنسوخ و ئەوی تریان کردە ناسخ.

شەعرانی دەڵێت (پێغەمبەر دەفەرموێت «هەر کەسێکتان دەستیدا لە چووکییەوە با دەستنوێژ بشواتەوە»، لەگەڵ ئەو فەرمودەیەی تر کە (طلق) ریوایەتی کردوە کاتێک لێی پرسیوە سەبارەت بە دەستدان لە چووک، پێغەمبەر پێی وتوە: ئەی هەر پارچەیەك نییە لە خۆت»؟ ئەو بێ دوودڵی هەردوو فەرمودەکە کارپێدەکات، هەرچەندە هەردووکیان لە رووکەشدا ناکۆکن، ئەو دەڵێت: فەرمودەی یەکەمیان توندە و بۆ کەسانی گەورە و تایبەتە، بەڵام فەرمودەکەی (طلق) ئاسانکارییە بۆ غەیری ئەوانەی یەکەمە، بە بەڵگەی ئەوەی کە (طلق) خۆی حوشترەوانی خێڵەکەی بووە، عەلی کوڕی ئەبو تالیبیش دەڵێت: گوێ نادەم دەست بدەم لە گوێم یان لە چووکم وەک یەک وایە بە لامەوە، بەم شێوەیە دەبینین عەلی تای تەرازوەکە رێکدەکاتەوە)[87](لا 268).

هەر لەم رووەوە دیسان مەسەلەی میز بە پێوەکردن دێنێتەوە، ئەو لە فەرمودەکەی بوخاریدا رادەوستێت کە دەڵێت (پێغەمبەر بە پێوە میزی کردوە) پاشان فەرمودەکەی بەیهەقی دێنێتەوە (پێغەمبەر بە دانیشتنەوە میزی کردوە)، ئینجا دەڵێت: یەکەمیان ئاسانکاریە پێغەمبەر کردویرتی تاکو بڵێت جائیزە بەپێوە میز بکەیت، دوەمیشیان توندکردنە بۆ حاڵی ئەهلی شەرم و شکۆ، دیسان دەبینین مەسەلەکە دەگەڕێتەوە بۆ شایەنی تەرازووەکە)[88](لا 266).

هەر لەو بارەوە خۆشۆردنی ژن و پیاو لە یەک تەشتدا لەکاتی لەشگرانیدا «جنابة»، شەعرانی لە سەرەتادا فەرمودەکەی بوخاری و موسلیم دێنێت کە (پێغەمبەر لەگەڵ عائیشەدا لە یەک تەشتدا خۆیان دەشۆرد لە کاتی لەشگرانیدا، عائیشە دەڵێت لەکاتی خۆشۆردندا دەستمان بەردەستی یەکتر دەکەوت)، دوای ئەوە دوو فەرمودە دێنێت کە بەیهەقی ریوایەتیکردوە و جەختیش لەوە دەکاتەوە کە سەنەدەکانیان راستە. لەوێدا دەڵێت (پێغەمبەر نەهی کردوە کە ژن بە بەرماوەی ئاوی پیاو خۆی بشوات، یان پیاو بە بەرماوەی ئاوی ژن خۆی بشوات). لێرەدا چۆن خۆی دەرباز دەکات؟ دەڵێت: (فەرمودەی یەکەم ئاسانکاریە، بەڵام فەرمودەی دوەم توندگیریە، کەواتە مەسەلەکە گەرایەوە بۆ دوو ئاستی تەرازووەکە) (لا269).

لەسەر هەمان رەوت حەدیسێکی تری موسلیم دێنێت دەڵێت (پێغەمبەر پێش ئەوەی بخەوێت لەشگرانی خۆی دەردەکرد)، دوای ئەوە فەرمودەی بەیهەقی دێنێت (پێغەمبەر لەشی گران دەبوو، بەڵام بێئەوەی دەست لە ئاو بدات دەخەوت)، لێرەشدا دیسان دەڵێتەوە (فەرمودەی یەکەم توندگیریە، فەرمودەی دوەم شلگیریە)[89](لا 269).

ئینجا فەرمودەیەکی تر دێنێت کە موسلیم بەرزیکردۆتەوە (ئەگەر سەگ دەمی خستە دەفرێکەوە، بیرێژە و ئینجا حەوت جار بیشۆ)، دەڵێت (عائیشە و ئیبن عەباس و ئەبوهورەیرە بەم فەرمودەیە فەتوایان بۆ خەڵك دەدا، دوایی فەرمودەیەکی تر دێنێت دەڵێت (سێ جار یان پێنج جار دەفرەکە بشۆن)، دیسان هۆکاری ئەم جیاوازیە لە ژمارەدا دەگێڕێتەوە بۆ ئاسانکردن و توندکردن. لە یەکەمیان دەڵێت ئەوەی توانای هەبوو با حەوت جار بیشواتەوە، دوەمیان دەڵێت ئەوەی نەیتوانی با سێ جار بیشواتەوە) (لا271).

ئینجا فەرمودەی پشیلە دێنێت (مالیک و هەندێکی تر دەڵێن پشیلە پیس نیە) عائیشەش دەڵێت (پێغەمبەرم بینیوە بە بەرماوەی پشیلە دەستنوێژی گرتوە)، دوای ئەوە بە فەرمودەیەکی ئەبوهورەیرە بەرپەرچی ئەمانە هەمووی دەداتەوە (چۆن دەفر دەشۆرێتەوە لە دەم تێوەردانی سەگ، بەهەمان شێوە لە دەم تێوەردانی پشیلەش دەشۆرێتەوە)، ئەو دەربازبوونەی لێرە دەیکات بەم شێوەیەیە: (فەرمودەی یەکەم ئاسانکاریە، بەڵام فەرمودەی دوەم توندگیریە، کەواتە گەراینەوە بۆ دوو تای تەرازووەکە) (لا271).

لە بارەی دەستنوێژی بانگبێژەوە شەعرانی گوتەیەکی دانراو لەسەر زاری پێغەمبەر دێنێت (بێجگە خاوەن دەستنوێژ کەسی تر بانگ نادات)، کەچی دوایی گوتەیەکی نەخعی دێنێت (ئەسحابە بە لایانەوە ئاسایی بوو کە بێ دەستنوێژ بانگ بدرێت)، لێرەشدا هەمان هۆکار دێنێتەوە (یەکەمیان توندگرتنە دوەمیان سووکگرتنە کەواتە گەراینەوە بۆ دوو تای تەرازووەکە).

هەر لەم سیاقەدا فەرمودەیەکی بەیهەقی دێنێت (هەرکەسێک هاتە مزگەوتەوە با سەیری ژێر نەعلەکانی بکات ئەگەر پیسیی پێوەبینی با پاکی بکاتەوە ئینجا نوێژی پێوە بکات)، ئینجا فەرمودەیەک لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕێتەوە، کە بە پێغەمبەر دەڵێن (کاتێک دێین بۆ مزگەت پێ دەنێین بە شوێنی پیسدا؟ پێغەمبەر فەرمووی: ڕێگەکان هەندێکیان، هەندێکی تریان پاک دەکەنەوە) ئەم فەرمودەیە ئەبوهورەیرە بە فەرمودەیەکی تر پشتراستی دەکاتەوە (ئەگەر پێتان نا بە پیسیدا ئەوە خۆڵەکە دەبێتە پاککەرەوەی)، بەم شێوەیە دەبینین نەعل بە پیسایی پیسیش دەبێت و پاکیش دەبێتەوە، کەواتە شۆردن و نەشۆردنی وەک یەکە. دیسان لێرەدا لەم دژە زەقانەدا شەعرانی هەمان قسە دەکاتەوە (مەسەلەکە دەگەڕێتەوە بۆ دوو تای تەرازووەکە لایەکیان توندگرتنە و ئەویتریان شلگرتنە). (لا287).

ئینجا سەبارەت بە ئاژەڵی مردارەوە بوو، لێرەدا شەعرانی دەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی چینایەتی خەڵک، تاکو بتوانێت چارەسەری ئەو هەموو دژبەریە بکات لەنێوان فەرمودەکاندا، لەنێوان فەرمانکردن بە شتێک و لەهەمان کاتدا نەهیکردن لە هەمان شت. فەرمودەکەی موسلیم دێنێت سەبارەت بە رەشە وڵاخی مردارەوەبوو: (ئەی نەدەبوو پێستەکەی بگروون و خۆشەی بکەن و سوودی لێببینن)، کەچی بە فەرمودەیەکی تر رەتیدەکاتەوە (لە فەرمودەی بەیهەقیدا، کە عەبدوڵڵا کوڕی حەکەم ریوایەتی دەکات[90] دەڵێت: پێغەمبەر پێش مردنی بە مانگێك یان چل شەو نامەیەکی بۆ نووسین: گیانداری مردوو نابێت سوود لە پێستە و دەمارەکانیشی وەربگرن)، پاشان دەربازبونێکی چینایەتی دەدۆزێتەوە بۆ ئەم حاڵەتە (فەرمودەی یەکەم ئاسانکاری

تێدایە بۆ ئەو کەسانەی پێویستیان بەو پێستەیە دەبێت، بەو بەڵگەیەی کە مانگاکە ماڵی مەیموونە بووە، ئەویش ژنێکی هەژاربووە، وەک هەندێک ریوایەت دەڵێن. فەرمودەی دووەم بۆ ئەو کەسانەیە کە پێویستیان پێی نییە وەک دەوڵەمەندەکان، کەواتە هەردوو فەرمودەکە دەگەڕێنەوە بۆ دوو تای تەرازووەکە لە ئاسانکاری و توندگیری) [91] (لا263).

پێویست ناکات لەوە زیاتر نموونە بێنینەوە لە نموونەکانی شەعرانی کە دەیەوێت بیسەلمێنێت هەر کاتێك فەرمودەکان کە لە رواڵەتدا دژ بەیەکن، ئەگەر لە شوێنی خۆیاندا دابنرێن ئەوە هەرگیز دژی یەک نابن، بەڵکو مەسەلەکە هەمووی لە ئاسانکاری و توندگیریدایە، لەو روانگەیەوە کە شەرعدانەر کاتێک دوو حوکمی دەرکردوە بۆ یەك شت تەنیا بۆ ئەوە بوە کە کەسی وەرگر و راسپێردراو بەپێی توانای خۆی فەرمانەکە جێبەجێ بکات، بەو شێوەیە (کەسی بەهێز بە توندی گوتاری بۆ کراوە، کەسی لاوازیش بە هێواشی)(لا63)، چونکە گوتاری کەسی خواپێداو ناکرێت هەمان گوتاری کەسێکی هەژار و نەدار بێت (لا323)، چونکە هەر شوێنە و قسەی خۆی هەیە.

بەڵام ئایا ئەو تەرازوەی شەعرانی دایهێناوە تەرازوویەک نییە کە بە شێوەیەکی دوفاقەیی شت دەکێشێت؟ دەبینین شەعرانی لەکاتێکدا هەوڵ دەدات دژبەری لەنێوان فەرمودەدا هەڵبگرێت بەڵام بە لایەکی تردا دژبەرییەکی تر، پارادۆکسێکی تر بنیاتدەنێت، یەکەمیان لەسەر ئاستی گوتار، دووەمیان لەسەر ئاستی وەرگری گوتار. سەرەرای ئەوەی بەم شێوەیە کەرتکردنێکی ستوونی لە شەریعەتدا دەکات، کە زیاتر سروشتی چینایەتی پێوە دیارە، بەوەی کە شەریعەتی (خەڵکانی خاوەن پیاوەتی) یان ئەو شەرعەی کە تایبەتە بە (تاکە تایبەتەکانی ئوممەتەوە) (لا282). یاخود شەریعەتی (پیاوانی گەورە و پادشایان و میرەکان) لەگەڵ شەریعەتی (کەسانی بچوك و لاواز هەژار) (لا283)، ئەو بەمە دەرگای بیانوەکانی خستە سەرپشت (فتح الذرائع)، کە فیقهزانەکانی پێش خۆی هەوڵێکی زۆریان دەدا بۆ داخستنی (سد الذرائع). کەواتە مادەم شەریعەت لەسەر دوو ئاستە نەك ئاستێک، مادام هەر ئاستێک پەیوەستە بە پیاوانی خۆیەوە (هەر کامێکیان

بەهێزبێت داوای لێدەکرێت توندەکە وەربگرێت، هەرکامێکیش لاوازبێت ئاسانکاری لەگەڵ دەکرێت) (لا327)، ئیدی زۆر ئاسانە کە خەڵک بە بیانووی لاوازییەوە هەمیشە شتە لاوازەکان و روخسەتەکان وەربگرن و خۆیان دەربازبکەن لە توندەکان. مادەم شەریعەت هەژارەکانی جیاکردۆتەوە لە دەوڵەمەند و خواپێداوەکان (لا263)، کەواتە هەموو کاتێك خاوەن پێداویستی دەتوانێت بەبیانووی پێویستی و نەداری خۆی بدزێتەوە لە ئەحکامی شەریعەت.

بالێرەدا نموونەیەک بێنینەوە، کە شەعرانی دەیەوێت خۆی دەربازبکات لێی. بەیهەقی لەبارەی ژن لە سووڕی مانگانەدا دەڵێت (پیاو دەتوانێت هەموو شتێکی لەگەڵ بکات تەنیا جووتبوونی تەواو نەبێت)، دوای ئەوە فەرمودەیەکی عائیشە دێنێت پێچەوانەی ئەم (پێغەمبەر بە جلەوە نەبێت نزیکی خێزانەکانی نەدەکەوتەوە لە سووڕی مانگانەیدا)، لێرە دەگاتە دەرەنجامێك (یەکەمیان ئاسانکاریە و دوەمیان توندگیرییە، هەندێک زانا دەڵێن یەکەمیان بۆ کەسێکە بتوانێت خۆی بگرێت، دوەمیان بۆ کەسێکە خۆی پێنەگیرێت، کەواتە گەراینەوە بۆ دوو تای تەرازووەکە) (لا273). بەم شێوە دەبینی ژیانی سێکسییش سەرەرای گرنگی و هەستیاری پرسی سێکس لە هەموو ئایینەکاندا ئەویش دەکەوێتە ژێر باری ئاسانی و توندیەوە بەگوێرەی بەهێزی و لاوازی ئارەزووی سێکسی لای پیاوان: بەم پێیە ئەو پیاوەی بەهێزە و خۆی ناگرێت هەندێک شتی بۆ حەڵاڵ دەکرێت کە بۆ غەیری ئەو حەڵاڵ نییە.

بەهەرحاڵ ناتوانین گەشتەکەمان لەگەڵ شەعرانی و تەرازووەکەیدا تەواوبکەین، ئەگەر لەگەڵ دوا بەڵگەیدا رانەوەستین، کاتێك دەیەوێت پاکانە بکات بۆ ئەو دژبەرییانەی شەریعەتزانەکان تێیکەوتوون لە حوکمەکانیاندا، هەرچەندە هەموویان (بەدەوری خولگەی شەریعەتدا دەسوورێنەوە) (لا229)، دەڵێت:

(شەرعزان بۆی هەیە شتێک بۆ کۆمەڵێک حەلاڵ بکات و لە کۆمەڵێکی تر حەرامی بکات، بەهەمان شێوە زاناکانیش بۆیان هەیە شتی وا بکەن، ئەگەر کەسێکیش نارەزایی

بەرامبەریان دەربڕی پێی دەڵێین: زانایان لەم کارەدا شوێنکەوتەی شەرعدانەرن، بەبەڵگەی ئەوەی بۆمان گوازراوەتەوە سەبارەت بە تایبەتمەندێتییەکانی پێغەمبەرایەتی، وەک ئەوەی هەندێک شتی لەسەر خۆی فەرزکردوە کە لەسەر ئوممەتەکەی فەرز نەبووە، هەندێك شتیشی لەسەر حەرامکردوون کە بۆ خۆی حەڵاڵ بووە، ئەوەش هەمووی بە فەرمانی خودا بوە، چونکە زانایان ئەمینداری شەریعەتن دوای پێغەمبەر، لەبەرئەوە کەس بۆی نییە ناڕەزایی دەرببڕێت بەرامبەریان ئەگەر هاتوو ئەوان رایان جیاوازبوو لە ناو یەکدا و لەسەر مەسەلەیەکی فیقهی) (لا250).

بەم شێوەیە دەبینین شەعرانی کە پرەنسیپی تەرازووی داهێنا، تاکو دژبەری لە شەریعەتدا هەڵبگرێت، کەچی دواجار نەك ئەو دژبەریەی سەلماند، بەڵکو پاکانەشی بۆ دەکات. مادەم شەرعدانەر بۆی هەیە خۆی دژی خۆی بێتەوە، و شتێک بۆ کەسانێک حەڵاڵ بکات و لەسەر کەسانێکی تر حەرامی بکات، بەهەمان شێوە مافی زانایانیشە (کە ئەوان ئەمینداری شەریعەتی خودان) لەگەڵ خۆیاندا دژبەری بکەن، سەردەمێک شتێک حەڵاڵ بکەن دوایی حەرامی بکەن یان بەپێچەوانەوە، یاخود بۆ هەندێک روخسەتێک بدەن لەگەڵ هەندێکی تر توندی بکەن.

بەڵام ئەم سەلماندنی دژبەرییە لە ناو شەریعەتدا پاش ئەو هەموو بێنە و بەرە و نکۆڵیکردنە و بەکارهێنانی ماشێنی تەرازووکاری وەک رۆڵەیەك بۆ تەختکردنی ناڕێکییەکانی شەریعەت، ئەوەیە کە لەبەردەم ئەم دەقەی شەعرانیدا راماندەگرێت (هەندێک شتی لەسەر خۆی فەرزکردوە کە بۆ ئومەتەکەی حەڵاڵ کردوە، هەندێکیشی بۆ خۆی حەڵاڵکردوە کە لەسەر خەڵک حەرامیکردوە)، ئیتر چ مانایەک بۆ سوننەتی پێغەمبەر دەمێنێتەوە؟ چۆن دەکرێت شوێنکەوتنی ژیانی ئەو زاتە واجب بێت بۆ شوێنکەوتوانی ئەگەر حەلاڵی ئەو، حەرامی خەڵك بێت و بەپێچەوانەشەوە؟ ئایا شەرعدانەرێک خۆی پابەند دەبێت بە شەرعێکەوە و شوینکەوتوانێک کە شەرعبۆدانراون پابەندنابن بەو شەریعەتەوە کە شەرعدانەرەکەیان بۆی داناون؟ جا حاڵەکە لەگەڵ زانایانیش وابێت، کە ئەمینداری شەرعن دوای پێغەمبەر،

ئایا ناکرێت دەستەواژەکەی شەعرانی بە شێوەیەکی تر دابڕێژینەوە (هەموو لە گەردوونی شەرعدا مەلە دەکەن، تەنانەت ئەگەر لە دەرەوەشی مەلە بکەن)؟ [92].

کۆلکەی هاوبەشی نێوان تەحاوی ئیبن قوتەیبە و ئیبن شاهین و شەعرانی چیە؟ سەرەرای جیاوازی زەمەنی لەنێوانیاندا؟ کە لە سەدەی سێیەمی کۆچیەوە درێژ دەبێتەوە بۆ دەیەمی کۆچی؟

کۆلکەی هاوبەش بریتیە لە نکۆڵیکردن لە دژبەری لەنێوان دەقەکاندا، هەموویان بە هەموو هێز و توانای عەقڵییانەوە دەیانەوێت رووکەشی دژبەرایەتی بگێڕنەوە بۆ ناوەڕۆکێکی پڕ لە سازگاری پێکەوە گونجاو، جا یان بە میکانیزمی عەقڵی وەک تەئویل و گونجاندن، یان بە ئامرازی میکانیکی وەک ناسیخ و مەنسوخ، یان ئامرازی تەرازووکاری وەک شەعرانی. ئەو نکۆڵیکردنە لە دژبەری کە وەک نەخۆشی دەماری (عصابي) دەردەکەوێت. بەگوێرەی شیکاری دەروونی، بەهۆی پێداویستییەکی ناجۆرییەوە بووە کە دیواربەندیی دۆگمایی بە دەوری تۆمارخانەی فەرمودەدا فەرزیکردووە، تاکو بتوانێت یەکگرتوویی ئایدیۆلۆژیی خۆی بپارێزیت، بەڵکو بەڵگەیەکی ترە بۆ ئەوەی کە هەوڵیانداوە گریمانەی مرۆییبوونی فەرمودە دووربخەنەوە و بڵێن سەرچاوەی فەرمودە هەر خودایە و کاری خوداش دژبەیەکبوونی تیدا نابێت، چونکە دژبەیەك بوون نیشانەیەکە بۆ کورتهێنانی عەقڵی مرۆڤ، لەکاتێکدا عەقڵی خودایی وا گریمانە دەکرێت کە دەبێت دووربێت لەو دژبەرییانە، بەپێی پڕەنسیپی قورئان خۆی (ولو كان من عند غير الله لوجدوا فيه اختلافا كثيرا) (النساء: 82). هیچ شتێکیش بەرهەمەکانی عەقڵی مرۆڤ کەشف ناکات وەك دژبەری! بەتایبەتی کاتێک بێژەری ئەو گوتانە کۆمەڵانێک بن نەك تاکێک بێت، وەک ئەوەی لە تۆمارگەی فەرمودەدا دەیبینین، کە بەدرێژایی شوێن و زەمان بەرهەمهاتوە و کەڵەکە بووە.

قورسیش نییە بزانین ئەو هەموو ئامرازە بەکارهاتوە بۆ تەختکردنی ناڕێکیەکانی تۆمارخانەی فەرمودە بێسود بووە و ناڕێکیەکان هەر ماون. ناڕێکی لە تاکەکانی فەرمودە و هەندێک جاریش لە بنەماکانیشیدا، هەرشتێکی حەتمی بوو، بەهۆی ئەوەی

فەرمودە بەشێوەی کۆمەڵ بەرهەمهاتووە و بەدرێژایی زەمەن کەڵەکە بووە بەسەر یەکتردا، لەگەڵ زیاتربوونی دیاردەی درۆکردنیش بەدەم پێغەمبەرەوە تۆمارخانەی فەرمودە قەبەتر بووە، کەچی لە جیاتی ئەوەی عەقڵی رەخنەگر دەروازەیەك بێت بۆ دەرخستن و فەزحکردنی ئەو درۆیانە -مەبەستمان لە عەقڵی رەخنەگر ئەو عەقڵەیە کە لەگەڵ شکستی موعتەزیلەدا ئەویش دوا هەناسەی دا- ئیدی عەقڵی دەقگەرا کە لە سایەی کولتووری لاهوتیدا بەرهەم دێت و هەر لەوێدا دەتوانێت زاڵ بێت بەسەر هەموو عەقڵەکانی تردا- دەبوو هەر هەوڵ بدات ئەو پارادۆکسە چارەسەربکات بەهەر نرخێک بووە، ئەگەر بە تۆپزی تەئویلکاری و پینەکردنی میکانیکیش بێت[93]. دەبوو ئەو عەقڵە ئەو گرەوە هەر بباتەوە، چونکە هەڵگەرانەوەی کولتووری سوننی بەند بوو بە سەرکەوتن لەو جەنگەدا، ئەو کولتوورەی کە بەهۆیەوە ئیسلام لە ئیسلامی قورئانەوە وەرچەرخا بۆ ئیسلامی فەرمودە یا بۆ ئیسلامێکی تازە، بەڵام دەبێت ئاگادار بین لە دەرکردنی حوکمێکی وا گشتگیردا، ئەم کودەتایەش ئەنجامی مەترسیداری لێکەوتەوە، کە دەبێت ئاماژەی پێبکەین ئەگەر چەند بارەش بێت:

بەهۆی ئەم کودەتایەوە وەرچەرخانێکی گەورە روویدا کە ئەویش هێندەی هاوکێشەی یاسادانانەکە مەترسیدارە، وەک لە بەشی یەکەمدا باسمانکرد، لەژێر ناونیشانی (خودا و پێغەمبەر شەرعدانەر و شەرع بۆدانراو)، پێغەمبەر لە شەرع بۆدانراوەوە بوو بە شەرعدانەر، بەڵکو لەوەش زیاتر: بەهۆی کودەتای سوننیەوە و بەهۆی هەڵبەستنی فەرمودەی بەکۆمەڵ، پێغەمبەر هەر بە رووکەش بوو بە شەرعدانەر، بەڵام لە راستیدا ئەویش بوو بە شەرع بۆدانراو، ئەمجارەیان لەلایەن مرۆڤەوە نەك لەلایەن خوداوە، چونکە ئەوەی روویدا لە ئیسلامی مێژوودا بەپێچەوانەی ئیسلامی پەیامەوە، ئەوەبوو کە ئەوانەی رێگەیان بەخۆیاندا کە درۆ بە دەم پێغەمبەرەوە بکەن و زیاڕۆیی تێدابکەن، ئەوانە بوونە شەرعدانەر، بەڵام شەرعەکەی خۆیان دایە پاڵ خودا، بە هێندەی ئەوەی خۆیان داوەتە پاڵ پێغەمبەر، چونکە گوتەکانی پێغەمبەریش هەر سەرچاوەکەی لە خوداوەیە، بەگوێرەی تەئویلەکانی شافیعی.

## پەراوێزەکانی بەشی حەوتەم

1- ابن قتيبة، تأويل مختلف الحديث، دار الجيل، بيروت1973، ص1- 12.

2- ئەوانیش ئەمانەنە:

- ابو هذيل العلاف، سەرۆکی موعتەزیلە، ت227ک.

- ابراهيم النظام، دوەم سەرۆکی موعتەزیلە، 231ک.

- هشام بن الحكم، 199ک.

- ثمامة بن الاشرس، 213ک، مويس بن عمران،

- هاشم الاوقص.

- عبيدالله بن الحسن.

عفص الورد. صالح قبة.

3- بێگومان مەبەست لەوە نییە کە عەقڵ پێکەوە گونجانی ناوێت، وەک ئایین، بەڵام پێکەوە گونجانی خوازراو لەم حاڵەتەدا تەنیا لەسەر ئاستی عەقڵی ئایدیۆلژی دەبێت کە لەم سەردەمەدا جێگەی ئایینی گرتۆتەوە، چونکە عەقڵێک کە بۆخۆ پێکەوە گونجاوە ودەمارگیریەکی تاقمگەرا بەرهەم دێنێت کە دژایەتی هەیە لەگەڵ گەردوونی بوونی عەقڵی پێکهێنەرەوە، کە هەر ئەوەش یەکەم گەرەنتیە بۆ یەکیتی ئەو کۆمڵەی ئینتمایان هەیە بۆی.

4- ئەوەی بۆ فەرمودە راستە لێرەدا بۆ قورئانیش راستە، بۆیە ئیبن قوتەیبە کتێبێکیتری پێش ئەمە نووسیەوە بەناوی تأويل مشكل القرآن.

5- لێرەدا دەبینین «تورية» لای ئیبن قوتەیبەی سوننی وەک «تقية» وایە لای شیعە.

6- ابن قتيبة، غريب الحديث، دار الكتب العلمية، بيروت، 1988، ج2، ص370.

7- ئەم بەرگرکردنەی ئیبن قوتەیبە لەکاتێکدایە دەیەوێت وەڵامی نظام المعتزلي بداتەوە کە زۆر فەرمودەی رەتکردۆتەوەو حەدیسگێرەوەکانی بەدرۆ خستۆتەوە.

8- تا ئەو قسەیە تەواو تێبگەین کە دەڵێت » مردویەکی بەشاهید گرتوە» دەبێت ئەوە لەبەر چاو بگرین کە فضل کوڕی عباس ساڵی 18ک مردوە، لەکاتێکدا مەروان ساڵی 41ک بۆتە والی مەدینە لە سەردەمی موعاویەدا، ئەو چیرۆکەش کە نظام دەیگێڕێتەوە لەسەردەمی مەرواندا بوە.

9- نظام تەنیا تانەی لەم فەرمودەیەی ابهريرة نەداو بەڵکو چوار فەرمودەی تریش کە ئیبن قوتیبە دەیهێنێت تانەی لێداون ئەمە بێجگە لەوەی نظام دەڵێت ابوهريرة لەلایەن چەند ئەسحابێکەوە

بەدرۆخراوەتەوە.

10- ابوهریرەساڵی 59 ک مردوە، عائیشە ساڵێک پێش ئەو مردوە.

11- دەبینین دوایی کاتێک پێغەمبەر وەفاتیکردوە ئیبن عەباس تەنیا منداڵێک بوە ئیتر چۆن ئەو هەموو ریوایەتەی لێوەکردوە.

12- دوا دەستەواژەی دەقەکە پەشۆکاوی تێدایە، مانای وایە ئەم فەرمودەیە یان بەتاڵە و وەرناگیرێت یان دەبێت بڵێین قورئان کەموکورتی تێدایە چونکە ئایەتی رەجمی لێ سراوەتەوە.

13- لێرەدا دەبینین ئیبن قوتەیبە دیسان مصحف و قورئان دەکاتەوە، بەیەك لەکاتێکدا لەپێشدا لێکی جیادەکردنەوە؛ دەیوت دەکرێت مصحف مشک بیخوات، تیابچێت.

14- صحیح مسلم، ج4، ص1966، الحدیث رقم2538.

15- صحیح مسلم، ج4، ص1965، الحدیث رقم2537. لەراستیدا ئەو فەرمودەیە باسی هەستانی قیامەت دەکات لە سەد ساڵی ئاییندەدا هەموو حەدیسناسەکانی تووشی پەشۆکاوی کردوە کە زۆربەیان لە سێسەدی کۆچیدا ژیاون. لەبەرئەوە بە جۆرەها شێوە هەوڵیان داوە بیگونجێنن.

16- صحیح مسلم، ج1. ص332، العدیث رقم150.

17- هەمان سەرچاوە، ص232، الحدیث رقم 152.

18- سنن ابي داود، ج1، ص69، الحدیث رقم 85.

19- ئەوی ئیشکالەکە قووڵتر دەکاتەوە ئەوەیە کە خاوەنی مەسنەدەکان هیچیان فەرمودەی بەدرۆخستنەی (ابوهریرە)یان لەلایەن عائیشەوە ریوایەت نەکرد تەنیا ئیبن حەنبەل نەبێت، لەکاتێکدا بوخاری و موسلیم فەرمودەی شوومیی ژنیان ریوایەتکردوە، (بوخاری2858، مسلم2225)، هەردووکیشیان لەسەر زاری (ابن عمر)ـەوە ریوایەتیان کردووە باسی جاهیلیەتی تێدا نییە.

20- ئەو ریوایەتانەی لە سەر مێش هاتوە زیاترە لە دە فەرمودە، بوخاری بەشێکی تایبەتی بۆ تەرخانکردوە، (ادا وقع الذباب في اناء احدکم فلیغمسه کله ثم لیطرحه، فان في احد جناحیه شفاء و في الاخر دواء) (الحدیث رقم 2320).

21- سەیرنییە گەر ئیبن قوتەیبە داکۆکی لە فەرمودەی مێشەکە بکات، چونکە ئەو کوڕی سەردەمی خۆی بووە، بەڵکو سەیر لەوەدایە لەم سەردەمەدا زانایانی وا هەبن »وەک یوسف قەرزاوی« هەوڵ بدەن بەناوی موعجیزەی زانستیەوە ئەو فەرمودەیە پشتڕاست بکەنەوەکە گوایە مێش »کەسەرچاوەی زۆربەی نەخۆشی وبەڵاکان« سوودی تەندروستیی هەیە، لەوەش سەیرتر ئەوەیە زانایانی وەک عبدالرزاق عفیفی کە لە جێگری دەزگای فەتوادانی ئەزهەرە» بڵێن هەر دۆزینەوەیەکی زانستی پێچەوانەی فەرمودەی مێشەکە بیت ئەوە ئەو زانستە درۆیە (بڕوانە کتێبەکەی عفیفی، شبهات حول السنن، منشورات وکالة

المطبوعات والبحث العلمي!)ص12- 14.

22- گالینۆسی پزیشکی ناوداری یۆنانی کە زۆربەی پزیشکیی عەرەبی لەوەوە وەرگیراوە، لەدواییدا تێبینی گوێزرانەوەی نەخۆشیی گەڕیی کردوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، هەروەها هەندێک لە پزیشکەکانی ناو شارستانێتی ئیسلامیش تێبینیان کردوە وەك، ابن ربن طبري، ابن ماویە، ابن المجوسي، و ابن سینا لەسەدەی چوارەمدا.

23- لەڕاستیدا دژبەری نێوان ئەو دوو حەدیسە ڕێگە دەکاتەوە بۆ ئەوەی عەقڵی گونجێنەر بەدرێژایی چەندین سەدە خەریکی جەدەل بێت و هەوڵبدات فەرمودە دژبەرەکان ئاشتبکاتەوە، چونکە مادەم هەردوو فەرمودەکە لە صحیحدا هاتوون کەواتە دەبێت هەردووکیان راستبن ئەگەر تەواو بە دوو ئاراستەی پێچەوانەشدا بڕۆن.

24- لەوانەیە هەندێکیان عەوامیان بە سووک سەیرکردبێت.

25- ابن قتیبة دەگێڕێتەوە کە فاتیمە نەیزانیوە پێغەمبەر فەرمودەیەکی وەهای ووتوە سەبارەت بە میراتی پێغەمبەران، لەبەرئەوە کاتێک ئەبوبەکر وایپێووت، ئیدی فاتیمە بێدەنگ بوو. بەڵام موعتەزیلە دەڵێن کاتێک ابوبکر میراتی نەدا بە فاتیمە؛ ئەویش سوێندی خوارد هەرگیز قسە لەگەڵ ئەبوبەکر نەکات، پێش مردنیشی وەسێتی کرد بەشەو بینێژن تاکو ئەبوبەکر لەگەڵ تەرمەکەیدا نەڕوات (لا300).

26- هەر لەم جۆرە فەرمودانە (تەکاندنی تۆوی پێغەمبەر لە بەرگەکەی بی شۆردنی) (لا162).

27- ئەم حەدیسە داڕشتنێکی تریشی هەیە (لا یطلب الحدیث من الرجال الا ذکرانها، ولا یزهد فیه الا اناثها).

28- لەو موسنەدەدا کە مؤسسة الرسالن چاپیکردوە ژمارەی فەرمودەکان دابەزیون بۆ بیست وهەشت هەزار فەرمودە. پاش ئەوەی شعیب ارناؤط پاکنووسی کردوە.

29- ابو جعفر الطحاوي، بیان مشکل الاثار، حیدر اباد، 1916، ج1، المقدمة. هەندێک کوموکورتیی هەیە لەبەرئەوە پشتمان بەستوە بە نوسخەکەی شعیب الارناؤط، مؤسسة دار الرسالة، بیروت.

30- دەتوانین لە یەک بڵێین (توهیم) یان (تهویم) یان (تمویه).

31- ابو جعفر الطحاوي، شرح معاني الاثار، دار الکتب العلمیة، بیروت 1399هـ، ج1، ص11.

32- العذرة: ئەو چەرمەیە لە ئەندامی زاووزێی نێر و مێ دەکرێتەوە لە کاتی خەتەنەکردندا.

33- جابر بن عبد الله و ابو سعید الخدري.

34- شرح معاني الاثار، ج1، ص12. لەراستیدا حەدی لەبارەی بئر بضاعة لە ژماردن نایەت هێندە زۆرە.

35- ئایای ئاوی بیری بضاعة وەستاو بوو یان ڕۆیشتوو بوو، ئەم پرسیارە زۆربەی ئەهلی حەیدس و فیقهیشی جەنجاڵ کردوە هەندێکیان هەوڵدەدەن بڵێن بیرەکە ئاوی لەبەر ڕۆیشتوە بۆ باخەکانی

دەروبەری مەدینە، بەڵام هەندێکی تر دەڵێن هەر بینینی بیرەکە خۆی ئەو قسەیە بەدرۆدەخاتەوە.

36- هەندێك فەرمودە هەیە رادەی ئاوی زۆری بە دوو قوللە (قلتین) مەزەندە کردوە، کەئیدی ئەو ئاوە پیسی هەڵناگرێت، بەڵام فیقهناسەکان تەنانەت لە قوڵیی بیرەکەشدا ناکۆکن.

37- قەبارەی بیری بوضاعة چەند بوە؟ هەندێک دەڵێن تا کەمەری پیاوێک بوە هەندێک دەڵێن لەکاتی کەمکردندا لەوەش کەمتر بوە. بڕوانە (وفاء الوفا باخبار الحبیب المصطفی، تحقیق محەمەد محیی الدین عبد الحمید، دار الکتب العلمیة، ط4، بیروت 1984، ج3، ص957).

38- محمود بن مازه البخاري، المحیط البرهاني في الفقه النعماني، دار احیاء التراث العربي، بیروت 1984، ج1، ص6.

39- مسند ئەحمەد بن حنبل، تحقیق شعیب الارناؤط، مؤسسة قرطبة، القاهرة، ج3، ص15، الحدیث 11134.

39- مسند ئەحمەد بن حنبل، تحقیق شعیب الارناؤط، مؤسسة قرطبة، القاهرة، ج3، ص15، الحدیث 11134.

40- ئیبن حەجەر لە (طبقات المدلسین) باسیکردوە.

41- لەبیرمان نەچێت ئیبن حەنبەل خۆی موسنەدەکەی نەنووسیوە، چونکە مەرگ یەخەی پێگرت و بێ بژارکردن بەجێی هێشت، پاش خۆی عبداللەی کوڕی تەواویکرد بەڵام ئەو هەندێکی تری بۆ زیادکرد لەوانەی خۆی بیستویەتی یان فەرمودەیەک کە لەوانەی باوکی چووبێت بۆی زیادکردوە.

42- دوور نییە دروستکردنی فەرمودەی قێزەونی لەو شێوانە دەستێک بێت بۆ ناشیرینکردن، بەتایەتی لەو سنوورە فراوانەی ئیسلامدا کە دەیان ئایینزای تێدابوە و زۆریان بەدەستی موسوڵمانان تیاچوون، بەتایەبەتی گەر بزانین زۆرینەی هەرە زۆری ئەوانەی کاریان لە فەرمودەدا کردوە غەیرە عەرەبەکان بوون کە پاش بەکۆیلەکردنی خۆیان یان بوو باپیرانائین موسوڵمان بوون هەر بۆ نموونە ئیبن ئیسحاق کە گەورەترین سەنەدە بۆ حەدیسی بضاعة باپیری کۆیلەیەک بوە لەو مەسیحیانەی لە عین التمر خالید دەستگیری کردن.

43- شمس الدین الزرکشه کە زانایەکی حەنەفی مەزهەبە بەهەمان شێوە قێزی لەو فەرمودەیە دێتەوە و دەڵێت ئیسلام نەهیدەکات لەو پیساییانە. (المبسوط، دار المعرفة، بیروت1989، ج1، ص52).

44- لەو فەرمودانەدا نەیارەکان دەیکەنە بەڵگە ئەو حەدەیسیە کە حەکەم دەیگێڕێتەوە (لە مصعب کوڕی سئد کوڕی ابی وقاصمم بیست ئەیووت: موسحەفم بۆ باوکم دەگرت دەستم بەر زەکەرم کەوت کەچی ئەو فەرمانی پێکردم کە دەستنوێژ تازە بکەمەوە).

45- طحاوي هەمان قسە دەداتە پاڵ حذیفه (گوێنادەمێ دەستم بەر زەکەرم بکەوێت یان بەر لووتم).

46- مالیک بەشێکی کردۆتەوە لە الموطأ دا بەڵام تەنیا یەک ئەسەری هێناوە کە (عەبدوڵڵا کوڕی عمر بەپێوەی میزی دەکرد).

47- الأم، باب کیف السجود، ج1، ص136.

48- ابن سلامة الطحاوي، بیان مشکل الاثار، طبعة حیدر ابار الدکن، المسکل 118.

49- طحاوي هەموو توانای خۆی دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەو فەرمودەیە بڕاستێنێت و سازانێکیان لەنێواندا بکات، لەکاتێکدا دەبوو هەر ئەو پرسیارە کە ئایا (غەول) خۆی چیە؟ مەشغوڵی بکات. ئەمە بێجگە لەوەی هەمان فەرمودە لەسەر زاری اب اسیدی ساعیدیش گێڕراوەەتەوە لە شوێنێکی تردا کە کۆگای خورماکەی بوە، هەر ئەو دژبەریە لەناو ریوایەتەکاندا دەبوو عەقڵی رەخنەکاری بخستبایەتەگەڕ. نەک هەوڵی پینەکردنی بدایە.

50- بیان مشکل الاثارالمشکل رقم: 168.

51- هەمان شوێنی پێشوو.

52- ابن هشام، السیرة النبویة، ج3، ص260.

53- ابن الجوزي، الموزوعات، الکتبة السلفین بالمدینة المنرة، 1966، ج1، ص356.

54- نەجاشی ئەفسانەی زۆری بەدەوردا هەڵبەستراوە، لە مێژووی ئیسلامیدا وەک ئەوەی گوایە پێش مردنی موسوڵمان بوە، بەڵکو دەڵێن لە شاری هەراری لەکاتێکدا بە ڕێگەوە بووە بچێت بۆ مەدینە بۆ لای پێغەمبەر لەرێگە مردوە.

55- شرح مشکل الاثار، طبعة دار الرسالة، المشکل761، ج12، ص329- .333

56- خۆی هەر بەکارهێنانی ئایەتی 106 لە سورەتی (البقرة) بۆ سەلماندنی ئەوەی لە قورئاندا نایسیخ و مەنسوخ هەیە جێگەی ئیشکالە، جا چ جای ئەو ناسیخ و مەنسوخە درێژ بێتەوە بۆ فەرمودەیش. کە هەزاران حەدسی هەیە هەموو دژ بەیەکەوە هیچیان بەوی تریان راستانکرێتەوە بەهەرحاڵ، بەڵام خۆ ئەو ئایەتە باس لە دژبەربوونی ئایەتە سراوکان و بسڕەوەکان ناکەت، بەڵکو باسی باشتر دەکات لەوەیە یەکەمیان. یان هەروە ئەو بێت.

57- ابن الخلاح، عول الحدیث، تحقیق وشرح نورالدین عتر، دار الفکر، دمشق1998، ص284- 286.

58- ابن صلاح رەخنە لە کتێبەکی ابن قتیبە دەگرێت دەڵێت ئەگەر هەندێک شتی باشی وتبێت ئەوە هەندێکی خراپی وتوە کە ئیشی ئەو نیە و خۆی تێخزاندوە (علوم الحدیث، ص285).

59- ابن ساهین، الناسخ والمنسوخ من الحدیث، دار الکتب العلمیة، بیروت1992، ص41.

60- واتە خۆشۆردن واجب نییە، مەبەست لە ئاوی یەکەم ئاوی خۆشۆردنە ئاوی دوەم ئاوی پیاوە.

61- صحیح البخاري، دار طوق النجاة، الریاض 1422هـ ج1، ص66. الحدیث رقم293.

62- جارێکی تر بەیادی خوێنەری دەهێنینەوە کە ئێمە ئەم دەستەواژەیە بەکاربێنین (لەسەر زاری فلانەوە ریوایەتکراوە... چونکە ئێمە گومانمان هەیە لەوەی ئەو فەرمودانە لەو کەسانەوە ریوایەتکرابێتن.

63- هەر ئەوەش ئەو جولانەوە نارەزاییەمان بۆ تەفسیر دەکات کە ئیسکامی سۆفیگەرا ڕێبەرایەتی دەکات بەرامبەر ئیسلامی فیقهی، کە جابری رەخنەبارانی دەکات.

64- حەنەفیەکانیش هەمان بۆ چوونیان هەیە.

65- الطبقات الکبری، ج9، ص524.

66- له میزان الاعتدالل دا به بصره ناوی دەهێنێت نەك میسری.

67- ابن عدي، لکامل فه ضعفاء الرجال. دار الفکر، ط3، بیروت 1988، ج4، ص409.

68- سنن الترمذي، دار احیاء التراث العربە، تحقیق ئەحمەد محەمەد شاکر واخرین، ج4، ص266.

69- لەم سەردەمەدا هەندێک کەس دەیانەوێت ئەو دەژبەیەکیەی لە نێوان فەرمودەکاندا هەیە وەک موعجیزەیەکی زانستی بە خەڵک بفرۆشنەوە کە گوایە ئەو حەدیسە باسی راکردن دەکات لە ئینسانی گەڕ ئەو جۆرەیانە کە درمیە، بەڵام ئەو فەرمودەیە باسی نان خواردنی پێغەمبەر دەکات لەگەڵیان باسی ئەو جۆرە دەکات کە درم نییە.

70- الامام ئەبوبەکر محەمەد بن موسی العازمي الهمداني، الاعتبار في الناسخ والمنسوخ من الاثار، دار الکتب العلمین، بیروت، 1996، ص3.

71- الاعتبار، ص8- 9. س

72- ئەم فەرمودەیە بەچەند شێویەکی ریوایەتکراوە، بەڵام سەرجەمیان باس لەوە دەکات کە پێغەمبەر فەرمانیکردوە بۆ سەردانی گۆڕستان پاش ئەوەی لە پێشدا نەهی لێکردبوو.

73- لەسەر ئەم فەرمودەیەی عائیشە دوو تێبینمان هەیە:

یەکەمیان: حازمی کە خۆی بەڵگەی پێ دێنێتەوە لەشوێنی تردا کەچی هەرخۆی گومان دەخاتە سەر راستێتی فەرمودەکە و دەڵێت حەدیسگێڕەوەکە (عسین بن عمران) شتی ناماقوڵ دێنێت هەندێک جار کە لە زوهریەوە ریوایەت دەکات و دەڵێت هەندێک کەس بە لاوازیان داوەتە قەلەم، (لا30).

دووەمیان: ئەگەر راست بێت ئەم فەرمودەیە حەدیسەکانی تری خۆنەشۆردنی سڕیوەتەوە ئەی چی بکەین لەو ئەسحابانەی تا کۆتایی تەمەنیشیان هەر باوەڕیان بەوەیە ئەگەر ئاو دانەبەزی خۆشۆردن واجب نابێت.

74- اسعاف المبطأ برجال اموطأ، في ذیل الموطأ، ص791.

75- یان تەمەنی نۆ ساڵ بووە بەپێی هەندێک ڕیوایەی تر بیت.

76- اسعاف المبطأ، ص819، بەڵام بوخاری ئەو ئیشکالەی بەم شێوەیە چارەسەر کردوە (پێغەمبەر کاتێک مەیمونەی مارەکرد لە ئیحرامدا بوو، بەڵام دوای ئیحرام چووە لای.
77- عەرز لە زاراوی ئەهلی عەیدسدا بریتیە لەوەی قوتابی هەرچیەک لە مامۆستاکەیەوە فێربوە بۆی دەخوێنێتەوە مامۆستاش گوێدەگرێت لێی بۆ ئەوەی دوایی مۆڵەتی فەرمودە خوێندنەوەی پێبدات.
78- بڕوانە اشكاليات العقل العربي، دار الساقي، ط3، بيروت، 2010، ص49- 58.
79- لەم بارەوە حازمی ئاماژە دەدات بەوەی کە ئە جۆرە فەرمودانە بۆتە هۆی گاڵتەجاریی بێباوەڕان، ئەو لە سلمانی فارسی دەگێڕێتەوە (کافرەکان پێیان وتون: دەبینی هاوڕێکەتان پیساییکردنیشتان فێردەکات) (ص31).
80- ئەم گونجاندنەش بەدەوری خۆی ئیشکالیکی تر دروستدەکات چونکە ئبن عومەر یەکەم کەس بوو نکۆڵی لەوە کرد کە کەسانێک دەیانوت (گەر دانیشتیت بۆ کاری پێویست ڕوومەکەرە قیبلەو پشتیشی تێمەکە).
81- لەم هەڵوێستەیدا حازمی هەر شوێنکەوتەی شافیعییە.
82- لێرەدا دەبینین ابن عمر دەکەوێتە جۆرێک لە ناکۆکی لەگەڵ خۆیدا بەپێی بۆچوونەکانی شافیعی، چوکە ئبن عمر دەڵێت جوبرەئیل مەسحی هێنا و پێغەمبەر غوسڵی سوننەتکرد، لەکاتێکدا بەپێی بۆچوونی شافیعی هەردووکیان هەر وەحی خوداین.
83- ابو نعيم الاصبهاني، حلية الاولياء وطبقات الاصفياء، ج1، ص347.
84- البخاري، التاريخ الكبير، دار الكتب العلمية المصورة، عن طبعة دائرة المعارف العثمانى، حيدر اباد الدكن1360هـ ج1، ق2، ص15.
85- ئاماژەیە بە وەی لای جوولەکە خودا تجلي دەکات، لای مەسیحیش خودا بەرجەستە بوە لە مەسیحدا.
86- عبد الوهاب الشعراني، الميزان، عالم الكتب، بيروت، 1989، ج1، ص93.
87- لێرەدا دەبینین شەعرانی دەکەوێتە دژبەریەکەوە لەلایەکەوە دەڵێت لەبەرئەوەت طلق شوان بوە بۆیە پێغەمبەر پێی وتوە دەستنوێژت ناشکێت، بەڵام لەهەمان کاتدا عەلی کوڕی ابو طالیبیش کە لە دەستەبژێری سەرەوەی ئەسحابە بوو باوەڕی وابووە میزکردن بەپێوە ئاساییە. کەواتە لە تای ئاسانکاری تەرازوەکەدا نەبوە.
88- لێرەدا دیسان دەبینین شەعرانی دیشێوێنێت بەسەر یەکدا، چونکە میزکردنی بە دانیشتنەوە تەرخانکردوە بۆ خەڵکانی خاوەن شەرم و حەیا لەوانەش عمر کوڕی خطاب، جا ئایا پێغەمبەر خۆی لەو ئەهلی شەرم و حەیایە دەرکردوە کاتێک بەپێوە میزیکردوە. بەگوێرەی فەرمودەکەی بوخاری بێت؟
89- لێرەدا دەبینین شەعرانی کاتێک ئەم دوو فەرمودەیە دەگونجێنێت پێکەوە وەک دوو فەرمودەکەی

پێشوو، باسی ئاسانكاری و توندكاری ناكات به پێچەوانەی ئەو ڕێسایەی خۆی دایڕشتوە لە مەسەلەی تەرازووەكەدا، كە دەڵێت توندگرتن لەگەڵ كەسانی بەتوانادا دەبێت و ئاسانكاری بۆ كەسانی لاواز بەكاردێت، لێرەدا دیارە بۆشی ئەو ڕێسایەی پەكخستوە، چونكە بكەر و نەكەر لەهەمان كاتدا هەر پێغەمبەر خۆیەتی، لەبەرئەوە ناكرێت ڕێسای بەهێزی و لاوازی بۆ بەكاربهێنرێت.

90- ناوەكەی بەم شێوەیە هاتوە (عەبدوڵلا بن حكیم) بەڵام دەوترێت كە خۆی لێی نەبیستوە، بەڵكو لەرێگەی خەڵكانی ترەوە وەریگرتوە. هەربۆیە شافیعی فەرمودەكەی رەتكردۆتەوە.

91- لەراستیدا مەسەلەی هەژاری ونەداری لێرەدا راست دەرناچێت، چونكە مەیموونە كەسێكی هەژار نەبوە بەڵكو خێزانی پێغەمبەر بوە و لە سەرانی قورەیش بوە.

92- لەراستیدا گومانمان هەیە لەوە (پێغەمبەر شتێكی لەسەرخۆی واجكردبێت، بەڵام لەسەر ئوممەتەكەی واجب نەكردبێت یان بەپێچەوانەوە)، بەڵكو ئەوە كاری حیكایەتخوانەكان وحەدیسنووسەكانە ئەوانەیان دروستكردوە، دەنا ئیتر چۆن دەبێت پێغەمبەر (قدوە) بێت بۆ موسوڵمانان.

93- كاتێك باسی عەقڵی رەخنەیی دەكەین دەبێت بە وریایەوە دەسكاری بكەین وانەزانین وەک ئەم سەردەمە ئەو چەمكە بەكاردەهێنرێت، چونكە ئەو جۆرە عەقڵە لەو سەردەمەدا تەنیا لە ئاستێكی زۆر نزمدا دەیتوانی مومارەسەی ڕەخنە بكات. بەتایەبەت پاش هەڵگەرانەوەی موتەوەكیل و تاوانباركردنی موعتەزیلە و تەكفیر كردنیان.

# بەشی هەشتەم
# سەرکەوتنی ئەهلی فەرمودە

**(1)**

### هەڵگەرانەوەی موتەوەکیلیی

(ابن العمراني) دەگێڕێتەوە کە موتەوەکیل، دەیەمین خەلیفەی عەباسی، دەڵێت (خەلیفەکانی پێش من خەڵکیان دەترساند بۆ ئەوەی گوێ لەمستیان بن، بەڵام من نەرمونیان دەبم لەگەڵیان بۆ ئەوەی خۆشیان بوێم و بەگوێم بکەن)[1].

بۆ ئەوەی لەم کۆدەتایەی موتەوەکیل تێبگەین و دەلالەت و ئەنجامەکانی بخوێنینەوە، دەبێت ئەوە ڕەچاو بکەین کە بەغداد لە سەردەمی ئەودا چەند گەورەبوو، دانیشتوانەکەشی چەند زۆرببوون، ئەو هەڵاوسانە جەماوەریە یاخود خەڵکە گشتییەکە، لەو کاتەدا ئیشکالیەتیەکی مەرکەزی بۆ سیاسەتی ناوخۆیی دەوڵەت دروستدەکرد لەسەرەتای سەدەی سێیەمدا، بۆ یەکەم جاربوو لەسەرەتای خەلافەتی ئیسلامیەوە، جەماوەری خەڵک پڕکێشی ئەوە بکەن خەلیفە لاببەن و لەجێگەی ئەو خەلیفەیەکی تر (ئیبراهیم بن المهدي) دابنێن، ئەوە لەکاتێکدابوو کە جەماوەری خەڵک لە بەغداد هێند زۆرببوون توانیبوویان ببنە هێزێکی متمانە بەخۆ.

ئێمە لێرەدا باسی ئەو لابردن و دانانە ناکەین، بەڵام ئیتر لەو کاتەوە خەڵکە گشتییەکە، بەتایبەتی لە بەغداد بەهایەکی نەگۆڕ بوو لە هاوکێشەی سیاسیدا کە دەبوو حسابی بۆ بکرێت، بە ئیجابی و سلبیش، واتە لە هەر کارێکی تاکتیکی و ستراتیژی خەلافەتدا دەبوو لەبەرچاو بگیرێن. رێککەوت نییە کاتێک دەبینین مەئموون کە دیارە کەسێکی ئەرستۆکرات بووە، کەچی لە وەسێتەکەیدا بۆ موعتەسەمی برای کە پاش خۆی دەبێتە خەلیفە دەنوسێت: (ئاگاداری رەعیەت بە، چونکە موڵکەکەت بەدەست ئەوانە)[2].

دەبێت لە سیاقی ئەم دیدگا ستراتیژییەوە بۆ رۆڵی جەماوەر لە هەموو ئەو رووداوانە بگەین کە پاشان لەسەدەی پێنجەمدا کولتووری سونیزمی لەسەر جێگیر دەبێت، ئەو کولتوورەی کە دەتوانێت زاڵ بێت بەسەر کولتوورێکی تردا کە سوننیزم بە بیدعەگەرای ناو دەبات و بە فیتنە و بەڵای (ئەفراندنی قورئان) ناوزەدی دەکات. مەسەلەی (ئەفراندنی قورئان- خلق القرآن) بەهەموو شێوەیەک لەرووی تیۆرییەوە ئیجتیهادی موعتەزیلەبووە، کە ئەوانیش کەسانێکی دەستەبژێر بوون و لەگەڵ خەڵکە گشتییەکە تێکەڵ نەبوون، بەڵام کاتێک مەئموون بیروباوەڕی موعتەزیلە وەردەگرێت، ئیتر خەڵکی بەغداد بەیعەت دەدەن بە (ئیبراهیم کوڕی مەهدی). لەوێوە خولگەی ململانێی ناوخۆیی لە پایتەختدا بووە ململانێ لە سەر خەڵکە گشتییەکە، کێ دەتوانێت رابەرایەتی کۆمەڵانی خەڵک بکات؟ نەک وەک بەسووک سەیرکردنی خەڵک، وەک هەندێک بۆچوونی رۆشنبیری بازاڕی باسی دەکەن، بەڵکو لەبەرئەوەی خەڵکە گشتییەکە ببوونە ژمارەیەک کە دەبوو خەلیفە حسابیان بۆ بکات، چونکە ئیتر ئەوان دەیانتوانی دەوربببینن لە چارەنوسی دەسەڵاتی سیاسیدا، بێگومان ئەوانەی چاوییان بڕیبووە خەلافەت زۆربوون، چ وەک بنەماڵە چ وەك تاك. لێرەدا ئێمە سێ نموونە دەهێنینەوە لەسەر ئەوەی خەڵکە گشتییەکە چ هێزکی – بەلایەنی کەمەوە ژمارەییان– دروستکردبوو لەوکاتەدا، واتە لە نیوەی دووەمی سەدەی سێیەمدا. ئەوەش کاتی سەرهەڵدانی (قەیرانی ئەفراندنی قورئان- محنة خلق القرآن).

**یەکەم نموونەمان** ئەوەیە کە ئیمامی زەهەبی لە نووسراوەکەیدا «**سیر اعلام النبلاء**» لەسەر زاری (**نفطویە**) دەیگێڕێتەوە. پاش ئەوەی موتەوەکیل لە موعتەزیلە هەڵگەرایەوە، ساڵی 234ی کۆچی، ئیتر موتەوەکیل فیقهناس و حەدیسناسەکانی لەخۆی نزیکخستەوە

و گەورەیکردن، ئەو خەڵاتی بەسەردا دابەشکردن، ئینجا فەرمانی پێکردن ئەو فەرمودانە بگێڕنەوە کە وەڵامی موعتەزیلە و جەهمیەکان دەدەنەوەوە، ئینجا (**عوسمان کوڕی ابو شیبە**) لە شاری مەنسور دەستیکرد بە فەرمودە خوێندنەوە و زیاتر لە سی هەزار کەس لە گوتارەکانیدا ئامادەدەبوون، (ئەبوبەکر کوڕی ابوشیبة) لە مزگەوتی رەسافە دەستی پێکرد، ئەویش لە براکەی زیاتر خەڵکی بەدەوردا کۆبۆوە[3]. ئەمە تەنیا لە دوو گەڕەك و لە زانستی فەرمودەدا کە تەنیا فێرخوازانی فەرمودە ئامادەی دەبوون، ئەی گەڕەکاکنی تری بەغداد؟[4].

ئەوە لە سیاقی ناشتنی تەرمەکەی ئەحمد کوڕی حەنبەل دەردەکەوێت کاتێك لە تەمەنی 77 ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات، لە ساڵی 241ی کۆچیدا، لەوێدا ژمارەی ئامادەبوان چەندین قات زیاتر دەکات، ئەگەر بزانین تەرم ناشتن لە ئیسلامدا چەند گرنگە، ئەو کاتە تێدەگەین کە لەو کاتەدا جەماوەری خەڵك[5] چ دەورێکیان هەبووە، کاتێک دەبیستین:

وەک بەیهەقی دەگێڕێتەوە (کە میر محەمەد کوڕی تاهر پێشنوێژی جەنازەکەی ئیبن حەنبەلی کرد فەرمانی کرد ژمارەی ئامادەبوان بخەمڵێنرێت لەو کاتەدا، خەڵکەکە دەیانووت زیاتر لە 700 هەزار کەس ئامادەبوە).

کەچی ئەم ژمارەیە لای زەهەبی دیسان زیاتر دەکات، لە زاری جەعفەری نەیسابووری کە لە فەتح کوڕی حەجاج دەگێڕێتەوە لە ماڵی میر محەمەد بیستم کە میر خەڵکی راسپاردوە ژمارەی ئامادەبووان بخەملێنن، دەڵێت ژمارەکە گەیشتۆتە هەزار هەزار و هەشتا هەزار کەس، ئەمە بێجگە لەوانەی لە ناو بەلەمدا بوون، دیسان ئەم ژمارەیە بازێکی تر دەداتە لای ئیبن ئەبی حاتەم کە لە ئەبو زەرعەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت (پێمگەیشتوە کە موتەوەکیل فەرمانیداوە بە سەرژمێری ئامادەبوانی تەرمی ئیبن حەنبەل گەیشتۆتە دووهەزار هەزار و پێنج سەد هەزار کەس)[6].

گەر وازبێنین لەو ژمارە خەیاڵیانەی باسکراون و بشزانین دانیشتوانی ئەو کاتەی بەغداد لە یەک ملیۆن کەس تێنەپەریوە، بەڵام ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە تەرمی ئیبن حەنبەل رووداوێکی مێژوویی گەورە و جیاواز بووە، تەنانەت مێژوونووسێکی بابەتیی وەک ئیبن مەسعوود دان بەوەدا دەنێت کە تەرمەکەی ئەحمەد ئیبن حەنبەل (هاوشێوەی نەبینراوە لەوەو پێش) [7].

نموونەی دووەممان بەپێچەوانەی ئەمەوەیە، هەرچەندە ئەویش هێزی ژمارەی بەغداد دەردەخات لەو کاتەدا، لە ناشتنی تەرمی (حارسی محاسبی)دا کە بە یەکێک لە گەورەترین بیرمەندانی ئیسلامی دەناسرێت لە نیوەی دووەمی سەدەی سێیەمدا، ئبن جەوزی دەگێڕێتەوە کە لەبەرئەوەی موحاسیبی سەبارەت بە ئاینناسی (علم الکلام) قسەی دەکرد، لەبەرئەوە ئبن حەنبەل قسەی لێ دابڕی و فەرمانیکرد خەڵکیش لێی بتەکنەوە، کاتێک موحاسیبی کۆچی دواییکرد، تەنیا چوار کەس نوێژی مردوویان لەسەر کرد [8].

وەک لەم دوو دەقەوە دیارە کە خەڵکە گشتییەکەی بەغداد چەندە زۆربوون، بەڵام هەر وەک عەوامی هەموو کات و شوێنێکی تر رێشووەکەیان بەدەست خەڵکی ترە نەك خۆیان، هەمیشە دەجووڵێنرێن و خۆیان ناجووڵێن. لەم نموونەیەدا ئبن حەنبەل جووڵێنەری خەڵکە و رێشوەکەی بەدەستەوەیە.

ئەو رووداوانە، هێزی خەڵکی بەغداد و کارپێکراوییان لەهەمان کاتدا، ئەو کۆدەمان بۆ دەکاتەوە کە بۆچی پرسی (ئەفراندنی قورئان- خلق القرآن) لەمێژوودا وا گەورە کراوە، دەنا کەس باوەڕ ناکات خەلیفەیەکی وەک مەئموون کە یەکێک بوە لە زیرەکترین و ستراتیژیترین خەلیفەکانی عەباسی، لە کاتێکدا خۆی سەرقاڵ بووە بە جەنگ لەگەڵ رۆمەکاندا، کەچی لە هەمان کاتدا ئاگری فیتنەیەکی وا بکاتەوە لە ناو ماڵەکەی خۆیدا، فیتنەی لاهووت (تیۆلۆژیا)، کە بەهیچ شێوەیەک لەرووی سیاسیەوە خزمەت بە خەلافەت ناکات. ئەمە ئەگەر هەمووی زیان نەبووبێت بۆ خەلافەت! لەرووی تیۆلۆژییەوە هەموو کەس دەزانێت کە فیتنەی ئەفراندنی قورئان فیتنەیەکی دروستکراو بووە، دروستکردنەکەش بە مەبستێکی تری شاراوە بووە، کە رواڵەتە تیۆلۆژییەکەی تێدەپەڕێنێت، واتە پلانێکی تاکتیکی بوە لە خزمەتی ئامانجێکی ستراتیژیی گەورەتردا: کە بریتیە لە ململانێ لەسەر شوینکەوتەیی خەڵکە گشتییەکە (عەوام)، ئەوەش لەرێگەی ملدانی رابەرانی خەڵکە گشتییەکەوە کە زۆرینەیان لە حەدیسناسەکان بوون [9].

لە یەکەم نامەدا کە مەئموون لە بەرەکانی جەنگەوە دەینووسێت بۆ کاربەدەستەکەی لە بەغداد، (**اسحاق کوڕی ئیبراهیم**) دەردەکەوێت کە مەبەست تاقیکردنەوەی حەدیسانسەکانە سەبارەت بە پەیوەندییان بە عەوام و گوێرایەڵی عەوام بۆ ئەوان [10]،

خەلیفە لە نامەکەیدا دەڵێت ئەوان (رەعیەت و خەڵکە نەزانەکەیان پڕکردوە) و ئەوانە (خراپترین کەسانی ئوممەتن و سەرانی گومراییین) و (کە خۆیان داوەتە پاڵ سوننەت)، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە (ئەوان ئەهلی حەق و ئایین و کۆمەڵی راستی موسوڵمانانن... بەمەش دەستیان بەسەر عەوامدا گرتووە و خەکانی نەفامیان تەفرە داوە) [11].

تەنانەت نامەی دووەمی مەئموون کە لە بەرەکانی جەنگەوە دەینێرێت بۆ کاربەدەستەکەی لە بەغداد، باس لەوە دەکات کە ئەو فیتنەیە تەنیا لەلایەن مەئمونەوە نییە، بەڵکو لەلایەن هەندێکی تر لە حەدیسناسەکانی ترەوە کە نوێنەری دەسەڵاتی ئایینی بوون؛ داوا لە مەئموون کراوە کە ئەو حەدیسناسانەی تر تاقیبکاتەوە، چونکە چاویان بڕیوەتە رابەرایەتی عەوام، دەڵێت (بە سەعدەوەیهی واسیتی بڵێت «خوا رووی کەسێک رەش بکات کە فەرموودە دروستکردن و خۆ پێرازاندنەوە و تەماحی لە سەرۆکایەتی گەیاندوویانەتە ئاستێك کە ئاواتەخوازی کاتی تاقیکردنەوەی ئەوانی تر بێت، ئەو پەلەیەتی دەڵێت خەلیفە کەی ئەوانی تر تاقیدەکاتەوە؟ ئەو دەیەوێت خۆی دابنیشێت و فەرموودە بۆ خەڵک باس بکات) [12].

بەهەمان شێوە هەڵگەرانەوەکەی موتەوەکیل دیسان مەسەلەیەکی تیۆلۆژی نەبوو، بەڵکو هەڵگەرانەوەیەکی سیاسی بوو لە پلەی یەکەمدا مەبەستی ئەوە بوو (پاشایەتی) بەسەر خەڵکەوە لە دەستی خۆیدا بهێڵێتەوە، چونکە دەسەڵات جەماوەری چووبووە دەستی خەڵکی ترەوە [13]. هەرچەندە ئەحمەد کوڕی ئەبوداود کە موعتەزیلی بوو وەک دەڵێن هەرئەویش حەدیسناسەکانی تاقیدەکردەوە لە فیتنەی (ئەفراندنی قورئان) دا، ئەوبوو (مێزەری خەلافەتی بۆ موتەوەکیل بەست و یەکەم کەسیش بوو سڵاوی خەلافەتی لێکرد)، بەڵکو هەر ئەویش بوو نازناوی (المتوكل على الله) بۆ پێشنیارکرد [14]. بەڵام یەکەم بڕیاری خەلیفە پاش ئەوەی پۆستەکەی وەرگرت ئەوە بوو کە رێگریکرد لە جەدەلکردن لە قورئان و شتی تریشدا [15]، پاش کەمێکی تر بڕیارێکی تری دەرکرد و پشتیوانی خۆی بۆ ئەهلی فەرموودە دەربڕی و پرسی تاقیکردنەوەی حەدیسناسەکانی هەڵگرت و نامەی نووسی بۆ هەموو ویلایەتەکان لەو بارەیەوە، لەساڵی 234ی کۆچیدا [16]، وەک لە قسەکەی زەهەبیشدا باسمانکرد خەلیفەی نوێ (فیقهناس و حەدیسناسەکانی

دەرخست و پلەی بەرزکردنەوە و خەڵاتی بەسەردا بەخشینەوە، و فەرمانی پێکردن کە فەرمودە دژ بە موعتەزیلە و جەهمیەکان بخوێننەوە).

موتەوەکیل بەوە وازی نەهێنا کە پێگەی حەدیسناسانی بەرزکردەوە و هەوڵی رازیکردنی دان و ماڵێکی زۆری پێبەخشین، کە یەکێک لەوانە ئەحمەد کوڕی حەنبەل بوو، بەڵکو بۆ ئەوەی خۆی لای عەوام خۆشەویست بکات کردەوەی زۆر توندی دژ بە گاور و جولەکە پیادەکرد[17]، تەبەری دەڵێت (لەم ساڵەدا موتەوەکیل فەرمانیکرد کە گاورەکان دەبێت بەرگی خوری زەرد لەبەربکەن و پشتێنێک ببەستن تاکو جیابکرێنەوە لە موسوڵمانان، دەبێت کڵاویکی زەنگوڵەداریش بکەنە سەریان، دەبێ رەنگی کڵاوەکانیشیان جیاواز بێت، هەروەها فەرمانیکرد کڵێسا تازەکانیان بڕوخێنرێت و دەیەکی خانوەکانیان لێ بسەنرێت، ئەگەر ئەو دەیەکە (العشر) بە کەڵکی مزگەوت بهاتبایە، دەیانکرد بە مزگەوت ئەگەر نا، ئەوە دەیانکردە پێدەشتێکی چۆڵ، لەسەر دەرگای ماڵەکانیشیان وێنەی شەیتان لە تەختەی هەڵکەنراو دروستدەکرا تاکو لە ماڵی موسوڵمانەکان جیابکرێتەوە، رێگریشی کرد لەوەی منداڵەکانیان لە حوجرەی موسوڵمانەکان فێری خوێندەواری بکرێن، نەدەبوو موسوڵمانیش فێری خوێندەوارییان بکات، نەدەبوو لە شوێنەکانی خۆیشیاندا خاچ دەربخەن، یان لە رێگەدا مۆم هەڵبگرن، هەروەها فەرمانیکرد بە تەختکردنی گۆڕەکانیان لەگەڵ زەویدا تاکو لە گۆڕی موسوڵمانەکان نەچێت)[18]. ئەمە تەنیا خەڵات نەبوو کە موتەوەکیل پێشکەشی حەدیسناسانی کرد، بەڵکو خەلاتێکی تریشی پێبەخشین؛ کە بریتیبوو لە رووخاندنی مەزاری (**حوسەینی کوڕی عەلی**) و تەختکردنی لەگەڵ زەویدا، لەم بارەیەوە تەبەری دەڵێت (لەو ساڵەدا موتەوەکیل فەرمانیکرد بە تەختکردنی گۆڕی حوسەینی کوری عەلی و هەموو ماڵەکانی دەروبەری و فەرمانیکرد شوێنەکەی بکێڵرێت و بکرێت بە کشتوکاڵ و شوێنی گۆڕەکەی حوسێن ئاوبدرێت و سەردانی مەزارەکەی قەدەغە بکرێت، پاسەوانەکانی ئەو ناوەش جاڕیاندا هەرکەسێک لە شوینی گۆڕەکەی حسێن ببینرێت دەینێرن بۆ زیندانی (مطبق) [19]، ئیدی خەڵک لە ترسان هەڵاتن و کەس نەیدەوێرا بەو ناوەدا بچێت چواردەورەکەشی کێڵرا)[20].

هەر پاش ئەوەش موتەوەکیل فەرمانێکی تری دەرکرد بە ئازادکردنی هەرکەسێک خەلیفە (الواثق) دەستگیری کردوە لەسەر مەسەلەی -ئەفراندنی قورئان- لە هەموو شار و دێیەکاندا[21]، پاشان بۆ هەموو دونیای نووسی کە قسەکردن لەسەر ئەفراندنی قورئان قەدەغەیە و هەر کەسێکیش لەو بارەوە قسە بکات ئیتر تا دەمرێت دەبێت لە زیندانی (مطبق)دا زیندانی بکرێت، فەرمانیکرد نابێت کەس لە قورئان و فەرمودە زیاتر بخوێنێتەوە، لەبەرئەوە لە سەردەمی موتەوەکیلدا سوننەت زۆر بەرز بوویەوە) [22].

بەم شێوەیە دەبینین هەڵگەرانەوەکەی موتەوەکیل سێ رەهەند لەخۆدەگرێت:

**یەکەم:** بە داخستنی دۆسێی (ئەفراندنی قورئان) و قەدەغەکردنی ئەو بابەتە ئیدی موتەوەکیل دەرگای خستە سەر پشت بۆ **گەورەکردنی سوننەت،** ئیدی قورئان ئەفرێنراوە یان نا؟ ئەوە هەر ئیشکالیەتێکی قورئان خۆیەتی، سەرەرای ئەوەی ئاییناسی «علم الکلام» کە موتەوەکیل ئەویشی قەدەغەکرد هەر لەسەر ئیشکالەکانی قورئانە.

بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە سەرخستنی حەدیسناسان لەلایەن موتەوەکیلەوە تەنیا پلانێکی سیاسیە بۆ خۆ نزیککردنەوە لە عەوامی خەڵك، بەڵام رەهەندی مەترسیداری ئەم کارە لە **رەهەندی ئەپستمۆلۆژیدابوو!** گەر راستبێت وابڵێین، چونکە ئیدی لەو ساتەوەختەوە تادەگاتە سەردەمی رێنیسانس -مەگەر سەردەمی بوەیهییەکان نەبێت- دەنا مەسەلەی ئیشکالیەتی قورئان تەواو لە بەرژەوەندی **ئیشکالیەتی فەرمودە** پاشەکشە دەکات، لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە هەڵگەرانەوەی موتەوەکیل پێشەکی بوو بۆ هەڵگەرانەوەیەکی گەورەتر لە لایەنی ئەپستمۆلۆژییای ئایینیەوە، واتە وەرچەرخاندن لە ئیسلامی قورئانەوە بۆ ئیسلامی فەرمودە و دامەزراندنی ئەم **ئەیدیۆلۆژیا نوێیە** بەدرێژایی چەندین سەدە، لەنێوان چەرخی متەوەکیل و چەرخی رێنیسانسدا. کە لەو سەردەمەدا تەنیا ئایین دەکرا فۆرمی ئایدیۆلۆژی وەربگرێت.

**دووەم:** هەڵگەرانەوەکەی موتەوەکیل کە دوو رەهەندی لەخۆیگرتبوو، رەهەندێکی تائیفی و رەهەندێکی ئایینی، لە رێگەی دژایەتیکردنی شیعە لەناو ئیسلام و مەسیحیەکان لە دەرەوەی ئیسلامەوە. بەمەش **رەگێکی قووڵی سۆسیۆلۆژیی** داکوتا، بەجۆرێك کە ئیدی هەڵکەندنی ئەستەم دەبێت، بێگومان ئایدیۆلۆژیایەکی توندیشی داهێنا، لێرەوە ئیتر ئیسلام

لە ئیسلامی قورئانەوە وەردەچەرخێت بۆ ئیسلامی فەرمودە. ئیتر لە فەرهەنگی فەرمودە و شەرحەکانیدا دژایەتیکردنی شیعە و گاور پەرەدەسەنێت و شوێنەواری ئەو دژایەتیکردنەش لە تەفسیرەکانی دواییدا ڕەنگ دەداتەوە، ئەگەر ئەهلی زیممە وەلانێین و بێینە ناو بازنەی ئیسلام خۆی، دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کە پرۆسەی **سوننەگەرایی** تەنیا لەسەر ئەهلی سوننەت کورتناکرێتەوە، بەڵکو بەهەمان شێوە فیقهناس و ئیمامەکانی شیعەش فەرهەنگیتری فەرمودە بەرامبەر سوننەت قوت دەکەنەوە لە ناو ئیسلامی شیعەدا[23].

**سێیەم:** هەڵگەرانەوەی لەو سیاسەتەی خەلیفە مەئموون دایڕشتبوو، **موعتەسەم** و **الواثق** لەسەری دەڕۆیشتن، لەراستیدا هەڵگەرانەوەیە لەمەرجەعیەت و پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و ڕەعیەت سەبارەت بەدەسەڵاتی ئایینی. لەگەڵ ئەوەی سێ خەلیفەکەی پێش خۆی کردیان، دەتوانین بڵێین ئەو پرەنسیپە خۆی نواند کە دەڵێت **خەڵک هیچ چارێکیتری نییە تەنیا ئەوە نەبێت شوێن ئایینی پاشاکەی بکەوێت،** لەبەرئەوەبوو ئەوان توند بوون لەگەڵ ڕەعیەتدا، وەک موتەوەکیل دەیووت، بەڵام موتەوەکیل بەپێچەوانەوە نەرمیی نواند لەگەڵ ڕەعیەتداو ئەم شوێنی بیروباوەڕی ئەوان کەوت، ئێستا ئێمە دەزانین کە پرەنسیپی ئەوەی خەڵک لەسەر ئایینی پاشاکانیانن، نوێڵێك بوو بۆ بەرزکردنەوەی پێشکەوتنی ئەوروپی، عەقڵگەرایی پێش میکانیکی، چونکە ڕیفۆرمی ئایینی پرۆتستانتی و پاشان ڕیفۆرمی ئایینی کاتۆلیکی بەرامبەر، لەراستیدا بەهۆی ئەکتیڤکردنی ئەو دروشمەوە بوو، چونکە دامەزراوەی (پۆپ- البابوي) سکۆلاستی تا ئەو کاتەش هەموو دەسەڵاتی ئایینیی لە خۆیدا قۆرخکردبوو، ئەمە بێجگە لە دەسەڵاتی سیاسی لەسەردەمی ئیمپراتۆریای ڕۆمانی و جەرمانیی پیرۆز. بەڵام لەگەڵ گەشەسەندنی سیستمی دەرەبەگایەتی (فیئۆداڵ) و شانشینی سەربەخۆو پێکهاتنی دەوڵەتی نەتەوەیی ئیدی دروشمی (گەلان لەسەر ئایینی پاشاکانیانن) بڵاوبۆوە بەناو خەڵکدا، ئەوەش واتە شەرعیەتدان بەو بزووتنەوە چاکسازییانەی کە لە کڵێسای ڕۆما جیاببونەوە و سنوورێکیان دانابوو بۆ پاشکۆیی ئایینی وڵاتان بۆ کورسی پاپ لە ڕۆما، کە تا ئاستی پیرۆزکردن دەستیگرتبوو بە کولتووری سەلەفییەوە، ئیدی ڕەعیەتی پاشای پرۆتستانتی دەبوو پرۆتستانتی بێت، ئەوەش ڕێگەی خۆش کرد لە ناو شانشینە سەربەخۆکاندا مەسیحیەتێکی نوێ پەرەبسەنێت کە ئازادبێت لە چەپۆکی ئاسنینی کڵێسا و کۆنزەرڤاتیڤ، کراوە بێت بەسەر ئاماژەکانی مۆدێرنەدا[24].

ئەوەی لەگەڵ هەڵگەرانەوەکەی موتەوەکیلدا روویدا تەواو پێچەوانەی ئەم پرۆسە مێژوییەی ئەوروپا بوو، لەراستیدا پاشکۆیی دەسەڵاتی ئایینی لەسەردەمی سێ خەلیفەکەی پێش ئەودا پزیسکێکی هەڵکردبوو بۆ ئەوەی چاکسازی ئایینی بکرێت لە ئیسلامدا، ئەو چاکسازیەش بە رابەرایەتی موعتەزیلە بوو؛ کە باسی سازانی عەقڵ و دەقیان پێکەوە دەکرد و داوایان دەکرد هەر دەقێك لەگەڵ عەقڵدا نەگونجا دوور بخرێتەوە یان تەئویل بکرێتەوە. بەڵام کاتێک دەسەڵاتی ئایینی دەرێتە دەستی حەدیسناسەکان لە سایەی هەڵگەرانەوەکەی موتەوەکیلدا، ئیدی ئەو رادەستکردنە هەر هەوڵێکی ریفۆرمی ئایینی زیندە بەچاڵ دەکات و هەر ئەگەرێکی چاکسازی بەرووی ئیسلامدا دادەخات، بەتایبەت پاش ئەوەی خەلیفە (القادر باللە) دوای سەردەمی بوەیهییەکان پرۆژەی بەسونەکردنی دونیا دەستپێدەکاتەوە، چونکە دەسەڵاتی ئایینی لای سوننەگەراکان وەک لە ئەحمد کوڕی حەنبەلدا رەنگ دەداتەوە تەنیا بریتیە لە دەسەڵاتی دەق، واتە دەسەڵاتی سوننە، یاخو دەسەڵاتێکی سەلەفیگەرای توندڕەو کە هەموو شتێکی نوێ بە بیدعە دەزانێت و هیچ سەربەخۆییەکی عەقڵی بە رەوا نابینیت، هەمیشە عەقڵ دەکاتە پاشکۆیەکی رەهای دەق و مافی عەقڵ تەنیا لەوێدا دەبینیت کە دەق پێی دەدات وەک (شاطبي) دەڵێت.

دواپرسیار ئەوەیە: ئایا موتەوەکیل پشتیوانی لە وەدەکرد کە دەگوترا (قورئان ئەفرێنراو نیە)؟ وەک چۆن مەئموون پشتیوانی لە مەسەلەی (ئەفرێنراویی قورئان) دەکرد؟ لەراستیدا موتەوەکیل کە دەهەمین خەلیفەی عەباسی بوو دوورترین کەس بووە لە مەسەلە تیۆلۆژییەکان، ئەو مەسەلەی ئایینی دایە دەست حەدیسناسەکان و فیقهناسەکان و خۆیشی خەریکی پراکتیزەکردنی دەسەڵاتی دونیایی خۆی بوو، کۆشکەکەی موتەوەکیل هەر وەک کۆشکی قەیسەرەکانی رۆم بوو، لە کاتێکدا ئەو نەدەبوو وابێت، چونکە خەلیفەی پێغەمبەر بوو. ئەسڵەن خەونی گەورەی موتەوەکیل بنایتنانی کۆشک و تەلار بوو، وەک تەبەری دەڵێت تەنها ئەو کۆشکەی لە جەعفەری بنیاتینابوو دوو هەزار هەزار دیناری تێچووبوو [25].

بەڵکو (سیوطي) دەڵێت (موتەوەکیل هەر خەریکی شەراب خواردنەوە و رابواردن بوو) [26]، پێش ئەویش بەماوەیەکی زۆر مەسعودی دەڵێت: «هیچ کام لە خەلیفەکانی عەباسی وەك موتەوەکیل خەریکی گەمە و گاڵتەجاڕی و پێکەنین و رابواردن نەبووە،

ئەو لەمەدا لە هەموویان لەپێشتر بوو، وەزیر و سەرکردەکانی سوپاکەشی هەر خەریکی رابواردن و گۆرانی بوون، چوار هەزار کەنیزەکی هەبوو لەگەڵ هەموویان جووت ببوو)[27].

لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین حەدیسناسان ئەو پیاوە گەندەڵە بەرزدەکەنەوە بۆ پلەی پیاوانی خودا کە هەر لەم دونیا لە تاوانەکانیان خۆش بووە و لە گەورە خەلیفەکانی ئیسلام پۆلێنی دەکەن، بۆ نموونە (ابراهیمی تەیمی) کە حەنبەلی مەزهەب بوو دەڵێت (خەلیفەکان سیانن: ئەبوبەکری سدیق، کە دژی هەڵگەراوەکان جەنگا، تاکو شکستی پێهێنان، عومەر کوڕی عەبدولعەزیز، هەرچی ستەمەکانی ئومەویەکان بوو گێرایەوە، موتەوەکیلیش بیدعەی لەناوبرد و سوننەتی زیندووکردەوە) [28]. یەکێکی تر لە حەنبەلییەکان (عەبدولرەحمان القزاز) دەڵێت (ابو ایوب الطیالسي) گێراویەتیەوە: ئەو شەوەی موتەوەکیل کوژرا ئاوی زەمزەمیش رۆچوو» [29].

ئەگەر ئەهلی فەرموده لە مەسەلەی خەونیشدا دیسان لە پێشبوون تاکو جێگەی موعجیزەی پێ بگرنەوە، چونکە دوای پێغەمبەران بەرای خۆیان موعجیزە ئیتر نەماوە، بەڵام خۆ دەتوانن بە خەون کەسانێک بەرزبکەنەوە بۆ پلەی پێغەمبەران و ئەولیاکان، ئیتر سەیر نییە کاتێک کۆمەڵێك خەونی یۆتۆپیانە بەدەوری موتەوەکیلی سەرخەری سوننەدا ببینن، لەوانەش خەونێکی ترە کە بە پێغەمبەرەوە بینراوە، **(ئیبن جەهمی شاعیر)** دەڵێت: «کە خۆی هات مەجلیسی موتەوەکیل بوو لە شەراب نۆشیندا و دەوری گەورەی هەبوو لە هاندانی خەلیفە دژ بە شیعە و روخاندنی گۆڕی حوسێن»، دەڵێت: موتەوەکیل بانگهێشتیکردم کە چووم بۆ لای وتی: «ئەمشەو خەونم بە پێغەمبەرەوە بینیوە منیش لە بەری هەستاوم، پێغەمبەر پێی وتووم: تۆ لەبەر من هەڵدەستیت لەکاتێکدا تۆ خەلیفەیت؟ جەهم دەڵێت پێمگوت: مژدەبێت ئەی ئەمیری باوەڕداران، هەستانەکەی تۆ لەبەر پێغەمبەر؛ واتە تۆ هەستاویت بە زیندووکردنەوەی سوننەت. کە ئەویش پێت دەڵێت خەلیفە، کەواتە پێغەمبەر تۆی لە خەلیفەکان هەژمارکردوە»[30].

لە خەونێکی تردا پاش کوژرانی، متەوەکیل دێتە خەونی **(عەلی بن اسماعیل)**، دەڵێت (موتەوەکیلم لە خەوندا بینی لە تەرسوس، لەناو نووردا دانیشتبوو، وتم: خودا چی لەگەڵ کردیت؟ وتی: لێم خۆش بوو. وتم: بەچی؟ وتی بەو هێندە سوننەتەی زیندووم کردەوە[31].

له لایەکی ترەوە (الخطیب البغدادي) هەمان خەون دەگێڕێتەوە لەسەر زاری (عەبدوڵڵا کوری عبدالرحمن) و دەڵێت (موتەوەکیلم بینی وتم: خودا چی لەگەڵ کردیت؟ وتی: خودا لێم خۆش بوو، وتم: خودا چۆن لێت خۆشبوو لەگەڵ ئەو هەموو خراپەیەی دەتکرد؟ وتی: بەڵێ، بەو هەندە سوننەتەی زیندووم کردەوە)[32]. بەهەمان شێوە ئیبن جەوزی خەونێکی وا دەگێڕێتەوە لەسەر زاری ئیبن علاء [33]، ئیبن عەساکریش لە «**تاریخ دمش**»دا و پاش ئەویش (ابن اثیر) **لە** «**البدایه والنهایه**»دا و (سیوطي) لە «**تاریخ الخلفاء**»دا، هەموویان هەمان خەون دەدەنە پاڵ شاعیرێکی تر بەناوی (ئیبن شەیبان الحلبي) [34].

لێرەدا پرسیارەکە ئەمەیە: چۆن دەبێت چوار کەس هەمان خەون ببینن؟ بەهەمان وشەش؟ لەیەك شەویشدا؟ بێ ئەوەی لەپشت ئەم خەونانەوە دەستێك هەبێت؟ ئایا ئەو دەستە دەستی موعجیزەی خودایيە؟ لەم حاڵەتەدا کەواتە ئەوانەی خەونیان پێوە بینەوە ئەو کەسەش خەونی پێوە بینراوە، هەموویان دەبێت ئەولیا بن، خۆ ئەگەر مەسیحی بوونایە ئەوە هەموویان دەکرانە قەشەی پیرۆز. یاخود ئەوە دەستی درۆسازیە، چونکە دەسەڵاتپارێزەکان لەو بارەیەوە شارەزایی باشیان هەبووە، بەتایبەت پاش هەڵگەرانەوەکەی موتەوەکیل. بەتایبەتتریش حەدیسناسەکان، ئەو درۆسازانەی ئیبن حەنبەل خۆی رێگای درۆ و تێهەڵکێشکردنی (تدلیس)ی بۆ واڵا کردن کاتێک پێی وتن: ئەگەر فەرموودە لەبارەی کاری چاکەوە بوو، یان لەبارەی پاداشت و هاندانی چاکەکردنەوە بوو، ئەوا ئاسانکاری لە سەنەدەکەیدا دەکەین، بەڵام ئەگەر لە سزاکان و کەفارەتەکاندا بوو توند دەبین تێیدا) [35].

ئەوەش راستە کە دەسەڵاتی ئایینی لە ئیسلامدا وەک مەسیحیەت نەبووە، واتە دەسەڵاتێکی مەرکەزی نەبوە، بەڵام پەرش و بڵاوبوونیشی لەناو کتێبەکانی فیقهـ و فەرموودە و ژیاننامەی کارەکتەرەکانی و چینەکانیان، رێخۆشکەرێکی گرنگ بوە بۆ درۆسازی لەو بوارانەدا، بێئەوەی کەس بتوانێت چاودێری بکات، چونکە سروشتی پەرشوبڵاوی سەرچاوەکانی ئسلام وایکردوە کەس نەتوانێت سەرچاوەکانی بژمێرێت و ئیدی لە دەست چاودێری دەربازبێت، وەك ئاوێک کە ناتوانیت لە بێژنگدا بیگوێزیتەوە [36]. لەدواییدا دەبینین کە پەرەسەندنی هونەری **فەرموودە هەڵبەستراوەکان** لە سەدەی شەشەمدا، نەیتوانیوە تەنیا کەمێکی کەم نەبێت لە بەربەستێک دابنێت لەبەردەم لێشاوی درۆدا بە دەم پێغەمبەرەوە.

**(2)**

## ئیبن حەنبەل: پێشەوای سوننەت

لەبەرئەوەی بەراوردێکمان کرد لەنێوان سروشتی چەقگەرایی لە مەسیحیەتدا لەگەڵ ناچەقگەرایی لە ئیسلامدا، با لێرەدا زاراوەیەکی مەسیحی وەربگرین و کە لە فەرهەنگی تیۆلۆژیای مەسیحیدا هەیە، ئەویش پیرۆزکردنە (تطويب). پیرۆزکردن بریتیە لە پرۆسەی پیرۆزکردنی پیاوچاکێکی قەشە، ئەو مافەش تەنیا بە پاپ دەدرێت کەسێک پیرۆز بکات، ئەویش سەری کڵێسای کاسۆلیکە، ئەویش پاش گەران و پشکنین و بینینی هێماکانی پیرۆزی لەو کەسەدا دەبێت، وەک موعجیزە نواندن، ئەم هەڵسەنگاندنەش لەلایەن لیژنەیەک لە کاهینەکانەوە دەکرێت، کە لەو بوارەدا پسپۆڕن و پاپ خۆی ئەندامەکانی دیاریدەکات، بێگومان لە ئیسلامدا شتێک نییە بەناوی قەدیس و پیرۆزکردنەوە، هەرچەند چەندین چەمکی تری نزیک لەو ناوەوە هەیە، وەك پیاوچاکان و ئەولیا و ئەبدال و شتی تر، لەهەندێك حاڵەتیشدا بەتایبەتی لای شیعە چەمکی ئیمام لەو ئاستەدایە کە لای مەسیحی هەیە، بێ رەچاوکردنی لەفزەکە، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا شتێکی هاوبەش هەیە لەنێوان هەردوولادا، ئەویش روودانی موعجیزەیە، کە لە ئیسلامدا زیاتر کەرامەت بۆ غەیری پێغەمبەران بەکاردەهێنرێت، هەرچەند لای شیعە بۆ ئیمامەکانیش بەکاردەبرێت، دەتوانین لە ئیسلامی فیقیهیدا پێوەرێکی تر بەکاربێنین کە بریتییە لە خەون بینین لە جیاتی کەرامات لای سۆفیەکان.

هەرچەند هەندێك کەرامات دراوەتە پاڵ (ئەحمەد بن حنبل)، بەڵکو تەنانەت موعجیزەشی دراوەتە پاڵ، بەڵام بەرزترین پلە پاش مردنی پێی بەخشراوە کاتێک وەک مەسیحیەت پیرۆز دەکرێت، چونکە ئەحمەد پەیوەندیەکی ئۆرگانیکی دەیبەستێتەوە بە کۆی سیستمی فەرمودەی-فیقهی، ئەو پلەیەش کە دەدرێت بە ئیبن حەنبەل بریتیە لە **ئیمامەت**، بەڵام لەبەرئەوەی ئیمامەت لەفزێکی هاوبەشی فرە ماناو فرە بەکارهێنانە، لەبەرئەوە ئیبن حەنبەل نازناوی پیرۆزکردنی بەتەواوی پێدراوە کە بریتیە لە **پێشەوای سوننەت (امام السنة)**. لە هەمان کاتیشدا لەریزی پیاوچاکان و ئەولیاکاندا ریزبەندی کراوە [37].

بە حوکمی ئەوەی باسمانکرد کە لە ئیسلامدا دەسەڵاتێکی چەقگەرای ئایینی نەبوە، لەبەرئەوە پیرۆزکردنی ئین حەنبەل وەک بڕیارێکی باڵا نەهاتوە، بەڵکو لەرێگەی ئەو قسانەوە هاتوە کە لە ئیسلامدا لەبری کۆمەڵەکانی مەسیحیەتە، کە بەشێوەیەکی ئاسۆیی بەناوی هەموو ئەدەبیاتی ئایینیدا پەخش دەبێتەوە [38]، ئینجا بەهۆی کەڵەکەبون و زۆر گێرانەوە بەدرێژایی کات هێزی باوەڕپێکردن وەردەگرێت و دەبێتە بەڵگە نەویست، نەک بەهۆی ئەوەی لە سەرەوە، خوارەوە پابەند بکەن پێوەی [39].

هەر لێرەیشەوەیە ئەو قەناعەتە کە دروستدەبێت ئیدی کەس ناتوانێت هەڵیوەشێنێتەوە یان تەنانەت رەخنەشی لێبگرێت، بەڵکو هەمیشە کارا دەبێت و جۆرێک لە باوەڕی زاتی لە قووڵایی نەستی تاکی ئیمانداردا دروستدەکات، تەنانەت ئەگەر لەسەر ئاستی هەستی وشیاریشدا جێگەی باوەڕکردن نەبێت. یان لە دیدی عەقڵی رەخنەگرەوە شایستەی پەسەندکردن نەبێت.

با لێرەدا هەندێک لەو شاهیدیانە بخەینەروو کە چۆن ئەحمەد ئبن حەنبەل دەپیرۆزێنن، لە کتێبی «**الحلیه**»وە دەستپێدەکەین، چونکە ئەو کتێبە لە یەکەمینی ئەو کتێبانەیە کە دەستیکردوە بە پیرۆزاندنی ئەولیا و ئەسفیاکان و ئەم پیشەیەی کردۆتە پیشەیەکی سەربەخۆ. بەتایبەت لەرێگەی بەکارهێنانی میکانیزمی خەونبینینەوە:

- عەممار دەڵێت لەخەوندا خدری زیندە (الخضر)م بینی، پێمووت: لەبارەی ئەحمەدەوە شتێکم پێ بڵێ. ئەو وتی: ئەحمەد یەکێکە لە (صدیق)ـەکان.

- بیلالی خەواس دەڵێت: (عبدالرزاق) دەڵێت: لە خەوندا پێغەمبەرم بینی پێم وت: لەبارەی ئەحمەدەوە چی دەڵێیت؟ فەرمووی: «صدیق»ـە.

- دیسان لە (عبدالرزاق) لە رێگەیەکی ترەوە: پێغەمبەرم بینی لە خەوندا، پێموت؟ چی دەڵێن سەبارەت بە ئەحمەد؟ ئەو وتی: ئەحمەد یەکێکە لە «صدیق»ـەکان.

- حەبیش دەڵێت: پێغەمبەرم بینی لە خەوندا وتم: ئەی پێغەمبەری خودا ئەحمەد حاڵی چیە؟ ئەو فەرمووی:ئێستا موسا دێت لەو بپرسە، لەو کاتەدا موسام بینی، وتم: ئەی پێغەمبەری خودا حاڵی ئەحمەد چیە؟ وتی: ئەو لە خۆشی و ناخۆشیدا تاقیکرایەوەو بینرا کە باوەڕپێکراوە، لەبەرئەوە خرایە پاڵ باوەڕپێکراوەکان)[40].

زانایەکی وەک ئیبن جەوزیش هیچ سڵناکاتەوە لەوەی کە لە کتێبەکەیدا (**مناقب الامام ئەحمەد**) بەشێک بنووسێت لەژێر ناوی «سەبارەت بە پیاهەڵدانی خدری زیندە بە ئیمام ئەحمەد»، بەشێکیش بەناوی (باسی خۆپیرۆزکردنی ئەولیا بە ئەحمەد و سەردانیان بۆ لای ئەو)، بەڵام ئەو نەك ئەحمەد لە ریزی پلەباڵاکان (صدیقین) حسابدەکات، بەڵکو لەریزی (ابدال) ناوی دەهێنێت.

یەکێک لەو نموونانە ئەمەیە (ابوعەبدوڵڵای سافري کە کەسێکی متمانەیە بۆی باسکردم: ئێمە چەند مێردمنداڵێک بووین لە مزگەوتی «عطار» لە بەغداد خواپەرستیمان دەکرد، هەمانبوو کاری خوری چنین بوو، هەمانبوو کاری تری دەکرد، گەنجێکی جوانمان لەگەڵ بوو، وتی: ئێمە راوە ماسیمان دەکرد، لە لای دوجێلەوە «رووبارێکە نزیک بەغداد»، شەوێک دەگەرامەوە پیاوێکم بینی جلوبەرگێکی شڕی لەبەردا بوو، ئەو دەڕۆیشت منیش بەدوایدا رام دەکرد و نەیدەگەشتمێ، کاتێک پێیگەیشتمەوە، پێم وت: تۆ لە ئەبدالیت (عەوداڵەکان)؟ وتی: بەڵێ. وتم: بۆ کوێ دەچیت؟ وتی: بۆ شام. وتم: ئەی لە کوێوە هاتویت؟ وتی: لای ئەحمەد کوڕی حەنبەل. وتم: چیت دەکرد لای ئەو؟ وتی: پرسیارێکم لێکرد، ئەو لە ئێمە باشترە. پاشان رۆیشت، وتم: ئەوە ماسیە خۆمان راوی دەکەین. وتی: ئێمە هیچ ناخۆین. پاشان وەک ئەوەی زەوی قوتی بدات دیار نەما» [41].

بە چاوپۆشین لەو ئەفسانەیەی بەدەوریدا دروستکراوە لەرووی غەیبیەوە، کە لە دواجاردا تەنیا ئەوەمان بۆ دەمێنێتەوە باوەڕی پێنەکەین، بەڵام دەتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین هیچ کەسێک دوای پێغەمبەر هێندی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل گەورە نەکراوە، ئەوەش هەندێک شاهیدیە لەلایەن زانایانەوە:

- (علي بن المديني): کەس دوای پێغەمبەر وەک (ئیبن حەنبەل) هەڵنەستاوە بە کاری ئیسلام، وتیان: تەنانەت ئەبوبەکری سدیقیش؟ وتی: بەڵێ [42].

- (اسحاق بن راهەوەی): ئەگەر ئەحمەد نەبوایە ئیسلام تیاچووبوو[43].

- (هیلال کوڕی عەلا): ئەگەر ئەحمەد نەبوایە هەموو کەس کافر دەبوونەوە [44].

- (ابراهیمی حەنزەلی): ئەحمەد کوڕی حەنبەل بەڵگەیە (حجة) لەنێوان خودا و خەڵکدا [45].

- (علي بن المديني): ئەحمەدم کردوە بە ئیمامی خۆم لە نێوان خۆم وخودادا [46].

- (الذهيلي): ئەحمەدم کردۆتە بەڵگە لەنێوان خۆم و خودادا [47].

- (بشر کوڕی حارس): ئەحمەد لە پێگەی پێغەمبەراندا راوەستابوو [48].

- (ابو الوليد الطيالسي): ئەگەر ئەحمەد لە نەوەی ئیسرائیل بوایە دەبوە شتێکی سەیر [49].

- (اسماعيل بن خليل): ئەگەر ئەحمەد لە نەوەی ئیسرائیل بوایە پێغەمبەر دەبوو [50].

- پیاوێك لە خۆراسانەوە دەیوت: لای ئێمە وادەزانن ئەحمەد لە مرۆڤ ناچێت، وادەزانن فریشتەیە، یەکێکی تر دەڵێت: سەیرکردنێکی ئەحمەد لای ئێمە بە خواپەرستییساڵێک دەچێت) [51].

بەڵکو هەندێك لەوانەی ئیبن حەنبەل پیرۆز دەکەن بێ سڵەمینەوە بە دەم پێغەمبەرەوە درۆیان هەڵبەستوە، دەڵێت (شوێن ئەوانەی پاش من بکەون، ئەحمەد کوڕی حەنبەل و کەسێکی ترە ناوەکەیم بیرچۆتەوە) [52].

ئیدی رێککەوت نییە کاتێک پەتی درۆ دەگاتە ئیمامی شافیعیش، ئێمە باسمانکرد کە شافیعی بە چ شێوەیەك ئەرکێکی ئەپستمۆلۆژی و ئایدیۆلۆژی بەجێهێنا کاتێك سوننەتی کردە سەرچاوەیەکی سەرەکی لەگەڵ قورئاندا، بەڵام ئیبن حەنبەل دامەزرێنەری سوننەیە وەک سەرچاوەییەکی پێش قورئانیش [53].

لێرەدا دەبینین هەردەبێت شافیعی بە ئەحمەد بگات، لە کاتێکدا شافیعی ساڵی (204ی کۆچی) مردوە، بەڵام ئەحمەد ساڵی (242) مردووە، تاکو هەردووکیان بتوانن بەسەر یەکتردا هەڵبدەن، بۆ نموونە لەسەر زاری ئەحمەد دەگێڕنەوە گوتویەتی (هیچ کەسێک نەیتوانیوە لەسەر سوننە بنووسێت وەك شافیعی) [54]، شافیعیش لە هەڵنانی ئەحمەددا دەڵێت (ئەوەی رقی لە ئەحمەد بێت کافرە)، ئیبن رەبیعە بە شافیعی دەڵێت: ناوی کوفری بەسەردا دەبڕێت؟ دەڵێت: بەڵێ، ئەوەی رقی لە ئەحمەد بێت نکۆڵی لە سوننەت دەکات، هەر کەسیش نکۆڵی لە سوننەت بکات نکۆڵی لە پێغەمبەر دەکات، هەرکەسیش نکۆڵی لە پێغەمبەر بکات کوفری کردوە بە خودا) [55].

لەسەر زاری (سولەیمان کوڕی ڕەبیع)ـەوە:شافیعی دەڵێت: «ئەحمەد لە هەشت سیفەتدا پێشەوایە: لە فەرمودە، فیقهـ زمان، قورئان، هەژاری، زوهد، لەخواترسی، سوننەت» [56].

لێرەدا پێوست ناکات لەسەر ئەوە ڕابوەستین کە ئیبن حەنبەل لە ستایشی شافیعیدا گوتویەتی، چونکە شافیعی پێویستی بەوە نەبووە ئەحمەد بیکاتە سەرخەری سوننەت (ناصر السنة)، بەڵام پیرۆزکردنی ئیبن حەنبەل بۆ میانگیری شافیعی ناتەواو دەبوو. ئینجا شافیعی هەرچەند سەرخەری سوننەت بوو، بەڵام لە ڕیزی حەیدسناسان حساب ناکرێت، ئەحمەدیش ستایشی کەسێک ناکات حەدیسزان نەبێت، چونکە ئەو دەڵێت: حەدیسناسەکان عەوداڵەکانی سەدەی سێیەمن [57].

بێجگە لەوە شافیعی خاوەنی کتێبە، ئەحمەدیش بەوە ناسراوە کە هەمیشە دوژمنی کتێب بووە، چونکە خەڵک دووردەخاتەوە لە فەرمودە. بەڵکو ئیبن جەوزی باسی ئەوە دەکات کە ئەحمەد و هاوڕێکانی هەمیشە ڕێگرییان لە خەڵک کردوە کە کتێبەکانی شافیعی بخوێننەوە، یان بینووسنەوە. لەسەر زاری سەلەمەوە دەگێڕێتەوە: (لە ئەحمەدیان پرسی: حەدیسناسەکان کتێبەکانی شافیعی دەنووسنەوە، ئەو وتی: من ئەوە بەباش نازانم)[58].

(عوسمان کوڕی سعید) دەڵێت: ئەحمەد پێی وتم، سەیری کتێبەکانی (ابوعەبدوڵڵا) و هەڵبەستراوەکانی ئیسحاق و سوفیان و شافیعی و مالیک مەکە بەڵکو ڕەگەکە بگرە «سوننەت»[59].

بەڵکو عەبدوڵڵای کوڕی ئەحمەد پەیوەندیی مامۆستا و قوتابیی لەنێوان شافیعی و ئەحمەددا هەڵدەگێڕێتەوە لە بەرژەوەندی ئەحمەددا، هەرچەند کاتێک شافیعی دەمرێت جارێ ئەحمەد نەیزانیوە فەرمودە چیە؟ عەبدوڵڵا دەڵێت «لای باوکم باسی شافیعی کرا، وتی: ئەوەندەی ئەو سوودی لەئێمە بینوە، ئەوەندە ئێمە سودمان لەو نەبینیوە) [60].

ئەوەی سەیرە شافیعی لە کتێبەکانی ئەحمەددا ئامادەیی هەیە، بەڵام ئەحمەد هیچ جێدەستێکی لە نووسینەکانی شافیعیدا نییە، چونکە نە لە **«الرسالة»** نە لە **«الأم»**، نە لە نووسراوەکانی تردا هیچ ناوێکی ئەحمەد نەهاتوە، هەر نەشدەبوو ناوی بێت، چونکە

ئەگەر بزانین ئەحمەد دوای 40 ساڵی دەستی کردووە بە گێڕانەوەی فەرمودە هەر لەو ساڵەشدا شافیعی کۆچی دواییکردوە، لەم بارەیەوە ئیبن جەوزی دەڵێت (ئیمام ئەحمەد تا نەگەیشتە تەمەنی چل ساڵی فەتوای نەدا و فەرمودەی نەگێڕایەوە)[61]. بێگومان نەبوونی ناوی ئیبن حەنبەل لەناو کتێبەکانی شافیعیدا ئیحراجییەکی گەورەی بۆ شوێنکەوتوانی ئیبن حەنبەل دروستکردوە، کە دەڵێن ئەحمەد بە شافیعی گەیشتوە فەرمودەشی لێوە ریوایەتکردوە، لەوانە (عبدولای کوڕی ئەحمەد) خۆی، لەبەرئەوە دەرچەیەک دەدۆزێتەوە بۆ دەربازبوون لەو ئیحراجییە، دەڵێت: هەرکاتێك شافیعی وتی:خاوەن متمانەیەک بۆی باسکردم، ئەوە مەبەستی باوکمە) [62]. بەڵام قوتابیانی دوایی شافیعی ئەو دەرچەیەش لە عەبدوڵلا دادەخەن و دەڵێن هەرکاتێک شافیعی وتی، متمانەیەك بۆی گێرامەوە ئەوە مەبەستی (یحیی کوڕی حسان) یان (ئیبراهیم نخعییە)، بەڵام ناشێت مەبەستی ئیبن حەنبەل بووبێت)[63]. لەراستیشدا یەک شاهیدی ناو کتێبی «**الأم**»ی شافیعی هەموو جەدەلێک دەبڕێنێتەوە، کە لە سێ شوێندا شافیعی دەڵێت: متمانەیەک لە موعەمەری زەهریەوە بۆی گێرامەوە)[64]، لەکاتێکدا ئەو موعەمەرە بریتیە لە موعەمەر کوڕی راشد کە ساڵی (152ی کۆچی) مردوە، ئیتر چۆن دەبێت ئەو متمانەیەی لە موعەمەر گێراوێتیەوە ئیبن حەنبەل بێت، لەکاتێکدا ئیبن حەنبەل ساڵی (164ی کۆچی) لەدایکبووە؟[65].

با بگەڕێینەوە سەر ئەو قسەیەی بە دەم شافیعییەوە دەکرێت، کە گوایە دەڵێت (ئەو کەسەی رقی لە ئەحمەد بێت کافرە)، چونکە لەم کاتەدا وەک ئەوە وایە کەسێک رقی لە پێغەمبەر بێت، دەبینین ئەم قسەیە هەر لەسەرەتاوە خۆی خۆی بەدرۆ دەخاتەوە، چونکە ناکرێت کەسێکی زانا و شارەزای وەك شافیعی وا بەئاسانی حوکمی کەسێک بە کوفر بدات تەنیا لە بەرئەوەی قینی لە کەسێکە. پاشان هەرگیز ناشێت شافیعی کەسێکی تر بخاتە ریزی پێغەمبەرەوە، تەنانەت ئەگەر ئیبن حەنبەلیش بێت.

بەهەرحاڵ ئیبن حەنبەل تەنیا کەسێکی ئاسایی بوە لە سەردەمی شافیعیدا و تاکو وەفاتی شافیعیش ئەحمەد وەک ئیمام نەناسراوە، وەک ئەوەی دوای (میحنە) ناسرا، یان ناساندیان، ئەو بەزمەش پانزە ساڵ دوای مردنی شافیعی سەریهەڵدا. لێرەوە هەڵبەستنی قسەی دووەم دەردەکەوێت کە لە زاری سولەیمان دروستکراوە، کە یەکێکە لە گەورە

قوتابیانی شافیعیە و ئەو کەسەیە کە کتێبی «**الرسالة**»ی شافیعی گێڕاوەتەوە، بەهەرحاڵ تا کاتی مردنی شافیعی، ئەحمەد نە حەدیسناس بووە نە فەتوای داوە، نەناسراویشە وەک دوایی دەناسرێت، بەڵکو تا ئەو کاتە تەنیا قوتابییەک بوە لە حەدیسناسیدا.

لەراستیدا پەوەیوندی نێوان ئیمامی سوننەت و سەرخەری سوننەت لەم ئاستەدا رانەوەستاوە، با لە دوو وێستگەی تردا رابوەستین لەم بارەیەوە.

ئیبن جەوزی لەسەر زاری شافیعیەوە ئەم حیکایەتە دەگێڕێتەوە (کاتێک چوومە لای (هارون الرشید)، وتم: کاتێک یەمەنم بەجێهێشت وێرانەیەک بوو پێویستی بە فەرمانڕەوا بوو، وتی: بزانە کێ باشە لەوانەی لای تۆ دادەنیشن تاکو بیکەینە داوەری ئەوێ، کاتێک شافیعی گەرایەوە بۆ دەرسەکانی، ئەحمەدی کوری حەنبەلی بینی کە لە هەموویان باشترە بۆ ئەو کارە، پێی وت: من لەگەڵ خەلیفەدا قسەم کردوە تا دادوەرێک بۆ یەمەن دابنێت، ئەویش فەرمانی پێکردوم کەسێک بۆ ئەوکارە دیاریبکەم، منیش تۆم دیاریکردوە، لەبەرئەوە خۆت ئامادەبکە تاکو بچین بۆ لای خەلیفە و داوەری یەمەنت بداتێ، ئەحمەد وتی: من هاتووم زانستت لێوەربگرم، کەچی تۆ فەرمانم پێدەکەیت بچم داوەری لەوانە وەربگرم؟ ئەحمەد بە رەقی قسەی لەگەڵ شافیعی کرد، شافیعیش تەریق بۆوە)[66]. دیارە لەم حیکایەتە چۆن رێزی مامۆستا دەشکێنرێت لەبەر خاتری قوتابی، ئەوەش دیارە جێدستی ئەو ململانێ مەزهەبییەیە کە لەنێوان مەزهەبەکاندا هەبوە، کە لەگەڵ پێشکەوتنی کاتدا ئەویش زیاتر تەشەنەی کردوە، بەتایبەتی لەنێوان دژە براکاندا، واتە شافیعیەکان و حەنبەلییەکان[67]. ئینجا هەر حیکایەتەکە خۆی لە شێوازی گوتنەکەیەوە دیارە هەڵبەستراوە، چونکە بەپێی حیکایەتەکە بێت شافیعی تازە گەراوەتەوە لە یەمەن، چونکە لەو کاتەدا شافیعی داوەر بوو لە نەجرانی یەمەن، ئیتر چۆن مەجلیسی وانە وتنەوەی هەبوە لە بەغداد و ئیبن حەنبەلیش یەکێک بوە لە قوتابیە کۆڵنەدەرەکانی؟ ئینجا لەو پێکگەیشتنەدا کە ساڵی (184 کۆچی) بوو، شافیعی جارێ نەبووبوو بەو شافیعییەی دوایی، چونکە لەو کاتەدا تەمەنی 34 ساڵ بووە و جارێ وای لێنەهاتبوو ببێتە ئوستاز و بەڵکو خۆی قوتابیی (محەمەد بن الحسن) بووە، ئینجا هەڵبەستن لەو سێکوچکەیەدا ئاشکرایە. هەر بەپێی حیکایەتەکە شافیعی تازە لە یەمەن گەرابۆوە و

راوێژی بۆ دەکرد، لەکاتێکدا نووسەرانی ژیاننامەی شافیعی دەڵێن: شافیعی بۆ سزادان گەڕێنرابۆوە بۆ بەغداد، دەڵێن (شافیعی لە یەمەن لە نەجران بوو، لەوێ والیەکی ستەمکار و خراپ هەبوو، شافیعی کە کرابوو بە داوەری ئەوێ رێگری لێدەکرد لە ستەمکردن، بەڵام ئەو والیە لە ژێرەوە پیلانی دادەڕشت بۆ شافیعی و لای خەلیفە چاڵی بۆ هەڵدەکەند، والی شافیعی بەوە تاوانبار دەکرد کە مەیلی بەلای شیعەدا هەیە[68]، نامەی بۆ خەلیفە ناردبوو کە نۆ کەس لە شیعە دژی خەلافەت جووڵەیان دەستپێکردوە، شافیعیش لەگەڵیاندایە، رەشیدیش ناردی ئەو نۆ کەسەیان قۆڵبەستکرد و ناردیانن بۆ بەغداد، رەشید هەر نۆ کەسەکەی کوشت، تەنیا شافیعی نەبێت توانی بە بەهێزی بەڵگەکانی دەربازی ببێت، محەمەدی کوڕی حەسەنی حەنەفیش شاهیدی بۆ شافیعی دا کە بێتاوانە»[69].

بەڵام پەیوەندی نێوان ئەحمەد و شافیعی لەم سنوورەشدا ناوەستێت، بەڵکو بۆ ئەوەی رەهەندەکانی ئەو پیرۆزکردنەی ئەحمەد تەواوبکرێت، دەبینین قوتابی دەبێتە مامۆستای مامۆستاکەی. سەرچاوە دواییەکانی حەنبەلییەکان حیکایەتێکی سەیر و سەمەرە لەسەر زاری شافیعی هەڵدەبەستن لەنێوان بینینی پێغەمبەر لە خەوندا و هەواڵ پێدانی بەوەی کە بەهەشتیە بێجگە لەوەی کە شافیعی خۆی بە بەرگی ئەحمەد پیرۆز دەکات، (ئیبن عسکر) لە «**تاریخ دمشق**»دا ئەم چیرۆکە دەگێڕێتەوە و ئیبن جەوزیش لە «مناقب أحمد»دا لێی رادەگوازێت، پاشان (ئیبن عیماد ئەلحەنبەلی)ش بەهەمان شێوە لە «شذرات الذهب»، و (سەبکی) لە «طبقات الشافعیة»، لەگەڵ کەسانی دیکەش[70].

(ئیبن عیماد)یش بەهەمان شێوە کە هەرسێکیان حەنبەلیین دەڵێن: «رەبیع کوڕی سولەیمان وتی شافیعی سەفەری کرد بۆ میسر و پێی وتم: رەبیع ئەم نامەیەی من بەرە بۆ ئەحمەد و وەڵامەکەشم بۆ بێنەوە، رەبیع دەڵێت: من چووم بۆ بەغداد و نامەکەی شافیعیم پێبوو، کە چووم بۆ لای ئەحمەد نوێژی بەیانی بوو کاتێک لە میحراب دەرچوو نامەکەم پێدا، وتم: ئەم نامەیە لە شافیعیی براتەوەیە لە میسرەوە، ئەحمەد وتی: سەیرت کردوە؟ وتم: نەخێر. نامەکەی کردەوە و خوێندیەوە چاوەکانی ئاویان لێ دەچۆرا، وتم چیبووە؟ وتی: بۆی نووسیوم کە پێغەمبەر چۆتە خەونی پێی وتوە سەلام لە ئەحمەد بکە و پێی بڵێ کە ئەو لە مەسەلەی قورئاندا تووشی تاقیکردنەوە دەبێت، بەڵام بەقسەیان نەکات،

ئینجا لە ڕۆژی قیامەتدا ئاڵایەکی لەسەر هەڵدەکرێت وتم: ئەی ئیمام ئەوە مزگێنیەکی گەورەیە، ئەویش یەکێک لە دوو کراسەکەی بەری داکەند و پێیدام، منیش وەڵامەکەم وەرگرتەوە و چوومەوە بۆ میسر نامەکەم دا بە شافیعی. وتی: چی تری پێدایت؟ وتم: کراسەکەی، شافیعی وتی: لێتناسەنم چونکە دڵت بە کراسەکە خۆشە، بەڵام کراسەکەی تەڕبکە و ئاوەکەیم بدەرێ با خۆمی پێ پیرۆز بکەم[71].

ئەوەی سەیرە ئەم حیکایەتە سەیر و سەمەرەیە لای هەندێک زانای تر بە جیدی وەرگیراوە و باوەڕیان پیکردوە، بێ ئەوەی کەس لە خۆی بپرسێت ئاخر چۆن شافیعی توانیوێتی پێشبینی فیتنەی ئەفراندنی قورئان بکات پێش ئەوەی رووبدات بە زیاتر لە بیست ساڵ، پاشان داوا بکات خۆی بە جلی ئەحمەد پیرۆزبکات لەبەرئەوەی ئەحمەد شەهیدی یەکەمی ئەو پرسە دەبێت، وەک ئەوەی ئەحمەد لە پیرۆزکراوەکان (قدیسیین) ی مەسیحی بێت، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە لای مەسیحیەکان قەدیس دوای مردن پیرۆز دەکرێت نەك لە ژیاندا [72].

ئەم سڕبوونە لە هەستی رەخنەیی زانایان وایکردوە کە حیکایەتی پیرۆزاندنی ئەحمەد بەربگرێت و بە کردارەکی پیرۆز بکرێت، بە زیادیشەوە، بێ ئەوەی کەسێك لێپرسینەوە لەم بابەتە بکات یان پێداچوونەوەیەکی بۆ بکات [73].

لە خوێندنەوەیەکی هەڵوەشاندنەوەگەراییدا بۆ مەینەتییەکانی (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل) گرنگی دەدەین بە لایەنی (سەراسیمەیی) ئەو چیرۆکە، ئەم لایەنە لەلایەن ئەوانەی باسی (مەینەتی)ی ئەحمەدیان کردوە تیشکی نەخراوەتە سەر، لەکاتێکدا ئەم لایەنە گرنگترین دەلالەتی ئاڵۆزی ئەو مەسەلەیە دەگەیێنێت، وەک ئەوەی ئەهلی حەدیس گێڕاویانەتەوە، ئەوان لێرەدا زێدەڕۆیی زۆتریان کردوە و تا ئاستی خەیاڵ و پێوەنان و هەڵبەستن ڕۆیشتون.

یەکەم شتێک دەبێت لێرەدا بیکەین ئەوەیە جیاوازی بکەین لەنیوان مەینەتیی (ئیبن حەنبەل) و پرسی ئەفراندنی قورئاندا، لێرەدا ڕێگە بەخۆمان دەدەین قسەیەکی ڤۆڵتێر[74] باسبکەین بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم سیاقەدا بگونجێت و دەڵێین: ئەگەر مەسەلەی ئەفراندنی قورئان هەر ئەسڵی نەبوایە ئەوە دەبوو هەر دروستبکرێت، چونکە ئەو مەسەلەیە بووە

بەردی بناغەی  دروستکردنی چیرۆکی ئیبن حەنبەل، وەک یەکەم قوربانیی ئەم مەسەلەیە. قسەیەک کە دوو شاهیدحاڵی سەردەمی ئەحمەد کردویانە لەم شوێنەدا مانایەکی گەورەی هەیە، واتە ئەبوزەرعەی ڕازی و خەتیبی بەغدادی، کە هەردووکیان هەواداری ئەحمەد بوون، یەکەمیان دەڵێت (هەمیشە گوێم لە خەڵک بووە باسی ئەحمەدیان بە باشە کردوە، بەڵام ئەو باسەی پێش مەینەتییەکەی بووە، بەڵام پاش ئەوە ناوی ئەحمەد هەموو دونیای گرتەوە)[75]. هەروەها خەتیبی بەغدادی دەڵێت (ئەو کاتەی ئەحمەد بەر قامچی درا، ئیدی گەیشتە پلەی پیاوە پیرۆزەکان)[76].

ئینجا لەبەرئەوەی فیتنەی ئەفراندنی قورئان ئیبن حەنبەل دەکاتە پاڵەوانی ئیمان، بۆیە یەکەم موعجیزەکانی لەگەڵ سەرهەڵدانی فیتنەدا دەستپێدەکات، (ابو نعيم الاصفهاني) دەگێڕێتەوە (کاتێک ئەحمەد رادەکێشرێت بۆ ئەوەی قامچی لێبدرێت و جلەکانی لەبەر دادەکەنرێت تەنیا شەرواڵەکەی لە پێدا دەمێنێت، کاتێک لێیاندەدا بەندەخوێنی شەرواڵەکەی کرایەوە، لەو کاتەدا ئەحمەد هەندێک شتی لەبەر خۆیەوە وت، لەو کاتەدا دوو دەستم بینی لە ژێر شەڕواڵەکەیەوە هاتەدەر و بەندەخوێنەکەی توندکردەوە، کە لێدان تەواوبوو پێم وت: ئەوە وتت چی کە شەرواڵەکەت کرایەوە؟ وتی: وتم ئەی ئەو کەسەی تەنیا خۆی دەزانێ تەختەکەی لە کوێیە، ئەگەر من لەسەر راستیم مەهێڵە عەورەتم دەربکەوێت) [77].

ئەم حیکایەتە بەجۆرەها شێوە و لە چەندین ڕێگەوە باسکراوە بەیهەقی لە «**مناقب الامام ئەحمەد**» باسیکردوە، حیکایەتێکی تری لەسەر زاری (ابو العوام الرياحي) بەهەمان شێوە گێڕاوەتەوە [78].

بەهەمان شێوە ئیبن جەوزی هەمان حیکایەتی گێراوەتەوە، بەڵام لەسەر زاری کەسێکی تر وەک دەرهێنانێکی سینەمایی دەڵێت (مەیمون کوڕی ئەسبەغ دەڵێت: لە بەغداد بووم هات و هاوارێکم بیست، وتم ئەوە چیە؟ وتیان: ئەحمەد کوڕی حەنبەلە ئەشکەنجە دەدرێت، هاتمەوە ماڵەوە هەندێک پارەم لەگەڵ خۆم برد و کردیانمە ژووورەوە، کاتێک چوومە ژوورەوە بینیم شمشێرەکان هەڵکێشراون، رم چەقێنراون و قامچیەکان ئامادەکراون، ئینجا کڵاوێکی ڕەشیان کردەسەرم و پشتێن و شمشێریان دامێ، وەستانیانم

تا گوێم لە قسەکان بێت، ئینجا (امیر المؤمنین) هات و لەسەر کورسی دانیشت [79] وتی: سوێند بە نزیکیم لە پێغەمبەرەوە بە قامچی لێتدەدەم، یان ئەوە دەڵێیت کە من دەیڵێم، پاشان ئاوڕی دایەوە بۆ جەللادەکە و وتی بیبەن، ئەویش بردی، لەگەڵ یەکەم قامچیدا وتی: بەناوی خودا. دوەم قامچی وتی: «لاحول ولا قوة الا بالله»، سێیەم وتی: قورئان دروستکراو نییە، چوارەم قامچی وتی: «قل لن یصیبنا الا ماکتب الله لنا»، بەو جۆرە 29 قامچی لێدرا، لەوکاتەدا بەندەخوێنی شەڕواڵەکەی پسا، شەرواڵەکەی گەیشتە سەر بەری، وتم: ئێستا ئابرووی دەچێت، ئەحمەد سەیری ئاسمانی کرد و لێوەکانی بزواند، خەریکبوو شەرواڵەکەی بکەوێت، بەڵام دانەکەوت. پاش حەوت رۆژ چووم بۆ لای پێم وت: ئەو رۆژەی لێیان دایت من لەوێ بووم کاتێک شەڕواڵەکەت کرایەوە لێوەکانت جووڵاند وتت چی؟ وتی: وتم خودایە بەناوی خۆت کە عەرشی پڕکردوە داوات لێدەکەم ئەگەر دەزانیت من راستم عەیبم دەرمەخە) [80]. ئیبن جەوزی جارێکی تر هەمان حیکایەت دێنێتەوە، بەڵام لەسەر زاری (ئەحمەد بن الفرج) کە لە کتێبی «الحلیە»دا ناوی هاتووە. دەڵێت (کاتێک ئەحمەد دارکاری کرا من لەوێبووم، (ابو الدن) حەڤدە قامچی لێدا، لەو کاتەدا خوێن بەسەر شانیدا دەهاتە خوار. شەرواڵی لەپێدابوو بەندەخوێنەکەی پسا، لەو کاتەدا بینیم لێوەکانی دەبزواند، ئیدی شەڕواڵەکەی وەک خۆی لێهاتەوە، کە لەو بارەیەوە لێم پرسی وتی، وتم: خودای من سەروەری من، خۆت منت خستۆتە ئەم شوێنەوە، کەچی لەبەرچاوی خەڵک حەیام دەبەیت، ئیتر شەرواڵەکە وەک خۆی لێهاتەوە) [81].

ئەگەر زەهەبی ئەم حیکایەتانە دینێت و بە خورافەتی بێتام ناوزەدیان دەکات، کەواتە ئێمەش بۆمان هەیە باسی **بێمانایی ئەپستمۆلۆژی** بکەین.

سووربوونی حیکایەتخوانەکان لە پێکەوە گرێدانەوەی مەسەلەی ئەفراندنی قورئان لەگەڵ شەرواڵەکەی ئیمام ئەحمەد ئەو مەسەلەیەی لە رەهەندە تیۆلۆژییەکەی داڕنیوە و کردویەتیە مەسەلەیەکی عەوامگەرایی و هیچ رەهەندێکی باڵایی (متعالي) نەهێشتۆتەوە وەک لە قورئاندا هەیە، بەتایبەتی لە قورئانی مەککەدا، چونکە هۆشیاریی ئایینی لای جەماوەر وەک ئەوەی حەدیسناسەکان لە ناو خەڵکدا پەخشیانکردوە، هۆشیاریەکی سادە و رووکەش و بێ پێزە، لە رەهەندی قووڵی میتافیزیکی داڕنراوە[82].

بێگومان ئەو هۆشیاریە ئایینییە رووکەشە کە دواجار دەبێتە تاکە وشیاری ئایینی، بەتایبەت پاش سەدەی پانزەهەم **لە سەردەمێکدا کە تەنیا هۆشیاریی ئایینی هەبوو ئەکتیڤ و چالاک بێت لە هۆشیاری مرۆڤایەتیدا بەگشتی** دەورێکی گەورەی بینیوە «پاش دوو بۆ سێ سەدەی زێڕین» بۆ ئەوەی دونیای ئیسلام بەرەو داکەوتن بڕوات.

بەهەرحاڵ، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو هەموو حیکایەتە سەیر و سەمەرانەی تەنراون بە دەوری بەندەخوێنەکەی ئەحمەددا، پرسیارە گرنگەکە لێرەدایە، ئایا بەراست ئیمام ئەحمەد تووشی ئەشکەنجەدان بوە؟ بەو مانایە کە وا گەورەی بکات و بیخاتە ریزی پیاوچاکان و شەهیدان و قەدیسەکانەوە، واتە ئەشکەنجەیەکی وا درابێت کە هیچ کەس بەرگەی نەگرێت مەگەر ئەو پیاوانەی خودا؟ واتە مرۆڤی ئاسایی بەرگەی ناگرێت؟

با لێرەدا ئەوەی هەیە لەبارەی فیتنەکەی ئیبن حەنبەلەوە بیخەینەروو سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا و ئازاردان و زیندانیکردنی تاکو دانپێدانانێکی لێوەربگرن سەبارەت بە ئەفراندنی قورئان؟

ئاشکرایە مەئموون کاتێک داوای لێکۆڵینەوە لە ئەحمەد و ئەوانی تر کرد لە ساڵی (218 ز)، خۆی بەڕێوەبوو بۆ جەنگ لەگەڵ رۆمدا. ئەو داوایەش لە دوو نامەدا دەردەکەوێت کە ناردویەتی بۆ کاربەدەستەکەی لە بەغداد، کە تیایدا داوادەکات هەندێك لە حەدیسناسەکان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێت لەبارەی عەقیدەی ئەفراندنی قورئانەوە، ئینجا پاش ئەوە ئەوانەی (وەڵام نادەنەوە) بیاننێرێت بۆ سەربازگەکەی لە «طرسوس»، یەکێک لەوانەی جوان وەڵامی نەدایەوە ئەحمەد کوڕی حەنبەل بوو، کە رازینەبوو بڵێت قورئان ئەفرێنراوە یان نا؟ ئەو دەیوت (قورئان کەلامی خودایە و لەوە زیاتر ناڵێم)، ئیتر کاربەدەستی بەغداد (ئیسحاق کوڕی ابراهیم) کەلەپچەی کردە دەستی ئەحمەد و محەمەد کوڕی نوح و ناردنی بۆ تەرسوس بۆ لای مەئموون، (تاکو لای خەلیفە بمێننەوە تا ئەو کاتەی دەرئەچێت بۆ غەزای رۆم، بەڵام کاتێک گەیشتنە رەققە هەواڵی مردنی خەلیفە هات، لەبەرئەوە ئەمری کرد بە والی رەققە کە بیانگێڕێتەوە بۆ بەغداد، کاتێکیش گەڕانەوە بۆ بەغداد والی بەغداد بۆ ماوەیەك لە ماڵەکانی خۆیاندا دەستبەسەریکردن پاشان ئازادیکردن) [83].

لێرەدا ئیتر حیکایەتی ئەشکەنجەدانی ئەحمەد لەلایەن خەلیفەوە کۆتایی پێدێت، وەک تەبەری ریوایەتی دەکات، بەڵام لێرەوە بەشێکی تر دەست پێدەکات، ئەمجارەیان بە ریوایەتی (ابو نعیم) و (ئیبن جەوزی) و (سوبکی) و کەسانی تر ئەوانیش هەموو حیکایەتەکانیان لە (سالحی کوڕی ئەحمەد)ـەوە وەرگرتوە، بە گوێرەی حیکایەتەکانی (سالح کوڕی ئەحمەد بن حنبل)، داستانەکە بەم شێوەیەی لێدێت: ئەحمەد پاش وەفاتی مەئموون دەگەڕێنرێتەوە بۆ بەغداد، ئینجا (خانوویەکی بۆ ئامادە دەکەن لەوێشەوە دەیگوێزنەوە بۆ زیندانی «موصلیة» دوای ئەوە ساڵح کوڕی ئیمام ئەحمەد حیکایەتەکە بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە: «باوکم وتی: شەوی حەڤدەی رەمەزان گوازرامەوە بۆ ماڵی ئیسحاق کوڕی ئیبراهیم و کەلەپچەم لەدەستدا بوو، هەموو رۆژێک دوو کەس دەهاتن بۆ لام، ئەوانیش ئەحمەد کوڕی رەباح و ئەبو شەعیب حەجاج بوون، ئەوان موناقەشیان لەگەڵ دەکردم، بەم شێوەیە سێ رۆژم بەسەر برد... دوای ئەوە موعتەسەم -خەلیفەی تازە- فەرمانیکردبوو بگوێزرێینەوە بۆ لای خۆی، ئیبراهیم هات بۆ لام پێی وتم: ئەحمەد بەخودا ئەمجارەیان مەسەلەکە گیانتە، خەلیفە سوێندی خواردوە کە بە شمشێر ناتکوژێت، بەڵکو هەر رۆژەی بە لێدانی یەک دوای یەک دەتکوژێت»[84]. دوای ئەوە ئەحمەد دەنێرێت بۆ لای خەلیفە، کاتێک دەیبەنە ژوورەوە، ئیبن ئەبی داودیش لەوێ دەبێت، موعتەسەم پێی وت: ئەگەر نەمبینیتایە بەدەست خەلیفەی پێش خۆمەوە ئەوە رێگریم لێنەدەکردیت، ئینجا روویکردە (عبدالرحمن کوڕی ئیسحاق)[85] و پێی وت: ئایا من پێم نەوتن واز لەم فیتنەیە بێنن؟ ئینجا وتی: ببینم موناقەشە بکەن لە گەڵیدا بابزانین، بەڵام ئیبن حەنبەل تەنیا ئەوەندی دەووت «قورئان کەلامی خودایە» رۆژی دووەم کە موناقەشە دەستیپێکردەوە، هەرکاتێک ئەوان قسەیەکیان بێنایە گەر ئایەت و فەرمودە نەبوایە ئەحمەد دەیووت من ئەو شتانە نازانم، رۆژی سێیەم دیسان ئەحمەدیان بە دەستبەستراوی هێنایەوە موناقەش دەستیپێکردەوە. با لێرەدا لێگەڕێین حیکایەتەکە لە سەر زاری ئەحمەدەوە کە دروستکراوە باس بکەین، دەڵێت: (ئیبن ئەبی داود هات بۆ لام پێی وتم: خەلیفە سوێندی خواردوە دارکاریت بکات و لە شوێنێکدا زیندانیت بکات کە رۆژی تێدا نەبینیت، وتم: ئەی چیبکەم باشە؟ تا خەریک بوو رۆژ دەبۆوە وتم ئەمڕۆ شتێك روودەدات، **منیش کەلەپچەکانم توندکرد بە**

**بەندەخوێنی شەرواڵەکەم، پاشان کە چوومە ژوور داوای پەتێکم کرد تا کەلەپچەکانی پێ توند بکەم پاشان بەندەخوێنەکەم خستەوە ناو شەرواڵەکەم لە ترسی ئەوەی نەوەک شەرواڵەکەم بکەوێت ورووت ببمەوە**[86]. کاتێک برامە ژوورەوە خەڵکانێکی زۆر لەوێ بوون، شمشێر و قامچی و چەکی تریان پێبوو، ماڵەکە پڕبوو لە سەرباز کە لەوەو پێش وانەبوو، تا چوومە لای خەلیفە، وتی موناقەشەی لەگەڵ بکەن، قسەی زۆر بە نێوانماندا چوو، کاتێک قسەکان درێژەیان کێشا خەلیفە بێزاربوو وتی: نەفرەتت لێ بێت، ببەن جلەکانی لەبەر دابکەنن، ئەوانیش رایانکێشام و جلیان لەبەرداکەندم. ئینجا وتی: تەختەی دەست و قاچ بێنن[87] لەگەڵ قامچیدا، ئەوانەیشیان هێنا[88]، ئینجا بە جەللادەکانی وت: وەرنە پێش، سەیری قامچیەکانی کرد وتی قامچی تر بێنن، ئینجا بە یەکێکیانی وت: خوا دەستت ببڕێتەوە، قایم لێدە با ئازاری پێبگات، ئەویان دوو قامچی لێدام و لاچوو، ئینجا یەکێکی تر هات، ئەویش دوو قامچی لێدام و ئەویش لاچوو، ئینجا خەلیفە خۆی هاتە لام وتی: دەتەوێت خۆت بکوژیت؟ ! گەرایەوە سەر کورسیەکەی و بە جەللادەکەی وت: قایم لێدە با ئازاری بگات، بەو شێوەیە جەللاد دوای جەللاد دەهاتن و لێیان دەدام)، ساڵح حیکایەتەکەی بەوە کۆتایی پێدێنێت (پاش ئەوەی لە هۆش خۆم چوو بووم لە ژوورێک دایاننابووم و کەلەپچەکان کرابوونەوە، ئینجا هێنایانمەوە بۆ ماڵی ئیسحاق لەوێ نوێژی نیوەڕۆمان کرد)[89].

لێرەدا خاوەنی کتێبی «الحلیة» رادەوەستێت ئیتر ئەوە باس ناکات کە لەو رۆژەدا ئیبن حەنبەل ئازادکراوە، بەڵکو موعتەسەم خەڵاتیشی داوەتێ، لە ریوایەتێکیشدا دەڵێت سزای ئەوانەشی داوە کە ئەشکەنجەیان داوە)[90]. ئێستا ئەمە پرسیارەکەیە ئەحمەد لەو رۆژەدا چەند قامچیی خواردوە؟ مسعودی لە «**مروج الذهب**»دا دەڵێت 38 قامچی خواردوە [91]، ئیبن جەوزی دەڵێت (36 قامچیی خواردوە)[92]. (جاحظ) بە هەمان شێوە لە دەوری سی قامچیدا باسدەکات، قامچیەکانیش ئازاربەخش نەبوون، چونکە نەرم بوون، بەڵکو ریوایەتێکی تر هەیە لە حنبل کوڕی ئیسحاق دەڵێت (موعتەسەم بە ئیبن ئەبی داوودی وت چەند قامچی خوارد؟ دەڵێت: سی تا چل قامچی) [93]. سەفەدی لە «**الوافي بالوافيات**» هەمان ژمارە دەهێنێت [94].

هەرچەند ئەم ژمارەی 30 قامچیە لە زۆربەی نووسراوەکاندا باسکراوە[95] کەچی دەبینین دەزگای پڕوپاگەندەی حەنبەلی لە دواییدا ئەم ژمارەیە 10 قات زیاتر دەکەن و ژمارەی جەللادەکان دەگەیننە زیاتر لە 150 جەللاد، (ئیبن عەساکر) لەسەر زاری ئەبوبەکری شارەزووریەوە دەگێڕێتەوە، (ئەبو زەرم لە شارەزوور بینی، کە لەگەڵ والیەکەیدا هاتبوو، ئەو یەکێک بوو لەوانەی لە ئەحمەد دابوو، وتی: ئەو شەوە بانگ کراین، ئێمە سەد و پەنجا کەس بووین، کاتێک فەرمانمان پێکرا لێیبدەین، ئێمە بەلایدا تێدەپەڕیین و لێمان دەدا، بەم شێوەیە بەدوای یەکدا لێمان دەدا) [96].

سەرەرای زیادەڕەوی لە ژمارەی قامچی و جەللادەکاندا، دیسان زیادەڕەوی لە ئازارەکەشدا دەکرێت، دەڵێن کەسێک هات چارەسەری ئەحمەد بکات، دوای لێدانەکەی، ئەو وتی: من خەڵکم بینیوە هەزار قامچیی خواردوە، بەڵام لێدانی وام نەدیوە)[97]. هەروەک لەسەر زاری جەلادێکی تۆبەکارەوە دەگێڕنەوە گوتویەتی: هەشتا قامچیم لە ئەحمەد داوە ئەگەر لە حوشترێکم بدایە ورگیم کون دەکرد) [98].

لەراستیدا ئەو زیادەڕۆییە لە رووبەکەوە پێوستیش بوو، ئەگەر ئەحمەد 36 قامچی لێدرابێت ئەوە هەستیاری مرۆڤ لەم سەردەمەدا بەلایەوە زۆر دەبێت، بەڵکو بەرامبەر هەموو جۆرێک لە ئەشکەنجەی جەستەیی هەستیار دەبێت، بەڵام لە سەردەمی ئیبن حەنبەلدا و لە کولتووری سەردەمی کۆندا بەگشتی ئەو لێدانەی ئەحمەد هێشتا کەمترە لەنیوەی ئەو قامچیانەی لە مەیخۆرێک دەدرێت. کە سزاکەی هەشتا قامچییە. بەڵکو لێدانەکەی ئیبن حەنبەل بەنیسبەت هەندێک زانای ترەوە هەر زۆر سووکە، بۆ نموونە (حەجاج چوارسەد قامچی لە عبدالرحمن کوڕ ابو لیله دەدات، عبدالملک کوڕی مەروان سەد قامچی لە سعید کوڕی موسەیەب دەدات، ئومەویەکان پێنج سەد قامچی لە ابوعمرو کوڕی علاء دەدەن، یەزید الضبي دیسان حەجاج چوارسەد قامچی لێدەدات) [99]. بێجگە لەمانەش مالیک کوڕی ئەنس دەڵێن منصور حەفتا یان نەوەد قامچی لێداوە.

بەڵکو ئەشکەنجەی ئەحمەد ئەگەر راستیش بێت -دوایی دەبینین کە راست نییە- لەچاو ئەوانی تر- هەر بەراورد ناکرێت، بۆنموونە نەعیم کوڕی حەماد و (ئەبو یعقوب البویطي) لە میسرەوە بە قۆڵبەستراوی هێنران بۆ بەغداد (224ک). کاتێک هیچ وەڵامی

خەلیفەیان نەدایەوە زیندانیکران و لە زیندان مانەوە تاکو مردن، یەکەمیان ساڵی 229 مرد، دووەمیان ساڵی 231 لە زینداندا مرد. تەنانەت دەووترێت کە نەعیم مرد (هەر بە بەرگی خۆیەوە رایانکێشا و فڕێیان دایە ناو چاڵێکەوە نە کفن کرا و نە نوێژی لەسەر کرا)، ئینجا (ئەحمەد کوڕی نصر خوزاعی) پاش ئەوەی کوژرا لە خاچیش درا و پارچە پارچە کرا، سەری لە بەغداد هەڵواسرا و لاشەکەشی لە سامەرا بۆ ماوەی شەش ساڵ مایەوە ئینجا متوەکیل فەرمانیکرد لاشەکەی دابگرن. تەنانەت ئیبن جەوزی بەشێک لە کتێبەکەی تەرخان دەکات بۆ ئەو قوربانیانە لەوانەی وەڵامیان نەداوەتەوە، ئەو دوا بڕگەیەی لەم بەشەدا دەینووسێت گرنگە باسی بکەین (ئەمانەی باسمان کردن هەموویان کە لەسەر رای خۆیان سوربوون، هەندێکیان زیندانیکراون هەندێکیان فەرامۆشکراون و کەس باسیان نەکات، بەڵام زیاتر باسی ئەحمەد دەکرێت لەبەر گەورەیی ئەحمەد) [100].

لەم جێڕەوتە ئەفسونیەدا کە بۆ ئەحمەد تەنراوە، دەبێت ئەو موعجیزانە تێبگەین کە دەدرێنە پاڵی، نەك تەنیا لەکاتی مەینەتیەکەیدا، بەڵکو لە دواییشدا و پاش مردنیشی، کەچی قوربانیەکانی تری ئەم فیتنەیە هیچ موعجیزەیەک نادرێتە پاڵیان[101]، لە ڕۆژەکانی مەینەتی ئەحمەددا چەندین موعجیزە روودەدات وەک ئەوەی (ئیبن عەساکر) دەگێڕێتەوە لە ئەبادان لەو رۆژەدا زەوی توشی لەرزین هات، وەک نارەزایی دەربڕین لە ئازاردانی ئەحمەد[102]، لە مەککەش هەواڵی لێدانەکەی بە تەلەگرافی ئاسمانی گەیشتبوو، مەخزومی دەڵێت (لە مەککە تەوافم دەکرد، لەگەڵ ئیبن مەنسور، دەنگێك لە دوامەوە دەیووت: ئەمڕۆ ئەحمەد لێیدراوە، دەڵێت: دوایی هەواڵ هات کە ئەحمەد لەو رۆژەدا لێیدراوە) [103].

دوای مەینەتیەکەش زنجیرەی موعجیزەکانی ئەحمەد هەر بەردەوام بوون، هەرچەند ناونراون کەرامات، یەکەم موعجیزە بریتیە لە **ژنە ئیفلیجەکە.** ئەسفەهانی دەگێڕێتەوە هەروەها (ئیبن عساکر) و (ئیبن جەوزی)ش دەیگێڕنەوە کە (عەلی بن هرارە) گوتویەتی: دایکم بۆ ماوەی بیست ساڵ ئیفلیج بوو. رۆژێک پێی وتم: بڕۆ بۆ لای ئەحمەد داوای لێبکە نزام بۆ بکات، منیش چووم بۆ لای ئەحمەد لەدەرگامدا، ئەو لەدالانەکەیدا بوو، نەیکردەوە وتی: کێیە؟ وتم: من کەسێکی خەڵکی ئەو لایەم، دایکم دەمێکە ئیفلیجە داوای لێکردم کە

پێت بڵێم نزای بۆ بکەیت، وتی: ئێمە زیاتر پێویستمان پێیە کە ئەو نزامان بۆ بکات، ئیتر من گەڕامەوە، لەو کاتەدا پیرەژنێک لەماڵەکەی ئەحمەد هاتە دەرەوە، وتی: تۆ بوویت قسەت لەگەڵ ئەحمەد کرد؟ وتم: بەڵێ. وتی: کە بەجێمهێشت نزای بۆ دایکت دەکرد، وتی: یەکسەر گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، لەدەرگامدا، بینیم دایکم هات بە پێی خۆی دەڕۆیشت و دەرگاکەی بۆ کردمەوە، وتی: خوا شیفای بۆ ناردم) [104].

نموونەیەکیتر لەو موعجیزانەی ئیبن جەوزی دەیگێڕێتەوە (ئەبوتالیب دەڵێت: ڕۆژێک چووم بۆ لای ئەحمەد، ئەو شتی پێ دەووتم منیش دەمنوسیەوە، لەو کاتەدا خامەکەم شکا، ئەو خامەیەکی تری پێدام و پێم دەنووسی، دوایی خامەکەم هەڵگرت و هێنام بۆ لای ئەبو عەلی جەعفەری، وتم: ئەمە قەڵەمی ئەحمەدە، ئەویش بە خزمەتکارەکەی وت: ئەو قەڵەمەی ئەحمەد بەرە و بیخەرە سەر ئەو دار خورمایە بەڵکو بەربگرێت، ئەویش قەڵەمەکەی خستە سەر دار خورماکە و بەریگرت) [105].

موعجیزەیەکی تر، ئەمجارەیان کچەکەی ئەحمەد (فاتیمە) دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: (لە ماڵی ساڵحی برام ئاگرکەوتەوە، ئەو ژنی لە ماڵێکی دەوڵەمەند هێنابوو، لەبەرئەوە جیازییەکەیان زیاتر لە چوار هەزار دینار بوو، ئاگر هەمووی سووتاند، کەچی ساڵح دەیووت خەمی هیچم نییە تەنیا ئەوە نەبێت کراسێکی باوکم لابوو کە نوێژی تێدا دەکرد، منیش بۆ پیرۆزی هەڵمگرتبوو نوێژم تێدا دەکرد[106] وتی: پاش کوژانەوەی ئاگرەکە بینیمان ئەو جێگەیەی کراسەکەی لێبوو هەمووی سووتابوو تەنیا کراسەکەی باوکم نەبێت سەلامەت بوو). ئیبن جەوزی شتێکی تر لێرەدا زیاد دەکات (منیش لە دادوەری یەکەمی (عەلی بن الحسین) بیستوومە: کە ئاگرەکە لە ماڵی ئەواندا کەوتۆتەوە هەموو ماڵەکە سووتاوە تەنیا کتێبێک نەبێت کە هەندێک شتی بە دەستنووسی ئەحمەد تیا نووسرابوو، منیش دەڵێم: کاتێک لافاو لە بەغداد هەستا لە ساڵی (154ک) هەموو کتێبەکانم نقومم بوون تەنیا کتێبێك نەبێت کە دوو کاغەزی تێدابوو بە دەستنووسی ئەحمەد نووسرابوون) [107].

ئیبن جەوزی لەوەش زیاتر مل دەنێت و دەگاتە ئەوە بابەتێک بنووسێت لەسەر (کاریگەری مردنی ئەحمەد لەسەر جنۆکە)، دەڵێت «پێمگەیشتوە لە (ابو زرع)ـەوە، وتی: لای ئێمە لە خۆراسان دەیانووت چل ڕۆژ پێش مردنی ئەحمەد جنۆکە تەعزێیان بۆ گرتووە).

هەر لەو سیاقەدا ریوایەتێکی تر لە ئەحمەد کوڕی محەمەد دێنێت (من لە دەریادا بووم لە سیندەوە دەهاتمەوە، شەو لە خەو هەستام گوێم لێبوو لە ناو دەریاوە یەکێك دەیووت: پیاوچاک ئەحمەد کوڕی حەنبەل مرد، منیش بەوانەی لەگەڵمبوون پێم وتن: ئەوە کێ بوو؟ وتی: ئەوە پیاو چاکێک بوو لە جنۆکە). لەسەر زاری ئەبوبەکری میزوەریشەوە: (یەکێک لە تەرسوس پێیوتم: من خەڵکی یەمەنم، کچێکم هەبوو جنۆکەی تێچووبوو، کەسێکی شارەزام هێنا جنۆکەکەی لێدەرکرد، بەمەرجێک نەگەڕێتەوە، بەڵام پاش ساڵێک گەرایەوە، وتم: بۆ گەرایتەوە، تۆ بەڵێنت نەدا نەگەڕێیتەوە؟ وتی: با، بەڵام ئەمرۆ کەسێک لە عیراق مردوە، ناوی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلە، لەبەرئەوە هەموو جنۆکەکان چوون بۆ نوێژکردن لەسەری تەنیا خراپەکان نەبێت، منیش لە خراپەکانیانم) [108].

هەر لەو سەیر و سەمەرانە کە تەنانەت واقعیش تەزویر دەکەن عەبدوڵڵا کوڕی ئەحمەد دەڵێت (باوکم بە پیادە پێنج حەجیکردوە دوانیش بە سواریی) [109].

هەروەها وەرکانی دەگێڕێتەوە (کاتێک ئەحمەد مرد گریان و ماتەم لەناو موسوڵمان و جوولەکە و گاور و ئاگرپەرست بەرزبۆوە، هەر لەو رۆژەدا بیست هەزار کەس گاور و جولەکە و ئاگرپەرست موسوڵمان بوون) [110].

ئەو تەزویرکارییە تەنانەت گەیشتۆتە کەلەپووری پێغەمبەریش، لەبەرئەوەی ئەحمەد لە هەینیدا مردوە، ئەو فەرمودەیەیان بە دەم پێغەمبەرەوە هەڵبەستوە (هەر موسوڵمانێك لە رۆژی هەینیدا بمرێت خودا لە عەزابی ناو گۆڕ دەیپارێزێت)، هەروەها عەبدوڵڵای کوری ئەحمەد دەگێڕێتەوە، ئەو لەگەنەی باوکم نانی تێدا دەخوارد لەگەنی پێغەمبەربوو. هەروەها سێ تاڵەمووی پێغەمبەری لابوو، کە کوڕانی (فضل بن الربیع) پێیاندابوو کاتێك لە زینداندا بوو، لەبەرئەوە وەسێتی کردبوو لە کاتی ناشتنیدا دوانی بخەنە سەرچاوی و یەکێکیشیان بخەنە سەر زمانی) [111].

ئەم توانا گەورەیە بۆ هەڵبەستنی موعجیزە بەرامبەر توانایەکی گەورەی باوەڕکردن بە هەر هەڵبەستراوێك، ناچارمان دەکات دۆسیەی ئەشکەنجەدانی ئیبن حەنبەل بخەینەوە بەرباس و لێکۆڵینەوە، بەڵام ئەمجارە دەپرسین: ئایا بەراستی ئیبن حەنبەل خۆی گرتوە لەبەردەم ئەو هەموو مەینەتیەدا و وەڵامی نەداونەتەوە، تەنانەت ئەگەر

ئەو وەڵامنەدانەوەیە ببێتە هۆی زیندان و ئەشکەنجەدانیشی، بەشێوەیەک کە ئیتر خۆی ئامادەکردبێت بۆ شەهیدبوون؟

یەکەم دیکۆمێنتێک لەو بارەوە کە لەبەردەستماندایە دیکۆمێتنێکی پاسیڤە، یان بێدەنگە، گەورە مێژوونووسی ئیسلام تەبەری کە هەر ئەوە نامەگۆڕینەوەی نێوان مەئموون و والی بەغدادی بۆ پاراستووین، گرنگترین بەڵگەنامەکانی سەردەمی مەینەتیەکانی ئیبن حەنبەلیشن، دەڵێین ئەو تەبەریە هیچ ئاماژەیەکی نەکردوە بە ئازارەکانی ئیبن حەنبەل و زیندانیکردن و ئەشکەنجەدانی، هەرچەندە لە سەرچاوەکانی ترەوە، وا پیشان دەدرێت کە مەینەتیەکانی ئەحمەد گەورەترین رووداوە مێژوویەکانی ئەو سەردەمە بووە، لە راستیشدا لە نامەکانی نێوان والی بەغداد و مەئمووندا تەنیا یەک جار ناوی ئیبن حەنبەل هاتوە، ئەویش بەم شێوەیە ناوی دەبات (ئەحمەد کوڕی حەنبەل و ئەوەی لەبارەی ئەوەوە نووسیوتە، پێی بڵێ کە خەلیفە لە مەبەستەکەی ئەحمەد گەیشتوە، هەر بەهۆی ئەو نامەیەشەوە نەفامی و دەردی ئەحمەد بۆ دەرکەوتوە) [112].

دەبێت ئەو نامەیەی ئەحمەد چی تێدا بووبیت؟ تەبەری دەگێڕێتەوە (کاتێک سەرەی ئیبن حەنبەل هات بەو لێکۆڵینەوە لەلایەن والی بەغدادەوە، والی لێی پرسی: سەبارەت بە ئەفراندنی قورئان چی دەڵێیت؟ وتی: کەلامی خودایە. وتی: ئایا ئەفرێندراوە؟ وتی: دەڵێم کەلامی خودایە و لەوە زیاتر ناڵێم) [113].

دەبینین ئەو وەڵامە زیرەکی و هەڵاتنیشی لەیەک کاتدا لە خۆی گرتوە، لەو وەڵامەدا ئیبن حەنبەل تەنیا دەڵێت قورئان کەلامی خودایە و هیچی تر ناڵێت و نکۆڵی لە ئەفراندنی قورئان ناکات و تەئکیدیشی ناکاتەوە، هەر ئەوەشە کە مەئموون بە والیەکەی دەڵێت (بە ئەحمەد بڵێ خەلیفە لە ناوەرۆکی نامەکەی تێدەگات و دەزانێت رێگەکەی چۆنە)، وا دیارە وەڵامەکەی ئیبن حەنبەل ئەنجامی باشی هەبوە، بۆیە خەلیفە داوای تەوبەی لێناکات وەک ئەوەی داوای لە (بشر بن الولید) کرد لەوانەی بە راشکاوی وتیان قورئان ئافرێندراو نییە، چونکە لە وەڵامەکەی مەئمووندا هاتوە (داوای تەوبە لە بشر بکە، ئەگەر تەوبەیکرد تەوبەکەی بڵاوبکەرەوە و وازی لێبێنە، ئەگەر سور بوو لەسەر قسەی خۆی و کوفری کرد و وتی قورئان ئەفرێنراو نییە، لە ملی بدە و سەری بنێرە بۆ خەلیفە) [114].

راستە لەناو هەموو ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراوە تەنیا ئیبن حەنبەل و محەمەد کوڕی نوح وەڵامیان نەداوەتەوە، ئەوەش وایکرد والی فەرمان بکات بە کەلەپچە کردنیان و ڕەوانەکردنیان بۆ تەرسوس بۆ لای سەربازگەکەی خەلیفە، بەڵام پاش ئەوە دەڵێت، دوای نامەکەی خەلیفە هەموو ئەوانەی نارد کە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵکرابوو - کە ژمارەیان بیست و دوو کەس بووە تەبەری ناوەکانیان دەهێنیت- تاکو لە تەرسوس بمێننەوە تا ئەو کاتەی خەلیفە دەردەچێت بۆ وڵاتی ڕۆم)، بەڵام کاتێک گەیشتنە ڕەققە هەواڵی مەرگی خەلیفەیان پێگەیشت، لەبەرئەوە والی بەغداد گێڕانیەوە بۆ لای خۆی، والی فەرمانی پێکردن لە ماڵەکانی خۆیاندا بمێننەوە، پاشان ڕێگەیدان بێنەدەر) [115].

لێرەدا گێڕانەوەکەی تەبەری سەبارەت بە مەینەتیەکەی ئەحمەد تەواودەبێت، ئیتر باسی تری ناکات لە ڕووداوەکانی ساڵی (320 ک)دا.

دەبێت ئەوە بڵێین لە نووسینەکەی تەبەریدا خاڵێکی ناروون هەیە: ئەو کاتێک دەڵێت والی هەموویانی ئازادکرد باسی ئەوە ناکات کە ئایا ئیبن حەنبەل و ئیبن نوحیش ئازادکراون لە گەڵیان یاخود هەر بیست و دوو کەسەکەی تر ئازادکراون. بۆیە حیکایەتخوانەکانی ئیبن حەنبەل ئەو خاڵەیان قۆستۆتەوە تابڵێن ئیبن حەنبەل لە زینداندا ماوەتەوە بۆ ماوەی بیست و هەشت یان سی مانگ، تا ئەو کاتەی موعتەسەم قامچییەکانی لێدەدا و ئینجا ئازاد دەکرێت.

بەڵام دەتوانین دوو بەڵگەمان دەستبکەوێت لەسەر ئەوەی کە ئیبن حەنبەل لەگەڵ ئەوانی تردا ئازادکراوە و زیندان نەکراوە، یەکەمیان لە دەقەکەی تەبەری خۆیدا وەریدەگرین: ئەگەر ڕاست بوایە ئیبن حەنبەل لەگەڵ ئەوانی تر ئازاد نەکرابێت ئەوە تەبەری باسیدەکرد و ئاوا بە هەڵواسراوی چارەنووسی نەدەهێشتەوە، بەتایبەت کەسێکی وەک ئیبن حەنبەل، لەبەرئەوە کاتێک تەبەری بە شێوەی کۆمەڵ باسی ئازادکراوەکان دەکات کە والی دەستبەسەری کردبوون لە ماڵەکانی خۆیاندا دەبێت ئەو یاسایە ئیبن حەنبەلیشی گرتبێتەوە، دەنا قسەکەی تەبەری نارێک دەبێت و دوای ئەوەش یەکسەر باسی بەیعەتدانی بە موعتەسەم نەدەکرد، پێش ئەوەی چارەنوسی ئەحمەد و هاوڕێکەی دیاریبکات.

بەڵگەیەکی تر لە دەرەوەی دەقەکەی تەبەری لەسەر ئەوەی ئەحمەد زیندانی نەکراوە لەو ڕۆژەدا کە مەئموون مردوە، بەڵکو دەستبەسەربووە لە ژوورێکدا کە بۆی تەرخانکراوە، وەک ساڵحی کوڕی باسیدەکات، راستە ساڵح دوایی دەڵێت لە زیندانی «الموصلية» زیندانی دەکرێت، بەڵام باسی ئەوە ناکات ئەو دەستگیرکردنە چەند دەخایەنێت، هەرچەندە دەڵێت بە هەردووکیان سی مانگی خایاندوە، بەڵام دوورنییە زۆربەی ئەو کاتەی لە ماڵەکەیدا بووە پاشان کە موعتەسەم ویستویەتی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکات خراوەتە زیندانەوە، واتە ساڵی (220ک)، بەم شێوە هەموو زیندانیەکەی چەند رۆژێک یان چەند هەفتەیەك دەبێت، ئەو بەڵگەیەش کە بۆ ئەم قسەیە هەمانە ئەوەیە کە نووسەری «**الانباء في تاريخ الخلفاء**» ساڵی 220 ئیمام ئەحمەد زیندانیکرا ئەوەی موعتەسەمی هاندا بۆ ئەم کارە ئیبن ئەبی داود بوو، چونکە موعتەزیلە بوو. ئەحمەدیش پێشەوای ئەهلی سوننەت بوو)[116].

لەوانەشە ئەو ناروونیەی لە دەقەکەی تەبەریدا هەیە سەبارەت بە چارەنووسی ئیبن حەنبەل. کە باسنەکراوە، بە دەستی ئانقەست بێت، بەدوور نازانرێت کە ئاماژەکردن بۆ ئازادکردنی ئیبن حەنبەل لە دەقەکەدا هەڵگیرابێت، چونکە ئاماژەیەکی لەو جۆرە دەبووە بەربەست لەبەردەم دروستکردنی ئەفسانە بەدەوریدا سەبارەت بە ئازارەکانی ئیمام و ئەشکەنجەکانی کە گوایە دوو ساڵ و نیو زیندان بووە و 150 جەللادیش لێیانداوە.

بەهەرحاڵ ئـێمە بەڵگەشمان هەیە لەسەر ئەوەی کە دەقەکەی تەبەری دەسکاریکراوە و بەلایەنی کەمەوە دەستەواژەیەکی لێ قرتێنراوە، کە لە بەرژەوەندی ئیبن حەنبەلدا نییە سەبارەت بە هەڵوێستی توند و خۆڕاگرییەکانی، کە پاشان دەبێتە هەوێنی ئەفسانەسازی، چونکە لە دەقەکەی ئیبن حەنبەلدا کە لەمڕۆدا لە بەردستماندایە. قسەیەک هاتوە دەڵێت (ئیسحاق بن ابراهیم پاش بەدەستگەیشتنی نامەکەی مەئموون کە فەرمانی پێدەکات لێپێچینەوە لەگەڵ ئەحمەد و هاوڕێکانی بکات» کۆمەڵێک لە زانایان بانگهێشت دەکات، (ابو حسنی زیادی) بانگهێشت دەکات (بشر کوڕی وەلید) و (عەلی کوڕی ابو مقاتل) و (فضل کوڕی ولید) و (فصل کوڕی غانم) و (زیل کوڕی هەشیم) و **ئەحمەد کوڕی حەنبەل... هەموویان چوون بۆ لای ئیسحاق**، ئەو دوو جار نامەکەی مەئموونی بۆ خوێندنەوە، تاکو باش تێیگەیشتن، پاشان بە (بشر)ی وت: چی دەڵێیت لەبارەی قورئانەوە؟...هتد)

[117]. بەڵام ئەم دەقەی تەبەری (لا زەهەبی) لە «**تاريخ الاسلام**» لادەبرێت (سوبک)یش بەهەمان شێوە لە «**طبقات الشافعية**» لایبردوە، هەروەها (تەغری بوردی) لە کتێبی «**النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة**» و (سیوطي) لە کتێبی «**تاريخ الخلفاء**»دا دەڵێن (کاتێ نامەکەی مەئمونیان بۆ خوێنرایەوە و پیشانیاندرا، نە وەڵامیان دایەوە نە نکۆڵیشیان کرد)[118]. ئەم رستەیە کە ئەمڕۆ لە دەقەکەی تەبەری لابراوە هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوانەی لێپێچینەوەیان لەگەڵدا کراوە خۆیان دزیوەتەوە نەك هەڵوێستی بەهێزیان هەبووبێت. ئێمە لێرەدا باس لەو ئەفسانەنە دەکەین کە بۆ ئەحمەد کوڕی حەنبەل کراوە لەبەرئەوە ئاماژە دەکەین بە دوو دەق کە زۆر گرنگن سەبارەت بە راستیی هەڵوێستەکانی ئەحمەد لەکاتی لێپێچینەوەدا، ئەوەی کە بایەخی ئەم دوو دەقەش زیاتر دەکات ئەوەیە کە ئەو دوو کاراکتەرە هاوچەرخی ئەحمەدن، یەکەمیان: (یەعقوبی)ـە، ئەوی تریان (جاحظ) لە نامیلکەیەکیدا بەناوی «**ئەفراندنی قورئان**»، (یەعقوبی) کاتێك باسی رووداوەکانی ساڵی دەکات دەڵێت (موعتەسەم لێپێچینەوەی لەگەڵ ئیبن حەنبەل کرد لەسەر مەسەلەی ئەفراندنی قورئان، ئەحمەد وتی: من کەسێکم فێری جۆرێك زانست کراوم، بەڵام فێری ئەو زانستەی ئێوە نەکراوم، ئیتر زانایانی بۆ هێنا، (عبدالرحمن بن اسحاق) گفتوگۆی لەگەڵ کرد، بەڵام ئەحمەد نەیوت قورئان ئەفرێنراوە، ئینجا هەندێک قامچیی لێدرا، ئیسحاق والی بەغدا بە خەلیفەی وت لێگەڕێ با من موناقەشەی لەگەڵ بکەم، خەلیفە وتی: بۆ تۆ. ئیسحاق وتی: ئەو زانستەی فێرکراویت فریشتە بۆی هێناویت یان لە خەڵکەوە فێر بوویت؟ ئەحمەد: لە خەڵکی ترەوە فێر بووم. ئیسحاق: وردە وردە فێربوویت یان هەمووی پێکەوە؟ ئەحمەد: وردە وردە فێر بووم. ئیسحاق:هیچ ماوە فێری ببیت؟ ئەحمەد: بەڵێ. ئیسحاق: ئەم زانستە لەوانەیە کە فێری نەبوویت. ئێستا خەلیفە فێریکردیت. ئەحمەد وتی: **منیش وەک ئەمیری موسوڵمانان دەڵێم. ئیسحاق: بە ئەفراندنی قورئان؟ ئەحمەد: بە ئەفراندنی قورئان. لێرەدا خەلیفە شاهیدی لێگرت و خەڵاتیکرد و ناردیەوە بۆ ماڵەوە»**[119].

دەقی دووەم کە لە کەسێکی هاوچەرخ لە ئیمام ئەحمەدەوە نووسراوە و پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەبووە، مەبەستمان لە (جاحظ)ـە، چونکە خۆی موعتەزیلە بووە، لە

ئەهلی کەلام بووە و لە ململانێدا بووە لەگەڵ ئەهلی فەرمودەدا، ئەوانەی کە جاحظ ناویان دەنێت (**هەڵتۆقیوی ئەم زەمانە**)، دان بەوەدا دەنێت کە حەیسناسەکان لەرووی ژمارەییەوە زۆرن، چونکە (عەوامیان لەگەڵە و رەشە خەڵەکەکە گوێیان بۆ دەگرن)، لە نامەیەکیدا بۆ (ابن ابي داود) کە لە جێگەی باوکی لە سەردەمی واسیقدا ببوو بە دادوەر، باسی رووداوەکانی لێپچینەوە لەگەڵ ئەحمەد و ئەوانیتردا دەکات کە لەوێدا چ دیبەتیێکی تیۆلۆژی روویداوە، ئەو دیبەیتە دوایی دەکرێتە مەینەتی بۆ ئەحمەد، چونکە ئەحمەد بە عینادی خۆی خەلیفە توورە دەکات و فەرمان دەکات بە لێدانی، بەڵام (جاحظ) دەڵێت لێدانێکی سووک بووە، (جاحظ) دەڵێت: (شمشێرێک بەروویدا هەڵنەکێشراوە، لێدانی زۆری نەدیوە، تەنیا سی قامچی لێدراوە، جێگەی تەنگ نەکراوەتەوە، ئەسڵەن کەلەپچەش نەکراوە، هەڕەشەشی لێنەکراوە)، بەڵام لەمانەش هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە (جاحظ) دەڵێت (چەند جارێک بەراشکاوی دانی بە ئەفراندنی قورئاندا ناوە)، بەڵام هاوەڵەکانی ئەحمەد دوایی دەڵێن ئەو دانپێدانانەی ئەحمەد لەبەر خۆدەربازکردن (**تقیە**) بووە[120]. لەبەرئەوە( جاحظ) قسەکانی بەوە کۆتایی پێدێنێت کە رووەدەکاتە قوتابیانی ئەحمەد و دەڵێت:مامۆستاکەتان دەیووت «تقیة» تەنیا لە خانەی کوفر دەبێت، خۆ ئەگەر ئەوەی دانی پێدا ناوە لە مەسەلەی قورئان بۆ خۆدەربازکردن «تقیة» بووبێت، بەڵام خۆی لە خانەی ئیسلام تەقیەی کردوە، کەواتە خۆی بەدرۆ خستۆتەوە، خۆ ئەگەر ئەوەی گوتویەتی راستی بووبێت ئەوە هیچتان بەسەریەکەوە نەماوە [121].

لەراستیدا دژایەتی (**جاحظ**) بۆ مەزهەبگەرایی ئەحمەد تانە لە شاهیدیەکەی نادات لەسەر ئەحمەد. چونکە ئەحمەد خۆیشی لە زۆر شوێندا دان بەوەدا دەنێت یان بەدەمیەوە وتراوە (کەس لە موعتەسەم نەرمتر نەبووە لەگەڵمدا) [122]. لە هەمان سیاقدا (ابن العمراني) دەڵێت، پاش ئەوەی موعتەسەم لێپێچینەوەکەی لەگەڵ ئەحمەددا کردووە گوتویەتی: ئەحمەد نە «عەوامە» و نە «نەزانە»، وەک (بن ابي داود) دەڵێت (موعتەسەم رێزی لێگرتوە و خەڵاتی پێداوە، ئیمام ئەحمەدیش رەزای خوای لێ بێت تاکو مردیش ستایشی موعتەسەمی دەکرد و رەحمەتی بۆ دەنارد) [123].

بەڵام شاهیدیەکەی ئەحمەد لە دیوێکی ترەوە تانەی لێدەدرێت، چونکە سووکایەتی بە ئیبن حەنبەل دەکرێت و بەرگەی لێدانی نەگرتووە، هەرچەند سزاکەی سووك بووە، لەبەرئەوە وەڵامی موعتەسەمی داوەتەوە و دانی بە ئەفراندنی قورئاندا ناوە. ئەم سووکایەتی پێکردنەش لەلایەن (**جاحظ**) لە روویەکی ترەوە کاردانەوەی ئەو**گەورەکردنەیە** کە لەلایەن قوتابیانی ئەحمەدەوە بۆ ئیمامەکەیان کراوە، بێگومان گەورەکردنی مەینەتییەکانی ئیمام دەبوو لە بەرامبەردا سووکایەتی موعتەزیلەی لێ بکەوێتەوە، کە (**جاحظ**) یەکێک بوو لەوانەی بەناوی ئەوانەوە قسەیدەکرد. لەنێوان پیرۆزناندن و سوکایەتی پێکردندا راستی **هەڵویستی ئایدیۆلۆژی** ئیبن حەنبەل ونبوە. ئەگەر توانیبێتی دەرگایەکی خۆدزینەوە بۆ خۆی بکاتەوە لە لێپێچینەوەکانی مەئموون کە دەیووت قورئان کەلامی خودایە و لەوە زیاتری نەدەووت، وەک ئەوەی بڵێت ئەفرێنراوە یان نا، ئەگەر لە گەڵ موعتەسەمیشدا ناچار بووبێت، وەڵام بداتەوە و دان بە مەخلوقیەتی قورئاندا بنێت، هەرچەند لێدانیشی هێند بەهێز نەبووە تاکو پاکانەی ئەوەی بۆ بکات کە «**تقية**» بەکار بێنێت بۆ خۆ دەرباز کردن. لەوانەیە ئەوەش لەبەرئەوە بووبێت کە لە مەزهەبی ئەهلی سوننەتدا دەرچوون لەسەر ئیمام حەرام بووە، واتە دەرچوون لە سەر (فەرمانرەوایان). هەروایشە چونکە ئەهلی سوننەت لە زاری پێغەمبەرەوە حەدیسێکیان دروستکردوە کە دەڵێت (من اطاعني فقد اطاع الله ومن عصاني فقد عصى الله، ومن يطع الامير فقد اطاعني ومن يعص الامير فقد عصاني). یاخود (من رأى من أميره شيئا فليصبر، فانه ليس احد يفارق الجماعة شبرا فيموت الا مات ميتة جاهلية)، ئەگەر یەکێک لەو مەبدەئانەی ئەحمەد هەیبوە یان بەناوی ئەوە وتوویانە ئەوە بووبێت «**ئەو سوننەتەی پێغەمبەر لەسەری بوە... ئارامگرتنە لە ژێر ئاڵای سوڵتاندا هەرچەندە ستەمکاریش بێت یان دادپەروەر نەبێت**»[124]. ئیدی دەبێت دان بەوەدا بنێین کە ئەو کەسەی لێکۆڵینەوەی لەسەر کردوە گەیشتۆتە ئەو دەرەنجامەی کە (**ئەوەی زاڵە بەسەر بیر و باوەڕی ئەحمەددا ئەوەیە کە ئارام بگریت لە ژێر ئاڵای سوڵتاندا**)[125].

بەڵام ئەم عەقیدەی ئارامگرتنە، کە لەوانەیە بووبێتە هۆی ئەوەی ئەحمەد بەقسەی خەلیفەی کردبێت، نەیدەتوانی بەشدار بێت لە بە ئەفسانەکردنی وێنەکانی ئیبن حەنبەلدا،

وەک ئیمامێک بۆ سوننەت و یەکەم شەهیدی سوننەت. هەر لەبەرئەوەیە لە ئەدەبیاتی دواییدا هێند گەورە دەکرێت و باسی ئەشکەنجە و ئازارەکانی دەکرێت، بەجۆرێک کە بەرزی دەکەنەوە بۆ پێگەی شەهیدان و قەدیسەکان و چەندین کەرامات و موعجیزەی بۆ دروستدەکرێت.

دوا پرسیار کە پێویستە بیکەین: بۆچی ئیمام ئەحمەد هەڵدەبژێردرێت بۆ ئەوەی وا پیرۆز بکرێت و بکرێتە نموونەی بەرخۆدان؟ خۆ قوربانییەکانی ئەو فیتنەیە زۆر بوون، هەیانە چەندین قاتی ئەحمەد ئەشکەنجە دراوە، بەڵکو ژیانیان لەسەری داناوە، چونکە خۆراگر بوون و تەسلیم نەبوون، وەک (ئیبن حەماد و بویطي)، بەتایبەتیش (ئەحمەد کوڕی نصر) کە لە بەغداد و سامەرا لەخاچدرا.

ئەم ئامادەییەی ئیبن حەنبەل و ونکردنی قوربانییە راستەقینەکان تەنیا یەك هۆکاری هەیە: لەبەرئەوەیە کە ئیبن حەنبەل خاوەنی **موسنەدە**. موسنەدیش گەورەترین تۆمارخانەی حەدیسە، هەر ئیبن حەنبەلیش **سوننەی** کردە تاکە سەرچاوەی ئیسلام، هەر لەم بارەیەوە ئیبن جەوزی بابەتێکی لە کتێبەکەیدا «**مناقب الامام احمد**» نووسیوە، کە (نەهیکردوە قسەکانی بنووسرێنەوە یان ریوایەت بکرێن). ئیبن جەوزی لەم بارەوە سێ قسە دینێت:

- (حنبل بن اسحاق) دەڵێت: ابو عەبدوڵلام بینیوە نەیدەویست کەس رایەکانی یان فەتواکانی بنووسێتەوە.

- (ئەحمەد بن ربیع) دەڵێت: ئەحمەد وتی: بیستوومە (اسحاق بن کوسج) لەسەر زاری منەوە قسە ریوایەت دەکات لە خۆراسان، من شاهیدی دەدەم کە لەو قسانە هەمووی پاشگەز بوومەتەوە.

- (ئەبوبەکری مروزي) دەڵێت: (پیاوێکی خەڵکی خۆراسان هات بۆ لای ئیمام ئەحمەد کتێبێکی پێشاندا، کاتێک سەیریکرد بینی قسەکانی خۆی تێدا نووسراوە، بۆیە تووڕە بوو کتێبەکەیشی تووڕدا) [126].

هەر لەم سیاقەدا ئیمام ئەحمەد هەر مەرجەعیەتێکی تری غەیری خۆیشی رەتکردۆتەوە، تەنانەت ئەگەر شافیعی و مالیکیش بن، ئەو وایدەبینی کە تەنیا نووسینی کتێب بۆ خۆی بیدعەیە، ئیبن جەوزی دەڵێت «لە ئەحمەدم پرسی سەبارەت بە نووسراوێکی (ابو ثور)

ئەو وتی: نوسینێکی داهێنراوە لەبەرئەوە بیدعەیە، ئەو کتێب نووسینی پێباش نەبوو، [127] دەیووت: بەس فەرمودە بنووسنەوە». هەروەها دەڵێت (ابي مزاحم خاقاني گێرایەوە مامم بۆی گێرامەوە کە لە ئەحمەدەوە پێی گەیشتوە کە ئەم خەریکی نووسینەوەی «**الموطأ**»ی مالیکە و ڕێگەش دەدات بە نووسینەوەی، بەڵام ڕێدەگرێت لە نوسینەوەی کتێبی «**الجامع**»ی سوفیان [128]، دەڵێت لێم پرسی کامیان بەدڵتە لەو دووکتێبە؟ وتی: هیچیان، تەنیا حەدیس) [129].

هەروەها کوڕەکەی ئەحمەد دەڵێت (باوکم نامەیەکی نووسی بۆ ئیبن خاقان: رام لەسەر هیچ قسیەک نییە تەنیا قورئان و فەرمودە نەبێت... ئیتر لەو دوانە بترازێت قسەکردن باش نیە [130]. هەروەها لە (عبدالوهاب الوراق) دەگێڕێتەوە (لە بارەی شەست هەزار مەسەلەی شەرعیەوە پرسیار لە ئەحمەد کراوە، هەمووی بە فەرمودە وەڵام داوەتەوە) [131].

هەرچەند وەک دەردەکەوێت ئەحمەد رقی لەوەبووە تیۆریزەی شت بکات، کەچی هەر لەسەرزاری ئەو مانیفێستێکی ئایدیۆلۆژی (**بيان اعتقادي**) دانراوە، لەوێدا تیۆرییەکی تەواو لەسەر سوننەت دامەزرێنراوە کە تەنانەت قورئایش ناگرێتە خۆی، دەڵێت (بنەماکانی سوننەت لای ئێمە ئەوەی دەستبگرێت بەو شێوازەی هاوەڵان لەسەریبوون، لاساییان بکەیتەوە، واز لە بیدعە بێنیت، واز لە جەدەل و دژایەتیکردن بێنیت لە ئاییندا، سوننەتیش لای ئێمە بریتیە لەو شتانەی لە پێغەمبەرەوە جێماون، ئەویش بەڵگەکانی قورئانە [132]، لە سوننەتدا پێوەرکاری «قیاس» نییە، نموونەشی بۆ ناهێنرێتەوە، عەقڵ و هەواو ئارەزوو ناتوانێت لە سوننەت تێبگات، بەڵکو سوننەت بریتیە لە شوێنکەتن و وازهێنان لە ئارەزووکاری، هەرکەسێك یەک خەسڵەتی سوننەت واز لێبێنێت هیچی لێوەرناگیرێت و لە ئەهلی سوننەت نییە، ئەو سوننەتەش بریتیە لە: باوەڕهێنان بە قەدەر، بە چاک و خراپی، بەو فەرمودانەی لەو بارەوە هاتوون، وەك فەرمودەکانی بینینی خودا، هەرچەند ئینسان نەتوانێ بە عەقڵ باوەڕیان پێبکات، بەڵکو هەر دەبێت ئیمانیان پێ بێنێت، نابێت یەك پیتیان لێ ڕەتبکاتەوە... ئێمە ئەگەر نەتوانین تەفیسریشی بکەین هەر تەسلیمی دەبین) [133].

جا لە ڕوانگەی ئەو ڕێسایەوە کە دەڵێت «سەنەدی فەرمودە بەشێکە لە ئایین»، ئەحمەد پێوەری فەرمودە بەتەواوی قلْپ دەکاتەوە، لای ئەو فەرمودە ئەگەر ڕاستبێت،

ئەو بە ناوەرۆک و گوتراوەکەی نییە، بەڵکو تەنیا بە سەنەد و زنجیرەی حەدیسگێڕەوەکاندا راست و دروستیی دەردەکەوێت، دەڵێت (هەر حەدیسێك سەنەدەکەی راستبوو پەسەندی دەکەین هیچ شتێکی لێ رەتناکەینەوە) [134].

ئەمە ئەگەر وەک دەڵێت (تەنانە ئەگەر موسوڵمان بە بیستنی ئەو فەرمودانە بێزاریش بێت). یان (بیسەر بەلایەوە سەیربێت فەرمودەی وا هەبێت)، هەر لە سەر ئەم رێسایەشەوە ئەحمەد بێ دوودڵی فەرمودەی لاوازیشی وەرگرتوە ئەگەر لە گەڵ فەرمودەیەکی تری ناسراودا یەکتربڕ نەبن، یان حەدسێکی بەهێز رەتی نەکاتەوە، عەبدوڵڵا دەڵێت (لە کتێبی مەسنەددا فەرمودە ناسراوەکان مەبەستم بووە، خەڵکیشم لەژێر پەردەی خودادا بەجێهێشتوە، خۆ ئەگەر هەر ئەوانەم ریوایەت بکردبایە کە بەلای خۆمەوە راستە، ئەوە کەمێکی زۆر کەمم ریوایەت دەکرد، بەڵام کوڕم خۆت دەزانیت شێوازی من چۆنە لە ریوایەتدا: هەر فەرمودەیەکی لاواز ئەگەر فەرمودەیەکی تری لەخۆی بەهێزتر نەبێت رەتی بکاتەوە ئەوە من وەرمگرتوە) [135].

بەڵام سەرەرای ئەوەی خاوەنی **موسنەد** خۆی داندەنێت بە هەبوونی فەرمودەی لاواز لە بەرهەمەکەیدا، هەرچەند دان بەوەدا دەنێت کە ئەو راستگۆیی حەیسگێڕەوەکان بە رواڵەتیان وەردەگرێت و ناخیان جێدێڵێت بۆ خودا، هەرچەند دان بەوەدا دەنێت کە ئەگەر هەر فەرمودەی راستی وەربگرتبایە بەپێوەری خۆی ئەوە ژمارەیەکی زۆر کەمی لە فەرمودە وەردەگرت، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بە کوڕەکەی دەڵێت: «من کتێبی موسنەدم کردۆتە پێشەوای خۆم ئەگەر خەڵکیش لەسەر سوننەت ناکۆک بوون بابگەڕێنەوە بۆ موسنەدەکەی من) [136].

لەراستیشدا مەسەلەی هەبونی فەرمودەی لاواز لە کتێبەکەی ئەحمەدا بۆتە مەسەلەیەکی جێناکۆکی تەنانەت لەنێوان شوێنکەوتوانی مەزهەبەکەی ئەحمەد خۆیشیدا، نەخوازەڵا نەیارەکانی. لەوانەیە بوێرترین هەڵویست سەبارەت بە کتێبەکەی ئەحمەد لەلایەن ئبن جەوزییەوە بووبێت کە خۆی حەنبەلییە و خاوەنی کتێبی «**مناقب احمد**»یشە، کاتێک وەڵامی ئەو حەنبەلیانەی تر دەداتەوە کە دەڵێن لە موسنەدی ئەحمەددا فەرمودەی لاواز و هەڵبەستراو نییە، دەڵێت (هەندێک لە حەدیسناسەکان لێیان پرسیم: ئایا لە موسنەدی ئەحمەددا فەرمودە هەیە راست نەبێت؟ وتم: بەڵێ، ئەم وەڵامەی من بەلای هەندێک لە شوێنکەوتوانی

ئەحمەدەوە قورس بوو، منیش وام دانا کە ئەوانەی عەوامی خەڵکن، لەبەرئەوە فەرامۆشم کرد، کەچی دەبینم لە بارەی ئەم وەڵامەی منەوە فەتوا دەردەکەن، هەندێک لە خەڵکی خۆراسان لەوانە -ابوالعلا الهمذاني- ئەم قسەیەی من بە تاوانێکی گەورە دەزانن و ڕەتیدەکەنەوە، بەڵکو قسەی ناشیرینیش بە خاوەنەکەی دەڵێن، زۆر سەراسیمە بووم لەم وەڵامدانەوەیە، بەخۆمم وت: چەندە سەیرە! ئەوانەی خۆیان داوەتە پاڵ زانستیش هەر بوونەتەوە بە عەوام! ئەوەش تەنیا لەبەرئەوەیە کە فەرمودەیەکیان بیستوە، بەڵام بەشوێن ڕاست و ناراستیەکەیدا نەچوون، لەبەرئەوە وا دەزانن هەرکەسێك ئەو قسەیەی من بکات ئەوە تانە لە ڕیوایەتەکانی ئەحمەد دەدات، بەڵام وانییە، چونکە ئەحمەد فەرمودەی ناسراو و باش و خراپیشی گێراوەتەوە، بەڵام زۆری لەوانەی خۆی ڕیوایەتی کردوون هەر خۆیشی ڕەتیکردوونەوتەوە و لە مەزهەبی خۆیدا کاری لەسەر نەکردوون. بە ڕاستی خەمبارم کاتێک دەبینم لەم سەردەمەدا زانایانیش بەهۆی کەم زانستییانەوە وەک عەوامیان لێهاتوە، ئەگەر فەرمودەیەکی هەڵبەستراو بگێڕنەوە دەڵێن «ڕیوایەتکراوە» بەراستی دەبێت بۆ ئەو بێ هیممەتیەی زانایان بگریین) [137].

ئیبن تەیمیە کە خۆی باشترین نوێنەری مەزهەبی حەنبەلییە و لە دەمارگیرەکانە، دان بەوەدا دەنێت کە فەرمودەی لاواز لە موسنەددا هەیە، بەڵام بە ناراستەوخۆ (ئەحمەد تەنیا ئەو فەرمودانە دەگێڕێتەوە کە حەدیسزانەکان دەیگێڕنەوە. خۆ ئەگەر لەو فەرمودانەدا لاوازیش هەبووبێت... ئەو فەرمودە لە مامۆستاکانیەوە دەگێڕێتەوە جا چ لاوازبن یان ڕاستبن).

بەڵکو جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە «مسند»دا فەرمودەی هەڵبەستراویش هەیە، بەڵام نکۆڵی لەوە دەکات کە ئەحمەد گێرابێتیەوە، بەڵکو دەڵێت (لە زیادکراوەکانی قەتیعیە) لەسەر موسنەدی ئەحمەد [138].

بەهەمان شێوە **(ئیبن حەجەری عەسقەلانی)** دێتە ناو کایەکەوە و بەپێچەوانەی ئیبن جەوزی و ئیبن تەیمیەوە قسەدەکات، دەڵێت لە موسنەدی ئەحمەددا فەرمودەی هەڵبەستراو نییە، هەرچەند لە کۆتاییدا تەنیا 21 فەرمودە دێنێت لەوانەی ئیبن جەوزی بە هەڵبەستراوی زانیون و پشتراستیان دەکاتەوە [139].

لەراستیدا قسەکردن لەسەر موسنەدی ئەحمەد زیاتر مەجازە نەك ڕاستی بێت. چونکە موسنەد کە بەم ناوە ناسراوە لە گێرانەوەی ئەحمەد خۆی نییە، بەڵکو گێرانەوەی

عەبدوڵڵای کوڕیەتی، پاش مەرگی ئەحمەد خۆی، عەبدوڵڵا (هەر فەرمودەیەک لەوانەی باوکی چووبێت بۆی زیادکردوە لەوانەی عەبدوڵڵا خۆی بیستوونی)[140]. ئینجا (ابو بکری قطیعي) کە موسنەدی لە عەبدوڵڵاوە ریوایەتکردوە، ئەویش هەندێکی بۆ زیادکردوە (کە بە هاوڕایی زانایانی فەرموده هەڵبەستراویشی تێدایە) [141]. بەڵام حەیسناسان و ئەهلی زانست «قطیعی»یان بە هەڵبەستنیش زیاتر تاوانبار کردوە، خەتیبی بەغدادی دەڵێت، قەتیعی هەرچەن لە ئەهلی فەرموده بوو (زۆریش گوێی لە عەبدوڵڵا کوڕی ئەحمەد دەگرت)، (بەڵام لە کۆتای تەمەنیدا تێکەڵی دەکرد و خەرەفابوو تا رادەیەك کە هیچی نەدەزانی لەو شتانەی دەیخوێندنەوە) [142]. زەهەبی دەڵێت (قەتیعی راستگۆیە و لە عەبدوڵڵا فەرمودەی وەرگرتوە، بەڵام گێلیەکی تێدابوو، کاتێک «**قەتیعە**» کە -گەڕەکێک بوو لە باکووری بەغداد- ژێر لافاو کەوت کتێبەکانی نقووم بوون، دوای کتێبەکانی لە مێشکی خۆیەوە و هەروەها لەبەر چەند نوسخەیەکی تر نووسییەوە کە لەریوایەتی خۆی نەبوون) [143].

خۆ ئەگەر موسنەد تەنیا کتێبێکی ئاسایی کولتووری بوایە وەک هەموو ئەو کتێبانەی هەیە کە تەنیا کاریان کۆکردنەوەی زۆرترین قسەیە و کەس باوەڕیان پێناکات، ئەوە گرفتێک نەدەبوو.

بەڵام کاتێک دەزانین کە ئەحمەد خۆیشی موسنەدی وەك (پێشەنگی خۆی) سەیرکردوە، واتە هەر لە موسنەدەوە فەرمودەی تریش دەپێوێت وەک لە وەسێتەکەیدا باسیدەکات، ئەو کاتە دەزانین چ کارەساتێک خوڵقاوە. کە دەڵێت (ئەم کتێبەم لە ناو 750 هەزار فەرمودەدا دەرکێشاوە، لەبەرئەوە بۆ پێواندنی هەر فەرمودەیەکی تر بگەڕێنەوە بۆ موسنەد ئەگەر لەوێدا نەبوو ئەوە ئەو فەرمودەیە بەڵگە نیە) [144].

ئینجا گەر بزانین ئەو فەرموده هەڵبەستراوانەی ناو موسنەد بەدەم ئەحمەدەوە نەکراوە، بەڵکو بەدەم پێغەمبەرەوە هەڵبەستراوە. واتە لەسەر زاری خودا خۆی هەڵبەستراوە، چونکە ئەوان دەڵێن فەرموده هەمووی قسەی خودایە و وەحییە.

بەهەرحاڵ ئەگەر باوەڕ بەوە بکەین کە ئەحمەد لە حەوت سەد هەزار فەرموده تەنیا موسنەدی هەڵبژاردوە، بەڵکو هەندێک دەڵێن لە دە هەزار هەزار حەدیس[145] «واتە

ده ملیۆن!»، ئەوە ئیدی دەبێت ئەو زەبەلاحبوونەی کتێبخانەی فەرموودە بزانین کە لەو کاتەدا دروستبوو، بەڵکو بۆتە گێژاوێکی وا فراوان کە زۆر سەختە بەڵکو مەحاڵە مرۆڤ بتوانێت ڕێگەکانی دەربازبوونی راستەقینە لەو گێژاوەدا بدۆزێتەوە نەك سەری خۆی بدات لە دەرگا درۆیینەکان. ئیتر چۆن فەرموودەی لاواز و هەڵبەستراو شاز و نادروست و هتد خۆیان ناخزێننە ناو مەسنەدەکەی ئەحمەدەوە. لەکاتێکدا دەبینین ژمارەی فەرموودەکانی -**بێجگە لە دووبارە**- زیاترە لە سی هەزار فەرموودە. کە دەکاتە نزیکەی دە هێندەی فەرموودەکانی بوخاری و موسلیم بێ دووبارەکانی [146].

ماوەتەوە بڵێین: ئەحمەد لە دوای شافیعی بەرپرسی دووەمە لە قەبەبوونی کتێبخانەی فەرموودە، وەک موسنەدەکەی خۆی، ئەو کاتێك ئاڵای فەرموودە وەک تاکە مەرجەعی باوەڕپێکراو بەرز دەکاتەوە، ئیتر هەر کاراییەکی تری موسوڵمان دەکوژێت، تەنانەت ئیجتیهادیش، کە تەنیا کاری لەوەدایە دەقەکان بخوێنێتەوە و حوکمیان لێوەربگرێت، لە کولتوورێکی چەقبەستوو بەدەوری دەقدا. **بەڵام عەقڵیش -کە فێڵەکانی لە فێڵی مێژوو کەمتر نیە، ئەگەر بە پێچ و پەناش بێت زانیویەتی چۆن ڕێگە بۆ خۆی دەکاتەوە، تا بتوانێت تاکە چالاکی کە بۆی ماوەتەوە بینوێنێت، پاش ئەوەی نەیتوانی لەبەردەم سوننەتدا خۆی بگرێت، بۆیە ئەویش لەناو کایەی فەرموودە خۆیدا بەڵگەی خۆی دەسەلمێنێت، ئەویش لە ڕێگەی هەڵبەستنی فەرموودەوە لەژێر ناوی سەنەددا، کە بە ئاسانی گەمەی تێدا دەکرێت، بۆیە دەتوانین بڵێین عەقڵ توانیویەتی وەک شەرعدانەر ڕێککاری خۆی بکات، تەنانەت دوای ئەوەش کە هەموو ڕێگەیەکی شەرع داڕشتنیشیان لێبەستەوە، هەر لە ڕێگەی بە سەروەرکردنی سوننە و بەستنەوەی فەرموودە تەنیا بە سەنەدەوە، عەقڵیش ڕێگەی بۆ کراوەتەوە تا دەستە شاراوەکەی خۆی بخاتەگەڕ بۆ دروستکردنی کتێبخانەی فەرموودە و قەبەکردنی، تاکو بتوانێت کاراییەکی بێسنوور، بەڵام نەبینراو، ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی یاسا دابنێت بۆ یاسا بۆدانراو کە بریتیە لە پێغەمبەر خۆی. هەروەها شەرع دابنێت بۆ ئەو شەرع دانەرەی کە تەنیا خۆی مافی شەرع دانانی هەیە، واتە زاتی خودا خۆی وەک لە قورئاندا وێناکراوە.**

## (3)

## پێڕاگەیشتنی حاکمی نەیسابووری

ئەگەر موسنەدی ئەحمەد لەگەڵ زیادکردنەکانی عەبدوڵڵای کوری قەتیعی و ئەوانیتریش، بریتیبێت لە **مانیفێستی پراکتیکی** بۆ کاروانی زەبەلاحبوونی فەرموودە، ئەوا ئیجتیهادەکانی حاکمی نەیسابووری، کە ساڵی (405ک) مردوە، دەتوانین وەک **مانیفێستی تیۆریی** کاروانی فەرموودە سەیر بکەین، چونکە نەیسابووری نەك هەر ئەو فەرمودانەی خستۆتە خانەی راستەوە کە غەیری ئەو نەیانکردوە، بەڵکو چەند رێسایەکی تیۆریشی دارشت بۆ راستاندن (تصحیح)، بەمەش دەرگای خستە سەر پشت بۆ کارپێکردنی میکانیزمێکی تر لە میکانیزمەکانی قەبەکردنی فەرموودە، کەخۆی ناوی ناوە **پێڕاگەیشتن (استدراك)**. واتە هەزاران فەرمودەی تری لکاندوە بە فەرمودەکانی بوخاری و مسلم کە لە پلەی سەنەدی فەرمودەکانی ئەواندان و بەڵام ئەوان ریوایەتیان نەکردوە.

حاکم خۆی دەستپێشخەری کردوە و لە کتێبی «**المدخل الی الصحیح**»دا تەئکیدی لەوە کردۆتەوە کە هەردوو دانەری «**الصحیح**» واتە (بوخاری و موسلیم)، شایستەتر بوون بۆ ئەم کارە، بەڵام دوو رێگر بواری نەداون، یەکەمیان کەم تەمەنی، دوەمیشیان توندگیرییان لە پابەندوون بە مەنهەجەوە. بۆ نموونە دەڵێت موسیلم کوڕی حەجاج لە «**الصحیح**»دا دەیتوانی سێ هێندی ئەوەی ئێستا حەیس کۆبکاتەوە ئەگەر زیاتر بژیایە، بەڵگەیشی بۆ ئەم قسەیە ئەوەیە کە (موسلیم لە پێشەکی کتێبەکەیدا بەیتێکی نووسیوە لەسەر ئەوەی دایناوەو و ئەو رێگەیەی گرتویەتیەبەر، کە بڕیاریداوە فەرموده لەسەر سێ ئاست ریوایەت بکات، واتە سێ ئاستی حەدیسگێڕەوەکان کە ریوایەتیان لێوە دەکات، بەڵام تەنیا فریای ئاستی یەکەم کەوت و مەرگ رێگەی پێنەدا [147].

بوخاریش (زیادەڕۆی زۆری کردوە و زۆر ماندوو بوە بۆ دەرهێنانی فەرموده و راستاندنی، خۆ هەر کەسێکی بەتوانا لە هەر پیشەیەکدا بیەوێت مەرجەکانی پیشەکەی قورس بکات دەتوانێت بیکات، چونکە بوخاری هەر فەرمودەیەک لە گەڵ بەشەکانی خۆیا نەبووبێت ریوایەتی نەکردوە) [148].

لەم دووبەڵگەیەوە دەبینین حاکم دەگاتە دەرەنجامێکی تر (ئەگەر ئەوە حاڵەکە بێت ئەوە کەسی وریا تێدەگات کە ئەوان هەموو حەیسێکی راستیان ریوایەت نەکردوە)، لەبەرئەوە کەسێك ناتوانێت حوکم بەسەر ئەو فەرمودانەدا بدات کە ئەوان ریوایەتیان نەکردوە کە (ئایا راستن یان لاوازن) [149].

لێرەدا حاکمی نەیسابووری دەست دەکات بە ژمارە و پێوان تاکو بیسەلمێنێت گریمانەکەی راستە: کتیبەکەی بوخاری کە ناسراوە بە «**التاريخ**» کە ناوی حەدیسگێڕەوەکانی تێدا هێناوە، نزیکەی سی و سێ هەزار حەدیسگێڕەوەی باسکردوە، لە ریوایەتێکی تردا چل هەزار حەدیسە، لەراستیدا بوخاری هەر خۆی ناوی بێمتمانەکانی باسکردوە کە ژمارەیان ناگاتە حەوت سەد کەس. ئەگەر لەو ژمارەیەی بوخاری باسیکردوون ئێمە هەزار و پێنج سەدی تریشی بۆ زیادبکەین، لەوانەی باسی نەکردوون و بەڵام بێمتمانەن، ئەوە دەتوانین بڵێین زیاتر لە سی هەزاری تر دەمێننەوە کە بوخاری نە متمانەی داونەتێ نە بێمتمانەشی کردوون.

ئەمە ئەو پێڕاگەیشتنەیە کە حاکم دەیگرێتە ئەستۆ، لە «**المستدرك على الصحيحين**»، بەڵام متمانە بەهەموویان نابەخشێت، بەڵکو نزیکەی هەشت هەزاری تر لەو ژمارەیە دەردێنێت ومتمانەی خۆیان پێدەبەخشێت واتە نزیکەی سێ هێندی ئەوەی بوخاری و موسلیم متمانەیان داونەتێ. ئەگەر دووبارەکان هەڵبگرین.

پاشان لە کتێبێکی تردا بەناوی «**المدخل الى معرفة كتاب الاكليل**» نیشانەیەکی گەورەی پرسیار لەسەر بنەماکانی تانەدان (جرح) دادەنێت، بەڵگەی نەیسابووریش بۆ ئەوەی دەتوانێت متمانە بگێڕێتەوە بۆ بێ متمانەکان ئەوەیە: (ئەو مەسنەدانەی ژیاننامەی حەدیسگێڕەوەکانیان باسکردوە زۆربەیان چاك و خراپەکانیان لێک جیا نەکردۆتەوە... فەرمودەکانی هیچ کامێك لەو دوو ئیمامە بەتاڵ نین لە کەسانی تانە لێدراو) [150]. (بۆ نموونە مالیک کوڕی ئەنەس فەرمودە دەگێڕێتەوە لە (عبدالكريم کوڕی امية الضمري) کە قسەی لەسەر کراوە و متمانەی نییە، هەروەها شافیعی فەرمودە ریوایەت دەکات لە (ابراهيم الاسلمي) و (ابوداودی نەخعی) و کەسانی تر، کە ئەوانیش تانەلێدراون (مجروح) ن، هەروەها ئەبو حەنیفە لە (جابر الجعفي) ریوایەت دەکات هەردوو قوتابەیەکشی فەرمودەیان لە (حسن بن عماره) و (عبد الله بن محرر) وەرگرتوە کە ئەوانیش بێ

متمانەن، بەهەمان شێوە لە هەموو کات و سەردەمێکدا فەرمودەی هیچ کام لە ئیمامەکان بەتاڵ نەبوە لە کەسانێک کە متمانەیان نەبووە)[152].

بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە هەر کەسێک لە بوخاری و موسلیمدا ناوی نەهاتبێت ئیتر مەجروحە، بەڵکو لەوانەیە قسەیەکی لەو شێوەیە لە کاری ئەهلی بیدعە و بێدینەکان بێت، تاکو گومان بخەینە سەر فەرمودە کە تەنیا لای بوخاری ژمارەیان دەگاتە چل هەزار کەس، لەکاتێدا بە هەردوو «**صحیح**» تەنیا دوو هەزار کەس ریوایەتیان لێوەرگیراوە.

بەڵام چی بڵێین سەبارەت بەو سی و هەشت هەزار کەسەی تر کە بەتەواوی لە هەردوو سەحیحدا ناویان نەهاتوە؟ لێرەدا حاکم بیانووی ئەوە دێنێتەوە کە مسلم زوو مردوە و فریا نەکەوتوە فەرمودەی تر بگێڕێتەوە (مسلم دەیویست فەرمودە لەسەر سێ ئاستی حەدیسگێڕەوەکان بنووسێت، کاتێک لە ئاستی یەکەم تەواو بوو، مەرگ یەخەی پێگرت لەکاتێکدا ئەو جارێ لە ناوەراستی تەمەندا بوو). ئەمە سەبارەت بە مسلم کە لە تەمەنی 55 ساڵیدا مردوە. ئەی سەبارەت بە بوخاری کە لە پیریدا مردوە لە تەمەنی شەست و دوو ساڵیدا؟ ئەو لە پێشەکی «صحیح»یشدا ئاماژەی بەوە نەکردوە کە بەنیازە لەسەر ئاستی چەند چینێک فەرمودە بگێڕێتەوە، لێرەدا نیسابووری پاکانەیەکی تر دەکات: ئەگەر زیاتر لە سەد لە ئەسحاب یەک فەرمودەیان نییە لە بوخاریدا ئەوە تەنیا لەبەرئەوەیە کە رێگەی گەیشتن بەوانە رێگەیەکی خراپ بووە، (نەک لەبەرئەوە متمانەیان نەبوە، چوونکە خودا پاراستوونی لە خراپە) [153].

ئیدی حاکم لێرەوە ئەرکی خۆی دیاریدەکات بۆ ئەوەی دەروازەیەك بۆ فەرمودەی راست بکاتەوە، ئەو نکۆڵی لەوە ناکات (حەدیسگێڕەوەکان درۆزنیشیان تێدایە)، بەڵام ژمارەی ئەو درۆزنانە تەنیا 233 کەس دەبن لە کۆی چل هەزار کەس کە بوخاری لە کتێبی «**التاریخ**»دا ناوی هێناون [154].

پاش ئەو ئامارەی دەیکات بۆ حەدیسگێڕەوە بێمتمانەکان، پاش ئەوەی (هەموو ئەوانە لادەبات کە مەجروح نین، بەڵام خەڵک وادەزانێت مەجروحن). ئینجا دەڵێت (با

قوتابیی فەرموودە بزانێت زۆرینەی فەرموودە گێڕەوەکان جێی متمانەن، بەڵام ناویان لە هەردوو سەحیحدا نەهاتوە [155].

متمانەدان بەو حەدیسگێڕەوانەی لە هەردوو سەحیحدا ناویان نەهاتوە کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر زیادبوونی ژمارەی فەرموودە کە لای خۆی دەگاتە هەشت هەزار و هەشت سەد فەرموودە، بەمەش حاکم دەبێتە دووەم تۆمارخانەی گەورەی فەرموودە دوای ئیبن حەنبەل.

نووسەری «**المستدرك**» لەم هەموو زۆربوونە ژمارەییەی فەرموودە کە گریمانەی ڕاستی بۆ دادەنرێت لە چ ڕوانگەیەکەوە دەڕوانێت؟ بێگومان تەنیا لە ڕوانگەی سەنەدەوەیە، کاتێک بەرز دەکرێتەوە بۆ ئاستی مەرجی یەکەم واتە ئاستی زنجیرە سەنەدیەکانی بوخاری و موسلیم، سەنەدیش وەك (عەبدوڵڵا کوڕی موبارەک) دەڵێت بەشێکە لە ئایین: (سەنەد بەشێکە لەئایین، ئەگەر سەنەد نەبوایە ئەوە هەر کەسێك هەرشتێکی بویستبایە دەیتوانی بیڵێت)، **نەیسابووریش** دەڵێت (سەنەد نەبوایە، ئاڵای ئیسلام لەناودەچوو) [156].

مادەم تەنیا پشت بە سەنەد بەستراوە، کەواتە هەر فەرموودەیەک سەنەدەکەی ڕاستبوو ئیتر ئەوە ڕاستە و واتە یەقینن کە ئەوە گوترای پێغەمبەرە، ئینجا مادەم خاوەنی هەردوو سەحیح هەندێک سەنەدی ڕاستیان فەرامۆشکردوە، کەواتە ئەوان بەشێکیان لە ئایین شاردۆتەوە[157]، لەبەرئەوە سەحیحی هەردووکیان مەرج نییە هەموو فەرموودەیە ڕاستەکانی کۆکردبێتەوە[158]، لەم حاڵەتەدا «مستدرك»ی حاکم دەبێت تەواوکەری ئەو دوو موسنەدەی تر بێت واتە بوخاری و موسلیم، تاکو شایستەی ئەوە بێت ئەو ناوە هەڵبگرێت، لەبەرئەوە سەیر نییە کاتێک دەبینین لە «مستدرک»ی حاکمدا چەندین جار ئەو دەستەواژەیە دووبارە دەبێتەوە: (ڕاستە بەڵام بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان نەکردوە)، یاخود (حەدیسکی ڕاستە لەسەر مەرجی بوخاری و موسلیم بەڵام ڕیوایەتیان نەکردوە). ئێمە لە کتێبەکەی حاکمدا 1934 جار دەستەواژەی یەکەممان ژماردوە لە 1288 جاریش دەستەواژەی دووەممان ژماردوە، لەو ڕووەوە سەنەدەکەی ڕاستە یان ڕاستە لەسەر مەرجی هەردوو شێخ «بوخاری و موسلیم»، بەم شێوەیە حاکم زیاتر لە سێ هەزار و دووسەد فەرموودەی زیادکردوە بۆ بوخاری و موسلیم.

هەرچەند لە راستاندنی سەحیحی بوخاری و موسلیمدا تێکەڵاوی دروستبووە لەنێوان سەنەد و مەرجی بوخاری و موسلیم، بەڵام دەتوانین هەردوولا لەیەک جیا بکەینەوە بەوەی یەکەمیان بگێڕینەوە بۆ زنجیرەی متمانەپێکراوەکان، بەڵام دوەمیان دەبێت بیسەلمێنین کە ئەو کەسەی ریوایەتیکردوە لەگەڵ ئەو کەسەی لێوەی ریوایەتکراوە هاوچەرخبوون، بەم شێوەیە دەبێت فەرمودەی خاوەن سەنەد و راست ئەو فەرمودەیە بێت کە (حەدیسگێڕەوەکە لە زانایەکی ترەوە وەریگرتبێت کە خۆی لێی بیستبێت لە تەمەنێکدا کە **ئەگەری پێکگەیشتنیان** هەبێت، هەروەها مامۆستای ئەویش مامۆستای پێش خۆی بینیبێت، تاکو سەنەدەکە دەگاتە ئەسحابەیەکی ناسراو، لەوێشەوە بۆ پێغەمبەر [159].

هەرچەند تاکو ئێستاش ناڕوونی هەیە لە دەستەواژەی (لەسەر مەرجی بوخاری و موسلیم)دا، لەگەڵ ئەوەدا کە هەردوو زانای فەرمودە خۆیان مانای مەرجەکانی خۆیان دیاری نەکردوە -بێگومان مەرجی هەردوکیشیان جیاوازە- [160]، لەگەڵ ئەوەشدا نەیسابووری باز دەدات بەسەر مەرجەکانی ئەوانیشدا و بەم شێوەیە نزیکەی پێنج هەزار و شەشسەد فەرمودەی تریش پشتڕاست دەکاتەوە، ئەوە بێجگە لەو سێ هەزار و دووسەد فەرمودەیەی لەسەر مەرجی بوخاری و موسلیم پشتراستی کردوونەتەوە. بێجگە لەو فەرمودانەی بەشی یەکەم کە سەنەدیان تەواو راستە، واتە متمانە لە متمانەوە گێڕاویەتییەوە تا دەگاتە پێغەمبەر، دیسان کۆمەڵێك حەدسی تر لە کایەی راست هەژمار دەکات وەک ئەوەی لە خوارەوە باسیان دەکات:

«بەشی دووەم لە فەرمودەی راست: ئەو فەرمودەیە راستەیە کەسی راست لە راستەوە دەیگێڕێتەوە کەسانی متمانە دەیگێڕنەوە تا دەگاتە ئەسحابە، بەڵام ئەسحابەکە تەنیا یەک کەس ریوایەتی لێوە کردوە، بەڵام بوخاری و موسلیم ئەو جۆرە فەرمودانەیان لە سەحیح خۆیاندا دانەناوە. بەشی سێیەم: گێرانەوەی کۆمەڵێك لە شوێنکەوتوان (التابعين) شوێنەوتوەکانیش متمانەن، بەڵام هەریەکەیان تەنیا یەک کەس لێوەی ریوایەتکردوون، بەڵام لە (صحيح)دا هیچ یەکێک لەو فەرموودانە تۆمار نەکراون، هەمووشیان راستن بەمانایەی کەسی راست لە کەسی راستەوە گێڕاوێتیەوە و بە بەڵگەش وەردەگیرێت بۆ

کارپێکردن، بەشی چوارەم لە (صحیح): ئەو فەرمودانەن کە تاك و تەریکن و کەسانی متمانە و راست بەتەنیا گێراویانەتەوە و لە هەردوو سەحیحەکەدا، لەو رێگەیانەی تێدانیە کە ئەو فەرمادانەی پێ ریوایەتکراوە، ئەو جۆرەش زۆرن کە سەنەدیان راستە، بەڵام لە هەردوو سەحیحدا ریوایەت نەکراون)[161].

ئەوەی نەیسابووری لێرەدا بەکورتی دەیوێت بیڵێت لە (معرفة علوم الحديث) دا بەدرێژی باسیدەکات و فەسڵێکی تەواوی بۆ تەرخان دەکات(ناسینی کۆمەڵێک لە ئەسحاب و شوێنکەوتوان وشوێنکەوتەی شوێنکەوتوان، ئەوانەی هەریەکەی تەنیا یەک کەس حەدیسی لێ وەرگرتوون).

لە نموونەی ئەو جۆرە ریوایەتانە وەک حاکم دەیهێنێتەوە:

«(ركين بن سعيد المزني) ئەسحابەیە، بەڵام تەنیا (قەیس کوڕی ابو حازم) ریوایەتی لێوە کردوە، هەروەها (صنابح کوڕی الاعسر، مرداس لوڕی مالیک، الاسلمي، ابوشهم، ابو عازم و ئەوانە) هەموو ئەسحابەن، بەڵام تەنیا یەک کەس ریوایەتی لێوە کردوون ئەویش قەیسە، هەروەها (صعصعة)ی مامی فەرزدەق [162]، تەنیا حەسەنی بەسری ریوایەتی لێوە کردوە، هەروەها (عمرو کوڕی تەغلەب و سەعد مەولای ئەبوبەکری سدیق و احمر) هەموویان ئەسحابن، بەڵام تەنیا حەسەن ریوایەتی لێوە کردوون [163].

پاش ئەو ئەسحابانەی تەنیا یەک کەس لێوەیان ریوایەتی کردوە دێتە سەر شوێنکەوتوان. وەك (محەمەد کوڕی ابوسفیان و عمرو کوڕی ابو سفیان، تەنیا زەهری ریوایەتی لێوە کردوون، زەهری بەتەنیا لە بیست و ئەوەندە شوێنکەوتوە و بەتەنیا ریوایەتیکردوە، کە کەسی تر ریوایەتی لەوانەوە نەکردوە[164]. هەروەها عمرو بن دينار بەتەنیا لە کۆمەڵێکی شوێنکەوتوان ریوایەتی وەرگرتوە. هەروەها (یەحیا کوڕی سەعید ابو اسحاق) و (هیشام کوڕی عەروە) و ...هتد[165].

پاش ئەوان شوێنکەوتەی شوێنکەوتوو دێت نموونەی ئەوان:

(تەنیا مالیکی کوڕی ئەنەس لە میسوری کوڕی ریفاعەی قەرەزیەوە فەرمودەی وەرگرتوە [166]، بەهەمان شێوە زیاتر لە 10 زانای مەدیەن تەنیا مالیک ریوایەتی لێوە

کردوون. (عەبدوڵڵا کوڕی شداد)[167] تەنیا سوفیان ریوایەتی لێوە کردوە، زیاتر لە حەڤدە زانای فەرمودە هەن تەنیا سوفیان ریوایەتی لێوە کردوون، (فضیل کوڕی فضالة) تەنیا شیعبە ریوایەتی لێوەکردوە. شیعبە تەنیا بووە لە وەرگرتنی ریوایەت لە زیاتر لە سی زاناوە، کە بێجگە لە شیعبە کەسی تر ریوایەتی لێوە نەکردوون[168]، بەمان شێوە زۆربەی پێشەوایانی فەرمودە چەندین شێخیان هەیە کە تەنیا خۆیان ریوایەتیان لێوە کردوون)[169].

تاکو بزانین ئەم تاکبوونە لە سەنەددا چ مەترسیەکی تیۆلۆژییش دروست دەکات، با بە شێوەیەکی تر ئەم ئیشکالیەتە دابڕێژینەوە: ئەگەر فەرمودە گێڕەوەیەك کە زۆر ریوایەت دەکات وەک (ئیبن شیهاب الزهري)، یان (شیئبە کوڕی حەجاج)، یان سوفیان، ئەو فەرمودانەی ریوایەت نەکردبایە کە تەنیا خۆیان ریوایەتیان کردوە ئەوە سەدان و سەدان فەرمودە کە بەحساب بەرزکراوەتەوە بۆ پێغەمبەر بوونیان نەدەبوو لەناو فەرهەنگی فەرمودەدا، بە گوێرەی تیۆریاکەی شافیعی بێت، کە جەخت لەوە دەکاتەوە پێغەمبەر هەرچیەک دەیڵێت وەحییە، ئەوە دەتوانین بڵێین سوفیان یا شیعبە یان زەهری وەک شەرعدانەرێک حساب دەکرێن، چونکە ئەو گوتراوانەیان داوەتە پاڵ پێغەمبەر کەواتە ئەوان خۆیان داوەتە پاڵ سەرچاوەیەکی خودایی و پێویستە لەسەر موسوڵمان بەقسەیان بکەن، هەتاهەتایە، هەروەک هەر دەقێکی تری پیرۆز لەهەر ئایینێکی ئاسمانیدا. ئەوەی قوڕەکە خەستتریش دەکاتەوە ئەوەیە ئێمە دڵنیانیین لەوەی تەنها سوفیان و شیعبە و ئەوانەش خۆیان ئەو حەدیسانیان دانابێت بەڵکو پێدەچێت بەناویانەوە دانرابێت، لەوانەیە ئەوانەی کە دایان نابێت ئەو کەسە (**متمانانە**) بن کە دوایی وتوویانە گوایە لەوانەوە ریوایەتیان کردووە، چونکە زنجیرەی سەنەدکاری وەک باسمانکرد یەکەم کەس و دووەم کەس ئاگاداری نین بەڵکو ئەو دوا کەسە تەحکومی پێوە دەکات کە گوایە لەو زنجیرە سەنەدەوە ئەو فەرمودەیەی پێگەیشتوە، واتە نە پێغەمبەر نە ئەسحاب نە شوێنکەوتوان نە شوێنکەتووی شوێنکەوتوان و نەدوای ئەوانیش تەحەکوم ناکەن بەزنجیرەی سەنەدەوە، بەڵکو ئەو کەسەی کە دواجار فەرمودەکەی گێراوەتەوە و یان تۆماریکردوە تەحەکوم بە هەموو ئەو زنجیریەوە

دەکات. ئەوەی موسلیم کردویەتیە بنەمایەك کە دەڵێت: دەبێت فەرمودە گێڕەوەکە جێمتمانە بێت و لە متمانەیەکی وەک خۆیەوە فەرمودە بگێڕێتەوە، کە ئەگەر بینین هەبووبێت یان لێوەی بیستبێت، (وەک ئەوەی هەردووکیان لە یەک سەردەمدا بووبن)، تاکو (ریوایەتەکە سەلمێنراو بێت و بەڵگەکەکە مولزەم بێت)، پلەی ئیلزامەکەش لەوە مەترسیدارترە کە خوێنەر تێیدەگات، چونکە بەگوێرەی ئەوزاعی سوننەت تەحەکوم بە قورئانیشەوە دەکات، بەڵام قورئان تەحەکوم بە سوننەتەوە ناکات)، ئیتر دەبێت بزانین ئیلزامکردنی گێڕاوە متمانە لەوە تێدەپەڕێنێت کە ئیشکالیەتی سەنەد بێت، بەڵکو مەسەلەکە دەبێتە ئیلزامیەتی سوننەت بەگشتی، لەو رووەوە کە سوننەت تەحەکوم بە قورئانیشەوە دەکات، بەڵکو ئەو داوەرە بەسەر قورئانەوە ئەو قسەیەش دەدرێتە پاڵ شافیعی. ئەو ئیلزامیەتە رەهەندێکی مەترسیدارتر وەردەگرێت کاتێک دەبینین حاکمی نەیسابووری گوتەی ئەسحابیش دەخاتە پاڵ فەرمودە، لای نیسابووری بەرزترین جۆری فەرمودە ئەو فەرمودانەن کە سەنەدیان راستەوخۆ دەگاتەوە پێغەمبەر، پاش ئەویش (گوتەی ئەسحابەی ناسراو، واتە زانرابێت کە هاوەڵی پێغەمبەر بووە، کاتێک دەڵێت: فەرمانمان پێکراوە وابکەین، یاخود نەهیمان لێکراوە ئەو کارە بکەین. یان بڵێت: سوننەتە ئەو شتە بکەیت، ئەم قسانە ئەگەر ئەسحابێکی ناسراو کردی ئیتر ئەوە فەرمودەی موسنەدە، «واتە سەنەدەکە تا پێغەمبەر گەیشتوە») (170).

بێگومان گوتەی هاوەڵ گوتەی خۆی نییە، بەڵکو گوتەی ئەو کەسەیە کە بەناوی ئەوەوە قسە دەکات، یان «متمانەپێکراوەکان- الثقاة» لەو کەسەوە ریوایەتیان کردوە بەو پێیەی ئەوە گوتەی ئەو هاوەڵەیە، ئێمە ئەوە دەخەینە نێوان دوو کەوانەوە لەبەر هۆیەک کە ئێستا روون دەبێتەوە، جا ئەو حەدیسگێڕەوەیە لە ئەڵقەی سێیەم یان چوارەمی زنجیرەی سەنەددا بێت، یان پێنجەم و شەشەم. لەراستیدا یەك فەرمودە نییە کە هاوەڵێک خۆی راستەوخۆ گێرابێتیەوە، بەڵکو ریوایەت تەنیا دوای ئەوە سەهەڵدەدات کە **فیتنەی گەورە روویدا** و ئوممەتی ئیسلام بوو بە چەندین گروپی سیاسی و ئایدیۆلۆژیەوە، لە

پێناوی دەسەڵاتی دونیاییدا، نەک لەسەر تیۆلۆژیا، کە هەرگیز تیۆلۆژیا سەربەخۆ نەبووە لە ململانێی سیاسی [171]. رێککەوتیش نییە کە دەبینین خەلیفەکانی ئومەویی یەکەم کەسن تۆمارکردنی فەرمودە دادەهێنن، بەمەرجێک لە سەردەمی راشیدیندا تۆمارکردنی فەرمودە قەدەغەبووە، چونکە فەرمودە لە قۆناغی سەرزاریدا، کە لە حیجاز گەیشتە ترۆپکی گەشەکردنی، یەکەمین مەنجەنیق بوو کە نەیارەکانی ئومەوی دژی ئومەویەکان بەکاریانهێنا، تاکو شەرعیەتی ئومەوی بلەرزێنن، بەڵام لەبەرامبەردا تۆمارکردنی فەرمودە بە فەرمانی ئومەوی دەستیپێکرد، تاکو وەک دژە مەنجەنیقێکی تر ئەوان دژ بە نەیارەکانیان بەکاریبێنن. واتە بەهەمان چەکی نەیارەکانیان بەرپەرچیان دانەوە [172].

لێرەدا دوو پرسیار سەرهەڵدەدات: ئەگەر تاکە پێوەر بۆ راستبوونی فەرمودە سەنەد بێت و سەنەدیش متمانەیەک لە کەسێکی ترەوە وەریگرتبێت کە ئەویش متمانە بێت، تا دەگاتە ئەسحابە و لەویشەوە دەگاتە پێغەمبەر، باشە چ پێوەرێک هەیە بۆ ئەوەی بزانین بەراستی ئەو حەدیسگێڕەوانە متمانە پێکراون؟

لە سەرەتادا وا دێتە خەیاڵمان کە پێوەرێکی بابەتی هەیە لە ئاست پرسێکی وا گرنگدا بۆ پێواندنی زنجیرەی پیاوانی ئیسناد، بەڵام لەراستیدا وەک ئەوەی لە کتێبی «**معرفة علوم الحديث**»دا دەیبینین و هەموو ئەهلی ئەو پیشەیە باسیدەکەن، کێشانەی متمانە پێکراوەکان تەنیا **شتێکی خوودیە** و هیچ پێوەرێکی بابەتی نییە بۆ ئەو پرسە. نەیسابووری لەسەر زاری حەدیسزانی گەورەوە (عبدالرحمن بن مهدي)ـەوە دەگێڕێتەوە: (حەدیسناسی ئیلهامە، ئەگەر بەزانایەک کە فەرمودەیەک باسدەکات بڵێیت ئەمەت لە کوێ هێناوە، نازانێت لە کوێ هێناوێتی، هیچ بەڵگەیەکی نیە) [173]. ئینجا ریوایەتێکی تر دێنێت لەسەر زاری (ابو زرعه)وە: (بەڵگەتان چیە لەسەر تەعلیلی حەدیس؟ بەڵگەمان ئەوەیە ئەگەر لێم بپرسیت سەبارەت بە عیللەتی حەدیسێك من وەڵامت دەدەمەوە، دوای من لە محەمەد بن موسلیم بپرسە ئەویش وەڵامت دەداتەوە، ئینجا لە (ابو حاتم) بپرسە ئەویش وەڵامت دەداتەوە. ئەگەر بینیت وەڵامەکانی هەرسێکمان وەک یەک بوو، ئەوە زانستە، خۆ ئەگەر وەڵامەکامان جیاواز بوو ئەوە بزانە هەر کەسێکمان بەپێی

مەبەستی خۆی قسەیکردوە، کابرا بەقسەی (ابوزرعە)ی کرد، بینی هەموویان یەک وەڵامیان هەیە، وتی: شاهیدی دەدەم ئەم زانستە ئیلهامە [174].

ئەم پێوەرە خودییە بۆ جیاکردنەوەی فەرمودەی ساختە لە فەرمودەی ڕاست، حەدیسگێڕەوەی درۆزن و ڕاستگۆ، لە ناو کتێبەکەی نەیسابووریدا نموونەی پیادەکراوی زۆری هەیە، واتە لە کتێبی **«سؤالات الحاكم»**، ئەو سەبارەت بە 531 حەدیسگێڕەوە کە گومانی لێیان هەبوە پرسیار لە دارەقوتنی دەکات کە شێخی بووە لە فەرمودەدا، وەڵامەکەی دارەقوتنی زۆر یەکلاییکەرەوە دەبێت و بێ ئەوەی هیچ ڕوونکردنەوەیەک لە سەر هۆکارەکانی حوکمەکەی بدات دەڵێت (فلان درۆزنە، فلان ڕاستگۆیە، فیسار متمانەیە، ئەویتریان (لاوازە)، ئەمیان (قسەی وەردەگیرێت) ئەوەیان (هەڵەی زۆرە)... بەم جۆرە لەنێوان ئەو (531) کەسەدا کە پرسیاری لێدەکرێت دارەقوتنی (235)یان بە متمانەپێکراو ناودەبات، (93)یان (خراپ نیە)، (60) کەسیان بە (ڕاستگۆیە)، (37)یان (بەهێز نیە)، (37)یان (لاوازە) یان لە لاوازەوە ڕیوایەت دەکات، (19) تەرککراون یان درۆزنن، (18)یان (بەڵگە)ن، (9)یان وەهمیان زۆرە یان هەڵە زۆر دەکەن ...هتد [175].

بێگومان کاتێک تاکە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی تەنیا شتێکی زاتی دەبێت و هیچ بەڵگەیەکی تر نییە لەسەری تەنیا گریمانەی هەڵسەنگێنەر نەبێت، و هەر وەک زێڕنگەرێک خەریکی ڕەخنەی زێڕ بێت ئاوا دەکات، هەزاران حەدیسگێڕەوە بەو شێوەیە هەڵدەسەنگێنێت، وەک لە هەندێک کتێبی پیاوانی حەدسیگێڕەوەدا هەیە، ئەمە بێ ئەوەی کەسیان مەرجەعێکیان هەبێت بۆی بگەڕێنەوە لەکاتی هەڵسەنگاندندا تەنیا هەستی خۆیان نەبێت، بێگومان لەم حاڵەتەدا لاواز و بەهێز تێکەڵ دەبن، بۆیە دەبینین **پێشەوایەکی فەرمودە** کەسێك لە لیستی لاوازەکاندا تۆمار دەکات، کەچی **پێشەوایەکی تری فەرمودە** هەمان کەس لە لیستی متمانەکاندا تۆمار دەکات[176].

لێرەدا دەبێت حاکمی نەیسابووری بنرخێنین کە بەو پرسیارەی لە شێخەکەی کردووە، تیشکی خستۆتە سەر میکانیزمی هەڵسەنگاندنی پیاوانی ئیسناد، کە هیچ

مەرجەعیەتێکیان نییە تەنیا هەڵسەنگاندنی زاتیی خۆیان نەبێت، بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی هاوتایان هەبێت. بەڵکو لەوەشدا دەبێت بینرخێنین کە میکانیزمی متمانەدانی خستۆتە ژێر پرسیارەوە و پشکنینێکی رەخنەییانەی بۆ کردوە، کە ئەوانەی پێش خۆی نەیانوێراوە شتی وابکەن. ئەو لە کتێبی «**معرفة علوم الحديث**»**دا** پاش ئەوەی توانای هەڵسەنگاندنی پەیداکردووە، هەستاوە بە هەڵسەنگاندنی چەندین حەدیسناس کە تا سەردەمی ئەو بە متمانەترین حەدیسناس ناسراون کەچی ئەو دێت و تێهەڵکێشەکانیان «تدلیس» دەردەخات و ریوایەتیان لە کەسانی نەناسراوەوە کەشفدەکات یان کەسانی گومانلێکراو، ئەمەش چەند نموونەیەکە:

- (سفيان الثوري) کە پێی دەوترێت (شيخ الاسلام، یان پێشەوای حەدیسناسان، سەوەری زانایان، ئەمیری باوەڕداران لە فەرمودەدا...) [177]. نەیسابووری لەبارەیەوە دەڵێت (سوفیان لە ئەبو هومامەوە ریوایەتیکردوە، هەروەها لە ئەبو مسکین و ابو خالیدی طائي و کەسانی تر کە هەموویان نەناسراون و کەس ناوی نەبیستوون، لێرەدا ئەو ناویدەنێت (جۆری چوارەم لە تێهەڵکێشکارەکان «مدلسين»). ئەو ناوە ئەو فەرمودانەی لە گومان لێکراوەکانەوە گێڕاویانەتەوە هێناویانە و تێهەڵکێشیان کردوە لەگەڵ فەرمودەی تردا تاکو نەناسرێنەوە). وەک (سفيان الثوري) کە لە (ابراهيم بن هراسه) ریوایەتیکردوە کەچی دەڵێت:(ابو اسحاق الشيباني بۆی گێراینەوە) [178].

- سەبارەت بە (قوتادە کوڕی دەعامەی دەوسی)، کە (ئیبن سەعد) لە «**الطبقات**»دا دەڵێت (قوتادە متمانەپێکراو بوو ئەمین بوو لە فەرمودەدا بەڵگەبوو)، کەچی نەیسابووری دەڵێت (لەو کەسانەیە کە فەرمودەی تێهەڵکێشکردوە لەسەر متمانەپێکراوەکان)، ئەوەیش دەخاتە جۆری شەشەم لەوانەی تەدلیس دەکەن، ئەوانە کەسانێکن (لە هەندێک شێخەوە ریوایەتیان کردوە کە هەرگیز نەیانبینیون... ئەوان هیچ شتێکیان لەوان نەبیستوە) [179].

- لەبارەی (شیعبە کوڕی حەجاج)ـەوە کە ئەویش بە ئەمیری فەرمودە ناسراوە وەک سوفیان دەڵێت (لە کۆمەڵێك نەناسراوەوە ریوایەتی کردوە، ئەویش لە جۆری سێیەمی

تێهەڵكێشەكان ریزدكات، (جۆری سێیەمی تێهەڵكێش، كە كۆمەڵە كەسانێكی تێهەڵكێشاوە كەس نایاننناسێت و نازانێت كێن و لە كوێوە هاتوون) [180].

ئینجا بە جۆرێك لە ترسەوە، وەك ئەوەی كەسێک خەریكبێت پەرێزێكی ترسناك بشكێنێت، دەڵێن (تەنانەت بوخاری و موسلیمیش سەنەدی تێهەڵكێشیان تێدایە) لە جۆری شەشەمی تێهەڵكێشەكاندا دەڵێت:

(لەم چینەدا كۆمەڵێک حەدیسناس هەن. لە رابردووەكان و ئەوانی دواتر، فەرمودەكانیان لە هەردوو «صحیح»دا هەیە، بەڵام كەسی قوڵبۆوە لە فەرمودەدا دەزانێت كامیان تێهەڵكێشە و كامیان راستە.

حاكم دەڵێت: ئەم دەروازەیەكی فراوانە با شاگردی فەرمودە بزانێت:

- (حەسەنی بەسری) لە (ابوهريره) هیچی نەبیستوە، نە لە (جابر)، نە لە (ابن عمر)، نە لە (ابن عباس).

- (الأعمش) هیچی لە (انس) نەبیستوە.

- (شیعبی) لە عائیشەی نەبیستوە، نە لە (ابن مسعود) نە لە (اسامة)، نە لە (عەلی) نە لە (موعاز) نە لە (زەید).

- (قەتادە) لە هیچ ئەسحابێكی نەبیستوە تەنیا (ئەنەس) نەبێت.

- فەرمودەكانی (عەمروی كوڕی دینار) هیچیانی لە ئەسحاب نەبیستوە[181].

- فەرمودەكانی (مەكحول) لە هاوەڵانەوە هەمووی لە رێگەی ترەوە وەرگیراون.

- ئەم شتانە هیچی لای عەوام ئاشكرا نین تەنیا حەدیسناسەكان دەیزانن.

(ئەبوعەبدوڵلا[182] دەڵێت: ئەو شەش جۆرەم لە جۆرەكانی تێهەڵكێشان «تدليس» باسكرد تاكو شاگردی فەرمودە بزانێت و لێی تێبگات، بەڵام بەباشم نەزانی **پێشەوایانی فەرمودە** باسبكەم و ناویان بێنم **لەبەر پاراستنی فەرمودە و ئەهلەكەی)** [183].

بەو دستەواژەیەی كۆتایی ئێمەش كۆتایی پێدێنین چونكە ئیتر خۆی ئەو دەستەواژە تۆخكراوە (**بۆ پاراستنی فەرمودە و ئەهەلی حەدیس**) باشترین كۆمێنتە.

(4)

## خەتیبی بەغدادی: تیۆریزەکردن بۆ قەبەکردنی فەرمودە

خەتیبی بەغدادی (کە ساڵی 463ی کۆچی مردووە)، خاوەنی مەسنەد نەبوو، وەک نیسابوریش خاوەنی موستەدرەك نەبوو، تەنانەت لە پێشەوایانی هەڵسەنگاندنیش نەبوو (جرح و تعدیل)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە نەیسابووری زیاتر پشتیوانی فەرمودە بوو، تا ئاستی ئەوەی دەتوانین ناوی بنێین ئایدیالیستی یەکەمی فەرمودەگەراکان، ئەگەر بە کتێبە ناودارەکەی ناسراو بێت واتە «**تاریخ بغداد**»، بەڵام ئەم ناونیشانەی ناروونییەکی زۆری تێدایە، چونکە ئەو کتێبە هیچ باسی مێژوو نییە، بەڵکو باسی حەدیسسازەکانی بەغداد و فیقهناسەکانیەتی، چ ئەوەی نیشتەجێی بەغداد بووە یاخود ئەوانەی بە بەغدادا گوزەریانکردوە، بێگومان نکۆڵی لەوەش نەکردوە کە سودی بینیوە لە نووسینەکانی پێش خۆی، وەک (ابن خلاد رامهرمزی) لە کتێبی «**المحدث الفاصل بين الراوي والواعي**»، گومانی تێدانییە بەغدادی خزمەتێکی گەورەی فەرمودەی کردوە وەک چۆن شافیعی خزمەتی فیقهی کردوە، بەهەرحاڵ هەندێک لە حەدیسناسەکانیش دانیان ناوە بەو خزمەتەی بەغدادیدا، (ابن ماکولا) دەڵێت: «بەغدادی دوا کەسی ناودار‌بوو بینیبێتمان لە رووی زانیاری و لەبەرکردن و وردەکاری و زەبتکردنی فەرمودەوە، بەڵکو هونەری دەنواند لەرووی هۆکاری فەرمودە و سەنەد و زانینی راست و غەریب و لاوازی فەرمودە ...هتد، دوای دارەقوتەنی کەسێکی تری وەک بەغدادی لە بەغداد هەڵنەکەوتوە، (ابو فتیان الحافظ) دەڵێت «خەتیبی بەغدادی پێشەوابوو لە حەدیسسازیدا، کەسی تری وەک ئەوم نەدیوە». لە مێژووی هەمەدانیدا دەڵێت «کاتێک خەتیب مرد زانستی فەرمودەیش لەگەڵیدا مرد» [184].

بە جاوپۆشین لەو زیادەڕەویانەی لەم جۆرە هەڵسەنگاندنانەدا دەیبینین[185]، بەشداریکردنی بنەڕەتی بەغدادی لەوێدا دەدەردەکەوێت کە هەوڵدەدات ریوایەتی فەرمودە وەک زانستێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێت وەک لە کتێبەکەییدا «**الكفاية في علم الرواية**»**دا** دەدەکەوێت، بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە لێرەدا هەوڵەکانمان چڕدەکەینەوە لە میکانیزمەکانی فراوانبوونی فەرمودە هەڵوەشاندنی ئەو میکانیزمانە نەك لە هونەری

حەدیسسازیدا، بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین تەنیا ڕۆڵی گرنگی بەغدادی لە فراوانکردنی سەرچاوە تیۆریەکانی ئەو فراوانبوونەوەدا زەقبکەینەوە.

خەتیبی بەغدادی لەهەمان ڕوانگەی شافیعیەوە دەردەچێت سەبارەت بە قورئاندنی سوننەت، واتە سوننەت وەک قورئان بە سروشێك دادەنێت ڕاستەوخۆ لای خوداوە دابەزیوە، جا هەر وەک نەریتی هەموو کەسانی حیکایەتگێڕەوە و هەوڵگەرا دێت و بەڵگەکانی خۆی لەسەر قسەی ئەوانە بنیات دەنێتەوە کە ئەسڵەن خۆیان هەوڵگەرایین، واتە تەنیا لە دنیای هەواڵدا دەژین، ئەو دێت و ئەم بەڵگانەمان بۆ دێنێت:

- (موعەممەر کوڕی سولەیمان) دەڵێت: (باوکم دەیوت: فەرمودە هەر وەک قورئانە).

- (ئەبوموسا): سوننەتەکانی پێغەمبەر لای ئێمە هەر وەک قسەی خودایە جیاوازییان نیە [186].

پاشان دەروازەیەکی تر دەکاتەوە ناوی دەنێت: دەروازەی قسەکردن لەسەر ئەو سوننەتانەی دەقی قورئانی لەسەر نییە، ئایا بە سروش دایڕشتوە یان بێ سروش) دەڵێت:

- هەندێک لە زانایان دەڵێن (پێغەمبەر هیچ شتێکی بێ سروش نەکردوە. ئەوانەی ئەم قسەیەش دەکەن بەڵگە بەو ئایەتە دێننەوە (وما ینطق عن الهوی ان هو الا وحي یوحی).

- (ابن جریج) دەڵێت باوکی لە (ابن طاوس) لە باوکییەوە گێراویەتیەوە (نووسراوێکی لابوو لەسەر خوێنبایی «دیات» کە بە وەحی دابەزیبوو، هەرچیەک پێغەمبەر لە بارەی خوێنباییەوە وتبێتی یان لەبارەی زەکاتەوە هەمووی وەحی بووە).

(حسان کوڕی عطیة): (جوبرەئیل وەك چۆن قورئانی دێنا بە وەحی ئاواش سوننەتی بە وەح دەهێنا بۆ پێغەمبەر)، لە بەشێکی تردا (وەک چۆن قورئانی فێر دەکرد ئاواش سوننەی فێر دەکرد) [187].

پاش یەکسانکردنی سوننەت بە قورئان ئینجا خەتیبی بەغدادی دێت و چەند بەڵگەیەکی تر دێنێت وەک ئەوەی بڵێ سوننەت لە پێش قورئانەوەیە.

- پیاوێک بە (ابومجلزی) وت لەکاتێدا خەریکی سوننەت و فیقهـ بوون دەیانخوێند: ئەگەر هەندێك قورئانمان بۆ بخوێنیت باشتر نییە. ئەو وتی: باوەڕ ناکەم خوێندنی قورئان لەمە باشتربێت کە ئێمە دەیکەین.

- بەڵکو فەزلی کۆبوونەوەی فیقهـ دەدات بەسەر مەجلیسی زیکردا. ئەمجارەیان لەسەر زاری پێغەمبەر خۆی: پێغەمبەر هاتە مزگەوت، کۆمەڵێك خەریکی زیکر بوون کۆمەڵێکیش خەریکی خوێندنی فیقهـ بوون، پێغەمبەر فەرمووی: هەردوو کۆبونەوەکە باشن، ئەوانەی دانیشتوون لە خودا دەپاڕێنەوە گەر ویستی پێیان دەدات، گەر نەیوست پێیان نادات، ئەمانەش خۆیان فێر دەکەن و خەڵکیش فێردەکەن، منیش وەک فێرکارێک نێرراوم، ئەمان باشترن. ئینجا لەگەڵ ئەوان دانیشت) [188].

هەر لەسەر زاری پێغەمبەرەوە چەند فەرمودەیەک دێنێت (مەجلیسی فیقهـ باشترە لە خواپەرستی شەست ساڵ). (فیقهناسێك لای خودا لە هەزار خواپەرست باشترە). لە ریوایەتێکی تردا (فیقهناسێک لە هەزار عابد و هەزار لەخواترس لەسەر دڵی شەیتان قورسترە) [189].

بەوەش راناوەستێت بەڵکو لە کتێبی «**الكفاية في علم الرواية**»**دا** دەروازەیەک دەکاتەوە (یەکسانیکردنی حوکمی خودا و حوکمی پێغەمبەر)، چەندین قسە لەسەر زاری پێغەمبەر دەهێنێت هەموو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە قورئان بەس نییە بۆ حوکمەکانی راسپاردن، بەڵکو موسوڵمانان لەوە ئاگادار دەکاتەوە کە قورئانییەکی پەتی بن، یان تەنیا لە سەر قورئان رابوەستن و، کار بە سوننەتەکان نەکەن:

- (بەڵێ من قورئانم بۆ هاتوە و هاوشێوەی قورئانیشم لەگەڵیدا بۆ هاتوە، کاتی ئەوە دێت کابرا بە زگی تێرەوە پاڵ دەداتەوە دەڵێت: قورئان وەربگرن ئەوەی لە قورئاندا حەڵاڵ بوو حەڵاڵی بکەن ئەوەی حەرام بوو حەرامی بکەن) [190].

- (لەوانەیە کەسی واهەبێت فەرمودەی منی پێدەگات و پاڵی داوەتەوە لەسەر جێگەکەی و دەڵێت: نازانم ئەوە چیە. بەس قورئان بگرن و هیچی تر).

- (عیرباز کوڕی ساریە) دەڵێت: پێغەمبەر کاتێک چوو بۆ خەیبەر هاوەڵەکانی لەگەڵدا بوو، نوێژییان کرد و ئینجا هەستا وتی: کەسێک تێری خورادوە و لەسەر جێگەکەی پاڵیداوەتەوە و وا دەزانێت حەرام تەنیا لە قورئاندا هەیە، بەخودا من هەندێک شتم حەرام کردوە نەهیم لە هەندێکی تر کردوە، ئامۆژگاریم بە هەندێکی تر کردوە کە ئەوانە وەک قورئانن بەڵکو زیاتریشن) [191].

هەر لەو روانگەیەوە کە خەریکە سوننەت دەخاتە پێش قورئانەوە، فەرمودەیەکی تر دێنێت (پیاوێک یەزیدی کوری هارونی پاش مەرگ لە خەوندا بینی، پێی وت: خودا چی لێکردیت؟ وتی: بەهەشتی بۆ حەڵاڵکردم. وتی: بە قورئان؟ وتی: نەخێر؟ وتی: ئەی بەچی؟ وتی: بە فەرمودە) [192].

هەر لەسەر زاری ئەو یەزیدەوە (خەتیب) ئاماژە بەوە دەکات کە حەدیسناسەکان لە قورئاندا ناویان هاتوە، تەنانەت پێش ئەوەی پیشەی فەرمودە و گەشتکردن بۆ فەرمودەیش هەبێت، یەزید لە حەمادی پرسی؟ ئایا ناوی حەدیسناسان لە قورئاندا هاتوە؟ وتی بەڵێ! ئەی نەتبیستوە؟ (فلو لا نفر من كل فرقة منهم طائفة ليتفقهوا في الدين) ئیتر هەرچی گەشتبکات بۆ داواکردنی فیقە و فەرمودە دەگەڕێتەوە خەڵکەکەی فێردەکات[193].

لێرەوە ئینجا نووسەری کتێبی «**شرف اصحاب الحديث**» کۆمەڵێک گوتەی حەدیسناسەکان دێنێت کە ستایشی خۆیان دەکات، سوفیان دەڵی (فریشتەکان پاسەوانی ئاسمانن، حەدیسناسەکانیش پاسەوانی زەوین)، یزید کوڕی زەرع دەڵێت (هەموو ئایینێك سوارچاکی خۆی هەیە، سوارچاکانی ئەم ئایینەش فەرمودە ناسەکانن). (ابي بكرة): (فەرمودە ناسەکان چرای خودان)، (شافیعی): (هەرکاتێک حەدیسناسێک دەبینم وادەزانم پێغەمبەرم بینوە بەزیندوویی). ئینجا (ابو حسن) لە خەوندا پێغەمبەر دەبینێت، لێی دەپرسێت (کێن دەستەی سەرفرازان لەو 73 دەستەیە؟ وتی: ئێوەن حەدیسناسەکانن). ئینجا هەر لەسەر زاری پێغەمبەر، عەلی دەگێڕێتەوە (پێغەمبەر رۆژێک هاتە لامان وتی: خودایە رەحم بە جێنشینەکانم بکە. وتمان: جێنشینەکانت کێن؟ وتی: ئەونەی دوای خۆم دێن، فەرمودە و سوننەتەکانم دەگێڕنەوە و خەڵکی لێ فێر دەکەن) [194].

دوای هەموو ئەم قسانە ئینجا (خەتیبی بەغدادی) قسەی خۆی دێنێت و ئەهلی فەرمودە دەپیرۆزێنێت بەناوی (دەستەی سەرخراوەو- الطائفة المنصورة)، دەڵێت (خودا ئەو دەستە سەرخراوەی کردۆتە پاسەوانی ئایین، گەورەی سەرکەشانی لێ دوورخستوونەتەوە، چونکە دەستیان گرتوە بە دینەوە و رێڕەوەی ئەسحاب و شوێنکەوتوانیان گرتوە، ئەرکی ئەوان پاراستنی فەرمودە و بڕینی چەندین بیابان و چۆڵەوانییە، سواربوونی چەندین پێدەشت و دەریایە بۆ ئەوەی لە نووری شەرع تیشک وەربگرن، ئەوان رووناکەنە مەیل و

ئارەزووی کەس، شەریعەتیان وەک گوتە و کرداریش وەرگرتوە، سونەتەکەی پێغەمبەریان پاراستوە بە لەبەرکردن و گەیاندنی، تاکو توانیویانە بەو شێوەیە رەگ و ریشەکەی دابکوتن، هەر ئەوانیش شایەنی ئەو شەرەفە بوون و ئەهلی ئەو شکۆیە بوون، چەندین کەسی بێباوەڕ دەیانەوێت شتێک لەگەڵ شەریعەت تێکەڵ بکەن کە لەشەرعدا نییە، بەڵام خودا بەهۆی ئەهلی فەرمودەیەوە شەریعەتی پاراستوە: (اولئك حزب الله الا ان حزب الله هم المفلحون) [195]. ئەگەر بە زمانێکی هاوچەرخ بدوێین دەڵێین: **ئەگەر ئایدیۆلۆژیای باو قسە بکات، نەك تەنیا بەوەی ئامادەی دەکات، بەڵکو بەوەش کە دەیشارێتەوە، ئیتر سەیر نییە لەگەڵ ئەم ئامادەبوونە سەراسەرییەی ئەهلی فەرمودە شتێک نەمابێتەوە بەناوی ئەهلی قورئانەوە تەنیا بزربوون نەبێت.** ئەوان تەنانەت دەستەواژەی قورئانەکەش بۆ خۆیان رادەکێشن نەک بۆ ئەهلی قورئان (اولئك حزب الله). بەڵام ئیشکالەکە هەر لێرەدا ناوەستێت بەڵکو خەتیبی بەغدادی کە وەک ئەندازیاری تەلارسازی فەرمودە ناسراوە بێ دوودڵی دێت و کەرەسەی ساختە لەو تەلارەدا بەکاردێنێت کە تەنانەت بە پێوەری پیشەسازانی فەرمودەیش ئەو کەرەستەیە ساختەیە، چونکە ئەهلی پیشەکە کۆمەڵێک بنەمایان داڕشتوە بۆ ئەوەی بناغەی تەلارەکەیان پتەوبێت چەندی پێوەریان داناوە بۆ رێکخستنی، کەچی بەغدادی دەستکاری هەموو ئەوانە دەکات و تێکیان دەدات، وەك:

**1. بەربەستی تەمەن:**

ئەهلی فەرمودە یاسایەکیان داناوە ئەویش ئەوەیە کە فەرمودە تەنیا لە کەسێك وەردەگیرێت گەیشتبێتە تەمەنێک کە ئیتر ژیر و تەواو بێت و بەکەڵکی ئەوە بێت لەگە زانایاندا دابنیشێت و پرسیاریان لێ بکات و دەرسیان لەلا بخوێنێت، بەگشتی زانایان تەمەنی بیستساڵییان داناوە بۆ کەسێک کە خەریکی فەرمودە بێت، بەڵکو هەیانە نەك تەمەنی بیست ساڵ بەڵکو مەرجی ئەوەی داناوە کە ئەو کەسە پێش ئەوەی خەریکی فەرمودە بێت دەبێت بیست ساڵ خەریکی خوا پەرستی بێت، خەتیب خۆی باسی ئەوە دەکات کە خەڵکی کووفە مەرجی تەمەنی بیست ساڵییان داناوە بۆ قوتابی فەرمودە، (لەوێ کەس پێش تەمەنی بیست ساڵی خەریکی وەرگرتنی فەرمودە نابێت، بەڵکو پیش

ئەو تەمەنە خەریکی خواپەرستی و قورئان دەبێت، زوبێری لەو بارەیەوە دەڵێت (واباشە لە بیستساڵیدا ئینجا دەستبکرێت بە نووسینەوەی فەرمودە، چونکە لەو تەمەنەدا ئینجا عەقڵ کامڵ دەبێت، بەڵام خەتیب دەروازەیەک دەکاتەوە سەبارەت بە (ئەوەی هاتووە دەربارەی دروستی بیستنی فەرمودە لەلایەن منداڵەوە)، دەڵێت (ئەگەر گوێگرتن لە فەرمودە تەنیا پاش بیست ساڵ بوایە ئەو زۆربەی فەرمودە پووچ دەبێتەوە) [196]. بۆ پشتراستکردنەوەی ئەو قسەیەشی هەندێك بەڵگە دێنێتەوە لەو هاوەڵانەی بە منداڵێ فەرمودەیان لە پێغەمبەر بیستوە، وەک حەسەن کوڕی عەلی (ریوایەتی لە پێغەمبەرەوە کردوە کەچی ساڵی دوەمی کۆچی لە دایکبوە)، هەروەها (مسلمة بن مخلد) ریوایەتی هەیە لەکاتێکدا پێغەمبەر وەفاتییکرد ئەو تەمەنی دە ساڵ بوو. هەروەها (ئیبن عەباس) و (عەبدوڵڵا کوڕی زبیر) و (نوعمان کوڕی بەشیر) و (ابو الطفیل الكناني) و چەندینی تر، هەموویان ریوایەتیان لە پێغەمبەرەوە کردوە، لەکاتێکدا ئەوانە تەمەنیان دەساڵ زیاتر نەبووە کاتێك پێغەمبەر لە دنیا دەرچوە، ئینجا لە ئیبن خەلادەوە قسەیەک دێنێت کە گوتویەتی (لە ئەوزاعییان پرسی سەبارەت بە مێرد منداڵ ئەگەر فەرمودە بنووسێتەوە، وتی: ئەگەر نوسینی زەبتکردبێت دەکرێت گوێ بگرێت ئەگەر لە خوار دە ساڵیشەوە بێت، کەواتە لە نووسینی فەرمودەدا تەمەن بەمەرج ناگیرێت بەڵکو پێگەیشتوی و عەقڵ و چالاکی و وریایی جواننووسین دەور دەبینێت). ئینجا بۆ پشتراستکردنەوەی ئەو بۆچوونەی خۆی قسەیەکی تری موسا بن هارون دێنێت کاتێک لێی دەپرسن (چ کاتێك منداڵ گوێ لە فەرمودە بگرێت؟)، (وتی: هەر کاتێک مانگا و گوێدرێژی لێکجیا کردەوە، دەتوانێت گوێبگرێت)[197]. لەبەرئەوە سەیر نییە کە دەڵێن (دبري) هەموو قسەکانی (عبدالرزاق)ی نووسیوەتەوە و خەڵکیش لێیانەوە وەرگرتوە، لەکاتێککدا ئەو تەمەنی لە شەش حەوت ساڵ تێپەڕینەدەکرد، هەروەها (ابوعمر القاسم) کتێبی «السنن» لە باوکیەوە وەردەگرێت لە تەمەنی سێ چوار ساڵیدا، کەچی (خەڵکیش لە (ابو عمر)ـەوە فەرمودەیان وەرگرتوە و زانایان بروایان بە ریوایەتەکانی هەبوە، تەنانەت ئەوانەش کە «حافظ حدیث» بوون) [198].

**2. بەربەستی وشە:**

ئەسڵ لە فەرمودە گێرانەوەدا ئەوەیە کە فەرمودەکە بە هەمان وشە و دەستەواژە ریوایەت بکرێت بێ گۆڕینی یەک وشە، بەڵام خەتیبی بەغداد یەک فەسڵی تەواو باسی ئەوە دەکات کە دەکرێت فەرمودە بەمانا ریوایەت بکرێت، ئەو بەچەند حەدیسکی هەڵبەستراو بەدەم پێغەمبەرەوە دەست پێدەکات: (اکئمة اللیثي دەڵێت: وتمان ئەی پێغەمبەری خودا ئێمە فەرمودە لە تۆ دەبیستین بەڵام ناتوانین وەک خۆی بیگێڕینەوە، وتی: ئەگەر حەڵاڵێک حەرام نەکەن و حەرامێك حەڵاڵ نەکەن و ماناکە بپێکن ئاساییە)، (ئیبن مەسعود دەڵێت: پیاوێک لە پێغەمبەری پرسی وتی: ئەی پێغەمبەری خودا تۆ کاتێک قسەیەک دەکەیت ئێمە ناتوانین وەک خۆی بیگێڕینەوە، وتی: ئەگەر بتوانن ماناکە بپێکن بگێڕنەوە) [199].

دوای ئەم فەرمودانە کە هەر شێوازی داڕشتنەکە و ماناکانی دیارە چۆن و کەی دروستکراون، خەتیبی بەغدادی دەروازەیەکی تر تایبەت دەکات بە (باسی ئەوانەی مۆڵەتیان داوە بە ریوایەتکردن بە مانا)، لەوێدا دەڵێت (مەکحول وتی: چووین بۆ لای ئەسقەع وتمان فەرمودەیەکمان بۆ باس بکە لە پێغەمبەرەوە بیستبێتت بێ ئەوەی هەڵە و بیرچوونەوەی تێدابێت. وتی: ئایا کەستان ئەمشەو قورئانتان خوێندوە؟ وتیان: بەڵێ. وتی: هیچ ئەلف و یایەک شتێکتان بۆ زیاد نەکردوە؟ وتمان:ئێمە زیاد و کەم دەکەین چونکە لە لەبەرکردندا باش نیین، وتی: ئەوە قورئان لەبەر دەستتاندایە شەو و رۆژ دەیخوێننەوە و هەڵەی تێدادەکەن، ئیدی چۆن ئێمە هەڵە نەکەین لە فەرمودەیەکدا کە یەک دوو جار لە پێغەمبەرەوە بیستوومانە؟ بەڵام ئەگەر وەک ماناکەی خۆی بۆم باسکردن ئیتر ئەوە بەسە). (ابو سعید الخدري) دەڵێت (ئێمە لای پێغەمبەر دە دوانزە کەس دادەنیشتین، کە قسەی بۆ دەکردین، دوایی کە قسەکانمان دەگێرایەوە کەسمان وەک خۆی نەدەگێرایەوە بەڵام ماناکان وەک یەک بوون.

(حەسەن کوڕی ئەبو تالیب) دەڵێت (وتمان: تۆ ئەمڕۆ فەرمودەیەکمان بۆ دەخوێنیتەوە کەچی سبەینێ بە شێوەیەکی تر دەخوێنیتەوە. وتی: مادەم یەک مانا دەگەیەنێت قەیدی ناکات). سوفیان دەڵێت (ئەگەر بمانەوێت بە هەمان لەفز فەرمودەکان بگێڕینەوە ئەوە نابێت یەك فەرمودە باسبکەین بۆ خەڵك)، (هەروەها دەڵێت: ئەگەر پێم وتن بەهەمان شێوەی یستوومە بۆتان دەگێڕمەوە باوەڕم پێ مەکەن) [200].

3. **بەربەستی وردەكاری لە گەیاندندا:**

خەتیب نەک لەمانادا بەڵكو لە زیادە خستنەسەریشدا لە لایەن فەرمودە گێڕەوەوە بەلایەوە ئاساییە، لە بوخاری دەگێڕێتەوە (زیادەی کەسی متمانە پەسەندکراوە) ئەوەشی خەتیب زیادی دەکات (ئەگەر زیان بەفەرمودەکە نەگەیەنێت). پاش تۆزێکی تر دەروازێکی تر دەکاتەوە (سەبارەت بە هەواڵی کەسی راست ئەگەر زیادەیەکی بەتەنیا گێرایەوە و کەسیتر نەیان گێرابۆوە)، دەڵێت (**کۆی فیقهناسەکان و حەدیسناسەکان دەڵێن: زیادەی متمانە پەسەند کراوە ئەگەر تاکیش بێت، هیچیش جیاوازیشیان نەکردوە لەنێوان زیادەیەکدا پەیوەست بێت بە حوكمێکی شەرعیەوە یان نەبێت**)[201]. ئینجا دەڵێت (ئەوەی ئێمە هەڵیدەبژێرین لەم گوتانە ئەوەیە کە زیادە بە هەموو شێوەیەک پەسەندە ئەگەر ئەو کەسەی دەیگێڕێتەوە کەسێکی راست و ورد و زەبت بێت لە لەبەرکردندا)[202].

سەرەرای سڕینەوە سنوورەکان لە نێوان قسەی ئەو کەسانەی کە لە لایەن پێغەمبەرەوە – گوایە - وتراو، یان قسەی حەدیسگێرەوەکەیە، ئیتر پێویست ناکات ئەوە باس بکەین کە ئەو رێگەدانە بە زیادکردن تا چ رادەیەك كتێبخانەی فەرمودەی فراوانکردوە.

لێرەدا قسەیەکی گرنگی زوهری دێنینەوە کە لە سیاقی رکابەری فەرمودەدا وتراوە لە نێوان حیجازییەکان و عیراقییەکاندا، (ئەی خەڵكی عیراق، فەرمودە لای ئێمەوە دەردەچێت یەک بستە کەچی لای ئێوە دەبێت بە باڵێك)[203]. تێبینیەکی تر ئەوەیە کە 300 ساڵ دوای زوهری، واتە لەسەردەمی خەتیبدا چیتر کشاندنی فەرمودە تایبەت نەبوو بە خەڵكی عیراق، بەڵكو هەموو پارچەکانی تر هەمان سوننەتیان بەجێ دێنا.

4. **بەربەستی یادەوەری (حاجز الذاكرة):**

لە (دەروازی:کەسێك فەرمودەیەک ریوایەت دەکات و دوایی بیری دەچێتەوە)، لێرەدا خەتیب پرسیار دەکات: ئایا دەکرێت کار بەو فەرمودەیە بکرێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە نموونەیەک دێنێتەوە: شافیعی بۆی گێراینەوە: لە ئبن مەعبەدە لە ئبن عەباسەوە: من تەواوبوونی نوێژی پێغەمبەرم بە تەکبیرەکاندا دەزانی، ئبن دینار دەڵێت دوایی ئەم

حەدیسەم بۆ ئەبو مەعبەد باسکردەوە، وتی: من شتی وام باس نەکردوە. عەمرو دەڵێت: هەر خۆی بۆی گێرابوومەوە. دەڵێت: ئەبو مەعبەد راستگۆترین کۆیلەی ئیبن عەباس بوو، شافیعی دەڵێت: وا دیارە بیری چۆتەوە پاش ئەوەی گێراوێتیەوە). ئینجا خەتیب دەڵێت (لەم بارەیەوە رای جیاواز هەیە، حەدیسناسەکان و فیقهناسەکان و ئەهلی کەلامیش دەڵێن کارکردن بەو فەرمودەیە واجیبە، ئەگەر ئەو کەسەی لێی بیستوە خۆی (حافز) بێت و ئەویش بیری چۆتەوە کەسێکی راست بێت، (بەڵام قوتابیانی ئەبو حەنیفە دەڵێن نابێت کار بەو جۆرە فەرمودەیە بکریت) [204].

بەڵام خۆی دەڵێت (لەبەرئەوە بیرچوونەوە و هەڵەکردن ئاساییە لە مرۆڤدا، مەحاڵیش نییە کەسێک قسەیەکی کردبێت و دوایی بیری چووبێتەوە)، (بەڵام ئەوە ئەمانەتەکەی لەکەدارناکات و ئەو کەسەش بەدرۆ ناخرێتەوە. لە کۆمەڵێکی تریش لە زانستخوازان دەگێڕنەوە کە فەرمودەیان ریوایەت کردوە و دوایی خۆیان بیریان چۆتەوە، ئینجا کە بیریان خستوونەتەوە جارێکی تر لەسەر قسەی ئەوانەی بیریان خستوونەتەوە نوسیویانەتەوە، ئەوان ریوایەتیان دەکردەوە دەیانووت فلان کەس بۆی باسکردین لە فلانەوە وەریگرتوە...) [205]. بەمشێوەیە دەبینین زۆر جار حەدیسگێرەوە لەوکەسەی ریوایەت دەکاتەوە کە خۆی بۆی گێراوەتەوە، واتە حەدیسی بۆگێڕاوە دەکەوێتە پێش حەدیسگێڕەوە، بەڵکو ئەو کەسەی خۆی فەرمودەکەی گێراوەتەوە دوایی نەیزانیوە چیی گێراوەتەوە تا ئەو کاتەی ئەویتر پێی وتوە کە تۆ ئەم حەدیسەت گێراوەتەوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کەچی خەتیبی بەغدادی پێمان دەڵێت لەکاتی نەمانی یادەوەریدا نابێت (هەواڵی کەسی راست رەتبکرێتەوە یان تانەی لێ بدرێت)، بەڵکو (دەبێت ئەو فەرمودەیە وەربگیرێت و کاری پێبکرێت، چونکە لەوانەیە پیاو قسەیەک بکات و دوایی بیری بچێتەوە، ئەوەش بەڵگە نییە بۆ ئەوەی قسەی ئەو کەسە درۆبێت) [206].

مەترسی ئەم قسەیە لەو کاتەدا دەردەکەوێت کە دەزانین ئەم فەرمودەیە کە بەو شێوەی ریوایەتکراوە و حەدیسگێڕەوەکە هەر بیریشی چۆتەوە، ئەوە تەنیا هەواڵێکی ئاسایی نییە، بەڵکو **هەواڵێکە لە پێغەمبەرەوە هاتوە و ئەویش لە خوداوە بۆی هاتووە.**

**5. بەربەستی سەنەد:**

ئێمە تاکو ئێستا وامانزانیوە کە سەنەدکاری بنچینەی هەموو بنچینەکانیترە لە زانستی فەرمودەدا. زانا هەبوو دەیووت ئەگەر سەنەد نەبوایە ئەو هەرکەسێک بە ئارەزووی خۆی چی بویستایە دەیووت، زانایانی تر دەیانووت هەرکاتێک سەنەد راستبوو ئیتر فەرمودەکە راستە، بەڵکو لای هەندێکیان سەنەد بریتی بوو لە ئایین خۆی. بەڵام خەتیبی بەغدادی بێ دوودڵی دەڵێت (هەرشتێک مورسەلی هاوەڵان بوو ئەوە بێ دوودڵی وەردەگیرێت، چونکە راستێتی هاوەڵان براوەتەوە) [207]، لە کتێبی «**الکفایە**»دا ئەو وتەیە پشتراست دەکاتەوە کە دەڵێت (مورسەلەکانی هاوەڵان هەموویان پەسەندن چونکە هەموویان راستن و خودا لێیان رازیبووە) [208]. بەڵام لەراستیدا ئەم قسەیەی خەتیب شتێکی تازە نییە چونکە پێش ئەو شافیعی هەمان هەڵوێستی هەبووە، جا لەبەرئەوەی خۆیشی شافیعی مەزهەبە، هەر دەبوو مورسەلەکانی هاوەڵان پەسەند بکات و کاریان پێبکات، چونکە ئەوە مەزهەبی سەر مەزهەبەکەیەتی لە کتێبی «**الرسالە**»دا، بەڵام ئەو قسە نوێیەی خەتیب دەیهێنێت ئەوەیە کە دەبێت مورسەلی هاوەڵان وەربگیرێت تەنانەت ئەگەر جۆرێک لە تێهەڵکێشکردن (تدلیس)یشی تێکەڵ کرابێت، بەڵام ئەو بە روونی ئەم قسەیە ناکات، بەڵکو دەڵێت دەبێت مورسەلی هاوەڵ وەربگیرێت تەنانەت ئەگەر خۆیشی نەیبەستبێت، بەڵکو لە هاوەڵێکی ترەوە بیستبێتی، بۆ پشتراستکردنەوەی ئەم وتەیەشی وتەی دووان لە هاوەڵان دێنێت، یەکێک لەوان (براء کوڕی عازب) دەڵێت (ئێمە هەموومان قسەی پێغەمبەرمان نەبیستوە، چونکە زەوی و زارمان هەبوو خەریک دەبووین بە کارکردنەوە، بەڵام ئەوسا خەڵک درۆزن نەبوون لەبەرئەوە کەسی ئامادەبوو قسەکانی دەگێرایەوە بۆ ئەوانەی ئامادەی مەجلیسی پێغەمبەر نەدەبوون)، هەروەها (انس بن مالیک) دەڵێت (هەرچییەکتان بۆ باسدەکەین هەموویمان لە پێغەمبەرەوە نەبیستوە، بەڵکو هەندێکیان هاوەڵەکانی ترمان بۆیان گێراوینەتەوە، ئێمەش کۆمەڵێکبووین کەسمان ئەوی ترمان بەدرۆ نەخستۆتەوە) [209]. بەم شێوەیە دەبینین هاوەڵانیش هەندێک فەرمودەیان بەناوی پێغەمبەرەوە گێڕاوتەوە کە خۆیان لێیان نەبیستوە، بەڵکو لە هاوەڵی تریان بیستوە، ئەم جۆرە لە مورسەل هەڵکشاوتر دەبێت کاتێک دەگەینە سەر ئەو هاوەڵانەی لەکاتی مەرگی پێغەمبەردا تەمەنیان دە

ساڵان بووە، یان کەمتریش لە دە ساڵ. بەم شێوەی دەبینین هەرچی حەدیسێك ئیبن عەباس گێراویەتییەوە هەموو مورسەلە، ئەمە ئەگەر خۆی گێرابێتنیەوە و بەناوی ئەوە نەگێڕدرابێتەوە، چونکە کاتێک پێغەمبەر وەفات دەکات، ئیبن عەباس تەمەنی لەنێوان هەشت بۆ دە ساڵاندا دەبێت وەک خۆی باسیدەکات [210]، بەڵام ریوایەتەکانی ئیبن عەباس دەگاتە 1690 فەرمودە [211]. ئەم هەموو فەرمودەیە مورسەلە کە بەلای خەتیبەوە پەسەندە و دەبێت کاری پێبکرێت ئەوە دەردەخات کە تەنانەت بەربەستی سەنەدیش رێگر نەبوە لەوەی فەرموده ریوایەت بکرێت، بەهەرحاڵ خەتیب خۆی ریوایەتێک لەسەرزاری ئیبن سیرین دێنێت (لەسەردەمی یەکەمدا خەڵک هەواڵی سەنەدیان نەدەپرسی، تاکو فیتنە کەوتەوە، کاتێک فیتنە کەوتەوە ئینجا خەڵک هەواڵی سەنەدیان دەپرسی تاکو بتوانن فەرمودەی ئەهلی سوننەت جیا بکەنەوە لە ئەهلی بیدعە) [212].

بەهەرحاڵ، ئەگەر خەتیبی بەغدادی لە مەرجەکانی سەنەددا تەنیا مورسەلەکانی هاوەڵانی پشتراستکردۆتەوە، بەڵام هەندێکیتر لە حەدیسناسەکان و فیقهناسەکان، ئەوانەی سەر بە مەزهەبی شافیعی نین، مورسەلی شوێنکەوتوان و شوێنکەوتەی شوێنکەوتوانیشیان خستۆتە پاڵ (التابعين و تابعي التابعين)، وەك (مالیک و خەڵکی مەدینەوە و ئەبو حەنیفە و خەڵکی عێراق...)[213]. بەڵگەشیان بۆ ئەوەی کە ئەوانیش راستێنراون بەشێوەیەکی رەها (مقطوع بعد التهم) هەر وەک هاوەڵان، بە دەلیلی ئەو فەرمودەیە موتەواتیرەی بە چەندین شێوە هاتوە بۆمان وەک ئەوەی (ابوهريره) دەگێڕێتەوە: (خيركم قرني هذا، ثم الذين يلونهم، ثم الذين يلونهم، قال ابوهريرة: فما أدري ذكره مرتين أو ثلاث)[214]. خەتیب لێرەدا دەکەوێتە دژبەری لەگەڵ خۆیدا کاتێک بەڵگە بەم فەرمودەیە دێنیتەوە یان فەرمودەکانی تر تا بگاتە ئەو دەرەنجامەی کەتەنیا ئەسحاب راستن لە مورسەلەکانیاندا بێجگە لە شوێنکەوتوان و شوێنکەوتەی شوێنکەوتوان، بەڵام بێ لەبەرچاوگرتنی راستێتی فەرمودەکە، بەڵام تەئویلکردنی فەرمودەکە بەوەی کە هەرسێ نەوەی یەکەم ئەهلی حەدیسن تەئویلێکی ناراستە. چونکە (قرن) لە زمانی عەرەبیدا مانای نەوە دەگرێتەوە، جاخۆ ئەگەر ئەو قسەیە راستبێت ئەوە دەبێت هەرچی کەسانی ئەو سەردەمەیە راست بوونایە و کردەوە و قسەکانیان وەربگیرایە بێ قەید و شەرت، لەوانەش ئەو کەسانەی

خەلیفەکانیان کوشت، هەروەها (حجاج کوڕی یوسفی ثقفی) خوێنڕێژ، کە کەعبەشی بە مەنجەنیق سووتاند، هەروەها (عمر کوڕی سعد کوڕی ابی وقاص) کە (حوسەینی کوڕی عەلی) و خانەودەکەی قڕکرد، هەروەها ئەو هەزاران ئەسحابەی دەیان هەزاریان لەیەکتری کوشت لەسەر دەسەڵات، بەتایبەتی هەردوو جەنگی جەمەل و سەفەیین، کە دوو دڕندەترین جەنگ بوون لەو سەردەمەدا[215]. بەهەرحاڵ مادەم ئێمە لەبارەی هاوەڵانەوە قسە دەکەین، لەبەرئەوەش کە خەتیب پێناسی ئەسحاب بەوە دەکات کە (هەر کەسێکە هاوڕێیەتی پێغەمبەری کردبێت ئەگەر بۆ ماوەی یەک سەعاتیش بێت)، بەم پێناسەش لیستی ئەسحاب زۆر فراوان دەبێت، کەواتە لیستی ئەوانەی کە راست و دروستن زۆر فراوان دەبێت، ئەو سنووره تا ناسنوور درێژ دەبێتەوە، بەڵام ئەوە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیە کە ئەهلی فەرمودە لە سەرەتادا دەیانگوت، وەک (سعید بن المسیب) لەسەر زاری ئەوانەوە دەڵێت (ئەسحاب لای ئێمە تەنیا ئەوانەن کە ساڵێک تا دووساڵ لە خزمەت پێغەمبەردا ژیابن یان دوو غەزای لەگەڵدا کردبێت)[216].

### 5. بەربەستی لێوەبیستن:

وەک بینیمان تێهەڵکێشان (تدلیس) لای خەتیبی بەغدادی، وەک لای هەموو ئەهلی فەرمودە، ئەوەیە کە حەدیسگێڕەوەیەك فەرمودەیەک بگێڕێتەوە لە کەسێك کە خۆی ئەو کەسەی نەبینیوە، جا چ لەبەرئەوە بێت کە لەیەك سەردەمدا نەژیاون یاخود لەیەك شوێندا نەبوون، بەڵام دەبینین لای خەتیب و هەموو حەدیسناسەکانی دوایی نابێتە مەرجێک بۆ دروستی یان نادروستی فەرمودە، بەڵکو جۆرێک لێوە بیستن هەیە خۆی لێوە بیستن نییە بەڵکو رێگەپێدانە، رێگەپێدان ئەوەیە کە حەدیسناس رێگە بدات بەو کەسەی فەرمودەی لێدەگێڕیتەوە هەر لە کتێبەکەیەوە فەرمودەکە رابگوازێت کەچی بڵێت لەو زانایە خۆیەوە بیستوومە، لەو کاتەدا ئەو فەرمودەیە (وەک ئەوە وایە خۆی لە حەدیسناسی پێشترەوە بیستبێتی و کارپێکردنی واجب دەبێت)، ئەمە لەکاتێکدا پێش ئەوە سەردەمە زانایان دەیانووت (ئەو زانیاریەی کە پێویستە پەسەند بکرێت و کارپێکردنی واجبە تەنیا ئەو زانستەیە کە بیسترابێت لەو زانایەوە نەک وەرگرتنەکەی بەشێوەیەکی تر بێت) [217].

خەتیب لێرەدا لیستێکی درێژ دێنێت بەناوی ئەوانەی فەرمودەی رێگە پێدانیان بە راست زانیوە لەوانە: (حەسەنی بەسری، زوهری، قوتادە، حەیوە بن شورەیح، مالیک، ئیبن جورەیج، سەوری، شافیعی، ئیبن حەنبەل، بوخاری، موسلیم، هتد...).

نکۆڵی لەوەش ناکات کە هەندێکی تر نکۆڵییان کردوە ئیجازە بەو شێوەی بدرێت، وەک (بن تەمیم) کە دەڵێت (چوم بۆ لای حەیوە لێم پرسی، وتی:برۆ ئەم کتێبە بنوسەرەوە و بەناوی منەوە ریوایەتی بکە، وتم: ئێمە بە بیستن نەبێت پەسەندی ناکەین، وتی: ئێمە لەگەڵ غەیری تۆشدا هەر وادەکەین، ئەگەر دەتەوێت بیبە بینوسەرەوە ئەگەرنا لێیگەڕێ. دەڵێت: منیش وازم لێهێنا) [218].

بەڵام ئەوەی سەیرە لەو نموونانەدا کە خەتیب دەیانهێنیت سەبارەت بە پەسەندکردنی ئیجازە و راستکردنەوەی، لەوانەیە لە کتێبێکدا بێت کە ئەو کەسە خۆی نەینوسیبێتەوە بەڵکو هەر نەیشیخوێندبێتەوە.

بەم شێوەیە لەسەر زاری (عوبەیدوڵڵا کوڕی عمر) رادەگوێزێت (من زوهریم دیوە کتێبیان بۆ دێنا کە نەیبینیبوو نەیخوێندبۆوە، دەیانووت ئەمە لە تۆوە ریوایەت بکەین؟ دەیگوت بەڵێ)، هەروەها لەسەر زاری ئیبن جورەیج دەڵێت (چووم بۆ لای زوهری بۆ ئەوەی هەندێك فەرمودەی پێشان بدەم. وتی: ئەی چی لە کارەکەی خۆم بکەم؟ وتم: ئەی بەناوی تۆوە ریوایەتیان بکەم؟ وتی: بەڵێ) [219].

لەسەر زاری (یحیی بن حسان)یش دەگێڕێتەوە (کۆمەڵێک هاتن کتێبێکیان پێبوو، وتیان لە (ابن لهیعة)وە بیستوومانە، سەیرم کرد یەك فەرمودەی (ابن لهیعة)ی تێدا نەبوو، هاتم بۆ لای (ابن لهیعة) و پێمووت: ئەمەی بەناوی تۆوەیە یەك فەرمودەی خۆتی تێدانیە و تۆش نەتبیستووە. وتی: ئەی چیبکەم؟ دێن بۆلام و کتێبێک دێنن دەڵێن ئەمە فەرمودەی تۆیە، منیش بۆیان دەخوێنمەوە) [220].

بەڵام ئیجازەدان لەلایەن ئەهلی ئەم پیشەیەوە لەم ئاستەدا راناوەستێت، بەڵکو خەتیب لە کتێبەکەیدا دەروازێک دەکاتەوە بە ناوی **ئیجازە بۆ کەسێکی نەبوو یان نەناسراو.** لەوێدا هەندێک نموونەمان بۆ دێنێتەوە سەبارەت بە ئیجازەدان بە کەسێک

کە جارێ هەر لەدایکنەبووە یان ئامادەنییە، هەرچەند خەتیب باسی شیاوێتی ئەم جۆرە ئیجازەدانە ناکات، بەڵام هەندێک نموونە دێنێتەوە و دەڵێت ئەو جۆرە لە ئیجازەدان لەلایەن هەندێک حەدیسناسەکانەوە کاری پێکراوە، لەسەر زاری کوڕی ئەبوداود- واتە کوڕی خاوەنی سونەنی ئەبوداود- پرسیاری لێکراوە سەبارەت بە ئیجازە گوتویەتی: ئەو ئیجازەی خۆت و کوڕەکانت و پشتاو پشتی کوڕەکانیشتم دا، واتە ئەوانەش کە جارێ لەدایکنەبوون) [221]. بەڵکو هەندێک نموونە لەو بارەوە دێنیتەوە لەوانە ئەم ئیجازەیەی کە (ابن خلت السدوسي) داویەتی (ئەوا ئیجازەی عمر کوڕی ئەحمەدی خەلال و عبدالرحمن کوڕی عمر[222] و زاواکەی علي کوڕی حسین و هەر کەسێکم بیرچووە لێرەدا ناوی بهێنم لەوە کە لەمەسنەد نەیان بیستوە، ئیجازەم بەهەر کەسێک داوە عومەر حەزبکات لە منەوە ریوایەت بکات، ئەگەر ویستیان دەتوانن لە منەوە ریوایەت بکەن) [223].

بەهەرحال خستنە سەر پشتی دەرگای ئیجازەدان بەم شێوەیە هێندی تر دەرگای والاکرد بۆ ئەوەی ئینسایکلۆپیدیای فەرمودە چەندین قاتی تر فراوان ببێت، چونکە ئیتر پەیوەندی بیستنی قوتابی لە مامۆستاکەیەوە هیچ پێویستی نەدەکرد، بەڵکو ئیدی دوکانی کاغەز فرۆشەکان جێگەی مەجلیسی مامۆستاکانی گرتبۆوە، هەر هێند بەس بوو کە کتێبەکە لای مامۆستاوە بەناوی ئەوە دەربچێت تا ئیتر حەدسیگێڕەوە بتوانێت بەناوی مامۆستاکەیەوە فەرمودە ریوایەت بکات. بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی پێبێت تەنها ئەوە نەبێت بلێت فلانە زانا ئیجازەی داوم بەناوی ئەوەوە ریوایەت بکەم.

**7. بەربەستی تەواتور:**

حەدیسخوازەکان لە سەرەتادا تەنیا فەرمودەیەکیان وەردەگرت کە مەرجی تەواتوری تێدا بوایە، واتە لەلایەن چەندین فەرمودە گێڕەوەو بە سەنەدی جیاجیا ریوایەت بکرابایە، بەڵام لەو ساتەوەختەوە کە شافیعی بەپێویستی زانی فەرمودەی تاکیش بەراست وەبگیرێت و کارکپێکردنی ببێتە واجیب مەرجێک ئەو فەرمودە گێڕەوەیە ئاقڵ بێت و متمانەبێت و فەرمودە لەبەربکات، ئیدی قسەیەکی تازە خۆی سەپاند بەسەر حەدیسخوازدا: ئەویش

بەڵگەییبوونی فەرمودەی تاکە[224]، بەڵام لەبەرئەوەی خەتیب دەروازێکی تایبەتی داناوە بۆ پەسەندکردنی هەواڵی تاک، لەوێدا بەکورتی پێمان دەڵێت (کارکردن بەهەواڵی تاك لای تابعین پەیڕەوکراوە هەروەها زانایانی دوای ئەوانیش کاریان پێکردوە تا ئەمڕۆش هەر کاری پێدەکرێت، لە کەسیشمان نەبیستوە رێگربێت لەبەردەمیدا، بەمەش دەیسەلمێنن هەموو زانایان باوەڕیان وایە فەرمودەی تاك پێویستە کاری پێبکرێت، خۆ ئەگەر کەسێ هەبوایە کارکردنی بە فەرمودەی تاك رەتبکردایەتەوە ئەوە پێمان دەگەیشت) [225].

بێگومان ئەستەمە بتوانرێت ژمارەی فەرمودەی تاك لە فەرهەنگی فەرمودەدا ئامار بکرێت [226]، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەگەر کارپێکردنی واجب نەبوایە ئەوە فەرهەنگی فەرمودە وا گەرە نەدەبوو.

### 8. بەربەستی تێهەڵکێشان (تدلیس):

تەدلیس بەزۆری وەک پەتایەکی فەرمودە سەیرکراوە، تەدلیس بریتیە لەوەی کەسێك لە حەدیسگێڕەوەیەکەوە فەرمودەیەک بگێڕێتەوە کە لە ئەسڵدا هەر لێوەی نەبیستوە، یان کەسێکی نەناسراو یان تانە لێدراو بیت، بەڵام حەدیسگێڕەوەکە بێت ناوی تانە لێدراوەکە یان نەناسراوەکە بگۆڕێت بەکەسێکی متمانەپێکراو یان ناسراو، بەپێی ئەو پێوەرانەی لەناو ئەهلی فەرمودەدا کاری لەسەر دەکرێت بەمەش پلەی سەنەدەکە بەرز بکاتەوە و رێگە لە تانەلێدانی بگرێت، خەتیب خۆیشی دان بەوەدا دەنیت کە تەدلیس لەسەردەمی ئەودا بۆتە دیاردەیەکی بەربڵاو و تاکو بێت زیاتر دەبێت، لەبەرئەوە ناچاربوە کتێبێک بنووسێت بەناوی «التبیین لاسماء المدلسین»[227]. لەو کتێبەدا ناوی هەموو تەدلسیکارەکانی تۆمارکردوەو زۆربەی ریوایەتەکانی هێناون کە تەدلیسیان تێداکردوە، پێدەچێت مەسەلەی تەدلیس لە نێوان حەدیسناسەکان خۆیاندا تەشەنەی کردبێت وەک خەتیب ئاماژەی پێدەکات کە «هەندێ دەڵێن، هەواڵی تەدلیسکار وەرناگیرێت چونکە تەدلیس خەڵەتاندن و چەواشەکردنی تێدایە، هەڵگرتنی ناوی کەسانێک کە جێمتمانە نین، هەوڵدان بۆ دروستکردنی سەنەدی بەرز، هەرچەند خۆی سەنەدەکە بەرز نییە«. لە

بەرامبەریشدا خەڵکانێکی زۆریتر دەڵێن «هەواڵی تەدلیسکار وەردەگیرێت چونکە وەک کەسی درۆزن نییە، و لای ئەوانە تەدلیس راستێتی حەدیسگێڕەوە پەکناخات)[228]. خەتیب خۆیشی قسەکانی کۆمەڵەی دووەم بەراست دەزانێت بە مەرجێک ئەو کەسەی تەدلیسی بەناوەوە کراوە جێی متمانەبێت تەدلیسکاریش بینیبێتی وفەرمودەی لێوە بیستبێت هەرچەند هەندێک فەرمودەی تری لێوە بگێڕێتەوە کە لەوەوە نەیبیستوە. بەم شێوەیە دەبینین تەدلیس خۆی لەخۆیدا خەوش نییە، بەڵکو بەگوێرەی تەدلیسکارەکە دەگۆڕێت. ئەگەر تەدلیس (لە متمانەوە بێت) لێی وەردەگیرێت، بەڵام ئەگەر لە کەسێکی متمانەوە نەبوو لێی وەرناگیرێت، بۆیە وتوویانە (تەدلیسی سوفیان بن عیینە وەردەگرین، چونکە لە کەسی متمانەپێکراو دەیکات بەڵام تەدلیسی «اعمش» وەرناگیرێت چونکە لە کەسی بێمتمانەوە دەیکات) [229].

وابزانم پێویست ناکات باسی ئەوە بکەین ئەو کرانەوە و بەربەرەڵاییە بۆ وەرگرتنی فەرمودەی تەدلیس چ دەروازەیەکی فراوانی خستۆتە سەرپشت بۆ فراوانبوونی فەرهەنگی فەرمودە، ئەوەندە بەسە کە هەندێك لەوانەی بە تەدلیس ناسراون لەهەموو کەس ریوایەتیان زۆرتر بووە، وەک (سوفیانی سەوری و سوفیان کوڕی عیینة، و شیعبە کوی حەجاج و مەکحول و قوتادەی سەدوسی عبدالرزاق الصانعاني)، ئەمانە تەنانەت لە سەحیحەکانی بوخاری و موسلیمیشدا جێگەی خۆیان گرتوە [230]. ئەمە بێجگە لەو سەدان کەسەی کە لە چەندین کتێبی تردا ناویان ریزکراوە **بەناوی توێژی تەدلیسکارانەوە** [231].

### 9. بەربەستی تانەلێدان و راستاندن (الجرح والتعدیل):

دەبوو ئەم میکانیزمە زامنی پاراستنی زانستی فەرمودە بێت و فەرمودەی لاواز و خراپ و هەڵبەستراو و درۆی لێ بژار بکات، بەڵام خەتیب پێمان دەڵێت ئەو میکانیزمەش دەستی تێخراوە و بەڵکو لەرێگەی ئەم میکانیزمەوە ئیجازە دەدرێت بەهەندێک فەرمودەی خراپ کە لەناو فەرهەنگی فەرمودەی راستدا جێگە بگرێت، چونکە وەک خەتیب خۆی دەڵێت

هەندێك تانە لێدان هەیە راستێتی حەدیسگێڕەوە ناخات، بۆ نموونە **مەرجی ژمارە** هەیە، ئەو پاکانەیەی خەتیب لێرەدا دەیهێنێت پێوەری وێکچوەکانە (قیاس الشبە) هەر وەک چۆن ژمارە مەرجە لە (وەرگرتنی حەدیسگێڕەوە یان رەتکردنەوە یان بەهەمان شێوە ژمارە مەرجە لە تانەدان لە حەدیسگێڕەوە، وەک چۆن لە دادبینیدا دوو شاهید بەمەرج دەگیرێت، بەهەمان شێوەی تانەدان لە حەدیسگێڕەوەیەك پێویستی بە دوو شاهیدی راست هەیە، بەڵام ئەگەر یەک کەسی راست (عدل) تانەی لێدا، ئەوە هەندێک لەزانایان دەڵێن ئەو تانەلێدانە وەرناگیرێت، خەتیبیش هەر هەمان رای هەیە، بەڵکو خەتیب لەوەش زیاتر دەڕوات و رازی نابێت بە شاهیدی دە شاهید فەرمودەی کەسێک رەت بکرێتەوە لەسەر زاری (مولمة بن عەلی)یەوە دەڵێت: (فەرمودەی کەسێك تەرک ناکرێت تاکو هەموو زانایان هاوڕا نەبن لەسەر تەرککردنی فەرمودەکانی، لەوانەیە بوترێت فڵانەکەس فەرمودەی لاوازە، بەڵام تاهەموو هاورا نەبن ناووترێت فڵان فەرمودەی تەرککراوە)[232].

(خەتیبی بەغدادی) مەرجێکی تریش زیاد دەکات بۆ تانەدان لە حەدیسگێرەوە، ئەویش دەربڕینی هۆکاری تانەلێدانەکەیە. لەسەر زاری (ابو طیب الطبري) دەڵێت: «تانەلێدان بەبێ تەفسیرێکی رەوا وەرناگیرێت، نەك تەنیا قسەی حەدیسناسەکان بێت: واتە تەنیا بڵێن فڵانە کەس لاوازە، یان هیچ نییە)[233]. ئەم مەرجەش مەرجێکی ئەستەمە، چونکە وەک باسمانکرد هونەری حەدیسسازی جۆرێکە لە ئیلهام واتە رێسایەکی زانستیی نیە[234]. ئیلهامیش تەفسیر ناکرێت، چونکە زیاتر هەستکردنە بە شتەکان، ئەوەش ناتوانرێت هۆکاری بۆ بدۆزرێتەوە، هەرکاتێکیش مەرجی هۆکار دانرا بۆ تانەدان ئەوە ئیتر ناتوانرێت حەدسیگێڕەوە هەڵسەنگێنرێت، وەک چۆن دارەقوتنی لە سی و پێنج کەسدا لەوانەی حاکم لە بارەیەوە پرسیبووی، تەنیا بە هەستی خۆی هەڵیسەنگاندبوون بێ دەربڕینی هیچ هۆکارێک.

بەهەرحاڵ خەتیبیش ئەو قسانە لەخۆیەوە ناهێنێت واتە مەرجی ژمارە و مەرجی هۆی تانەدان، بەڵکو مەسنەدی فەرموده لەو سەردەمەدا هێند زۆربوو، کە ئیدی جۆرەها کەسی تانە لێدراو لەناوی کتێبەکانی فەرمودەدا هەبوون بێ ئەوەی توانای

جیاکردنەوەیان هەبێت لەگەڵ (راستێنراوەکان- المعدلین). هەرچەند لەدواییدا زۆر کەس هاتن و ناوی تانەلێدراو و تەدلیسەکانیان کەشفکرد لەچەندین کتێبدا، بەڵام ئەوە هیچی لە واقیع نەگۆڕی و فەرمودە هەر وەک خۆی بە قەبەیی و فراوانی تا ئەمڕۆ ماوەتەوە.

### 9. بەربەستی دژبەریی:

بینیمان دیاردەی فراوانبوونی فەرمودە چ نارەحەتیەکی بەرهەم هێناوە تا وای لێهاتوە هەموو فەرمودەیەک فەرمودەیەکی تری پێچەوانەی خۆی هەیە.

هەروەها بینیمان میکانیزمی ناسیخ و مەنسوخ چۆن خراوەتەگەڕ بۆ هەڵگرتنی ئەو دژبەرییانە، بەڵام وادیارە خەتیبی بەغدادی لەو دەروازە کورتەی کردویەتیەوە بۆ هەڵگرتنی دژبەری لەنێوان فەرمودەکاندا زۆر باوەڕی بە ناسیخ و مەنسوخ نییە، چونکە ئەو میکانیزمە دژبەریەکان هەڵناگرێت، وەک لەسەر زاری (ابن الطیب) دەڵێت (هەر دوو هەواڵێك لە پێغەمبەرەوە هاتبێت نابێت بەهیچ جۆرێک دژبەرییان تێدا بێت، هەرچەند لە رووکەشدا جیاوازبن)[235]. رواڵەتی دژبەریش مانای وا نییە ئەو دوو فەرمودەیە لە ناوەرۆکدا دژبەیەکن، ئەگەر وابێت ئەوە مانای وایە پێغەمبەر پێچەوانەی خۆی قسەیکردوە و، بە قسەیەکی خۆی ئەوی تری هەڵوەشاندوە، ئەوەش مەحاڵە، لەبەرئەوە دژبەری نێوان دوو فەرمودە بەوە نابێت بڵێین یەکیان ئەوەی تریان سڕیوەتەوە، بەڵکو دەبێت هەردووکیان جێگیربکەین، بەڵام هۆی هەردووکیان روون بکەینەوە وەک ئەوەی (لە دووو زەمانی جیاواز، یان بۆ دوو کۆمەڵی جیاواز، یان دوو کەسی جیاواز یان دوو سیفەتی جیاوازدا وترابن)، وەک ئەوەی وتبێتی: نوێژ فەرزە لەسەر ئومەتەکەم، بەڵام لەهەمان کاتدا وتبێتیشی: نوێژ فەرز نییە لەسەر ئوممەت. یان بڵێ: حەج فەرزە لەسەر زەید، لەهەمان کاتدا فەرزیش نییە لەسەری، یان بڵێت نەهیمکردوە لە فڵانە کار، لەهەمان کاتیشدا بڵێت بەڵام فەرمانیشم پێکردوە، دەبێت مەبەست لەم شێوە فەرمودانە بەم شێوەی بێت، بۆ نموونە بڵێ نوێژ لە هەندێك کاتدا فەرزە لەهەندێک کاتیتریشدا فەرز نییە، یان حەج فەرزە لەسەر زەید لەکاتێکی دیاریکراودا ئەگەرتوانای هەبوو، بەڵام ئەگەر

نەیبوو ئەوە فەرز نییە، بەم شێوەیە دەبێت دژبەرەکان چارەسەر بکرێن) [236].

بەم شێوەیە بە رای خەتیب عەقڵی گونجێنەر دەبێت پاڵەوانێک بێت بۆ ئەوەی رێگەی دەربازبوون هەمیشە بدۆزێتەوە و هەموو رێگە داخراوەکان لەبەردەم فەرمودەیە دژبەرەکاندا بکاتەوە. ئەگەر دەوترێت ئەم پارادۆکسە لە هۆسازیدا هەر خۆی لەخۆیدا هەڵگری دژبەرییە، خۆئەوە تەنانەت لە دیدگای ئەرستۆشەوە هەر شتێکی لۆژیکی دەبێت، بەڵام ئەرستۆ ناڵێت مەحاڵە دوو قسەی دژبەیەک لۆژیکی بن مەگەر ئەو دوو قسەیە **بەیەک ئاراستەدا** بن. بەڵام لەم حاڵەتەی بەغدادیدا واتە عەقڵی گونجێنەر لەوەدایە کە دەتوانێت دوو ئاراستەی جیاواز بۆ یەک وتەی دژبەخۆ دروستبکات. لە راستیدا تەنیا بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین فەرمودە دژبەریی تێدا نییە، هەر بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین فەرمودە هەڵبەستراوی تێدا نییە، **خۆ ئەگەر هەرشتێک کە وترا پێغەمبەر وتویەتی ئەو قسەیە راست بێت ئەوە دەبێت بڵێین پێغەمبەر لەیەک کاتدا فەرمانێك و دژە فەرمانیشی دەرکردوە یان ئەمر و نەهییەکی پێکەوە دەرکردوە.**

لەم رووەوە دەتوانین بڵێین خەتیبی بەغدادی بە شێوەیەک بەشدارییکردوە لە فراوانکردنی ئینسایکلۆپیدیای فەرمودەدا، کە پێش خۆی نموونەی نەبوە، ئەوانەی باسی ناسیخ و مەنسوخ دەکەن هەر هیچ نەبێت هەندێك فەرمودەیان هەڵگرتوە و حوکمی هەندێکیان پووچەڵکردۆتەوە، هەرچەند بە نووسرای لە کتێبەکاندا ماوەتەوە، کەچی خەتیب بە تۆمارکراوی و کارپێکراویش دەیانهێڵێتەوە، هەرچەند ئەم هێشتنەوەیە گێژاوێکی گەورە دروست دەکات بۆ گونجاندنی ئەو دەریای دژبەیەکیە، زمانحاڵی خەتیب وەک سەوری پێمان دەڵێت (هەموو خێرێک دەبینم بەرەو کەمی دەچێت، تەنیا فەرمودە نەبێت رۆژانە لە زیادبووندایە) [237].

ئەم جیاوازیە تا دێت لەگەڵ دوورکەوتنەوەی سەردەمدا زیاتر دەکات، تاکو سەردەمی پێغەمبەریاتی دوورتر بکەوێتەوە ژمارەی فەرمودە زیاتر دەکات، **لەبری ئەوەی زەمەن فاکتەری بیرچوونەوە بێت دەبینین بەپێچەوانەوە زەمەن دەبێتە فاکتەری وەبیرهێنانەوەی زیاتر،** بەم شێوەیە لەبری ئەوەی یادەوەری فەرهەنگ تەنکتر بێتەوە لەگەڵ کاتدا، کەچی

دەبینین لە سەردەمەکانی دواتردا شتانێک نوێتر دێنە یادوەری فەرهەنگەوە کە لەرابردوودا نەبوون، ئەم هەڵگەڕانەوەیە لە یاسای بایۆلۆژی یادەوەری تەواو حیکایەتی هەڵبەستنی فەرمودەمان بۆ دەگێڕێتەوە، لەوێشەوە حیکایەتی فراوانبوونی ئینسایکلۆپیدیای فەرمودەمان تێدەگەیەنێت.

ئێستا ئەگەر بمانەوێت باز بدەین بەسەر هەر دە بەربەستەکەی کە خەتیب ئیجازەیداوە بازی بەسەردا بدرێت، کە بریتین لە: «تەمەن، لەفز، وردبینی، سەنەدکاری، یادەوەری، لێوەبیستن، تەواتور، تەدلیس، تانە لێدان، دژبەری» ئەوە دەتوانین بڵێین:

- ئەگەر کەسێکی متمانە فەرمودەیەکی ریوایەتکرد لە کەسێکی (تانەلێدراو) کە هەموو زانایان هاورانین لەسەر تانەلێدانی، ئەویش لە شوێنکەوتەی یەکێك لە شوێنکەوتەی شوێنکەوتەکانەوە حەدیسێکی بیستبوو، یان لە کتێبێکی ئەوەوە وەریگرتبوو، یان کتێبێک کە دەووترێت هی ئەوە، ئیدی ئەو فەرمودەیە راستە.

- ئەگەر شوێنکەوتەکانی چینی سێیەم فەرمودەیەکی بیرچۆوە کە شوێنکەوتەیەکی چینی چوارەم لێوەی ریوایەتکردبوو، ئەو فەرمودەیە دەچوە گۆڕی لەبیرچوونەوە ئەگەر شوێنکەوتەکەی دوایی لێی وەربگرتبایە.

- ئەگەر شوێنکەوتەی چینی دووەم گومانیشی لەسەر بێت کە تەدلیسیکردوە[238].

- ئەگەر شتێکی لای خۆیەوە زیادکردبێت کەسی تر ریوایەتی نەکردبێت.

- ئەگەر ئەو ئەسحابەیەش کە فەرمودەکەی لێوە وەرگیراوە خۆیشی لە پێغەمبەری نەبیستبێت، بەڵکو بەهۆی کەم تەمەنیەوە لە ئەسحابەی تری بیستبێت، جا بێئەوەی ئەو ئەسحابەی تر ناوبەرێت کە لێی وەرگرتوە.

- ئەگەر ئەسحابەکە بەتەنیا ئەو حەدیسەشی گێرابێتەوە و هیچ کەسێکی تر نەیگێرابێتەوە لەگەڵیدا.

- ئەگەر سەرەرای هەموو ئەمانەش فەرمودەکەی دەقاودەق نەگێرابێتەوە، بەڵکو ماناکە فەرمودە بێت و لەفزکە هی خۆی بێت.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەبێت ئەو فەرمودەیە پلەی راست و دروستی پێبدرێت و پێویستە پەسەند بکرێت و کاریشی پێبکرێت، چونکە بەرکەوتەی ئەو فەرمودەیە

ئەوەیە کە (چاکێک لە چاکێک، چاکێک لە شوێنکەوتەیەك، شوێنکەوتەیەك لە ئەسحابە، ئەسحابەش لە پێغەمبەر، پێغەمبەریش لە خودای وەرگرتوە) [239].

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا با ئەوە بۆ (خەتیبی بەغداد) بڕیار بدەین کە سەرەرای ئەو ئاستە لە عەقڵناپەسەندیی کە لە فەرمودەدا پێی دەگات، بەڵام هەر دەرچەیەك دەهێڵێتەوە بۆ عەقڵ کاتێک دەڵێت (عەقڵ هێزێکە بەهۆیەوە راستیی زانیاریەکان جیا دەکرێتەوە)، (بێ عەقڵ ژیان رێک نابێت هەموو شتێک بەگوێرەی عەقڵ دەجووڵێتەوە)، (هەر کەسێک نکۆڵی لە عەقڵ بکات واتە نکۆڵی لە خودا دەکات)، بەڵکو دەڵێت (عەقڵیش ئەسڵە وەک چۆن دەقیش ئەسڵە) و لە (ئاوێنەی عەقڵەوە)... (رووە جوانەکان) لە (رووە دزێوەکان) جیادەکرێنەوە [240].

لەبەرامبەریشدا دەبینین هاوچەرخێکی خەتیبی بەغدادی ئەویش (ئیمامی سەمعانییە)، کە ساڵی (489ی کۆچی مردووە)، هیچ دوودڵ نییە لەوەی عەقڵ کەناگیر بکات و وای مەزەندە بکات کە عەقڵ و نەقڵ دو دژی لێکجیان و هەرگیز پێکەوە کۆنابنەوە: (رێگەی ئایین بریتیە لە بیستن و ئەسەر، رێگەی عەقڵ گەرانەوە بۆ عەقڵ لە شەرعدا زەمکراو و نەهیکراوە، ئەوانەی رێگەیان ونکردوە و تیاچوون هەر بەهۆی عەقڵەوە تیاچوون، بزانە مەزهەبی ئەهلی سوننەت ئەوەیە کە عەقڵ بەتەنیا ناتوانێت هیچ شتێک واجب بکات ناشتوانێت هیچ واجبێک هەڵبگرێت، هیچ پشکێکێ نییە لەحەڵاڵکردن و حەرامکردندا، نە لە بەباشزانین و بەخراپ زانیندا، ئەی زەندەقێتی کوفر و بێباوەڕی و گومرایی و بیدعە هەمووی بەهۆی عەقڵەوە نیە؟ هەرکەسێک لەم دونیایەدا تیاچووبێت هەر سەرەتاکەی لە عەقڵکاریەوە دەستیپێکردوە، هەر کەسێکیش لەم دنیایەدا سەرفراز بووبێت هەر بەهۆی باش گوێرایەڵی و ملکەچیەوە بووە، بزانە جیاوازی نێوان ئێمە و بیدعەچیەکان تەنیا مەسەلەی عەقڵە، ئەوان ئایین لەسەر بناغەی عەقڵ دادەمەزرێنن، لەکاتێکدا ئەهلی سوننەت دەڵێن: ئەسڵ لە ئاییناریدا بریتیە لە شوێنکەوتن و عەقڵیش هەر شوێنکەوتەی دەقە) [241].

**(5)**

## نەناسراوەکانی غەزالی

سەرەرای ئەو هەموو فراونکردنی بێ سانسۆرەی فەرمودە کە هەر لە (ابن حنبل)ـەوە دەستپێدەکات بۆ نیسابوری و پێشەوایانی حەیس و تادەگاتە خەتیبی بەغدادی تێپەڕ دەبێت، **ئیدی رەوتی زەبەلاحبوونی فەرمودە وای لێهاتبوو بە هیچ شتێک نەدەگیرایەوە و دیسپلین نەدەکرا**، باشترین بەڵگەشمان بۆ ئەم قسەیە کتێ**بی** «**احياء علوم الدين**»ی غەزالییە، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی پێنجەمی کۆچیدا نوسیوەیەتی و گرنگترین کتێبی غەزالیە.

لەم کتێبە نیمچە ئینسایکلۆپیدیایەی «حجة الاسلام» -کە ئەمە نازناوێکی نیمچە فەرمی غەزالییە- لە نێوان (شەریعەت) و (حەقیقەت)دا، واتە لە نێوان فیقهـ و تەسەوفدا، لەو کتێبەیدا نزیکەی پێنج هەزار فەرمودە تۆمار دەکات بە بێ ئەوەی یەک سەندیان بۆ بێنێت، بەڵکو یەکسەر لە پێغەمبەرەوە دەگێڕێتەوە، لێرەدا دەبینین دوو دەرچونی زەق لە رێساکانی ئەهلی پیشەی فەرمودە تۆماردەکات، یەکێکیان ئەوەیە کە سۆفیگەرایی و فەرمودەگەرایی پێکەوە گرێدەدات کە هەمیشە ئەو دوو جەمسەرە دژایەتییان هەبووە، ئەوی تریشیان فەرمۆاشکردنی زنجیرەی سەنەدکاری فەرمودەکانە، بەمەش غەزالی هەموو حەدیسناسەکانی تووڕەکرد، هەر بۆیە ئیبن جەوزی لەبارەیەوە دەڵێت: (غەزالی هات و کتێبێکی نووسی بۆ سۆفیەکان هەر لەسەر رێگەی ئەلی تەسەوف خۆیان ئەو کتێبەی پڕکردوە لە فەرمودەی هەڵبەستراو و پووچ، ئەو خۆی نازانێت ئەو فەرمودانە هەموو پووچن، ئینجا باسی زانستی کەشفکردن دەکات «علم المكاشفة»، بەوەش لە یاسای فیقهـ دەرچووە) [242].

لێرەدا باس لەو هەڵمەتە ناکەین کە دژ بەکتێبەکەی غەزالی بەڕێوە دەچوو، لەلایەن فەقێکان و حەدیسسازەکانەوە، تەنانەت لە مەغریبی عەرەبی بە ئیزنی ئیبن تاشفین نوسخەکانی «احياء»ی غەزالی کۆکرانەوە و هەموویان لە مەیدانی گشتیدا سووتێنران [243]. لەبەرامبەریشدا هەڵمەتێکی تر دەستپێکرد کە «احياء»ی هێند بەرزکردەوە تا ئاستێک کە کەسێکی وەك نەووی بڵێت (احياء خەریکە دەبێتە قورئان) [244]. لێرەدا ئەوە بەلای ئێمەوە گرنگە ئەوەیە کە «احياء» تا چەند گوزاشت دەکات لە فراوانبوونی فەرهەنگی فەرمودە کاتێک دەبینین زیاتر لە پێنج هەزار فەرمودە بەکاردێنێت لە کتێبێکدا، تا چ ئاستێک هەست دەکرێت گەمەی فەرمودە

هەموو قەید و بەربەستێکی تێپەڕاندوە، هەرچەندە غەزالی (زانستی فەرمودەی لاوازبوو)[245]، بەڵام هەر ئەوەی کتێبەکەی پڕکردوە لە فەرمودەی ڕاست و لاواز و هەڵبەستراو، ئەوە دەگەیەنێت کە فەرمودە تا چ ئاستێک بڵاوبۆتەوە بێ ئەوەی کەس هەواڵی ڕاست و دروستی بپرسێت، هەر لەبەر ئەوەشە دەبینین (الحافظ العراقي) لەدوای غەزالی دێت و هەوڵ دەدات فەرمودەکانی «احیاء» دەربهێنێت و سەنەدیان بۆ داتاشێت، حافزی عێراقی هەر وەک غەزالی شافیعی مەزهەب بوو، بۆیە ماوەی دە ساڵ خەریکی دەرهێنانی فەرمودەکانی «احیاء» بوو، ناوی نا «المغني عن حمل السفار في الاسفار في تخريج ما في الاحياءٔ من الاخبار»[246]. بەڵام ئەم دەرهێنانە بە ستانداردی پیشەگەرایانی فەرمودە نەبوو، هەرچەندە چەندین سەرچاوەی تێدا بەکارهێنابوو، وەک «صحیحی بوخاری و موسلیم و تیرمزیی و ابن ماجە و ابوداود و نەسائی و بەیهەقی موعجەمی تەبەرانی»، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناچاربوو پەنابەرێتە بەر چەندین سەرچاوەی تر بۆ ئەو فەرمودانەی کە لە مەسنەدەکاندا دەستی نەدەکەوتن وەک «تاریخ بغداد»ی خەتیبی بەغدادی و «حلیە»ی (ئیصفەهانی) و «رياض المتعلمين» و «دعوات»ی (مستغفری) و «کتاب الثواب»ی (ابن حبان) و «دلائل النبوة»ی (بەیهەقی) و «الشمائل المحمدية»ی (تیرمیذی) و ...هتد، سەرەرای ئەو هەموو هەوڵەش کەچی دیسان ناچاربوو دەیان و سەدان فەرمودەی تر لەژێریدا بنوسێت ئەسڵەکەیم نەدۆزییەوە. بێجگە لەوەش ناچاربووە سەدان فەرمودەی تر بنوسێت کە زۆر لاوازن، یاخود تەنیا لە ناو لاوازەکانی (العقیلی)دا بینوێتی یان لە «الموضوعات»ی (ابن جوزی)دا دەستیکەوتوە، لەلای خۆیەوە (امام السبكي) کە ئەویش هەر شافیعی مەزهەب بووە و هاوچەرخی (العراقي) بووە، دەڵێت زیاتر لە (979) فەرمودەی ناو «احیاء» ئەسڵەکەیم نەدۆزیوەتەوە، هەرچەند زۆر بە گەرموگوڕی داکۆکی لە شافیعی دەکات وەک دووەم گەورەترین ئیمامی مەزهەب، بەڵام ناچاربووە دان بەوەدا بنێت کە زۆرینەی فەرمودەکانی «احیاء» لە بەشی لاواز و هەڵبەستراو و هەڵوەشاوەکانن.

لەکاتێکدا دەیەوێت بەرگری لە (غەزالی) بکات (سبکي) دەڵێت (بەڵام ئەوەی کە «احیاء»ی پێ عەیببار دەکات[247] کە هەندێك فەرمودەی لاواز و بێکەڵکن. ئەوە ئاشکرایە کە (غەزالی) پسپۆڕ نییە لە فەرمودەدا، **بەگشتیش ئەوەی ئەو لە «احیاء» هێناویێتی لە کتێبەکانی سۆفیەکان و فیقهناسەکاندا هەیە،** سەبارەت بە هەڵبەستراوەکانیشەوە خۆ ئەو

هەڵینەبەستووە تا ڕەخنەی لێ بگیرێت ئەوەی بەوە غەزالی عەیببار دەکات کەسێکی دەمارگیرە و هیچ ڕەخنەگرێک پێی ڕازی نابێت) [248]. بەو دەستەواژەیە کە تۆخمانکردۆتەوە ئێمەش کۆتایی دێنین: فراوانترین بوار کە عەقڵ بتوانێت لە بازنەی ئیسلامدا کاری خۆی تێدا بکات بریتیە لە فیقهـ و تەسەوف، هەرچەند ئەو کارکردنە عەقڵییەش عەقڵ تێیدا سەروەر نییە، بەڵکو فەرمانپێکراوە، بەهەرحاڵ داننانی (سبکي) بەوەدا کە فەرمودەی لاواز و هەڵبەستراوە و لای فیقهناس و سۆفیەکان تەنانەت پێش غەزالیش کارپێکراو بووە، ئەم سروشتە پەرشوبڵاوەی بەرهەمەکانی پیشەسازیی فەرمودە -ئەگەر ڕێگە بە خۆمان بدەین بە زمانی زانستی ئابوری قسە بکەین- زیادەبەرهەمێکی گەورەی لە بازاڕی زانستی ئیسلامیدا خوڵقاندووە، بەجۆرێک کە ئیتر جیاکردنەوەی ڕاست و ناراستی فەرمودە هیچ دەورێکی نامێنێت. باشترین بەڵگەشمان بۆ ئەو قسەیە کتێبەکەی غەزالیە، واتە «الاحیاء». هەرچەندە چەندین ڕەخنەی لێگیراوە لەسەر فەرمودە هەڵبەستراوەکانی، کەچی تاکو ئەمڕۆش وەک سەرچاوەیەکی مەعریفە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و کارایی خۆی هەیە، تا ئێستاش فەرمودەکانی «احیاء» دەوری خۆیان دەبینن لەسەر ئاستی جەماوەرێکی فراوانی موسوڵمان، بێ ئەوەی گوێبدەنە ئەو هەموو جیاکاریەی حەدیسسازەکان کاریان لەسەر کردوە.

لێرەدا با نموونەیەک بێنینەوە، غەزالی لە پێشەکی کتێبەکەیدا ئەم گوتراوە دێنێت (طلب العلم فريضة على كل مسلم)، یاخود (اطلبوا العلم ولو بالصين) [249]. هەرچەند هەرچی حەدیسناسەکانە هاوران لەسەر ئەوەی ئەو دوو فەرمودەیە هەڵبەستراون، بەڵام ئەم فەرمودەیە لەم سەردەمدا چالاکی زیاتری بەخۆو بینی لەگەڵ دەرکەوتنی سەردەمی ڕێنیسانس و کەشفکردنی ئەو پێشکەوتنەی ئەوروپا بەخۆوی بینیبوو، کە بە پلەی یەکەم پێشکەوتنێکی زانستی بوو، ئیتر ئەو فەرمودەیە (طلب العلم فريضة)، کە هەر لە خۆیدا هەڵبەستراوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە چوارچێوەی زانستی شەرعی دەرکرا و مانایەکی گشتگیری پێدرا وەک ئەوەی «علم» لەو فەرمودەیەدا مانای مەعریفە و تەکنەلۆژیا بگەیەنێت، واتە زانست بەمانا تازەکەی.

لەبەرامبەریشدا چەندین حەدیسی تر دژ بە شەپۆلی نوێی ڕینیسانس هاتنەکایەوە و لەلایەن ڕەوتی سەلەفیگەراوە کرانە پێشەنگی هەڵمەتەکانیان دژ بە نوێگەری، وەک (المرأة عورة فاذا خرجت استشرفها الشيطان، واقرب ماتكون من وجه ربها وهى في قعر بيتها) [250].

(6)

## هەڵبەستراوەكانی جەوزەقانی

دیاردەی گەورەبوونی فەرمودە بەشێوەیەكی ئۆرگانی پەیوەستە بە دیاردەی هەڵبەستنی فەرمودەوە، بەڵكو ئەسڵەن هەڵبەستنی فەرمودە بۆتە هۆی دیاردەی گەورەبوونی فەرمودە، چونكە فراوانبوونی فەرهەنگی فەرمودە بەشێوەیەكی راستەوانە لەگەڵ پێشكەوتنی سەردەمدا تەنیا یەك مانا دەگەیەنێت ئەویش ئەوەیە كە ئەم ئیسایكلۆپیدیایە زۆرتری بۆ زیادكراوە، لەرێگەی «وەبیر خۆ هێنانەوە» لە سەردەمەكانی دواتردا كە لە سەردەمەكانی پێشوودا نەبووە، ئێمە لێرەدا دەستەواژەی «وەبیر خۆ هێنانەوە» بەكار دێنین، هەرچەند لەرووی بایۆلۆژیەوە مرۆڤ لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەندا شتەكانی بیردەچێتەوە هەر كاتێكیش لەسەردەمی دواتردا هەندێك شتی وەبیر هاتەوە كە لەسەردەمی پێشووتردا لە یادەوەریدا نەبووە، بێگومان ئەو وەبیرهاتنەوەیە درۆیە، واتە هەڵبەستراوی یادەوەریی مرۆڤ خۆیەتی.

لەبەرئەوە سەیر نییە كاتێك فەرهەنگی فەرمودە لەرێگەی وەبیرهێنانەوەی درۆیینەوە (الاستذكار الكاذب)، دەبێتە هۆی دەركەوتنی زانستێكی نوێ كە پێی دەوترێت (هەڵبەستراوەكان). ئەم هونەرەش لە كۆتایی سەدەی پێنجەمی كۆچیەوە لەگەڵ (مەقدیسی)دا دەردەكەوێت كاتێك كتێبەكەی «**تذكرة الموضوعات**» دەنووسێت. پاشان لەگەڵ جەوزەقانیدا زیاتر گەشە دەكات لە كتێبی «**الموضوعات من الاحاديث المرفوعات**»[251]. پاشان لەگەڵ ئیبن جەوزیدا دەگاتە لووتكەی خۆی لە كتێبی «**الموضوعات**»دا، بەڵام دوای ئەوە ئیتر لەگەڵ (سیوطی)دا خاو دەبێتەوە، لەكتێبی «**اللآلئ المصنوعة في الاحاديث الموضوعة**» هەروەها (الكناني) لە كتێبی «**تنزيه الشريعة المرفوعة عن الاحاديث الشنيعة الموضوعة**»، هەروەها لەگەڵ (الهروي) لە «**تمييز المرفوع عن الموضوع**» هەروەها «**المصنوع في معرفة الحديث الموضوع**»، ئینجا دوای ئەوان (شەوكانی) دێت «**الفوائد المجموعة في الاحاديث الموضوعة**».

بێگومان هونەری هەڵبەستراوەکان بەرای زانایانی کۆن و نوێش وەک کاردانەوەیەک دروستبوە دژ بە گەورەبوونی دیاردەی هەڵبەستنی فەرمودە، بە ئومێدی جیاکردنەوەی فەرمودەی هەڵبەستراو لە فەرمودەیە راستەکان، ئەو بیانووەش خۆی لە خۆیدا بەتایبەت لەسەرەتادا قسەیەکی راستە وەک ئەوەی مەقدیسی کردوێتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم هونەرە پێوانەیەکی ئەپستمۆلۆژیە کەچی دوایی دەبێتە چەکێکی ئایدیۆلۆژی وەک دوایی لە کتێبی «**الموضوعات**»ی جەوزەقانیدا دەبینین، جا بۆ ئەوەی بتوانین رەهەندەکانی ئەو وەرچەرخاندنە تێبگەین، دەبێت لە سەرەتادا هەڵوێستەیەك بکەین لەبەردەم رەوتی مێژوویدا.

بە رێککەوت نییە دەبینین هونەری جیاکردنەوەی هەڵبەستراوەکان دوا دەکەوێت بۆ کۆتایی سەدەی پێنجەم، هەرچەندە هەڵبەستنی فەرمودە هەر لەسەرەتای سەدەی دوەمەوە دەستپێدەکات و لە سەدەی سێیەمدا زۆر بەخێرایی بڵاو دەبێتەوە و زیاد دەکات، هۆی ئەوەش ئەوەیە کە لەگەڵ کۆتایی سەدەی چوارەم و تا دەگاتە سەرەتای سەدەی پێنجەم بوەیهیەکان توانیان دەسەڵاتی دونیایی لە پایتەختدا بگرنە دەست، بەمەش رۆڵی شیعەکان لە دونیای ئیسلامدا بەرەوە هەڵکشان چوو، چونکە بویهیەکان شیعە بوون ئەوەش پاش ئەوە دێت کە بە درێژایی چەند سەدە شیعەکان هەر چەوساوە بوون، ئەم سەرکەوتنەی بوەیهیەکان و تائیفەی شیعە وایکرد بتوانن دەستبخەنە نێو فەرهەنگی فەرمودەوە و چەندین فەرمودە دروستبکەن سەبارەت بە شایستەتربوونی عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب بە خەلافەت لەدوای مەرگی پێغەمبەرەوە، بەتایبەت لە مەسەلەی (ئیمامەت) دا ئەگەر لە (خەلافەت)یشدا نەبێت، چونکە سوننەکان لەپێشدا چەندین فەرمودەیان خزاندبووە ناو فەرهەنگی فەرمودەوە سەبارەت بە شایستەتربوونی ئومەوی و عەباسی بە خەلافەت، پێش ئەوانیش سێ خەلیفەکەی راشیدین:ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان.

هەر لەگەڵ رەوتی ئەو کودەتا سیاسیەی بوەیهیەکان ئەنجامیاندا، پاشانیش ئەو دژە کودەتایەی تورکە سوننیەکان ئەنجامیان دایەوە، ئیدی حەتمی بوو دەبوو هونەری هەڵبەستراوەکان سەرهەڵبدات بۆ بژارکردنەوەی تۆمارخانەی فەرمودە لەو هەموو تێخزانەی لە سەردەمی بوەیهیەکاندا لە فەرهەنگی فەرمودەدا کراوە، ئەوەش ئەو ئەرکە

بوو کە جەوزەقانی پێی هەستا، لە کتێبی «**الموضوعات من الاحادیث المرفوعات**» [252]، ئەوەش ئەرکێکە لە رواڵەتدا ئەپستۆمۆلۆژییە تاکو بتوانێت فەرمودەی هەڵبەستراو لە مەرفوع جیابکاتەوە، بەڵام لە ناوەرۆکدا ئایدیۆلۆژیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای سوننە و ئەهلی سوننە [253].

بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین جەوزەقانی کتێبەکەی دەکاتە **مەیدانی جەنگ** بۆ راستکردنەوەی فەرمودەکانی ئەهلی سوننەت و بەدرۆخستنەوەی فەرمودەکانی شیعە، واتە بیخەیتە خانەی هەڵبەستراوەکانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوەی لە سوننەدا هەیە لە فەرمودەی (بە راست دانراو) کەمتر نییە بە بەراورد لەگەڵ فەرمودەکانی شیعەدا.

بە تێبینیکردن لە هەڵبەستراوەکانی جەوزەقانی دەبینی هەموو ئەو فەرمودانەی باسی چاکیی عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب دەکات هەموویان هەڵبەستراون، بەڵام ئەو فەرمودانەی باسی چاکیەکانی ئەبوبەکر دەکەن هەموویان راستن.

ریوایەتێک دێنێتەوە لە (عەبدوڵڵا کوڕی مەسعود) و دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەردا بووم لە شەوی جنۆکەکاندا، لەو کاتەدا هەناسەیەکی هەڵکێشا، وتم: بۆ هەناسە هەڵدەکێشیت؟ وتی: مەرگی خۆمیان پێ راگەیاندم. وتم: دەی کەسێك لەجێی خۆت دابنێ. وتی: کێ؟ وتم: عەلی. وتی: بەخودا ئەگەر بەگوێی بکەن هەموو دەچنە بەهەشت). جەوزەقانی کۆمێنت دەدات لەسەر ئەم ریوایەتە دەڵێت (ئەمە فەرمودەیەکی پووچە، چونکە تەنیا لە میناوە کە کۆیلەی (عبد الرحمن کوری عوف) بوو بەتەنیا لە ئیبن مەسعود ریوایەتیکردووە، مینا کەسێکی متمانە نەبوە بەڵکو زانایان دەڵێن فەرمودەکانی مونکەرە، بەڵکو هەر درۆزنیشە[254].

بەهەمان شێوە ئەو فەرمودەیەی باسی کەوتنە خوارەوەی ئەستێرە دەکات، ئەو فەرمودەیە شیعەکان دەیکەنە بیانو بۆ شایستەتربوونی عەلی بە خەلافەت بێگومان دەبوو ئەهلی سوننەت ئەو حەیسە بەدرۆ بخەنەوە، بۆیە دەبینین جەوزەقانی لەریزی هەڵبەستراوەکان لەقەڵەمی دەدا.

دەگێڕێتەوە (ابو الفضل العطار) گێڕایەوە، لە (انس کوری مالیک): لە سەردەمی پێغەمبەردا ئەستێرەیەك کەوتە خوارەوە پێغەمبەر فەرمووی، سەیری ئەو ئەستێرەیە

بکەن، کەوتە ماڵی کێوە ئەوە دوای من دەبێتە خەلیفە، دەڵێت سەیرمان کرد کەوتە ماڵی عەلیەوە، بۆیە کەسانێک وتیان، محەمەد بە خۆشەویستی عەلی تەفرەدراو بووە، لەبەرئەوە خودا ئەو ئایەتانەی دابەزاند (والنجم اذا هوى... وحي يوحى).

لێرەدا جەوزەقانی دەڵێت (ئەمە فەرمودەیەکە بەهیچ شێوەیەک ڕاست نابێت، هیچ ئەسڵێکی نییە لە فەرمودەی مالیکدا، **هەر فەرمودەیەک بە پێچەوانەی سوننەوە بێت درۆیە و خاوەنەکەی تەرک دەکرێت،** (ابو الفضل) و (سليمان) و (ابن غسان) کە لەم فەرمودەیەدا ناویان هاتووە هەموویان نەناسراون، (ثوبان)یش زاهیدێکی سۆفیە بەڵام فەرمودەی لاوازە، (ابو قزاعه)ش تەرک کراوە و فەرمودەکانی نەشیاون)[255].

بەرامبەر ئەم هەستە ڕەخنەگرانەیە و بەدرۆخستنەوەی حەدسیگێڕەوەکان و بە هەستێکی ڕەخنەگرانەوە، کەچی دەبینین هەڵوێستی جەوزەقانی تەواو پێچەوانە دەبێتەوە کاتێک باسی ئەو فەرمودانە دەکات کە باسی شایستەتربوونی ئەبوبەکری سدیق دەکات بۆ خەلافەت: بەلای ئەوەوە هەموو فەرمودەکان دروستن، بێ ئەوەی باسی حەدیسگێڕەوەکان بکات، لەوێوە دەبینین مەسەلەی هەڵسەنگاندنی حەدیسگێڕەوەکان ئیفلیج دەکات، دەبینی چەندین فەرمودە دەگێڕێتەوە لە (ابن مطعم) لە باوکیەوە؛ دەڵێت: ژنێك هات بۆ لای پێغەمبەر بۆ کارێك، ئەویش فەرمووی جارێکی تر بگەڕێوە بۆ لام، ژنەکە وتی: ئەی ئەگەر گەرامەوە و تۆ نەمابووی «مردبوویت»؟ پێغەمبەر وتی: ئەگەر من نەمابووم وەرە بۆ لای ئەبوبەکر. لێرەدا دەڵێت (ئەمە فەرمودەیەکی ڕاستە بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردوە لە سەحیحدا) ئینجا دوو ریوایەتی تر دێنێت کە ئەوانیش زیاتر جەخت دەکەنەوە لەسەر خەلافەتی ئەبوبەکر لە یەکەمیاندا پێغەمبەر دەڵێت[256]: (وەرەوە بۆ لای ئەبوبەکر، چونکە ئەو دوای خۆم کاروباری ئوممەتەکەم دەگرێتە ئەستۆ)، لەوەی تریاندا دەڵێت (ئەگەر هاتیت و منت نەبینی وەرە بۆ لای ئەبوبەکر چونکە دوای من ئەو دەبێتە خەلیفە)[257]. ئەم پەنابردنە بۆ عەقڵی ئایدیۆلۆژی لە شتێکدا کە دەبوو بە عەقڵێکی مەعریفی ئەپستمۆلۆژی یەکلایی بکرێتەوە دیسانەوە لە مەسەلەی پێشینەیی بۆ موسوڵمانبووندا دەردەکەوێتەوە، لەم بوارەشدا ململانێی شیعە-سوننە خەستتر دەبێتەوە و لە چەندین فەرمودەی دژبەیەکدا دەبینرێنەوە، هەندێکیان

جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە عەلی کوڕی ئەبوتالیب یەکەم کەس بووە موسوڵمان بووە، ئەوانیتریش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەبوبەکر یەکەم کەسێکە باوەڕی بە پێغەمبەر هێنابێت. لێرەشدا دەبینین جەوزەقانی هەموو ئەو فەرمودانەی بەشی یەکەم لە خانەی هەڵبەستراودا دادەنێت و ئەوانیتر لەخانەی فەرمودەی راستدا دادەنێت. بێ ئەوەی هیچ پێوەرێک بۆ راست و درۆیی فەرمودە بخاتەروو، تەنیا هەڵوێستی پێشوەختەی خۆی نەبێت. دەبینین فەرمودەیەک دێنێت لە (سلمة بن حفص) لە (ابوصادق) لە عەلی لە سەلمانی فارسی دەڵێت: یەکەم کەس کە موسوڵمان بووە عەلی کوڕی ئەبو تالیب بووە. لێرەدا جەوزەقانی دەڵێت (ئەمە حەدسێکی منکرە چونکە فەرمودەی هەڵبەستراو نابێت بەڵگەی پێ بهێنرێتەوە، ئەوانیتریش هەموو بێمتمانەن) [258]. دوای ئەوە فەرمودەیەکی تر دێنێت لە سەرزاری (کەلبی) لە (ابو صالح) لە (ابن عباس): (عەلی کاتێک موسوڵمان بوو تەمەنی نۆ ساڵ بوو، پاش ئەو بە سێ رۆژ ئەبوبەکریش موسوڵمان بوو)[259]، لێرەدا دەڵێت: (ئەمە فەرمودەیەکی پووچە، چونکە ئەبو ساڵح و کەلبی تەرککراون) [260].

لە فەرمودەیەکی تردا لە سەر زاری مەیموون کوڕی مەهران دەڵێت؛ کەسێک لە مەهرانی پرسی ئەبوبەکر باشترە یان عەلی؟ «دەڵێت: مەیمون دەستی لەرزی تا خەریکبوو گۆچانەکەی لە دەست بکەوێت وتی: گەیشتوونەتە زەمانێک ئەو دووە پێکەوە یەکسان بکرێن؟ ئەوانە سەری ئیسلام و دەروازەی کۆمەڵ بوون[261]، بەڵام ئەبوبەکر لە سەردەمی بوحەیرای راهیبەوە باوەڕی بە پێغەمبەر هێناوە... پێش ئەوەی عەلی بێتە دونیاوە).

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەکاتێکدا پێغەمبەر پێغەمبەرایەتی خۆی راگەیاندوە عەلی تەمەنی دە ساڵ بووە، کەواتە ئەبوبەکر پێش دەرکەوتنی محەمەد وەک پێغەمبەر بە زیاتر لە 10 ساڵ ئیمانی پێهێناوە.

بێگومان ئەم پێشکەوتن و پاشکەوتنی موسوڵمانبوونە پەیوەستە بەو پرسە مەرکەزییەی کە دوایی شیعە و سوننە دەکات بە دووکەرتەوە، کە بریتیە لە مەسەلەی جێگرتنەوەی پێغەمبەر.

بەڵام جەوزەقانی لە پێناوی سەلماندنی خەلافەتی ئەبوبەکردا هیچ بەلایەوە گرنگ نییە کە پشتبکاتە هەرچی رووداوەکانی مێژووە، وەک ئەوەی لە سیرەدا باسکراوە، چونکە

دەبینین (ابن اسحاق وابن هشام و تەبەری) و هەموویان دەڵێن: (یەکەم کەسێک باوەڕی بە پێغەمبەر هێنابێت و نوێژی لەگەڵدا کردبێت عەلی کوڕی ئەبو تالیبە، کە تەمەنی دە ساڵ بووە) [262]. تەنانەت ئیبن ئیسحاق دەڵێت دووەم کەسێک کە موسوڵمان دەبێت زەیدی کوڕی حارسەیە، دوای ئەویش ئەبوبەکر موسوڵمان بووە، لەبەرامبەریشدا واقیدی لە ئیبن سەعدەوە رادەگوێزێت: هاوەڵان لەسەر ئەوە هاوران کە یەکەم کەس ئیمانی بە پێغەمبەر هێنابێت خەدیجە بووە، دوای ئەو سێ کەسی تر رای جیاوازیان لەسەرە ئەوانیش: ئەبوبەکر و زەید و عەلی). هەروەها ئیبن سەعد دەڵێت (لە باوکم پرسی: ئایا ئەبوبەکر یەکەم کەس بوو کە موسوڵمان بوو؟ وتی: نەخێر پێش ئەو زیاتر لە پەنجا کەس موسوڵمان بوون، بەڵام ئەو باشترینمان بوو) [263].

لە ئاست ئەم هەموو راجیاوازەدا و لەبەرئەوەی لە دواییدا گرنگییەکی زۆر دەدرێت بەو پرسە، بۆیە دەبینی **عەقڵی گونجێنەر** لێرەشدا دەکەوێتە کار تاکو دژبەری لەنێوان ئەو هەموو فەرمودەیەدا هەڵبگرێت و سازانیان لە نێواندا بکات، دەبینین ئیبن کەسیر دەڵێت (بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو قسانە دەبێت بڵێین: خەدیجە یەکەم ژنە موسوڵمان بووبێت، ئینجا عەلی یەکەم منداڵە، ئەبوبەکریش لە پیاوانی ئازادا یەکەم موسوڵمانە) [264].

پێش ئەوەی ئەم برگەیە لەسەر رکابەری نێوان عەلی و ئەبوبەکر کۆتایی پێبێنین، دەبێت هەڵوێستی جەوزەقانی لەسەر مەسەلەی راگرتن و گێرانەوە خۆر بکەین بۆ ئەوەی عەلی نوێژی عەسری نەچێت، ئەو فەرمودەیە کە لە پێشدا باسمان کردوە (پێغەمبەر سەری لەسەر رانی عەلی بوو لەو کاتەدا وەحی بۆ هات، لەبەرئەوە عەلی نوێژی عەسەری چوو، پێغەمبەر پێی وت: عەلی نوێژی عەسرت کرد؟ وتی: نەخێر فریانەکەوتم. پێغەمبەر وتی: خودایە ئەمە بەندەکەی تۆیە کە گوێرایەڵی تۆو پێغەمبەرەکەت بووە، لەبەرئەوە خۆری بۆ بگێڕەوە تا نوێژەکەی بکات، ئەسماء دەڵێت: من خۆرم بینی ئاوابوو، پاشان بینیم خۆرەکە گەرایەوە) جەوزەقانی دەڵێت: ئەم حەدسیە مونکەرە و لە زنجیرەی سەنەدیدا شڵەژان (اضطراب) هەیە، بەڵام ئەو لێرەدا تەنیا رەخنە لەوە دەگرێت کە بەم فەرمودەیە فەزڵی عەلی دەردەخرێت بەسەر ئەبو بەکردا، نەک لەبەرئەوەی کە گێرانەوەی خۆر بەو شێوەیە هیچ عەقڵێک قبوڵی ناکات، چونکە هەر خۆی مەحاڵە، ئەو ئەمانە هیچی

ناخوێنێتەوە بەڵکو دەڵێت: ئەگەر خۆر بگەڕایەتەوە ئەو بۆ عومەر کە هاوشانی ئەبوبەکر بوو دەگەرایەوە نەك بۆ عەلی، چونکە جارێکیش عومەر نوێژی عەسری فەوتا و دوای خۆرئاوابوون نوێژەکەی کرد، وەک ئەوەی بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردوە، کەچی خۆریش نەگەڕایەوە بۆی، لەکاتێکدا عومەر لە عەلی باشترە وەک جەوزەقانی دەڵێت، ئیتر (چۆن خۆر بۆ عومەر نەگەڕایەوە کەچی بۆ عەلی گەرایەوە) [265].

لە بەردەوامی جەختکردنەوە لەسەر پێشینەیی ئەبوبەکر بەسەر عەلیدا فەرمودەیەک دێنێتەوە لەسەر زاری عەمر کوڕی عاس دەڵێت (لە پێغەمبەرم پرسی: کێ خۆشەویسترین کەستە؟ وتی: عائیشە. وتم: دوای ئەو؟ وتی: باوکی عائیشە. وتم:ئەی دوای ئەو؟ وتی: عومەر لێرەدا دەڵێت ئەم فەرمودەیە دروستە، چونکە لە بوخاری و موسلیمدا هاتووە لەهەمان کاتدا فەرمودەیك دێنێتەوە کە پێغەمبەر گوتویەتی: (ئەو کەسەی نەڵێ عەلی باشترین کەسە، کوفری کردوە)، لێرەدا جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی حەدیسگێڕەوەکەی واتە محەمەد بن کثیر کوفییە و شیعەیە، ابن حنبل لەبارەیەوە دەڵێت: «ئێمە فەرمودەکانیمان دراندوە» [266].

لەگەڵ درێژبوونەوەی ململانێی ئەبوبەکر و عومەر لەلایەک و عەلی لەلایەکی تر، بۆ ململانێی نێوان ئالوبەیت و خەڵکی شام» کە معاویە پایەتەختەکەی گوێزایەوە بۆ ئەوێ»، لە لایەکی ترەوە دەبوو دیسان شەپۆلێکی تر لە فەرمودەی هەڵبەستراو بێتە بوون کە هەر یەک و پشتیوانی لایەنێک دەکات، بەڵام جەوزەقانی کە خۆی سەر بە لایەنی سوننییە کە موعاویەش سەر بەو لایەنەیە، بێ سێ و دوو هەموو ئەو فەرمودانەی باس لە ئالوبەیت دەکەن بەباشی، دەیانخاتە خانەی فەرمودەی پوچ و هەڵبەستراوەوە و ئەو فەرمودانەش کە باسی خەڵکی شام دەکەن لە خانەی فەرمودەی راست و دروستیان دادەنێت، هەرچەندە بۆگەنی هەڵبەستراوی لەمانیش هەڵدەسێت، لە دوو دەروازدا کە دەیانکاتەوە سەبارەت بە خیلافەتی (بني امية)، لە (فەزڵی خەڵکی شام) ئەو کۆمەڵێك فەرمودە لە هەردوولا دێنێتەوە، بەڵام بێ دوودڵی هەرچی فەرمودەکانی پشتیوانییە بۆ ئالوبەیت لە خانەی هەڵبەستراودا ریزیان دەکات و ئەو فەرمودانەش کە باسی (بني امية) دەکات لە خانەی راستیدا ریزیان دەکات. لە خانەی فەرمودەیە پووچەکاندا:

- له عەلی کوری ئەبوتاڵیب: فەرمانم پێکراوە جەنگی سێ لایەن بکەم: ستەمکارەکان و بەڵێن شکێنەکان و لە ئایین دەرچوان) ستەمکارەکان بریتین لە خەڵکی شام... جەوزەقانی دەڵێت (ئەمە فەرمودەیەکی مونکەرە و دیارە کە پووچە).

- عەبدوڵڵا کوڕی زوبێر (پێغەمبەر فەرمویێتی: خراپترین هۆزەکانی عەرەب «بنو امية»ن) جەوزەقانی دەڵێت: ئەمە فەرمودەیەکی مونکەرە تەنیا (محد الاسدي) گێراوێتیەوە. (يحيى بن معين) لەبارەیەوە دەڵێت: ئەسەدی هیچ نیە).

- (بنو ئومەییە)م پیشاندرا لە شێوەی مەیمون و بەرازدا بوون، سەر ئەکەوتنە سەر مینبەرەکەم، من ئەوەم بەلاوە گران بوو، بەڵام ئەو ئایەتە دابەزی (انا انزالناه في ليلة القدر). جەوزەقانی دەڵێت: ئەمە فەرمودەیەک پووچە بوخاری لەباری گێرەوەکەیەوە دەڵێت: (سلێمان شاذكوني) لە لاواز لاوازترە بەلای ئێمەوە.

- (موجالید لە ابوسعيد الخدري): (ئەگەر معاویەتان بینی لەسەر مینبەرەکەی من ئەوە لە گەردنی بدەن)[267]، جەوزەقانی دەڵێت: ئەم فەرمودەیە هیچ ئەسڵێکی نییە، گێڕەرەوەکەی: لاواز و فەرمودەی مونکەرە. بوخاری دەڵێت: موجالید درۆزنە.

لە بەرامبەردا چەند حەدسیکی تر دێنێت و هەموویان پشتراست دەکاتەوە.

- ئیبن عومەر: پێغەمبەر فەرمووی خودایە بەرەکەت بخەرە شام و یەمەنەوە، سێ جار وتی، پیاوێکیش وتی: لە خۆرهەڵاتیشمان، بەڵام پێغەمبەر فەرمووی: لەوێوە قۆچی شەیتان دەردەکەوێت[268]. (جەوزەقانی دەڵێت: ئەمە فەرمودەیەکی راستە بوخاری ریوایەتی کردوە).

- لە معاویەوە: لە پێغەمبەرم بیستوە: بەردەوام کۆمەڵێک لە ئومەتەکەم بە فەرمانی خودا هەڵدەستن، ئەوە زیانیان پێناگەیەنێت کە هەندێک دژیان بن، تاکو فەرمانی خودا دێت و ئەوان سەرکەوتوون بەسەر خەڵکدا، مالیکی کوڕی یەخامری سەکسەکی هەستا و وتی: ئەی خەلیفە بیستومە لە مەعاز کە ئەوانە خەڵکی شامن. معاویە وتی: بەڵێ خەڵکی شامن). جەوزەقانی دەڵێت: ئەم فەرمودەیە راستە بوخاری لە سەحیحدا ریوایەتی کردووە.

- (سعيد بن المسيب): پێغەمبەر فەرموویەتی لەبارەی معاویەوە: (خودای هیدایەتی بدە و خەڵکیشی پێ هیدایەت بدە). جەوزەقانی دەڵێت: ئەمە حەدیسێکی باشە «حسن».

- له (موعافا کوڕی عەمران)یان پرسی: عەمری کوڕی عەبدولعەزیز و موعاویە کامیان لەپێشترن؟ وتی: هاوەڵانی پێغەمبەر بە کەسی تر ناپێورێن، موعاویە هاوەڵی پێغەمبەر بووە، برای خێزانەکەی بووە، نووسەرەوی وەحی بووە، ئەمینداری بووە، پێغەمبەریش فەرمویەتی: لە هاوەڵەکانم و خەزورانم گەڕێن، هەر کەسێک جنێویان پێبدات نەفرەتی خودا و فریشتەکان و خەڵکی لێبێت)(ئەمە فەرمودەیەکی مەشهورە).

- (ئەبوزوبەیر) لە جابرەوە بۆی گێڕاینەوە، وتی: پێغەمبەر فەرمویەتی: ئەگەر موعاویەتان بینی لەسەر مینبەرەکەم خوتبە دەدات، پێشوازی لێبکەن، چونکە ئەو ئەستۆپاکە و ئەمینە) - (ئەمەفەرمودەیەکی غەریبە و تەنیا لەم ڕووەوە بیستومە[269]، بزانە موعاویە خاڵی موسوڵمانانە و نووسەرەوەی قورئانە)[270].

- لە (انس بن مالیک)ـەوە: پێغەمبەر فەرمووی: هیچ کامێک لە هاوەڵەکانم هەواڵ پرسییان ناکەم تەنیا معاویە نەبێت، هەشتا ساڵ نایبینم یان حەفتا ساڵ، دوای ئەو ماوەیە دێت بۆ لام لەسەر حوشترێکە بۆنێکی زۆر خۆشی لێدێت، هەناوی حوشترەکە پڕە لە ڕەحمەتی خودا، پێیەکانی لە زوبورجودن، دەڵێم: ئەوە هەشتا ساڵە لەکێ بوویت؟ دەڵێت: لە باخێکدا بووم لە ژێر عەرش قسەم لەگەڵ خودا دەکرد ئەویش قسەی لەگەڵ دەکردم سڵاوم لێدەکرد و سڵاوی لێدەکردم. منیش پێیدەڵێم: ئەوە پاداشتدانەوەتە لەسەر ئەوەی لە دونیادا جنێوی زۆریان پێداویت). جەوزەقانی دەڵێت: (ئەم فەرمودەیە باشە بەڵام غەریبە) [271].

کاتێکیش گۆرانکاریە سیاسیەکان کورسی خەلافەت راپێچ دەکەن بەلای عەباسیەکاندا، دیسان دەبینین جەوزەقانی هەرچی فەرمودەیەک بەلای وەچەی عەباسدا بشکێتەوە بەراستی دادەنێت و هەر فەرمودەیەکیش دژی ئەوان بشکێتەوە بە هەڵبەستراو لە قەڵەمی دەدات، بەهەرحاڵ خۆ بەنو ئومەیە و بەنو عەباسیش هەر لە قورەیش بوون کە جەوزەقانی لێرەدا ئەو ریوایەتە دێنێتەوە کە (عاصم بن محەمەد العمري) ریوایەتی دەکات لە باوکیەوە (پێغەمبەر فەرموویەتی: دەسەڵات بەردەوام لە دەستی قورەیشدا دەبێت تاکو دوو کەس بمێنن، بە هەردوو پەنجەیشی ئیشارەتی دەکرد)، جەوزەقانی دەڵێ (ئەمە فەرمودەیەکی راستە بوخاری و موسلیم گێراویانەتەوە) [272].

بەڵام خۆ بەکارهێنانی ئایدیۆلۆژیانەی فەرموودە تەنیا کورتناکرێتەوە لەسەر لایەنی سیاسی، بەڵکو بەهۆی ئەوەی جەوزەقانی خۆی شافیعی مەزهەبە، بۆیە هەوڵ دەدات لەرێگەی راستاندن یان ناراستاندنی فەرموودەیوە، مەزەبەکەی خۆی پشتراست بکاتەوە و ئەو فەرمودانە پوچەڵ بکاتەوە کە پشتیگری لە مەزهەبەکانی تر دەکەن، بەتایبەت مەزهەبی ئەبو حەنیفە، لەبەرئەوەی حەنەفی رکابەری یەکەمی شافیعیە لە خۆرهەڵاتی ئیسلامدا بەتایبەتی لە هەمەدان کە جەوزەقانی خۆی خەڵکی ئەوێیە.

ئەو دەروازەیەی تەرخانیکردووە بۆ باشییەکانی شافیعی بەسە بۆئەوەی بزانین جەوزەقانی چۆن فەرمودەی هەڵسەنگاندووە. ئەو بە فەرمودەیەک دەست پێدەکات کە جوێباری دەیگێڕێتەوە لە (عەبدوڵڵا بن معدان الازدي) لە (انس کوڕی مالیک) (پێغەمبەر فەرموی: پیاوێک لە ئوممەتم ناوی محەمەد کوڕی ئیدریس دەبێت ئەوە زیانی لە ئیبلیس زیاترە بۆ ئوممەتەکەم، پیاوێکیش لە ئوممەتم ناوی ئەبو حەنیفەیە ئەو چرای ئوممەتەکەمە).

ئاشکرایە ئەم فەرمودەیە هەموو بەشێکی هاوار دەکات کە هەڵبەستراوە و ئەنجامی ململانێی مەزهەبیە، جەوزەقانی دەڵێت (ئەمە فەرمودەیەکی هەڵبەستراوە هیچ ئەسڵێکی نییە لە قسەی پێغەمبەردا، نە ئەنەسی کوڕی مالیک باسی کردوە و نە عەبدوڵڵا کوڕی مەعدان، بەڵکو هەڵبەستراوی جوێباریە یان هەڵبەستراوی مەئموونی سەلەمیە هەردووکیشیان دوو درۆزن بوون هەر خەریکی هەڵبەستنی فەرمودە بوون)[273].

بەڵام کاتێک دەچێتە سەر مەدحی شافیعی سەیر دەکەین ئەو گیانە رەخنەگرە نامێنێت بەڵکو تەواو تەسیلم دەبێت بەهەر شتێک لەو بارەوە بووترێت بۆ نموونە دەڵێت (سعد بن ابي وقاص دەڵێت لە پێغەمبەرم بیستوە وتی: هەرکەسێک حەز بە سووکبوونی قورەیش بکات خودا سووکی دەکات... شافیعیش لە قورەیشە و هاشمییشە، بەڵکو لە نەوەی عەبدولموتەلیبیشە) هەروەها دەڵێت: ( مزنی دەگێڕیتەوە کە: خەونم بە پێغەمبەرەوە بینی لە خەونمدا پێم وت: رات لەسەر شافیعی چیە؟ وتی: شافیعی لە منە، منیش لەوم، هەرکەسێک منی خۆشدەوێت و سوننەتی منی دەوێت با شوێنی شافیعی بکەوێت). هەروەها لەسەر زاری تیرمیزی دەگێڕیتەوە (پێغەمبەرم لە خەونمدا بینی وتم: ئەی

پێغەمبەری خودا من سی ساڵ لە سەر مەزهەبی خەڵکی عیراق بووم سی ساڵی تریش لەسەر مەزهەبی خەڵکی مەدینە بووم، چی فەرمانێکم پێدەکەیت؟ ئەو وتی: پەیوەستی شافیعی بە، هەر ئەو گومانی لەسەر من لابرد) [274].

ڕێکەوت نییە کە دەبینین جەوزەقانی لێرەدا مەزەهەبی ئەبو حەنیفە و مەزهەبی مالیک -خەڵکی عیراق و مەدینە-ی سووککرد، بەڵام مەزهەبی ئیبن حەنبەلی باس نەکرد، چونکە خۆی لە عەقیدەدا حەنبەلی بوو لە فیقهیشدا شافیعی بوو. ئەوەش لەو دەروازەیدا دەردەکەوێت کە ناوی ناوە «دەروازی هەڵکشان و داکشانی ئیمان»، چونکە یەکێک لە پایەکانی ئیمان لە ئیبن حەنبەل بەپێچەوانەی موعتەزیلە و مورجیئەوە ئەمەیە کە (ئیمان هەڵکش وداکشی هەیە) [275].

لە هەمان کاتدا ئەوانەی باوەڕیان بەپێچەوانەی ئەمەوەیە ئەوانیش حەدیسی تریان هێناوە بۆ خۆیان، لەوانە هەندێکیان جەوزەقانی هێناونی وەك (سوفیان کوڕی عویەینە لە زوهری لە سالم لە باوکیەوە، پێغەمبەر فەرموویەتی: ئیمان هەڵکش و داکش ناکات)، هەروەها (لە ئەبوهریرەوە وەفدی سەقیف هاتن بۆ لای پێغەمبەر لێیان پرسی لەبارەی ئیمانەوە: ئایا هەڵکشان و داکشانی هەیە؟ وتی نەخێر: هەڵکشانەکەی کوفرە و داکشانیشی شیرکە)، جەوزەقانی لەبارەی ئەم فەرمودەیەوە دەڵێت: (ئەوە فەرمودەیەکی پووچە و هەڵبەستراوە، لە هەڵبەستراوەکانی جوێباریە، ئەحمەد بن عبدوڵلا دەجالێک بووە بۆ خۆی «واتە جوێباری» درۆزن بووە، فەرمودەی کەسانی متمانە دەگێڕێتەوە دوایی شتی وایان بە دەمەوە دەڵێت کە ئەوان نەیانووتوە).

لەبەرامبەر ئەمەشدا جەوزەقانی فەرمودەی تر دێنیت لەسەر زاری ابو هریرە و عمیر بن حەبیب، کە پێغەمبەر گوتویەتی (ئیمان کەم و زیاد دەکات) بێگومان لای جەوزەقانی هەموو حەدیسگێڕەوەکانی ئەم بەشەیان متمانەپێکراون و ڕاستگۆن، لەبەرامبەر هەموو ئەمانەشدا حەدسێک دێنێت، کە دەقاودەق ناڵێت ئیمان هەڵکشان و داکشانی هەیە، بەڵکو ئەنجامگیری فەرمودەکە وامان پێ دەڵێت (پێغەمبەر بە ژنانی وتوە: هیچ کەم عەقڵ و کەم دینێکم نەدیوە وەک ئێوە عەقڵی پیاو بەرێت، ژنێک وتی: کەم عەقڵی و کەم دینیمان لە چیەوەیە؟ وتی: دوانتان بە یەک شاهید دەخوات، کەم ئایینیشتان ئەوەیە ئێوە

لە ڕەمەزاندا ڕۆژوو دەشکێنن، لە مانگێکیشدا چەند ڕۆژ نوێژ ناکەن) پاشان دەڵێت (ئەمە حەدیسێکی ڕاستە مسلم ڕیوایەتیکردوە).

ماوە بڵێین جەوزەقانی کاتێک ئەم حەدسیگێڕەوە بە (هەڵبەستەر) دادەنێت و ئەویتریان بە (درۆزن) ناو دەبات و یان یەکێکی تر بە (متمانەپێکراو) دەزانێت و یان بە (ڕاستگۆ) ناویدەبات، ئەو تەنیا حوکمێک فڕێدەدات بێ ئەوەی پاڵبداتەوە بە هۆکارێکی مەنتیقیەوە، تاکە پێوەریشی لەم حکومدانەدا ئەوەیە ئەو ڕیوایەتە چەند لەگەڵ فیقهی شافعیدا دەگونجێت، یان لەگەڵ عەقیدەی حەنبەلیدا چەند سازاوە، چونکە جەوزەقانی خۆی سەر بەو دوو قوتابخانەیەیە، ئیدی هەر فەرمودەیەک لەگەڵ ئەم بۆچوونەی ئەودا دژیەک بوون ئەوە بێگومان هەڵبەستراو و درۆیە لای جەوزەقانی. لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین پیاوناسی (علم الرجال) درۆترین زانستە لە فەرمودەدا، بەڵکو بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ناوەکەیدا ڕێکناکەوێت، چونکە پیاوناسی زانستێک نییە بەوەی کەسەکان بناسرێن و پۆلێن بکرێن بۆ متمانە و لاواز و درۆزن و ...هتد، بەڵکو بەمانایەک لە ماناکان زانستێکی داکەواندنە (اسقاطي): ئەو کەسە بەپێی مەزهەب و بۆچوونەکانی دەدرێتە پاڵ ڕاست و درۆ، نەك بەپێی ئەوەی کە دەیگێڕنەوە ڕاست بێت یان درۆ بێت، بەڵکو بەگوێرەی سازانی گێڕاوەکەیە لەگەڵ مەیل و بۆچوونی مەزهەبی ئەو کەسەی کە چینەکانی حەدیسگێڕەوەکان ڕێکدەخات، ئینجا بە گوێرەی هاومانابوونی ئەو ڕیوایەتانە لەگەڵ مەزهەبەکەیدا سیفەتی (متمانە) و (لاواز) و (هەڵبەستەر) و ...هتد دابەشدەکرێت، ئەگەر ئەو کەسەی پیاوناسی دەکات (علم الرجال) لە ئەهلی سوننە بوو، ئەوە بێ سێ و دوو هەرکەسێک فەرمودەیەک بگێڕێتەوە لەسەر ئالوبەیت بە باشی، ئەو بە شیعە و درۆزن ناویدەبات، بەڵام ئەگەر هەڵسەنگێنەرەی حەدیسگێڕەوەکان خۆی پشتیوانی ئالوبەیت بوو، ئەوە بەپێچەوانەوە هەر فەرمودەیەک باس لە باشی ئەبوبەکر و عومەر بکات ئەو بەدرۆی دەزانێت. ئینجا ئەوانەش کە ناویان دەنێن (اهل الاهواء) واتە ئەوانەی ئیجتهادی تریان هەیە دوور لە ئەهلی فەرمودە، وەک موعتەزیلە و ئەوانی تر بەهەمان شێوە، بەڵکو تەنانەت لەنێوان مەزهەبە فیقهیەکانیشدا هەمان گرفت هەیە وەک چۆن بینیمان جەوزەقانی کە شافیعی مەزهەبە هەموو قوتابیان و هەوادارانی ئەبو حەنیفە

بەدرۆدەزانێت، پێچەوانەکەشی راستە، بەکورتی **پیاوناسیی «علم الرجال»** نموونەیەکی ئایدیۆلۆژی ئامادەیە بەمانەی وشەی ئایدیۆلۆژی، کە بریتیە لە هۆشیارییەکی نەگونجاو لەگەڵ واقیعەکەیدا، یەک نموونەمان بەسە لێرەدا بیهێنینەوە: لە سەرەتای کتێبەکەیدا لەسەر زاری زنجیرەیەک حەدسیگێڕەوە کە (بقية کوڕی وليد)یشی تێدایە، فەرمودەیەک دێنێت کە گوایە پێغەمبەر گوتویەتی (هەرکەسێک تەمبەڵی بکات لە فەرمودەدا ئەوە تەمبەڵیی کردوە لە قورئاندا)، جا لەبەرئەوەی جەوزەقانی خۆی لە ئەهلی فەرمودەیە پێش ئەوەی لە ئەهلی قورئان بێت بۆیە ئەم فەرمودەیە بەراست وەردەگرێت و دەڵێت (حەدیسێکی راستە، پەسەندکردنی واجبە، ئیشپێکردنیشی فەرزە، هەرکەسێک رەتی بکاتەوە تاوانبارە)[277]. بەڵام لەبەرئەوەی جەوزەقانی شافیعی مەزهەبە، شافیعیش گێرانەوەی فەرمودە بە مانا رەتدەکاتەوە، جا چی زیاد و کەمیشی تێدا بکرێت، بۆیە زۆر بەئاسانی ئەو فەرمودەیە بەدرۆ دەخاتەوە کە دەڵێت (وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ئێمە فەرمودەیەک لە تۆ دەبیستین، بەڵام لەوانەیە کەم و زیادی لێ بکەین لەکاتی گێرانەوەدا، ئایای ئەمە نابێتە درۆ بەسەر تۆوە؟ وتی: نا لەم شوێنەشدا دیسان ئەوەی فەرمودەکەی گێڕاوەتەوە (بقيەی کوڕی وەليد)ـە، کەچی لێرەدا جەوزەقانی بەپێی پیاوناسی ئەو فەرمودەیە رەددەکاتەوە و دەڵێت (بقية فەرمودەکانی لاوازن و ناکرێتە بەڵگە) [278]. بەم جۆرە دەبینین ناوەڕۆکی فەرمودەکە جێکەوتی حەدیسگێڕەوەکە دیاریدەکات لەنێوان (پیاوانی فەرمودەدا) لەبەرئەوەی فەرمودەی یەکەم ماناکەی هاوشانی مەزهەبەکی جەوزەقانی خۆیەتی لەبەرئەوە بە هیچ شێویەک گومان لە متمانەی (بقية) ناکات، بەڵام چونکە فەرمودەی دووەم ماناکەی بەدڵی جەوزەقانی و سەرمەزهەبەکەی نییە، بۆیە زۆر بە سادەیی دەڵێت فەرمودەی (بقية) لاوازە و ناکرێتە بەڵگە، بە شێوەیە دەبینین پیاوناسی دەبێتە زانستێکی شوێنکەوتە لەکاتێکدا دەبوو زانستێک بێت ئەوانی تر شوێنی بکەون. بەکورتی وەک ئەو قسەیەی دەدرێتە پاڵ عەلی کوڕی ئەبوتالیب دەڵێت (**فەرمودەکانیان بە پیاوەکان ناناسرێتەوە، بەڵکو پیاوەکان بە فەرمودەکان دەناسرێنەوە**).

## (7)

## هەڵبەستراوەکانی ئیبن جەوزی

لە کولتوورێکدا وەک کولتووری ئیسلامی کە تەواو وابەستەی سیستمە مەعریفیەکەی خۆی بێت، ئاسان نییە کەسێکی وەک ئیبن جەوزی بتوانێت ئەو تەلیسمە بشکێنێت. بەتایبەتی لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا، سەدەی داخرانی هەموو شتێکی ئەو سیستمە.

بێ ئەوەی بتوانێت لە کۆتەکانی ئایدیۆلۆژیای سەردەمی خۆی دەربازی بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئیبن جەوزی هێندە بوێریی تێدا بووە کە بتوانێت جێگەیەک بۆ بیری رەخنەگرانە بکاتەوە، بەڵکو تەنانەت رەخنە لە مەعریفە (ئیبستمۆلۆژیا)ی سەردەمی خۆی بگرێت. کە دەتوانین ناوی بنێین **(مەعریفەی مەعریفە)** [279].

ئەو تێپەراندنە لەو شوێنەوە دەست پێدەکات کە ئیبن جەوزی دەتوانێت گومان لەسەر میکانیزمی سەنەد خۆی دروستبکات، بەپێچەوانەی هەموو حەدیسناسەکانەوە، بەتایبەتی ئیبن حەنبەل کە سەردەستەی حەدیسناسەکانە، کاتێک دەڵێت (ئەگەر سەنەد راستبوو ئیتر فەرمودەکە راستە) کەچی ئیبن جەوزی هاوکێشەکە هەمووی تێک دەدات و دەڵێت دروستیی سەنەد مانای دروستیی فەرمودە ناگەیەنێت، زۆر قورس نییە گەر فەرمودەکە هەڵبەستراو بێت و هەموو حەدیسگێڕەوەکانیش متمانە بن و سەنەدەکەی تەواو راست و دروست بێت. دەقاو دەق دەڵێت:

"نابینیت ئەگەر هەموو متمانە پێکراوەکان هاوڕابن لەسەر ئەوەی حوشترێک بە ناو کونە دەرزیەکدا رەتبووە متمانەکەیان هیچ سوودێکمان پێ ناگەیەنێت و هەرگیز هەواڵەکەشیان بەوە نابێتە راست لەبەرئەوەی ئەوانە جێ متمانەن، چونکە هەواڵێکی مەحاڵ و ئەستەمیان باسکردووە. لەبەرئەوە هەر فەرمودەیەکت بینی پێچەوانەی عەقڵپەسەندیی بوو، ئەوە بزانە هەڵبەستراوە، چونکە رێک دەکەوێت کە زنجیرەی سەنەد هەموو متمانە بن بەڵام فەرمودەکە فێڵی تێدا کرابێت (مدلس) بێت لەسەنەد دا یان هەڵبەستراو بێت) [280].

بەم شێوەیە بۆ یەکەم جار لە مێژوی ئایدیۆلۆژیای فەرمودەگەراییدا میکانیزمی سەنەد دەخرێتە ژێر نەشتەری گومانەوە و پێشینە دەدات بە عەقڵپەسەندیی ناوەرۆک «معقولیة المضمون» بۆ ئەوەی بتوانین دەقێک بە راست دابنێین یان نا؟ نەك تەنیا متمانەپێکراویی

حەدیسگێرەوەکان، بێگومان ئیبن جەوزی بە تەواوی دەست لە میکانیزمی سەنەدکاری هەڵناگرێت، یان واز لە پیاوناسی (علم الرجال) ناهێنێت، چونکە دەستەواژەکانی (درۆزن)، (هەڵبەست)، (تەرککراو)، (نەناسراو)، (هیچ نیە)، (منکر) سەدان جار لە نووسینەکەیدا دووبارە دەبێتەوە، بەڵام لە بەرامبەر دەیان حەدیسی تردا پرەنسیپی عەقڵپەسەندیی بەکار دێنیت، یاخود عەقڵناپەسەندیی، جا چ عەقڵناپەسەندیی ماناکەی بێت یان دەربڕینەکەی بێت یان دۆخی بیستنەکەی بێت.

لەو نموونانەی دێنێتیەوە بۆ **عەقڵناپەسەندیی مانا** ئەوەیە کە نافع دەیگێڕێتەوە لە ئیبن عومەر (ئەگەر سورەتی «البقرة» تەواو بکرایە. ئەوە مانگا قسەی لەگەڵ خەڵک دەکرد)، ئیبن جەوزی لێرەدا دەڵێ «ئەمە فەرمودەیەکی هەڵبەستراوە خوا لەو کەسە خۆشنەبێت کە دایناوە، چونکە مەبەستی بووە بەم قسەیە ئیسلام ناشیرین بکات» [281].

لە نموونەی **ناڕەوایی دەربڕین** –سەرەرای ماناش- فەرمودەی فەزیلەتی سورەتەکان، کە لەسەر زاری (ابي بن كعب) دەگێڕنەوە، (پێغەمبەر فەرمویەتی: هەرکەسێک سورەتی فاتیحە بخوێنێت هێندی دوو لەسەر سێی قورئان خێری دەگات، هەر کەسێک مائیدە بخوێنێت، دە چاکەی بۆ دەنووسرێت دە خراپەی لەسەر لادەچێت دە پلەبەرز دەکرێتەوە بە ژمارەی هەرچی جوولەکە و گاور هەیە لەسەر زەوی، ئەوەی یونس بخوێنێتەو 10 چاکەی بۆ دەنووسرێت، 10 خراپەی لەسەر لادەبرێت، هێندی ئەوانەی یونسیان بەدرۆخستەوە و ئەوانەش کە باوەڕیان پێهێنا، ئەوانەش کە لەگەڵ فیرعەون خنکان لە دەریادا، ئەوەی سورەتی (هود) بخوێنێت دە چاکەی بۆ دەنووسرێت هێندی ئەوانەی باوەڕیان بە نوح هێنا لەگەڵ ئەوانەی بەدرۆیان خستەوە... بەم شێوەیە لە هەموو سورەتێکدا ئەو چاکانەی باسکردوە، زەهەبی لەسەر ئەم فەرمودەیە دەڵێت (هەر هەوای فەرمودەکە دەریدەخات کە ئەو فەرمودەیە هەڵبەستراوە، چونکە هەموو سورەتێکی باسکردووە و باسی پاداشتێکی بەرامبەری کردوە بە زمانێکی لاواز و سارد و بێتام کە لەگەڵ قسەی پێغەمبەردا ناگونجێت) [282].

لە نموونەی **نارەوایی دۆخی بیستن** سەرەڕای ناڕەوایی مانا و دەربڕ (لفظ)، ئەو فەرمودەیەیە کە ئاجری دەیگێڕێتەوە لە شافعییەوە لە مالیکەوە تا دەگاتە ئیبن عومەر (کاتێک ئایەتی «اقرأ» دابەزی پێغەمبەر بە موعازی وت، بنووسە موعاز، کاتێک گەیشتە

«واسجد واقترب» لەوح و قەڵەم و نون کڕنووشیان برد، موعاز دەڵێت: گوێم لە لەوح و قەڵەم و نوون بوو دەیانووت: خوایە بەمە ناوی بەرزبکەرەوە، گوناهێکی لەسەر لابەرە، موعاز دەڵێت: هەواڵەکەم بە پێغەمبەر گەیاند، ئەویش سوجدەی برد) زەهەبی دەڵێت «بێگومان ئەم فەرموودەیە هەڵبەستراوە، لێرەدا ئاجری تاوانبارە، هەڵبەستنێکی بێتامیشە، ئەو کەسەی هەڵیبەستووە هەر نەزانیش بووە، چونکە ئەم فەرموودەیە لە مەککە دابەزیوە و موعاز لە مەدینە موسوڵمان بووە)[283].

سەرەرای رەوایی و نارەوایی ئیبن جەوزی دێت و پرەنسیپێکی تر لە پرەنسیپەکانی عەقڵ دادەنیت، ئەویش **هۆگەرایی «السببیة»**، چونکە هەڵبەستنی فەرموودە زۆرجار بۆ مەبەستێکی دیاریکراو دەبێت، کەمجاری وا هەیە بێ مەبەست فەرموودەیەک هەڵببەسترێت.

جا لە بەرئەوەی ئەستەمە بتوانین ئەو هۆیانە بژمێرین کە ئیبن جەوزی باسیکردوون، چونکە سەدان هۆکارن، لەبەرئەوە هەر وەک هەڵبەستراوەکانی جەوزەقانی لە بەشی خەلافەتە دەست پێدەکەین، واتە ململانێ لەسەر خەلافەت و ئەو هەموو فەرموودەیە لەم بارەوە دانران، کە تیایاندا سوننە پشتیوانی لە سێ خەلیفەی یەکەم دەکەن و شیعەش بەپێچەوانەوە تەنیا خەلیفەی چوارەم (عەلی) بەشەرعی دەزانن، بەڵام لەراستیدا ئیبن جەوزی خۆیشی لەسەرەتای بەشەکەوە بە پیاهەڵدان بە ئەبوبکری سدیق دەستپێدەکات، لەوێدا پانزە فەرموودەی هەڵبەستراو دێنێت لەسەر چاکیەکانی ئەبوبەکر، شایستە بوونی بۆ خەلافەت، (کەسانێک کە هیچ بەهایەکیان نییە و بانگەشەی سوننەت دەکەن چەندین فەرموودەیان هەڵبەستوە سەبارەت بە چاکیەکان ئەبوبەکر، هەندێک تەنیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی شیعە کردوویانە، کاتێک ئەوان لەسەر چاکیی عەلی فەرموودەیان هەڵبەستوە، هەردوو لایەنەکەش هەڵەن)[284].

وەک نموونە بۆ ئەو پانزە فەرموودەیەی هەڵبەستراوە لەسەر ئەبوبەکر، دوو فەرموودە دێنینەوە کە لای ئیبن جەوزی هەشتەم و نۆیەمن:

- له ئیبن عەباسەوە (کاتێک «اذا جاء نصرالله والفتح» دابەزی، عەباس بە عەلی وت: با بچین بۆ لای پێغەمبەر باسی ئەوەی لەگەڵ بکەین، پێغەمبەر پێی وتن: ئەی مامی پێغەمبەر، خودا ئەبوبەکری کردوە بە خەلیفەی من، لەبەرئەوە بە فەرمانی ئەو بکەن، سەرکەوتوو دەبن، رێنماییتان دەکات، عەباس دەڵێت: فەرمانبەردای ئەبوبەکر بووین و سەرکەوتووبووین)[285]، ئیبن جەوزی دەڵێت (ئەم فەرمودەیە راست نییە، چونکە مەداری فەرمودەکە لەسەر عومەر کوڕی ئیبراهیمی کوردییە، دارەقوتنی دەڵێت ئەو پیاوێکی درۆزن بوو فەرمودەی هەڵدەبەست).

- عومەر دەڵێت: پێغەمبەر فەرمووی: کاتێک بەرزکرامەوە بۆ ئاسمان وتم: خودایە دوای خۆم عەلی بە خەلیفەی خۆم دابنێت، ئاسمانەکان لەرزین، فریشتە هاواریان کرد: ئەی محەمەد (وما تشاؤون الا ان یشاء الله) واتە خودا ویستی وابوە ئەبوبەکر خەلیفەت بێت) ئیبن جەوزی دەڵێت (ئەمە فەرمودەیەکی هەڵبەستراوە، یوسف بن جوهر هەڵیبەستوە، ئەو فەرمودەی هەڵدەبەست) [286].

بەڵام لەبەرامبەردا ئیبن جەوزی 59 فەرموده دێنیت کە لە بەرژەوەندی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب هەڵبەستراوە، سەرەڕای ئەوەش زمانەکەی بەرامبەر ئەو فەرمودانە توندترە، چونکە لە یەکەمیاندا تاوانبارەکان کۆمەڵێکن کە هیچ بەهایەکیان نییە، بەڵام لە دووەمدا شیعە (رافضة) هەموویانن. لەسەرەتاوە دەڵێت (چاکەکانی عەلی زۆرن، بەڵام شیعە بەوە رازی نەبوون و فەرمودەی وایان بۆ هەڵبەستوە کە لەجیاتی ئەوەی بەرزی بکەنەوە عەلی دادەبەزێنن، شتی وایان گێراوەتەوە کە بە عەقڵدا هەر ناچێت) [287].

**نموونەی ئەو فەرمودانە:**

(ئیبن عەباس دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەر دەیووت: عەلی یەکەم کەس بوو باوەڕی پێهێنام، یەکەم کەسیش دەبێت لە قیامەتدا تەوقەم لەگەڵ دەکات، ئەویش

فاروقی ئوممەتە، ڕاست و ناڕاست لێک جیا دەکاتەوە [288]، ئەویش شاهەنگی ئوممەتە، ماڵیش شاهەنگی ستەمکارانە، هەر ئەویش سدیقی گەورەیە، ئەو دەرگایەیە کە لێوەی هاتووم، ئەویش جێنشینی منە دوای خۆم) [289].

پاش ئەوانیش سەبارەت بە عومەر و عوسمان و معاویە، چەندین فەرمودەی تر دێنیت کە هەڵبەستراون. لە نموونەی هەڵبەستراو بۆ عومەر:

(پێغەمبەر فەرمویەتی: ئەگەر من نەبوومایەتە پێغەمبەر ئەوە عومەر دەبوو) هەمان فەرمودە لە عەقبەوە ریوایەتکراوە. ئیبن جەوزی دەڵێت (ئەم دوو فەرمودەیە ڕاست نین، حەدیسگێڕەوەکە یەحیا کوڕی زەکەریا «لە گەورە درۆزنەکانی حەدیسە» ئەحمەد دەڵێت «هیچ نیە»، نەسائی دەڵێت» فەرمودەکانی تەرککراون» [290].

**لە چاکیی عوسمانیش:**

(عەقبەی کوڕی عامر) (پێغەمبەر فەرمووی: کاتێک بەرزکرامەوە بۆ ئاسمان چوومە ناو بەهەشت، سێوێکم پێدرا، کاتێک خرایە ناو دەستمەوە سێوەکە لەت بوو حۆریەکی جوان هاتەدەر قەراغ چاوەکانی وەک کۆتاییەکانی باڵی باڵندە تیژ بوون، وتم: تۆ حۆریی کێیت؟ وتی: من حۆری ئەو خەلیفەیەم کە بە ستەملێکراوی دەکوژرێت عوسمان). ئیبن جەوزی لە ئیبن حیبان رادەگوێزێت «ئەم فەرمودەیە هیچ نییە، ئەسڵی نییە لە قسەی پێغەمبەردا)، لە عوقەلی رادەگوێزیت (ئەم فەرمودەیە هەڵبەستراوە ئەسڵی نیە) [291].

سەبارەت بە معاویە کە پاڵەوانی چەندین حیکایەتی قسە پێووتن و ستایشکردنە، ئیبن جەوزی دەڵێت: هەندێک لەوانەی دەمارگرییان بۆ سوننە هەیە فەرمودەیان لە بارەی چاکەی معاویەوە داناوە بۆ ئەوەی شیعە تووڕە بکەن، هەندێکیش لە رافیزە فەرمودەیان دژی معاویە هەڵبەستوە، هەردووکیشیان هەڵەی گەورە دەکەن) [292].

لەبارەی معاویەوە ئەم نموونەیە دێنیت:

لە ئەنەس کوڕی مالیک: پێغەمبەر فەمووی: جوبرەئیل هات بۆ لام، قەڵەمێکی زێڕینی پێبوو، وتی خودای باڵا سەلامت لێدەکات و دەڵێت: خۆشەویستم، ئەم قەڵەمەم لە عەرشەوە بە خەڵات ناردوە بۆ معاویە، پێی بگەیەنە و پێی بڵێ با «اية الكرسي» پێ

بنووسێتەوە بەخەتی خۆی، ئینجا سەر و بۆری بۆ بکات و پێشانت بدات [293]، منیش پاداشتی «اية الكرسی»م بۆ نووسیوە بەژمارەی ئەوانەی دەیخوێننەوە تا قیامەت).

ئیبن جەوزی دەڵێت (ئەمە حەدیسێکی هەڵبەستراوە، بێتامیش هەڵبەستراوە، زۆربەی کەسەکانیشی نەناسراون) [294].

ئەو فەرمودانەش کە لە دژی معاویە هەڵبەستراوە لەلایەن نەیارەکانیەوە (بەزمانی سوننە واتە رافیزەکان)، ئەویش زۆرە:

- (پێغەمبەر فەرموێتی: ئەگەر موعاویەتان بینی لەسەر ئەم مینبەرەی من خوتبە دەدات بیکوژن).

- (ابو سعيد خدري): پێغەمبەر فەرمووی: ئەگەر موعاویەتان لەسەر مینبەر بینی بیکوژن، پیاوێک لە ئەنسار لەکاتی خوتبەدا بە شمشێرەوە هەستا، وتم:ئەوە چیدەکەیت؟ وتی: لە پێغەمبەرم بیستوە ئەگەر معاویەتان بینی لەسەر مینبەر بیکوژن. (ابو سعيد) دەڵێت: ئێـمەش ئەوەمان بیستوە بەڵام لە سەردەمی عومەردا نامانەوێت شمشێر هەڵبکێشین، ئیتر نامەیان بۆ عومەر نووسی، بەڵام پێش ئەوەی نامەکەی بگاتێ عومەر کوژرا)، ئیبن جەوزی دەڵێت (ئەوەی دەیگێڕێتەوە واتە (ابن عباد)، فەرمودەکەی هەڵبەستوە، ئەو شیعەیەکی پەڕگیر بوو، چەندین فەرمودەی لەسەر باشیەکانی ئالوبەیت و خراپیەکانی ئەوانیتر گێراوەتەوە کە هەموو جێگەی ناڕەزاییە) [295].

ئاسانە بزانین ئەو رێسا گشتیە چیە کە ئیبن جەوزی کاری لەسەردەکات کاتێک ئەو فەرمودانە لە خانەی هەڵبەستراوەکاندا پۆلێن دەکات. بەلای ئیبن جەوزیەوە پێغەمبەر پێغەمبەر بوو نەك فالچی تاکو دەستبگرێتەوە و پێش رووداوەکانی مێژوو بکەوێت، بەتایبەت سەبارەت بە خەلافەت کە ئەسڵەن بیری لێنەکرابۆوە لەو کاتەدا. نە لای پێغەمبەر نە لای ئەوانی تریش، باشترین بەڵگەش بۆ ئەوە پاش مەرگی پێغەمبەر خۆیەتی کە لە سەقیفەی بەنی ساعیدەدا خەریکبوو ببێتە شەڕە شمشێر لە نێوان ئەسحابدا لەسەر جێگرتنەوەی پێغەمبەر.

لەسەر ئەو بنچینەیە هەر فەرمودەیەک لەو بارەوە پێش مێژوو کەوتبێت بەلای ئیبن

جەوزیەوە هەڵبەستراوە، چونکە لەراستیدا ئەوە پێشبینی نییە، بەڵکو دواکەوتنی ئێستایە بەسەر رابوردودا بە تایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بەو سەرکێشیەی ئومەویەکان کردیان و خەلافەتیان قۆستەوە، دوای ئەوانیش عەباسیەکان، ئەوەش هەمووی لەسەر حسابی هاشمیەکان بوو، باشترین نموونەش لەسەر ئەو داکەوتنە ئەم گوتراوەیە (عەباس و عەلی لای پێغەمبەر دانیشتبوون پێغەمبەر بە عەباسی وت: موڵک لای وەچەکانی تۆ دەبێت، پاشان روویکردە عەلی پێیووت: بەڵام وەچەکانی تۆ هیچیان موڵکیان نابێت) [296].

هەر لەو شێوە گوتراوە پوچانە، ئیبن جەوزی چەند فەرمودەیەکی تر دێنێتەوە، وەک (لە ئوممەتەکەمدا پیاوێک دەبێت...) وەک ئەمانەی خوارەوە:

- لە عومەر ریوایەتکراوە، پێغەمبەر فەرمویەتی: کەسێک لە ئوممەتەکەم ناوی وەلید دەبێت، ئەو کەسە لە فیرعەون خراپترە بۆ ئومەتی من) [297].

- (کەسێک لە ئوممەتی من پێی دەوترێت محەمەد بن ئیدریس ئەلشافیعی، بۆ ئوممەتی من زیانی لە شەیتان زیاتر دەبێت).

- (پێغەمبەر فەرموێتی: کەسێک لە ئوممەتی من دەبێت پێی دەڵێن ئەبو حەنیفە، ئەوە چرای ئوممەتەکەمە).

- (پیاوێک لە ئوممەتی من ناوی وەهەب دەبێت خودا حیکمەتی پێدەبەخشێت، پیاوێکی تر ناوی غیلان دەبێت ئەوە لە شەیتان خراپتر دەبێت) [298].

لەسەر ئەو بنەما تیۆریەی رەتکردنەوەی فەرمودە کە دراونەتە پاڵ پێغەمبەر، سەبارەت بە پێشبینییە سیاسیەکان، دەبینین ئیبن جەوزی بوێریەکی تری تیۆلۆژی پیشان دەدات سەبارەت بە پێشبینی سیاسی، کە رێدەگرێت لە رەخنەکردن لە فەرمودەی زەمی بیدعە و مەدحی سوننەت، لەپێش هەموویانەوە فەرمودەی دەستەی سەرفراز و دەستەی تیاچوو (الفرقة الناجية والفرقة الهالكة). ئاشکرایە ئەهلی سوننەت ئەو فەرمودەیەیان زۆر بەشێوەیەکی بەرفراوان قۆستۆتەوە بۆ ئەوەی غەیری خۆیانی پێ دەربکەن لە ئیسلام ئەوانەیتر هەمووی ئەهلی ئاگر و خەسارەتن، وەک شیعە و قەدەریەکان و مورجیئەکان و موعتەزیلە و ...هتد.

لەوبارەوە ئیبن جەوزی یەك بەشی تەواو تەرخانە دەكات بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەو فەرمودانە، ناوی دەنێت (كتاب السنة وذم البدع)، لەوێدا تانە لەو فەرمودەیە دەدات بە هەموو شێوەكانیەوە، بەم شێوەیە بە چوار رێگە فەرمودەكە دێنێت، كە هەر چواریان لەسەر زاری ئەنەس بن مالیک هاتوون (ئوممەتەکەم دابەشدەبن بەسەر حەفتاو سێ گروپدا هەموویان لە بەهەشتدان تەنیا یەک گروپ نەبێت، وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ئەو گروپە کێن؟ وتی: قەدەریەکان). ئیبن جەوزی دەڵێت ئەم فەرمودەیە بەهیچ شێویەک راست نییە، دەڵێت (ئەم فەرمودەیە لەلایەن ئەبرەدەوە هەڵبەستراوە کابرایەکی درۆزن بووە، یاسینی زەیات لەوی وەرگرتوە و سەنەدەکەی گۆڕێوە و تێکەڵیکردوە، عوسمانک کوڕی عەفانی سەنجەری دزیوێتی و حەفسی کوڕی عومەریش درۆزن بووە... فەرمودە لە کەسانی درۆزنەوە وەردەگرێت)[299].

بەمەش وازناهێنێت بەڵکو سەبارەت بەو فەرمودانەش کە تانە لە بیدعە دەدەن، یان (نەهی لە دانە پاڵ کەسی بیدعەچی دەکەن)، وەک (پێغەمبەر فەرمووی: پاڵ نەدەن بە کەسانی ئارەزوکارەوە، ئەوانە نیعمەتی خوایان ئینکار کردوە، بیدعەیان دەرخستووە. پێچەوانەی سوننەتن، قسەکانیان درۆیە، خورادنیان سووە، ئایینیان ریابازی و دووڕوییە، نەفرەتی خودا و فریشتە و خەڵکیان لێ بێت) ئینجا لە ئیبن عودەی دەگێڕێتەوە گوتویەتی (ئەوە گوتراوێکی درۆیە بەدەم پێغەمبەرەوە هەڵبەستراوە). ئینجا سێ فەرمودەی تر دێنێت کە هەمووی سووکایەتیە بە بیدعەکاران (هەر کەسێک رێز لە بیدعە چییەک بگرێت ئەوە هاوکاری کردوە لە رووخاندنی ئیسلامدا)، وایی دەڵێت (ئەم فەرمودانە هەموویان درۆن و لەسەرزاری پێغەمبەر هەڵبەستراون) ئەوانەی گێراویانەتەوە (بە هەڵە و وەهم ریوایەت دەکەن) هەیانە (فەرمودە دەدزێت لە بەر ئەوە نابێت متمانەیان پێبکرێت). هەشیانە (قسەی پڕوپوچ دەکاتە فەرمودە یان لەسەر زاری کەسانی جێمتمانەوە فەرمودەی وا دروستدەکات کە هەر ئەسڵی نیە)[300].

لەوەش زیاتر ئیبن جەوزی دەچێتە ناو وردەکاریەکانەوە و چوار بەشی تر دەکاتەوە لەسەر ئەو فەرمودانەی لەسەر (قسە وتن بە مورجیئە و قەدەری و شیعە و خەواریج) وتراوە، هەموویان رەتدەکاتەوە و دەڵێت هەموو ئەو فەرمودانە درۆن، وەك:

- (هەموو ئوممەتێک مەجوسێکی هەیە، مەجوسی ئوممەتی منیش قەدەریەکانن، سەریان لێمەدەن و مەچن بەدەم نەخۆشەکانیانەوە و نوێژی مردوویان لەسەر مەکەن)

- (هەموو ئوممەتێك جوولەکەی خۆی هەیە، جولەکەی ئوممەتی من مورجیئەکانن).

- (خودا چوار لایەنی لەسەر زاری حەفتا پێغەمبەرەوە نەفرەت کردوە، وتمان ئەوانە کێن؟ وتی: قەدەری و مورجیئە و رافیزە و جەهمیەکان. وتمان: قەدەری کێن؟ وتی: ئەوانەی دەڵێن چاکە لە خوداوەیە و خراپە لە شەیتانەوەیە. بەڵام چاك و خراپیش هەر لە خوداوەیە. وتمان ئەی جەهمی کێن؟ وتی: ئەوانەی دەڵێن قورئان ئەفرێنراوە، بەڵام قورئان ئەفرێنراو نییە. ئەوەی غەیری ئەوەش بڵێ نەفرەتی خودای لێبێت. وتمان ئەی مورجیئە کێن؟ وتی: ئەوانەن دەڵێن: ئیمان قسەیە بێ کردار، وتمان ئەی رافیزە کێن؟ وتی: ئەوانەی جنێو بە ئەبوبەکر و عومەر دەدەن، ئەوەی رقی لەو دوانە بێت نەفرەتی خودای لێبێت). ئیبن جەوزی دەڵێت (ئەم گوتراوە گومان لە هەڵبەستنیدا نیە) [301].

بێجگە لە گروپەکانیش دەبینین ئیبن جەوزی تانە لە دروستیی هەموو ئەو گوتراوانە دەدات کە پشتگیری لە عەقیدەیەک دەکەن و قسە بە عەقیدەیەکی تر دەڵێن وەک ئەو فەرمودانەی پشتیوانی لە عەقیدەی ئەهلی سوننەت دەکەن سەبارەت بە کۆنیی قورئان و تەکفیری ئەوانەیتر دەکەن کە دەڵێن قورئان ئەفرێنراوە، لە سەرەتای دەروازەی یەکەم لە «کتاب التوحيد» لە ژێری ناوی (القرآن كلام الله) دەڵێت: (هەندێک کەس فەرمودەیان لە سەر ئەوە داناوە کە قورئان ئەزەلییە) وەک فەرمودەی (هەر کەس بڵێت قورئام ئەفرێنراوە کافرە)، ئیبن جەوزی دەڵێت (ئەم فەرمودەیە راست نییە حەدیسگێڕەوەکەش «محەمەد بن عبيد» درۆزنەو فەرمودە هەڵدەبەستێت)، هەروەها فەرمودەی (قورئان کەلامی خودایە نە ئەفرێنەرە و نە ئەفرێنراوە. ئەوەی بێجگە لەمە بڵێت ئەوە کوفریکردوە)، ئیبن جەوزی دەڵێت (ئەم فەرمودەیە هەڵبەستراوە، ئەحمەد بن حرب -ەوەی گێراوێتیەوە- ناسراوە بە درۆکردن و فەرمودە دانان). هەروەها (هەرچیەک لە ئاسمانەکان و زەویدا هەن هەموو مەخلوقن تەنیا خودا و قورئان نەبێت، کەسانێک لە ئوممەتەکەم پەیدادەبن دەڵێن قورئام مەخلوقە، هەرکەسێک وا بڵێت ئەوە کوفریکردوە بە خودا و هەر لەو کاتەدا

تەڵاقی کەوتوە، چونکە ژنە موسوڵمان نابێت لەژێر کافردا بێت). کۆمێنتی ئیبن جەوزی: «ئەمە فەرمودەیەکی هەڵبەستراوە، محەمەد بن یحیی بن رزین هەڵیبەستوە، ابو حاتم لەبارەیەوە دەڵێت: ئەوە کەسە دەجالێك بوو بۆ خۆی، ، فەرمودەی هەڵدەبەست تەنیا لەو کاتانەدا دەبێت باس بکرێت کە قسەی پێ دەوترێت» [302].

ئەم بوێریە لە رەتکردنەوەی ئەو فەرمودانەی دژ بە گروپە جیاوازەکان وتراون لەوانەیە کاردانەوەیەکی ئاسایی بێت دژ بەو هەڵمەتە گەورەیەی فەرمودە هەڵبەستن لەلایەن ئەوانەوە کە ئیدی حەدیسسازی ببوە پیشە و سەرچاوەی بژێوییان، ئەم بوێریە لە درۆکردندا لای هەندێک گەیشتبووە ئاستێک کە بووە گاڵتەجاڕی و سووکایەتی کردن بە فەرمودە، ئەو فەرمودانەی ناویاندەنێین **فەرمودە بەبازاڕکراوەکان،** واتە ئەو فەرمودانەی لە جیاتی ریکلامی ئەم سەردمە بەکار دەهێنران تەنیا بۆ برەودان بە پیشەیەك یان بۆ کاڵایەك بۆ سەرفکردن، وەک ئەوەی ئیبن جەوزی دەیگێڕێتەوە لە دەروازەی بەرگدروو لە فەزیلەتی مێزەر و شەرواڵ و بەرگی رەش و خوری و...هتد، هەروەها ئەو فەرمودانە لە بەشی خواردن وەک فەزیلەتی (نیسک) یان (پاقلە) (باینجان) کە ریوایەتی زۆری لەسەر هاتووە بەجۆرێك کتێبێکی تەواوی لەسەر دانراوە[303].

با لێرەدا سێ نموونە بێنمەوە:

- لە بارەی (نیسك)ـەوە، ئیبن جەوزی دەڵێت (پێغەمبەر فەرمویەتی: نیسک بخۆن چونکە پیرۆزە، دڵ پێی نەرم دەبێت، فرمێسک زیاد دەکات، حەفتا پێغەمبەر پیرۆزیان کردوە). کۆمێنتی ئیبن جەوزی: (ئەمە فەرمودەیەکی هەڵبەستراوە، هەرکەس گوتویەتی مەبەستی ناشیرینکردنی شەریعەت بووە، چونکە نیسک خراپترین خواردنە، هەر کەسێک لە غەیرە موسوڵمان ئەو فەرمودەیە ببیستێت ناحیکمەتی دەداتە پاڵ پێغەمبەرەکەمان) [304].

لەبارەی باینجانەوە (ئیبن عەباس دەڵێت: لای پێغەمبەر دانیشتبووین خواردنێکیان هێنا باینجانی تێدا بوو، یەکێک وتی باینجان: تووشی دڵەکزێم دەکات، پێغەمبەر باینجانێکی خوارد وتی: باینجان دەرمانی هەر دەردێکە و هیچ دەردێکی تێدا نیە). ئیبن جەوزی دەڵێت

(ئەوەش فەرمودەیەکی هەڵبەستراوە کەسێک دایناوە کە دەیەوێت شەریعەت ناشیرین بکات ئەمە بێجگە لەو ڕەفتارە ناشیرینە، کە گوایە پێغەمبەر یەک بایەنجانی کردوە بە پارووییەك)[305].

- لەبارەی فەزیلەتی هەریسەوە (موعاز لە پێغەمبەری پرسی: ئایا لە بەهەشتەوە خواردنت بۆ هاتوە؟ وتی: بەڵێ، هەریسەیان بۆ هێنام لە بەهەشتەوە بەوەش هێزی چل کەسم تێگەراوە. سەرجێگەیشم هێندی چل پیاو زیادیکردوە). بە گوێرەی ڕیوایەتێکی تر (پێغەمبەر سکاڵای بردە لای جوبرەئیل سەبارەت بە کەمهێزی لە جووتبووندا، جوبرەئیل زەردەخەنەی کرد تاکو مەجلیسەکە بەهۆی دانەکانیەوە درەوشانەوە وتی: ئەی هەریسە بۆ ناخۆیت، ئەوە هێزی چل پیاوی تێدایە)[306]. بەهەرحاڵ ناتوانین لەوە زیاتر بابەتەکە درێژە پێبدەین دەنا بابەتەکە بێتام دەبێت، ئێمەش دەبینە فەرمودە فرۆش، لێرەدا تەنیا قسەیەکی خەتیبی بەغدادی دێنین لە کتێبی «**الكفاية في علم الرواية**» سەبارەت بە بازرگانیکردن لە ڕێگەی (فرۆشتنی فەرمودەوە) تەنانەت بە یەک دیناریش، ئەوە وایکردوە زۆر لە حەدیسناسەکان کە فەرمودە لە خەڵکی دەوڵەمەند وەربگرن نەک هەژار، چونکە بەهۆی دەوڵەمەندیەوە پێویستی بەوە نییە بازرگانی بە فەرمودەوە بکات [307].

## پێش کۆتایی سێ تێبینی دەخەینە ڕوو:

1. وەک (دۆمینیک ئۆرفوا) تێبینی دەکات عەقڵی ڕەخنەگر لە ئیسلامدا هەیە[308]، بەڵام ئیبن جەوزی لە هەموو ئەوانیتر جیاوازترە، وەک (ابن المقفع، الرازي، ابن حنين، ابن الراوندي، المعري)، چونکە ئیبن جەوزی لە ناو کۆی سیستمی سوننەوە ڕەخنەکانی دەگرێت، نەك لە دەرەوەی ئەو سیستمە یان لە پەراوێزیدا.

2. ئەو بوێریەی ئیبن جەوزی کاری پێکردوە لەسەر فەرمودەی هەڵبەستراو، ڕەهەندی فەرهەنگ ئاسای ئیبن جەوزیش کە داوێتی بە کتێبەکەی، ئەو دەیان دەروازەیەی کردوێتیەوە بۆ هۆکارەکانی فەرمودەدانان و ڕەوتی ئەو هەڵبەستنکارییانە، هەر دەبوو چەندین کاردانەوەی هەبێت بۆ داکۆکیکردن لەو فەرمودانە، بەڵکو شاڵاوهێنان بۆ ئیبن جەوزی خۆیشی کە خۆی حەنبەلی بوو، کە تاوانباریان دەکرد بەوەی گومان دروستدەکات لەسەر مەزهەبی سوننە. بەڵکو هەندێک لەوانە تاوانباریان کردوە بەوەی کە لە کۆتایی

ژیانیدا ئیبن جەوزی بوە بە رافیزە (شیعە)[309]. لەوانەیە هێمنترین وەڵامدانەوە لەلایەن زەهەبیەوە بووبێت کە لە کتێبی «**تهذیب الموضوعات**»**دا** هەوڵدەدات «**موضوعات**»ی ئیبن جەوزی کورت بکاتەوە سەنەدەکانیشی دەربێنێت و رەخنەی هەندێک لە گوتەکانی ئیبن جەوزی بکات لە هەڵسەنگاندنی هەندێک لە حەدیسگێڕەوەکان.

لە بەرامبەردا، (الفتني الهندي) لە کتێبی «**تذكرة الموضوعات**»**دا** دەڵێت ئیبن جەوزی زیادەڕەویی کردوە لە حوکمدان بەسەر زۆر فەرمودەدا، ئەوەش وایکرد- فیتنی- هەوڵبدات «یاسایەک» دابنێت بۆ هەڵبەستراو تاکو راست و هەڵە لێک جیابکاتەوە[310]. ئیبن حەجەری عەسقەلانیش لە بەرامبەردا لە «**القول المسدد في الذب عن المسند**»، داکۆکی لە مەسنەدی ئیمام ئەحمەد دەکات، دەیەوێت لەرێگەی گیرانەوەی متمانە بۆ حەدیسگێڕەوەکان بیست و چوار حەدیسی ناو مەسنەد پشتراست بکاتەوە کە ئیبن جەوزی خستوونیەتە خانەی هەڵبەستراوەوە. دوای ئەویش (جلال الدين السيوطي) لە کتێبی «**الذيل عەلى القول المسدد**» چواردە حەدیسی تری هێناوە و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە حەدیسگێڕەوەکان جارێکی تر هەڵبسەنگێنرێنەوە تاکو بخرێنەوە خانەی فەرمودەی راستەوە، هەروەک چۆن هەندێک لە حەنەفیەکانیش هەوڵیانداوە هەندێك فەرمودەی تر کە ئەبو حەنیفە ئیشی پێکردوە، پشتراست بکەنەوە کە ئیبن جەوزی خستوونیەتە خانەی هەڵبەستراوەوە، لەو زانایانە (شمس الدين السروجي) کە ئیبن جەوزی تاوانبار دەکات بەوەی لاسایی خەتیبی بەغدادیی کردۆتەوە کاتێک ئەو حەیسگێرەوانەی تەجریح کردوە، دەڵێت (نابێت هەڵسەنگاندنی خەتیبی بەغدادی وەربگیرێت، چونکە قسەکان و راگواستنەکانی بەڵگەن لەسەر باوەڕی کزی خۆی)[311]. ئەگەر زۆربەی ئەو رەخنانەی لە ئیبن جەوزی گیراوە لەسەر هەڵسەنگاندنی حەدیسگێڕەوەکانە، خۆیشی هەندێک بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێت لەو رەخنانە، چونکە پشتی بەستوە بە هەڵسەنگاندنەکانی زانایانی پێش خۆی لە مەسەلەی بەدرۆخستنەوە یان لاوازکردن یان تێهەڵکێشان ...هتد. بەڵام گەمەی هەڵسەنگاندنی پیاوانی فەرمودە وەک باسمانکرد هیچ پێوەرێکی بابەتی تێدا نییە، بەڵکو پشت دەبەستێت بە هەستی کەسی هەڵسەنگێنەر و رای ئەو هەڵسەنگێنەرە لەسەر حەدیسگێڕەوەکە، بەشێوەیەک دەبینین ئەو حەدیسگێڕەوەیەی لای

زانایەك جێگەی متمانەیە کەچی لای زانایەکی تر هیچ متمانەیەکی پێناکرێت. هەروەها لە حاڵەتی تردا دەبینی ئەو فەرمودەیەی لای زانایەک بە هەڵبەستراو دانراوە هێندەی بەسە زانایەکی تر بێت و جارێکی تر سەنەدەکی پشتراست بکاتەوە، تاکو ئەو فەرمودەیە ببێتە فەرمودەیەکی ڕاست و باوەڕپێکراو، یان بە پێچەوانەوە. بەم شێوەیە دەبینین ئبن جەوزی هەر خۆی ڕێگەی خۆشکردوە بۆ هەڵوەشانەوەی ئەو یاسا گرنگەی دایهێنا لە تۆمارخانەی فەرمودەدا، کاتێک پێشینەیی دا بە (**عەقڵپەسەندیی -المعقولیة**) بۆ هەڵسەنگاندنی فەرمودە کاتێک لەسەرەتای کتێبەکەیدا دەڵێت (بزانە هەر فەرمودەیەک پێچەوانەی مەعقول بوو ئەو فەرمودەیە هەڵبەستراوە) کاتێکیش ئەو مەعقولیەتەی پشتراستکردەوە بە پرەنسیپی هۆسازی ئامانجدار (السببية الغائية) و بەرزیکردەوە بۆ پلەی یاسای هۆگەرایی (**القانون التعليلي**) کاتێک دیارەدی فەرموودەدانانی گێرایەوە بۆ مەیلی سیاسی و مەزهەبی و تەنانەت بەرژەوەندی ئابوریش.

3. هەرچەند دان بەوەدا دەنێین کە ئبن جەوزی ئەگەر بە شێویەکی ڕێژەییش بێت توانی هەڵوێستی مەعریفی زاڵ بکات بەسەر هەڵوێستی ئایدیۆلۆژیدا، لەکۆتاییدا دەبێت ئەوەش بڵێین **ئەوەی ئبن جەوزی گوتویەتی زۆری تری لە نەووتراو شاردۆتەوە لە ژێر خۆیدا کە سروشتێکی ئایدیۆلۆژی پەتیی هەیە**، چونکە کاتێک ئبن جەوزی سەدان فەرمودە فڕێدەداتە ناو خانەی هەڵبەستراوەکانەوە لەو کاتەدا پێمان دەڵێت کە هەزاران فەرمودەی تر ڕاستن. ئەو خزمەتەش کە ئبن جەوزی کردویێتی لەڕاستیدا خزمەتێکی بەنرخە بۆ فەرمودە، لەوانەیە بێئەوەی خۆی بزانێت یان ئەوانیتر بیانەوێت. هەر بۆیە ئەوانی تریش کە دوای ئبن جەوزی دێن زۆر بە دڵنیاییەوە دەیان و سەدان فەرمودە دەخەنە خانەی هەڵبەستراوەوە، چونکە ئەوە مانای وایە ئیدی فەرمودەکانی تر هەموویان ڕاست و دروستن و جێگەی متمانە پێکردنن و لەکەسی ڕاستە و گوازراوەتەوە بۆ کەسێکی تری ڕاست و تادەگاتە کۆتایی زنجیرەکە هەمووی هەر ڕاستن، بەمەش سیستمی فەرمودە لە ناوخۆیەوە دەتوانێت کەسانێک بەرهەم بێنێت کە خۆڵەکەی لە جەهەرەکەی جیابکاتەوە، بەمەش هەر ڕێگە دەگرێت لە هەر دەستێوەردانێکی دەرەکی چونکە وەک دەڵێن شارەزایانی فەرمودە خۆیان لە دونیای فەرمودە شارەزان و خزمەتی دەرەوی خۆیان پەسەند ناکەن.

## (8)

## له سەرکەوتنی ئایدیۆلۆژیای فەرمودەوە بۆ شکستی عەقڵ

ئەوەی لە کتێبی «**موضوعات**»دا دیارنییە حەدیسناسەکانن، تەنیا فەرمودەیەک نەبێت کە دەڵێت خودا لە قیامەتدا پێشوازی لە حەدیسناسەکان دەکات لە کاتێکدا قەڵەمەکانیان بەدەستیانەوەیە، بەڵام هیچ فەرمودەیەکی تری نەهێناوە لەو حەدسیانەی ستایشی ئەهلی فەرمودە دەکەن، هەرچەند ئەوان زۆرترین کۆمەڵێکن کە فەرمودەیان لە ستایشی خۆیاندا هەڵبەستوە.

لەراستیدا حەدیسناسەکان بەوە وازیان نەهێناوە کە فەرمودە بکەنە بەڵگەیەکی شەرعی بەپاڵ قورئانەوە، بەڵکو پێش قورئانیش، ئەوەش لەرێگەی چەندین فەرمودەوە کە پێداگری دەکەن لە سەر بەڵگەبوونی فەرمودە، بەڵکو هێندە زیادەڕۆییان کردوە تەنانەت هەر لەرێگەی چەندین فەرمودەوە کە داویانەتە پاڵ پێغەمبەر رێگەیان بەخۆیان داوە کە خۆیشیان ببنە شەرعدانەر، هەر بە فەرمودە مەرجەعیەتی فەرمودەیان سەلماندوە، هەر بە فەرمودەیش مەرجەعیەتی خۆیان سەلماندوە، هەر بە فەرمودە بەرگری لە فەرمودە دەکەن، هەر بە فەرمودەیش بەرگری لە خۆیان دەکەن کاتێک بەرگری لە فەرمودە دەکەن. لێرەدا ناچارین بگەڕێینەوە بۆ لای خەتیبی بەغدادی، چونکە هەر ئەو لە کتێبەکەیدا «**شرف اهل الحدیث**» نموونەیەکی باشمان دەداتێ لەسەر ئەو پێوەرە بازنەییە خولاوەیە بە دەوری خۆیدا.

لە سەرەتای کتێبەکەیەوە ئەم قۆرخکاریە دەکات (خودا ئەهلەکەی خۆی -واتە ئەهلی حەدیس- کردۆتە پایەی شەریعەت، هەر بەوانیش هەموو بیدعەیەکی رووخاندوە، ئەوان ئەمینداری خودان بەسەر خەڵکەوە، ئەوان نێوەندگیری نێوان پێغەمبەر و ئوممەتن، هەر ئەوانیش لە هەوڵی پاراستنی ئایینەکەیدان، مەزهەبیان ئاشکرایە، بەڵگەکانیان کەمەرشکێنە، هەموو لایەنێکی تر پاڵ دەدات بە ئارەزوویەکەی خۆیەوە کە دەیکاتە مەرجەعی خۆی یان رایەک بەباش دەزانێت و کاری لەسەر دەکات، تەنیا شوێنکەوتوانی فەرمودە نەبێت، ئەوان تەنیا قورئان تێشوویانە، فەرمودەیش بەڵگەیانە، پێغەمبەریش لایەنیانە، ئەوان دەدەنە پاڵ پێغەمبەر بە تەنیا، بەلای هەوا و ئارەزوودا ناڕۆن، ئاوڕ لە را و بۆچوون نادەنەوە، ئەوەی

له پێغەمبەرەوە دەیگێڕنەوە لێیان وەردەگیرێت هەر ئەوانیش ئەستۆ پاک و راست و رێکن، ئەگەر له فەرمودەیەکدا ناکۆکی هەبوو دەگەڕێنەوە بۆ ئەوان، ئەوان بڕیاریان لەسەر هەرچیەک دا هەر ئەوە پەسەندکراو و بیستراوە) (312).

پاش ئەم دەستگرتنە بەسەر هەموو حەقیقەتدا، خەتیبی بەغدادی چەندین فەرمودەی هەڵبەستراو لەسەر زاری پێغەمبەر دێنێتەوە هەموو جەخت لەوە دەکاتەوە کە هاوەڵانی پێغەمبەر و جێنشینەکانی تەنیا ئەهلی حەدیسن. وەك:

- (ئایا پێتان بڵێم کێ جێنشینی من و هاوەڵانم و پێغەمبەرانی پۆێشوە؟ ئەوانە کە هەڵگری قورئان و حەدیسن لەبری من).

- (هەر کەسێک چل فەرمودە بۆ ئوممەتەکەم بپارێزێت لەوەی پێویستیان پێیەتی له حەڵاڵ و حەرام خودا له قیامەتدا وەک زانا و فیقهناس زیندووی دەکاتەوە).

- عەلی دەڵێت: (رۆژێک پێغەمبەر هاتە ناومان وتی: خودایە رەحم بە جێنشینەکانم بکە. وتمان جێنشینەکانت کێن؟ وتی: ئەوانەی پاش خۆم دێن فەرمودە و سوننەتەکانم دەگێڕنەوە و فێری خەڵکی دەکەن) (313).

- له فەرمودەیەکی تردا وادیارە خەتیبی بەغدادی فەزڵی ئەهلی فەرمودە دەدات بەسەر فریشتەکان و پێغەمبەران و ئەسحابیشدا:

(عمرو کوڕی شوعەیب) له باوکیەوە ئەویش له باوکی خۆی دەگێڕێتەوە: (پێغەمبەر فەرمووی: چ مەخلوقێک باوەڕیان زۆر سەیرە؟ وتیان: فریشتەکان، وتی: جا بۆ باوەڕ ناهێنن؟ ئەوان لەلای خودان. وتیان: پێغەمبەران. وتی: جا بۆ باوەڕنەهێنن؟ ئەوان سروشیان بۆ دێت. وتیان: ئێمە (واتە ئەسحاب). وتی: جا بۆ باوەڕنەهێنن کە خۆم لەناوتاندام. ئینجا پێغەمبەر وتی: سەیرترین باوەڕدار لای من ئەو کەسانەن کە دوای ئێوە دێن، تەنیا کتێبێک دەبینن، و باوەڕیش دێنن بەوەی تێیدایە) (314).

ئینجا له چەندین فەرمودەی تردا هەوڵ دەدات فەرمودەی دەستەی رزگاربوو «الفرقة الناجية» بەوە تەئویل بکات کە بریتین له حەدیسناسەکان و کەسی تر ناگرێتەوە:

- (ئەحمەد بن حنبل) کاتێک باسی کۆمەڵی رزگاربوویان لا کرد، وتی: ئەگەر ئەهلی فەرمودە نەبن ئیتر نازانم کێن.

- پێغەمبەر فەرمووی: (تا قیامەت کۆمەڵێک لەسەر هەق دەجەنگن، یەزیدی کوڕی هارون دەڵێت: ئەگەر ئەهلی فەرمودە نەبن نازانم کێن. ئیبن موبارەك دەڵێت: لای من ئەوانە ئەهلی حەدیسن. عەلی مەدینی: ئەوانە ئەهلی حەدیسن. بوخاری: مەبەست لە کۆمەڵە ئەهلی حەدیسە) [315].

ئاشکرایە بە گوێرەی ڕێساکەی ئیبن جەوزی بوایە دەبوو ئەم فەرمودانە هەموو لە خانەی هەڵبەستراوەکاندا بوونایە یان لە خانەی پووچەکاندا بوونایە بەپێی ڕێساکانی جوزقانی بێت، چونکە هەموو فەرمودەی پێشبینیکردنن و باسی ئایندە دەکەن، لە کاتێکدا بەپێی قورئان پێغەمبەر خۆی ئایندەی نەزانیوە، چونکە ئایندەزانی تەنیا لە تایبەتمەندێتی خودایە، (قل لایعلم من في السموات والارض الغيب الا الله) (النمل: 65). لەبەرئەوەیش کە پێغەمبەر فەرمانی پێکراوە ئەو توانای ئایندەناسیە لە خۆی دوور بخاتەوە (قل لا اقول لكم عندي خزائن الله ولا اعلم الغيب) (الانعام: 50).

لە کاتێکدا ئەم فەرمودانە و هاوشێوەی ئەوانە باسی ئەوە دەکەن کە پێغەمبەر ئایندەی زانیوە و پێشبینی دەکات کە لە ئایندەدا فەرمودە چ وەک زاراوە و چ وەک حەدیسگێڕەوەکان چ وەک زانست تۆمارکردن و گەشتکردن لەپێناویدا و ...هتد. ئەمانەی هەمووی زانیوە. تەنانەت شێوازی وەرگرتنی فەرمودەیشی زانیوە، ئەوەی لای ئەهلی فەرمودە پێی دەوترێت (بیستن- السماع) وەک لە فەرمودەیەکی تری هەڵبەستراودا دەڵێت: (ئێوە لە من دەبیستن و لێتان دەبیستن، لەوانەش دەبیسترێت کە لە ئێوەیان بیستوە) [316].

تەنانەت ئەگەر ئەوەش لەبەرچاونەگرین کە ئەم فەرمودانە کە پێشبینیەکی دوور دەکەن ئەوەش وادەکات بڕیار بەسەر هەڵبەستراوییان بدەین، ئەوەش ئەو هۆکارە بوو کە ئیبن جەوزی وا لێکرد بڕیار بدات لەسە هەڵبەستراویی هەر حەدیسێك کە باس لە ململانێی خەلافەتی سیاسی و ناکۆکیی گروپە عەقائیدیەکان دەکات -لەکاتێکدا حەدیسناسەکان خۆیشیان بەشێکن لەو گرووپانە- دەڵێین: ئەگەر چاوپۆشی لە هەموو ئەوانەش بکەین و تەنیا میکانیزمی هەڵسەنگاندن «جرح وتعديل» بەکاربێنین وەک ئەوەی حەدیسسازەکان خۆیان کردوویانە، دەبینین هەرچی ئەو فەرمودانەی خەتیبی بەغدادی هێناونی و

بەهۆیانەوە ئەهلی فەرمودەی بەرزکردۆتەوە بۆ سەرو فریشتەکان و پێغەمبەران و کردوونی بە تاکە جێنشینانی پێغەمبەر و تاکە گروپی رزگاربوو لە ئاگر و ...هتد، ئەو فەرمودانە هەموویان لەلایەن حەدیسناسەکان خۆیانەوە بڕیاری هەڵبەستراوی و لاوازی و ناشیرینیان بەسەردا دراوە بەتایبەتی لەلایەن دارەقوتنی و زەهەبی و ئیبن حیبان و سەبتیەوە. بۆ نموونە ئەو حەدیسە (خودایە رەحم بکە بە جێنشینەکانم، ئەوانەی دوای خۆم دێن وفەرمودەکانم دەگێڕنەوە فێری خەڵکی دەکەن) زەهەبی لەباریەوە دەڵێت (ئەمە پووچە) تەنانەت بە حەدیسگێڕەوەکەش دەڵێت (درۆزنە) [317].

هەروەها فەرمودەی (جێنشینەکانم لە منن... ئەوان هەڵگری قورئان و حەدیسن لە بری من)، ئیبن حەیبان دەڵێت، ئەوەی ریوایەتیکردوە «واتە واسطي»، «لەو کەسانەیە کە فەرمودە هەڵدەبەستێت بەناوی کەسی متمانەوە، نابێت باسبکرێت) [318].

هەروەها (سەیرترین باوەڕدار ئەوانەن کە دوای ئێوە دێن... فەرمودەکە هاتوە). رازی لەبارەی ریوایەتسازەکەیەوە دەڵێت (ئاییینیشی پووچە) ئیبن حەجەری عەسقەلانیش هەمان قسە دەکات [319].

هەروەها (ئەوەی چل فەرمودە لەبەربکات...)، (دارەقوتنی) دەڵێت «لاوازە و هیچی ناسەلمێنرێت» [320].

دواجار ئەو فەرمودەیەی (تا قیامەت کۆمەڵێک لە ئوممەتەکەم لەسەر حەق دەجەنگن...)، لەبەرئەوەی موسلیم ریوایەتیکردوە هیچ کام لە حەدیسناسەکان نەیانوێراوە بە لاواز داینێن بەڵام تەئویلیان کردووە بەوەی کە ئەوانە ئەهلی شامن نەک ئەهلی فەرمودە، لەم بارەوە فەرمودەیەکی موعزی کوڕی جەبەل دێنن کە دەڵێت (ئەوانە ئەهلی شامن) هەروەها قوتادەش وادەڵێت، هەربۆیە معاویە زۆر بە گەرمی پێشوازی لە موعز دەکات. ئەم رایەشیان بە فەرمودەیەکی تری موسلیم پشتراست دەکەنەوە کە دەڵێت «کۆمەڵیک لە ئوممەتم لە **خۆرئاوا**» ئیبن تیمیش بێ دوودڵ ئەو «خۆراوا»یە بە شام تەئویل دەکات، ئەو رایەشی بە قسەیەکی ئیبن حەنبەل پشتراست دەکاتەوە کە دەڵێت (ئەهلی مەغریب ئەهلی شامن، هەر وایشن کە فەرمودەکە باسیان دەکات) [321].

ئا بەم فەرمودەیە هەڵبەستراوانە، یان تەئویلکراوانە لەکاتی پێویستدا، ئەهلی فەرمودە

خۆیان کردۆتە کۆمەڵی سەرفراز لە هەموو ئوممەتی ئیسلامدا، کە هەموویان لە ئاگردا دەبن بەس ئەوان نەبێت، ئەم تایبەتمەندێتیەی حەدیسسازەکانیش بەردەوام بوو لە سەدەی پێنجەمەوە تا دەگاتە سەردەمی نوێ، وەک دەهلەوی لە «**تاریخ الحدیث**»دا دەڵێت: هیچ کۆمەڵێکی تر لەسەر زەوی نابینیتەوە ئەو سیفەتانەی بەسەردا بچەسپێت کە پێغەمبەر باسیکردوە تەنیا ئەهلی فەرموودە نەبێت لە کۆن و نوێدا، لە هەموو شوێن و سەردەمێکدا، ئەوان تەنیا دەدرێنە پاڵ پێغەمبەر، تەقلیدی کەسی تر ناکەنەوە، تەنیا شوێنکەوتنی پێغەمبەر نەبێت، هیچ مەزهەبێکیان نییە مەزهەبی ئەو نەبێت، هەر ئەوانەیش کۆمەڵە سەرفرازەکەن) (322).

ئەم پێشخستنە رەهایەی ئەهلی فەرموودە لە ماوەی 10 سەدەدا، سی ئەنجامی تری لێکەوتۆتەوە، زیادەڕۆیی ناکەین گەر بڵێین کە ئەنجامی زۆر مەترسیداری هەبووە لەسەر کاروانی پێشکەوتن/دواکەوتنی کولتووریی، شارستانی:

1. **شاردنەوەی قورئان:** ئەگەر بە راشکاویش نەبێت ئەو بە ناراستەوخۆ وایە، ئەگەر نەشگوترابێت ئەوە هەر بە شێوەی بێدەنگ وایە، دەبێت بزانین باسنەکراو دەسەڵاتی زیاترە بەسەر **بونیادی ژێرخانی ئەبستمۆلۆژی** لە وەی گوتراوە لە **سەرخانی ئایدیۆلۆژیی.** بەهەرحاڵ وەک گوتارێکی کراوە دەمینێتەوە، تەنانەت پاش ئەوەش کە لەناو دەقێکی کتێبیدا تۆماردەکرێت. گوتاری کراوەش بە دەوری خۆی بواری تەئویل بە کراوەیی جێدێڵێت، تەئویلیش وا دەخوازێت کە عەقڵ بەگەڕبخرێت، ئەگەر نا ئیتر کاری عەقڵ تەنیا دەبێتە باوەڕهێنان بەدەق. بەڵام باوەڕکردن تەنیا ئەو بوارەیە کە ئایدیۆلۆژیای داخراوی فەرموودە دەیهێڵێتەوە لەبەردەم عەقڵدا.

**2. شاردنەوەی عەقڵ:** بەرتەسککردنەوەی کاریی عەقڵ تا دەگاتە نزمترین ئاستی بەکارهێنان، بەڵکو تادەگات سووڕی متبوونی زستانە، لەم دەقانەی ئیمامی سەمعانیەوە دەردەکەوێت (رێگەی ئایین بریتیە لە بیستن و ئەسەر، بەڵام رێگەی عەقڵ و گەرانەوە بۆ عەقڵ لە شەرعدا زەمکراو و نەهیکراوە، موسوڵمان پێویستی بە بەڵگە عەقڵیەکان و گەرانەوە بۆ عەقڵ چیە لەکاتێکدا خودا سەری سووککردوە، وایکردوە کە پێویستی بەعەقڵ نەبێت، جا ئەوانەی تووشی گومڕایی بوون یان توشی ئیلحادبوون و تیاچوون

بەچی وایان لێ بەسەرهاتوە؟ تەنیا بەوە نەبێت کە گەڕاونەتەوە بۆ عەقڵ و شوێن عەقڵکاری کەوتوون لە کۆن و نوێدا؟ ئەگەر ئەو داواکردنەی زانستە بۆ زیادکردن بێت لە ئاییندا ئایا زیادکردن لە دوای کامڵبوون هەر نابێتە هۆی کورتهێنان؟ بزانە لە مەزهەبی ئەهلی سوننەتدا هیچ شتێک بە عەقڵ فەرزناکرێت، هیچ شتێکیش بە عەقڵ هەڵناگیرێت، عەقڵ هیچ دەورێکی نییە لە حەلاڵ و حەرامکردندا، لە باش و خراپناسیدا، خۆئەگەر شتێک بە بیستن «وحي» نەهاتبایە ئەوە هیچ شتێک نەدەچوە بواری پاداشت و سزاوە. چەند ناشیرینن ئەوانەی عەقڵیان کردۆتە پێشەوای خۆیان بۆ ناسینی خودا و عەقڵیان کردۆتە پێغەمبەری خۆیان، خۆ ئەگەر کەسێک بڵێ: «لااله الا الله» و عەقڵم پێغەمبەری خودایە، ئەوە بەلایانەوە ئاساییە، بەڵام لە ئاییندا شت هەیە بە عەقڵپەسەندە و شت هەیە بە عەقڵ ڕەوانییە، بەڵام دەبێت شوێن هەموویشی بکەوین، ئەهلی سوننەت هەندێکیان وتویانە خودا بە عەقڵ ناناسرێت و بێ عەقڵیش ناناسرێت، بزانە جیاوازی نیوان ئێمە و بیدعەچیەکان لە عەقڵدایە، ئەوان ئایین لەسەر عەقڵ دادەمەزرێنن، شوێنکەوتنی ئایینیش بە عەقڵپەسەندییەوە دەبەستنەوە، بەڵام ئەهلی سوننەت دەڵێن: ئەسڵ ئەوەیە ئێمە شوێن بیستراو بکەوین، عەقڵیش هەر شوێنکەوتەیە، ئەگەر شتێکمان لەبارەی ئایینەوە بیست و تێیگەیشتین ئەو سوپاس بۆ خودا، هەرچیەکیش بە عەقڵ تێینەگەیشتین ئەوە دەبێت تەسلیم بین و باوەڕ بێنین) [323].

ئیمام سەمعانی باشترین کەسێکە وا بەکورتی ڕاشکاوی سنوورەکانی کاری عەقڵی دیاریکردبێت لە ئەهلی حەدیس: ئەوان نکۆڵی لە عەقڵ ناکەن، بەڵام کارایی عەقڵ تا نزمترین ئاست تەسک دەکەنەوە بە جۆرێک ئەرکی عەقڵ تەنیا بریتیە لە (دیسپلینکردنی مەعریفە)، نەك ئەوەی (عەقڵ خۆی مەعریفە بەرهەم بێنێت یان بیسەلمێنێت)، ڕەتکردنەوەی عەقڵ لەوەی کە بتوانێت مەعریفە بەرهەمبێنێت یان تەنانەت بیشیسەلمێنێت هۆکاری سەرەکیە بۆ ئەوەی ئەهلی حەدیسی گەورەترین دژایەتی ئاییناسی (علم الكلام) بکەن، چونکە ئەهلی کەلام بەتایبەتی موعتەزیلە، هەوڵیانداوە ئاستێکی بەرزتر بدەن بە عەقڵ لەچاو ئەوەی حەدیسانسەکان پێیان داوە، تابتوانن **عەقڵی ئایینین** بەشێویەکی

بەرفراوانتر بخەنەگەڕ. بەڵام لەبەرئەوە قسەکردن لەسەر تەکفیرکردنی ئەهلی کەلام لەلایەن ئەهلی فەرمودە زۆری دەوێت، بۆیە لێرەدا تەنیا دەقێکی سەمعانی دێنینەوە: (هەر کەسێک قسەیەک لەسەر ئایین بکات یان هەرشتێک لەو ئارەزوو هەوایانەی هەیانە و لەلایەن پێغەمبەرەوە پێشینەیەکی نەبێت ئەو بیدعەیەکی داهێناوە، پێغەمبەر دەفەرموێت: هەرکەسێک بیدعیەک دابێنێت یان بیدعەچییەک بگرێتە خۆی نەفرەتی خودا و فریشتەکان و هەموو خەڵکی لێ بێت). (عبدالرحمن بن مهدي) دەڵێت: (بە فەرمودەکانی پێغەمبەر وەڵامی بیدعەکاران دەدرێتەوە، بەڵام هەرکەسێک بە شتی عەقڵی وەڵام بداتەوە، -وەک ئەوەی ئەهلی کەلام کردوویانە- ئەوە قسەیەکی پوچ و بەتاڵی کردوە) ئیبن حەنبەل دەڵێت (پێشیوایانی کەلام زەندیقن)[324].

ئەگەر کەلامناسی بەهۆی ئەوەی پشتی بە بەڵگەی عەقڵی بەستوە بە زەندیق بکرێت، تەنانەت ئەگەر بەمەبەستی داکۆکیکردن بێت لە ئایین و وەڵامدانەوەی (بیدعەکاران)یش بێت، بەڵام فەلسەفە کەوا کایەی کارکردنی خۆی لە عەقڵکاریدا کورتکردۆتەوە، کە مەرج نییە داکۆکی لە ئایین بکات، بێگومان ئەویش بەهەمان شێوە سەرکۆنە دەکرێت لەلایەن هەڵسوراوانی ئایدیۆلۆژیای فەرمودەگەراوە، هەرکەسێک کاری لە کەلامدا کرد ئەوە زەندیقە، بەڵام ئەوەی خەریکی فەلسەفە بێت ئەوە کافرە. حوکمیشی ئەوەیە کە داوای تەوبەی لێبکرێت دەنا دەکوژرێت. هەروەها هەرکەسێک لە لۆژیکدا کاربکات ئەگەر لە ئەهلی ئیسلامیش بێت، وەک غەزالی؛ ئەو لۆژیکی وەک ئامرازێکی بێلایەن بینیوە کە دەکرێت بەشێوەیەکی وا بەکاربێنرێت بتوانێت داکۆکی لە ئایین پێ بکەیت بەهەمان شێوە فەیلەسوفی بێدینیش دەتوانێت بەکاریبێنێت لە خزمەتی ئیلحادەکەیدا. ئەوەش ناوەرۆکی ئەو فەتوا بەناوبانگەیە کە ئیبن سەلاح دەریکردوە کاتێک لێیان پرسی (ئەگەر لە وڵاتدا کەسێک هەبوو خەریکی فەلسەفە بوو خەڵکی فێردەکرد و بەسەر خەڵکدا دەیخوێندەوە، ئایا پێویستە لەسەر دەسەڵات ئەو کەسە کەنارگیربکات و شەڕی لە خەڵک دووربخاتەوە؟ ئەو وتی:

«فەلسەفەگەری هەموو گومرایی و بێ دینییە، هۆکاری سەرلێشێواویە، هەرکەسێک فەلسەفە بخوێنێت زەینی کوێردەبێت و جوانیەکانی شەریعەت نابینێت، هەرکەسیکیش خۆی فێربکات و خەڵکیش فێربکات توشی رووڕەشی و مەحرووم بوون دەبێت و شەیتان بەسەریدا زاڵ دەبێت، جا چ هونەرێک لەوە خراپترە کە خاوەنەکەی کوێردەکات -واتە دڵی تاریک بکات-؟ و پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر نەبینێت، مەنتیقیش دەروازەی فەلسەفەیە، دەروازەی خراپەش هەرخراپە، کارکردن لە سەر فێربوون و فێرکردنی لە شەرعدا رێپێدراو نییە، هیچ کام لە ئەسحابیش رێیان پێنەداوە و زانایانی ئوممەتیش کە رێچکەی ئەوانیان گرتوە رێیان پێنەداوە، خودا هەموویانی پاراستوە لە پۆخڵەواتی لۆژیک... هەرکەسێک عەقیدەی فەیلەسوفەکانی هەڵگرت دەبێت بخرێتە بەردەم شمشێری ئیسلام تاکو ئاگرەکەیان بکوژێتەوە و ئاسەواریان نەمێنێت)[325]. لەراستیدا هەر پێش فەتواکەی ئیبن سەلاحیش، کتێبەکانی فەلسەفە هەمووی سووتێنراون لە مەیدانی گشتیدا بە هاندانی حەدیسناسەکان و فیقهناسەکان، نەك تەنیا ئەو فەیلەسووفانەی بە بێدینی ناسراون، بەڵکو ئەو فەیلەسووفانەش کە باوەڕدار بوون، وەک ئیبن روشد، تەنانەت نووسراوەکانی غەزالیش کە فەیلەسووفەکان تەکفیر دەکات، بەڵام لۆژیک بەکاردێنێت بۆ داکۆکی لە ئایین، بەلای حەدیسانسەکانەوە هەمان حوکمی فەیلەسووفەکانی هەیە، وەک (ابن العربي) دەڵێت: (غەزالی فەیلەسووفەکانی قووتدا ویستی بیانتفێنێتەوە، بەڵام نەیتوانی)[326].

سەرەرای ئەو جەنگە دژوارەی دژی عەقڵ هەڵیانگیرساند بەتایبەتی کەلامناسی و فەلسەفە، بەبیانووی ئەوەی نابێت عەقڵ سەربەخۆبێت، بەڵکو دەبێت شوێنکەوتەی نەقڵ بێت، کەچی لە لایەکی ترەوە **عەقڵگەرایی ئیسلامی** رووبەڕووی بوومەلەرزەیەکی گەورەتر دەبێتەوە کە هەموو بناغەکانی لە ژێرەوە هەڵدەتەکێنێت، ئەویش کاتێک ئەدەبیاتی موعجیزە دادەهێنرێت، بەڵکو زیادەڕۆییش دەکرێت لە بڵاوکردنەوەی عەقڵی موعجیزەگەرادا و لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەمدا ئەو عەقڵەش زیاتر پەرە دەسەنێت، هەرچەند ئیسلام وەک نوسخە قورئانیەکەی لەگەڵ ئایینە یەکپەرستیەکانی تردا لەوێدا

جیاواز بوو کە بنچینەکەی لەسەر پرەنسیپی موعجیزە بەرپا نەبوو بوو، تەنانەت هەر بەپێی دەقی ئایەتەکانیش غەیب و نادیار لە پێغەمبەر شارابۆوەو، نەیدەتوانی موعجیزەش بنوێنێت. کەچی دەبینین کاهینەکانی ئایدیۆلۆژیای فەرمودەگەرایی بێ هیچ دوودڵییەك چەندین موعجیزەیان داهێناوە و داویانەتە پاڵ پێغەمبەری ئیسلام، ئەوەی سەیرە ئەو موعجیزانە لە ژیاننامەکەی ئیبن هیشامدا تەنیا 10 موعجیزەیە، واتە سەدەی دوەمی کۆچی، کەچی لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا و لە سەدەی یانزەهەمدا و لە ژیننامەی پێغەمبەردا (بە ڤێرژنی حەلەبی) ئەو موعجیزانە نزیك دەبنەوە لە سێ هەزار دانە [327].

بێگومان موعجیزە و عەقڵ دوو دژی یەکن و هەرگیز پێکەوە کۆ نابنەوە، وەک دەردەکەێت وشەی موعجیزە لە زمانی عەرەبیدا بەمانای (تعجیز العقل- دەسەوسانکردنی عەقڵ) دێت، لەوەی بتوانێت گەورەترین بنەماکانی خۆی بخاتەگەڕ کە بریتیە لە بنەمای (هۆگەرایی- السببية)، ئیفلیجکردنی عەقڵە لەوەی بتوانێت دیاردەکان سەراسیمەکان لەرێگەی یاسا گەردوونیەکانەوە یان فیزیکی و بایۆلۆژی و تەنانەت سایکۆلۆژیشەوە لێکبداتەوە، لەبەرئەوە رێککەوت نییە کاتێک دەبینین یەکێک لە گەورە تیۆریسینەکانی ئایدیۆلۆژیای فەرمودەگەرایی پووچکردنەوەی فەلەسەفە و لۆژیک دەبەستێتەوە بە سەلماندنی موعجیزەوە، دەڵێت (چ هونەرێک لەوە ریسواترە کە چاوی خاوەنەکەی کوێربکات- واتە دڵی تاریک بکات- لەوەی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر ببینێت، لەگەڵ ئەوەشدا کە بەڵگەکان و وموعجیزەکان بەربڵاو زۆر و زەبەندن، تەنانەت هەندێک لە زانایان موعجیزەکانی پێغەمبەریان ژماردوە گەیشتۆتە هەزار فەرمودە، بەڵام کاتێک ئێمە ژماردمان بینیمان موعجیزەکان زۆر لەو ژمارەیە زیاترن بەجۆرێک کە بەراورد ناکرێت، چونکە موعجیزە هەر ئەوە نییە کە لە سەردەمی خۆیدا روویداوە، بەڵکو لە هەموو سەردەمێکدا موعجیزەکان تازە دەبنەوە، چونکە کەراماتی ئەولیا و وەڵامدانەوەی پارانەوەی موسوڵمانان کە دەپاڕێنەوە بۆ پێداویستیەکانیان لەکاتی تەنگانە و ناخۆشیدا ئەوانە هەمووی بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن بۆ پێغەمبەرایەتی و معجیزەی گەورەن، کە لە ژماردن نایەن) [328].

درێژکردنەوەی موعجیزەکانی پێغەمبەر تا دەگاتە کەراماتی پیاوچاکان و درێژکردنەوەی بە درێژایی زەمان ئەوەمان پێدەڵێت کە بە راستی لە ماوەی 10 سەدەی رابوردوودا هەموو مانایەکی عەقڵ لەبەردەم فشاری ئایدیۆلۆژیای فەرمودەگەرادا شکستیهێناوە.

**3. لەناوبردنی فرەیی لە ئیسلامدا**[329]: لەگەڵ باڵادەستی ئایدیۆلۆژیای فەرمودەگەرادا باڵادەستکردنی فەرمودەی گروپی سەرفراز (الفرقة الناجية)، ئیدی پرسی فرەیی تووشی شکستێکی گەورە بووەوە، کە یەکێک بوو لە تایبەتمەندێتیەکانی کولتووری ئیسلامی پێش ئەو کاتە. ئەم شکستە سێ رەهەندی هەبوو:

یەکەم: لەسەر ئاساتی پەیوەندی نێوان تائیفەکانی دەرەوەی ئیسلام، لە پێش هەمووشیانەوە جوولەکەوە مەسیحی، تا رادەیەکیش ئاگرپەرست و سابیئیەکانیش کە ناروونیەک لە ناسنامەیاندا هەبوو، بە سەیرکردنی قورئان دەزانین کە ئەهلی کیتاب بەلایەنی کەمەوە جێگەی گفتوگۆ و بێنە و بەردە بوون لەگەڵ موسوڵماناندا، ئەمە لە زیاتر لە بیست ئایەتی قورئاندا دەردەکەوەێت، گشتگیرترین ئەو حوکمانەش لە ئایەتەکانی سورەتە مەدەنیەکاندان بەتایبەتی سورەتی (المائدة) کە هاودەنگی زانایان لەسەرئەوەیە دوای فەتحی مەککە دابەزیبێت، دەڵێت (ان الذين امنوا والذين هادوا والنصارى والصابئين من امن بالله واليوم الاخر وعمل صالحا فلا خوف عليهم ولا هم يحزنون)[330]. بەڵام ئایدیۆلۆژیای فەرمودەگەرا دێت و ئەم رووی دیالۆگە دەگۆڕێت بەرەو دژایەتی، وەک ئەوەی لە چەند فەرمودەیەکدا هێناویانە، وەک (هەر موسوڵمانێک کە دەمرێت خودا لەبری ئەو جوولەکەیەک یان گاورێک دەخاتە ئاگرەوە). یان (لە قیامەتدا کەسانێکی موسوڵمان دێن کە تاوانیان وەک شاخ گەورەیە، خودا لێیان خۆش دەبێت و دەیخاتە سەر گاور و جولەکەکان) [331]. یاخود (تەوقە لەگەڵ گاور و جولەکە مەکەن، لەپێشدا سەلامیان لێمەکەن، سەردانی نەخۆشەکانیان مەکەن، نوێژیان لەسەر مەکەن، ناچاریان بکەن بە تەسکترین رێگەدا بڕۆن، ئێوەش زەلیلیان بکەن وەک چۆن خودا زەلیلی کردوون) [332].

لەوەش زیاتر: لەبری ئەوەی پابەندبن بە دەقی ئایەتی پێنجەم لە سورەتی (المائدة) کە باسی کامڵبوونی ئایین دەکات کە خواردنی ئەهلی کیتاب و ژنهێنان لێیان حەڵاڵ

دەکات، دەوترێت پێغەمبەر لەسەرەمەرگیدا گوتویەتی: (لە زەمینی عەرەبدا دوو ئایین پێکەوە کۆنابنەوە)، تاکو هەموو گاور و جوولەکەکانی نیمچەدوورگەی عەرەب دەربکەن لەسەردەمی عومەردا ( بێجگە لە هەندێکی کەم نەبێت لە جوولەکەکانی یەمەن) بەمەش فرەیی ئایینی لە نیمچە دوورگەی عەرەبدا بنەبڕکرا[333].

دووەم: لەسەر ئاستی پەیوەندی نێوان ئەو گرووپانەی تەکفیر کران و لە ئیسلام دەرکران، وەک ئیمام (عبدالقادر البغدادي) لە کتێبی (**الفرق بين الفرق و بيان الفرقة الناجية منهم)** حەڤدە دەستە ئەژمار دەکات، لەوانە (باطنیەکان) و (فاتیمیەکان، وەک اسماعیلی و دورزی) و کە ئیسماعیلی لەبارەیانەوە دەڵێت (خۆیان داوەتە پاڵ ئیسلام و هیچ پشکێکیان لە ئیسلامدا نیە)[334].

سێیەم: پەیوەندی لەگەڵ ئەو تاقمانەی دراونەتە پاڵ ئیسلام، لە پێش هەموویانەوە وەک بەغدادی ناویان دەنێت (تاقمە سەرلێشێواوەکانی وەک موعتەزیلە)، (تاقمەکانی رافیزە و وەك زەیدیەکان و ئیمامیەکان -شیعەی دوانزە ئیمامی) لێرەدا دیسان ئەوە دووبارە دەکەینەوە کە ئایدیۆلۆژیای فەرمودەگەرا بە هەردوو ڤێرژنی شیعە و سوننە هەمان تەحریمی بەرامبەر نەیارەکانی کردوە، هەروەک کڵێسای سەدەکانی ناوەراست.

لەراستیدا دەکرا جیاوازی ئەو گرووپانە ببێتە رێگەیەك بۆ گفتوگۆ وەک لە قورئاندا هاتووە، لەگەڵ گرووپەکانی دەرەوەی ئیسلامیش دەکرا حیواری عەقڵانی بکرێت وەک دیکارت دەڵێت (عەقڵ بە دادوەری لەنێوان مرۆڤەکاندا بەشکراوە)، بەڵام بەکارهێنانی ئایدیۆلۆژیای فەرمودەگەرا لە داڕشتنی حوکمەکانی پەیوەست بە مامەڵەکردن لە گەڵ بەرامبەردا، جا چ لە ناو ئیسلامدا بن یان لە دەرەوەی ئیسلام، رەوتی ئەو پەیوەندیەی لە دیالۆگەوە گۆڕی بۆ دوژمنایەتی، ئەوەش خەسارەتێکی گەورەبوو بۆ عەقڵگەرایی ئیسلامی: چونکە لە هەر شوێنێک راجیایی هەبێت، عەقڵ ناچار دەبێت بگەڕێت بەشوێن زەمینەیەکی هاوبەشدا بۆ گفتوگۆ، هەرکاتێکیش لۆژیکی بنەبڕکردن خۆی سەپاند وەک ئەوەی لە فەرمودەی تاقمی سەرفرازدا هاتوە، ئیدی دوژمنایەتی جێگەی گفتوگۆ دەگرێتەوە، رق و کینە جێگەی دیالۆگ دەگرێتەوە.

بەڵام شکستی عەقڵگەرایی ئیسلامی لە سنووری پەیوەندی لەگەڵ ئەویتردا ڕاناوەستێت، بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ ناو پەیوەندی من لەگەڵ خۆمدا، ئاشکرایە فەرموودە و فیقهـ هاوپەیمانێتیەکی بەهێزیان پەیداکردووە، کە ئیدی ناتوانرێت لێک جیابکرێنەوە، لەسەرەتادا مەزهەبەکانی (ابو حەنیفە) و تا رادەیەکیش مالیک لە حاڵەتی نەبوونی دەقدا پەنایان بۆ عەقڵ دەبرد تاکو بیکەنە میکانیزمێک بۆ ئیجتیهاد، یان بەلایەنی کەمەوە پێوەرکاری دەکرا وەک لای شافیعی دەردەکەوێت، بەڵام لەگەڵ سەرکەوتنی ئایدیۆلۆژیای حەدیسگەرادا ئیتر نەك ئیجتیهادی ئەقڵگەرا، بەڵکو پێوەرکاریش قەدەغەکرا، ئیتر حوکم تەنیا لەژێر دەستی دەقدا بوو، ئەگەر پێویستیشی بکردبایە دەقی نوێ ئامادە بوو، ئەگەر بوارێکیش مابێت بۆ ئیجتیهاد ئەوە ئیجتیهادێک نەبوو بە عەقڵ یان بە پێوەرکاری، بەڵکو هەڵبژاردنی دەقێکە لە دەقەکان کە لەگەل دۆخەکەدا بگونجێت، چونکە فەرموودە هێندی دەقی دژ بەیەک تێدایە کە دەکرێت بە پێچەوانەشەوە بەکاربهێنرێت، بینشمان چۆن مەزهەبی حەنەفی کە لەسەر ئیجتیهادی عەقڵی بنیاتترابوو لەسەر دەستی قوتابیەکانیدا پاشان دەگۆڕێت بۆ مەزهەبێکی دەقگەرا، وەک هەر مەزهەبێکی تر، تەنیا لەوەدا نەبێت ئەو فەرموودانەی ئەمان بەکاریانهێناوە لەگەڵ فەرموودەی مەزهەبەکانی تر لە ناوەڕۆکدا جیاوازن. ئیدی لە کایەی فیقهیدا بوارێک نەمایەوە بۆ (وایدەبینم)، (وادەزانم)، (دەڵێم)، بەڵکو هەمووی بووە بە (پێغەمبەر وتی)، لەگەڵ پشتبەستن بە میکانیزمی لاوازکردن و ڕاستاندن، یان ناسیخ و مەنسوخ، هەرکاتێک نەیارە مەزهەبیەکانی تر هێرشیانکردوە سەر ئەم مەزهەب یان ئەو مەزهەب کە ڕایەکی جیاوازی هەیە.

ئەم ئاوێتەبوونە لە نێوان فەرموودە و فیقهدا **ئایدیۆلۆژیایەکی شمولی** بەرهەمهێنا، کە لە هەموو مێژووی ئایدیۆلۆژیاکانی دونیادا نموونەی نەبوە، چونکە پێش شتە گشتیەکان دەخالەت دەکات لە ناو شتە وردەکان و تایبەتەکان، ئیدی هیچ بوراێکی ژیانی تایبەت و گشتی نامێنێتەوە ئەم ئایدیۆلۆژیایە حوکمێکی پێشینەی لەسەر دەرنەکردبێت، بەجۆرێک ئیدی مرۆڤ لە مرۆڤێکی ڕاسپێراوە (مکلف) دەبێت **ڕۆبۆتێک** و هیچیتر، بەڵام لەگەڵ ڕۆبۆتی سەردەمی نوێدا لەوەدا جیاوازە کە ڕۆبۆتی تەکنۆلۆژی بە دوگمە دەبزوێت،

بەڵام رۆبۆتی مرۆڤی ئایینی بە دەقەکان دەجووڵێتەوە، جا لە خواردن و خواردنەوە بێت، یان لە خەوتن و بێداربوونەوەدا بێت، یان تەنانەت لە باوێشکدان و پژمینیشدا بێت، یان لە کڕین و فرۆشتندا بێت، تەنانەت لەکاتی جووتبوونی سەرجێگەشدا بەهەمان شێوە، نەک تەنیا لە نوێژ و رۆژ و فەریزەکانی تردا. لەوانەیە بووترێت جا خۆ ئەوە حاڵی مرۆڤی ئەم سەردەمەشە بەهۆی ئەو هەموو یاسا و رێنمایی و حوکمانەی لە دەوڵەتی بیرۆکراسیدا هەیە، بەڵام لەراساتیدا جیاوازیەکە زۆر گەورەیە و بەراورد ناکرێن پێکەوە، چونکە یاسا نوێیەکان زۆر بەدەگمەن دەست وەردەدەنە نێو ژیانی تایبەتی مرۆڤەوە، ئینجا **ئەو یاسایانە چەند یاسایەکی دانراوی مرۆڤن و شایەنی گۆرانکارین، مرۆڤ بڕیاری لەسەردەدات و دەشیگۆڕێت بەپێی پێداویستیە گۆراوەکانی رۆژانەی خۆی و بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆی لە چەمکی دادپەروەری یاسایی کە ئەویش لەگەڵ سەردەمدا شایەنی گۆرانە.** بەڵام ئایدیۆلۆژیای فیقهی/فەرمودەگەرا ئەو کاتبڕ و زەمانبڕیشە، حوکمەکنیش ناگۆڕێن بەگۆڕینی کات و شوێن، چونکە دەدرێتە پاڵ دەقێ پێغەمبەرایەتی/خودایی. نەك دانراو بێت، لەبەرئەوەی داڕێژەرەکەی کەسێکە (هەموو قسە و کردارێکی وەحییەکی خودایە)، بەپێی ئەو تەئویلەی شافیعی هەر لەسەرەتاوە سەپاندی بەسەر ئایەتی سێیەم لە سورەتی (النجم)دا، کە رەوتی ئایەتەکەی لە مەبەستی قورئانەوە گۆڕی بۆ حەدیس[335]. لەوەش زیاتر ئەو چوارچێوەکردنە خوداییە بۆ ئایدیۆلۆژیای فەرمودە وایلێکردوە کە ئیدیعای بان زەمانی بکات واتە بۆ هەموو زەمان و شوێنێک بگونجێت، تا رۆژی قیامەت[336].

هەرچەندە هەندێک لە ئوسوڵیەکان باسی گۆڕینی ئەحکام دەکەن بە گۆڕینی شوێن و سەردەم [337]. بەڵام ئەو ئەسڵە هیچ کاریگەرییەکی نەبووە لەسەر رەوتی چەقبەستووی ئیجتیهاد. بەم شێوەیە دەبینین ئایدیۆلۆژیای فەرمودەگەرا نەك تەنیا پشتی کردۆتە چەمی گەشە سەندنە و پێشکەوتن، بەڵکو نەشیهێشتوە چەمکێکی لەو شێوەیە لە کوتووری عەرەبی و ئیسلامیشدا سەرهەڵبدات، ئەوەش وایکردوە ئەو کولتوورە تووشی شیزۆفرینیای کولتووری بێت بەهۆی ئەوەی دەزانێت پێویستی بە پەرەسەندنە پاش ئەوەی پێشکەوتنی ئەوروپی بۆ دەرکەوت، بەڵام لە هەمانکاتیشدا دەستەوسانە لەوەی بتوانێت رەگ و ریشەی چەمکی

پێشکەوتن لەناو کولتوورەکەی خۆیدا بچەقێنێت، چونکە یەکەم پێداویستی پێشکەوتن پێویستی بە دابڕانێکی مەعریفەی رەخنەگرانەیە لەگەڵ رابردوودا، لەگەڵ ئەو بۆماوە کولتووریەی کە پێناچێت هیچ شارستانێتێکی تر هێندە چەقیبێت لە قوراوی کولتووردا.

با بە کورتی بڵێین: شاردنەوەی قورئان و عەقڵ و فرەیی بەهۆی ئایدیۆلۆژیای فەرمودەگەراوە کە لە مێژووی ئیسلامدا زاڵبووە، بەرپرسیاری یەکەمی ئاوابوونی عەقڵگەرایی عەرەبیی ئیسلامیە، هەروەها بەرپرسە لە داخرانە عەقڵی و شارستانیەی کە سەردەمی زێڕینی ئیسلامی تووشی شکستکرد و سەردەمێکی تاریکی دارِمانی بنیاتنا، ئەوەش دەزانین کە ناکرێت تەفسیری مێژوو بە یەک رەهەند بکەین بۆ تەفسیرکردنی دیالەکتیکی پێشکەوتن/دواکەوتنی شارستانی، ئێمە فاکتەرەکانی تری دواکەوتن دوور ناخەینەوە، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە ئێمەی پەلکێشکردوە بۆ لای فاکتەری عەقڵگەرایی، **چونکە ئەو گریمانەیە کە ئێمە لێوەی دەرچووین و پێی گەیشتووین ئەوەیە کە ئەو شارستانیەتیەتانەی لەسەر دەقێکی پیرۆز هەڵچنراون و شارستانێتی ئیسلامی-عەرەبی باشترین نموونەیەتی، پێدەچێت عەقڵ یەکەم پێشکەوتوو بێت هەروەها دەشێت یەکەم پاشکەوتووش بێت.** جا بەگوێرەی ئەو پێشکەوتن و پاشکەوتنە ئەو شارستانیەتەش پێش و دوا دەکەوێت کە لەسەر ئەو دەقە پیرۆزە بنیاتنراوە، لەوانەیە بوترێت ئەمە پاشەکشەکردنە لە تەفسیری ماتریالیستییانەی مێژووەوە بۆ تەفسیری ئایدیالیستییانەی مێژوو، ئێمە پێمان شەرم نییە بڵێین ئەو قسەیە راستە، چونکە وێناکردنی ماتریالیستییانە بۆ مێژوو لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە مرۆڤ دەچێتە ناو سەردەمی میکانیکەوە، بەڵام کاتێک تاکە ئامرازی شارستانیەتێک تەنیا دەقێکی پیرۆز دەبێت، ئیدی لەم کاتەدا فاکتەری عەقڵی دەوری تەواوی خۆی دەگێڕێتەوە، ئێستا ئێمە تەواو باوەڕمان وایە -هەرچەند چاوەڕوان دەکەین خەڵکی تر بەهەڵەمان بزانن- ئەگەر هەموو ئەو دەروازانە نەکرێتەوە کە ئایدیۆلۆژیای فەرمودەگەرا دایخستوون، واتە دەروازەکانی عەقڵ، لەپێش هەمووشیانەوە عەقڵی ئایینی، ئەوە هیوامان بە سەرکەوتنی «گرەوی رێنیسانس لەئیسلامدا» سفر دەبێت، بەڵکو هەموو ئەگەرەکان کراوە دەبن بۆ جارێکی تر گەڕانەوە بۆ «سەدەکانی ناوەڕاست»[338].

## پەراوێزەکانی بەشی هەشتەم

1- ابن العمراني، الانباء في تاريخ الخلفاء، تحقيق قاسم السامرائي، دار الافاق العربية، القاهرة 1999، ص117.

2- الطبري، تاريخ الرسل والملوك. دار الكتب العملية، بيروت1407، ج5، ص196.

3- الذهبي، سير أعلام النبلاء، تحقيق شعيب الارنائووط ومحەمەد نعيم العرقسوسي، مؤسسة الرسالة، ط9، بيروت1413هـ ج11، ص125.

4- بێجگە لە کەرتی کەرخ کە زۆربەی خەڵکەکەی شیعە بوون.

5- لەم ڕوانگەیەوە بەتەواوی لەو قسەیە تێدەگەین کە دەدرێتە پاڵ ئەحمەدی کوڕی حەنبەل کاتێک بە نوخبەکانی موعتەزیلە دەڵێت: نێوانی ئێمە و ئێوە ڕۆژانی ناشتنی تەرمی مردوەکانمانە.

6- الذهبي سير اعلام النبلاء، مصدر سابق، ج11، ص340. بەڵکو باس لەوە دەکرێت کە شەهیدانیش هەموو زیندووکراونەتەوە بۆ ئەوەیە لە ناشتنی تەرمەکەی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلدا بەشدار بن بڕوانە (حلية الاولياء وطبقات الاصفياء، ج9، ص190).

7- المسعودي، مروج الذهب و معادن الجوهر، مطبعة بولاق، القاهرة، 1283هـ ج2، ص297.

8- ابن الجوازي، المنتظم في تاريخ الملوك والامم، تحقيق محەمەد مصطفى عطا، دار الكتب العلمية، بيروت 1992، ج1، ص309، زیادەی ناو دوو کەوانەکەش هی ابن الاثيرە لە: الكامل في التاريخ.

9- لێرەدا با دان بەوەدا بنێین کە فهمي جدعان لە لێکۆڵینەوەکەیدا لەسەر ابن حنبل یەکەم کەسە کە باسی ئەوە دەکات ململانێکە لەسەر موڵکی دونیایی بوە. بڕوانە کتێبەکەی (المحنة: بحث في جدلية الديني والسياسي في الاسلام، دار اسلشروق، عمان، 1989، ص357- 359.

10- مانای فەرهەنگی (محنة) بەو شێویەیە پێش ئەوە بگۆڕدرێت بۆ مانای فیتنە.

11- الطبري، التاريخ، ج5، ص187.

12- المصدر نفسه، ص193. بۆ ئەوەی لە سروشتی تەکتیکیانەی ئەو فیتنەیە تێبگەین، تێبینی دەکەین مەئموون داوا لە کاربەدەستەکی لە بەغداد دەکات هەرکامێک لەو زانایانە پەشیمانی دەربڕی، پێویستە واژووی پێ بکرێت و لەناو خەڵکدا بڵاوبکرێتەوە، تاکو بریق و باقەکەی ون بکات.

13- ابن كثير، البداية والنهاية.

14- ابن كثير، البداية والنهاية، مكتبة دار المعارف، بيروت1977، ج1، ص309- 310.

15- المسعودي، مصدر سابق، ج2، ص288.

16- السيوطي، تاريخ الخلفاء، مطبعة السعادة، القاهرة 1952، ص346.

17- فهمي جدعان: المحنة، مصدر سابق، ص175.

18- الطبري، ج5، ص304 (ابن الجوزي له المنتظم دا دەڵێت »موتەوەكیل گاورەكانی لە ناو دیوانەكان دەركرد، ڕێگەی گرت لەوەی كە پشتیان پێببەسترێت لە كاروباردا و لە كاربەدەستی لای بردن، قەدەغەی كرد لە هیچ كاروبارێكی موسوڵماناندا كار بەدەست بن، ساڵی 240ک گاورەكان ناچار بوون منداڵەكانیان فێری سریانی وعیبرانی بكەن، چونكە قەدەغەبوو فێری عەرەبی بن، جاڕدەر بەم فەرمانە جاڕیدا بە شاردا، لەبەر ئەوە ژمارەیەكی زۆر لەوانە موسوڵمان بوون).

19- المطبق، زیندانی بەناوبانگی بەغداد خەلیفە مەنسوور ساڵی 146ک بنیاتینابوو.

20- الطبري، ج5، ص312.

21- ابن الجوزي، المنتظم، ج11، ص251.

22- ابن كثير، البداية والنهاية، ج10، ص316.

23- جەخت لەوە دەكەینە كە مەبەستمان لە (هەڵگەرانەوەی سوننە) ئەوە نییە كە شیعە و سوننە لەیەكتر هەڵگەراونەتەوە لەمێژوودا، بەڵكو مەبەستمان لەو هەڵگەرانەوەیەیە كە بەهۆیەوە سوننە لەدوای قورئان قورئانێكی تریشیان بۆ پەیدابوو، بەڵكو دەتوانین بڵێین لە پێش قورئان قورئانێكی تریشیان بەرهەمهێنا.

24- بێگومان دروشمی (خەڵك لەسە ئایینی پاشاكانیانن) بۆتە هۆی چەندین چەوساندنەوەو قەسابخانە لەمێژوودا.

25- تاريخ الرسل والملوك، ج6، ص328.

26- تاريخ الخلفاء، ص349.

27- مروج الذهب، ج2، ص289- 305.

28- تاريخ بغداد، ج7، ص180.

29- المنتظم، ج11، ص247.

30- تاريخ بغداد، ج7، ص180.

31- المصدر نفسه.

32- نفسه.

33- المنتظم، ج11، ص359.

34- بەڵکو هەمان ریوایەت لە زەهەبیدا هاتوە کە عەبدوڵلا بن الحسین دەڵێت (یەکێک لە ئەهلی فەرمودە مرد، لەخەوندا بینیم پێمووت: خودا چی لێکردی، وتی: لێم خۆش بوو، وتم: بەچی؟ وتی: لەبەرئەوەی (ابن حنبل)م خۆشدەویست.

35- ابن عماد الحنبلي، شذرات الذهب في اخبار من ذهب، دار الكتب العلمية، ج2، ص97- 98.

36- لە سەردەمی یەکەمی مەسیحیەتیشدا بەهەمان شێوە هەواڵی درۆیینە بڵاوبۆتەوە، وەک ژیانی قەشەکان و راهیبەکان و ئەو موعجیزانەی نواندوویانە لەکاتی شەهیدبوونیانادا، یان دوای مردنیان.

37- بڕوانە: ابن العمراني کە ئەم دەستەواژانە بەکار دێنێت» ئیمام... خودا ڕوحی پیرۆز بکات. ئیمامی سوننەت)الانباء في تاريخ الخلفاء، ص105.

38- لێرەدا تەنیا مەبەست لە ئیسلامی سوننییە نەك شیعە، چونکە سوننە دەسەڵاتێکی مەرکەزی قووچەکی شێوە کڵێسایی بۆ خۆی دامەزراندبوو.

39- باشترین بەڵگەش بۆ ئەو سرووشتە پەرشوبڵاو و چەندین بارەیەی جێماوەکان »الاثار«، دەبینین ئەو کەسەی وردبینی لە کتێبە کۆنەکاندا دەکات ناچار دەبێت هەموو جارێک چەندین پەراوێزی دوور و درێژ بکاتەوە تاکو ناوی هەموو ئەو کتێبانە بێنێت کە بەهەمان شێوە دەقاودەق هەمان هەواڵی تێدایە و لیستێکیش بەناوی هەواڵگێرەوەکان بە درێژایی شوێن و سەدەم بنووسێتەوە.

40- ابو نعيم الاصبهاني، حلية الاولياء، دار الكتب العلمية، بيروت 1988، ص187- 189. بەڵام زەهەبی لە «سير اعلام»دا رەخنە لە (اصبهاني) دەگرێت و دەڵێت (خاوەنی الحلية حیکایەتی وا بێتام و مانا دێنێت کە پڕە لە خورافەت مرۆڤ شەرم دەکات بیگێڕێتەوە).

41- ابن الجوزي، مناقاب الامام ئەحمەد بن حنبل، تحقيق عەبدوڵلا محسن التركي، دار هجر للطباعة والنشر، الجيزة 1988، ص197- 198. عەوداڵ (ابدال) لە **طبقات الصوفية** دەڵێت: ابدال لەلایەن ئومەتەکانی ترەوە بە جێگرەوەی پێغەمبەران دەووترا، ابن الاثير لە النهاية في غريب الحديث دەڵێت: عەوداڵ: ئەولیاو خواپەرستەکانن.. بۆیە وا ناونراون چونکە کاتێک یەکێکیان دەمرێت یەکێکی تریان جێگەی دەگرێتەوە).

42- تاریخ بغداد، ج5، ص183.

43- حلية الاولياء، ج9، ص171.

44- مناقب ئەحمەد، ص169.

45- نفسه، ص156.

46- نفسه، ص146.

47- البداية والنهاية، ج10- ص336.

48- مناقب ئەحمەد، ص158.

49- البداية والنهاين، ج10، ص335.

50- نفسه.

51- سير اعلام النبلاء، ج11، ص211.

52- حلية الاولياء، ج9، ، ص185.

53- ابوزهره لەم بارەیەوە دەڵێت (ابن حنبل بڕیاریدابوو هەرچی دین و شەریعەتە هەر لەرێگەی فەرمودەوە وەردەگیرێت، ئەوانەی دەیانەوێت تەنیا لەرێگەی قورئانەوە دین وەربگرن توشی گومرایی دەبن). بڕوانە (ابن حنبل، دار الفكر العربي، القاهرة 1948، ص202).

54- حلية الاولياء، ج9، ص100.

55- ابن ابي يعلى الحنبلي، طبقات الحنابلة، تحقيق محەمەد حامد الفقي، دار المعرفة، بيروت، ج1، ص13.

56- طبقات الحنابلـ ج1، ص3- 4.

57- ئەگێڕنەوە لە ئەحمەدیان پرسی: لە کوێ بۆ عەودالّەکان بگەڕێین؟ وتی: ئەگەر لە ئەهلی فەرمودەدا نەبن لە کوێن؟ بڕوانە (حلية الاولياء، ج9، ص248).

58- منقاب ئەحمەد، ص263.

59- مناقب ئەحمەد، ص263.

60- الذهبي، سير اعلام النبلاء، ج11، ص210.

61- مناقب احمد، ج2، ص257.

62- حلية الاولياء، ج9، ص185.

63- تاج الدين السبكي، طبقات الشافعية الكبرى، هجر للطباعة والنشر، تحقيق محمود محەمەد

الطناجي، ط2، 1413هـ ج2، ص31.

64- بڕوانە بڕگەكانی 660 و 843 و 1301 لە **الرسالة** بەپێی ژمارەكردنكەی ئەحمەد محەمەد شاكر.

65- سير اعلام النبلاء، ج7، ص14.

66- مناقاب احمد، ص360، لە ریوایەتێكی تردا دەڵێت (ئەگەر جارێكی تر قسەی وات لێ ببیستم لای خۆت نامبینیتەوە).

67- ابن اثير لەم بارەوە دەگێڕێتەوە (ساڵی 323 ك) حەنەبلییەكان لە بەغداد زۆر بەهێز ببون، ئیتر بەئارەزووی خۆیان پەلاماری ماڵە گومانلێكراوەكانیان دەدا، ئەگەر شەرابیان ببینیایە دەیانڕشت، گۆرانیبێژیان ببینیایە لێیاندەدا و ئامێرەكەیان دەشكاند، ئەگر پیاوێک لە گەڵ ژنێک یان مێرد منداڵێكی لووسكەدا بوایە، لەبارەی ئەو كەسەوە كە لەگەڵیدایە لێیان دەپرسی ئەگەر راستی بووتایە، دەنا لێیاندەدا و دەیانبرد بۆلای فەرماندەی شار و شاهیدی زینایان لەسەر دەدا، بەم شێوەیە بەغدادیان هەراسان كردبوو، خراپەیان هەڵكشابوو، دەچوون كەسی كوێریان هاندەدا بۆ ئەوەی لە شافیعی مەزەبەكان بدەن تاكو خەلیفە بڕیارێكی دەركرد بە گرتن و سزادانانی هەر حەنبەلییەک ئازاری خەڵک بدات و زۆر بەتوندی دژیان وەستایەوە). (الكامل في التاريخ، الطبعة الازهرية، القاهرة1301هـ ج8، ص116- 117).

68- یەمەن لەو كاتەدا و تاكوئێستاش زۆرینەی زەیدین.

69- محمد ابوزهرة، الشافعی حياته وعصره، مصدر سابق، ص22- 23.

70- ئەوەی سەیرە محەمەد ابوزهره كە لە ناوەراستی سەدەی بیستەمدا ژیانی (ابن حنبل)ی نووسیوە، بەهیچ شێوەیەک باسی ئەم بابەتەی نەكردوە، خوێنەر تێدەگات هۆكارەكەی چیە!

71- ابن عساكر، تاريخ مدينة دمسق، تحقيق علي شيري، دار الفكر، بيروت1995، ج5، ص311- 312.

72- دەتوانین زەهەبی لەم بڕیارە گشتییە دەربكەین، چونكە ئەو تاڕادەیەک هەستێكی رەخنەگرانەی هەبوە، ئەویش تەنیا لەوێدا كە دەڵێت ئەحمەد بن سلیمان نابێت پەیكاری شافیعی بووبێت و هەوڵەكە بە ناراست لەقەڵەم دەدات.

73- لەمبارەوە لەم سەردەمەدا دەتوانین بڵێین فهمي جدعان توانیوێتی رەخنەگرانە ئەو بابەتە بخوێنێتەوە كە چۆن بەكاربراوە بۆ هەڵكێشانی فیكری موعتەزیلە لە رەگەوە. كەچی دەبینین كەسێكی وەک جابري دێت وئەحمەد بن حنبل وەک نموونەی ڕۆشنبیرێكی ستەملێكراو نیشاندەدات.

Si diue n»exsistait pas -74

75- عبد الرحمن بن منذر التميمي، الجرح والتعديل، طبعة دار احياء التراث العربي، 1271، ص309.

76- تاريخ بغداد، ج4، ص187.

77- حلية الاولياء، ج9، ص190- 191.

78- الذهبي، سير اعلام النبلاء، ج11، ص256.

79- ئەم فلیمە سینەماییە لەلایەن اصبهانیشەوە گێڕراوەتەوە، بەڵام بە دەرهێنانێکی ترەوە.

80- مناقب ئەحمەد، ص447- 448، زەهەبی دەڵێت (ئەمە حیکایەتێکی بێمانایە، لەوەدەچێت داود خۆی دایانابێت).

81- مناقب ئەحمەد، ص448، زەهەبی لەمبارەیەشەوە دەڵێت ئەمە راست نییە (سیر، ج9، ص255).

82- لێرەدا بەڵگەیەک لەناو دامەزراوەی فەرمودەی خۆیدا دێنینەوە سەبارەت بەو ئاستنزمی و قسە بازاڕییانەی کە ئەهلی فەرمودە پێیگەیشتوون لەوە سەردەمەدا، ابن قتیبة خۆی یەکێکە لە گەورەترین دەمارگیرەکانی حەدیسناسی کەچی لە پەرەگرافێکیدا زۆر بەتوندی هێرش دەکاتە سەر ئەهلی حەدیس و تۆمەتباریان دەکات بە بێزەوقی شەڕەجنێو و تەکفیرکردنی یەکتر و گاڵتەکردن بە یەکیتر، لەسەر تێگەیشتنێکی جیاواز لە فەرمودەیەک یان رایەکی جیاواز لەسەر شتێک پەلاماری یەکتری دەدەن و هەر یەکەیان ئەوەیتر تاوانبار دەکات بە لادان و سەرلێشێواوی تا وایان لێهاتوە بوونەتە جێی گاڵتەجاری ناحەزانیان و دڵخۆشکردنی دوژمنانیان هتد (ابنقتیبة: کتاب الاختلاف في اللفظ والرد عەلی الجهمية والمشبهة. تحقيق ونشر كاظم حطيط، ا لشركة العالمية للكتاب، بيروت 1990، ص-98 132.

83- الطبري، التاريخ، ج5، ص194.

84- ئەحمەد بن أبي داواد الايادي، (160- 240ک) لە کەسایەتیە دیارەکانی کۆشکی خەلافەتی مەئموون بوو، قسەبیستراو بوو، لە سەردەمی معتصم و واثقدا داوەری بەدەست بوو، ابن کثیر دەڵێت (بە سەخاوت و پیاوەتی و ڕەوشتی بەرز ناسرابوو).

85- داوەری خۆرهەڵاتی بەغداد بوو.

86- ئەو بەشەی لێرەدا تۆخمان کردوە دەرچەیەک بووە بۆ ئەوەی خەیاڵی خۆشخەیاڵەکان واڵا بکات و حیکایەتی لەسەر دابمەزرێنن.

87- دوو تەختەیە زەلامەکە لەنێویاندا چەسپ دەکرێت تاکو دارکاری بکرێت.

88- لێرەدا دەبینین دیسان خەیاڵ رۆڵ دەبینێت، ئەمجارەیان لەسەر زاری ئەحمەد خۆیەوە، کە گوایە لەو

کاتەدا دوو مووی پێغەمبەر لە چمکی کراسەکەی گرێدراوە، کاتێک پێیان زانیوە جەلادەکان ویستوویانە بیسوتێنن، بەڵام والی نەیهێشتوە بەڵکو فەرمانیکردوە کراسەکەی لەبەر دابکەنن، لەدواییدا دەبینین ئەو موانە چ دەورێک دەبینن لە پیرۆزاندنی ابن حنبلدا.

89- حلية الاولياء، ج9، ص198- 204.

90- شذرات الذهب، ج2، ص39.

91- مروج الذهب، ج4، ص271.

92- منقاب ئەحمەد، ص451،

93- سير اعلام النبلاء، ج11، ص253.

94- صلاح الدين الصفدي، الوافي بالوفيات، تحقيق ئەحمەد الارناؤوط و تركي مصطفى، دار احياء التراث العربي، بيروت2000. ج6، ص227.

95- ئیبن جەوزی لە «المنتظم»دا دەڵێت ئەحمەد تەنیا هەژدە قامچی لێدراوە.

96- تاريخ دمشق، ج5، ص313.

97- حلية الاولياء، ج9، ص203.

98- مناقب ئەحمەد، ص449.

99- نفس، ص463.

100- مناقب ئەحمەد، ص539.

101- ئەم حوکمە ئەحمەد بن نصر الخزاعي ناگرێتەوە، کە دەووترێت سەرەکەی لە باب شرقي بغداد هەڵواسرابوو کەچی دوای شەشساڵیش هەر قورئانی دەخوێند تاکو دایانگرت.

102- تاريخ دمشق، ج5، ص313.

103- مناقب ئەحمەد، ص452.

104- حلية الاولياء، ج9، ص186- 187.

105- دەبینین ئەو کەرامەتانەی دەیرێنە پاڵ ئەحمەد هیچ ڕەهەندێکی لاهوتییان تێدا نییە، لەوەدەچێت ئەوە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی حیکایەتەکان بۆ عەوامی خەڵک داڕێژراون، ئەوانەش کە دایانڕشتوە خۆشیان ئاستێکی رۆشنبیری نزمیان هەبووە، و لەبارەی کەلامناسی فەلەسەفەوە هیچیان نەزانیوە.

106- لێرەدا لێکۆڵەر لە مناقب خۆی پێناگیرێت و دەڵێت (ئەم تەبەروککردنە کارێکی باش نییە، بەڵکو

بیدعەیە و یەکێکە لە هۆکارەکانی فرە پەرستی"شرك")

107- مناقب ئەحمەد، ص397- 400.

108- مناقب ئەحمەد، ص567- 568.

109- حلية الاولياء، ج9، ص175.

110- زەهەبی لەبارەی ئەم حیکایەتەوە دەڵێت (ئەمە حیکایەتێکی ناشیرینە) چونکە وەترکانی پێش ئەحمەد مردوە بە سیانزە ساڵ. (سير اعلام النبلاء، ج11، ص343).

111- مناقب ئەحمەد، ص545.

112- التبري، التاريخ، ج5، ص192.

113- الطبري، التاريخ، ج5، ص190.

114- پێدەچێت تورەیی مەئموون لە بشر لەسەر مەسەلەی ئەفراندنی قورئان نەبێت، چونکە ئەوانەی تەنای بەوە سزا دەدا کە نابێت فەتوا بدەن، بەڵکو بشر درۆی بەناوی خەلیفەوە کردبوو لای والی بەغدا، وتبووی: پەیمانم داوە بە (امير المؤمنين) کە لە وبارەوە قسەنەکەم، لەکاتێکدا ئەو قسەیە درۆ بووە. (الطبري، ج5، خ191).

115- الطبري، التاريخ، ج5، ص194.

116- ابن العمراني، مصدر سابق، ص105.

117- بەم شێوەیە دەقاودەق لە چاپەکەی محەمەد ابو الفضلدا هاتوە، چاپی یەکەمی لە قاهیرە ساڵی 1966 دەرچوە.

118- بڕوانە: الامام الذهبي، تاريخ الاسلام ووفيات المشاهير والاعلام، تحقيق عبد السلام تدمري، دار الكتاب العربي، بيروت 1987، ج15، ص22.

119- اليعقوبي، التاريخ، المكتبة المرتضوية، النف1358هـ 1891م، ج3، ص198.

120 ئەوە مانای وایە کە بە بەڵێ وەڵامی داوەتەوە.

121- بڕوانە: رسائل الجاحظ، تحقيق عبد السلام هارون، مكتبة الخانجي، القاهرة، ج4، ص292- 296.

122- مناقب ئەحمەد، ص470.

123- النباء في تاريخ الخلفاء، ص105.

124- تەنیا حسن بن اسماعيل بن الربعي ئەم عەقیدەیەی لە ابن حنبل ریوایەتکردوە، ئەویش زۆر

نەناسراوە، بڕوانە: طبقات الحنابلة، ج6، ص96.

125- فهمي جدعان، المحنة، ص223.

126- مناقب ئەحمەد، ص265.

127- ابو ثور الكلبي، صاحب الامام الشافعي.

128- سفيان الثوري كە كتێبەكەی الجامع لە فيقهدايە ماوەيەک لە خراسان كاری لەسەر دەكرا پاشان پووكايەوە.

129- منقاب ئەحمەد، ص264.

130- نفسه، ص210.

131- نفسه، ص189.

132- ابو زهرة دەڵێت لای ئەحمەد (سوننە حكوم بەسەر قورئاندا دەدات) (ابن حنبل حياته وعصره، ص195).

133- منقاب ئەحمەد، ص230- 237.

134- سير اعلام النبلاء، ج11، ص303.

135- رواه ابن الجوزي في صيد الخاطر.

136- طبقات الشافعية الكبرى، ج2، ص31.

137- ابن الجوزي، صيد الصاطر، دار المنارة، ط5، جدة 1991، ص292.

138- ابن تيمية، منهاج السنة النبوية، تحقيق محەمەد رشاد سالم، مؤسسة قرطبة، القاهرة 1406هـ ج7، ص97.

139- بڕوانە كتێبی: **القول المسدد في الذود عن مذهب الامام ئەحمەد،** منشورات مكتبة ابن تيمية، القاهرة.

140- ئەم قسەيە هی ئيمام شمسالدين الجزرييە ئەحمەد شاكر لە پێشەكی لێكۆڵينەوەكەی مەسنەدی ئەحمەددا هيناوێتی، لە محەمەد ابوزهره، لا 164، راگوێزراوە.

141- منهاج السنة النبوية، ج7، ص399.

142- الخطيب البغدادي، تاريخ دمشق، ج4، ص73.

143- ابن الكيال الذهبي، الكواكب النيرات في معرفة من اختلط من الرواة الثقاة، دار المأمون، بيروت 1981،

ص9. ئەم کتێبە هەرچەندە بچووکە بەڵام گومانی گەورە دەخاتە سەر هەندێک لە هەواڵگێڕەوەکانی شەش کتێبەکەی صحاح.

144- سير اعلام النبلاء، ج11، ص329.

145- محەمەد بن عمر المديني، خصائص مسند ئەحمەد، مكتبة التوبة، الرياض 1410، ص14.

146- وشەی (صحيح) لێرەدا بارگەیەکی ئایدیۆلۆژی هەیە چونکە راست ئەوە نییە کە لەخۆیدا راست بێت بەڵکو ئەو حەدیسەیە کە زنجیرەی گێڕەوەکانی راستبن، بێ گوێدانە ئەوەی ناوەڕۆکی فەرمودەکە باسی چی دەکات، هەر بۆیە حەدیسناسی لە ئەنجامدا دەبێتە پیاوناسی (علم الرجال) و هیچی تر، لێرەدا پێغەمبەر خۆی دەبێتە دیلی دەستی هەواڵگێڕەوەکان.

147- محەمەد بن عەبدوڵلا الحاكم النيسابوري، المدخل الى الصحيح، تحقيق ربيع المدخلي، مؤسسة الرسالة، بيروت 1404هـ ص112.

148- نفس المصدر.

149- لە کتێبی المدخل الى الاكليل دەڵێت نابێت (کەسێک وا خەیاڵ بکات کە تەنیا فەرمودەکانی بوخاری ومسل راستن).

150- تێبینی بکەین دەستەواژەی «رضي الله عنهم» لە کەلەپووری ئیسلامیدا تەنیا بۆ ئەسحاب بەکاردەهێنرێت کەچی دەبینین نیسابوری حەدیساناسەکان دەخاتە ریزی ئەوانەوە.

151- الحاكم النيسابوري، المدخل الى معرفة كتاب الاكليل، مخطوط، مكتبة المصطفى الالكترونية، ص3- 4.

152- المصدر نفسه.

153- النيسابوري، معرفة علوم الحديث، دار ابن حازم، بيروت 2003، ص666.

154- ژمارەی 333 ئاماری خۆمانە بەپێی لیستی تانەلێدراوەکان وەک ئەوەی لە (المدخل الى الصحيح) دا هاتووە.

155- المدخل الى الاكليل، ص9.

156- معرفة علوم الحديث، ص115.

157- بەپێی فەرمودەیەک کە بەدەم پێغەبەرەوە دەووترێت (من كتم حديثا فقد كتم ما انزل الله).

158- بیرمان نەچێت ناونیشانی «صحيح»ی بوخاری بریتیە لە: **الجامع المسند الصحيح.**

159- معرفة علوم الحديث، ص634.

160- کۆدەنگییەک هەیە لەنێوان حەدیسناساندا، لەسەر ئەوەی کە موسلیم دەستی سووکتر گرتوە لە مەرجەکانی وەرگرتنی فەرمودەدا لەچاو بوخاریدا. بەتایبەتی سەبارەت بە هاوسەردەمیبوون بۆ ئەوەی هەردوولا یەکتری ببینن.

161- المدخل الى الاكليل، ص6. لەراستیدا کتێبی (المفردات والوعدان) دەدرێتە پاڵ مسلم کە تێیدا ناوی هەزار و سێ سەد و سی ژن و پیاوی هێناوە لە تابعین، کە یاک کەوتون لە گێرانەوەی فەرمودە لە ئەسحابەوە، هەریەکێکیشیان تەنیا ریوایەت لە یەک ئەسحابەوە کردەوە.

162- «ابن حجد لا الاصابە»دا دەڵێت (صعصعة) باپیری فەرەزدەق بووە، بەڵام «صعصعة» ناوێکی تر مامی (احنف کوڕی قەیس) بووە.

163- معرفة علوم الحديث، ص446- 447. احمر کە گوایە هاوەڵی پێغەمبەر بووە تەنیا یەک فەرمودەی لێوە ریوایەتکراوە ئەویش حەسەنی بەسری ریوایەتیکردوە، هیچیش لەبارەی ئەو احمرەوە نەزانراوە تەنیا ئەوە نەبێت کە لە بەسرە نیشتەجێبوە.

164- بەپێی کتێبی المفردات والوحدان زوهری پەنجاو یەک فەرمودەی ریوایەتکردوە کە تەنیا خۆی ریوایەتیکردوون و کەسێکی تر نەیکردوە.

165- معرفة علوم العديث، ص468- 469.

166- ئەو خاوەنی ئەو فەرمودەیەیە (حەلال نابێت بۆت تاکو خۆشاییت لێنەچێژێت).

167- خاوەنی فەرمودەی (لاتاتوا النساء في أدبارهن ان الله لايستحي من العق).

168- بەپێی کتێبی المفردات والوعدان شعبة حەفتا ریوایەتی تاکی هەیە کە تەنیا خۆی ریوایەتی کردوە.

169- معرفة علوم الحديث، ص470. مسلم لە کتێبی المفردات والوحدان زیاتر لە سەد حەدیسگێڕەوە لە شوێنکەوتوان و شوێنکەوتوی شوێنکەوتوان دەژمێرێت کە بەتەنیا ریوایەتیان کردوە.

170- معرفة علوم الحديث، ص156.

171- لێرەوە دەتوانین بڵێین یەکەم مەزهەبی کەلامی کە لە ئیسلامدا دروستبوو مەزهەبی جەبری بوو، کە ئومەویەکان وەریانگرتبوو. تاکو پاکانە بۆ ئەوە بکەن کە چۆن بەقەدەری خودا دەسەڵاتیان کەوتۆتە دەست.

172- بڕوانە کتێبەکەمان، اشكالية العقل العربي، بەشی یەکەم (عصر التدوين) لێرەدا قسەکەی زەهری دێنمەوە کەدەڵێت (ئێمە پێما باش نەبوو هیچ بنووسینەوە تاکو کاربەدەستان ناچاریان کردین

بینووسینەوە).

173- معرفة علوم الحديث، ص360.

174- المصدر نفسه، ص361.

175- بڕوانە: سؤالات الحاكم، تحقيق موفق بن عەبدوڵڵا بن عبد القادر، مكتبة المعارف، الرياض1984.

176- ووشەی «حافظ»مان تۆخکردوە تاکو ئاماژە بکەین کە ئەم سیفەتە تەنیا پشت بەگریمانەیەک دەبەستێت کە فڵانە کەس توانای لەبەرکردنی بەهێزبووە.

177- الذهبي، سير اعلام النبلاء، ج7، ص229.

178- معرفة علوم الحديث، ص 344- 345. سفيان ناوی ابن هرسە دەشارێتەوە شەیبانی دادەنێت، چونکە ابن هراسە بە درۆزن ناسراوە.

179- مصدر نفسه، ص351.

180- معرفة علوم الحديث، ص343.

181- تاوانبارکردنی عمر و بن دينار بەوەی تەدلیسی کردوە لە هەموویان مەترسیدارترە، چونکە ریوایەتەکانی ئەو لە هەردوو «صحیح»دا هەیە چونکە عمرو زیاتر لە بیست فەرمودەی لە هەردوو «صحیح»دا هەیە کە گوایە لە ابن عمر و جابرەوە وەریگرتوون، چوار ریوایەتی تریش لە ابن عباسەوە وەریگرتوون.

182- حاکمی نیسابوری.

183- معرفة علوم العديث، ص 353- 355.

184- سير اعلام النبلاء، ج18، ص 275- 281.

185- لە سەلب وئیجابدا راستە ئەو قسەیە.

186- الخطيب البغدادي، الفقيه والمتفقه، تحقيق عادل بن يوسف العزازي، دار ابن الجوزي، السعودية1417، ج1، ص265.

187- الخطيب البغدادي، الفقيه والمتفقه، ص266- 267.

188- المصدر نفسه، ص89.

189- نفسه، ص124.

190- الخطيب البغدادي، الكفاية في علم الرواية، دار الكتاب العربي، بيروت 1985، ص23.

191- الخطيب البغدادي، الكفياة، ص24.

192- الخطيب البغدادي، شرف اصحاب الحديث، منشورات كلية الالهيات بجامعئة انقرة، 1969، ص107.

193- المصدر نفسه، خ59.

194- شرف اصحاب الحديث، ص31- 47.

195- نفسه، ص10.

196- الكفاية في علم الرواية، ص74.

197- الكفاية، ص85.

198- نفسه، ص83- 84.

199- الكفاية، ص234.

200- نفسه، ص239- 245.

201- ئەم رستەیە تەواو پێچەوانەی قسەکەی ئەحمەدە (ئیمە لە مەسەلەی ئەحکامدا توندگیری دەکەین).

202- الكفاية، ص452- 465.

203- سير اعلام النبلاء، ج5، ص344.

204- لە راستیدا ناکۆکی نێوان شافیعیەکان و حەنەفییەکان لەسەر مەسەلەی بیرچوونەوە حەدیسگێڕەوە بۆ ئەم سەردەمە زۆر هەستیارە، چونکە تایبەتە بەو فەرمودەیەی دەڵێت (شووکردنی کچ بێ ئاگاداری وەلی ئەمرەکەی بەتاڵە).

205- الكفاية، ص420.

206- نفسه، ص169.

207- الفقيه والمتفقه، ج1، ص291.

208- الكفاية، ص424.

209- الكفاية، ص424- 425.

210- ستر اعلام النبلاء، ج3، ص643.

211- بوخاری 120 فەرمودەی لێوە ریوایەتکردوە.

212- الكفاية، ص150.

213- الكفاية، ص423.

214- نفسه، ص65. فەرمودەکە لە هەردوو صحيحدا هەیە.

215- لە راستیدا موعتەزیلە یەکەم لایەن بوون سیفەتی راستێتیان لە ئەسحاب داڕنیوە، بەهۆی ئەو کوشتارەی لەنێوان یەکتردا لەسەر دەسەڵات کردوویانە، بەڵام بەغدادی بەئاسانی دەڵێت ئەوە کاری بیدعەکارانە.

216- الكفاية، ص68- 69.

217- نفسه، ص350- 351.

218- الكفاية، ص352.

219- نفسه، ص355- 356.

220- نفسه، ص183.

221- مجموعة رسائل الامام النسائي والخطيب البغدادي في علوم الحديث، دار الخاني، الرياض1994، ص106- 107.

222- ساڵی 397ک مردوە، زەهەبی بە شێخی متمانە ناویدەبات.

223- مجموعة رسائل، ص106- 107.

224- شافیعی دەڵێت (ئەگەر پێم بڵێن ئەو حەدیسەم بۆ دیاریبکە کە بەڵگەی پێ دەسەلمێت دەڵێم: هەواڵی تاک لە تاکەوە تا دەگاتە پێغەمبەر) ( (ص369- 370)، بەڵام سافیع دەڵێت نابێت ئەو ریوایەتە تەنیا بە مانا بێت بەڵکو دەبێت بە لەفزی پێغەمبەر خۆی بێت.

225- الكفاية، ص48. بەڵام موعتەزیلە کاریان بە بەڵگەبوونی هەواڵی تاک نەکردوە.

226- عبدالله بن ئەحمەد جبری جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە زۆرینەی فەرمودەکانی پێغەمبەر لە تاکەوە ریوایەت کراون. (اخبار الاعاد في الحديث النبوي، دار طيبة، الرياض 1987، ص74).

227- ئەو کتێبەمان پێنەگەیشتوە، بەڵام بەهەمان ناوەوە کتێبێکی ابراهيم بن سبط العجمي هەیە.

228- الكفاية، ص399.

229- نفسه، ص400.

230- تائێستاش هەوڵدان بۆ بژارکردنی هەردوو صحيح بەردەوامە لە ئێستادا عەواد حسين خلف لە دوو تێزی ماجستێر و دکتۆرادا بە ناوی (روايات المدلسين في صحيح البخاري) و (روايات المدلسين في

صحيح مسلم) هەوڵیداوە هەموو ئەو ریوایاتانە بژاربکات کە لە هەردوو صحیحدا هەن و تەدلیسیان تێهەڵکێشراوە.

231- ناسراوترینیان **طبقات المدلسين،** ابن حجر القسقلاني یە.

232- الکفاية، ص137.

233- الکفاية، ص137.

234- قسەکەی عبدالرحمان بن مهدي (ناسینی فەرمودە ئیلهامە، ئەگەر لە زانایەک بپرسێت لەبارەی هۆکارەکانی حەدیس: لەکوێوەی ئەمەت هێناوە؟ هیچ بەڵگەیەکی نابێت).

235- الکفاية، ص473.

236- نفسه.

237- ئەوە قسەی سفیانی سەوریە. خەتیب بە بەڵگە هێناوێتیەوە لە شرف اصحاب الحدیثدا.

238- وەک سفیانی سەوری هەرچەند خۆی متمانە بوو، بەڵام لە درۆزنەکانەوە فەرمودەی دەگێڕایەوە (الکفاية ص115).

239- الکفاية، ص36.

240- الفقيه والمتفقه، ج2، ص37- 39.

241- ابو المظفر السمعاني، الانتصار لاصحاب الحديث، مكتبة اضواء المنار، المدينة 1996، مواضع متفرقة.

242- ابن الجوزي، تلبيس ابليس، دار الرائد العربي، القاهرة، 1368هـ.

243- زەهەبی لە بەشی نۆیەمی سير اعلام النبلاء ئەو هەڵمەتە ناشیرینکردنەی خستۆتەڕوو.

244- عبد القادر العيدروس ئەم قسەیە نەوەوی هێناوە لە کتێبەکەیدا **تعريف الأحياء بفضائل الإحياء.**

245- الذهبي، سير اعلام النبلاء، ج19، ص328.

246- ئەم کتێبە لە پەراوێز احياء علوم الدين دا چاپکراوە.

247- راناوی کەسی سێیەم لێرەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئیمامی مازەری کە بەتوندی رەخنە لە غەزالی دەکرێت لە کتێبەکەیەدا **الكف والانباء عن كتاب الاحياء.**

248- طبات الشافعية الكبرى. ج6، ص249- 252.

249- احياء علوم الدين، طبعة عيسى البابي الحلبي، ج1، ص14.

250- بڕوانە غەزالی چۆن ئەم فەرمودەیەی بەکارهێناوە بۆ عەورەتی ژن. كتاب اداب النكاح، من الاحياء

(ج2، ص60).

251- ئەمە ئیمام ابراهیم جوزقاني نییە کە ساڵی 259ک مردوە وەک ئەوە فۆاد سزکین دایناوە لە تاریخ التراث الربي، ج1، ص263.

252- حەدیسی بەرزکراوە (المرفوع) ئەوەی درابێتە پاڵ پێغەمبەر جا سەنەدەکەی گەیشتبێت یان بچرابێت، ئەوەش بەرامبەر وەستێنراو (موقوف) دێت کە لەسەر هاوەڵێک رادەوەستێت.

253- ئاماژە بەوەی شیعە ئەوە رەتدەکەنەوە کە ئەهلی سوننە دەستەواژەی سوننەیان لەخۆیاندا قۆرخکردوە، بەڵکو ئەوان دەڵێن ئەگەر سوننەت هەبێت ئەوە سوننەتی ئالو بەیتە.

254- الحافظ ابو عەبدوللا الحسین الجوزقاني، الاباطیل والمناکیر والصحاح والمشاهیر، دار ابن حزم، بیروت 2004، ص87.

255- الاباطیل والمناکیر، ص79- 80.

256- سەرنج بدە ئەو ژنەی فەرمودەکەی ریوایەت کردوە ناوەکەی نادیارە، ئەمەش بەلای حەدیسسازانەوە بەسە بۆ ئەوەی فەرمودەکە رەتبکرێتەوە.

257- الاباطیل، ص81- 82 بڕوانە ئەم فەرمودەیە زاراوەی خەلیفە دادێنێت پێش ئەوەی سیستمی خەلافەت خۆی داهاتبێت.

258- مەبەست لە کوفي ئەوەیە کە شیعەیە، چونکە کوفە، مەڵبەندی شیعەگەرایی بووە.

259- الاباطیل، ص85.

260- ئەم حەدیدە پشتیوانێکیتری هەیە کە لەسەر زاری ابن عباس سلمي ریوایەتکراوە دەڵێت یەکەم کەسێک موسوڵمان بوون (ئازادێک و کۆیلەیەک بوون) واتە ئەبوبەکر و بیلال.

261- ابو نعیم بەم شیوەیە هێناوێتی (باوەڕم نەدەکرد بگەمە سەردەنێک ئەودوانە یەکسان بکرێن بەیەکتر، خوا پاداشتیان باتەوە ئەوانە سەری ئیسلام بوون).

262- ابن هشام، السیرة النبویة، مصدر سابق، ج1، ص195، والطبري، التاریخ، ج1، ص538.

263- الطبري، ج1، ص541.

264- البدایة والنهایة، مصدر سابق، ج3، ص26.

265- الاباطیل، ص91- 92.

266- نفسه، ص93- 99.

267- له ریوایەتێکیتردا دەڵێت (بیکوژن).

268- خۆرهەڵات: لێرەدا عێراق و ئێران و ئەو شوێنانەیە کە شیعەی لێیە.

269- لێرەدا جەوزەقانی سەنەد و ناوەڕۆکیش هەر لە (ابن جوزي) دەگوێزێتەوە، بەڵام وەک (ابن جوزي) ناڵێت (ئەو فەرمودەیە سەنەد و ناوەرۆکیشی بەتاڵە).

270- گومانێکی گەورە هەیە لەسەر ئەوەی معاویە نوسەرەوەی وحی بووبێت، چونکە ئەو دوای فەتح موسوڵمان بوە، ناکۆکی لەنیوان شیعە و سوننە لەم بارەوە گەورەیە.

271- الاباطيل، ص106- 142.

272- الاباطيل، ص149. ئەم فەرمودەیە لە هەردوو صحیحدا هەیە لە مەسنەدەکانی تریشدا هەیە، کەچی ئەمڕۆ کەس باسیناکات لەکاتێدا سەدان ساڵە دەسەڵات لەدەست قورەیش دەرچووە.

273- نفسه، ص154- 155.

274- نفسه، ص156- 157.

275- ئەم ناکۆکیە لەسەر ناوەرۆکی لاهوتیانەی مەسەلەکە نییە، بەڵکو زیاتر لەسەر ئە دەرەئەنجامانەیە کە لێی دەکەوێتەوە، چونکە کاتێک حەنبەلییەکان دەڵێن ئیمان زیاد و کەم دەکات، دەڵێن نوێژنەکەر کافرە، ئەوان تەنانەت خەڵکانێک تاوانی بچوکیش ئەنجام بدەن تەکفیریان دەکەن، تەنانەت ئەگەر نەگەیشتبێتە کوفری راشکاویش.

276- الاباطيل، ص15 -21.

277- الاباطيل، ص12.

278- نفسه، ص57.

279- ئەو دەستەواژەیە قسەی فەیلەسوفی فەرەنسی هاوچەرخ (ئیدگار مۆران)ە لە کتێبەکەیدا کە هەمان ناوی هەڵگرتوە.

280- ابو الفرج ابن الجوزي، الموضوعات، ج1، ص106.

281- الموضوعات، ج01، ص242.

282- هەمان سەرچاوە لا239- 240. ابن جەوزی بەتوندی رەخنە دەگرێت لە چاوبرسێتی حەدیسسازەکان کە وایان لێدەکات هەموو جۆرە فەرمودەیەک وەربگرن هەروەها ئەهلی تەفسیریش.

283- الموضوعات، ج1، ص248.

284- هەمان سەرچاوە، 303- 304.

285- هەمان سەرچاوە، چ1، ص315- 316.

286- هەمان سەرچاوە، 316.

287- الموضوعات، چ1، ص338.

288- دەبینین لێرەدا حەدسگێرەوەکە هەمان نازناو دەدات بە عەلی کە ئەهلی سوننەت دەیدەن بەعمر.

289- الموضوعات، چ1، ص345. ئەو حەدیسەش لەگەڵ نزیکەی 10 فەرمودەی تردا هەر لە ڕکابەری سوننەدایە کە فەرمودەیەک لە بوخاری و موسلیمدا ریوایەت دەکەن (هەموو دەرگایەک دادەخرێت تەنیا دەگای ابوبکر نەبێت).

290- هەمان سەرچاوە، ص320.

291- الموضوعات، چ1، ص330. لە ریوایەتی تردا هاتوە حۆریەکەی هی عەلی بووە.

292- هەمان سەرچاوە، چ2، ص15.

293- تێبینی ئەوە بکەین سەرەتای هاتنی قورئان جارێ سەروبۆری پیتەکان دانەهاتبوو. ئینجا ئەم قەڵەمە ئاڵتوونییە تەنیا بۆ بە ئەفسانەکردنی موعاویەیە.

294- الموضوعات، چ2، ص15.

295- هەمان سەرچاوە، ص26.

296- ئیبن جەوزی ئەم فەرمودەیەی بە هەڵبەستراو داناوە سەبارەت (بە چاکەی عەباس وکوڕەکانی).

297- ئەو رەوانەکردنە بۆ وەلیدی کوڕی یەزیدە کە تیری گرتۆتە قورئان.

298- لێرەدا وەهەب کوڕی مەنبەهـ (114ک) کە لەیەکەمین حەدیسگێڕەوەکانە. بوخاری وموسلیم ڕیواتەتیان لێوە کردوە، پاشان (غیلانی دیمەشقی109ک) کە لە پێشەنگەکانی ئیعتیزال بوو ئەمینی بەیتولمال بوو لە سەردەمی عمر کوڕی عبد العزیزدا بەڵام هشام کاتێک دەسەڵاتی گرتە دەست یەکسەر فەرمانیکرد لە خاچیاندا.

299- الموضوعات، چ1، ص267- 268.

300- الموضوعات، ص270- 271.

301- الموضوعات، چ1، ص275- 276.

302- الموضوعات، چ1، ص107- 109. لێرەدا دەتوانین ئازایەتی ئیبن جەوزی بنرخێنین کاتێک ئەو

فەرمودانە لە سەر ئەفراندنی قورئان بەدرۆدەخاتەوە، چونکە ئیمامەکەی خۆی (ابن حنبل) لەوکەسانە بوو کە لەدژی ئەو بیرە وەستاوەتەوە.

303- مەبەست لە کتێبی قلائد المرجان في حديث الباذنجان، اسحاق الناجي نوسیوێتی.

304- الموضوعات، ج2، ص295.

305- الموضوعات، ج2، ص301.

306- هەمان سەرچاوە، ج3، ص16- 17.

307- الكفاية، ص186- 187.

308- بڕوانە: المفكرون الاحرار في الاسلام، منشورات رابطة العقلانيين العرب، دار الساقي، بيروت 2008.

309- ئەمە تۆمەتێکی بەتاڵە لەنێوان ئیبن جەوزی لەگەڵ وەچەیەکی خۆیدا کە هەمان ناوی هەڵگرتوە پەنجا ساڵ دوای ئیبن جەوزی باپیر مردوە ئەو حەنەفی مەزهەب بوو دوایی وەرگەڕا بۆسەر مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمامی.

310- الفتني الهندي، تذكرة الموضوعات، الطبعة المنيرية، القاهرة1343.

311- محەمەد ابو القيسية، ابن الجوزي و كتابه الموضوعات، منشورات جامعة البنجاب، لاهور 1983، ص236.

312- الخطيب البغدادي، شرف اصحاب الحديث، مصدر سابق، ص8- 9.

313- لێرەدا دەبینین ئەو کەسەی ئەم فەرمودەیەی هەڵبەستوە دوو مەبەسی دەپێکێت سەرەڕای ئەوەی دەیسەلمێنێت کە حەدیسنووسەکان جێگرەوەی پێغەمبەرن دێت و ئەو حەدیسەش لەسەر زاری عەلی کوری ابو طالیب دادەڕێژێت کە یەکم کەسبوو داوای جێگرتنەوەی پێغەمبەری کرد.

314- شرف اصحاب الحديث، ص20.

315- نفسه، ص24- 27.

316- شرف اصحاب الحديث، ص79.

317- الذهبي، ميزان الاعتدال، تحقيق محمد البجاوي، دار المعرفة، بيروت، 1963، ج1 الفقرة، 509.

318- ابن حبان السبتي، كتاب المجروحين من المحدثين، دار الصميغي، الرياض2000، ج2، ص132.

319- ابن حجر، لسان الميزان، مؤسسة الاعلمي، بيروت 1986، ج6، الفقرة 285. ئەم فەرمودەیە تا ئەمرۆش جێگە و بێنە و بەردەی زۆرە لەنێوان حەدیسسازەکاندا حەدیسناسە کۆنەکان دەڵێن زۆر لاوازە

چونکە مغیرەی کوڕی قویسی تەمیمی تێدایە، کە فەرمودەی مونکەرە، نارەدینی ئەلبانیش لەسەرتدا لە زنجیرەی لاوازەکان داینبوو »ژمارە647«، کەچی دوای ئەوە پاشگەز بۆوە و لە زنجیرەی فەرمودەیە ڕاستەکاندا ژمارەی 3215ی داوەتێ.

320- ابن الملقن، خلاصة البدر المنير في تخريج كتاب الشرح الكبير، تحقيق حمدي عبد المجيد السلفي، مكتبة الرشد، الرياض 1410هـ ج2، ص145.

321- ابن تيمية، مجموعة الفتاوى، دار الوفاء، ط3، القاهرة2005، ج27، ص27.

322- نقلا عن فوزي عبد الله الاثري، الازهار المنؤورة في تبيين ان اهل احديث هم الطائفة المنصورة، دار الفرقان، عجمان، الامرات العرية المتحدة2002، ص93- 94.

323- ابو المظفر السمعاني، الانتصار لاهل الحديث.

324- نفسه، ص2- 3.

325- فتاواى ابن صلاح، تحقيق موفق عبد الله عبد القادر، عالم الكتب، بيروت1407هـ ج1، ص210-211.

326- سير اعلام النبلاء، ج19، ص327، هەر بەنیسبەت هەڵکەندنی فەلسەفە لەئیسلامدا بڕوانە کتێبەکەمان: مصائر الفلسفة بين المسيحية والاسلام، دار الساقي، بيروت 1998.

327- بڕوانە: جۆرج تەرابیشی، المعجزة او سبات العقل في الاسلام، دار الساقي، بيروت2008.

328- فتاوى ابن صلاح، ج1، ص210.

329- ئەم دەستەواژەیەمان لە خۆرهەڵاتناسی فەرەنسی هینری لاوست وەرگرتوە.

330- توندترین ئایەتێک دژ بە ئەهلی کیتاب هاتبێت ئایەتی بیست و نۆیە لە سورەتی التوبة.

331- مسلم ریوایەتی کردوون دەبینین ئەم دوو حەدیسە تەواو دژبەرن لەگەڵ ئایەتی (ولا تزر وازرة وزر اخرى) (فاطر: 28).

332- ولابيقي ریوایەتکردوە لە السنن الكبرى، مسلم لە الصحيح.

333- دیارە بۆچی دەڵێت دوا قسەی پێغەمبەر ئەوە بوە، چونکە پێغەمبەر لە ژیانی خۆیدا واینەکردوە بەڵکو تەنانەت پێش وەفاتی خۆی لەگەڵ وەفدی نەجراندا کە گاور بوون ڕێککەوتنامەی نوسیوە و ئەبوبەکریش بۆی نوێکردوونەتەوە کەچی عمر دووری خستنەوە لە نیمچە دوورگەی عەرەب، دیسان لێرەدا لەسەر زاری ئەبوبەکر لەدوا ساتەکانی ژیانیدا قسەیەک دێنن گوایە پێغەمبەر گوتویەتی (لايجتمع

في الجزيرة دينان)، ئەوەی سەیرە عمر جولەکانی یەمەنی دوورنەخستۆتەوە یان ئاگرپەرەستەکانی هەجەر.

334- عبد القادر البغدادي، الفرق بين الفرق، طبعة دار الافاق العربية المصورة، عن طبعة مطبعة المعارف المصرية1910، بيروت 1987، ص220.

335- ئەم ئایەتە گشتگیر کراوە بەسەر پزیشکی پێغەمبەرایەتیشدا نەك تەنیا فەرمودە، ابن قيم الجوزي لەکتێبەکەیدا دەڵێت (پزیشکایەتی ئەو وەک پزیشکایەتی خەڵکی تر نییە، چونکە پزیشکایەتی پێغەمبەر یەقینییە و سەچاوەکەی خودایە، و لە چرای پێغمەبەرایەتیەوە دەردەچێت، بەهەمان شێوە پزیشکایەتی ئیمامی عەلیش هەیە.

336- تا بزانین ئەم مەسەلەیە چەند خەتەرە، با بڵێین تەمەنی زەوی چوار ملیار ساڵی تری ماوە، بەپێی زانست، واتە پاش چوار ملیار ساڵی تریش دەبێت خەڵک بەپێی عەقڵیەتی سەدەی یەکەمی کۆچی بەڕێوەبچن.

337- گەر تێبینی بکەین لە هەر کاتێکدا مەبدەئی گۆرانی ئەحکام بەپێی سەردەم جێبەجێکرابێت ئەوە لە سەردەستی سیاسییەکان کراوە نەك حەدیسناس و فیقهناسەکان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گۆرانکاریانە رووبەرووی نارەزاییەکی زۆری حەدیسناس و فیقهناسەکان بۆتەوە، وەک ئەوەی سوڵتانی عوسمانی ویستی لە پەیماننامەی ویستڤالیادا ببێتە لایەن، کەچی زانایان لێی هەستانە سەرپێ بە بیانووی ئەوەی ئەو ڕێکەوتننامەیە پێچەوانەیە لەگەڵ ئیسلامدا، چونکە رێگە دەگرێت لە جیهاد و فەتحکردنی وڵاتانی تر، بەهەمان شێوە کاتێک تونس لەژێر فشاری ولاتانی ئەوروپیدا ویستی سیستمی کۆیلایەتی هەڵوەشێنێتەوە رووبەرووی نارەزایی توندی زانایانی زەیتوونە بۆوە.

338- جورج طرابيشي، من النهضة الى الردة، دار الساقي، ط2، بيروت2009.

## بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | | ڕێباز مستەفا | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | | شۆرش مستەفا | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | | لوقمان رووف | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | | ڕێباز مستەفا | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | | مستەفا زاهیدی | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | | عەتا جەمالی | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | | عوسمان حەمە رەشید | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | | بازگر | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشرەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَرکة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنه | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشیاکان | ئەنوەر حسێن | | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 84 | ئاشنابوون بە ئالتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجد خەلیل | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم1 | ب- لیڤا | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم2 | ب- لیڤا | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم1 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 101 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم2 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصلح شێخ ئیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گڕگرتوو | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | هەڵگورد جەلال | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 105 | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و ئاکامە جیۆپۆلەتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 111 | چین و سیستەمی بازرگانیی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 112 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرەتاوی من | سەرهەنگعەبدولڕەحمان | 2016 |
| 114 | ئازدی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 206 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کوردو ئیسلام لە یەکتربڕدا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارڵ مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردەتاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتیی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کوردو مێژووی جەژنی نەورۆز | د. کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف، هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندویی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارە تیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەر و پرۆلیتاریا | پێشڕەو محەمەد و هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کار دەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار کەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | ئەکرەم میهرداد | 2016 |
| 134 | نامیلکەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەکانی جەنگ | ستران عەبدوڵلا | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 136 | ژنێك لەناو سەردەستەی میلیشیاکاندا | دڵشاد محەمەد - هێمن تاهیر | 2016 |
| 137 | مارکس و رەخنەی سیاسەت | هاوار محەمەد | 2016 |
| 138 | لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان | یوسف محەمەد بەرزنجی | 2016 |
| 139 | فەلسەفە لەئێستادا | دانا شوانی | 2016 |
| 140 | تیۆری زانینی زانستییانە | دکتۆر حەمید عەزیز | 2016 |
| 141 | مارکس و ئازادی | دانا شوانی | 2016 |
| 142 | شرۆڤەی ئەفسانەی سیزیف | ئیسماعیل ئیسماعیل زادە | 2016 |
| 143 | سەلەفییەت لەکوردستانی ئێران | ماجد خەلیل | 2016 |
| 144 | هەژموونی نەوت | سۆران عەلی | 2016 |
| 145 | دەوڵەت | سمکۆ محەمەد | 2016 |
| 146 | مێژووی ئابوری جیهان | محەمەد چیا | 2016 |
| 147 | لەتوڵەیتوڵەوە بۆ ناوزەنگ | خەڵەف غوفوور | 2016 |
| 148 | پارت و رێکخراوە سیاسییەکان لە تورکیا | محەمەد فاتح | 2016 |
| 149 | دەقی شیعری کوردی لەڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە | د. لوقمان رەئوف | 2016 |
| 150 | تیۆری چوارەمی سیاسەت | وریاغەفوری | 2016 |
| 151 | هونەری شێوەکاری نوێ | رامیارمەحمود | 2016 |
| 152 | جیهانگیری لە ڕوانگەی جیاوازەوە | حەسەن بارام | 2016 |
| 153 | فەلسەفەی هانا ئارێنت | ئارام مەحمود ئەحمەد | 2017 |
| 154 | نەوت بەرامبەر زەوی | سابیر عەبدوڵلاکەریم | 2017 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 155 | پوختەی سەرمایەی مارکس | بابان ئەنوەر قادر | 2017 |
| 156 | چوارینەی دیموکراسی | خالید کەریم محەمەد | 2017 |
| 157 | النفوذ الهلال الشيعي | علی محمد صالح | 2017 |
| 158 | دەسەڵاتی نەرمی قەتەر | ئەرسەلان حەسەن عەبدولڕەحمان | 2017 |
| 159 | سۆفیزم لە ئاسیای ناوەڕاستدا | ئەحمەد ئاوایی | 2017 |
| 160 | لەئیسلامی قورئانەوە بۆ ئیسلامی فەرموودە | سۆران مەحمود سەلیم | 2017 |
| 161 | مێژووی درۆ | هاوار محەمەد ڕەشید | 2017 |